هەرێمی كوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان - عێراق

# پرۆتۆكۆڵەكان

# 43

سالْی/ 2007 – بەرگی چل و سێ

---

چاپی یەكەم/ سالْی 2008

له بڵاوكراوەكانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆڵەكانی ساڵی(2007)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق
بەرگی: 43
چاپی یەكەم: 2008
تیراژ: 250
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێڕیست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/9/11 ل5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/9/12 ل75

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/9/17 ل129

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/9/18 ل189

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/9/19 ل225

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/9/25 ل293

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/9/26 ل343

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/10/2 ل371

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (10) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/10/3 ل429

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (11) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/10/9 ل483

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/10/17 ل531

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (13) خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2007/10/18 ل579



# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 11\9\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)

## سێ شەممە ڕێکەوتی 2007/9/11

کاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2007/9/11 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی دووەم, ساڵی (2007)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (2)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی راپۆرتی ئەو شاندانەی کە سەردانی ناوچە سنووریەکانی هەرێمیان کرد بوو، بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ناوچەکەو ئەو زیانانەی کە لە ئەنجامی تۆپباران کردنی هێزەکانی ئێران و تورکیا لێیان کەوتووە.

2- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەزگای ئاسایش لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2007/9/11دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی راپۆرتی ئەو شاندانەی کە سەردانی ناوچە سنووریەکانی هەرێمیان کرد بوو، بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ناوچەکەو ئەو زیانانەی کە لە ئەنجامی تۆپباران کردنی هێزەکانی ئێران و تورکیا لێیان کەوتووە.

2- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دەزگای ئاسایش لە هەرێمی كوردستان.

سەرەتا بەخێرهاتنی كاك حاكم نورالدین جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز، بەڕێز كاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان دەكەین، كە لەگەڵمان بەشدارن بۆ گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی كوردستان، داوا لەو شاندانە دەكەم كە راپۆرتیان حازر كردووە، كێن ئەوانەی كە راپۆرتەكە دەخوێننەوە بێن لێرە دانیشن، پێش ئەوەی راپۆرتەكە بخوێننەوە، حەز دەكەم ئاماژە بە داوایەكی سێزدە ئەندامی پەرلەمان بكەم، كە بۆ ئێمەیان نووسیووە، داخیلی بەرنامەی كار نەكراوە لەسەر وەزعی نائاسایی هەرێمی كوردستان لەبارەی تەندروستیەوە، بەتایبەتی لەبەر رۆشنایی بڵاو بوونەوەی نەخۆشی كۆلێرا، ئەم سێزدە ئەندامە بەڕێزە، كە لەو ماوەیەی رابرووردا سەردانی شوێنە جیاجیاكانیان كردووە، بۆ هەڵسەنگاندنی وەزعی نەخۆشیەكە، داوایان كردووە كە بانگهێشتی وەزیری تەندروستی و وەزیری بازرگانی و وەزیری شارەوانی و وەزیری ژینگە بكرێتن، راپۆرتێكیان بەرز كردۆتەوە تیایدا دەست نیشانی كەموكوڕیەكانیان كردووە، كە پێویست دەكاتن ئەو راپۆرتە بخرێتە بەردەم پەرلەمان و ئێوە بە ئامادەی ئەو وەزیرە بەڕێزانە وەڵامی ئەو لایەنانە بدەنەوە، كە پەیوەندیان بە وەزارەتەكانەوە هەیە، ئەمڕۆ ئێمە لەبەر رۆشنایی ئەو راپۆتە نامەیەكمان نووسی بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران، داوامان كرد ئەو چوار وەزیرە بەڕێزە رۆژی دووشەممەی داهاتوو لێرەدا ئامادە بن بۆ ئەو مەسەلەیە، یەعنی دوو شەممە وەكو مەبدەئی دیاری كراوە، ئەگەر مەشغولیەتیان هەبێتن، رەنگە بكرێتە سێ شەممە، یان چوار شەممە، بەڵام لە مەبدەئیدا سابت ئەوەیە كە رۆژێك لە هەفتەی داهاتوو ئەم دانیشتنە ئەنجام دەدەین، چونكە مەسەلەیەكی خەتەرناكەو، پێویست دەكات هەموو لایەكمان وەكو لێپرسراو هەر یەكە لە بواری خۆیدا رووبەڕووی ئەو دیاردە نائاساییە ببینەوە، زۆر سوپاس، داوا دەكەم ئەو شاندانەی كە سەردانی ئەو ناوچانەیان كرد بوو، سەرەتا لە هەولێرەوە دەست پێ دەكەین، فەرموو كاك غەفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من خۆشحاڵم كە جەنابت داوای سێزدە ئەندامی پەرلەمان دەخەیە روو و نووسراویش بۆ ئەنجومەنی وەزیران دەكرێت، كە وەزیرەكان لێرە ئامادە بن، بەڵام هەر پێشتر چەند یاداشتێكی تر دراوتەوە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان، بۆ نموونە (61) كەس بۆ دانیشتنێكی تایبەت لەسەر رەوشی برا مەسیحیەكان، ئەو دانیشتنە نەكرا، پاشتر (60) ئەندامی پەرلەمان ئیمزایان كردووە، بۆ ئەوەی كرێی خانووبەرە بخرێتە بەرنامەی كار، ئەوەش تا ئێستا نەكراوە، (56) كەس ئیمزای كردووە بۆ یاسای حزبەكان و رێكخستنی بودجە، ئەوەش نەكراوە، یەعنی من لێرە تەماشا دەكەم بۆ سێزدە ئەندامی پەرلەمان لەگەڵ رێزم بۆیان كارێكی زۆر باش دەكەن دەستخۆشیان لێ دەكەم و پشتگیریشیان لێ دەكەم، بۆ ئەوە وا وەردەگیرێت، بۆ ئەوانی تر بەو شێوەیە وەرنەگیراوە، بەتایبەتی مەسیری كرێی خانووبەرە، كە ئەمڕۆ كێشەیەكی گەورەی خەڵكی كوردستانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من وەڵامم هەیە، بەڵام حەز ناكەم وەڵامت بدەمەوە، چونكە من پێشتر وەڵامی تۆم داوە، بەڵام داوا دەكەم لە كاك فرسەت لە رووی قانونیەوە وەڵامت بداتەوە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راستە ئەوی جەنابی باسی كرد، هەندەك داواكاری بۆ ئێمە هاتن، بەس عیلاقەی بە پرۆژەی قانونی هەیە، ئیجرائاتیان فەرقی هەیە لەگەڵ ئیجرائاتی راپۆرتێك كو لەسەر وەزعێكی موعەیەن، داوایان كریە بە پەلە موناقەشە بكەن، ئەوی قانونی ئیجاری عەقار، لیژنەی قانونی كۆبوونەوەكانی بەردەوامن، ئیعتیادیە پرۆژەكان تەواو نەبت، ئیجرائاتی لیژنەی تایبەتمەندو لیژنەی قانونی راپۆرتی خۆیان تەواو نەكەن، نایەتە ناو پەرلەمان بۆ موناقەشە كردن، كاك عەونیش لە تەنیشتی كاك غەفورە، مەفروزە پرسیاری لێ بكاتن بزانێت گەیشتیتە چ ئاستێك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من زۆر سوپاست دەكەم، نوقتەی نیزامی نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ببوورە، دەستت بەرز كردۆتەوە بۆ نوقتەی نیزامی، ناكرێت، دەزانی چۆنە سۆزان خان، نەك تۆ زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان رجایان لێ دەكەم بەناوی نوقتەی نیزامی رەئیەك دەڵێن، یەعنی بە حەقیقەت من رێزم هەیە بۆتان، ئەگەر وا بڕۆین ئیشەكانمان هێن دەچێتن، داوای لێبوردنت لێ دەكەم، فەرموو بۆ خوێندنەوەی راپۆرتەكەتان، راپۆرتیان بۆ سنووری شاری هەولێر.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سڵاو و رێز.

دوا بەدوای راسپاردەكانی كۆبوونەوەی نائاسایی ژمارە (9) رۆژی (2007/8/28)و بۆ جێبەجێ كردنی فەرمانی ژمارە(1024/3/4) رۆژی 2007/9/5ی. سەرۆكایەتی پەرلەمان بۆ بەدواداچوون و بەسەر كردنەوەی ناوچە تۆپباران كراوەكانی باڵەكایەتی و قەندیل لەلایەن دەوڵەتی كۆماری ئیسلامی ئێران, كۆمیتە تایبەتەكەمان كە پێكهات بوو لە (ئارێز عەبدوللا, ئاخیر جەمال, سەردار هەركی، فەتاح نەقشبەندی, گەلاوێژ شابا)، رۆژی 2007/9/7 سەردانی ناوچەكانی چۆمان و حاجی ئۆمەران و چیای كۆدۆ و دۆلی مژدێنیانمان كرد.

له سەرەتای سەردانەکەماندا لە ناحیەی حاجی ئۆمەران لەگەڵ قائمقامی چۆمان و بەڕێوبەری ناحیەی حاجی ئۆمەران و بەرپرسەکانی تری ناوچەکە کۆبووینەوەو دوای روون کردنەوەی ئامانجی سەردانەکەمان بەرپرسە حکومیەکان بە وردی باسی تۆپبارانەکەو زیانەکان و کاریگەریەکانیان کردو، دواتریش گوێمان لە هاووڵاتیانی ئاسایی ناوچەکە گرت، ئەوانیش هەمان زانیاری و هەمان بۆچوونی بەرپرسەکانیان هەبوو.

تۆپبارانەکە لە رۆژی 2007/8/14 دەستی پێ کردووەو تا 31 ئابی 2007 بەردەوام بووەو دواتریش تا 9/3 ناوە ناوە بووە.

تۆپبارانەکە ئەم شوێنانەی خوارەوەی گرتۆتەوە:

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەو هێزی پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکەش بە دەستمان گەیشت بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

1- رۆژی 2007/8/12 هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرەو ناوچە سنووریەکانی کوردستان ـ عێراق هاتوون.

2- رۆژی 2007/8/14 تۆپبارانی دەوروبەری قەبری حوسێن کراوە.

3- رۆژی 2007/8/14 بۆ ماوەی چوار کاتژمێر تۆپبارانی گەروی گەسگەسکەو وێزێ و بیرەلۆكو گەروی سارکێ کراون.

4- رۆژی 2007/8/15 کانی خاسێو بەردەسپیانو گەروی ساوار تۆپباران کراون.

5- شەوی 15-2007/8/16 بۆ ماوەی نیو کاتژمێر دووبارە وێزێ و کانی سپی بۆردومان کراونەتەوە.

6- رۆژی 2007/8/17 هەندێ لوتکەو دۆڵەکانی چیای قەندیل بۆ ماوەی سێ کاتژمێر بۆردوومان کراون.

7- رۆژی 2007/8/18 هەندێ ناوچەکانی قەندیلو بەردو نازو شێخ ئایشو شێخ شەرۆ بۆردومان کراون.

8- رۆژی 2007/8/20 جارێکی تر ناوچەکانی بەردوناز، بەردی تەشی رێسێ، دۆڵی سێبەرە، چاو لەهەوا بۆردومان کراونەتەوە.

9- رۆژی 2007/8/21 هەندێ شوێنی چیای قەندیل و سەکرایەتی و وێزێ و گەلی ساوار بۆردومان کراونەتەوە.

10- شەوی 24-2007/8/25 بناری کۆدۆ بۆردومان کراوە.

11- رۆژی 2007/8/25 دەوروبەری حاجی ئۆمەران و بناری کۆدۆ، وێزێ بۆردومان کراون.

12- رۆژی 2007/8/26 ناوچەکانی چاو لە هەواو، بەردوناز، بۆردومان کراونەتەوە.

13- رۆژی 2007/8/27 گوندەکانی ئێنێ، مژدینیان، مەران، خۆشکان، چاولەهەوا، بەردوناز بە دوو قۆناغ بۆردومان کراون.

14- رۆژی 2007/8/28 دەوروبەری حاجی ئۆمەران بۆردومان کراوە.

15- رۆژی 2007/8/29 بناری کۆدۆ، وەێزێو،سێکانیان و، کانیەرەش بۆردومان کراون.

16- شەوی 29-2007/8/30 ناوچەکانی کۆدۆ، گوندی سەکرانو، دەوروبەری خۆشکانو، گوندی وێزێ و، سەر شێخان و، زینوێ و، خەلان بۆردومان کراون.

17- رۆژی 2007/8/31 دەوروبەری حاجی ئۆمەرانو گوندی ئازادی بۆردومان کراون.

18- دواتریش لە رۆژانی (1-2-3) ناوە ناوە ناوچە جیاجیاکانی قەندیل بۆردومان کراوە.

ئەو تۆپبارانە سەرەڕای ئەوەی پێشێل کردنێکی زەقی سەروەری دەوڵەتی عێراق و یاساو ڕێسا نێودەوڵەتیەکانە، زیانێکی ماددی و مەعنەوی گەورەشی بە خەڵکی کودرستان گەیاندووە. ئێمە هەر بۆ نموونە رایدەگەێنین کە بە هۆی ئەو بۆردومانە ناڕەوایە:

1- خەڵکی گوندەکانی ئێنێ، مژدێنیان، زینوێ، خەلان، ئالان، مەران، دەربەدەر بوون.

2- ناوچە کشتوکاڵیەکانی بناری کۆدۆ، بەردوناز، کانی سپی، چاو لەهەوا، ماوەتان چۆڵ کراون.

3- سەدان ماڵە رەوەندو مەڕدارو هەنگەوان بە ناچاریو پێش هاتنی وەرزی گەڕانەوەیان بەرەو گەرمیان لەوەڕگەو پووشو پاوانە هاوینەکانیان بە جێ هێشتووە.

4- ئێمە لە دەوروبەری حاجی ئۆمەران سەردانی ئەو جوتیارانەمان کرد، کە بە هۆی تۆپبارانەکە بەروبوومە کشتوکاڵیەکانی خۆیان جێ هێشتووەو سەرەڕای ئەوەی کە ئەوان بۆ بەرهەمە کشتوکاڵیەکان ئەرکی چەند مانگەیان بە فیڕۆ چووەو، لەسەرو بەندی هاتنەبەری بەرهەمەکانیان دەربەدەر بوون, ئێستا لە چاوەڕوانی هاوکاری حکومەت دانو ژیانیان زۆر نا لەبارەو هێشتا دەیان خێزان لە ژێر کەپرو چادردا دەژین.

5- تا سەردانەکەی ئێمە زیاد لە (600) سەرمەڕو بزن بەر تۆپبارانەکە کەوتبوونو بە هۆی زوو هاتنە خوارەوەی رەوەندەکانیش نەخۆشی کەوتۆتە ناوهەندێ لە مێگەلەکانیانو بەو هۆیەشەوە زیانێکی گەورەتر دەکەن.

6- بۆ زیاتر ئاگادار بوونو بە دواداچوون لەگەڵ بەرپرسان و خەڵکی ناوچەکە چووینە دەوروبەرو سەر چیای کۆدۆ و بە چاوی خۆمان دەیان کێڵگەی کشتوکاڵی بە تایبەت بەروبوومی (ئاروو، تەماتە، کولەکە)مان دی کە بە هۆی ئاو نەدان و بێ خزمەتی بە بەرەوە لە شوێنی خۆیان وشك بووبوونەتەوەو خەڵکەکەش ئاگاداریان کردینەوە، تا رۆژی 2007/9/4 هیچ کەسێك نەیتوانیوە سەردانی کێڵگەکانی خۆی بکاو هێشتاش ترسو دڵەڕاوکێ هەر مابوو.

7- دوای سەردانی کۆدۆ چووینە دۆلی مژدێنیانو لەوێش بە چاوی خۆمان دی چەند ماڵێکی مەڕوان لەدۆڵی مژدێنیان بەر بۆردومانەکە کەوتبوونو هەروەها دەیان رەزو باخی خەڵکەکەو پووشو پاوانی ناوچەکەش سووتا بوون.

8- ئێمە لە زمانی خەڵکەکە دەمان بیست کە هەرگیز چاوەڕوانی هەڵوێستێکی لەو جۆرەیان لە دەوڵەتی دراوسێ و دۆستی دێرین نەدەکردو، هەموو خەڵکی ناوچەکەش بە خەڵکی حاجی ئۆمەرانو چۆمانیشەوە

تا ئێستا له دڵه راوكێدا دەژینو داوا دەكەن، كه دەوڵەتی ئێران تۆپبارانەكەی رابگرێتو دووبارەی نەكاتەوە.

جەنابی سەرۆك.

1- رۆژی2007/8/22 هێزەكانی كۆماری ئیسلامی ئێران بلاّوكراوەیەكیان له دەروازەی شیوەڕەش بلاّو كردۆتەوەو تیایدا به ئاگاداریەكی هەڕەشه ئامێز باسی بۆردومانەكانیانو راوەدونانی دوژمنانیان كردووە.

2- رۆژی2007/8/17 هێزەكانی كۆماری ئیسلامی ئێران به درێژایی چوار كیلۆمەتر بۆ ماوەیەك له ناوچەی سەكری سەكران هاتونەته ناو خاكی هەرێمی كوردستان.

3- ئێران خەریك بووە له دەروازەی سنوور دیوارێك دروست دەكات و لەوێش به درێژایی 200 مەتر سنووری دەوڵەتی عێراقی بەزاندووە!

جەنابی سەرۆك.

نوێنەرانی بەڕێز.

هێزەكانی كۆماری ئیسلامی ئێران له ناوچەی باڵەكایەتی تا قولاّیی (15) كیلۆمەتر ناو خاكی كوردستانیان بۆردومان كردووە. لێرەدا ئێمه لەبەردەم ئێوە دووپاتی دەكەینەوە كه چ به هۆی پرسیار كردنی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ له خەڵكی ناوچەكە، چ بەهۆی زانیاریەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، چ به هۆی سەردانی مەیدانی خۆشمان هیچ تاقه چەكدارێكی دژ به دەوڵەتی ئێران لەو ناوچانەدا نەبووەو نیەو، ئەوەی زەرەر مەندیش بووە تەنیا خەڵكی هەژارو نەداری ناوچەكەیە.

خەڵكی ناوچەكه داوادەكەن كە:

1- تۆپبارانەو هەڕەشەكانی ئێرانیان لەسەر نەمێنێ.

2- قەرەبووی زیان لێكەوتوان بكرێتەوە.

3- هاوكاری به پەلەی ئەو جوتیارانه بكرێ كه نەیانتوانی سوود لەبەروبومی كشتوكاڵی ئەمساڵیان وەربگرنو، ئێستا له حاجی ئۆمەرانو هەندێ شوێنی تر له بارێكی خراپدا دەژین.

جەنابی سەرۆك.

هەرچەندە سەردانی ناوچەكانی سیدەكانو خواكوركمان نەكردو, چونكه له فەرمانەكەدا نەهاتبوو, بەلاّم لەبەر ئەوەی ناوچەكان بەسەر یەكەوەنو تۆپبارانیش كراون، بۆیه بەپێوستی دەزانین بەكورتیش باسی ئەو دوو ناوچەیه بكەین.

1- له رۆژی 2007/8/8ەوە خواكورك، گەلی رەش، كانی رەش، نازداری داغێو چیاو دۆڵەكانی خوا كورك له لایەن هێزەكانی توركیاوە بەردەوام تۆپباران كراون.

2- له رۆژی( 2007/8/11) یشەوە خنێرە، لۆلان، دۆڵه مەیدان، مێرگه میر، بێرم، بێركمە، دەراو له لایەن هێزەكانی كۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بەردەوام بۆردومان كراون.

3- بەهۆی ئەو تۆپبارانەش خەڵکی ئەو ناوچانە زەرەرمەندو دەربەدەر بوون، تەنانەت هەردوو گوندی بیرکمەو دەراو بە تەواوی چۆڵکراون‌و چەند هاووڵاتیەکیش بریندار بوونە، رەزو باغ و پووش و پاوانی خەڵکەکە سووتاو تۆپبارانەکەش تا رۆژی 2007/9/8 ناوە ناوەو بەردەوام بووە.

پێشنیارەکان:

1-حکومەتی فیدراڵی قەرەبووی زەرەرو زیانەکان بخاتە ئەستۆی ئێران‌و تورکیا.

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری زیانمەندان بکاو باری ژیانیان لەبەر چاو بگرێ.

3- حکومەتی هەرێمی کوردستان سنوورەکانی خۆی باشتر بپارێزێ.

4- هەوڵبدرێ جارێکی تر ئەو کارە دوژمنکاریەی ئێران‌و تورکیا دووبارە نەبێتەوەو کێشەکان بە دانیشتن و گفتوگۆ چارەسەر بکرێن.

لێرەدا پێویستە سوپاسی بەرپرسەکانی حکومەت لە ناوچەکە بە تایبەت قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیە بکەین، کە هاوکاری زۆریان کردین‌و، بە دەنگ خەڵکە لێقەوماوەکەشەوە چوون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک ئارێزو شاندی ئەندامانی پەرلەمان، کە بۆ ناوچەی پارێزگای هەولێر رۆیشتبوون، سەردانی ئەو ناوچانە بکەن ، کە بۆردومان کراون، شاندەکە بریتی بوون لە بەڕێزان:

(گەلاوێژ شابا، کاک سەردار هەرکی، کاک فەتاح نەقشبەندی، کاک ئاخیر جەمال، کاک ئارێز عەبدوڵلا) زۆر سوپاسیان دەکەین، ئێستاش داوا لە کاک ئیحسان دەکەم راپۆرتی شاندی پارێزگای دهۆك بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خوشك و برایەن پەرلەمانتارێن بەڕێز.**

لدیف فەرمانا سەرۆکێ پەرلەمانێ کوردستانێ لروژا پێنج شەمبێ رێکەفتی 2007/9/6 لژنا مە یا پێك هاتی ژ ڤان هەڤالێن نافێن وان دیارکری (احسان عبدالله قاسم، جمال یوسف، شعبان محمد طاهر، شیرین عبدالرحمن دینۆ) سەرەدان هاتەکرن ژ لایی وا بوو ناوچێن سنورێ دەڤەرا زاخۆ و ئامێدیی کرن و لسەر شینواریێت تۆپ بارنکرنا لەشکەرێ تورکیا راوەستان و هەروەسا چەندین دیدار هاتنە کرن ژ لایێ وان ڤە دگەل خەلکێ وان گوندێن سەر سنوری و زیان و زەرەرا گەهشتی یە وان، بومە دیاربی هەر سالا 1991 خەلکێ ڤان گوندا ڤەگەریانە لسەر گوندێن وان هاتینە بەردان وێرانکران و ئاڤارێن وان هاتینە سوتن و زەرەر و زیانیێن گیانی و مالی زۆر ڤێ کەفتینە، ژبەر هندێ تانوکە پتریا وان گوندا وێرانن و کومەکا گوندێ دیتر یێت کو ئاڤەدانی گەهشتینێ و خەلك جویە سەرا جارەکا دیتر ژبەر توپ بارانکرنا لەشکەرێ تورکیا لڤی دوماهیێ ناچار بوینە گوندێن خو بجە بهێلن و بەرڤ باژێرا ڤەگەرن و تانوکە ژبەر هێرشێن لەشکەرێ تورکیا و توپ بارانکرنا وان پتریا گوندێن دەڤەرا نەهاتنە ئاڤاکرن و هەمی گوندێن (سندی،

گولی، بەرواری، نیروەیی، رێکان، دوسکی ژوری، نهێلێ) ژی نەهاتینە ئاڤاکرن. بومە دیاربی وەکو ئەم دیدەڤان کو توۆپ بارانکرنا لەشکەرێ تورکیا ئەڤگوندێ ناڤێن وان لخوارێ دیارکری بو چەندین جارا ڤەگرتی نە.

(1- مزووری، 2- بیشوك، 3- بارهولێ، 4- بیتکار، 5- ئوره، 6- تروانش، 7- نیروە، 8- گارە، 9- قسروك، 10- سناتێ، 11- بەهنونێ، 12- دەشتەتەخ، 13- پەرەخێ، 14- شرانشا فلەها، 15- شرانشا مسلمانا، 16- هەفشێ، 17- هەورێزێ، 18- حەفت تەنینێ، 19- بانکێ، 20- ئەڤلەهێ، 21- کشانێ، 22- گەلیێ پسئاغا، 23- مێرگەشیشێ، 24- هروری، 25- بەرزیری، 26- کێستە، 27- قەرەولا، 28- رێسێ، 29- بیروهێ، 30- بالوکا) و دگەل چەندین گوندێ دیتر ئەڤە هەمی ژی مە ب راپۆرتێکا تەفسیلی دوورو درێژی لە رۆژا توۆپ بارانکرن مە ئاگاداریا سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ پێ کریە ب راپۆرتا بەری نوکەدا، دئەنجامدا ب ئێکجاری ئەو خەلکێ چویە سورگوندێن خو پاش ڤەگریانەڤەو ئاڤارێن وان هاتینە سوتن، هەژیە بێژن ئەڤ قەسفکرنە ب توپو فروکا بوویە زێدەگاڤیا لەشکەرێ تورکیاو فروکێت وان بەردەوام بوویە، هەتا نڤیسینا ڤی راپۆرتی زیانیێن گیانی ل گوندێن کەشانێ و بانکێ دوو بریندار بووینە و هەروەسا لە 2007/9/7 لئەنجامی نوێترین توۆپ بارانکر نا تورکیا ل گەلیی پس ئاغا کورەکی 11 سالی بناڤێ عبدالجبار مصلح پیەك خۆ ژ دەست دا و دگەل دوو ئافرەتان بناڤێ ئینعام اسماعیل و گولێ عبدالرحمن بریندار بونە و چەندین سەرێت پەزی ژی هاتینە کوشتن، ژ بلی خراپکرنا خانیاو سوتنا ئاڤاری و ترساندنا خەلکێ، سەرجەمێ ریدانێت توپ بارانکرنێ ژ هەیڤا دوو تا دوماهیا هەیڤا هەشت پتر ژ هەشتێ رویدانا بوینە کو زێدەتر پێنج سەد توۆپ و قونبەلە ب دەڤەرێ کەفتینەو کومەکا بومبا نەتەقینە، سەرەدانا لژنا پەرلەمانێ بو وان گوندێن بەر لیخشتنا توۆپ بارانکرنا لەشکەرێ تورکیا کەفتین، بویە جهێ خوش حالیا خەلکێ دەڤەرێ و دەزگەهێن میری دڤێ سەرەدانێ دا هەماهەنگی دگەل هەرێمدارێ زاخوو رێڤەبەرێ ناحیا باتیفاو دەرکارێ هاتە کرن، توپ بارانکرنا بەردەوامیا دەڤەرێ دبنە هوین دلوەرەکیا خەلکێ و نەبونا سەقامگیرییێن لدەڤەرێ و زەرو زیانێن مەزن ب کشتوکالێ و ئاژەلێ دەڤەرێ دکەفتینە، چونکی تانوکە ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ پتر ژ 300 گونداماینە بێ ئاڤەدان، لەواژی کارتێکرنەکا ئابوریا مەزن لسەر ژیانا خەلکێ و دەڤەرێن کوردستانێ ب گشت هەیە، داخازییێن خەلکێ بگشت ئەڤەبوون:

1-کار بهێتە کرن دەمل دەست توۆپ بارانکرن و زێدەگاڤێین لەشکەری بو ناڤ سنورێ هەرێمێ بهێتە راوەستاندن.

2- کار بهێتە کرن هوکارێت دبنە ئەگەرێت ڤان زێدە گاڤیا بهێنە چارەسەرکن وبنبڕ کرن.

3- پشتەڤانیا خەلکێ وان گوندا بهێتە کرن کو جارەکا دیتر بزڤرنە سەر گوندێن خو.

4- بەرنامەکی باش بو ئاڤادان کرنا گوندا بهێتە دانان.

5- قەرەبویا زەرمەندێن ڤێ توۆپ بارانکرنێ بهێتە کرن.

6- کار بهێتە کرن بۆ پاقشکرنا دەڤەرێن لێ قەومی ل پاشماییێن توپو قونبەلێن عەنقودی یێن نەپەقی.

7- کارکردن دگەل حکومەتا فیدرالی بۆ گفاشتنی لسەر ولاتێن دراوسێ بو راگرتنا توپ بارانکرنێ. ئێدی سوپاس و سەرکەفتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک ئیحسان بۆ شاندی ئەندامانی پەرلەمان، بۆ ناوچەکانی پارێزگای دهۆك، ناوەکان خوێندرایەوە سوپاسیان دەکەین، ئێستاش داوا لە کاك زرار دەکەم راپۆرتی شاندی ئەندامانی پەرلەمان بۆ ناوچەی پارێزگای سلێمانی بخوێنێتەوە.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق

ب/ راپۆرتی لیژنە

لیژنەکەمان لیژنەی ناوچەی رانیەو قەلادزێ کە لە لایەن پەرلەمانەوە ئاگادار کرابوو بە پەلە سەردانی ناوچە سنووریەکان بکات، کە بەر تۆپبارانی هێزەکانی ئێران کەوتوون.

رۆژی 2007/9/9 سەردانی سنووری رانیەو قەلادزێی کردو لەگەڵ قائیمقام و سەرۆکی شارەوانی و بەڕێوەبەری بەرگری و فریاکەوتن و بەڕێوەبەری ئاسایش و چەند فەرمانبەرێکی تری قەلادزێ و بەڕێوەبەری ناحیەکانی (سەنگەسەر، ژاراوە، هەڵشۆ، ئیسیوە) کۆبۆوە، دواتر لیژنەکەمان لەگەڵ ئەو بەڕێزانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، سەردانی ناحیەی ئیسیوەو گوندەکانی کرد تا گەیشتە گوندی (قندول) سەردانی ئەو ماڵانەی کرد، کە راستەوخۆ تۆپیان بەرکەوتبوو، هەروەها سەردانی ئەو چادرگەیەش کرا لە ناحیەی ئیسیوە کە بۆ ئاوارەکان دروست کراوە، بەلام ئەو چادرگەیە هیچ خزمەتگوزاریەکی بۆ دابین نەکراوە، تەنها شوێنی چادرەکان خۆشکراوە، چادرەکان هەڵدراون، گوندی گەناو، راژان، دەوژان، قەندول، بەردکێشان، سەرشیو چۆڵ کراون بە تەواوەتی و کەسیان تیا نییە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کۆمەڵێك خەڵك زەرەرمەند بن، لە ئەنجامی تۆپباران کردنی فرۆشگای قەندول، ئەم فرۆشگایە زیانی زۆری بەرکەوتووەو خەڵکێکی زۆر تیایدا زەرەرمەند بووە.

دواتر لیژنەکەمان سەردانی گوندی چەکوانی کرد و گوێی گرت لە داواکاری خەڵکەکە، هەروەها لیژنەکەمان دوای نێوەڕۆ لەگەڵ قائیمقام و بەڕێوەبەری پۆلیسی بەرگری و فریاکەوتن و بەڕێوەبەری ئاسایشی قەلادزێ و بەڕێوەبەری ناحیەی ژاراوە سەردانی دۆڵی رەزگەو مارەدووەی کرد، ئەم دۆڵەش ئەم گوندانە لەخۆ دەگرێت:

(1-مارە دوو، 2- سورە گلە، 3- سپیە گلە، 4- ئەرکەی سەروو، 5- ئەرکەی خواروو، 6- شناوە، 7- بەستە، 8- رەزگەی سەروو، 9- رەزگەی خواروو، 10- ئالیە رەش، 11- سەرخان، 12- زێوکە).

سـەردانی خـەڵکی ئـەم گوندانـەی سـەرەوەمان کـرد بەشـێکیان لـە ئاوارەکـان لـە نزیـك پـردی مـەنگوران کۆبوونەتەوەو لە ژێر کەپرو چادرو رەشماڵ و هەنـدێکیان هیچیان نییـە، لەسـەر ئاوەکـە لـە ژێـر سێبەری دارەکان ژیان ئەبەنە سەر, بەڵام ژیانێك بێ هیچ خزمەتگوزارییەك.

لیژنەکـەمان لەگـەڵ ئاوارەکـان دانیشـت و گـوێی گـرت لـە داواکـاری ئـەو خەڵکـە ئـاوارە بـووە لـە ئـەنجامی تۆپبـارانی دەوڵـەتی ئیسلامی ئێـران، داواکـاری خـەڵکی ناحیـەی ئیسـیوەو خـەڵکی دۆڵـی رەزگـەو مـارەدوو سەرجەم خەڵکە ئاوارە بووەکە بریتی بوو لەم داواکاریانەی خوارەوە:

1- هەوڵی زیاتر بدرێت بۆ راگرتنی ئەم تۆپبارانە بە تەواوەتی.

2- قەرەبوو بکرێنەوە.

3- رێگەی هاتوچۆیان بۆ باش بکرێت بەڕاستی رێگاکانیان زۆر خراپن:

أ- رێگەی قەڵادزە تا دەگاتە گوندی قەندول و گوندەکانی راژان و سەرشیوە.

ب- رێگـەی دۆڵـی رەزگـەو مـارەدوو لـە پـردی مەنگورانـەوە بـۆ سـەرەوە لەگـەڵ دروسـت کردنـی بنکەیـەکی تەندروستی بۆ هەموو گوندەکان.

دواتـر بەڕێوەبـەری ناحیـەی سەنگەسـەر پێـی راگەیانـدین ئـاوارەی ئـەو گوندانـەی کـە سـەر بـە ناحیـەی سەنگەسـەرن بەشـێکیان لـە سەنگەسـەرو رانیـەو چوارقورنەو حـاجی ئـاوان، خـۆش بەختانـە ئـاوارەی ئـەم گوندانە زیانی گیانیان نەبووە، چونکە تۆپبارانەکە شاخو دەوروبەری گوندەکانی گرتۆتەوە، ئەمەش بوەتـە هـۆی سـووتانی رەزو بـاخ و پـووش و پـاوان و لـەوەرگاکانیان وەزیـان بـەر مـەڕو ئاژەڵـەکانیان کـەوتووە، بـۆ زانیـاری زیـاتر هـەر دووك بەڕێوەبـەری ناحیـەی (ئیسـیوەو ژاراوە) داواکـاری و لیسـتی زەرەرو زیانـەکانی گوندەکانی سـەر سـنوور کـە سـەر بـە ناحیـەکانیانن داوە پێمـان، ئێمـەش هاوپێچمان کـردووە، لەگـەڵ ئـەم راپۆرتە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەڕێز.

لیژنەکەمان، لیژنەی ناوچەی رانیەو قەڵادزێ کە داوامان لێ کرابوو بە پەلە سەردانی ئـەم ناوچانە بکـەین بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ناوچەکەو ئەو زیانانەی لێیان کەوتووە، بەتایبەتی خەڵکی ئەو گوندانـەی کـە زۆر بە ناچاری ئاوارە بوونەو زیانی گیانی و ئابووریان لێ کەوتووە. بەکۆی دەنگ پێکهاتبوو لەم بەڕێزانەی خوارەوە:

(جعفر مصطفى معروف، حسن بابکر احمد، زرار طاهر امین، سارا خضر پیروت، عثمـان احمـد حمـد امـین، محمد صالح اسماعیل) بەکۆی دەنگ داواکارین لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەڕێز:

داواکاری خەڵکە ئاوارە بووەکە، خەڵکە شۆڕشگێڕەکە بە هەنـد وەربگـرن و کـاری جـددی بـۆ بکـەن، چونکە بەڕاسـتی ئـەم خەڵکـە خانـە خـوێی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان بوونـە لـە رۆژە سـەختەکانی مێـژووی خەباتی کورددا، شایستەی ئەوەن زیاتر لەم داوا کاریانەیان بۆ بکرێ. لەگەڵ رێزو سوپاس.

مـن خـۆم پێشـنیار دەکـەم ئێسـتا لەگـەڵ بـەڕێز شـێخ جەعفـەر، بەڕاسـتی ئـەوە پێشـنیاری خـۆم و شـێخ جەعفەرە، لیژنەکە ئاگادار نییە، ئەگەر پێتان باش نەبێت تاوانەکە لـە ملـی مـن و کـاك جەعفـەرە، ئەگـەر

پێشتان باش بێت ئەوە لەو بڕوایەدام لیژنەکە ئەوەیان پێ خۆشە، من پێشنیار دەکەم پەرلەمانی کوردستان هەدیەیەك بنێرێت بۆ ئەو ئاوارانە، ئەو ئاوارانەی کە کەسوکاری ئێمەن، کە ئەوان نەبن ئێمەش هیچ نین بەڕاستی، پێشنیار دەکەم هەر ئەندامێك ئەو مانگە لەگەڵ کاك شێخ جەعفەر ئەو پێشنیارەمان کردووە (500) هەزار دینار وەکو هەددیە بنێرێت بۆ ئاوارەکانی دهۆك و هەولێرو سنووری قەڵادزێ، ئیتر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك زرارو بۆ شاندی ئەندامانی پەرلەمان بۆ ناوچەی پارێزگاری سلێمانی، منیش پشتگیری داواکەی دەکەم، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری پێشنیارەکەیان دەکەم لە جێگای خۆیەتی کە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان نوێنەری راستەقینەی گەلی کوردستانن بەشداری لەو کارەساتە بکەن، لە هەمان کاتدا داوا دەکەم لە دەستەی سەرۆکایەتیش مەبلەغێك وەکو هاوکاری بۆ ئەوانە دابین بکەن شان بە شانی ئەو پارەیەی کە ئەندامانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی ببێتە پارەیەکی مەعقول و مەنتیقی، چونکە ئەو پارەی ئەندامانی پەرلەمان زۆر کەمە، لە هەمان کاتدا داوا لە حکومەتیش بکرێت کە هاوکاری ئەو لێقەوماوانە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من موافیقم ئیزافەی ناوچەی شەنگاریش دەکەم، ناوچەی شەنگار بۆ هاوکاری ئەو شەهیدانەی لە تەقینەوەی دوایدا شەهید بوون، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستخۆشی ئەرك و ماندوو بوونی هەرسێ لیژنەکە دەکەم، دیارە لە راپۆرتەکانیان دیارە چەند پێوە ماندوو بوون و ئەو شوێنانەیان بەسەر کردۆتەوە، پشتگیری داواکەیان دەکەم کە ئێمە لە ڕێی خۆمانەوە لە مووچەکانی خۆمان ئەو یارمەتیە بۆ هاوکاری بنێرین بۆ ئەو سێ ناوچەیەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فیعلەن ئێمە وەکو پەرلەمان ئەگەر بودجەکەشمان کەم بێت، حەقە ئەندامانی پەرلەمان بەشێوەیەکی دیاری کراو لە لایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بۆمان دیاری بکرێت، تەبعەن هەموومان لە رووی مووچەوە فەرقمان نییە، شتێکمان بۆ دابنرێت بۆ موساهەمەو هاوکاری کردن لە قەرەبوو کردنەوەی ئەو ئاوارانە، من

پشتگیری تەواوی پێشنیاری هەرسێ لیژنەکە دەکەم و دەستخۆشیان لێ دەکەم، بەڕاستی کارێکی باشیان کردووە، ئەو ماڵانەی کە ئاوارە بوونە ئەمڕۆ، فیعلەن ماڵ و دیوەخانەو جێگای حەوانەوەی پێشمەرگەی کوردستان بووینە، کە ئەمڕۆ ئێمە لە نەتیجەی خەباتی تێکۆشانی ئەو میللەتە قەرەبوو و ماندوو بوونی ئەوانە ئەو دەستکەوتەمان بە دەست هێناوە، بۆیە حەقە پەرلەمانی کوردستان بەڕاستی شتێکی وا بکات کە دیار بێت، ئەگەر خۆشی پێی نەکرێت بە حەقیقەت هەر چۆنێك، بەڵام لەگەڵ ئەوەمە ئیحصای ماڵەکان بکرێت، لەگەڵ ئیحصا کردن، ئینجا هەددیەکەیان پێشکەش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك هیوا فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لە داواکەی پەرلەمانتاران دەکەم، ئەو لیژنانەی کە چوون، هەم وەك پەرلەمانتار بە دەنگیانەوە بێین، وەك پەرلەمان، وەك حکومەتی هەرێمیش، دووبارە سوپاسیان دەکەین بۆ ماندوو بوونیان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەرخی فەرموو.

**بەڕێز كرخي نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش وەکو کوتلەی تورکمانی بەڕاستی پشتگیری و دەستخۆشی لە هەرسێ شاندەکە دەکەین، هەرسێ وەفدەکە کە بەناوی هەموو پەرلەمان چوون، ئێمە حەزمان دەکرد بەڕاستی ئێمە تێیدا بەشدار بووایین وەکو نەتەوەیەك، کە جێگای شانازییە بۆ ئێمە، موساهەمەمان بکردابوایە لەو شوێنانەدا ئامادە بواینە، کە ئێمەش بەشێکین لەم کوردستانە، خەمەکەش خەمی هەمووماننە، بەڵام یەك، دوو مولاحەزەشم هەیە بەڕاستی ئەو راپۆرتانەی کە زۆر بە تێرو تەسەلی خوێندرانەوە تەنیا باسی زیانە ماددەیەکانیان دەکرد، بەڕاستی باسی زیانی مەعنەویان نەکرد چ تاقیان، ئایا هیچ قوتابیەك لەوێ لە قوتابخانە بێ بەش نەبوو لەو فەترەیەی کەوا دەربەدەر کرا بوون، ئایا مامۆستایەکان ئیمتیحانی دەوری دووەم و ئەوانە، یەعنی دەبوا ئاماژە بەو شتانەش بکرێت، تەنیا مەسەلەی ماددەی وابزانم هەموو کێشەکان چارەسەر ناکات، بەلای کەمی ئێمە دەبێت ئەو شتانە بۆ مێژوو تەسبیت بکەین، کە ئەو شتانەش کراون، تەنیا ئەوە نییە کە خەڵکێك رەزی سووتاوەو لە گوندەکەیان دەربەدەر کراون، ئەوە راستە، ئەوە دەبێت تەسبیت بکرێت، بەڵام دەبوایە باسی شتەکانیش زۆر بە تێرو تەسەلی کرابوایە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تەبعەن ژمارەی ئاوارەکان مەعلوم نییە، ئەوە یەك.

دووش/ ئێمە قەرەبووی زیانەکانیان ناکەین لەڕاستیدا وەکو لە راپۆرتەکانیاندا هاتووە، ئێمە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان پێشتر باسی ئەوەمان کرد بوو و بڕیارماندا بوو پاشی خوێندنەوەی ئەو راپۆرتانە رەئیمان وایە وەکو پێشتریش لە ئەساسدا لەبەر رۆشنایی بڕیاری ئێوە پێکهاتن، ئێستا ئەو سێ راپۆرتە دەنێرین بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، داواشیان لێ دەکەین پێشنیارەکان قەبول بکەن و بەپێی پێویست هەڵبستن بە جێ بەجێ کردنی داواکاری خەڵکەکە، قەرەبوو کردنی زیانی خەڵکەکە لەسەر ئەستۆی حکومەتی فیدراڵە، لەسەر ئەستۆی حکومەتی هەرێمە، بەڵام ئێمە لە رووی مەعنەویەوە، ئەو هاوکاریەی دەکەین، وەکو نوێنەری خەڵکین بەشداری خەمی ئەوانین، جا ئەو هاوکارییە ناکرێت تەوزیع بکەیت، چونکە هیچ ناکاتن بۆ کەسێك، بەڵام دەکرێتن بکرێتە پرۆژەیەك بۆ ناوچەکە، بۆ ئاوەدانکردنی ناوچەکە، بۆ هاوکاری کردنیان هەر کەسێك لێی قەوما بێت، دەبێت ئالیەتێك بدۆزینەوە، ئەوەش دەبێت لەگەڵ حکومەت هاوکار بین، ئەی ئەوان بە چ رێگایەك هاوکاریان کردوون، ئێمەش بە هەمان رێگا ناکرێت لێرەوە بچین پارەیەکت پێیە، چەند زۆر بێتن بەنیسبەت ئەو خەڵکە زۆرە ئاوارەیە چ ناکاتن، کاك محەمەد حەکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی کاك زرار بەقوەت بوو وەکو دەنگەکەی، بۆیە ئێمەش پشتگیری دەکەین و شتێکی چاکەو هاوکاریەکەش مەعنەویە زیاتر، چونکە نیسبەتەکەی کەمە، بەڵام من پێشنیاریشم ئەوەیە حزبە سیاسیەکان لە رێی عیلاقاتیانەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی داوا بکەن بە رەسمی کە کۆماری ئیسلامی، پێم وایە وەکو بیستوومە دوێنێ گوتیان هاتوونەوە هەندێ خەڵکی ئاوارەیان بینووەو بەنیازن تەعویزی ئەو خەڵکە بدەن، ئەوەش شتێکی چاکە، ئەگەر حزبە سیاسیەکانیش داکۆکی لێ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش پشتگیری لە داواکەی تۆ دەکەم، کۆماری ئیسلامی ئێران جیرانی ئێمەن، ئەو مێژووە دوور درێژە لەگەڵ گەلی کوردستان هاوکاری کردنی ئەوان بە ناکۆکیەکی ئەوا نابێت کۆتایی پێ بێت، داواکاریشم لێیان، نەك بەس وەکو داوامان کردووە تۆپبارانەکە بە هیچ شێوەیەك دووبارە نەبێتەوەو رابگیرێتن، ئەگەر بێتو قەرەبووی زیانیان بکەن بۆ بەرژەوەندیە هاوبەشەکان پێویستە، بۆ گەلی عێراق پێویستە، ئومێدیشم وایە هەر وا بێت، کاك رۆمیۆ.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە ئێران ناکەم هاوسێی ئێمەن، من پشتگیری لە داواکەی لیژنەکانی پەرلەمان دەکەم، چونکە بەڕاستی زیان لێ کەوتووەکان چەند خەڵکی کوردستان دەگرنەوە بە ئاشووری و بە کلدان و تورکمان و کوردو هەموو خەڵکی تر، ئەمە شتێکی دەست پێشخەرە بۆ پەرلەمانی کوردستان بەڕاستی، هیوادارین

خەڵکانی تریش، دامودەزگاکانی تریش وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها دامودەزگاکانی تریش ئەوانیش بەشدار بن لەو دەست پێشخەریەو پشتگیریان لێ دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو پێشنیارەی کاك زرار کردی لە جێی خۆیەتی، من پێشنیاری ئەوە دەکەم، ئەگەر بکرێتن ئەو پێنج سەد هەزارە زیاتر بکرێتن، وەك جەنابیشت پێشنیارت کرد بۆ پرۆژەی خزمەتگوزاری باوەڕ دەکەم ئەو ناوچە شاخاویانەی سەر سنوور مەسەلەی ڕێگاوبانیان زۆر زۆر خراپە، دەکرێت ئێمە هاوکاریان بین، ئەو پێنج سەدە ئەگەر بکرێت بیکەینە ملیۆنێك لەگەڵ ئەوەی کە سەرۆکایەتی تەرخانی دەکاتن ڕێگاوبانەکانیان بۆ چاك بکەینەوە، یاخود لەو شوێنانەی کە پێویستە نەخۆشخانەیەکیان بۆ دروست بکەین، بنکەیەکی تەندروستی، لەبەر ئەوەی بەڕاستی ئەو ناوچانە پێویستیان بە خزمەتگوزاری هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوە تەبەروعە ئەوەلەن، دەکرێت هەر کەسێك دەتوانێت زیاتری بداتن، بەتایبەتی ئەگەر مەسئوول حزب بێتن، مەکتەبی سیاسی بێتن، کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوانە ئیشێکی باشیان کردووە، بەڵام دوو شوێنیان لەبیر کردووە، ئەویش مەنتیقەی پێنجوینیش تۆپباران کراوە، مەنتیقەی بەمۆش لە خانەقین، کەباسی ئەوە دەکەین و تەقریر دەدرێتە حکومەت، مەفروزە ئەو دوو شوێنەشی تێدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك شێردڵ باسی کرد ئەوەی من دەمویست باسی بکەم، وێڕای ئەوەش منیش پشتگیری لە ڕەئیەکەی کاك غەفور دەکەم، ئەگەر بکرێت ئەو مانگە ئێمە مووچەکەیان هەموو بدەینێ باشترە، بۆ ئەوەی مەنتیقەکانیش زۆر بوون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە سەرچاوم جەنابیشت مەسئوول حزبی دەتوانی، کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پاڵپشتی پێشنیارەکان دەکەم، بەڵام حەقیقەت هەیە هەندێك شت بە عاتیفەو بە موزایدات نەچین، یەکەم/ ئەو ئیحصائەمان نییە، ئەوانەی کە ئاوارە بوونە چەندن، لە کوێنە، چۆن ئەو پارە دەگەیەنرێتە ئەوان، هەتا تەبەروعێکیش بێتن، سبەینێ رەنگە هەندێك مەشاکیلیش دروست بێتن، باشتر ئەوەیە بەرەو مەشاریع و حکومەت و ئەوانە بچین، کە ئەم یارمەتیە دەدەین و ئێمەش ئەوە تەبەروعە بۆیان بکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پیر خدر فەرموو.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستخۆشی لە هەرسێ لیژنە دکەم، پێشنیارا کاك زرار پشتەڤانی لێ دکەین، بۆ کارەساتێ شەنگارێش شاندێکی پەرلەمانێ زوو چوو دەڤەرێ و جەماوەرێ کوردستانێ درێغی نەکرد، سەرکردایەتی سیاسیش درێغی نەکرد، پێشنیارێ جەنابێتە پشتەڤانی لێ دکەم کو بۆ شنگاریش بێتن ژی پەرلەمانێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مریەم خان فەرموو.

**بەڕێز مریم حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستی ئەز پشتگیریا پێشنیارێ کاك زرار دکەم و راستیا کارەساتا شەنگار ئەز بەری ئەوە ئەڤ کێ مەسەلە ئێران، تورکیا ئەز هاتبوومە لای کاك فرسەت و کاك دکتۆر کەمال من گوت بووی یەعنی هاریکاری ئەم پەرلەمان راستی تەبەروع بکەن و دابزانن ئەو خەڵکە ئەم حەمی پشتیگیریا وان دکەن، یەعنی مەهاش وا هەی نە ئیهمال کرینەو بێژا راستی ئەڤە پێشنیار کر بوو پێشتر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێمە لێرە کۆتایی بە مەسەلەکە دەهێنین بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم/ هەرسێ راپۆرتەکە وەکو عەرزم کردن دەینێرین بۆ حکومەتی هەرێم بە پشتگیری کردنی پێشنیارەکان و داواکاریەکان.

دووەم/ ئەو موفتەرەحەی کاك زرار هەموو لایەنەکان پشتگیرییان لێ کرد، داواکاریەکەم ئەوەیە هەر یەك لە ئێوە بە نووسین بڕی ئەو پارەیەی کە تەبەروع دەکاتن بیداتە حیسابات بۆ ئەوەی لە حیسابەکەی بڕێتن شتەکان مەزبوت بێتن، تەبعەن هەر کەسێك ئازادە دەتوانێت هەموو مەعاشەکەی بدات، دەتوانێت زیاتر بدات، هەر یەکە بەپێی قابلیەتی خۆی، بەڵام حەددی ئەدناکە ئیمکان هەیە نیو ملیۆنەکەیە، ئومێد

دەكەم هەموومان بەشدار بین لەو نیو میلۆنە، بەلأم ئەوەی زیاتر ئیمكانی هەیە بە تەئكید سوپاسیشی دەكەین و دەستخۆشیشی لێ دەكەین، داوا دەكەین نموونەی زیاد بێتن، نەك وەكو سەرۆكی حزب و شتی وا نموونەی زیاد بێت لە تەبەروعات، ئێوە فەرموون بۆ جێگای خۆتان.

بەخێر هاتنی كاك فاروق وەزیری داد و كاك سەعد وەزیر هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان دەكەین بەخێر بێن سەرچاوان، خاڵی دووەم لە بەرنامەی كار/ بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی كوردستان، داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، ئێمە وابزانم دوێنێ سێزدە ماددەمان تەواو كرد، ماددەی چواردە تكایە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**لقی دووەم**

**دادگاكانی تێهەڵچوونەوە**

**ماددەی چواردەهەم:**

**یەكەم: دادگای تێهەڵچوونەوە: دەستەی دادوەری باڵای دادگاكانی پارێزگایەك، یان زیاترە, لە سەرۆك و چەند جێگرێكی سەرۆك و دادوەران پێك دێت, كە دەسەلأتەكانی كە بۆی دیاری كراوە، بەپێی یاسا ئەنجام دەدات.**

**دووەم: دادگاكانی تێهەڵچوونەوە بەم شێوەیە پێك دێت:**

**1- دادگاكانی تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر, لە دادگاكانی پارێزگای هەولێر پێك دێت و سەنتەرەكەی لە شاری هەولێرە.**

**2- دادگاكانی تێهەڵچوونەوەی ناوچەی دهۆك, لە دادگاكانی پارێزگای دهۆك پێك دێت و سەنتەرەكەی لە شاری دهۆكە.**

**3- دادگاكانی تێهەڵچوونەوەی ناوچەی كەركووك, لە دادگاكانی پارێزگای كەركووك پێك دێت و سەنتەرەكەی لە شاری كەركووكە.**

**4- دادگاكانی تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی, لە دادگاكانی پارێزگای سلێمانی پێك دێت و سەنتەرەكەی لە شاری سلێمانییە.**

**5- دەكرێ دادگایەكی نوێ، یان دادگاكانی تێهەڵچوونەوە دابمەزرێنێ، یان دابڕانی دادگایەك، یان زیاتر لە دادگای تێهەڵچوونەوە, یان لكاندنی بە دادگایەكی تێهەڵچوونەوەی دیكە و بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری دەبێ.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الفرع الثاني**

**((محاكم الإستئناف))**

**المادة الرابعة عشرة:**

**أولاً: محكمة الإستئناف: هي الهيئة القضائية العليا لمحاكم محافظة واحدة أو أكثر وتتألف من رئيس وعدد من نواب الرئيس والقضاة وتمارس الاختصاصات المعينة لها بموجب القانون.**

**ثانياً: تشكل محاكم الإستئناف على الوجه الآتي:**

**1- محكمة إستئناف منطقة أربيل وتشمل محاكم محافظة أربيل ومركزها مدينة أربيل.**

**2- محكمة إستئناف منطقة دهوك وتشمل محاكم محافظة دهوك ومركزها مدينة دهوك.**

**3- محكمة إستئناف منطقة كركوك وتشمل محاكم محافظة كركوك ومركزها مدينة كركوك.**

**4- محكمة إستئناف منطقة السليمانية وتشمل محاكم محافظة السليمانية ومركزها مدينة السلسمانية.**

**5- يجوز احداث محكمة أو أكثر في محكمة استئناف أو فك ارتباط محكمة أو أكثر من محكمة استئناف والحاقها بمحكمة استئناف اخرى بقرار من مجلس القضاء.**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، بەڵام چەند تێبینیەكمان هەیە:**

**یەكەمیان/ ئەوەیە فەقەرە پێنج لە دووەم پێشنیار دەكەین ببێتە دوو برگە، برگەی (سێ و چوار) لە هەمان ماددە، بەم شێوەیەی كە بۆتان دەخوێنینەوە:**

**(ثالثاً: لمجلس القضاء احداث محاكم استئناف اخرى عند الحاجة.**

**رابعاً: يجوز احداث محكمة أو أكثر في محكمة استئناف أو فك ارتباط محكمة أو أكثر من محكمة استئناف و الحاقها بمحكمة استئناف اخرى بقرار من مجلس القضاء)، ئەمە لە لایەك، لە لایەكی تریشەوە، ئێمە موناقەشەی محاكمی ئیستئناف دەكەین، پێویستە ئاماژە بەوە بدەین كە مەحاكمی ئیستئناف مورتەبیتە بە مەجلیسی قەزاوە، چ لە رووی ئیداریەوە، چ لە رووی میهەنیەوە، چ لە رووی تەنزیمیەوە، لێرەش بەڕاستی كاتی خۆی قانونی وەزارەتی داد هاتە گۆڕێ و لە ماددەكان ئیشارەت بەوە درا، كە روئەسای مەحاكمی ئیستئناف و قوزاتی مەحاكمی ئیستئناف هەمووی مەربوتە بە وەزارەتی داد، ئەمە بە حەقیقەت پاشی ئەوەی ئێمە لەگەڵ بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی دادگای تەمییز كۆبووینەوە، ئەوان هەموویان رەئیان بەو شێوەیە بوو، كە پێویستە ئەو رەبتە بەینی روئەسای ئیستئناف و قوزاتی مەحكەمەی ئیستئناف لەگەڵ وەزارەتی داد نەمێنێت، بەڵكو بگەرێتەوە سەر مەجلیسی قەزا، چونكە ئێمە لە لایەك دەڵێین دەبێت دەسەڵاتەكان جیا بێت، لە لایەك مەحاكم و روئەسای مەحاكمی ئیستئناف رەبتی جیهەتێكی تەنفیزی**

دەکەین، ئەو داواکارییە لە لایەن هەموو سەرۆك و ئەندامانی دادگای تەمییز پێشکەش کرا، ئێمەش پشتگیریمان لێ کرد، هەندێ جار پێویستە ئێمە لێرە ئەو نەصە موعالەجە بکەین، ئێمە نەصێکیشمان داناوە، دوایێ بۆ ئێوەی بەڕێزی دەخوێنینەوە، دوا رەئیش رەئی ئێوەو ئەندامانی پەرلەمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من کاك شێروان مولاحەزەیەکم هەیە، ئەویش لەسەر دووەم نووسراوە (محكمة إستئناف منطقة كركوك وتشمل محاكم محافظة كركوك ومركزها مدينة كركوك)، پێم وایە ئێستا بەو دەقەیە بنووسین تەعاروز دەکات لەگەڵ دەستووری عێراقی، پێم باشە وەکو قەوانینەکانی تر ئەوە موعالەجە بکرێتن، بڵێ (تشكل محاكم الإستئناف في مناطق المحافظات وان تكون مركزها في المحافظة)، شامل دەبێتن، ئەوە باشترە، کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قانونی سوڵتەی قەزائی رەقم (14) ساڵی 1992 بەو نەصەی هاتووە، ئەوەش هەر نەقلە لەوێ، هیچ گۆڕانکاری لێ نەکراوە، تەبیعی دەستووری ئیتیحادی ئیقراری بە قەوانینی کوردستان کردووە، کەواتە لەو قەوانینە ئەو قانونەش کە ئێستا لەبەر دەستمان دایە ئیقراری پێ کراوە، بەڵام پێشنیارێك تەقدیم کراوە، دەتوانین وای لێ بکەین هی جەنابی کاك حاکم نورالدینە دەڵێ (محكمة إستئناف منطقة كركوك وتشتمل محاكم محافظة كركوك ويكون مقرها بصورة مؤقتة في مدينة السليمانية لحين عودة محافظة كركوك الى ادارة الاقليم)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مەعقولە، ئیشکالمان هین دەکاتن، کێ دەیەوێت قسە بکاتن لەسەر ماددەکەو موقتەرەحی لیژنەی یاسایی، کاك فاروق وەزیری داد فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر موقتەرەحەکەی لیژنەی قانونی کە ئێستا کاك شێروان ئیشارەتی پێدا، پێم وایە لەگەڵ قانونی وەزارەتی عەدل کە تەصدیق کراوە، ئەوە تەناقوزات پەیدا دەکات، تەبیعی دوێنێ باسمان کرد، کە سەربەخۆیی قەزا، تەبیعی هەموو لایەکمان تەئیدی دەکەین بە تەئکید، بەڵام سەربەخۆیی قەزا ئەوها نییە، وەکو ئەو برادەرانە تەفسیریان کردووە، پێم وایە لە رووی فەرمانبەران و ئەوانە رەبتێك هەبێتن باشە لەنێوان وەزارەتی عەدل و ئەنجومەنی قەزائی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئاریێز فەرموو.

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە زووتر پارێزگایەکمان هەبوو بەناوی پارێزگاری کەرکووك، لە ساڵی 1992 تا 2003 هەبووە، دوای ساڵی 2003 کە کەرکووك رزگار کراوە، ئەو پارێزگایە وەکو پارێزگا نەماوە، ئێستا ئیدارەیەکی هەیە، ئیدارەی گەرمیان، یەعنی بۆ هەموو ئەو قەزایانەی کاتی خۆی لە کەرکووك دابڕاون، ناوەندەکەشی لە کەلارە، نەك لە سلێمانی، لەبەر ئەوە ئێمە دەزانین ئێستا ناوی کەرکووك بێت ئیشکالێکمان بۆ دروست دەبێتن، یەعنی رەنگە لەوێش دادگای تێهەڵچوونەوە هەیە لە کەرکووك، لێرەش بە هەمان شکل دادگایەکی تێهەڵچوونەوە لە کوردستان دروست بکەین، ئەوە یەك، ئەشکالەو ئەو ئیشکالە دروست دەبێت، ئەوە لەلایەك، لە لایەکی تریش، ئێمە هێشتا وەکو پارێزگای کەرکووك ئێستا هەمووی کێشەی لەسەرە، ماددەی 140 جێ بەجێ نەکراوە، نازانم ئێمە چۆن دەتوانین تەعامول لەگەڵ پارێزگای کەرکووك بکەین، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم هەروەکو کاك عەونیش ئیشارەتی بە ماددە قانونیەکی کۆنتردا، ئێمە کاتێك دەنووسین پارێزگای کەرکووك، یان بنووسین گەرمیان، یان بنووسین کەرکووك لەناو دوو کەوانە بنووسین (گەرمیان)، واتا مەبەستمان پارێزگای کەرکووك نییە، بەڵکو مەبەستمان ئەو قەزاو ئەو ناحیانەیە، کە لە کەرکووك دابڕاون و پێشتر پارێزگایەکی هەبووە، دواتر بۆ دروست نەبوونی ئەشکال پارێزگا نەما، بەڵام ئێستا ئیدارەیەکی ماوە، پێویستە ناوەندی دادگای تێهەڵچوونەوەکەش لە گەرمیان بێت، نەك لە سلێمانی، ئەوە یەك، چونکە مەرکەزی ئیدارەکەی ئەوێیە، سەبارەت بەوەی تریش چ پێویست دەکات ئێمە ناوی هەموو پارێزگاکان بێنین، هەولێر دەبێت بێتەوە، هەر پێشنیارەکەی جەنابت، هەر پارێزگایەك دادگایەکی تێهەڵچوونەوەی دەبێت، ئەوەی نوقتەی ئەخیریش دەسەڵاتی دادوەری دەتوانێت لە شوێنێکی تر جێی بکاتەوە، ئەو ئیشکالانەمان لە کۆڵ دەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی کە داوای قسە کردنیان کردووە بۆ ئەوەی لە لایان وازیحتر بێت، موفقتەرەحی کاك نورالدین زۆر باشە، بەڵام یەك ئیشکالی هەیە، پاش چەند مانگێکی تر کە ماددەی 140 جێ بەجێ دەکرێت، دەبێت بێین هەمواری ئەو قانونە بکەینەوە، بۆیە ئەو صیغەیەی کە من عەرزم کردوون، کاك ئاریێزیش تەئکیدی کردەوە، ئەگەر بنووسین (تشكل في كل محافظة من محافظات الاقليم محكمة الإستئناف ويكون مقرها في مركز المحافظة)، لە قەوانینی وەزارەتەکانی تر هەر وامان نووسیووە، مودیریات و هین و ئەوانە، ئەگەر ئەوا بێتن، سبەینێ پێویست ناکات هین بکرێتن، جەنابت رەئیت چیە کاك نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێك پارێزگا لەوانەیە تەشکیل بکرێت تازە، لەوانەیە پێویستی بە مەحکەمەی ئیستئناف نەکات، لەوانەیە سبەینێ سۆران ببێت بە محافەزە، پێویست ناکات لەوێ مەحکەمەی ئیستئناف بکرێتەوە، لەبەر ئەوە دەبێت لێرە بە قانون تەسمیەی مەرکەزەکە بکرێت لە کوێ دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەو (1و 2و 3و 4) ئەو صیغەیەی من دەڵێم دەبێتە یەك صیغە، پێنجەم دەبێتە دووەم (یجوز احداث محكمة أو أكثر في محكمة استئناف أو فك ارتباط محكمة أو أكثر من محكمة استئناف والحاقها بمحكمة استئناف اخرى بقرار من مجلس القضاء) تۆ مەراكیزت تەسبیت كرد، ئەو وەختی مەجلیس قەزا بۆی هەیە بەپێی ئەو قانونە هین بكاتن، یەعنی موقتەرەحەكە ئەوەیە ئەو چوار خاڵە (1 و 2 و 3 و 4) ببێتە یەك، پێنجەمەكەش ببێتە دوو، كاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە بۆچوونەكەی جەنابتان دەكەم، چونكە لە 100٪ حەلی كێشەكان دەكاتن، بۆ ئێستاو ئایندەش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەمان ئەو رەئیەی جەنابتم هەبوو بەم شێوەیە نووسیوومە، ماددەی چواردە لە بڕگەی دوو دەتوانین وەكو ئەوەی جەنابت فەرمووت (1و 2و 3و 4) لابرێت بكرێت بە یەك خاڵ بنووسرێت (دادگاكانی تێهەڵچوونەوەی هەر پارێزگایەكی كوردستان) موشكیلەی كەركووكیش حەل دەكات، یان دادگاكانی سنووری پارێزگاكان پێك بێت سەنتەرەكان لە شارەكان بێت، عەینی رەئی جەنابتم هەبوو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە (وتتألف من رئیس وعدد من نواب الرئیس)، من ئیقتیراح دەكەم كە لێرە كە دەڵێت (وتتألف من رئیس وعدد من نواب الرئیس لایزید عددهم عن ثلاثة)، یەعنی چەند عەدەدی نوابی رەئیس دیاری نەكراوە، پاشان من صیاغەیەكم هەیە بۆ ئەو كێشەی ئێستاكە، ئەوەی كاك شێروان خوێندیەوە باسی ئەوەی دەكاتن كە بۆ رەئیسی مەجلیسی قوزاتی مەنتیقە، ئەوە هیچ ئیشكالێكی ناهێڵێتن (لرئیس مجلس القضاة احداث منطقة إستئناف جدیدة او توحید منطقتین بمنطقة واحدة)، ئەو عیبارەتەش دروستەو جائیزە لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حاكم نورالدین وەڵامی بدەنەوە، رەئیسی مەحكەمەی ئیستئناف چەند نائیبی دەبێت، هەر یەك نییە؟.

**بەڕێز حاكم نورالدين ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نائیب رەئیسی ئیستئناف دادەنرێت بەگوێرەی پێویستی، مەنتیقە هەیە دوو نائیبی هەبێت كافیە، مەنتیقە هەیە چوار، پێنج نائیبی پێویستە، چونكە هەر دەستەیەك دەبێت بە ریئاسەتی نائیبێك بێت، هەیئەی تەمییزی جەزا هەیە، هەیئەی تەمییزی مەدەنی هەیە، جینایاتی هەیە، لەوانەیە جینایات دوو جینایەت تەشكیل بێت، ئێستا لە سلێمانی دوو جینایاتیان هەیە، لەبەر ئەوە نواب رەئیس دەبێت مەفتوح بێت، بەگوێرەی حاجەت، مەجلیسی قەزا تەقدیر دەكات چەند نائیبی دەوێت.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

ئەگەر وابێت صیغەكە راستە، كاك تەڵعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر السيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەر پشتیوانی لە رەئیەكەی جەنابت دەكەم، لەبەر ئەوەی لە رووی سیاسی و لە رووی دەستوورییەوە تووشی كێشەیەك نابین لە هەلومەرجی ئێستای عێراق و كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك عادل فەرمووو.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من سەرەتا تێبینیم لەسەر كوردیەكە هەیە، دادگاكانی تێهەڵچوونەوە، خۆی یەك دادگای تێهەڵچوونەوە هەیە، یەعنی ئەوە لە رووی زمانەوانیەوە زۆر هەڵەیە، یەعنی زەق و ئاشكرایە، جا سەبارەت بە دادگای تێهەڵچوونەوەی كەركووك، ئێمە لە تەعریبدا گەورەترین زوڵم لە گەرمیان كراوە، لە جێ بەجێ نەكردنی ماددەی 140دا دیسان گەورەترین زوڵم لە گەرمیان دەكرێت، یەعنی لە ساڵی 2003ەوە پارێزگای كەركووك دەربەندیخان هەڵوەشاوەتەوە، نەك لە دادگا، ئێمە لە هەموو بەڕێوەبەرایەتیەكاندا لەوێ سەر لێشێواوی‌و نائارامیەكی ئیداری هەیە، یەعنی وەزعێك دروست بووە خەڵك بێ بەشە لە خەدەمات، لە هەموو مودیریەتەكاندا وایە، ئەگەر بێت‌و ئێستا بڵێی هەموو پارێزگاكان دادگای تێهەڵچوونەوەی هەبێت، دیسان ئێمە بێ بەش دەبین لەوەی دادگایەكی تێهەڵچوونەوەمان هەبێت، من تەئیدی ئەوەی كاك ئارێز دەكەم، كە ئەگەر دادگای تێهەڵچوونەوە بۆ گەرمیانیش پێكهێنرێ، با لە كەلار بێت، لەبەر ئەوەی بە بڕیارێكی ئەنجومەنی وەزیران پارێزگای دەربەندیخان كە لەبەر ئیعتیباراتی سیاسی كاتی خۆی دانەنرا بوو، ناونراوە ئیدارەی گەرمیان، ئەو ئیدارەیە نە موحافەزەیەو، نە موحافەزەش نییە، یەعنی من زۆر جار لێرە موناقەشە كراوە برادەران یەكسەر ناوی هەندێ شوێنیان هێناوە، با فلان شوێنیش وەكو ئەوە بێت، ئەوێ خصوصیەتی خۆی هەیە (450) هەزار كەس لەو سنوورەیە، پێنج قەزا ئیشی لەوێیە، یەعنی حەق وایە

نەك لەم قانونە، لە هەموو قانونەكانی تر ئەو كێشەیە چارەسەر بكرێت و ببڕێتەوە، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەكەم بگوترێت تا جێ بەجێ كردنی ماددەی 140 دادگایەكی تێهەڵچوونەوە هەبێت سەبارەت بە گەرمیان، راستە ئەو بڕگەیە هاتووە دەڵێ مەجلیسی قەزا بۆی هەیە دادگای تێهەڵچوونەوە ئەوە بكات، بەڵام ئەگەر بە محافەزە بێت، بەڕاستی ناكرێتەوەو ناتوانرێت، چونكە پارێزگا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەقەرەی پێنج بخوێنەوە وەڵامی پرسیارەكەت دەداتەوە، كاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت مەسەلەی كەركووك كە لە فەقەرەی سێ لە بڕگەی دووەمی ماددەی چواردە باس دەكرێت، بە رەئی من ئێمە دەبێت لە هەموو یاسایەكان هەوڵ بدەین ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیانەی كە لەسەر ئاستی پارێزگاكان دادەمەزرێتن ناوی كەركووك بێنین بیكەینە دیفاكتۆیەك، ئەگەر ئێمە هەر بڵێین ماددەی 140 جێ بەجێ نەبووەو، یاخود تەعاروز لەگەڵ دەستووری عێراقی دەكات، ئێمە داوا دەكەین كە كەركووك بێتەوە سەر هەرێمی كوردستان، ئێمە بەپێی هەموو بەڵگەنامەو مێژووی جوگرافیەكان، بۆ ئێوەو بۆ خەڵكانی تریش سەلمێنراوە كەركووك تاریخییەن بەشێكە لە كوردستان، ئێمە بۆ تەرەدود لەوە بكەین كە دادگاكانی تێهەڵچوونەوەی ناوچەی كەركووك لێرە نەمێنێت، یان بە صیاغەیەكی تر بینووسین، بۆیە بەڕاستی وەكو مەسەلەیەكی تاریخی دواتر ئەو یاسایە بۆ ئەمڕۆ دانانرێت، ئەو یاسایە بۆ داهاتوو دادەنرێت و ئیشی پێ دەكرێت، زۆر لە جێگەی خۆی هاتووە ئەو خاڵی سێیەم و داواكارم وەكو خۆی بمێنێتەوە، سیاسیەنیش ئێمە ئیسرار دەكەین كە زەرەری تێدا ناكەین، نەك دەست بەردانی بین، هەندێك شت هەیە لەسەر خۆمان دەوەستێتن، ئێمە دەبێت خۆمان بیچەسپێنین، نابێت بەڕاستی لێی را بكەین، یاخود بەدوای مەسائیلی تردا بگەڕێین، تەسەوریش ناكەم لەگەڵ مەسائیلی دەستوور هیچ تەعاروزێك بكاتن، چونكە دەستوور داوای یەكلایی كردنەوەی ئەو كێشەیە دەكات بەپێی ماددەی 140، یەكلایی كردنەوەی ئەو كێشەیەش گەڕانەوەی ئەو دەڤەرەیە بۆ سەر هەرێمی كوردستان، ئەو كاتە تۆ پێویستیت بەوە دەبێت ئەو یاسایە هەموار بكەیت، جا لە ئێستا را دەكرێت ئێمە ئەو خاڵی سێیەمە وەكو خۆی بهێڵێتەوە، لێرەش ئیشی پێ بكرێت و لە یاسایەكە بچەسپێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جميل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرەدا لەبەردەم مەسەلەیەكی قانونی داینو بەو شێوەیەش دەبێ بیر بكەینەوە، ئێمە ئێستا بڵێین دادگایەكی تێهەڵچوونەوە (ئیستئناف) بەناوی كەركووكەوە دروست دەبێت، ئێستا حالیەن لە كەركووكدا

مەحكەمەیەك هەیە بەو ناوەوە، ناكرێت لە هەمان كاتدا دوو مەحكەمە هەبێت، یەكێكیان لە هەرێمی كوردستان و یەكێكیش لە كەركوك، ئەو مەسەلەیەش كەوا كاك عادل ئاماژەی بۆ كرد، دەكرێت بەو شێوەیە چارەسەر بكرێت بەپێی بڕگەی سێیەم، كە ئەنجومەنی دادوەری باڵا دەتوانێت دادگایەكی تێهەڵچوونەوە لەناوچەی گەرمیان دروست بكات بۆ ماوەیەك تاكو پارێزگای كەركوك دەگەڕێتەوە سەر هەرێمی كوردستان، بۆیە من پشتگیری لە بۆچوونەكەی جەنابت دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لە رەئیەكەی جەنابت دەكەم، بەڵام دەتوانرێت بگوترێت، بەم شێوەیە (پێویستە لە مەركەزی هەر پارێزگایەكی كوردستاندا مەحكەمەیەكی ئیستئناف هەبێت)، بەڵام ئەگەر بۆ شێوەیەكی كاتی ئەمڕۆ بە حوكمی ئەوەی ناوەندی گەرمیان و ئەو مەنتیقەیەی كە زیاتر وابەستەیە بە كەركووكەوە لە كەلار مەحكەمەكە دابنرێت بەشێوەیەكی كاتی تا گەڕانەوەی ئەو شوێنە دابڕاوانەی كەركووك بۆ سەر هەرێمی كوردستان شتێكی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك كەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئەمە دەهێڵمەوە بۆ بەڕێز كاك حاكم نورالدین، ئەگەر عەدەدی كافی لە حوكامی تەمییزی قەدیمان هەیە، دوای ئەوەی چەند موحافەزەیەك دروست بێتن، لە هەر موحافەزەیەك بتوانین ئەوە دابنێین لەو مەرحەلەیە، ئەوە پێشنیارەكەی جەنابتان لە جێی خۆیەتی، ئەگەرنا من دەگەڕێمەوە سەر پێشنیاری كاك حاكم نورالدین بەو شێوەیە دابنرێت، ئێستا لە سلێمانی بێتن، چونكە دروست نییە ئێمە كەركووك بهێڵینەوە بۆ قەزاو قەدەر، ئێمە پا داگرین لەسەری هێشتا سێ مانگ و بیست رۆژ ماوە، هەر لە ئێستاشەوە حازری بۆ دەكەین، بۆ ئەوەی ئامادە بێت، ئەو رۆژە دەگەڕێتەوە بچنەوە جێگەی خۆیانو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش هاتینە ئەو قەناعەتە كە پشتگیری لە رەئیەكەی كاك حاكم نورالدین بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاکم فەرموو ئێستا پێشتر پێشنیارەکەت وا بوو، ئێستاش ئێمە قسەمان کردو ڕەئیت چیە.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو گوتمان ئەگەر لە هەموو پارێزگایەك دابنرێت کەرکووکیش، ئێمە ئومێدەوارین ئەمڕۆ پێش سبەینێ کەرکوك بگەڕێتەوە بۆ ئیدارەی هەرێم، بەلآم لەسەر ئەوە ماوە تەنفیزی ماددەی 140، تەشکیلی مەحکەمەی ئیستئناف بکرێت بە کاتی لە سلێمانی دابنرێت، جەنابی دکتۆر کەمال فەرمووی ئەعزای مەحکەمەی تەمییز جودایە، ئەو ئیستئنافە، ئەو ئیستئنافەش هەر تابعی تەمییزی هەرێم دەبێت مەقەرەکەی لە سلێمانی بێت، تا گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فاروق جەنابت ڕەئیت چیە.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر تەئیدی هەمان ڕەئی دەکەم، شتێکی باشە ئێستاش هەیە فیعلەن، بەلآم ئێستا مەحکەمەی ئیستئنافی سلێمانیمان نییە، ئێستا مەحکەمەی ئیستئنافی سلێمانی بەپێی ئەو قانونە تەشکیل دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ئەو پێشنیارەی تازە هاتە پێش، موقتەرەحی لیژنەی قانونی بەنیسبەت فەقەرەی یەکەمەوە چ خیلافێکیان نییە وەکو خۆی دەمێنێت ئەوەلەن ماددەکە، دووەم ئەویش وەکو خۆی دەمێنێت، بەلآم لە سێیەمەکە (محکمة إستئناف منطقة کرکوك وتشمل محافظة کرکوك ومرکزها في السلیمانیة بصورة مؤقتة)، ئەوە موقتەرەحی تازەیە، لیژنەی قانونیش فەقەرەی پێنجی ئیقتیراح کردووە ببێتە دوو فەقەرە یەکێکیان ئەوە بێت/ بۆ ئەنجومەنی قەزا هەیە دانانی مەحکەمەی پێداچوونەوە هەر وەختێکی پێویست بێتن.

دووەم/ وەکو خۆی بۆ دەکرێت مەحکەمەیەك، یان زیاتر لە مەحکەمەیەکی بەدواداچوونەوە، یان جیاکردنەوەی لە مەحکەمەی تر، ئەو دەسەلآتەی داوەتە مەجلیسی قەزا، هەموو موقتەرەحاتەکان دەخەمە دەنگدانەوە، کە زۆر فەرقی نییە، کاك شێروان قسەت هەیە فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئیشارەتم بەوەدا کە لەگەڵ ئەندامان و سەرۆکی دادگای تەمییز دانیشتین ئەو موقتەرەحەیان عەرزی ئێمە کردو ئێمەش پشتگیریمان لێ کرد، سەرەڕای ئەوەی لە ڕاپۆرتەکە نەهاتووە حاکم نورالدینیش دانیشتووە، بەنیسبەت ئەو قانونەی لە وەزارەتی عەدل هاتووە، ماددە حەفتە کە دەڵێت (یرتبط رؤساء وقضاة محاکم الاستئناف في الاقلیم بالوزارة من الناحیة الإداریة والتنظیمیة..........)، دووەمیش/ ماددەی

هەشتە (لوزير العدل انتداب القاضي بما في ذلك القاضي المحكمة الى رئاسة احدى................)، ئەوانە بە حەقیقەت بە ئیجماع سەرۆك و ئەندامانی دادگای تەمییز لەگەڵ ئەوە نینە دەڵێن ئێمە ئەگەر ئەوە چەسپا، ئێمە مانای وایە ئەو قانونەی کە دەرچووە ئەسڵەن ئیستیقلالیەتی تێدا نییە، جیابوونەوەی دەسەڵاتی تێدا نییە، کاك نورالدینیش دانیشتووە ئەوە رەئی ئەوانە بە ئیجماع، ئێمەش پشتگیریمان کردووە، ئێستا لێرە جێگای خۆیەتی ئێمە ماددەیەك ئیقتیراح بکەین، ماددە موقتەرەحەکەش لەلای کاك عەونیە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو مەسەلەیەش عیلاج بکەین، ئێستا دەیخەینە بەردەمی بەڕێزتان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ ئەو ماددەیەی کەباسم کرد هیچی بکەن، ئێوە ماددەیەکی تازەیە موقتەرەح دەکەن رەبتی بەوەوە نییە، ئێستا ئێمە باسی ئەو ماددەیەمان کرد با تەواوی بکەین، بەڵێ کاك فاروق.

**بەڕێز فاروق جميل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك شێروان بۆچوونەکەی بە سەهو تێگەیشتووە، ئەوان داوای ئەوەیان کردووە حاکم مەحکەمەی مورتەبت بێت، نەوەك لە رووی ئیدارەو موەزەفەکانەوە، تەبیعی جەنابی کاك نورالدینیش دانیشتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك حاکم نورالدين.

**بەڕێز حاکم نورالدين ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئەگەر ئەو نەصەی قانونی وەزارەتی عەدل، مانای ئیدارەی وەزارەتی عەدل لەسەر روئەسای محاکمی ئیستئناف و موەزەفین و هەمووی دەبێت، مانای ئەوەیە ئیستیقلالیەتی قەزا نییە، لە ژێر دەستی مەجلیسی قەزا دەرچوو، ئەو دوو ماددەیە تەعاروز دەکات لەگەڵ سوڵتەی قەزائی، پێویستە ئەو دوو ماددەیە حەزف بکرێتن و ئیلغا بکرێت، ئینجا بزانن لیژنەی قانونی چیان ئیقتیراح کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە موقتەرەحی ماددەیەکی تازەیە، ئێمە ئەو ماددەیەی کە موناقەشەمان کرد دەیخەینە دەنگدانەوە، دواتر ئەو ماددە تازەیەی کاك شێروان باسی کرد کاك عەونی بیخوێنێتەوەو موناقەشەی لەسەر دەکەین، ماددەی چواردە بەو تەعدیلاتەی لەسەری کرا بەو شێوەیەی خوارەوە دەبێت (المادة الرابعة عشرة:

أولاً: محكمة الإستئناف هي الهيئة القضائية العليا لمحاكم محافظة واحدة أو أكثر وتتألف من رئيس وعدد من نواب الرئيس والقضاة وتمارس الاختصاصات المعينة لها بموجب القانون.

ثانياً: تشكل في الاقليم المحاكم الإستئنافية الآتية:

1- محكمة إستئناف منطقة أربيل وتشمل محاكم محافظة أربيل ومركزها مدينة أربيل.

2- محكمة إستئناف منطقة دهوك وتشمل محاكم محافظة دهوك ومركزها مدينة دهوك.

3- محكمة إستئناف منطقة كركوك وتشمل محافظة كركوك ومركزها في السليمانية مؤقتة.
4- محكمة إستئناف منطقة السليمانية وتشمل محاكم محافظة السليمانية ومركزها مدينة السلسمانية.
5- أ- لمجلس القضاء احداث محاكم استئناف اخرى عند الحاجة.

ب- يجوز احداث محكمة أو أكثر في محكمة استئناف أو فك ارتباط محكمة أو أكثر من محكمة استئناف والحاقها بمحكمة استئناف اخرى بقرار من مجلس القضاء)، ئێوه باستان کرد ماددەیەکی موقتەرەحێکی تازەتان هەیە، نەتانگوت فەقەرە، ئێستا فەرموو ئەگەر دەڵێن فەقەرە، ئەو ماددەی چواردە بەو شێوەیەی خوێندمەوە موقتەرەحی لیژنەی یاساییە بەو گۆڕانکاریەی کە کرا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی چواردەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەرموو موقتەرەحی تازەتان چیە بیخوێنەوە، موقتەرەحی تازەی لیژنەی یاسایی بەرێککەوتن لەگەڵ مەحکەمەی تەمییز هاتووە دەڵێت دەبێت ئەو ماددەیە ئیزافە بکرێتن (تكون نواحي ادارية وتنظيمية للمحاكم بما فيها شؤون الخدمة لموظفيها ومنتسبيها وانضباط حصرا من اختصاص القضاء) فەرموو کاك عەونی .

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیتیفاقی لەسەر نەکراوە کە جەنابت گوتت، بەڵام گوتمان تەرحی دەکەین لە قاعە بڕیاری لەسەر بدەن، ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەد ئیتیفاقیش بکرێت قەرار هەر بۆ قاعەیە، بەڵێ کاك حاکم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرە لەو ماددەیە باسی تەشکیلاتی مەحکەمە دەکەین، ناحیەی ئیداری کە هاتینە ماددەکانی تر مەجلیسی قەزاو واجیباتی مەجلیسی قەزاو موهیمەی چیە (الاشراف الاداري على جميع المحاكم والرقابة القضائية) ئەوە لەوێ باس کراوە، لێرە باس باسی تەشکیلاتە، پێویست بە ئیزافەی ئەو ماددەیە ناکات، بەس لە مەجلیسی قەزا، بەڵام لە مەجلیسی قەزا کە باسمان کرد ئیدارەی مەحاکمیش لە ژێر دەستی بێت لەگەڵ ئەو دوو ماددەی قانونی وەزارەتی عەدل تەعاروز دەکات، ئەوە حەلێکی بۆ دابنێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی دەبێت ئەو تەعاروزە نەمێنێت حاکم، لێرە دەبێت تەعاروزەکە نەمێنێتن، جا جەنابت دەڵێی ئەو ماددەیە زیادە، بەڵێ کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئێستا لەسەر تەشکیلات دەڕۆین، راستە، بەڵام دەبێت رەبتی تەشکیلاتەکەش لێرە دیاری بکەین، ئێستا ئێمە مەسەلەی محاکمی ئیستئناف موناقەشە دەکەین، مەحاکمی ئیستئناف مەربوتە بە مەجلیسی قەزا لە قانونی وەزارەتی عەدل دەڵێ روئەسای مەحاکمی ئیستئناف و قوزات لە ناحیەی ئیداری و تەنزیمی مەربوتی وەزارەتی عەدلە، دەبێت ئەو ماددەیە بەو شکلەی کە هەیە بێنینە تەشکیلات، ئەگەر بێتە تەشکیلاتیش چ ئیشکالێك دروست ناکات، ئەگەر پێشتان باشە دەیخەینە ئیختیصاصاتی مەجلیسی قەزا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە ئیختیصاصاتی مەجلیسی قەزا بێت باشترە، چونکە ماددەیەکیش دەبێتن (لا يعمل باي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون) باشە ئەو موفتەرەحەیان سەحب کردەوە، بڕۆ بۆ ماددەی پازدە تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پازدەهەم:

یەکەم: دادگای تێهەڵچوونەوەو دەستەکانی بەسەرۆکایەتی سەرۆکی، یان یەکێك لە جێگرەکانی و بەئەندامێتی دووان لە جێگرەکانی، یان یەکێکیان و دادوەرانی دادگای تێهەڵچوونەوە، یان بە ئەندامێتی دوو دادوەر لە دادوەرانی گرێ دەدرێ.

دووەم: سەرۆك و ئەندامانی دادگای تێهەڵچوونەوەو دەستەکانی بە بڕیارێك کە ئەنجومەنی دادوەری دەری دەکات ناویان لێ دەندرێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة عشرة:

أولاً: تنعقد محكمة الإستئناف وهيئاتها برئاسة رئيسها أو احد نوابه وعضوية نائبين من نوابه أو أحدهم وقضاة محكمة الإستئناف أو عضوية قاضيين من قضاتها.

ثانياً: تتم تسمية رئيس وأعضاء محكمة الإستئناف وهيئاتها بقرار يصدره مجلس القضاء.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، تەنها ئەو مولاحەزەیەمان هەیە کە قوزاتی مەحکەمەی ئیستئناف بە سیفەتی جەمع هاتووە ببێتە (قاض من قضاة محكمة الاستئناف)، چونکە تەشکیل مەحکەمە لە رەئیس و نائیب و قازیەکی تر دەبێت بەنیسبەت مەحاکمی ئیستئناف، نەك لە هەموو قازیەکانی مەحاکمی ئیستئناف، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێم وایە ئەو ماددەیە ماددەیەكی قانونی سرفەو مولاحەزەی لیژنەی قانونیش بەجێیە، ئەگەر موناقەشەی لەسەر نەبێتن دەیخەمە دەنگدانەوە، كاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەڵێت (تنعقد محكمة الإستئناف وهيئاتها) یان بە رەئیسەكەی، یان بە نوابەكە، بەلأم كێشە لێرەیە (وعضوية نائبين من نوابه أو أحدهم) باشە ئەگەر دوو نائیبینە ئەو (احدهم) پاشان چیە، یەعنی ئەگەر بە یەكێكی تەواو بێت دووی بۆ چیە، چونكە ئێمە جێگرمان دیاری نەكردووە، لە ماددەی پێشتر كە گوتمان (ان لایزید علی ثلاثة) نائیبی یەكەم، نائیبی دووەم، نائیبی سێیەم، لێرە كام نائیب قەصدە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆ نائیبیش عوزوە، رەئیسیش عوزوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە لەگەڵ موقتەرەحەكەی دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی شازدەهەم:

سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوە لە ناوچەكەی خۆی سەرپەرشتی دادگاكان و كارەكانیان دەكات، كارەكان بەسەر دادوەرانی دابەش دەكات و بۆی هەیە ئەو دەسەڵاتانەی بە رەوای دەبینێ بە یەكێك لە جێگرەكانی بسپێرێ.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السادسة عشرة:

يتولى رئيس محكمة الإستئناف الإشراف على المحاكم وأعمالها في منطقته وتوزيع العمل بين قضاتها وله أن يخول أحد نوابه ما يراه من صلاحيات.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ مولاحەزەمان نییە، چونكە ئەو ماددەیە لە یاسای پێشووش هاتووە، ئێستاش دووبارە بۆتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر هیچ مولاحەزەیە نییە دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ بۆ ماددەی حەڤدە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەڤدەهەم:

یەکەم: لە هەر ناوچەیەکی تێهەڵچوونەوە ئەنجومەنێك بە ناوی ( ئەنجومەنی ناوچەی تێهەڵچوونەوە) پێك دێت لە سەرۆکی دادگاو ئەندامێتی جێگرەکانی و دادوەرانی دادگای تیهەڵچوونەوە دەبێ.

دووەم: ئەنجومەنەکە کۆبوونەوەی وەرزی ئەنجام دەدات، بۆ سەرۆکەکەی هەیە لە کاتی پێویستی بۆ کۆبوونەوە بانگەشەیان بکات، ئەو کۆبوونەوەیەش بەبێ ئامادە بوونی ئەوەی بەلای کەمییەوە سێ لە چواری ئەندامەکانی گرێ نادرێ.

سێیەم: ئەنجومەن ئەم تایبەتمەندییانە لەخۆ دەگرێت:

1- -لە پێداویستیەکانی دادگاکان ومیلاکەکانیان لە ژێر رۆشنایی پێداویستیەکانی ساڵانە، دەکۆڵێتەوە.

2- لێکۆڵینەوە لەو گرفت و کێشانەی رووبەڕوووی دادگاکان دەبێتەوە.

3- پێشکەش کردنی پێشنیارەکان سەبارەت بە دامەزراندنی زۆر لە دادگاکان.

4- چاك کردنی شێوازی کار کردن و بەرز کردنەوەی رادەی ئەنجامدانی لە دادگاکاندا.

**بەڕێز عونی کمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة عشرة:

أولاً: يؤلف في كل منطقة استئنافية مجلس يسمى (مجلس منطقة الإستئناف) من رئيس المحكمة وعضوية نوابه وقضاة محكمة الإستئناف.

ثانياً: يعقد المجلس اجتماعات فصلية ولرئيسه دعوته الى الاجتماع عند الحاجة ولا ينعقد الا بحضور ما لا يقل عن ثلاثة أرباع عدد أعضائه.

ثالثاً: يتولى المجلس ممارسة الاختصاصات الآتية:

1- بحث احتياجات المحاكم وملاكاتها على ضوء الاحتياجات السنوية.

2- دراسة الصعوبات والمشاكل التي تواجه المحاكم.

3- تقديم المقترحات بشأن استحداث مختلف المحاكم.

4- تحسين أساليب العمل ورفع مستوى الأداء في المحاكم.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەڵام ئیعادەی صیاغەمان بەم شێوەیە کردووە:

أولاً: يؤلف في كل منطقة استئنافية مجلس يسمى (مجلس منطقة الإستئناف) من رئيس المحكمة وعضوية نوابه وقضاة محكمة الإستئناف). واتا تەنها تەئلیفەکەمان کردووە بە تەشکیل، عەفو بە عەکسەوە.

ثانياً: يعقد المجلس اجتماعات دورية ولرئيسه دعوته الى الاجتماع عند الإقتضاء ولا ينعقد الا بحضور ما لا يقل عن ثلاثة أرباع عدد أعضائه). ئیجتیماعاتی فەسلیمان کردۆتە ئیجتیماعاتی دەوری، بەشکلێکی تر تەفسیر دەکرێت.

ثالثاً: يتولى المجلس ممارسة الاختصاصات الآتية:

1- بحث احتياجات المحاكم وملاكاتهاعلى ضوء الاحتياجات السنوية ورفع التقارير عنها سنوياً الى مجلس القضاء. ئەوەش (ورفع التقارير عنها سنوياً الى مجلس القضاء) ئەوەمان ئیزافە کردووە.

2- دراسة الصعوبات والمشاكل التي تواجه المحاكم وايجاد الحلول المناسبة لها. ئەوەش (وايجاد الحلول المناسبة لها) ئیزافەمان کردووە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو موقتەرەحی لیژنەی یاسایی هێنـە بـەس ئەوەندەیـە ئـەوەی (یشـکل)ی دووەم شـەتب دەکرێـت و دێتـە پێشەوە (یجتمع)کـەش دەبێتـە (یعقـد) لـە دووەم ئەوەلـەن (ورفـع التقـارير عنهـا سـنوياً الى مجلـس القضـاء) ئیزافە دەکرێت، دووەمەکەش (وايجاد الحلول المناسبة لها) ئیزافە دەکرێت، ئەوەش شتێکی قانونییـە، ئەگـەر مولاحەزەتان لەسەر نەبێتن، ئەو موقتەرەحی لیژنەی یاسایی دەیخەمە دەنگدانـەوە، کـێ لەگەڵدایـە دەسـتی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ بۆ ماددەی هەژدە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی هەژدەهەم:

یەکەم: دەسەڵاتەکانی سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێ:

1- سەرپەرشتی کردنی کاروبارە کارگێڕییەکان و دابەش کردنی کارەکان لەنێو ناوچەکەیدا.

2- سەرۆکایەتی کردنی ئەنجومەنی تێهەڵچوونەوەی ناوچەکە.

3- سەرۆکایەتی کردنی ئەنجومەنی تێهەڵچوونەوە بە سیفەتی پێداچوونەوەو بۆی هەیە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوە بە سیفەتی تێهەڵچوونەوە بە سیفەتە تێهەڵچوونەوەییەکەی و دادگای گەورە تاوانەکان بکات.

4- بەرز کردنەوەی راپۆرتی ساڵانە دەربارەی دادوەران و فەرمانبەران بۆ ئەنجومەنی دادوەری.

5- ئیمزا کردنی نووسراوەکانی فەرمی.

6- مۆڵەت دان بە دادوەرانی دادگاو فەرمانبەرانی.

دووەم: دەسەڵاتەکانی جێگری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێ:

1- لە ئەستۆ گرتنی کاری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە لە کاتی دیارنەبوونی.

2- سەرۆکایەتی کردنی یەکێك لە دەستەکانی دادگای تێهەڵچوونەوە، یان دادگای گەورە تاوانەکان.

3- ئیمزا کردنی نووسراوی گەڕاندنەوەی دۆسیەی داوا یەکلاکراوەکان, هاوپێچ بە بڕیارەکانی دادگای تێهەڵچوونەوە بۆ دادگا تایبەتمەندەکان.

4- چاودێری کردنی بەردەوام بوونی دادوەر و فەرمانبەران.

5- ئەوەی سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە لە دەسەڵاتەکانی دیکەوە پێی دەسپێرێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة عشرة:

أولاً: تكون صلاحيات رئيس محكمة الإستئناف كمايلي:

1- الإشراف على الأمور الإدارية وتوزيع العمل ضمن منطقته.

2- رئاسة مجلس منطقة الإستئناف.

3- رئاسة محكمة الإستئناف بصفتها التمييزية وله أن يرأس محكمة الإستئناف بصفتها الإستئنافية أو محكمة الجنايات.

4- رفع التقارير السنوية عن القضاة والموظفين الى مجلس القضاء.

5- توقيع المخابرات الرسمية.

6- منح الاجازات لقضاة المحكمة وموظفيها.

ثانياً: تكون صلاحيات نائب رئيس محكمة الإستئناف كمايلي:

1- القيام بأعمال رئيس محكمة الإستئناف عند غيابه.

2- رئاسة احدى هيئات محكمة الإستئناف أو محكمة الجنايات.

3- توقيع كتب اعادة أضابير الدعاوى المحسومة مرفقة بقرارات محكمة الإستئناف الى محكمتها المختصة.

4- مراقبة دوام القضاة والموظفين.

5- ما يخوله رئيس محكمة الإستئناف من صلاحيات اخرى.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، تەنها دوو مولاحەزەمان هەیە، مولاحەزەی یەکەم ئیزافە کردنی فەقەرەیەك کە بەم شێوەیە دەبێت (احالة الطعون التي تقدم الى محكمة الإستئناف بصفتها الإستئنافية أو التمييزية لإستيفاء الرسوم)، دوو/ حەزفی کەلیمەی مەوزەفین کە لە ئەوەڵەن لە فەقەرە چوار هاتووە، تەنها بەنیسبەت قوزاتەکان رەفعی مەجلیسی قەزا دەکرێت، بەڵام بەنیسبەت بەقیەی مەوزەفینی دەوائیر مەفروزە بۆ رەئیسی خۆیان تەقاریر بنووسرێت کە رەئیسی ئیستئنافە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ کاك حاکم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە ئیشكالێك لە نەصەكە هەیە، بڕگەی سێ كە سەلاَحیەتی (رئاسة محكمة الإستئناف بصفتها التمییزیة ولە أن یرأس محكمة الإستئناف بصفتها الإستئنافیة) نییە (بصفتها الاصلیة)، وا بێت ئەو كەلیمەی ئیستئنافیە ببێتە ئەسڵیە، چونكە مەحكەمەی ئیستئناف دوو سیفەتی هەیە سیفەتی ئەسڵی و كە موڕافەعەی تێدا دەكرێت، سیفەتی تەمییزی كە تەدقیقی ئەحكامی مەحكەمەی بیدائە دەكات، ئەوە لێرە سیفەتی ئەسڵی پێ دەگوترێت، نەك ئیستئنافی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە بە موفتەرەحی لیژنەی یاساییەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، ئەو كەلیمەی كە كاك حاكم داوای كرد بە سیفەتی ئیستئنافی دەگۆڕین بۆ سیفەتی ئەسڵی، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ بۆ ماددەی نۆزدە تكایە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لقی سێیەم

دادگاكانی بەرایی

ماددەی نۆزدەهەم:

لە سەنتەری هەموو پارێزگا، یان قەزایەك دادگایەكی بەرایی، یان زیاتر دادەمەزرێ و دەكرێ لە ناحیەكانیش پێك بهێندرێ بە هۆی بەیانێك سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری دەری دەكات و بۆی هەیە سنووری دەسەلاَتی دادگایەك بۆ پتر لە قەزا و ناحیەیەك فراوان بكات.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الفرع الثالث

محكمة البداءة

المادة التاسعة عشرة:

تشكل محكمة البداءة او اكثر في مركز كل محافظة او قضاء ویجوز تشكیلها في النواحي ببیان یصدره رئیس مجلس القضاء وله توسیع الاختصاص المكاني للمحكمة الى اكثر من قضاء او ناحیة.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ مولاحەزەمان نییە، دەقی ماددەكە تەئید دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرمووو کاك حاکم نورالدین.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە تەشکیلاتی مەحاکمی مەدەنی، ئەوە بوو مەحکەمەی جینایاتمان پێش خست گوتمان هەیئەیە، لێرەش لە بەحسی ئیختیصاصەکانیش پێش بیدائە بکەوێت، جینایەت بێتە پێش، چونکە ئێستا ئێوە باسی بیدائەتان کرد، لەبەر ئەوەی ببێتە جینایات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ویستمان بە عەینی تەسەلسولی مەشروعەکە بڕۆین هەتا لە ئەندامانی پەرلەمان تێك نەچێت، بەڵام لە حەقیقەتدا ئێمە تەسەلسولەکەمان گۆڕیە لە موقتەرەحی خۆمانی، پاشان کە تەواو دەبێت عەینی تەسەلسولی خۆمانی دەدەینێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیستەم:

بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری هەیە بە پشت بەستن بە پێشنیاری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە, دادگایەکی بەرایی پێك بهێنێت بۆ تەماشا کردنی جۆرێك، یان زیاتر لە داواکان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العشرون:

لرئیس مجلس القضاء بناءاً علی مقترح رئیس محکمة الاستئناف تشکیل محکمة بداءة للنظر في نوع واحد او اکثر من الدعاوی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ مولاحەزەمان لەسەر نییە دەقی ماددەکە تەئید دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش ماددەیەکی یاساییە، لیژنەی یاسایی پشتگیری کردووە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی بیست و یەك تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و یەك: دادگای بەرایی لە دادوەرێك گرێ دەدرێ و بەپێی حوکمەکانی یاسا تایبەتمەندە بە تەماشا کردنی ئەو داوا و کاروبارانەی دەکەوێتە ژێر تایبەتمەندیەکانیەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية والعشرون: تنعقد محكمة البداءة من قاض واحد وتختص بالنظر في الدعاوى والأمور الداخلة ضمن اختصاصها وفقاً لأحكام القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ مولاحەزەمان لەسەر نییە دەقی ماددەکە تەئید دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی بیست ودوو تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لقی چوارەم

دادگای باری کەسایەتی

ماددەی بیست و دووەم:

دادگایەکی باری کەسایەتی، یان زیاتر لە هەر جێگایەك دادگای بەرایی لێ بێ پێکدەهێندرێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفرع الرابع

((محكمة الأحوال الشخصية))

المادة الثانية والعشرون:

تشكل محكمة الاحوال الشخصية أو أكثر في كل مكان فيه محكمة بداءة.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ مولاحەزەمان لەسەر نییە دەقی ماددەکە تەئید دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی بیست و سێ تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و سێیەم:

سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری بەپێی پێشنیاری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە، بۆی هەیە دادگای کەسایەتی دابمەزرێنێ، بۆ تەماشا کردنی جۆرێك یان زیاتر لە داواکان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة والعشرون:

لرئيس مجلس القضاء بناء على اقتراح رئيس محكمة الإستئناف تشكيل محكمة الأحوال الشخصية للنظر في نوع واحد أو أكثر من الدعاوى.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ مولاحەزەمان لەسەر نییە دەقی ماددەکە تەئید دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی بیست و چوار تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و چوارەم:

یەکەم: دادگای باری کەسایەتی لە دادوەرێك گرێ دەدرێ, بەپێی حوکمەکانی یاسا تایبەتمەندە بەبینینی دۆزەکانی باری کەسایەتی.

دووەم: دادوەری دادگای بەرایی (موسڵمان بێ دەبێتە دادوەری دادگای باری کەسایەتی, ئەگەر دادوەری تایبەتی لێ نەبێ).

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة والعشرون:

أولاً: تنعقد محكمة الأحوال الشخصية من قاض واحد وتختص بالنظر في مسائل الأحوال الشخصية وفقاً لأحكام القانون.

ثانياً: يعتبر قاضي محكمة البداءة المسلم قاضياً لمحكمة الأحوال الشخصية أن لم يكن لها قاض خاص.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ مولاحەزەمان لەسەر نییە دەقی ماددەکە تەئید دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەتان هەیە، باشە کاک سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە بڕگەی دوو لەم ماددەیە جۆرێك لە تەناقوز پەیدا دەکات لەگەڵ ماددەی بیست و دوو، لەبەر ئەوەی ماددەی بیست و دوو بە وجوبی دەڵێ هەر شوێنێك مەحکەمەی بیدائەی لێ بێت، دەبێت مەحکەمەی ئەحوالی شەخصی لێ بێت، کەواتە قازی مەحکەمەی بیدائە دەبێتە قازی مەحکەمەی ئەحوالی شەخصی، کە تۆ فەرزت کردووە بە ماددەیەك دەبێت مەحکەمەی ئەحوالی شەخصی هەبێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تەڵعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارەکەم لە لیژنە یاساییە، (تنعقد محكمة الأحوال الشخصية من قاض واحد) یەعنی چی؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم من عیبارەتەکەی زۆر بە رەکیکی دەبینم، ئەگەر جەنابیشت بەخۆت بیخوێنیەوە (يعتبر قاضي محكمة البداءة (المسلم) قاضياً لمحكمة الأحوال الشخصية) ئەوە چۆن دەبێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرمووو لیژنەی یاسایی وەڵامیان بدەنەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عادەتەن لە دادوەری بەرایی لە قەزایەکان، دەبێتە هەموو دادوەرێك، دادوەری کەسایەتی دەبێت، دادوەری جونەح دەبێت، بەڵام ئەگەر موسڵمان نەبوو، ناتوانێت دادوەری باری کەسایەتی بێت، بۆیە ئەوەمان وا نووسیووە (المسلم).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تەناقوز نابینین لەنێوان ماددەی بیست و دوو و ئەو ماددەیە، لەوێ تەشکیلی مەحکەمەی ئەحوالی شەخصی دەکرێت لە ماددە بیست و دوو، کێ دەیکات حاکمی بیدائە دەیکات، ئەمە بەنیسبەت وان، بەنیسبەت ئەوانی دیکەش ئینعیقادی مەحکەمەیە، یەك قازی ئینعیقاد دەکات هەیئە نییە، بەگوێرەی قانون تەعامول دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاکم نورالدین فەرمووو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەك روون کردنەوەیەك، ئێمە لە باسی مەناصبی قەزائی کە هاتووە، یەعنی تەشکیلاتی مەحاکم، ئەدنا تەشکیلەی مەحاکم بیدائەیە، بەناو بیدائە ئەوە دەگوترێت، بەڵام ئەوانی تر ئیختیصاصاتی وەزیفی فروعیەتی، کە دەڵێت ئەحوالی شەخصیە، جونەح، تەحقیق، ئەوانە فروعی مەحکەمەکەیە، لەبەر ئەوە هەر دادوەرێکی بەرایی لە قەزایەك بێت فەرعەکانی دیکەش دەبینێت، بەڵام لێرە ئەو شەرتە بووە، لەبارەی کەسایەتی، چونکە باری کەسایەتی ئەحوالی شەخصیە ناحیەی شەرعی زۆر جار لێك دەدرێتەوە، پێی دەڵێن دەعاوی حەسبە، وەکو تەڵاقە، لەبەر ئەوە قازیەکەی دەبێت موسلیم بێت کەباری کەسایەتی موسلیم بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و پێنجەم:

یەکەم: لە سەنتەری هەر پارێزگایەك دادگایەکی ماددەکانی کەسایەتی بۆ ئەوانەی موسڵمان نـین دادەمـەزرێ و لە دادوەرێك گرێ دەدرێ و تایبەتمەنـدە بـە دۆزەکـانی ماددەکـانی کەسـایەتی بـۆ ئەوانـەی موسـڵمان نـین، دەکرێ لە سەنتەری قەزا و ناحیەکان دابمەزرێ بەهۆی بەیانێك کە سـەرۆکی ئەنجومـەنی دادوەری لـە کـاتی پێویستی دەری دەکات.

دووەم: دادوەری دادگای بەرایی، دەبێـتە دادوەری دادگای ماددەکانی کەسایەتی، ئەگەر دادوەری تایبەتمەنـدی لێ نەبێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفرع الخامس

((محاكم المواد الشخصية))

المادة الخامسة والعشرون:

أولاً: تشكل في مركز كل محافظة محكمة للمواد الشخصية لغير المسلمين وتنعقد من قاض واحد وتختص في قضايا المواد الشخصية لغير المسلمين ويجوز تشكيلها في مركز الأقضية والنواحي ببيان يصدره رئيس مجلس القضاء عند الاقتضاء.

ثانياً: يعتبر قاضي محكمة البداءة قاضياً لمحكمة المواد الشخصية ان لم يكن لها قاض خاص.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئیقتیراح دەکەین صیاغەی فەقەرە یەك بەم شێوەیە بێت:

(أولاً: تشكل في مركز كل محافظة محكمة للمواد الشخصية للمسحيين والأزيدين والديانات الأخرى وتنعقد من قاض واحد وتختص بقضايا المواد الشخصية لهم ويجوز تشكيلها في مركز الأقضية والنواحي ببيان يصدره رئيس مجلس القضاء عند الاقتضاء)، واتا تەنها (غير المسلمين) حەزف کراوە، هەروەکو پێشتریش ئەو مەسەلەیەمان عیلاج کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موقتەرەحی لیژنەی یاسایی دەگونجێت لەگەڵ ماددەکانی تریش، کاك عەونی قسەت هەیە فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیزافە لەسەر قسەی کاك شێروان لە ماددەی نۆ لە پرۆژەکە (لغير المسلمين)مان لابرد تاکو نەسەقێکی قانونی هەبێت بەشێوەی صیاغەی مەوادەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

منیش ئاماژەم هەر بەوە دەكرد، كاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ویستم لە ماددەی نۆزدە ئەو قسەیە بكەم، بەس فریا نەكەوتم و مەجالتان نەدا، لەم ماددەیە دەبێت، ئێمە مادام قەزاو ناحیەكان حیساب دەكەین، بەڕاستی دەبێت موجەمەعەكان حیساب بكەین، موجەمەعی زۆر گەورەمان هەیە بە قەد شارێكە، قەزاو ناحیەو هیچی تیا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

موقتەرەحی لیژنەی یاسایی دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی بیست و شەش تكایە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لقی پێنجەم

ماددەی بیست و شەشەم:

یەكەم: لە سەنتەری هەر پارێزگایەكدا دادگای گەورە تاوانەكان دادەمەزرێ بەپێی حوكمەكانی یاسا تەماشای داوا سزاییەكانی بۆی دەست نیشان كراوە دەكات.

دووەم: دەكرێ پتر لە دادگایەكی گەورەتاوان لە پارێزگایەكدا بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری دابمەزرێ، دەسەڵاتەكانی و چۆنایەتی شوێنی و جێگای گرێدانی دیاری دەكرێن.

سێیەم: دەكرێ دادگای گەورەتاوانەكان لە دەرەوەی سەنتەری پارێزگا گرێ بدرێ، بەهۆی بەیانێك سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوە بەپێی پێشنیاری سەرۆكی دادگای گەورەتاوانەكان، دەری دەكات.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الفرع السادس

((محاكم الجنايات ))

المادة السادسة والعشرون:

أولاً: تشكل في مركز كل محافظة محكمة جنايات تنظر في الدعاوى الجزائية المعينة لها وفقاً لأحكام القانون.

ثانياً: يجوز تشكيل أكثر من محكمة جنايات في المحافظة بقرار من مجلس القضاء يحدد اختصاصها النوعي والمكاني ومركز انعقادها.

ثالثاً: يجوز أن تنعقد محكمة الجنايات خارج مركز المحافظة ببيان يصدره رئيس محكمة الإستئناف بناءً على اقتراح من رئيس محكمة الجنايات.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار مولاحەزەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم لە برگەی دوو (يجوز تشكيل اكثر من محكمة جنايات في المحافظة بقرار من مجلس القضاء) ئیزافەی ئەوەی بکەین (بناءاً على اقتراح رئيس محكمة الاستئناف)، چونکە رەئیسی مەحکەمەی ئیستئناف تەحدیدی ئەوەی دەکات چەند مەحکەمەی جینایات پێویستە، یان نا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی وەڵامی بدەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەکانی پێشوو کە دوێنێ تەصویتی لەسەر کرا، ئەو وەزعە موعالەجە کراوە، رەئیسی مەحکەمەی جینایات ئیقتیراح دەکاتن ئەگەر تەشکیلی مەحکەمەی ئیستئناف دەکات دەسەلآتی دادوەری تەصدیقی ئەو شێوەیە دەکاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆشی هەر لەوێ ئەندامە، کاك فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مولاحەزەیەکی بچووکم هەیە، کەلیمەی (کل) لە زۆر شوێن هاتووە (تشكل في مركز كل محافظات) من پێم وایە بکرێت (تشكل في مركز محافظات)، چونکە پێم وایە ئەو (کل)ە زیادە لە هەر هەموویان، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر محافەزەیەك، یەك محافەزە نییە، ئەگەر بڵێی (تشكل في مركز محافظات) وەکو بڵێی یەك محافەزەت هەیە، ماددەی بیست و شەش کە پشتگیری کراوە لەلایەن لیژنەی یاسایی دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی بیست و حەوت.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی بيست و حەوتەم:

يەكەم: دادگای گەورەتاوانەكان لەسەنتەری دادگای تێهەڵچوونەوە لەسێ دادوەرو بەسەرۆكايەتی سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوە، يان يەكێك لە جێگرەكانی و بەئەندامێتی دوو لە جێگرانی دیكە، يان يەكێكيان و دادوەرێك، يان بە ئەندامێتی دوو دادوەر كە هەريەكێكيان لە پۆلی دووەم كەمتر نەبێ، گرێ دەدرێ.

دووەم: دادگای گەورەتاوانەكان لە پارێزگاكانی ديكەدا بەسەرۆكايەتی جێگری سەرۆك بەئەندامێتی دوو دادوەر كە هەريەكێكيان نابێ لە پۆلی دووەم كەمتر بێ، گرێدەدرێ.

سێيەم: سەرۆك و ئەندامانی رەسەن ويەدەگی دادگای گەورەتاوانەكان بە بڕياری ئەنجومەنی دادوەری و بەپێی پێشنياری سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوە دادەندرێت.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السابعة والعشرون:

أولاً: تنعقد محكمة الجنايات في  مركز محكمة الإستئناف من ثلاثة قضاة برئاسة رئيس محكمة الإستئناف أو أحد نوابه وعضوية نائبين اخرين أو احدهما وقاض أو عضوية قاضيين لا يقل صنف أي منهما عن الصنف الثاني.

ثانياً: تنعقد محكمة الجنايات في المحافظات الأخرى برئاسة نائب الرئيس في مركز المحافظة وعضوية قاضيين لا يقل صنف أي منهما عن الصنف الثاني.

ثالثاً: تتم تسمية رئيس وأعضاء محكمة الجنايات الأصليين منهم والاحتياط بقرار من مجلس القضاء بناء على اقتراح رئيس محكمة الإستئناف.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەين، بەڵام پێشنيار دەكەين فەقەرەيەكی تر ئيزافە بكرێت بەم شێوەيەی كە بۆتان دەخوێنمەوە:

(رابعاً: يتولى رئيس محكمة الجنايات خارج محكمة الاستئناف الاشراف على محاكم المحافظة ورفع التقارير عنها الى رئيس محكمة الاستئناف).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە خەلەلێكی تێدايە كاك شێروان، وات نيشان داوە كە مەحكەمەی ئيستئناف يەك مەحكەمە هەيە، بەڵام ئێستا ئێمە قەرارماندا لە هەر موحافەزەيەك مەحكەمەيەك بكرێتن، يەعنی چی دەڵێ (تنعقد محكمة الجنايات في المحافظات الاخرى) يەعنی ئەو نەصە لەگەڵ دەقی نەصەكەی پێشوو ناگونجێت، كە

دەڵێت لە هەر مەرکەزێك، موعالەجەی ئەوە بکرێتن، (أولاً: تنعقد محكمة الجنايات في مركز محكمة الإستئناف) یەعنی مەحاکمی تر نییە، کاك حاکم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مەرکەزی ئیستئناف، ئەو مەرکەزەی ئیستئناف دائیرەی ئیستئنافی لێیە، مەحکەمەی جینایاتی لێ دەبێت، تەشکیلاتی بەو سیفەتەیە، چونکە ئیشی زیاترە لەمەحافەزەیەکەوە مەرکەزی ئیستئنافی نەبێت، پاشان لەوانەیە موحافەزەیەك تەشکیل کرا جینایەتی تیا نەبێت، سبەینێ سۆرانمان کردە موحافەزە جینایاتی تیا تەشکیل ناکرێت لەوێ، چونکە ئیمکانیەتی ئەوەی نییە، لەبەر ئەوە ئەو نەصە دانراوە، دەڵێ لە موحافەزاتی تر تەشکیلەکە بەو جۆرە دەبێت، کە رەئیسەکەی نائیب رەئیس بێت، یان هەردوو عوزوەکەی دادوەر بێت لە صنفی دوو کەمتر نەبن، بۆ زیاتر شارەزایی لە کێشەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فاروق فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەزانن تەوزیحەکە چۆنە، پێشان ریئاسەتی مەحکەمەی ئیستئناف شەرت نەبوو لە شارێك یەك هەبێت، یەعنی دەبێت لە هەموو شارەکان هەبێت، ریئاسەتی مەحکەمەی ئیستئناف کە هەبوو، مومکینە بۆ دوو شاران هەبوو، کە بۆ دوو شاران دەبوو مەحکەمەی جینایات تەنها بەپێی قانونەکە لە مەحکەمەی ئەو شارە دەبێت کە مەقەری ئیستئنافە، لە حاڵەتی وا ئەگەر هاتوو مەحکەمەی ئیستئناف شمولی دوو شاری کرد، دەتوانیت لە شارەکەی تریش مەحکەمەی جینایات بکرێتەوە، مەقصدەکەی ئەوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆ دەڵێی (في المحافظات الاخرى) لە یەکەمدا نەتگوتووە مەسەلەن بڵێی لە عاسیمەی هەرێم، قەیدی ناکات لە یەکەم (تنعقد محكمة الجنايات في مركز محكمة الإستئناف وفي المحافظات الاخرى) ئاخر ئەو موحافەزەی پێشتر کێیە؟ دەتوانیت بڵێی (تنعقد محكمة الجنايات في المحافظات) بەبێ (الاخرى).

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی مەفروزە مەحکەمەی جینایات لە مەقەری مەحکەمەی ئیستئناف بێت، بەلاَم ئەگەر هاتوو مەحکەمەی ئیستئناف زیاتر لە شارێکی گرتەوە، دوو شاری گرتەوە، جائیزە مەحکەمەی ئیستئناف لە شارەکەی تریش هەبێت، یەعنی دوو مەحکەمە مەسەلەن، ئەوەیە مەوزوعەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی لێرە هاتووە وازیحە، ئەو نەصە راسترە، ئەوە فەرقی هەیە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر تەئیدەن بۆ قسەی كاك فاروق مەسەلەن پێشان مەحكەمەی ئیستئنافی هەولێر هەبوو بابڵێین، دهۆك مەحكەمەی جینایاتی هەبوو، مەحكەمەی ئیستئناف نەبوو، دوایێ ئێستا مەحكەمەی ئیستئنافی دەبێتن، لێرە وەزعەكە فەرق دەكاتن، بەڵام سبەینێ ئەگەر سۆران بووە موحافەزە، ئیمكان هەیە مەسەلەن لێرە مەحكەمەی ئیستئنافی هەولێر با بڵێین سۆران بكاتە جینایاتێك، لەوێ بكاتەوەو ئیشرافی لەسەر بكات، مەوزوعەكە بەو شكلەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مەسەلەن ئێستا لێرە وەكو خۆی كە هەیە، حەز دەكەیت كاك فرسەت خۆت شەرحی بكە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبعەن موحافەزاتی ئێستا، لەسەر ئەساسی ئەوەی هەر یەك مەحكەمەی ئیستئنافی هەبێت، بەس دوور نییە سبەی موحافەزەیەك ئیستیحداس بكرێت و مەحكەمەی ئیستئنافی نەبێت، جا لەبەر ئەوە من ئیقتیراح دەكەم لە فەقەرەی دوو (تنعقد محكمة الجنايات في المحافظات الاخرى التي لا توجد فيها محكمة استئناف)، داكو نەصەكە وازیح بێتن، ئیشكالی تێدا نییە، بەس داكو زیاتر روون بێت (المحافظات الاخرى التي لا توجد فيها محكمة استئناف).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەی دامە، ئەوە شتێكی زیادە، قانون بۆ موستەقبەلی دانانرێت، موحافەزە تەشكیل دەبێت، یان تەشكیل نابێت، ئێستاكە بەپێی ئەو یاسایە لە هەر موحافەزەیەك ئیستئنافێك هەیە، كەواتە پێویست بەو نەصە ناكات، ئێستا زیادەو تەناقوز دەكات و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من پێم وایە ئەو پێشنیارەی كاك فرسەت ئیشكالەكەمان تا حەددێكی زۆر حەل دەكات، كاكە ناحیەی لوغەوی چ دەڵێتن ئەوەلەن دەڵێ (تنعقد محكمة الجنايات في مركز محكمة الإستئناف) باسی موحافەزەیەكت نەكردووە، دوایی بڵێی (في المحافظات الاخرى) تۆ بڵێی (في اربيل)، ئینجا بڵێی موحافەزاتی تر دەكرێتن، تۆ دەڵێی (تنعقد محكمة الجنايات في مركز محكمة الإستئناف) دوایێ دەڵێی (في المحافظات الاخرى) وەكو بڵێی باسی موحافەزاتت كردووە، ئەوجا دەچیە سەر موحافەزاتی تر، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە گوتومانە مەحاكمی ئیستئناف لە موحافەزات دەبێتن، خۆمان لە ماددەی پێشتر تەصویتشمان بۆ کردووە، ئەو نەصەی دێت ئێمە ئێستا پێویستیمان پێ دەبێت لە ئایندەشدا پێویستیمان پێ دەبێت، لە ئاینده پێویست بە تەعدیلاتی قانون ناکاتن، چونکە نەصمان هەیە موعالەجەی موستەقبەلیشمان کردووە، موعالەجەی ئێستاشمان کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قانون بە فەرەزیە دانانرێت، قانون بۆ واقیعە، واقیعی ئێستاکە ئێمە چوار موحافەزەمان هەیە، ئێمە موحافەزەی ترمان نییە، لە هەر موحافەزەیەکیش ئیستئنافێك هەیە، ئەوە شتێکی زیادە موعالەجەی ناوێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەگەر ئەو (الاخری)یە لاببەین، ئەو موقتەرەحەی دەخەمە بەر دەمتان (تنعقد محكمة الجنايات في المحافظات التي لا توجد فيها محكمة استئناف برئاسة نائب الرئيس في مركز المحافظة وعضوية قاضيين لا يقل صنف أي منهما عن الصنف الثاني)، ئەو (الاخری)یە لاببەن، ئەو کەلیمەی کاك فرسەتیش گوتی (التی لا توجد فیها محکمە الاستئناف) ئیزافە بکەین، ئەو ماددەیە بە موقتەرەحی لیژنەی یاسایی کە بەو تەعدیلەی ئیزافەمان پێ کرد دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی بیست و هەشت تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لقی شەشەم**

**دادگای کەتن**

ماددەی بیست و هەشتەم:

یەکەم: لە هەر جێگایەك دادگای بەرایی لێ بێ، دادگایەکی کەتن، یان زیاتری لێ دادەمەزرێ و تایبەتمەند دەبێ بە تەماشا کردنی داواکانی بۆی دیاری کراوەو، بەپێی حوکمەکانی یاسا.

دووەم: دادگای کەتن لە دادوەرێك گرێ دەدرێ.

سێیەم: دادوەری دادگای بەرایی دەبێتە دادوەری دادگای کەتن، ئەگەر دادوەری تایبەتمەندی لێ نەبێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفرع السابع**

**((محاكم الجنح))**

**المادة السابعة والعشرون:**

**أولاً: تشكل محكمة جنح أو أكثر في كل مكان فيه محكمة بداءة وتختص بالنظر في الدعاوى المعينة لها وفقاً لأحكام القانون.**

**ثانياً: تنعقد محكمة الجنح من قاضٍ واحد.**

**ثالثاً: يعتبر قاضي محكمة البداءة قاضياً لمحكمة الجنح إن لم يكن لها قاضٍ خاص.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەو ماددەیەش بە موفقتەرەحی لیژنەی قانونی دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی بیست و نۆ تکایە.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی بیست و نۆیەم: بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری هەیە بەپێی پێشنیاری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە، دادگایەکی کەتن دابمەزرێنێ بۆ بینینی جۆرێك، یان زیاتر لە داواکان.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة التاسعة والعشرون: لرئيس مجلس القضاء بناءً على أقتراح من رئيس محكمة الأستئناف تشكيل محكمة جنح للنظر في نوع أو أكثر من الدعاوى.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**تەئیدی ماددەکە دەکەین زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەگەر مولاحەزەیەك نییە، ماددەی بیست و نۆ کە لە لایەن لیژنەی یاسایی پشتگیری لێ کراوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سی تکایە.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لقی حەوتەم

دادگای نەوجەوانان

ماددەی سییەم:

یەكەم: دادگای نەوجەوانان لە دەستەیەك بەسەرۆكایەتی دادوەری دادگای نەوجەوانان و ئەندامێتی دوو كەسی شارەزا لە پرسەكانی نەوجەوانان گرێ دەدری و تەماشای گەورەتاوانەكان دەكات و حوكمەكانیشی بەپێی یاسای چاودێری نەوجەوانان دەردەكات.

دووەم: سەرۆكی دەستەو هەردوو پسپۆڕە ئەسڵیەكان و یەدەگ بەپێی پێشنیاری سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوە بەهۆی بەیانێك كە سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری دەری دەكات دادەندرێت.

سێیەم: بەپێی حوكمەكانی یاسای چاودێری نەوجەوانان دادوەری نەوجەوانان بە تەنیا تەماشای داواكانی سەرپێچی و كەتن دەكات، دەكرێ دادوەری كەتن لە قەزاو ناحیەكان تەماشای سەرپێچیەكان بكات.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الفرع الثامن

((محاكم الاحداث))

المادة الثلاثون:

أولاً: تنعقد محكمة الاحداث من هيئة برئاسة قاضي محكمة الاحداث وعضوية أثنين من المحكمين الملمين بقضايا الاحداث وتنظر في الجنايات وتصدر أحكامها فيها وفق قانون رعاية الاحداث.

ثانياً: تتم تسمية رئيس الهيئة والمحكمين الأصليين والاحتياط ببيان يصدره رئيس مجلس القضاء بناءً على أقتراح من رئيس محكمة الأستئناف.

ثالثاً: تنظر المخالفات والجنح من قبل قاضي الاحداث وحده وفقاً لأحكام قانون رعاية الاحداث ويجوز أن تنظر المخالفات من قبل قضاة الجنح في الأقضية والنواحي.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ فەقەرە یەك و دووی ماددەكەین، بەڵام بەنیسبەت فەقەرە سێ ئێمە تەعدیلمان كردووە بەم شێوەیەی كە ئێستا دەخوێنمەوە (ثالثاً: تنظر المخالفات والجنح من قبل قاضي الاحداث وحده وفقاً لأحكام قانون رعاية الاحداث ويجوز أن تنظر المخالفات والجنح من قبل قضاة الجنح في الأقضية والنواحي)، واتە جەرائیمی جونح بۆ سەلاحیاتی قازی جونح دەكەین لە ئەقزیەو نەواحی (حيث انها جرائم لا يعاقب عليها الاحداث في الحبس تكتفي المحكمة فيها بفرض الغرامة) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاکم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دادگای کەتن بۆ بەنیسبەی ئەحداس حوکمێکی وای تێدا نییە، یان (تسلیم الوالدین)، یان (مراقبە السلوك)، یان (غرامە)یە، لەبەر ئەوە لێرە جەواز نەدەینە مەحکەمەکە لە ئەقزەیەو نەواحی موتەڵەق بێت، نەك جەواز، چونکە حاکم هەیە لە کۆڵی خۆی دەکاتەوە دەینرێت بۆ مەحاکم، فەرز بێت لەسەر ئەقزیەو نەواحی جونەح و موخالفە خۆیان ببینن، بەس جینایات ئیحالە بکرێت بۆ مەحکەمەی ئەحداس، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو دوو شارەزایەی کە لەگەڵ سەرۆکی دادگای نەوجەوانان لەگەڵ هەیئەکە دانرا، پێم باشە لێرەدا بە قانون دیاری بکرێت، پێوەرو ئەو زەوابتانەی کە ئەو دوو شارەزایە چین؟، مەسەلەن دەڵێ دوو شارەزا حەسب مەزاجی کێ دەبێتن، چۆنیش دادەمەزرێن لە لایەك بە یاسا دیاری بکرێت باشترەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی وەڵامی بدەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە قانونی ریعایەی ئەحداس ئەوە موعالەجە کراوە، ئەوە قانونێکی خاصە، ئەو قانونێکی عامە بەگوێرەی وی، پێویست ناکات لێرە ئیشارەتی پێ بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی سی دوو گۆڕانکاری بەسەردا هات، یەکێکیان لەلایەن لیژنەی یاسایی، موقتەرەحی لیژنەی یاسایی بوو کە جونەح ئیزافە بکرێتن لەسەر موخالەفات، دووەمین/ کاك حاکم نورالدین دەڵێ دەبێت (یجوز) نەبێتن، دەبێت ئەمر بێت، (یجوز)ەکە شەتب دەکرێت، ماددەکە بەو گۆڕانکاری و موقتەرەحانە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سی و یەك تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لقی هەشتەم

دادگای كار

ماددەی سی و یەكەم: لە سەنتەری هەر پارێزگایەكدا دادگای كار لە دادوەرێك پێك دێت و بەپێی حوكمەكانی یاسا سەیری داوا و ئەو كاروبارانە دەكات كە دەكەوێتە ژێر تایبەتمەندیەكانی.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الفرع التاسع

((محكمة العمل))

المادة الحادية والثلاثون: تشكل محكمة العمل في مركز كل محافظة من قاض واحد وتختص بالنظر في الدعاوى والأمور الداخلة ضمن أختصاصها وفقاً لأحكام القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین هیچ مولاحەزەمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە بە پشتگیری لیژنەی یاسایی، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سی و دوو تكایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لقی دەیەم

دادگای لێكۆڵینەوە

ماددەی سی و دووەم:

یەكەم: دادگایەكی لێكۆڵینەوە، یان زیاتر لە هەر شوێنێك دادگای بەرایی لێبێ دەبێ, دادوەری بەرایی دەبێتە دادوەری لێكۆڵینەوە, ئەگەر دادوەرێكی تایبەتمەندی بۆ دانەندرا بێ.

دووەم: بۆ سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری هەیە. بەپێی پێشنیاری سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوە، دادگایەكی لێكۆڵینەوە تایبەت بكات، بۆ جۆرێكی دیای كراو لە تاوانەكان.

سێیەم: بۆ سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری هەیەو بەپێی پێشنیاری سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەكە، دەستەیەك پێك بهێنێ بەسەرۆكایەتی یەكێك لە دادوەران بۆ لێكۆڵینەوە لە تاوان، یان هەندێ تاوانی دیاری كراو دەسەڵاتی دادوەری لێكۆڵینەوەی دەبێ.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**الفرع العاشر**

**((محكمة التحقيق))**

**المادة الثانية والثلاثون:**

**أولاً: تشكل محكمة تحقيق أو أكثر في كل مكان فيه محكمة بداءة ويكون قاضي محكمة البداءة قاضياً للتحقيق مالم يعين قاضٍ خاص لها.**

**ثانياً: لرئيس مجلس القضاء بناءً على أقتراح من رئيس محكمة الإستئناف ان يخصص محكمة تحقيق لنوع أو أنواع معينة من الجرائم.**

**ثالثاً: لرئيس مجلس القضاء وبناءً على أقتراح رئيس محكمة أستئناف المنطقة ان يؤلف هيئة برئاسة أحد القضاة للتحقيق في جريمة أو جرائم معينة وتكون لها سلطة قاضي تحقيق.**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**ئێمە لەگەڵ دەقى ماددەكەين هيچ مولاحەزەمان نييە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

**ئەگەر كەس مولاحەزەى نييە، فەرموو شێخ فەتاح.**

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**مولاحەزەيەكى بچووك، ئەويش (لرئيس مجلس القضاء وبناءً على أقتراح رئيس محكمة أستئناف المنطقة ان يؤلف هيئة)، من پێم وايە (ان يشكل) بێت باشترە، لەگەڵ ڕێزمدا.**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

**ڕاست دەكات (يشكل)ەكە باشترە، ئەو مولاحەزەى كاك شێخ فەتاح وەرگیرا (يؤلف) دەبێتە (يشكل)، ماددەى سى و دوو دەيخەمە دەنگدانەوە كە پشتگيرى كراوە لەلايەن ليژنەى ياسايى، كێ لەگەڵدايە دەستى بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نييە دەستى بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆى دەنگ وەرگيرا، ماددەى سى و سێ تكايە، كاك كەريم نوقتەى نيزامى هەيە.**

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**لێرە ماددەى سى و يەكەم بە سى و دووەم نەنووسراوە، نازانم نەنووسراوە سى و دووەم.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سی و دووەم خوێندرایەوەو دەنگیشی بۆ درا، ئەوە سی و سێیە، كاك كەریم سی و سێیەكە بە وازیحی نووسراوە، بەڵام دەبوایە ئەو كاتی ئیعتیرازی بكەیت، لە عەرەبیەكە هەیە، بەڵام لە كوردیەكە چاكی بكەن و بینووسن، فەرموو مامۆستا كاكە بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**دەروازەی سێیەم**

**خزمەتی دادوەری**

**بەشی یەكەم**

**ئەنجومەنی دادوەری**

**ماددەی سی و سێیەم:**

**یەكەم:**

**أ-** ئەنجومەنی دادوەری باڵاترین دەسەڵاتی دادوەریە لە هەرێمداو بەسەرۆكایەتی سەرۆكی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی كوردستان – عێراق و ئەندامێتی كۆنترین جێگرەكانی سەرۆك وكاتێ كە دەست نەكەوێ، كۆنترین دادوەری دادگای پێداچوونەوە وسەرۆكی دەستەی سەرپەرشتی دادوەری وسەرۆكەكانی دادگای تێهەڵچوونەوە لەهەرێمدا، یان ئەوانەی جێگرایەتی دەكەن، پێك دێت.

**ب-** ئەگەر سەرۆك ئامادە نەبێ كۆنترین لە جێگرەكانی شوێنی دەگرێتەوە، ئەگەر ئەویش ئامادە نەبێت، كۆنترین ئەندام لە دادوەرانی پێداچوونەوە سەرۆكایەتی دەكات.

**دووەم:** ئەنجومەن بەلای كەمی لە مانگێكدا جارێك كۆدەبێتەوە، سەرۆك بۆی هەیە لەكاتی پێویستی بانگێشەیان بۆ كۆبوونەوە بكات، كۆبوونەوەكەش بە ئامادە بوونی سەرۆك نەبێ گرێ نادرێ، یان لەكاتی ئامادەنەبوونی جێگرێكی و كەمترنەبێ لەسێ لەسەر چواری ئەندامەكانی، بڕیارەكانیش بەزۆرینەی ژمارەی ئەندامەكانی ئەنجومەن دەردەچن.

**سێیەم:** ئەنجومەن نووسینگەیەكی دەبێ و فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی و بڕوانامەی بكالۆریۆسی لە یاسا هەبێت سەرۆكایەتی دەكات ودەبێ خزمەتی لە (15)ساڵ كەمتر نەبێت، بەپێی پاڵاوتنی لەلایەن ئەنجومەنی دادوەریەوە، بەمەرسوومێكی هەرێمایەتیەوە دادەمەزرێ، چەند فەرمانبەرێك هاوكاری دەكەن و رێكخستنی كارەكانی ئەنجومەن دەگرێتە ئەستۆ و پرۆگرامەكانی ئامادە دەكات، پوختەی مەسەلەكانی لەبەردەمی داندراون ئامادە دەكات و بڕیارەكان و گرنگییە كارگێڕیەكانی دیكە رادەگەیەنێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الباب الثالث**

**((الخدمة القضائية))**

**الفصل الأول**

**مجلس القضاء**

**المادة الثالثة والثلاثون:**

**أولاً:**

**أ- مجلس القضاء هو أعلى سلطة قضائية في الاقليم ويشكل برئاسة رئيس محكمة تمييز أقليم كوردستان - العراق وعضوية اقدم نائبين من نواب الرئيس وعند عدم وجودهما أقدم قاضيين من محكمة التمييز ورئيس هيئة الاشراف العدلي ورؤساء محاكم الأستئناف في الاقليم أو من ينوب عنهم.**

**ب- اذا غاب الرئيس يقوم مقامه اقدم نوابه وعند غيابهم يترأس المجلس اقدم الاعضاء من قضاة التمييز.**

**ثانياً: يجتمع المجلس مرة واحدة في الشهر على الأقل وللرئيس دعوته للأجتماع عند الحاجة ولا ينعقد إلا بحضور رئيسه أو من ينوب عنه عند غيابه وما لايقل عن ثلاثة أرباع أعضاءه وتتخذ القرارات بأكثرية عدد أعضاء المجلس.**

**ثالثاً: يكون للمجلس مكتب يرأسه موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة بكالوريوس في القانون وله خدمة لا تقل عن خمسة عشر سنة ويتم تعيينه بمرسوم اقليمي بناءً على ترشيح من مجلس القضاء ويعاونه عدد من الموظفين يتولى تنظيم أعمال المجلس وتحضير مناهجه وتلخيص القضايا المعروضة وتبليغ قراراته والمهام الادارية الأخرى.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەڵام تەنها یەك، دوو مولاحەزەی بەسیتمان هەیە، یەکەمیان/ تبدیل عبارة (او من ینوب عنهم) في (أ) بکلمة(او نوابهم).**

**دوو/ بەنیسبەت ئیدیعای عام بەڕاستی حەز دەکەم تۆزێك تەفسیلی بدەمێ، ئێمە کە لەگەڵ سەرۆك و ئەندامانی دادگای تەمییز دانیشتین هەندێك لە دادوەرە بەڕێزەکانیش ئامادە بوون، لەگەڵ ئەوە بوون کە ئیدیعای عام نەبێتە ئەندام لە مەجلیسی قەزا، چونکە جۆرە تەناقوزێك پەیدا دەکات لە ئیش و کارەکان، بۆیە لە لیژنەی قانونیش دوو رەئی هەبوو، رەئیەك لەگەڵ ئەوەیە کە زۆرینەیە دەڵێ ئیدیعای عام ببێتە عوزو لە مەجلیسی قەزا، رەئیەکیش هەیە دەڵێ نەبێتە عوزو لە مەجلیسی قەزا، تەبریراتەکەش ئەوەیە بە حەقیقەت، یەکەمیان/ هەیئەی ئیدیعای عاممان لەوەزارەتی داد جێ بۆ کردۆتەوە، کە دەسەڵاتێکی تەنفیزییە.**

دوو/ تەبریراتەکە ئەوەیە ئیدیعای عام دیفاع لە عام دەکات، واتا خەصمە لە دەعوا چ عیلاقەی بە مەجلیسی قەزا هەیە.

سێ/ زۆر لە دەوڵەتان ئیدیعای عام لە وەزارەتی داد جێگای بۆتەوە.

چوارەمیان/ ئەوەیە ئەگەر تەماشای ئیختیصاصاتی قەزا بکەین، ئیدیعای عام بەشدار دەبێت لە تەصویت، باشە قازییەك کە نەقل دەکرێت، یاخود تەقییم دەکرێت، یاخود صنفی دەگۆڕێت، یاخود ئینتیداب دەکرێت............، مەسائیلی خدمە، ئیدیعای عام چ عیلاقەی هەیە بە مەسەلەی مەسیری قازی لەناحیەی خدمەو لە ناحیەی تەقاعود و لە ناحیەی نەقل و لە ناحیەی ئینتیداب، بۆیە من ئەوەم نووسیووە، بۆ ئەوەی بۆتان تەوزیح بکەم، بۆ ئەوەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاگاداری ئەو مەسەلەیە بن، دوا رەئیش رەئی ئێوەی بەڕێزو ئەندامانی پەرلەمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فاروق فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی مەسەلەکە هەر لە ئەساسەوە نەوعە حەساسیەك پەیدا بووە لەنێوان ئیدیعای عام و لەنێوان حاکمەکان، حاکمەکان تەبیعی هەموویان نا، بەڵام بەداخەوە هەندێکیان خۆیان پێ لە ئیدیعای عام گەورەترە، بەڵام بە حەقیقەتیش وا نییە، چونکە شروتی دامەزراندنی حاکم و شروتی دامەزراندنی نائیب مودەعی عام هەمووی یەك شەرت و یەك شروتە، یەعنی هیچ جیاوازییەك نییە، تەبیعی ئەو سەبەبێکە کەوا دەکات برادەرانی حاکم پێیان ناخۆش بێت مەجلیسی قەزا نوێنەری ئەوانی تێدا بێت، بەڵام لە حەقیقەتدا ئەوە بۆچوونێکی راست نییە بە تەسەوری من، جارێ پێش هەموو شتێك وەکو گوتم ئیدیعای عام عەینی سیفاتی تێدا هەیە ئەوەی لە حاکمدا هەیە بە عەینی شروتیش تەعین دەبن.

دوو/ ئێستا نائیب مودەعی عام بەپێی تەعریفی قانونی ئیدیعای عام سیفەتی حاکمی دەداتێ، ئێستا یەعنی نائیبی مودەعی عام حاکمە.

سێ/ باشە مەجلیسی قەزا، ئەوان ئەگەر موبەریریان ئەوەیە بێن بۆ نائیب مودەعی عام تەداخول بکات، چونکە مەجلیسی قەزا ئیشی حاکمان دەبێتن، باشە مەجلیسی قەزا ئیشی نائیب مودەعی عامەکانیش دەبێتن، ئێستا تەرقیەی نائیب مەدەعی عام، تەبدیل سینف هەموو لە مەجلیسی قەزا دەکرێتن، باشە مەجلیسێك بێتن ئیشی مەجموعەیەك ببینێت، مەعقولە ئەو مەجموعەیە نەنێرێت، یان لەو مەجلیسەیە نەبێتن، بۆیە مەفروزە دەبێت تێدا بێتن، وەختی خۆشی پێشان تێدا بووە، یەعنی بەڕاستی زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاکم نورالدین قسەت هەیە فەرموو.

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە یاسا ئەمە هاتووە، یاسای دەسەلاتی دادوەری باسی مەحكەمەكان و دادوەرەكان بكات، باسی ئیدیعای عامی تیا نییە، لە خدمەو لە تەعین و لە ئیجرائات، بەس من ئیقتیراح دەكەم وەكو حەلێكی وەسەت، ئەگەر بێتو باسی ئیدیعای عام لە ناحیەی تەرقیەو تەرفیع و نەقل درایە مەجلیسی قەزا، رەئیسی ئیدیعای عام لەو جەلسەیە بەشدار بێت، كە باسی ئیدیعای عام بكات، لە باسی دادوەران نەخێر بەشدار نەكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عەونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری قسەكانی جەنابی وەزیری داد دەكەم، هەروەها قسەی جەنابی جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز، لەڕاستیدا ئەگەر ئێمە مولاحەزە بكەین، سوڵتەی قەزائی، یان مەجلیسی قەزا دوو ئیشی هەیە، ئیشێكی ئیدارییە، مەوزوعەكە لێرەیە، كە ئێمە دەڵێین رەئیسی ئیدیعای عام ببێتە ئەندام لە مەجلیسی قەزا مەبەستمان ناحیەی ئیدارییەكەیە، نەك زیاتر كە باسی سوڵتەی قەزائی دەكەین، مەجلیسی قەزا ئیختیصاصی تەماشا كردنی دەعوا، یان تەدقیقە، یان هەر شتێكی تر موتەعەلیق بێت بە محاكم، كە ناحیەی ئیداری باس دەكرێت، وابزانم زۆر شتێكی باشە رەئیسی ئیدیعای عام ببێتە عوزو لە مەجلیسی قەزا لە كوردستان، چونكە پەیوەندییەكی زۆر توند هەیە، بەتایبەتی پەرلەمانی كوردستان ئەندامەكانی ئیدیعای عامی كردە قازی، صنفی قازیان وەرگرت، یەعنی رەبتەكەی ئێستا حەتمەن بووە سوڵتەی قەزائی بۆ مەجلیسی قەزا، واتا رەئیسی ئیدیعای عام ئەگەر نەبێتە ئەندام، هەر قەرارێك دەردێت لە مەجلیسی قەزا، باشە موتەعەلیق نییە بەوان، نابێت ئەوانیش رەئییەكیان هەبێت، دوایێ لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دەبێتە ئەندامێك یەك ئەندامە لە كۆی دەنگەكان چەند كەسن لە مەجلیسی قەزا، ئەگەر قەراراتیش دەربچێتن، وابزانم قەرارەكەی ئەو، رەئی ئەو تەئسیر لە مەجلیسی قەزا ناكات و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی لە قسەكانی برای بەڕێز كاك عەونی دەكەم، بێگومان دەزگای ئیدیعای عام دەزگایەكی گرنگە، هەمووومان بە تەمای ئەوەین كە تـەفعیل بكرێـت، بـۆ ئـەوەی دەوری بـاڵای خۆیـان ببیـنن لـە بـەرەو پـێش بردنی نیزامی قەزائی لە هەرێمی كوردستان، بەخۆشـیان پرۆژەیـان هەیـەو، لەوانەیـە پـرۆژەش پێشكەشـی

حكومەت كرا بێت، كە دەیانەوێت هەنگاو بۆ ئەوە بهاوێن ببێتە دەزگایەكی نیمچە سەربەخۆ، هەنگاوی یەكەمیان بۆ سەربەخۆ بوون ئەوەیە كە لە دەزگای تەنفیزی دوور بكەونەوەو بێنە ناو مەجلیسی قەزا، مەجلیسی قەزا كە سەرپەرشتیاری هەموو كاروباری قەزا دەكات و خوتە دادەنێت وەكو لە ماددەی پێشتر باس دەكرێت، تەختیت دادەنێت بۆ سوڵتەی قەزائی، میزانیە دادەنێت، باسی تەرفیع و تەرقیە دەكات، هەروەكو لە تەعدیلەكەی ئێمەش ناوی قازیمان لەوانیش نا وەكو سیفەتێك، ئەگەر وەكو ئیسمیش نەبێت، بۆیە جێی خۆیەتی سەرۆكی دەزگای ئیدیعای عام ئەندام بێت لە مەجلیسی قەزا، نەك هەر ئەوە بەڕاستی پێشنیارێكی تریش هەبوو، ئەگەر بكرێت ئیزافە بكرێت نەقیبی موحامین كە ئەویش بەشێكە لە ناو سوڵتەی قەزائی، بەڕاستی ئەگەر ئەویش ئیزافە بكرێت، هیچ زیانی نییە، جگە لە سوود گەیاندن نەبێت بەرەو پێش بردنی ئەزموونی قەزائی لە كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی پێشەكی پشتیوانی لە ڕەئی كاك عەونی و كاك زانا دەكەم، ئەوانەی بەڕاستی كە برای بەڕێزم كاك شێروان باسی كرد، بەڕاستی ئەوە ڕەئی كەمینە بوو لەناو لیژنەی یاساییدا، كە پشیتوانیان لە بەشێك لە بۆچوونی دادوەرانی بەڕێز دەكرد، ئێمە پێمان وایە قەزا لەسەر سێ كۆڵەكە هەڵدەستێت، یەكێكیان/ دادوەرە، ئەویتریان/ ئیدیعای عامە، ئەوتیریان/ پارێزەرە، ناكرێت لە ئەنجومەنێك پێك بهێنرێت بۆ ئەو دوو كۆڵەكە بەشدار نەبن لەو ئەنجومەندا، كە بڕیاری زۆر سەرەكی دەدرێتن، بۆ ئەوەی قەزا بەرەو پێش بباتن، قەزا ڕووی ڕاستەقینەی خۆی وەربگرێتن، بەتایبەتی كاتێك ئێستا ئەنجومەنی قەزار، قەزا بە یەكجاری دەسەڵاتی دادوەری كە جیا كراوەتەوە لە هەردوو دسەلاتەكان، پێویستە ئەو دوو كۆڵەكەیە لەناو ئەو ئەنجومەنەدا كاریگەری خۆیان هەبێتن و بوونیان هەبێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان بانی مارانی.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری ئەو ڕەئیە دەكەم، كە ئیدیعای عام عوزو بێت لەو هەیئەتە، لەبەر ئەوەی بەڕاستی لە ڕووی مەعنەویەوەش كراوە بە قازی، بۆیە هەم لە ڕووی ئیداریەكەیەوە، هەم گرنگی ئیدیعای عام لە مەحكەمەی سەددام هەمووومان بۆمان دەركەوت ئیدیعای عام چەند دەوری هەبوو لەسەر محامیەكان، بەڕاستی زۆر پێویستەو من پشتگیری ئەو ڕەئیە دەكەم عوزو بێت لەو مەجلیسە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك تارق جامباز فەرمو.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من نازانم بۆ لە كوردستان تەهمیشی دەوری دائیرەی ئیدیعای عام دەكرێت، بەڕاستی تەهمیش كراوەو دەبێت تەفعیلی بكەین، پێویستیشە لەو مەجلیسە رەئیسی ئیدیعای عام ئەندام بێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەنیا من ناڵێم قسەكەت راست نییە، بەڵام تەهمیش نەكراوە، ئێمە پێشی چەند هەفتەیەك قانونێكمان دەرهێنا بۆ مەسڵحەتی ئەوان، بەڵام لێرەدا مەوزوعەكە باس دەكەین لە مەجلیسی قەزا هەبێت، یان نا، بۆچوونەكان بەڕێزن هەمووی، كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە باس لە دەسەلاتێكی زۆر گرنگ دەكەین لە كوردستان، كە دەسەلاتی قەزائییە، یەكێك لە كۆڵەكە ئەساسیەكانی قەزا بۆ چارەسەر كردنی كێشەكان و، بۆ حەسم كردنی كێشەكان ئیدیعای عامە، یەعنی زۆر زۆر زەرورە سەرۆكی داواكاری گشتی ئەندام بێت لەو مەجلیسە، من تەئیدی ئەوەی كاك عەونی دەكەم، یەك مولاحەزەی بچووكم هەیە باسی رەئیسی هەیئەی ئیشراف عەدلی كرا، باش وایە بڵێین رەئیسی هەیئەی ئیشرافی قەزائی، لەبەر ئەوەی ئیشرافی عەدلی راستەوخۆ لە ژێر سەرپەرشتی وەزیری داد دایە، كە ئیشەكانی دائیرەی عەدلەو تەنفیزە، دەوائیری تاپۆیە، باشتر وایە ئەو هەیئەتەی ئیشرافی عەدلیە بكرێتە هەیئەتی ئیشرافی قەزائی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش تەبیعی پشتیوانی لەوە دەكەم، كە مودەعی عام عوزو بێت لەو لیژنەیە، هەر بۆ ئاگاداری و زیاتر مەعلوماتی بەڕێزتان لە كۆمەڵگای مەدەنی كۆڵەكەی لیژنەی قەزا لەسەر سێ پایە دروست دەبێت، یەكەم/ حاكمەكانە، دووەم/ مەدەعی عام، سێیەم/ محامی مونتەدیب، بۆ ئەوەی لە ژێر تەئسیری حاكمدا نەبێت و دامودەزگایەكی تایبەتیان هەبێت، بتوانن دەورەكە بە رێك و پێكی ببینن و لە ژێر نفوزی حاكمەكان نەبن، ئەوانیش شەخصیەتێكی تایبەتی خۆیان هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی برادەرانم، من پێم وایە نابێت داواکاری گشتی لەگەڵ دەستەی سوڵتەی قەزائی بێت، لەبەر ئەوەی پێویستە ئەو رەبتەی کە دەمێنێتەوە، بەتایبەتی لە یاسایەکانی پێشوو، ئێمە سیفەتی دادوەرماندا بە داواکاری گشتی دا و رەبتیشمان کردەوە بە وەزارەت، ئەگەر بێتو لەو دەستەیە بەشدار بێت، مانای وایە ئەوە ئەو رەبتەیە لەنێوان وەزارەتی داد و سوڵتەی قەزائی، لەسەرەتاش باسمان لەوە کرد، کە ئێمە دەمانەوێت سوڵتەی قەزائی سیفەتێکی سەربەخۆی تەواوی خۆی وەربگرێت، بۆیە من بەباشی نازانم داواکاری گشتی لەو دەستەیە دابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی هەر ناوەکەی خۆشی داواکاری گشتی ئەوەیە کە دەتوانێت بچێتە فەرمانگەکانی تر، ئێمە هەر لەم دانیشتینەی پێشوودا دەسەلاتی ئەوەمان پێدا بتوانێت بچێتە فەرمانگەکانی تریش، بۆیە داواکاری گشتی سەلاحیەتی ئەوەی هەیە، بۆ ئەوەی بچێت بەپێی قانون ئەوە بۆ وەلامەکەی کاک ئارام، منیش رام لەگەڵ رەئی برادەرانە، پێویستە لەو ئەنجومەندا بێت، بۆ نموونە ئێستا لە دەوڵەتە دیموکراتیەکان، ئێمە لەو سەفەرەی سویدا ئەوە کرا خەڵکی گەڕەکیش بەشدارە لە بڕیارەکانی لیژنەی قەزاو، بۆیە جێگری داواکاری گشتی، یان داواکاری گشتی لەوێ بێت زەرورەتێکە، بۆیە پشتگیری لەو رەئیانە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئێمە باس لە سەربەخۆیی قەزا دەکەین، سوڵتەی تەنفیزی و قەزا دوو شتی جیاوازن لە یەکتر، بۆیە دەبێت هەموو جهود سەرف بکەین، بۆ ئەوەی قەزا لە هەموو روویەکەوە سەربەخۆ بێتن، هیچ تەرەفێکی تر تەئسیری لەسەر نەبێت، ئەمە بۆ ئەوە نییە کە بەڕێز ئیدیعای عام یەعنی لە مەرکەزەکەی کەم بکەیتەوە، نەخێر بە پێچەوانەوە، ئینجا ئەویش لە شوێنی خۆی، لەناو وەزارەتەکەی خۆی بە هەموو تواناى خۆی کاری خۆی دەکات، ئێمە بەرەو دیموکراتیەت دەڕۆین، بەرەو جیا کردنی دەسەلاتەکان لە یەکتر دەچین، بۆیە من پێم وایە وەکو بەڕێز کاك حاکم نورالدین فەرمووی، بۆ ئەو ئیشانەی کە مەربوت بێت حەقی ئامادە کردنی پێ بدرێت، وەك وتت مەجلیسی قەزا ئیشی مەحاکمە، ئیشی تایبەتی خۆیانە، دەبێت

ئیستیقلالیەتێکی کاملیان هەبێت، من پێم وایە نابێتن لەوێ نەبێت، ئیلا بۆ ئەو ئیشانەی کە خۆی پێویستیان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە ڕەئیەکەی کاك شێروان دەکەم، چونکە لەبەر ئەوەی ئیدیعای عامە، ئێمە باسمان کرد گوتمان نەقازیەو، نە قازی نییە، کەوتە بەر ڕەحمەتی پەرلەمان تەصویتی لەسەر کراو بووە قازی و بووە حاکم، بەڵام بەو دەرەجەیەش وا نابێتن بیبەیتە مەجلیسی قەزاو لەوێ دایبنێیت، ئەوە تەمسیلی ئیدیعای عام دەکات و داواکاری گشتی دەکات، ئەوەندەی کە جارێ دراویەتی بەسە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕاستی بۆچوونەکان زۆر بەجێنە، بەڵام هەندێ بۆچوون حرس و قانونی بوو، هەندێك بۆچوونیش سیاسی بوو، من ڕەئیەکەم دەڵێم ئومێدیش دەکەم سیاسی نەبێتن، مەنتیقی بێتن، هەوڵ دەدەم مەنتیقی بێت، جارێ ئەو ناکۆکیەی لەنێوان حاکم و مودەعی عام هەیە هیچ مانایەکی نییە، هیچ موبەریرێکی نییە، چونکە هەردووکیان واجیبیان ئەوەیە خزمەتی قەزا بکەن، عەدالەت و قانون جێ بەجێ بکەن، ئەگەر هەشبێتن دەبێت ئێمە لە پەرلەماندا هەوڵ بدەین ئەوە نەمێنێتن، تەناقوز هەبێت لەنێوان حاکم و مودەعی عام ئەوە خراپە، چونکە مودەعی عامەکە خەصم نییە، ئەگەرچی لەناو مەحکەمەدا خەصم دێتە پێش چاو، ئەویش هەدەفەکەی وەکو حاکمەکە عەدالەتە، ئەمە یەك.

دووەمین/ ئێمە ڕەحممان نەکردووە، خێرمان نەکردووە بە مودەعی عام، پاش موناقەشەیەکی دوورو درێژ، پاشی ئەوەی کە تەجروبەی وڵاتانی زۆری دنیا بە هەمان شێوە هەڵمان سەنگاندووەو دەنگمان بۆ داون، ئەو دەرەجەی قازیمان داوەتێ.

سێیەم/ مەجلیسی قەزا، مەجلیسێکی تەنفیزی نییە، وەکو پەرلەمان، حوکامەکان وایە، چ زەرەرێکی هەیە ئەگەر هاتوو مودەعی عامی لێ بێتن، من هەر ئەوەش ناڵێم، لێرە دەڵێ دوو نائیب، بۆ هەموو نائیبەکان تێدا بێت، شەش نائیبیشی هەبێت، هەشت نائیبیشی هەبێت، شەش نائیب ئەندام بن لە مەجلیسی قەزا، بۆ ئیلا دوو نائیبەکە، لەبەر ئەوە من پشتگیری لەو ڕەئیە دەکەم کە دەبێت مودەعی عامی تێدا بێت، ئیزافەش دەکەم هەردوو نائیبەکە نا، هەموو نائیبەکانی تێدا بێتن.

مولاحەزەیەکی ترم هەیە لێرەدا لە هینەکە هاتووە دەڵێ ڕەئیسی مەکتەبەکە دەبێت بە مەرسومی ئیقلیمی تەعین بێتن، مەرسومی ئیقلیمی بۆچیە، وەزیر نییە، مەرسومی ناوێتن، مودیری مەکتەبێکە خەریجی هینە، پێویست بەمەرسوم ناکاتن ئەوەی شەتب بکەن بەڕاستی، جا من ئێستا ئەو موقتەرەحە کە زۆر لە

برادەران گوتیان، کاك نورالدين رەئی خۆی گوت، کاك فاروقیش رەئی خۆی گوت، کاك شێروانیش رەئی خۆی گوت، بەڵی فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ حەقائیق هەیە من بە مەکشوفی بۆتان دەڵێم، ئەندامانی دادگای تەمییز بە هەموویانەوە بە رەئیسەوەش، ئەوە کاك نورالدين دانیشتووە پرۆژەکە هی خۆیانە، خۆیان نائیب ئیدیعای عامیان لاداوەو خۆشیان ئیجتماعیان لەگەڵ ئێمە کردووە، ئێمە لەگەڵ ئەوە نەبووینە، ئێمەش کە لەگەڵ نەبووین هەر کەس تەبریراتی خۆی هەیە، ئیدیعای عام کە بووە قازی، بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، هەندێ حەقائیق هەیە پێت بڵێم بزانە چۆن بۆتە قازی، ئیدیعای عام ئەوەتە لەو موئتەمەرەی کە ئێمە حازر بووین لەگەڵ لیژنەی قانونی جەماعەتی بەغدا، من گوتم چۆن ئەو کارەتان کرد، سێ وەڵامیان دا بە من، یەکەمیان/ گوتیان بۆیە کردوومانە بە قازی، لەبەر ئەوەی ئێمە قازیمان زۆر کەم بوو، گوتمان نائیب مودەعی عامەکان با ببنە قازی هەتا ئەو فەراغەمان بۆ پڕ بکاتەوە، لە یەکێکی ترم پرسی بۆ ئەوانەتان کردە قازی، بە منی گوت (هاي فوضى) ئەوە هەموو بە حەقائیق لە ئەندامانی لیژنەی یاسایی بەغدا بۆتان دەڵێم، سێیەمیان/ گوتی ئێمە بۆ حقوق و ئیمتیازات ئەوەمان کردووە، بۆ زیاترمان نەکردووە، ئێستا دەبینین ئەوان لەقەبی قازی هەڵدەگرن لە قەتعەکان لەسەر ژوورەکان، بۆیە بە حەقیقەت هەندێك جیاوازی هەیە لەنێوان ئیش و کاری ئیدیعای عام و نێوان ئیش و کاری قازیەکان، بەو شکلە نییە کە ئێمە تەسەوری دەکەین، راستە هەموویان خزمەتی عەدالەت دەکات، مەحامیش خزمەتی عەدالەت دەکات موستەمسەکات دەبێت تەهیئە بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت بگاتە قەرارێکی گونجاوو هاوکاری بە حاکم بکاتن، بەهەمان شێوەش، بەڵام ئەوە یەکەم جار خەصمە لە دەعوا بتەوێت، نەتەوێت دیفاع لە حەقی عام دەکات، دیفاع لە مەشروعیەت دەکات، کە خەصم بێت لە دەعواو لە مەجلیسی قەزاش عوزو بێت، ئەوە تەناقوزێکی زۆر پەیدا دەکات، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە پرۆژەی حکومەت کە هاتووە، خۆی لە خۆیاندا لایان داوە وەنەبێت ئێمە گوتومان بێت لابدرێت، خۆیان تەڵەبیان ئەوە بووە کە ئیدیعای عام لەگەڵیان نەبێتە عوزو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دوو مولاحەزەم هەیە لەسەر قسەی کاك شێروان، پرۆژەکە لە حکومەتیش بێتن، مانای وا نییە فەرزە لەسەر ئێمە، موناقەشەی دەکەین رەئی ئەخیر پەرلەمانە، ئەوە یەك.

ئێوە لە لیژنەی یاساییشدا موختەلفن لەسەری، ئیختیلافتان هەیەو ئەندامانی پەرلەمانیش موختەلفن لەسەری، لە نەتیجەی تەصویت دەنگی دەداتن، کامەی هێن کرا ئەوە قبول دەکرێتن بە تەئکید، ئەندام بوون لە مەجلیسی قەزا، مانای ئەوە نییە ئەندامە لە مەحکەمەکەی و رەئی دەدات لە مەحکەمە، بەڵام لە سیاسەتی عامەی مەجلیسی قەزا ئاگادار دەبێتن، بەردەوام دەبێتن لە گۆڕانکاریەکان لە ئیشی قەزا بە گشتی، بەڵام خەصم نییە لەوێ، بە تەنیا حازر دەبێتن لە هینەکە، زۆر موناقەشە کرا، دوو رەئی جیاواز

هەیە، موقتەرەحی تازە لە زۆر ئەندامانەوە هاتووە دەڵێ رەئیسی ئیدیعای عام ئەندام بێت لە مەجلیسی قەزا، ئەندام بوون مانای وا نییە قەرار دەداتن دژی مەحکەمە، خۆ ئەگەر قەراریش بداتن یەکێکە موقابیل بە دە، پازدەکی تر، رەئیس مەحکەمەی تەمییزە، نوابەکانە، قوزاتی ئەقدەمە، ئەوە ئەندامێکە بە تەصویت بێتن هیچ دەورێکی نییە، تەنیا تەواصولێکەو زەرەریشی نییە، تەبعەن دوو رەئی جیاواز هەیە، رەئیەك هەیە کە ببێتە ئەندام، من ئەوەش ئیقتیراح دەکەم، ئەگەر حاکم نورالدین موافیق بێت دوو نوابەکە نا، هەموو نائیبەکانی، فەرموو جەنابت رەئی خۆت بدە، رەئیەکی خۆت بڵێ، بۆ ئەوەی لە دەنگداندا هین بێت.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەعنی لە تەشکیلەکە دەڵێین (وعضویة نواب الرئیس) نەك نائیبی (وعند عدم وجود احدهم یحل محله اقدم قاضي من محكمة تمییز ورئیس الاشراف القضائي) نەك عەدلی، چونکە ئەمە هەیئەتێکی قەزائی عەدلی دەکەین، فەقەرەیەکی تر ئیقتیراحم هەیە ئیزافە بکرێت (6-للمجلس شخصیة معنویة وله حق امتلاك اموال منقولة وغیر منقولة وممثل مجلس امام المحاكم ورئیس المجلس او من ینوب عنه قانوناً)، لێرە چونکە شەخصیەت نەدراوەتە مەجلیسی قەزا، ئەو شەخصیە مەعنەویەی بدرێتێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا موقتەرەح کە دەڵێت رەئیسی ئیدیعای عام ئەندام بێت لە مەجلیسی قەزا لەلایەن زۆربەی زۆری ئەندامانی پەرلەمانەوە باسی لەسەر کرا، ئەو موقتەرەحە موحەددەدە بە تەنیا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە رەئیسی ئیدیعای عام ئەندام بێت لە مەجلیسی قەزا دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوە نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ رەئیسی ئیدیعای عام دەبێتە ئەندام لە مەجلیسی قەزا، ئێستا موقتەرەحی کاك حاکم نورالدین کە بووە فەقەرەی شەش، ئەگەر لیژنەی یاسایی پێیان باشە منیش بیکەمە موقتەرەح، کاك شێروان کاك حاکم نورالدین رەئیەکی دا ئەگەر دەیکەینە موقتەرەحێك، چونکە ئەو بۆی نییە موقتەرەح تەقدیم بکات، کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پێم وایە مەجلیسی قەزا هەندی فراوان بکرێت باشترە، من لەگەڵ ئەو رەئیە دامە کە کاك حاکم نورالدین پێشنیاری کرد، هەروەها پێشنیاریش دەکەم نەقیبی موحامین ئیزافە بکرێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پێشنیاری من بوو، ئەگەر مەسەلەی نوابەکان بێتن، من خۆم گوتم، دەبێت ببێتە نواب و زیاد بکرێتن، کەواتە ئەو ماددەیە بەو گۆڕانکاریەی هەم لیژنەی یاسایی و هەم ئێوەش، فەرموو کاك سەعدەدین.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لـە فەقـەرەی (ب- اذا غـاب الـرئيس يقـوم مقامـه اقـدم نوابـه) ئەقـدەم نـوابی لوغەوييـەن غەڵەتـە، (اقـدم تائبيه)، چونكە ئێمە باسی دوو نائيبمان كرد.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

گوتمان زياتر لە نوابی هەيە، پێشتر باسمان كرد دوو نائيبی نييە، مەجليسی قەزايەكـەش نوابەكـە، گوتمـان موقتەرەحەكەی تازە لە يەكەمەكە (وعضوية اقدم نائيبين) (وعضوية نوابه)، ئەقـدەم نـائيبی نييـە، لێـرە فراوانی دەكەين (وعضوية نواب الرئيس) لە فەقەرەی يەكەم موقتەرەحی منە، كە كاك حاكميش پشـتگيری لێ كرد (اقدم نائيبين) دەبێتە (وعضوية نوابه) چەند بێت هينە، فراوان دەبێتن، دەيخەمە دەنگدانەوە بەو ئيقتيراحەی كە دەنگتان بۆ دا كە رەئيسی مودەعی عام دەبێتە ئەندام لە مەجليسی قـەزا، كـێ لەگـەڵ ئـەو ماددەيـە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، كـێ لەگەڵـدا نييـە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، بەزۆرينەی دەنگ وەرگيرا، فەرموو كاك بەكر.

**بەڕێز بكر فتاح حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جەنابت باسی ئەوەت كرد مەرسومی هەرێمايـەتی ئـەوە خسـتانە دەنگـەوە، جا ئـەوە رۆيشـت، ئايا بـەپێی مەرسومی سەرۆكی هەرێمە بە دامەزراندنی بەڕێوەبەر، يان نا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نەڕۆيشت ئيعتيرازمان كرد، من ئيعتيرازم كرد ليژنەی ياساييش گوتيان راستە، يـەعنی كەواتـە شـەتب كـرا، گوتم بەناوی مەرسوم ئەوە وەزير نييە، گوتيان راستە منيش كە موقتەرەحەكەم دا گوتم بەو تەعديلاتـەی كـە كـرا بـە زيمـنی ئـەوە كەسـيش نـەيوت، كەواتـە ئـەو دەنگدانـە مەرسـومی تێـدا نييـە، يـەعنی رەئيسـی مەكتەبەكە بە مەرسومی هەرێم دادەنرێت دەنگمان بۆ ئەوەيدا، پێشتر گوتم ليژنەی ياسايی گوتيـان راسـتە، كە خستمە دەنگدانەوە گوتم بـەو تەعديلاتـەی كـە كـرا، تـەنيا بـۆ يـەك شـت فەقـەرە دەنگمـان دا ئـەويش ئيزافە كردنی رەئيسی ئيديعای عام، فەقەرەكانی تر كە تەعديل كراوە، مەسەلەن ئەو (اقدم نائيبين) بـووە (نـواب) مەرسـوم اقليمـی نـاوێتن، يـەعنی خـۆی ئيختيلافێـك لەنێوانمانـدا پەيـدا بـوو، بـۆ ئـەو ماددەی كـە دەنگمان بۆدا، بۆ ئەوەی وازيح بێتن، ئەو فەقەرەی كە دەنگمان بۆدا بە تـەنيا، لەبـەر ئـەوە موقتـەرەحێكی تازە بوو لـە پرۆژەكـە نـەهاتبوو، لـە ليژنـەی قانونيشدا نـەهاتبوو بـە قسـە كـرا، بۆيـە خسـتمانە دەنگـدان، ئەوانی تر كە گۆڕانكاری لەسەر كرا هەر يەكە، يـان لـە پرۆژەكـە هـاتبوو، يـان لـە ليژنـەی قـانونی هـاتبوو، تەعديلات كرا لە خيلالی قسە، دواتر كە من ماددەكەم خستە دەنگدانـەوە گوتم بـە گۆڕانكاريەكانـەوە كـە موافەقەتتان لەسەر كردووە، يەعنی لەوانەشە مەرسومەكەيە، قەزايەكەيـە، نوابەكەيـە، دوو نائيبەكـەی كـە بۆتە نواب، ئەوانە هەمووی پێكەوە لەگەڵ ئەو رەئيسی ئيديعای عام هەمووم خستە دەنگدانـەوەو دەنگتـان

بۆدا، مەقصەد لەوە دایە تەنیا بۆ ئەو فەقەرەیە دەنگمان بۆدا تەنیا، چونکە موقتەرەحێکی تازە بوو لە نەتیجەی موناقەشە، بڕۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سی وچوارەم: ئەنجومەن ئەم تایبەتمەندیانەیانە دەگرێتە ئەستۆ:

1- پلانەکانی دەزگای دادوەری ئامادە دەکات، گفتۆگۆی لەمەڕ دەکات، تێبینیەکانی خۆی دەربارەی دەردەبڕێ.

2- تێڕوانین لە دەمەزراندن و بەرزکردنەوەو پلە گۆڕین و گواستنەوەو گەڕاندنەوەی دادوەران ولێکۆڵینەوە لە رەوشت و تواناکانیان و چاودێری کردنی سەربەخۆیی دادوەری.

3- دەکرێ بەپێی یاسا ئەرکی دیکە بە ئەنجومەن بسپێردرێ.

4- ناونان و پالاوتنی دادوەرو فەرمانبەران ئەوانەی ئەم یاسایە لەسەریان پیادە دەکرێ، بۆ هاوبەشیکردنیان لەخولی راهێنان و ئامادەکردنیان.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة والثلاثون: يتولى المجلس الاختصاصات الآتية:

1- اعداد الخطط لجهاز القضاء ومناقشتها وابداء ملاحظاته عليها.

2- النظر في تعيين وترفيع وترقية ونقل واعادة القضاة والتحقيق عن سلوكهم وكفائتهم والإشراف على استقلال القضاء.

3- يجوز منح المجلس مهام اخرى وفقاً للقانون.

4- تسمية وترشيح الحكام والموظفين الذين يسرى عليهم هذا القانون للمشاركة في الدورات التدريبية والتأهيلية.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەلام پێشنیار دەکەین ئەو دوو تەعدیلە بێتە گۆڕێ، یەکەمیان/ حەزفی فەقەرە سێ، چونکە ئەوە تەحصیل حاصلە، ئیزافەی فەقەرەیەکیش (اعداد الميزانية للسلطة القضائية ورفعها الى المجلس الوطني ضمن الميزانية العامة للأقليم للمصادقة عليها)، ئەمە یەك.

لە لایەکی ترەوە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، ئەو مەوزوعەی کە لە سەرەتای جەلسە موناقەشەمان کرد، ئێستا ئەو ماددەیەی کە حازرمان کرد بوو لێرە لە زیمنی ئیختیصاصاتی مەجلیس هەروەکو کاك نورالدین ئیشارەتی پێدا، ئێستا دەبێت ئەو ماددانەش جێگای بۆ بکەینەوە لێرەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

صیغەیەك لەسەر ئەو فەقەرەیەتان هەیە، تکایە بیخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

..........خدمة لموظفيها ومنتسبيها وانضباطهم) ئەوە یەك.

دووەمین/ (تختص مجلس القضاء بالنواحي الادارية والتنظيمية للمحاكم بما فيها شؤون الخدمة لموظفيها ومنتسبيها وانضباطهم حصراً).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی سی و چوار لە پرۆژەی یاساکە، دوو موقتەرەح هەیە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە، موقتەرەحێکیان ئەوەیە فەقەرەی سێیەم شەتب بکرێت، لەبەر ئەوەی تەحصیل حاصلە، چوارەم دەبێتە سێیەم، دوو فەقەرەی تازەیان ئیزافە کردووە، یەکێکیان ئەوەیە تەحصیل حاصلە بەس دەبێت تێدا بێتن ئیعدادی میزانیەو بەرز کردنی بۆ پەرلەمان، ئەویتریشیان کە لەویٚ موقتەرەح وا بوو، کە ماددەیەکی تایبەت بێتن، گوتیان نەخێر فەقەرەکە لێرە جێی دەبێتەوە، موقتەرەحەکە وایە، ئەوەش تەبیعییە، لەبەر ئەوەی دەمانەوێت دەسەڵاتی قەزا سەربەخۆ بێت (تكون النواحي الادارية والتنظيمية للمحاكم بما فيها شؤون الخدمة لمنتسبيها وانضابطهم حصراً من اختصاص مجلس القضاء) موزەفەکەی ناوێت هەر تەنیا (لمنتسبيها)، ئەو فەقەرەیەش ئیزافە بکرێتن، فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر خاڵی دووەم دەبێت خزمەتی دادوەری بە کردەنی بۆ ماوەی کەمتر نەبێت لە دەساڵ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ماددەی دواترە، کاك سەعدەدەین فەرمووو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکێکی تر لەو مەجلیسە ئیشی ئەو مەجلیسە، سەلاحیەتی کێیە ئەو مەجلیسە (النظر في الإجراءات الانضباطية) ئەو ئیجرائاتی ئینزیباتی لە کویٚ هاتووە، لە فەسلی هەشتەم هاتووە، هەر لەو بابە، جا پێویستە لێرە زیاد بکرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئیزافە کردنی ئەو پێشنیارەی دوایی نیم، کە بەناوی لیژنەی یاساییەوە پێشنیار کراوە، لەبەر ئەوەی من بەڕاستی بە شتێکی زیادی دەزانم تەحصیل حاصلیشە لە ئەخیری ئێمە هەر لەو یاسایە دەڵێین (لا یعمل باي نص یتعارض مع احکام هذا القانون) کەواتە لێرەدا ئەوە زیادەیە، چونکە ئێمە لە یاسای وەزارەتی عەدل کە هێناومانە، لێرەش هەمان شێوە، لێرەدا نا ئیستقراریەت لە پەرلەمانی کوردستان دەگەیەنێت بە زەقی، لەوێ گوتومانە بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی عەدل، لێرە بڵێین حەسرەن لە لایەن مەجلیسەوە، ئەگەر زیکریشی نەکەین هەمان شتە، بۆیە ئەگەر ئێمە زیکری نەکەین باشترە، بۆ ئەوەی ئەو شێوەیە نەگەیەنێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زیکر کردنی بۆ نەهێشتنی شکە، لەبەر ئەوە زەرەریشی نییە، ژیانیش وایە هەموو شتێك دەکەیت، تازەی دەکەیتەوەو ئیعادەی نەزەری لێ دەکەیت و هەمواری دەکەیت، کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر بڕگەی دوو هەیە دەڵێ (النظر في تعیین وترفیع وترقیة ونقل واعادة) ئەوە لێرە وشەیەك نییە (واعادة تعین القضاة) حەقە ئەوە زیاد بکرێت (وتحقیق) یەعنی تەحقیق وشەیەکی نەگونجاوە بۆ ئەوە کە تۆ بتەوێت لە قازیەکەوە، باشتر وایە (تحقق) وشەیەکی گونجاوترە، واتا تەئکید کردنەوە لە سلوك و کەفائەی قازی، تەحقیق وەکو ئەوەیە کە کەسێك تاوانێکی کرد بێت، باشتر وایە بنووسرێت (تحقق)، ئینجا سەبارەت بە نەزەر، یەعنی شتێکی جەوازییە، باشتر وایە ئێمە وجوبی بکەین، بەڕاستی من ئەو پێشنیارەم هەیە، ئەم بڕگەیە وای لێ بێت بڵێین (تعین قضاة وفقاً للشروط القانونیة والنظر في ترفیعهم وترقیتهم ونقلهم واعادة تعین القضاة) ئەو بڕگەیە وای لێ بێت قانونی ترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فاروق فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو ئیقتیراحە شتێکی زیادە، چونکە هەر خۆی ئیشی ئەنجومەنی قەزائی وەکو لە فەقەرەی دوو هاتووە، ئەوە پێم وایە سەمیمی ئیشی ئەنجومەنی قەزائییە، شمولی هەموو شتەکان دەکات، هەر شتێکی تر کە هات زیاد لەوەی، پێم وایە ناکەوێتە ژێر ئیش و کاری ئەنجومەنی قەزائی، چونکە ئەنجومەنی قەزائی ئیشی قەزائیە، ئەوەش مەسەلەی تەرفیع و تەرقیەو نەقل و نازانم چ هەمووی لە فەقەرە دوو هاتووە، بۆیە پێم وایە ئەو فەقەرەیە زیادە لەگەڵ قانونی وەزارەتی عەدلیش ناگونجێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مـن پشتگیری لـەو پێشنیارە نوێیـە دەكـەم، كـە تـەوەجهوی عـام بـەو شـێوەیە كـە سولّتەی قـەزائی بـەرەو سەربەخۆیی بڕوات، هـیچ مانایـەكی نییـە، ئەگـەر لـە رووی ئیدارییـەوە مـوەزەف و مونتەسیبەكانی خـۆی سەرپەرشتی نەكات، چونكە سبەی رۆژێ ئەگەر هـەر كێشـەیەكی دروسـت بێـت، وەزارەتـی عـەدل دەتوانێـت كێشە بۆ مەحكەمەكان دروست بكات لە رێی موزەفەكان و مونتەسیبەكان، بۆیە حەصرەن دەبێت لە دەستی مەجلیسی قەزا بێت، تێبینیەكانی ئەخیری سەرۆكایەتی هەرێمیش هەمووی بەو ئیتیجاهەی دەڕۆیشتن، كە لەگەڵ ئیتیجاهی عـامی پەرلـەمان وایـە ئیسـتیقلالی قـەزا هـیچ مانـای نابێـت، ئەگـەر لـە رووی ئیـداری و تەنزیمیەوە مونتەسیبەكان و موزەفـەكان لـەلای خۆیـان نـەبێت، بۆیـە مـن پشـتگیری ئـەو پێشـنیارە نوێیـە دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوەی سێ موقتەرەحی تازەن قسەی لەسەر كرا، تەبعەن موقتەرەحێكیش تەحصیل حاصلە، ئەویش تەحدیـدی میلاكـاتی محـاكم و (تعـين شـاغلها مـن المـوظفين وغيرهـم ضـمن تخصيصـات ميزانيـة المجلس) ئەوانەش تەحصیل حاصلە، بەلاَم لەبەر ئەوەی هەرسێ موقتەرەح تازەن، نە لـە راپۆرتەكـە هـاتووە، نـە لـە لیژنەی یاسایی هاتووە، بۆیە پێویست دەكاتن وەكو موقتەرەحی تازە بیخەمـە دەنگدانـەوە، ئـەوەی لیژنـەی یاسایی دوایی دەخەمە دەنگدانـەوە، كـە دەڵێ شـەتبی بكـەین، موقتـەرەحێك فەقەرەیـەك ئیزافـە بكـرێتن (اعداد الميزانية للسلطة القضائية ورفعها الى المجلس الوطني ضمن الميزانية العامـة للأقليم للمصادقة عليها) كێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییـە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموو كاك رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تازە دەنگی لەسەر درا، میزانیە لە ماددەی چوار هاتووە بە زەقی دیارە، میزانیە موستەقیلە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەوێ وا هاتووە، بەس لێرە ئیختیصاصاتی مەجلیسە، فەقەرەی تری تازە كە هاتـە پێشـەوە قسـەتان لەسـەر كرد بەو شێوەیەیە، لایەنی ئیداری و تەنزیمی مەحاكم لەناو ئەوانیشەوە كاروباری خدمـەی مونتەسـیبینی مەجلیسی قەزا مەحاكمەكان، دەسەڵاتی مەجلیسی قـەزا دەبـێتن بەتایبـەتی یـەعنی حەصـر قسـەی لەسـەر كرا، بە عەرەبی دەیخوێنمەوە (تكون النواحي الادارية والتنظيمية للمحاكم بما فيها شؤون الخدمة لمنتسبيها وانضابطهم حصراً مـن اختصـاص مجلس القضـاء) كێ لەگەڵدایـە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، كـێ

لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەقەرەی تر کە هاتۆتە پێشەوە دەڵێت (تحديد ملاكات المحاكم وتعين شاغلها من الموظفين وغيرهم ضمن تخصيصات ميزانية المجلس) ئەوەش تەبیعییە، تەعین کردنی میلاکات، یەعنی واتا موزەفینی خۆی تەعین دەکات، وەکو پەرلەمان، کێ لەگەڵ ئەو فەقەرەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ئەو فەقەرەیەش کە لیژنەی یاسایی داوای کردووە شەتبی بکەین (تسمية وترشيح الحكام والموظفين الذين يسرى عليهم هذا القانون للمشاركة في الدورات التدريبية والتأهيلية) ئەوە تەحصیل حاصلە ئیختیصاصی ئەوانە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو فەقەرەیە شەتب بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بەڵێ کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو، سێ موقتەرەح هەیە دەیخەمە بەردەستتان، ئەگەر بە پەسندی دەزانن، یەکێکیان/ ئەوەیە ئێمە دەزانین مەشاریعی قەوانین لە دوو رێگە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان دەکرێت، یان دە ئەندامی پەرلەمان، یان حکومەت، باشە مەعقولە سوڵتەی قەزائی نەتوانێت مەشاریعی قەوانین موتەعەلیقە بەخۆی تەقدیمی بکات، ئەمە یەك لە پێشنیارەکانە ئەگەر پێتان باش بێت.

دوو/ دانانی ئەنزیمەی داخیلی بۆ مەجلیس و ئەجهیزەی سوڵتەی قەزائی، ئەوەش حەق وایە ئەو دەسەلاتەش زیکر بکرێت، کە بدرێتە مەجلیسی قەزائی، کە لە زیمنی مەجلیسی قەزائی دابنرێت ئیختیصاصاتی.

سێ/ (وضع الخطط للسلطة القضائية وتنفيذها بما يضمن تطويرها في الاقليم)، ئەوەش یەکێکە لە موقتەرەحەکان، ئەگەر بە پەسندی دەزانن، ئەوە مەوزوعی تەرشیحی موزەفین و تەرشیحی حوکام و ئەوانە هەموو ئیشارەتتان پێدا، ئەو سێ پێشنیارەمان هەیە، ئەگەر بە پەسندی دەزانن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاکم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کاك شێروان پێشکەشی کرد، یەعنی پرۆسەی قانون لەلایەن مەجلیسی قەزاوە، ئێمە ئەو پرۆسەیەی ئێستا کە موناقەشە دەکرێت لە پەرلەمان، ئەو پرۆسەیە لە لایەن مەجلیسی وزەراوە هاتووە بۆ لیژنەی قانونی پەرلەمان، بەواستەی لیژنەی قانونییەوە تەوزیع کرا لەسەر ئێمە، ئێمە ئەندامانی مەحکەمەی تەمییزو مەجلیسی قەزا دانیشتین پرۆسەیەکی نوێ دامان پێیان کامیلەن لە ئەلفەوە بۆ یا، کەوا ئەوە موناقەشە بکەن، بەلاّم لیژنەی قانونی حەسریان کرد لە بەینی، هەندێکیان موقتەرەحاتیان

وەرگرت و حەسریان کرد موناقەشەو تەقدیریان لەسەر پرۆسەکەی حکومەت، ئێستا ئەوە صیاغەی کاملم هەیە، کە مەجلیسی قەزائی کەوا ئێمە ئیقتیراحمان کردووە، ئەو ببێتە قانونی سوڵتەی قەزائی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەو پرۆژەیەمان کردۆتە ئەساس کە لە حکومەتەوە بۆمان هاتووە، لە لایەن مەجلیسی قەزاوە حازر کراوە، کە دانیشتین لە موناقەشە لەگەڵیان پرۆژەیەکی لابەلایان هێنا، لەسەر ئەساسی ئەوەی گوتیان ئێمە ئەو پرۆژەیەمان تەنزیم کردووە، ئەوەی باش بوو لەو پرۆژەیە وەرمانگرت و ئیستیفادەمان لێ کردو داخیلی راپۆرتەکەی خۆمانمان کردو لەگەڵ پرۆژەی ئەسڵی گونجاندمان و موناقەشەی لەسەر کراو درا تەصویت، ئەو پرۆژەی جەنابی باسی دەکات بۆ خۆیان ئیعدادیان کردووەو، لە خارجی حکومەت و لە لایەن خۆیانەوە ئیعداد کراوە، بۆیە رەنگە زۆر فەقەراتمان ئێمە بەنەزەری ئیعتیبار وەرنەگرت و داخیلی راپۆرتیش نەکرا، داخیلی موناقەشەش نەکرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە هەر حاڵ کاک شێروان، یەعنی خۆی ئەو موفتەرەحانەت هەندێکیان مەسەلەن ئیقتیراحی یەکەم/ بەو پەلە پەلەیە قەرار لەسەردانی زەحمەتە، یەعنی ئێستا ئێمە دەسەلاتێك بدەینە مەجلیسی قەزا، بۆ ئەوەی بتوانێتن، یەعنی بە حەقیقەتدا ئەوە شتێکی تازەیە نەدیراست کراوە، نە رەئی حکومەت وەرگیراوە، نە رەئی سەرۆکایەتی هەرێم وەرگیراوە، نە پەرلەمانیش دیراسەتی کردووە، من ئێستا خۆم ناتوانم تەقیمێکم هەبێتن بتوانم لەسەر ئەوە، ئەوەی تەئجیل بکەین بۆ وەختێکی تر دیراسەت بکرێتن، بزانین مونتەلەقات چیەو چ سوودی هەیە، بزانین تەجاروبی دنیا چۆنە لە فەترەیەکی تردا دەتوانین قەراری لەسەر بدەین، ئێمە نووسیمان (وضع النظام الداخلي للمجلس) ئەوە تەبیعییە، ئەوە ئەو فەقەرەیە ئیزافە دەکەین، ئەوە تەحصیل حاصلە، (تعین وترفیع) تەعین نابێت، قازی چۆن تەعین دەبێت، نابێت مەجلیسی قەزا تەعینی بکات، تەرشیح مەعقولە (ترشیح القضاة والقیام بترفیع وترقیة ونقل القضاة) و ئەوانە، ئەوە تەبیعیە، بەلآم تەرشیحی قوزاتەکە نابێت تەعین بێتن، (تعین موظفین ومنتسبیهم) لە هینەکە تێدایە، چونکە لە ماددەیەکی تردا هەیە دەڵێ بە مەرسوم تەعین دەبن، ئەوە نابێت لەگەڵ ئەوانە، بەس من پێم وایە یەك لە فەقەرەکانی کاک شێروان دابنێین هەمووی دەگرێتەوە (وضع النظام الداخلي للمجلس) کە دەسەلآتی هین بێتن، ئەو فەقەرەیەش ئەگەر قسەتان نییە لەسەری، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من كه ئەو پێشنیارانەم  وەرگرتووە، بەڕاستی له مەجلیسی قەزای عێراقیم وەرگرتووە، حەقی تەقدیمی مەشروعاتیان هەیە، بۆیەش من گوتم ئەوە ئەگەر ببێتە بەشێك لەم دەسەلاّتانە، شتێكی باشە، دیارە لەوێش دیراسەت كراوە لە پەرلەمانی عێراقیش، هەرچەندە مولزەم نییە بەنیسبەت ئێمە، بەلاّم بە شتێكی باشمان زانی، بۆیە داخیلمان كرد، بەنیسبەت نیزامی داخیلیش نەوەك لە موستەقبەل تووشی ئەنزیمەی تر بین، یەعنی نیزامێك نەبێت، یەعنی مومكینە نیزامێك بۆ ئیش وكار دەردێنی، نیزامێك بۆدەزگایەكی تر دەردەهێنیت، بۆیە بە جەمعم هێناوە، بە موفرەدم نەهێناوە، دەتوانن لە كاك حاكم نورالدین بپرسن ئەو مەسەلەیە، ئەنزیمە یەعنی یەك نیزام، ئەوە خۆیان دەزانن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان من خۆم نالّێم تا ئێستاكە خۆی تەحصیل حاصله مەجلیسی قەزا حەقی هەبێتن، بەتایبەت لە مەوزوعی مەشاریعێك كە موتەعەلیقی مەحاكمە پرۆژەی تەقدیم بكاتن، بەلاّم ئێستاكە خۆی یەعنی پێم وایە ئەندامانی پەرلەمانیشە، شتەكە بەو پەلە پەلیە موناقەشە زەحمەتە بكرێتن، ماوەیەكی تر خۆمان دە ئەندامی پەرلەمان ئەو پرۆژەیە تەقدیم بكەن و دیراسەتی دەكەین و قەراری لێ وەردەگرین، بەلاّم ئێستاكە، ئەو ئیقتیراحە پێم وایە وەختی نییە موناقەشە كردنی لەو جەلسەیەدا، دەكرێتن دوو هەفتەی تر، سێ هەفتەی تر دە ئەندام هینی بكەن و زیاتر تەجاروبی دنیا وەربگرین و چۆنە، شتێكی میهەنیشەو، بەپێچەوانەوە ئەو پرۆژەیە لەوانەیە پرۆژەیەكی قانونی دەبێتن و دیراسەت كراوە، دەزانن پێداویستی هەیە بۆ كۆمەڵگای خۆمان، لەگەڵ دەستووری عێراقیشدا هین دەبێتن، من لەو موقتەرەحانەی كە كاك شێروان هینی كرد (وضع النظام الداخلي للمجلس) دانانی پەیڕەوی ناوخۆ دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەگیرا، كەواتە ئەو ئیزافاتانەی كە دەنگتان بۆدا لەگەڵ ئەسڵی ماددەكەو ئەو فەقەرەیەش كە دەنگتان بۆدا لایبەین، هەمووی  دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەگیرا.

كۆتایی بەدانیشتنەكەمان دەهێنین، سبەینێ دانیشتنەكە تایبەتە بۆ دیراسەت كردنی وەزیری پەروەردە لەگەڵمان ئامادە دەبێتن، بۆ گفتوگۆ كردن، ئەو پرۆژەیە هەفتەی داهاتوو تەواوی دەكەین، ڕۆژەكەش دیاری دەكەین، ئاگادارتان دەكەینەوە، زۆر سوپاس.

**فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی**

| | | |
|---|---|---|
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)**

**چوار شەممە رێکەوتی 12\9\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)

## چوار شەممە رێکەوتی 2007/9/12

کاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2007/9/12 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (3)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری پەروەردە بۆ روون کردنەوەی سیستەمی نوێی خوێندن لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2007/9/12دا بەم شێوەیە بێت:

1- ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری پەروەردە بۆ روون کردنەوەی سیستەی نوێی خوێندن لە هەرێمی کوردستان.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز مامۆستا دڵشاد عبدالرحمن وەزیری پەروەردە، مامۆستا سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین، کە لەگەڵمان ئامادەن لێرەدا، پێش هەموو شتێك بەبۆنەی هاتنی مانگی رەمەزانی پیرۆز، پیرۆزبایی گەرم لە ئێوەی بەڕێزو لە هەموو موسڵمانانی کوردستان و هەموو موسڵمانانی دنیا دەکەین، ئومێدەوارین مانگی خۆشی و شادی بێتن مانگی بەرەکەت بێتن، بۆ هەموو لایەکمان

کوردستان و عێراقیش بە خۆشی بباتە سەر ئاشتی سەقامگیر بێتن، خەڵکی عێراق و خەڵکی کوردستانیش تووشی هیچ ناخۆشیەك نەبن، هەموو موسڵمانانیش هەر بەخێر ئینشائەڵلا تەواو دەبێتن، هەر بەو بۆنەیەشەوە هەندێك ئەندامانی پەرلەمان داوایان کردووە لە مانگی رەمەزان لەجیاتی ئەوەی سێ رۆژ جەلسەمان هەبێت، دوو رۆژ جەلسە هەبێت، لەبەر ئەوەی شوقەکان هێشتا پێداویستیەکانی تەواو نەبووە، یەعنی هاتووچۆ بکەن تاکو شوقەکان ئامادە دەبێتن، ئێمەش لە دەستەی سەرۆکایەتی موافەقەتمان کردووە، لە هەفتەی داهاتوودا دانیشتنەکان دوو شەم و چوار شەم دەبێت، کەی ئەگەر شوقەکان ئامادە بوون، یەعنی موحتاجی ئەوە نەبوون هاتووچۆ بکەن، جێگای جێ نیشتنیان هەبوو، ئەو وەختی دەگەڕێنینەوە هەفتەی سێ جار جەلسە بکرێت، ئەوە زۆربەی زۆری ئەندامانی پەرلەمان رەئیان وایە، شەرت نییە، لەبەر ئەوەی ئیجماعی لەسەر نییە، فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەرحەکەی جەنابت زۆر شتێکی پیرۆزە بە موناسەبەتی هاتنی مانگی رەمەزان، بەڵام بەنیسبەت ئێمە لە سلێمانیەوە، ئەگەر بکرێت هەردوو رۆژەکە بکرێت لەسەر یەك بۆ ئێمە باشترە، دوو شەممەو سێ شەممە لەسەر یەك بێت باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە ئەگەر وابێتن هەرسێ رۆژەکە باشترە، خۆی مەنتیقەکە لەوە هاتووە، بۆ ئەوەی شەو لێرە نەمێنێتن، ناچار نەبێت جێگای نییە، نایەوێت لە هوتێل بمێنێتەوە دەیەوێت بگەڕێتەوە، ئەگەرنا بە مەنتیق دوو رۆژ دەکەینە سێ رۆژ لێرە بێتن و بگەڕێتەوە، بەس ئەو برادەرانەی کە باسیان کرد، کاك محەمەد حەکیم بوو وابزانم، بۆ ئەوەی هەمان رۆژ بگەڕێتەوە، تاکو شوقەکان ئامادە دەبن، ئەو وەختی دەکەینە سێ رۆژ، ئەگەرنا بە موئەییدی ئەوەم سێ رۆژ بێت، لەبەر ئەوەی ناتوانم قەرار بدەم خۆم لە هەولێرم، ناتوانم تەعبیر بکەم لە ویستی ئەو خەڵکانەی لێرە نین، کاك بەکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە مەسەلە دوو شەممەو چوار شەممە، ئەوان هەر دەبێت بگەڕێنەوە، جا دوو شەممە بێن و چوار شەممە بگەڕێنەوە، لەبەر ئەوە من پێم وایە دوو رۆژەکە لەسەر یەکتر بێت، سێ، چوار رۆژ ئیسراحەت بکات، لەبەر ئەوە من پێم باشە بیخەنە دەنگەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە رۆژی دوو شەمی داهاتوو قەراری لێ دەدەین، ئێستا بەرنامەمان دەست پێ دەکەین، داوا لە لیژنەی پەروەردە دەکەم، ئەگەر قسەیەکیان هەبێت، ئەم دانیشتنە تایبەتە بە بەرنامەی وەزارەتی پەروەردەو ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەبەر رۆشنایی پاش کۆنفراس و چەندین کۆبوونەوەو دیراسات وەزارەت کردوویەتی، بۆ

پێشخستنی بەرنامەی پەروەردە لە هەموو روویەکەوە، لە هەموو مەرحەلەکانداو گۆڕانکاری بڕیاری گرنگیان داوە، بۆیە ئەم دانیشتنەمان تەرخان کرد بۆ بانگهێشت کردنی وەزیری پەروەردە بۆمان روون بکاتەوە، ئەو گۆڕانکاریانە چیەو لە دواییشدا ئەگەر ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز چ پرسیاریان هەبوو دەتوانن ئاراستەی بکەن، ئەگەر لیژنەی پەروەردە راپۆتی هەیە، یان قسەیەکی هەیە دەتوانێت، ئەگەر راپۆرتت نییە هەر لە شوێنی خۆت، باشە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ماوەیەك لەوەو پێش راپۆرتێکمان نووسی، بۆ ئەوەی بەڕێز وەزیری پەروەردە لە دوای بەستنی کۆنگرەی پەروەردەییەوە راسپاردەکان لێرە روون بکاتەوە یاخود بلاو بکاتەوە، بەلام ئەوە بوو لە دوای بڕیاردانی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوەو خرانی سەر لاپەڕەکانی رۆژنامەنووسەکان، بە پێویستمان نەزانی ئێمە ئەمڕۆ راپۆرت بنووسین، بەلام ئێمە لێرەوە دەتوانین لەدوای تەواو بوونی وتارەکەی جەنابی، یاخود روونکردنەوەکانی جەنابی، نەك ئەندامانی لیژنەی پەروەردە، بەلکو هەموو ئەندامێك مافی ئەوەی هەبێت پرسیاری لێ بکات، بۆ تێگەیشتنی زیاتر، لێرەوە من دەلێم بەناوی لیژنەی پەروەردەوە زۆر سوپاسی بەڕێز دلشاد عبدالرحمن بکەم، بۆ ئەو هەنگاوە گەورەی کە ناویەتی بۆ گۆڕان لەناو سیستەمی پەروەردەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاك دلشاد فەرموو بۆ پێشکەش کردنی وتارەکەت، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوای لێبووردن دەکەم، هەندێ لە ئەندامانی لیژنەی پەروەردە دەلێن بەناوی ئێمەوە سوپاسی مەکە، بەناوی خۆتەوە سوپاسی بکە، منیش بەناوی خۆمەوە سوپاسی دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من بەناوی هەمووتانەوە سوپاسی وەزیری پەروەردە دەکەم، بەخێرهاتنیشی دەکەم و بۆ ئامادە بوونی و بۆ هەموو ئەو کارانەی کە کردوویەتی، فەرموو.

**بەڕێز دلشاد عبدالرحمن/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.**

**ئەو کاتەتان باش.**

خۆشحالم ئەمڕۆ لەبەری ماندوو بوونی ئێمەو ستافی وەزارەتی پەروەردەو بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی پەروەردەیی لە پەرلەمانی کوردستان و سەرجەم پەروەدە ناسان و سەرجەم ئەوانەی خەمی پەروەردەیان

هەبووە، ڕۆژێك لە ڕۆژان لە كوردستان بۆ ئێوەی بەڕێزی ڕوون بكەمەوە، لەبەر ئەوەی ئەم پرۆژەی ئێمە ئەمڕۆ بۆ ئێوەی بەڕێزی باس دەكەین بەرهەمی هەموو ئەوانەیە، كە ڕۆژێك لەڕۆژان بە نووسینێك، بە دێڕێك، بە پێشنیارێك ڕەخنەیان لە وەزارەتی پەروەردە گرتووە، یان پێشنیارێكی بەسوودیان كردووە، لە هەر شوێنێكی كوردستان، یان لە دەرەوەی كوردستان بوو بن، لەبەر ئەوەی ئێمە دوای دەست بەكار بوونی كابینەی پێنجەم، هەموو بەڕێزتان ئاگادارن، كە گلەیی و گازەندەیەكی زۆر لەسەر سیستەمی پەروەردە بەتایبەتی لە هەرێمی كوردستاندا هەبووە، بۆیە ئێمە بە هەنگاوێك سێ پرسیارمان ئاراستەی سەرجەم پسپۆڕان و شارەزایان و هەموو خەمخۆرانی بواری پەروەردە كرد، بەنامەی تایبەت بۆمان ناردن و لەسەر سایتەكانی ناوەوەی وەزارەت و هەموو ڕووپەڕی ڕۆژنامەكانمان بڵاو كردەوە، سێ پرسیارەكە بریتی بوو لەوە، ئایا بە ڕەئی بەڕێزتان سیستەمی پەروەردە پێویستە بگۆڕێت؟ ئەگەر بەڵێیە، چ شتێك لە پەروەردە بگۆڕێت، چۆن بگۆڕێت؟ بۆچی بگۆڕێت؟ لە كۆی ئەو وەڵامی پرسیارانە، ئێمە زیاتر لە دەیان ڕاپۆرت و نووسینمان پێ گەیشت، زیاتر دەتوانم بڵێم لە هەزار پسپۆڕ و شارەزاو هەر یەكە وەكو عەرزم كردن بە ڕاو بۆچوونی خۆیان پێشنیارم بۆ ناردن و ڕووپەڕی ڕۆژنامەكانیش لەم ماوەی ساڵی ڕابردوو، دەتوانین بڵێین بە قەدەر درێژایی پازدە ساڵی دوای ڕاپەڕین شتیان لەسەر پەروەردە نووسیووە، بە گلەیی، بە پێشنیار، بە بیرو بۆچوون بە هەر شێوازێك، بۆیە ئێمە ئەرشیفێكی گەورەی نووسین و دۆكیۆمێنتمان لەلا گەڵاڵە بوو، جگە بە پەیوەندی كردن بە پسپۆڕانی بواری پەروەردە لە دەرەوەی وڵات و، پەیوەندی دروست كردن لەگەڵ دەزگا زانستیە پەروەردەییەكان، بۆ ئەوەی سوود لە تەجروبەی وڵاتانی پێشكەوتووش وەربگرین، بۆ ئەم مەبەستە ئەوە بوو، دوای ئامادەكاری نزیكەی دە مانگ لە هەولێری پایتەخت لە مانگی ئایاری ڕابردوو لە (22 تا 24)ی مانگ كۆنگرەی پەروەردەیی بەسترا، ئێمە ژمارەمان بۆ كۆنگرەكە دانەنا، لەبەر ئەوەی سێ كۆنگرەی تر لە هەرێمی كوردستان بەستراون، ئێمە ناومان نا كۆنگرەی پەروەردەیی، تەنها لەبەر ئەوەی كۆنگرەكە ژمارەیەك نەبێت بخرێتە سەر ژمارەكانی تر، بۆ ڕێكلام و ڕاگەیاندن و دوایی بێت و بڕوا، وەكو هەر لە سەرەتاوە بڕیارو پێشنیارمان ئەوە بوو، كە ئەو كۆنگرەیە دەبێت ڕاسپاردەو بڕیاری وای لێ بێتە بەرهەم، كە سیستەمی پەروەردە لە ڕیشەوە بگۆڕێت، خەمی پەروەردە بەرەو عەقارێك بڕوات، كە ئێوەی بەڕێز بە هەموار كردنی یاسای وەزارەتی پەروەردە داواتان لە ئێمە كردووە جێ بەجێی بكەین، بۆ پیادە كردنی ئامانجەكانی وەزارەتی پەروەردە، كە لێرە بەڕێزتان دوای دەنگدانتان بوو بە ئەرك بەسەر ئێمەوە، بۆ جێ بەجێ كردنی ئەركەكانمان، دەبوایە ئەو هەنگاوە بنێین، بۆیە دوای سێ ڕۆژ كۆنگرە بە بەشدار بوونی نزیكەی پێنج سەد پسپۆڕو شارەزا، جگە لە دەیان پسپۆڕی بواری دەرەوە، وەكو عەرز كردن زۆری تریش بە نامەو پێشنیار، ئەوەی جێگای خۆشحاڵی بوو بەكۆی دەنگی ئەندامانی بەشدار بووی كۆنگرە، ئەو ڕاسپاردانەی كە ئەمڕۆ بۆ ئێوەی بەڕێزی دەخەینە بەرچاو، پەسند كرا، تەنانەت دەنگێكی نەشازیشی تیا نەبوو، ئەمە بۆ ئێمە زۆر گرنگ و پێویست بوو، لەبەر ئەوەی دەمانزانی ئەگەر ئەو كۆ دەنگیە نەبێت، چەندین بڕیاری بە سوودو جوان و یاسای باشیش دابڕێژین، ئەنجامەكەی لە جێ بەجێ

کردندا تووشی شکست دەبێت، لەبەر ئەوە کۆ دەنگیەکی ئاوا، بەڕاستی کارێکی گران بوو، بەڵام زۆریش پێویست و زەرورەت بوو، بەبێ ئەوە نەماندەتوانی ئەمڕۆ ئەم موژدەیە بە خەڵکی کوردستان بدەین، کە ئێمە بتوانین پەروەردەی کوردستان بەرەو ئەو عەقارە بەرین، کە خەونەکانی ئەوان بێنێتە دی، دوای پەسند کردنی سەرجەم ئەو پێشنیارانە لە لایەن ئەندامانی کۆنگرەوە، پرۆژەکە بەرز کرایەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، خۆشبەختانە سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەن بەڕێزەوە باسیان لەو پرۆژەیە کردو ماندوو بوونی کەسانی ئەو بوارەیان بە هەند نرخاند، لیژنەیەکی تری بچووکی وزاری پێك هات، دیسان بۆ داڕشتنەوەی ئەو پێشنیارانە بەشێوەیەکی باشتر، دوای دوو کۆبوونەوە لەو لیژنانە، کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی پەروەردە ئەندام بوو تیایدا لە پەرلەمانی کوردستان، پرۆژەکە گەڵاڵە کراوە شێوازێکی نوێی تازەی وەرگرت، پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران کراو، ئەوانیش پەسندیان کرد، دیارە بێ گومان پرۆژەکە پێویستی بەوە هەیە یاسای وەزارەتی پەروەردە بۆ جارێکی تر هەموار بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی وەکو عەرزم کردن چەندین بڕگەی تیایە، کە گۆڕینی ریشەیی لە سیستەمەکە دێنێتە بەر، بۆیە لە ماوەیەکی کورتدا پرۆژەی هەموار کردنی یاسای وەزارەتی پەروەردە دیسان دەکەوێتەوە بەردەستی ئێوەی بەڕێز، بۆ ئەوەی کات بەفیڕۆ نەدەین، هەمووتان دەزانن ئێمە دەیان ساڵمان لە کیس چووە، بۆ ئەوەی کات بە فیڕۆ نەدەین، ئێمە پێشنیارمان کرد لە ئەنجومەنی وەزیران و لێرەش پێشنیار دەکەین، تەنانەت ئەو خاڵانەی کە پێویستی بە هەموار کردنی یاساش هەیە رێگە بە ئێمە بدەن، ئێمە ئەمساڵ دەست بکەین بە پیادە کردنی ئەو پرۆژەیە، چونکە لەڕاستیدا دەبێت ئێمە کێبڕکێ لەگەڵ زەمەن بکەین، بۆ تەعویز کردنەوەی ئەو کاتە زۆرەی کە لە کیسمان چووە.

پرۆژەی گۆڕینی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستان

کورتەی پرۆژەکە:

ئەم پرۆەیە پێکهاتووە لە:

1-پێشەکی: باس لە بەها بنەماییەکانی قوتابخانە دەکات.

2- ئامانجەکان: ئەو ئامانجانەی کە چاوەڕوان کراون لە ئەنجامی بە پراکتیزە کردنی گۆڕانکارییەکان بەدەست بهێنرێن، ئەو ئامانجانە چین کە دەمانەوێت بە دەستیان بێنین.

3- هۆکارەکان: بە وردی باس لەو هۆکارانە دەکرێت، کە وایکردووە گۆڕانکاریەکانی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن پێویستیەکی هەنوکەیی ئەمڕۆی خوێندن بێت لە کوردستاندا.

4- ریفۆرم و گۆڕانکارییە بنەڕەتیەکان: ئەم بەشە باس لە ریفۆرم و گۆڕانکارییە بنەڕەتی و پێویستیەکانی ناو سیستەمی پەروەردەو فێرکردن دەکات، ئەو گۆڕانکاریانە چین، ئێستا هەندێکی بۆتە بڕیارو، هەندێکیشی چاوەڕوانی یاسای پەرلەمانی کوردستان دەکات.

5- هەڵسەنگاندن و بەدواچوونی ئەو گۆڕانکاریانەی چۆن بێت و چۆن بتوانین خاڵە لاوازەکانی کاتی جێ بەجێ کردن دێنە بەرچاومان سوودی لێ وەربگرین، ئێمە دوو رۆژ لەمەو پێش لە برایەکی بەڕێز لە

سویدەوە کاك فایەق سەعید کە شارەزایەکی بواری پەروەردەیە، نامەیەکی ئاراستە کرد بووین، دەڵێ ئەم سیستەمە لە سوید لە ساڵی 1980 گۆڕانکاریەکی بەو شێوەیە کراو هەزاران لاپەڕەی لەسەر نووسرا، جۆرە فەوزایەکی لێ کەوتەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر هاتوو لە جێ بەجێ کردندا تووشی دەنگە دەنگی نەشاز بوون بەلاتانەوە ئاسان بێت، بۆیە شتێکی ئاسوودەو چاوەڕوان کراوە، لەبەر ئەوە پێویستە هەڵسەنگاندنی بەردەوامان هەبێت.

6- کۆتایی.

پرۆژەی گۆڕینی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن

پێشەکی:

سەردەمی گلۆبالیزم و تەکنیکی نوێ پێویستی بە سیستەمی پەروەردەی نوێ هەیە، بەرهەمی سیستەمەکە نەوەیەکی بڕوا بەخۆ بوو، دڵسۆز بە خاکی کوردستان و دەروون تەندروستە.

پرەنسیپە دیموکراتیەکانی ناو قوتابخانە، توانای تاکە کەس لەنێو پۆلدا لەبەرچاو دەگرێت بەشێوەیەك کە نەك هەر مامۆستا چالاك و قوتابیانیش پاسیڤ بن، بەڵکو تواناو ئاستی جیاوازی گەشەی قوتابیان و خوێندکاران لەبەرچاو بگرێت و خوێندن و وانە وتنەوە لە پۆلدا بەپێی ئەو توانایانە رێك بخرێت، بۆ ئەوەی منداڵانی کوردستان ئەو ساڵانەی تەمەنیان بە سوودترین شێوە بەکار بهێنن.

لە سیستەمی نوێی فێرکاریدا کچ و کوڕ هاونرخ و یەکسانن لە هەموو ماف و ئەرکێکدا پرس و کێشەی ژنان و ئافرەتان بەڕاشکاوی باسی لێ دەکرێت و هۆکارو ئەنجامی ئەو دیاردە تاڵانەی مافی ژیان لە کچان و ژنانی کوردستان دەسێنێ، دەخرێتە بەر رۆشنایی زانست.

سیستەمی فێرکاری لە کوردستان پشت بەستە بە پرەنسیپە دیموکراتیەکان، خوێندن و پەروەردە لە قوتابخانەکانی کوردستاندا دەبێت بەشێوەیەك پێڕەو بکرێت، کە بەها بنەماییەکانی قوتابخانە ببێتە بەها بەرزەکانی قوتابی و خوێندکار، تا بتوانن بەشێوەیەکی سەربەست و لە ژێر بەرپرسیاریدا بەشداری لە ژیانی کۆمەڵدا بکەن.

خۆشەویستی بۆ خاك و نیشتمان و پەروەردە کردنی منداڵانی کوردستان بەگیانی نیشتمانپەروەرێتی دەبێت لە هەموو پلەکاندا پەیامێکی زۆر گرنگی قوتابخانە بێت.

بەها بنەماییەکانی قوتابخانە بریتین لە بەرز راگرتنی ژیانی مرۆڤ، یەکسانی ژن و پیاو، سەربەستی تاکە کەس، بەرابەری نرخی مرۆڤ و پشتگیری ئەوانەی پێویستیان بە یارمەتی هەیە، رێزگرتنی یاسا، دڵفراوانی، لێبووردن و بەرپرسیاری ئەو پرەنسیپانەی کە قوتابخانە قوتابی پێ پەروەردە دەکات.

هیچ جۆرە سەرکوت کردن و بێزار کردنێکی قوتابی و خوێندکار، فیزیکی، یا دەروونی لەناو سیستەمی فێرکاری کوردستاندا رێگەی پێ نادرێت و لە کاتی سەرهەڵدانیدا قوتابخانە لە بنبڕ کردنی بەرپرسیارە.

سیستەمی پەروەردە لە كوردستاندا سیستەمێكی كراوەو شەفافە، رێگە دەدات بە هەبوونی بیروبۆچوونی جیاوازو قوتابی پەروەردە دەكات، كە خاوەن هەڵوێست بێت، هەست بە بەرپرسیاری و بەشداری لە ژیانی كۆمەڵدا بكات، كاری قوتابخانە بەخشینی دڵخۆشیە لە خوێندن و لە كاردا بە قوتابی.
سیستەمی پەروەردە رێز لە هەموو تاكی قوتابی دەگرێت و خوێندنەكە دەگونجێت لەگەڵ ئاست و پێویستی قوتابیاندا، قوتابی ناوەندی هەموو سیستەمەكە لە پێناوی گەیاندنی بەها بەرزەكان و زانست بە قوتابی كار دەكات.
ئەركی قوتابخانە گەیاندنی زانستە بە قوتابی، پەروەردە كردن و ئامادە كردنی قوتابییە بە پشتیوانی دایك و باوك بۆ ژیانی گەورە ساڵی، بۆ ئەوەی بەشێوەیەكی سەربەست لە ژێر بەرپرسیاریدا بەشداری كاریگەر لە ژیانی كۆمەڵدا بكات.
خوێندن و پەروەردە بریتیە لە گەیاندنی زانست و كلتور و زمان و بەها بنەماییەكانە لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر، قوتابخانە لە گەیاندنی بەرپرسیارێتیدا هاوكارو پێشڕەویماڵەوەیە، قوتابخانە دەرگای بیركردنەوە، داهێنان و دەست پێشخەری بۆ قوتابی ئاوەڵا دەكات و بواری ژیانێكی سەربەخۆی بۆ دەردەخسێنێت. زانست واتە ئاشنا بوون بە راستیەكان، وەرگرتنی زانیاری و تێگەیشتن و توانای چارەسەر كردنی گرفتە، نەك دەرخ كردن (لەبەر كردن)، وانە وتنەوە هەموو شێوەكانی كاری تەنیاو گروپ و پرۆژە دەگرێتەوە، قوتابی بەشدارێكی چالاكە، مامۆستا بەڕێوەبەری گەیاندنی زانستە، ئەزموونەكان پێوەری كۆنترۆڵ كردن نین، بەڵكو یەكێكن لە پێوەرەكانی هەڵسەنگاندن و بەدواچووندا لەپێناوی گەیاندنی قوتابی بە ئامانجەكانی.

### هۆكارەكانی گۆڕینی سیستەمی پەروەردەو فێركردن

1- رێژەی بەرزی نەخوێندەوار لە كۆمەڵگای كوردستاندا.
2- شەش ساڵی خوێندن ئیلزامی كەمە، بۆ ئەوەی ئامادەی منداڵان و گەنجان بۆ كۆمەڵگای سەردەم بكات.
3- وازهێنانی قوتابی لە خوێندن، یەكێك لەو هۆكارانەی كە قوتابی واز لە خوێندن دەهێنێت، سەرنەكەوتن و دەرنەچوونە لە پۆلی شەشی سەرەتاییدا.
4- پێویستی بوونی ژینگەیەكی دیموكرات لەناو قوتابخانەكاندا.
5- ئاستی نزمی رێژەی دەرچوون لە پۆلەكانی شەشی سەرەتایی، سێی ناوەندی، شەشی ئامادەیی.
6- ئاستی نزمی خوێندن و توانا لە چاو پێویستی بازاڕی كاری نوێدا.
7- خوێندن لە كوردستان زۆر تیۆرییەو دوورە لە پراكتیكی كارو پێویستیەكانی كۆمەڵەوە.

### ئامانجەكانی گۆڕینی سیستەمی پەروەردەو فێركردن

1- بنبڕ كردنی، یان كەم كردنەوەی وازهێنان لە خوێندن:
ئاشكرایە كە وازهێنان لە خوێندن لە كوردستان، لە قۆناغی شەشی سەرەتایی بۆ یەكی ناوەندی بۆتە كێشەیەكی گەورەو ساڵانە ژمارەیەكی زۆر منداڵانی تەمەن 12 – 13 ساڵ واز لە خوێندن دەهێنن و

دەکەونە بازاڕی کارەوە، گرنگترین ئامانجی گۆڕینی سیستەمی پەروەدەو فێرکردن لە ئەمڕۆدا کەم کردنەوە، یان بنبڕ کردنی وازهێنانە لە خوێندن. دیارە بۆ دەست نیشان کردنی ئەو خاڵانە ئێمە پشتمان بە سەرژمێری بەستووەو ئەم کتێبە کە لە (550) لاپەڕە پێکهاتووە، سەر ژمێری سەرجەمی بوارەکانی پەروەردە کراوە لە خیلالی ساڵی رابردووەوە، بۆ ئەوەی بتوانین قسەکانمان پشت بە ژمارەکان ببەستێت، نەك بە ئارەزوومەندانە بێت.

2- یاسای کاری نێودەوڵەتی:

لە ولاتە دیموکراتیەکانی جیهان، کە هەرێمی کوردستانیش بۆ دیموکراتی بوون، یاسای کاری نێودەوڵەتی رێگە نادات کە منداڵ لە تەمەنێکی کەمدا بکەوێتە بازاڕی کارەوەو کار بکات، بە ئیلزامی کردنی خوێندن بۆ (9) نۆ ساڵ وادەکات کە منداڵ لە تەمەنێکی کەمدا نەکەوێتە ناو بازاڕی کارەوە، بەم گۆڕانکارییانە کوردستان نزیك دەبێتەوە لە یاسای کاری نێودەوڵەتی دیموکراتیەوەو دوور دەکەویتەوە لە بەکارهێنانی منداڵ لە بازاڕی کاردا.

3- بەرز کردنەوەی ئاستی توانای کادرانی پەروەردەیی لە کوردستاندا:

کارکردن لە بواری پەروەردەو فێرکردندا پێویستی بە کارمەندی پەروەردەیی ئاست بەرزو بەتوانا هەیە، سیستەمی فێرکاری سیستەمێکە هەردەم لە گۆڕانکاری و بەرەو پێشەوە چووندایە، هەر بۆیە دەبێت ئاستی زانستی و زانیاری کادرەکان لە پێشکەوتندا بێت و بوار بڕەخسێنێت بۆ بواری پێشکەوتن و بەرزکردنەوەی ئاستی مامۆستایاندا.

4- پێویستی کۆمەڵی سەردەم:

کۆمەڵ و بازاڕی سەردەم پێویستی بە مرۆڤی بەتواناو خوێندەوار هەیە، خوێندن تا پۆلی شەشی سەرەتایی پێویستیەکانی بازاڕی کاری کۆمپیوتەرو ئەلەکترۆنیك و گلۆبالیزم پڕ ناکاتەوە، هەر بۆیە گرنگە کە خوێندنی سەرەتایی (9) ساڵی ئیلزامی بێت.

5- ئەو بەهایانەی کە منداڵانی 12-15 ساڵ پێویستە پێی پەروەردە بکرێن:

یەکێك لە گرنگترین کات، بۆ وەرگرتنی بەهاو دروست بوونی کەسایەتی لە تەمەنی مرۆڤدا، تەمەنی 12 – 15 ساڵییە، بۆ ئەوەی منداڵانی کوردستان ببنە ئەندامی بڕوا بەخۆ بوو، داهێنەر، بەتواناو خاوەن بیروبۆچوون و پرەنسیپی بەرزی مرۆڤایەتی، دەبێت لە کەشێکی وادا پەروەردە بکرێن، کە بڕوامان بە سەروەری و یاساو خۆشەویستی ولات و یەکسانی ژن و پیاو هەبێت، ئەم بەهایانەش لە قوتابخانەدا دەگەیەنرێت، نەك لەسەر شەقامەکان.

6- بە پراکتیك کردنی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی و نزیك کردنەوەی لە بازاڕی کارو خوێندنی باڵا:

یەکێك لە ئامانجەکانی گۆڕانکاریەکان، بریتییە لە بە پراکیتك کردنی خوێندن و وانەکان، بۆ ئەوەی قوتابی و خوێندکار زانیاری و زانست بەشێوەی پراکتیکیش وەربگرن، نەك هەر بە تەنها بە تیۆری بیزانن.

ئەو خاڵە سەرەکییانەی کە گۆڕانکاریەکان پێشینار کراون و دەدرێن:

**ریفۆرم و گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان:**

**لەبەر رۆشنایی بەها بنەماییەکانی قوتابخانە، ئامانج و هۆکارەکانی گۆڕینی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن بەشدار بووان لە کۆنگرەی پەروەدە لە رۆژانی 22 – 24 مانگی پێنجی ساڵی 2007دا لە سەر ئەم گۆڕانکارییە (ریفۆرمە) بنەڕەتیانە رێککەوتن:**

**یەکەم/ قۆناغی سەرەتایی:**

**1- نۆ ساڵی خوێندنی ئیلزامی:**

**واتە قۆناغی ناوەندی نامێنێت و قۆناغی سەرەتایی دەگۆڕێت بۆ قۆناغی (9) نۆ ساڵی بنەڕەتی، پابەند بوون (ئیلزامی) لە ساڵی خوێندنی 2007/ 2008 دەست پێ دەکات، بۆ ئەو قوتابیانەی کە پایزی 2007 دەچنە پۆلی شەش و ساڵێکی تر تاقیکردنەوەی شەشی بە کالۆری نادەن، لە ساڵی خوێندنی 2008 – 2009 دەچنە پۆلی حەوت، بڕوانامەی شەش نامێنێ بۆ ئەو قوتابیانەی کە لە ساڵی خوێندنی 2008/2007 لە پۆلی شەشن.**

**بەپێی یاسا بڕیار دەدرێت کە هەموو منداڵێکی کوردستان دەبێت نۆ ساڵ بخوێنێت، خوێندنەکە لە پۆلی یەك بۆ پۆلی نۆ دەبێت لە ژێر لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوەو بەدواداچوون دەبێت، بەم کارە بازدانی دراماتیکی و گەورە لە شەشی سەرەتاییەوە بۆ یەکی ناوەندی نامێنێت، ئەم بازدانە دراماتیکیە گەورەیە یەکێکە لە هۆکارەکانی وازهێنان لە خوێندن، هەنگاوەکە زۆر گەورەیە بەلای منداڵانی تەمەن دوانزەو سیانزە ساڵیەوە، ئەمڕۆ دیواری نێوان خوێندنی سەرەتایی و خوێندنی ناوەندی زۆر بەرزە، بۆ زۆر قوتابی سەرکەوتن بەسەر ئەو دیوارەدا کارێکی ئاستەنگە، خوێندنی بنەڕەتی دەبێتە (9) نۆ ساڵ و قوتابخانەکانی کوردستانیش لە پۆلی یەکەوە تا پۆلی نۆیان دەبێت، زۆر گرنگە کە منداڵەکان لە پۆلی یەکەوە تا پۆلی سێی بنەڕەتی بەپێی توانا یەك، یان چەند مامۆستایەکی کەم زۆربەی زۆری وانەکانیان پێ بڵێنەوە، ئەمە دڵنیاییەکی زۆر لای منداڵان دروست دەکات، لە هەمان کاتدا ئەرکی مامۆستا ئاسان دەکات، بەو شێوەیەی کە خوێندنەکە پچڕ پچڕ ناکات، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە منداڵ سوودو قازانجی خوێندن دەبینێت و لای خۆشەویست دەبێت نەمانی قوناغی ناوەندی و بوونی یەك تا نۆی بنەڕەتی دڵنیایی لای قوتابیان دروست دەکات، مەرج نییە پۆلی یەکەم تا پۆلی نۆ لە هەر هەمان قوتابخانە دابن، دەکرێت هەندێ قوتابخانە لە پۆلی 1 – 9ی هەبێت، یان هەندێك قوتابخانە پۆلی 1 – 3 لە قوتابخانەیەك و 4 – 6 لە قوتابخانەیەك و 7 – 9 لە قوتابخانەیەکی تر، بینا گرنگ نییەو بڕیاردەر نییە، بەڵکو سیستەمەکە بڕیاردەرەکە 1 تا 9یەو ئیلزامیە.**

**2- دیاردەی مانەوە لە پۆلەکانی یەك تا سێی بنەڕەتی نامێنێ:**

**پۆلەکانی قوتابخانەی بنەڕەتی گرنگیەیەکی گەورەی لە ژیانی منداڵاندا هەیەو کاریگەرییەکی راستەوخۆ لەسەر ژیانی گەورە ساڵی بەجێ دێڵێت، هاوکات لەگەڵ پەروەردە کردنی منداڵان لە پۆلەکانی سەرەتای قۆناغی بنەڕەتدا لەسەر بناغەی بەها بنەماییەکان، منداڵان فێری خوێندنەوەو نووسین و ژماردنیش**

دەبن، ئەمەش یەکێکە لە گەورەترین هەنگاو لە ژیانی مرۆڤدا، لە کوردستان منداڵان لە تەمەنی شەش ساڵیدا دەست بە قوتابخانە دەکەن، لە پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەمی سەرەتایدا دەرنەچوون نامێنێت، ئەمەش هەنگاوێکی زۆر گرنگە، بۆ ئەوەی منداڵان ئارەزوویان لە خوێندن دانەبڕێ و زیاتر بڕواو متمانەیان لا دروست ببێت، هاوکات لە بڕی نمرە دانان لە ساڵی خوێندنەکەدا دوو جار بە تەنیا مامۆستای بەرپرسی پۆل (مۆنیتەر) لەگەڵ منداڵەکەو دایك و باوکی منداڵەکەدا لە ژێر ناوی دیداری گەشەدا کۆ دەبێتەوە، پێش ئەم دیدارانە دەبێت مامۆستای بەرپرس زانیاری تەواوی دەربارەی ئاستی زانستی قوتابییەکە لەو مامۆستایانەی تر کە قوتابییەکە هەیەتی لە وانەکانی تردا کۆکرد بێتەوە، قوتابخانە ساڵێ دوو جار دیداری گەشە، بە ئامادە بوونی مامۆستای بەرپرسی پۆل لەگەڵ قوتابی و دایك و باوکیدا، جارێك لە نیوەی یەکەمی ساڵی خوێندن، جاری دووەمیش لە نیوەی دووەمی ساڵی خوێندن رێك دەخات.

ئەرکی مامۆستای بەرپرسی پۆل (مێنتۆر):

- پشتگیر کردن و یارمەتیدانی قوتابی لە خوێندندا.
- پەیوەندی کردن بە دایك و باوکی قوتابییەوە هەفتەی جارێك لە رێگای نامەی هەفتانەوە.
- پەیوەندی کردن بە دایك و باوکی قوتابییەوە، ئەگەر گرفتێك، یان کێشەیەك هەبوو.
- ئاگادار کردنی دایك و باوك لە ئەنجامەکانی خوێندنی قوتابی.
- بینینی دایك و باوکی قوتابی لە دیداری گەشە کردندا.

ئەگەر لە پۆلێکدا زانرا کە چەند منداڵێك پێویستیان بە یارمەتی زیاتر هەیە، دەبێت یارمەتییان بۆ تەرخان بکرێت، لە کاتی دەوامی ساڵدا، نەك بە دانانی مۆرکی تەمەڵی بە ناوچەوانیانەوەو سزایان بدرێت، ئەم دیاردەیە لە کوردستاندا کاریگەری بۆ سەر پرۆسەی فێرکاری و وازهێنان لە خوێندن هەیە، هەڵسەنگاندن و بەدوا داچوون لە لایەن مامۆستایان جێگەی نمرە دانان دەگرێتەوە، رەنگە زۆر لە برادەرانی ئێمە لە منداڵیەوە لە پۆلی سەرەتایی پێیان گوتووە تەمبەڵی تەوەزەل، ئیتر جارێکی تر بەسەر خوێندندا نەهاتۆتەوە، یان پێیان گوتووە لە منداڵیدا ئافەرین دکتۆری دوا رۆژ، ئیتر ئەمە بۆتە غرورێك لە ژیانی و کاری لە ئایندەش کردووە، ئەو منالأنە بەڕاستی لەو تەمەنەوە شایستەی ئەوە نین، نە فێرە غروریان بکەین، نە نەفسیتەیان بشکێنین، بۆیە ئەرکی ئێمە نییە جیایان بکەینەوە، ئەوەی خۆی توانای هەیە بڵێین تۆ دەرچوویت، ئەوەی تواناشی نزمە بڵێین تۆ کەوتوویت، ئەرکی ئێمە قورسە کە ئەوانەی توانایان لاوازترە لەگەڵیاندا بین، تاوەکو ئاستیان بگەیەنینە ئاستێك، کە بڕۆنە پۆلی دوو.

3- تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ لە قۆناغی بنەڕەتیدا نامێنێت، تاقی کردنەوەی نیوە ساڵ زیاتر لە مانگێك لە خوێندن دوا دەخات، زیاتر لە مەلایین دۆلار سەرف دەکرێت لە وەزارەتی پەروەردە بۆ تاقی کردنەوەی نیوە ساڵ، بارێکی ئالۆز لەناو قوتابخانەکان دروست دەکات، لە رووی پەروەردەیی و زانستیشەوە هیچ سوودێکی نییە، تاقی کردنەوە، تاقی کردنەوەیەکی ئاسایی بێت، وەکو هەموو تاقی کردنەوەکانی تر، ئێمە سوود لەو

مانگە وەردەگرین خوێندن و فێربوون، سوود لە ماددەکانیش وەردەگرین، بۆ ئەوەی بەکاری بێنین لەبواری پەروەردەیی.

4- تاقیکردنەوەی بەکالۆری پۆلی شەشی بنەڕەتی نامێنێت:

چونکە تاقیکردنەوەی بەکالۆری لە پۆلی شەشی بنەڕەتی بۆ منداڵی دوانزە ساڵ زۆر کارێکی ئاستەنگە لە رووی دەروونییەوە، لە ئەمرۆی کوردستاندا ژمارەیەکی زۆر قوتابی لە پۆلی شەشدا واز لە قوتابخانە دەهێنن بە نەمانی تاقیکردنەوەی بەکالۆری دیواری ترس و دڵەڕاوکێی منداڵیش بەرامبەر قوتابخانەو خوێندن دەڕوخێت و وازهێنان لە خوێندن و نەخوێندەواری کەم دەبێتەوە.

5- لە بڕی تاقیکردنەوەی بەکالۆری لە پۆلی شەشدا:

تاقیکردنەوەی میللی لە پۆلی پێنجی بنەڕەتی لە زمانی کوردی، ماتماتیك و زمانی ئینگلیزی و بابەتەکانی تر، کە پێویستن جێگەی تاقیکردنەوەی بەکالۆری پۆلی شەش دەگرێتەوە (بڕوانە هاوپێچەی ژمارە یەك: لە بڕی تاقیکردنەوەی بەکالۆری پۆلی شەش).

مەبەست لە نووسینی تاقیکردنەوەی میللی لە پۆلی پێنجی بنەڕەتیدا، زوو دەرك کردنە بە ئاستی تێگەیشتن و زانینی منداڵان، چونکە تا زووتر قوتابخانە دەرك بەو کۆسپ و تەگەرانە بکات کە لەبەردەم گەشە کردنی منداڵاندان چارەسەر کردنیان ئاسانترە، ئەم ئەنجامەش وەك پێوەرێك بۆ بەراورد لەنێوان قوتابخانەکانی کوردستاندا بەکار دەهێنرێت، ئەنجامی تاقیکردنەوەی میللی وەکو ئەنجامی یەك لە تاقیکردنەوە مانگانەییەکانی وەرزی دووەم دەبێت لە تەواوی بابەتەکانی خۆیدا یارمەتیدەرێکە بۆ مامۆستا لە هەڵسەنگاندنی ئاستی زانیاری و زانستی قوتابیەکاندا، قوتابی بەکۆی ئەنجامی گشتی هەموو تاقیکردنەوەکان بە تاقیکردنەوەی میللیشەوە ئەنجامی کۆتایی وەردەگرێت، دەبێت لە هەموو کوردستاندا تاقیکردنەوەی میللی هەبێت، ئەویش لەسەر ئاستی پەروەردەی قەزاکان بێت واباشترە:

أ- تاقیکردنەوەکە بکەوێتە سێ رۆژی هەفتەی یەکەمی مانگی نیسانی هەموو ساڵێکی خوێندن.

ب- پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی میللی لەسەر ئاستی پەروەردەی قەزاکان بە لیژنە دەبێت.

ج- پشکنینی تێنووسە ئەزموونیەکان لە لایەن هەمان مامۆستای بابەتی قوتابخانە دەبێت تاکو یەکێك لە ئەرکە پەروەردەییەکانی سەرشانی مامۆستا.

بە نەمانی تاقیکردنەوەی بەکالۆری پۆلی شەش بڕوانامەی قوناغی سەرەتایی نامێنێت.

سیستەمی بەکالۆری لە پۆلی شەشدا، لە کاتێدا کە تەمەنی منداڵان لە دوانزە ساڵ تێپەر ناکات، خەونێکی ترسناکەو دنیای بێگەردو ساکاری منداڵییان دەشێوێنێت، ئەو بڕوانامەو زانیارییانەی کە منداڵێکی تەمەن دوانزە ساڵ هەیەتی هەرگیز مەرجەکانی بازاڕی کاری ئەمرۆ پڕ ناکاتەوە، هەر بۆیە بڕوانامەی قوناغی سەرەتایی کێشی خۆی لە دەستداوەو مانەوەی سوود بە دوا رۆژی کۆمەڵگەی کوردستان و بازاڕی کار ناگەیەنێت.

6- ئەزموونەکانی پۆلەکانی حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم بەم شێوەیە دەبێت:

دیاره بۆ ئاستی زانستی پێویسته ئێمه میکانیزمێکیش دابنێین لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەو ئاسانکاریانەو بە دیموکراتیز کردنی خوێندن و کە خوێندکار و قوتابی سەنتەرێتی، ئەرکی ئێمەشە ئاگامان لە ئاستە زانستەکەش بێت، نەك وەکو خۆی بیهێڵینەوەو بەرزی بکەینەوە، بۆیە:

* ڕێژەی نمرەی پۆلی حەوت 15٪ وەردەگیرێت، بۆ کۆ نمرەی پۆلی (9).
* ڕێژەی نمرەی پۆلی هەشتەم 15٪ وەردەگیرێت، بۆ کۆ نمرەی پۆلی (9).
* ڕێژەی نمرەی پۆلی نۆیەم 70٪ وەردەگیرێت، کۆی هەرسێکیان دەکاتە کۆ نمرەی قۆناغی سێیەمی ناوەندی کە نۆیەمی ئێستا دەکات، بۆ ئەوەی لەوێوە بڕواتە ئامادەییەکان.

ساڵی خوێندنی 2008/2007 تەنها پۆلی حەوت دەگرێتەوە،

هەر ژمار کردنی ئەم ڕێژانە بۆ دەرچوون لە قۆناغی بنەڕەتیدا:

أ- کێ بڕکێیە بۆ وەرگرتنی لە قۆناغی ئامادەییدا.

ب- هەر قوتابییەك ڕێژەی لە 60٪ بە دەست نەهێنێت مافی وەرگرتنی نابێت لە قۆناغی ئامادەیی (ئەکادیمی) زانستی و وێژەییدا، بەڵام دەتوانێت درێژە بە خوێندن بدات لە ئامادەییە پیشەییەکاندا.

ج- لە کاتی بەدەست نەهێنانی ڕێژەی وەرگرتنی لە ئامادەییە ئەکادیمیەکاندا، مافی هەیە ساڵی دواتر بۆ بەرز کردنەوەی ڕێژەکەی بەشداری ئەزموونی دەرەکی بکات.

د- لە پۆلەکانی (چوار، پێنج، شەش، حەوت، هەشت، نۆ) دەرنەچوون لە خولی یەکەمدا نامێنێ.

مەبەستی ئێمە لە خوێندن فێربوون و فێرکردنی گەیاندنی زانستە بە قوتابی و خوێندکاران، لە خولی یەکەم کەوتن لە سێ وانەو هێشتنەوەیان لە ساڵێك بەفیڕۆ دانی بودجەو سەرو سامانی وڵات و هەم توانای کەچەکان خۆشیانە، بۆیە ڕەخساندنی هەلی دووبارە تاقی کردنەوە لە خولی دووەم بۆ هەموو ئەوانەی لە چەند وانە کەوتوون کارێکە مافی خوێندکار و قوتابیە، لە کاتێکدا کە دەرچوو هەمووومان سوودمەند دەبین، بۆیە کەوتن لە خولی یەکەم لە هیچ قۆناغێکی بنەڕەتی نامێنێت.

دووەم: قۆناغی ئامادەیی:

1- تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ لە قۆناغی ئامادەیی نامێنێت، بە هەمان شێوەی قۆناغی بنەڕەتی.

2- لە قۆناغی ئامادەییدا دەرنەچوون لە خولی یەکەمدا نامێنێت، هەمان سیستەمی قۆناغی بنەڕەتی.

3- پۆلی دە بەسەر ئەم لقانەی خوارەوەدا دابەش دەبێت:

أ-زانستی گشتی.

ب- وێژەیی گشتی.

ج- پیشەیی.

هەر بوارێکی تری زانستی کە ڕۆژگار بێنێتە پێشەوە.

1- زانستی گشتی:

پۆلی دەی زانستی گشتی دەست نیشانکەری ئارەزووەکانی قوتابیە لە بوارە زانستیەکاندا.

2- بەشی وێژەیی:

پۆلی دەی وێژەیی گشتی دەست نیشانکەری ئارەزووەکانی قوتابیە لەبواری زانستە وێژەییەکاندا. زمانی ئینگلیزی و کۆمپیوتەر لە هەموو بەشەکانی ئامادەییدا بەشێوەیەکی فراوان دەخوێندرێت.

ئەزموونەکانی پۆلەکانی ئامادەیی، دە، یازدە، دوازدە بەم شێوەیە دەبێت:

- رێژەی نمرەی پۆلی دە لە 10٪ وەردەگیرێت، بۆ کۆ نمرەی پۆلی دوازدە کە پێی دەچێتە زانکۆ.

- رێژەی نمرەی پۆلی یازدە لە 15٪ وەردەگیرێت، بۆ کۆ نمرەی پۆلی دوازدە کە پێ دەچێتە زانکۆ.

- رێژەی نمرەی ئەزموونەکانی وەزاری پۆلی دوازدە لە 75٪ وەردەگیرێت، کەوا بێت قوتابی یان خوێندکار ئەگەر ویستی پەیوەندی بە زانکۆ و کۆلیژ بکات کە ئارەزوویەتی، ئەمە هیچ لە پۆلی حەوتەوە خەریکی خوێندنە، دیسانەوە لە پۆلی دەشەوە زۆر بە جددی خەریکی پرۆسەی خوێندن بێت.

- ساڵی خوێندنی 2008/2007 تەنیا پۆلی دە دەگرێتەوە.

- ساڵی خوێندنی 2009/2008 تەنیا پۆلی دەو یازدە دەگرێتەوە.

- ساڵی خوێندنی 2010/2009 تەنیا پۆلی دەو یازدەو دوازدە دەگرێتەوە.

- أ/ ئەگەر قوتابی رێژەی لە 60٪ کەمتر بە دەست بهێنێت، مافی وەرگرتنی نابێت لە زانکۆکانی کوردستاندا.

- ب- قوتابی مافی هەیە بۆ زیاد کردنی رێژەکەو وەرگرتنی لە زانکۆدا ساڵانی دواتر بەشداری ئەزموونی دەرەکی بکات.

بێگومان ئێمە هەر ساڵی پار بڕیارێکی تریشمان بۆ قوتابی و خوێندکارانی کوردستاندا، ئەگەر هاتوو لە 80٪ بەرەو ژووری هێنا ئارەزووی لێ بوو لە کۆلیژێکی تر بخوێنێ نمرەی بەرزترە بۆی هەیە ساڵی دواتر بەشداری تاقی کردنەوەی دەرەکی بکات، کام ساڵیان رێژەی زیاتر بوو، بەو نمرە نوێیە، داوای پێشکەش کردنی زانکۆیەکان بکات، ئەوە هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە.

3- پیشەیی:

أ- تاقی کردنەوەی نیوەی ساڵ نامێنێت.

ب- خوێندنی بەشی پیشەییش سێ ساڵە، پۆلی دە، یازدە، دوازدە.

ج- نموونەی لقەکانی بەشی پیشەیی:

-پیشەسازی.

- کشتوکاڵ.

- بازرگانی.

بەدواچوون و هەڵسەنگاندن:

پاش ساڵێك لە پراکتیزە کردنی پرۆژەی گۆڕانی سیستەمی پەروەردەو فێرکاری بەدواچوونێکی هەمە لایەنەو هەڵسەنگاندنی قووڵی هەموو پرۆژەکە، لە لایەن پسپۆڕانی پەروەردەییەوە دەکرێت، بۆ دەست نیشان کردنی.

1- دەرئەنجامە پۆزەتیڤ و بەهێزەکانی پرۆژەکە.
2- دەرئەنجامە لاوازەکانی پرۆژەکە بۆ چارەسەر کردنیان.
3- بەردەوامی و موتوربە کردنی پرۆژەکە بە گۆڕانکاری نوێی پێویست، بۆ بەرەو پێشخستنی پرۆسەی فێرکاری کوردستان.

کۆتایی:

ئەمڕۆ کوردستان لەبەردەم گۆڕانکارییەکی گەورەدایە، هەنگاوی زۆر گەورە لە بوارەکانی دیموکراتی و ئاوەدانکردنەوە لە لایەن حکومەتی کوردستانەوە دەنرێت، بەردەوامی ئەو هەنگاوانە پێویستی بە گۆڕانکاری بنەڕەتی هەیە لە سیستەمی پەروەردەو فێر کردندا، ئەم پرۆژەیە هەنگاوێکی گرنگە بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی زانیاری و زانستی لە کوردستاندا، لە هەمان کاتدا ڕێخۆشکەرە لە پێناوی بەهێز کردنی پرۆسەی دیموکراتی و پاراستنی ماڤی تاکە کەسدا، بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوومان بە زانست و ژیانێکی بەختەوەرو ئاسوودە پڕچەك بکەین.

تاقیکردنەوەی میللی لە پۆلی پێنجی بنەڕەتیدا لە زمانی کوردی و ماتماتیك و زمانی ئینگلیزی و بابەتەکانی تر، کە پێویستن دەکرێت، تاقیکردنەوەکە لە لایەك و بۆ بەراورد کردنی قوتابخانەکانی کوردستان و لە لایەك بۆ دڵنیا بوون لەوەی کە قوتابی بە ئامانجەکانی خوێندنی ئەو چەند وانەیە گەیشتووە.

ئەمە پوختەی ئەو پرۆژەیە بوو، بێگومان لێرە وردەکاری تر باس کراوە کە ئامانج لە وتنەوەی هەر وانەیەك دەبێت چۆن بێت، بە نموونە بۆ مامۆستایان باس کراوە، بە پێویستی نازانین لێرە بێینە سەر وردەکارەکانی تر، کە ئەوە زیاتر پەیوەندی بە کاتی جێ بەجێ کردنەوە هەیە، ئەمە خاڵە سەرەکیەکانی پرۆژەکە بوو.

ئەگەر بەڕێزتان پێتان خۆش بێت بەر لەوەی ئێوەی بەڕێز بکەونە پرسیار، یان هەر شتێکی تر پوختەیەکیش لەو کارانەی کە لە ماوەی ساڵی رابردوو، دوای پەسند کردنی یاسایەکەی وەزارەتی پەروەردە ئەوەی کە ئێمە بۆ ئێوە بە چەند دەقیقەیەك باس بکەین، من ئامادەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو پەیامەی لە پێشکەش کردنی کابینەی پێنجەم بە پەرلەمانی کوردستان کرا ئەرکێکی دیاری کراوی بۆ وەزارەتی پەروەردە رەخساند بوو، یەکێك لەوانە پرۆژەی ئەم گۆڕانکاریە بوو، کاراتر کردنی فێربوونی قوتابی و خوێندکاران بە زمانی ئینگلیزی ئاشنا کردنی کۆمەڵگای کوردەواری بە بواری

کۆمپیوتەر، پەرەدان، بەبواری وەرزش و هونەر بۆ گەنجان و لاوان، ئـەوەی پەیوەنـدی بـە ئێمـەوە هەبووە، وەك وەزارەتی پەروەردە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو ئەرکانە هەڵساوین بەم کارانەی خوارەوە:
کردنەوەی سێ پەیمانگای کۆمپیوتەر، کە بۆ یەکەم جارە لە عێراق و لە کوردستان، لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك بە سیستەمێکی نوێی زانستی کە ماوەی خوێندنی تێدایە پێنج ساڵە کراوەتەوە، ساڵی نوێی خوێندن دوو پەیمانگای تری کۆمپیوتەر لە رانیەو لـە گـەرمیان بڕیاری لەسـەر دراو کراوەتـەوە، بـۆ یەکـەم جار لـە هەرێمی کوردستان و لە عێراقیش بڕیاری کردنەوەی پەیمانگای وەرزش درا، ساڵی خوێندنی پار لە هەولێر، سـلێمانی، دهـۆك زیـاتر لـە (750) کـچ و کـوڕی هـەرێم چـوونەتە ئـەو پەیمانگایـەوەو ئەمسـاڵیش چـەند پەیمانگایەکی تـری وەرزش لـە رانیـە، کۆیـە، ئـاکرێ، خانـەقین کراونەتـەوە، دیسـانەوە هـەر لـە یاسـایەکەی وەزارەتی پەروەردە گرنگیدان بە موهوبین، بەهرەداران، بەهرەدارانی کوردستان ئـەرکێکی تـری ئێمـە بـوو، بۆ ئەم مەبەستە دوو کۆلیژی تایبەت بە بەهەرەداران بـۆ یەکـەم جـار لـە کوردسـتان کراوەتـەوە، یـەکێکیان بەناوی کۆلیژی ئەزمەڕ لە سلێمانی، کە دوای پرۆسەی وەرگرتنی قـوول و درێـژو گـرنـگ هەشـت خوێنـدکار وەرگیراون بۆ ئەو کۆلیژە، کۆلیژی قەڵا لە هەولێر کە ئەویش حەوت خوێندکار وەرگـیراون بـۆ ئـەو کۆلیـژە لـە قوتابیـان و دەرچـووی شەشـی سـەرەتایی بـە پرۆسـەیەکی زانسـتی ورد بـە سـوود وەرگـرتن لـە کۆلیـژی بەغدادی موهوبین لە بەغدا کە پەیڕەو کـراوە، ئەمانـە پەروەردەیـەکی تایبـەت پـەروەردە دەکـرێن، لـە دوا ڕۆژ بە ئومێدی ئەوەی بـبن بـە زانسـت و زانـای گـەورەی بـەناوبانگ هـەر کەسـە لـە بوارەکـانی خـۆی، ئـەو تەجروبەیە لە عێراقدا پەیڕەو کراوەو نۆ لەوانەی کە لەو کۆلیژی بەغدایە دەرچوون، ئێستا لەسەر ئەرکی یەکێك لە ئەمیرەکانی ئیمارات لە گەورەترین زانکۆکانی ئەمریکا پەروەردەی خۆیان دەدەن و هەر یەکـەیان چاوەڕێ دەکـەن ببنـە زانـا لـەبواری خۆیانـدا، بۆیـە بـەناوی دوو کۆلیـژەوە لـە سـلێمانی و هـەولێر ئەمساڵ قۆناغی یەکەمی خوێندیان دەبێت، خوێنـدن تیایانـدا تایبەتـە بـە زمـانی ئینگلیزییـەو مامۆسـتاو پسـپۆڕو پرۆگرامی تایبەتی خۆیان هەیە، دیسانەوە بۆ مافی هەموومان بۆ فێربوون، کـە ئـەرکێکی تـری ئێمەیـە، بـۆ ئەوانەی پێویستیان بە پەروەردەی تایبەتە، بەڕێوەبەرایەتیەکمان کـردەوە بـەناوی بەڕێوبەرایـەتی تایبـەت ڕێکەوتین لەگەڵ شارەزایەك لـەو بوارانـە، کـە خـاوەن بڕوانامـەی ماجسـتێرەو خـەڵکی وڵاتـی نیوزلەندایـە، ئەمساڵ زیاتر لە سێ کۆرسی پەروەردە کردنی مامۆستای پەروەردەی تایبەتی لـە سـلێمانی، لـە هـەولێر، لـە دهۆك کردۆتەوە، بۆ ساڵی نوێی خوێندن ئومێدمان بەوەیە کە منـاڵانی ئەوانـەی پێویسـتیان بـە خوێنـدنی تایبەت هەیە لـەو شـارانە پـۆلی تایبـەتیان بـۆ بکەینـەوە بەشـێوەی سیسـتەمێکی نـوێ پـەرە بـە خوێنـدنی خۆیان بدەن، لەبەر ئەوەی مافی خۆیانە.
بۆ زمانی ئینگلیزی هەر لە قۆنـاغی یـەکی سـەرەتاییەوە دەسـت کـراوە بـە خوێنـدنی زمـانی ئینگلیـزی بـە کتێبێکی نوێ کە کۆمپانیـای مـاکمیلانی بـەریتانی چاپی دەکـات و ڕاهێنـان بـە مامۆسـتایەکانی کـراوەو، وا ڕێکەوتووینە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانە ئەگەر تا گەیشتینە خۆگۆڕین تا قۆنـاغی شەشـی ئامـادەیی، پێویسـتە قوتابی و خوێنـدکاری ئێمـە کـە بەشـداری تـاقی کردنـەوەی زمـانی کـرد جیهانیـەکان، بـۆ نموونـە لـە تـاقی

کردنەوەی تۆفۆڵ، یان یەزدییێل لە هەر تاقی کردنەوەیەکی جیهانی دەربچێت، واتا مەرجی ئێمە لە گۆڕینی کتێبەکان و سیستەمەکان هەر ئەوە نییە لە پێناوی گۆڕین، بەڵکو ئامانجمان ئەوەیە کە قوتابی و خوێندکار دوای ئەو چەند ساڵ خوێندنە، بتوانێت بە نووسین و قسەکردن فێری ئەو زمانە ببێت و بەشداری تاقی کردنەوەی زمانە جیهانیەکان بکات و دەربچێت.

دیسانەوە دەربارەی گۆڕینی پرۆگرامەکان لە (یەك و دوو و سێی) سەرەتایی بیرکاری و زانست گۆڕاون بە ڕێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیایەکی پەروەردەیی ئەمریکی کە ناوی هارکۆتەو لە زۆربەی زۆری قوتابخانەو خوێندگە تایبەتیەکانی کەنداو، نەك گشتیەکان، لەبەر ئەوەی گرانە بەڕاستی لە قوتابخانە تایبەتەکانی کەنداو ئەو پرۆگرامە دەخوێندرێت، ئێمە بە سوپاسەوە بۆ حکومەتی هەرێم بودجەیەکی تەواوی بۆ تەرخان کردین، تەنها بۆ ئەو سێ قوناغە نزیکەی شەش ملیۆن دۆلارە، کتێبەکان وەرگێڕاونەتە سەر کوردی، مامۆستایان ڕاهێنانیان پێ کراوە، ئەمساڵی نوێی خوێندن قوتابیانی کوردستان ئەو سێ کتێبە دەخوێنن و بەردەوامیش ساڵی تر چوار و پێنج و شەش پرۆسەکە بەردەوامە گۆڕینی پرۆگرامەکانی هەموو ئەو قۆناغانە، جگە لەوە بۆ بە دیموکراتیزە کردنی خوێندن و بۆ ئەوەی کە چیتر دیاردەی حزبایەتی کە میراتێکی کۆنی هەبووە لە هەموو بوارەکان و لە پەروەردەشدا بێگومان هەر هەبووە، ئێمە میکانیزی تەواومان گرتۆتەبەر، نەك بەدەرکردنی بڕیار، چونکە بە خۆتان دەزانن هەر تەنها بڕیارو فەرمانەکان، ئەگەر بێتو میکانیزمێکی بۆ دانەڕێژین جێ بەجێ ناکرێت، بۆیە ساڵی پار لە ڕێگەی لیژنەیەکی پسپۆڕی شارەزاوە لە مامۆستایانی بواری هونەر لە دهۆك و هەولێر و سلێمانی و کەرکووك کتێبێکی سروودی قوتابخانەو خوێندگاکان چاپ کرا، کە هەموو ئەو سروودانەی بەپێی تەمەنی قوتابی و خوێندکار ئەمساڵ دەبێت لە خانەقینەوە تا زاخۆ هیچ قوتابخانەو خوێندگەیەك لە چوارچێوەی ئەو کتێبە دەرنەچێت، بۆ ئەوەی دیاردەی حزبایەتی و دەوری لە قوتابخانەو خوێندگاکان بنبڕ بکەین.

دیسانەوە بۆ دەست تێوەرنەدانی ئەو لایەنانە پرۆسەی دانانی سەرپەرشتیار، کە پرۆسەیەکی گرنگە ئەمساڵ لە ڕێگەی تاقی کردنەوەو چاوپێکەوتنەوە هەموو ئەو مامۆستایانەی کوردستان کە حەزیان لێیە ببن بە سەرپەرشتیار لە هەولێر تاقی کردنەوەیان بۆ ئەنجام دراوەو لیژنەیەکی زانستی چاودێری کردووەو هیچ دەست تێوەردانێکی ئەم لاو ئەو لای نەبووە.

بۆ باخچەی ساوایان، کە قۆناغێکی گرنگە بەڕاستی وەکو بەڕێزتان ئاگادارن بەداخەوە لە 5٪ی منداڵانی کوردستان هەلی چوونە باخچەی ساوایانیان بۆ نەرەخساوە، ئێمەش ناتوانین بە کتوپڕێك دەیان بینا دروست بکەین، بۆیە پێشنیارمان کرد لە زۆر شوێن، بەتایبەتی لە ناحیەو گوندەکان، زۆر قوتابخانە هەیە بۆ سەرەتایی دروست کراوە ژمارەی قوتابیانیان کەمە، گوتمان هەر قوتابخانەیەك ئەگەر بتوانێت بەشێك لە قوتابخانەکەی خۆی بکاتەوە، ئێمە ئامادەینە ئەو بەشەی تر بکەینە باخچەی ساوایان، خۆش بەختانە چەندین قوتابخانە بەشێوەی ئەمساڵ دەکرێتەوە، هەروەها هانی کەرتی تایبەتماندا وەکو چۆن بینای تیجاری دروست دەکەن، بیناش دروست بکەن، بۆ ئەوەی ئێمە بە کرێی بگرین لێیان، هەم بۆ باخچەی

ساوایان، هەم بۆ قوتابخانەو خوێندگا، کە شتێکی زۆر ئاساییە، ئێمە ناتوانین لە چەند ساڵی داهاتووش بەپێی بودجەی حکومەت بینا دروست بکەین، بەلاّم دەتوانین بیناکان بیگرین بە کرێ، بۆ سەرپەرشتی کردنی خوێندنی تایبەت، کە ئەمڕۆ تازە بە تازە هاتۆتە کوردستان و بۆ ئەوەی ئەو سەر خێزانانەی کە منداڵەکانیان دەنێرنە قوتابخانە ئەهلیەکان دڵنیا بن لە دوارۆژ منداڵەکانیان بە خوێندنەکەیان و ئەو پارەو بودجەی کە سەرفیشی دەکەن بە فیڕۆ نەچێت بەڕێوەبەرایەتیەکمان کردۆتەوە بەناوی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی نموونەیی و ئەهلی تایبەت، سەرجەم قوتابخانەو خوێندگاکانی کوردستان پێویستە پابەندی ئەو ڕێنماییانە بن کە لە وەزارەتەوە دەردەچێت، ئەوان سەرپەرشتی دەکەن هەم لە رووی بودجەو داراییەوە ئەمساڵ زۆربەی زۆری قوتابخانەو خوێندگاکان بڕێکی یەکجار بەرچاو پارەکانیان زیاد کردووە، بەلاّم ئێمە پێمان کەم کردنەوە بەپێی ئاستی بژێوی کارەکانیان و بۆ ئەوەی لە قۆناغەکانی کۆتاییشدا وەکو وتم ئەو قوتابی و خوێندکارەی لەو قوتابخانانەن بێ بەش نەبن لە زانکۆیەکانی کوردستان و لە ژێر چاودێری وەزارەتی پەروەردە بن.

بۆ گرنگی دان بە بابەتەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی، کە یەکێك لە ئامانجەکانی وەزارەتی پەروەردەیە، بابەتەکانی مافی مرۆڤ بڕیاردرا لە ئەمساڵی خوێندنەوە لە هەموو هەرێمی کوردستان لە چوار و پێنجی بنەڕەتی و یەکی ناوەندی کە دەکاتە حەوت، چواری ئامادەیی دەخوێندرێت، ئەمە وا دەکات بەڕاستی منداڵان و قوتابی و خوێندکاری کوردستان ئاشنا بکرێن بە بابەتەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی.

دیسانەوە بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی زانستی مامۆستایان و جێ بەجێ کردنی ئەو پێداویستیانەی کە ئەم پرۆژەیە هەیەتی بڕیاردرا چەند پەیمانگایەکی مەڵبەندی مامۆستایان ئەمساڵ قوتابی و خوێندکار وەرنەگرێت لەسەر داوای بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکانی ئەو ناوچانە، کە پێیان راگەیاندین ژمارەی مامۆستایانی سەرەتایی واتا بنەڕەتی لەو شوێنانە زۆرن، لەوانە هەولێر پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی هەولێر، دهۆك، سلێمانی، هەڵەبجەی شەهید، هەروەها گەرمیان، ئەمساڵ قوتابی و خوێندکار لەو پێنج پەیمانگایانە وەرناگیرێت، تەنها قۆناغی دوویان دەمێنێت، ئێمە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا لە هەوڵی ئەوە داین ئەو پەیمانگایانە بکەین بە کۆلیژی پەروەردە، یان بنەڕەت، بۆ ئەوەی ئیتر وردە وردە وای لێ بێت لە هەموو خوێندگاکانی خوێندن مامۆستایەکانی ئێمە دەرچووی کۆلێژبن و بڕوانامەی بەرکالیۆرسیان لەدەست بن، جگە لەوانە بۆ راهێنانی بەردەوامی مامۆستایان سێ پەیمانگەی مەشق و راهێنان لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك کراوەتەوە، کە کاریان تەنها مەشق و راهێنانە، مامۆستایان وانەی تایبەت چی شێوازی وانە وتنەوە، یان هەر هۆکارێکی تر کە پێویست بێت، جگە لە کردنەوەی پەیمانگایەکی مەڵبەندی کە سەر بەوەزارەتە، بۆ سەرپەرشتی کردنی بواری پەروەردە لە ئەو شارو شاروچکانەی کوردستان کە هێشتا نەگەڕاونەتەوە باوەشی هەرێمی کوردستان، ئێمە لە سەرجەم ڤیستیڤاڵی وەرزشی و هونەریەکاندا ئەوانمان بەشداری پێ کردووەو بۆ کەرکووکی خۆشەویست بەتایبەتی ئەو دوو پەروەردەیە کە هەمووتان دەزانن، رەنگە جێگای پرسیاری ئێوەش بوو بێت، ئێمە وامان لێ کردوون تەنیا هەموویان

کاتێك دەتوانن بەشدار بن کە چالاکیەکانی ئێمە بە یەك تیم بێنە ناو ئەو ڤیسیڤالآنەوە، نەوەك هەر یەکەیان بە تیمێك، چونکە بەداخەوە ئەوەش دیاردەیەکە تا ئێستا لە کەرکووك ماوەو لە هەوڵی چارەسەر کردنی داین.

بەڕێزان ئەمە کورتەی ئەو کارو ئەرکانە بووە، کە لە ماوەی رابردوودا ئێمە کردوومانە، جگە لەوەی چەندین بڕیار لە بواری ئەزموونەکانی ساڵی رابردوو درا، لەوانە بۆ یەکەم جار خشتەی وانەی تاقی کردنەوەی وانەکان لە سێی ناوەندی و شەشی بەکەلۆری گۆڕا، کە لە هەفتەیەکدا تەنها قوتابی و خوێندکار ڕێگەیان پێدرا دوو تاقی کردنەوە بکەن، بۆ ئەوەی لە هەموو روویەکەوە باشتر بێت، ئەمەش سوودێکی زۆر باشی گەیاند ڕێگەماندا بەو قوتابی و خوێندکارانەی کە لە پۆلی شەش دەرسێك، یان دوو دەرس دەکەون ساڵی داهاتوو تەنها لەو دوو دەرسە تاقی کردنەوە بکەن، نەوەکو بگەڕێنەوە ساڵێك دابنیشن تەنها بۆ دوو دەرس، ئەمە وای کرد ڕێژەی دەرچوون ئەمساڵ لەسەر ساڵانی تردا، ئێمە ناڵێین ڕێژە بەرزە، دەڵێین لە چاو ساڵانی تردا بە ڕێژەی لە 10٪ زیادی کرد لە ئامادەییەکاندا لە زانستی و وێژەیی و بەشەکانی تر، بەهیواین بە پیادە کردنی ئەم سیستەمە نوێیەش ڕێژەی زانستی و جگە لە دەرچوون ڕێژەی ئاستی زانستی سەرجەم خوێندکار و قوتابی کوردستان بگاتە ئاستی ولآتانی پێشکەوتوو، زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و دەستەی سەرۆکایەتی و لیژنەی پەروەردەو سەرجەم ئێوەی بەڕێز، کە بوارتان بۆ من رەخساند لە ڕێگەی ئێوەوە سەرجەم خەڵکی کوردستان ئاشنا بکەین بە ئەو ئەرکانەی لەسەرمانەو، ئێستا هەر چ پرسیارێك، یان هەر رەخنەیەك، یان هەر شتێك هەبێت، ئێمە ئامادەین وەڵآم بدەینەوە بە سوپاسەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك دڵشاد وەزیری پەروەردە، بۆ ئەو روون کردنەوەو شروحاتەی کە دای، پەروەردە لە ئایندەدا دەباتە قۆناغێکی تازە لەگەڵ پێداویستیەکانی گەلی کوردستان لەگەڵ گۆڕانکاریەکان بگونجێت، ئومێدی سەرکەوتنی بۆ دەخوازین و دەست خۆشی لێ دەکەین، دەست خۆشی لە هەموو ئەو کەسانە دەکەین، کە بەشداریان کردووە لەو کۆنفرانسانە کە بۆتە هۆی ئەوەی بگەنە ئەو بڕیارانەی کە ئاماژەی پێ کرد، ئێستاش دەرگا دەکەمەوە بۆ پرسیارتان، وا دیارە هەمووتان دەتانەوێت قسە بکەن، کاك هیوا فەرمووو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی دەستخۆشی لە وەزیرو وەزارەتی پەروەردەو هەموو ئەو لیژنەو ستافانە دەکەم، کە ئەم هەوڵەیان داوەو، بەڕاستی ئەم هەوڵەو پیاهەڵسانەی ئێستا بەنیسبەت هەرێمی کوردستان دەتوانم بڵێم زۆر دواکەوتووە، بەڵآم لە ئێستاوە یەکلا کراوەتەوە لەلایەك کارێکی باشەو جێگەی دەستخۆشین، لەڕاستیدا ئەوە حەقیقەتێکە ئێمە ئەگەر بمانەوێت چاکسازی بکەین، بمانەوێت گۆڕانکاری بکەین، بمانەوێت داهێنان کاری بکەین لە ڕێگەی پەروەردەو پێگەیاندن و فێرکردنی تاکەکانەوە دەکرێ، بۆیە من داوا دەکەم پەرلەمان،

حکومەت لە هەموو رووبەکەوە پشتیوانی بکەین لەم پرۆژەو ئیهتیمامیان پێ بدەین و دەستخۆشیان لێ بکەین، یەك خاڵ من پێم باشە وەکو خاڵێك ئیشارەتی پێ بکرێت، لەڕاستیدا ئێمە بەنیسبەت پێگەیاندنی تاکەکانمانەوە، بەتایبەتی لە رووی زمانەوە، پێویستە ئێمە گرنگی بە سێ زمان بدەین، کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، کە من ئێستا قسەی پێ دەکەم، کە ئەمە زیانی بە ئێمە گەیاندووە، کە من پەرلەمانتارانی بەغدام بینی یەکێك لە خاڵە لاوازەکانی پەرلەمانتارەکانمان زمانی عەرەبی نازانن لە پەرلەمانی عێراقدا، لەبەر ئەوەی داوام وایە وەزارەتی پەروەردە گرنگیەکی زۆر بدات بە زمانی عەرەبی لە پاڵ زمانی کوردی و ئینگلیزی بە پلەی سێیەم دابنێین، چونکە زمانی کوردی و عەرەبی زمانی رەسمی عێراقن و زەرورەتی تاکەکانی ئێمەن و عەرەبی یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکیەکان بۆ پێگەیاندنی تاکمان لە رووی سەقافەو رۆشنبیریەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستخۆشی لە وەزارەتی پەروەردە دەکەین، بەڕاستی دەمێکە چاوەڕوانی ئەو گۆڕانکاریانەمان دەکرد دەستیان خۆش بێت، پرسیارەکەی من ئەوەیە بەنیسبەت قوتابیانی شەشی ئامادەیی کە ئێستا باوە دەرسێکی بەجێ دەهێڵنەوە، بۆ ئەوەی لە دەوری دووەم ئەگەر مەعدەلی باش بوو ئەوە ئەو دەرسە ئیمتیحان دەداتەوە، ئەگەرنا ساڵەکەی دووبارە دەکاتەوە، جەنابتان فەرمووت ئەگەر دەرسێکی ماوە دەتوانێت تەنها ئەو دەرسە ئیمتیحان بداتەوە، ئەگەر روون کردنەوەیەك هەبێت، ئەوە مەمنون دەبین، پرسیارەکەی تریشم ئەوەیە بەنیسبەت وەزارەتی پەروەردە هیچ ئاسانکاری دەکرێت بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت وەکو تەبەڕوع قوتابخانە دروست بکەن، هەموومان دەزانین ئەوەی بیەوێت مزگەوتێك دروست بکات ئاسانکارییەکی زۆری بۆ دەکرێت لە لایەن وەزارەتی ئەوقاف، هیچ یاسایەکی وا هەیە عەینەن ئاسانکاری بۆ ئەو دەوڵەمەندانە بکات کە بیانەوێت قوتابخانەیەك دروست بکەن، ئەگەر روون کردنەوەیەك هەبێت، ئەوە مەمنونی جەنابتان دەبین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی منیش دەستخۆشی لە جەنابی وەزیری پەروەردەو هەموو ئەو پسپۆڕو هەموو ئەو بەڕێزانەی کەوا بەشداریان کردووە لە ئامادە کردنی ئەم پرۆگرامە گرنگە دەکەم، کە ئومێدەوارین سەرەتاییەکی باش بێت، بۆ ئەوەی کەوا کۆمەڵگای کوردەواری بەرەو قۆناغێکی باشتر ببات، پێویستە ئێمە بیر لەوە بکەینەوە

کەوا پەرەوەردە لە سەرەتادا لەناو خێزان دەست پێ دەکات، ئەوە راستە ئەرکی وەزارەتی پەروەردە نییە، بەڵام پێویستە جۆرە هاوکارییەك، میکانیزمێك دروست بکرێت، بۆ ئەوەی کەوا وەزارەتی پەروەردە هاوکاری خێزان بکات، بۆ ئەوەی کەوا ئەو منداڵانەی کەوا دەچنە قوتابخانە هێواش هێواش ئامادە بکرێن، من لێرەدا ئاماژە بۆ خاڵێك دەکەم، کەوا رۆڵی خێزان چەند گرنگە، بۆ ئەوەی کەوا ئاگاداری زمانی زگماکی کوردی بکات لە باکوری کوردستاندا، ئەگەر خێزانی کوردەواری نەبوایە زمانەکەمان لەبیر دەکرا، لە خێزاندا لەو سەردەمەی کەوا منداڵ پەروەردە دەکرێت لەناو لانکەو بێشکەدا، دایك منداڵ پەروەردە دەکات، بۆ ئەوەی زمانی زگماکی لەبیر نەکرێت، ئێمەش دەبێت جۆرە کارێك بدۆزینەوە، میکانیزمێك، بۆ ئەوەی کەوا بە هەمیشەیی جۆرە هاوکارییەك هەبێت، کەوا لەنێو خێزان و وەزارەتی پەروەردەدا، ئیتر بە هەر شێوەیەك بێت دەبێت بیری لێ بکەینەوە، لێرەدا باس لە سیستەمی پەروەردە کرا لە کوردستاندا، کە وەکو جەنابی وەزیر ئاماژەی بۆ کرد تاکو ئێستا تیۆرییە، ئێمەش دەمانەوێت بەشێوەیەکی زانیاریانە بەرەو پراکتیزی ببیەن، ئایا تاکو ئێستاکە ئەو جۆرە کادیرەمان هەیە، کەوا بتوانێت دەست بەو کارە بکات، ئەوە دەبێت بە جددی و بە زانیاری بیری لێ بکرێتەوە، نامەوێت درێژەی پێ بدەم، خاڵێکی تر/ سەبارەت بە زمانی کوردی، ئایا کام زمانی کوردی، زمانێکی یەکگرتووی کوردیمان هەیە، بۆ ئەوەی کەوا منداڵی کورد لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا بەو زمانە کوردیەوە لە سەرەتاوە دەست پێ بکرێت، بۆ ئەوەی فێری ئەو زمانە بێت، بۆ خوێندنەوەو نووسین، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی هاوڕێیەکانم بۆ دەستخۆشی لە وەزارەتی پەروەردە، ئەوەی کە دەمەوێت لێرە بیڵێم، من پێم وایە باس کردنی ئەم پرۆسەیە، ئەم سیستەمە گۆڕینەکەی، بیر لێ کردنەوەکەی هەنگاوێکی زۆر گرنگە، ئێمە تاکو ئێستا سیستەمی پەروەردەییمان بۆ دانراوە، ئێستا خۆمان دایدەنێین، پێم وایە ئەوە خاڵێکی زۆر جەوهەرییە لە گۆڕانکایەکەو هیوادارم ئەم گیانە خۆمان دایبنێین زۆر پارێزراو بێت لە یەکێکی نەسەنینەوەو بیدەینە یەکێکی تر.

دوو/ گرفتە ئەساسیەکانی پەروەردە، پێم وا نییە تەنها سیستەمی پەروەردە بێت، ئەوانەی کە ماموستاییەتیان کرد بێت زۆر باش دەزانن، جێگای خوێندن یەکێکە لە گرفتەکان، هەست نەکردن بە بەرپرسیاریەتی یەکێکە لە گرفتەکانی تر، کادیری فێرکار کە ماموستایە، ئەگەر ئەمڕۆ ئەمانە کە منداڵمان هەیە لە قوتابخانە، پێمان وا نییە سیستەمەکە زۆر راستە دواکەوتووە، ئەوە گرفتمان نییە، ئینجا بۆیان داناوین، ئەوانە هەمووی عەیبن، بەڵام ئێستا لە فێرکارەکان زۆر گرفت هەیە، لە جێگایەکان گرفتی زۆر گەورە هەیە، یەعنی هیوادارم وەزارەتی پەروەردە هەروەکو گرنگی داوە بە سیستەمەکە بۆ گۆڕانکاری

بیرێکی ئەساسیش لەمە بکاتەوە، سۆدان یەکێکە لە وڵاتە دواکەوتووەکانی دنیا، لە هیچ قوتابخانەیەکی سۆدان دوو قوتابخانە ناخوێنن، هەر یەك قوتابخانە دەخوێنن، ئەوە بۆ ئێمە شتێکی ئەوە دەبێت، دەبێت زۆر بیری لێ بکەینەوە، ئەمەی کە بەڕێزت باست کرد، یەعنی دەتوانین بڵێین سیستەمەکە بووە بە سیستەمێکی ئا، یان نا، ئەو کۆنە لادەبەین، ئەمە دەگۆڕین، یەعنی دەبوایە تەدریجێك هەبوایە، زوو خێرا چووینە سەر شتێکی تر، شتێکی نوێ، دەبوو مەسەلەن چەند ساڵێك دابنێین دوو ساڵ، ساڵێك، دوو ساڵ دابنێین بۆ ئەوەی قوتابی خۆی رابهێنێت، مامۆستا خۆی رابهێنێت، پێم وایە پەلە کردنێکی تیایە، دەبوو ئەمە پێش ئەوەی دەست بەکار بن لە پەرلەمان ئەمە تەصدیق بکرا بوایە، بەڵام هەر خراپ نییە، ئەم سیستەمە دەکرێت ئێستاش ناوەکەی بگۆڕین، ئەمەی کە جەنابت باست لێوە کرد، هەمووی بریتییە لە فێرکردن، یەعنی دەتوانین بڵێین بۆ سەرەتای مەلەکی دەگەڕێینەوە، کە ئەو کاتە ناوی وەزارەتی مەعاریف بوو، دواتر بیر کرایەوە کە هەر خوێندن بەبێ پەروەردە بەکەڵك نایەت، تا بووە پەروەردە بە چوار قوناغدا ئێنجا هاتۆتە ئەوێ، ئەمەی ئێستا زۆر وا دیارە گرنگی بە فێر کردنەکەی دەدەین، قوتابی واز نەهێنێت، فێر ببێت، کەوا بوو ناوەکەی ئێستا یەعنی مولاحەزەیەکی دەوێت، ئەگەر نەڵێین بیگۆڕن، جەنابت ئیشارەتت بە قوتابخانەی خاص کرد، من پێم وایە ئەگەر ئێستا سەیر بکەیت جەنابیشت و ئێمەش، وەزیری پەروەردە دەڵێم سەیر بکەن خەڵکی دەوڵەمەند و مەسئوول منداڵەکانی خۆیان دەبەن بۆ قوتابخانە تایبەتیەکان، بۆ؟ سیستەمی خوێندن لەوێ ساڕیمە، بەهێزە، قورسە، چونکە لەوێ فێر دەبێت، کەچی تۆ لێرە ئەوەندە شتی لێ دەکەیت خەڵك بێ ئومێد دەبێت، ئەوەندە وای لێ دەکەیت، دەکەیت بە پۆلی نۆ و دەو لەوێ نەمێنێت و لەوێ نەمێنت، یەعنی ئیتر بە تەواوەتی مامۆستاشی ئەوە بێت، کە یەعنی دەبینین زوعفێك هەیە لە کادیری پەروەردەدا، نەبوونی جێگە تەواو شکستی هێناوە بە پرۆسەکە، ئەمانە هەمووی وا دەکات ئەوەندەی تر مەسەلەکە لاواز بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکایە پابەند بن بە وەخت، دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی دەستخۆشی لە جەنابی وەزیرو هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم، کە ئەو پرۆژەیەیان حازر کردو کۆنفرانسەکەیان ئامادە کردو خۆش بەختانە ئەو کۆنفرانسە بەرهەمەکەی ئێستا وا لە پێش ئێمەیە، کە ئێمە دوا بڕیاری لەسەر بدەین لە پەرلەمان، چونکە جەنابی هاتۆتە ئێرە، بۆ ئەوەی ئێمە بڕیارێکی لەسەر بدەین، چ وەکو بڕیار، چ وەکو یاسا رێگەی پێ بدەین، من پێش ئەوەی دەست بە قسەکانم بکەم، داوای لێبووردن دەکەم بە حوکمی ئەوەی کە منیش وەزیری پەروەردە بووم، حەز دەکەم ئەگەر دەقیقەیەك بەمن زیاتر بدەیت، پێش هەموو شتێك پشتگیری لە هەموو ئەو پرۆژەیەی جەنابی وەزیر دەکەم، بۆیە بە پێویستی دەزانم ئێمە رۆتین بەکار نەهێنین، ئەو داوایەی جەنابی کردی بۆ رێگەدان پێی، ئێمە ئەو

ڕێگەیەی پێ بدەین تا بە زووترین کات جێ بەجێ بکرێت، یەعنی حاڵەتێك بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی بە زووترین کات بیکەین بە یاسایی، ڕێگەی پێ بدەین کە ئەو پرۆژەیە جێ بەجێ بکرێت، هەتا یاسایەکە دەردەچێت، یان بە زووترین کات هەوڵ بدەین ئەو یاسایە بێتە بەردەممان و دوا بڕیاری لەسەر بدەین، تەبیعی ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی زۆر زۆر گرنگە بەڕاستی، یەعنی من نامەوێت خاڵ بەخاڵ باسی بکەم، من لەگەڵ هەموو ئەو دەقەم کە جەنابی وەزیر باسی کرد، خۆش بەختانە ئەمە خەونێك بوو، کە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام هاتە دی و خۆش بەختانە ئەمڕۆ توانرا بێتەدی و ئێستا ئەوە گەیشتە ئەنجام، چونکە پێش ڕووخانی سەددام ئەمە مەنع کرا، ڕاستە لە ساڵی 1994ش هەوڵ درا، بیر لەوە کرایەوە کە شتێك بکرێت، بەڵام وەکو ئەو سیستەمەی کە ئێستا هاتە پێشەوە نەدەتوانرا بکرێت، چونکە هەم خودی ڕژێم دژ بوو، هەم یونیسێف ڕێگەی نەدەدا ئەوە بکرێت، هەرچەندە یەك، دوو هەنگاو نرا، بەڵام بەداخەوە بارودۆخەکەی ساڵی 1994و دوای ساڵی 1994یش ئەو هەنگاوانەشی کپ کردەوە، نەیهێشت، بۆیە من بە هەموو حەماسێکەوە، بە هەموو دڵ گەرمیەکەوە لەگەڵ ئەو پرۆژەیەم و پشتگیری لێ دەکەم، یەك، دوو پرسیارم هەبوو دەربارەی کۆلیژی قەڵاو ئەزمڕ، کۆلیژی ئەزمڕ و کۆلیژی قەڵا بۆ ئەمساڵ کە دەکرێتەوە، یەعنی ئەمساڵ ڕاستە حەوت کەس و نۆ کەس وەرگیراون، بەس بۆ ساڵێکی تر پێوەر چی دەبێت، چونکە ئەمساڵ پێوەر هەبوو، بۆیە حەوتەکەو نۆیەکە وەردەگیرێت، بەڵام پێوەر بۆ ساڵێکی تر چی دەبێت بۆ قەڵاو بۆ ئەزمڕ کە قوتابی وەربگیرێت، چونکە لەوێ موشکیلە هەیە، یەعنی ئێستا پێوەرەکە هەبوو، معیارەکە چی دەبێت بۆ ئەویتریان، بابەتی پەروەردەی مەدەنی جەنابت بایەخت پێداو ئیهتیمامت پێداو باسی دیموکراتی و مافی مرۆڤت کرد، کە لە پۆلی چوارو پێنج و حەوت و دەی تازە دەخوێندرێتەوە جارێکی تر، من پێم وایە ئەمە زۆر زۆر گرنگە، بەڵام بەداخەوە ئەگەر جەنابت سەرنجت دابێت بابەتەکان بە حوکمی ئەوەی لە زمانێکی ترەوە تەرجومە کراوەتەوە بابەتەکانی زۆر ڕەوان نین، یەعنی کوردیەکەی زۆر ڕەوان نییە، تکام وایە هەوڵ بدرێت و لیژنەیەك دروست بکرێت، بۆ ئەوەی پێداچوونەوەی بەسەردا بکرێت، بەنیسبەت قۆناغی سێ کە دەبێتە نۆ، جەنابت گوتت هەردوو پازدە دەرەجەکە بۆ ساڵی 2009 و 2010 دەبێت، مانای وایە ئەو وەختە ئەوانەی کە دەگەنە قۆناغی نۆ ئەو وەختە دەبێت ئەو سیستەمە تەنفیز بکرێت، یەعنی ئەمساڵ و ساڵێکی تر تەنفیز ناکرێت، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستخۆشی لە خۆمان و لە وەزارەتی پەروەردە دەکەم، کە بە هاوکاری هەردوولا توانیمان کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە سیستەمی پەروەردە بهێنینەدی، بەتایبەتی لە خودی کاك دڵشاد کە بەڕاستی ئێرە جێگایەکە من وەکو بەرپرسی ئەم لیژنەیە دەبێت دان بەوە دابنێم وەزیرێك بوو لە کابینەی پێنجەم کە بەو پەڕی

روحی تەعاون و هاوکاری لەگەڵ پەرلەماندا جوڵاوەتەوەو تەسەور دەکەم ئەوە رەمزی یەك لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی جەنابی وەزیر بووە لە کارەکانی خۆی و، هیوادارم لەو کابینەیە بەردەوام بێت، جاروبار دەنگی ئەوەمان گوێ لێ دەبێت، کە لەوانەیە گۆڕان بێت لە لایەنی کابینەکە، داوا دەکەم لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دەست بۆ ئەم کارە نەبەن و کەسێکی گونجاویان داناوە بۆ ئەم وەزارەتە، پێمان خۆشە بتوانێت لە هەنگاوەکانی خۆیدا بەردەوام بێت، بۆ گۆڕان لە سیستەمی پەروەردە، داوای من لە کاك دڵشاد ئەوەیە ئێمە گۆڕانکاریەکمان کرد لە سیستەمی پەروەردە لە نیزامی خوێندن و ئازادیەکمان داوە بە قوتابی، وەکو ئەوەی راسب بوون نامێنێت، وەکو تەوزیعی رێژەی نمرەکان، هەروەها کۆمەڵێك شتی ترمان کردووە، ئەمانە هەمووی رێ خۆشکەرە بۆ ئەوەی قوتابی حەزی لە خوێندن بێت، بەڵام وەکو کاك محەمەد فەرەجیش باسی کرد، ئێمەش لەگەڵ جەنابی وەزیر باسمان کردووە، وەختی هاتووە پاش ئەم گۆڕانە یەکسەر هەڵمەتی دروست کردنی قوتابخانە لە وڵاتەکەمان دەست پێ بکەین، هەڵمەتێکی بەرفراوان لە هەموو لایەکەوە بتوانین هەموو هاووڵاتیانی کوردستان لەناوەوەو لە دەرەوە هان بدەین، بۆ ئەوەی ئەفکارەکانمان رێك بخەین، جارێکی تر کۆنگرەیەکی تر ببەستین هەر بەناوی هەڵمەتی دروست کردنی قوتابخانە، ئەمە تەنها بە بودجەی هەرێمی کوردستان ناکرێت، بۆیە پێویستە هەموو تاقەتەکان کۆبکەینەوە، سێیەم شت کە دەمەوێت باسی بکەم، هەرچەندە دەزانم کە ئەمڕۆ ئەوە کاتی نییە، ئەمە جەلسەیەکی تایبەتی دەوێت، بەڵام زمانی یەکگرتووی خوێندن لە کوردیدا بۆتە گرفتێك لەناو سیستەمی پەروەردەی ئێمە، جەنابی هەرێمی کوردستان ئەم تەکلیفەی کردووە بەر لە چەند مانگێك لە وەزیری خوێندنی باڵا، بۆ ئەوەی پسپۆڕان کۆبکاتەوەو قەراری لێ بدەن، لێرەش جاری ئەخیر کە جەنابی سەرۆکی هەرێم هات تەئکیدی لەسەر ئەو مەوزوعە کردەوە، منیش جارێکی تر داوا لە وەزیری پەروەردە دەکەم بە تەنسیق لەگەڵ وەزیری خوێندنی باڵا بە زووترین کات دانیشتنێکی بەرفراوان پێك بێنن بە هاوکاری لەگەڵ کۆڕی زانیاری کوردستان، یاخود ئەکادیمیای کوردستان، کە ناوەکەی گۆڕاوە، بۆ ئەوەی بە زووترین کات قەرارێك بدەن، بۆ نووسینی مەنهەجی کوردی و وانەکانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی کوردستان لە مەرحەلەی دوازدە ساڵەکەو خوێندنی باڵا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، رێگەم زیاتر دا بە دکتۆر ناصح و نازناز خان، لەبەر ئەوەی دکتۆر ناصح وەزیری پەروەردە بووە پێشتر، نازناز خانیش سەرۆکی لیژنەی پەروەردەیە، تکام وایە پابەند بن بە وەخت، دەبێت تەعلیق بدەم لەسەر دوو قسەی نازناز خان، یەکێکیان من نەم بیستووە یەکێتی شتێکی هەبێت، تا تۆ داوای لێ بکەیت چ گۆڕانکاریەکی نەداوەو چ بیرێکی نەکردۆتەوە، بۆ ئەوەی جەنابت داوا بکەیت دەست نیشان لەوە نەدەن و ماناى لە رۆژنامە شتێکی دەخوێنیەوە، پێویست بە تەعلیق ناکاتن لێرە، چونکە هیچ شتێکی وا نییە، دووەمیش/ زمان، جەنابی سەرۆکی هەرێم لێرە باسی کرد، زمان بە بڕیارێك نابێت، بە کۆبوونەوەیەکیش نابێتن، بە دیراسەت دەبێت و وەختی دەوێت، مەجموعەی گرنگی کوردی هەیە، پسپۆڕان

هەنە، هەموو لایەك خەریكن، چەندین كۆنفرانسی دەوێت، رێككەوتنی دەوێت، هەر ئێمە نین بتوانین قەرار بدەین یەك وەزیرو حكومەتیش ناتوانێت بەو پەلەیە قەرار بداتن، تەنیا ئەو مولاحەزەیەم هەبوو، كاك محەمەد رەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری پەروەردە دەكەم و دەستخۆشی لێ دەكەم، بۆ ئەم سیستەمە نوێیەی كە هێنایانە كایەوەو سیستەمی كۆنیان لابرد، بۆ سەركەوتنی ئەم سیتەمە نوێیە، بە رەئی من سێ پایگەی ئەساسی هەیە، یەكەمیان/ بینا، دووەم/ كەوادیر، سێیەم/ هاوكاری تەواوەتی نێوان قوتابخانەو باوك و دایكی قوتابیان، بینا زۆر گرنگە، چونكە من لە سویدا دەرسم گوتۆتەوە، بۆیە لە قوتابخانەكانی سویدا لە یەك پۆلدا چواردە قوتابی زیاتر تێدا نابێت، ئەو قوتابیانەش دابەش دەكرێت بەگوێرەی عەقلیەتیان زیرەك، مام ناوەندی، خواروو، بۆ ئەوەی هەست بە حاڵەتی نەفسی و هین نەكەن، جگە لەوەی لە ژوورەكاندا هەموو وەسیلەیەكی روون كردنەوەی تیایە، كە قوتابی هاتە قوتابخانەكەوە ناچێتە دەرەوە، تاكو پاش نیوەڕۆ هەر لە قوتابخانەكەدا دەمێنێتەوە، بۆیە بە رەئی من بۆ سەركەوتنی ئەو سیستەمە نوێیە، پێویست بەوە دەكات كە ئەو ئەساسانەی پەلە بكەین لە داڕشتنی ئەو ئەساسیانە، خاڵێكی تر هەیە كە پێویستە لە خوێندن تەمەن رێگەگر نەبێت لە خوێندن وەكو وڵاتانی تر، چونكە ئەم سیستەمە نوێیە وەكو ئەوروپا وایە، یەعنی ئینسان لە هەر چ تەمەنێكدا بێت مەجالی قاپی خوێندنی بۆ بكەنەوە، بەڵام لە مەشروعەكە من ئەوەم بەدی نەكرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینیم لەسەر ئەو پرۆژەی كە خوێندرایەوە هەیە، دیارە زۆر شتی باشی تیایە دەستخۆشی لێ دەكەم، بەنیسبەت هۆكارەكان كە لە خاڵی دوو باسی دەكات تا شەش ساڵ خوێندنی ئیلزامی كەمە، ئێمە لە پرۆژەكەدا كراوەتە نۆ ساڵ، دیارە ئەوە شتێكی باشە، بەڵام بە ئیلزامی كردن، ئێمە كە دەڵێین پێشتریش وازهێنان هەبووە، كە شەش ساڵیش بووە، نۆش بێت بە هەر بارێكدا، كە تۆ دەیكەیتە یاسا، یەعنی كە یاسایەك دەردەكەیت هەموو منداڵێكی كوردستان نۆ ساڵ بخوێنێت، دەبێت ئامادەكاری بۆ بكەین، چونكە پێشتریش بەناو ئیلزامی بووە تا پۆلی شەش، بەڵام خوێندكاریش، یان قوتابیش وازی هێناوە لە خوێندن، یەعنی چارەسەری واز نەهێنانی خوێندن تەنها بەوە نابێت كە ئێمە دەیكەینە ئیلزامی، دەبێت ئامادەكاریەكەی بۆ بكەین وەكو ئامادەكاری ئابووری، چونكە لەبەر سیستەمی خوێندنەكە نییە، كە خوێندكار، یان قوتابی واز بێنێت، چونكە باری ئابووری هۆكارێكی سەرەكییە بەپێی تەجروبەی خۆمان لە

بواری پەروەردە، کە خوێندکار واز لە خوێندن دەهێنێت، لەبەر ئەوە ئێمە دەبێت هەوڵ بدەین بۆ چارەسەر کردنی خزمەتگوزاری خەڵکی کوردستان لە پلەی یەکەم، بۆ ئەوەی زیاتر پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بەرەو پێش بچێت، لایەنێکی دیکە وای دەبینم کە کەلتور دەوری هەبێت، لە واز هێنانی قوتابی، یان خوێندکار لە قوتابخانە، چونکە جاری وا هەیە لە گوندە دوورەکان لە شوێنەکان گرنگی بە خوێندنی کچ نادرێت، ئەوە دیارە پێویستی بە هۆشیار کردنەوە هەیە لە پاڵ گۆڕانکاریەکان، ساڵێ دوو جار دیداری گەشە کە دەکرێت لە خوێندگاکان شتێکی باشە، پێشتر هەبووە لە پەیڕەوی ناوخۆی خوێندگاکان، بەلآم لە شێوەی کۆبوونەوەی باوکان و دایکان، یەعنی ئێستا ناوەکەی گۆڕاوە کراوە بە دیداری گەشە، ئەگەر ئێمە زەمینەی بۆ نەرەخسێنین، هەروەکو ئەوی لێ دێتەوە، یەعنی ساڵی دوو جار تۆ لەگەڵ خوێندکارەکان لە نیزامە کۆنەکەشدا هەبوو، کە دەبێت کۆبوونەوە بکەین، بەلآم سەرکەوتوو نەبوون لەو کۆبوونەوانە، لەبەر قەرەباڵغی، لەبەر نەبوونی هۆڵ لە خوێندگاکان، ئەوەندە قەرەباڵغە تۆ ناتوانیت یەك یەك لە کەسوکاری خوێندکار، لە ئاستی زانستی خوێندکارەکە ئاگادار بکەیت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پاڵپشتی ئەم سیستەمە دەکەم، سیستەمێکی پێشکەوتووە، بەلآم لە واقیعێکی دواکەوتووی ئێمەدا بە ئاسانی جێ بەجێ نابێت، پێویستی بە زۆر موستەلزەماتە، لەبەر ئەوە پرسیارم لە وەزیری بەڕێز هەیە کە نیسبەی ئەو موستەلزەماتە چەند هەیە؟ بۆ نموونە ئەگەر کتێبەکان لەسەر ئاستی خەلیج دروست کرد بێت، یان شەریکەیەکی بێگانە هێنای بێتن، ئەم مەنهەجە لە سەفێکی هەولێر، لە سەف یەك و دوو و سێ کە شەست قوتابی تێدانە لە چ ئاستێك دەتوانێت جێ بەجێ بکات.

دوو/ ئەگەر هەر سەفێك لە پێنج هەزار مامۆستا کە ئەمڕۆ لە کوردستان پێویست بێت، پازدە هەزار مامۆستامان پێویستە، چەند هاتیتە کرن، تا بتوانیت ئەم مەنهەجە جێ بەجێ بکات.

پرسیاری ترم ئەوەیە مەودای سەرکەوتنی ئەو سیستەمە کە ئەمساڵ جێ بەجێ بوو لە سەف شەشی سەرەتایی، کە ئینگلیزی و کوردی و عەرەبی هەرسێکیان پێکەوە بە یەك رۆژ کەوا ئەزموونەکانیان کرن و زانستەکان لەگەڵ بیرکاری کردیان بە یەك رۆژ، ئایا راپرسی هاتە کرن، یان هەڵسەنگاندێك هاتە کرن، کە ئەم نموزەجە سەرکەوتوویە بۆ ئەمڕۆ، یان سبەی کوردستان، سیستەمی ئەمساڵ کە جێ بەجێ دەبێت لە سەف شەش یەعنی دەو یازدە بۆ دوازدە کە پازدە بە پازدە ببێتە 70٪ ئەزموونی بەکەلۆری بێتن لە وڵاتانی ئەوروپی، یان پێشکەوتوو مامۆستا موحایدە، مامۆستا لەسەر ئەساسی پیشەییە، هیچ کارتێ کردنێکی حزبی، یان کەسی، یان واستەکاری تەئسیری لەسەر ناکاتن، دەتوانێت راپۆرتەکە بە ئیجابی بنووسێتن بەپێی هەڵسەنگاندنی قوتابی و شیانەکانی لە لای ئێمە چ ئالیەتێك دەبینن، تەنها مامۆستا

نەبێتن لە مەرحەلەی دەو یازدەم کە خۆی بێتن ئەو ئەنجامانە بداتن، چونکە سێ دەرەجە دەمێنێت لەسەر حەفتا تەئسیر لەسەر قوتابی بکاتن، ئیمە ئیمتیحاناتی خارجی زۆر هەنە، ئێستا سەفی چوار و پێنج نیینـە، مەسەلەن لە شەش ئیمتیحانی خارجی دەداتن، ئەم ئیمتیحانە خارجیانە بەچ ئاستێك دەبـێتن، ئەوسا جێ بەجێ دەبێتن لەسەری، یانیش نابێتن بەتایبەتی ئەگەر لەو مەرحەلەیە نەبێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك شیخەڵلاّ فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، زۆر سوپاس بـۆ ئـەو روون کردنەوەیـە کـە بەشـێوەیەکی بـاش خستیەڕوو، پرسیارەکەی من هەر ئەوەیە دەربارەی ئەو سیستەمە نوێیە شـتێکی زۆر گرنگـە، ئایـا وەزارەت چ هەنگاوێکی لە پێش خۆی داناوە بۆ موتابەعەو ئیشراف کردن لەسەر جێ بەجێ کردنـی ئـەو سیسـتەمە، چونکە ئەگەر موتابەعەو ئیشراف دەوری خۆی نەبینێت، پێم وایە وەکو پێویسـت نـاتوانین ئـەو سیسـتەمە جێ بەجێ بکرێت، دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی خوێندن لە کوردستان، وەکو هـەموو لایـەك بـاش دەزانـین ئاستی خوێندن ئێستا لە کوردستان لە چ رادەیەك دایە، بۆیە ئومێد دەکەین سیستەمەکە ببێتە هەنگاوێکی گرنگ بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی خوێندن لە کوردستان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پەروەردە دەکەم و دەستخۆشیان لێ دەکەم، مـن دوو پرسـیارم هەیـە، پرسـیاری یەکەمم/ لەسەر بڕیـاری داخسـتنی پـەیمانگای مامۆسـتایان، ئێسـتا ئـەو پەیمانگایـەی مامۆسـتایان دابخرێـت بڕیارێکی پەلە نەبوو، من وا هەست دەکەم بڕیارێکی پەلەیە، لەبەر ئـەوەی زۆر ژمـارەی خوێنـدکار فـۆرمی پـڕ کردۆتـەوە بـۆ ئـەو پەیمانگایـە، ئایـا چارەنووسـی ئەوانـە چیـە، کۆلیـژی مامۆسـتایان خوێنـدکار بـە چ نمرەیەك وەردەگرێت، ئەوانەی ئـەو نمرەیـان نییـە، چارەنووسـی ئەوانـەش چیـە، ئـەوە روون کردنەوەیـەك ئەگەر وەزیری بەڕێز بتوانێت بۆمان بکات.

پرسیاری دووەم/ ئێستا باخچەی ساوایان، بەتایبەتی ئێستا من ئاگادارم لـە سـلێمانی یـەعنی زۆرتـر منـداڵی ئەوانە وەردەگرن کە دایکیان فەرمانبەرە، من ئـەوەش بـە مەرحەلەیـەکی فێربـوون دەزانم، بۆچـی منـداڵی ئەوانەی دایکیان ژنی ماڵەوەیە لەو مەرحەلەیە بێ بەش بن، ئایا بـیر کراوەتـەوە لـەوەی باخچـەکان فـراوان بکەن، یان بتـوانن کارێـك بکـەن، یـان بکرێـت بـە ئیلزامـی هـەموو ئـەو منداڵانـە لـەو تەمەنانـە بچنـە ئـەو باخچانە، بۆ ئەوەی لەو مەرحەلە فێربوونە بەشدار بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوو، سێ پرسیارم لە جەنابی وەزیر هەیە، پێش ئەوە دەستخۆشیەكی زۆر زۆری لێ دەكەم، بەڕاستی بەرنامەكەیان زۆر جوانە، بەس یەك لە پرسیارەكانی من یەكەمیان/ هەست بە مەسئوولیەتی مامۆستایان زۆر موهیمە بەڕاستی، ئەوە زۆر موهیمە كە مامۆستایان هەست بە مەسئوولیەت بكەن، من دوو نموونە بە سەریعی دەدەمێ، ئەگەر جەنابی سەردانی ئاكرێی كرد، دەزانێ نیسبەتی پەروەردە لەوێ نەجاحەتێكی زۆر گەورەی هێناوە بەبێ زەخت، مامۆستایەكان زۆر ئیلتیزام دەكەن بە دەرسەكان و قوتابیەكانیان، من لەوانەی لە هەولێر كەمتر دەبینم، ئەمە یەك.

دوو/ دابین كردنی وەسائیلی نەقل زۆر موهیمە، بەتایبەتی قوتابیانی كچ، كە لە شوێنێكە تۆزێك دوورن نەقل كردنیان بۆ مەراكیز، بەتایبەتی لە مەرحەلەی سانەویدا قوتابیە كچەكان زۆربەیان وازیان لە خوێندن هێناوە لە گوندەكان و، یان لە نزیكی قەزاو ناحیەكاندا، لەبەر ئەوەی وەسائیلی نەقلیان نەبوو، ئەوەش پرسیارێكی ترە.

پرسیاری ترم لە جەنابی وەزیر ئەوەیە، ئەو نیسبەتە، ئەو قوتابیە دەرەجەی چەند دەبێت لە 15٪ و لە 10٪ەكەی بۆ حیساب دەكەن بۆ مەرحەلەی شەشەكە، ئایا هەر پەنجا بێنێت بۆی حیساب دەكەن، یان نیسبەتێك دیاری كراو، ئینجا لە 15٪ و لە 10٪ەكەی بۆ حیساب دەكەن.

پرسیارێكی تر ئەوەیە، كاك دكتۆر ناصح ئەو پرسیارەی كرد، ئەم قوتابیانە لە ئەمسالەوە دەست بەو پرۆسەیە دەكەن، ئەوانەی كە ئێستا لە مەرحەلەكانی چوار و پێنج و شەشی ئیعدادیەن شمولی ئەو لە 15٪ و لە 10٪یە ناكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی وەزیر دەكەین و دەستخۆشی لێ دەكەین لەو پرۆژە نوێیە، من سێ هۆكاری سەرەكی دەبینم لە پێش سەركەوتنی ئەو پرۆسەیەو پێشتریش كۆسپی بەردەم پەروەردە بووە، ئەویش یەكەم/ كەمی بینا، هۆكاری هاتوچۆ، نەبوونی وەسیلەی فێر كردن، ئەویش وەكو پراكتیك كردن، بۆیە ئێستا كێشەیەكی گەورە دەبینین منداڵ لە سەرەتایی لە حەوت و نیوی بەیانی دەڕوات بۆ قوتابخانە لە دەو نیو دێتەوە لە كۆڵانە، داواكارم وەكو ئەوەی هەڤالانیش ئاماژەیان پێدا هەڵمەتێك بكرێت بۆ دەركردنی یاسایەك، چۆن خەڵكی

خێرخواز لە دروست کردنی مزگەوت هۆکاری هاندەری هەیە، بۆ قوتابخانەش ئەو هەڵمەتە بکرێت، کردنەوەی بینا یەکێکە لە کۆسپەکانی بەردەم پەروەردە، هیوادارم ئەوە بکرێتە ئامانجی وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تاڤگە خان فەرموو.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەین، من پرسیارێك و پێشنیارێکم هەبوو، پرسیارەکەم گوڵناز خان سەبارەت بە بیناکردی، حەز ناکەم دووبارەی بکەمەوە، پێشنیارەکەش ئەوەیە هەموو شتێك پێویستە بە تەوازون بڕوات، راستە ئێستا زۆر لە پەروەردە باس لە ماف بکرێت و منداڵ مافی خۆی بزانێت و مافی ئافرەت و مافی هەموو چینەکان ئاماژەی پێ بکرێت، بەڵام ئەگەر لە پاڵیدا ئەرکەکە ئاماژەی پێ نەکرێت، من پێم وایە تەوازونەکە ون دەکات، چونکە هەموو شتێك ئەگەر زۆر حەقتدا بەو کەسەی بەرامبەر بەبێ ئەوەی ئەرکەکان، چونکە ئەگەر هەموومان بەشێك نەبین لە چارەسەر، بەشێك نەبین لە خزمەت، ناتوانین چۆن مافەکانمان تا ئێستا دابین نەبووە، پێویستە ئەرکەکانیش شان بە شانی مافەکان ئاماژەی پێ بکرێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بۆچوونی من گۆڕینی سیستەم بۆچیە، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستییە، بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیش هەر بە گۆڕینی مەنهەج نابێتن، تەبیعی وەکو سێ ڕێزکە مەنهەج و قوتابی و مامۆستا، ئەوها کۆلیجیش دەورێکی دەبێتن لە بەرزکردنەوەو دروست کردنی ئەو کادیرانەی کەوا دێن لەو قوتابخانانە دەرس دەڵێینەوە، جا بەگشتی لە کوردستان مەشاکیلی تەربیە گەلێك زۆرە، یەعنی هەتا لە دەوڵەتانی پێشکەوتوو کە تەصدیق لەسەر میزانیە دەکرێت، میزانیەکی خاص تەرخان دەکرێت بۆ تەعلیم و بۆ تەندروستی، بەداخەوە ئەوە لێرەدا نییە، یەعنی بە دەرەجە یەك تەئسیری ئیقتیصاد، یەعنی نەبوونی بودجەیەکی تەواو بۆ پەروەردە تەئسیرێکی زۆری دەبێت لەسەر پێشکەوتنی پەروەردە، هەتا ئێستا لە گوندەکان مەشاکیلی زۆر هەیە لە نەبوونی قوتابخانەو لە نەبوونی شتی تر، بەتایبەتی ئەگەر ئەوەش بێتە پێش ئەوە مەسئوولیەتێکی گەورەتر دەکەوێتە بەرامبەرو سەرشانی جەنابی وەزیر لە یەك هەتا نۆ، یەعنی زۆر کێشە دروست دەبێت، راستە سیستەمێکی پێشکەوتووە، موشکیلەیەکی زۆر گەورەتر هەیە جەنابی وەزیرو سەرۆکی پەرلەمان، لە زۆر لە گوندەکان زۆر جاری وا هەیە هەتا نیوەی ساڵ، یان زیاتر مامۆستای ئینگلیزیان نییە، یان مامۆستای کیمیایان نییە، یان مامۆستای بیرکاریان نییە، بۆ؟ چونکە

قیمەت بە شەهادەکەی نادرێت و مووچەکەی وا نییە، لەبەرچی؟ لەوانەیە ئەو مامۆستایە بە دوو سەد، یان سێ سەد هەزار تەعین دەبێت، بڕوا ناکەم بگاتە سێ سەد هەزار دیناریش، دەچێت لە شەریکەیەك تەعین دەبێتن شەش وەرەقەی دەدەنێ، یان پێنج وەرەقەی دەدرێتێ، یەعنی کەواتە ئەوانە هەمووی ئەو منداڵانە چ لە ناوەندی، چ لە سەرەتایی مەحرووم دەبن لەو دەرسەی کەوا تێیاندا هەیە، یەك مولاحەزە لەسەر ئەو راپۆرتەی کە جەنابی وەزیر خوێندیەوە هەڵگرتنی تاقی کردنەوە زۆر موشکیلەیەکی گەورەیە، یەعنی راستە با تاقی کردنەوە هەبێت، بەڵام وەکو دەوڵەتانی پێشکەوتوو وەکو ئیختیارات، یەعنی هەر قوتابیەك حەفت، هەشت وەرەقەی لەلایە، ئەو حەفت، هەشت وەرەقەیە هەمووی ئیختیاراتە، هەڵدەبژێرێتن، تاقی کردنەوەکان با بەم شێوەیە بێتن، نەك هەر بڵێ تاقی کردنەوە نەمێنێتن بە یەکجاری لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستخۆشی لە جەنابی وەزیر دەکەم و پشتگیری لە پرۆژەکەیان دەکەین، منیش هەمان ڕەئی ئەو هەڤاڵانەی پێشە خۆم هەیە، دیارە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو سیستەمە نوێیە، پێویستی بە موستەلزەمات و بودجەیەکی گەورە هەیە لە حکومەتی هەرێمەوە، وەك بینا، ئەساس، مەنهەجی پێشکەوتوو، مامۆستا ئامادە بکرێت بۆ ئەو سیستەمە تازەیەو خولیان بۆ بکرێتەوە، ژیانی گوزەرانی مامۆستاش چی بۆ کراوە، من پشتگیری مەسەلەی دروست کردنی بینا دەکەم، وەك کاك محەمەد ڕەفعەت و گوڵناز خان و ئەو بەڕێزانەی کە باسیان کرد، ئێمە هەموومان دەزانین هەموو پۆلێکی خوێندن چل و پێنج خوێندکاری تیایە، هەموو خوێندگایەك سێ دەوامی تیایە، خوێندکار سێ سەعات لە قوتابخانەیە، کە ئەمە وا دەکات ئاستی خوێندن زۆر دابەزیوە، ئەمانە هەمووی پێویستە ئیشی بۆ بکرێت، بۆ ئەو سیستەمە تازەیە، مەسەلەی باخچە لەگەڵ پشتگیریم بۆ قسەکانی گێلاس خان پێویستی بەوەیە کە سیستەم و مەنهەجێکی تایبەتی بۆ دابنرێت کە باخچەی ساوایان قۆناغێکی زۆر گرنگە، بۆ مەسەلەی پەیمانگاکان و داخستنیان دیارە زۆر لە بەڕێوەبەری پەیمانگاکان و مامۆستایەکان ئەم یەك، دوو ڕۆژە پەیوەندیان پێوە کردووین، بەتایبەتی زانیویانە جەنابی وەزیر دێت بۆ ئێرە، ئەمە قسەی ئەوانە دەڵێن ئێمە لە کۆنگرە بڕیاری ئەوەمان داوە کە پەیمانگاکان بکرێتە سێ ساڵ، دوو ساڵ دەرس بخوێنێت، موحازەرە وەربگرێت ساڵی سێیەم بچێت موشاهەدە بکات لەحیاتی ئەوەی پەیمانگاکانیان لابردووە، دەڵێن گوایە ئەمساڵ یەعنی ئەو قەزایانەی پەیمانگاکانی تیایە خوێندکار هەیە دەرەجەی هەشتای هەیەو زۆریشن ئەو خوێندکارانە هاتوون پەیمانگاکانیان پڕ کردۆتەوە، لەبەر خراپی گوزەرانیان، بۆ ئەوەی نەچنە شارەکان کولیە هین بکەن، ئەمانە مەسیریان چیە، ساڵانی پێشوو چەندی خولی تەڵەبە هەیە لە کولیە وەرگیراوە تەنازولیان کردووە بۆ پەیمانگاکان، ئەمە کێشەیەك دروست دەکات، ئەگەر جەنابی وەزیر وەڵاممان بداتەوە، ئێمە پێمان وایە

دابەزینی ئاستی هەندێ لە مامۆستایان پەیوەندی بەوەوە نییە، خەریجی پەیمانگایە، یان مامۆستایە، ئاستی پەیوەندی بە هەموو سیستەم و خوێندنی بالاوە هەیە، ئەوە کە لە زانکۆش دەردەچێت زۆر ئاستی بەرزتر نییە لەوانەی پەیمانگاکان و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی دەستخۆشی لە جەنابی وەزیرو هەموو ئەوانەی کە بەشداریان کردووە لە دانانی ئەم پرۆگرامە چاکە بۆ پەروەردە دەکەم، من بەڕاستی چەند تێبینی و پێشنیار و چەند رەخنەشم هەیە لە مەسەلەی پەروەردە، هەوڵ دەدەم زۆر بە کورتی باسیان بکەم، من بیستوومە ئەمساڵ دەوری سێیەم دەکرێت بۆ ئیکمالەکان، ئەوانەی ماونەتەوە، بەڕاستی من نازانم ئەمانە چۆن چۆنی هاتووە.

دووەم/ مەسەلەی زمانی کوردی، زمانی کوردی بەڕاستی ئەویش بۆتە گیروگرفتێك بۆ قوتابیەکان، لە لایەکەوە سۆرانییە، لە لایەکی تر بادینیە، لە لایەکی تر تێکەولاوە، لە لایەکی تر خەڵکانی تر داوا دەکەن لە هجاتی تر دابنرێت، ئەمە بەڕاستی ئەگەر چارەسەر بکرێت بە زووترین کات چارەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی نەبێتە ئاستەنگێك لەبەردەم پەروەردەو فێرکردندا.

خاڵێکی تر/ نەبوونی قوتابخانە بە زمانی عەرەبی، بەڕاستی خەڵك هەندێك جار گلەیی لەوە دەکات، وەکو ئەوەی کە پەروەردە نایەوێت لە هەندێك جێگا، لە هەندێك شوێن خوێندن بە زمانی عەرەبی بێت، یەعنی زۆر مەسەلەکە تەسك دەکرێتەوە، خۆ زمانی کوردی و عەرەبی بۆتە زمانی رەسمی دەوڵەت بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراقیش.

خاڵێکی تریش/ ئەمە گلەییە بەڕاستی، لە چەند رۆژی رابردوو بیستم کە بایی ملیۆنەها دینار مەناهیج و کتێب و کتابی رەسمی لەم بابەتانە هەموویان ئیعادە کراوەتەوە، ئیعادەی تەبع کراوە، ئەوانی تر سووتێنراوە، لەبەر ئەوەی وشەی قوتابی و خوێندکار دەبێت لە تەنیشت یەکەوە بێت، یاخود قوتابخانەو خوێندنگا، بەڕاستی ئەمەش تا ئێرەو بەس بێت.

خاڵێکی تر/ تەدەخولی حزبی، تەدەخولی حزبی تاکو ئێستا هەبوو لە دیاری کردنی دانانی بەڕێوەبەر بۆ قوتابخانەکان بە سەرەتایی و دواناوەندی و ناوەندیەکان، هەروەها لە دانانی سەرپەرشتیاریش، بەڕاستی هەر حزبێك لیستی تایبەتی خۆی هەبووە، بۆ ئەوەی سەرپەرشتیار دابنێت لە پەروەردە، دەست تێوەردانی یەکێتی قوتابیان و با بڵێین یەکێتی قوتابیان و خوێندکاران ئەویش لە قوتابخانەکاندا، مەسەلەی واستەو واستەکاری لە رێگەی ئەوانەوەو گرێدانی کۆبوونەوەی حزبی، یان کۆبوونەوە بۆ قوتابیەکان لەکاتی دەوامی قوتابخانەکان، بەڕاستی ئەمە شتێکی جوان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وێڕای دەستخۆشی و پشتیوانی بۆ ئەو هەنگاوانەی كە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە سەبارەت بەو سیستەمە نوێیە نراوە، هیوادارم تێدا سەركەوتوو بێت، من دوو تێبینیم هەبوو، تێبینەكانم باسی لێوە كرد، بەڵام پرسیارێكم هەیە ئەویش ئەوەیە جەنابی وەزیر باسی لە تاقی كرنەوەی میللی كرا، نازانم مەبەستی چیە لە تاقی كردنەوەی میللی، ئەگەر روون كردنەوەیەك لەو بارەیەوە بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ روونكردنەوەكانی وەزیرو دەستخۆشیان لێ دەكەین، یەعنی بەڕاستی ئومێدێكی زۆری پێ بەخشینەو هیوادارین سەركەوتوو بێت و، ئێمەش پشتیوانیانین بە دڵنیاییەوە، باسی زمان كرا هەرچەندە لە پێشتریش باسی لێوە كرا، ئایا كام زمان، ئایا بەڕاستی وەزارەتی پەروەردە بیری لەوە كردۆتەوە زمانی ستاندەری كوردی ئەوە بكات، ئەوە یەك.

دوو/ باسی سەرپەرشتیار كرا كە ئەمساڵ ئەوەكەی گۆڕیوە، یەعنی بەشێوەیەكی تر دیاری كراوە، سیستەمەكەیان گۆڕیووە دەستیان خۆش بێت، بەڵام ئایا بەڕێوەبەری قوتابخانەكانیش گۆڕاوە.

سێ/ ئێمە باسی پەروەردە دەكەین، جەنابی وەزیریش ئەوە دوو، سێ جارە دەڵێ خوێندنگا، قوتابخانە، خوێندكار، قوتابی، نازانم ئێمە لەسەرەتاوە لەسەر زمانی خوێندكار و قوتابی رابێنین، كە لە سەرەتاوە هەست بە جیاوازی بكات، هێزێكی سیاسی هەیە پێی وایە كە قوتابی بێتن، هێزێكی سیاسیش هەیە كە پێی وایە خوێندكار بێت، یەعنی لەوەوە ئێمە چۆن دەتوانین خوێندكارێك، چۆن دەتوانین مامۆستایەك، چۆن دەتوانین دكتۆرێكی باش پەروەردە بكەین بۆ دوا رۆژ، ئایا بیر لەو مەسەلەیە كراوەتەوە، دەبێت بە لایەنی كەم ئەو شتانە یەكلا بكرێتەوە.

بەرنامەی خوێندن بۆ نموونە، ئایا بەرنامەی خوێندن جەنابی وەزیر باسی كرد هەندێك شتیان كردووە، بۆ نموونە سرودیان داناوە، ئەوە كارێكی باشە، بەڵام بە تێكڕایی خوێندن هەیە بۆ نموونە مێژوو، مێژووی نوێ كێ بڕیار لەسەر ئەوە دەدات، ئەو بڕگانەی كە ئێستا لە مێژووی نوێ خوێندنگاكان و قوتابخانەكان و ئەوانەدا هەیە، ئایا بیر لەوە كراوەتەوە بەڕاستی هەندێ كەسی پسپۆڕی بێ لایەن مێژووی نوێ و كۆنی گەلی كوردستان بخوێندرێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کوردستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوردستان پیرداود قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە کردنەوەی قوتابخانە، یان کۆلیژی بەهرەداران، بە نەزەری من لێرە فەرقێك دروست دەبێتن، ئێمە هەرچەندە لە پێشکەوتن داینە، چەند پێش بکەوین هەر کەمە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا نینە کە فەرقێك دروست دەبێت لەنێوان ئەو قوتابیانەی کە بۆ بەهرەداران و قوتابی لەولایە بۆ قوتابخانەکان، چونکە لێرە فەرقێك دروست دەبێت لەنێوانیان، زیاتر گرنگی بە بەهرەداران دەدرێت، بە قوتابخانەکاتی تر نادرێت، یەعنی ئیهمال دەکرێت، ئەوە جێگای داخە، ئینجا من پرسیارێکم هەیە لێرە ئایا لێرە ناکۆکی دروست نابێت، لێرە فەرق و جیاوازی دروست نابێت لەنێوان ئەوانە، چونکە لێرە بتەوێت، نەتەوێت گرنگی بە بەهرەداران دەدرێت و بەوانی تر نادرێت.

دووەم پرسیار/ سەبارەت بەمامۆستایەکان، بەداخەوە من خۆم مامۆستامە، بەلام بەداخەوە هەندێك مامۆستا هەنە لەجیاتی زانست فێری قوتابیان بکەن، یان تەربیەت فێری قوتابیان بکەن، بەداخەوە هەندێك جار هەندێك شتی نا رێك لە دەمیان دەردەچێت بۆ قوتابیەکان، هەندێ لە مامۆستایان پێویستیان بەوە هەیە وشیار بکرێنەوە، یان دەوراتیان بۆ بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەین و سوپاسیشی دەکەین بۆ ئەو پرۆگرامەی خستە پێش پەرلەمان، دیارە بەنیسبەت گۆڕینی سیستەمەکان لە هەمان کاتدا گۆڕینی پرۆگرامەکەش پێویستە، بەڕاستی ئێمە وەکو خەڵکی کوردستان پێویستیمان بەوەیە کە نەوەی داهاتوومان پەروەردە بکەین لەسەر بنەمای پەیوەست بوون بە نیشتمان و باوەڕ بوون بە خۆ، لەبەر ئەوەی تاکی کورد تا رادەیەکی زۆر دەتوانین بڵێین شێواندراوەو عەقلیەتی داگیرکەرانی کوردستان و سیستەمی داگیرکەرانی کوردستان بەسەریدا زاڵ بووە، بۆ بینا کردنەوە کەسایەتی کورد، ئێمە پێویستیمان بە گۆڕینی پرۆگرامەکەش هەیە، بۆ ئەوەی پرۆگرامێك بێت لەگەڵ واقیعی سیستەمی جوگرافی و کۆمەلایەتی و ئاینی کوردستان بگونجێتن، بۆ ئەوەی لیژنەیەکی پسپۆڕ پێویستە، لە راپۆرتەکەدا لە لاپەڕەی حەوت دەڵێ بینایە ئەوەند گرنگی نییەو بڕیاردەر نییە، سیستەمەکە بڕیاردەرە، ئێمە لە ساڵی رابردوو شاندێکی لیژنەی پەروەردەی مەیدانی لە پەروەردەی سنووری دەشتی هەولێرو پەروەردەی مەخموور جەولەیەکی مەیدانیمان بەسەر هەموو قوتابخانەکان کرد، بەڕاستی کە تەماشامان کرد حاڵی پەروەردەی ئێمە زۆر زۆر خراپە، دەتوانین بڵێین لە

قۆناغی سفر داین، بینایەکان هیچ پێداویسیتیەکی خوێندیان تێدا نییە، هەتا بگرە لە کەسنەزان بینیمان یەك ژوور حەفتا قوتابی تێدا بوو، جا ئەو سیستەمەی کە جەنابت داتناوە بەو ئالیەتەی کە ئێستا هەیە زۆر زەحمەتە بتوانین جێ بەجێی بکرێت، ئەوە خاڵێك.

خاڵێکی تر/ ئەوەی کە من تێبینی دەکەم بەنیسبەت زمانی ستاندار وەك قۆناغی یەکەم، وەکو پێشنیارێك دەکرێت نصوص هەبێت، یەعنی تێکستی شێوە زاری سۆرانی و شێوە زاری کرمانجی هەبێتن، ئەو وشانەی کە قورسن لە شێوە زاری کرمانجیەکە بە شێوە زاری سۆرانی وەکو سەرەتایەك ماناکەی لێك بدرێتەوە، لە شێوە زاری سۆرانیش کە وشەکە قورسە بە شێوە زاری کرمانجی ماناکەی لێك بدرێتەوە، هەرچەندە ئەوە هەیە بەشێوەیەك، بەڵام دەکرێت ئەوە زیاتر بایەخی پێ بدرێت و زیاتر بکرێتن.

خاڵێکی تر/ ئەمسالەکە بەڕاستی وەزارەتی پەروەردە، دەتوانم بڵێم بەڕێوەبەرایەتیەکانی پەروەردە غەدرێکی زۆریان لە خەڵکی کوردستان کرد، لەگەڵ بوونەوەی قوتابخانە کە هەموو قوتابیەکان جل و بەرگیان کرد بوو، بڕیاری گۆڕانی جل و بەرگی قوتابیەکانیاندا، بەڕاستی زەرەرێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان درا، خەڵکی ئێمەش خەڵکێکی هەژارە، لەوانەیە لە گەڕەکێك ماڵ هەبێت پێنج قوتابی، یان شەش قوتابی هەبێت، دووبارە جلی پێیان کردەوە، حەقە ئەو شتانە لەگەڵ تەواو بوونی خوێندن ئەو بڕیارانە بدرێتن.

بەڕێز وەزیری پەروەردە خۆشحاڵی خۆی لەوە دەربڕی کە ئەمساڵ سەرپەرشتیاری پەروەردەکان لە ڕێگەی حزبیەوە نەبوو، من دڵنیای دەکەمەوە لە ڕێگای حزبیەوە بوو، لەبەر ئەوەی لە مەخموور کۆمەڵێك کێشە هەبوو هەموو حزب پاڵاوتی و رەوانەی کرد بوو بۆ تاقی کردنەوەکان، ئەوە خاڵێك، دواتر لە خوێندنەوەی راپۆرتەکەیدا چەند جار ناوی ئافرەتی هێناوە، ئەوەندە جار ناوی ژنی هێناوە، چەند جار ناوی قوتابی هێناوە، ئەوەندە جاریش ناوی خوێندکاری هێناوە، ئەگەر بەم شێوەیە زمانی ستاندارمان بۆ دروست بکات، زۆر زەحمەتە دروست ببێت، بەو شێوەیە بیەوێت عەقلیەتی حزب و سێبەری حزب لەسەر سیستەمی پەروەردە نەمێنێت، بەڕاستی زۆر زەحمەتە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاستان دەکەم، زۆر سوپاسی وەزیری پەروەردە دەکەم، بۆ ئامادە بوونی و بۆ دانی ئەم موژدە خۆشە بە گۆڕینی سیستەمی پەروەردە، من چەند تێبینیەکەم هەیە لەسەر راپۆرتەکەی جەنابی، ئێمە لە کاتی کۆنگرەی پەروەردەیدا بڕیار وا بوو لە دوای قۆناغی نۆ بۆ دەو زیادەو دوازدە جۆرە سیستەمێکی تازە پەیڕەو کراو بەکار بهێنرێت، بەڵام لە راپۆرتەکەی جەنابیدا ئەوە نەبوو کە لەناو راسپاردەکەی کۆنگرەدا بوو، ئەگەر هۆکارەکانی چی بوو، بۆچی ئەو نەخرایە ناو جێ بەجێ کردنەوە، وەکو ئەوانی تر بۆمان روون

بكاتەوە، زۆر سوپاسی دەکەم، ئێمە کاتێك کە باسی گۆڕینی سیستەم دەکەین کە خوێندکار ناوەندی ئەو سیستەمە دەبێت، بەلأم کە کاتێك باسی تاقی کردنەوەکان دەکەین، کە زۆر جاریش ئێمە گفتوگۆمان لەسەر کردووە، لەم سیستەمە تازەی گۆڕیندا تاقی کردنەوەکان باس نەکراوە، کە موقتەرەحیش هەبووەو پێشنیاریش هەبووە لەناو کۆنگرەدا، کە تاقی کردنەوەکانی کۆتایی پاش هەفتەیەك تاقی کردنەوەکانی دەوری دووەم دەست پێ بکات، کە پێ دەوترێت ئیکمالی، بۆ ئەو خوێندکارانەی کە ئیکمال بوون، یاخود ئەوانەی دەیانەوێت نمرە بەرز بکەنەوە، ئەو بوارەیان دەبێت پێ بدرێت، چونکە نیسبەتێك لەو نمرانە لەگەڵیاندا دەڕوات بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی دەرەجەیان، بۆ نیهائیەکە، لێرەشدا جەنابت باست نەکرد، یاخود لەناو میکانیزمەکەدا نەمبینی، بەڕاستی یەك شت لێرە سەرنجی راکێشاوم لەوانەیە تەصادوف بێت، ئێستا لە دەرەوە خوێندمەوە لەناو رۆژنامەکان کاك فایەق سەعیدیش هەمان تێبینی هەبووە، گەیاندنی زانست ئەوە میتۆدە کۆنەکەی بافلۆڤە، کە دەڵێت بەکارهێنانی، ئێستا لە دنیادا بەرهەمهێنانی زانست هەیە، ئەو کەسە وا پەروەردە دەکەیت کە خۆی بتوانێت زانست خۆی بەرهەمی بێنێت، مامۆستا تەنها رێنماییکەر دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە باسی زمانەکاندا سەیری هینەکەم کرد، باسی زمانی کوردی کراوە، باسی ماتماتیك کراوە، باسی زمانی ئینگلیزی کراوە، زمانی عەرەبی ئەمڕۆ کێشەو گرفتێکی زۆر زۆری بۆ خوێندکاران دروست کردووە، ئەویش لەوە دایە فێری ئاخاوتنی ناکات، فێری قسەکردن نابێت، تەنها حەشوەو مەحفوزات و ئینشاشە هەموو ساڵانە ئێمە ئاگاداری ئەوەین یەك نوسخە ئینشا هەیە خوێندکارەکان بۆ چ عینوانێك هەبێت ئەوە بەکار دەهێنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی دەستخۆشی لە جەنابی وەزیر و ئەوانەی دەوریان بینووە لە ئامادە کردنی ئەم پرۆگرامە، بەداخەوە من هەندێك تێبینم هەیە حەز دەکەم بیخەمە بەردەمی وەزیر، من پشتیوانی لە قسەکانی گێلاس خان و کوێستان خان دەکەم وەکو پێویست گرنگی بە باخچەی ساوایان نەدراوە، ئێستا ئەوەی کە تێبینی دەکرێت ئەوانەی کە دەور دەبینن لە باخچەی ساوایان هەموو نەزانن و شەهادەی شەش و یەعنی خەڵکی پسپۆڕی تیا نییە، لە شوێنان دەبێت دکتۆرای هەبێت لە باخچەی ساوایان بێت، چونکە ئەوە بنامای ئەساسی دروست کردنە، بەنیسبەت مامۆستا، مامۆستا دەبێت گۆڕانکاری هەبێت، ئەوەی کە تەعین دەبێت بە مامۆستا دەبێت بۆ ماوەی شەش مانگ لە ژێر چاودێریدا بێت، ئینجا ئەگەر سەرکەوتوو نەبوو پێی بوترێت بچێت لە شوێنێکی تر ئیش بدۆزێتەوە، ئێستاش پێویستیمان بەوە هەیە پیاچوونەوەیەکی گشتی بکەین لە مامۆستایەکان ئەوەی کە توانای دەرسی نییەو نازانێت و فێر نابێت خۆی ناگەیەنێتە ئاستی رۆژ، ئەوانە پێیان بگوترێت بچن ئیشی تر بدۆزنەوە، هەروەها سیستەمی مامۆستا ئێستا لە کۆمەڵگەی

مەدەنی صنف وا نییە، مەسەلەن ئێستا لە صنفێك بیرکاری بڵێتەوە، یەکێك کوردی بڵێتەوە، یەکێکیش عەرەبی بڵێتەوە، مامۆستایەك هەموو دەرسەکان دەڵێتەوە، ئەم مامۆستایە لەگەڵ قوتابیەکە دەڕوات لە یەك و لە دوو و لە سێ و ئەمانە، لەبەر ئەوە ئێمە دەبێت لە زانکۆ بەتایبەتی مەراحیلی یەکەم و دووەم تەئکید لەسەر ئەوە بکەینەوە، ئەو خەڵکە شتی عام بخوێنێت، بۆ ئەوەی ئەو کەسەی کە دەبێت بە مامۆستا بتوانێت هەموو دەرسەکان بڵێتەوە، تاقی کردنەوە زۆر گرنگە، دەبێت ئێمە هەوڵ بدەین لەم پرۆژەیە تاقی کردنەوە بۆ مەبەستی هەڵسەنگاندنی زانین نەبێت، بۆ مەبەستی بیر خستنەوەو فێربوون بێت، تاقی کردنەوەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك بەکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پێشەوە دەستخۆشیتان لێ دەکەم لە جەنابی وەزیری پەروەردە، بەڕاستی ئەوە مەشروعێکی زۆر تەموحەو گۆڕانکاریەکی گەورەیە لە سیستەمی فێرکردندا، حەقە هەموومان پشتیوانی لێ بکەین، من قسەی ئەو ئەندامە بەڕێزانە دووبارە ناکەمەوە زۆر شتیان باس کردو پێشنیارو روونکردنەوەیان لەسەردا، بەلاَم تەنها پرسیارەکەم ئەوەیە بەنیسبەت گۆڕینی ئەو سیستەمە، من پێم وایە لە قۆناغی پێش بنەڕەتیشەوە دەست پێ دەکات، چونکە ئەمە سیستەمێکی زۆر تازەیە، لەبەر ئەوە پەروەردە کردنی منداڵ لە پێش بنەڕەتیشەوە، نەك هەر لە بنەڕەتیەوە، ئینجا پرسیارەکەشم ئەوەیە ئایا لە ساڵی خوێندنی 2007 و 2008 ئەمە لە یەکەوە دەست پێ دەکات، یان وەکو ئەوەی ئیلغا کرا سەڤ شەش بڵێین بەکەلۆری سەڤ شەش ئیلغا کراوە لە ساڵی ئایندەوە، قۆناغەکان چۆن دەست پێ دەکات، ئایا لە سەڤ یەکی سەرەتاوە دەست پێ دەکات؟ بڵێین لە بنەڕەتیەوە دەست پێ دەکات، یان پێشتریش بە رەئی من موستەلزەماتی پێویستە.

دووەم/ باسی ئەوەی کرد کە یەك، دوو کۆلیژ کراوەتەوە، وابزانم لەو کۆلیژانە مامۆستا ناصح باسی کرد معیارەکان چیە، ئایا ئەمە دوای ئامادەییە بۆ ئەم کۆلیژانە، ئەگەر دوای ئامادەیی بێت، ئەوە رەنگە عیلاقەی بە وەزارەتی تەعلیم عالیەوە بێت، یان پێش ئامادەییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، گەلاوێژ خان فەرموو.

**بەڕێز گەولاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەین، پرسیارەکانم کراوە، یەکەمیان/ ئەوە بوو ئەوەی دکتۆرە هالە لە یەکەم خاڵیەوە ئیشارەتی پێدا بۆ دەرچووانی شەشی ئامادەیی یەك دەرس، یان دوو دەرس، دووەمین/ تاقی

کردنەوەی میللی بوو، مەبەست لە تاقی کردنەوەی میللی چییە، ئەگەر روون کردنەوەیەك هەبێت، سێیەم/ باس لە قوتابخانەی بەهرەداران کرا، ئایا جەنابی وەزیر پێتا نوا نییە قوتابخانەی بەهرەداران جیاوازی لەنێوان قوتابیەکان دەکاتن، کە جەنابت باست کرد لە قۆناغی سەرەتاییەوە قوتابی هەست نەکات بەوە مستەوای کەمترە لەوەکەی تر، ئەوە جیاوازییەك نییە لەنێوان تەڵەبەکان، من دەبینم چەند خوێندکارێك صاحێب تەڵەبەشم، ئەو خوێندکارانەی لە بەهرەداران نینە ئیحباتیان هەبووە، مستەوایان کەمتر دەبێتەوە تا بەرەو دوایی دێتن، لەبەر ئەوەی فەرق و جیاوازی هەست پێ دەکەن لەنێوان خۆیانەوە، خاڵی ترم/ بەنیسبەت دەرسی خصوصی، بەداخەوە ئەوە حاڵەتێکی زۆر باوە لەناو کۆمەڵگاکەمان، کە ئێستا دەرسی خصوصی دەڵێنەوە، کە هەر نەفسی مامۆستا لە نەفسی قوتابخانەکەی خۆی دەرس بە قوتابیەکەی خۆی دەڵێتەوە بە دەرسی خصوصی، باشە بۆ وای لێ نەکرێت هەر ئەو مامۆستایە وا بایەخ بدات بە مامۆستایەکەی قوتابیەکانی خۆی لە مەکتەبدا دەربچن، نەك بە دەرسی خصوصیەوە دەربچن.

پێنجەم/ بەنیسبەت مەدارسی سریانییەوە، یەعنی بەداخەوە دەیڵێم زۆربەی ماددەکان هی مەرحەلەی موتەوەستەی پارەکە بەشێوەی مەلازمیان بۆ هاتووە، کەچی قوتابخانەکانی تر بەشێوەیەکی رێك و پێك کتابێکی رێك و پێکە بە وێنەوە بە ملوەنەوە، کەچی قوتابخانەی سریانی کوڕەکەی من پۆلی یەك بووە مەلزەمەیەکە لە تاریخ و جوگرافیاو وەتەنیە، یەعنی وەزعی خوێندنیشی نابێت، ئەگەر بەو شێوەیە بێت، داوا دەکەم یەعنی تۆزێك تەرقیەی پێ بکرێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك تەڵعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت محمد صالح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، بەخێرهاتنی مامۆستا دڵشاد دەکەم، ئینشائەڵڵا سەرکەوتوو دەبێت لەو مەشروعە گەورەیە، من دوو، سێ پرسیارم هەیە، جەنابی فەرمووی لە پۆلی یەك تا پۆلی سێ کەوتن نییە، ئەی ئێمە ئینسانی پەروەردەیی بووین قوتابی هەر پێمان دەگوت (بطئ التعلم)، ئەی ئەوە چی لێ دێت، لە پۆلی پێنج تاقی کردنەوەی میللی دەکات، لە پۆلی چوار دواکەوتنی تێدایە، یان نا، لە حەوت و هەشت و نۆ، ئەگەر لە 60٪ی نەهێنا ناتوانێت بچێتە مەعهەدەکانی تیجارەو زراعەو ئەوانی دی، ئێمە حەزمان دەکرد لەو مەرحەلەیە پسپۆڕی هەبوایە بۆ وەرزشی، بۆ هونەری، وەك دەوڵەتان پێشکەوتوونە لە وەرزشی و لە شتی وا، ئاخیر شتمان کە عێراق بوتوڵەی ئاسیای هێنا لە رێگای وەرزش هەموو لایەك کەیفی پێ هات.

تاقی کردنەوەی نیوەی ساڵ نەما، ئەی پشووی نیوەی ساڵ دەمێنێت، یان نا، دەکەوێتە چ مانگێك، دەزانی مانگی سێ هەمووی عوتڵەیە، پێمان خۆشە ئەگەر بکەوێتە مانگی سێ.

باشە مامۆستا باسی گۆڕانی مەنهەج نەکرا، حەزمان دەکرد مەنهەجیش بگۆڕێت، بەتایبەتی سەرەتایی، من سی و شەش ساڵ پێشتر مامۆستا بووم (دارا دوو داری دی) نەبووە سێ و نەبووە یەکیش، تا ئێستا نەگۆڕاوە،

حـەز دەكـەم لـەوە ئاگـادار بـن، سـەركەوتنی ئـەو مەشـروعە دەكەوێتـە سـەر شـانی مامۆسـتا، لەگـەڵ سەرپەرشـتیارانی پـەروەردە، پێویسـتە ئەوانـە تەشـویق بكرێـت و بایـەخیان پـێ بـدرێت، چۆن مامۆسـتا سەعدەدین فەرمووی دەبێت ئاگامان لە ژیانیان و لە گوزەرانیان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دارا دوو داری دی بۆ مەوزوعی حەرفی (د)ە، ئەگەر بیكەیتە سێ (د)یەكە نامێنێت، كاك عـادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لەو گۆڕانكارییە دەكەم لەو پرۆگرامەو سیستەمی پەروەردە، بەڵام حەق وایە وەكو ئەنـدامانی بەڕێز باسیان كرد لە باخچەی ساوایانەوە دەست پـێ بكـەین، لەبـەر ئـەوەی ئێمـە بەڕاسـتی هەشـتاو شـەش ساڵی پەروەردەیی بە سەقەتی رۆیشت لەم وڵاتە، بەڵام من ئـەوە دێنمـەوە بـیری هـەموو ئەنـدامانی بـەڕێز، ئێمە وەكو فیكرە، وەكو پرۆگرام زۆر جوان و لـە 100٪ پشـتگیری دەكـەین، بـەڵام لـە رووی مادییـەوە چـی كراوە، ئەو شوێنەی كە مامۆستاو قوتابی دەرسی تیا دەڵێتـەوە، تـا ئێسـتا قوتابخانـەی وا هەیـە لـە خـانووی قوڕدایە، ئەو جارە وەفدێكی پەرلەمان هاتن بەڕێوەبەری پەروەردەی كفری گوتی هەمـە لـە گـەوڕدان دایـە، ئایـا ئـەم پرۆگرامـە دەكرێـت لـە جێگایـەكی وا جـێ بـەجێ بكرێـت، ئـەوە مەوزوعێكـە، بەڕاسـتی ئەمـە فیكرەیەكی جوانە، بەڵام دەبێت كاری لەسەر بكرێت، بۆ نموونە لە كەلار سێ دەوام لـە یـەك بینایـە هەیـە، یـەعنی ئـەوە مەوزوعێكـە دەبێـت بەشـێوەیەكی جـددی میزانیـەكی تایبـەتی بـۆ تـەرخان بكرێـت، مـن پرسیارێكی ترم لە جەنابی وەزیـر هەیـە، باسـی كردنـەوەی پـەیمانگای وەرزشـی كـرد لـە خانـەقین، كفـری ساڵێكە، سێ هـەزار سـاڵ تەمەنیـەتی تـەنیا پـەیمانگای هونـەرە جوانـەكان دوو سـاڵە لەبـەر بـێ مامۆسـتایی قوتابی وەرناگرێت، پێم وایە ساڵێكی تر دادەخرێتەوە، یەعنی حەقە وەزارەتی پـەروەردە ئـەوە لەبـەر چاو بگرێت لەوێش پەیمانگایەكی لەو بابەتە بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكو هاوڕێیەكان دەستخۆشی لە جەنابی وەزیر دەكەم، من لیژنەی پەروەردەی پەرلەمانیشی بۆ زیاد دەكەم دەستخۆشی لەوانیش دەكـەم، ئـەوانیش مانـدوو بوونـە لەگـەڵ جـەنابی وەزیـر بـۆ گـۆڕینی ئـەو پرۆگرامـە، بەڕاستی گۆڕینی ئەو پرۆگرامە دەبێت پیرۆزبایی لەسـەرجەم گـەلی كوردسـتان بكـەین، كـە ئـەوە یەكـەمین جارە خۆمان مەنهەجی خوێندن، یان گۆڕانكاری لە سیستەمی پـەروەردە بـە خۆمـان دادەنـێین كـارێكی زۆر باشەو هیوادارم دوور لە دەست تێوەردانی هەموو كەسێك،گۆڕانكاری پرۆگرام بەڕاستی كـارێكی باشـە، بـەڵام

دەبوایە ئامادەکاری بۆ بکرێت، خۆ ئەگەر ئامادەکاری بۆ نەکرێت، چۆنیەتی توانای جێ بەجێ کردنی زۆر کارێکی گرانە، مەسەلەی ئامادەکاری زۆربەی برادەران باسیان کرد، مەسەلەی خوێندنگا، مەسەلەی زمانی یەکگرتوو، مەسەلەی بودجە، هیوادارم ئەوەندەمان نەماوە بۆ ساڵی داهاتوو بودجەیەکی تایبەت لێرە لەو پەرلەمانە بۆ پەروەردە دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانێت زاڵ بێت بەسەر ئەو تەنگ و چەڵەمانەی لەپێش گەشە کردن و بەرەو پێش بردنی پەروەردە هەیە، دیارە لە رووی مادییەکەی زۆر تەئسیری دەبێت، باشتر وا بوو بۆ جێ بەجێ کردنی ئەوەش سەقفی زەمەنی هەبێت، بۆ ئەوەی ئیتمیئنانێك بدات کە هەموو ئەو کارە باشانەی باسیان کرد جێ بەجێ بکرێت، دوو پرسیاری ترم هەیە لە جەنابی وەزیر دەربارەی تاقی کردنەوەی بەکەلۆری، دیارە باسی ئەوەی کرد لە پۆلی پێنجەمدا تاقی کردنەوە دەکرێت، ئایا ئەو تاقی کردنەوەیە جێگرە بۆ بەکەلۆری، یاخود وەکو تاقی کردنەوەی مانگانە عادییە، وەکو پۆلەکانی تر بەڕێوە دەچێت، حەز دەکەم ئەوە روون بکاتەوە، چونکە من باش تێ نەگەیشتم، دەربارەی خوێندنی نموونەیی، یان خوێندنی تایبەتە، پرسیار ئەوەیە ئایا کێ وەردەگیرێت، بە دەرەجاتە، یان خەڵك بە کەیفی خۆیەتی، یان تەمەن، یەعنی چۆن تەوزیع دەکرێت لەگەڵ خوێندنی تایبەت، ئەوانەنە کە کێ بە دەرەجات وەردەگیرێت بە نمرەیە، بە تەمەنە، یەعنی وەرگرتنیان چۆنە، هەرچەندە جەنابت باسی ئەوەت کرد بەڕێوەبەرایەتیەك بۆ تەنزیمی دانراوە، ئەوە جێگای باشە، جێگای دڵخۆشییە، بەڵام بۆ وەرگرتنەکەش تەوزیحێکمان پێویست بوو، خاڵێکی تر مەسەلەی نۆ ساڵی ئیجباری لە خوێندندا، من پێشنیار دەکەم بۆ ئەوەی ئەو هەموو ژمارە زۆرەی جەنابت باست کرد لە پۆلی شەشەوە خەڵك دابڕاوە لە خوێندن هەموو تێچوون و مەسرەفی ئەو خوێندکارانە تا نۆ ساڵی خوێندن لەسەر حکومەت بێت، هەتا هاتوچۆیان و گواستنەوەیان، مەسرەفیان، پیلاویان، جلیان، دەفتەریان، هەموو شتەکانیان لەسەر حکومەت بێت، ئەوە تەشجیعێك دەبێت، بۆ ئەوەی واز نەهێنن لە خوێندن، بەڵام ئەگەر بێتو ئەو مەسرەفانە لەسەر خۆیان بێت، خەڵك هەیە ئیمکانیەتی نییە، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی دابڕانی نەوەکانی داهاتوو لە خوێندن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك عیزەدین فەرمووو.

**بەڕێز عزالدين سليم خديدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنا وەزیرێ پەروەردە دکەین، وەڵڵا من گەلا جیهاتە گوتن، بەس وەك تەعلیق دەبێژم، ئێك/ زمانێ ستاندەر هەر دبێژن زووەو تانوکە پسپۆرو ڤێن و ئەو ژییە کەنگی دەست پێ دکەن، ئەگەر زمانی ستاندەر پەروەردە دەست پێ نەکەین، ئەمدی کەنگی دەست پێ دکەین، چی وەختی، ئەرێ هەتا دە ساڵی دی، بیست ساڵی دی، سەد ساڵی دی، چەندی دی، ، نۆ، دە، ئەگەر هەندەك وشە نەهێنە کرن دبێژت بەرسڤا دبێژت هەندەك هاتینە کرن، ئەرێ کەلتور کتابێ هەمی برێنی سەفحەك تەمامە، کتابێ برێنی یاخوندنێ

وشەك، ئان دوو وشێت ئێت بادینـانی نـازانم تێدای هـەینا، ئـان نـا، زمـانێكی سـتاندەر لـە چاوا چی بـێتن، ئەگەر پەروەردە دەست پێ نەكر ئێك، بەرێ قەدەرا مە ئەو بوو رژێمێت بەغدایی زمانێك سەپاند بۆ سـەر مە زمانی عەرەبی، سۆرانی و بادینی مەتە وی تێهگەیشتی، ئەرێ نۆكە ئـەڤ ئـەجیالی تـر، ئـان ئێت نۆهتـا چار تێتگەهەن، موتەرجەمەكی بینین خۆ ئان چاوا لازمە ژی لە پەروەردە دەست پـێ كـر، كـەس بـە زمـان موتەعەلیق بێت ئەز دبێژم بریا ئەم دەست پێ كـرد، نابێـژم وەڵڵاهـی قورسـەو وەخـت نینـەو جارەكا دی، ئەڤە یەك.

یـا دوێ/ ئـەز بـاوەرم ئـەو سیسـتەمی پـەروەردە سیسـتەمی خوندنـە، نـەك سیسـتەمی پـەروەردە، چـونكە پەروەردە لەناڤارۆكا مینهاجی ڤێت دێتە گۆڕاندن، سیستەمی فێركردنێ راستە، بـەس سیسـتەمی پـەروەردە نییە، چونكە سیستەمی پەروەردە دەبێت بێتە پەروەردە كرن، قوتابی بێتە پـەروەردە كـرن ڤـێ سیسـتەمی مینهاج نەهاتینە گۆڕان، لە زۆربەی مینهاجە مێژووە خەڵكێكی دی دەخوێنی، ئـەم جوغـرافیـا دەوڵـەتی دی دەخوێنی، بەس جوغرافیا كوردستانێ و مێژوویا كوردسـتانێ و خـەباتا میللـەتێ كـورد ئـێ كوردسـتانێ زۆر زەعیفە، لاوازە لە گەلەك مەناهیجدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پڕ بەدڵ سوپاسی جەنابی وەزیر دەكەم، بۆ داڕشتنی ئەو سیستەمەو سوپاسی ئەوانەش دەكەم كە هاوكاریان كردووە، بەڕاستی جێی دڵخۆشییە، ئەوەی من دەمەوێت قسەی لەسەر بكەم هیچ پرسیارێكم نییە، دوو خاڵ داوا دەكـەم، یـەكێكیان/ ئەوەیـە بـە حەقیقـەت زانسـت، تـەعلیم، خوێنـدەواری لـە قوتابخانـەكانی ئێمـە لـە ساڵانی هەشتا بەرەو هەورازی تا ئێرە زۆر زەعیفە، نموونەیەك مامۆستایەكی بەر ساڵی هەشـتا، ئێسـتا لـەو تەمەنەی بەرەو تەقاعودی دەڕوات بیهێنیت لەگەڵ كۆمـەڵێك مامۆسـتای ئێسـتا ئەگـەر بـەراوردیان بكـەیت رێسمان و ئاسمان فەرقیان هەیە، جا بۆیە من داوا دەكەم ئەو مامۆسـتایانەی دەرچـووی دوای سـاڵی نۆهـەت پێم باشە دەورەیەكیان بۆ بكرێتەوە، ئەو سیستەمەی جەنابت ئێستا خستۆتە بەردەسـت، بـۆ ئـەوەی زیـاتر ئیستیفادە لەوە بكەن، بۆ خۆشیان ئیستیفادەیە، ئەو دەورەیان بۆ بكرێتەوە زۆر شتێكی چاكە.

خاڵی دووەمم/ بە حەقیقـەت ئێمـە هەنـدێك جار عاتیفـە وامـان لـێ دەكات دەبێـت بـە دژی بەرژەوەنـدی خۆمان، لەبەر موعاناتی ئێمە، كە موعاناتێكی زۆرمان بینی لەبەر دەستی نیزامی بەعسی مخلوعی مقلوع، ئێمە دژی ئەو لوغەیەینە كە ئێمە زۆر پێویستیمان پێ هەیە، لەبەر ئەوە حەق نییە ئێمـە بـەو عاتیفەیـە قسەی بكەین، چونكە لوغەی عەرەبی ئێمە لە دوو وڵات بەو لاوە كەوتووینەتە جوغرافیای كە پێویستیمان بـە لوغـەی عـەرەبی هەیـە، مـن پـێم وایـە ئێمـە پێویسـتە لوغـاتی موختـەلیف فێـر بـبین، دەبیـنین وا جامیعەیەكی ئـەمریكی ئێمـە داوا دەكـەین بێـت لـە سلێمانی بكرێتـەوە لوغـەی ئینگلیـزی پێویسـتمان پـێ

هەیە، تەعەجوب دەکەین کە ئێمە زۆربەمان دژی لوغەی عەرەبین، لەبەر ئەوە نییە من عەرەبم خۆش دەوێت، لەبەر ئەوەی من ئیشم بەو لوغەیە، من پرسیار لە سەرۆکی پەرلەمان دەکەم، ئەگەر ئەو لوغانەی نەزانی بوایە، ئێستا نەدەبوو بە سەرۆکی پەرلەمان، پێویستە ئێمە فێر بین، لوغاتی عەرەبی بە حەقیقەت پێویستە ئێمە خۆمان فێر بکەین، بتوانین لوغات فێر بین، جا بۆیە ئەم دوو خاڵە من بە تایبەتی داوا دەکەم لە جەنابی وەزیر یەکەم/ ئەو مامۆستایانەی دوای ساڵی نۆهەت، دەرچووی دوای نۆهەتن بگەڕێنەوە بۆ ئەو دەورەیەی فێری زیاتر مەعلومات بن، دووەم/ تکام وایە لوغەی عەرەبی تەهمیش نەکرێت، چونکە ئێمە پێویستمان پێی هەیە، من کوڕم هەیە خەریجی کولیەیە، ئێستا ڕۆژانە لە ماڵ کە دەچمەوە وشەیەکی عەرەبی دێتە پێشی دەڵێ توخوا بابە چ نووسراوە، من تەعەجوب دەکەم خەریجێکی کولیە دوو کەلیمەی عەرەبی نەزانێ، ئەوە زەرەرە لە ئێمە، جا بۆیە من داوا دەکەم لە جەنابی وەزیر ئەو دوو خاڵە بە ئیهتیمام وەربگیرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی وەزیری پەروەردە دەکەم، پرسیارەکانی من لەگەڵ هەندێك پێشنیارم هەیە، لێرە کە باسی نۆ پۆلی دەکات، ئەوە شتێکی زۆر پێشکەوتووانەیە بەهیوای سەرکەوتن بۆ ئەو پرۆگرامە، بەڵام لێرە دوو دەزگای سەرپەرشتیاری لێرە دێتە ئاراوە، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی کە بۆ پۆلەکانی یەك تا شەشە، سەرپەرشتیاری پسپۆڕی خۆی دەزانێ، ئایا هەماهەنگی لەنێوان ئەو دوو سەرپەرشتیارە چۆن دەبێت، ئەوە یەك.

پرسیاری دووەم/ دیسان هەر میلاکات دەست پێ دەکاتەوە، میلاکاتی زاتیەی سەرەتایی لەگەڵ سانەوی، ئایا ئەوەش چۆنیەتی هەماهەنگی دەبێت، چونکە خۆی دەزانێ پۆلی یەك تا شەش، دووبارە ئەو دوو شتە دێتە ئاراوە.

پرسیاری سێیەم/ کاتێك بۆ گۆڕینی پرۆگرام دێتە گۆڕێ، چونکە من لە گۆڕینی پرۆگرامیش ئەندام بوویمە لە کۆنفرانسەکەش هەر ئەندام بووم، ئایا بۆ چاپ کردن ئەوە بودجە چەندی بۆ دابین کراوە، چونکە ئەوە شتێکی گرنگە، ئایا حکومەتی مەرکەزیش لەمڕۆوە دابینکاری دەکات بۆ پیادە کردنی، ئایا چی خستۆتە ئەستۆی خۆی، لێرە دووبارە کە باسی خێزان دەکات لە گۆڕینی یەعنی لە پۆلی یەك تا پۆلی نۆ، زۆر ڕۆڵێکی گرنگی داوەتە خێزان، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم کە فۆرمی زانیاری بدرێتە قوتابی، هەتا ئەو فۆرمە هەماهەنگی دروست بکات لەنێوان قوتابی و ماڵەوەی.

پێشنیاری دووەم/ بەشدار بوونی خێزانەکان لە بۆنەکان، چونکە کە باسی دەکات کۆبوونەوەی گەشە، ئەوە لە بۆنەکانیش زۆر گرنگە بەشداری بکات.

پێشنیاری سێیەم/ دانانی لیژنەیەکی تەنسیق لەنێوان کە باسی رابەری پۆلەکەی کرد لە کاتی راپۆرتەکەی، لەگەڵ خێزان و لەگەڵ بەڕێوەبەری هەمان قوتابخانە، دووبارە من هەموو تەقریرەکەم خوێندۆتەوە، خۆشم ئەندام بووم، باسی کتێبخانەی کردووە، لەبەر ئەوەی پێشنیار دەکەم کتێبخانە لە هەموو شارو شارۆچکەکان بکرێتەوە، چونکە زۆربەی هەرە زۆری شارو شارۆچکەکانمان کتێبخانەی تێدا نییە، دووبارە باسی فەرهەنگی کردووە، فەرهەنگیش دەبێت گرنگیەکی وای پێ بدرێت، دەبێت فەرهەنگ دابەش بکرێتە سەر هەموو قوتابیەکان و تەڵەبەکان، دووبارە کردنەوەی تاقی کردنەوە، پێشنیاری ئەوە دەکەم تاقیگەی دەنگ بکرێتەوە بۆ زمانی ئینگلیزی، چونکە تەوەرەکان زمانی کوردی و ئینگلیزی باس کردو لە قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی بکرێت، دوا پرسیاریشم ئەوەیە خوێندنی میللی سویدی، کە خۆم ئەم پرۆژەیەم تەرجەمە کرد، کاتێك کە هاتە پەرلەمان خۆم تەرجەمەم کرد لە ئینگلیزی بۆ کوردی، کە شتێکی وام خوێندەوە لە رۆژنامە، کە بڕیارە لە ساڵی خوێندنی 2007 و 2008 قوتابخانەیەك لە سلێمانی بکرێتەوە، کە ئەوانەی لە خوێندن دابڕاون، چونکە خۆی پرۆژەکە بەناوی ئەوەیە خوێندنی میللی سویدی بۆ گەوران، ئایا لە هەمان پرۆژە سەرچاوە دەگرێت، چونکە خۆشی دەزانی من ئەو پرۆژەیەم پێشکەشی جەنابی کرد بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکانی من هەمووی کرا، ئەگەر ماوەم بدەنێ سوپاسی بەڕێز جەنابی وەزیر بکەم، سوپاسی بەڕێز سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی کوردستان بکەم، سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە بکەم کە بەشداریان کردووە لەم پرۆژەیە، چونکە هەرێمی کوردستان سیستەمی پەروەردەیی زۆر کۆنە، توانیان ئەو سیستەمە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر ببەن، دووبارە سوپاسی هەموو لایەك دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کەژاڵ خان فەرموو.

**بەڕێز کەژاڵ مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەروەکو ئەوانی تر هەندێ پرسیار و تێبینیم هەیە لەسەر پرۆژەکە، لێرە کاتێك دەڵێ نمرەکانی پۆلەکانی حەفت و هەشت و نۆیەم بەم شێوەیە بێت رێژەی نمرەی هەشتەم لە 20٪ وەربگیرێت ئەوە بکرێت لە 30٪، هەروەها لە پۆلی یازدەش بکرێت لە 30٪، چونکە لەو پۆلانە زیاتر ئیختیصاصاتی دەکرێت، ناکرێت وەکو ئەوەی پێشتر بێت لە 20٪ دیاری بکرێت، لە دووەمیش قۆناغی ئامادەیی دەڵێ پۆلی دە بەسەر ئەم لقانەی خوارەوە دابەش دەبێت، زانستی گشتی و وێژەیی گشتی و پیشەیی، ئایا بۆ ئەمساڵی

خوێندن هەمان پێوەر دەبێت، چونكە قوتابی نەیزانیوەو خۆی ئامادە نەكردووە، بۆ ئەوەی هەمان پێوەر بەكار بێت، یان نا.

پرسیارێكی تریشم/ ئەوەیە لەو پرۆژەیە هیچ باسی پەروەردەی ئیسلامی نەكراوەو، ئەوەی تریش باسی بڕیاری یەك ڕەنگ پۆشی نەكراوە، هیوادارم، یەك ڕەنگ پۆشی ئەگەر باسیش كرا بێت، یاخود ئەگەر بڕیاریان وابێت مامۆستایانیش بگرێتەوە، چونكە مامۆستا زیاتر كاریگەری هەیە لەسەر قوتابیان، بەتایبەتی مامۆستا ئافرەتەكان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەر دوعای خێر بۆ وەزیر دەكەم، كە بتوانێت ئەو پرۆسە گەورەیە بەڕێوە ببات، زۆر سوپاسیشی دەكەین خۆی و هاوكارانی، ئەوەی خوێندیەوە خۆزگە لەبەر دەستمان بوایە، چونكە ئەوەی لەبەر دەستمانە هەندێ گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە، پرسیاریش ئەوەیە ئایا جەنابیان ئەوەی خوێندیەوە ئەوەیە لە ئەنجومەنی وەزیران پەسند كراوە، حەزمان دەكرد ئەوەی بزانین، سەبارەت بە ئیلزامی كردنی خوێندن لە قۆناغەكان شتێكی زۆر باشە، بەڵام ئەگەر هاتوو باوكان و كەسوكاریان ئیلتزامیان بەو ئیلزامی كردنە نەكرد، هیچ شتێك هەیە ئیجرائاتێكی یاسایی بەرامبەریان بكرێت، لێرەشدا پشتگیری ڕەئیەكەی كاك عوسمان بانی مارانی دەكەم، كە ئێمە خوێندن دەكەینە ئیلزامی، بەڕاستی پێویستە هەموو پێداویستیەكانی خوێندن بۆ خوێندكاران دابین بكەین هەر لە جل وبەرگ و جانتاو كتێب و قرتاسیەو هەموو شتەكانەوە، پاشان پرسیارێكم هەیە لەبارەی سێی ناوەندی، ئەگەر هاتوو لە 60٪ی كەمتری هێنا قوتابی ئایا بە هەمان شێوە دەبێت بچێتە ئامادەیی بازرگانی و پیشەسازی و كشتوكاڵی، بوار نییە بچێتە ئامادەیی گشتی و بەشەكانی تر.

بەنیسبەت مامۆستایانیش پرسیارم هەیە، زۆر گەورەیە ئەو دەورانەی شیاندن، دەورەی شیاندن كە دەكرێتەوە بۆ مامۆستایان، بەس فێری ڕەفتاری جوانیان بكەن لەگەڵ تەڵەبە، من كچەكەی خۆم نارد بۆ ڕەوزە تەنها ڕۆژی یەكەم چوو، ڕۆژی دووەم گوتی ناچم، ئەو مامۆستایەی ئیستیقبالی كرد بوو ڕەفتارێكی ئەوەندە ناشیرینی لەگەڵ كرد، نەمتوانی بیبەمەوە جارێكی تر، بەتایبەتی قۆناغەكانی یەكەمی بنەڕەتی ڕەفتاری جوان لەگەڵ قوتابیان زۆر زۆر گرنگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، سەبرییە خان فەرموو.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای دەستخۆشی لە وەزارەتی پەروەردەو سەرجەم ئەوانەی کاریان کردووە لەو بوارە، لەڕاستیدا من قەناعەتم وایە یەعنی هەوێنی گۆڕانکاری کە دەڵێن (التربیە والتعلیم) پەروەردەو پێگەیاندن، پەروەردەو زانست، بوارە پەروەردەییەکەیە، گەورەترین گرفتی ئێستا، ئێمە ئەگەر لەبواری زانستی لە خوارەوە بێت بێ گرفتی پەروەردەییمان هەیە، بە ئەزموون، بە عەمەلی رۆژانە لە هەموو قوتابخانەکاندا ئەو حاڵەتانە دووبارە دەبێتەوەو موعاناتێکی گەورەی هەموو خاوەن قوتابیەکانە، کە دەبێت بواری پەروەردەیی راست بکەیتەوە، بۆ ئەو منداڵانەی کە دەچنە قوتابخانە، ئەمە بەشێوازێکی عمومی نا، بەڵام زاهیرەیەکی گشتییە، کە ئاستی پەروەردەیی گرنگی پێ نادرێت، سلوکیات و داڕشتنی بنەمای پەروەردەیی لاوازە.

خاڵێکی تر لەوانە/ باسی پشووەکان نەکرا، شێوازی پشووی هاوین چۆنە، نیوە ساڵ چۆنە، یەعنی ئەگەر تەوزیحێکیشمان لەسەر ئەوە پێ بدات.

خاڵێکی تر/ یەکخستنی زمان، منیش جەختی لەسەر دەکەمەوە، گرفتێکی هەرە گەورەیەو پێویستە، بەڕاستی زۆر پێویستە پەروەردە کاری لەسەر بکات.

خاڵێکی تر/ کەفائەو لێهاتن و ئەزموون ببێتە پێوەر بۆ دانانی هەر یەکە لەو کەسانە لە شوێنی بەرپرسیاریەتی پەروەردە، یان بەڕێوەبەرایەتی، کە بەڕاستی ئەوە گرفتێکە حاشا هەڵنەگرە لەسەرتانسەری کوردستاندا باوەڕ ناکەم دە بەڕێوەبەری غەیری هەردوو حزبی دەسەڵات هەبێت، ئەوە واقیعێکە، چارەسەر کردنی پێویستە لە هەنگاوی سەرەتا بێت، هەتا زۆر جار ئەوانەی کە دادەنرێن خۆیان بە شاهێدی دەڵێن، کەسێك لەبەر دەستی دایەتی خاوەن ئەزموونی سی ساڵە بەسەرکەوتوویی، بەڵام لە ئینتما حزبەکەی بۆتە هۆی وەلا خستنی لەو کارە، بۆیە ئەمە بە خاڵێکی گرنگ بگرێتە بەرچاو و ئیشی لەسەر بکرێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستخۆشی لە وەزیرێ پەروەردە دکەم، هەروەسا هەمی هەڤالێ کو کار کری لیژنا پەروەردا، راستی کۆمەلە پرسیارێت مە داخوازێت مە پێشنیار هاتە کرن، پرۆگرامێ نوێ وەزارەتێ پەروەردە پرۆگرامێکێ دلخۆشکەرە لە راستی هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم، چەند مولاحەزەیەك و پرسیارێت هەنە، بە پێویستی دەزانم ئیشارەتی پێ بدەم، یەك/ بۆ سەرکەفتنی پرۆگرامی ئەکید مامۆستا بۆ کارێ هەرە سەرەکییە، ئەرێ ڤێ مووچەی مامۆستا بێتە هاندان، ئان دەبێت هاندەرێ دێ کو بتوانێتن ناوی پرۆگرامێ رەنگێکی رێك و پێك و زانستی بگەیەنێتە قوتابی بۆ هەندێ وێ ئاستی پێکتیڤی بە دەست بێنێتن، ئەوە فەقەرەی یەکێیە.

یا دوێ/ بەڕاستی دەڤەرا پارێزگا دهۆکێ کیشا وەزارەتا ئەڤ ساڵە بوە هۆی ئاستێ زانست، ئاستێ پێشکەفتنێ کێ بوویە، ژی بەر هەندێ پیتڤیە بزانن زاراوەی تایبەتی دەڤەرا پارێزگا دهۆکێ بۆ کارهێنانە شێوەیەکی

گونجاو، چونکه تا پار ساڵ هەتا پۆلی شەشی سەرەتایی زاراوەی بادینانی هاتە خەفاتاندن، ئەوجا بۆ سۆرانی قوتابی یەکسەر لە سەرەتایی بچێتە قۆناغا ناوەندی کو پرۆگرامێ قۆناغا ناوەندی نەمایە، هێڤی دکەم ئەو پرۆگرامە هاتە کرن بە هیچ شێوەیەك زارویێ دەڤەرا بادینان باشتر بچێت وەربگرێتن و بۆ ئیستیفادە جێتر بکاتن، ئینجا سەرکەفتنێ پتر بێت، هەمیشە پارێزگا دهۆکێ بۆ ئەڤ ساڵە ئاستێ وێ هاتە خوارێ، ئینجا ئەو کو وەزارەت خاندن هاتە گۆڕان، هێڤی دکەم زاراڤێکی گونجاوتر کو بەشێوەیە باشتربهێتە گەیاندن بۆ گشت قوتابیان.

خالاکا دی تر/ ئان کێشەکا هەرە گرنگ، دابەش کردنی مامۆستایە، دەبنین لە لادێیەك ئیحتیمالە شەش پۆلێت هەین هەمی شەش قوتابی نینە، ئان پازدە قوتابی نینە، مامۆستایەك، ئان دوو مامۆستا ئەلوێرێ دانە، مامۆستای سێ شوعبە، لە سێ سەفە، سێ مەرحەلە دکاتە یەك شوعبە دەرسێ ئێك سەعات دەبێتە سی صەفا، وەرە ناو باژێری دەبینی ئیحتیمالە پێنجی مامۆستا بۆ دوازدە شوعبە هەنە، لە لادێ هەر مامۆستایەك  پازدە سەعاتی بەردەکەڤن لەناو باژێرێ هەر مامۆستایەك یەك سەعاتی بەردەکەڤێت، ئەڤ پارکە لە مابەینا مامۆستاو مابەینا ئاستێ وەرگرتن و کو قوتابی بچێتن عیلمی دەرس لەوی وەرگرێتن، دێ چەند تەئسیری دکاتن قوتابی باشتر فێر بێتن و مامۆستاش وەکو یەك راحەتی وەرگرن، ئان بەری وان، ئەرێ بیرکردنەك دێتە کرن، بۆ جارەکا دی دابەش کردنا مامۆستا بەشێوەیەکی هەروەسا کو رەنگێکی چاك قوتابی بچێت بەهرا خۆش دیتنێ و دانوستاندێ گەل مامۆستای وەربگرێتن کو قوتابی گوندەکان هەمیشە سوتەمەنی شورەشێ و بە خودانێ گەلێ بە رەنگێکی باشتر فێر ببێتن.

خاڵەکا دی/ هەر گرنگە خویندنا مە بۆ مێژوویێ و مێژوویێ عەرەبی بەتایبەتی ئیسلامی و ئاینی خاندنکا پەروەردەیی بوویە، یەعنی قوتابی مە گەلەك جارێ وەختێ خۆ مێژوو دەخینی هەست دکات ئەوەش جزئێکە لە مێژوویا وی، هەر ئەو خالاَندن هەر بە شێوەیە دەبێتە خاندنێکا جیهەتێکی ترو هەم چونکە رێك هاتە بۆ ئاڤا کرنا کەسایەتیەکا کوردی دەست پێ دکاتن لەناڤ قوتابیاندا.

خالاَکا دی تر/ دەبینم بهێتە گوتن بایەخدان بە وانەی هونەری و وەرزشی و سرودی، هەتا ئەڤرۆکە دەبینین ئەڤە ئیهمال دێتە کرن، با مامۆستاش ئیهتیمامی پێ نادەن، کۆمەلەکا مامۆستای دەرچووی هونەرە جوانەکان بێنە دابەش کرن لەسەر قوتابخانە سەرەتایی وێ دەرسێ ئیهتیمامێ وەرگرن و پێناهگەین، ئیش بەر هەندێ دەبینم قوتابی مە لە ماڵێ خۆدا فێری وان ئەوی موهیبە دبن، ئان وان ئارەزوویا........... .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك ئیحسان دوو دەقیقە زیاتر بوو، خاتوو شیرین فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستخۆشی لە وەزارەتا پەروەردە دکەم، بەتایبەت وەزیرێ پەروەردە کاك دڵشاد دکەم، راستی گەلە گلەیی و گازندا پەروەردە هەی، ئەز بێژم ئەز دەقیقە پێ بدەم هەمیا پێشکەش دکەم، ئەم هەرەکی تایبەت ئێت بوارێ پەروەردەدا ئیش کرینە، ئەز دبێژم کار کەرین پتر ئاگادارن بە موشکیلەت پەروەردێ، هەر ئەژی دێ تەئکید دکەم بەر هەندێ هێڤی دارم وەزیرێ پەروەردێ بەرچاو وەرگرێت مەنهەج لازمە گۆڕینا هەبت، یان

نابێت مەنهەجی ئیش بەر سالێت حەفتانا، هەتانوکە ئەز وەکو قوتابی یەعنی گەلە جار هەتا ئەندامێ پەرلەمان گەلێك دەئاخافتن بەرە بەهدینان و مە سۆرانە گەل مە تێناگەن ئەز چ دبێژت، ئەز مەجبور دکەم بکەمە عەرەبی، یەعنی ئەڤە تشتەکا لازم هەبێتن، یەعنی حەلێکی مووەقت بۆ چارەسەر کردنی زمانێ هەبێتن، دەڤەرێت مە مەسەلەن ئێکی مەرحەلەی سەرەتایی دێ بادینی دەخوێنێ دەچێتە موتەوەستە، گەلە جار هەتا ئەز نارابم ژی ژی بەر ئاخافتن بەلکی بادینی تێناگەین، جارەکا من گوت کاك کەمال ژی، یەعنی گەل ئەم نەشێن گەلەك تشت هەنە ئەز دەزانم تێناگەن، یەعنی رابینە بەر کی موشارەکەت نینە گەلەك ژی بەر، باوەڕ بکەن لە 100٪ ژی بەر ئاخافتنێ، یەعنی موشکیلەکی مەزنە لە زمانی مە، لازمە حەل هەبت، ئەم نە بێژن بۆچی هێشت نوکە مەجال نینە، یەعنی ئەڤە نە ئەو وەختە، وەخت نوکە لازم حەلەك هەبیت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی بەڕێز جەنابی وەزیر دەکەم، سوپاسی ئەو کەسانەش دەکەم کە ماندوو بونیان کێشاوە لە گۆڕینی ئەو پرۆگرامە، من وای دەبینم کەرکووك چۆن دائیمەن بێ بەش کراوە لە ئیعمار، لە هەموو شتێك لەم زروفە سیاسیەشدا دیارە لە خوێندنیش دەبێت منالی ئاوارەی خەڵکی کەرکووك بێ بەش بێت لەم پەرەسەندن و لەم گۆڕانکاریانە، کە قەناعەتم هەبێت بیرێك لە چارەسەر کردنی بکرێتەوە، چونکە چیتر لەوە زیاتر ناکرێت منداڵی کەرکووك لە بن خێمەو لە وێرانیداو لەو حاڵەتدا بەڕاستی بژێت، لەکاتێکدا کە هەمووومان دەزانین چۆن چۆتەوەو چۆنیش دەژێت لەوێ، هەتاوەکو لەم چەند ساڵە، ئەمساڵەی ئەخیریدا تەڵەبەیەکی خەڵکی کەرکووك کچێك لە قوتابخانەیەکی کەرکووك یەك لە تەڵەبە یەکەمەکان بوو کە چوارەمی هێنا بوو لە ئاستی کەرکووك و لە ئاستی کوردستانیش، کەچی نە ناوی هەبوو، نە کەس پاداشتێکی کرد، نە باسیشی لێ کرا، بەش بە حاڵی خۆم ئەمە یەك، دوو پرسیاری ترم هەیە، بەنیسبەتی عەفوی عام چی لێ دێت، نازانم یەعنی ئەو مەرحەلانەی حەوت و هەشت و نۆ و ئەمانە، تاقی کردنەوی خارجی دیارە هەیە لەمەرحەلەی دواتردا، بەلاّم بەنیسبەت ئەو تەڵەبانەی کە تەمەنیان گەورەیە، کە جارێکی تر ئیمتیحانی خارجی دەدەن لەوانەیە دوو مەرحەلەکەی تر چۆن دەدەنەوە، یەعنی چۆن ئەو مەعدەلە کۆ دەکرێتەوە لەگەڵی، بەپێی ئەو نیزامە دە، پازدە بە پازدە، بە حەفتا بڵێین لە سیستەمی بنەڕەتیدا، بەلاّم ئەوەی کەوا چۆن دەچێت، دەتوانێت سێ تاقی کردنەوە بکات، بۆ نموونە نۆ تاقی کردنەوە دەکات، چی دەکات، ئەوەی تری نەدابێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم/ پێم وایە باش کردنی بژێوی مامۆستا بەشێکە لە گۆڕانی سیستەمەکەو ئاسانکاریە بۆ سیستەم.

دوو/ وەزارەتی پەروەردە مەسئوولیەتی یەکەمی تەربیەو تەعلیمە لەم وڵاتە، لەم بوارەشدا مزگەوت و شوێنەکان فەراغی زۆریان پڕ کردۆتەوە، کە مەسئوولیەتی تەربیە لە ئەستۆی وەزارەت بێت بۆ ڕێگە گرتن لەو مەسەلەیە، وەزارەت چی کردووە، چ پلانێکی هەیە.

سێیەم/ پێم وایە مەسەلەی تەربیەش سەلاحیەتی موشتەرەکە، بۆ ئەوەی تەزاروب نەبێت لەگەڵ دەستووری عێراقدا، ئێوە چیتان ئامادە کردووە، من دەزانم ئەولەویەت و بەرژەوەندی بۆ قانونی هەولێرە، بەڵام بۆ ئەوەی تووشی تەزاروب نەبین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك حەمە رەشید ماوەتی فەرموو.

**بەڕێز رشید کریم رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە گۆڕانکاریەکی بەهێزو سیستەمێکی تازەیە ، پلانێکی درێژ ماوەو کورت ماوەی دەوێت، پارەشی تێ دەچێت، ئایا جەنابی وەزیر دەتوانێت پێمان بڵێت چەندی تێ دەچێت.

دووەم/ ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکە توخمەکانی ناتوانرێت لێك جیا بکرێتەوە، کە لەسەر سێ ئەساسە ئیهتیمامەکەی، یەعنی بە سێ شت دەدرێت، یەکەم/ مامۆستا، دووەم/ جێگا، سێیەم/ مەنهەج، مەسەلەی جێگا شتێکی ئاشکرایە کە شەست، حەفتا قوتابی لە شوێنێکدا چۆن دەتوانن فروقی فەردی جیا بکرێتەوەو ئیهتیمام بە قوتابی بدەیت، ئەگەر جێگە نەبێت.

خاڵێکی تر/ جەنابی وەزیر ئیشارەتی بە شتێکدا لە پرۆژەکە، ژینگەیەکی دیموکراتی دروست بکات لەناو خوێندنگا، ئایا ئەمەی کە ئێستا هەیە لە زەمانی بەعسەوە سیستەمی یەك حزبی زاڵە بەسەر ناو قوتابخانە، ئایا توانای ئەوەیان هەیە ئەوەی بگۆڕن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، مەلا ئەنوەر فەرموو.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم لە سەرۆکایەتی هەیە، ئایا کە سەرۆکایەتی بەخێرهاتنی میوانێك دەکات، کافی نییە بۆ هەموو ئەندامان، یەعنی نوێنەرایەتی ئەوە، ئەوە پرسیارێکە، جەنابی وەزیر باسی لە پرۆسەی گۆڕانکاری کرد، گۆڕانکاری شتێکی زۆر پیرۆزو چاکە، بەڵام هەر (من اجل التغير) ئەوە خۆی گرفتێکی دیکە دروست دەکات، ئەو ئاسانکاریانەی کە باسی کردن لە موداخەلاتی ئەندامانی بەڕێز هەمووی دەرکەوت کە هۆکارە

سەرەكیەكان ئەوە نییە، كە بە تەنیا باسی مەنهەج بێت، بەڵكو ئەو ئالیەتانەی بۆ جێ بەجێ كردنی خوێندن و رەغبەتی خوێندن زەعیفە لەناو كۆمەڵگای ئێمەدا، ئایا چ دەكرێتن بۆ ئەو شێوازە، وەكو مەوزوعی بژێوی مامۆستایان و هەر وابێت روونكردنەوەی راهێنان و دەوراتی بەهێز بۆیان، ئێمە هەمووومان دەزانین مەسەلەی لادێیەكان شتێكی زۆر موهیمە، یەعنی ئەو كوردستانە بەرەو ئاوەدان بوونەوە چۆتەوەو ئینشائەڵلاّ زیاتر، بەلاّم لە زۆر لە مەنتیقەكانی لادێیەكان لەبەر گرفتی قوتابخانەو دواناوەندی و ناوەندی، جۆرێكی زۆر قوتابیان واز لە قوتابخانە دەهێنێت، چ كراوە بۆ ئەوەی كە یەعنی ئەو گرفتە لەناو بچێت و نەمێنێت، هەروەها مەوزوعی ئایین، بە حەقیقەت ئێمە گەلێكی موسڵمانین و لە 99٪مان موسڵمانە، ئایا لە پرۆسەی نوێدا دەوری ئاین چیەو چۆنە، چەند ئیهتیمامی پێ دەدرێت، ئایا وەكو سەردەمی رژێم هەر دەكرێت بە دەرسێكی لاوەكی و مامۆستایەكی نەزان لە بواری ئایندا دەڵێتەوە، یاخود لە داهاتوودا شتێكی تری بەسەردا دێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە لەم سیستەمە ئاماژە دراوە بە یەكسانی و دیموكراتی و ئەندامی چالاك و ئەوانە، باسی گرفتەكان زۆر كرا، ئەو گرفتانە گەر بمێنن، دیارە شادی و خۆشی لەلای خوێندكار نامێنێ و مەیلی خوێندنی لێ كەم دەكەنەوە، گرفتەكان سێ دەوام لە خوێندنگەیەك، لە هەندێ شوێن مامۆستا نییە، دكتۆر بۆ خۆی دەزانێت خراپی بینا، هەندێك شوێن خانووی گڵ و ئەوانەی تیایە، درەنگ گەیشتنی كتێب، جاری وا هەیە دوو خوێندكار یەك كتێبیان هەیە، یان درەنگ گەیشتنی قورتاسیە، ئەمانە كە قسەیان لەسەر كرا، ئەمانە بۆ خۆیان گرفتن، ئایا ئەمانە چۆن چارەسەر دەكرێت، نابنە هۆی ئەوەی جارێكی تر خاو كردنەوەی، یان نەوعێك لەبار بردنی ئەم پرۆسەیە، وەكو مامۆستا فایەق سەعید نامەی بۆ ناردوون هەنگاوی یەكەمی، رەنگە گرفت دروست بكات، ئایا مامۆستایان توانیویانە رابێن، كە مامۆستایان پێشتر لەسەر سیستەمێكی تر وانەیان گوتۆتەوە، توانیویانە مامۆستایان رابێن، یان دەورەیان بۆ بكەنەوە، بۆ ئەوەی بتوانن بەسەر ئەو گرفتانە زاڵ بن، لە لایەكی تریشەوە ئاوارەیەكی زۆر لەو ولاّتەی ئێمەدا هەیە، دیارە ئەوانەش خوێندكاریان هەیە، رەنگە جارێكی تر ببنەوە بار بەسەر وەزارەتی پەروەدە، دوایێ وەزارەتی پەروەدە توانیویەتی لەو بوارە خۆی ئامادە بكات، سەبارەت بە پەیمانگاكان كەداخراون، جەنابی وەزیر گوتی یەكێك لە هۆكاری داخستنی پەیمانگاكان زۆری مامۆستایە لەو شوێنانە، بۆ خۆی باش دەزانێت هەندێك جێگا هەیە مامۆستایان نییە، لەبەردەم گرفتی بێ مامۆستا دەناڵێنن و شوێنەكان زۆر دوورن و مامۆستا روو ناكاتە ئەو شوێنانەوە، ئایا عیلاجیان بۆ ئەو شوێنانە دۆزیوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو ڕەمزیە فەرمووو.

**بەڕێز رمزیە احمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنا بەڕێز وەزیر دکەم، دەستێت خۆش بن لسەر گۆڕانکاریا، دوو پرسیارێت هەینە، پرسیارا من ئێك/ ئەڤ دەرسێت خصوصی سەڤ شەشی فەرقێکی نەخەینە بەینی تەڵەبەی زەنگێن و فەقیر، چونکە زەنگین بۆ خۆ مودەرسی خصوصی دەگرێت بە دە وەرەقە، بەس فەقیر دە وەرەقە لەکوێ بێنێت، حەقێ مودەرسی ئەگەر سالأنە بۆ دەرس گوتنێ بلّی دە وەرەقە وەردەگرێت، بەس فەقیر، ئان موەزەف، ئان موعەلم، ئان مودەرس دە وەرەقە لە کوێ بێنێت، هەر مادە بداتە دەرسی خصوصی، ئەوە دە فەرقێکی دەەیخەتە بەینی مستوای عیلمی فەقیر و زەنگین، ئەوە ئێك.

یا دوێ/ ژی نیسبەت تاقی کردنا مادێ زانست و ئینگلیزێ و ماتمەتیك و دەرسێت دی، ئەرێ مەعنەویاتی موعەلیمی ناهێتە خوارێ، ئەوێ سالێکە دەرس دبێژیتن، ئو دیماهی ئیمتیحانی نامێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك دکتۆر ڕەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمان محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ بەڕێوەبردنی هەر کارێك پێویستمان بە بیری کاری باش و کەرەسەی باش هەیە، بۆ ئەوەی دەرئەنجامی باشمان هەبێت، ئەم پرۆژەیە وای دابنێین بیرێکی باشە، بەلأم ئایا ئامادەکاری کاری باش و کەرەسەی باشی بۆ کراوە، پشتگیری لە ڕەئیەکەی کاك ئیحسان دەکەم دەربارەی گواستنەوەی مامۆستا، بەڕاستی لە لادێیەکاندا بوونە شوێنی فێرکردنی مامۆستا، دکتۆر هەموو کادیرەکان، هیوادارین حکومەت و پەروەردەش پرۆژەی داهاتووی ئەوتۆی هەبێت، کە هیچی تر لادێیەکان وەکو تاقی کردنەوەی تر بەکار نەیەت، بۆ ئەم مەبەستەش لە خەڵکی شوێنەکان هەوڵ بدرێت کادیری پێویستیان بۆ ئامادە بکرێت، بۆ ئەوەی دوای یەك، دوو ساڵ کە فێر دەبن و کێشەکانیان بەرەو چارەسەر کردن دەڕوات ئەو شوێنانە بەجێ نەهێڵن، تاکو لە داهاتووشدا خەڵکی گوندنشین ئەمەلی مانەوەی هەبێت لە شوێنەکەیداو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا زۆر خۆشحاڵم بەوەی کە لەم گۆڕانکاییە نوێیەدا فەلسەفەی سیستەمی پەروەردەی هەرێم لە سیستەمێکی ئۆتۆکراتەوە گۆڕاوە بۆ سیستەمێکی دیموکرات، هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم و

دەستخۆشیان لێ دەکەم، بەدیدی من پێویستە هاوکار لەگەڵ گۆڕینی سیستەمی پەروەردە بیر لە فۆرم لە مەنهەجی پەروەردەی هەرێمی کوردستانیشدا بکرێتەوە، لە هەمان کاتیشدا دوو، سێ پرسیارم هەیە، ئەگەر جەنابی وەزیر دەرفەتی هەبێت وەڵام بداتەوە، هەندێکیش پێشتر باس کراوە، یەکەم/ کاتژمێری دەوام بۆ قوتابیان لە سیستەمی نوێ چەند کاتژمێرە؟ بۆ ماوەکانی پشوو لە ساڵی خوێندندا چەندە؟ ئایا بیریان لەوە نەکردۆتەوە پشووی هاوین کە سێ مانگە فەترەیەکی دوورو درێژە بۆ ئەوەی قوتابی لە قوتابخانە دوور بکەوێتەوە.

خاڵی تر/ بینایەی قوتابخانە کە جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێدا گرنگ نییە، بەدیدی من زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی قوتابخانە دەبێتە ماڵی دووەم بۆ قوتابی، ئەگەر ئەو ماڵە خۆش بێت و خاوێن بێت زیاتر ئەو قوتابیە تەشجیع دەبێت، بۆ ئەوەی کە روو بکاتە قوتابخانە، کە پێویستە بەشێکی زۆری قوتابخانەکانی کە ئێستا ئێمە لە هەرێمی کوردستان لە شارەکان هەیە، پێویستی بە نۆژەن کردنەوە هەیەو گۆڕینی سیستەمی و پێداویستیەکانی هەیە.

خاڵێکی تر/ لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی قوتابی تا کوێ لە سیستەمی نوێدا ئەهمیەتی پێدراوە، بۆ ئەوەی کە پسپۆڕێکی دەروونی و قوتابی لە قوتابخانەکان هەبێت، بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەو گرفتی قوتابیان، دەستخۆشیشیان لێ دەکەین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان.**

ئەم سیستەمە کە بەڕێز وەزیری پەروەردە پێشکەشی کرد، دیارە بەرهەمی جددی بوونی جەنابی وەزیرو ئەو بەڕێزانەی کە لەگەڵن، بە تەئکید زۆر هیلاك بوونە لەگەڵ پسپۆڕانی تر گفتوگۆیان کردووە، تەجاروبی وڵاتانی پێشکەوتوویان هێناوەو دیراسەتیان کردووە، ئەمە زۆر زۆر گرنگە، زۆر پیرۆزە، جێگەی ئەوەیە بە شانازیەوە پیرۆزباییان لێ بکەین، بەلای کەم ئەم سیستەمە گرنگیەکەی لەوەیە کە رێ بە منداڵەکانیان دەدات بۆ ماوەیەکی دوور لەسەر خوێندن بەردەوام بن، نەك لە مەرحەلەی سەرەتایی لەبەر زۆر کۆسپ، کە جاران لە پێشیان بوو و وازی لێ بێنن، یان تووشی حاڵەتی نەفسی بن، یان لە ترسان خوێندنەکەیان بهێڵن، مەجالیان پێ دەدات بۆ قۆناغێکی باش، ئەگەر کەمێك حەرەکەتیان هەبێت بتوانن لە خوێندنەکەیان بەردەوام بن ئەمیش بۆ کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێمە لەگەڵ ئەو هەموو کەموکورتی کە هەیە زۆر زۆر گرنگەو زۆریش پیرۆزە، بەنیسبەت ئەو قوتابخانانەی کە هەن، وەکو قوتابخانەی بەهرەداران، تایبەتە لە هەموو دنیا ئەو شتانە هەیە، ئەویش ئێمە ناتوانین هەمووی وەکو یەك لێ بکەین، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەوەی بەهرەداران مەجالی واستە بەهیچ شێوەیەك نەمێنێت، کە ئەمە کوڕی مەسئوولێکە، یان

ئەمە کوڕی پیاوێکی دەوڵەمەندە دەرەجەشی کەم بێت و تەمبەڵیش بێت بڕواتە ئەوێ، ئێمە دڵنیاین ئەو بەڕێزانە کە بە هەموو جددیاتێکەوە هەوڵ دەدەن ئێمەش دەبێت هاوکاریان بین، خەڵکی کوردستانیش هاوکاریان بێت، کە ئەمە نیشانیان بدەن ئەو شتانە نەهێتن، نوقتەیەکی گرنگ ئەوەیە منداڵەکان لە مەرحەلەی خوێندن لەزەت لە عوتڵەکەشیان دەبەن، کە جاران ئیمتیحانی نیوەی ساڵ دەکرا، نیوەی منداڵەکان تووشی ئەعصاب دەکردو تووشی غەمێکی گەورەیان دەکردو لەبەر ئەوەی لە دەرسەکەیان دەرچووینە، یان دەرنەچووینە، ئەمەش گرنگیەکی تری نەفسییە، بوارەکانی تر وەکو دروست کردنی قوتابخانەو راهێنانی مامۆستایان و گۆڕینی مەنهەج و زمان، ئەمە هەر یەکە خۆی بۆ خۆی بوارێکی زۆر فراوانە، یەعنی پێویستی بە دیراسەیەکی تایبەت دەکات، پێویست بە ئامارێکی دەقیق دەکات، جەلسەیەکی تایبەتی یەك رۆژی لەسەر هەر یەکێك لەو بوارانە لەگەڵ بەڕێز وەزیری پەروەردە لەسەری رابوەستین، دووبارە پیرۆزبایی لە سیستەمی پەروەردەو وەزیری پەروەردە دەکەین، ئەمەش نەتیجەی جددی بوونیەتی و شایەنی ئەو پۆستە پیرۆزە موقەدەسەیە، کە لەسەر شانیەتی و هەر سەرکەوتوو بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تارق جامباز فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، من یەکسەر دەچمە ناو مەوزوع، پێشنیارێکم هەیە لەو سیستەمە، بەزووترین کات کۆنگرەی زمانی ستاندەرو ئیملای کوردی ببەسترێت، چونکە پێویستە و پرۆسەکەش سەرناکەوێت، ئەگەر بێتو ناحیەی زمان و ئیملایەکەی یەك نەخرێت.

دووەم پرسیار/ لە جەنابی وەزیر دەکەم، ساڵانە لە سێی بەکەلۆریاو شەشی ئامادەیی، ئەوەی لە خوێندنی غەیر ئیقلیمی دەخوێنێت عەفو دەکرێت لە زمانی کوردی، ئایا ئەوە هەتا کەی بەردەوام دەبێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕاستی دانیشتنێکی گرنگ بوو، دەوڵەمەند بوو، هەم راپۆرتەکەو شەرحەکانی کە جەنابی وەزیر کردی، هەم پرسیارەکانتان هەمووی دەلیلی ئەوەیە هەموو لایەك، هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئەهمیەت و گرنگی پەروەردە دەزانن، پرسیارەکان زۆریان جێگای ئەوەیە کە وەڵامی بدرێتەوە لەلایەن وەزیرەوە، جەنابی وەزیر ئەو وەختەی دەدەمێ یەکە یەکە وەڵامتان بداتەوە، ئەگەر دووبارەی تێدا نەبێت، جا ئەگەر خۆی پێی باشە، دانیشتنێکی تر بۆ ئەوەی وەڵامی هەمووتان حازر بکات، لێرەدا بێتن و لەبەر ئەهمیەتەکەی خەڵکیش موتابەعەی دەکاتن و دەیانەوێت ئاشنا بن بەو پرۆگرامەو پرسیارەکانتان، ئەگەر خۆی رازی بێتن وای لێ دەکەین، زۆر باشە، کەواتە ئێمە هەفتەی داهاتوو دانشتنێك ساز دەکەین و پێشنیار دەکەین و ئاگادارتان دەکەینەوە، بۆ ئەوەی گوێ بیستی وەڵامی پرسیارەکانتان بن، زۆر سوپاسی جەنابی

وەزیر دەكەین، بەخێر بێتەوە، كۆتایی بە دانیشتنەكەمان دەهێنین، تا ڕۆژی دوو شەممە كە بڕیار وایە هەر چوار وەزیر، وەزیری تەندروستی و وەزیری بازرگانی و وەزیری شارەوانی و وەزیری ژینگە بانگ بكرێن بۆ ئێرە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاپۆرتەی كە لەلایەن ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بەرز كراوەتەوە بۆ باس كردنی دیاردەی نەخۆشی كۆلێرا لە هەرێمی كوردستاندا، بەڵێ كاك دڵشاد فەرموو دوا قسەت.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان.**

لەڕاستیدا ئەو سەرنج و تێبینی و بۆچوونانەی ئێوەی بەڕێز، ئێمە دەخاتە بەرپرسیاریەتێكی گەورەی ترەوە، كە زۆر جددی تر بین لەسەر ئەو پرۆسەیەو دڵنیاتان دەكەم، كە لە هەفتەی داهاتوو وەڵامی سەرجەم ئەو بیروبۆچوونانەو، سەرجەم ئەو نیگەرانیانەی كە مافی خۆتانە هەتان بێت لەسەر جێ بەجێ كردنی ئەم پرۆژەیەو دڵنیا بن لە لای ئێمەش هەبووەو میكانیزمی چارەسەرو گونجاویشی بۆ دۆزراوەتەوەو بە بیرو رای ئێوەو پسپۆڕانی تریش بێگومان پرۆژەكە دەوڵەمەند دەكرێت، وەكو یەكێك لە خاڵەكانی هاتووە هەڵسەنگاندنی بەردەوامی بۆ بكرێت، دووبارە من زۆر سوپاسی ئەو پشتگیری و خەمخۆری ئێوەش دەكەم بۆ پرۆژەكەی ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەخێر بێت سەرچاوان، كۆتایی بە دانیشتنەكە دەهێنین، تا ڕۆژی دوو شەممە سەعات یازدە

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)**

**دوو شەممە ڕێکەوتی 17\9\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (4)

## دوو شەممە رێكەوتی 2007/9/17

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2007/9/17 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (4)ی خولی دووەم, سالّی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی سالّی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (4)ی خولی گرێدانی دووەمی سالّی سێیەمی خولی هەلّبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- گفتوگۆ كردنی بابەتی بلاّوبوونەوەی نەخۆشی كولێرا لەهەندێ لە ناوچەكانی پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆك و ئەو ئیجرائاتانەی كەلەبارەیەوە وەرگیراوە، لەسەر داوای كۆمەلّێك لە ئەندامانی پەرلەمانەوە ئەمەش بەپشت بەستن بەبرگەی دووەمی ماددەی(54)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی ژمارە(1)ی سالّی 1992ی هەمواركراو، بەئامادە بوونی وەزیرە بەڕێزەكان هەریەك لە وەزیری (تەندورستی و بازرگانی وژینگە).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی سالّی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (4)ی خولی دووەمی هەلّبژاردن لە كات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2007/9/17دا بەم شێوەیە بێت:

1- گفتوگۆكردنی بابەتی بلاّوبوونەوەی نەخۆشی كولێرا لەهەندێ لە ناوچەكانی پارێزگای سلێمانی وهەولێر ودهۆك وئەو ئیجرائاتانەی كەلەبارەیەوە وەرگیراوە، لەسەر داوای كۆمەلّێك لە ئەندامانی پەرلەمانەوە ئەمەش بەپشت بەستن بەبرگەی دووەمی ماددەی(54)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی ژمارە(1)ی سالّی 1992ی هەمواركراو، بەئامادە بوونی وەزیرە بەڕێزەكان هەریەك لەوەزیری(تەندورستی و بازرگانی وژینگە).

زۆر بەخێر بێن سەرچاوان، بڕیار وابوو وەزیری شارەوانیش بێت، بەڵام دوایی باسی دەکەم لەبەر چەند هۆیەکی فەنی وبابەتی نەیتوانیوە ئامادە بێت، سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، وەزیری تەندروستی، وەزیری ژینگە، وەزیری بازرگانی، وەزیری هەرێم بۆکاروباری پەرلەمان، هەروەها بەپێویستی ئەزانم بەخێرهاتنی دکتۆرە نعیمە قەصیر بکەم کەسەفیری بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیە لەگەڵماندا بەشدارە، هەم خۆی پێی خۆش بوو لەگەڵمان بەشدار بێت، هەمیش ئێمە پێمان خۆش بوو لەگەڵمان بەشدار بێت، لەبەر ئەوەی ئەم ڕێکخراوە بەیانێکی بڵاوکردۆتەوە یان لەسەر زمانی ئەوانەوە بەیانێکیان بڵاوکردۆتەوە دوور لەڕاستی، حەزی کرد لەبەردەم ئێوەدا هەم ئەو هەنگاوانەی ڕێکخراوەکەیان ناویەتی بۆ پشتگیری کردنی وەزارەتی تەندروستی و دام ودەزگاکانی هەرێم بۆ بەگژداچوونی ئەو دیاردەیە، هەم ڕەتدانەوەی ئەو بەیاننامەیە یاخود ئەو قسەیە کە کراوە بەناوی ڕێکخراوەکەیان سەبارەت بەبڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیە، سەرەتا داوا لەلیژنەی تەندروستی دەکەم بێن بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتیان، هەروەها کاك محمد رفعتیش بێتە ئێرە ئەویش بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی ئەو ئەندامانەی کەوا داوایان کردبوو، ئەو وەزیرە بەڕێزانە بێن لێرە ئامادە بن، داوا لەکاك دکتۆر فوئاد دەکەم لێپرسراوی لیژنەی تەندروستی بێت ڕاپۆرتەکەی بخوێنێتەوە.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

**بەڕێزان وەزیرە بەڕێزەکان.**

ڕاپۆرتی لیژنەی تەندروستی وکۆمەڵایەتی سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کولێرا.

بەڕێزان وەك ئەزانن نەخۆشی کولێرا یەکێکە لە نەخۆشییە گوازراوەکان وبەیەکێك لە ترسناکترین جۆرەکانی سکچوون دادەنرێت کەمرۆڤ لەماوەیەکی کورتدا بەرەو وشك بوونەوە دەبات وئەنجامی مردنی لێ دەکەوێتەوە ئەگەر لەماوەیەکی زۆر کورتدا چارەسەر نەکرێت.

دەرکەوتنی ئەم نەخۆشییە بەزۆری لە وەرزی هاویندا دەردەکەوێت، لەڕێگای پیس بوونی سەرچاوەکانی ئاوو خواردن وپیس بوونی ژینگەیی و نەبوونی پاك وخاوێنی لەلایەن تاکەکانەوە بەهۆی کەمی هۆشیاری لەو بوارەدا، ئەمەش دەبێتە هۆی تەشەنەکردنی لە نێو کۆمەڵگادا، بووە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە، هەرچەندە ساڵانێکە لە کورستان نەماوە.

نەخۆشی کۆلێرا یەکێکە لە نەخۆشیە نیشتەجێکان (متەوەتینەکان) لە عێراقدا ولە (40) ساڵی ڕابردوو تا ئێستا ئەم نەخۆشیە ناوبەناو لە یەکێك لە ناوچەکانی عێراق بە کوردستانیشەوە سەری هەڵداوەو، ئەگەری دووبارە بوونەوەی بەردەوامە بەهۆی بارودۆخی نائاسایی عێراق بەگشتی لەبواری تەندروستی وژینگەیی ودابین کردنی پێداویستیە مرۆییەکان لەڕووی ئاوو خۆراکەوە.

بەڕێزان لیژنەکەمان لەگەڵ بیستنی هەواڵی بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیە کە لەسەرەتادا لەسنووری پارێزگای سلێمانی دەرکەوت زانیاریمان لەسەر ئاستی هەرسێ پارێزگا کۆکردەوە (سلێمانی، دهۆك، هەولێر) ئەمەی خوارەوە بۆ زانیاری بەڕێزتان هەندێك لەژمارەی تووش بووان و رێگاکانی گرتنەبەر لەڕووی چارەسەرو خۆپاراستنەوە لە لایەن فەرمانگە تەندروستیەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك)وە.

1- ژمارەی داخل بوو بەحاڵەتی سکچوون تا 2007/9/14 لە سلێمانی (7000) حەوت هەزار حاڵەت بووە، یەعنی سکچوون، تەنها لەمانە (477) حاڵەتیان پۆزەتیڤی کۆلێرا بووە، (10) لەمانەش مردوون، تەبیعی (9) نووسراوە لە راپۆرتەکەدا بەداخەوە هەڵەیەکی مەتبەعیە، (8) حاڵەتیان پێش ئیعلان کردنی نەخۆشیەکە، نەك (7) مردوون، (2) دوویان دوای بڵاوبوونەوە، یەعنی تا رۆژی 8/25لە سلێمانی 429 حاڵەت فەحس کراوە، لە ڕاستیدا 430 هەمیان دەرکەوتووە کەوا پۆزەتیڤ بووە، لەبەر ئەوە لەو حاڵەتانەی کەپێش بڵاوکردنەوەی داخلی خەستەخانە بوون، هەندێکیان مردوون هەندێکیشیان خۆیان نەخۆش بوون، هەندێك لەوانەش درەنگ هاتوون بۆ خەستەخانە، بەڵام دەردەکەوێت دوای بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیە، یەعنی نزیکەی 650 کەسی تر داخڵ بووە لەو 650 کەسە تەنها دووان مردوون، بۆ زانیارییتان لە هەولێر (45) حاڵەت داخڵ بوون تەنها (7) حاڵەت هەڵگری نەخۆشیەکەن، لەدهۆك هیچ حاڵەتێك نەبووە.

ئەوەی جێگای دڵخۆشیە وەزارەتی تەندروستی بە تایبەتی وەزیر، سەرجەم پزیشك وکارمەند وفەرمانبەر ڕۆڵی کارایان بینیوە ورێگای جۆر بەجۆرگیراوەتە بەر بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم نەخۆشیە بەشێوەیەکی خێرا.

دەرئەنجامەکەشی دەرکەوت بەهۆی دابەزینی و کەم بوونەوەی نەخۆشیەکە لە ماوەی کورتدا لەو شیوێنانەی کە نەخۆشیەکە دەرنەکەوتووە رێگای خۆپاراستن باش ڕێکخراوە بۆ کۆنترۆڵ کردنی وڕێ لێگرتنی. کورتەیەك لەو چالاکیانەی لەپارێزگاکاندا ئەنجام دراون بۆ نموونە لە سلێمانی:

1- تیمەکانی چاودێری تەندروستی هەڵسان بەدابەشکردنی گولاجی دۆکس سایکلین بەسەر کرێکارو کارمەندان وچێشتخانەو خواردەمەنی فرۆش وکەبابخانەو یانەکانی خواردنەوە.. تاد.

2- فحص کردنی (800) کرێکار لەوانە (145) کرێکاری بەنگلادیشی کە حاڵەتێکی پۆزەتیڤ دەرچوو لە کرێکارە بەنگلادیشییەکان. ئەمە ئەهەمییەتێکی زۆری هەیە، بۆیە باسم کرد، چونکە وا دەرئەکەوێت ئەو جۆرە بەکتریایەی کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە، هەندێکیان تازەن لەبەر ئەوەی دانیشتوانی کوردستان توانای بەرگری کردنیان کەمترە لەو جۆرەی کەوا لە ساڵانی پێشوودا لەکوردستاندا هەبووە.

3- سەردانی مەیدانی وەزیری تەندروستی ومانەوەی بۆ ماوەی چەند رۆژێك لەسنووری سلێمانی وسەردانی بەردەوامی بۆ ئەم مەبەستە.

4- داخستنی هەموو شوێنە گشتیەکان وەك دوکانی شەربەت و دەست فرۆش و سەوزەوات و چاکسازی لە سەرچاوەکانی ئاودا و دابەش کردنی کلۆر بەسەر خاوەن بیرەکانی ئاو.

5- سەرجەم کارمەند وفەرمانبەرو پزیشکان ڕۆڵی کارایان بینی لەبەدەمەوە چوونی کارو خزمەتی حاڵەتەکان، چەندین هەنگاو وچالاکی جۆراوجۆری تر لەڕاپۆرتماندا پێشکەش بەسەرۆکایەتی کراوە.

6- لیژنەی تەندروستی پەرلەمان ئامادەیی بووە لە ڕێگەی نوێنەرییەوە بەسەردان وبەسەرکردنەوەو بەدواداچوون.

له دهۆك:

1- به هەمان شێوە لەڕێگەی فەرمانگەی تەندروستی ڕێگاکانی خۆپاراستن لەپەتای کۆلێرا گیرایەبەرو کۆنترۆڵی باش وریگرتن لەبەردەم بلاوبوونەوەی ئەو نەخۆشیە کرا.

2- نوێنەری لیژنەی تەندروستی پەرلەمان سەردانی مەیدانی دهۆکی کرد لەنزیکەوە بەدواداچوونی بۆ کرد.

3- کۆبوونەوەی نائاسایی لەگەڵ فەرمانگە پەیوەندیدارەکان وەبلاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی لە ڕێگای ڕاگەیاندن.

4- داخستنی شوێنە گشتیەکان.

هەولێر:

1-کۆبوونەوەی نائاسایی سازکراوە لەگەڵ بەڕێوەبەری سەرجەم بەش وهۆبەکانی پەیوەندیدار.

2- کۆبوونەوەی دیوانی پارێزگا بەئامادەبوونی سەرجەم دام ودەزگاکان وفەرمانگەکانی سنووری پارێزگای هەولێر (ئاو، ئاوەڕۆ، پۆلیسی شار).

3- هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی.

4- زیادکردنی تیمەکانی ئاو وئاوەڕۆکان و ئەکتیف کردنیان لەلایەن دەزگاکانی ژینگەوە.

5- لەرووی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری، ئەنجامدانی چەندین چاوپێکەوتن وپێدانی ڕێنمایی تەندروستی بە کەناڵەکانی راگەیاندن.

ئێمەش وەك لیژنەی تەندروستی وکۆمەڵایەتی بەردەوام متابەعەو بەدواداچوونمان هەبووە، سێ دانیشتنمان سازکردووە، ڕاپۆرتی تەواومان پێشکەش بە سەرۆکایەتی کردووە لەدانیشتنی تایبەت بەکۆلێرا، ونوێنەرمان لە سلێمانی وهەولێر ودهۆك ڕاپۆرتی پێ گەیاندووین ڕۆژانە سەبارەت بەو نەخۆشیە.

بەڕێزان ئێمە وەکو لیژنەی تەندروستی وکۆمەڵایەتی پەرلەمان لێرەوە سوپاسی خۆمان ئاراستەی سەرجەم ماندووبووان لە بەرپرس ورێکخراوەکان دەکەین بۆ کۆنترۆڵ کردن وکەمکردنەوەی ئەم نەخۆشییە، دواتر ئاماژە دەکەین بەو ڕێگایانەی کە پێویستە بەهاوکاری هەموو دەزگا پەیوەندیدارەکان وهاووڵاتیان بکرێت، بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەم جۆرە نەخۆشیە کەبەڕاستی ئێستا تەنها لەسەر ئاستی هەندێك وڵاتی دواکەوتوو ماوە، ئەگەرنا بەرەو چارەسەر کردن هەنگاوی بۆ نراوە، لەوانە:

1- چارەسەرکردنی گرفتی ئاو لەسەر ئاستی هەموو کوردستان بەتایبەتی پارێزگای سلێمانی کە کێشەی ئاو کێشەیەکی گەورەیەو 20٪ی خەڵکی سلێمانی ئاویان هەیە و لە زۆربەی ناوچەکان سێ رۆژ جارێك ئاو وەردەگرن، هۆکاری سەرەکی ئەم نەخۆشیەش پێمان وایە لێرەوە سەری هەڵداوە.

2- چاودێری پرۆژەکانی ئاو، کردنی سیاجی گونجاو بۆ پرۆژەکانی ئاو لەبەر ئەوەی زۆربەیان سیاجیان نیە.

3- هاندان وهاوکاری دکتۆر و کارمەند لەبەشی خۆپاراستن ئیش بکەن بەبوونی دەرماڵەو ئاسانکاری لە (12) قەزا ئێستا یەك دکتۆری وقائی نیە.

4- کۆنترۆڵ کردنێکی فعلی هاتنی خواردن وخواردنەوە بۆ ناو کوردستان کەرۆژانە بەڕێزتان ئاگادارن چەندین تەن شتی بەسەرچوو دەستی بەسەردا دەگیرێت.

5- زیادکردنی هۆشیاری تەندروستی و کارکردن بۆ بڵاوکردنەوەی لە رێگەی راگەیاندن( بینراو وبیستراو گۆڤارو رۆژنامەکان).

6- هاولاتی بە ئەرکی خۆی هەڵسێت لەرووی پاك وخاوێنی وڕەچاوکردنی رێنماییەکانی تەندروستی، چونکە هاووڵاتی رۆڵی کارا دەبینێت.

دووبارە سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی هاوکاری باشیان کردووەو رۆڵیان بووە لەبواری خزمەت وکۆنترۆڵکردنی ئەو نەخۆشییە، بەهیوای بنەبڕکردنی ئەو نەخۆشیە وکۆتایی هێنان بەو دیاردە دواکەوتوانەو هەنگاونانی کۆمەڵگەکەمان بەشێوەیەکی کرداری بەرەو کۆمەڵگا پێشکەوتوو خوازەکان. لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ دکتۆر فواد سەرۆکی لیژنەی تەندروستی لەپەرلەمان بۆ ڕاپۆرتەکەی، دیارە ڕاپۆرتێکی کەش بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرزکرابوویەوە، لەبەر رۆشنایی ئەوەشدا ئێمە داوامان لەوەزیرە بەڕێزەکان کرد کەحازر بن ئەو ڕاپۆرتە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان کاك محمد رفعت وخاتوو کوێستان محمد عبداللە وخاتوو گێلاس محی الدین محمد وکاك بارزان محمد وجوتیار مجید شریف و رمضان عبدالرحمن و کاك عمر عبدالرحمن و کاك بکر فتاح وکاك بارزان عبداللە وکاك زرار طاهر وخاتوو سارا فەقێ خدرو خاتوو سۆزان شهاب وکاك اسماعیل محمود، داوا لەکاك محمد رفعت ئەکەم راپۆرتەکەیان بخوێنێتەوە.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ بەڕێزان سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان**

بابەت/ ڕاپۆرت لەسەر سەرهەڵدانی کۆلێرا لە شاری سلێمانی

ڕۆژتان باش.

بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.

دوا بەدوای بڵاوبونەوەی پەتای کۆلێرا لەشاری سلێمانی، نوسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان هەستاین بەبەدواداچونی  ئەم حاڵەتە و سەردانی لایەنە پەیوەندیدارەکانمان کرد تاوەکو لەنزیکەوە ئاگاداری قەبارەی کێشەکە ببین ولە هۆکانی بڵاوبوونەوەی پەتاکە ئاگاداربین و بزانین ئەو ڕێ و شوێنانە چین کە گیراونەتە بەر بۆ بە رەنگاربوونەوەی ئەم پەتایە.

دواتریش لە کۆتایی ئەم ڕاپۆرتەدا پێشنیارەکانی خۆمانتان دەخەینە بەردەست کە بەڕای ئیمە و خەڵکانی شارەزاو تایبەتمەند ئەگەر جێ بە جێ نەکرێت هەموو ساڵێك لەم وەرزەدا هەمان کارەسات دووبارە دەبێتەوە.

1- لە مانگی 2007/8 ەوە بەشێوەیەکی بەربڵاو پەتای سکچون و رشانەوە لەشاری سلێمانیدا بڵاوبووەوە.

2- یەکەم کەیسی نەخۆشی کۆلێرا لە رۆژی (2007/8/25) تۆمار کرا.

3- لە سەرەتادا ڕۆژانە (400) کەیسی سکچون و ڕشانەوە هێنراونەتە خەستەخانەکانی سلێمانی، بەڵام دواتر ڕێژەکە تاڕاددەیەك کەمی کردوە، دوای ئەوەی لەلایەن سەرۆکایەتی تەندروستی سلێمانی و بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی وەزارەتی تەندروستی ڕێ و شوێنی گونجاو گیراوەتەبەر، بەڵام ئەم کەم بوونەوەیە ناکاتە ئەوەی کە هیچ ترسێك نەماوە.

4- تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە زیاتر لە (4200) کەس لە خەستەخانەکانی سلێمانیدا داخل کراون کە هەموویان تووشی پەتای سکچون و ڕشانەوە بوون وە زیاتر لە (296) کەس کەیسی کۆلێرا تۆمار کراون.

5- تا ئیستا (9) نۆ هاووڵاتی بەنەخوشی کۆلێرا مردوون لە شاری سلێمانی.

سەرەتای بەدواداچونەکەمان لە رۆژی 9/4 دەست پێکرد کە بە هاوکاری خەڵکانی پسپۆر سەردانی هەرسێ وێستگەی پرۆژەی ئاوی دوکانمان کردکە پێك هاتووە لە وێستگەکانی (قەشقۆڵی ـ پیرقوربان ـ کۆتەڵ) دوای ئەوە ئاوی زێ ی دوکان دەگاتە سەرچنار و لەوێوە دابەش دەکرێت بەسەر گەڕەکەکانی شاری سلێمانی، دیارە مەبەستمان ئەو گەڕەکانەیە کە تۆڕی ئاویان هەیە. (بۆ ئاگاداری بەڕێزتان (35) گەڕەکی شاری سلێمانی تۆڕی ئاوی خواردنەوەیان نی یە ویان لەبیری سەطحي ئاو وەردەگرن یان لە ڕێگەی تەنکەرەوە).

پرۆژەی ئاوی دوکان_سلێمانی (90٪)ی ئەو ئاوە دابین دەکات کە لە مانگەکانی (6) تا (12) دابەش دەکرێت بەسەر شاری سلێمانیدا، پرۆژەکە لە لایەن کۆمەڵێك کەسی هونەری زۆر کەم، بەڵام زۆر دڵسۆزەوە دەخرێتە کار، سەرجەم سێ وێستگەکە هیچ پاسەوانی تێدا نی یە کە لە هەموو کاتێکدا احتمالی ڕووبەڕووبونەوەی کاری تێکدەرانەی هەیە سەرجەمی پەمپەکانی کۆنن و بەتوانای تەواو کار ناکەن، ژمارەیەکی زۆر لە ماتۆڕوبە شەکانی وێستگەکە لە کار کەوتوون کە ناتوانێت کوالیتی (نوعی) ئاوەکە (100٪) پاك بکاتەوە.

هەمان ڕۆژ لەگەڵ چەند کەسێکی پسپۆر دانیشتنمان ساز کرد، ئەو بەڕێزانە ئاگاداریان کردین کەتۆڕەکانی ئاوی سلێمانی زۆر کۆنن، پێویستان بە گۆڕین هەیە، کەتۆڕی ئاوەکەیان بریتی یە لە بۆڕی (ئەزبێست) کە ئیستا لە هەموو دنیادا قەدەغە کراوە بەکار بهێنرێت.

هەروەها پێیان ڕاگەیاندین کە زۆربەی تانکی یەکانی هەڵگرتن (خزن) و دابەش کردن کۆن بوون، سەرەڕای ئەوەی تەمەنی زۆربەی پەمپەکان بەسەر چووە، لەمانەش هەمووی گرنگتر سیستەمی دابەش کردنی ئاو زۆر ئاڵۆز و ناڕێك و پێکەو پێویستە مۆدرێن بکرێتەوە.

بۆ زانیاری زیاتری بەڕێزتان ئێستا لە شاری سلێمانیدا بەدوو ڕۆژ دوو کاتژمێر ئاو دەدرێت بە هاووڵاتیان، ئەگەر کێشە ی کارەبا یان شکانی پەمپ وقفل وبۆری نەبێت.

بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم کێشانە وهی چارەسەرنەکردنیان ڕۆژی 2007/9/5 سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانیمان کردو لەگەڵ بەڕێوەبەری ئاو (ئاندازیار فەرهاد محمد صابر) کۆبونەوەمان کرد، ناوبراو هەموو ئەو کەم و کورپانەی کە باسمان کرد پشت راستکردەوەو چەند زانیاری یەکی گرنگی داینێ (دیارە ناوبراو دۆکیومێنتی تەواوی لەسەر زانیاری یەکانی خستە بەردەستمان).

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی کە ڕێکخراوی پۆنۆپۆز لەساڵی 2003 دا کردوویەتی ڕێژەی دابین کردنی ئاو لە شاری سلێمانیدا تەنها (37٪)ە. بەڵام لە ساڵی 2003 تاوەکو 2006 ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی بە ڕێژەی (63٪) زیادی کردووە.

لە ئێستادا ئەوان لە هاوێندا (33٪)ی پێداویستی ئاوی پاك بۆ هاووڵاتیان دابین دەکەن ولە زستاندا (46٪).

شارۆچکەکانی بەکرە جۆ و ڕاپەڕین و تاسلوجەکە بەشێوەیەکی بەر چاو زیادی کردووە لە هەمان سەرچاوەکانی ئاوی سلێمانی ئاو وەردەگرن.

ناوبراو کێشەکانی ئاوی سلێمانی لەم خاڵانەی خوارەوە دا خستە ڕوو:

1- کەمی سەرچاوەی ئاو( پێوستە هێڵی دووەمی ئاوی دوکان ـ سلێمانی بەزووترین کات جێ بە جێ بکرێت.

2- کۆنی پرۆژەکانی ئاو، بە تایبەتی پرۆژەی ئاوی دوکان ـ سلێمانی کە پێویستی بە صیانە هەیە(دەرخستەی تەواو مان بۆ کردووە بۆ صیانە کردنی بەڵام جێ بە جێ ناکرێت.

3- کۆنی تۆڕی ئاوی گەڕەکانی سلێمانی و نەگونجاوی سیستەمی دابەش کردنەکەی کە پێویستە مۆدێرن بکرێت (دەرخستەی تەواو مان هەیە، بەڵام جێ بەجێ ناکریت.

4- نەبوونی پێداویستی یەکانی بەڕێوەبەردن وەك ئامرازەکانی پەیوەندی و هاتووچۆ وپاسەوانی کردن.

5- نە بوونی بڕی کارەبای پێویست بۆ ئیش پێ کردنی پرۆژەکان ، ناوبراو هەموو ئەو دۆکیومێنت و نووسراوانەی خستە بەردەست کە بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی سەرەوە ئاراستەی وەزارەتی شارەوانی

کردووە کە کێشەی وای تێدایە چوار جار وبە چوار نووسراوی جیاواز وبەبەرواری جیاواز ئاراستەی وەزارەتی ناوبراوی کردووە، بەڵام وەزارەتی شارەوانی زۆر خەم ساردانە هیچ وەڵامێکیان نەداوەتەوە.

دواتر لە بەرواری 2007/9/6 سەردانی گردی جۆگەمان کرد کە بەشەکانی دابەش کردن وصیانە وبەشی ئامێرەکانی کلۆر لەو شوێنەدان ، کۆمەڵێك خەڵکی لە خۆبردوو بە ئیمکانیاتێکی زۆر کەم بەشەکانیان بەڕێوە دەبەن و ئەوانیش هەمان کێشەکانیان دووبارە کردەوە.

بۆ زانیاری بەڕێزتان پارێزگاری سلێمانی، بڕی (18) موەلیدەی کارەبایی(1160) مێگافۆلت ئەمپێری دابین کرد بوو، بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی بەڵام ئەوەی وەزارەتی شارەوانی هیچ هاوکاری یەکی بەڕێوەبەرایەتی ناوبراوی نەکردبوو لە چۆنێتی ئامادەکردنی دەرخستەی پێویست بۆ دانانی موەلیدەکان، دوای نزیکەی ساڵێك پارێزگای سلێمانی موەلیدەکانی لێ وەرگرتوونەتەوە.

دواتر هەمان ڕۆژ سەردانی سەرۆکایەتی تەندروستی سلێمانیمان لەگەڵ بەڕێزان (د.شێرکۆ عبدالله) سەرۆکی سەرۆکایەتی تەندروستی و بەرێز (د.نجم الدین) بەڕێوبەری هۆبەی ژێنگە پارێزی سلێمانیمان کردو کۆبونەوەمان لەگەڵ کرد.

سەرەتا بەڕێزتان ئاگاداریان کردین کە بەپێی ستاندەرە جیهانیەکان لە هەر وڵاتیکدا کە پەتای سك چوون و ڕشانەوە هەبێت و لەنێوان تەشبووکاندا (10) کەیسی کۆلێرا هەبێت، ئەوە سەرجەم کەیسەکان بە کۆلێرا لە قەڵەم دەدرێت، هەر لەبەر ئەو هۆیانە بەڕێزتان حاڵەتی باری نا ئاسایی تەندروستیان لە شاری سلێمانیدا ڕاگەیاندووە.

دواتر بۆیان باس کردین کە لە سەرەتای کێشەکەوە زۆر شەفافیانە لەڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە حاڵەتەکەیان بۆ دانیشتوان ڕوونکردۆتەوە و بەردەوام بەرنامەی تەندروستی لە تەلەفیزیۆنەکانەوە پەخش دەکەن.

هەروەها نەخوشخانەی فێرکاری یان تەرخان کردووە بۆ تووشبووانی ئەم پەتایە ودوو ژووری پێشوازیان ئامادە کردووە، هەروەها نەخوشخانەی شورش بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کراون.

لەیەکەم ڕۆژی پەتاکەوە چاودێری توندیان لەسەر سەراوەکانی ئاو وناو بازار داناوە و تیمەکان ژمارەی پشکنینیان زیاد کردوە، هەروەها فرۆشتنی هەموو دروستکراوێکی شیر (منتوجات البان) قەدەغەکراوە لە تازەترین بڕیارەکانیش قەدەغەکردنی هێنانی هەر خۆراکێکی ئیرانی بۆ ناو شاری سلێمانی.

ناوبراوان خۆشبەختانە ئاگاداریان کردینەوە کەبڕی پێویست لەدەرمان وکەل وپەلی پزشکی لەبەردەستدا هەیە ولەوڕووەوە هیچ گیروگرفتێکیان بۆ دروست نابێت. بەڵام دڵنیایان کردین کە کێشەکە بەردەوامە و مانگی ئەیلولی کوردستان مانگێگی زۆر خەتەرە بۆ بڵاوبوونەوەی پەتاکەو داوای کرد کەهەموو تواناکان بخرێتە گەر بۆ ڕووبەڕوبونەوە.

پاشان سەردانی بەڕێز وەستا حەسەن بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانیمان کردو کۆبونەوەمان لەگەڵ بەرێزیان ئەنجامدا. دوای ئەوەی ناوبراو جەختی لەسەر ئەو کێشانە کردەوە کە باسمان کردن لەسەر سەرچاوەکانی ئاو هاتە سەر باس کردنی سەرچاوە خۆراکییەکان ناوبراو بە وێنەوCD دۆکیومێنت بۆی ڕوون کردینەوە

که گەنجینەکانی هەلگرتنی خۆراك لە شاری سلێمانیدا مەرجی تەندروستیان تیادا نی یە واهمالی یەکی زۆری پێوەدیارە سەرەڕای ئەوەی هەندێك لە بەڵێندەران سەرپێچی زۆر گەورەیان کردووە و کاری تەزویر دەکەن و خۆراکی بەسەر چوو دەهێننە کوردستانەوە و بەرێزی ئاگاداری کردین لەبەڕێوەبەرایەتیەکەیان ئیجرائاتی یاساییان لە گەڵیاندا کردووە و ژمارەیەکی لیٚ دەستگیر کردوون وئێستا کێشەکانیان گەیشتوتە لای دادوەر. رۆژی 2007/9/9 سەردانی گەنجینەکانی هەلگرتنی خۆراکمان کرد لەڕاپەرین وکەلەکین لە نزیکەوە چاومان بەو خۆراکانە کەوت کە دەخرێنە بازاڕەوە و لەڕیٚ ی کۆمپانیای دابەش کردنی خۆراکەوە دەدرێتە هاووڵاتیان، ئەو خۆراکانە زۆر پیس وبی کەڵکن کە کە بەهیچ شێوەیەك بە کەڵکی خواردن نایەن. بەرای ئێمە رەنگە یەکێك لە هۆکاری بڵاوبونەوەی زۆر نەخوشی ئەو خۆراکانەبێت.

ئەرکی سەرشانی هەموومانە کەبەدوای گرفتەکانی هاووڵاتیاندا بگەڕێین وفشار بخەینە سەر حکومەت تاوەکو چارەسەریان بکات.

ئەمرۆ وەك نووسینگەی سلێمانی دوای کۆبوونەوە لەگەڵ خەڵکانی پسپۆردا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە پێویستە ئەم پێشنیارانەی خوارەوەمان بە پەلە جیٚ بە جیٚ بکرێت بە پێچەوانەوە سەلاٚنی داهاتوو هەمان پەتا بەشێوەیەکی ترسناکتر روومان تیٚ دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی لە سالاٚنی داهاتوودا پرۆژەکانمان کۆنتر دەبن و ژمارەی هاووڵاتیان زیاتر دەبن پێشنیارەکان:

1- راکێشانی هێلی دووەمی ئاوی دوکان ـ سلێمانی.

2- راکێشانی تۆڕی ئاو بۆ ئەو گەرەکانەی تۆڕی ئاویان نی یە و چاکسازی کردن لە گەڕەکە کۆنەکاندا.

3- چاکسازی کردن لە سیستەمی دابەش کردنی ئاو.

4- دابین کردنی وزەی کارەبا وهەموو پێداویستی یەکانی تری بەرهەمهێنانی ئاو.

5- دابین کردنی پێداویستی یەکانی بەڕێوەبردنی سەرکەوتوو وەك هۆبەکانی پەیوەندی و گەیاندن و پارێزگاری کردن.

6- چاوخشاندنەوە بە سیاسەتی تەندروستیمان و دابین کردنی بودجەی زیاتر بۆ خۆپارێزی لە بڵاوبوونەوەی پەتاکان.

7- زۆر بە پەلە وەزارەتی شارەوانی لە رێگای بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانیەوە هەوڵی دابەش کردنی کلۆر بدات بەسەر ئەو گەڕەکانەی تۆڕی ئاویان نیە و سەرچاوەی ئاوەکانیان بیرە.

8- کونترۆل کردنی بازاڕ و پشکنینی هەر جۆرە خۆراکێك کەدێتە هەرێمی کوردستانەوە. لەگەڵ رێزدا.

ئەگەر جەنابی سەرۆکی ئەنجومەن رێگەم پێبدات ئەمەش کۆمەڵیٚ دیکۆمێنتە کەلەبەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوی سلێمانی داویانە پێمان ئیشارەت بەراپۆرتەکان دەکەین، ئەگەر مەجال هەبێت، چەند نووسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاو بۆ دابین کردنی بودجەو چۆنیەتی سەرفکردنی لەگەڵ وەلاٚمەکان کەسەرف نەکراوە، ئەمە بیست نووسراوە کە کراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو وئاوەڕۆکان لەوەزارەتی شارەوانی سەبارەت بە کێشەی ئاوی سلێمانی ورێگای چارەسەرکردنیان دیاری کردووە، بەلاٚم هیچ وەلاٚمێکیان نەداونەتەوە، ئەمە

پێنج نووسراوە کراوە بۆ پارێزگای سلێمانی بۆ بەڕێوەبەری گشتی ئاو وئاوەڕۆکان لەوەزارەتی شارەوانی سەبارەت بەکێشەی کارەبای مەحەتەی دوکان وسەرچنارو ڕێگای چارەسەرکردنیان بۆ دەستنیشان کردووە، ئەم راپۆرتە دوو سی دییە ئەگەر جەنابی سەرۆکی ئەنجومەن ڕێگا بدات ئەو سیدیانە پیشان بدەن داومانەتە بەڕێوەبەری گشتی ئاو وئاوەڕۆ ئەم بابەتانەی لەخۆی گرتووە، سەرجەم کێشەکانی ئاوی سلێمانی و کەموکورتیەکانی مەحەتەی دوکان، هۆکارەکانی پیسبوونی سەرچاوەکانی سلێمانی، ڕێگای چارەسەر کردن بۆخاڵی یەکەم و دووەم، بڕی تێچوونی پرۆژەو صیانەی سەرچاوەکانی ئاوی شاری سلێمانی، ئەمەش کۆمەڵێ نووسراوە بۆ وەزارەتی ناوخۆو پارێزگای سلێمانی وبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پاسەوان وبەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی وبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی شاروشارۆچکەکانی سلێمانی، بۆ دابین کردنی پاسەوان بۆ مەحەتەی دوکان ماوەی یەکساڵە مەحەتە بەبێ پاسەوان بووە، ماوەی یەك حەفتەیە پاسەوانی بۆ دانراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك محمد رەفعەت، بۆ ئەو ڕاپۆرتەی نووسینگەی سلێمانی کەوا پێشکەشی کردو ئاماژەی بەو تەفصیلاتەدا، فەرموون ئێوە بۆ شوێنی خۆتان، دیارە لەهەردوو ڕاپۆرتدا دەست نیشانی هەموو لایەنەکانی کردۆتەوە کە پەیوەندیان بەو نەخۆشیەوە هەیە، بەشێکی زۆری ڕووبەڕوو بوونەوە یان بەگژداچوونی ئەو نەخۆشیە وەزارەتی تەندروستیە، کە هەنگاوی باشی ناوە دەستخۆشیان لێ ئەکەین، لێرەش لەگەڵمانن داوا لەجەنابی دکتۆر زریان و جەنابی کاك محمد رؤوف و جەنابی کاك دارا هەرسێ وەزیر، وەزیری تەندروستی وەزیری بازرگانی وەزیری ژینگە دەکەم بێن لێرە دابنیشن، بەنیسبەت وەزیری شارەوانی کە دەبوایە ئەویش لێرە ئامادە بووایە بەشێك لەپرسیارەکان کەوا لەڕاپۆرتەکەدا کراوە پەیوەندی بەوەزارەتی شارەوانیەوە هەیە، لەبەر ئەوەی مەسەلەی ئاوە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی پارێزگای سلێمانی کە سەر بەوەزارەتی شارەوانیە، وەزیری شارەوانی ئەم بەیانیە پەیوەندی لەگەڵ کردین ولەڕاستیدا ئامادە نەبوونی دەگەڕێتەوە بۆ چەند بابەتێك لە سوء، فەهمێك دوێنێ دروست بوو لەوەی کە ئەمڕۆ، ڕەنگە بەرنامەکە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، لەسەر داوای ئەوان کە یەك دوو ڕۆژ تەئخیر بێت، ئەویش لەبەر ئەوەی بەیانیش و دووبەیانیش بەرنامەی پەرلەمان ئامادە کراوە بەرنامەی کارمان نەدەکرا بگۆڕدرێت، تا ئاگادارمان کردەوە وەختی بەسەردا چوو، ئەویش لەدەرەوەی هەولێر بوو، بۆیە ئێمە پێمان باشە لەبەر ئەوەی مەسەلەی وەزارەتی شارەوانی کەپەیوەندی بەو نەخۆشییەوە هەیە زۆر گرنگە، ڕۆژێکی تر تەرخان دەکەین بانگهێشتی جەنابی وەزیری شارەوانی ئەکەین بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کەلەو دووڕاپۆرتەدا هاتووە ئێوەش ئەتوانن ئەو وەختە پرسیاری لێ بکەن، ئێستا داوا لەجەنابی کاك دکتۆر زریان وەزیری تەندروستی دەکەم ڕەئی خۆی بڵێت و قسەکانی خۆی بکات، لەوەڵام دانەوەی ئەو دوو ڕاپۆرتە هەم لەوەڵام دانەوەی ئەو هەنگاوانەی کە کراون بەکورتی تکایە، فەرموو.

**بەڕێز د.عبدالرحمن عثمان یونس(د. زریان)/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کۆلێرا نەخۆشیەکی سەرەکیە بەئاو نەقلْ ئەبێت، متەوەتنە لە چەندین وڵاتی شەرقی ئەوسەت لەزمنی ئەوەش کوردستان، من حەز ئەکەم سلایدی یەکەم پیشان بدەن ئەگەر بکرێت، ئەمە نموونەیەکە ئێمە ساڵانە چیمان کردووە، ساڵانە لە 10٪ی حاڵەتی ئیسهال هەموو ساڵێك وەر ئەگرین بۆ کۆلێرای ئەنێرین، بەس بۆ ئەوەی بزانین کە ئایا کۆلێرا هەیە یان چەند هەیە، ئایا ئەبێتە پەتا یان نا، هی یەکەم تەنها ئەوەند پیشان ئەدات کە هەموو ساڵێك ژمارەیەك کۆلێرامان هەبووە، بۆ مەعلومات قەت ساڵێك بەبێ کۆلێرا نەبووینە، ئەم دوو ساڵی ئەخیریە لە سلێمانی هیچ کۆلێرا نەبووە، ئایا تیمەکانی ئێمە وەکو باش پشکنینیان نەکردووە، یان ئایا هەر بەڕاستی کۆلێرا نەبووە، من بڕوا ناکەم بەڕاستی حاڵەتی کۆلێرا نەبووە، لە 75وە من ڕەقەمەکانم لایە هەموو ساڵێك لە بەینی 50 هەتا 100 حاڵەتی میکرۆبی کۆلێرامان هەبووە لەهەرێمی کوردستان، بەڵام هەموو سێ چوار ساڵ جارێك سەری هەڵداوە و وەکو پەتا بڵاوبووەتەوە لەناو خەڵکیدا، دیارە ئەمساڵ ئێمە لەمانگی حەوتەوە مولاحەزەمان کرد، کە سکچوون زیادی کردووە، ڕێژەی ئەو خەڵکانەی دێنە نەخۆشخانە بۆ سکچوون بووە بەدووقات وسێقات، ئێمە تاقیکردنەوەکانمان بۆ کۆلێرا زۆر چڕتر کردەوە، ئەغلەبی سامپڵەکانمان بۆ کۆلێرا فحص ئەکرد، لە 8/10 بەدواوە 430 حاڵەت شتێکی ئاوهامان فحص کرد بوو بۆ کۆلێرا، ئەوانەی هاتبوون بۆ ئیسهالی هیچ حاڵەتێکی کۆلێرامان بۆ دەرنەچووە، بە موختەبەرینەن دەرنەئەچوو، کە ئەمە کۆلێرایە بەڵام من کەخۆم لەبیدایەتی ئاگاداریان کردمەوە کە ئیسهالی زیادی کردووە سەردانی ناوچەکەم کردو بەتایبەت شاری سلێمانی وەکو فحصی توبی حاڵەتەکە بەکۆلێرا ئەچوو، هەرچەندە موختەبەر پێی نەگوتین کۆلێرایە، ئێمە بڕیارماندا بەتیمێکی پزیشکانی باتنی لەوێ کە ئەمە کولێرایە، وەکو کۆلێرا عیلاجی لەگەڵ دەکەین، ئەمە تەقریبەن 8/11 بوو، وەکو کۆلێرا هەموو ڕێنماییەکانی کۆلێرای لەگەڵ دەگرینە بەرو عیلاجی کۆلێرای بۆ دەکەین، بەڵام ئیعلانی ناکەین، چونکە ئیسپاتێمان بەدەستەوە نیە، تەبعەن ئیعلان کردن تەبیعاتی لەگەڵدایە، ڕەنگە هەندێك وڵات حدودمان لەگەڵ ببەستن، لەوانەیە مەتارەکانمان ببەستن، خۆ هیچ زەرەرێکی موسبەتیشمان لەبەر دەستدا نەبوو، لەبەر ئەوە ئیعلانمان نەکرد هەتاوەکو لە 8/14 یەکەم حاڵەت لە کەرکوك، یەکەم حاڵەت تەشخیص کرا کە کۆلێرایە، لە دوای ئەوە لە 8/23 بۆ ئێمە یەکەم حاڵەت دەرکەوت کە کۆلێرایە لە سلێمانی، بەپێی پێناسەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی هەتا 20 حاڵەتی کۆلێرا نەبێ تۆ ئیعلانی پەتا ناکەیت، ئێمە چاوەڕێمان کرد لەخیلالی دوو ڕۆژ 20 حاڵەتەکە قەپات بوو وتەواو بوو، لە 25ی مانگ ئێمە ئیعلانمان کرد بەڕەسمی ئەمە پەتای کۆلێرایە، لەگەڵ ئەوەی پێشتریش هەموو ڕێنماییەکانمان گرتبوویە بەر، جێی داخە 8 هاووڵاتی گیانیان لەدەستدا بوو، بچووکەکەیان ئەوەی من بزانم عومری 65 ساڵ بوو، هەرچەندە هەموو ژیانێك لای ئێمە بەنرخە، بەڵام یەك دوانێکیان تەمەنیان لە 90ساڵ سەرتر بوون، دیاربوو نەخۆشی تریشیان هەبووە، زۆربەشیان خەڵکی دەرەوەی شار بوون، هەتا گەیشتبوون، درەنگ هاتبوون، ئیتر دیارە دکتۆرەکان ئەوەی کردبوویان

بۆیان پێیان چاك نەبوون، ئەوانە گیانیان لەدەستدا، لەپاش ئەوە تەنها دووکەسی تر گیانیان لەدەستدا، یەکێکیان لەقەڵادزێ ئەویش کەسوکاری خۆیان لەماڵەوە عیلاجیان کردبوو، کوڕەکانی کارمەندی تەندروستی و ئەوانە بوون زۆر درەنگ هێنابوویانە نەخۆشخانە و گیانی لەدەستدا، حاڵەتی دەیەمیشمان لە کەرکووکە، ئەو حاڵەتە نەخۆش بووبوو لەسلێمانی، بەڵام بەنەخۆشی گەڕابوویەوە بۆ کەرکووك، لەوێ داخڵ کرابوو، لەوێش گیانی لەدەستدا بوو، حاڵەتەکان ئاوەها بوون، ئێمە شەفافیەتی تەواومان هەبوو، لەسەرەتاوە بەڕێز (دکتۆرە نعیمە قصیر) هەرچەندە کوردی تێناگات، هەندێك تێدەگات بەرامبەرمان لێرە بوو بەسودفە رۆژی $8/25$ پێمان گوت ئێمە حاڵەتی کۆلێرامان هەیە، و بەڕەسمی واجبە لەسەر هەموو دەوڵەت کە ئیعلانی بکات بۆ رێکخراوی تەندروستی جیهانی ئیعلانیشمان کرد لەسەر ئیعلام کەئێمە موشکیلەی کۆلێرامان هەیە، ئەوان وەکو رێکخراوی تەندروستی جیهانی زۆر بەسوپاسەوە لەگەڵمان هاتنە سلێمانی و پشتیوانیەکی تەواوی فەنی ولۆجستیکیان کردین، لە تەدریبی کەوادیر، لە شێوەی عیلاج کردنی ئەم جۆرە پەتایە، چوون گەڕان بەشوێنی مەرکەزی نەخۆشیەکە و چەند رێکخراوێکی تریش هاوکاریان کردین، هانامان بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی بەغدا برد و وەزارەتی تەندروستی لەوێ بە تەیارە چوار تەیارە دەرمانی بەپەلەیان بۆ ڕەوانە کردین، رێکخراوی یونسیف، رێکخراوی مانگی سووری دوەلی (ئاڕ سی ئاڕ) ئەوانە هەموو بڕێك دەرمان وپێداویستی پزیشکی وتیمی پسپۆڕیشیان بۆ ناردین، کۆی گشتی ئەو نەخۆشانەی کە کۆلێرایان هەیە ئێستا لەسلێمانی تەقریبەن لەدەوروبەری $7000$ حاڵەتێك دەبێت ئەوانەی کەوا ئیسهالیان تووش بووە، داخڵی نەخۆشخانە بوون بە هۆی ئیسهالی، یان هاتوون یان موراجەعەیان کردووە بۆ ئیسهالی نەك ئەوانەی کەوا داخڵ بوون، چونکە ژمارەیەکی زۆریش هاتووەو ئیسهال بووەو عیلاجیان بۆ کراوەو خەفیف بووەو چوونەتە ماڵەوە، قیسمێکی کەمی داخڵ کراوە، لەخیلالی چەند رۆژی رابردووش ژمارەکە یەکجار بەرەو کەمی چووە، رۆژی وامان هەبوو پێشتر چوارسەد تا پێنج سەد حاڵەتمان داخڵ دەکرد، یان دەهاتن بۆ ئیسهالی، نیسبەی ئەوانەی کە موسبەت دەبوون بە موختەبەر کەوا کۆلێران لەو حاڵەتانەی کەوا داخڵ دەبوون دەگەشتە $50\%$ لەوەختێکدا لەچەند رۆژێکدا، نیوەی ئەو ئیسهالیانەی کەوا دەهاتن کۆلێرا بوون، ئێستا لەم چەند رۆژی رابردوودا دوێنێ لە $24$ سەعات نزیکەی$60$ کەس داخڵ ببوو، لە $42$ سەعاتی رابردوو $50$ کەس داخڵ ببوو، لە $90$ حاڵەت $90$ سامپڵی ناردوومانەتە موختەبەر تەنها $12$ کۆلێرا بووە، یەعنی $13\%$ی کۆلێرایە، زۆر بەرەو نزمی چووە، من هیوادارم ئەگەر وەك ئەم راژەیە بڕوات تانیهایەتی مانگی $9$ وسەرەتای مانگی $10$ بەتەواوی ئەتوانین ئیعلانی بکەین کە کۆلێرا پاك بووەتەوە لە سنووری شاری سلێمانی، ئەوە شتێکی رۆتینە کەوا ئەم پەتایانە دروست ئەبن، سەرەتا لەناو شار دروست ئەبێت، دوایی پەرت ئەبێت ئەچێتە دەرەوەی شار، ئەچێتە قەزاو ناحیەکان، دوای ئەوە نامێنێت، هەرخۆی نەخۆشیەکە وایە، ئەوەی جێی ترسە لای من لەکەرکوك، وەزع باش نیە، لەکەرکووك ژمارەکان لە کەمی نەداوە، بەڵکو لەزیاد بووندایە، بەداخەوە ئێمە یارمەتی زۆری کەرکووکمان داوە، بەهاوکاری ئێمە حەوت ترێلە دەرمان بۆ کەرکووك چوو، جەنابی مام جەلال سەد هەزار

دۆلاری تەبەروع کرد، جەنابی کاك نێچیرڤان سەد هەزار دۆلاری تەبەرووع کرد، دکتۆر مالکی سەد ملیۆن دیناری تەبەروع کرد، ئەو پارانەمان گشتی بۆ کەرکووك هەبووە، بۆ بەرگری کردن لەم کۆلێرایە، بەلام ئێمە چونکە راستەوخۆ ناتوانین ئیشراف بکەینە سەر ئەوێ، پەیوەندی بەردەوامیمان هەیە لەگەڵیان، دیارە ئەوان وەزعەکانی کەرکووك من مورتاح نیم کە زۆر موسەیتەر نیە، بەنیسبەت سلێمانی زۆر موتەفائیلم ئینشاالله لەم زووانە کۆتایی یەت، چەند سلایدێکم لابوو حەزمەکرد پیشانتان بدەم، بەڕاستی ئەو سلایدانە نموونەی ئەوانە پیشان ئەدات، کە بۆ موشکیلەکە دەستی پێکردووە، ئایا تەندروستی ئیشی لەسەر کردووە یان نا؟ من راپۆرتێکی زۆرم لایە حەزەکەم بیدەم بەبەڕێزتان، بەسلایدیش هەمبوو ئەگەر پیشانمانی بدەن مەمنوون ئەبین، تەبیعی ئێمە لە 2005 وە نووسراومان کردووە بۆ دائیرەی ئاو نیسبەتی ئەو ئاوانەی ئەو سامپڵانەی کەوا وەری ئەگرین، نموونە لەسەرچاوەی ئاوەکان وەرئەگرین، لەشێرەی مالان وەرئەگرین، لە بەلوعەکان وەلە بیری مالانیش وەرئەگرین، لە هەموو سەرچاوە ئەساسیەکانیش وەریئەگرین، ئەرقامەکانی هەمووی تیایە لە 2005وە کەوا ئاگاداری دائیرەی ئاو کراوە، لە 2006 تا 2007یش لە 2007/7/20تا 8/20 (165)نموونە وەرگیراوە لە شاری سلێمانی 52٪ی ئەو نموونەی کەوا لەمالان وەرگیراوە لەو بیرانەی کەوا لەمالان هەیە، ملوەس بووە بە پیسایی ئینسان، یەعنی میکرۆبی پیسایی ئینسانی تێدابووە، لە 9٪ی ئەو ئاوانەی لەناو شێرەی مالان وەرمانگرتووە وەکو پێویست کلۆری تێدا نەبووە، یەعنی وەزعەکە بەڕاستی حەزەکەم ئەو ئەرقامانە ببینن، یەعنی وەزعی شاری سلێمانی بەپێی راپۆرتی (یو، ئین، دی، پی) لە 2003 لە (39٪)ی ئاوی شاری سلێمانی دابین کراوە، ئاوی شارێك بەوە حیساب ئەکرێت چەند لیتر بۆ ئینسانێك پێویستە، نفوسی شارەکە چەندە زەربی رەقەمێکی ئەکەیت وئەڵێیت ئەوەندە لیتر پێویستە لە هاوین ولە زستان، ئەوە لەئەخیرەوەیە حەزەکەم بچێتە سەر ئەوە، ئەگەر زەحمەت نەبێ، سلێمانی لە مەشروعی دوکان 20 هەزار مەتر موعەکەب لە سەعاتێکدا ئاو دابین ئەکات لە زستاندا دابەزیووە بۆ دوو و نیو هەزار مەتری موکەعەب، لە سەعاتێکدا ئێستا شاری سلێمانی وەکو بەڕێزان کاك محەمەد رفعت و کاك دکتۆر فوئاد بابان باسیان کرد، دوو، سێ رۆژ جارێك دوو سەعات ئاوی هەیە، خەڵکەکە ناچار بووە بیری سەتحی لێداوە، ئەو بیرە سەتحیانە خۆتان ئەزانن هەمووی ناتەندروستە هەموو بەتەنیشت ئاوی مەجارییەوەیەو، هەموو مەجارییەکان دزەی کردۆتە ناوی، ئەمەش هۆکاری توش بوونی نەخۆشیەکەیە، ئێمە مەعلوماتمان هەیە ئێستا خەریتەیەکتان پیشان ئەدەم کە ئیسپاتی ئەو قسەی من ئەکات، ئەو ژمارەیە ئەوە نیشان ئەدات کە ئەو بیرانە بەڕادەی پێویست کلۆری تێدا نیە، لە 50٪ تا 60٪ی ئاوی تانکی سەربانمان فحص کردووە وەکو پێویست کلۆری تێدا نەبووە، ئەمە خەریتەی ئەو حالەتانەیە کە کۆلێرا دروست بووە لەناو شاری سلێمانی، ئەگەر مولاحەزە بکەن گشتی تەرکیزەکە لە دەوروبەری شارە، زۆر کەم لەناوەڕاستی شارە، تەرکیزەکەش لەدوو خالی سەرەکییە، زۆربەی زۆری حالەتەکان لە بەکرەجۆیە، لە مەنتقەیەکە ئەوەی شارەزای سلێمانی بێت، لە عەوالە لە ڕاپەڕینە، لە هەواری شارە، لەو دەوروبەرەیە کەوا ئەو بیرانەیان لێداوە، بەڕاستی هەتا چارەسەرێکی ئەو وەزعەی ئاوی سلێمانی نەکرێت ئەمە نموونەیەکە کەوا لەساڵی

1975 وه له سەرەوه هەتا خوارەوه كه وەرمانگرتووه، مەسەلەن لەساڵی 1979 (124) حاڵەت تۆمار كراوه له ساڵی 1981 (151) ئیتر بەرەو خوارەوه دێت هەموو ساڵێك ژمارەیەك هەر هەبووه كۆلێرا، بەڵام ئەمە سێ، چوار ساڵه بڵاو بووەتەوه له ساڵی 1998 وساڵی 1999 لەكوردستان بڵاوبووەتەوه لەم هەولێرەدا (8)هەزار حاڵەتی كۆلێرا تۆماركرا بەفحصی موختەبەری، له سلێمانیش هەمان شت، بەڵام رەنگه زۆر بڵاونەبووبێتەوەو نەگوترابێت، بەڵام ئێستا ئێمه بروامان بەشەفافیەتی تەواوەو ئێمه پێمان وایه ئەم ئەركه هەمەلایەنه، ئێمه وەكو تەندروستی دوو ئەركی سەرەكیمان لەسەره یەكەم عیلاجییه ئەوەی عیلاجی خەڵك بكەین، دوو رێنمایی كردنی خەڵكه وابزانم رێنمایی خەڵك ئەوەی پێمانكرابێ كردوومانه، له میدیاكانەوه زۆرجار هاوكارمان نەبوون میدیاكان، وەكو پێویست رێنماییەكانی ئێمەیان بڵاونەكردۆتەوه، ئەركەكەی سەرەكی ترمان وەرگرتنی سامپڵه، بەس كه سامپڵات وەرئەگرین، نموونەی ئاوەكان وەرئەگرین، له تانكی وەرئەگرین، لەسەرچاوەو له بۆری له هەموو شوێنەكان، ئاگاداری دائیرەی ئاو ئەكەینەوه ئەڵێین ئەم ئاوه پیسه، ئەم ئاوه نیسبەتی كلۆری تێدا نیه، یەعنی ئیشی لەسەر بكەن، ئەوه دۆكۆمێنتەكان هەمووی هەیه، لەوێ زۆر وازح نیه بەداخەوه دیاره ناخوێنرێتەوه لێرەدا، گشتی له 2005 وه نامەمان نووسیوه به نووسراوی رەسمی بۆ پارێزگا، بۆ شارەوانی كه ئەم ئاوەتان پیسه، ئەم بۆرییەتان شكاوه، نیسبەی كلۆرتان كەمه، ئیجرائی لەسەر بكەن، ئێمەش تەندروستی هەر ئەوەندەمان پێ ئەكرێت بەراستی، خۆ ئەوەی تر قەزییەی كه لەدەستی ئێمه نیه، ئەو ئیجرائاتانەی ئێمه كردمان، یەكسەر غورفەی عەمەلیاتمان دانا بازار كۆنترۆڵ كران، نەمانهێشت سەوزەو میوه بفرۆشرێت، لەسەر داوای ئێمه بەرێز ئەنجومەنی وەزیران قەدەغەكردنی هەموو هاتنه ژوورەوەیەكی شیر وموشتەقاتی شیرو شلەمەنی وئەو شتانەی راگەیاند، هەرچەنده ئێستا لەگەڵ كەمبوونی نەخۆشیەكه ئێمه داوامانكرد كه تۆزێك شل بكرێتەوه ئەو حەساره، چونكه بەراستی رەمەزانەو خەڵكێكی زۆر زەرەرمەند بووه و ئازووقەش نایەته ناو هەرێمی كوردستان وەكو پێویست مەسەلەن شووتی وخەیارو ئەو شتانەی پەلكی هەیه سپی ئەكرێت ئیزنماندا و بیبسیمان ئیزندا كه بێته ژوورەوه، چونكه مەترسی كەمتره، نەخۆشیەكه له ئێرانیش ئێستا هەیه، 20 حاڵەت له كرمانشان تۆماركراوه، له موصڵ یەك حاڵەت تۆماركراوه، وەزعی كوردستان بەگشتی من موتەفائیلم وەكو باسم كرد، نیسبەی وەفات له حاڵاتی كۆلێرا 5٪ی لەو حاڵەتەی ئێمه كەهەمانبوو یەك لەهەزار كەمتریشه، ئێمه بەراستی دەستخۆشی له دكتۆرەكانی خۆمان ئەكەین، شتی باشیان كردووه هەرچەنده بێكەمووكوریش نین، له راپۆرتەكەدا هاتووه كەدكتۆرێكی ویقائی نیه له 12 قەزادا، راسته دكتۆر نیه، بەڵام مساعد ویقائی هەیه، له هەموو ناحیەو قەزایەك وه خەریجی تەقەنی وویقائی هەیه، كولیەن ئەوانه، ئەوانەش هەن دكتۆر نیه لەبەر ئەوەی ئیشەكه موشەجیع نیه، دكتۆرەكان رازی نین ئەو ئیشه بكەن، پارەكه كەمه، هیچ دەسكەوتێكی نیه، زیاد كردنی مەعاشیش له دەسەڵاتی ئێمه نیه، بۆ ئەوەی بتوانین دكتۆر تەشجیع بكەین، بچێ بەشی ویقائی بكات بەراستی، من ئەو رۆژه 10 دكتۆرم داوا كرد رجام

لێكردن بەپارە،بە موكافەئات، بە هەرچیەك بێت، لەناو سلێمانی بەشی ویقائیم بۆ بكەنەوە، رازی نەبوون، چونكە هیچ موكافەئەیەكیان نیە بەڕاستی زۆر سوپاسیشتان ئەكەم هیچی كەم نیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ دكتۆر زریان وەزیری تەندروستی بۆ ئەو روونكردنەوەیە، بەداخەوە كەئەوە تەكنیكیەن موەفەق نەبوو، بەڵام دەكرێ ئەو سیدیانە كۆپی بكرێن وبدرێتە ئەندام پەرلەمان، تۆزێك بەعەرەبی قسە ئەكەم، (أرحب بك الأخت الدكتورة السفيرة للمدير العام لمنظمة الصحة العالمية التي تحضر معنا هنا لاسباب منها متعلقة بنا نريد ان تطلع على تقارير تقريري اللجنة الطبية، اللجنة الصحية في برلمان كوردستان وتقرير مكتب البرلمان في السليمانية وهذا ضمن الشفافية التي نريدها في كوردستان ليس هناك شيء مخفي لان الشفافية تفيد شعب كوردستان، لأننا نريد وعياً صحياً لجميع أبناء كوردستان والوعي الصحي لا يأتي بدون شفافية ولا يأتي بدون الصدق وبدون مواجهة الحقائق كما أن طمس الحقائق ربما تفيد بشكل مؤقت ولكنها في الإستراتيجية التي نريدها صحة جيدة لكوردستان ولابناء كوردستان ولابناء العراق عموماً ينبغي أن نتعاون جميعاً ، نقدر تعاون منظمة الصحة العالمية التي تتعاون مع وزارة الصحة منذ سنوات من اجل مكافحة الأمراض وفي مجال الكوليرا هي موجودة هنا في كوردستان وقد تعاونت مع وزارة الصحة، لكننا نريد أيضاً أن نستمع منها توضيحاً للكلام المنسوب لمنظمة الصحة العالمية والأرقام المنشورة التي هي بعيدة عن الواقع فأرجو منها أن تقدم لنا كلمة فلتتفضل).

**بەڕێز د. نعيمه القصير/ سەفیری بەڕێوەبەری گشتی رێكخراوی تەندروستی جیهانی:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**صباح الخير.**

**سعادة الدكتور عدنان، اصحاب المعالي والسعادة.**

يشرفني ان اكون بين ايديكم اليوم ويسعدني استضافتكم لي في برلمان اقليم كوردستان وأود في البداية أن أبلغكم تحيات مديرتي الدكتور، مارغريت شان المدير العام لمنظمة الصحة العالمية وسعادة الدكتور حسين الجزائري المدير الإقليمي لمنظمة الصحة العالمية وأود توصيل رسالة من قبلهم إلى الحضور الكرام بأن منظمة الصحة العالمية تثمن شفافية حكومة اقليم كوردستان وحكومة العراق في التعامل مع حالات الوباء بالتعامل الأمثل من خلال اللوائح الصحية الدولية ، سعادة الوزير ذكر في مداخلته اليوم بان بمجرد ما ابلغ هو كوزير صحة اقليم كوردستان لأول حالات ثبوت الكوليرا في الاقليم ظهر وأعلن رسمياً بجانب ذلك اعلن المنظمة فلذلك ضمن لوائح الصحة الدولية هذا الدور وهذا الاعلان يقدر جداً ، حضرتكم سألتموني على اللبس الذي حدث بالنسبة لأعداد حالات الكوليرا في الاعلام، أود أن أؤكد إن الحالات التي تم ذكرها من قبل منظمة الصحة العالمية هي حالات الإسهال لـ(16000) ستة عشر الف التي تم ذكرها من حوالي ثلاث الى اربع ايام حالات الاسهال وليست حالات كوليرا، كمنظمة الصحة العالمية وضمن اللوائح الصحية الدولية واتفاق الدول نرى ضرورة الرصد والترصد بالنسبة لحالات الوباء دورنا كان منذ أول يوم منذ 25 أغسطس في وجودي مع

سعادة وزير الصحة الدكتور زريان وذهابي معه الى غرفة العمليات في السليمانية ومتابعتي كذلك في بغداد لا انتشار حالات الوباء كان دورنا الرئيسي في تعزيز نظام الرصد والترصد للسيطرة على انتشار الوباء الى محافظات اخرى ، أود ان اذكر الحضور الكرام بان من المستحيل منع الدخول والوقاية من مرض الكوليرا في أي منطقة من مناطق العالم ولكن من المجزي جداً بمنع مكافحة من خلال الاكتشاف المبكر في المناطق وتأكيد الحالات والاستجابة السليمة ونرى ان مشكلة الكوليرا ليست فقط مشكلة وزارة الصحة، هي مشكلة بالأساس مشكلة المياه والإصحاح البيئي ومشكلة البلديات والمجاري ومشكلة التوعية المجتمعية ونظافة الأفراد والمجتمع، المدى الثاني نتيجة تحسن الوعي لدى المجتمع في السليمانية نتيجة زيادة تحرك وزارة الصحة ووزارة البيئة والوزارات الأخرى في فرق الرصد والتحري وفي نفس الوقت نتيجة الفحوصات المختبرية ، سعادتك من تقييمنا لاحظنا ان المختبرات يحتاجون دعم أكثر ليس فقط ككادر ولكن من المستلزمات وفي نفس الوقت من توفير الأجهزة، لتقييم فرق الرصد والتحري يحتاجون تحرك سريع من خلال المواصلات السيارات، من خلال وسائل الاتصال ومن خلال توفير الأمن لهم وحمايتهم، وزارة الصحة ممكن تأمر بغلق مطعم أو غلق مصنع ولكن جهات وزارة الداخلية وجهات المحافظة هم لهم الدور الأمثل في غلق هذه ، بالنسبة لنا احنا نشوف انه من الممكن اليوم هاي مسألة استثمار قدم شبكات المياه في العراق وفي اقليم كوردستان وخاصة بالنسبة للسليمانية وقدم شبكات المجاري وتشابك شبكتين مع بعض هاي ليست مسألة جديدة على الحكومة الاقليمية او الحكومة المركزية نرى اليوم فتحت اعيننا جميعاً فاذاً كيف نضع الخطط التي ممكن أن ننفذها بسرعة حالياً في حالة مستعجلة حالة عاجلة جداً توفير المياه السليمة للناس، توعيتهم بالنظافة الشخصية وفي نفس الوقت الإصحاح البيئي مثل ما ذكرت قبل شوي، المرافق بسرعة المفروض يصير تحرك عليهم بشكل سريع بعدين عندنا خطة قصيرة المدى ومتوسطة المدى وطويلة المدى خطة قصيرة المدى على حسب التقارير التي اوردتنا بعض منظومة الامم المتحدة بالنسبة مثلاً لبحيرة دوكان في كيفية معالجة النفايات الصلبة والنفايات الطبية والمجاري عدم توصلها الى بحيرة دوكان كونها هي منبع رئيسي للمياه كذلك نعرف هناك شحة في مياه السليمانية فكيفية التعامل مع هذه الشحة وكيفية التعامل مع البرنامج المستقبلي بالنسبة للتمديدات من وزارة البيئة لهم دور كبير في الرصد مع وزارة الصحة بالنسبة لنسبة تلوث المياه وكيفية رفع هذه التقارير للمسؤولين لتحفيزهم خلي نكول توفير الموارد اللازمة من اجل إصلاح الوضع كمنظمة احنا نراح انشاء الله بنتواصل معكم نحن جينا كفريق خبرة بدأنا من 25 اغسطس وزملائي كانوا موجودين على الارض وانشاء الله بعد ما أنا اذهب راح هم كذلك يواصلون معكم ولدينا مجموعة خبرة وطنيين من اقليم كوردستان يعملون في السليمانية وفي اربيل جنباً بجنب مع وزارة البيئة ووزارة البلديات ومع وزارة الصحة في النهاية أود ان اشكر سعادة وزير الصحة بثقته وبتعامله بشفافية مع منظمة الصحة العالمية وفي نفس الوقت بالنسبة لحشد جهود جميع بقية الوزارات والبرلمان والمجتمع المدني كون الاعلاميين موجودين هم بالنسبة لمنظمة الصحة العالمية ركيزة اساسية في عدم اثارة الخوف والهلع وفي نفس الوقت نراهم من الدعائم الرئيسية اللي

بامكانهم توصيل رسائل صحية صحيحة الى الناس في المجتمع فاريد استفيد من هذه الفرصة ونرى من الضرورة السيطرة واكثر من ان يكون الخوف والهلع بين الناس، وشكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شكراً جزيلاً للدكتورة نعيمة قصير سفيرة المدير العام لمنظمة الصحة العالمية على هذه التوضيحات ونقدر مرة أخرى جهود المنظمة الداعمة والمساعدة للجهود المبذولة لمواجهة هذا المرض الخطير.

داوا لەبەڕێز کاك محمد رؤوف وەزیری بازرگانی ئەکەم روونکردنەوەیەك بدات سەبارەت بەو خاڵانەی کەوا ئاماژەی پێکراوە لەراپۆرتەکان ومەسئولیەتی وەزارەتەکەی بەرامبەریان بابفەرموویێت.

**بەڕێز محمد رؤوف محمد/ وەزیری بازرگانی:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

سەرەتا پێخۆشحاڵم بەو ئامادەبوونە چاوەڕێ ئەکەین لە دەرفەتی تریشدا ئەو باسە جدیانە بخرێتە روو کە راستەوخۆ پەیوەندی بەوەزارەتەکانەوە هەیە، پێخۆشحاڵم کەهاوشان لەگەڵ بەڕێز وەزیری تەندورستی دانیشتووین بۆ تاوتوێکردنی ئەم باسانە لەگەڵ وەزیری ژینگە، لەڕاستیدا هەرچەند راستەوخۆ ئەم نەخۆشی کۆلێرایە پەیوەندی بە وەزارەتی بازرگانیەوە نیە، بەڵام لەهەردوو ڕاپۆرتەکەدا دوو فەقەرە هاتووە من ئاماژەی پێئەدەم ئەگەر کاتیش هەبێت بۆ رێوشوێنی چارەسەر کردنی ئەو گرفتانە کە ئاماژەی پێکراوە، ئەگەر جەنابی سەرۆکی ئەنجومەن رێگەم پێبدات ئاماژەش بەوە ئەدەم، خاڵی یەکەمیان باسی خاڵە سنووریەکان ئەکەن لەڕاپۆرتی یەکەمدا هاتووە، کۆنترۆڵکردنی خاڵە سنووریەکان، خاڵی دووەم بریتیە لە گەنجینەکانی سلێمانی، من گەنجینەکان پێش ئەخەم، گەنجینەکان حەزەکەم تەبعەن وەکو مەعلومات بیزانن ئەو گەنجینانە لەهەشتاکاندا دروستکراون، هیچ مواصەفاتێکی عیلمیان تێدا نیە، کەبتوانی هەندێ خۆراك بەتایبەتی تیادا بپارێزیت، لەو کاتەوە تاکو ئێستا بەکارئەهێنرێت لە دەرچوونی قەراری 986 وە تاکو ئێستا خواردنی تێدا هەڵگیراوە وخواردنیشی لێوە تەوزیع ئەکرێت، ئێمە کەوەزارەت دامەزرا سەرەتا سەردانی ئەوێم کرد من خۆم وەکو شەخصی چوومەتە ناو یەکە یەکەی گەنجینەکان، بینیم کەهیچ مواصەفاتێکی نیە پرۆژەشمان حازرکردووە بۆ ئەوەی لەهەر شارێك 10 گەنجینەی تر بەمواصەفات دروست بکرێت، ئەو گەنجینانەش هەموویان پێویستیان بە نوێکردنەوە هەیە، بەڵام لەبەر نەبوونی بودجەو کەمی بودجە وکێشەی بودجە لە کوردستان ئەو شتانە دواخراوە بۆ کاتێکی تر، ئەوەی کەئەوترێت بەنیسبەت خۆراك باسی نەوعیەتی خۆراکەکان وخراپی و ئەوانە ئەکرێت، هەموو ئاگادارن

خۆراكی عێراق هەمووی بەبۆندەكان وبەكڕین وبەتەوزیع كردنەوە عائیدی بەغدایە هیچ پەیوەندیەكی بەكوردستانەوە نیە، بەنیسبەت خاڵە سنووریەكانەوە حەز ئەكەم ئەوەش بڵێم گەنجینەكانی سلێمانی، گەنجینەی هەولێر ودهۆك تاڕادەیەك وەزعی باشترە لە گەنجینەی سلێمانی، لەوێ هەندێ گەنجینەش بەكرێ گیراون ئیحتیمالە لەو شوێنانەی كە بەكرێ گیراون وەزعیان خراپتر بێت تا ئەو گەنجینانەی كە سەر بەوەزارەتن، خاڵی سنووری تەبعەن كە هاتووە لە ڕاپۆرتەكەدا من پێم باشە بەسەریعی ئاماژە بەچەند شتێك بكەم، كۆنترۆڵی خاڵی سنوور بەم ڕێگایانە ئەكرێت:

1- پێویستە كوالێتی كۆنترۆڵ دابمەزرێت تەخصیص وسەیتەرەی نەوعی لە كۆبوونەوەی دووەمی ئەنجومەنی وەزیران دوای دامەزراندنی كابینەی پێنجەم بڕیاری لەسەردراوە، هەندێ هەنگاوی بۆ نراوە، بەڵام هێشتاوەكو ئەو هەنگاوانە نەگەشتووەتە ئاستی ئەوەی كەبڵێین كۆنترۆڵی جۆری، لە حاڵەتی دامەزراندنی تەواودایە، زۆر سەرەتاییە، پێویستی بەبودجەیەكی باش هەیە، پێویستیشە بەسێ قۆناغ دائەمەزرێت لە مەركەزییەن لەهەولێر جگە لەهەولێر فەرعێكی لە هەولێر ئەبێت لە هەرسێ پارێزگا فەرعی ئەبێت، لە خاڵە سنووریەكانیش پێویستە فەرعی هەبێت، ئەمە پێویستی بەكۆمەڵێ دەزگای باش هەیە وە كۆمەڵێك موختەبەر وە كۆمەڵێك كەسی باش كە تەدریبی كردبێ، لەسەر ئەو دەزگایانە بزانێت چۆن ئەو دەزگایانە بەكارئەهێنرێت، جائێستا كەسێكی پسپۆڕیش لە خاریجەوە هێنراوە دكتۆرای لەو مەجالەدا هەیە، دەست بەكاربووە، بەڵام ئەوە حەتمەن زەمەنێكی تری ئەوێت تا ئەوە دائەمەزرێت، خاڵی دووەم پێویستە، سنوورەكانی كوردستان جگە لەخاڵە سەرەكیەكان كۆنترۆڵ بكرێت بۆ ئەوەی قاچاخ نەیەتە ناو كوردستانەوە، چونكە ئیحتیمالە هەندێ مەوادی ئێكسپایەر لە ڕێگەی قاچاخیەوە داخڵ ببێت یان هەندێ مەوادی خراپ، ئەوەش تەبعەن ئەبێ وەزارەتی ناوخۆ هاوكاری وەزارەتەكانی تر بكات لەو مەجالەدا، پێویستمان بەدامەزراندنی فەرمانگەیەكی تۆكمە هەیە كە سەلاحیەتیشی هەبێت بۆ ڕێكخستنەوەی استیراد والتصدیر، لە نەوتەكانەوە استیراد وتصدیر كە پێشتر ئەوراقی هەبوو، رسوماتی هەبوو، ئەوە هەڵگیراوە لەبەرچی لەكوردستاندا خۆتان ئەزانن، پێش گۆڕانی ڕژێم ودوای گۆڕانی ڕژێمیش سیستەمی ئابووری بازاڕ یان بازاڕی ئازاد پیادە ئەكرێت، بەو مەعنایەی كەوا حكومەت خۆی تیجارەت ناكات، ئەسواقی مەركەزی وجەمعیاتی نیە شت بكڕێت وجارێكی تر تەوزیعی بكاتەوە، حكومەتیش كە بازرگانی نەكرد دەرگا والا ئەكاتەوە لەبازرگانەكان، ئێمە ئێستا دوێنێ كۆبوونەوەیەكی تەبعەن چەند جارێك كۆبوونەوەمان كردووە بەڵام دوێنێ بەئامادەبوونی نوێنەری وەزارەتی دارایی، وەزیری كشتوكاڵ لەگەڵ پارێزگای هەولێر سەرەتایەك كۆبوونەوەمان كردووە كەپێشوەخت چۆن هەنگاو بنێین بۆ دامەزراندنەوەی مودیریەتی استیراد وتصدیر، لەم شوێنەدا كە من ئێستا تێیدا ئامادەم لای جەنابتانم عەرزم كردن، لەكاتی موناقەشەی قانوندا پێویستیمان بە مودیریەتی عامی استیراد وتصدیر هەیە، بەڵام دانی پێدا نەنرا و ئیقرار نەكرا ئێستا ئەوە بووە بەئەمری واقیع ئەبێ ئێمە جارێكی تر ئەو مەسەلەیە ڕێكبخەینەوە، هەموو استیراد وتصدیر لەلایەن وەزارەتی داراییەوە كۆنترۆڵ ئەكرێت، بەڵام هەنگاوێك نراوە

بۆ مەسەلەی گۆشت بە تایبەتی کە ئەنفلۆنزای پێوەیە، لەگەڵ هەندێك مەوادی تر لەسەر ئەوە رێك کەوتووین وەزارەتی کشتوکاڵ ئەو کەمییەتە تەحدید ئەکات وەلە چ وڵاتێکەوە بێت، ئێمەش لەمەودوا رێگەی پێبدەین، خۆراکی بەسەرچوو حەزەکەم بزانن بەپێی ئەو راپۆرتەی کە رەقابەی تیجاری هەر سێ پاێزگا بەمنی داوە، رێژەی خۆراکی بەسەرچوو کەداخڵی کوردستان ئەبێت لەرێگەی سنووری رەسمیەکانەوە ناگاتە لە 1٪ یەعنی ئەو خۆراکەی کە بە بەسەرچووی داخڵی کوردستان ئەبێت، کەمترە لە رێژەی لە 1٪ نیە، ئێکسپایەر نیە کە دێت بەس لەکوێ ئێکسپایەر ئەبێت لەناو کوردستان ئێکسپایەر ئەبێت، ئەویش هۆکارەکانی ئەم خاڵانەی خوارەوەن:

هۆکاری سەرەکی یەکەم کەمی کارەبایە، ناڵێم نەبوونی کارەبا، کەمی کارەبا هۆکارێکی سەرەکیە بۆ ئێکسپایەر بوونی خۆراك، دووەم کەمی گەنجینەی مخازنی موبەرەد، لە کوردستاندا حکومەت مخازنی موبەرەدی نیە، بۆ ئەوانەی خۆی، کەرتی تایبەتیش ساڵێك، دوو ساڵە دەستیان کردووە بەوەی کەوا گەنجینەی موبەرەد دابمەزرێنن وئەتوانێت سوودی لێ وەربگیرێت، زۆر مانەوەی هەندێك خۆراك لە کوردستاندا کە سەرف نابێت، کە لەکوردستان یان لەهەرشوێنێك مادده زەمەنەکەی بەسەرچوو و سەرف نەبوو ئێکسپایەر ئەبێت ئۆتۆماتیکیەن، کەمی تەمەنی هەندێك خۆراك مەسەلەن ئێستا وەزارەتی تەندروستی هەرچی پەیوەندی بەشیرەوە هەبێت، هەمووی مەمنووع کردووە، بۆچی؟ چونکە لە 48 سەعاتەوە هەیانە تا حەفتەیەك، لەو زەمەنە داخڵ نەبێت و بەکار نەهێنرێت ئێکسپایەر ئەبێت، هەندێجار مەسەلەن ساڵی پار دۆیەك رەفزکرا، لە سلێمانی، یەکەمجار کەداخڵ ئەبێت ئێکسپایەر نەبووە کە داخڵ بووە، تا چووەتە فەرمانگەی تەندروستی و جوابەکەی هاتووەتەوە و گەیشتووەتەوە بازاڕ ئێکسپایەر بووە، ئەوەش ئەبێت جارێکی تر ئێمە پیاچوونەوە بکەین بەو فەرمانگە تەندروستیانە، لێرەشەوە چونکە ئەم هەفتەی پێشوو حەزئەکەم شتێکیش هەیە لێرەدا بیڵێم موختەبەرێکی باشمان لەزانکۆی سلێمانی هەیە، لەزانکۆی هەولێردا موختەبەرمان نیە بۆ فحصی مەوادی خۆراکی، من چوار مانگە چام مەمنووعکردووە داخڵی کوردستان بێت، چای ئێرانی مەمنووعە، لەهەموو گەنجینەکاندا ئەوەشی لێی نووسراوە سیلان هەر مەمنووع کراوە، چای سیلانیش بێت نایەڵین داخڵ بێت، لەبەر ئەو چا خراپەی کەوا ناشیەت حەتا بەغدا ناردوویەتی بەکیتابی رەسمی ئێمە ناردمانەوەو وەرماننەگرت، ئەو چایەم ناردووە هەفتەیەك لەمەوبەر بۆ جامیعەی هەولێر ئەڵێم ئەو چایەمان بۆ فحص بکەن، جوابەکەی هاتووەتەوە ئەڵێت موختەبەر لە زانکۆی هەولێردا نیە بۆ فحصی چا، یەعنی ئێمە موختەبەرێکمان نیە ئەو مەوادانەمان بۆ فحص بکات، لەبەر ئەوە پێویستە هەر لەئێستاوە کاری جدی لەسەر هێنانی کۆمەڵێ موختەبەری باش بکەین، وە کۆمەڵێك کەسی پسپۆڕ لەسەر موختەبەرەکان دابمەزرێنین، تا ئەو مەوادە خۆراکیانەش جارێکی تر فحص بکرێت، من پێشنیار ئەکەم کە پەرلەمان حەتمەن کۆمەڵێك شت ئەخاتە بەردەستی حکومەت بۆ چارەسەرکردن جەخت بکرێتەوە لەسەر دامەزراندنی کوالێتی کۆنترۆڵ، هەرچەند زووتر هەر پارەیەکی تێبچێت، چونکە بەغەیری ئەوە چارەسەری ترمان نیە، خاڵێکی ترمان هەیە وەکو

ئەندامانی پەرلەمان جەنابتان بیزانن زۆر گرنگە، گەورەترین کێشەی نێوان کوردستان وهێڵی سنووری کوردستان پەیوەندی بەعێراقەوە هەیە، لە موصڵەوە هەتا خانەقین مەفتوحە، ئێمە ناتوانین بڵێین شت لەعێراقەوە داخڵ نەبێت، بەپێی دەستوور یەك وڵاتە، بەڵام ئەگەر رێگەمان لێگرت، شتومەکی ئێمە داخڵی عێراق ببێت، ئەمە یەکێکە لەکێشەکانمان ئەویش بەڕاستی پێویستی بەموعالەجەکردن هەیە، بەهێزکردنی چاودێری بازرگانی، رەقابەی تیجاری ئێمە لەمانگی 4وە وەکو مەعلومات بیزانن کە زانیمان کۆلێتی کۆنترۆڵ دوا ئەکەوێت ناچار بووین رەقابەی تیجاری بەقوەت بکەین، لەمانگی 4 تاکو ئێستا 170 تەن مەوادی ئێکسپایەرمان لەهەر سێ پارێزگا کۆکردۆتەوەو سوتێنراوە، ئێستاش بەردەوام خەریکین ئەو مەوادانە تەبعەن ئالیەتەکەشی ئالیەتێکی زۆر تەقلیدیە، زۆر دواکەوتووە، هیچ ئالیەتێکی پێشکەووتوومان بەدەستەوە نیە، بەچەند کەسێکی مەحدود ئەکرێت، یەعنی ئەوە رەقەمی چاودێری بازرگانی رەقەمێکە ئەگەر بیخوێنمەوە هیچکامتان تەسەوری ناکەن، لەهەولێر 14 کەسمان هەیە، بۆ هەموو پارێزگای هەولێر، سلێمانی 22 کەسی هەیە، دهۆك 17 کەسی هەیە، ئایا کۆنترۆڵکردنی بازاڕی هەولێر بە 14 کەس ئەکرێت، بەو ئالیەتە تەقلیدیەی کەئێستا ئێمە بەکاری ئەهێنین، یەعنی 14 کەسن هەر 2 کەس ناونراوە ستافێك، ئەڕۆن ئەگەڕێن بەبازاڕداو دێنەوە بە سوپەرمارکێتەکان، بە دوکاندا، بەبازاڕدا، چەند هەزار دوکان لەهەولێردا هەیە، 14 کەس فریای چەند دوکان ئەکەوێت، ئێستا ژمارەی سوپەرمارکێتەکانیش چووەتە پێش، ئێمە بڕیارماندا ئالیەتەکان بگۆڕین، بەڵام ئەبێت هەم حکومەت هاوکاری باشمان بکات، بودجەی باشی بۆ دابنرێت، هەم هاووڵاتیش ئەتوانم بڵێم هاوکاری کردنی هاووڵاتی بۆ چاودێری بازرگانی کەمتر نیە لە 50٪، چونکە ئەبێت ئەوانیش چاو کراوەبن ئێمەی لێ ئاگادار بکەن، دوێنێ شەو وەکو مەعلومەیەك تەلەفۆنیان بۆکردم جەنابی وەزیری تەندروستی ساردی سلێمانی وکەرکووك وموصڵی مەمنوع کردووە، صەناعەتی محەلی داخڵی هەولێر ببێت، هی سلێمانی وموصڵ وکەرکوك، دوێنێ شەو تەلەفونیان کرد کەساردی کەرکوك داخڵ بووە، ئەو ساردییەی کەمەمنووعە، منیش تەلەفۆنم کرد بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی کە رەقابە تێبگەیەنێت هەر دوێنێ شەو، ئەوە چونکە هاووڵاتی هاوکاری ئێمەی کرد، ئێمەش موعالەجەی فەوریمان کرد، ئاسایش نێردرایە سەر ئەو شوێنەی کەوا ساردیەکەی تێدا دائەگرن، خاوەنی ساردیەکەیان هەر بەو شەوە گرت وناردیان بۆ ئاسایش، سجن کراوە، لەبەر ئەوە پێویستە هاووڵاتی لەو قۆناغەدا لەبەر ئەوەی میکانیزمەکانی حکومەت، ئالیاتی حکومەت، زۆر پێشکەوتوو و مۆدێرن نیەو پێویستە هاوکاریمان بکەن، لەبەر ئەوە من لەسەر ریقابەی تیجاری ئیشی جدی ئەکەین وە پارێزگارەکانیش هاوکاریمان ئەکەن بەتایبەتی محافزی هەولێر کە زۆر نزیکین لەیەکترەوە، ئەگەر پرسیارێکی تریش هەبێت لەسەر هەردوو خاڵەکە من ئامادەم لەخزمەتتاندام، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی کاك محمد رؤوف وەزیری بازرگانی بۆ ئەو روونکردنەوەیەو ئێمەش پشتگیری هەموو ئەو داواکاریانە ئەکەین، بەڵام زۆربەی زۆری داواکارییەکان هەر خودی حکومەتن، ئێوەش سێ

وەزیر، لێرە دانیشتوون لەگەڵ وەزیری هەرێمیش ئەوە چوار، ئەو داواکاریانە لە حکومەتدا حەقە بڕیاری پێوەربگرن، بەتایبەتی ئەوەی کە 14 کەستان هەیە، بیکەن بە 400 کەس، فەرمانبەرتان زۆرە، لە وەزارەتەکانی تر بیهێنن بۆلای خۆتان تەعینی بکەن، هەرچیش پێویست بێت ئێمە پشتگیریتان ئەکەین، سوپاست ئەکەین، داوا لەجەنابی وەزیری ژینگە کاك دارا دەکەم وتەکەی خۆی پێشکەش بکات، فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ ئەو دەرفەتەو هیواداریشم بتوانین لەم کۆبوونەوەیەدا تیشکێك بخەینە سەر ئەو کێشانەی کە هەن بۆ بەڕێزتان، من دەمەوێت پاڵپشتی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بکەم کە ئێمە هاتووینەتە ئێرە جەنابتان خاوەنی بڕیارن لەم وڵاتەدا، بەڵام جێبەجێکردن وچارەسەرکردنی ئەم کێشەیە روونکردنەوەی بۆ ئێوەیە، ئەرکی سەرشانی حکومەتە ئێمە خۆمان ئەبێ جێبەجێی بکەین، بۆیە من بۆ ئەو مەبەستە پێشنیارم کردووە ونامەیەکی رەسمیم ئاراستەی سەرۆکایەتی حکومەتی خۆمان کرد، کە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجومەنی وەزیران باس لەم کێشەیە بکەین، کێشەی نەخۆشی کۆلێرا بەتایبەت کێشەی ئاو لە کوردستاندا، بۆ ئەوەی هەموو دەزگایەکی پەیوەندیدار کەباس لەوە ئەکەین بۆ نموونە تۆڕی ئاو نیە، وەزیری بەرپرس ئامادەیە باس لەوە ئەکەین وەزارەتی ناوخۆ چەند ئامادەیە هاوکارییمان بکات، تاقیگە نیە لەناو زانکۆ، وەزیری خوێندی باڵا ئامادەیە، بۆیە ئێمە داوامان کردووە ئەو کۆبوونەوەیە تایبەت بە ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوەیەك بکات بۆ چارەسەرکردنی، بۆ باسکردن لەنەخۆشی کۆلێرا، بەتایبەت چارەسەرکردنی کێشەی ئاو کە رەگەزێکی سەرەکی ژینگەو ژیانە، لەپێش هەموو پێداویستیەکانی تری ژیانەوەیە، بۆیە راستە ئێمە کێشەی زۆرمان هەیە لەوڵاتی خۆمان، حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێ رووبەرووی هەموو ئەو کێشانە ببێتەوە، کە ژێرخانی وڵاتی ئێمە داتەپیووە بەڵام دەکرێت ئەوانەی ئەولەویەتیان هەیە بۆ نموونە کێشەی ئاو بخرێتە پێشەوە، بۆ چارەسەرکردنی کە وەك پێویست هەنگاوی بۆ نەنراوە، من لێرە دەمەوێت بەبەڕێزتان بڵێم وەزارەتی ژینگە ئەوەی پەیوەندیدار بێت بەئێمەوە ئەوەیە پێمان وایە ئەو نەخۆشیە یەکێك لەهۆکارە سەرەکیەکانی ئاوە، هەرچەند تا ئێستا لەفحصی موختەبەرییا دەرنەکەوتووە، کە نەخۆشیەکە، نەخۆشی کۆلێرا، ئەم پەتایەی کۆلێرایە لەکوێوە سەری هەڵداوە، لەکام سەرچاوەی ئاو، چونکە سەرچاوە سەرەکیەکانی ئاوی شاری سلێمانی دوکان وسەرچنار هەردووکیان سەلامەت دەرچوون، لەگەڵ هەموو ئەو کەموکوڕیانەش کەهەیانە، ئەو سەرچاوانەی تریش کەپشکنینیان بۆ کراوە، تا ئێستا دەرنەکەوتووە لەبەر ئەوە دەکرێت زۆرتریش بەدواداچوونی بۆ بکرێت، کەئایا هۆی سەرهەڵدانی ئەم پەتایە چیەو لەکوێوە هاتووە، لەناوخۆی کوردستانە یان لەدەوروووبەرەوە بۆمان هاتووە، ئەمە خاڵێکی گرنگە، هەرچەندە ئەوەی بەڕێز وەزیری تەندروستی باسیکرد، بوونی زۆری

حاڵەتەکان لەناوچەکانی عەواڵ وبەکرەجۆو راپەڕین وکانی سپیلکە، ئەوانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئەو ناوچانە زۆرتر ئاوی بیری رووکەش، بیری سەتحی بەکار ئەهێنن، کەلەو ناوچانە زێرابەکانیشیان هەر بیرە، بەهۆی تێکەڵ بوونی ئەو ئاوانەوە پێدەچێت ئەو حاڵەتە رووی دابێت، چونکە ئەو بیرانە لەژێر کۆنترۆڵی دامودەزگاکانی حکومەتیشدا نین، ئەو بیرانە زۆریان بیری بێمۆڵەتن، یەعنی نەوەزارەتی ژینگە، نە وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو، نەوەزارەتی ناوخۆ بەم بیرانە نازانن کە لێدراون بەتایبەتی لەپارێزگای سلێمانی رێگە درا بەلێدانی بیری سوری، ئەو ئامێرانەی کەوا بیر لێ ئەدەن، تەبعەن ئەو ئامێرانە بەهیچ شێوەیەك پەسەند ناکرێن، چونکە شێوازی لێدانی بیرەکەش تێکدانی چینەکانی ژێرەوەی خاکە بەکوتانەوە، کەئێمە داوامان کردووە لەیەکەم رۆژەوە، رێگایان پێنەدرێت، ئێستا خۆشبەختانە هێزێکی زۆر خراوەتە سەریان بۆ مەنعکردنیان، ئێمە بۆ ئەم مەبەستە پێشتر من لەم شوێنەدا بە بەڕێزتانم راگەیاند کە کێشەی ژینگەییمان هەیە، لەوڵاتی خۆمان یەکێك لەکێشەکان تێکەڵ بوونی ئاوی ئاوەڕۆیە بەسەرچاوەی ئاوەکان، ئاوەڕۆی دوکان راستەوخۆ ئەچێتە ناو ئاوی دوکانەوە کە خەڵك بەکاری ئەهێنێت، بۆیە پێویستە ئاوەڕۆی دوکان پاشەڕۆی شارۆچکەی دوکانی تێنەچێتەوەو چارەسەربکرێت ودووربخرێتەوە لە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە، بەهەمان شێوە ناوچەی چوارقوڕنە راستەوخۆ ئەچێتەوە ناو دوکان، ئێمە پێشتر ئەم راستیانەمان بە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت گوتووە، کە ئێمە وەکو وەزارەتێکی چاودێرین، وەزارەتی ژینگە کە ئەم کێشانە هەیە، هەروەها هی ناوچەکانی سلێمانیش لە تانجەڕۆوە تێکەڵ بەئاوی دەربەندیخان دەبێت، لە هەولێریش لەو کێشەیەمان هەیە، کە دەچێتە ناوچەی عەرەب کەندو تێکەڵ بەئاوی ژێر زەوی دەبێت، کە ئاوی ژێر زەویش پیسبوو بەڕاستی مەترسیەکی زۆر گەورە دروست ئەکات، بۆ ئەم مەبەستە ئێمە لەگەڵ بەڕێز وەزیری سەرچاوە ئاوییەکان کۆبوونەوەیەکی فراوان کراوە، هەموو ئەو شتانەمان باسکردووە و داومانەتە وەزارەتی شارەوانی، کە ئەوان بەرپرسن لەئاوو ئاوەڕۆ کە پێمان باش بوو بەڕێز وەزیری شارەوانی ئەمڕۆ ئامادەبووایە، چونکە کێشەکان زیاتر رووبەڕووی ئەو دەبنەوە، هەر ئێمە وەکو وەزارەتی ژینگە لەسەرەتای دروست بوونی ئەم پەتایەوە هەرچەند پەتاکە دوای دروست بوونی نەخۆشیەکە چارەسەرکردن وڕووبەڕوو بوونەوەی ئەرکی وەزارەتی تەندروستی بووە، ئەوانیش بەڕاستی شەوو رۆژیان خستۆتە سەریەك بە سەرپەرشتی بەڕێز دکتۆر زریان وەزیری تەندروستی خۆی وهەموو هاوکارەکانی و ژووری عەمەلیات دروست کرا، دیارە نوێنەری ئێمەش وەکو وەزارەتی ژینگە، چونکە کاری ئێمە لە دوو تەوەرەوەیە یەکێکیان هۆشیار کردنەوەی خەڵکە، ئەوی تریان چاودێری ئاوە، لەتاقیگەکاندا نوێنەری ئێمەشی تێدا بەشدار بووە، ئێمە نەخۆشی وچارەسەرکردنەکەی ئەرکی وەزارەتی تەندروستی بووە، بەس ئەرکی ئێمەیە هەموو لایەکی حکومەت نەك بەتەنها وەزارەتی ژینگە بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتانە دووبارە نەبنەوە، نەخۆشیەکە دەتوانم بڵێم سوپاس بۆ خوا بەئاسانی کۆنترۆڵکرا و بەرەو کۆتایی ئەچێت، رێژەی ئەوانەشی کەوا مردوون بەنەخۆشی کۆلێرا لە خوار ستانداری جیهانیەوەن، بەڵام پێشتر ئەم نەخۆشیەش هەر هەبووە چەند ساڵێك بەشێوەی بڵاوتر لەمساڵ لەسلێمانی بڵاوبووەتەوە، ئێمە کارێك

بکەین بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە، ئەویش پێویستی بەوە هەیە، بەڕاستی حکومەتی خۆمان، حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەموو دەزگا پەیوەندیدارەکان، هەوڵێکی جدی بدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاو بۆ گۆڕینی ئەو کێشانەی کە هەیە یان ئەو ڕاپۆرتەی پەرلەمان کە هاتووە، خاڵی زۆر گرنگی تێدایە کەوا حکومەتی ئێمە ئیشی لەسەر بکات بۆچارەسەرکردنی، ئێمە هەر لەدوای ڕوودانی حاڵەتەکە ئەنجومەنی باڵای پاراستنی ژینگەمان هەیە کەنوێنەری 20 وەزارەتی پەیوەندیداری تێدا ئەندامە کۆبووینەوەو باسمان لەکێشەکە کرد و هۆکاری ڕوودانی کێشەکەو هەوڵدان بۆچارەسەرکردنی و چیش بکرێت بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە، ئێمە ئەو تەوصیاتەی لە ئەنجومەنی باڵای پاراستنی ژینگە هات ئەوانەی کەوا پێشنیاز کرابوون بۆ چارەسەکردن بەرزمانکردەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیران لەوێش باسبکرێت وهەریەکەش بدرێت بە وەزارەتی پەیوەندیدار بۆ ئەوەی ڕێ لەوە بگیرێت، جەنابتان ئەزانن لە ڕوودانی ئەم نەخۆشیە ئەگەر ئامارەکان ورد بکەینەوە هەر لەرووی ئابوورییەوە چی مەسرەفی ویستووە ئەم نەخۆشیە لەچارەسەرکردن وعیلاج وئەوەی لەسەر خەڵکیش دروست بووە کەوا پەنا بەرێت بۆ ئاو کوڵاندن وبەکار هێنانی ئاوی کانزایی کەئەوانە لەرووی ئابووریەوە خەسارەتێکی زۆر گەورەیە، ئەگەر بێت وئەوانە حیساب بکرێت وکۆبکرێتەوە لەجیاتی ئەوە تۆڕی ئاوی پێ چارەسەربکرێت کە خزمەتێکی زۆر گەورەیە لە ژێر خانی وڵاتیشدا کارێکی زۆر باش دەبوو ئیشی لەسەر بکرێت، ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان وەك وەزارەتی ژینگە، هەرچەند وەزارەتێکی نوێین وبەڕێوەبەرایەتی شارەکانیشمان تازە دامەزراوە دەتوانم بڵێم مانگێك بەر لەئێستاش ئەو هۆبەی ژینگەیەی وەزارەتی تەندروستی هاتووەتەوە لای ئێمە کەکاری ئەو پشکنین وچاودێریە بکەین، بەڵام ئێستا لەهەموو ناوچەکانی کوردستان دەستمان پێکردووە بەڕوو پێویکی ژینگەیی لەبوارەکانی ئاو، بەتایبەتی بیرەکان و سەرچاوەکانی تری ئاو، چونکە تا ئێستا لە کوردستاندا پێشتر مەسحێکی بیئی نەکراوە بەگشتی بەتایبەتیش بۆ ئاو کە پێویستە بکرێت، ئێمە بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ چەند دەزگایەکی پەیوەندیدار پەیوەندیمان کردووە، خۆشمان دەستمان پێکردووە کەپێویستە بیکەین، ئەوەی کەپەیوەندی بەئاوەوە هەیە ئێمە پێشبینی ئەوە ئەکەین، ئەگەر هەندێك کێشە هەیە ئەگەر چارەسەر نەکرێت، نەخۆشی تریش دێتە پێشەوە، کە ئەرکی سەرشانی ئێمەیە وەکو حکومەت هەموومان هاوکاری یەك بین بۆ چارەسەرکردنی، سبەینێ پیس بوونی هەواشمان هەیە، بەهۆی کارگەکانەوە کە گوێی پێنادرێت، ئەگەر زوو چارەسەرنەکرێت، ئێمە بۆ ئەو مەبەستە ئەو یاسای پاراستنی ژینگەیە کەزۆر گرنگ بوو ناردوومانەتە لای بەڕێزتان چاوەڕاوانین ئەگەر بەم زووانە بکرێت، ئەو یاسایە لێرەوە تەصدیق بکرێت، تا ئێمە بتوانین ئیشی لەسەر بکەین، بە ڕێگەنەدان بە بیرەکان و ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی بیسبوونی ژینگە، یەکێ لەو خاڵانەی ئێمە داوامانکردووە، بۆ نموونە ئاوی سەرچنار کە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەیە، مەعمەلی چیمەنتۆی سەرچناری لەسەرە، مەعمەلی چیمەنتۆی سەرچنار هەموو پاشەڕۆکەی بەڕاستی بمانەوێت ونەمانەوێت، ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ تێکەڵ بەو ئاوە دەبێت، جگە لەوەی ئەو کارگەیە لەناوچەیەکی ئاوەدانی ونیشتەجێ بوونی خەڵکە مەترسی وکاریگەری خراپی تری

لەسەر ژینگە دروستکردووە، ئەوە ئێمە داوامانکردووە کەدابخرێت، بەڵام بەدیلەکەی بیر لەوە کراوەتەوە بدرێت بەوەزارەتی گەشتوگوزار بۆ ئەوەی بکرێتە شوێنێکی سیاحی، هەرچەند بەهیچ شێوەیەکیش بەپێی ڕێنماییەکانی ژینگە، ئەوە ڕێگەی پێنادرێت و کارێکی زۆر نادروستە، چونکە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە ناکرێتە پرۆژەی سیاحی، پرۆژەی سیاحیش پاشەڕۆی هەیە، پاشەڕۆکانی هەمووی کاریگەری ئەبێت لەسەر سەرچاوەی ئاوەکە بەڵکو دەبێ ئەو پرۆژەیە ئاوەکەی هەر ئەصڵەن ئێستا ئەوە ئاوی کارگەکە ڕێژەیەکی زۆر زۆرە بدرێت بە کانی سپیلکە کە نزیکەی حەوت هەزار ماڵ دەبێت، شتێك لەو بابەتە، 7 هەزار خێزانی تییادا دەژی لەو ناوچەیە، ئاوی خواردنەوەیان نیە، هەرچەند تۆڕەکەیان بۆ چووە، بەڵام تا ئێستا ئاوی خواردنەوەیان بۆ نەرۆشتووە، لە جێگای ئەوەش پرۆژەکانی ئاوی لێ دروست بکرێت، کە سەرچاوەیەکی سەرەکی ئاوی سلێمانیەو ئاوێکی خاوێنە، خودی خۆی پێویستی بەخاوێنکردنەوەیەکی وا نیە، ئەوە کاری لەسەر بکرێت، ئێمە وەکو وەزارەتی ژینگە هەرچەندە تازە وەزارەتەکەمان دروست بووە، بەڵام توانیوومانە کارێکی جدی بکەین، وە فشاریشمان خستووەتە سەر زۆر لایەنی پەیوەندیدار وە بەڵێنیش دەدەین کە ئەوەی بۆمانبکرێت کاری بۆ بکەین، وە هیواداریشم لەم زووانە حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەیەکی تایبەت بکەین، سەبارەت بەکێشەی ئاو لەناوچەکانی کوردستان، بۆ ئەوەی ئەم نەخۆشیە جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە، دەستخۆشیش لەبەڕێزتان ئەکەم، من کۆمەڵێ شتی زۆرم نووسیبوو بەس حەزم کرد هەرئەوەندە تێبینی بەبەڕێزتان بدەم و بەڕێزیشتان ئاگاداری دروست بوونی پەتاکەو سەرهەڵدانی وگەیشتووەتە کوێ، من نەمووویست باس لەوە بکەین، چونکە ئەوانەی تری وردەکارییەکانی ئێمە وەکو وەزارەتی ژینگە پەیوەندی بەخۆمانەوە هەیە، ڕۆژانە ئێستا ئیشی لەسەر ئەکەین، بۆ ئەوەی چیتر ئەو نەخۆشیەو جۆرەکانی تری ئەو نەخۆشییە و نەخۆشی تری مەترسیداری تر دووبارە نەبێتەوە، کە پێمان وایە ئەمە کۆنترۆڵکراوەو بەرەو کۆتایی دەچێت، بۆ ئەوەی جارێکی تریش دووبارە نەبێتەوە وچیتر خەڵکی وڵاتەکەمان نەکەوێتە مەترسیەوە بەتایبەتی جێی نیگەرانییە ئەو نەخۆشیە لەعێراق و لەکوردستانیش لە سلێمانیەوە سەر هەڵبدات، لەکاتێکدا ئێمە لەسلێمانی سەرچاوەی ئاوی زۆرمان هەیە،کە لە هیچ شارێك نیە، بەڵام بەرنامەیەك نیە بۆ ئاو، بۆ گەیاندنی ئاووی خواردنەوە بۆ ماڵان و بۆ پاککردنەوەی، ئەوە جێی نیگەرانیە کەدەبێ هەمووان هەست بەو بەرپرسیارێتیە بکەین، هەوڵ بدەین بەزووی چارەسەر بکرێت، سوپاس بۆ بەڕێزیشتان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی وەزیری ژینگە، بەڕێز کاك دارا بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیە، بەڕاستی وەزارەتەکەیان ئەهەمییەتێکی زۆری هەیە، پەیوەندیشی بەنەخۆشیەکەوە هەیە ڕاستەوخۆ وەکو باسی کرد، ئومێد دەکەین بەهەموو لایەکمان هاوکار بین، ئاماژە بەوەکرا هاووڵاتیش دەبێ مەسئولیەتی خۆی هەڵبگرێت، چونکە ئەمە پەیوەندی بەوەوە هەیە، ئاستی هەستی تەندروستی لای هەموو هاووڵاتیان دروست ببێت، من ئێستا قسە ئەدەم بەو ئەندامانەی کە لەلیژنەی تەندروستی و ئەندامانی نووسینگەی سلێمانی کەدوو

ڕاپۆرتیان دابوو، ئەگەر یەك ودووانیان تەوزیحیان لەسەر ئەو قسانە هەبێ کاك دارا قسەت هەبوو، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببوورن بەڕێزان من خاڵێکی ترم بیرچوو بووەوە کەباسی بکەم، ئێمە هەر لەگەڵ دورست بوونی پەتاکە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هۆشیاری وڕاگەیاندنمان هەیە، چووینە سلێمانی لەوێ لەنزیکەوە بەشدار بووین بەهاوکاری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دیارە دکتۆرە نەعیمە قەصیر ئێمە سوپاسی ئەکەین کە هاوکاری ئێمەیە، بەگشتیش ئەو ڕێکخراوە، لەبەرنامەی کاری خۆیدا ژینگەشی داناوە بۆ هاوکاری کردنی، دەستمان کردووە بە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە، ئەم هەڵمەتە ئێمە هەر بۆ سلێمانیمان دانەناوە، بۆ سەرجەم پارێزگاکانی کوردستان، تەنانەت دەمانەوێت بگەینە قەزاو ناحیەکانیش، ئێستا دەستمان پێکردووە، چونکە خاڵێکی زۆرگرنگە کە خەڵك وشیار بێت، هەر لەدرێژەی ئەو هەڵمەتە بڕیارمانداوە کۆمەڵێك لەمامۆستایانی قوتابخانەکانی هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی ودهۆك، ئەوان و وۆرك شۆپیان بۆ ئەکەینەوە بەبەردەوامی بۆ ئەوەی مامۆستایان هاوکارمان بن، چونکە ئێستا وەرزی خوێندن دەست پێ ئەکات، منداڵان ئەچنەوە قوتابخانەکان ئەگەر لەڕاستیدا لەقوتابخانەکانەوە زۆر چاودێری نەکرێت، چونکە لەماڵ مناڵ لەوانەیە هەر خێزانێك خۆی سەرپەرشتی ئەکات، بەڵام لەقوتابخانە ئەگەر مامۆستاکان زۆر وریا نەبن، بۆ ئەوەی ئەو پەتایە یان هەر نەخۆشیەکی تر کە ڕوو ئەدات، نەچێتە ناو قوتابخانەکان ئێستا ئێمە دەستمان بەوە کردووە، چەند قوتابخانەیەکمان وەکو نموونە لە هەر سێ پارێزگاکە وەرگرتووە، مامۆستایانی ئەو قوتابخانەیە دواییش ئەچینە ناو قوتابخانەکانەوە بە هاوکاری وەزارەتی پەروەردە. دیارە ئەمەش وەزارەتی ئێمە بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی وڕێکخراوی (W.H.O) کەئەوانیش بەشێك لەمەساریفی ئەو وۆرك شۆپانەیان گرتووەتە ئەستۆی خۆیان، ئێمە سوپاسیان ئەکەین، دەستمان پێکردووە کەهیوادارین بتوانین ئەوەش تێیدا سەرکەوتوو بین، کە ئەوەش بەشێکە لەوشیارکردنەوەی خەڵك تا هەرکەس لەشوێنی خۆیەوە هاوکار بێت بۆ بنبڕکردنی ئەو نەخۆشیەو پاراستنی ژینگەکەی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەرەتا لیژنەی تەندروستی ئەوەی ڕاپۆرتی نووسیوە ئەگەر کەسێك لەلیژنەی تەندروستی تەعقیبی هەبێت، کاك دکتۆر فوئاد فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا کێشەی کۆلێرا لە سێ خاڵدا چڕ ئەکرێتەوە بۆ خۆپاراستن لەم نەخۆشیە بریتیە لە دابین کردنی ئاوی پاك و خۆراکی پاك وپاك وخاوێنی وهۆشیاری تەندروستی، ئەم ئەرکانەش بەڕاستی پەیوەندیان بە

تاکەکانی کۆمەڵەوە هەیە بەگشتی، هەندێکی ئەرکی دەزگاکانی حکومەتە وەکو وەزارەتی تەندروستی ووەزارەتی ژینگە، ئەوەی پەیوەندی بەوەزارەتی تەندروستیەوە هەیە لەلایەن چارەسەرکردنەوە لەڕاستیدا ئەو ڕێوشوێنانەی کەوا گیراونەتە بەر تائێستا هەرهەمووی زۆر زانستیانە بووە وبەئەرکی خۆیان هەستاون، وکەم وکوڕی نەبووە، بەشەکەی تری کە زۆر زۆر گرنگترە لەچارەسەرکرن بریتیە لە خۆپاراستن، ئەرکی خۆپاراستنیش بەڕاستی ئەرکی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ژینگەو هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵەیە، ئەوەی من ئەمەویت بیڵێم لەبارەی وەزارەتی تەندروستیەوە لەڕاستیدا ئێمە باسی خۆپاراستنمان کرد، تەبیعی خۆپاراستن بریتیە لەوەی کەوا بەبەردەوامی هۆشیاری تەندروستی بدرێت بەهاووڵاتیان و داوائەکەم لەوەزیری تەندروستی کە داوا بکات لە وەزارەتی دارایی دەرماڵەیەکی باش بۆ پزیشکەکان ئامادە بکات، تا پزیشکەکان هاوکار بن و بەشداری بکەن لەبەشی خۆپاراستن، چونکە ئێستا وەکو جەنابی باسی کرد، تەنها کارمەندە تەندروستیەکان هەن، بەشێکی تری ئەرکی وەزارەتی تەندروستی ئەوەیە بۆ ڕێگە گرتن لەدووبارە بوونەوەی ئەم نەخۆشیە کە چاوەڕوان ئەکرێت ساڵانی تر دووبارە ببێتەوە، کەوا بەردەوام بن لەسەر کۆکردنەوەی نموونە و ناردنی بۆ تاقیگەکان، بەتایبەتی لەو کەسانەی کە ئەمساڵ سکچوونیان هەبووە بەتایبەتی ئەوانەی کەوا نموونەکانیان پۆزەتیف بووە، لەم نموونەکانی ئەمساڵدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەسی تر لەئەندامانی لیژنەی تەندروستی دەیەوێ قسەبکات؟ دکتۆر رەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان ئەکەم سەرەتا من دەستخۆشی لەکارگوزارو کارمەند وئینجا دکتۆرەکان دەکەمە بەڕاستی کارگوزارێکی نەخوێندەوار کە ڕۆژانە لە کۆنتاکتێکی بەردەوامدا بووە لەگەڵ نەخۆشەکان بەبێ لێسڵەمینەوە ئەو لەپێشەوە هی دەستخۆشی لێکردنەو ئینجا بۆ پلەکانی سەرووتر کەلە بەرپرسیارێتیەکەیان دەزانن، بەڕاستی بەدەنگەوە هاتنی چارەسەرکردنەکە لەئاستی خۆیدا بووە، بەڵام ئەوەی کەوا گرنگی پێبدرێت خۆپاراستنەکەیە کەوا زۆر گرنگە، تەئکید لەبەڕێز وەزیریش ئەکەمەوە کەوا هەوڵ بدرێت بەزووترین کات ئەو پرۆژەی نەخۆشخانانەی لەسلێمانی لەبەردەستدان زۆرجار تەگەرەیان لەبەردەمدایە چارەسەر بکرێن، بەتایبەتی دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی تایبەتی هەناوی کەچەند ساڵێکە سلێمانی ئەو کێشەی هەیە، بە پینەو پەڕۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەو پانتاییانەی کەوا هەن لەناو سلێمانیدا بەشێوەیەکی زانستیانە نەك بەشێوەیەکی پارچەپارچەی بچکۆلە وەك پرۆژەیەکی گونجاو کاری بۆ بکرێت، بۆ ئەوەی لەداهاتوودا شوێنێکی گونجاو بۆ نەخۆشیە هەناوییەکان دابین بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو فەخریە فەرموو.

**بەڕێز فخریە مصطفی محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵێکم هەیە ئەو خاڵەی ڕەچاو بکەن کە ئەو مۆلیدانەی کارەبا کەدانراون نزیك بیرەکانن لەشاری هەولێر، ئەو چەوری وشتەی کەدەیرپێژنە زەوی هەمووی دەکەویتەوە ژێر زەوی، ئەمەش تەئسیر زۆر لەئاوەکە ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە ئاریان دواکەس لە لیژنە تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز ئاریان خالص شێخ جواد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستخۆشی لە وەزارەتی تەندروستی ئەکەم کە یەك لە سیاسەتەکانی ئیحتیوای کارەساتی بکات زۆر بە هەماهەنگی هەر سێ فەرمانگەی تەندروستی، زۆر سوپاسی دکتۆرە نعیمە قصیر ئەکەم بۆ ئەو روون کردنەوەی و هاوکاری کردن لەگەڵ وەزارەت کەکردی، بەس داواکاری لەوەزارەت ئەکەم، یەك لە سیاسەتی وەزارەت هی داهاتوو نەك تەنها ئیحتیوائی کارەساتی بکات، بەڵکو بەرنامەی رەسدی وەبائی، رەسدی پەتائی بەکاربهێنێت، لەو یەك دووساڵە ئەو نەخۆشیە مستەوتەنەی لەکوردستان هەیە وەکو مەلاریاو چەندەها نەخۆشی تریش کە هەمانە، دەبێ رەچاوی رەسدی وەبائی بکەین پێشی ئەوەی کارەساتەکە رووبدات، پێشی ئەوەی پەتاکە بڵاوببێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەندامانی بەڕێز لەنووسینگەی سلێمانی کێ قسەی هەیە، ناوتان ئەنووسم ئەو 13 کەسەی کەداوایان کردووە ئەوان حەقیان هەیە لەبەر ئەوەی وەزیرە بەڕێزەکان وەڵامی ئەوانیان داوەتەوە، بۆیە پێویستە ئەوانیش تەوزیحی بکەن، ئەمە دانیشتنێکە دوو راپۆرت هەیە وەزیرە بەڕێزەکان وەڵامییان داونەتەوە، حەقی ئەو ئەندامانەیە کەراپۆرتەکەیان نووسیوە تەوزیح بدەن، لەسەر تەوزیحاتی وەزارەت کەدراوە کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا دەستخۆشی لە جەنابی وەزیری تەندروستی و فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی وبەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی ئەکەین کە بەڕاستی زۆر باش هاتنە پێشەوە بۆ رێگە گرتن لەپەتاکە شەوو رۆژیان خستە سەر یەك، ئەبوایە وەزیرە پەیوەندیدارەکان ئەویش بەتایبەتی وەزیری شارەوانی هاوشان لەگەڵ وەزیری تەندروستی بەو ئەرکە هەستایە، من لەقسەکانی بەڕێز وەزیری ژینگە پرسیارێکم لا دروست بوو، ئەڵێ داوامانکردووە کە ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوەیەك بکات لەسەر پەتای کۆلێرا، پێم سەیرە تا ئێستا ئەنجومەنی وەزیران بۆ مەسەلەیەکی وا گرنگ کۆبوونەوەی ئەنجام نەدابێ، ئەمە جێی پرسیارە، دیارە کۆلێرا تا ئێستا هەیە لەکوردستان، لە سلێمانی تا ئێستا هەیەو بنبڕ نەبووە وئەگەری هەسەرهەڵدانەوەشی

هەیە لەچەند ساڵی داهاتوودا، بۆیە ئەبێ ڕێوشوێنی زۆر پەلەو گونجاو بگیرێتە بەر، بەداخەوە کەجەنابی وەزیری شارەوانی لێرە نیە، ئێمە بۆخۆمان نووسینگەی سلێمانی چووینە مەحەتەی دوکان بەڕاستی ئەو مەحەتە گەورەو گرانە کە ئاوی سلێمانی دابین ئەکات، ئاوی بەشێکی هەولێریش دابین ئەکات بەو شێوەیە بێناز بێت، هەموو بۆڕیەکانی لیك ئەکات بەشێوەیەك شەبەقەی ئەوەندە لەبۆریەکانیدا هەیە، پەمپی ئاو ئیش ناکات، پەمپی هەوا ئیش ناکات، شەپ ناکەنە ئاوەکەوە، ئەگەر ئێستا بەهۆی میکرۆبەکەوە کلۆریش بکرێتە ئاوەکەوە کەمیکرۆب نەمێنێت، بەڵام تەصفیە نەکردنی تەواوی ئاوەکە نەخۆشی دی دروست ئەکات، بەتایبەتی بەردی گورچیلەو ئەو شتانەی تر کە ئەمە ئەو مەحتەیە پێویستیەتی، پێویستە وەزارەتی شارەوانی زۆر بەپەلە بێت بەپێی ئەو دەرخستنانەی کە ئاوی سلێمانی کردوویەتی صیانەی بکات، چونکە ئەگەر وابڕوات ئەوەی ئێمە بینیومانە لەچەند ساڵی داهاتوودا بەتەواوەتی مەحەتەکە لەکار ئەکەوێت، شتێکی تر هەیە بەڕاستی شاری سلێمانی کەم شار هەیە لەجیهاندا ئەوەندە سەرچاوەی ئاوی شیرینی هەبێت، ئاوی دوکانە، ئاوی دەربەندیخانە، ئاوی سەرچنارە، چۆن ئەبێت لە 33٪ی خەڵکی سلێمانی ئاوی بۆ دابین بکرێت، 35 گەڕەك شەبەکەی ئاوی نەبێت، 25 هەزار بیر لە سلێمانیدا هەڵبکەندرێت، ئەمانە بەڕاستی کەموکورتین، ئەبوایە وەزیری شارەوانی زۆر بەپەلە چارەسەری بکردنایە، کە وای کردووە خەڵك لە سلێمانی بیر هەڵبکەنێت، وای کردووە ئەو شەبەکە کۆنانە هەمووی لیك ئەکات، وەزیری شارەوانی من مەبەستم ئەوە نیە بەس نازەنین خان، سەرجەم وەزیری شارەوانیەکانی پێشووتر، 15 ساڵە ئێمە حکومەتمان بەدەستەوەیە، حەق نیە هیچ کەسێك ئەوە بەهین وەربگرێت، یەعنی ئینفیعال بکات و ئەوانە، ئەمە 15 ساڵە وەزیر بۆ ئەمانەی نەکردووە، هەر وەزیرێکە مەسەلەیەك ئیشارەتمان پێیدا، خەڵك بەبیر وبەتەنکەر ئاوی بۆ دێت لە سلێمانی، کە خاوەنی ئەو هەموو سەرچاوە ئاوەیە، بۆیە ئێمە تەئکید لە پێشنیارەکانی خۆمان ئەکەینەوە لە ڕاپۆرتەکەدا کە هێڵی دووەمی ئاوی دوکان زۆر بەپەلە ڕابکێشرێت، ئێستا ئەو لەئەرکی سەرشانی وەزیری شارەوانیە، شەبەکە کۆنەکان صیانە بکرێن، چونکە ئەوانە هەمووی لیك ئەکەن هەمووشیان نزیکن لە زێراب، هەمووی زێراب ئەدزێت، جەنابی وەزیری تەندروستی ئیشارەتی پێدا کە پیسایی یەتە ئاوەکانمان ئەو 35 گەڕەکەش کە شەبەکەی ئاوی نیە، شەبەکەی ئاوی بۆ دروست بکرێت، سەرباری ئەوەش صیانەیەکی تەواوی مەحەتەی دوکان بکرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا ئەکەم کەوا جوابەکانتان کورت بکەنەوە، بەس من تەنها هەروەکو خاتوو کوێستان ئاماژەی پێکرد، کە دەڵێین شارەوانی فیعلەن مەسئولیەتی وەزیری شارەوانی نیە، ئێستا مەسئولیەتی وەزارەتە، لە ماوەی 15 ساڵ، مەسئولیەتی دوو وەزیرە لە دوو ئیدارەییدا، مەسئولیەتی ئەوەشە کە ئاوو ئاوەڕۆ هەندێجار تابعی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بووە، هەندێجاریش تابعی شارەوانی بووە، کاك بارزان بۆ منی نووسیوە ئەڵێت تا ئێستا لە هەندێ شوێندا نەخراوەتە سەر وەزارەتی شارەوانی، بەڵام بەهەرحاڵ ئێمە دانیشتنێکی تایبەت ئەکەین لەگەڵ وەزیری شارەوانی بۆ ئەوەی وەڵام بداتەوە، لەڕاپۆرتەکەتان بەشێکی زۆری پرسیارەکانتان

ئاراستەی وەزارەتی شارەوانی کراوە، مەسئولیەتی ئەوە دەبێ بەرنامەیەك هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاو وئەو مەسەلانەی کەوا باستان کرد، خاتوو سۆزان فەرمو‌و.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزیرە بەڕێزەکان من سۆزان، نوێنەری سلێمانی شاری کۆلێراو بێ ئاوی، قسەتان بۆ ئەکەم 17 دانە ڕۆژ لە گردی عەقاری عەلی ناجی ئاو نەدراوە، بەخەڵکیشیان ئەوت ڕێنماییەکانی تەندروستی ئاگاتان لێی بێت، ئاو نەبوو خەڵك بیخواتەوە یان بیکوڵێنێت تا بیخواتەوە، من نازانم ئەبوایە ئەمڕۆ سەرۆکی حکومەت وجێگرەکەی وزۆرێك لەو وەزیرانە لێرە ئامادەبوونایە، چونکە بەڕاستی حکومەت باوکی هەمووانە، ئەبێ ئاگای لەهەمووان بێت، بەڵام چۆن ئاگای لێ ئەبێت کە تۆ دوو وەزارەتی داراییت هەبێت، چۆن چاك ئەکرێت، چۆن چارەسەر ئەکرێت ئەم کێشەیە؟، باشە ئەوە ئەمڕۆ کۆلێرا بوو، ئەی سبەینێ سیل وتاعون وکۆکە ڕەشە ڕوومان تێبکات چی بکەین؟، باشە هیچ پلانێك هەیە بۆ تەواری لەناو وەزارەتەکاندا بۆ هیچ پێشهاتێك، نیە تاکو ئێستا من سەیرم لێ دێت ئەم هەموو ئیجازەیە دراوە بەم هەموو کۆمپانیایانەی کەخەڵکی بیانی ئەهێنێ بۆ کارکردن، کابرا دێت حەفتەیەك لێرە ئەمێنێتەوە تاماڵێك ئەیباتەوە، ئینجا ئەبرێت بۆ ئەوەی پشکنینی تەندروستی بۆ بکرێت، خۆ یەکسەر لەمەتارەوە ناخرێتە حجزی سەحیەوە، ئەم هەموو بازرگانانە هاتووچۆی چین وهندستان ئەکەن بەڵام قوڕ بەسەرێك لەئەوروپاوە ئەگەڕێتەوە ئەڵێ ئەبێ بچی پشکنینی ئایدز بکەی، چونکە وا تەسەور ئەکەن ئایدز بەهەوا نقڵ ئەبێت یان بەئاو، بیر لەوە ناکەنەوە ئەوانەی ئەچنە چین و هندستان، بازرگانەکان چ نەخۆشیەك لەگەڵ خۆیانا ئەهێننەوە، نەخۆشی لەدونیادا هەر ئایدز نیە، ساڵ ونیوێك پێش ئێستا دەزگای تەکنەلۆجیا لەسلێمانی لە مەترسیەکانی هەڵکەندنی بیری سەتحی حکومەتی ئاگادار کردۆتەوە، من ناڵێم حکومەتی ئیدارەی پێشوو کە ئەڵێم حکومەت، حکومەت یەعنی باوکی هەمووان، ئاگاداریان کردنەوە، بەڵام کاری پێ نەکرا، نەبوونی ئەو عیلاقەتەی بەینی وەزارەت ودەزگا ئەکادیمیەکان، مامۆستاکانی زانکۆ زۆری هەر بۆ سەفرە عیلمیەکان کە خوێندکارەکان ئەبەن بۆ سەفرەی عیلمی بەتایبەتی هی کۆلێژی کشتوکاڵ ئەیانبەن بۆ سەرچاوە ئاویەکان، ڕەسمی ئەگرن هی شوێنەکە ئەو نەبوونی عیلاقەتە لەمابەینی عیلاقەی ئەکادیمی ووەزارەتەکانە بڕی گەورەترین گاپی دروست کردووە، گەورەترین بۆشایی دروستکردووە لەناو وڵاتی ئێمەدا، بەهیچ شێوەیەك گوێیان لێ ناگیرێت، برادەرێك سێ ساڵ لەمەو پێش ئەگەر هەر سێ بەڕێز وەزیرەکان ئەیانەوێت کوالێتی کۆنترۆڵی ئاوی خواردن وخواردنەوەو هی خواردەمەنیشیان دەست بکەوێت، سێ ساڵ لەمەو پێش پرۆژەیەك پێشکەشی ئیدارەی سلێمانی کراوە، بۆ ئەو جۆرە کۆنترۆڵە، وەڵام نەبووە، لەجیاتی بەرزکردنەوەی تەلار یەك دینار سەرف بکرایە بۆ شەبەکەکانی ئاو ئێمە ئێستا تووشی ئەو نەخۆشیانە نەئەبووین، من هەر ئەوەنە ئەڵێم حکومەت بەرپرسیارە، داوای لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە ئەکەم لەناو پەرلەمانەوە دروست ببێت لە کۆمەڵێك ئەندام پەرلەمان لەهەموو حیزبەکان، نەك تەنها هی سلێمانیش،

له هی هەموویان بێت بێن لەگەڵ کۆمەڵێك مامۆستای ئەکادیمی زانکۆکانیشدا بێن سەیری بکەن، بزانن راپۆرتێکی عیلمیانە پێشکەشی حکومەت بکەن، حکومەتیش ئەبێ وەڵامی هەبێت، ئاخر قسەم بۆ وەزیری شارەوانیە، بەداخەوە کە ئەمڕۆ لێرە ئامادە نەبوو، هەرچەندە من ناڵێم هەر ئەو تەنها مەسئوولە بەڵام زۆرێکیش لە کێشەکان ئەوە ساڵ ونیوێکە وەزیرە ئەبوایە هیچ نەبێ تەقریرێکی بەرزبکردایەتەوە، هەرچەندە دوو ئیدارەی مالییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە باسمان کرد وتمان وەزیرە دانیشتنێکی تری بۆ ئەکەین، لەبەر ئەوە هەر پرسیارێکتان هەبێت یان گلەییەکتان هەبێت، بیخەنە ئەو رۆژە، چونکە حزوری خۆی لێرە نەبێت، حەق نیە گلەیی وشتەکانی لێ بکەن، مادام وتمان رۆژێکی بۆ دائەنێین پرسیارەکان بۆ ئەو رۆژە هەڵئەگرین، گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی ئەو وەزیرە بەڕێزانە ئەکەم، من چەند تەوزیحێکم لەسەر قسەکانی بەڕێز وەزیری بازرگانی هەیە، بەڕێزان ئەو چەند وێنەیەی کەدیتان چەند شتێکی زۆرکەم بوو لەوەی کەئێمە دیمان، لەو گەنجینانەی کەلەلایەن چەند بازرگانێکی چاو چنۆکەوە دانراوە بۆئەوەی گیرفانی خۆیانی پێ دەوڵەمەند بکەن، ئەوەی کەئێمە دیمان زۆر کارەسات بوو، لێرەشەوە ئەڵێم زۆر بەداخەوە جەنابی وەزیر رەنگە مەیدانیەن ئاگای لەووردەکارییەکان نەبێت، چونکە ئەوەی ئێمە دیمان هەر کەسێکی تر بیبینێ وا بزانم فەترەیەکی زۆری ئەوێت بۆ ئەوەی ئیتر خواردن بخوات، بۆیە ئەڵێم داواکارم ئێمە لەلایەن دەزگای ئاسایشی سلێمانیەوە توانیمان سەردانی ئەو گەنجینانە بکەین، حەزەکەم بەڕێزیشی سەردان بکات، چونکە ئەو مەغزەنانەی بەڕێزی باسی ئەکات کە کۆنن، مەغزەنە کۆنەکان نین ئەوانەی راپەڕینەو هەمووی مەغزەنی تازەیە، کەچی هەرچی مواصەفاتی مەغزەن هەیە تێیدا نیە، عەرزی خۆڵ، دیواری بلۆکی کون کون، یەعنی شوێنی ئەوەی کە جرو جانەوەری تێبچێت، شتێکی زۆر ناشیرینمان دی، بۆیە من نامەوێت زۆر درێژە بەقسەکانم بدەم، داواکارم لەوەزیری بەڕێز کە ڕاستەوخۆ تەداخول بکات لەوەی کەئەو کۆمەڵە بازرگانەی کە شتەکانیان گیراوە خۆشیان بەکەفالەت بەربوون، داوا بکات کە بە سزای خۆیان بگەن، ئەمە یەك ئەو خواردنانەی کەبۆ تەلەف بوون دانراوەو هەمووی لە ژێر سەیتەرەی ئاسایشدایەو قفڵی ئەوانی لێدراوە، هەمووی لەشوێنی داخراودا بسوتێندرێت، سێ: ئەو مەغزەنانە دەستیان بەسەردا بگیرێت کە ئەو خواردنانەی تێدایەو نەیاندرێتەوە هەتاوەکو هەموو شروتە سەحیەکانی تیا جێبەجێ ئەکرێت، ئەمە روونکردنەوەیەکم بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن دوو شتی کورتم ماوە، لەسەر ئەو خواردنانەی کەلە ڕێی گومرگەوە دێت راستە گومرگ پەیوەستە بە وەزارەتی داراییەوە بەڵام بەناڕاستەوخۆش بێت پەیوەستە بەوەزارەتی بازرگانیەوە، هەندێ خواردن دێت کەشیرەمەنی وساردەمەنی و ئەوانەیە، ئەوانە لەبارەکانی

خۆیاندا كە ئەیبەن بۆ گومرگ، گومرگ شوێنی فێنككەرەوەو بەڕادو ئەو شتانەی نیە، یان ئەبێ لەلۆریەكاندا بوەستێنرێن هەتاكو نەتیجەی فحصی تەندروستی ئەگەڕێتەوە، ئەو هەتاو لێی بدات، ئەوە لەوێدا ئەو خواردنانە ئێكسپایەر ئەبن، یاخود زۆرجار فەلەت ئەكات وبەبێ چاوەڕوانی جوابی سەحە بەنەوە خواردنەكان ئەبرێنە بازارو كتوپڕ ئەفرۆشرێن كە ئەمەش نەخۆشی زۆری لێ ئەكەوێتەوە یەك پرسیاریشم هەیە بۆ بەڕێز وەزیری ژینگە، كە ژینگە كێشەی زۆر زۆری هەیە، بەڵام لەهەموویان زەقتر ئەو كارگەی چیمەنتۆی تاسلۆجەیە كە ڕۆژانە تەپ وتۆزێكی زۆر زۆر ئەكات بەسەر دیهاتەكانی دەوروپشتیدا، كەئیتجاهی باكەش ئەگۆڕێت بۆ سەر سلێمانی، ئێستا ئەڵێن فلتەری بۆ هاتووە، بەڵام بۆی نەهاتووە ئەم بەیانیە لەهەموو بەیانیەك خراپتر بوو، داواكارم لەجەنابیشیان كەمشورێكی ئەو مەسەلەیە بخۆن، ئەوەش كۆمەڵێك نەخۆشی تری پێوەیەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكایە ئەوەلەن ئەوەی لەڕاپۆرتەكەدا هاتووە دووبارە نەكرێتەوە، پێشنیار وشتەكان دووەمینیش تەركیز بكرێتە سەر ئەو قسانەی كەلەلایەن وەزیرە بەڕێزەكان كرا، دەبێ بەو شێوە بێت ئەگینا دەبێ دەرگا بكەینەوە هەموو قسە بكەن، ئێوە راپۆرتتان نووسیوە حەقی خۆتانە ماندوو بوونە، بۆیە وەزیرەكانیش وەڵامی ئەو راپۆرتانەیان دایەوە، بۆتان هەیە تەعلیقی لەسەر بدەن، ئەوەندەیە تكراری قسەكان نەكرێتەوە، ژنان زۆر قسەیان كرد با هەندێك ڕێگە بدەینە پیاوان، كاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەكان ئەكەم، ئەو قسانەی من ئەمویست بیكەم زۆربەیان كران، بەڕاستی پێش ئەوەی جەنابت بڵێیت دانیشتنێك ئەكەین بۆ وەزیری شارەوانی دەمویست هەر ئەوەندە بڵێم داوا لەسەرۆكایەتی پەرلەمان ئەكەم وەزیری شارەوانی بانگ بكەن، ئەوەت وت بۆیە من زۆر سوپاسی بەڕێزت ئەكەم، هیچ قسەم نەماوە و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

منیش سوپاست ئەكەم كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەكان ئەكەم قسەكانی من زۆربەی كران بەڵام من ئەمەوێت ئیشارەت بەشتێكی جەنابی وەزیری ژینگە بدەم، باسی لەوەكرد كە تا ئێستا پشكنینەكان بۆیان ساغ نەبووەتەوە كە سەرچاوەی سەرهەڵدانی ئەم نەخۆشیە، ئەم پەتایە ئایا لەناوەوەیە یان لەدەرەوەیە، ئەگەرمەبەست لەئاوەكانی دوكان ودەربەندیخان و سەرچاوەكانی ئاوی سلێمانی بێت، بەڕاستی لە 70٪ی سەرچاوەكانی ئاوی كوردستان

لەدەرەوەی سنووری هەرێمەوە دێنە ناو خاکی کوردستان، یەعنی پاشەڕۆی تەواوی شارەکانی سەر سنوور دێتە سەر چ ئاوی دوکان وچ دەربەندیخان، لەبەر ئەوە من بەتەوەقوعی خۆم هەنگاونان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەو تەصفیە کردنی ئەو ئاوانە بەو شکڵە نابێت، ئێمە تەرکیزی گرنگ لەسەر شێوەی تەصفیە کردنی ئاوی فەرمانگەکانی ئاو کە ئاو دابین ئەکەن بۆ شارەکان، ئەوانە گرنگن کەبەچەند فلتەرێکدا ئەڕوات هەروەك کوێستان خان ئیشارەتی پێدا، بەڕاستی کەموکورتیەکی زۆر هەیە لە تەصفیەی ئاوەکاندا، کە مەفروزە گرنگیەکی زۆر بەو ئاوانە بدرێت، دوو: سۆزان خان باسی لەوەکرد کە کرێکاری زۆر هەروەك لەڕاپۆرتەکەی لیژنەی تەندروستیدا هاتووە (145)کرێکاری بەنگلادیشی کە حاڵەتی پۆزەتیڤیان تێدا دەرکەوتووە، مەفروزە پێش ئەوەی بێنە کوردستانەوە پشکنینیان بۆ بکرێت، من داوا لەوەزیری تەندروستی ئەکەم کە چ هەنگاوێك هەیە بۆ ئەوە، کۆمەڵێ کارگەی بەرهەم هێنانی ئاو، دروستکردنی ئاوی خواردنەوە لەشارەکانی کوردستان هەیەو، رووی لەزیاد بوونەو بەگوێرەی قسەی شارەزایانیش کەتەنانەت زۆر لە بوتڵە ئاوەکان کلسی کردووە، پێش ئەوەی کەتەوزیع بکرێت کلسی کردووە، زۆرجاریش باس لەوە ئەکرێت کە تەزویری تیا ئەکرێت، من نازانم ئەو کارگانەی کەوا مەرجی تەندروستی تێدا نیە بۆ مۆڵەتیان پێ ئەدرێت، ئەو مۆڵەتانە کێ بەرپرسیارە وەزارەتی بازرگانیە، وەزارەتی صناعەیە، چ وەزارەتێکە کە ڕێگە بەوانە ئەدات، حەدێك بۆ ئەو مەسەلەیە دابنرێت، سێ: خۆراکە بەسەرچووەکان من بۆخۆم بەڵگەی وام لەبەردەستدا نیە کە ڕاستە یان درۆ؟ قسەیەکی شائعی ناو بازاڕە باس لەوە ئەکرێت کە ئەو خۆراکانەی کە ئەنێردرێنە ناو تاقیگەکان بۆ پشکنین بەتایبەت لەم ماوەی رابردوودا کە دیاردەی خۆراکی بەسەرچوو سەری هەڵدا بەتایبەتی چا، ئەڵێن کەگوایە تەلاعوبی پێ ئەکرێت کە زۆر بەئاسانی ئەکرێت، نەتیجەی فەحصەکان بەگوێرەی خواستی بازرگانەکان یان خاوەن کەلوپەلە فاسیدەکان تەلاعوبی تێدا ئەکرێت، من داوا لەوەزیری بازرگانی ئەکەم کە گرنگی بەو لایەنانە بدات، بتوانێ بەلایەنی کەم خەڵکی دڵسۆز کۆنترۆڵی ئەو تاقیگانە بکات و، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی پرۆژەی ئاویان کرد زۆر لەبرادەران، دیارە پرۆژەکان کەموکوڕیان تێدایە، من پرسیار ئەکەم ئەی ئەو شوێنانەی کەهەر لەبنەڕەتدا پرۆژەی ئاویان نیە، وەڵام بۆ ئەوانە چی بێت کە ئاوی رووبار دەخۆنەوە، بەڕێز وەزیری تەندروستی باسی رێنمایی وعیلاجی کرد، بۆ رووبەروو بوونەوەی ئەو دیاردانە من دەڵێم بەشێك لە هۆکارەکانی ئەو نەخۆشیانە پەیوەندی بە کەمی خزمەتگوزاری تەندروستیەوە هەیە لەکوردستان بەگشتی، پێشنیار دەکەین وەزارەت پێش ئەوەی پەتاکان بڵاوببنەوە ئامادەکاری هەبێت، نەك هەر بۆ کۆلێرا بۆ زۆربەی ئەو نەخۆشیانەی کەبڵاودەبنەوە، خاڵێکی تر ئەو شوێنانەی کەبنکەی تەندروستیان لەژێر کارکردندایە یان تەواو نەبوون حەقە پەلە بکرێت لەتەواو کردنیان ودروست کردنی

لەو شوێنانەی کە نیانە، لە یاسای وەزارەتی تەندروستیدا ئێمە باسمانکرد کە لەهەموو قەزایەك پێویستە بەڕێوەبەرێتی تەندروستی بکرێتەوە، بەڵام زۆر لەقەزاکانی کوردستان ماوە ئێستا بەڕێوەبەرایەتی لێ نەکراوەتەوە، بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین وزیاتر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری حەقە بیر لەوە بکرێتەوە ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە بکرێنەوە لەو شوێنانە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوا ئەندامی بەڕێز لەنوێنەرانی سلێمانی ودەورووبەری سلێمانی کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان ودکتۆرە نعیمە ئەکەم کەهاوکار بووە لەو نەخۆشیە وپشتیوانی لەخەڵکی کوردستان کردووە، زۆر سوپاسی جەنابی کاك دکتۆر زریان ئەکەم، بەڕاستی کاك دکتۆر زریان چۆن جاران لەپێشمەرگایەتیدا حەقیبەی ئەکردە شان وبەدوای ئەو شوێنانە ئەگەڕا کەچارەسەری نەخۆشی و پێشمەرگە بریندارەکان بکات، ئەمجارەش هەمان دەوری بینی، من بەشبەحاڵی خۆم زۆر سوپاسی ئەکەم، کە لێرەش هەم سەرۆکی هەرێمیش سوپاسی کرد کەبەکاری خۆی هەستاوە، باسی جەنابی وەزیری شارەوانیت کرد خۆزگە ئەویش ئامادە بووایە لێرەدا تا بتوانین هەندێ قسەی لەگەڵدا بکەین، بەڵام بەداخەوە کەلێرە ئامادە نیە، ناتوانین قسە بکەین تەنها ئەوەندە ئەڵێم خۆزگە شانبەشانی دکتۆر زریان ببوایە لەو نەخۆشیەدا، چونکە زیاتری ئەو نەخۆشیە پەیوەندی بەوەوە هەیەو، ئێستا جەنابی دکتۆر زریان وتی پەیوەندی بەمەسەلەی ئاوەوە هەیە، باسی ئەوەی کرد کەلەزۆری موختەبەرەکان لەچەند شوێنێك پیسایی ئینسان لەگەڵ ئاو تێکەڵاو بووە، نەتیجەی ئەوەیە کە لەشاری سلێمانی بەپێی ئەو مەعلوماتەی کە هەمە 10 هەزار بیر تا ئێستا لێدراوە بە مۆڵەت، ڕەنگە 10 هەزاری بێ مۆڵەتیش هەبێت، ئەوە نیشانەی نەبوونی ئاوە، پێویستە مەسەلەی ئاو چارەسەر بکرێت، چۆن ئەتوانین هەتا ئەو بیرانە چارەسەر نەکرێن وئاو نەگاتە خەڵکی سلێمانی، ئەو بیرانە لەبەر ئەوەی هیچ ڕەقابەیەکی لەسەر نیە، ئەو پەتایە بەردەوام ئەبێت وئەو ساڵ وساڵێکی تریش هەموو ڕۆژێك ئەبێ چاوەڕوانی ئەو نەخۆشیە بکەین، بۆیە بەڕاستی پێویستە بەزووترین کات شەبەکەی ئاوی سلێمانی، کە ئێستا شەبەکەی یەکەمی چارەسەر بکرێت، دووەمینیش: شەبەکەی دووەمی کەئێستا لەبەرنامە دایە بەزوویی چارەسەر بکرێت و تەعمیری شەبەکەی کۆنیش بکرێت، چونکە تەصمیمی ئەساسی ئاوی سلێمانی کە هەیە بۆ 25 تا 30 هەزار کەس ئەبوو ئێستا نزیکە 700 تا 800 هەزار کەس لەو شارەدا ئەژێت، ئەو شەبەکە کۆنەیە ناتوانێ تەغتیەی هەموو شاری سلێمانی بکات، بۆیە پێویستە بەزووترین کات پلانێك لەوەزارەتی شارەوانی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانین تەغتیەی ئاوی شاری سلێمانی بکات وهەمووی بتوانێ لەئاوی شاری سلێمانی بخوات، من پشتگیری لەهەردوو ڕاپۆرتەکە ئەکەم، بەتایبەتی کە دەڵێت لە هاویناندا لە 36٪ی ئاو بەشی سلێمانی ئەکات ولەزستانانیشدا لە 46٪ بۆ ئەو هەموو خەڵکە زۆرە بەڕاستی ئەو ئاوە زۆرکەمەو داواکارم کە وەزارەتی شارەوانی پلانی خۆی دابڕێژێت بۆ دابینکردنی ئاو لەشاری سلێمانی وپرسیارێکی تریشم هەیە، ئایا

وەزارەتی شارەوانی تا چەند دڵنیایە لەپاکی سەرچاوەکانی ئاوی سلێمانی و هەولێر کە ئێستا نەخۆشیەکە هەردوو شاری گرتۆتەوە، دوو: ئەگەر بڵاوبوونەوەی پەتای کۆلێرا پەیوەندی بەئاوەوە هەیە وەزارەت لەم قۆناغەدا چ نەخشەو پلانێکی هەیە، پێشنیاریش ئەکەم بەچاکردنەوەو چاککردنی ئاوی سلێمانی وە پێشنیار ئەکەم بەدروست کردنی شەبەکەی ئاو بۆ ئەو 35 گەڕەکەی کەلە شاری سلێمانیدا هەیەو ئێستا بێ ئاوون وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس دوو کەس زۆر ئیلحاح ئەکەن کەقسە بکەن فەقەت ئەوانەی کەراپۆرتیان نووسیوە، کاک فرسەت باشەرحی بکات، چونکە ئەو جەلسەیە جەلسەی چیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دانیشتنە بەڕاستی دانیشتنی پرسیارەکان نیە تا تەوجیهی وەزیرەکان بکرێت، راپۆرتێك 13 ئەندام ئامادەیان کردووە موناقەشەی ئەو ڕاپۆرتەیە، مەفروزە ئەوی موناقەشە بکات ئەوانە بن ئەوەی بەشدار بووە لەراپۆرتەکە، لیژنەی تەندروستیش راپۆرتێکیان دروستکردووە، دیسان ئەوانیش حەقیان هەیە، ئەما موناقەشەکە لەسەر مەوزوعێك بەشدار نەبوونە تێیدا برادەران ئەوانەی حەز بکەن موناقەشەی مەوزوعێکی تر، بابەتێکی تر بکەن حەقیان هەیە بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ راپۆرتێك لەسەر بابەتێك دروست بکەن داوا بکەن وەزیری پەیوەندیدار بێت حاز بێت، ئەگەر جەلسەی پرسیارەکان بێت ئەوە شێوەیەکی تر وەرئەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك غەفور نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رێزم بۆ قسەکانی ئێوە، بەڵام هەندێك حاڵەت هەیە، پێی ئەڵێن پێشهات ئەوە ئەبێت پێش لەو گرفتانە بگرین کە دێنە پێشەوە، مەسەلەن من ئێستاکە پێشنیارێکم هەیە دەمێکە دەستم بڵند کردووە، بەڵام مەجال نادەن، هەر ئەو 13 کەسە بێت ئێستا ئەو حاڵەتەی سلێمانی روویداوە ئێمە بەدوای چارەسەردا ئەگەڕێین بەڵام شوێنی تر هەیە خەریکە لێی رووئەدات بۆ نموونە مەنتیقەی مەخمور، مەنتقەی گوێڕ بەڕاستی لەوێ کارەساتە، بنکەی تەندروستیان نیە، هیچ پێداویستیەکی تەندروستی لێ نیە، ئاوی خواردنەوەی زۆر زۆرناپاکە، یەعنی لەسەر هاتنە پێشی نەخۆشی کۆلێرا لەوێش دروست بێت، ئێمە لەهەندێ شوێنی تری کوردستان لەوانەیە لەوێ وا هەبێت، لێرەش کەئێمە نوێنەری خەڵکی ناوچەکانی ترین ئەبێ ئێمە هەوڵبدەین ئەو شوێنانەش بخەینە بەرنامەی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتە

پەیوەندیدارەکان بۆ ئەوەی چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە بەڕاستی من لێرەوە داوا لەبەڕێز وەزیری تەندروستی ئەکەم خەم لەمەخموریش بخۆن پێداویستی تەندروستی بەمخموریش بگەیەنن، بەگوێرِ بگەیەنن لەبەر ئەوەی هەم ئاوی گوێرِ وهەم ئاوی مەخموریش زۆر زۆر پیسە بەکەڵکی خواردنەوەش نایەت، نەخۆشیەکەش لەسەرەتای دروست بوونیدایە لەو شوێنانەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نەبوو بەناوی نوقتەی نیزامی باسی مەخمورت کرد، لەبەر ئەوەی مەخمور بوو بۆیە من قسەم نەکرد، ئەگەر نەبوایە دەبوایە زوو پێم بووتیتایە کەوا نوقتەی نیزامی نیە، بەس حەقی مەخمور بوو ئەو قسانەی بۆ بکەی و گوێیان لێ بوو وەزیرە بەڕێزەکان، کاک جوتیار قسەت ئەدەمێ، بەڵام ئومێدەوارم قسەکانت لەو وەختەی کەلەدەرەوە بوویت نەکرابێ، فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان ئەکەم، زۆر سوپاسی وەزارەتی تەندروستیش ئەکەین کە لەکاتی روودانی نەخۆشیەکەدا ئەوان بەپێی پێویست دەستبەکار بوون وچی مومکین بوو کردیان، بەڵام من داوا ئەکەم حەقە داودەرمانی پێویستیان هەبێت ئەگەر لەبەغداوە یان (W.H.O) دەرمانی نەناردایە رەنگە یەك لەدەرمان وئەوانە بکەوتایە، بەپێی قسەکانی بەڕێزان وەزیرەکان وئەو لێدوانانەی کەپێشتریش خۆیان داویانە ئەو نەخۆشیانە ونەخۆشی تریش چاوەڕوان دەکرێن و رەنگە نەخۆشی تریش هەبێت، دیارە باسی گەنجینەکان کرا گەنجینەکانمان بینی پێشتر گەنجینەکان بەو نەوعە بوون، خواردنی بەسەرچوو وخواردنی ئێکسپایەرو ئەو بابەتانە هەبوون، ژینگەی کوردستان پیس بوو، کوردستان پیس بوو ئەوانە تەوەقوعاتی ئەوەی لێ ئەکرا، کە نەخۆشی لێ دروست بێت، بەپێی لێدوانەکانی وەزارەتی ژینگەو تەندروستی ودەرامەتە ئاویەکان ئەڵێن ئاوو خاك وهەوای هەرێمی کوردستان پیس بوون وئەگەر فریا نەکەوین لە چەند ساڵی ئایندەدا یەك کۆمەڵ کارەساتی ژینگەیی وتوشی نەخۆشی زۆر مەترسیدار ببینەوە، بەڕێز کاك تەحسین قادر وەزیری دەرامەتە ئاویەکان لە ژمارە (59)ی 9/13 رۆژنامەی رۆژنامەدا رایگەیاندووە دەڵێت لەگەڵ دەستبەکار بوونی وەزارەتەکەماندا وەزارەتی تەندروستی وکشتوکاڵ وکارەبا وشارەوانی و ژینگەمان ئاگادارمان کردۆتەوە کەئەجندایەکی هاوبەشمان هەبێت بۆ ئەوەی بتوانین پێداویستیەکانی خەڵك چارەسەر بکەین وبەگژ ئەو کەموکوڕیانەدا بچین کە رووبەڕووی خەڵك ئەبێتەوە، تاوەکو ئێستا هیچ هەنگاوێك نەنراوە من دەڵێم ئەگەر هەنگاوێك بنرایە و بەرنامەیەکی هاوبەش و پلانێکی هاوبەش هەبووایە، رەنگە ئەو نەخۆشیەی کە ئێستا هەیە وئەو مەترسیانەی کە لەئایندەشدا رەنگە دروست بێت و تەوەقوع ئەکرێت دروست بێت، رەنگە دروست نەبووایە، بۆیە من لەڕاستیدا داوا ئەکەم ئەو پلانە هاوبەشە لەبەینی وەزارەتە مەعنیەکان کەتایبەتە بەو نەخۆشیانە پلانی هاوبەش هەبێت و هەریەك لەئاستی خۆی

خەريك نەبێت وپلانێكی هاوبەش وهەماهەنگيان هەبێت، چونكە بەڕاستی هەموويان قسەيان لەسەر ئەوە كرد، كە پێويستە كاری جدی وهەنگاوی عەمەلی بنێين، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بۆ ئەوەی هەندێجار تۆزێ مەركەزييەت بەكار نەهێنين زەحمەتە من بەينی رەئی كاك فرسەت كە رەئێكی قانونيەو نيزاميشە، بەينی رەئی ئێوە كە حەقتانە لە هەمواركردنی پەيڕەوی ناوخۆ باسی بكەين دوو كەس ماون لەليژنەكەی سلێمانی كە ناويان نووسيوە وئيمزايان كردووە، لە 13 كەسەكە قسە بكەن ئەوان قسە ئەكەن دوايش دەسەڵاتی خۆم بەكار ئەهێنم دوو، سێ كەس رەێيان ئەدەمێ ئەويش هەريەكەو مەهانەی خۆيان هەيە، دكتۆر نوری لەبەر ئەوەی خەڵكی كەركووكە قسەی ئەدەمێ، كاك محمد فرج، لەبەر ئەوەی لێپرسراوی ليژنەی مافی مرۆڤە ئەويش قسەی ئەدەمێ، قسە ئەدەم بەئێزيديەكيش لەكاتی خۆيدا، كاك شێروانيش هاوار ئەكات لەبەر ئەوەی هەولێرە، كاك زاناش لەبەر ئەوەی كوتلەيەكە و تەعبير لەكوتلەيەك ئەكاتەوە، كاك بكر فەرموو.

**بەڕێز بكر فتاح حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من قسەكانم زۆر نيە، قسەكانی منيان كرد، بەس ئەوەندە ئەڵێم ئەدائی حكومەت لە مواجەهە كردنی ئەو موشكيلەيەدا لەو كێشە گەورەدا لەو پەتايەدا زۆر باش بووەو هەمووشيان دەستخۆشيان لێكردووە، بەڵام ئەوە كافی نيە لە مواجەهەكردنيدا، چونكە كاك دكتۆر زريانيش باسيكرد، كە ئەم مەسەلەيە لەپێشەوە مەسەلەيەكی ويقائيە، صحەی ويقائی بەرپرسە، ئەو پەتايە جارێكی تريش سەر هەڵئەداتەوە، باسی ئەوەشی كرد ئەڵێ ئێمە كەواديری صەحەی ويقائيمان نيە، چارەسەرێ بۆ ئەوە بدۆزنەوە چۆن چارەسەرێك بۆ ئەوە ئەدۆزنەوە چونكە ئەمە ساڵێكی تريش روو ئەداتەوەو دوو ساڵی تريش رووئەياتەوە، ئێمە ئەبوو بير لەوەبكەينەوە چۆن جارێكی تر نەهێڵين ئەو موشكيلەيە رووبداتەوە، من پێم وايە لەكارگوزارێكەوە تا سەرۆكی حكومەت ئەدائيان زۆر باش بووە، لە مواجەهە كردنيدا، بەڵام جۆن وابكەين جارێكی تر روو نەداتەوە، ئەوە نوقتەيەكی ئەساسيە بەلای منەوە، مەسەلەی ئاو موشكيلەيەكی ئەساسيە لێرەدا، ديارە باسی وەزير ئەكەن دووبارە قسەكانی بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان دووبارە ئەكەمەوە ئەوە نيە كەئەڵێين وەزارەت هەمووی مەسئولە، لە وەزيرەوە تا هەمووی مەسئوولە نوقتەيەكی تر ئەوەيە تەقصير لەچيدايە يەعنی ئێمە هەر نابێ بڵێين دەستخۆشی ئەكەين لە فلان كەس، باشە ئەوەی كەتەقصيری هەيە، چۆن تەكريم ئەكەی؟ چۆن دەستخۆشی لێ ئەكەيت؟ ئەوەی كەتەقصيريشی هەبوو سزای بدەين، ئێمە ئەبێ بەرنامەيەكمان هەبێت بۆ ئەوە مەسەلەی چارەسەركردنی شەبەكەی ئاو لە سلێمانی شەبەكەكەی كۆنە لەبەر ئەوە ئەبێ چارەسەری بكەين، رەنگە بڵێن ئێستا وەزارەتەكانی پێشوو دووئيدارەو ئەوانە، بەڵام ئێمە بەرنامەجمان چيە بۆ موستەقبەل چارەسەری ئەوە بكەين دوای ئەوەی هاتينەوە جارێكی تر باسمان كردەوە ئەبێ موقەسرين سزا بدرێت، ئەگەر سزا نەدرێت، جارێكی تر رووبەڕووی ئەو موشكيلانە

ئەبینەوە، جامن زیاتر لەسەری ناڕۆم، بەڵام یەك پرسیارم لە دكتۆرە نعیمە قصیر هەیە نازانم یان لە دكتۆر زریانی ئەكەم بزانم ئەوان چیان كردووە، وەكو رێكخراوی تەندروستی جیهانی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو میوانە لێرەدا حەقی ئەوەمان نیە پرسیاری لێ بكەین، ئەو رەئی خۆیدا، كاك عومەر ئاخر كەس لە ئەندامانی نووسینگەی سلێمانی فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من نامەوێت زۆر باس لە كوشندەیی ئەو پەتایە بكەم، چونكە برادەران زۆریان باس لەسەری كردو جەنابی وەزیریش تەوزیحی باشی داو لیژنەی تەندروستیش ئەوانیش جەختیان زۆر لەسەر كردەوە، بەڵام بەتەئكید هەڵوێستە لەسەر راپۆرتەكەی نووسینگەی سلێمانی ئەكەم كە پێم وایە چارەسەری یەكەمی مەسەلەی ئاوە، خۆی لەئەساسدا ئەوانەی كەوا لەوبوارەدا شارەزان ئەو میكرۆبە هێندە زەعیفە بە ئاوی پاك وهەندێ ئاوی باش ئەڕوات، خەڵكی ئەگەر ئاوی پاكی نەبێت بەتەئكید ئەو میكرۆبە بەردەوام ئەمێنێتەوە لەناوماندا، لەبەر ئەوە هێنانی هێڵی دووەمی ئاوی دوكان و گۆڕینی شەبەكەكانی ئاوی ناو شاری سلێمانی پێم وایە ئەوە لەوانەیە لە 70٪ تا لە 80٪ی ئەو دەردە چارەسەر بكات، من ئەمەوێت لێرەوە گفتوگۆیەك لەگەڵ جەنابی وەزیری بازرگانی ووەزیری ژینگە بكەم، بەنیسبەت وەزیری ژینگەوە پێم وایە وەزارەتی ژینگە زۆر ئەركێكی سەرەكی لەسەر شانە كە جەخت لەسەر ئەوە بكاتەوە مەسەلەی ئەو خۆڵ وخاشاك وپاشەرۆكانەی كە فڕێ ئەدرێتە دەورووبەری شارەكان یاخود ئەخرێتە ئاوەوە، وەكو بەمەسەلێك ئەیگێڕنەوە لەلای خۆمان هەر شتێكی پیسی هەبێت ئەڵێ برۆ بیخەرە ئاوەكەی دوكانەوە، بەتەئكید ئەوە بەخراپەو بەنەخۆشی ئەگەڕێتەوە، پێویستە وەزارەتی ژینگە كارێكی عیلمیانە بۆ ئەو كێشەیە دابنێت، جا بەسووتانی بێت یاخود بەگەڕانەوەی تەصنیع كردنی ئەو پاشەرۆكانە بێ بۆ شتی تر، هەروەها گێلاس خان باسێكی لەسەر دووكەڵی ئەو كارگەی چیمەنتۆیە كرد، فیعلەن نەك هەر ئەوەی تاسلۆجە، بەڵكو ئەوەی سەرچناریش كە لەئەساسدا خۆی هەر باوی نەماوە ئەو كارگەیەو مەفروزە هەر دەمێكە هەڵبگیرێت، بۆتە بۆن وبەرامەیەكی زۆر ناخۆش و بڵاوكردنەوەی نەخۆشی لە شاری سلێمانی، بەتایبەتی لەسەرچنار كە ئێستا شوێنێكی سیاحیەو بووەتە گەڕەكێك لەسلێمانی، بەنیسبەت وەزیری بازرگانی من پێم وایە جەنابی وەزیری بازرگانی باسی لەسەیتەرەو تەفتیشی نەوعی كرد، كە ئەمە شتێكە لە هەموو جیهاندا هەیە بۆ ئەوەی كە فەحصی ئەو مەوادانەی كە دێنە ناو ئەو وڵاتەوە بەتایبەت هەرێمی كوردستان بكرێت، ئێمە زۆربەی ئەو مەوادە غەزاییانەی كە بۆمان دێت، لە ئێرانەوە دێت بەئیعتیباری ئەوەی كە دراوسێیەو زۆر نزیكە لێوەی ئایا وەزارەتی بازرگانی بەتەنها تەئكید لەسەر ئەو تەئریخی ئینتاج وئینتیهائە ئەكەن كەلەسەر پاكەتەكە یان لەسەر قتوەكە یان مەوادەكە نووسراوە، یاخود عەیینە وەرئەگرن وفەحصی ئەكەن خۆ شەرت نیە ئەو میكرۆبی كۆلێرایە هەر بەهۆی ئاوەوە بڵاوببێتەوە،

موحتەمەلە لەڕێگەی شتی تریشەوە داخڵ بێت، ئایا وەزارەتی بازرگانی ئەوکەسانەی کە سەرپێچی ئەکەن ئیکتیفا ئەکەن بەتەنها بەلیژنەکانیان کە جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێدا، یان لیژنەی گەڕان وچاودێری بازرگانیان هەیە یاخود تەنها بەداخستنی دووکانەکانیان یاخود پەنا ئەبەنە بەرقانونی تەنزیمی تیجارە کە لایەزال ئیشی پێ ئەکرێت، بۆ ئەوەی کەو کەسانەی کە سەرپێچی ئەکەن چ لەنەوعیەتی ئەو خواردەمەنیانەی کە هەیە یاخود لەئەسعارەکاندا یاخود لەهەڵگرتنی ئەو مەوادی غەزائیانە، ئایا ئەمان بەس تەنها لیژنەکانیان فەقەت دوکانەکە دائەخەن یاخود پەنا ئەبەنە بەر قانونی تەنزیمی تیجارە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیری تەندروستی لەقسەکانیدا ئاماژەی کرد هەندێ هاوکاری کردنی شاری کەرکووك بکرێ، ئەو شارەی کەوا وەکو کورد ئەڵێ لەهەردوو جەژن بووە، نە حکومەتی هەرێمی کوردستان ونەحکومەتی عێراق بەهیچ شێوەیەك ئاوڕی لێ ناداتەوەو شەو ورۆژیش ئێمە باسی جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری عێراقی فیدراڵ ئەکەین، ئێستا لەڕاستیدا ئێمە هیچ زانیارییەکمان لەبەردەستدا نیە سەبارەت بەبڵاوبوونەوەی ئەو پەتایە لەوشارەدا، لەو شارە بێخاوەنەدا، ئەرکی ئێمە چیە بەرامبەر بەوەی کەوا هاوکاری خەڵکی ئەوشارە بکەین، بەتایبەتی بەهەزارەها ئاوارەی تێدایە ماوەی پتر لە 4 ساڵە بێ خاوەن لەوێ ئەسوڕێنەوە، بێ ئەوەی کەوا کەسێك هاوکارییان بکات، داواکاریم ئەوەیە کەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بەهەمموو شێوەیەك خۆیان بکەن بەخاوەنی ئەو شارە، چونکە بەشێك بووە لەهەرێمی کوردستان و ئێمەش ئەبێت لەم رۆژە ڕەشەدا هاوکاری بکەین، زۆر سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاست دەکەین، بەس کاك دکتۆر نوری ناکرێت قسەکانت هەروا بڕوات وئیتیهامەکەت تەسبیت بکە، حکومەتی هەرێم بەپێی ئیمکانیەت ئەوەندەی ئاگادارم و سەرکردایەتی سیاسی حزبەکانیش ئیهتیمامێکی زۆریان داوە بەشاری کەرکووك و ئەیدەن، ئەگەر کەمتەرخەمییەك هەبێت، لەبەر ئەوەیە کەتاکو ئێستا کەرکووك نەگەڕاوەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ماددەی 140 جێبەجێ نەکراوە، ئەگینا هەموومان خۆمان بەکەرکووکی ئەزانین، تا ئەو رۆژەی کەرکووك ئەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، هەرکەسێکیش درێغی بکات لەپشتگیری کردنی خەڵکی کەرکووك و هاوکاری کردنییان، من پێم وایە درێغیە لە وەتەنیەت ودرێغیە لە خودی شارەکەی خۆشی، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان ئەکەم، زۆر زۆر بەخێربێن سەرچاوان، دەستخۆشی لەبەڕێز وەزیری تەندروستی ئەکەم، کەڕاستەوخۆ ومەیدانی لە ناوچەکاندا ئامادە بووە، بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو نەخۆشیە کوشندەیە بکات، لەهەمان کاتیشدا دەستخۆشی لەهەموو دکتۆر وکارمەندانی وەزارەتی تەندروستی ئەکەم، کە دەستێکی بالآیان هەبووە بۆ چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشیە، ئەوەی کەمن دەمەوێت بیلێم بەحەقیقەت دوو نوقتەیە یەکێکیان: تەوزیحێکم ئەوێت لەبەڕێز وەزیری تەندروستی، جاران کەئەو نەخۆشیە بلآو دەبووەوە تەڵقیحات ئەکرا، ئێستا بۆ تەڵقیحات ناکرێت؟ ئەمە یەك، هی دووەمینیش: بەحەقیقەت بەنیسبەت وەزیری بازرگانیەوە کە جەنابی ئیشارەتی پێدا، دەڵێ ئەو مەوادە ئێکسپایەرەی دەگاتە سنوورەکان ماوەی کەمی ماوە، ماوەی دەدەنێ بۆ ئەوەی داخڵ بێت بۆ ئەوەی فەترەی ئێکسپایەرەکەی لەناو هەرێمی کوردستان تەواو بکات، ئایا ئیمکان نیە ئەو مادانە کە ئێکسپایەری دوو مانگی مابێ داخڵی نەکەن، یان مانگێکی مابێ داخڵی نەکەن، ئەوە یەك، دووەمین نوقتە، بەڕێز جەنابی وەزیری بازرگانی باسی موعانات وباسی پێشنیاری خۆی ئەکرد، لێرە ئەو موعاناتەی کە ئەو دەیکات مومکن نیە ئەو پێشنیارە لەئەنجومەنی وەزیران بکات، بۆ ئەوەی چارەسەری بکرێت، خاڵێکی تریشم هەیە کەئەمەوێت باسی بکەم بەڕاستی لێرە نوێنەری گەلی کوردستان هەر ئەندامێکی پەرلەمانە و هەرئەندامێك نوێنەری هەموو شارەکانی کوردستانە، چ لەسلێمانی بێت چ لە هەولێر بێت چ لەدهۆك بێت چ لە کەرکووك بێت، بۆیە حەق نیە مەسەلەن یەکێك لەسلێمانی دابنیشێت بلێت من نوێنەری خەڵکی سلێمانیم، یان نوێنەری هەولێرم، ئەندامی پەرلەمان نوێنەری گەلی کوردستانە، لە سلێمانی شتێك ببێت ئەبێ هەموو ئەندامێك بەجواب بێت، لەدهۆك شتێك بێت هەر ئەندامێك بەجواب بێت، بەهەمان شێوە لە هەموو شوێنێك، دوو: ئەو ڕاپۆرتەی کەتەقدیم کرایە راستە 13 کەس تەقدیمیان کردووە و لیژنەی تەندروستیش، بەڵام مەعنای ئەوە نیە لە راپۆرتەکە ئەندامی پەرلەمان حەقی نیە دوو قسەی لێ بکات، ئەوە پرسیار ووەڵام نیە، لە پرسیارو وەڵام راستە ئەوەی پرسیاری کردووە جوابەکەی وەر دەگرێتەوە، حەقی موتابەعەشی هەیە بەڕاستی، بەڵام لێرە باسی حاڵەتێکی عام، زاهیرەیەکی عام، نەخۆشیەکی عام کە هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە، دەکرێت ئەندامی پەرلەمانیش مافێکی سروشتی خۆیەتی کە موداخەلە بکات ورەئی خۆی بەیان بکات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك شێروان، بەڵام تەبعەن خاڵێکت راستەو خاڵێکیش پێویستی بەتەوزیح هەیە، خاڵەکەی کەڕاستە ئەوەیە کە هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئەندامی هەموو خەڵکی کوردستانن، تایبەتمەندیشی هەیە دەتوانێت زیاتر نوێنەرایەتی ناوچەکەی خۆی بکات، کێشەکانی بهێنێتە ئێرە، بەڵام بەتەنها نوێنەری ئەوێ نیە، ئەوە راستە خاڵەکەی ترت ئەویش راستە، بەڵام بەتەوزیحێك هەموو ئەندامێکی پەرلەمان بۆی هەیە

پرسيار بكات، بەڵام سەرۆكايەتيش دەبێ تەنزيمى جەلسە بكات، پەنجا كەس بيەوێت قسە بكات، ئێمە بەچوار سەعاتيش تەواوى ناكەين، بۆيە بۆتەنزيمى جەلسەكە كە دەستت پێكرد ئەبێ ڕێگا بدەيت بەو كەسانەى كەڕاپۆرتەكەيان نووسيوە، ئەگەر وەخت زياد بوو ئێستا بڕێك وەختمان پەيداكرد دامانە ئەو كەسانەى كە پێويستن، ئەگەر زياتر بوايە دەماندايە هەمووتان، ئەگەرنا قسەكە هەموو ئەنداميك بۆى هەيە، بەس بۆ زەبتى جەلسەكە دەبێ بگەڕێينەوە بۆ سەر پرەنسيپەكان، كاك زانا.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

وەڵلاهى من داواى يەك دەقەم كرد، بەڵام جەنابت بەيەك خاڵ تێگەشتى بەهەرحاڵ پێشنيارێكم هەيە بۆ بەڕێز وەزيرى بازرگانى ئەويش بۆ پاراستنى هاووڵاتيانى كوردستان كەچيتر نەبنە تاقيگە بۆ هەموو جۆرە خواردن وخواردنەوەيەك، لەسەريان ئيش بكرێت بۆ دروستكردنى جمعيەيەك بەناوى جمعيە حيمايە المستهلك، كۆمەڵەى پاراستنى بەكاربەر، كەلەزۆربەى وڵاتانى دونيادا هەيە، ئەو جمعيە ئيشێكى زۆر زۆر گرنگ ئەكات، هاوكارێكى زۆر باشى حكومەت ووەزارەتى بازرگانى ئەبێت بۆ ئەوەى لەرووى كواليێتيەوە، لەرووى تەسعيرەوە، لە رووى تەفتيشەوە، لەرووى رەقابەوە ئەو خواردن وخواردنەوانەى كەدێنە كوردستان بەكاردەبرێت ودێت ئيشى لەسەر بكرێت، جا نازانم ئەوە چۆنەو ئاليەتەكە چۆنە بەڕێز وەزيرى بازرگانى ئەتوانێ خەمى لێبخوات، لەبارەى وەزارەتى ژينگە، من وەكو ئەندامى ليژنەى ياسايى نەمزانيوە ياساى پاراستنى ژينگە هاتبێت بۆلامان، بەڵام دەزانم لەمێژە لە ئەنجومەنى وەزيران تەئخير بووە، پێويستە زوو پەلەى لێبكەن و لەحكومەتەوە بۆمان بێت، وەزيرى شارەوانيش لێرە نيە، بابمێنێت بۆ كاتى هاتنى و،زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

سوپاس كاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

وەڵلا من ئەمەوێت لەوێوە دەست پێبكەم، يەعنى پێشتر ئەمنى قەومى مەسەلەيەكى زۆر گرنگ بوو بەكار ئەهێنرا بۆ پاراستنى كيانەكان، لە ناوەڕاستى سەدەى بيستەمدا ئەمنى خۆراك من پێم وايە ئێمە وەكو پێويست گرنگيمان بەمە نەداوە، هەتا ئەمنى ئاويش هاتە سەرى، كە زۆر گرنگە ئەم شتانە وەكو پێويست قسەى لەسەر بكرێت، خاڵێكى تر بەڕاستى سوپاسى ڕاگەياندن بكەين ئەوان توانييان ئەم مەسەلەيە بخەنە بەردەم وببێتە فشارێك بۆ ئەوەى لايەنە پەيوەنديدارەكان وەكو پێويست بچن بەدەمييەوە، كە ئەمە ئەوە ئەگەيەنێت لەمەودوا ڕاگەياندن ئەتوانێت هۆكارێكى باش بێت، بۆ ئەوەى خێراتر چارەسەرەكان خێراتر بكات، كەتوانى دەورێكى باش ببينێت ئەو دەزگايانەى كەپەيوەنديدار بوون باش بچن بەدەستەوە، نەبوونى پزيشكى چاودێر يان ويقائى هەيە، من پێم وايە وەزارەتى تەندروستى لەگەڵ وەزارەتى تەعليمى عاليدا

هاوكارييەك بكات بۆ ئەوەی ئەوە بخاتە بەرنامەوە، يەعنی لەمەودوا لە خوێندنی باڵادا گرنگیەكی تەواو بەو بوارە بدرێت، ئەم پرسیارەم تەوجیهی وەزیری تەندروستی ئەكەم، يەعنی پێم وایە ئەركی ئەساسی ئەكەوێتە سەرشانی ئەو، نەخۆشی وەرزی هەیە يەعنی ئایا بەرنامەی وەرزی هەیە، چۆن نازانێت هاوینان سكچوون ونازانم چی ئەوانە هەیە؟، ئەوەندە زۆرە هەر بەسروشت لەهەموو دونیادا هەیە، دەبوو ئەو پێشتر خۆی بۆ ئامادە بكردایە بۆ ئەمە، هیوادارم ئەگەر ئەوە نەبووە بۆ زستان خۆی ئامادە بكات نەهێڵێت دەردێكی تر بگاتە لامان، شارەوانی خۆزگە لێرەبوایە كاتێ كەناتوانێ خزمەت گوزاری ئاوو ئاوەڕۆ بۆ شوێنەكان دابین بكات، ئەم هەموو ئەرزە چیە تەوزیعی كردووە؟ ئەم هەموو يەكەی نیشتەجێ بوونە دونیای گرتۆتەوە، ئەی بۆچی ناتوانی يەكەی خزمەتگوزارییان بۆ بكەی؟ بۆچی ئەوەی تر ئەكەيت، سەرچاوەی گرفتەكە ئەوەیە كە دروستی كردووە، خاڵێكی ترم وەزارەتی بازرگانی حەزم لێیە نوكتەیەكی خۆش بگێڕمەوە لێرەدا يەعنی ئەم گەنجینانە هەم ئەویش ئیقراری كردووە هەم هەموو ئیقراریان كردووە كە پیسە، يەعنی ئێستا ئەڵێین بەجەرگین كە نەمردووین ئەم شتانەمان ئەدەنێ لەم شوێنانە ئەڵێن لەيەكێك لەم ڕێگایانە لە كەبابخانە وتوویانە ئەوە گۆشتی كەر سەر ئەبڕێت، كابرەیەكی لێ بووە وتوویەتی وەڵاهی ئەگەر وابێ من كەرو جاشێكم خواردووە تا ئێستا، يەعنی ئێمە چۆن نەمردووین ئەم هەموو شتە پیسەمان خواردووە لەم شوێنانە، ئایا وەزارەت ناتوانێ ئەو شوێنانە چاك بكات؟ خۆ ئێمە ناڵێین شتی ستاندار بێنێت، ئەی ناتوانێت پاكی بكاتەوە، حەملەیەك كاكە ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی جاڕێك بدات، من پێم وایە ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی هەموو ئامادەكارییەكیان تێدایە بۆ پاككردنەوەی ئەو گەنجیینانە، كە تكا ئەكەم ئەوە ژیانی ئەم خەڵكەی لەسەرە، ئەگەر پیرەكانی نەكوشتووە، منداڵەكان یەكسەر ئەكوژێت، يەعنی ئەگەر خەفەتی ئێمە ناخۆن هی نەوەكانمان بخۆن، ئەوەی كەئەڵێن ئەم بازرگانانە مەسەلەن رسوومات دێت يەعنی مەسەلەن شت ئەهێنن لەسەیتەرەی نەوعی من تەئكیدتان ئەدەمێ لەو بازرگانانەم بیستووە لەسەیتەرەی نەوعی ئەڵێن تۆ سی هەزاری خۆت بدەو حەقت نەبێ، ئیتر هەر مەوادێك ئەهێنی تەواو ماشیە، موهیم ئەوەیە ئەو سەیتەرەی نەوعیە پارەكە وەربگرێت، بەرتیلەكە وەربگرێت دڵنیاتان ئەكەمەوە ئەو خۆراكەی كە يەتە كوردستان لە بەغداوە هەمووی ئاوایە سی هەزار دیناری خۆی تەسلیم ئەكات و هەرچی ئەهێنێت هیچ نیە، ئێوە موحاسەبەی خەڵك ئەكەن لەسەر ئەوەی شتێكی خراپ ئەفرۆشێت خێرا دوكانەكەی دائەخەن، ئەی وەزارەت ئەم شتانەی هەیە گەنجینەی ئاو پیسە گەنجینەی خۆراك پیسە محاسەبەی كێ بكەن لە كێ بپرسنەوە، ئێوە ئایا حكومەتی هەرێم، وەزارەتی تەندروستی ئەتوانێ وەڵامم بداتەوە چ میزانیەیەكی دابین كرد بۆ ئەم حاڵەتە ناكاوە هەر پرسیارێكی تریش بۆ ئەو كە صحەی جیهانی لێی بەرپرسە چ كۆمەكێكی كوردستانیان كردووە، چ لەرووی مادییەوە چ لە رووی كادیرەوە كە لە هەموو دونیادا حاڵەتێكی وا دروست ئەبێت لە رووی كادیرەوە، لە رووی ئیمكانیەتەوە یارمەتیەكی باش تەقدیم ئەكەم وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس پشتگیری لەقسەکانت ئەکەم بەتایبەتی ئەوەی کەعیلاقەی بەوەزارەتی بازرگانیەوە هەبوو، خاتوو مریەم فەرموو.

**بەڕێز مریم حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنێ میڤانێ خۆدکەین بەڕێز وەزیران، پرسیارا من بۆ بەڕێز وەزیرا تەندروستیە باوەڕکا من ئێستا نامەیەکم ڤەرێ کریە، من شاند بوو گۆڕا وێ، ئەو ئێشا زگچوون و ڤەڕەشیان، ئەم مەنتیقا شێخان و دەوروبەرا شێخان زا بوون، ئەڤە دوو رۆژا، بەنا موختەرێ، موختەر بچتە ئیجابێ، جا ئەز نزانم ژی پرسیارا کادیرا توبی کری، من شەڤێ دی ئیتصال گەل وان کر، گوتی هیچ عیلاج وی نییە، نە عیلاجێکێ بۆ ڤێ زگچوونە نینە، هیڤیدارین ئەم زێدەتر بێت، فە ئەز هێڤیدارم ژی جەنابی وەزیرێ، یەعنی ئەڤ تشتە لێ ئاگادار بێت و بە نزیکترین وەخت بۆ وان بشێت و بگاتە وان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك تەڵعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت محمد صاڵح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیرەکان ئەکەم، وەڵڵا پرسیارەکەم بۆ بەڕێز وەزیری تەندروستی ووەزیری ژینگەیە، بزانین ئەمڕۆ دەرگای قوتابخانەکان کراوەتەوە بە هەزار قوتابی روویان کردۆتە قوتابخانە و دەوام دەستی پێکرد، ئایا وەزارەتی پەروەردە وشیار کرایتەوە، بەنیسبەت تەنکی ئاوەکان چیان ئامادە کردیە، بەساڵان تەنکی ئاو خاوێن نەکراوەتەوە وەکو خۆی مایتەوە، دووەمین، ئاودەستی قوتابخانەکان سێیەم، حانوتی مەکتەبەکانیش ئەو خواردنانە بێت کەپێچراونەتەوەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کۆتایی بەناوەکان هات، بەڵام کاك بەڵێن دەڵێت نیو دەقەم بدەرێ تکایە پاشان وەزیرەکان جوابی پرسیارەکان بدەنەوە، فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز حمد عبداللە محمود( بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك پرسیارم لەبەڕێز وەزیری ژینگە هەیە، قسەکانی پێشتر زۆری کرا، بەڵام بەتایبەتی پشتگیری قسەکانی سۆزان خان ئەکەم بەڕاستی چەند ماوەیەك بەر لەئێستا تەلەفزیۆنی زاگرۆس بەرنامەیەکی پێشکەش کرد لە سەر  پیسیەتیانەی ناوشار کە سەیارەکان فرێی ئەدەنە دەرەوەی شار، بەدەیان ژن ومنداڵ و خەڵك بەدوایەوەیە خەریکی کۆکردنەوەی پاشماوەی خواردنە، یەعنی ئەوشتانەی کەلەناویدایەو بەکەڵك ماوە ئایا دوای ئەو بەرنامەیە وەزارەتی ژینگە چ ئیجرائاتێکی بەدوای ئەو بەرنامەیەدا کرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نیو دەقەکەت تەواو بوو کاك بەڵێن نیو دەقەش ئەدەم بەکاك جعفر نیو دەقەش کاك جمال ئیتر تەواو نیهایەتیەتی.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکی زۆرم نووسیوە بەس یەك دوو شتم هەیە من نازانم لەچ تەلەفزیۆنێك بوو شوکر تەلەفزیۆن زۆرە، راپۆرتێك هەبوو لەسەر زبڵەکان 10 تەن مریشکی خراپ بوو برا لەزبڵ خانەکە فڕێ بدرێت، خەڵکی کرێکار هێنایەوە بازاڕ فرۆشتیەوەو خەڵکیش لێیان خوارد، لە تەلەفزیۆن قسەی ئەکرد مەقسەدم جەنابی وەزیری سەحەیە یەعنی مەفروزە لیژنەی تەندروستی ئەوانە بسووتێنێ پێش فڕێدانی ئەوە زۆر موهیمە، دوو تەصفیەی ئاو، ئێمە بەتەماین ئاوی شارەکان تەصفیە بکەین وئیعادەی بکەینەوە چۆن ناتوانین ئاوی زێی دوکان یان دەریاچەی دەربەندیخان تەصفیە بکەین کە وەکو کاك بارزان وتی هەموو ئێرانی لەسەر دێتە خوارەوە، یەعنی مەسفیەکانیان خراپە لەلایەکی کە ئەو بیرانەی لەسلێمانی لێدراون 25 هەزار بیرە ئەو 25 هەزار بیرە 15 هەزار بیری خراپە، ئەوانیش لەو گەڕەکانەن کەئاویان نیە، ئەوە یەکێك لەموشکیلە گەورەکانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نیو دەقەکەت تەواو بوو زۆر سوپاس، کاك محمد حکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من بەپێی ئەوەی ماڵم لەو گەڕەکانەیە لەسلێمانی کەئاویان نیە، ئاوی بیرمان هەیە، بۆیە حەزم کرد قسە بکەم، یەکەم جار بەخێرهاتنی برایانی وەزیر ئەکەم، لە دانیشتنەکەی ئێمە دەستخۆشی زۆری تێدابوو ئیتر نازانم کێ کەمتەرخەمە، یەعنی باسی کەمتەر خەم نەکرا، نازانم ئەڵێن 70٪ی خەڵکی سلێمانی ئاوی بیر ئەخواتەوە یان ئاوی بەتەنکەر بۆ دێت، ئەو تەنکەرانە لەم دواییەدا کلۆریان تێ ئەکرێ ئەی بۆ تا ئێستا کلۆریان تێنەکراوە، لەشاری دەربەندیخان، دکتۆر حیکمەت ناوێك وتی شتێکم بڵاوکردۆتەوە لەسەر ئەوەی کەئەو ئاوەی بۆ خەڵکی دەربەندیخان ئەچێت تا ئێستا کلۆری تێ نەکراوە، خەریك بووە بیگرن ئیلقا قەبزیشی لەسەر دەچووبوو، خۆی 30٪ی خەڵکی سلێمانی ئاوی بۆ دێت ئەوانیش تووشی نەخۆشی نەفسی بوون لەبەر ئەوەی ئاوەکەیان چۆن بۆدێت، جارێك بەشەو، جارێك بەیانیان، جارێك نیوەڕوان، ئەوانیش کێشەیان هەیە، لە 70٪کەی تریش بەدوای تەنکەرەکانەوە ڕائەکەن، یەعنی ئەوە کێشەیەکە حەزەکەم بیزانن، من خۆم خەڵکی ئەو گەڕەکانەم، سایەق تەنکەرەکان منەت ئەکەن بەسەریاندا کاتێك ئاویان ئەدەنێ، ئەوە حەقیقەتێکی ترە، دووەم: من حەزم ئەکرد وەزیری پیلاندانان لێرەبوایە پلانی ئێمە ئەولەویەتی موهیم لەپرۆژەکانی حکومەتدا چیە، چەندین ملیۆن دینار سەرف ئەکرێت لەم جزرە وەسەتیەی تاسلۆجەو سلێمانیدا رۆژێك ئەیبڕن، رۆژێك پانی ئەکەن، رۆژێك پارەی لەسەر ئەدزن ئەوە

گرنگترە یان یەکێك لەو 35 گەڕەکە، بردنی ئاو بۆسەر ئەزمەڕ بۆ فەوارەکان کە چەندەها ملیۆن دیناری تێدا سەرفکراوە یان ئاو بۆیەکێك لەو گەڕەکانە ببەن، من دوو پرسیارم لەجەنابی وەزیری تەندروستی هەیە سوپاسیشی ئەکەم خۆی ماندوو ئەکات لەئیشەکەیدا، یەکەم: نەتائیجی موختەبەر تەناقوزاتی زۆری تێدایە، ئاوی بیرەکەی خۆمانم نارد بۆ خەستەخانەی شیرەکە ئەوەی چوارباخ کەفحص ئەکات، هەر بەدەمی جوابیان دابوویەوە وتبوویان عەیبی نیە بیخۆنەوە، هەر ئەو ئاوەم نارد بۆ سەنتەری توێژینەوەی زانستی ئەوەی دکتۆر پۆلا وتبووی کاکە هەر تەماشای مەکەن هەر تەماشای بکەن نەخۆش ئەکەون، یەعنی ئەوە دوو شتی زۆر موتەناقز پێم بەموختەبەرات چی بەئەجهیزەکاندا بچێتەوە کاك دکتۆر چ بەکارمەندەکاندا کە نادڵسۆزییەك لەکارکردندا هەیە لە دامودەزگاکانی حکومەتی ئێمەدا بەعام بەهەموومانەوە، دووەم ئەو دیعایەی کەبلاوکرایەوە کەگوایە نەخۆشیەکە لەڕێگای ئاوی کانزایی ئێرانی وتورکیەوە هاتبوو، هەر دیعایە بوو بۆ ئەوەی ئاوی خۆماڵی برادەرانی خۆمان سەرف بکرێت، یان حەقیقەتێکی تێدایە و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا دەقەیەك زیاتر قسەت کرد کاك محمد حکیم، بەڵام لەبەر ئەوەی زوو داواتکردبوو دەنگم لەگەڵ نەکردی خەمان خان فەرموو.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس پاش ئیعلانکردنی نەخۆشیەکە لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە بینیمان وەزیری تەندروستی کۆمەڵێك ئیجرائاتی کرد، ئەمە جێگای دەستخۆشیە بەڵام وەزیرەکانی تر بەتایبەتی ئەو دوو وەزیرە بەڕێزەی کە ئێستا لێرەن من لەکاتی قسەکردنی ئەوان من هیچم نەبینی و هەستم نەکرد کە هیچ ئیجرائاتێکی پێویستیان کردبێ، لە سنووری دەسەڵاتی خۆیان وەکو وەزیر وەکو وەزارەتەکەیان پرسیاری من ئەوەیە بۆ ئیجرائاتیان نەکردووە بەتایبەتی وەزیری ژینگە وتی من کۆمەڵێك شتم هەبوو نووسیبووم، بەڵام باسی نەکرد کەچی کۆمەڵێك حەقائیق ودووبارەکردنەوەی قسەی بەڕێزەکانی تری بۆ ئێمە کرد، لەبەر ئەوە من پرسیارەکەم ئەوەیە کە هیچ ئیجرائاتێکیان کردووە، با بۆمان باسبکەن ئەو ئیجرائاتانە چین، لەپاش ئیعلانی ئەم پەتایە چیان کردووە؟ بۆ ئەگەر نەیانکردووە بۆ نەیانکردووە، وە چی بکەین بۆ ئەوەی بتوانن ئیجرائاتی پێویست بکەن، چونکە من پێم وایە ئەوەندەی من هەستی پێبکەم، بۆ وەڵامی کاك محمد حکیمیش ئەڵێت کێ موقەسیرە من پێم وایە بەلای کەمی ئەو دوو وەزیرە بەڕێزەی کەلێرەن ئێوە هەردووکتان موقەسیرن بەرامبەر بەم پەتایە، بەرامبەر بەم حاڵەتەی کە ئێستا هەیە، ئەگەر واش نیە ئەتوانن وەڵامی خۆتان بدەنەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەمێکە قسەت نەکردووە لەبەر ئەوە ناوەکانیشت لەبیر ئەچێت، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت من پرسیارەكەم ئەوەیە وەزارەتی تەندروستی كوردستان چ هەماهەنگیەكی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی عێراق هەیە، یاخود وەزارەتی تەندروستی عێراق چ دەورێكی بینیووە بۆ ناوچە تەعریب كراوەكان وەكو كەركووك وشێخان وشەنگار وزمارو تاخانەقینیش، ئەو هەماهەنگیە هەیە ئێستا وەزارەتی تەندروستی عێراق لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی كوردستان، من پێم وایە قاعیدەیەك هەیە (رب ضرر نافعة) ئەمڕۆ زەرەرێكمان كردووە ئەم نەخۆشیە بڵاوبۆتەوە لەكوردستاندا ئایا حكومەتی كوردستان دەبێتە زەنگێك بۆ حكومەت كەدەست بەخەدەمات بكات لەئاودا، لەكارەبادا، لەخەدەماتی تردا، لەبەلەدیاتدا، لەهەموو شتێكدا ئایا صەحەی ویقائی كە ئەمڕۆ زەرورە لەنەخۆشخانەكان وەزارەتی تەندروستی كوردستان عقوباتی رادع هەیە بەرامبەر بەو مەتعەمانە و ئەو شوێنی مەشروب فرۆشتنانە، كە ئیجرائاتی رادع هەبێت جگە لەوە بڵاوكردنەوەی وەعی صەحی لە میدیاكاندا چ دەورێكی هەبووە، وەزارەتی تەندروستی بۆ بڵاوكردنەوەی وەعی صەحی بۆ نەخۆشیەكان بەتایبەتی ئەم نەخۆشیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس تەواو دوو كەس ماوە فەقەت هەریەكی نیو دەقە كاك جمال وكاك خۆرشید.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی من تێبینیم كرد سوپاسی وەزیرو دەورەكانی ئەكەم لەڕاپۆرتی لیژنەی تەندروستی مەوزوعێك هاتووە ئەڵێت، 145 كرێكاری بنگلادیشی تەبیعی هەر هەموویان پۆزەتیڤ بوون، هەموویان نەخۆش بوون، ببورن من وا تێگەشتم كە هەرهەموویان نەخۆش بوون، بەڕاستی تەئیدی سۆزان خان ئەكەم لەگەڵ كاك بارزان، ئەم موشكیلەیە، موشكیلەیەكی گەورەیە، ئێستا كۆمەڵێك كرێكار دێنە ئێرە پێ ناچێت لەپێش ئەوەی كە تەوزیع بكرێن، بەسەر ماڵەكاندا دامودەزگای تەندروستی فحصی رێكوپێك بكرێن وئەبێ شهادەیەكیان بدرێتێ كەحەقی ئەوەیان هەیە ئیش بكەن، لە هەموو شوێنێك حەتا لەدەرەوەش كە یەكێك ئەچێت لەمەتعەمێك ئیش بكات، یان لەشوێنێك ئیش ئەكات هەرچەندە مواتنی ئەو دەوڵەتەشە، ئەبێ راپۆرتی تەندروستی هەبێت كەشیاوی ئەوەیە كەلەو شوێنە ئیش بكات، حەزەكەم ئەم نوقتەیە لەبەر ئەوەی ئەو كرێكارانەی كە هاتوون هەمووی لە ئەفریقیاو لەدەوڵەتانی ئۆرێنتاڵ، یەعنی ئاسیای شەرقیەوە هاتوون زۆر نەخۆشی هەیە لەوێ بۆ ئەوەی بەرەنگاری ئەو نەخۆشیانە بكەین، پلانێكی رێكوپێك دابنرێت بۆ ئەوەی بنەبڕی ئەو شتانە بكەین و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مام خۆرشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی برا وەزیرەكان ئەكەم، سوپاسی پێشمەرگە زریان ئەكەم كە هەمان هەست ودڵسۆزی دۆڵی بالیسانی ساڵانی 88 و كیمیاوییەكانی هاتەوە بیرو قوڵ وبازۆی لێ هەڵكردو، بەهاواری خەڵكەوە چوو، قسەكانی جەنابی وەزیری بازرگانی زەنگی خەتەر بوو، وەڵلا زراوم چووە، ئەوەی ئەو فەرمووی دەبێ ئێمە دەست شۆڕبكەینەوە بۆ مردن، حەتمەن مردن دەرگای لێگرتووین، جەنابی سەرۆكی پەرلەمان جارێكی تر ئێمە لەپەرلەمان ئەو قسانەمان كردووە مەوزوعی نەخۆشی تەنها سەرچاوەی ئاوەو لەناحیەی توبی من لێی نازانم هی كۆلێرا ئەڵێن ئاوە، بەڵام خۆ هەر ئەو نەخۆشیە نیە، لەجەریدە خوێندمەوە دكتۆر علی قەرەداغی دەڵێ كوردستان ئەنفالكراوە لەلایەن رژێمی سەدامەوە، ئەنفالێكی بچووك بوو، بەڵام ئەنفالی گەورە ئێستا لەناوماندا دەژی پاش چەند ساڵێكی تر مومكینە بەملیۆنان كەسمان لێ بمرێ، چونكە هەموو شتی كوردستان ئێستا لە 90٪ی ئێكسپایەرە، لەدەرمانی خەستەخانەوە، بە خواردنەوە، بەوەی كەدێتن، لەبەر ئەوە ئێمە هاوار ببیەن بەرەو كێ، یان ئەمر بەكێ بكەین، كە عیلاجی بازاڕ بكات، عیلاجی ئاو وئاوەڕۆ بكات، باسی سلێمانی ئەكەن، راستە هەولێر تۆزێك لەسلێمانی زیاتر ئاوەكەی باشتر بێت، بەڵام جەنابی سەرۆكی پەرلەمان من وەكو ئینسانێك هەر وەزیرێكی بەلەدییە لە هەولێر هەبێتن دووجار چومەتە لای و وتیتم بیكە بەخاتری خوا هیچ بەرنامەیەك دامەنێ تەنها بەرنامەی ئاوەڕۆ نەبێت، پێشم وتوە دەزانم بەگوێتا ناچێت، دەزانم نایكەی واشم پێگوتووە، هەر وەزیرێكی بەلەدیە هاتووە من وام پێوتوە، ئێستاش یەك لەنەخۆشیەكانی هەرە گەورە ئەو ئاوە پیسیە كە تەنها ئاودەستەكان هەیە كە هەمووی لەو بازاڕەیە كە گەڕەك هەیە خانووی بە 10 ملیۆنی لێكرایە، بەڵام كە دەچیت بۆن بۆگەنی ئینسان دەكوژێت، بەتایبەتی لە وەرزی هاوین، ئاوەڕۆ چاكبكرێت تەلارمان ناوێت، جادەمان ناوێت، جارێ ئاوەرۆكە بكرێت، ئەوە زۆر گرنگە، دوو: مەسەلەی ئێكسپایەر باشم گوێ لێ رابگرە، لەو رۆژانە 6 ترێلە هێلكە هاتووە لە جۆرجیا 15 رۆژ لەگومرگی دهۆك راگیراوە كەمەنعیش نەبووە، لە مونەزەمەی غیزای دەولی مەنع نەبووە، مودیری گومرگ خەتێكی سووری لەسەر داناوە، وتوویەتی ئەمە مەمنوعە، پاش هەزار واسیتە، پاش 15 رۆژ سەیتەرەی نەوعی مومتازمان چی بووە، تەشتێكی ئاویان هێناوە هێلكەیان فەحص كردووە بزانن پیسە یان پاكە، ماست جەنابی وەزیری بازرگانی، ماستی هەولێر، كەهەولێر بە ماست ناسراوە، جەنابی سەرۆكی پەرلەمان خوا ئەزانێت لە 80٪ی ماستی ئێستا نشاستەو دەرەیە، من خۆم چەندجار پەلكە دەرەم لەناو ماست دەرهێناوە، لەبازاڕ لە 80٪ی ماستی هەولێر ئێستا ئەوەیە، تۆی چا من حەز ئەكەم ناوی ئەو كابرایەتان بدەمێ كە لە ئێران تۆی چای 10 ساڵ زیاتری وا لەمەخزەنەكان ئێكسپایەر بووە وهەمووی بۆگەنی بووە، هەمووی ئاوی وا لێ دەڕوات، وتی منیان بردە سەر ئەو تۆ چایەی كە بۆ كوردستان بكڕم لەگەڵ هەندێ تجاری هەولێر، وتی لە 10 تەنی زیاتری تێدابوو سێ، چوار مەخزەن بوو، داوایان كرد بیكڕین من نەمكڕی، بەڵام فلان وفلان وفلان كڕییان هەمووی ببووە ئاو، 10 ساڵ زیاتر لەناو مەخزەنی مابوویەوە، تۆ چا هەیە ئاسنی تێدایە جەنابی سەرۆكی پەرلەمان هێناویانەتە ناو كوردستان، وردە ئاسنی

ناو ئاسنگەرانی تێدایە، ئەوە لە کوردستان ئێستا سەرف ئەکرێت، لەبەر ئەوەداوا لەحکومەت ئەکەین داوا لەپەرلەمانیش ئەکەین فەرز بکەین لەسەر حکومەت کە ئەوشتانەی پێویستە لە میزانیە داخڵ بکرێت نەك ئەو شتانەی کە ئەوان ئەیانەوێت، ئەوشتانە داخڵ بکرێت کەمیللەت ئەیانەوێت، کە میللەت ژیانی پێ مسۆگەر ئەکات، کە میللەت حەیاتی پێ مسۆگەر ئەکات، بۆیەش دەیهێنن، بۆیە ئێکسپایەر نیە، وەرەقەی گۆشت، هەمووی لەتورکیا ئەیگۆڕن، ئەو مریشکانەی کەبەناوی بەرازیلی دێت، ئەغلەبی لەتورکیا ئەیگۆڕن، ماست دێت، ئەو ماستەی لەتورکیا دێت، یان لەئێران دێت، وەرەقەکەیان پێیە، هەموو ماست فرۆشەکان لەوێ وەرەقەکەی لێنادەن، لێرە وەرەقەکەی لێ ئەدەن، وەکو ئەو ئارمانەی کەئێستا لەصین دێن، کوڕی من چویتە صین شتی هێناوە، ئارمەکەیان داوەتێ وتوویانە چ ئارمێکت ئەوێت، یابانیت دەوێ فلانت ئەوێ بڕۆ بۆخۆت لێی بدە، ئێمە لێی نادەین، ئەو ماستەی کەدێت قتعەکەی لێنادەن لێرە لێی ئەدەن، ئەو گۆشتەی کەدێت لێرە وەرەقەکەی لێ ئەدەن، گۆشتی بەرازیلیش نیە، گۆشتی ئیکسپایەرە، هەمووی لەقوبرص دێت، هەمووی لێرە وەرەقەی لێ ئەدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس مام خۆرشید وەڵلاقسەی گرنگت کرد، بۆیە ئیلتیزامم بەوەخت نەکرد، بەڕاستی من بەموناسەبەتی ئەزانم بەبۆنەی ئەوقسانەی کەمام خۆرشید کردی داوا لەئەندامانی پەرلەمان ئەکەم و لیژنەی پەیوەندیدار بەدوای ئەوقسانەدا بچنەوە، بەڕاستی بەتایبەتی مەسەلەی بازاڕ خەڵك زۆر گلەیی لەگرانی بازاڕ هەیە، تەماشایەك بکەن، بچنە ناو خەڵکەکە بزانن چیە ئەوەو راپۆرتی بەهەند پێشکەش بکەن، بە ئەرقام بۆ ئەوەی بتوانین وەزیری پەیوەندیدار بانگهێشت بکەین ولێرە موناقەشەی بکەین، کارێکی گرنگە لەپاڵ ئەو گرنگیدانەمان بە نەخۆشی کۆلێرا، ئێستاش داوا لەهەر سێ وەزیری بەڕێز ئەکەم بەکورتی وەڵامی ئەندامانی پەرلەمان بدەنەوە، بەڵام من داوای لێبووردن ئەکەم لەو ئەندامانەی کەمەجال نەبوو داواشیان کردبوو کەقسە بکەن، داوای لێبووردن ئەکەم بەڕاستی خۆ هەمووتان دەتانەوێت قسە بکەن، هەمووشتان حەقتان هەیە، بەس نەدەکرا بەدوو سەعات، سێ سەعات تەواو نەدەبووین، پێم وایە ئەو قسانەی کەکرا زۆربەی ئەو قسانەبوو کەتەعبیر لەهەمووتانی ئەکرد، بۆیە ئیکتیفام بەوەندە کرد، جارێکی تر ببوورن فەرموو کاك دکتۆر زریان.

**بەڕێز د.عبدالرحمن عثمان یونس(د. زریان)/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس من حەز ئەکەم وەڵامی هەندێك لەو پرسیارانە بدەمەوە، بەنیسبەت ویقایە لە تەندروستی زۆر لەبەڕێزان باسیان کرد، تەبیعی بەشی ویقایە بەشێکی سەرەکیە لە ئەرکی ئێمە، بەداخەوە تۆزێك لەوڵاتی ئێمە خەدەماتی تەندروستی تۆزێك سەراوبنە، ویقایە لەبنەوەیە، خەدەماتی عیلاجی لەسەرەوەیە، خۆی دەبوایە بەعەکسەوە بێت، بودجەی سەرەکی لە خەدەماتی ویقائی سەرف بکرێت، کەمترین لە عیلاجی سەرف بکرێت،خەڵکی زیاتر ئیهتیمام ئەدات بەلێژەری چاو، من لەرۆژی یەکەمم کەهاتووم هاواری

ئەوە ئەکەم، بودجە زیاتر بۆ جیهازێکی لێزەری چاو دیاری بکرێت، بەس نەك بۆ خەدەماتی ویقائی وتەدریب کردنی کەوادیر وتەشجیعکردنیان و دەورات ولەو شێوە شتانە، جەنابتان خۆتان لێرە بودجەی هەموو وەزارەتەکانتان پەسەند کرد، خۆتان ئاگادارن وەزارەتی تەندروستی شەشەم بوو من نازانم گوێم لەکەس نەبوو رەخنەیەك بگرێت لەو مەوزوعە کەبۆچی ئەوەندە کەمە، بەشی ویقایەش بەشێکی زۆر کەمی بۆ تەرخانکراوە، ئێمە بەرنامەجمان هەیە بۆ گشت نەخۆشیە گواستراوەکان کە پێی ئەڵێن بەشە گواستراوەکان من بۆ نموونە بەداخەوە فلیمەکەم پیشانی نەدا، ئێمە بەرنامەیەکمان هەیە بەنیسبەت کۆلێرا، چونکە ئەمڕۆ مەوزوعی سەعات کۆلێرایە، لە مانگی سێوە ئێمە رەسمیمان دەست پێئەکات، لە10٪ی هەموو ئەوانەی کەئیسهالیان ئەبێت بە رۆتین ئەینێرین بۆ موختەبەر بۆ فحصی کۆلێرا، ئەمساڵیش هەروامانکردووە ئەگەر ئەو کارتانە پیشانی بدات پیشانتان ئەدات مانگی (5و6و7) ژمارەی کۆلێرا ئیسهالیەکانمان چۆن رەسد کردووە، وردەروردە زیادی کردووە، ئێمە چاودێریمان کردووە لەگەڵ زیادبوونی فحصی کۆلێرامان بۆ کردووە، لیژنەیەکمان هەیە پێی ئەڵێن لیژنەی ئیسهال، هەموو ساڵێك مانگی 6 دائەنێین، کەبیدایەتی ئەزانین فەصڵی ئیسهالە، مەسەلەن لە زستان لیژنەی ئیلتیهابی سل بۆ منداڵان دائەنێین ئەزانین زۆرە، لە هاوینان لیژنەی ئیسهالی دائەنێین لەمانگی شەشەوە، حەفتانە کۆبوونەوەی خۆیان ئەکەن لەگشت هەرێم وە تەماشای ئەو ژمارانە ئەکەن ئەگەر ئیسهالی زیاد بکات ئەوانە ئاگاداری سەرووی خۆیان ئەکەنەوە، بۆ ئەوەی ئیجرائات دەست پێبکات، ئەوەش ئێمە لەمانگی 7 زۆر شتمان هەیە ئەو شتانە دوایی ئەتوانن لەسیدیەکە تەماشای بکەن، نامەمان هەیە لەمانگی 7 کەبەڕێز مودیر عامی سلێمانی بۆ محافەزەی سلێمانی نووسیوە، دەڵێ مولاحەزەمان کردووە ئیسهال زۆر بووە، ئاوەکانتان پیسە، تکایە شتێکی لێ بکەن، من خۆم لەگەڵ مودیری ئاوم باسکردووە دەڵێم وەزعەکان ئاوەهایە، دەڵێ من یەك بۆریم شکاوە سێ حەفتەیە چاوەڕێ ئەکەم مودیر عامەکە ببینم، نەم بینیووە، من حەز ئەکەم حادیسەیەکتان بۆ بگێڕمەوە یەعنی گومان نیە لەوەی کە ئاوە، ئەدیلەی تەواو هەیە کەسابتە لەسەر ئاوی سلێمانیە، تەماشای خەریتەکە بکەن وازحە، خۆ هەر کۆلێرا نیە، فەرموون ئەوە نەخۆشی ئیلتیهابی کەبەدی ڤایرۆسی لەدەربەندیخان بڵاوبۆتەوە، سەبەبی چیە هەر ئاوەکەی دەربەندیخانە، هەرچی دێی ئێمە هەیە پیسایی مەجرای ئەچێتە ناو ئاوی ئەو رووبارە وخوارتر لێی ئەخواتەوە، ئەوەی خوارتر هی هەردووکیان ئەخواتەوە، ئەوەی خوارەوەی هەمووی هی هەمووی ئەخواتەوە، ئەوە ژینگەی وڵاتی ئێمەیە ئەبێ تەحامولی ئەو وەزعە بکەن، ئەمجا خەڵك نەخۆش ئەبێت ئێمە وەکو صەحە چارەی ئەکەین، بەڵام چارەی ئەوە نەزبڵ سوتاندن ئیشی ئێمەیە، نە ئاو پاککردنەوە ئیشی ئێمەیە، وەزارەتی تایبەتی بەخۆی هەیە، ئێمە سامپڵ وەرئەگرین ئەڵێین ئەی هاوار فلان وەزارەت ئەم ئاوە پیسە رجاتان لێ ئەکەین شتێکی لێ بکەن، بەڵام ئەگەر شتێکیان نەکردبێ ئەوە مەسەلەیەکی کەیە، بەڵام ئێمە بەرنامەجی رەسدی تەواومان هەیە بۆ هەموو نەخۆشیەکان، بۆ هەموو، سیلە، بۆ کۆلێرایە، بۆ ئایدزە، یەعنی ئەرقامەکانمان شاهیدن بۆ ئەوەی تا ئێستا نەمانهێشتووە یەك حاڵەتی ئایدز بێتە ناو کوردستانەوە، هەرچی ئایدز هەبوو

تا ئێستا 36 حاڵەت هەبووە، هەمووی ئەجنەبی بووە یەکسەر ڕەوانەی وڵاتی خۆیمان کردۆتەوە، ژمارەی سیل لەکەمیدایە لە وڵاتی کوردستان، هەموو ئەو نەخۆشیە گواستراوانە بەڕاستی سەیتەرەی تەواویان هەیە، ئەمە کۆلێرا ئەمساڵ سەری هەڵدا لەسەرووی تاقەتی ئێمەبوو بەڕاستی، ئێمە زوو هەستمان پێکرد کە دێت لەو بڕوایەشم کە زوو دەستمان پێنەکردایە وەزعەکە لەوەش خراپتر دەبوو، بەنیسبەت ئەو بیانیانەی کەباس ئەکەن دێنە ناوەوە فحوصاتیان بۆناکرێت، هەموو بیانیەك بێتە ناوەوە لەهەفتەیەك زیاتر یان 10 رۆژە شتێکی وایە ئیقامەی بۆ ناکرێت ئەگەر بێتوو فحصی ئایدز نەکات، فحصی ئیلتیهابی کەبەدی ڤایرۆسی نەکات، فەحصی ئەو شتانە نەکات، بەڵام فحصی کۆلێرا یەك لەوشتانە نیە، پێویست نیە رێکخراوی تەندروستی جیهانی لێرەیە لەوفحصانە نیە کە بۆ ئینسان بکەی وەکو رۆتین لەدونیادا، هەموو ئێوە چوونەتە دەرەوە لەو بڕوایەن هیچ رۆژێك یەکێك لەئێوە فحصێکی کۆلێرا کرابێ لەدەرەوە یان ئەشیعەیەکی سنگیان بۆتان گرتبێ، یان فحصێکی خوێنیان بۆکردبن، هەر بەڕاستی ناقانونیشە، ئێمە ئیجباری خەڵك بکەین فحصی ئایدزی بۆ بکەین بەپێی حقوقی ئینسان، ئێمە حقوقی ئینسان ئەشکێنین، راستیتان پێ بڵێم خەڵکی ئیجبار ئەکرێ کابرا نایەڵێت فحصی بکەن، ئێمە لەگەڵ ئەوەش پێی ئەکەین لەگەڵ ئەوەش ئیحتیمالی ئەو بیانیانە بەتایبەت ئەوانەی لەئاسیا وە دێن، لەئەفریقیاوە دێن ئەو ئیحتیماله دوربخەینەوە، گشت کرێکاری مەتعەمەکان وئوتێلەکان ولەگشت کوردستان گشتی عیلاجمان داوەپێیان، لەجیاتی ئەوەی فحصی بکەین عیلاجمان داونەتێ، فحص کردنی کۆلێرای ئەو کرێکارە ئەجنەبیانەی کەدێنە ئێرە رەنگە فحصی کۆلێرا حەفتاو دوو سەعاتی دەوێت، ئێمە ئەگەر دەم ودەست لەمەتار پیسایی پێبکەین بەکابرا سێ رۆژی دەوێت هەتا نەتیجەکە دەردەکەوێت، ئێمە پێمان چاك بوو باشترین شت ئەوەیە سێ دەنکە حەبە، لەمەودوا بڕیارێکمان دەرکردووە، بۆ گشت مەتارەکان، هەموو ئەجنەبیەك لەئاسیا، بەنگلادش، پاکستان، هندستان ئەوە خیلافی رێکخراوی تەندروستی جیهانیە بۆ زانیاریتان، لە ئەفریقیا بێن سێ دەنك حەبی دۆکسۆساکلینی دەدەینێ، ئەوە سەلامەترە، بێ ئەوەی فحصی پێبکەین لە مەتار دوو گلاس ئاو، سێ دەنکە حەبی ئەدەنێ، ریخۆڵەی پاك ئەکەینەوە ئینجا ئەڵێین وەرە ژوورەوە، ئەوە مانای ئەوە نیە ریخۆڵەی خۆمان پاکە، ئەو نەخۆشیە متەوەتنە لە وڵاتی ئێمە، یەعنی نەخۆشیەك کە متەوەتن بوو بیدایەو نیهایەی نیە، نازانین لەکوێوە بیدایەتی دەستی پێکردووە، ئەوە غەڵەتە بڵێین لەبیرێکی سلێمانی دەستی پێکرد یان لەبیرێکی کەرکووك دەستی پێکرد، چونکە کەمتەوەتن بوو لەریخۆڵەی زۆر لەخەڵکی هەیە، نازانین چ رۆژێك سەرهەڵئەدات و زیاد ئەکات وەنازانین کۆتاییەکەی، ئێستا خەمی گەورەم ئەوەیە ئەمە وا خەلاص ئەبێت، بەڵام خەلاص نابێت متەوەتنە هەر دیسان ئەمێنێتەوە، من وەعدتان ئەدەمێ من لێرە نامێنم دووساڵی تر لێرە دائەنیشنەوەو باسی ئەم کۆلێرایە ئەکەنەوە، ئێوە ئەمێنن باسی ئەم موشکیلەیە ئەکەنەوە، رەنگە باسی ئیلتیهابی کەبەدی ڤایرۆسی هەموو وڵاتەکەش بکەن، هەتا وەزعی ئاومان وابێ، هەتا وەزعی خواردنمان وابێ، هەتا حدودمان کراوەبێت، بۆ هەمووشتێك، هەتا چاودێری هەموو شتەکانمان نەقسی هەیە، ئەمە شتێك، هەمەلایەنەیە، برادەرێك باسی

بودجەی هەرێمی کوردستانی کرد، من بەحەق پێتان ئەڵێم جەنابی سەرۆکی حکومەت وجێگری سەرۆکی حکومەت بودجەی کراوەیان دابە ئێمە وەکو تەندروستی بێ حیساب، ئێمە بودجەمان کراوە بوو، بۆ عیلاجکردنی ئەم نەخۆشیە، ئەمە شتێکی حەقە ئەبێ بووترێت، بۆ ئەو شتانەی کە (W.H.O) کردوویەتی، کاک بەکر پرسی من دەمەوێت بێمە سەر ئەوەی (W.H.O) وەزیفەی ئەساسی دەعمی فەنی ولۆجستیە، دەوراتی بۆکردووینەتەوە بۆکارمەندان، پرۆتۆکۆلەکانیان بۆهێنایین کەچۆن عیلاجی کۆلێرا ئەکرێت، چۆن رەسد ئەکرێت، رەسدی وەبائی، دەوراتیان حەتا بۆ قوتابی کولیەی طب کردەوە، هەموو تاقاتمان خستە گەڕ تەلەبەی کولیەی توبمان تەوزیع کرد لە قەزاو ناحیەکاندا، بچن دەوراتی پەروەردەیی بکەن وبگەڕێن لەوشتانەی ماددی کەداوییانە لەو رۆژەوە بایی 160 هەزار دۆلار دەرمانیان کڕیوە، بایی 70 هەزار دۆلار حەبی فەحصی ئاوییان کڕیوە، بایی 60 هەزار دۆلار دەوراتی تەدریبیان کردۆتەوە، 100 هەزار دۆلاریان تەخصیص کردووە بۆ دەعمی موختەبەراتی صەحە لە سلێمانی، 50 هەزار دۆلار بۆ ژوری رەسد وتەحەڕییان تەخصیص کردووە، 30 هەزار دۆلاری کەش وەکو حالی و زیادی دەکەن ئەمانەیان کردووە، ئەمرۆکە 60 هەزار کیتیان هێناوە کە شریتێکە ئەیکەیتە ناو ئاو پێت ئەڵێت کەچەند کلۆری تێدایە، من نیازم وایە بیدەمە وەزارەتی پەروەردە تەوزیعی بکەین بەسەر گشت قوتابخانەکاندا، برادەرێك باسی قوتابخانەکانی کرد من چەند رێنماییەکم بۆ جەنابی وەزیری پەروەردە دەرکردووە، کە ئەو رێنماییانە دابەشبکات بەسەر قوتابخانەکان، یەك: پاککردنەوەی تەنکی سەرئاوەکانیان، ئەو کیتانەشیان ئەدەینێ تاقی بکەنەوە بزانن چەنی کلۆر تێدایە، کۆنترۆڵی حانووتەکانیان نەهێڵن، سەوزەو میوەو شتی وا بفرۆشن نەهێشتنی عارەبانەی پێش مەکتەبەکان، دروسی خاص ئەبێت دابین بکرێت بۆ قوتابیان بۆ ئەوەی فێریان بکەن چۆن دەست بشۆن، دوای تەوالێت وپێش نانخواردن، مامۆستایان دەبێ دەوریەکی تەربەویی ببینن، هەموو کەس دەبێ دەورەیەکی تەربەوی ببینێت، ئێمە ئیستیفادەمان لەمامۆستای ئایینی کردووە، لە مامۆستای قوتابخانەکان، من هیوادارم وەزارەتی تەربیە هاوکارمان بێت، هیچ مەترسیەکمان نابێت، دوایی دابین کردنی ئاودەست، من ئەوژمارانەی بۆم دێت ترسناکە، زۆر کەس پێمان دەڵێن ئێوە وڵاتێکی پێشکەوتوون حەقی وا نیە لای ئێوە کۆلێرا هەبێ، دەڵێن لە 90٪ی بەعزێك شوێن ئاودەستی نیە، ئاوی خواردنەوەیان نیە، شتێکی وەکو ئاخوڕ دروستکراوە لەناو ئەو قوتابخانانەدا، ئەو منداڵە ئەچێت دەم بەبەلوعەکەوە ئەنێت، ئەوی تریش دێت دەمی پێوە ئەنێت، ئەوە لەدونیا نافورە هەیە، شتێکە وەکو نافورە ئاو بەرەو سەرەوە ئەچێت ئەو منالە پێویست ناکات دەم بەبەلوعەکەوە بنێت، ئەگەر بەدەستیش نەیکاتەوە باشتر وایە بەقاچی بیکاتەوە، من لەو بڕوایە دام ئەوەندەی تێناچێت ئەو بەڕادانە ئەوەندەی تێناچێت، بەڕێز کاك شێروان باسی تەڵقیحاتی کرد، تەڵقیحات ئەکتیڤ نیە، موئەسیر نیە، هیچ کە رێکخراوی تەندروستی جیهانی سەحبی کردووەتەوە نەسیحەتی ناکات، بۆیە بەکاری ناهێنین، مریەم خان باسی شێخانی کرد، من ئەم بەیانیە لەگەڵ بەڕێز دکتۆر عبداللە سعید قسەم کردووە، مودیر عامی دهۆك وەعدی داوە ئەو وتی لەنزیکەوە چاودێری ئەکەین هیچ حاڵەتێکی کۆلێرا نەبووە، راستە ئیسهالی زیاد

بووە، بەڵام دەرمان وشتیشیان بۆ ئەنێرین بەسەرچاو، کلۆری ناو ئاوەکان، باسکراو ئەوەش وەزیفەی ئێمە نیە، ئێمە تەندروستی کلۆرناکەینە ناو ئاوەکان ئەوە وەزیفەی دائیرەی ئاوەکانە کاک محمد حکیم باسی موختەبەری کرد، دوو جۆرە موختەبەر ئەوە دوو ئیحتیمال هەیە، رەنگە وەکو جەنابت فەرمووت کارمەندەکانی ئێمە هەندێك جار زۆر موخلص نەبن، بەڵام ئەوەش ناحەقە ئێمە وابڵێین چونکە ئەوە کەلچەر میدیایە زەرعی میکرۆبەکە ئەکەیت و یەك قەترە ئەکەیتە ناو ئەو قاپە ئەو قاپە هەر هەمان قاپە لە هەردوو موختەبەر هەیە، ئەیکەیتە ناو ئینکۆبیتەرێك بۆ 48 سەعات نەتیجەکەت ئەداتێ کە بەکتریاکەی تێدایە یان نا، بەس من خۆم ئەوەم مولاحەزە کردووە لەچەند موختەبەرێك من پرسیارم کردووە، جوابەکەیان بەوە داومەتەوە ئەڵێن بەکتریای کۆلێرا تەبیعەتی ئەوەیە بەکوتلە ئەسوڕیتەوە یەعنی مەجموعەی وەکو کۆڵۆن ئەکات، موستەعمەرەیە جاری واهەیە ئاوەکە تۆ لەو نموونە کۆڵۆنیە وەربگریت زۆر بەتوندی زەرع ئەبێت، ئەگەر ئەو مەجموعە کۆڵۆنیە رەت بێت لەئاوە پاکەکە وەربگریت کەپاش ئەو دێت ئەوە نەتیجەیەکی سلبیت ئەداتێ، ئەمە چەند تەجروبەیەکی زۆر ئەوەیان لەسەر کرد، لە ئەفریقیا هیچیان نەئەدۆزییەوە لەئاو کۆلێراشیان هەبوو، هێنایان بەدەرزی لە کەروێشك وشتی وایاندا، بەو شێوەیە دیتیانەوە، بەڵام من دڵنیام ئەوە راستە رەنگە ئەو میکرۆبانە هەبووە لەو وەجبەیەی کەهەبووە ئاو بردی ووەجبەی سامپڵی دووەم تێیدا نەبووە، شەرت نیە یەك سامپڵ نەگەتیف ئێمە ناڵێین ئەم ئاوە پاکە، دەبێ چوار پێنج سامپڵ وەربگرین ئەگەر گشتی نەگەتیف بوو ئەوسا ئەڵێین ئاوەکە پاکە یان پیسە، بەڕێز کاك جمال باسی وەزارەتی تەندروستی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی عێراقی، بەڕاستی وەزارەتی تەندروستی عێراق، هاوکارمان نین، بەڵام لەم حەملەیەدا خوا هەڵناگرێت هاوکارمان بوون، ئەو دەرمانانەیان ئەویش بەهیمەتی کاك دکتۆر بەرهەم بوو، زۆر زەختی کرد وەجبەیەکی باش دەرمانیان بۆ ناردین، بەڵام جێگری وەزیری صەحە خۆی هات سەردانی کردین لەسلێمانی تیمێکی موختەبەرییان بۆ ناردین تەئیکیدیان کردەوە لەسەر فحصەکانمان، تیمێکی ویقائیان بۆ ناردین یەعنی بەڕاستی هاوکارمان بوون، ئێستاش رۆژانە پەیوەندیمان بەیەکەوە هەیە، کاك محمد باسی ئاوی ئێرانی کرد، بەڕاستی ئێمە نازانین لەسەر داخوازی ئێمە بوو کەبەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وجێگری سەرۆك قەدەغەکردنی هەموو شیرەمەنیەکیان لە ئێران کرد، ئەویش بۆ ماوەیەك مەسڵەحەتی تەندورستی میللەتی خۆمان بوو، لەمەسڵەحەتی هیچ شەریکەی ئاوێك نەبوو، ئێستاش وردە وردە خەریکە خاوی ئەکەینەوە، چەند ئاوێکی ئێرانی مەشکوکمان دیت رامانگرت، هەربۆیەش رامانگرت بڕوا بکەن مکرۆبی پیسایی ئینسانمان لەناو ماست ودۆی ئیرانی گرتووە، لەهەموو نمونەکانی کەوەرمانگرتووە، بۆیە دۆ وماستمان قەدەغەکردووە، ئەمڕۆش وەفدێکی مەکتەبی غورفەی تیجارەی هەموو کوردستانم لابوو داوای کردنەوەی دۆ وماستیان ئەکرد، وتم من هەرگیز ئیزنی ئەوە نادەم، ئەو مەسئولیەتە هەڵناگرم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ كاك دكتۆر زريان بەڕاستی یەعنی من بەناوی هەمووتانەوە دەستخۆشی لیَ ئەكەم، لە خۆی ولەستافی وەزارەت ولەهەموو ئەو كەسانەی كە لەو چەند مانگەی دواییدا لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردە ناخۆشەدا نەخۆشی كۆلێرا كاریان كردووە، دەستیان خۆش بێت نموونەیان زیاد بێت، هەر بەوەش نا كاك عبدالرحمن احمد ئیقتراح ئەكات پارمەتی بۆ ئەو كەسانە سەرف بكەن كە ماندوو بوون لەو ئەركەدا موخەصەصاتیان بدەنیَ، هانیان بدەن زیاتر بۆ ئەوەی نموونەیان زیاتر بێت، ئێستاش داوا لەمامۆستا محمد رؤوف وەزیری بازرگانی ئەكەم وەڵامی پرسیارەكان بداتەوە كە ئاراستەی ئەو كراون.

**بەڕێز محمد رؤوف محمد/ وەزیری بازرگانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا كۆبوونەوەی پەرلەمان باسی نەخۆشی كۆلێرا وچارەسەركردنی وگرفتەكانیەتی، لەڕاستیدا ئەو پرسیارانەی كە ئەكرێن من بەگشتی جوابی ئەدەمەوە، ئەگەر ناوی كەسێكم نەبرد بڵێم فلاَن كەس پرسیاری كرد، ئەگەر لەفرسەتی تردا، وەزارەتەكان، وەزیرەكان یەك یەك بانگ بكرێن، بۆ باسی وەزارەتەكانیان ئێمەش وەكو وەزارەتی بازرگانی ئامادەیین ئەو پرسیارانەو زۆر لەوە وردتریش بكەن تا جواب بدەینەوە بزانن ئێمە چیمان كردووە، ئێوەش رەخنەو پێشنیارتان چیە، بەنیسبەت ئەوەی كەزۆر موهیمە مەوزوعێكی قانونیە لەڕاستیدا باسی لە مەجموعدا بڵێین ئیكسپایەرو خۆراك وبازاڕ بەشێكی زۆری لەمەسەلەی حیمایەی موستەهلیكەوە ئەبێتەوە، ئێمە یاسایەكمان ئامادە كردووە لەماوەی چەند مانگی رابردوودا نزیكی دوو هەفتەیە لەئەنجومەنی وەزیراندایە، لیژنەی قانونی خوێندیەوە ئەینێرێت بۆ ئێوە، ئێوەی بەڕێزیش من پێشنیار ئەكەم ئەو یاسایە دوانەخرێت، بخرێتە پێش كۆمەڵێك یاسای تر، چونكە تەنزیمی بازاڕ وبەتایبەت تەنزیمی حیمایەی موستەهلیك ویاساكانی بۆ ئێمە ئەكات، بەنیسبەت كۆمەڵەی پارێزگاری بەكاربەر، من یەك موستەشار لەوەزارەت هەیە كە ئەویش تەعین نیە، نقلم كردۆتە وەزارەت لە شوێنی كەوە داوام لێكردووە، ئایا ئەكرێت ئێمە جەمعیەی حیمایەی موستەهلیك پێش قانونی حیمایەكە دابنێین، تەقریبەن وەڵامەكەی ئەوەیە ئەكریٰ وئەتوانین ئێمە قەرارە دوای ئەوە بزانین ئایا مستەوای سەقافەی ئیجتماعی ئیتجاهی ئێمە لەم وڵاتە بتوانین ئەو جەمعیەتە تەشكیل بكەین، ئێمە هەنگاوی بۆ ئەنێین قسەكان وپرسیارەكانی جەنابتان هەر لەدوو تەوەردا سوڕایەوە، مەسەلەی ئێكسپایەر لەگەڵ گەنجینەكان، ئەوەی كەپێشنیار بوو كردتان، من هەموویم لای خۆم نووسیوەو جێبەجێی ئەكەم، ئەوەی كەوەكو پێشنیارە، سەردانە، چاككردنی گەنجینەیە، پاككردنەوەیەتی بەس دڵنیاتان ئەكەم پاكوتەمیزی گەنجینەی دهۆك وهەولێر گرفتی نیە، ئەوە وابزانم لیژنەی تایبەتی پەرلەمانیش سەردانی كردووە، وەكو پاكوتەمیزی ئێرەو ئەویَ گرفتی نیە، سلێمانی گەنجینەكانی خۆیان كەم بوون گەنجینەی تریان بەكریَ گرتووە، هەندێك لەگرفتەكانی لەگەنجینەكانی دەرەوە بووە، ئەویش ئینشاالله رێوشوێن ئەگرینە بەر هەم بۆ پاككردنەوە وپارێزگاری كردنیان هەم بۆ دروستكردنی گەنجینەی تر، مەسەلەی ئیجرائات لەسەر خۆراك حەزەكەم ئەمەتان بۆ تەوزیح بدەم پێم وایە جارێكی تر لێرە ئیشارەتم

پێكردووه، خۆراك لەكوردستاندا بۆ ساڵی 2007 (411) مليۆن دۆلاری بۆ دانراوه كەلە بودجەی حكومەتی هەرێم لەبەغدا ئەبڕێت، ئەم (411) مليۆن دۆلاره ئێمه بەرنامەيەكمان حازركردووه لەسەر ساڵی 2006 (530) مليۆن دۆلار خۆراك قەرار بووه بێت، بەڵام بەرنامەی عێراق بۆ مەسەلەی خۆراك به ئەو ئيتيفاقيەی كەلەگەل سندوقی نەقدی دەولی كردوويەتی ئەبێ ساڵانه له 20٪ تا 25٪ لەدەعمی خۆراك ببڕێت وه له20 تا 25 له سوتەمەنيش ببڕێت، ئەمه هەر گرفتێكی لێ ئەكەوێتەوه لەسەره مواتين وشەعب وخەڵكی عێراق وكوردستان، ئەبێ حكومەتی عێراقی و كوردستانی تەحەمولی بكەن، ئەوه ئيتيفاقيەيكه لەساڵی 2005 ئيمزا كراوه، ئەوەی كەئێمه ئامادەمانكردبوو بۆ (530) مليۆن دۆلار ئەمساڵ (411)مليۆن دۆلار، تەخمين كراوه ودانراوه بەپێی ئەو پرسيارەی كەمن كردوومه له وەزارەتی ماليه لێره، حيسابمان كردووه (411)مليۆن دۆلار، ئەگەر خۆمان خۆراكی پێبكڕين بۆ هەر كەسێك لەكوردستاندا لەساڵێكدا له 100 دۆلار كەمتر ئەكات، 100 دۆلار ئەگەر ئێمه بيدەين بەخۆراك و بيدەينەوه بەهاوولاتی بەشی هيچی ناكات، بەڵام ئەگەر كەموكورتی زۆری هێنا، عێراق ناچاره له ميزانيەی عامی خۆی ئەو نەقسانه پڕبكاتەوه ئەوه بەبودجەی هەرێمی كوردستان پڕ ناكرێتەوه، بيرمانكردەوه لەوەی كه ئەم مەوزوعەمان مانگێك زياتر لەمەوپێش موناقەشەكرد لەگەل سەرۆكی ئەنجومەنی وەزيران وجێگرەكەی ئايا بەرنامەی حكومەتی عێراق هەيه كه ئەم خۆراكه بەپاره بكرێت، ئێمه ئەو مەسئوليەته تەحەمول بكەين يان نەيكەين بۆ ئەوەی لەجياتی ئەو خۆراكه خراپه پاره بدەين، باس لەوەكرا پرسيارمانكرد لەخەڵكی بازاڕ لەبازرگان، لەدوكاندارەكان، لەخەڵكی پسپۆڕ، وەڵامی ئابووری ناسان ئەوەبوو ئەگەر ئێمه بەموجەڕەد ئەوەی بڵێين خۆراك نايەت بۆ كوردستان تەزەخومێكی گەوره ئۆتۆماتيكيەن لەبازاڕدا دروست ئەبێت، ئەو پارەيەش ئەگەر ئێمه بيدەين بەخەڵكی 100دۆلار بۆ هەر كەسێك بۆ يەكساڵ چارەسەركردنی ئەو تەزەخومه سەريعه ناكات كەلەبازاڕدا دروست ئەبێت، جگه لەوەی كه هەندێ كێشەی كۆمەڵايەتيشی لێ ئەكەوێتەوه كه زۆر كەس هەيه لەوانەيه خاوەنی خێزانەكه 100 دۆلارەكه وەربگرێت نەيشيدات بەخۆراك بۆ خێزانەكەی، ئەوەش كۆمەڵێك گرفتی تری لێ دروست ئەبێت، لەبەر ئەوه پێمان باش بوو ئەمساڵی 2007يش حەتا بۆ 2008يش ئەگەر عێراق ئەو بەرنامه نەگۆڕێت بەرنامەكەش ديراسەيەكه لەلايەن بانقی دەوليەوه كراوه، سندوقی نەقدی دەوليش موتابەعەی ئەكات، فەرزكراوه لەسەر عێراق، بۆچيش فەرزكراوه لەسەر عێراق، لەبەر ئەوەی قەرزەكانی عێراق له 80٪ی قەرزەكانی له نادی پاريس ئيتفا كراوه لەسەر ئەساسی ئيمزاكردنی ئەو رێكەوتننامەيه، هەر رۆژێك عێراق پەشيمان ببێتەوه دەعمی خۆراك وسوتەمەنی بكات سندوقی نەقدی دەولی ونادی پاريسيش پەشيمان ئەبێتەوه له قەرزەكه، لەبەر ئەوه عێراق ئيلتيزامی پێوه ئەكات، ئێمه تەنفيزی قەراراتی عێراق ئەكەين هيچ دەسەڵاتێكمان تێيدا نيه، مەسەلەی ئيجرائاتی تر كه ويستوومانه بيكەين بەعەمەلی ئەو خۆراكەی كه لەبەغداوه دێت، هەرهەمووی كيتابی رەسمی لەگەڵدايه، له تەفتيش وسەيتەرەی نەوعی بەغدا ئەڵێ ئەم خۆراكه صالح للاستهلاك البشری، ئەوەی كه هەموو خەڵك لێی ناڕازييه، ئێمه بەدوای ئەوەی كەناڕەزاييەكه

زۆر بوو فیعلەن هەندێکی تەواو دەرچوو، خراپ ببوو بەتایبەت ماددەی چا، نامەی رەسمیمان بۆ وەزارەتی تجارەی بەغدا کردووە، وەڵامیشی داوینەتەوە کە ئێمە جارێکی تر رازی نین چا بۆ 2007 لەگەڵ تایت بێتە کوردستان، لەسلێمانی پێویستمان بەئارد هەیە تایدیان بۆ ناردووین، پێویستیمان بەبرنج هەیە، چایان بۆ ناردووین، لەبەر ئەوە ئێمە هەموویمان گەڕاندەوە بۆ بەغدا، وتمان ئێمە قبوڵی ناکەین، هەرماددەیەکیش لەکوردستان فحصی بکەین جگە لەوە فحصی بەغدادیشی لەگەڵدایە هەر ئەینێرینەوە بۆ بەغدا وقبوڵی ناکەین، پار ئەم وەختانە فاصۆلیا هات بۆ هەولێر دەرکەوت فاصۆلیاکە تاڵە، ئێمە گەڕاندمانەوە بۆ بەغدا، وەفدێکیان ناردووە سێ رۆژ وسێ شەو لێرە تکایان کردووە ئەم فاصۆلیا تەوزیع بکەین، حەتا وتیان بازرگانەکە خزمی خۆتانە بۆ ئیفلاسی پێئەکەن، وتمان ئێمە فاصۆلیای تاڵ نادەینە خەڵکی کوردستان، ئەو ئیفلاس ئەکات ئەبێ باجی خۆی بدات، هاتوون لەوەزارەتی تجارەی بەغداوە لێرە خۆیان فاصۆلیاکەیان کوڵاندوویانەو خواردوویانە سێ جار ئینجا ئێمە رەفزمان کردووە، ئێمە لەگەڵ وەزارەتی تجارەی بەغدا هەر ئەوەندەمان پێئەکرێت شەکریان ناردووە بۆ سلێمانی، شەکرەکە لەباخێرە پێش ئەوەی بگاتە عێراق ئێمە خەبەرمان بوو کەتەڕ بووە، کلۆ بووە شەکرەکە گەشتە سلێمانیش گەڕاندمانەوە بۆ بەغدا، کە ئێمە تەحەمولی ئەو مەسئولیەتە ناکەین، ئەو شەکرەی تەڕ بووە تەوزیع ناکرێت، چاودێری بازرگانی لە ئیجرائاتی ئێمە کەکردوومانە دواکۆبوونەوە بانگمان کردوون سەلاحیەتمان پێداون بۆ ئیجرائاتی بەقوەتتر و بەهێزتر لەبازاڕدا و تەعامولی باشتر لەگەڵ لیژنەی ئابووری پارێزگاکان رۆڵێکی زیاتر بدەن بە رەقابەی تیجاری وهاوکاری باشیان کردووین، لەدەرئەنجامی ئەو هاوکاری کردنەشەوە کەوا ئێستا ڕادەی کۆکردنەوەی ئیکسپایەر و موراقەبەی بازاڕ لەم چوارمانگەدا جیایە لە ساڵی پار لە فەترەیەك لەمەو پێشتر، بەڵام وەکو عەرزم کردن ئالیاتی موختەبەری بەپێی قانون لەدەسەڵاتی ئێمەدا نیە ورێگەشمان نیە ئەوە بکەین، کۆلێتی کۆنترۆڵیش کە زۆر باس ئەکرێت، ئەو دەزگایە تەنها بۆ خۆراك نیە، حەزەکەم بزانن کوالێتی کۆنترۆڵ کە لەسنوورەکان وپارێزگاکان دائەنرێت بۆ مەوادی صەحیە، بۆ مەوادی زیراعیە، بۆ خۆراکە، بۆ بینا سازیشە، یەعنی ئەبێ ئەو جیهازانە لە هەر چوار لەم بەشە تەشخیص بدات، ئەم شتە رێگەی پێئەدرێت بێتە کوردستان یان نەیەت، نەك تەنها بۆ خۆراك لەبەر ئەوە وەزارەتی پلاندانان مەسئولە، لەدامەزراندنی وەزارەتی پلاندانانیش تا ئێستا سێ جار داوای کردووە، ئەو کەسەیش کە بەرپرسیەتی لەدەرەوە بووە تازە هاتووەتەوە کوردستان ئێستا جارێکی تر دەستبەکار بووەتەوە، ئومێدەوارین بتوانین ئیشی جدیتر لەسەر مەسەلەی دامەزراندنی کوالێتی کۆنترۆڵ بکەین، پرسیارێکی جدی کرا لەسەر خۆراك، ئەو شتانەی کە تەمەنیان کەمە، یەعنی زەمەنی کەمە بۆ داخڵ بوون، ئەوانە ئیهتیمان ئەکرێت بەوەی کەوا شتێك بڵێین لەئێرانەوە یان لەتورکیاوە دێت، لە ماوەی 12 سەعاتدا ئەگاتە سنوور، بەڵام هەندێك جار سنوور لەبەر قەرەباڵغی کابرا سەرەی نایەت، مەسەلەن ئەو لۆرییە یان کەداخڵ ئەبێت لەفحصدا درەنگ دێتەوە، ئەوە تەنها چارەسەرەکەی بەوە دەبێت ئەو مەوادانەی کەوا زوو خراپ ئەبن بەجیا حسابیان بۆ بکرێت بۆ داخڵ بوون، ئەوە ئێمە ئەتوانین لەگەڵ وەزارەتی مالیە

قسەی لەسەر بکەین، موختەبەراتیش ئەکتیف بکرێت، زیاتر بکرێ بۆ ئەوەی بتوانن ئەو مادانە تەئخیر نەکرێن لەچارەسەرکردندا، من پێم وابێ ئینجا قسەیەکیشم هەیە لەسەر بازرگانەکان، حەزەکەم بیکەم، چونکە وەزارەتی بازرگانی یەکێك لەئیشەکانی ئیهتیمام دانە بەکەرتی تایبەت، ئەو وڵاتەی ئێمە خۆتان ئەزانن چەند ساڵە بازاڕ کاتێ شتوومەکی لێ کەم ئەبێتەوە هەڵاوسان دروست ئەبێت، یەکسەر سعری شت بەرز ئەبێتەوە، بازرگانەکانی کوردستان ئەتوانن نەیەڵن بازاڕی کوردستان پەکی بکەوێت، ئەگینا حکومەت خۆی بەرنامەی نەبووە و نیشیەتی شت بخاتە بازاڕو تیجارەت بکات، لەبەر ئەوە هەندێك براو خوشك باسی هەندێك بازرگانیان کرد، کەبەچاوچنۆك ئەوان ناویان بردن، ئێمە ئیجرائات بکەین باشە، ئەمە دکتۆر زریان لێرەیە، ئێمە تا ئێستا سێ کۆبوونەوەمان کردووە بۆ چارەسەرکردنی شەریکاتی دەرمان هێنان، لەکوردستان چۆن موعالەجاتی ئەو مەسەلەیە بکەین، ئەوانەی کەوا شەریکاتن وحەقیقین وئەزانن ئەڵێن ئێمە بەهەموو مەرجە صەحیەکانی وەزارەتی صەحە ڕازین دایبنێت لەسەر ئەو دەرمانانەی کە داخڵی ئەکەن، ماوەتەوە سەر ئەوەی ئەمان مەرجەکان دابنێن ئێمە فەرزی ئەکەین لەسەر شەریکەکان وموتابەعەی ئەو مەرجانە ئەکەین کە وەزارەتەکان دایئەنێن، بەنیسبەت تەئسیس کردنی شەریکات پرسیارێکی تر لەسەر ئەوە کرا، داوامان کردووە لەهەموو وەزاراتی هەرێم وەکو وەزارەتی بازرگانی بەشی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان، هەر وەزارەتێك ڕێنمایی چیە بۆ ئەوەی کۆمپانیایەك ئیختیصاصی ئەو وەزارەتە دائەمەزرێت، چی لەسەر ئیجرائات بکەین ئێمە هەتاوەکو ئێستا وەڵامی دوو وەزارەتمان بۆ هاتووە، ئەوە مانگێك زیاتر ئەبێت ئەوەمان ناردووە، وەزارەتی ناوخۆ تەقریبەن زیاد لە پێنج لاپەڕە ڕێنمایی بۆ ناردووین ئەڵێت ئەو وەزارەتانەی کەوا ئەمنین دائەمەزرێن ئەو شەریکانە ئەم ڕێنماییانەیان لەسەر جێبەجێ بکەن، وەزارەتێکی تریش ئێستا ناوەکەیم لەبیر نیە ناردوویەتی، ئەوی تر هەمووی چاوەڕێ ئەکەین، ئێمە ئەوکاتە هەرچەند حەز ئەکەم بزانن بەپێی قانونی تەسجیلی شەریکاتی عێراقی کەلەدوای بریمەر هەموارکراوە ئەو ڕێنماییانەی ئێمە داوامانکردووە قەدەغەیە بەپێی قانون هەر شەریکەیەك کۆمەڵێك ئەوراقی لێ داوا ئەکرێ ئەوراقەکانی تەواو بوو تەسجیل ئەکرێت، بەڵام ئێمە بۆ ئەوەی بازاڕی خۆمان بپارێزین و گیانی هاووڵاتی بپارێزین داوامان کردووە، وەزارەتەکە ڕێنمایی بنێرێت، بەپێی ڕێنماییەکانی ئەو ئێمە ئیجازە ئەدەین ئەو شەریکە دامەزرێت یان دانەمەزرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی وەزیری بازرگانی بەڕێز کاك محمد ڕؤوف، ئومێد دەکەین بەرنامەکەیان سەرکەوتوو بێت، هەموو لایەکمان هاوکاری یەکتر بین بۆ ئەوەی وەزعی کوردستان بەرەو باشی بچێت لەهەموو روویەکەوە، ئێستاش داوا لەبەڕێز جەنابی وەزیری ژینگە کاك دارا دەکەم وەڵامی ئەو پرسیارانەی کەوا ئاراستەی ئەو کراوە بیداتەوە.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەکورتی بۆ ئەوەی لەبابەتەکە دەرنەچین لەوەڵامی خاتوو خەمانەوە دەست پێئەکەم من پێم وایە یاسای وەزارەتی ئێمە لەم پەرلەمانەوە دەرچووە، ئەبێ ئەندامانی پەرلەمان باش بزانن نەخۆشی کۆلێرا ئەرکی من نیەو چارەسەرکردنیشی ئەرکی سەرشانی من نیە، ئەگەر دەرکەوت تائێستاش تەبعەن باس لەفحصی موختەبەری ئەکەین هێشتا روون نیە، ئەگەر دەرکەوت هۆکارەکەی ئاوە، گلەیی لەوەزیری ئاو دەکرێت کە بۆچی لەگەڕەکەکانی سلێمانی کە پێم وانیە 35 گەڕەکیش بێت نازانم ئەو ژمارەیە زۆر دووبارە کرایەوە، ئەو گەڕەکانە بۆ ئاوییان نیە، دوو: بۆ تۆڕی ئاوەکان کۆنە نوێ ناکرێنەوە، وەزیرێکی تر هەیە لێی بەرپرسە ئەوەی ئەرکی سەرشانی منە بەپێی ئەو یاسایەی پەرلەمان بەسەر شانی منیدا داوە چاودێری کردنە، پەنجا ساڵە نیو سەدەیە، بیری سەتحی لەسلێمانی لێ ئەدرێت، وەزارەتی ژینگە ساڵێکە دروست بووە، ئەرکی سەرشانی منە بڵێم لێدانی ئەو بیرە مەترسی هەیە بۆ سەر ژینگەو بۆ سەر ژیانی خەڵك، ئەو مەترسیەش هەرچی وەزارەتی پەیوەندیدارە ئاگادارم کردۆتەوە بە بەڕێزیشتانەوە، لەو رۆژەوەی کەوەزارەتی ژینگە دروست بووە، رێگامان گرتووە لەوەی کەهیچ بیرێکی تر لێبدرێت هیچ بیرێك لێنەدراوە، لەو رۆژەوەی وەزارەتی ژینگە دروست بووە هیچ پرۆژەیەك هی تازە تەبعەن کەهێشتا یاساکەشمان بەڕێوەیە بۆلای بەڕێزتان، بەبێ یاسا ئێمە ئیشمان بۆ ناکرێت، بەس بەپێی تەعلیماتێك کە لەئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای ئێمە تەعمیم کراوە هیچ پرۆژەیەکی پیشەسازی یان خزمەتگوزاری لە کوردستان نەکراوەتەوە بەبێ ئاگاداری ئێمە وە چەندین پرۆژەشمان راگرتووە، یەکێك لەوانە پرۆژەیەکی ئاوی خواردنەوەیە کە پێنج مانگ لەسەر ئەوەی مەرجەکانی ژینگە پارێزی تێدا نیە چونکە ئێمە مەرجمان هەیە لەپێش دەستپێکردنی و لەکاتی دروستکردنی و دوای دانانیشی دەبێت چارەسەری پاشەڕۆکەشی بکات، ئەگەرنا رێگەمان پێنەداوە ئێستا دەمانەوێت یاسایەکە لێرە دەربچێت تا ئەو پرۆژانەی پێشتریش کراون بۆ نموونە کارگەی چیمەنتۆ لەسەر ئاوی خواردنەوە ئێمە ناڵێین کارگە نەبێت، لە وڵاتدا ئەبێ پێشکەوتن هەبێت، بەڵام پێشکەوتنەکە لەگەڵ مەرجەکانی پاراستنی ژینگە لەبەر ئەوەی ئەوان لەناو پاراستنی تەندروستی گشتیدایە، ئێمە دەمانەوێت ئەو یاسایە دەربچێت بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ ئەوانەشدا بکەین، تیممان دروست کردووە لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازی بەهاوبەشی بۆ ئەوەی مەسحی هەموو کارگەکانی کوردستان بکەین تابزانین چەند کارگەمان هەیە، جۆرەکانی چین ومەترسیەکانییان چین و چۆن کاردەکەن، وە پێویستیان بەچ چارەسەرێك هەیە، یەعنی ئەرکی ئێمە ئەوەیە، سەبارەت بەم پەتایەش ئێمە پێشتر ئاگادارمان کردوونەتەوە کە ئەگەر چارەسەری ئەم کێشانە نەکرێت، بۆیە حەزمان ئەکرد وەزیری شارەوانی لێرەبوایە کە کێشەی ئاو هەیە لە کوردستاندا، ئاوی ئاوەڕۆ تێکەڵ بەئاوی خواردنەوە دەبێ، ئەگەر چارەسەر نەکرێت، مەترسی نەخۆشی زیاتر ئەکەین، وەکو وتمان ئەم کۆلێرایە دکتۆریش باسی کرد ئەمە متەوەتینەو ناوبەناویش سەرهەڵدەداتەوە هەر بووەو بەس گرنگ ئەوەیە نەیەڵین تەشەنە بکات، هەر ڕاستەوخۆ لەگەڵ روودانی ئەم نەخۆشیەش لەبەر ئەوەی کە هەریەکێك لەئێمە و هەموو هاووڵاتیەکی کوردستانی پێوەی پەیوەندیدارە ئێمەش وەزیرێکین لەحکومەت پێمان وایە پەیوەندیمان هەیە، پێشمان وایە کە ئەرکی سەرشانی هەموومانە، ئێمە خۆشمان، من خۆم چوومە سلێمانی و بەڕێز دکتۆر زریانیشم بینییەو وئامادەییمان دەربڕیوە بۆ هەموو هاوکارییەك، تیمەکانی ئێمەش لەگەڵ تیمەکانی پشکنینی ئاو بەچاودێری بیرەکانی وسەرچاوەکانی ئاو هەموویان ئامادەبوون، من کات نەبوو راپۆرتێکی دوورو درێژم هێناوە کە چیمان کردووە، هەڵمەتی وشیاریشمان دەست پێکردووە لەیەکەم رۆژەوە لە

سلێمانی و ناوچەكانی تریش كە تائێستا بەردەوامە كە ئەوە كارێكی گرنگی هەیەو ئیشی لەسەر بكەین، كردنەوەی دەوراتی بەردەوامیش وەكو كۆبوونەوەی ئەنجومەنی باڵای پاراستنی ژینگە لەسەر نەخۆشی كۆلێرا وهۆكاری دروست بوونی وچی بكەین بۆ ئەوەی لە داهاتوودا شتی لەو بابەتە دروست نەبێتەوە، مەبەستم ئەوەیە ئێمە هەموو لەم فەترەیەدا ئەمانەشمان كردووە، ئەوەندەش كەپەیوەندی بەئێمەوە هەیە بەڵام دەبێ ئەوە بزانین ئەگەر هەرشتێك ناوی ژینگەی لێوە هات، ئێمە لێی بەرپرسیار نین، چونكە جار وا هەیە ژینگەی سیاسیشمان تێك ئەچێت، مەعنای ئەوە نیە ئێمە ئەبێ چاكی بكەینەوە، بەڵام ئەوەندەی لەتوانای ئێمە هەیەو وەكو وەزارەتی ژینگە كە وەزارەتێكی نوێیە، وەزارەتێكە تا ئێستا كادیری پرۆفیشناڵ لەبواری ژینگە زۆر كەمە، تا ئێستا وشیاری ژینگەیی لای ئێمە نیە، تا ئێستا كەمترین بودجە لەوەزارەتەكاندا هی وەزارەتی ژینگەیە، تا ئێستا بەرپرسانی ئێمە مەسئولیەت وئەهەمیەتی ژینگە وەكو پێویست نازانن، لەبەرئەوە ئیشكردنی ئەوێت پلانی ئێمەش پلانێكی ئیستراتیژی درێژخایەنە، من لەخزمەت بەڕێزتاندا باسێكم كرد لەرۆژی ژینگەی جیهانیدا كورتەیەك لەسەر بارودۆخی ژینگەی خۆمان كەی بێت من ئامادەم باس لەپلانی وەزارەتی خۆمان بكەم، چیمان كردووەو چی ئەكەین و چیمان پێیە بۆ داهاتوو بۆ بەڕێزتانی باس ئەكەم، لەبەر ئەوە ئێستا حەزناكەم بچمە سەر ئەو بابەتە، بەس تەنها دەمەوێت ئەوە بەبەڕێزتان بڵێم كە ئێمە بۆ هەموو ئەو كارگەی چیمەنتۆیانە كەباسكرا ئیشمان لەسەركردووەو هەندێكیان دادەخرێت وئەوانی تر فیلتەریان بۆ دادەنرێت، ئەگەر یاساكە دەرچوو چارەسەریش نەكرا، لەیاساكە هاتووە كە پێشیان دادەخرێت، بۆ پاشەرۆش باسكرا، زبڵ ئەوە راستە چارەسەری لە میزانیەی حكومەت بۆ وەزارەتی شارەوانی میزانییەك دانراوە بۆ چارەسەركردنی ئەركی ئەوانە بەس لەبەر ئەوەی كاریگەری خراپی هەیە لەسەر ژینگە، ئێمە بەڕاستی لەیەكەم رۆژەوە ئاگادارمان كردوونەتەوە لەگەڵ چەندین كۆمپانیا قسەمانكردووە، لەگەڵ هەندێك وڵاتیش قسەمان كردووەن یەكێك لەداواكارییەكانی ئێمە هاوكاریمان بكەن بۆ چارەسەركردنی زبڵ وە چارەسەركردنی ئاوی قورس و موعالەجەكردنی بۆ ئەو مەبەستە ئێستا وڵاتی چیك بەڵێنی پێداوین لەم هەفتەی داهاتوودا هەندێك كۆبوونەوەمان هەیە لەگەڵ وەزیری پیشەسازی ولەگەڵ وەزیری ژینگەی چیك، كە بتوانین ئەوان شتێكمان بۆ بكەن، یەعنی ئێمە هەرچەند بەپلەی دوو ئەركی ئێمەیە، ئەركی ئێمە چاودێرییە بەس، بەئەركی سەرشانی خۆمانی ئەزانین كە ئیشی بۆ بكەین، معالەجەی بكەین، چونكە ئەوە یەكێك لەكێشەكانە هەم كێشەی زبڵ هەم كێشەی ئەوەش، ئێمە بەدەر لەدەرچوونی یاساكەش تەعلیماتێكی زۆرمان دەركردووە بۆ پرۆژەكان، بۆ چارەسەری ئەوانە، من دوێنێ لەگەڵ بەڕێز وەزیری ناوخۆدا دانیشتم، وەزیری هەرێم بۆكاروباری ناوخۆ، بۆ ئەوەی چۆن هێزەكانی ئاساییش و پۆلیسیش هاوكارمان بن بۆ ڕێگرتن لەهەندێ دیاردەی خراپ كەدەكرێت وكاریگەری خراپی هەیە لەسەر خەڵك، یەكێك لەوانە خەڵكی زۆر لەناو ئەو شوێنی زبڵانە، بەڕاستی لەشوێنی كۆكردنەوەی زبڵ ئەگەڕێن بەدوای كەلوپەل وبەدوای شتی بەقیمەت یان بێقیمەت كەئەوە مەترسی هەیە، یەكێك لەبەڕێزان باسیكرد كە چۆن هێزەكانی پۆلیس هاوكارمان بكەن بۆ ئەوەی رێگە لەوانە بگرین، چونكە ئێمە هێزێكی تایبەت بەخۆمانمان نیە بەڕاستی، بەس لەگەڵ ئەوان دانیشتین تا هاوكاریمان بكەن ولەگەڵ وەزیری پێشمەرگەش دانیشتووین كەچۆن هاوكارمان بن بۆ مەنعكردنی ڕاوكردن ودار بڕین وبۆ كوژاندنەوەی ئەو ئاگرانەی كە ئەكەونەوە لەدارستانەكان، بەهەرحاڵ كاتەكەی ئێمە ئەوە نیە، بەڵام من بەڕێزتان دڵنیا ئەكەمەوە ئەوەی پێمانبكرێت تەقصیری ناكەین لەو

ئەمەنە کورتەدا دەتوانم بڵێم کارێکی باشمان کردووە، ئەوەندەی لەتوانامانـدا بـووە، بـەڵام هـەموو ئەوکارانەش پێویستی بە هاوکاری هەمووڵایەك هەیە هی دەزگاکانی حکومەت لەگەڵ وشیاری خەڵك بۆ ئەوەی جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە، کاك دکتۆر باسی ئەوەی کرد، ئەم نەخۆشیە لە وڵاتی خۆماندا ڕەگ و ریشەی هەیە، بەس یەکێك لەخاڵە گرنگەکان وشیارکردنەوەی خەڵکە کە ئێمەش وەکو ئەرکی خۆمان وەکو وتمان لەقوتابخانەکانەوە دەستمان پێکردووە، لە شوێنە گشتیەکانەوە تەنانەت مامۆستایانی مزگەوتمان کۆکردۆتەوە کەچۆن وشیار بن، خەڵك پاك وخاوێنی خۆی رابگرێت، بۆ ئەوەی بەدوور بین لەو نەخۆشیە، لە جۆرەکانی تریشی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا سوپاسی هەرسێ بەڕێز وەزیری تەندروستی وەزیری بازرگانی ووەزیری ژینگە و هەروەها میوانی بەڕێزمان دکتۆرە نعیمە سەفیری بەڕێوەبەری گشتی رێکخراوی تەندروستی جیهانی دەکەم، کەلێرە لەگەڵماندا ئامادەیە، کاك سعدیش وەزیری هەرێم، سوپاسی ئێوەی بەڕێز ئەکەم، سوپاسی هەردوو راپۆرتەکە ئەکەم، ئەم دانیشتنە بەگرنگی ئەزانم، بەدانیشتنێکی سەرکەوتووشی ئەزانم، ئومێدەوارم دانیشتنی وا لە ئاییندەدا زۆر ئەنجامبدرێت، بۆ ئەوەی بتوانین کێشەکانی هاووڵاتیان چارەسەر بکەین، ئەوەندەی لێپرسراوێتی پەرلەمانە، هەموو کەسێك مەسئولە، پەرلەمان مەسئولە، حکومەت مەسئولە، حزبەکان مەسئولن، تاکە کەسیش مەسئولە هەرکەسێك لەئاستی خۆی لێپرسراوێتیش جیاوازە تەبیعی بەتەئکید چەند لێپرسراوێتی زیاتر بێت مەسئولیەتی زیاترە، بەڵام بازرگانیش مەسئولە ئەگەر ئینسانێك زەمیری نەبێت، هەرلەبەر قازانجێکی بەپەلەو تایبەتی خۆی رەنگە گەورەترین زەرەر بە خەڵك بگەیەنێت، ئەو دانیشتنانە بۆ ئەوەیە بەدواداچوون هەبێت بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکرێت، هەماهەنگی هەبێت لەبەینی وەزارەتەکان، تێگەیشتن هەبێت، ئاستی رۆشنبیری خەڵك بەرزبکرێتەوە، ئاشنا بین بەو نەخۆشیە وبەترسناکی ئەو نەخۆشیە وبەچۆنیەتی رووبەڕوو بوونەوەی، ئومێد دەکەم بەزووترین کات بتوانین ئەو نەخۆشیە کۆتایی پێبهێنین، وەزارەتی تەندروستی بەرنامەکەی سەرکەووتوو بێت ووەزارەتی شارەوانی هەنگاوی باش بنێت بۆ چاککردنی ئاو و ئاوەڕۆ، وەزارەتی بازرگانی هەنگاوی باش بنێت بۆ چاککردنی مەسەلەی خۆراك و هاتنە ژوورەوەی خواردنە ئیکسپایەرەکان یاخود ئەوانەی کەوەختی کەمیان ماوە قەدەغە بکات و وەزارەتی ژینگە باشتر چاودێری دام ودەزگاکانی حکومەت بکەن وئێمەش لەپەرلەماندا پشتگیری لەوە دەکەین بەزووترین کات ئەو یاسایانەی کە باسیان کرد وئاماژەیان پێکرد، دێنە پەرلەمان لیژنەی یاسایی ولیژنەی پەیوەندیدار بەزووترین کات پاش ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ئەکەین، بخرێتە بەرنامەو زوو تەواوی بکەین، لێرەدا کۆتایی بەدانیشتنەکەمان دێنم، بەیانی سەعات 11 دانیشتنێکی تایبەتمان هەیە بۆ گوێبیستن لەوەزیری پەروەردە، رۆژی 24ی ئەم مانگە دوو شەمی داهاتوو وەزیری شارەوانی بانگهێشت دەکرێت بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، ئەگەر نوقتەی نیزامی نەبێت قسەت ئەبڕم، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راپۆرتەکان تەنها بۆ باسکردن نیە، بەڵکوبەرزکردنەوەشە بۆ حکومەت بۆکاری پێویست، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامی نیە، چونکە بەرز کراوەتەوەو راپۆرتەکانمان ناردووە، دەبوایە ئەوەش بزانیت راپۆرتەکان رۆشتن بەشێوەیەکی رەسمی، وەزیرەکانیش کەهاتن لێرە باسیان کرد، وەڵامی ئەو راپۆرتە بوو، بۆیە من باسم نەکرد، تا سبەی سەعات 11 بەخێر بێن سەرچاو.

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان - عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (5)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 18\9\2007

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5)

## سێ شەممە ڕێکەوتی 2007/9/18

کاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2007/9/18 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبداللە (د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (5)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (5)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری پەروەردە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کەلەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە ئاراستەی بەڕێزیان کرابوو لەدانیشتنی ژمارە(3)ی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2007/9/12.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (5)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2007/9/18دا بەم شێوەیە بێت:

1- ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری پەروەردە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی كەلەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە ئاراستەی بەڕێزیان كرابوو لەدانیشتنی ژمارە(3)ی رۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 2007/9/12. بەخێرهاتنی بەڕێز كاك دڵشاد وەزیری پەروەردە دەكەین كە بۆ ئەم مەبەستە لێرەدا ئامادەیە، داواشی لێ ئەكەین بێت لە شوێنی دیاری كراو دابنیشێت، بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەكانتان، دیارە هەر بەموختەسەری باسی ئەوە بكەین كە ئەو دانیشتنەی رۆژی 9/12 ئەنجامدرا لێرەدا تەرخانكرابوو بۆ گفتوگۆكردن لەسەر بەرنامەی وەزارەتی پەروەردە و ئەو گۆڕانكارییانەی كە پێشنیار كرابوون بۆ تەدریبات بەتێروتەسەلی باسكرا دواتر ئێوەی بەڕێز چەندین پرسیارتان لە جەنابی وەزیر كرد، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە ئەم دانیشتنەمان بڕیاردا، چونكە پرسیارەكانتان جۆراو جۆر بوون، پێویستی بەوە بوو كە ئەویش یەكە یەكە وەڵامتان بداتەوە، ئومێد دەكەم كە بەرنامەی وەزارەتی پەروەردە كە دەمێك بوو چاوەڕوانمان ئەكرد، ببێتە هۆكارێك، وەزارەتەكانی تر كە پێویستە بەرنامەیان بگۆڕن یان سیستەمەكەیان بگۆڕن، لەگەڵ ئەو پێشكەوتنانەی لەعێراقدا ئەنجامدراوە چاوەڕوان دەكرێت ئەوانیش بەبەرنامەیەكی دەوڵەمەند تر بەسوود وەرگرتن لەئەزموونی وڵاتانی پێشكەوتووی دەرەوە هەرچی بكرێتن لەخزمەتی گەلی كوردستاندا بیكەن، ئێستا داوا لەمامۆستا دڵشاد وەزیری پەروەردە دەكەم بفەرمووێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەكانتان.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەم كاتەتان باش، خۆشحاڵم ئەمڕۆ بۆ جاری دووەم لەگەڵ ئێوەی بەڕێز كۆ دەبینەوە بۆ ئەوەی هەم وەڵامی پرسیارو سەرنجەكانتان بدەینەوە، هەم ئەگەر روونكردنەوەیەكی زیاتر پێویست بێت لەو بوارانەدا بخەینە بەردەم ئێوەی بەڕێز ، سەرەتا لەبەڕێز كاك هیوا كە پرسیاری ئەوەیكرد سێ زمان گرنگی پێبدرێت ئینگلیزی وعەرەبی وكوردی، بێگومان لەبەرنامەی وەزارەتی پەروەردەدایە كە عەرەبی كەزمانی رەسمی عێراقەو زمانی رەسمیە لە هەرێمی كوردستان، ئەبێ ئێمە گرنگی تەواو بەوە بدەین، ئەوەی لەپرۆژەكەدا هاتووە، لەبەر ئەوەی ئینگلیزی جاران ئەو گرنگیەی پێنەدراوە، بۆیە ئێمە تەنها وەكو نموونەیەك لە پرۆژەكەماندا باسمان كردووە، مەبەست لەوانەی ئینگلیزی چیە، دەنا بەهەمان شێوە زمانی عەرەبیش لیژنەی بۆ دانراوە كە ئەمانەوێت پرۆگرامەكەی بەشێوەیەك دابڕێژین قوتابی وخوێندكار لەماوەی ئەو چەند ساڵەی كە لەناوەندی وئامادەیی و سەرەتاییدا زمانی عەرەبی ئەخوێنێت، بتوانێت هەم بەنووسین هەم بەقسەكردن فێری زمانی عەرەبی ببێت، واتە پێویستە كتێبەكانی ئێمە،

پرۆگرامەکانی ئێمە بەشێوازێك بگۆڕدرێت کە فێری ئەوە ببین کە چۆن بنووسین، کە چۆن قسە بکەین، بەداخەوە ئەوسیستەمە کۆنەی پێشوو کەزمانی عەرەبی پێ خوێنراوە ئەوە ئەو ئامانجە ناپێکێت، بۆیە ئێستا لەگۆڕینی ئەوەداین بەهەمان گرنگی پێدانی ئینگلیزی زیاتر نەبێت کەمتر نیە بۆ زمانی عەرەبی، لەبەر ئەوەی گرنگیەکەی بەرچاوی هەمووانە، بەڕێز هالە خان پرسیاری ئەوەی کرد ئایا ئەوانەی کە لەشەشی ئامادەیین پار بڕیارێکمان دەرکردبوو کە دەرسێك یان دوو دەرس بکەون تەنها ئەو دوو دەرسە تاقی کردنەوەی تێدا ئەکەنەوە، ئایا هەمان بڕیار ماوە، بەڵێ ئەمساڵیش هەمان بڕیار ماوەو ئەو بڕیارانەی کەساڵی پار بۆ ئەزموونەکانی شەشی ئامادەیی دران هەموویان وەکو خۆیان جێبەجێ ئەکرێن، هەر لێرەشەوە بۆ ئێوەی بەڕێز و سەرجەم ئەوانەی کەپرسیار لەوە ئەکەن ئایا ئەم سیستەمە ئەمساڵ لە چ قوناغێکدا جێبەجێ ئەبێت ئایا ئەوانەی کە ئێستا لەشەشی ئامادەیین ئەو سیستەمەیان بەسەرا جێبەجێ ئەکرێت، کەلە 60 کەمتری هێنا لەزانکۆکان وەرناگیرێن، یان لە75٪ ئێمە ئەمساڵ قۆناغ بەقۆناغ، ساڵ بەساڵ ئەو سیستەمە جێبەجێ ئەکەین، ئەوانەی ئەمساڵ لەشەشی سەرەتایین تاقی کردنەوەی بەکالۆریای شەشی سەرەتاییان نامێنێت، ساڵێکی تر ناچنە یەکی ناوەندی، ئەچنە پۆلی حەوتی بنەڕەتی، ساڵێکی تر ئەوانەی لەچواری ئامادەیین ئەمساڵ ئەو ڕێژەی لە10٪ی کۆ نمرەیە بۆ ئەوانە ئەژمار ئەکرێت کە ئەمساڵ لەچواری ئامادەیین، هەر ئەوانەی کەلەچوار ئەچنە پێنج دوای ئەوەی کە ئەچنە پێنج لە 15٪یان بۆ ئەژمار ئەکرێت، واتە ئەو تێکڕای نمریە ساڵ بەساڵ ئەڕوات، ئەوانەی ئەمساڵ لەیەکی ناوەندین لە 15٪ی کۆنمرەکەیان بۆ ئەژمار ئەکرێت، بەڵام ئەوانەی کە ئێستا لەسێی ناوەندین یان لەدووی ناوەندین یان لەپێنجی ئامادەیی وشەشی ئامادەیین، ژمار کردنی کۆنمرەکەیان وەکو ساڵانی پێشووتر ئەڕوات، بۆ وەرگرتن لەزانکۆکان، کەلە 60٪ کەمتر بێنێت لە ئامادەیی ئایا لەزانکۆ و پەیمانگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا وەرئەگیرێن، وە ئێستا ئێمە لەدیراسەکردنی ئەوەداین بزانین ڕێژەی ئەو قوتابی وخوێندکارانەی کەلەپەنجا کەمتریان هێناوە، ڕێژەکانیان چەندە، دوای ئەوە لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا لەماوەیەکی نزیکدا ڕوونکردنەوەی تەواو ئەدەین، بزانین ئەمساڵ ئەو بڕیارانە جێبەجێ ئەکرێت یان نا، ئاسانکاری بۆ هەر بەڕێز هالە خان، بۆ دەوڵەمەندەکان بۆ ئەوەی کەهانیان بدەین بۆ ئەوەی بینای قوتابخانەمان بۆ دروست بکەن، دیارە لەڕاستیدا ئەوە ئێمە خەریکی گەڵاڵە کردنی پرۆژەیەکین بۆ هاندانی دەوڵەمەندەکانی کوردستان بۆ ئەوەی قوتابخانەو خوێندنگە لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان دروست بکەن، ببەخشرێن لەکۆمەڵێك باج کەکاتی خۆی ئەسەندران بۆ دروستکردنی مزگەوتەکان، هەروەها ناوی خۆیان بەخودی قوتابخانەو خوێندنگەکانەوە بێت، بۆ ئەوەی هاندانێکیان بۆ بکەین، جگە لەوە ئێمە ئێستا وەکو وەزارەتی پەروەردە ئەمساڵ بڕیاری ئەوەمانداوە ئەگەر هاتوو دەوڵەمەندەکان بینا دروست بکەن وەکو چۆن بینای بازرگانی دروست ئەکەن بینا دروست بکەن بۆ قوتابخانەو خوێندنگەو باخچەی ساوایانیش بشێت ئێمە لێیان ئەگرین بەکرێ، بەڕاستی مەرج نیە حکومەت خۆی بینا دروست بکات، ئێمە ئێستا پێویستیمان بەسەدان بینا هەیە، بەڵام زۆر دەوڵەمەندمان هەیە ئەتوانێ پارەکەی خۆی وەبەربهێنێت لە دروستکردنی

بینایەکدا تەنانەت لەناحیەو گوندەکانیشدا ئەتوانێ بینایەکی تێدا دورست بکات، ئێمە لێی ئەگرین بەکرێ، لەبەر ئەوەی ئەتوانین چەند بودجەی پێویست بێت بۆ بەکرێدان ساڵانە پەیدای بکەین وبیدەین، بەڵام رەنگە بۆ دروست کردن ئەو توانایەمان نەبێت، بەڕێز کاك دکتۆر نوری ئیشارەتی بەوەدا کە پەروەردە لەخێزانەوە دەست پێدەکات و پێویستە گرنگی بە هاوکاری خێزان بدرێت، بێگومان لەپرۆژەکەی ئێمە دیدارێك هەیە بەناوی دیداری گەشەوە کە پێویستە لەمەودوا خێزان وکۆبوونەوەی دایکان وباوکان لەگەڵ قوتابخانەکاندا تەنها شتێکی شکلی نەبێت، ئەوەی ئێمە بینوویمانە خۆشمان رەنگە چووبینەتە قوتابخانەکان تەنها دایك وباوك بانگی مامۆستاکەی ئەکات ئایا منداڵەکەی لەقوتابخانە لەو دەرسە چۆنە، ئاستی بەرزە، نزمە تەواو، بەڵام بەڕاستی ئیتر پێویستە هەروا نەبێت، بەڵکو پێویستە بەشدارییەکی کارا بکەن لە ئیدارەکردنی قوتابخانەکەو رەئیان هەبێت تەنانەت لەسەر خودی بەڕێوەبەرو خودی ئەو مامۆستایانەش، بۆیە لێرە بەدواوە بەرنامەی کاری قوتابخانە دائەنرێت، ئەمساڵ لە هەموو قوتابخانەیەك بەرنامەیەکی کاری ئەبێت، ئەبێ لەکۆتایی ساڵ ئێمە بەدواداچوونی بۆ ئەکەین تا بزانین چەند لەو بەرنامەیەیان پەیڕەو کردووە، یان چەند لەپلانی ساڵەکەی سەرکەوتوو بووە، بەپێی ئەو پلانە ئەو قوتابخانەیە هەڵدەسەنگێنرێت، بەڕێوەبەر هەڵدەسەنگێندرێت لەکاتی پێویستدا گۆرانی تێدا ئەکرێت وخەڵکی تری پسپۆڕی بۆ دائەندرێت، کاك زمانی کوردی کاك دکتۆر دیسان ئەو پرسیارەی کرد، ئێمەش ئەپرسین بێگومان زمانی کوردی یەك زمانە، بەڵام کۆمەڵێك زاری هەیە، لەبەر ئەوە بڵێین کام جۆرە نووسین لەزمانی کوردیدا، بێگومان ئەمە کێشەیەکە ئێمە دەمێکە ئاماژەمان پێکردووە، لێرەش باشترین شوێنە کەلەپەرلەمانی کوردستاندا ئاماژەی پێبدەین، بۆ جەنابی سەرۆکی هەرێمیش لەکۆبوونەوەیەکی تایبەتدا باسم کردووە، کە بەڕاستی نەدۆزینەوەی چارەسەرێکی خێرا بۆ دارشتنی یاسایەك کەبەیاسایەك لەم پەرلەمانەوە دەربچێت هەموومان پابەندی بین بەچ زمانێك بنووسین کتێبەکانی خوێندنمان، هەروەها نووسراوە رەسمیەکانمان، ئێستا نووسراوە فەرمیەکانی حکومەتی هەرێمیش جیاوازە بەڕاستی، لەبەر ئەوە پێویستی بەدارشتنی یاسایەك هەیە بۆ دیاریکردنی زمانی نووسینی کوردی کەلەلایەن کۆمەڵێك پسپۆڕو شارەزای زمانەوانی بڕیاری لەسەر بدرێت، ئەمە بابەتێك نیە بۆ دەنگدان خەڵك دەنگ بدات بۆ ئەوەی ئێمە بەچ شێوە زمانێك بنووسین یان بخوێنین، ئەمە ئیشی پسپۆڕی زمانەو دواتر بڕیاری سیاسی هەیە، بڕیاری سیاسیش مەبەستمان هەر سێ سەرۆکایەتیەکەیە بەیەکەوە، سەرۆکایەتی هەرێم، ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان، بۆیە منیش داوا لەئێوەی بەڕێز ئەکەم کە ئێوەش رۆڵی کارا ببینن، بەتایبەتی ئێستا کەکۆڕی ئەکادیمیای کوردی دانراوەتەوە، بۆ ئەوەی ئێمە لەپاشاگەردانی نووسین رزگارمان بێت و زیاتر بونیادی نەتەوەییمان بەهێز بێت و گیانی نەتەوەییمان بەهێز بێت، بەڕێز مامۆستا محمد فرج ئاماژەی بەچەند خاڵێکدا کە ئایا تەنها گرفت سیستەمەکەیە یان کۆمەڵێ شتی تریشە، بینا، کتێب، کۆمەڵێ شتی تر، ئێمە کەئەم پەیکەری رێکخستنەمان گۆڕیوە چەند ئامانجێکمان بۆی هەبووە، ئامانجەکانیش لەکۆبوونەوەی رابردوو باسمان کرد بۆیان، گرنگترینی ئەو ئامانجانەی لەم پەیکەری سیستەم

گۆڕینەدا هاتووە دەستکەوتی ئەبێت، ئەوەیە کە ئیتر چیتر منالآنی کوردستان ئەم سیستەمە نایانخاتە دەرەوەی خۆی، بەڵکو رایان ئەکێشێتەوە بۆ بەردەوام بوون لە پۆلەکانی خوێندن، منداڵێك لەتەمەنی پەپولە ئاسایی لە 5 ساڵیدا پێی ناڵێیت تۆ راسبی، تۆ کەوتووی، ئیتر بۆ ئەوەی جارێکی تر نەچێتەوە بۆ قوتابخانە، لە ترسی تاقیکردنەوە بەیانیان لەناو جێگاکەی خۆی نامێنێتەوە و بەزۆر بینێری، چونکە تاقیکردنەوەی هەیە، ئەو دڵە راوکێیەی ناهێڵی، لە یەك ولەدوو وسێی سەرەتایی تاقیکردنەوەی بۆ ناهێڵین، کەوتنی بۆ ناهێڵین، هەم دایك وباوکی ئاسوودە دەبێت، بێگومان دایك وباوکانی ئێمە لە زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان هەژارو کەم دەرامەت وتوانای ئاستی رۆشنبیریان دیاریکراوە، ئەمە وائەکات هەمووان دڵنیا بن لەوەی کە منداڵەکەیان ئەمساڵی تەمەنی بەو بەفرو سەرماو نەبوونیە ئەچێتە خوێندن پێی ناڵێیت ساڵێکی تر لە پۆلەکەتی، کەوابێ ئێمە ئەیهێڵینەوە لەسیستەمەکەی خۆمان نایخەینە دەرەوە، هەرکاتێك پەروەردە کۆمەڵێ منداڵی خستە دەرەوەی خۆی بەبیانووی ئەوەی تەمەڵە، بەبیانووی ئەوەی کەوتووە، ئەوە فەشەلی پەروەردە خۆیەتی، لەبەر ئەوە ئیشی پەروەردە پێگەیاندنی هەموو تاکێکی ئەو گەلەیە بۆ ئەوەی ئاستی زانستی وابێ دەربچێت، جا من ئیشم چیە کەبەتۆم گوت زیرەکی ودایك وباوکی لەماڵەوە دەرسی پێئەڵێن و ژینگەیەکی زۆر گونجاوی هەیە، منداڵێکی تری هەژاریش هەمووی نەخوێنەوارە بەو بڵێم تۆ ئافەرین دەرچوویت وبەویش بڵێم تۆ کەوتووی، ئەی من چیم کرد، ئەوە من ئەرکی خۆمم جێبەجێ نەکردووە، لەبەر ئەوە بەڕاستی لەم سیستەمە ئەرکی پەروەردەکاران و مامۆستایان و سەرپەرشتیاران لە وەزارەت زۆر گرنگتر دەبێت بەرامبەر بەوە ئاسوودەییەك دەدات بە منداڵان وئەیانهێڵێتەوە لەناو پەیکەری رێکخستنەکەی خۆی هەتا ئەگەنە ئاستێك ئیتر خۆیان وشیاری پەیدا ئەکەن، بۆیە ئێمە هەتا سێی سەرەتایی تاقیکردنەوە بەهیچ شێوەیەك ناهێڵین، کەوتنیش نامێنێت لەدوای ئەوە تاقیکردنەوەی ئاسایی پەیدا ئەبێت، نیوەی ساڵ لە هەموو قۆناغەکان ناهێڵین ئێمە وا ئەکەین مانگێك، یەك مانگی رەبەق خوێندن درێژە پێبدەین بۆ ئەوەی کتێبەکانمان تەواو بکەین، جگە لەگەڕانەوەی بودجەش بۆ حکومەت ووەزارەت، دیسانەوە کەوتن، نەمانی کەوتن لە خولی یەکەم وبواردان بەهەموو قوتابی وخوێندکاران کەچەند دەرس کەوتبن بۆ خولی دووەم، ئەمە ئامانجێکی تری پەروەردەیی ئەپێکێ، ئێمە وەبەرهێنان لەبودجەکەی خۆماندا وەکو وەزارەتی پەروەردە نرخی ئەو پارەیەی کە من سەرفی ئەکەم بەچی دەستم ئەکەوێتەوە بەدەرچوونی ئەو قوتابی وخوێندکارانەیە کەلەپۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تردوای بەدەست هێنانی ئاستی زانستی پێویست، کەواتە چ مەنتقێکی تێدایە ئەگەر هاتوو قوتابییەك سێ دەرس کەوت مەجالی نەدەم دوای سێ مانگ تاقیکردنەوە بکاتەوە، ئەڵێ باشە من بەهەر بارودۆخێکەوە بێت من کەوتم دوای ئەم سێ مانگە من خۆم ئەخوێنم، مامۆستا ئەگرم، دایکم دەرسم پێئەڵێت، دراوسێکەم، رەفیقەکەم رێگەم بدە با تاقیکردنەوە بکەم و ئەگەر دەرنەچووم بمهێڵەوە، چ مەنتقێکی تێدایە ڕێگەی نەدەم، بەس ئێمە پێویستە مەرجی رەخنە گرتنمان هەبێت لەهەموو ئەو بڕیارانەی کە هەبوون وهەن، لەبەر ئەوە هیچ بڕیارێك موقەدەس وپیرۆز نیە، هەمووی شایەنی

گۆڕینە،ئەگەر توانی لەماوەی ئەو دوو مانگ، سێ مانگەدا ئەو ئاستە زانستییەی من ئەمەوێت وەریبگرێت و فێر ببێت، کەواتە من قازانجم کرد، نرخی ئەو بودجەیەی کەسەرفم کرد دەسکەوتی باشم بەدەست هێنا، خێزان قازانجی کرد، کۆمەڵگە قازانجی کرد، بۆیە بەڕاستی ئەم بڕیارانە وا ئەکەن لەخودی ئەو بینایانەی کەهەن، کە ئێمە ئەڵێین بینا گرنگ نیە، مەبەستمان ئەوە نیە بینا بۆ پرۆسەی پەروەردە گرنگ نیە، بێگومان بینای یەك دەوام بینایەك کەژینگەیەکی خۆشی هەبێت، باخچەی تێدا هەبێت، شوێنی یاری تێدا هەبێت، رووناکیەکانی دیاری کرابێ، رەنگەکانی دیاریکرابێ، ئەو بنەمایانە زۆر گرنگن بۆ پرۆسەی پەروەردە، بەڵام ئێمە ئەتوانین لە خانووە قوڕەکانیشدا ئەم سیستەمە پەیڕەو بکەین، بەڕێزینە کە من ئەڵێم بینا گرنگ نیە مەبەستم لەوەیە، ئێمە ئەتوانین لەو قوتابخانەی گوندەی کە دڵۆپە لەبنمیچەکانی دێتە خوارەوە ئەو منداڵە بەخۆشەویستی پەروەردە بکەین، وای لێ بکەین بێتەوە بۆ قوتابخانە، نەك بچێتە دەرەوە، ئەتوانین بەو سیستەمە کۆنەی کەهەمانبووە چەندین قوتابی وخوێندکار لە بینای زۆر باشیشدا وازیان لەخوێندن هێناوە، رۆشتوون وفەشەلیان هێناوە، کەوابێ کە ئەڵێین بینا ئێمە ئەهەمیەتی گرنگی بینا زۆر باش ئەزانین، هاوتەریب وهاوزەمان لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە ئەبێ بەئەقاری دروستکردنی بینای گونجاویشدا بڕۆین بەڵام بەڕاستی بەڕێزینە زەمەنێکی زۆر لەکیسی ئێمە چووە، سەدان ساڵمان لەکیس چووە، کاتی ئەوە نەماوە چاوەڕێ بکەین، لەبەر ئەوە گۆڕان پرۆسەیەکی بەردەوامە، ئێمە ئەمە ئەگۆڕین، بینا دروست ئەکەین، ساڵێکی تر شتێکی تازەتر دێت، ئەبێ بیگۆڕین، ماوەی پێشوو سەردانێکی بەریتانیامان کرد لەسەر دەعوەتی ئەنجومەنی رۆشنبیری بەریتانی، پێش ئەوەی بچمە کۆبوونەوە لە (b.b.c) دوای ئەوەی کەحکومەتی بلێر گۆڕابوو یەکسەر وەزارەتە نوێیەکە سەیر ئەکەم بڕیاری داوە ناوی وەزارەتی پەروەردە بگۆڕێت بۆ وەزارەتی منداڵان وقوتابخانەو پەروەردە، سێ وەزارەتی تێکەڵاو کردووە، یەکسەر بڕیاری گۆڕینی هەموو پرۆگرامەکانی خوێندنی ئامادەییەکانی داوە، لەبەر ئەوەی کەوا مەناخ گۆڕاوە، ئاو وهەوا گۆڕاوە، دونیا گۆڕاوە خۆیان ئەبینن لەگەل ئەمریکاو وڵاتانی تر کەسیستەمەکەیان پێویستی بەگۆڕین هەیە، کەوابێ مانای ئەوە نیە ئەبێ بەم گۆڕینە کۆتایی دونیا بێت، پێویستە بەڕاستی سوود لەهەموو شوێنێکی دونیا وەربگرین بۆ ئەوەی بەردەوامی پێبدەین، نەك بێین دابنیشین تا 10 ساڵی تر تا بینایەکان تەواو ئەبێت ئینجا بڵێین وەرن بەڕێزینە باشتێك دروست بکەین، نەخێر ئەبێ لەهەموو بوارەکاندا ئێمە ئیش بکەین، هەموو کتێبەکە بخوێندرێت، کاك محمد فرج ئاماژەییەکی جوانی پێدا، بەڵێ بێگومان ئێمەش بڕیارمانداوە هەموو کتێبەکە بخوێندرێت، بەڵام چۆن هەرموو بڕیارێك ئەگەر میکانیزمی جێبەجێکردنی بۆ نەدەین بەڕاستی بڕیارێکی ئیفلیج وسەرنەکەوتوو دەردەچێت، بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە هەر لەهەفتەی رابردوودا ئێمە لیژنەیەکمان پێکهێناو داڕشتنی بەرنامەمان بۆ کردووە، کەلەهەموو قۆناغەکانی خوێندن وەکو عەرزم کردن ئێمە لەسەرەتاییدا تاقیکردنەوەکان ناهێڵین، ئاسوودەیی ئەدەین بەمنداڵ، بەڵام کەوردە وردە پێش ئەکەوین فلتەر دائەنێین، لەهەموو قۆناغەکانی خوێندن بۆ نموونە لەقۆناغی حەوت ماددەی فیزیا، مانگی چوار پلانی پەروەردەیی

هەیە، مامۆستا پێویستە بزانێت پێی وتراوە تا مانگی چوار تۆ چەند فصڵ لەکتێبی فیزیا تەواو ئەکەیت، ئەبێ لەمانگی 4دا تەواوی کردبێ، ئەڵێن لەقەزای سۆراندا هەموو قوتابخانەکانی قەزای سۆران لە پۆلی حەوت تاقیکردنەوەی مانگی چوارتان موشتەرەکە، پرسیاری هاوبەش دائەندرێت لەپەروەردەی گشتی هەولێرەوە پرسیاریان بۆ ئەچێت تاقیکردنەوە بکەن، بەمە مامۆستا وا لێئەکەین، ببورن کەئەڵێم ناچاری ئەکەین، لەبەر ئەوە بەداخەوە ئێمەمانان زۆربەی زۆرمان ئەو ئەرکەی کەپێمان وتراوە ئەو وەسفە وەزیفیەی کەهەمانە بۆ خودی خۆمان، بەداخەوە زۆر جێبەجێی ناکەین، لەبەر ئەوە ئەبێت میکانیزم دابنێین بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانمان وای لێ ئەکەین تا مانگی 4 کتێبەکەی بەشی ئەوەی خوێندبێت، لەبەر ئەوەی پرسیاری هاوبەش هاتۆتەوە تێیدا کەوابێ ئەبێ بۆ ئەوەی کتێب تەواو بکەین نەك تەنها لەقۆناغی کۆتایی شەشی ئامادەیی وقۆناغەکانی سێدا کتێب تەواو بکرێت، بەڵکو پێویستە لەهەموو قۆناغێکدا کتێب تەواو بکرێت، کە ئەمە ئامانجێکی تر ئەپێکێت، ئەویش بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیە، ئەو میکانیزمە ئێمە ئەمساڵ جێبەجێی ئەکەین، لە زۆربەی زۆری قۆناغەکاندا وا ئەکەین کە پرسیاری هاوبەش بێتەوە ئەمە دڵە ڕاوکێیەکی تری کەسوکاری قوتابیان وخوێندکارانیش ئەڕەوێنێتەوە، ئەوانەی کە وا ئەزانن لە 10%ی کۆ نمرە کەلەپۆلی چواری گشتی دانرا، رەنگە هەندێك قوتابخانەو مامۆستا ئەو لە 10%یە بەئارەزووی خۆیان ببەخشن بەقوتابی، چونکە ئەوە کاردەکات بۆ وەرگرتنی لە زانکۆ یان ئەو لە15%یەی پۆلی پێنج رەنگە یاری پێ بکرێت، لەلایەن چەند مامۆستایەك وچەند بەڕێوەبەرێکەوە، بەڵام ئەو تاقیکردنەوە هاوبەشانە وائەکات کۆنترۆڵی ئەو دیاردەیەش بکرێت، حەق وعەدالە بپارێزین بۆ ئەوەی ئەو لە 10% ولە 15%یەش کەس بەئارەزووی خۆی نەیدات بەتەلەبەیەك کە مەبەستێتی، یان جاری واهەیە لەسەر ئاستی قەزایەك کێ بڕکێ ئەکرێ بۆ ئەوەی تا خوێندکارەکانی ئەوان ئەو رێژەیە بەدەست بهێنن، دێن دەستکاری لە دەرەجەکان ئەکەن، لەبەر ئەوە میکانیزمەکانی ئێمە لە کۆنترۆڵکردنی ئەوە پرسیاری هاوبەشە لەسەرجەم کتێبەکەدا بەپێی ئەو مانگانەی کە ئەیخوێنن، تەدریج هەبووایە، هەر پرسیارێکی مامۆستا محمد فرەجە پەلەکردنی تێدایە، بێگومان پەلەکردنی تێدا نیە، بەڵکو بەڕاستی زۆریش دواکەوتووین و تەدریجیشە، ئێمە ساڵ بەساڵ لەگەڵیا ئەڕۆین وەکو عەرزم کردن ئێستا ئەوانەی ئەمساڵ لەشەشن، ئەو سیستەمە بەسەریاندا جێبەجێ ئەکرێت، تاقیکردنەوە نادەن، ئەچێنە حەوت، ساڵیش زۆر زۆرە، ئێستا وەکو جاران نەماوە، ئێمە لەدونیادا رۆژانە پەیوەندی ئەکەین بەهەموو دونیاوە ئەتوانین ئەو زانستەی جاران بەشەش مانگ وەرمانئەگرت ئێستا لەخیلالی سەعاتێکدا وەریبگرین، بەڕاستی برایان، بەڕێزان، لەبەر ئەوە زۆر شت هەیە، ئەبێ ئێمە لەگەڵ زەمەنیشدا پێشبڕکێمان هەبێت، خوێندنی تایبەت باسی سودان ئەکات بەتایبەت نموونەیەکی هێناوەتەوە هەموو قوتابخانەکان یەك دەوامن، بێگومان زۆربەی زۆری وڵاتان قوتابخانەکانیان یەك دەوامە، لە زۆربەی زۆری وڵاتان وەزارەتی پەروەردە گرنگیەکی زۆر زۆرو بەرچاوی پێدراوە، لەبەر ئەوە بیری ئایندەی هەموو کۆمەڵگایەك، ئێمەش بەئومێدی ئەوەین لەنزیکترین دەرفەتدا وای لێبێ قوتابخانەو خوێندنگەکانی ئێمەش یەك دەوام بن، بۆ ئەوەی

بتوانین بەهەموو شێوازێك لەشێوازەكان هەوڵی ئەوە بدەین، بەڕێز كاك دكتۆر ناصح، چەند ڕوونكردنەوەیەكی هەبووە كە داوای ئەوە ئەكات ئەمە پەرلەمان ڕێگەی پێبدرێت، بەزووترین كات جێبەجێ بكرێت، منیش دەنگم ئەخەمە پاڵ ئەو دەنگەی كاكە دكتۆر وهیواداری ئەوەین كە بەپشتیوانی ئێوەی بەڕێز بتوانین لەزووترین كات ئەم سیستەمە جێبەجێ بكرێت وسەركەوتن بەدەست بهێنێت، دیسانەوە لەپرۆژەكەدا هەیە ئێمە هەڵسەنگاندمان داناوە كەهەموو ساڵێك ئەم پرۆژەیە هەڵئەسەنگێنرێت بەبەردەوامی خاڵە نەگەتیڤەكانی وەلا ئەندرێت وپۆزەتیڤەكانیش پشتگیری لێ ئەكرێت، پرسیارێكی كردۆتەوە، دیسانەوە كاك دكتۆر كە كۆلێژی ئەزمەڕو كۆلێژی قەڵا پێوەریان چیە، كۆلێژی ئەزمەڕو كۆلێژی قەڵا دوو كۆلێژن بۆ بەهرەداران كەبەمەعنای كەلیمە بەهرەدارن، جاران لە ئیدارەی پێشوو لە هەولێر كۆمەڵێك خوێندنگاو قوتابخانە كرابوونەوە بەناوی بەهرەداران لە هەولێر ولە دهۆك، لەڕاستیدا ئەوانە ناوەكەیان هەڵە بوو، ئێمە ناوەكەیمان گۆڕی بە نموونەیی، لەبەر ئەوەی بەهرەدار تەنها بەكۆنمرە بەهرەدار نیە ئەوەی نەوەدی هێنا بەهرەدار بێت، بەهرەدار هەیە نەخوێندەوارە ئەو بەهرەدارە، لەبەر ئەوە ئەو ناوە لەگەڵ ئەو خوێندنگاو قوتابخانانەدا نەئەگونجا، تەنها ئێمە دوو قوتابخانەمان كردۆتەوە بەناوی بەهرەداران كەیەكێك لەسلێمانی وئەوی تریان لە هەولێر، یەكێكیان حەوت ئەوی تریان هەشت قوتابی وەرگرتووە، ئەمانە كۆمەڵێك پێوەری دەروونی و زانستی و كۆمەڵێك مامۆستای دەروون ناس، مامۆستای زانستی تێدا بووە، چاوپێكەوتنمان لەگەڵ ئەو قوتابی وخوێندكارانەدا كردووە، كە ڕێژەی دەرچوونیان زۆر بەرزبووە، لەهەموو ئەوانە وەكو وتم لەو دووپارێزگایە تەنها 15 قوتابی و خوێندكار وەرگیراون كە ئەمانە سیستەمی خوێندنیان جیاواز ئەبێت، بەرنامەی جیاوازیان ئەبێت، وەرگرتنیشیان لەزانكۆكاندا جیاواز ئەبێت، بەئومێدی ئەوەین كەئەوانە لەئاییندەدا ببنە زاناو زانستی بواری خۆیان، ئەوانەی لەشەشی سەرەتاییەوە دەرئەچن، بەس تەنها ناوەكەی كۆلێژە ئەوە وەكو كولیەی بەغداد كەهەبووە چەندین ساڵەو وەكو عەرزیشم كردن، لەكۆی 9 قوتابی لەبەغدا ئێستا ئەوانە چاوەڕیی ئەوەیان لێئەكرێت كە ببنە زانا لەبواری ئەو زانستانەی كەوا خۆیان پێیان خۆشە، دیسان پەروەردەی مەدەنی كە پرسیار كراوە، زمانەكەی بێگومان داڕشتنی زمانی پەروەردەی مەدەنی وزۆر كتێبی تریش پێداچوونەوەی زمانەوانی هەبووە، ئێمە پێداچوونەوەی تەواومان بۆ ئەو كتێبانە كردووە، بەڵام لەڕاستیدا دیسان ئەوەش ناڵێم من ئێوەی بەڕێز وابزانن كتێبەكانی ئەمساڵ هەمووی پاككراوەتەوە وهیچ هەڵەیەكی تێدا نیە، بەداخەوە ئەمساڵیش كتێبەكانمان هەڵەی تێدایە، دیسانەوە وەكو عەرزم كردن، لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری ئەو بەڕێزانەی كەوا لەو بوارانەدا ئیش ئەكەن، ئەركەكانی خۆیان بەتەواوەتی، لەڕاستیدا پێتان ئەڵێم، بەتەواوەتی جێبەجێ نەكراوە، بۆ نموونە هەموو لاپەڕەیەك كە سەرپەرشتی چاپی تێدا ئەكرێت، ئێمە لەوەزارەتی پەروەردە 2هەزار دینار ئەدەین بەو بەڕێزانەی كەوا سەرپەرشتی چاپ ئەكەن، كۆمەڵێك ئیمتیاز هەیە كەساڵانە ملیۆنێك دینار وەرئەگرێت، ئێمە بۆمان سەرف نەكردوون، كۆبوونەوەمان لەگەڵ كردوون وتیان بۆ وتم باشە من ئامادەم بیدەم ، بەڵام ئەگەر هەڵەی تێدا بوو تۆ هەر ئەبێت پارەكەی خۆت

وەربگریت، لەبەرگەکەوە تابەرگەکە هەڵەی تێدا بووە، کتێبی یەکی سەرەتایی خۆ سەرنجی بدەن لەبەرنامەی ئەلف بێ، کە ئەلف بێ بەمنداڵان ئەڵێ، ئەڵێ ئێمە خۆمان ئەو رەخنانەمان گرتووە، خۆمان ئەزانین چی تیایە، بابەتی تێدایە ئەڵێت ئازاد ئاو دەدات، لەخوارەوە ئاوەکە پەڕیوە، سەرپەرشتیاری زانستی زمانەوانیم بانگ کردووە، ئەوە کوا ئەو ئاوە، ئەە وەڵڵا مامۆستا پەڕیوە، ئەی بەڕێزم ناوی تۆی بەسەرەوەیە، ئەی چۆن ئامادە بووی ناوی خۆت لەسەر ئەو کتێبە بێت کە ئاو ئەپەڕێت، لەکاتێکدا تۆ منداڵ فێری ئەلف بێ ئەکەیت، لەبەر ئەوە لەڕاستیدا ئێمە ئەبێ بەدواداچوونی بەردەوامیمان هەبێت، بڕوابوون ومەبدەئی پاداشت وسزا لەهەموو دامودەزگایەکی ئێمە لێرەوە پەیڕەو بکەین، لەڕاستیدا ئەشیکەین، بەڕێز خاتوو نازناز تەنها سەرنجی لەسەر ئەوە بوو هەڵمەتێکی دروستکردنی قوتابخانە وخوێندنگە ئێمەش بەڕاستی پێویستیمان بەوە هەیە، لێرە بەدواوە بەهەموومان هەڵمەتێکی نیشتمانی بکەین بۆ دورستکردنی قوتابخانەو خوێندنگە، من زۆر خۆشبەختانە بیستم لە خوتبەی هەینی زۆربەی زۆری مامۆستا ئایینیەکانی حەفتەی پێشوو داوایان لەدەوڵەمەنەکانی کوردستان کردبوو کەلەجیاتی مزگەوت، ئیتر بەسە مزگەوت دروست مەکەن بڕۆن قوتابخانەو خوێندنگە، دروست بکەن، ئەوە خێری زیاترە لەو مزگەوتانەی کەدروستی ئەکەن، لەڕاستیدا پێویستیمان بەوە هەیە کە هەڵمەتی ئەوە بکەین نموونەشمان زۆرە لە تورکیا زۆربەی زۆری قوتابخانەو خوێندنگەکان بەڕاستی دەوڵەمەندەکانی ئەو وڵاتە دروستی ئەکەن، تەنانەت لەوڵاتانی تریش دروستی ئەکەن نەك لە وڵاتی خۆیان، زمانی یەکگرتوو دیسانەوە باسکرا تا ئێرە ئێمە کێشەکەمان باسکردووەو ئەوەش ئەرکی هەمووانە ئەو زمانە بڕیاری لەسەر بدرێت، کاك محمد رفعت چەند پرسیارێکی کردووە بینا کەوادیر هاوکاری خێزان وقوتابی تەمەن رێگر نەبێت لەخوێندن، دیارە هەموو سەرنجەکانی بەسوودن وهەموویان شوێنی خۆیانە، من عەرزم کردن لەهەموو تەوەرەکانەوە ئەڕۆین بینا بە ئەهەمیەت وگرنگیەتی خۆی بۆ کەوادر ئێمە ئێستا هانی ئەوە ئەدەین بەڕاستی وردە وردە مامۆستایانی هەموو کوردستان دەرچووی کۆلێژەکان بن، لەبەر ئەوە هانی کۆلێژی بنیاد ئەدەین دروست بکرێت، هەر لێرە جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین پەیمانگەکانی مامۆستایان ئەمساڵ بڕیاری وەرنەگرتنی خوێندکاریدا کەوەرنەگیرێن قوتابی وخوێندکار تێیاندا، کە ئەوە پرسیاری کوێستان خان و گێلاس خانیش بوو، لەو بارەیەوە کە روونکردنەوە بدەین، ئێمە هەر دامەزراوەیەك کە دا ئەنرێت ئامانجێکی هەیە، تا ئەو ئامانجەی هەبێت ئەو دامەزراوەیە پێویستە بەردەوام بێت، کە ئامانجەکەی خۆی نەما تەبریراتی مانەوەشی نامێنێت، پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان بۆ دابینکردنی مامۆستا بوو بۆ ئەو سنوورانەی کەتیایاندا کرابوونەتەوە، دوای ئەوەی کەئێمە سەرنجماندا ئێستا ژمارەی مامۆستایانی سەرەتایی لە زۆربەی زۆری شار وشارۆچکەکان زیاترە لەو ڕادەیەی کەئێمە پێویستیمان پێیەتی، ئیتر مانەوەی ئەو پەیمانگایانە هیچ موبەڕیرێکی نامێنێت، لەبەر ئەوە بڕیارماندا کە ئەمساڵ خوێندکار لەپەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایانی هەولێر ودهۆك وسلێمانی وهەڵەبجە وگەرمیان نەمێنێت، بۆ ئەوەی وردە وردە ئیتر بەرەو کۆلێژی بنیات وکۆلێژی پەروەردە بیاننێرین، بۆ ئەوەی ئەم

سیستەمە نوێیە وەکو جەنابیشتان ئاماژەتان پێکرد، زۆرتان پێویستی بەوە هەیە کادیری زانستی توانابەرز بەسەریا زاڵ ببێت، ئەوانە هەمووی دەرچووی کۆلێژ بن نەك دەرچووی پەیمانگاکان، ئەم بڕیارەی ئێمەش پێشینەیەکی کۆنیشی هەیە، لە عێراقدا لەزەمەنێکەوە لە شەشی سەرەتاییەوە سێ ساڵ دەورەیان ئەکردەوەو پاشان ئەبوون بەمامۆستا، لەبەر پێویستی دواتر بوو بەسێی ناوەندی، دواتر پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان دانرا کەلە سێیەوە ئەچوون بۆ پێنج، ئەوانە هیچی نەمان، ئێمەش لەکوردستانی خۆمان کە پێویستیمان بەمامۆستا هەبووە، خەریجی پیشەسازی و بازرگانی و پەیمانگا تەکنیکیەکان دانراون، بەڵام ئێستا کە پێویستیمان نەما، ئایا هەر بەردەوام بین لەسەری یان داخرێت؟ ئەو بڕیاری داخستنەش پشتگیری تەواوی سەرجەم مامۆستایانی کوردستانیشی لەسەرە، ئێمە ڕۆژنامەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە دواین ژمارەی دەڵێت دەستان خۆش وەزارەتی پەروەردە بۆ بڕیارەکانتان، گرنگترین بڕیار کەداوتانە وەرنەگرتنی قوتابی وخوێندکارانە لەپەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان، لەبەر ئەوەی تەبریراتی خۆیان لەدەستە، دوێنێش لەکۆبوونەوەمان لەگەڵ بەڕێوەبەری پەیمانگاکانی مامۆستایان دوای ڕوونکردنەوە پرسیارمان لەخۆیانکرد، ئایا دابخرێت یان دانەخرێت؟، وتیان بادابخرێت، لەبەر ئەوە بەڕاستی وەهیچ قوتابی وخوێندکارێکیش مافی نافەوتێت، لەبەر ئەوەی ئەو پەیمانگەیە لەوێ نیە، لە شوێنێکی تر وەرناگیرێت، ئێمە دەیان کۆلێژو پەیمانگای تر هەیە، ئەوان ئەمساڵ داوایان پێشکەشکردووە، ئەو کۆلێژانە لەڕێگەی ناوەندی وەرگرتنەوە ئەچنە ئەو شوێنانەی کە دەرەجەکانیان ئەیهێنێت، بێگومان ئەوە کەوادیر پێئەگەیەنێت، جگە لەوە سێ پەیمانگەی ڕاهێنانمان داناوە، بەڕێز کاك محمد رفعت لە سلێمانی وهەولێر ودهۆك، وە پەیمانگەیەکی تری مەرکەزیش لە هەولێر ئەمانە هەموویان کاریان مەشق وراهێنانی مامۆستایانە، ئەم هاوینە زیاتر لە (7)هەزار مامۆستا ئامادەکراوە بۆ مەشقکردن، لەسەر کتێبە نوێیەکان، من نموونەی ئەم کتێبانەم هێناوە دواتر پێشانی بەڕێزتانی ئەدەم، کە بۆیەکەمین جارە لە کوردستان کتێبی نوێی زانستی بەهەموو بوارەکانیەوە کە شایستەی منداڵی کورد بێت، ئیتر منداڵانی ئێمەش هیچیان لەمنداڵانی دونیا کەمتر نیە، من وەکو وەزارەتی پەروەردە لەڕاستیدا دەستگیرۆیی بەپارەوە ناکەم، من وەزارەتی دارایی نیم داوای بودجە ئەکەم بۆم بێنن وسەرفی ئەکەم، ئەوان چۆن پارە پەیدا ئەکەن ئەوە کێشەی خۆیانە، لەبەر ئەوە بەڕاستی گرانی وهەرزانی من تەنها ڕێگای گەندەڵی ئەگرین وڕێگای خراپ بەکارهێنانی پارەکان ئەگرین، ئەگینا چەند پارە پێویست بێت بۆ وەزارەتی پەروەردە لەسەر منە دیفاعی لێبکەم تا بۆم دابین بکەن، بۆیە چاپکردنی ئەم کتێبانە، تەنها بیرکاری وزانست وەکڕینی ئیمتیازاتی کتێبەکان، بۆ یەك ودوو وسێی سەرەتایی نزیکەی 6 ملیۆن دۆلاری تێ چووە، بەڵام وەکو عەرزم کردن بەڕاستی ئیتر منداڵانی ئێمەش ئەبێت، لەو کتێبە ڕەنگاو ڕەنگانەو لەو شتانەدا بخوێنن، ئیتر لەدوای ڕەش وسپی ومەلزەمە بەس بێت، تەمەن ڕێگر نەبێت بێگومان تا ئێستاش لەسیستەمی ئێمەدا کۆمەڵێك مەعایرمان داناوە بۆ تەمەن لەبەر ئەوەی خوێندن بەخۆراییە لەوڵاتی ئێمەدا، لەبەر ئەوەی پێوەرمان هەبێت و بتوانین دیسانەوە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ناکرێ یەکێك کە تەمەنی 20 ساڵە لەگەڵ یەکێك

تەمەنی 12 ساڵە، لە قوتابخانەیەك دای بنێین، لەبەر ئەو پێوەرانە نەمانتوانیووە خوێندن بەرەڵا بكەین بەئاشكرایی بۆ تەمەن، بەڵام بۆ بەدیلی ئەوە هەنگاوی ترمان ناوە، پرۆسەی خوێندنی خێرامان داناوە بۆ ئەوانەی كەتێپەڕیوون بەهۆی هەر باروو دۆخێكەوە بێت نەیانتوانیوە بخوێنن، ئەوانە ئەتوانن ساڵێك بەدوو ساڵ بخوێنن، ئێستا پرۆژەیەكی ترمان بەدەستەوەیە خوێندن لەماڵەوە(هۆم سكوڵ) پرۆژەیەكمان بەدەستەوەیە ئەو كتێبانە بدەینە ئەو كەسانەی كەدەیانەوێت لەماڵەوە بخوێنن بەهاوكاری خۆیان و كەسوكاریان، ئێمە تاقیكردنەوەیان بۆ بكەین و لەدوای تاقیكردنەوەكە دەرچوون بڕوانامەیان بدەینێ، بەبێ ئەوەی سەیری تەمەنەكە بكەین كەواتە ئێمە میكانیزمان ئەبێت بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو گیروگرفت وكێشە كۆمەڵایەتیانە بكەین كە بەهۆی نەخوێندەوارییەوە بوون، جگە لەهەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری پرۆسەی خوێندنی خێرامان هەیەو ئەو پرۆژەیەشمان هەیە خوێندن لەماڵەوە، كە لەم ساڵدا بەهیواین پەیڕەوی بكەین لەهەموو شوێنێكی كوردستان، بەڕێز سارا خان چەند پرسیارێكی كردووە كە شەش ساڵ ئیلزامی كەمە، بەڵێ بۆیە بڕیار دراوە بكرێت بە 9 ساڵ ئامادەكاری بۆ بكەین، بێگومان ئامادەكاری لەهەموو لایەكەوە دەستی پێكراوە، كلتوری ڕۆڵی هەیە لەوازهێنان، بێگومان كلتوریش ڕۆڵی هەیە، ئەمانەوێت دیسانەوە لەیەك خاڵی تردا كە چەند بەڕێزێك ئیشارەتیان پێداوە، ڕۆڵی خێزان، كەئەڵێین ڕۆڵی نیە لەبەڕێوەبردنی قوتابخانە، لەڕاستیدا ئەوە نیە كە ئێمە تەسلیمی خێزان بین، لەبەر ئەوە بەداخەوە پەروەردەی خێزانی ئێمەش هەڵەو كەموكوڕی زۆری تێدایە، ئەبێ قوتابخانەو خوێندنگە رابەری گۆڕینی كۆمەڵگا بێت، لەبەر ئەوە ئێمە بەڕاستی خۆمان تەسلیمی كلتور ناكەین، ئەو كەلتورە پێویستی بەگۆڕینە، زۆر بەبوێرانە ئەیگۆڕین، زۆر دەست بۆ هەندێك شتی قاچاخ وقەدەغە ئەبەین كە تاكو ئێستا بۆی نەبراوە، ناكرێ كۆمەڵگای ئێمە لەپرۆسەی تەنانەت خۆشیدا. ئێمە لەبابەتەكانی بایەلۆجی هەموو بەڕێزتان خوێندووتانەتەوە یان تێگەیشتوون ئەزانین بۆق هەموو ئەندامەكانی لەشی چۆنە، بەڵام لەشی خۆمان ناناسین، لەڕاستیدا ئەبێ ئێمە زۆر لەو بوارانەشدا بوێر بین ورێگە خۆشكەری بكەین بۆ ئەوەی چتر كەلتور نەبێت بەڕێگر لەگۆڕینی پرۆسەی كۆمەڵایەتی، كەلەرۆژنامەیەكدا ئەنووسرێت ژنێك ئەكوژرێت بەڕاستی من پەروەردە بەبەرپرسیار ئەزانم لەلایەنێك لەلایەنەكان، لەتوندو تۆڵی وتوندو تیژی و شەڕێك لەسەر شتێكی بەسێت كە ئەبێت لەكۆڵانێكدا لە شارێك لەشارەكانی كوردستاندا پەروەردە بەشی هەیە لەو تاوانانە كە ئەكرێت، لەبەر ئەوە پێویستە ئێمە بەهەمەلایەنە هەوڵ بدەین، خێزانەكانیش بگۆڕین، پێوەرێك لەپێوەرەكانی هەڵسەنگاندنی قوتابخانەو بەڕێوەبەری قوتابخانەمان ئەوەبێ بۆ ئەمساڵی نوێ، كە چەند توانیویەتی ژینگەی دەورووبەری خوێندنگەو قوتابخانەكەی خۆی بگۆڕێت، ئایا ئەو تەسلیمی كوێخاو حاجی وریش سپیانی گەڕەكەكە بووە یان ئەوانی واڵێ كردووە چەند شتێك لەوەوە وەربگرن، بەڕاستی ئەمە پێوەرێك ئەبێت لەپێوەرەكانی هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەرەكان، بەڕێز دیلمان ئامێدی كۆمەڵێك شتی ورووژاندووە لەواقعێكی دواكەوتووی كۆمەڵگای كوردەواری، ئایا ئەم گۆڕینە سەركەوتن بەدەست دەهێنێت؟، بێگومان ئەم گۆڕینە سەركەوتن بەدەست دەهێنێت، لەبەر ئەوەی ئێمە

نایەڵین ئەم واقیعە دواکەوتووە بمێنێ، ئەی قەدەرمان چیە، ئایا تەسلیم بەواقعێکی دواکەوتوو بین بەڕێزینە زۆربەی زۆرتان شۆڕشگێڕ بوون وکاتێ دەستانداوەتە چەك کە شۆڕشگێڕی کردن وشۆڕش بەرپاکردن ئاسنی سارد کوتان بووە، بەڵام شۆڕشیشتان کردو راپەڕینیشتان کردو سەریشیگرت، کەوابێ ئێمەش بەڕاستی لەم بوارەدا ئەبێ بە ژیانەی کەئێمە شۆڕشتان تێداکردووە ئێمەش هەمان ژیانمان هەبێت بۆی، لەبەر ئەوە ئەزانین ئاستەنگ زۆرە، بەڵام خاوەنی هیواو ئیرادەو پاڵپشتی ئێوەی بەڕێزیشین، لەبەر ئەوە دڵنیا بن کە ئەمە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، مامۆستا موحایدە لەدەرەوە، بەڵێ کاك دکتۆر ئێمەش ئەو پرۆسەی کەپێشتر باسمکرد، میکانیزمی تاقیکردنەوە و پرسیاری هاوبەش بووە ئەوەیە کە مامۆستا موحاید بێت بۆ ئەوەی مامۆستا نەتوانێ بە ئارەزووی خۆی دەرەجە بۆ منداڵەکەی خۆی و ناسیاوێکی خۆی و بۆ دۆستێکی خۆی دابنێت، بۆیە پرسیاری هاوبەش لە زۆربەی زۆری قۆناغەکاندا وەك عەرزمکردن لەسەرەتاوە ئاسانکاری بۆ منداڵ ئەکەین تا ئەروات بەرەوپێش، لایەنە زانستیەکە زۆر تندوتۆڵ ئەکەینەوە، چونکە ئێمە زۆر ئاسانکاریمان هەیە لەدواوە، بەداخەوە لە قۆناغەکانی کۆتاییدا ئاسانکاری لەزانستدا کراوە، هیچ کتێبێکی ئێمە تەواو نەکراوە تەنها پۆلی شەشی ئامادەیی وشەشی سەرەتایی کەبەکەلۆریای تێدابووە لەگەڵ سێی ناوەندی، هیچ کتێبێکی تر لەهیچ قۆناغێکی تردا تەواو ناکرێت، لەبەر ئەوەی بەدواداچوونی بۆ نەکراوە، بۆیە ئاستی زانستیش نزمە، ئەگینا ئەوکتێبانەی ئێمە لەرووی زانستیەوە زۆر تەواوە، بەس کەنەیخوێنێت قوتابی وخوێندکار تاوانیان چیە، کە فێر نابن، بۆیە ئەبێت بەمیکانیزم وابکەین مامۆستا موحاید بێت، بەداواکردن و تکاو رجا ناکرێت ئەوە بەڕاستی پێویستە بەمیکانیزمێك یان ئالیەتێکی بۆ دابنێین، یەك ودوو سێ، لەو شێوەیە لاتدا تۆ ئەوە بەرپرسیارێتیت هەیە لەسەری، بۆیە موحایدی ئەکەین، تاقیکردنەوەی دەرەکی، بۆ تاقیکردنەوەی دەرەکی لەڕاستیدا تائێستا وەکو عەرزمکردن دوو ساڵی تر ئەم پرۆسەیە قۆناغەکانی شەشەمی ئامادەیی ئەگرێتەوە هەتا ئێستا میکانیزمێك بۆ ئەوەی کەهەبێت بۆ تاقیکردنەوەی دەرەکی هەمان میکانیزمی ساڵانی ڕابردوو ئەبێت، ئەوانەی کەئەیانەوێت تاقیکردنەوەی دەرەکی بکەن، بەڵام کەشەشی سەرەتایی بەکەلۆری نامێنێت ئیتر بوارێکی باش بۆ کۆمەڵێك خەڵك ئەرەخسێنێ تاقیکردنەوەی نۆ بدەن، یەعنی بۆیان هەیە ئەوانەی ئەمساڵ کە تەمەنیان گونجاوە تاقیکردنەوەی سێی ناوەندی بدەن بەبێ ئەوەی بەتاقیکردنەوەی شەشی سەرەتاییدا بڕۆن، ئەمەش بوارێکی ترە کەوا ئەکات کۆمەڵێك خەڵکی زۆر بێتەوە بواری راکێشانی خوێندن وبەدەست هێنانی بڕوانامە، کاك شێخ الله پرسیارێکی کردووە ئایا وەزارەت بۆ موتابەعەو ئیشراف بۆ جێبەجێکردنی، بێگومان پرسیارەکەی لەجێگای خۆیەتی هەموو ئەم بڕیارانە شتێکی جوان دەرئەچن، ئەگەر موتابەعەو بەدواداچوونیان بۆ نەکرێت تەنها بەڕاستی لەدوو توێی کتێبەکان وبڕیارەکاندا دەمێننەوەو ئەنجامێکی باشیشی نابێت، بۆیە وەکو عەرزم کردن ئێمە هەڵمەتی ئەوەمان دەستپێکردووە کە پێویستە سەرپەرشتیار ئەرکە وەزیفیەکەی خۆی چیە بەرامبەر ئەوە جێبەجێی بکات، کە نیتوانی ئیتر هیچ موجامەلەیەك نامێنێت بەڕاستی، بۆ ئەوە دەبێ شوێنەکەی خۆی بەجێ بهێڵێت، ئێمە کۆبوونەوەیەکی فراوانمانکرد لەگەڵ

برادەرانی سلێمانی بەهۆی ئەم دانیشتنانەی پەرلەمانەوە، دانیشتنەکانمان لەگەڵ هەولێرو دهۆکیش دواکەوت، بەو ئاراستەیە ئاراستەمان کردوون کەهەریەکە لەئێمە ئەبێ ئەوەی کەبۆی دانراوە یاسای پەرلەمان ئەرکێکی بۆمن داناوە من ئەبێ ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەم، ئەگەر نەمکرد بەڕێزتان بانگهێشتم بکەن وفەرموو لەبەر ئەوەی ئەرکەکەت جێبەجێ نەکردووە، منیش هەمان شتم لەگەڵ ئەو برادەرو خوشکانەم پەیڕەو ئەکەم کەلەگەڵ مندا کار ئەکەن بەڕاستی، ئەوەی ئەرکەکەی خۆی جێبەجێ نەکرد، خەڵکی تر هەیە ئەیکات، بەبێ هیچ نازونوزێکیش، لەهیچ بەڕێوەبەرێك قبوڵ ناکەین بڵێین لەبەر ئەوەی پارە نیە، ئیمکانیەت نیە ئاوی تەنکیەکەم پیسە، تۆ نایکەیت بەڕێوەبەرێکی ترهەیە بەهەمان پارە تەنکیەکەش پاك ئەکاتەوە، بەجێی بهێڵە بۆ یەکێکی تر، سەرەپەرشتیار لەبەر ئەوەی پارەی ئیفادم بۆ سەرف ناکەن، ئەوە ناکەن، ئەوە ناکەن شتی وا نیە، بەو ئیمکانیاتانەی کەئێستا هەیە ئەبێ ئەرکەکەی خۆت جێبەجێ بکەیت، رازیت سەرچاوم، رازی نیت شوێنەکە چۆڵ بکە بۆ کەسێکی تر، لەبەر ئەوە لەڕاستیدا ئەوەی کاکە شێخ الله وتوویەتی ئەگەر وانەکەین فیعلەن ناتوانین سەرکەوتن بێنین لە جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا، بۆیە لەئێستەوە بەدوادا چوونی سەرپەرشتیارو بەڕێوەبەرو لە پرۆسەی سەرپەرشتیاریدا ئێمە ئەمساڵ تەنها، مامۆستا سەرپەرشتی ناکەین، جاران لەکوردستاندا سەرپەرشتیار ئەچوو مامۆستای تەقیم ئەکرد تەنها، نەخێر ئێمە مامۆستاو بەڕێوەبەر وخودی سەرپەرشتیاری بابەتە زانستیەکەش سەرپەرشتی ئەکەین، ئەگەر هاتوو لە بابەتێکدا رێژەی وەرگرتنی زانستی نزم بوو هەم مامۆستا بەرپرسیارە هەم بەڕێوەبەر، کەبۆچی موتابەعەی ئەو مامۆستایەی نەکردووە، هەم ئەو سەرپەرشتیارەی کەچووە موتابەعەی ئەو مامۆستایە بکات کە موجامەلەی کردووە، کەوابێ ئیشرافەکەمان بەڕاستی سێ لایەنە، ئەبێت تەنها مامۆستا بەرپرس نەبێت لەویەدا لە سێ کوچکەوە، لەسێ لایەن بەرپرسیار ئەکەین لەو کارەدا، خاتوو گێلاس باسی لەداخستنی پەیمانگەکانی پێگەیاندنی مامۆستایان کرد، ئایا بڕیارەکە پەلە نەبوو وابزانم روونکردنەوەی پێویستمان دا ئەگەر پێویستی بەروونکردنەوەی زیاتریش هەیە ئامادەم، ئایا مەرجی وەرگرتن لەو کۆلێژانە چیە، دیارە کۆلێژەکان بەڕاستی مەرجی وەرگرتنی زانستی خۆیانیان هەیە، هەم پێوەری نمرە پێوەرێك ئەبێت، هەم مەرجە زانستیەکانی تر کەلەلایەن زانکۆ وخوێندنی باڵاوە دا ئەندرێت، باخچەی ساوایان لەڕاستیدا باخچەی ساوایان قۆناغێکی هەرە گرنگی ژیانی منداڵە، بەداخەوە لەکوردستانی ئێمە ئەو گرنگیەی پێنەدراوە، لە 5٪ی مناڵانی کوردستان زیاتر هەلیان بۆ نەڕەخساوە بچنە باخچەی ساوایان، واتە لە 95٪ی منداڵانی ئێمە ئەو هەلەیان نیە، بەڕاستی ئەمە پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، هۆکارەکان زۆرن هەندێکیان بۆ نەبوونی بینا بووە، ئێمە ئەمساڵ لەوەشا بەڕاستی چەند دەست پێشخەرییەکمان کردووە، یەکێکیان تەنانەت لەناحیەکان ولە گوندە گەورەکانیشدا وتوومانە ئەگەر هاتوو بینای گونجاو، مناڵ بەو ژمارەیە هەبوو باخچەی ساوایانی بۆ بکەنەوە فەرموون بیکەنەوە بەکرێ، ئێمە کرێتان بۆ ئەدەین، لەلایەکی تریشەوە لەشارە گەورەکاندا هەندێك قوتابخانەمان هەیە سەرەتایین لەناحیەکانیشدا، بەڵام ژمارەی قوتابیان کەمە وتوومانە ئەگەر

ئەتوانن لایەك لەو قوتابخانەیە جیا بکەنەوە بۆ باخچەی ساوایان، ئێمە باخچەی ساوایانتان بۆ ئەکەینەوە، واتە بەهەموو شێوازێك ئەمانەوێت پەرە بەکردنەوەی باخچەی ساوایان بدەین جگە لەوەش لەپرۆگرامی باخچەی ساوایانیشدا لەڕاستیدا ئێمە بایی نیو ملیۆن دۆلار کەلوپەلی پێویستمان بۆ باخچەی ساوایانی کوردستان بەڕاستی ئێستا لەپرۆسەی کڕیندایە، پێشمان وتوون زۆر شت هەیە لە بازاڕەکانی کوردستان ئەتوانین بیکڕین وبەکاری بهێنین، جگە لەدانانی چەند پرۆگرامێکی زانستی کەدیسانەوە لەوڵاتانی پێشکەوتوو وەرگیراوە، ئێستا خەریکی گونجاندنیانین بۆ ئەوەی لەگەڵ ژینگەی منداڵی کوردیدا بگونجێت وبتوانین لەباخچەکانی ساوایاندا بڵاوی بکەینەوە، کاك جعفر باسی چەند خاڵێکی کردووە، دابینکردنی هۆی گواستنەوە، کە گرنگە بۆ قوتابیان لەڕاستیدا بەڕێزینە، خۆتان ئیمکانیەتی حکومەتی هەرێم ئەزانن، هۆی گواستنەوەو دابینکردنی هەموو هۆکانی کەوا لەقوتابی وخوێندکار ئەکات، بەئاسوودەیی بچێتە قوتابخانە گرنگە، بەڵام ئایا ئێمە ئەتوانین، هۆی گواستنەوە بۆ سەرجەم قوتابیانی کوردستان دابین بکەین، بێگومان نەخێر ناتوانین، ئەبێ خێزانیش بێتە ناوەوە، من نموونەیەکتان بۆ ئەگێڕمەوە، بەڕێوەبەری پەروەردەی شەقڵاوە هاتەلام ساڵی پار، وتی مامۆستا ئەگەر بێتو، پاس نەگرین بۆ هاتووچۆی قوتابخانەکان ئێمە پرۆسەی خوێندنمان لەچەند گوندێکی دەوروبەری شەقڵاوە هەرەس دێنێت، وتم بۆ وتی باوکی قوتابییەکە بەپیکابی خۆی قوتابییەکەی هێناوە بۆ پۆل، هاتووەتە سەرم ئەڵێ مامۆستا ئەگەر سەیارەی بۆ نەگریت، کوڕەکەم نانێرمەوە، لەڕاستیدا ئەمەش کارەساتە، ئەمەشیان بەڕاستی ئەبێ ئێمە هەڵوێستەی لەسەر بکەین، ئەبێ ئێمە وشیاری کۆمەڵایەتیش بڵاوبکەینەوە، ناکرێ هەموو شتەکە بڵێین حکومەت، ئەبێ خێزانیش بێتە ناوەوە، ئەبێ ئەوانیش بەڕاستی بێت بۆ ئەوەی بتوانین لەو گوندانەی کەوا قوتابخانەی پێویستی تێدا نیە، لە دوو، سێ گونددا ئامادەییەك، دواناوەندیەك، خوێندنگەیەکی بنەڕەتی لەپۆلی حەوت بۆ هەشت بۆ نۆی بۆ بکەینەوە، ئەو منداڵانەی کەهاتووچۆیان پێویستە هاتووچۆیان بۆ دابین بکەین، بەڵام بەڕاستی ناکرێت ئێمە ملیۆنێك ودووسەد قوتابیم هەیە سەیارەی بۆ دابین بکەم، لەبەر ئەوە ئەبێ بەڕاستی وا بکەین هانی کەسوکاریش بدەین، ئەوانیش پەرۆشیەکیان هەبێت، بەڕێزینە هەموو باسی کۆریا ئەکەین، کە چەند پێشکەوتووە لەبواری خوێندن وپەروەردەدا، حەزەکەم لەنزیکەوە ئەو وەفدە کۆریانەی کەوا دێن، بیاندوێنن، گەورەترین کێشەی کەمی منداڵ لەکۆریادا، ئەوەیە کە ناتوانن ئەرکی پەروەردەو فێکردنی منداڵەکانیان بەرهەمبێنن، ئەڵێن حەزەکەین دوو منداڵ، سێ منداڵمان هەبێت، بەڵام بەڕاستی ئەوەندە قورسە ناتوانین، لەبەر ئەوە تەنها مەسرەفی منداڵێکمان بۆ جێبەجێ ئەکرێت، کەواتە بەڕاستی لە دونیاشدا ئەوە نیە، کەوا هەموو شتێك حکومەت جێبەجێی بکات، بەڵکو زۆر وڵاتی تریش ئەبێ، ئینسانەکان خۆشیان، خێزانەکان خۆشیان، شتێك بێنە پێشەوە، بێگومان پرسیاری ئەوەی کردووە، کە ئەمساڵ دەست پێدەکات، بێگومان ئەمساڵ لە شەشەوە دەست پێدەکات، گوڵناز خان دیسانەوە باسی کەمی بینای کردووە، باسمان کردووە، هاتووچۆو هۆکاری فێربوون، لەڕاستیدا هۆکاری فێربوون یەکێکە لەو هۆکارانەی کەئەم سیستەمە نوێیە پێویستی پێیەتی، کە هەم زۆر بکرێت، هەم شێوازی نوێی بۆ دابین

بکرێت، ئێمە لەخیلالی ئەم دووساڵەدا بایی نزیکەی 9 ملیۆن دۆلار کەلوپەلی تاقیگە کڕاون، بۆ تاقیگەکانی کوردستان، وەڕاهێنان بەمامۆستایان کراوە، کە پێویستە مامۆستایان لە دەرسەکانی بایەلۆجی، کیمیا و فیزیا و هی تر، لە تاقیگەکاندا بووترێتەوە، هاوکاریان بکرێت، بەڵام بێگومان هێشتا ئەوە ئێمە لە 100٪ ناتوانین، بڵێین هەموو قوتابخانەو خوێندنگەیەکی کوردستان تاقیگەی تێدایە، لەبەر ئەوە پرۆسەی دروستکردنی تاقیگەش بەردەوامە بۆیان و،ئەمە هاوکارێك دەبێت بۆ سەرکەوتووکردنی پرۆژەکەو، گرنگی خۆی هەیە، هۆکاری فێرکردن ئێمە چەند شێوازێك بەڕاستی بەدەست دەهێنین، زۆرجار مامۆستای بەتوانا ، مامۆستایەك کەحەزو ئارەزووی خۆی لەپرۆسەی خوێندن بێت، بەزۆر کەسەرستەی سەرەتایی ئەتوانێ هۆکاری فێرکردنی باشیش بۆ ئەو قوتابیانە بەدەست بهێنێت، لەبەر ئەوە ئێمە بەڕاستی هانی ئەوەش ئەدەین لەناو بازاڕە مەحەلیەکانی خۆمان، بەتوانای خۆشمان ئێمە ئەو ژینگانە دروست بکەین، کە ژینگەی نوێی بێت بۆ فێرکردن، باسی گەشت بۆ قوتابی وخوێندکار کە سەرنجی ڕاکێشام، ئێمە زۆرجار باسی ئەوەمان کردووە، زۆر لەبەڕێوەبەرەکان پارە نیە پاس بگرین، بۆ گەشت پارە نیە بۆ ئەوە، من لەگەڵ زۆریان دانیشتووم، زۆربەی زۆری بەتایبەتی قوتابخانەو خوێندنگەکانی دەرەوەی شار، هەر لەقوتابخانەکەی 500 مەتر بچێتە دەرەوە، بەهارەو گەشتە، نەپاسی ئەوێت نەهیچ، کەوابێ بەڕاستی ئەبی ئێمە بیرکردنەوەی مامۆستاو بیرکردنەوەی کادیرە پەروەردەییەکان بگۆڕین، لە بنەسڵاوە سەردانی قوتابخانەیەکم کرد، بەڕێزینە باوەڕتان هەبێت، لە قوتابخانەیەکی ئەوروپا ئەچوو، تەنها لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەرەکەی حەزی لەپەروەردەو فێکردنە، مامۆستای هونەری هەبوو، بە 250 هەزار دینار، هەموو دیواری قوتابخانەکەی کردبوو بەوێنەی سەرنج راکێش، کەمنداڵان حەزیان ئەکرد، هەر لەو قوتابخانەیەدا بخوێنن، ئێمە ئەمانەوێت نموونەی ئەو بەڕێوەبەرانە زۆر بکەین، بەتوانایەکی کەم، بەڵام بەکارهێنانێکی زۆرباش، ژینگەی قوتابخانەکەی خۆی گۆڕی، لەڕاستیدا ئەوانە نموونەشیان زۆرە لەو بابەتەوە، نموونەی دڵسۆزیش زۆرە، کادیرانی ئێمە بەڕێزینە هەر ئەوە نین، کەئێمە پێیان بڵێین شتەکان ناتوانن، لە چوارتا سەردانی ئامادەییەکم کرد، بەڕێوەبەرەکەی وتی من تازە کراوم بەبەڕێوەبەر، وتی بەڕێوەبەرەکە گۆڕاوە، وتم بۆچی گۆڕاوە، وتیان لەبەر ئەوەی مامۆستای کیمیا لەم ئامادەییە نەبووە، خۆی ئیختیصاصی کیمیایە وتوویەتی من کیمیا ئەڵێمەوە، لە بەڕێوەبەرییەکە واز ئەهێنم، کەوابێ مامۆستایانی کوردستان هەموویان هەڵپەی کورسی ناکەن، واسیتەی دونیا بکەن بەس بۆ بەڕێوەبەری، بەرێوەبەری واشمان هەیە بەڕاستی، ئێمە پاداشتمان کردەوە بەوەی گەشتێکی کوریا بکات وبچێت و بگەڕێتەوە و تەجروبەی ئەو وڵاتەش بەدەست بهێنێت، نموونەی ئەوانەشمان لەڕاستیدا زۆرن، کە ئەبێ بیاندۆزینەوەو هانیان بدەین، وەکو وتم پاداشتیان بکەین، بۆ ئەوەی هەموو چاویان لێ بکەین، خاتوو تاڤگە باسی لەوە کردووە، کەپێویستە هەموو شتێك بەتەوازن بڕوات، زۆر راستە، ئێمەش بەڕاستی حەزەکەین، بۆیە هەموو شتەکان بەتەوازن وهاوسەنگی ئەڕوات، بۆیە ئینقیلابمان نەکردووە، بەڵکو پرۆسەیەکی گۆڕینی زانستی بەپلان وبەبەردەوامیە، زۆر کەس هەبوو، پێش تەنانەت تا پێش چەند مانگێك ئەیانووت وەزارەتی پەروەردە هەر

ئەڵێت کۆنگرەی پەروەردە، بەڵام هەر نەیکرد، هەندێ ڕۆژنامە نووسیبوویان وەڵڵا ئەوە مەکتەبی سیاسی پارتی ویەکێتی ڕێك نەکەوتوون، کۆنگرە بگیرێت، بەداخەوە زۆر نووسین هەیە، کە ئاگایان لەهیچ شتێك نیە، لەو بارەوە لەبەر ئەوە پرۆسەیەکی هێواش و هێمن و لەسەرخۆ، بەڵام بە دیراسەو بە وردی وا ئەزانم هەر ئەوەشە ڕەزامەندی ئێوەی بەڕێزی بەدەست هێنا وەکو لەجەلسەی یەکەم دیار بوو، ئەگەر بهاتایەو هاوسەنگ نەبووایە، ئێوەی بەڕێز پشتگیری ئەم پرۆژەیەتان نەئەکرد، کەسانی پەروەردەیش لەولا، کاك سعدالدین باس لەوە ئەکات ئەو گۆڕینە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیەو ئەوەش هەربەمەنهەج نابێت، بێگومان بۆ کاك سعدالدین بەڵکو لەڕێگەی راستەوخۆوە گوێی لێ بێت، ئەم سیستەمە وەك عەرزم کردن، دوو ئامانجی سەرەکی ئەپێکێت، یەکێکیان گەڕانەوەی منداڵان وقوتابی وخوێندکارانی کوردستانە بۆ باوەشی قوتابخانەو خوێندنگەکان، دووەمیان بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیە، ئەو قۆناغەی کەوا پێویستی بەدەست بەسەراهێنانی منداڵ هەیە، بۆ ئەوەی لەخوێندن نەتۆرێت، ئێمە ئاسانکاریمان تێداکردووە، ئەو قۆناغەی کەوا پێویستی بەوە هەیە، داوا لەو بکەیت خۆی هیلاك بکات ئێمە داوامان لێکردووە، بۆیە پێی ئەڵێین لەپۆلی حەوت لە 15٪ی کۆنمرەکانت ئەژمار ئەکرێت، بۆ پۆلی نۆ، لە پۆلی هەشت لە 15٪ ئەژمار ئەکرێت بۆ پۆلی نۆ ئەگەر لە 60 کەمترت هێنا، ناچیتە وێژەیی وزانستی، یان ئامادەیی کۆمپیوتەر، کەوابێ لەو شوێنەی کەوا پێویستە داوا لەو ئەکەین، لەڕاستیدا تاوانە بە منداڵێکی شەش ساڵ بڵێیت تۆ بڕۆ ئەم وەزیفەیە بنووسەرەوە، بڕۆ ئەوە بکە وئەوە بکە، ئەوە پێویستە لە قوتابخانەدا ئەوەی پێبووترێت، بۆیە هەردوو ئامانجەکە ئەپێکێت، هەم بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی وهەمیش نەتۆرانی منداڵان لەخوێندن وفێرکردندا کەوا ئاماجێکی سەرەکی هەموومانە، گوندەکان مامۆستایان نیە، ئەپرسێ تا نیوەی ساڵ مامۆستایان نیە، بەرێزینە دیسانەوە ئەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی کەوا ئێمە ئەگەر بتوانین، توانا مرۆییەکانی خۆمان باش بەکار بهێنین، باوەڕتان هەبێ مامۆستا زۆرەو چاکیشە، ئەمساڵ تەجروبەیەکی نوێمان بەکارهێناوە، بۆ دامەزراندنی مامۆستا وتوومانە پەروەردەی چۆمان چەند مامۆستات پێویستە، سەرەتایی وناوەندی پێمان بڵێن، ژمارەکانی بۆمان ناردووە، ئەڵێت 200 مامۆستام بۆ نموونە پێویستە، لە سەرەتایی 90 مامۆستاشم پێویستە لە ناوەندی بەم پسپۆڕیانە، هەموو پەروەردەکانی تر بەم شێوەیە، پێنجوێن بەهان شت، ئێمە ڕەزامەندیمان داوە بۆ دامەزراندنی ئەو مامۆستایانە بۆ ئەو شوێنانە، واتە ناڵێم پەروەردەی گشتی سلێمانی 3000 هەزار مامۆستا دامەزرێنە، پەروەردەی گشتی هەولێر 3000 هەزار مامۆستا دامەزرێنە، ئەویش ئیتر خۆتان ئەزانن، بەئەنواعی تەداخول، ئێمە هەر بڵێین تەدەخول مەکە، بەبڕیار ئەوانە جێبەجێ ناکرێت، دیسانەوە ئەگەڕێمەوە بۆ میکانیزمەکە، بۆ ئەوەی ئەو دەسەڵاتانە کەم بکەینەوە، کە پەروەردە ئەخەنە مەیدانی پیاوەتی وبەخشین وپەیداکردنی ڕەسیدی شەخصی، بۆ من وبۆ تۆو بۆ یەکێکی تر، ئەو میکانیزمەمان داناوە، ئەو 85 کەسە ئەبێت، بچنە چۆمان داوا پێشکەش بکەن، من ئامادەم ئەچمە چۆمان ئەبمە مامۆستا لەفلان گوند، بەو ناوەوە دێت بۆ من بۆ وەزارەت، ئێمە فەرمانی وەزاری بۆ دەردەکەین، فلان مامۆستا لەچۆمان دائەمەزرێت لەفلان گوند، بۆیە ئێستا بەڕێوەبەری گشتی

پەروەردەی هەڵەبجە، بەتەلەفۆن قسەم لەگەڵدا کرد، 250 مامۆستای پێویستە تا ئێستا پێنجوین مامۆستای نەبووە، بەس نوێنەریان کاك جوتیار لێرەیە، یەکێك لەکێشەکانیان ئەوە بووە، ئەڵێ مامۆستا 550 کەس هاتووە، ئێستا وا خەریکم بەدەرەجە پۆل پۆلێنانەیان بۆ ئەکەم، کێ دەرەجەی بەرزە بچێ بۆ فلان گوندی پێنجوێن ئەچی، بەسەرچاو ئەچم، واتە هەیبەت بۆ مامۆستاش ئەگەڕێتەوە، هەیبەت بۆ دامەزراندنی مامۆستاش گەڕاوەتەوە، ژمارەکەمان هەیە بەس جاران خراپ دابەشکرابوو، سەردانی قوتابخانەم کردووە لە زاخۆ، لە هەولێر لە دهۆك، لە چەمچەماڵ لە سلێمانی لە کەلار، لە زۆر شاری تریش، باوەڕتان هەبێت مامۆستای وا هەبووە، لە رۆژێکدا دوو دەرسی وتووەتەوە، کەوابێ ئەمەیە کارەساتەکە، من توانا مرۆییەکانی خۆم باش بەکار نەهێناوە، لە رۆژنامەدا دوێنێ خوێندوومەتەوە، ئەڵێ لەتەگەران 55 مامۆستا هەیە، تەگەران گوندێکە هەمووتان دیووتانە، چارەکێ، بیست دەقیقە لەسلێمانیەوە دوورە، بەڵام گوندێکی دووری سەرسنووریش کەس بۆی ناچێت، هەمان ئیمتیازیش وەرئەگرێت، ئەمەیە کەوابێ ئەبێ بیگۆڕین، بۆیە لەڕاستیدا ئێمە کێشەی مامۆستامان نیە، من ناڵێم لە 100٪ ،ئەتوانم بەڕاستی موژدەی ئەوەتان بدەمێ ئەمساڵ مامۆستا لە هەموو گوندەکانیشدا ئەبێت، لەهەموو شاروشارۆچکەکانی کوردستانیشدا ئەبێت، لە زاخۆوە تا خانەقین، تا هەموو گوندەکانی تریش، لەبەر ئەوەی پرۆسەی دامەزراندنەکەمان وا لێکردووە، کەئیتر بەپێی شوێنی پێویست بێ، خاتوو کوێستان باسی لەوە کردووە، کەوا موستەلزەمات وبودجە زۆر پێویستە بەڕاستی بۆ ژیانی مامۆستا، منیش داوا لەپەرلەمانی کوردستان دەکەم، کەلەڕاستیدا چۆن پشتگیری کردن لەم پرۆژەیە ئەکات، پشتگیری دابینکردنی بودجەی پێویستیش بدەن بۆ وەزارەتی پەروەردە، چونکە لەڕاستیدا دابین کردنی بودجەی پێویست، یەکێکە لەهۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەمە، سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە، لەبەر ئەوەی ئەم پرۆژەیە وەکو خۆتان بینیتان، پێویستی بەکۆمەڵێك دابین کاری هەیە، بەڵام هەنگاوەکانی ئێمە ئەوەیە، ئێمە وتوومانە بەم توانایەی کە ئێستاش هەمانە، ئەتوانین ئەم گۆڕانکارییانە بکەین، بەڵام بێگومان پێویستی بە بودجەی زیاتر هەیە، بۆ ئەوەی هەنگاوەکان کاراتر بن وئەنجامی زووتریش بێنێتە دەست، بۆیە من لە ئێستەوە داوا لەپەرلەمانی کوردستان دەکەم، پێش دانانی بودجەی ساڵی نوێ، لە ئێستەوە وا بکات حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەشێکی سەرەکی لە بودجەی ساڵی داهاتووی بۆ بواری پەروەردە دابنێت، دیسان باسی باخچەی ساوایان کرا، وتمان پشتگیری هەموو رەئیەکان دەکەین، چونکە باخچەی ساوایان زۆر گرنگە، ئێمە ئەبێ بەرنامەمان هەبێت، بۆ زیادکردنی باخچەی ساوایان، داخستنی پەیمانگاکان، وابزانم وەڵامی کیفایەتی درایەوە، کاك رۆمیۆ پرسیارێکی کردووە، ئەڵێت ئەمساڵ بیستوومانە ئەڵێن دەوری سێیەم هەیە، ئەی بۆ نەبێت، بڕیارەکان بەڕێزینە دیسانەوە من ئەگەڕێمەوە ئەڵێم بڕیاری موقەدەس نیە، پرسیار بکەین ئایا ئەو بڕیارە بۆ هەیە، دەوری سێیەم چیە، قوتابی وخوێندکار بواری هەیە دووجار تاقیکردنەوە بدات، ئەگەر هاتوو خولی یەکەم کەوت، هەلێکی بۆ ئەڕەخسێنین لە مانگی نۆدا تاقیکردنەوەیەکی تر بدات، بەهۆی کارەساتی سروشتیەوە کەبەدەر لەتوانای ئەو قوتابی وخوێندکارە خۆی، بۆ نموونە ئەمساڵ کۆلێرا هات، هەرچی تووشی سکچوون

ورشانەوە بوو، ئەگەر کۆلێراش نەبووایە بەپەلە ئەیانبردە خەستەخانە، دوو ڕۆژ ئەمایەوە، ئەو قوتابیە دەرسێکی هەبووە بۆ دەوری دووەم، نەیتوانیوە بچێت، ئامادەیە تاقیکردنەوە بکات ودەربچێت، ئەڵێ تاقیم بکەرەوە دەرئەچم، بۆ تاقی نەکەمەوە، ئەگەر تاقیت کردەوەو دەرچوو، کێ قازانج ئەکات، من دیسان قازانج ئەکەم، کە دەستکەوتی ئەو بودجەیەی ئێوە بۆتان داناوم، زیاتر بوو بەفیڕۆم نەداوە، خۆی وەکو تاك خێزان وکۆمەڵگاش ئەی بۆ نەیکەین، کەوابێ لەڕاستیدا پێویستە بڕیارەکان بەو شێوەیە بکەین، ئەو سێجار تاقیکردنەوەی نەداوە، دوو جارە، یەکێك توشی ڕیخۆڵە کوێرە ئەبێت، کارەساتێکی وای لێ ئەقەومێت، کەسەنزیکەکانی کۆچی دوایی ئەکات، بۆ ئەوانە بەڕاستی ئەو تەلیسمە نەشکێنین، بۆ بوار بۆ ئەوانە نەڕەخسێنین، بەمەرجێك وەکو عەرزم کردن، لەلایەنی زانستیەوە من هیچ زەرەرم نەکردووە، ناڵێم تۆ بڕۆ لەبەر ئەوەی کۆلێرا بووە، قەیچیەکات ئەمساڵ بەسەریا تێپەڕ بووە، نەخێر تاقی ئەکەمەوە، جا لەبەر ئەوە بەڕاستی خولی سێیەم، خولی سێیەم نیە، خولی دووبارەکردنەوەی خولی دووەمە، بۆ ئەو قوتابی وخوێندکارانەی بەهۆیەك لەو هۆیانەی نەك هەر کۆلێرا، بەهۆیەك لەو هۆیانەی کە بەدەر لەتوانای خۆیان نەیانتوانیوە بەشداری تاقیکردنەوە بکەن، زمانی کوردی گرفتە ئەوە باسکرا بەڕاستی، هیوادارین لەنزیکترین کات ئەوە چارەسەر بکرێت، نەبوونی قوتابخانە بەزمانی عەرەبی، ئێمە قوتابخانەمان هەیە بەزمانی عەرەبی، لەڕاستیدا بەڵام بەڕێزینە ئەو ژمارە زۆرەی قوتابیانی عەرەب کە ئێستا لەدەرەوەی کوردستانەوە رووەمان تێئەکەن، ئەوە فشارێکی گەورەی خستۆتە سەر شانی ئێمە لەڕاستیدا، ئەمە حەقیقەتێکەو راستیەو باسی ئەکەین، ئێمە ناتوانین بەدەر لەهەموو ئەو قوتابی وخوێندکارانەی خۆمان هەمانە، قوتابخانەیەکی تایبەت بەژمارەیەکی نموونەی بۆ ئەو قوتابیانە بکەینەوە، بەڵام مامەڵەیان وەکو قوتابی خۆمان لەگەڵدا کراوە، پۆلەکانی ئێمە قەرەباڵغن هی ئەوانیش قەرەباڵغە، جگە لەوەی سەدان مامۆستا لەبەغداو شارەکانی ترەوە گواستراونەتەوە، هاتوونەتە سەر میزانیەی ئێمە، ئێمە مەعاشەکانیان ئەدەین، زۆریان پێویستیشمان پێیان نیە، بەڕاستی بەس لەبەر لایەنی مرۆڤایەتی بووە، لەبەر ئەوە ئەوان لەزمانی عەرەبی ئەتوانن دەرس بڵێنەوە، دوایی قوتابخانەکانی ئێمە کەمن بەشی ئەو هەموو ژمارە مامۆستاییەی نەئەکرد، کەوابێ ئێمە لەهەموو ئەو شوێنانەش کەقوتابخانەی عەرەبی نیە، پێمان راگەیاندوون پەروەردەکان پۆلی تایبەت بۆ ئەو قوتابیە عەرەبانە بکەنەوە، ئەگەر هاتوو ژمارەکەیان گونجاو بوو، لەبەر ئەوە مافێکی ئینسانە بەزمانی خۆی بخوێنێت، ئێمە خۆمان زۆرمان چەشتووە لەوە، نامانەوێت ببین بەوان کەدەسەڵاتمان هەیە بیکەینەوە یان نەیکەینەوە، دەسەڵاتەکە خراپ بەکاربهێنین، لەبەر ئەوە وتوومانە چەند ئەتوانن، پۆلی تایبەت بۆ ئەوانە بکەنەوە، لەبەر ئەوە بارودۆخێکی تایبەتەو رۆژگارێك رەنگە ساڵێکی تر بگەڕێنەوە، با تووشی زیان نەبن، ئەم ساڵ ئەگەر بێتوو بەکوردی بخوێنن وساڵێکی تر بچێتەوە شارەکەی خۆی بەڕاستی ئەوە بەهاوڵاتی وڵاتی خۆمان بەرپرسیارین بەرامبەر پەروەردەکردنیان، بەڵام لێرەشەوە داوای هاوکاری ئەکەین، زیاتر حکومەتی عێراق بڕێك لەبودجەی تایبەت بۆ پەروەردەو فێرکردنی ئەو بەڕێزانە دابنرێت، چونکە لەڕاستیدا ئەوە بودجەی هەرێمە بۆ

ئەوانی سەرف ئەکەین، لە بودجەی منداڵانی کوردستانە بەشێك لەو بەشە ئەچێت بۆ ئەوان، گلەییەك ئەکات ئەڵێ، ملیۆنەها دینار بۆ مەناهیج وکتێب سەرف کراوەو، ئیعادە کراوەتەوە بەس لەبەر ئەوەی کتێبەکان وشەی قوتابی وخوێندکاری تێدا بووە، بەهیچ شێوەیەك ئەو شتە وانیە، ئەوەی لەڕاگەیاندنەکاندا ئەنووسرێت، ڕێزم بۆ هەموو ڕاگەیاندنەکان، بەڕاستی ئەوە ڕاست نیە، بەهیچ شێوەیەك ئێمە کتێبێکمان نەگۆڕیوە لەبەر ئەوەی وشەی خوێندکاری تێدا نیە یان قوتابی، زۆر لەوە بەرزتر سەیری پرۆسەی پەروەردە ئەکەین بەڕاستی، لەبەر ئەوەی وشەی خوێندکارێك یان قوتابیەك لەشوێنێك هەیە، کتێبێکی لەسەر بگۆڕین، بەڵام کەکتێب ئەگۆڕدرێت، بەڕاستی بۆ ناوەڕۆکی نوێیە، کتێب لەپێناوی کتێبدا ناگۆڕدرێت، فۆڕمی بڕوا نامەکان، یەعنی حەز ئەکەم شتەکان تێکەڵاو نەبێت، واقعی چۆنە واتان بۆ باس بکەم، فۆڕمی بڕوا نامەکان کە دەرئەچێت، ئێمە چەند تەعبیرێکمان هەیە چەند بەڕێزێکیش ئاماژەی پێدا، بۆیە حەزەکەم دیسان ئەمە مووناسەبەیەکە بۆ ئەوەی باسی بکەین، بەکار هێنانی وشەی خوێندکار وقوتابی وشەی ژن و وشەی ئافرەت، وشەی خوێندنگەو وشەی قوتابخانە، من وەکو شەخصی خۆم، بەڕاستی من بەگرفتی نازانم، هیچ گرفتێك نیە ووشەی خوێندکار بەکار بهێنین و وشەی قوتابیش بەکاربهێنین، ئەوە دەوڵەمەندی زمانە، ئەتوانین ڕێك بکەوین، لەئیدارەی پێشووی سلێمانی تا شەشی سەرەتایی بەهەموویانیان ئەوت قوتابی، دوای شەشی سەرەتایی بۆ زانکۆ ئەیان وت خوێندکار، من هیوادارم بەڕاستی ئەوە پەیڕەو بکرێت، بەڵام دیارە هەندێك هەستیاری هەیە، لەلای ڕێکخراوە قوتابی وخوێندکارییەکان، ئەوەش هەندێ شتی ئەوێت، واتە ئێمە ئەتوانین زمانەکەی خۆمان بەکار بهێنین، لەوڵاتانی دونیاش وشە هەیە بۆیەك شت چەند وشەیەك بەکاردێت، بەڵام وایان لێکردووە، هەریەکەو بۆ قۆناغێك، من لێرەوە ئەو پێشنیارە بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەکەم، ئەگەر پێویستی بەهەرشتێك هەبێت، با هاوکاری وەزارەتی پەروەردە بکەن، بۆ بڕیاردان لەشتێکی لەو جۆرە، تا قۆناغێك لەقۆناغەکان، بەڵام ئەمانە کێشە نین، بەڕاستی ئێمە بڵێین لەبەر ئەوەی ئەوە چارەسەر نەکراوە، شتەکانی تریش چارەسەر ناکرێت، بەڕاستی بابەتێکە بەبێ بڕیاریش زەمەن خۆی لەخۆیدا، چارەسەری زۆر کێشەو گیروگرفت دەکات، تەدەخولی حیزبی بۆ دیاریکردنی بەڕێوەبەر وسەرپەرشتیار، دیسانەوە عەرزم کردن، بێگومان تەدەخولی حزبی هەبووەو هەشە، ئەوانەش چۆن نامێنن دیسان بەدیاریکردنی کۆمەڵێك میکانیزم و بەهۆشیار کردنەوەی خەڵك وبەوەی کەبەڕێوەبەرایەتی ئیمتیاز نیە، بەڕێوەبەرایەتی بەرپرسیارێتیە، کە ئێمە بەدواداچوونمان کرد، کەتۆ بووی بەبەڕێوەبەرلێمان پرسیوە بەڕێوەبەرێکی فاشیل دەرچووی بەڕاستی ئەو کاتە ئەبێ وا لە بەڕێوەبەرەکان بکەین، لەجیاتی ئەوەی خەڵك ئێستا واسیتە ئەکات بۆ بەڕێوەبەری، واسیتە بکات بۆ ئەوەی وازی لێ بێنێ، ئەوەندە بەرپرسیاری ئەکەین بەرامبەر بەشتەکان، سەرپەرشتیاریش هەروا ئەمساڵ تاقیکردنەوەمان کرد، بۆ سەرپەرشتیاری هیوا هەبوو خۆی ئەوەندە بەمەغدور ئەزانی چەندین ساڵە بەهۆی حزبایەتیەوە لەسلێمانی نەکراوم بەسەرپەرشتیار، لەهەولێر بۆیە نەکراوم واو وابووە، فەرموو ئیمتیحان بدە، 270 دەرەجەی سەرپەرشتیاریان هەبوو، تەنها 80 کەس دەرچوو، یەعنی ئێستا وای

لێهاتووه، زۆرکەس کە داوای سەرپەرشتیاری ئەکات، ئیتر رووی نایەت بێتە پرۆسەی ئیمتیحانەوە، لەبەر ئەوەی 30 هێناوە کەبەئێمە ئەڵێن، بۆ ئەوەندەی هێناوە لەبەر ئەوەی لەتاقی کردنەوە 30 یت هێناوە، کەوا بوو رووی نایەت باسی ئەوە بکات، وەنەتەکلیف لەئێوەی بەڕێزیش بکات و بەڕێزی تریش رووی نایەت، لەبەر ئەوە هەوڵدراوە بەڕاستی، تەدەخولاتی حزبی نەمێنێت، بەڵام بەدانانی میکانیزم، ئەوەش ئیشی شەو رۆژێك نیە، حزب لە هەموو شوێنەکان ئەیەوێت بەڕاستی مەکانەتی خۆی بەدەست تێوەردان لەکاروباری حکومەت، ئەگەر ئەوە بکرێت، بەڵام ئێمە وەکو حکومەتیش ئەبێت، میکانیزمان هەبێت، بۆ ئەوەی دەستێوەردانی حزب لەهەموو سێکتەرەکانی بوارەکانی پەروەردەو ئەوەی کەپەیوەندی بەئێمەوە هەیە نەیەڵێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لە100٪ بڵێین توانیوومانە دەستتێوەردانی حزب لێرەو لەوێ بنبڕ بکەین، ئەوە ڕاست نیە، بەڵام هەنگاوەکانمان باشترە، ئەمساڵ زۆر باشترە لەپار، لەدانانی بەڕێوەبەری قوتابخانە و خوێندنگەکان، من هەست ئەکەم فرە ڕەنگی هەیە، بەڵام هێشتا ئەوە کارکردنی زیاتری ئەوێت، خاتوو سۆزان هیوادارم ئەویش لەڕێگەی ئەم کەناڵانەوە گوێی لەوەڵامەکانی خۆی بێت، کە ئەڵێت تاقیکردنەوەکان باس نەکراوە، بێگومان کۆنگرەی پەروەردەیی تەنها ئەو ڕاسپاردەیەی نەبووە، ئەڵێ لەکۆنگرەدا باسکراوە، بەڵام لێرەدا نەمانبینی، کۆنگرەی پەروەردەیی تەنها ئەو ڕاسپاردانەی نەبووە، بەڵکو کۆمەڵێك راسپاردەی تریشی هەبووە، بێجگە لەوانەی کە ئێمە باسمان کرد، ئەمە زۆربەی یان سەرجەم ئەو خاڵانەیە، کەلەکۆنگرەی پەروەردەیدا باس کراوە، هەندێ پێویستی بەوە نەبووە کە بیبەینە ئەنجومەنی وەزیران وبێتە بەردەمی بەڕێزتان، هەندێکی ئیشوکاری رۆژانەی وەزارەت وبەڕێوەبەرە گشتیەکانە بەڕاستی، کە موتابەعەی بکەن و بەئەنجامی بگەیەنن، لەبەر ئەوەیە کەباس نەکراوە، ئەگەر پێویستیشی بە روونکردنەوەی پێویست هەبێت، من ئامادەم باسی بکەم لەوانە، باسی ئەوەی کرد کەوا ئیکمال دوای حەفتەیەك یان 10 رۆژ تاقی کردنەوە بکات، ئێمە لەدوای دیراسەکردن ئەوەمان بەشێوەیەکی سەرکەوتوو نەزانی، بۆ ئەوەی بواری باش بڕەخسێنین، مادام ئیکمالمان نەهێشتووە، لەدەوری یەکەم هەموو ئەوانەی کە ئەکەون بۆیان هەیە، خولی دووەم بدەنەوە، باماوەشیان هەبێت بخوێنن، لەبەر ئەوە بۆیە نزیك نەکراوەتەوە تاقیکردنەوەکانی خولی دوووەم، زمانەکان باس ئەکات، کەباس لەعەرەبی نەکراوە، دیسانەوە وتم ئەوە نموونەیەکە، ئەو پرۆژەی ئێمە نموونەیەکە و ئامانج لە زمانی کوردی چیە، ئامانج لەزمانی عەرەبی چیە، بەهەمان شێوە هەموو وانەیەك لەوانەکان ئامانجی دیاریکراوی خۆی هەیە، ئەبێ ئێمە لەقۆناغەکانی خوێندندا ئەو ئامانجە بهێنینە دی، بۆیە باسمان کردووە، کوردیمان هێناوەتەوە بەنموونەیەك، کەئامانج تەنها نووسینی کوردی نیە، بەڵکو ئامانج لەگەڵ ئەوەشدا دەربڕینە، ئێمە ئەگەر تاکی کوردی سەرژمێرییە بکەین، زۆربەی زۆرمان توانای دەربڕینمان نیە، ئەو هەموو کارەساتەی تێیدا ژیاوین، کەچی ناتوانین تەعبیر لەکارەساتی خۆمان بکەین، قوتابیەکی هەڵەبجە کە لەکاتی کیمیابارانەکەدا بووە، لەشەشی ئامادەیی بووە بڵێیت دارشتن لەسەر کارەساتی هەڵەبجە و کیمیابارانەکە بکە، رەنگە زۆر بەزەحمەت بۆی بکرێت، کەوابێ ئێمە ئامانج لەخوێندنی زمانی کوردی، ئامانجەکەی نەهێناوەتە دی، بۆیە

ئەبێ لەکوردیش ولەعەرەبیش ولە ئینگلیزیش، بگەڕێین بەدوای ئامانجەکاندا ودیاری بکەین، بۆ مامۆستاو بۆ پەروەردەکارو سەرپەرشتی کاریش بڵێین ئامانج لەوتنەوەی ئەو بابەتە ئەوەیە، پێی گەیشتی بەوە ئەوە سەرکەوتووی، ئەگەر نەگەشتی ئەوە مانای وایە ئێمە کورتیمان هێناوە، گەیاندنی زانست وبەرهەمهێنانی زانست بێگومان لەپەروەردە، بیروبۆچوون زۆرە، ئەو بەڕێزانە هەندێکیان ئیشارەتیان پێدا، کە هاوسەنگ بڕۆین، پەلە نەکەین، لەڕاستیدا ئەمانە وانین، ئێمە نامانەوێت هەندێك چەمکی موستەفید لێرە باس بکەین، کە نامۆیە بۆ کۆمەڵگای ئێمە، و پێویستیشمان پێی نیە بەڕاستی، ئێمە ئەمانەوێت ئەم سیستەمە وەکو هەیکەلی ڕێکخستن هەموو ئامانجەکان بهێنینە دی، لەبەر ئەوە گەیاندن یان بەرهەمهێنانی زانستە، ئەوە هیچ شتێك لەلای ئێمە دروست ناکات، لەدەربڕیندا لەبەر ئەوەی دەربڕینێك لەلای ئێمە وابێ ولەلای کەسێکی تر شتێکی تر بێت، هەموومان ئامانجەکانمان یەکن ئامانجەکانی سۆزان خانیش کە یەکێکە لەئەندامەکانی لیژنەی پەروەردەیی بووە، لەگەڵ ئەو سیستەمەدا هەمان ئەو ئامانجەی ئێمە بووە، بەهەمان شێواز کار کراوە بۆی، بەڕیز کاك جمال قاسم، گرنگی بەباخچەی ساوایان، بێگومان وەك باسمان کرد، گرنگی باشی پێویستەو ئەشدرێت، مامۆستا نەبێت گۆڕان نابێت، بێگومان مامۆستا کارەکتەری سەرەکی بەڕێوەبەری گەیاندنی زانستە، کەواتە چۆن کار بکەین بۆ ئەوەی مامۆستا کارئەکتەر بێت، وەکو عەرزم کردن خولەکانی ڕاهێنانی بەردەوام، دووەمیش بەدواداچوون وموتابەعەی بەردەوام، سێیەمیش لە ڕێگەی گۆڕینی هەندێك کتێبەوە، ئەم نموونانەی کتێب، کتێب هەیە بۆ مامۆستا، کتێبی تایبەت بۆ مامۆستا، دانراوە، کەخۆی مامۆستا وا لێئەکات بەبێ خولی ڕاهێنانیش، بەس دڵسۆزی پیشەکەی خۆی بێت، ئەیکات بەمامۆستایەکی زۆر باش، ڕاهێنەری تێدا ئەکات، لەماڵەوە دائەنیشێت پێش ئەوەی بێتە قوتابخانە، ئەو خۆی بۆ خۆی کار ئەکات، چۆن بتوانێ دەرس بڵێتەوە، ئەمە شێوازێك لەشێوازەکان، شێوازی دووەمیش وەکو عەرزم کردن، ڕاهێنانی بەردەوامی مامۆستایە یەکێکی تریشیان وا بکەین، ئیتر لێرە بەدواوە مامۆستایانی هەموو قۆناغەکان دەرچووی کۆلێژەکان دەبن، تاقیکردنەوە زۆر گرنگە، بێگومان کاك جمالی بەڕێز لای ئێمەش تاقیکردنەوە زۆر گرنگە، بەڵام ئامانجی تاقیکردنەوەکە جیاوازە، تاقیکردنەوە بۆ سەرکوتکردنی قوتابی وخوێندکار نیە، تاقیکردنەوە بۆ ئەوەیە، ئاستی وەرگرتن وبەشداریکردن لەپرۆسەی وەرگرتنی زانستەکە تێیدا، ئەمە دوو چەمکی جیاوازن، هەندێك جار بەداخەوە چەمکەکان لای ئێمە بەهەڵە لێی تێدەگەین، بۆ نموونە غەشکردن، مامۆستای وامان هەیە ئێمە لەزانکۆشدا، کە ئەگەڕێتەوە لەپۆلەکەی خۆی کە چاودێرە، کە قۆپییەکی گرتبێ وەکو پاڵەوانیەتیەکی کردبێ، ئەڵێ قۆپیەکەم گرت، چۆنیش ئەیگرێت، پلانێك دائەنێت بۆی بۆ ئەوەی قوتابیەکە یان خوێندکارەکە قۆپیەکی لێ بگیرێت، داوای چایەك ئەکات، بانگی ئەکات، خەریکی چا خواردنەوەکە ئەبێت، وا ئەکات کەوا لەخوێندکارەکان کە ئەو ئاگای لێی نیە، قوتابیەکە وەرەقەکە دەرئەهێنێت، مامۆستای بەڕێز تۆ کاری ئەوەت نیە قۆپی بگریت، تۆ ئەرکت ئەوەیە نەهێڵی قۆپیە بکات، ئەمەیە لای ئێمە بەڕاستی کەچەمکەکان جیاوازن، تاقیکردنەوەش ئەوە نیە بەڕاستی ئێمە تاقیکردنەوە ئەکەین، تاقیکردنەوە بۆ ئەو ناکەین تا منداڵ والێبکەین، لەو

تەمەنەوە بتۆرێت لەمن، نەخێر ئەڵێم وەرە تا ئەگاتە ئەوەی کەخۆی تێدەگات، کە گەشتە ئاستی تێگەشتن ئیتر وەکو عەرزم کردن تاقیکردنەوەکان وای لێدێت، نەك لەسێ ولەشەشی ئامادەیی، لە پۆلی حەوت وهەشتیش تاقیکردنەوەی سەرانسەری بۆ بکەی، بەڵام لەهەمان ژووری خۆی، هەمان مامۆستای خۆی بەدیارییەوە بێت، نەك مامۆستایەکی تری غەریب، بێتە سەری لەو ناحیەیەوە، بۆیە تاقیکردنەوەی میللی پێنج، کەچەند پرسیارێکی ئاراستەکراوی هەیە کەچۆن ئەبێت وبۆچیە، لەپێنجی سەرەتایی ئەو تاقیکردنەوەیە ئەبێت، بۆ هەموو بابەتەکانە نەك تەنها بۆ بابەتی بیرکاری وزانست وکوردی، لە حەفتەی یەکەمی مانگی چوار ئەنجام ئەدرێت، پرسیارەکان هاوبەش ئەبن لەسەر ئاستی قەزا، بەڵام قوتابی لەژوورەکەی خۆی دانیشتووە، مامۆستاکەی خۆی دێت و پرسیارەکانی ئەداتێ و تاقیکردنەوە ئەکات، نمرەی تاقیکردنەوەکەش وەکو نمرەی مانگانە ئەژمار ئەکرێت بۆی، واتە چارەنووسی ئەو قوتابیە لەسەر ئەو تاقیکردنەوەیە نیە، بەڵکو وەکو مانگانەیەکە، ئەمە مەبەستی چیە ئامانجامان لێی، ئامانجمان پێوانەی ئاستی زانستی قوتابخانەکانە، ئایا بابزانین خەلەلمان نیە لە قوتابخانەیەکدا، ئاستی زانستی نزمە پێویستە چارەسەری بکەین، ئایا قوتابیان ئامانجەکانی وەرگرتنی زانستیان هێناوەتە دی، بۆ ئەوەی کەئێمە هەڵسەنگاندن بۆ پرۆسەکەی خۆمان بکەین، نەك بۆ ئەوەی ئەوە داوێك بێت بۆ قوتابی وخوێندکار دابندرێت، کە بەداخەوە لەزۆر لایەنی پەروەردەییدا ئەوانە هەن، بۆیە تاقیکردنەوە گرنگی خۆی لەدەست نادات لەم پرۆسەیەدا، بەپێچەوانەوە رۆڵی خۆی بەدەست دێنێت، کە جاران رۆڵەکەی خۆی بەدەست نەهێناوە، بەڕێز کاك بەکر فتاح پرسیارێکی کردووە، گۆڕینی پێش بنەڕەتی، واتە باخچەی ساوایان بێگومان وەکو عەرزم کردن، باخچەی ساوایان پێویستە زۆر گرنگی تەواوی پێبدرێت، بۆیە دیسانەوە لەڕێگەی ئێوەی بەڕێزیشەوە ئێمە داوا ئەکەین، بەهەموومانەوە بتوانین وا بکەین منداڵانی کوردستان بێبەش نەبن لەباخچەی ساوایان، لەبەر ئەوەی بەداخەوە ئێستا لەو شوێنانەش کەوا باخچە هەیە تەنها منداڵی فەرمانبەر وەر ئەگرێت، لەبەر ئەوە وای لێهاتووە، وەکو شوێنێکی دایەنگا وایە تادایك ئەگەڕێتەوە لە فەرمانگەکەی، نەك وەکو مافێکی منداڵ، ئەمەش ئەبێ بگۆڕین مافی هەموو منداڵانی کوردستانە بچنە باخچەی ساوایان، ئەوەش ئەرکێکی تری حکومەتە، ئەبێ جێبەجێی بکات لەڕاستیدا، بەڵام دڵنیاتان ئەکەین ناتوانین ئێستا بڵێین ئەوە هەمووی ئەتوانین جێبەجێی بکەین، لەبەر ئەوەی بودجەی پێویست بۆ هەموو ئەو شتانە نیە، بەس شێوازەکانی کردنەوەی باخچەی ساوایانمان گۆڕیووە، وەکو عەرزم کردن، بەکرێ گرتنی خانوو، بەدابەشکردنی قوتابخانەکەش بەبەشێك، واتە هەموو شێوازێك ئەگرین بۆ ئەوەی زیاترین هەل بڕەخسێنین بۆ زۆرترین منداڵی کوردستان بۆ ئەوەی بچنە ئەو قۆناغەوە کە قۆناغێکی گەلێك هەستیارە، ئایا قۆناغەکان چۆن دەست پێئەکەن، دیسانەوە ئاماژەم پێدایەوە، ئەمساڵ شەشی سەرەتایی بەکەلۆری نابێت، قۆناغەکانی تری خوێندن وەکو خۆی ئەبێت، ئەوانەی کەئەمساڵ لە شەش دەرئەچن بڕوانامەی شەشی سەرەتاییان نابێت، زۆر بەئاسایی ئەچنە پۆلی حەوت، هەندێك قوتابخانە لە شوێنی خۆیان ئەمێننەوە، کەلێرەدا باسمانکرد بینا گرنگ نیە، مەبەستمان بینا لەدابەشکردنی

سیستەمەکەدا گرنگ نەبوو، هەندێك بەڕێز بەهەڵە لەئێمە تێگەیشتن، هەندێك قوتابخانەمان هەیە سەرەتاییە، شەش قۆناغی تێدا هەیە، ئەتوانین ساڵێکی تر لەهەمان بینادا پۆلی حەوت بکەینەوە، هەر یەکسەر پۆلی حەوتی تێدا ئەکەینەوە، چەند مامۆستایەکی ناوەندی بۆ ئەگوێزینەوە، هەڵگری بەکالۆریۆس بۆ ئەوەی وانەکان بڵێنەوە، ئەو مامۆستایانە ئەتوانن زانستەکانی پێنج وشەشیش بڵێنەوە، چونکە ئەبێت وردە وردە مامۆستایانی بەکالۆریۆس بێن ئەم کتێبانەی کەئەگۆڕدرێن، پێویستی بەوە هەیە لە چوار وپێنج وشەشیشەوە بێت، هەندێك قوتابخانە هەیە تاکو پۆلی چواری تێدا ئەبێت، چواری بنەڕەتی ئاساییە، لەچوارەوە هەندێکی تریان بۆ نۆی تێدا ئەبێت، لەهەندێکی تر شەش بۆ نۆی تێدا ئەبێت، کەوابێ لێرەدا بینا بڕیاردەر نیە، سیستەمەکە بڕیاردەرە، کەوابێ ئەمە لەهەندێ شوێن زۆر موشکیلەی بیناشمان بۆ چارەسەر ئەکات، لەهەندێك لەناحیەکان، لەهەندێك لەگوندەکان سەیر ئەکەی تاقۆناغی شەش هەیە، دوای ئەوە چەند قوتابییەك ئەمێننەوە ناوەندیان بۆ نەکراوەتەوە، بەناچاری هەندێکیان واز لەخوێندن دێنن، هەندێکیشیان ئەبێت بڕۆن چەندین کیلۆمەتر ببڕن بۆ ئەوەی بچنە ناوەندییەك، ئێمە بەدانانی چەند مامۆستایەك ئەتوانین لەو شوێنەدا پۆلی حەوتی بۆ بکەینەوە، کە نەمانتوانی هەشتی بۆ بکەینەوە لەبەر ئەوەی مامۆستای پسپۆڕ نیە، ئەو کاتە با لەهەشتەوە بچێتە شوێنە دوورەکە، با تا حەوت لەگوندەکەی خۆی تەواو بکات، باشە بائەمجارە لەهەشتەوە بچێت، واتە ئەرکێکی کەمترم خستە سەرشانی خێزان و سەرشانی ئەو خوێندکارەی کە لەگوندەکەی خۆی ناوەندی تێدا نەکراوەتەوە، لەهەندێك شوێنی تریش وەکو عەرزم کردن، قوتابخانە سەرەتاییەکان لەشاریشدا جێگەی ئەوەیان هەیە پۆلی حەوتی تێدا بکەینەوە، کەوابێ دیسان لەرووی بیناشەوە من قازانجم کرد، بۆیە ئەم سیستەمە گرنگ نیە چەند قۆناغی خوێندن لەچەند شوێندا ئەخوێنن، لەهەموو دونیاشدا ئەوە پەیڕەو ئەکرێت وایە، ئەوە نیە مەرج بێت تۆ لەیەکەوە بۆ نۆ لەیەك بینا بیت، بەڵکو شوێن وموستەلزەماتی بوونی مامۆستاو جوگرافیای ئەو شوێنە بڕیار لەوە ئەدات، ئێمە ئەو قۆناغە چەند بکەینەوەو چەند نەکەینەوە، پرسیاری لە کۆلێژی قەڵاو ئەزمەڕ کردبوو، بێگومان ئەوانە وەکو عەرزم کردن، لەشەشی سەرەتاییەوە ئەوانە وەرئەگیرێن، بەپێی پێوەری زانستی ساڵانە لەگەڵیا ئەرۆن و نموونەیەکی نوێیە لەکوردستاندا، گەلاوێژ خان پرسیاری کردبوو کە مەبەست لەتاقیکردنەوەی میللی چیە، وا ئەزانم مەبەستەکەمان روونکردەوە کە لە پێنجی سەرەتاییدا ئەدرێت، ئایا بەهرەداران جیاوازی لەنێوان منداڵاندا دروست ناکات، لەڕاستیدا دوای چاکردنەوەی چەمکەکە وتمان بەهرەداران هەر ئەو حەوت هەشت کەسەن، ئەوەی پێشووتر بەهەرەدار نەبوون نموونەیی بوون، لەبەر ئەوە من پرسیارەکە ئەزانم ئەو مەبەستی نموونەییە، ئایا نموونەییەکان جیاوازکاری نیە لەنێوان قوتابیان وخوێندکاراندا یان هەژار ودەوڵەمەند، بێگومان جیاوازی نیە، بۆ لەبەر ئەوەی وەرگرتن لەو ناوەندییە نموونەییانە بەنمرەیە، هیچ پێوەرێکی تر نیە بۆ وەرگرتن، تەنها کۆ نمرە نەبێت، جگە لەوە منداڵی شەهید پێنج نمرەی تێکڕاییمان بۆ داناوە کەوەربگیرێت، لەبەر ئەوەی لەو تەمەنەدا بەڕاستی پێوەری نمرە لە 100٪ راستیەکان ناپێکێت، بوونی باوك وەکو سەرپەرشتیکار رۆڵێکی کارا ئەبینێت،

لەپەروەردەکردنی لەو قۆناغەدا، وەکو قۆناغی زانکۆ نیە، بۆیە لەڕاستیدا ئێمە ئەگەر منداڵێکی شەهید 85ی هێنا زۆر بەئاسای ئەڵێین شایستەی ئەوەیە بچێتە قوتابخانەی نموونەیی، لەبەر ئەوە تەنها جیاکاری بۆ ئەوان کراوە، ئەوانیش بەنووسراوی وەزارەتی شەهیدان، شەهیدی هەر حزبێك و هەر لایەنێك بن بۆ ئێمە وەکو یەك ئەژمار ئەکرێت بۆیان، ئەو قوتابیانەی کەوا هەژارن، نمرەیان هێناوەو لەنموونەیەکان وەر ئەگیرێت، پاسیشیان بۆ گیراوە بۆ ئەوەی هاتووچۆیان پێبکات، لێرە پاس ئەگرین بۆ قوتابیان لەبەر ئەوەی ناتوانین لە هەموو گەڕەکێکدا قوتابخانەیەکی نموونەیی دواناوەندییەکی نموونەیی، بکەینەوە، ئەو منداڵە هەژارەی نمرەکەی بەدەست هێناوە با ئەو هەلەی لەکیس نەچێت، فەرموو وەرە وەربگیرێ، من خولی ڕاهێنانیشت بۆ ئەکەمەوە بەخۆڕایی لەسەر من، دیسانەوەش پاسیشت بۆ دائەنێم ئەوەش چاودێری کردنی حکومەتە بۆ ئەو منداڵانەی کە زیاتر حەزو ئارەزوویان لەخوێندنە، بەڕێزینە ئێمە هەموومان حەزمان لێی نیە لەخوێندن، هەیە حەزی لەوەرزشە تەبیعەتی خۆی وایە، بەڵام ئەوەی ئێمە گرنگە بەلامانەوە، سەرەتای ژیانی منداڵە ئێمە بیهێنینە ناو پرۆسەی خوێندنەوە، دوای ئەوەی کەخۆی تێدەگات، هەموومان نموونەی ئەوەمان هەیە، دوو براو خوشکێك هەیە هەر پێی ناڵێین سەعی بکە، بەڵام خۆی لەخۆیدا حەزی لێیە، هەشە بیهێنەو بیبە هەر حەزی لێی نیە، ئارەزووی لێی نیە، ئەگەر وانەبووایە یان لەدوونیادا ئەگەر بمانووتایە وا نیە، ئەبوایە لەسوید کرێکار نەبێ، ئەبوایە لە ئەوروپا بەڕاستی کەس فیتەر نەبووایە، ئەبوایە کەس سایەق نەبێ، کەوابێ ئینسان بەتەبیعەتی خۆی وایە، بۆیە ئەو منداڵەی کەوا توانای حەزکردنی هەیە نەوەد ئەهێنێت لە شەشی بنەڕەتیدا با من زیاتر ریعایەی بکەم، زیاتر گرنگی پێبدەم بۆ ئایندەی خۆمە، چونکە بەڕاستی ئەوە بۆ کێ ئەخوێنێت، ئەگەر بێتو هەڵگری بڕوانامەی بەرزو زانستی بەرز لەوڵاتی ئێمە هەبێت، ئەوا بۆ ئێمەیە بۆ کێیە، خۆیان کەمترین سوود لەو توانا زانستیەی خۆیان وەرئەگرن، ئەگینا بەخششەکەی بۆ کۆمەڵە، بۆیە حکومەت بەپێویستی ئەزانێت، ریعایەی ئەو کەسانە بکات کە زیاتر حەزو ئارەزوویان لە خوێندنە، ئێمە ئەو هەلەمان زیاتر کردووە، ئەمساڵ چەندین خوێندنگەی نموونەیشمان کردۆتەوە، نەك تەنها لەشارەکان بەڵکو لەقەزاکانیشدا لە کۆیە کراوەتەوە، لە ئاکرێ کراوەتەوە، لە سلێمانی چەند خوێندنگەیەکی تر، لەهەولێر وەلەهەموو ئەو شوێنانەی کەپێویست بووەو توانا هەبووە کردوومانەتەوە. بۆ ئەوەی هیچ منداڵێك بێبەش نەبێت، لەکاتێکدا ئەو توانای هەبێت، ئەمە کێبڕکێیەك دروست ئەکات لەنێوان قوتابخانەکانی تریشدا، ئەوانیش وا لێ ئەکات، کە زۆر قوتابخانەمان هەیە بەڕاستی ناوی نموونەیی نیە، بەڵام لە کێبڕکێی خۆیاندا، لەحەماسی خۆیان، ئاستەکانیان ئەوەندە بەرزکردۆتەوە بوونەتە ئاستی نموونەیی، باسی مەداریسی سریانی ئەکات گەلاوێژ خان، کە مەلازم هەیەو گرنگی نەدراوە بە خوێندنی سریانی، لەڕاستیدا ئەوەش ناحەقیەکە بەرامبەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، تەنها ئەم کتێبانە کەگۆڕدراوە، بۆ زمانی تورکمانیش بۆ زمانی سریانیش چاپ کراون، بۆ ئەوەی برادەرانی تریش ئاگایان لێی بێت، گەورەترین کێشە ئەوە بوو کەسیستەمی کۆمپیوتەریك نەبوو بۆ ئەوەی بەزمانی سریانی ئەو کتێبانەی کەچاپ کراون ئەم هاوینە، زیاتر لەبودجەی

پێویست بۆ کوردیەکە تەرخانمانکرد، بۆ ئەوەی بەسریانی چاپ بکرێت، بەڕێوەبەری گشتی خوێندنی سریانیمان هەیە، راوێژکاری خوێندنی سریانیمان هەیە، خوێندنی سریانی لەدهۆك ولەهەموو ئەو شوێنانەی کەوا چڕی دانیشتووانیان ئەوە ئەهێنێت کەوا قوتابخانەیان بۆ بکرێتەوە، بۆیان کراوەتەوە، تورکمانیش بەهەمان شێوە، لەکفری ولەهەموو شوێنەکان، مافی وەك یەکیان هەیە، لەهەموو ئەو مافانەی تر کە منداڵانی کوردستان هەیانە وەحەقی خۆشیانە، هیچ منەتێك نەبووە کەئێمە ئەوەمان کردووە، ئەوە ئەرکی خۆمانە، لەبەر ئەوەی کەمن لێرە ئەڵێم کردووەمە، ئەوە ئەرکی خۆمە جێبەجێکردووە گەلاوێژ خان، کاك تەڵعەت هیواخوازی سەرکەوتنی کردووە، دیارە باسی بەتیئی تەعەلومی کردووە، ئەم پرۆسەیەی کەلەیەك بۆ سێ کەوتن نیە، ئەی ئەوانەی کە درەنگ تێگەیشتنیان هەیە، راستە ئەوە ئەرکی ئێمەیە کەوا وایان لێ بکەین ئاستەکەیان بەرزبکەینەوە، بۆ ئەوەی دەربچن، بۆیە ئێمە لەم پرۆسەیەدا دوو جۆر سیستەممان داهێناوە، یەکێکیان ئەوەیە کەمامۆستای زیاتر بچێتە پۆلێکەوە، یەکێکیشیان لەڕاستیدا بۆ ئەوەی کەوا ناچاری مامۆستا بکەین کەئەوانەی بەتیئی تەعەلومن ئەبێ ئاستی زانستیان بەرزبکەنەوە، بۆ تێپەڕین بۆ ئەوەی ئەوانە مافیان نەخورێت، پشوو چی لێهاتووە، پشوومان کردووە بەدوو شێوە، دوو پشوو هەیە، پشوویەکی زستانە لە $12/25$ دەست پێدەکات، بۆ $1/2$ پشوویەکی بەهارە، $3/11$ دەست پێدەکات بۆ $3/24$ لەگەڵ خوێندنی باڵا بەهاوکاری ئەوانیش هەمان بڕیارە، بۆ ئەوەی هەموو کەس سوود لەو کاتەنەش وەربگرێت، ئیتر کاتەکانی تر خەریکی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بێت، هاوین وەکو خۆیەتی باسی مەنهەج نەگۆڕینی نەکرد، مەنهەجەکانمان وەکو وتم دەست کردووە بەگۆڕینی یەك ودوو وسێی سەرەتایی مەنهەجمان دەست کردووە بەگۆڕین، ئەم کتێبانە بۆ یەکەمین جارە منداڵی کورد کتێبی زانستی بەبەها بەرەنگاورەنگی چاپ کراو ئەکەوێتە بەردەستی، کەجگە لەوەی کە کتێبی بۆ مامۆستا تێدایە، بۆ هەر بابەتێك چوار کتێبە، بۆ قوتابی بۆ راهێنان کەلەجیاتی دەفتەر بەکار بێت، بۆ بەرەنگاری واتە بۆ ئەو منداڵانەی کەوا توانای تێگەیشتنیان زیاترە لە ئاستی ئاسایی ئەمەشیان ئەدرێتێ، بۆ ئەوەی خۆیان وەکو راهێنان لەماڵەوە بەکاری بهێنن، پەروەردەیان بکەین، بۆ مامۆستاش، ئەمە ئەمساڵ لەیەك ودوو وسێی سەرەتایی هەموو کوردستان پەیڕەو ئەکرێت، جگە لەوە بابەتی مافی مرۆڤ لە چوار وپێنج وقۆناغی یەکی ناوەندی وچواری ئامادەیی ئەخوێندرێت، بابەتی ئابووری  لەهەموو بەشەکانی وێژەیی گۆڕاوە، هەروەها بابەتی مێژووش پێداچوونەوەی بۆ کراوەو ئەبێ ساڵانەش پێداچوونەوەی بەردەوامی بۆ بکەین، بۆ ئەوەی ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان لەخوێندنی ئەو بابەتانە بێتە دی، کاك عادل دیسان کۆمەڵێك خاڵ کەباسمان کردووە، هەمووی باسی باخچەی ساوایان لەرووی مادییەوە چی کراوە بۆ بینا، هەر ئەمساڵ نزیکەی $200$ بینا دروستکراوە لەکوردستان، بەڵام ئەوانە، پێویستی ئێمە لە $100$٪ ناپێکێت لەڕاستیدا، کاك عادل باس ئەکات پەیمانگای وەرزشی لە خانەقین کراوەتەوە بۆ لە کفری نەکراوەتەوە، لەڕاستیدا لەبەر ئەوەی پێویستی بوونی پەیمانگا ئەبێ پێداویستیەکانی هەبێت، ئەگەر هەبێت ئەکرێتەوە، ئێمە هونەرەجوانەکانمان هەیە لەکفری، بەداخەوە لەبەر نەبوونی مامۆستا لەسنوورەکە لەناوچەی خۆی ئەوە

ئەمساڵ خوێندکار وەرناگرێت، مامۆستا نیە کەمامۆستا نەبێت بەڕاستی ئێمە چون بیهێنین، ئەڵێ وەرە بۆت دامەزرێنین، بەسەرچاو بۆت دادەمەزرێنم، بەس کەکەس نەبێت ئامادە بێت بێتە کفری بۆ مامۆستایەتی، خۆ من بەزۆر کەس نانێرم، لەبەر ئەوە کردنەوەی هەر دامەزراوەیەکی زانستی پێویستی ئەوە هەیە پێداویستیەکانی بوونی هەبێت لەو شوێنەدا، ئەگینا کفری شایستەی ئەوەیە لەرووی پەروەردەییەوە زیاتر خزمەت بکرێت، لەهەموو بوارەکاندا، کاک عوسمان بانی مارانی دوای دەستخۆشی وپیرۆزباییەکی زۆر، ئامادەکاری زمانی یەکگرتوو، لەڕاستیدا هەمان رەئی پێشوومان هەیە، کەهیوادارین لەزووترین کات هەر سێ دەسەڵاتەکە ئەو بڕیارە چارەنووس سازە بدرێت، زمانی نووسین بڕیاری لەسەر بدرێت، بینا ئێمە داوا لەئێوەی بەڕێز ئەکەین دیسانەوە کەبودجەی پێویست لەحکومەتی هەرێم داوا بکرێت بۆ ساڵی داهاتوو بۆ ئەوەی بینای پێویست دروست بکەین، بودجەی تایبەت بۆ پەروەردە بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە، بێگومان ئێمە ئەم پرۆژەیە وەکو وتم بەنەبوونیش بێت لەگەڵیا ئەڕۆین، بەڵام تاچەند دەوڵەمەندتر بێت، بەهۆی بودجەوە باشتر ئەڕوات وباشتر جێبەجێ ئەکرێت، سەقفی زەمەنی، بۆ هەموو پرۆژەیەك ئەبێ سەقفی زەمەنی هەبێت، بۆ جێبەجێکردنی بۆیە ئێمە بەساڵ دامانناوە، ساڵی 2007 و ساڵی 2008 ، ئەمساڵ شەشی سەرەتایی بەکەلۆری نامێنێت، 2007 - 2008 ئەوانەی لەیەکی ناوەندین کۆ نمرەکانیان ئەژمار ئەکرێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ پۆلی سێیان حساب بکرێت، 2007 - 2008 واتە ئەمساڵ ئەوانەی لەچواری ئامادەیین، کۆنمرەکانیان لە 10٪ی حساب ئەکرێت بۆیان، 2008 – 2009 قۆناغی حەوت وقۆناغی هەشت و قۆناغی دە، ئەم سیستەمەیان بەسەردا جێبەجێ ئەکرێت، 2009 – 2010 قۆناغی نۆ وقۆناغی دوانزە ئەم سیستەمەیان بەسەردا جێبەجێ ئەکرێت، واتە سەقفە زەمەنیەکەمان بۆ داڕشتووە، پرسیارێك کراوە کە ئایا پۆلی پێنجی سەرەتایی جێگرە بۆ شەشە، نەخێر جێگری بەکالۆریا نیە، وتم تاقیکردنەوەکە تەنها تاقیکردنەوەیەکی سەرەتاییە، خوێندنی تایبەت باسمان کرد کەوەرگرتنیان بەنمرەیە، هیچ دەستتێوەردانێکی تر نیە، کاك عزەدین زمانی ستاندار، ئێستا باسمانکرد، لەڕاستیدا سیستەمی فێرکردن نەك پەروەردەیە، لەڕاستیدا پەروەردەو فێرکردنە، قۆناغەکانی جیاوازن قۆناغی سەرەتایی بنەڕەتی پەروەردەشی تێدایە وفێرکردنیشی تێدایە، ئەرکەکان هەر ئەوەندە نیە بڵێین فێرکردنە، پەروەردەشی تێدایە، فێرکردنیشی تێدایە، مەنهەج ئەڵێت نەگۆڕاوە، بەڵێ مەنهەج گۆڕاوە، بەڵام مەنهەج گۆڕین ئەوەنیە بەڕاستی بێم بەساڵێك هەرچی مەنهەجی کوردستان هەیە بیگۆڕین، ئەمەیان ئەبێ زۆر بەهێواشی هەموو مەنهەجێك دیراسەی بکەین، تەقیمی بکەین، هەڵی سەنگێنین، دوای ئەوە مامۆستاکانی بۆ رابهێنین، ئینجا بیگۆڕین ئامانجیشمان لەگۆڕینەکە چی بێت، ئێمە عەرزم کردن ئامانجمان لەگۆڕینی ئینگلیزی ئەوەیە، کەدوای شەشی ئامادەیی بەشداری تاقیکردنەوەی ئینگلیزی جیهانی کرد دەربچێت، ئەگەر وانەبێت من بۆ بیگۆڕم، مەسرەفێکی زۆر بکات، کەوابێ ئەبێ ئامانجمان لەگۆڕینی کتێبەکان چی بێ، دوای ئەوانە پرۆسەکە بەردەوام ئەبێت، دوای ئەوەش گۆڕینی مەنهەجیش هەموو ساڵێك دیسان پێویستی بەپێداچوونەوە وچاوپێداخشاندنەوە هەیە، ئەوە نیە بڵێین گۆڕین گشتی بگرێتەوە، ئەبێ

بەردەوام بەڕاستی خەریکی گۆڕین بین، کاک شێخ فتاح داوای ئەوەی کردووە لەدوای ساڵی 1990 وە ئەوانەی کەدەرچوون، دەورەیان بۆ بکرێتەوە، نەك ئەوانەی دوای 90 وە هەمووومان پێویستیمان بەدەوورەی بەردەوام هەیە بەڕاستی، یەعنی هەمووکاتێك لەڕاستیدا بۆ ئەوەی بیەوێت مامۆستایەکی سەرکەوتوو بێت، یان کەسێکی سەرکەوتوو بێت، رۆژانە بەڕای ئێمە پێویستە هەم خوێندکار بین هەم مامۆستاش بین، چەند وەربگرین و بیشیدەینەوە بەڕاستی، ئەوەش بەچی دەبێت بەخولی ڕاهێنان ئەبێت لەڕاستیدا، بەبەردەوامی خۆڕاهێنان وخۆ پەروەردەکردن، خاتوو ڤیان سەرپەرشتیاران باسمان کرد، باسی ئەوەی کردووە، ئەوە بەپرۆسەی تاقیکردنەوەی سەرپەرشتیاری ئەبێت، میلاکات، بێگومان میلاکاتی سەرەتایی وناوەندی تێکەڵ ئەکرێت وئەبێ بە میلاکاتی بنەڕەتی، یەك خۆیەتیش ئەبێت، یەك میلاکات ئەبێت، ئیتر مامۆستاکان دیاری ئەکرێت، تۆ مامۆستای لەقۆناغی چوارەوە بۆ شەش بۆ نموونە، لەشەشەوە بۆ حەوت، لەحەوتەوە بۆ نۆ بەپێی ئەو موئەهەلاتە زانستیەی کەهەیانە، پرۆگرام بودجەی چەند بۆ دیاری کراوە، بێگومان بودجەی پێویست ئەمساڵ بۆ چاپکردنی کتێب وگۆڕینی کتێبەکان، بیست وسێ ملیار وپێنج سەد ملیۆن دینار لەوەزارەتی پەروەردە سەرفکراوە، لیژنەی تەنسیق و خێزان ورۆڵی خێزان، وتمان دیداری گەشە ئەبێت، لیژنەی دایکان وباوکانیش بەشداری کارا ئەکەن، پرسیارێکی کردووە لەسەر خوێندنی میللی سویدی کەلەسلێمانی ئەکرێتەوە، ئایا ئەوە ئەو پرۆژەیەی ئەوە کەتەرجومەی کردووە، بەڕێزم نەوەڵڵا ئەوەی تۆی بەرێز نیە، ئەوە پرۆژەیەکە سێ ساڵ لەمەو پێش، لە ئیدارەی پێشووی سلێمانی پێشکەش کرابوو، بۆ پەیمانگایەکی میللی سویدی، بۆ ئەوانەی لەسێی ناوەندییەوە دەر ئەچن، بەتایبەتی کچان بواریان بۆ برەخسێت بگەڕێنەوە خوێندن، دوای سێ ساڵ مشتومڕ وهێنان وبردن موافەقەتی بۆ نەکرابوو، ئێمە رەزامەندیمان بۆ وەرگرتن وبڕیاردرا کە سێ پەیمانگا لەهەولێر وسلێمانی ودهۆك بکرێتەوە، مامۆستاکانیان ئەوانە رێکخراوێکی سویدی سەرپەرشتی ئەکات، ئەمان چاودێری ئەکەن وموقابەلە ئەکەن وبەڕێوەبەری بۆ دائەنێن، قوتابی وخوێندکارەکان ئەبەن بۆ سوید، بەڵام بەڕاستی هێشتا پرۆژەکە نەگەیشتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەبەر ئەوەی پرۆسەیەکە پەیوەندی بەخودی ئەو رێکخراوە سویدییەوە هەیە کە سەرپەرشی ئەکات، بەڕێز کاك شێروان، شتێکی ئەو تۆی نەبوو، بەڕێز کەژاڵ خان، ئەڵێ ئەمساڵ هەمان پێوەر ئەبێت، بێگومان ئەو پێوەرە زانستیانە هەر بەو شێوەیە دەمێنێتەوە، ئایا پەروەردەی ئیسلامی، پەروەردەی ئیسلامی لەڕاستیدا ئێمە ئەیکەینە پەروەردەی ئیسلامی وئایین ناسی، واتە ئێمە پێویستە لەوڵاتێکی وەکو عێراق، لە وڵاتێکدا ئەژین نەك هەر کە دونیا بووەتە گوندێکی بچووك، پێویستە ئێمە ئاشنا بین بەهەموو ئایینەکانی تری دونیا، ناکرێ ئەمڕۆ لەسەر ئەوەی خەڵك ناوی عومەرەو خەڵك ناوی عەلیە ئەکوژرێت، نەزانین بۆ، هەمووومان ئەبیسین شیعەو سونە، لە90%ی خەڵکی کوردستان نازانن شیعە وسونە چیە، ئەوانەی کە تەخەروجیشیان کردووە، لە کۆلێژەکانیش هەر نازانن، کەوابێ ئەمە بەشێکی ئەکەوێتە سەر ئێمە، بۆیە پێویستە وردتر بینەوە، نازانین کاکەیی چیە، نازانین ئێزیدی چیە، لەبەر ئەوە ئەبێ زۆر بەکراوەیی پرۆگرامەکانی ئایینیمان وا دابڕێژینەوە، کە قوتابی

وخوێندکارانی کوردستان، زانستێکی تەواویان هەبێت لەسەر هەموو بابەتەکان، بۆ ئەوەی بەیەکەوە بژین، بۆ ئەوەی جوانیەکانی یەکتری بناسین، یەك پۆشی، لەڕاستیدا یەکپۆشی لەقوتابخانە وخوێندنگە ناوەندیەکانی کچان هەر هەبووە، دیاردەیەك نیە تازە بێت، بەهانەیەکیش نیە بۆ ئەوەی ڕێگر بێت لەوەی کەوا یەکێك جلێك بپۆشێت یان نەیپۆشێت، ئەوە سیستەمێکە لەوڵاتانی پێشکەوتووشدا هەر هەبووە، شتێکی نویٚ نیە، بەڕێز کاکە زانا، دوای دوعای بەخێر ئەوەی کەخوێندمانەوە بێگومان ئەوە پرۆژەی ئەوە بوو، کە پەسەند کراوە هەندێکتان پرۆژەی ترتان لابوو، هەندێ شتی زیادەی تێدا بوو، بەڵام شتە سەرەکیەکان ئەوانە بوون کەباسکران، ئەوە پێویستی بەموافەقەت هەبووە، ئەوانی تر پێویستی بەرەزامەندی نەبووە، لەبەر ئەوە ئێمە داخڵمان نەکردووە، ئایا ئیجرائات چیە کەئیلزامی بوو بە نۆ ساڵ، بێگومان بەپێی یاساکە بوو بەنۆ، وا لەهەموو منداڵێك ئەکات قۆناغی نۆ تەواو بکات وبخوێنێت، هەوڵ ئەدرێت لەڕێگای هەموو شوێنێکەوە، کە ئێمە وابکەین هەمووان پابەندی ئەو بڕیارە بن، بەڵام لەئێستادا جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە بەسوڵتەی پۆلیس شتێکی زەحمەتەو چاوەڕوان نەکراوە، بەڵکو ئەمە ئەرك وکاری ئەوێت، بۆ ئەوەی ساڵ بەساڵ بتوانین هەموومان پابەندی ئەو بڕیارە بین، صبریە خان باسی ئەوەی کرد کەوا بواری پەروەردە گرنگە، بەڵام ئیشی کەمی تێداکراوە، بێگومان، بەڵام ئێمە هیوادارین لەمەودوا ئیشی باشتریشی تێدا بکرێت، پشووەکان باسکرا، کاك ئیحسان مامۆستا سەرەکیە بەڵام مووچەی کەمە، لەڕاستیدا مامۆستا وەکو وتم یەکێکە لەکارەکتەرە سەرەکیەکان، بۆ مووچە، ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین کە مووچەی مامۆستایان زۆر زیاتر بکرێت لەوەی کەهەیە، بەڵام خۆتان ئەزانن بودجەی هەرێمی کوردستان بەکۆمەڵێك پابەند وپێوەرەوە بەندە، بەڵام هەر بۆ ئێوەی بەڕێزیش حەزەکەم ئەوەش بزانن، کە مامۆستایانی کوردستان لەگەڵ پێداویستیەکانی ژیانیان مووچەکەیان کەمە، ئەوە من وەکو ڕاستی ئەیلێم، بەڵام لەچاو مامۆستایانی تری عێراق مووچەیان زیاترە، بەڵام ئەوە جێگەی تموحی ئێمە نیە، ئێمە ئەمانەوێت مامۆستایان زیاترین مووچەیان بۆ زیاد بکرێت، دەرماڵەیان بۆ زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانن بەباشترین شێوە ئیشەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، باسی زمان لەدهۆك کرا باسی ئەوەمان کردووە، دابەشکردنی مامۆستاو نیصاب باسمانکرد، ئیتر ئەبێت مامۆستایان نیصابی خۆیان تەواو بکەن، ئەگەر قوتابخانەیەکیش مامۆستای زۆر بوو، ئەبێ دوان بچنە پۆلێکەوە، نەك بەوەی کەوا تەنها دابنیشێت وهیچ ئیشێکی نەبێت، وانەی وەرزش وهونەر گرنگی زیاتری پێئەدرێت، هەر بۆیە ئێمە چەند پەیمانگایەکی وەرزشیمان کردۆتەوە، بۆ ئەوەی مامۆستای وەرزش پێبگەیەنین بۆ کوردستان، هەروەها ڕۆشنبیری گشتی وەرزشیش لەکوردستان بڵاوبکرێتەوە، جگە لەو سێ پەیمانگایەی کەپار هەبوو هەولێرو سلێمانی ودهۆك، ئەمساڵ لەئاکرێ ولەخانەقین ولەڕانیەو لەکۆیەش، پەیمانگای وەرزشی کراوەتەوە، لەشەقڵاوەش لەحەفتەی داهاتوودا پەیمانگای وەرزشی ئەکرێتەوە، خاتوو شیرین مەنهەج لازمە بگۆڕدرێت، ئەوە خریکین وگۆڕیومانە، گرنگی بدرێت بەزمانی عەرەبی، بێگومان ئەبێ گرنگی پێبدرێت، کاك جمال یوسف ئامادەییە پیشەییەکان بەنمرەی کەم ئەچنە ئەوێ، بێگومان ئامادەییە پیشەییەکان لەهەموو دونیای زانستیشدا وایە،

چونكە خوێندنێكی ئەكادیمی نیە ئەو نمرەی كەوا پێویستە بۆ ئەوەی لەوێ وەربگیرێت، نمرەیەكی كەمترە، زیاتر خوێندنی پراكتیكیە، هەیە حەزی لەپراكتیكە چونكە توانای ئەكادیمیای كەمترە، لەبەر ئەوە بۆ بابەتە پیشەییەكان نمرە بەو شێوازە پێویست نیە وەكو بۆ ئامادەییەكی ئەكادیمی پێویستە، ژینگەو یاسایی پێویستە بچنە بابەتەكانەوە، ئێمە بابەتەكانی مافی مرۆڤ وكۆمەڵگای مەدەنی ئەخوێنین، ئێستا خەریكی ئەوەین لەچەند كتێبێك لەو كتێبانە نەك وەكو وانەیەكی سەربەخۆ لەبەر ئەوەی لەڕاستیدا ناكرێت، هەموو بابەتێك وانەیەكی سەربەخۆی بۆ دابنێین، بەڵام وەكو بابەت وەكو بەش لەهەندێك كتێبدا، باسی ژینگەو ژینگە پارێزی لەبەر ئەوەی شتێكی گرنگە توانیومانە داخڵی بكەین، كاك زرار دیسانەوە بایەخ بدرێت بەمامۆستا، راستە مامۆستا پێویستە بایەخی پێبدرێت، كاك جمال شمعون، تەقویمی خوێندن چی بەسەر هات، ئەوەبوو كەباسمان كرد، تەقویمی خوێندن ئەوەی بەسەر هاتووە، هیوادارم بەدڵتان بێت، ئایا موعەلیم ومودەریس یەك بخرێن، ئێستا موعەلیم ومودەڕیس لەكوردیدا یەكخراوە، ئەوە لەعەرەبیا ئەو كێشەیەمان هەیە، وشە كوردیەكە لێرەدا نیمانە، بەپێچەوانەی خوێندكارو قوتابییەوە ئەگەر دوو وشەمان هەبێت ئەبێ بڵێین یەكێكیان موعەلیم وئەوی تریان مودەڕیس، خاتوو چرۆ علی، ئایا مامۆستا ئامادەیە، مامۆستا ئامادەیە، لەبەر ئەوەی مامۆستا بەڕاستی هەموو كاتێك ئامادەیی ئەوەی هەبووە، كە بەبێ مووچە بەهەموو بارودۆخێكی سەخت، دەرگای قوتابخانەكان بكاتەوە، ئامادەشە دڵنیا بن ئەم سیستەمە بەرێوە بەرێت، لەبەر ئەوەی ئەوان خۆیان تامەزرۆی گۆڕین بوون، ئەوان یەكەم كەسن كەوا سوود وەرئەگرن، لەبەر ئەوەی گەڕانەوەی ئەركی پیرۆزی مامۆستایەتیە بۆ ئەوان، ئەوان ئاسوودە ئەبن لەبەر ئەوەی بەرهەمی كاریان نەتیجەیەكی هەبێت، شروتی تازە بۆ مامۆستا لەڕاستیدا هەر ئەوەیە كە ئیتر لەمەو دوا هیچ دەرچوویەكی تەنها وتەنها پەیمانگاكانی مەڵبەندی مامۆستایان وئەو كۆلێژانە نەبێت، كە پێوستیمان پێیان هەیە ببن بەمامۆستا كەسی تر ناكرێت بەمامۆستا، ئامادەیی بازرگانی و پیشەسازی و وێژەیی وئەمانە بەڕاستی ئیتر پێویستیمان نیەو، ناكرێن بەمامۆستا، منداڵانی دابڕاو وەكو باسمكرد، ئێمە چەندین پرۆسەمان هەیە بۆ ئەوەی منداڵانی دابڕوا بگەڕێنینەوە، پرۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواری، خوێندنی خێرا، كە ساڵێك بەدوو ساڵ ئەبڕێت، هەروەها پرۆسەی خوێندن لەماڵەوە كە ئێستا خەریكی گەڵاڵە كردنی ئەو پرۆسەیەین، كاك دلێر محمد شریف، كەركووك، لەڕاستیدا كەركووك پێویستە هەمووومان زیاتر گرنگی پێبدەین، ئێمە نزیكی 300 قوتابخانەو خوێندنگەمان هەیە لە كەركووك، كە سەرجەم پێداویستیەكانی لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە بۆ دابین كراوە، لەمامۆستا، لەكەلوپەل، لەهەموو شتێك، خۆشبەختانە دوای ئەوەی كەداوایەكی زۆرمانكرد، ئەو دوو پەروەردەیەی كەركووك یەك بگرێت نەمێنێت، چونكە بەڕاستی بوو بەدیاردەیەكی ململانێیەكی ناڕەوای حزبایەتی لەو شوێنە، خۆشبەختانە ئەمرۆ پێش ئەوەی بێمە لای ئێوەی بەرێز رەزامەندی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران درا، كە ئەو دووپەروەردەیەی كەركووك نەمێنێت، تەنها یەكەیەكی ژمێریار بمێنێت، لەوەزارەتەوە سەرپەرشتی بكرێت، مووچەی مامۆستاكانیان بدەین، پێداویستیەكانیان بۆ جێبەجێ بكەین، پابەند بێت بە

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کوردی کەلەپەروەردەی گشتی کەرکووکی ئەصڵی هەیە، ئیتر هەیچ کەسێکی تر لەوێ بەناوی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی بابەگوڕگوڕو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکووك کەیەکێکیان پارتی وئەوی تریان یەکێتی، بۆ مەیدانی ململانێی حزبایەتی بەداخەوە خراپ بەکاریان ئەهێنرا، ئەوە نەمێنێت، ئەوە بڕیاری دراو مژدەیەکی خۆش بوو لەڕاستیدا، حەزم کرد ئەمڕۆ بەئێوەی بەڕێز بڵێم پێش ئەوەی بەهیچ شوێنێکی تری رابگەیەنم، کەرکووك یەکەم بوو بۆ کەس باسی نەکرد، لەڕاستیدا ئێمە پێشوازیمان لەیەکەمی عێراق کرد کەلە کەرکووك بوو، جێگای شانازی هەموومان بوو، عەفوی عام چی لێ دێت، سیستەمی عەفوی عام هەر ئەمێنێت، بەلاّم ئەو قوتابی وخوێندکارەی خۆی ئامادە بێت، بۆ ئەوەی تێکڕای نمرەکەی بەرزتر بکاتەوە ئەوە رێگەی پێئەدرێت، تاقی کردنەوە بکات، لەبەر ئەوەی نمرەکەی ئەژمار ئەکرێت بۆ شەشی ئامادەیی وبۆ سێی ناوەندیش، ئەگەر بە 85 وە عەفو بێت رەنگە تەلەبەی وا هەبێت بڵێت ئەگەر تاقیکردنەوەی سەری ساڵ بدەم 85 ەکە ئەکەم بە 88، لەبەر ئەوە خۆی دێتەوە تا تاقیکردنەوە بکات، ئەگینا وەکو خۆی دەمێنێتەوە، تاقیکردنەوەی خارجی باسمانکرد، هەروەکو خۆی ئەمێنێت، کاك بارزانی حەمەی مینە، باسی بژێوی مامۆستای کرد، بەڕاستی هەموومان هەوڵ ئەدەین بژێوی مامۆستا بەرزبکەینەوە، تەربیەو تەعلیم ئەرکی وەزارەتی پەروەردەیە، راستە سەبارەت بەدەستووری عێراق، بێگومان دەستووری عێراق مافی پەروەردەی داوە بەئیقلیمەکان بەهەرێمەکان، کەخۆیان سیاسەتی پەروەردەیی خۆیان دابڕێژن، بۆیە ئێمە هەماهەنگیمان هەیە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی عێراق بەشێوەیەکی کەم لەڕاستیدا بەهۆی بارودۆخی عێراقەوە، نەك بەهۆی ئەوەی کەوا دابڕێین لێیان، بەڕێز وەزیری پەروەردەی عێراق ئێمە دۆستایەتیمان هەیە لەگەڵی ، زۆریش لەهەموو کۆبوونەوەیەکدا، لەهەموو دانیشتنێك زۆر ئیعجابی خۆیان دەردەبڕن بەرامبەر بەم گۆڕانکارییەی کە ئێمە هەمانە، بەلاّم دیارە لای ئەوان پرۆسەکە بەو شێوەیە ناڕوات کەئەوان مەبەستیانە، بەڕێز مامۆستا حەمە رەشید ماوەتی، پارەی تێچوونی ئەم پرۆژەیە چەندە، لەڕاستیدا ئەو پارەیە نەخەملێنراوە، ئێمە لەگەڵی ئەڕۆین، چەند بێت داوای ئەکەین وەکو عەرزی ئەکەین، بەپێی پێویستیەکان جێبەجێ ئەکەین، توخمەکانی پرۆژە، بێگومان مامۆستا، دەزگا، منهەج ئەوانە هەموو توخمن، ئێمەش دیسانەوە عەرزم کردن ئەتوانین خێزانێکی بەختەوەر لەخانوویەکی قوڕدا دروست بکەین، زۆر جاریش کۆشکێکی زۆر جوان بەختەوەری نادات بەئینسان، ئێمەش بەڕاستی لەقوتابخانە قوڕەکانی کوردستاندا خوێندن وپەروەردەیەکی مۆدێرین بەدەست بهێنین، هیوادارم لەوەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنین، هەوڵ بدەین ئەو بینا قوڕانەش وردە وردە بگۆڕین بە بینای باشتر ومۆدێرن، ژینگەی دیموکراتی بێگومان ژینگەی دیموکراتی زۆر گرنگە، ئێستا لەهەوڵی ئەوەداین خۆی لەخۆیدا ئەو جۆرە سیستەمە پەیڕەوکردنە وای لێدێ کە قوتابی وخوێندکار ببن بەتەوەر و هەموومان بەرەو ئەوە بڕۆین بڵێین ئێمە بۆ هەین، ئێمە بۆ ئەوە هەین کەوا قوتابی وخوێندکار هەیە، لەڕاستیدا لەبەر ئەوە ئەبێ ئەوان سەنتەر بن، بۆیە لەمەودوا گوێیان لێ دەگیرێ، لەمەودوا داپلۆسینیان نابێ، لەمەودوا دیکتاتۆریەتیان بەسەردا ناسەپێت، لەمەولا وا پەروەردە ئەکرێن، کە

بەنا بڵێن نا، رەئی خۆیان بیێ وریێزیان لیێ بگیرێت، لەئیرادەیان، لەخواستیان، کەئەوەش کۆمەڵگایەکی دیموکراسە، بەڕێز کاك ئەنوەر (التغیر من اجل التغیر) گرفتە ئەمە راستە، هەر بۆیە ئێمەش زۆر گۆڕانکاری هەیە نایکەین، لەبەر ئەوەی (التغیر من اجل التغیر) نەبێت، رەغبەتی تەغیر راستە، بۆیە هەوڵمانداوە هەلەکانی بەردەم ئارەزووی قوتابی وخوێندکار زۆر بکەین، لەوکاتەدا کە ئەتوانێت ئەوەبکات، دوای قۆناغی نۆ لەهەرێمی کوردستاندا تەنها پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵ هەبوون، جگە لەئامادەیی وێژەیی وزانستیش، بەڵام ئێمە چەند بوارێکی ترمان زیادکرد، وەرزش و کۆمپیوتەر و هونەرە جوانەکان کەم بووزیاتریشمان کرد، کەوابیێ ئێستا بۆ بەدیهێنانی ئارەزووەکانی قوتابی و خوێندکار، بوار زیاتر رەخساوە، هەوڵیش ئەدەین بۆ ئەوەی بواری زیاتریش بهێنینە پێش لەڕاستیدا، ئەمەش وا ئەکات ئەوانەی کەحەزیان لە هەر بوارێکە، لەبەر نەبوونی ئەو بوارە واز لەخوێندن نەهێنن، حەزی لەوەرزشە فەرموو حەزت لە هونەرە وەرە بۆ ئێرە، حەزی لەکۆمپیوتەرە، وەرە ئەوە کۆمپیوتەرە، بەغداش پێویستی بەوانە هەیە، تەنها حەزی ئەوان نیە بەڕاستی، کۆمەڵگاش پێویستی بەوانە هەیە، لادێکان چیان بۆ کراوە، لادێکان بەڕاستی ئەرکی هەموومانە هەموو شتێکیان بۆ بکەین، وەکو عەرزم کردن، بۆیە ئەمساڵ پرۆسەی خوێندن لەلادیێ وە دەست پێدەکات نەك لەشارەوە، لەشار کەس دانامەزرێنین تا لادێکان پڕ نەبنەوە، کە پڕ بوونەوە ئەوانەی کەچەند ساڵ لەلادێکانن ئەوان ئەگوازینەوە بۆ شارەکان، بەڕێز کاك جوتیار، گرفتی نەبوونی بینا ئەوە ڕاستە، درەنگ گەیشتنی کتێب و قرتاسیە، خۆشبەختانە ئەمساڵ زۆربەی زۆری کتێبەکان ئێستا لەکۆگای قوتابخانەکاندان، قرتاسیەش ئەمساڵ لەکۆگای قوتابخانەکاندان، بەڵام بۆ ناوەندی و ئامادەیی نا، لەبەر ئەوەی لەڕاستیدا هەر ئەوەندە جێبەجێکراوە ورێکخراوی یونسیفیش بۆی دابین کردووین، دابەشی ئەکەین بەسەریاندا، مامۆستایان راهێنانیان بۆ کراوە، بەڵیێ بۆیان کراوە، پەیمانگاکان کەداخراون وابزانم روونکردنەوەی پێویستمان لەسەری داوە، خاتوو رەمزیە دەرسی خصوصی، دەرسی خصوصی دیاردەیەکە حەزەکەم بەڕێزینە بزانن کە ئێمە کۆمەڵگا ئەگۆڕین بەرەو بازاڕی ئابووری ئازاد، زۆر چەمکی تازەتریش دێتە ناوەوە، یەکێك لەوانە دەرسی خصوصیە، کە کۆمەڵگا لەکۆمەڵگایەکی شمولی داخراو ئەگۆڕین ئەمانەوێت بڕۆین بەرەو نوێ بوونەوە ئەوە لەڕاستیدا، دیسانەوە یەکێکە لەو دیاردانەی تر کەئەیهێنێت، کە تۆ ژیان وگوزەرانی خەڵك والێئەکەیت ئاستەکەی لە 1000 یان 1500 دۆلار دابێت مامۆستاش ناچار ئەبێت، دەرسی خصوصی بڵێتەوە، دەرسی خصوصی جارانیش هەبووە، بەڵام بەخۆڕایی بووە، ئێستا بەپارەیە، ئەگینا رەنگە زۆربەی زۆرتان شەوان چووبنە ماڵی مامۆستایەك دەرسی پێوتبن لەقۆناغێك لەقۆناغەکاندا، بەڵام جاران بەخۆڕایی بووە لەبەر ئەوە مامۆستا پێویستی بەوە نەبووە، ئێستا لەڕاستیدا پێویستی بەوە هەیە، کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیەو رێکخستنی گرنگە، ئێمە ئەمساڵ هەنگاومان ناوە بۆئەوەی رێگە بدەین بەچەند مامۆستایەك، شوێنیان ئەدەینیێ هاوینان قوتابخانەیەکیان ئەدەینیێ، ئەڵێین خۆتان ئەم مامۆستایانە فەرموو ئێوە وەرن خولی بەهێز کردن بکەنەوە، بە 150000 هەزار دینار بۆ ماوەی سیێ مانگ دەرس بەقوتابیان بڵێنەوە، رێگایان پێئەدەین بەمامۆستای باش، واتە ئەبیێ میکانیزم

دابنێین، نەڵێین دەرسی خصوصی نابێ بمێنێ، ئەوەی کەگلەیی ئەکات منداڵەکەی خۆی مامۆستای خصوصی بۆ ئەگرێت، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئەبێ شتێك بڵێین جێبەجێ بکرێت، ئەو دابەشکردنی نمرانە لە چوار وپێنج وشەش، دەرسی خصوصی کەم ئەکاتەوە، لەبەر ئەوە ئیتر خێزانێك نایەت لەچوارەوە مامۆستا بگرێت بەڕاستی، لەهەر سێ ساڵەکە مامۆستای تایبەت بگرێت، هەریەکەی 1000 دۆلار بدات، بۆ هەر وانەیەك مامۆستای وا هەیە رەنگە 10000 هەزار دۆلاری بکەوێت، لەبەر ئەوە ناتوانێت بەڕاستی، ئەوە ئەبێ ئیتر ئەو دابەشکردنی دەرەجەیە، خۆی لەخۆیدا کەمکرنەوەی دەرسی خصوصیە، بەبێ ئەوەی ئێمە بەبڕیارێکی وەزاری بڵێین دەرسی خصوصی نابێ بمێنێت، بەڕێز کاك رەمەزان بیرو کاری باش، ئێمەش هیوادارین بیرەکانیش باشبێت وکارەکانیش باشبێت، بەڕێز کاك ئارام ریمفۆرم وپشتگیری هەموو ئەو گۆڕانانە ئەکات، کاتژمێری دەوام چەندە بەداخەوە کاتژمێری دەوام لە قوتابخانەو خوێندنگەکانی ئێمە کەمە، ئەویش لەبەر ئەوەی کەبینای پێویست نیە بۆ ئەوانە، ئەگینا هەموو ئامادەکارییەکی تر هەیە، لەو جێگایانەی کەبینا هەیە دەوامی ئێمە وەکو دەوامێکی تەواوە، لە هەندێك لەو خوێندنگایانەدا لە سەعات 8 وە ئەڕۆن بۆ 2/30 شەمانیش کراوە بەپشوو بۆیان، ئەگەر شوێن هەبێت، واتە ئێمە بەمۆدێرن کردنی خوێندن لەهەموو رووەکانەوە ئەبینین، بەڵام ئەگەر شوێن نەبوو لە ناچاریدا جاری وا هەیە بەڕاستی سێ دەوام ئەکرێت لەیەك بینادا، لەبەر ئەوە تۆ ناتوانیت هەموویان بەو شێوەیە لێ بکەیت، بینا گرنگە زۆر گرنگە، بەس وەکو عەرزم کردن بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە قۆناغی یەك بۆ چوار لەکوێدا ئەبێت وچوار بۆ شەش لەکوێ ئەبێ و شەش بۆ نۆ، لەوەدا وتوومانە بینا رۆڵ نابینێت، ئەگینا بینا لەپرۆسەی پەروەردەدا رۆڵێکی زۆر زۆر گرنگ ئەبینێت، لایەنی دەرونی زۆر گرنگی پێدراوە، ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەقۆناغی بنەڕەتیدا کراوە، هەمووی بۆ لایەنی دەروونی منداڵ وئەوتەمەنەیە لەڕاستیدا، بەڕێز کاك دکتۆر کەمال کە دوا سەرنجی دەربڕیوە، سوپاس وبۆ پشتگیری پرۆژەکە و ئەو بابەتانەش، منیش سوپاس بۆ هەمووان وبۆ ئێوەی بەڕێزو هیوادارم چۆن پشتگیریتان کردووین، لەجێبەجێکردنیشدا پشتگیریمان بکەن ورەخنە وسەرنج وتێبینیەکانیشتان بەردەوام بۆمان بنێرن، بۆ ئەوەی بتوانین بەهێزی بکەین وخاڵە لاوازەکانی لابەرین، سوپاس بۆ هەمووان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا چەپڵەیەکی دەوێت، زۆر سوپاس دەستخۆشی لە جەنابی وەزیر دەیکەن، کە وەڵامی پرسیارەکانی ئێوەی بەڕێزی دایەوە، پرسیارەکان بەهەند بوون، وەڵامەکانیشی راشکاوانە بوون، سوودی هەبوو ئاشنایی زیاترمان پەیداکرد لەسەر ئەو بەرنامە تازەیەی وەزارەتی پەروەردە، هەموو خەڵکی کوردستان بەپەرۆشن کە جێبەجێبکرێت، بەپەرۆشن ئاشنا بن پێی، چونکە پەیوەندی بەهەموو توێژەکانی خەڵکەوە هەیە، ئومێد دەکەین سەرکەوتوو بێت و بتوانێت جێبەجێی بکات وزاڵ بێت بەسەر هەموو کۆسپەکان، کە دێنە پێشەوە، ئێمەش وەکو پەرلەمانی کوردستان دووپاتی دەکەینەوە کەپشتگیری لەو بەرنامەیە ئەکەین، لەهەمان کاتیشدا دەبێ سوپاسی لیژنەی پەروەردەی خۆمان بکەین، کە ئەوانیش بەپەرۆشەوە هاوکاری

وەزارەتی پەروەردە بوون، واجبی خۆیان بەجێهێناوە و گەیشتۆتە ئەمڕۆکە، خۆشحاڵین بەوەی بەرنامەکە بووەتە ئەمرێکی واقیع وجێبەجێ ئەکرێت، انشاالله فەرموو کاك جعفر نووقتەی نیزامیت چیە.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ کاك دکتۆر من پرسیارەکەم وا نەکرد، من چوار پرسیارم کردبوو ئەمەوێت راستی بکەمەوە، من هەموو قوتابیانی کوردستانم نەوت، وتم ئەو قوتابیانەی کەوا لەشەش دەرئەچوون بۆ ناوەندی بەتایبەتی کچان، هی گوندەکانی نزیك قەزاو ناحیەکان هەمیشە خوێندنیان فەوتاوە، چونکە وەسائیلی نقلً نەبووە بگەنە قەزاو ناحیەکان، من مەبەستم ئەوانە بوو، نەك هەموو کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پرسیارێکی شەخصی بوو، نوقتەی نیزام نەبوو، نوقتەی نیزامی ئەبێ رۆژێك باسی بکەین بەحەقیقەت، ئەو موداخەلەی جەنابت دیارە وەڵامەکەت بەدڵ نەبووە، ئەوە ناکاتە نوقتەی نیزامی ئەو موداخەلەیە لەسەر جوابەکەی جەنابی وەزیر، بەهەر حاڵ دێینە سەر باسەکەی خۆمان، من بەناوی ئێوەوە سوپاسی وەزیر ئەکەم و هی وەزارەتی پەروەردە ئەکەم، هەموو ئەو پسپۆرانەش کەوا بەشدارییان کردووە لەگەیاندنی ئەو سیستەمە، ماندوو بوونە کۆنفرانسیان کردووە کۆبوونەوەیان کردووە، دەستیان خۆش بێت، بەیانی سەعات 10/30 کۆبوونەوەمان هەیە، بۆ تەواوکردنی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ئەمە یەك، دوو لەسەر داوای ئێوە، ژمارەیەك لەئێوە داواتان کردبوو، لە رەمەزاندا هەفتەی دووجار کۆبوونەوە بکرێت، لەبەر ئەوەی شوقەکان ئێستا پێداویستیان تەواو نەبووە، ژمارەیەك ناچار بگەڕێنەوە یاخود پێویستیان پێیەتی بەهۆی رەمەزانی پیرۆزەوە، دوو رەئی هاتە پێشەوە ئایا دوو رۆژەکە لەسەر یەکتری بێت یان رۆژێك پشووی هەبێت، واتە یەعنی دوو شەم وچوار شەم، بێت یان سێ شەم وچوار شەم بێت، جا من لەبەر ئەوە رەئیەکان جیاواز بوون زۆر، دەمەوێت بیخەمە دەنگەوە، ئەوەی دەوێت دوو رۆژ لەسەر یەکتر بێت واتە سێ شەم وچوار شەم، لای ئێمە وەکو یەکە بەس مەعنای ئەوە نیە دەوام ناکەین، ئیشتان هەیە ولیژنە هەیە لیژنەکان دەوام دەکەن، خۆ بەتەما نیت دوو رۆژ دەوام بکەیت ودوایی بڕۆیت لەبەر ئەوەی بەرۆژوویت، ئەوەی تەئیدی ئەوە دەکات، فەرموو هالە خان.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەوانەی هەولێر ئێمە موشکیلەمان نیە، حەق نیە ئێمە دەنگ بدەین با ئەوانەی دەرەوەی شار دەنگ بدەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ژمارەی ئەوانەی لەدەرەوە دێن، پەنجا زیاترن ئەگەر غائیبەکانیش حساب بکەین مانای وایە جەلسەشمان پێناکرێت، لەبەر ئەوە ناکرێت، ئەوەی کەموئەیدی ئەوەیە کەسێ شەم وچوار شەم بێت، فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەبێت رەچاوی ئەوەش بکەین کۆمەڵێك یاسا هاتووە بۆ پەرلەمان، چەندین وەزیر هەر لەم چەند رۆژەی رابردوو کەبانگ کراون، هەموویان تەئکید لەوە دەکەنەوە کە پێویستە یاساکانیان هەرچی زووترە جێبەجێ بکرێت، بۆیە پێم خۆشە یەعنی ئێمە کاتیش لەبەرچاو بگرین، ئەگەر بکرێت مودەی جەلسەکان زیاتریش بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ خۆ قەرارەکە ئەوە نیە حەفتەی دووجار ببێتە قەرارێکی رەسمی، تەنها ئەو دوو هەفتەی یان سێ هەفتەی رەمەزانە، لەراستیدا رەچاوی ئەوەش بکەین کە زۆربەی زۆری ئەندامان بەرۆژوو ئەبن، هەموو رۆژێك ناتوانن هاتووچۆ بکەن، یاخود ئیلتیزاماتیشیان هەیە بەرامبەر بەخێزانیان، بەرامبەر بەمنداڵەکانیان، بەهۆی رەمەزانەوە حەزەکەن بەیەکەوە بن، هەرچەندە دەسەڵاتی سەرۆکایەتیە، بەڵام لەبەر ئەوەی دوو رەئی جیاواز پەیدابوو، لەسەر ئەوەی لەسەر یەکتر بێت، یان کاك محمد حکیم داوای کردبوو کە پشووی هەبێت، رۆژێك نا رۆژێك هەندێك داوایان کرد لەسەر یەك بێت، ئێستا ئەوە دەخەمە دەنگەوە کێ موئەیدی ئەوەیە سێ شەم وچوار شەم بێت لەهەفتەیەکدا، دەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون بەزۆرینەی دەنگ واتە هەفتەی داهاتوو، تەبعەن ئەم هەفتەیە سێ رۆژمان هەبوو، بەیانیش هەمانە 10/30 بۆ تەواوکردنی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری، گرنگە زۆر بەشکوم ئومێد دەکەم سبەینێ تەواوی بکەین، کەواتە هەفتەی داهاتوو سێ شەممە دانیشتنی سێ شەممە، پێشوازیکردنە لە وەزیری شارەوانی، کە غائیب بوو لەدانیشتنەکەی دوێنێ، بڕیارماندابوو کە دوو شەم بێت بەڵام ئێستا کە بووە سێ شەممە، سێ شەم سەعات 11 لێرە لەگەڵ جەنابی وەزیری شارەوانی کۆدەبینەوە، بۆ وەڵام دانەوە وگفتوگۆکردن لەسەر ئەو دوو راپۆرتەی کە خوێندرانەوە، تەبعەن نوسخەی بۆ چووە، سێ وەزیر وەڵامیان دانەوە گفتوگۆمان لەگەڵ کردن، بەڵام زۆر لەپرسیارەکان ئاراستەی وەزارەتی شارەوانی کرابوو، دەکرێت ئەگەر شتێکی تریش هەبێت، بیخەینە بەرنامەی کارەوە، بە رێکەوتن لەگەڵ لیژنەی یاسایش، فەرموو کاك عونی چیت دەوێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای دەسەڵاتی دادوەری نیوەی ماوە، زۆر زەحمەتە سبەینێ تەواو بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر تەواو نەبێت دەیخەینە رۆژێکی تر خۆ شەرت نیە، وتمان ئومێد دەکەین تەواو بێت، ئەگەر تەواویش نەبوو دەکرێ ئیتفاق بکەن وبیخەنە رۆژی چوار شەم، من بەڕاستی دەمەوێت سوپاس وئاماژە بە تەلەفزیۆنی نەورۆز بدەم، سوپاسیان بکەم، ئەوە چەند دانیشتنێکە راستەوخۆ ئەگوازرێتەوە، لەرێگای

تەلەفزیۆنی نەورۆز و دووبارەشی ئەکەنەوە سەعات 11، ئەمەش وای لێکردووە دەنگی پەرلەمان و دانیشتنەکانی پەرلەمان بەتەفصیلاتەوە بگاتە خەڵك، دیارە پێشتریش سوپاسی تەلەفزیۆنەکانی تریشم کردووە، زاگرۆسە، کوردستان تیڤیە، کورد ساتە، رادیۆکانە، رۆژنامەکانە، بەڵام ئەمە تەلەفزیۆنێکی حکومیە، ئومێد دەکەین هەروا بەردەوام بێت، تەمەناش ئەکەم لەبەر ئەوەی تازەشە، هەموو کەسێك ئاشنا نیە، پێی ئومێد دەکەم تەلەفزیۆنەکانی ناوچەیی کە هەن، راستەوخۆ لەتەلەفزیۆنی نەورۆز وەربگرن، لە ناوچەی مەسەلەن هەولێرە، سلێمانیە، بادینانە، بۆ ئەوەی زۆرینەی خەڵك ئاگاداری دانیشتنەکانی پەرلەمان بێت، بزانن لێرە گفتوگۆکان چۆن دەکرێت، یاساکانیش چۆن دەر ئەچن وچاودێری حکومەتیش چۆن ئەکرێت ولیژنەکانیش چۆن ئیش دەکەن، سوپاسی ئێوەش دەکەم، کۆتایی بەدانیشتنەکەمان دێنین تا سبەینێ انشاالله بەخێر بێن.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) | عدنان رشاد مفتی |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6)**

**چوار شەممە رێکەوتی 19\9\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (6)

## چوار شەممە رێكەوتی 2007/9/19

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی 2007/9/19 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەرێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەرێز

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى) جێگرى سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێرى ئەنجومەن, دانيشتنى ژمارە (6)ى خولى دووەم, ساڵى (2007) ى خۆى بەست.

**بەرنامەى كار:**

بەپێى حوكمەكانى بڕگە (1)ى مادده (20) لە پێڕۆى ناوخۆى ژمارە (1)ى هەمواركراوى ساڵى 1992ى ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستانى عێراق, دەستەى سەرۆكايەتى ئەنجومەن بڕياردرا دانيشتنى ژمارەى (6)ى خولى گرێدانى دووەمى ساڵى سێيەمى خولى هەڵبژاردنى دووەمى پەرلەمانى كوردستان – عێراق, بەرنامەى كار بەم شێوەيە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو و گفتوگۆكردنى پرۆژەى ياساى دەسەڵاتى دادوەرى لە هەرێمى كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

**بەناوى خواى گەورەو ميهرەبان.**

بەناوى گەلى كوردستان دانيشتنى ئەمڕۆمان دەكەينەوە, بەرنامەى كار:

بەپێى حوكمەكانى بڕگە (1)ى مادده (20) لە پێڕۆى ناوخۆى ژمارە (1)ى هەموار كراوى ساڵى 1992ى ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستانى عێراق, دەستەى سەرۆكايەتيى ئەنجومەن بڕياريدا بەرنامەى كارى دانيشتنى ژمارە (6)ى خولى دووەمى هەڵبژاردن لە كات(11)ى پێش نيوەڕۆى رۆژى چوار شەممە رێكەوتى 2007/9/19دا بەم شێوەيە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو و گفتوگۆكردنى پرۆژەى ياساى دەسەڵاتى دادوەرى لە هەرێمى كوردستان.

داوا لە ليژنەى ياساى دەكەم بێن لەشوێنى خۆيان دابنيشن، بەخێرهاتنى جەنابى وەزيرى داد بەڕێز كاك فاروق و كاك سعد وەزيرى هەرێم بۆ كاروبارى پەرلەمان وحاكم نورالدين جێگرى سەرۆكى دادگاى تەمييزى هەرێمى كوردستان دەكەين، كەلەگەڵمان بەشدارن سەرەتا كاك حاكم نورالدين داوا دەكات چەند دەقيقەيەك قسەتان بۆبكات فەرموو.

**بەڕێز حاكم نورالدين ملا على/ جێگرى سەرۆكى دادگاى تەمييز:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**بەناوى خواى گەورەو ميهرەبان.**

فەرموودەى خواى گەورە لەقورئانى پيرۆز( بسم الله الرحمن الرحيم)( وإذا قلتم فأعدلوا ولوا كان ذا قربى)(صدق الله العظيم) بەڕێزان سەرۆكى ئەنجومەن، جێگرى سەرۆك، ئەندامانى پەرلەمان نوێنەرانى

میللەتی کوردستان، بەناوی ئەنجومەنی دادوەری ودادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان، سوپاسی ئێوەی بەڕێز دەکەم کە ئەم هەلەتان گونجاند بۆ بەشداری ئەم کۆڕە لە دانیشتنی پەرلەمان ببین بۆ تاوتوێکردنی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لەهەرێمی کوردستان، بەڕێزان ئەوەی روون وئاشکرایە لەهەموو جیهان دادوەری پیشەیەکی گرنگ وبارگرانیە بۆ کەسێك کەبیەوێت داد نووسەری واتە عەدالەت پەخشی ناو کۆمەڵ بێت، چونکە هەر کۆمەڵێك دادنووسەری تێدا نەبوو ئەوە ستەمکاری تێدا سەرهەڵدەدات، ئەو دیاردەیەش مایەی فەوتانی ئەو کۆمەڵەیە، بنەمای دادنووسەریش بەرچاوکردنی یاسا ئەبێت، دوور لەهەموو گوشارو دەسەڵاتێکی تر، بۆیە پێویستە دەسەڵاتی دادوەری دەسەڵاتێکی بێلایەن بێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئازادی وسەربەخۆیی لەکێشەی هاوڵاتیان بکۆڵێتەوە، لەئەنجامدا بەئازادی و بێلایەنی بڕیاری تێدا دەربکات، تاوەکو ماف بگەڕێتەوە بۆ خاوەنی خۆی. ئەگەر هەر هەڵەیەك روو بدات لەدادوەریدا ئایا بەهۆی چاوپۆشی کردن یان بەبێ زانستی یاخود گوێ نەدان بە سکاڵای سکاڵاکار ببێتە هۆی ستەمکردن لە مرۆڤی خاوەن ماف، ئەو ستەمکارییەش ببێتەمایەی رووخانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، بۆیە لەمبارەوە پێغەمبەری ئیسلام محمد(د.خ) ئەفەرمووێت،(لەسێ دادوەر دوانیان بۆ ناو دۆزەخ ئەچن) واتە ئەو دووانەن کە بەعەمدی پێشێلی مافی ستەملێکراو دەکەن یاخود بەبێ زانستی لێکۆڵینەوەی ڕاستی بڕیار دەردەکەن، بۆیە دادوەری ماف پەروەری راستەقینە ئەوەیە کە بەئەو پەڕی زیرەك مەندی و چالاکییەوە پیشەکەی خۆی بەسەر بەرێت، لەژێر دروشمی سەروەری یاساو گوێنەدان بەهیچ گوشار و سپاردەیەك ئایا بۆخاتر دەستکەوتێکی شەخصی خۆی یان رازی بوونی کەسێك یان لایەنێك، بەڕێزان لەبەر ئەو هۆیانەی کەباسمان کرد، دەسەڵاتی دادوەری هەرگیز لەهەموو کۆمەڵێکدا جێگای ڕێز لێگرتن بووە، لە ئاستی دەسەڵاتی فەرمی ولەناو کۆمەڵی میللەت، لە وولاتێك کە رەچاوی دیموکراسی تێدا هەبێت، وبنەمای رەچاوی دیموکراتی لەناو کۆمەڵگای شارستانیدا بە دامەزراندنی سێ دەسەڵاتی سەربەخۆ دەبێت، لەژێر دروشمی سەروەری یاساو هەر دەسەڵاتێك لێپرسراوی جۆرە چالاکیەك وخزمەتگوزارییەکی ناو میللەت دەبن، بۆ ئەوەی ژیانی بەختەوەری وئەمن وئاسایش بۆ میللەت دابین بکەن، سەرۆکی وولاتیش سەرۆکی هەرسێ دەسەڵاتەکە دەبێت لەسایەی یاساو دەستووردا، ئێمەی میللەتی کورد لەهەرێمی کوردستان کە بەرەو بنیادنانەوەی کۆمەلگای شارستانی ئەرۆین پێویستمان هەیە، کە ئەو سێ دەسەڵاتەی تێدا سەقامگیر بکرێ، دەسەڵاتی یاسا دانان کەبریتیە لە ئێوەی بەڕێز وە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، ئەنجومەنی وەزیران پێی هەڵدەستێت، وەدەسەڵاتی دادوەری کە بریتیە لەدادگاکانی هەرێم بەسەرپەرشتی ئەنجومەنی دادوەری، بۆیە پێویستمان هەیە، بەدەسەڵاتێکی دادوەری سەربەخۆ وبێلایەن هەتا بتوانێ ئەرکی دادپەروەری بگرێتە ئەستۆی خۆی لەژێر دروشمی سەروەری دەستوور ویاسا ولەوە زیاتر گوێبیستی هیچ وتەیەك یان رێنماییەکی تر نەبێت، بۆ ئەوەی بەسەربەخۆیی وبەبێلایەنی بڕیاری خۆی دەربکات، لە هەرکێشەیەك لەناو کۆمەڵ کە دەخرێتە پێش دادگا، بەم هۆیەوە بەناوی هەموو دادوەرانی هەرێمی کوردستان، تکامان وایە لەپەرلەمانی کوردستان ئەو پرۆسەی دەسەڵاتی دادوەری کە لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری هەرێمەوە پێشنیار کراوە، جێگای

ڕەزامەندی ئێوەی بەڕێز بێت، چونکە ئەو پرۆسەیە تاوتوێ کراوە لەلایەن دادوەران وئەنجومەنی دادوەرییەوە، بەو جۆرەی کەخۆیان خاوەنی ئەم کێشەیەن هەروەکو پێشینان وتوویانە ( خاوەنی ماڵ ئەزانێ ماڵەکەی چی تێدایە). دووبارە سوپاسی ئێوەی بەڕێز دەکەم بەناوی ئەنجومەنی دادوەرییەوە هیوای سەرکەوتنتان بۆدەخوازم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ حاکم نورالدین ئێمە نەمان ووتووە، ئەو ڕۆژەش کەباسمانکرد نەمان ووت، ئەو مافەیان نیە ئەنجومەنی قەزا یاخود دەسەڵاتی قەزا تەبیعیە کەمافی ئەوەی هەبێت، پرۆژە تەقدیم بکات بۆ پەرلەمانی کوردستان، بەتایبەتی کەدەسەڵاتێکی سەربەخۆیە ودەسەڵاتێکی گرنگە وەکو حکومەت وەکو پەرلەمان، لە پەرلەمان دە ئەندام دەتوانێ پرۆژەیەك تەقدیم بکات، دەسەڵاتی قەزاش دەتوانێ ئەوە بکات، ئێمە وامان نەووتووە بەڵام کەلێرەدا ووتمان هین ناکات با قانونەکە دەربچێت دەتوانن دواتر دیسان پرۆژەیەك هەم بەڕێگای ئەندامانی پەرلەمان دەتوانێ ئەو پرۆژەیە بیخەنە بەردەم پەرلەمان جارێکی تر کە موناقەشەی بکەینەوە هەم دەتوانن لەرێگای حکومەتەوە ئەو پرۆژەیە بنێرن بۆ پەرلەمان، تا ئەو دەسەڵاتەتان پێبدرێت، وەکو مبدء بەشتێکی تەبیعی دەزانین بەڵام لێرەدا ووتمان پەلەپەلی لێ نەکەین لەبەر ئەوەی راستەوخۆ موقتەرەحێك هاتە پێش پێویست دەکات، دیراسەت بکرێت وپێویست دەکات ئەندامانی پەرلەمان لە خەلفیەتەکەی تێبگەن، لە موبەرپراتەکەی تێبگەن بۆ ئەوەی دەنگی بۆ دەدەن دەنگەکەیان بەقەناعەتەوە بێت، رەنگە ئێستا لێرە هەموویان نەزانن پێداویستی ئەو دەسەلات دانە بە دەسەڵاتی دادوەری چییە؟ وەکو مەبدەئێك من شەخصیەن پێم وایە شتێکی تەبیعیە بەڵام بۆ پاشتر بەجێی دێڵین لە زووترین کاتدا دیاری دەکەین من بە حەقێکی تەبیعی دەزانم، داوا لەلیژنەی یاسای دەکەم لەو شوێنەی کەوا کۆتاییمان پێهێنا وابزانم(35)مان دەنگ بۆداوە، یان نا بەلێ (34)دەنگمان بۆ داوە، لە سی وپێنجەوە دەست پێبکەن تکایە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی دووەم

دامەزراندنی دادوەران

ماددەی سی وپێنجەم: دادوەر بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە دادەمەزرێ:

1-دەبێ خاوەنی بڕوانامەی بکالۆریۆس بێ لە یاسادا یان هاوچەشنی بێت.

2- دەبێ خزمەتی دادوەری بەکردەنی بۆ ماوەی کەمتر نەبێ لە (10)ساڵ هەبێت.

3- تەمەنی لە(40)ساڵ پتر نەبێت.

4- دەبێ عێراقی بێت.

5- زمانی کوردی بەخوێندنەوەو نووسینەوە بزانی.

6- له تاقیکردنەوەیەك بەنووسینەوە لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری دەربچێ.

7- لەش ساغ وبێ کەم وکورتی بێت.

8- دەبێ ناوبانگ ورەوشتی باش بێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفصل الثاني**

**((تعيين القضاة))**

**المادة الخامسة و الثلاثون: يعين القاضي وفق الشروط التالية:**

1- أن يكون حاصلاً على شهادة بكالوريوس في القانون أو مايعادلها.

2- ان يكون له خدمة قضائية لايقل عن (10)سنوات.

3- أن لا يزيد عمره عن (40) سنة.

4- أن يكون عراقياً.

5- أن يجيد اللغة الكوردية قراءةً و كتابةً.

6- أن يجتاز اختباراً تحريرياً من قبل مجلس القضاء.

7- يجب أن يكون سالماً من العاهات البدنية.

8- أن يتمتع بالسمعة و السيرة الحسنة.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة والثلاثون: تقترح اللجنة:

⋆جعل نقاطها ضمن الفقرة أولاً كالآتي:

أولاً : 1-.....2-.....3-........الخ.

⋆ اعادة صياغة النقطة (2) من الفقرة/اولا كالاتي:

2- الممارسة الفعلية بعد التخرج من كلية القانون مدة لا تقل عن عشر سنوات لوظيفة المحقق العدلي أو المعاون القضائي أو الكاتب العدل أو المنفذ العدل أو مدير رعاية القاصرين أو مدير دائرة التسجيل العقاري أو الممارسة الفعلية للمدة المذكورة لمهنة المحاماة أو الموظف الحقوقي العامل (الأكاديميون القانونيون) في قسم الحقوق في الدوائر و المؤسسات الرسمية بما لا يقل عن خمسة دعاوى في السنة.

لأنها جاءت مبتسرة وغامضة وحرمت الكثير من شرائح القانونيين من فرصة التعيين ولا سيما في غياب المعهد القضائي في الوقت الحاضر.

⋆ صياغة النقطة (3) من الفقرة/اولا كالاتي:

3- أن لا يزيد عمره عن (45) سنة.

برفع مؤشر العمر الى خمس وأربعين سنة وافساح المجال امام اصحاب الخبرات للتعيين حيث لاتزال امامهم خمسة عشر سنة من الخدمة الفعلية قبل احالتهم على التقاعد.

* صياغة النقطة (6) من الفقرة/اولا كالاتي:

6- أن يجتاز اختباراً شفوياً و تحريرياً أمام مجلس القضاء.

باضافة الاختبار الشفوي لإظهار كفائته المهنية.

يدمج النقطتين (8،7) في نقطة واحدة.

7- أن يكون سالماً من العاهات البدنية و يتمتع بالسمعة والسيرة الحسنة.

* باضافة نقطة ثامنة الى الفقرة/اولا كالاتي:

8- أن لا يكون محكوماً عليه بجناية غير سياسية أو عمدية أو جنحة مخلة بالشرف.

9- أن يتعهد بعدم ممارسة العمل السياسي بعد تعيينه.

باضافة نقطة تاسعة لضمان تمسكه بالحياد في اصدار الاحكام والقرارات.

* اضافة فقرة ثانية اليها كالآتي :-

ثانياً: تحسب مدة الممارسة في المحاماة و الوظائف المذكورة في الفقرة (أ) لأغراض الترفيع و الترقية.

وذلك أسوة بخريجي المعهد القضائي حيث تحسب لهم مدة دراستهم خدمة قضائية. جەنابی سەرۆك، ئێمە ئەو مولاحەزاتانەمان هەبوو، لەسەر دەقی ماددەکە بەڵام تەنها یەك خاڵ رەنگە مولاحەزەمان لەسەر هەبێت، پاش ئەوەی کەگفتوگۆمان لەسەریکرد، لەگەڵ بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی یاسایی، ئەویش بەنیسبەت موەزەفینی حقوقی کە لەدەوائیرەکان دەوام دەکەن بەحەقیقەت ئەمە موشکیلەیە موەزەفی وا هەیە، ئەصڵەن بەدوو ساڵ بەسێ ساڵ دەعوا نابینێ ئەمەش مەعقول نیە ئیعتیبار بکرێت بەخدمەی قەزائی بۆ ئەوەی مەجالی ئەوەی پێبدرێت ببێتە حاکم وزۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی کاك فاروق وەزیری داد فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بەنیسبەت ئەو تەعدیلاتانەی کەلیژنەی قانونی کردی بەنیسبەت خدمەی قەزائی ئێمە پێمان باشە کەوا دە ساڵ خدمەی قەزائی هەبێت بەڵام خدمەی قەزائی مەسەلە چیە لەو خدمەیە، ئەوەیە کە فیعلەن ممارسەی قەزای کردبێ ئایا من لەئێوە دەپرسم ئایا موەزەفێکی حقوقی لە دائیرەیەك داخۆ چوار پێنج ساڵ جارێك دەعوایەکی ببینێ و دەچێتە مەحکەمەی ئەوە خدمەی قەزائیە بە خدمە حساب دەکرێ، حەتا لەبەعزێ موەزەفینی وەزارەتی عەدلیش هی تاپۆش هی تاپۆ ئیشوکاری تاپۆ دەکات چی دەزانێت لە مەسائیلی مەحاکم و ئەوانە من پێم وایە مەسەلەی خدمەی قەزائی حسب بێت لەسەر ئەوەلەن موەزەفینی محاکم بەسورەتێکی فیعلی کە معاون قەزائیەو محقق عدلیە و دوایش محامی بەس ئەو سێیە ممارسەی فعلی قەزا دەکەن ئەگینا ئەوی دیکە هیچی ممارسەی فعلی قەزا ناکەن بۆیە من پێم باشە

بەو شێوەیە بێت، بەنیسبەت عومر من تەئیدی لیژنەی قانونی دەکەم، عومر (45)ساڵ بێت، شتێکی زۆرچاکە بەراستی ئیختیاری شەفەوی وتەحریری من پێم وایە تەحریریەکە کیفایەتە، چونکە شەفەوی لەوانەیە بەعزە بۆچونی دیکەی تێدا بێت، بەڵام تەحریریەکە تەسبیتی شتەکان دەکات، تەحریری خوانەخواستە گەمەی تێدا ناکرێت، ئیزافەیەکی تریش کە کاک شێروان فەرمووی مەسەلەی ممارسەی حزبی و سیاسی ئەوە هەر زۆر پێویستە ئەو شەرتە هەبێت، بیکەنە شەرتێکی ئیزافی کەنەهاتووە، نۆیەم بڵێن( ان لایمارس العمل السیاسی والحزبی) ئەوە زۆر شتێکی باشە، دەیەم تەبیعی بەپێی قانونی وەزارەتی عەدل کە ئێستا نافز ومەفعولە معهدی قەزائی کراوەتەوە، ئەمن پێم وایە یەك لەشەرتەکانی لەمەودوا خەریجی مەعهدی قەزائی بێت، ئەوانەی کەوا تەعین دەکرێن بەحاکم یان نائب مدیر عام، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی جەنابت لەموجمەلی رەئی لیژنەی قانونی موافقی کاک عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشك وبرایانی ئەندامانی پەرلەمان، من پێم باشە موەزەفی قانونی لەپەرلەمان ئەو شەرتەی تێدابێت، کە ئەویش حەقی هەبێت ببێت بەدادوەر یان نائب مدعی عام، بەتایبەتی مەعلومە لەلای جەنابتان پەرلەمان دەسەڵاتی تەشریعیە لە کوردستاندا وە باڵاترین دەسەڵاتە، باشە ئەو موەزەفانەی قانونی کە لێرە ئیش دەکەن بۆ ئەو مافەیان نەبێت، وەکو موەزەفەکانی دیکە، لیژنەی یاسای پێشنیاری کردووە ئەوانیش بەو شێوەیە بن، پێشنیار دەکەم ئەوە ئەگەر برادەران رەئیان لەسەری هەبێت بدرێتە تەصویت ئەو خاڵەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمەوێت ئیشارەت بەوە بدەم ئەوەلەن خدمەی قەزائی پێشتر لەلایەن مجلسی قەزاوە تەحدید دەکرا، عەجەبا بزانن کام خدمە، خدمەی قەزائیە وەکام خدمە خدمەی قەزائی نیە، کە پرۆژەکە هات بەم شێوەیە هاتووە، ئێمە لەلیژنەی قانونی ووتمان باوردی بکەینەوە ولەقانونەکە تەسبیتی بکەین کامیان خدمەی قەزائیەو کامیان خدمەی قەزائی نیە، بەڵام ناشکرێت هەروەکو برای بەڕێزم کاك فاروق ئیشارەتی پێدا ئێمە تەوەسوع لەو مەسەلەیە بکەین، موەزەفی قانونی هەیە هەموو رێزمان لەبۆیان هەیە مومکینە بەدوو ساڵ جارێك دەعوایەك نابینن، ئەوە ئیمکان نابێت، بەخدمەی قەزائی بۆی ئیعتیبار بکرێت، یان حیساب بکرێت وداخلی ئەم مەسەلەیە بکرێت، بەنیسبەت ئەو موەزەفانەی لێرە ئیش دەکەن کەلە سوڵتەیەکی تەشریعین ئەندامانی پەرلەمان کە لێرە ئیشیان دەکرد بە جرە جرِ ئیعتیبار کرا لەلیژنەی

یاسای ئیشی دەكرد ئینجا بەچ حاڵ بڕیاری پەرلەمانی بۆ دەرچوو كە بەخدمەی قەزائی بۆی ئیعتیبار دەكرێت، بۆیە مەسەلەی سوڵتەی تەشریعی شتێكەو مەسەلەی سوڵتەی قەزائیش شتێكی ترە، دوو ئیشی لێك جیاوازن بۆیە بەحەقیقەت ئێمەش زۆربەی ئەندامان لەگەڵ ئەو بۆچوونەی جەنابی وەزیرین، كە بەنیسبەت موەزەفینی حقوقی نابێ زۆر تەوەسوعی تێدا بكرێت، لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ئەو ڕەئیانەی كەوا دراو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵڵا من هەر بەنیسبەت مولاحەزەكانی وەزیری داد بەڕێز كاك فاروق فەقەت لەسەر مەسەلەی ئیمتیحانی تەحریری وشەفەوییەكە پێكەوە بێت باشترە، لەبەر ئەوەی لەشەفەویدا دەتوانی شەخصیەتی ئەو كەسەی كەدەبێتە حاكم روون ببێتەوە، تەحریری كردووە ناحیەی عیلمەكەی بەڵام عیلمەكە بەتەنها كافی نیە حاكم دەبێ شەخصیەتیشی هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ئیدارەی و زەبتی مەحكەمەكەی بكات، وە عومرەكەش زۆر بەجێیە (45)ساڵ زۆر جێگای خۆیەتی بەڵام مەسەلەی حزبی وسیاسەت دەبێ تەعەهود بدات كەدەبێتە قازی چونكە تا ئەو وەختە شەرت نیە، كە داوا دەكات ئەو وەختە بڵێت نابێ حزبی بێت، بەڵام دەبێ پاش ئەوەی كە دەبێتە حاكم جوملەكە تەئید دەكەم بەڵام پاش ئەوەی كەدەبێتە حاكم نابێ ممارەسەی حزبی وسیاسی بكات، ئەگەر نا تۆ زۆر كەس هەیە حزبیە حەقی خۆیەتی ئەو حەقە پێش ئەوەی ببێتە حاكم ناتوانی لێی بسەنی، بیكەیتە شەرتێك فەقەت ئەو كەسانە بگرێتەوە كە حزبی نین بەڵام كەدەبێتە حاكم، دەبێ ئینتیمای حزبی وسیاسی نەمێنێت بۆ ئەوەی بمێنێت و واجبی خۆی بەجێ بێنێ ئیتر هەمووی بەجێنەو لەبەینی كاك عونی وكاك شیروانیشدا ئیختلافێكی گەورە نیە بەڵام با موناقەشە بكەینەوە بۆ ئەوەی بەڵێ جەنابی وەزیری داد فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا پێویستە ئەوەی كاك شێروان جیاوازی زۆرە لەمابەینی سوڵتەی تەشریعی وسوڵتەی قەزائی، جیاوازی هەیە لەمابەینی ممارەسەی تەشریع وممارەسەی قەزا، یەعنی من پێم وایە ئەوەی دەبێتە حاكم یان نائب مدعی عام دەبێ فعلەن ممارەسەی ئیشی قەزای كردبێ، مەسەلەی قانون دانان یان ئوستازێك لەجامیعە كە دەردەچێت قانون دەڵێتەوە ئەمن پێم وابێ ئەوە زۆر زۆر دوورە لە مەسەلەی قەزا زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مولاحەزەیەكی بەجێیە كاك حاكم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەربارەی قبوڵكردنی موەزەفین حەقەتەن موەزەفینی قانونی وەكو فەرموویان هی وا هەیە بەچەند ساڵ دەعوایەك نابینێت بەڵام ئەگەر قانونی معهدی قەزائی هاتە كایەوە معهدی قەزائی خۆی دوو ساڵە خوێندن

نیه هەموویان قانونیان تەخروج کردووە، وەکو دەورەیەکی تەئهیلیە بۆ ئەوەی شەکلیاتی محاکم فێربن محاکم تەتبیق بکەن ئەو کاتە لەقانونی معهدی قەزائی ئەتوانین نص بڵێین کە موەزەفینی حقوقیش وەربگیرێن، بۆ معهد ئەوە رەوایە، لەم ماددەیەشدا من وا بەجوان ئەزانم فەقەرەیەکی تر ئیزافە بکرێت، ثانیاً: لرئیس مجلس القضاء إصدار التعليمات حول آلية وشروط تعيين القضاة. ئەوە ئەبێ بەپێی رۆژان بەعزێ شروتی ئیزافی یان شتێ ئەبێت، ئەوە سەرۆکی مجلسی قەزا ئەو تەعلیماتە دەردەکات وزۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەرگای موناقەشە ئەکەینەوە ئێستا ناوتان دەنووسم، کاك ئاڕێز فەرموو.

**بەڕێز ئاڕێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو خاڵانەی کەوا لیژنەی یاسای دیاریان کردووە، من پشتیوانیان لێ دەکەم، خاڵی چوارەم دەبێ عێراقی بێت بەڕای خۆم لەوە بێدەنگ بین باشە یەعنی ئەو مەرجەی تێدا نەبێت، خاڵی حەوتەم کەباسی لەش ساغی وبێکەم وکورتی دەکات، بەڕاستی ئەوە بەڕای من ئەوە گونجاو نیە لێرەدا حاکم هەیە جسمی دەموچاوی زۆر جوانە زۆر رێك وپێکە، هیچی نوقستان نیە بەڵام لەرووی دەروونیەوە نەخۆشە، ئەوە یەك خەڵکێکی واش هەیە قاچێکی نیە بەڵام حاکمێکی باشە، کەسێکی باشە رەنگە دەستێکی نەبێت بەڵام ئەتوانێ ئیشوکارەکانی خۆی بکات، لەبەر ئەوە ئەو مەسەلەیە پێویستی بەروونکردنەوە هەیە، ناکرێ بەو شێوەیە لەش ساغ بێت، حەفتەم ئەڵێ ئەبێ لەش ساغ بێت وکەموکورتی نەبێت، لەش ساغی مەعلومە یەعنی ئەکرێ حاکم دەستێکی نەبێت ئەکرێ حاکم پەنجەیەکی نەبێت، ئەکرێ حاکم چاوێکیشی نەبێت، موهیم ئەوەیە ئەتوانێ ئیشوکارەکانی بەباشی بەڕێوە ببات، بەڵام رەنگە حاکمێك هەموو شتەکانی تەواو بێت بەڵام لەرووی دەروونیەوە نەخۆش بێت، هەشتەم، دەبێ ناوبانگ ورەوشتی باش بێت، یەعنی شەرت نیە هەرکەسێك بوو بەحاکم ناوبانگی باش بێت، لەبەر ئەوە تۆ نازانیت ئێستا ئێمە هەرکەسێك بوو بەحاکم ئەو صیفەتەی درایە، ئەتۆ شهادەیەکیشت دایە رەوشتی باشە رەنگە ئەو کەسە خوانەخواستە رەوشتی باش نەبێت، بەڵام لەدادگا تۆمار نەکرابێت تۆ نەتزانیبێت، رەنگە رەوشتی باش نەبێت بەڵام ئێمە نەمانزانیبێت کە کارێکی بەدرەوشتی کردووە، لەبەر ئەوە واباشە بەکارێکی بەدرەوشتی سزا نەدرابێت، یەعنی بەهۆی کارێکی بەدرەوشتی سزا نەدرابێت، ئەو کەسەی کەسزا دەدرێت یەعنی تەنها ئەوە مەسئولە بەدەردەکەوێت بەڵام ئەوی تر ناکرێت تۆ شهادەیەکی بدەیتێ یان هەموو کەس شهادەی ئەوەی بدەیتێ یان بوو بەحاکم شهادەی ئەوەی بدەیتێ کەرەوشت بەرزە، چونکە تۆمار نەکراوە لە تۆماری ژیاننامەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی زۆرینەی رەئیەكانی لیژنەی یاسای دەكەم، تەبیعی موتەمەسیكم بەرەئی خۆشم سەبارەت بە دامەزراندنی فەرمانبەری قانونی لە پەرلەمانی كوردستان بۆ ئەم جێگایە، جگە لەوەش داوا دەكەم لەراپۆرتی لیژنەی یاسای كە هاتووە، ( اضافة فقرة ثانیاً كالآتي: ثانیاً: تحتسب مدة الممارسة في المحاماة والوظائیف المذكورة في الفقرة(أ) لأغراض الترفیع والعلاوەش ئیزافە بكرێت، نووسرایە لأغراض الترفیع والترقیة، والعلاوة ئەوەش ئیزافە بكرێت، **ثانیاً** : تحتسب مدة الممارسة في المحاماة و الوظائف المذكورة في الفقرة (أ) لأغراض الترفیع و الترقیة. لەپێشنیاری لیژنەی یاسایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بكر فەرموو.

**بەڕێز بكر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوو خاڵم هەیە یەكێكیان ئەوەیە كە وەكو ئەو برایانە باسیان كرد، خزمەتی دادوەری بەڕای من ئەوەیە یەعنی مجلسی قەزائی ئەنجومەنی دادوەران تەحدیدی بكات ئەو خزمەتی دادوەرییە، كە بڵێن ئایا مارەسەی قەزائیە یان نا، چونكە فیعلەن بەعزێ كەس هەیە كە ئەنجومەنی دادوەران باشتر ئەتوانن تەحدیدی بكەن، كە ئایا ئەوە مارەسەی قەزائی كردووە یان نا، كەلەمەحاكم بووە یان لەمحاكم محقق بووە، دووەم نوقتە بەڕاستی پێم وایە حاكم ئەبێ لەزمانی كوردی زمانێكی زیاتریش بزانێت یەعنی زمانی كوردی بەتەنها نا بەڵكو پێم باشە زمانی تریش بزانێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لە راپۆرتەكەی لیژنەی یاساییەوە دەست پێدەكەم سەبارەت بەوانەی كەوا تا چ ڕادەیەك مارەسەی فعلیان كردووە لەبواری قەزادا منیش هەمان رەئیم هەیە، كە زۆر فراوان نەكرێت، بەجێ بهێڵرێت بۆ ئەنجومەنی دادوەری، سەبارەت بەسەرخستنی عومرەكە من لەگەڵیدام سەبارەت بەخاڵی حەوتەمییان كاك ئارێز پێشم كەوت یتمتع بالسمعة و السیرة الحسنة. ئەوە چون تەقیم ئەكرێت، یەعنی كێ قەراری ئەوە ئەیات كە سومعەو سیرەی باشە، سەبارەت بەخاڵی نۆیەم یتعهد بعدم ممارسة العمل السیاسي من پێم باشە بكرێت العمل الحزبی چونكە عملی سیاسی یەعنی شتێكی زۆر فراوانترە لە عەمەلی حزبی، لێرە پرسیارێكم هەبوو لە فەقەرەی دوو كە ئیزافەی لیژنەی قانونیە، بۆ ئەغرازی تەرفیع وتەرقیە ئەڵێت ئەو خزمەتە حیساب بكرێت، مەبەستیان ئەوەیە وەكو ئەغرازی علاوەو یەعنی تەرفیع وتەرقیە وەكو دادوەر چونكە ئەوە خۆی هەروەكو خزمەتی ئیداری مەحسوبە، سەبارەت بەخدمەی فعلی بەڕاستی مەوزوعێك هەیە ئینجا من حەزەكەم لێرەدا ئەگەر ئیجازەم بەن ئێمە بە ئیمزای پەنجا محقق عدلی ژن پێشی فەترەیەك

هاتن بۆلای لیژنەی داكۆكی كردن لەمافی ئافرەتان وژنان، من یاداشتنامەكەم هێناوەتە خزمەت جەنابت و خزمەتی جەنابی جێگرو نازانم جەنابی كاك فرست لێرە نەبووی دوایی من لێرە نەبووم، گەشتۆتە دەستت یان نا، ژنانی محقق عدلی كێشەیەكیان هەیە، ئەوەیە كەلە خزمەتی دایكایەتی یان مۆڵەتی دایكایەتی، ناچێتە خزمەتی فیعلیەوە تەبعەن من لەگەڵ ئەوەدام، لەگەڵ ئەوە نیم ژن بوون ببێتە یەعنی جێگەی پسپۆڕی بگرێت، زۆر راستە زۆر زەروریە كە پسپۆڕی هەبێت و خزمەتی قەزائی هەبێت، ئەمەی كەباسی ئەكەم رەنگە لەیاساكەدا جێگای نەبێتەوە، بەڵام هیوادارم یەعنی فرسەت لەوەدایە كەوا جەنابی وەزیر لێرەدایە و برادەرانی محكەمەی تەمییزیش باشە ئالیەتێك بدۆزرێتەوە چۆن ئەو ژنانە دوا نەكەون بەتایبەتی عومرەكە یەعنی (40)ساڵە لەقانونەكەدا یەعنی ژنێك لەفەترەی ئیشكردنیدا وەكو محقق عدلی یان كەئیش ئەكات چوار پێنج منالی ببێت یەعنی چوار پێنج ساڵ دوا ئەكەوێت، لەبەر ئەوە پێم باشە بیر بكرێتەوە لە دۆزینەوەی میكانیزمێك چۆن ئەو ژنانە مەحروم نەبن بۆ نموونە یارمەتیان بدرێت لەدەورات یان حەزانەی تایبەتیان بۆ بكرێتەوە، ئەمە ئەكرێت بەهاوكاری لەگەڵ مونەزەماتی ژنان یان ئەو محقق عەدلیانە خۆیان یان لەگەڵ وەزارەتی كاروكاروباری كۆمەڵایەتی یەعنی ئەمە بەنەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی من پشتیوانی لە رەئیەكەی لیژنەی یاسای ئەكەم جگە لەمەسەلەی معوەق یەعنی عادەتەن بەنەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، معوەق پێویستە رێگە بدرێت لەهەموو بەشەكانی دەزگای عەدالەتدا كاربكات ورێگەی پێبدرێت، ئەوە یاسایەكی دوەلیشە ئینجا لێرەدا دوو نوقتەی زۆر موهیم هەیە حەزەكەم بیخەمە بەردەم پەرلەمان، یەكەم لەسەر بنەمای ئەو كارانەی كە تائێستا كردوومانە، وەزیرمان رووتكردۆتەوە لەهەموو ئەو دەسەڵاتانەی كە هەیە، من زۆرجار لەم مەوزوعەوە قسەم كردووە، وە قسەش ئەكەم باسی ئەوە ئەكرێت كە تۆ باسی نیزامی ئەمریكی ئەكەیت، ئیمرۆ باسی عەدالەتی فەرەنسی ئەكەم، كە زۆربەی برادەران وقانونیەكان ئەڵێن قانونی عێراقی لە فەرەنسیەوە وەرگیراوە، تەبیعی لەم قانونەدا دەست نیشانی ئەوە دەكات كە وەزیری عەدل شەخصەیەتی یەكەمە لە لیژنەی قەزا، ئیشەكانی تەبیعی كەلەقانونەكەدا دیاری كراوە، هەموو ئیشوكارێكی ئەو سیستەمە یان ئەو مونەزەمەیە ئەبات بەڕێوە، مەعاش دەدات بینا بۆ مەحكەمە دروست ئەكات بینا بۆ سجن دروست ئەكات، ئینجا لەسەرووی ئەمانە هەمووی تەنها شەخصە كەراپۆرت ئەدات بەسەرۆكی هەرێم ئەویش شەخصی یەكەمە كە ئەم كارە ئەكات، لەهەمان كاتدا تەنها شەخصە كە ڕاپۆرتی لیژنەی قەزائی ئەدات بە پەرلەمان، یەعنی وەزیری عەدل لەم لاشەوە جێگای كردۆتەوە كە پشتیوانی لەو قەرارەی پێشوومان ئەكات ئەوەی حەفتەی پێشوو، وەزیری

عەدل بەپێی قانون سەرۆکی دادگای مدعی عامی گشتیە، ئەمە لەقانونی فەرەنسیدا هەروەها ئیشەکانیش دیاریکراوە، جا بەپێی ئەم بنەماو ئەم مەسروفاتانەی کە هەیە، یەعنی لیژنەی قەزائی پێویست ناکات وەکو پەرلەمان بودجەی تایبەتی خۆی هەبێ، چونکە بودجەکە هەمووی لەبەردەستی وەزیردایە، وەزیریش بەشێکە لە حکومەت، لەلایەکی ترەوە ئیشەکانی لیژنەی قەزائی پێ ئەچێت قسەکانم وەکو پێویست بەدڵیان نەبێت بەڵام من لەسەر بنەمای قانون و قانونەکەش ئەخەمە بەردەمی سەرۆکایەتی پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من خۆم نوقتەی نیزامیم هەیە چونکە لەمەوزوعەکە دەرئەچیت بۆیە ئەیانەوێت تەواوی بکەیت مەوزوعەکە چیە من خۆم بەکاك کەمالیشم ووت لەتەنیشتمەوە لەبەر ئەوەی لەبیدایەت وتم کەناوتم نووسی وتم قسەکانی خۆت بکە بۆیە مەجالم دای بەڵام لەحەقیقەتدا لەبەر ئەوەی وەختەکەمان تەرخانکردووە بۆ موناقەشەی ئەوە جەنابت معلوماتەکەت بۆ زۆرمان تازەیە بۆ منیش تازەیە، سودیشی هەیە سوپاست دەکەم، بەڵام بۆ ئەوەی لەمەوزوع دەرنەچین ئەرگەر بێت وبێیتە سەر مولاحەزەیەکی تایبەتی خۆت هەبێت لەسەر ئەو موقتەرەحەی لیژنەی یاسای یان لەسەر ئەصڵی ماددەکە، ئەوە تەرکیز بکەیت مەمنوون ئەبم.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی دەسەڵاتەکانی وەزیر وبەشداربوونی لەلیژنەی قەزا لە سیستەمی ئەمریکیشدا هەروایە بۆ ئاگاداریتان سەرۆکی لیژنەی قەزائیە لەبەر ئەوە شتەکان هەمووی بەستراوە بەیەکەوە، من بۆیە ئەم مەوزوعەم باسکرد، بۆ ئەوەی وەکو ماددەیەکی قانونی فەرەنسیشم لەبەردەستدایە، قانونی ئەمریکیشم لەبەردەستدایە، هەردووکی ئەخەمە بەردەمی بەڕێزتان ئەگەر ئیستیفادەی لێبکرێت لەم مەوزوعەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاست دەکەین بەڵام بەحەقیقەت هەر وڵاتێك تەجروبەی خۆی هەیە، نموونەی دەسەڵاتی قەزا لەووڵاتێك بۆ ووڵاتێکی تر فەرق وجیاوازی هەیە، لە ئەمریکا لەفەرەنسا لە ئەڵمانیا، ئێمەش لەکوردستاندا تەبعەن ئیستمرارین بۆ تەجروبەی هەموو عێراق و هەموو ووڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناتوانین قەفزەیەك بکەین ئەو نموونەی کەباسی ئەکەیت نموونەیەکی پێشکەوتووتر بێت کەوەختێ کۆمەڵگای مەدەنی دادەمەزرێت، قەزا لەژێر دەسەڵاتی هیچ کەسێکدا نییە، هەموو فشارێك لەرێگای خۆی لادەدات، بەڵام ئێمە ئەمە هەنگاوی یەکەمە بۆ ئەوەی قەزا ببێتە دەسەڵاتێکی سەربەخۆو بتوانێت دوور لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن، دوور لەدەسەڵاتی حزبی دەوری خۆی ببینێت، بۆیە لەم مەرحەلەیەدا ئەوەی ئێمە ئەیکەین راستە بەڕەئی من تەبعەن، نەك موتڵەقی بکەم، لەمەرحەلەیەکی تر رەنگە ئەوەی جەنابت دەیڵێیت راست بێت بگەڕێینەوە ئەو قانونەی کەدەرمانکردووە، هەمواری بکەین فەرمووکاك حاتم.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا تەقریبەن ئەوەی من وەکو پرسیارێکە لە بەڕێزان لەلیژنەی یاسایی ئەڵێت لەکاتێکدا لە بڕگەی دووی ماددەکە دەڵێت خزمەتی قەزائی (10)ساڵ هەبێت، ئەوە ئەبێتە ئەوەی کەتەجروبەیەکی زۆری هەبێت لەقەزادا، لە بڕگەی شەشدا ئەڵێت، ئەبێ ئیختیبار بکرێت لەبەرامبەر مجلسی قەزا، باشە لەکاتێکدا کە (10)ساڵ خزمەتی هەیە خاوەنی تەجروبەیەکی زۆرە ئەو ئیختیبارە کەی ئەکرێت ولەکوێ ئەکرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر دلێر فەموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لەبیروبۆچوونەکانی لیژنەی یاسایی ئەکەم لەگەڵ چەند تێبینیەکدا لەراستیدا، یەکەم سەبارەت بەخزمەتی ئەو کەسەی کەئەبیت بە دادوەر پێویستە بەڕاستی ئیمە ئاگاداری ئەوە بین خزمەت لەهەندێك کارو فەرمانی ئیداریدا نابێتە هۆی ئەوەی کەوا خەڵکی مەعلوماتێك یاخود خبرەیەك کۆبکاتەوە یان پسپۆڕییەك کۆبکاتەوە تاکو ئامادەی بکات بۆ دادوەری ئەبێ لەوەدا بەڕاستی هوشیار بین، من بیروبۆچوونەکانی جەنابی وەزیر پەسەند دەکەم لەو مەسەلەدا، سەبارەت بەکەموکورتی لە دادوەردا مەرجی لەش ساغی هەندێك کەموکورتی هەیە کارناکاتە سەر ئەوەی کەمرۆڤ ببێتە دادوەر، ئەبێ هۆشیار بین لەمەسەلەی کەم ئەندامیەتیدا یان ئەو کەموکورتیانە بەمەرجێك کەنەبێتە هۆی کۆسپ دانان لەبەردەم دادوەرێتیدا، جگە لەوە بەڕاستی تێبینیەکی تریش هەیە، سەبارەت بەمەسەلەی تەمەن دیسانەوە من بیروبۆچوونەکانی لیژنەی یاسایی دووبارە ئەکەمەوە زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم فەقەرەی دوو تەحدیدی ئەو کەسانە بکرێت کە مەشمولە بەخدمەی قەزا، بەتەعلیماتێك لەلایەن مجلسی قەزا تەحدید بکرێن خۆی کەهاتووە، محقق عدلی معاونی قەزائی محامی ئەو سێیە بەموتڵەقی هاتووە، بەس ئەوانەی تر کەموەزەفینن لەدەوائیری دەوڵەت موەزەفی حقوقینە یان مودیر تاپۆیە، وا چاکە ئەو فەقەرەیەی لێ بگەڕێین بۆ مجلسی قەزا بەتەعلیماتێك دەریبکات کێ مەشمولە

بەخدمەی قەزائی و چ چینێك دەگرێتەوە، ئەوە سەلامەت ترە، بەنیسبەت (40 بۆ45)ساڵی ئەوە 45 زۆر جێگای خۆیەتی وزۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حمە رەشید فەرموو.

**بەڕێز رشید كریم رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دەربارەی رەئیەكەی كاك عونی قسەیەكم هەیە، وە تەئیدی رەئیەكەی ئەكەم، موەزەفی قانونی ناو پەرلەمان لەبەر ئەوەی كەوا پرۆژە یاسای زۆری هەموو دەزگاكانی ئەو هەرێمەی یەتە بەردەم، جگە لەوە هەمواركردنی گەلێ یاسای تری یەتە بەردەم، خبرەیەكی قانونی وشارەزاییەكی باش پەیدادەكات، بەعەكسی ئەو موەزەفە قانونیانەوەیە كە لەدەزگا تایبەتمەندەكانە، مەسەلەن موەزەفی تەربیە تەنها ئەتوانێت لە شتی قانونی ناو تەربیە حاڵی ببێت، بەڵام موەزەفی قانونی ناو پەرلەمان شارەزای لە هەموو بوارەكان هەیە وەخیبرەیەكی باش پەیدادەكات، من رەئیم وایە ئیزافەی مودەیەك لەخزمەتی بۆ بكرێت كە لەهەشت ساڵ كەمتر نەبێت، ئەویش ئەو مافەی هەبێت وەكو موەزەفی قانونی كە ئیش ئەكات لە دادوەریدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆرە رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەمەرجی یەكەم باس لەبڕوانامەی بەكالۆریۆس كراوە لەمەرجی دووەمیش باس لە 10 ساڵ خزمەت دەكرێت، باشە ئەگەر بڕوانامەكەی لەبەكالۆریۆس زیاتر بوو، ماستەر یان دكتۆرا بوو، لەو حاڵەتەدا خزمەتەكەی لە 10 ساڵەكە كەمتر بۆی حیساب ناكرێت، یەعنی بەراورد بكەن لەنێوان بڕوانامەكەو نێوان ساڵەكانی خزمەتدا كەباس لەتەمەن دەكرێت، تەمەن لەوەندە زیاتر نەبێت، 40 لە 45 تا50 باشترە بەشێوەیەكی تر تەمەنەكەی دیاری بكەین، بڵێین لە سی ساڵ كەمتر نەبێت، یەعنی نەك زیادەكەی دیاری بكەین، كەمەكەی دیاری بكەین باشترە كێشەی 40و 45 و50 ساڵیمان بۆ چارەسەر دەكات، باس لە لەش ساغی و كەموكورتی دەكرێت، مەرجەكە بەشێوەیەكی تر دابڕێژرێتەوە بڵێین مەرجە تەندروستیەكانی تێدا بێت، هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، هەندێك لەبرادەران كێشەیان هەبوو ئایا لەش ساغ بێت كەموكورتی تێدا بێت، مەرجە تەندروستیەكانی تێدا بێت ئەوەندە بەسە، پشتگیری لەو پێشنیارە دەكەم كە بەڕێز حاكم نورالدین كردی داوای لێبكەین كە ئیستیقالە بكات یان انهاء العضوية في التنظيم الحزبي او السياسي، راستە ماددەی پەنجاو دوو بڕگەی دوو باس لەو شتە كراوە، بەس بیكەینە مەرجێك بۆ دامەزراندنی دادوەر، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیری دادو کاك حاکم نورالدین، نازانم لێرە تەماشای ماددەی (33) دەکەین لەگەڵ کاك فرسەتدا چ موشکیلەیەکی هەیە، نازانم خۆی زۆر ڕێك و پێك هاتووە شتەکان، فەرموو کاك فاروق.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من روون کردنەوەیەکم هەیە، هەندێك برادەر وای بۆ دەچین کە ئەو تەحدید کردنی خدمەی قەزائی، ئەنجومەنی قەزائی بەخۆی بیکاتن، هەندێکیش دەڵێن نەخێر بە قانون بکرێت، خۆی لە حەقیقەتدا لە ئەنجومەنی قەزائی هەتا ئەگەر بە قانونیش بێت، ئەنجومەنی قەزائی جیهەتی موختەسە، یەعنی دەبێت ئیلا مەجالێك دەربچێت لە ئەنجومەنی قەزائی بڵێن، ئەوە خدمەی قەزائییە، بەلاّم دەبێت ئەنجومەنی قەزائیش ئیستیناد بکاتە سەر نەصی قانون، خۆ لەو گۆڕەی ئیجتیهادی بدەیێ، چۆن دەبێت بە کەیفی خۆی ئەوەی هەوەسی هێنا بڵێ ئەو ئەنجومەنی قەزائییە نەیویست چونکە خدمەی قەزائی نییە، بۆیە حالەتەکان دەبێت لە قانون تەحدید بکرێت، بەلاّم لە هەمان کاتیشدا لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی قەزائی بڕیار دەدرێت، ئایا ئەو حالەتە شمول دەکات، یان شمول ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارەکەم ئەوە نەبوو کاك فاروق، لە قانونی پێشوودا هاتووە، ئێستاکە کاری پێ دەکەن شروتی قازی چیە، شروتی ئەو کەسەی کە تەعین دەکرێت زۆر بە ڕێك و پێکی هاتووە، نازانم لێرە لە پێشمانە، کاك شێروان قسەت هەبوو فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای پرۆژەکەی بکەین خدمەی قەزائی هاتووە، بەلاّم ئێمە وردمان کردەوە، ورد کردنەوەکەش موتابقە لەگەڵ قانونی ئەسڵی کە جەنابت ئیشارەتت پێداو هیچ خیلافمان لەسەر نییە، ئەوە نوقتەی یەکەم.

نوقتەی دووەم/ کە دەمەوێت تەوزیحی بکەم، بەنیسبەت تەعینی قوزات، ئەم شەرتانە دەتوانم بڵێم شەرتەکان مەرحەلییەو وەقتیە، ئێمە مەعهەدی قەزائیمان داناوە، سبەی دوو سبەی قانونی مەعهەدی قەزائی دێت، قانونی مەعهد قەزائی قانونێکی خاصە، رەنگە شەرت و شروتی قەبول لەگەڵ ئەوە تەناقوز بکات، شروتی مەعهد قەزائی، نەك ئەو شەرتانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری له وتەكانی جەنابی وەزیرو كاك شێروان دەكەم، بەڕاستی مەنصەبی قەزا مەنصەبێكی زۆر حەساسە، من پێم وایە لە ئیش و كاری ئەندام پەرلەمانیش حەساسترە، بۆیە تەنها دەبێت ئێمە حرسی ئەوەمان هەبێت، ئەوانە ببنە دادوەر، ئەوانەی خیبراتی تەواویان هەیە، كە تەئسیر لەسەر مەسەلەی عەدالەت بكات بە چاكی، یاسادانەر كە دەبینین برایەك یاسا دانەرە، یاخود موشەریعە، یاسادانەرێكی باش بێت، ئەوە مانای ئەوە نییە دەتوانێت ببێتە قازیەكی باش ئیش وكارەكان زۆر لە یەكتر جیاوازەو فەرقی هەیە، بەلأم محامی باش دەتوانێت ببێتە قازیەكی باش، موحقیق دەتوانێت ببێتە قازیەكی باش، چونكە رۆژانە تەماسی هەیە لەگەڵ دادوەران، لەگەڵ موحاكەمات، بۆیە لەگەڵ ئەو پێشنیارە نوێیە نیمە، ئەوەی لیژنەی یاسایی پێشنیاریان كرد،.

دوو/ لە بڕگەی شەش (أن يجتاز اختباراً شفوياً و تحريرياً) من پێم وایە ئەوە هەر لابدرێت، هەم تەحریری، هەم شەفەهی، تەنها اختیبار هەبێت كیفایەتە، خاڵی ئەخیریم پشتگیری لەو رەئیەی لیژنەی قانونی دەكەم، ئەوەی تەمەنەكە ببێتە (45) ساڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاتوو شیرین فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەسەر فەقەرە دوو پێشنیارم هەیە (ان يكون لة خدمة قضائية فعلية لاتقل عن عشر سنوات) ئەگەر ئەم ئیزافە بكەن (او ممارسة محاماة بصورة فعلية مدة لاتقل عن عشر سنوات)، چونكە محامی باش هەنە ئەمرۆ ئیستیفادەی بكاتن، تەبعەن هەمان شروت دیار كرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی دووەم، منیش لەگەڵ ئەو رەئیە دامە زۆر فراوان نەكرێت خدمەی قەزائی جیا بكرێتەوە لە خدمەی قانونی، ئەوانەی كە راستەوخۆ پەیوەستن بە قەزاوە، ئەوان زیاتر بیانگرێتەوە، بەلأم لە مەرجەكانی وەرگرتن لە مەعهەدی قەزائی هەموو ئەو كەسانەی كە موەزەفی قانونین لە دوائیر بۆیان هەبێت وەربگیرین، مەجالیان بۆ هەبێت، ئەگەر تەمەنیشیان هەبێت موناسیبە بچێتە ناو مەعهەد قەزائی، دوای مەعهەد قەزائی بۆیان هەبێت ببنە قازی.

سەبارەت بە بڕگەی حەوتەم (أن يكون سالماً من العاهات البدنية) من دەڵێم (والعقلية) ئەوەش ئیزافە بكرێت زۆر باشە، بڕگەیەكی نوێشم هەیە پێشنیارە، ئیزافەیە هیوادارم كەس لێی عاجز نەبێت، ئەویش ئەوەیە (ان لايكون مدمناً على الخمر)، چونكە بەڕاستی كاتێك قازی لەنادی ببینرێت و بە سەرخۆشی

ببینرێت، ئەوە بەیانی بەشێك لە کەسایەتیەکەی دێتە خوارێ، مەسەلەی خەمریش ئوموری خەبائیسە، یەعنی کەسایەتی قازی زۆر دەبێت لەوە بەرزترو پیرۆزتر بێت، کە مودمین بێت لەسەر خەمر، ئەوە زۆر کەس تووشی بووە، بەلاَم ئیدمانبوون لەسەری پێم وایە خاڵێکی گەورەیە بۆ قازی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو رەئیەی لیژنەی یاسایی داویەتی، من دەقاو دەق تەئیدی رەئیەکەی لیژنەی یاساییم، بەتایبەت رەئیەکەی جەنابی وەزیر لەسەر تەعین بوونی حاکم بەنیسبەت موەزەفی حقوقیەوە، من لە شانی موەزەفی حقوقییەوە دانابەزێنم، بەلاَم هەروەکو ئاشکرایە، ئەو کەسانەی کە تەماسیان زیاتر بە دامودەزگاکانی قەزاوە هەیە، ئەوان زیاتر مومارەسە فیعلیەکە دەکەن، ئەم ئیشەی قەزای حاکم، ئیشێکی عەمەلییە، ئیشی ئەکادیمی نییە، لەبەر ئەوە حاکم ئیشەکەی گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەیە، هەر حاکمە دەتوانێت حەقی ژیان لە ئەو تاوانبارەی کە دەچێتە بەردەمی لێ بسەنێ، هەر حاکمە دەتوانێت حەقی ئینتیزاعی موڵکیەت و ماڵ و ئەمانەی خەڵك بە قەرارێکی قەزائی دەربکات، لەبەر ئەوەی پێویستە حاکم خیبرەیەکی زۆر چاکی هەبێت، حاکم هەموو جۆرە دەعواکانی دێتە پێش، ئەمەش لە کێ حەسر دەبێت زیاتر، بە تەئکید لە موحامی مومارس زیاتر حەسر دەبێت، لەگەڵ ئەو موەزەفانەی بەتایبەتی لەناو جیهازی قەزاو وەکو معاونی قەزائی و کاتبی زەبتەکان، وەکو کاتبی عەدل، وەکو دائیرەی تەنفیز، وەکو موەزەفی دائیرەی قاسرین، ئەمانە زیاتر تەماسێکی فیعلی و عەمەلیان هەیە رۆژانە بە جیهازی قەزاوە، بەنیسبەت موەزەفی حقوقییەوە باشە جەنابی کاك نورالدین باسێکی لەسەر کرد، ئەوان بتوانرێت لە مەعهەدی قەزائی وەربگیرێن، لە مەعهەدی قەزائی دوو ساڵی پڕ دەوامی تیا دەکرێت، هەم تەتبیقی محاکمی پیشان دەدەن، هەم نەزەریش دەرسەکانیان بۆ ئیعادە دەبێتەوەو تیا دەخوێندرێت، بەلاَم بۆ ئێستای حاڵ من پێم وایە ئەو رەئیەی لیژنەی یاسایی لەگەڵ رەئی جەنابی وەزیر رێك و پێکترین رەئیە.

بەنیسبەت عومرەکەشەوە، فیعلەن مەفروزە قازی خیبرەیەکی کافی هەبێت بەڕاستی، یەعنی (45) ساڵ عومرێکی زۆر موناسیبە، بۆ ئەوەی ئەو کەسەی دەبێتە قازی بتوانێت جۆرەکانی دەعواو، جۆرەکانی مەحاکم و ئیجرائاتی قەزائی هەمووی تەقریبەن مومارەسە کرد بێت، بەنیسبەت ئیمتیحانەکەی کە دەکات و ئیختیار دەکرێت شەفهی بێت، یان تەحریری، من پێم وایە ئیختیاری ئەو کەسەی کە دەبێت بە قازی بەس تەحریری نەبێت، با شەفەهیشی تیا بێت، چونکە قازی تەنیا ئەو کەسەیە، کە ئیدارەی زەبتی جەلسەکەی بەوەوە رەبتە، یەعنی قازی دەبێت ئەوەندە کەفائەی هەبێت، بتوانێت بەرامبەر بە موقابیلەکەی لە باقەتێکی کافی هەبێت و شەخصیەتێکی بەقوەتی هەبێت، بتوانێت قسەی تیا بکات، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئیختیبارەکە شەفەهی و تەحریری بێت، باقی تری موقتەرەحەکانی لیژنەی قانونی

موقتەرەحی چاكن، بەڵام فەرق لەنێوان ئەو حقوقییەی لە هەیئاتی تەشریعی ئیش دەكات و ئەو موزەفی حقوقی كە لە دەوائیر ئیش دەكات، كاك سەردار من پێم وایە تەوزیحێكی باشیدا، تەبیعی ئیشی تەشریع لەگەڵ ئیشی قەزائی جیاوازە، فەرقیان زۆر زۆرە، ئیشی تەشریع نووسینەوەی قانونە، ئیشی قەزائی ممارەسەی فیعلییە، بە تەئكید تەئیدی رەئیەكەی لیژنەی یاسایی و جەنابی وەزیر دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر فوئاد بابان.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێكم هەیە، كەوا بڕگەی پێنج كە دەڵێ زمانی كوردی بۆ خوێندنەوەو نووسینەوە بزانرێت، لەبەر ئەوەی دانیشتوانی كوردستان تێكەڵن لە زمانەكانی ترو نەتەوەكانی تر، لەبەر ئەوە مەرج نییە تەنها بیكەین بە تەنها مەرج، بۆ ئەوەی كەوا حاكم دەبێت بە زمانی كوردی بزانن، من پێم باشە كەوا زمانی كوردی، یان زمانەكانی تری فەرمی لە كوردستان بە خوێندنەوەو بە نووسینەوە بزانێت، تێكەڵ بكرێت لەبەر ئەوە بەڕاستی مەرجی بوون بە دادوەر حەسر دەكەیت لەو كەسانە تەنها كوردی دەزانن، ئەمەش بەڕاستی زوڵمێكە، پێم وایە لە نەتەوەكانی تری دەكەین لە كوردستاندا، لەبەر ئەوە پێویستە زمانەكانی تریش داخیل بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشەكی دەست خۆشی و پشتگیری لە سەرجەم بۆچوونەكانی لیژنەی قانونی دەكەم، سەبارەت بە كار كردن لەبواری حقوقیدا باس لەوە نەكراوە، كە ئەو مامۆستایانەی كەوا لە زانكۆكانی كوردستاندا دەرس دەڵێنەوە، ئاماژەیان بۆ نەكراوە، من وابزانم ئەوان لەو موەزەفانەی كەوا لە بەشێك لە دائیرەكان وەكو دائیرەی تاپۆ، ئەوان نزیكترن، پێویستە ناوی ئەوانیش بخرێتە ئەو لیستەوە، هەروەها پشتگیری لە بۆچوونەكەی رۆژان خان دەكەم، پێویستە ئێمە لایەنی كەم دیاری بكەین، نەك لایەنی سەرەوە، تەمەنی لە سی، یان سی و پێنج ساڵ كەمتر نەبێت، دووبارە پشتگیری لە بۆچوونی لیژنەی قانونی دەكەم كە ئەو شەرتانەی داناوە هەمووی دەگونجێن لەگەڵ قانوندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش ئەو پێشنیارانەی کەوا لیژنەی یاسایی کردوویەتی، شتی زۆر باش و گرنگن، بەلاّم هەندێك تێبینیشم هەیە لەسەریان، یەکیان ئەوەیە وەکو کاك دکتۆر نوری گوتی مامۆستای زانکۆ لە بواری یاسای ئەویش ئیزافە بکرێت، من پێم وایە ئەوەش زەرورییە، ئەو دە ساڵەی کە دانراوە، من پێم وایە بۆ ئەوانەیە کە شەهادەی بەکالۆریۆسیان هەیە، رۆژان خان باشی وت، ئاماژەی بەوەدا کە دەبێت فەرقێك هەبێت لەبەینی ئەوانەی کەوا ماجستێریان هەیەو دکتۆرایان هەیە لەگەڵ بەکالۆریۆس، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم دە ساڵەکە بۆ بەکالۆریۆس بێت، هەشت ساڵ بۆ ماجستیر بێت، پێنج ساڵ بۆ دکتۆرا بێت، چونکە لەبیرتان نەچێت ئەوەی ماجستیر دەکات، هەر عەینەن لەبواری یاسایە دەیکات، مەسەلەن دوو ساڵ دەبێت بەلایەنی کەمەوە دوو ساڵ خۆی ئامادە بکات تا دەبێتە ماجستیر، یان ئەوەی دکتۆرا دەکات سێ ساڵ دەبێت ئەوە بکات، یەعنی ئەمە با ئەو هینەی بۆ حیساب بکرێت، خاصەتەن لەسەر ئیختیصاصەکەی خۆی بکات، لەبەر ئەوە پێم وایە زەرورییە ئیشارەتی پێ بدرێت، منیش لەگەڵ ئەوەم ئەو تەمەنە کەم بکرێتەوە، یەعنی نەك زیادەکەی بڵێن، کەمەکەی بڵێن، ئاگاداری لە مەحکەمەی عەدلی دوەلی عادەتەن حەفتا ساڵ و هەشتا ساڵ لەوێ دادەنێن، یەعنی خەڵکی وا نییە کەوا تەمەنی هین بێت، بۆیە زیاد کردنی تەمەنەکە هین نەکەین، بە عەکسەوە کەمترین دیاری بکەین، کێ نابێت لەوەندە کەمتر بێت، ئینجا سی ساڵ بێت، یان سی و پێنج ساڵ بێت، ئەوە من پێم وایە شتێکی باشە، عاهەی جسمیش ئاماژەی پێ کرا، عاهەی جسمی یەکێك قۆڵی نەبێت، یان قاچێکی نەبێت، ئەوە نابێتە رێگر، بۆ ئەوەی نەبێتە حاکم، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەو شەرتە دەبێت تەرح بکرێت، یەعنی عاهەی جسمی، کام عاهەی جسمی؟ فەرقی هەیە ئەگەر خوانەخواستە لاڵ بێت نەتوانێت، یان سەر زمان بگرێت، یان هەندێك مەسائیل هەیە فیعلەن ناکرێت بکرێت بە حاکم، بەلاّم ئەگەر قاچێکی، تەنانەت ئەگەر هەردوو قاچی لەدەست دابێت، بەلاّم دەتوانێت دەور ببینێت وەکو حاکم، بۆ نا، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد فەرەج فەرمووو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لە خاڵی سێیەمدا پشتگیری لە لیژنەی یاسایی دەکەم بۆ ئەو تەمەنە ببێت بە (45) ساڵ، بەلاّم لە خاڵی چوارەم ئەم یاسایە نووسراوە (قانون السلطة القضائية لاقليم كوردستان العراق)، لەبەر ئەوە پێم باشە ئەوە بێت (ان يكون من اقليم كوردستان العراق)، یەعنی هیچ رەبتێکی بە ئێرە نەماوە، کە وەختێك سەیری دەکەین، ئەوە شتێکی لەنگ دەردەچێت، لەبەر ئەوە پێشنیاری ئەوە دەکەم، ئەوە وای لێ بێت (ان يكون من اقليم كوردستان العراق)، ئەو حاکمە، (ان يجيد اللغه الكرديه) یەعنی یەکێك سەیری ئەمە دەکات وا دەزانێت ئێمە عەرەبین و کوردمان تیایە، ئەگەر هەر قەرارە ئەوە ببێتن با ئاوای لێ بێت، پێشنیاری ئەوەش دەکەم (ان يجيد اللغة الكردية والعربية قراءة وكتابة)، نەك لوغەی کوردی بە تەنها.

حەوتەم/ عاهات، عاهات لە زمانی عەرەبیدا بە جسمییە، یەعنی ئەو شتانەی کە زاهیر دەردەکەوێت، بەلاّم ئەگەر باسی نەخۆشی بکەیت سالیم بێت، هەموو کەسێك لەناوەوە زەختێتی و شەکرەیەتی نازانم چیەتی،

سەرەتانیەتی، ئەوانە دەرناکەون، مەبەستم لەوەیە عاهات ئەو شتانەیە کە دیار دەکەوێت کوێرە مەسەلەن، یان نوقصانە، نوقصانیەکانی تر، کە دەکرێت لە مەجالێکی تردا پڕ بکرێتەوە، لەبەر ئەوە هەر دەبێت ئەو عاهەیە ببێت، ئەگینا ئەو هەیبەتەی لە دەست دەدات، حاکم ئەگەر ئەو عاهانەی تیا بێت هەیبەتەکەی لە دەست دەدات ناتوانێت، ئەوەی کە لیژنەی یاسایی بۆیان زیاد کردووە (عدم ممارسة العمل السياسي بعد تعيينهم) منیش پشتگیری دەکەم، بەڵام شتێکی بۆ زیاد بکرێت، یەعنی راستە بە زاهیر نایکات، ئەندامی شتێکە، حزبێکە، مەلبەندێکە شتێکە، ئەوە ناکات، بەڵام (ان يتعهد بالاستقلالية والحياد)، یەعنی دەبێت ئەمەی بۆ زیاد بکرێت، ئەوە نەکات، ئەگینا حزبیەکە هەر دەمێنێت لە ژێرەوە عیلاقەیەکی هەر دەمێنێت، بەڵام تەعەهودی ئەوە بدات کە (استقلالية والحياد) لە ئیشەکە جێ بەجێ بکات، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری پێشنیارەکانی لیژنەی یاسایی دەکەم، بەڵام دەمەوێ لەسەر ئەو خاڵە (أن يتعهد بعدم ممارسة العمل السياسي) قسە بکەم، حەقیقەتەن پێش فەترەیەك یاسایەك لێرە دەرچوو (اتحاد قضاة كوردستان)، یان (جمعيات قضاة كوردستان)، لەو جەمیعیەو ئیتیحاداتانە ئەهدافە ئەساسیەکانی سیاسی بوون ئیزافەتەن لەگەڵ ئەهدافی میهەنی، بەمانای ئەم قازیە، ئەم حاکمە لە زیمنی ئەو هەیکەلە تەنزیمیە مومارەسەی سیاسات دەکات.

دووەم/ سبەینێ قازی بەشداری موزاهەرەیەکی سیاسی دەکاتن، یان تەصویت دەبێتن، ئینتیخابات دەبێتن دەنگ دەداتن مومارەسەی سیاسەتە، یان سبەینێ تەهدیدێك دێتە ئیقلیم خۆی بەشداری خەڵك دەبێتن بۆ موزاهەرەك دژی ئەو تەهدیدە، ئیتر لەبەر ئەوە هەتاکو زۆر موفەید نەبێتن، ئەمڕۆ سیاسەت فراوانتر هاتووە لە عەمەلی حزبی، زۆر رێکخراوی تر هەنە مومارەسەی هەمان سیاسەت دەکات، رەئیسی سیاسەت دەکەن، کە حزبی نین، کە ئەو تەنزیمە نین، خۆی قەزاش بەشێکە لە دەسەڵات، مومارەسەی دەسەڵات دەکات بەشێوەیەکی قانونی، یان مومارەسەی سیاسەت دەکاتن، باشتر ئەوەیە تەرکیز بکەینە سەر ئەوەی کە تەعەهود بکاتن عەمەلی حزبی نەکاتن.

دوو/ ئەوەی محەمەد فەرەج ئیشارەتی پێدا بوو، من تەئیدی دەکەم کە ئیزافە بێتن (الالتزام بالنزاهة الحيادية) حیادی و نەزاهەت ئەگەر ئیلتیزامی پێ بکەیت، ئیتر هەر سیاسەتێکی بکاتن هیچ تەئسیری لەسەر نابێت.

سێ/ من هەرچەندە ئەوە بوو فەترەیەکی کەم نییە، مەعهەد قەزا مادام دروست دەبێتن با یەك لە شروتەکان ئەوە بێتن کە خەریجی مەعهەدی قەزا بێت، ئەمەش رەنگە لە هەندێ ئیشکالاتی دیکە رزگار بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە ڕەئیەکانی لیژنەی یاسایی دەکەم ئیزافەتەن بۆ بۆچوونەکەی دکتۆرە ڕۆژان لەگەڵ کاک دکتۆر نوری کە ڕێژەی کەمتر دیاری بکرێت بۆ تەمەن، نەك زیاتر، لە بواری ئەوەی ژنان لە لێکۆڵینەوەی دادی مەسەلەی دایکایەتیان بۆ بە خزمەت ئەژمار بکرێت، چونکە مەسەلەی دایکایەتی ئەرکێکە لەسەر شانی ئەوان، ناگاتە ئەوەی زانستیان کەم بکات، مەعهەدی قەزاش بکرێتە مەرجێك، بۆ ئەوەی فەرمانبەرانی یاسایش لە وەزارەتەکان، یان لە دەزگاکانی تر بتوانن لەو دەرفەتە سوودمەند بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری ئەو ڕەئیەی پەخشان خان و گوڵناز خان دەکەم، سەبارەت بە مۆڵەتی دایکایەتی کە بە خزمەتی فیعلی حیساب بکرێت بۆ دادوەری و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو خاڵم هەبوو هەردووکیان باس کران، یەکێکیان تەمەنەکە (40) ساڵ نەبێت بکرێتە (45) ساڵ، دووەمیش/ پشتگیری لە ڕەئیەکەی دکتۆرە ڕۆژان دەکەم، کە منیش هەمان ڕەئیم هەیە کە باسی بەکالۆریۆس و ماستەری نەکردووە، ئەگەر باسی ئەوەی کرد بوایە هەندەرێك بوو، بۆ ئەو کەسانەی کە ئەو بەشانە تەواو بکەن لەو بوارە ئیش بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پێم باش بوو کە باسی خدمەی قەزائی دەکرێت لە یاسایەکەدا تەعریفێك بۆ خدمەی قەزائی کرا بوایە، بۆ ئەوەی لەو ئیشکالیەتەی ئێستا ڕزگار بوانە.

بەڕاستی چەند خاڵێکم هەیە، هەرچەندە خاڵەکان باسیان لێوە کراوە، بەلاَم پێم باشە بۆ تەئکید ئەوە بکەم تەئیدی رەئیەکەی دکتۆرە رۆژان و دکتۆر نوری تاڵەبانی دەکەم، سەبارەت بەوە کە تەمەن لە سی و پێنج ساڵ کەمتر نەبێتن ئیتر بۆ سەرەوە، قازی هەر وەختێك ماوەی پێ بدرێتن دەوری خۆی ببینێت لە قەزا لە هەموو مەراحیلەکاندا، پێم وایە شتێکی ئاساییە، بەڕاستی لەگەڵ ئەو راو بۆچوونەش دام کە ماوەی مۆڵەتی دایکایەتی بە خزمەتی قەزائی حیساب بکرێت، ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت کاری سیاسی نەبێت، کاری حزبی، بەڵێن بدات کاری حزبی نەکات و سەر بەهیچ حزبێك نەبێتن، ئەو بۆچوونە بەڕاستی بۆچوونێکی راستە، من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدام کە کاری حزبی نەکات و سەر بە هیچ حزبێك نەبێتن.

مەرجێکی تر، مەرجی دەرچوون، ئێمە دەرچوون لە پەیمانگای دادوەری، بەڕاستی ئێمە لە یاسای وەزارەتی داددا پەیمانگای دادوەریمان چەسپاندووە، بۆ لێرە نەبێتە مەرجێك بۆ دوارۆژ کە لەو نزیکانە دەکرێتەوەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت خاڵی حەوت کە دەڵێت (یجب ان یکون سالماً من العاهات البدنیة)، ئەمە پێویستە جوانتر روون بکرێتەوەو تەوزیح بکرێت، چونکە عاهاتی بەدەنی زۆر شت دەگرێتەوە، مەسەلەن حاکمێك سالیمە هەموو تاقەتی هەیە قازیە بەیانی تووشی حادیسەیەکی سەیارە دەبێت، چاوێکی لە دەست دەدات عیلاج دەکات چاك دەبێتەوە، ئەوە نابێت دەری بکەیت لەبەر ئەوە، بۆیە من دەڵێم لێرە (یجب ان یکون سالماً من الامراض العقلیة والنفسیة العاهات البدنیة التي تعرقل سیر اداء عملها).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. زۆر کەس قسەی کرد، رەئیی لیژنەی قانونی چییە؟ ئەگەر بۆمان روون بکەنەوە تکایە؟ فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بۆچوونی کاك ئارێز، دەڵێ عیراقی نەبێتن، بڵێ و نەڵێ ئێمە ئێستا عیراقین، جارێك دەوڵەتی کوردیمان نییە، هەتا بووینە کوردستانی، ئەمە یەك.

بەنسبەت عاهاتی جسمی سیستەمێکی عالەمیە، مەفروزە ئەو کەسەی کە تەعیین دەبێت بەقازی هیچ عاهەیەکی جسمی نەبێتن، ئەندام و شکلێکی جوانی هەبێتن، چونکە بەڕاستی تەقییمی شەخصیەتی

شەخص، یەکەم جار بەئەندام دەکرێتن، بەڵام ئەگەر کەسێك تووشی نەخۆشی دەروونی بێتن، چۆن دەکرێ، ئەوە پێش ئەوەی تەعیین بکرێ، ئیحالەی لوجنەی تـوبی دەکـرێ، لیجنـەی تـوبی تەحدیـدی ئـەوە دەکـاتن، ئەوە موئەهەلە بۆ ئەو مەنصەبە یان نا.

سـەبارەت بـە قسـەکانی بـرای بـەڕێز کـاك بکـر، داوا دەکـاتن مـەجلس قـەزا تەحدیـدی شـڕوتی تـەعینی حاکمەکان بکاتن، ئێمەش پێمان باشە، ئەوە شتێکی باشە، بەڵام ئەمە لەبەر ئەوەی لە لیژنـەی یاسـایی ئـەو پێشـنیارەمان دا، تەحدیـدمان کـرد و، ئیشـەکانمان ورد کـردەوە، مەبەسـتمان لـەوە بـوو زیـاتر تەوەسـوع نەکرێـتن لەصلاحیات، یان بەشێوەیەکی وازیح مەجلسی قەزا ئەو صلاحیەتی نەبێتن، لێرە تەحدید بکـرێ کێ حـەقی هەیـە ببێـتە حاکم، یـان نـەبێت بـە حـاکم، کـە ئێسـتا بـووە حـاکم حیساب دەکـرێ بـە حـاکم، بەنسبەت پرسیارەکانی بەڕێز پەخشان خان، ئەوەیش هەر ئەو بۆچوونەیە کە تەوەسوع نـەکرێ لەتـەعیین کردنـی حـاکم و، چ معیارێـك تەحدیـدی دەکـات (یتمتـع بسـمعة و سـيرة حسـنة)، تـەبیعی موحـامی یـان مۆزەفێك لەهەر شوێنێك کار دەکات، ئـەو جێگایـە تـەقییمی دەکـات، ئـەوە ئینسـانێکی خاوێنـە، بەتوانایـە، موئەهەلە بۆ ئەو مەنصەبەی، چونکە بەڕاستی وەزیفەی قەزائی وەزیفە نییە، مەنصـەبە، بۆیـە دەبـێ ئـەو کەسەی کە ئەو مەنصەبە وەردەگرێ، ئەو شروتانەی کە سیرە و سومعەی حەسەنەی هەیە تێـدا بـاش بێـت، بەنیسبەت ئیحتیساب کردنـی خدمـەی دایکانـە (الامومـة)، ئێمـەش پێمـان باشـە، ئـەوە ئیزافـە بکـرێ، ئـەو فەترەی کە ئیجازەی وەردەگرێ، ئیجازەی ئمومە ئیعتیبـار بکـرێ بـە خدمـەی قـەزائی، جـەنابت ئیشـارەتت بەوەی دا کە پەنجا موحەقق عەدلی ژن، دەڵێ موشکیلەمان هەیە، هەر بۆ ئەوە بوو، دەڵێ ئالیـەتێکی دابنـێ بۆ ئەوەی مەحروم نەکرێن بەنسـبەت ئمومـە، پـەنجا موحـەققی ژن داوایـان کردیـە، دەڵێن مەغـدورین لـە ئیجازەی ئمومە، من شەخصیەن تەئیدی ئەو رەئیە دەکەم کە حیساب بکرێ، بەڵام ئالیەتەکە چۆن دەبێتن، ئەوا مەجلیسی قەزا بەپێی تەعلیمات دەتوانێ، ئەوەی چاك بکاتەوە، بۆچوونەکانی بەڕێز کاك جمال قاسم، بەڕاسـتی کـاك جمـال ئـەفکاری باشـی هێنایـە، دیـارە مانـدووش بـووە، موتاڵەعـەی قـەوانینی ئـەمریکی و فەڕەنسـی کـردووە، زۆر سوپاسـی دەکـەین، بـەڵام ئـەو شـتانەی کـەلێرە تـەڕحی کـرد جێگـایی ئێـرە نـەبوو، دەبوایە کەی موناقەشەی ئەوەمان کرد، ئەو ماددەیە ئیقراری لەسەر کرا بەنسـبەت رەئیسـی ئیـدیعائی عـام کە ببێـتە ئەندام لە ئەنجومەنی دەسەڵاتی دادوەری، ئەوکات دەبوایە قسەی لەسەر کردبا، کاك حاتم پرسیار لە لیژنەی قانونی دەکات، دەڵێ ئەو 10 ساڵە مەبەست چییە، لەلایەکی تریش دەڵێن ئیختیبـار بکـرێ، 10 ساڵەکە ئـەوە مەعلومـە بـۆ ئیحتیسـابی خدمەکەیـە، ئـەو فترەیـەی کـە خدمـەی 10 سـاڵی هـەبێ، یـەعنی شارەزایەکی باشی هەیە، بەڵام ئەگەر شارەزایەکی باشی هەبێ، مانای ئەوە نییە کـە لـە ئیمتیحانەکـە نـاجح دەبێتن، ئیحتیمالە کە ئیمتیحـان دەکـرێ کـە تەڵـەبی تەقـدیم دەکـاتن، مەجلسی قـەزا ئیمتیحـانی دەکـاتن، ناجح نابێتن لە ئیمتیحانەکە، یەعنی دوو فەرقی جیاواز هەیـە لـەنێوان مودەکـە و ئیمتیحانەکـە کـە چـۆن تەقییم دەکرێ، کاك دلێـر بـاس لـە خیـبرە دەکـاتن، تەئییـدی ئـەو پێشـنیارانە دەکـاتن کـە لیژنـەی قـانونی تەقدیمی کرد و، تەئییدی بۆچوونی وەزیـری داد، بـەڵام بەنسـبەت عاهـات، دەڵـێ هەنـدێك عاهـاتی جسـمی

هەیە تەئسیر لە شەخصیەتی حاکم ناکات, فعلەن ئەگەر عاهاتەکان دیار نەبێتن, بەڕەئیی منیش موهیم نییە, بەلأم وەکو وتمان لیجنەی قانونی تەقییمی ئەوە دەکات, تەماشای دەکات لە دوو حالەت نەفسی و جەسەدی, ئەگەر موئەهەل بوو, لە تەقریرەکەی وتیان ئەو شەخصە موئەهەلە بۆ ئەو مەنصەبەی تەئید دەکرێ زۆر تەبیعیە, برای بەڕێز کاك رشاد, داوا دەکات کە تەعلیمات دەربچێت لە ئەنجومەنی قەزائی, تەحدید بکاتن کێ موئەهەلە بۆ خدمەی قەزائی, کێ موئەهەلە بۆ بوونەوە بەحاکم, ئەوەش رەئی و بۆچوونە, کاك محمد رەشید تەئیدی ئەوە دەکات کە مۆزەفی قانونی لەپەرلەمان بۆیان هەبێ, لەبەر ئەوەی لەنزیکەوە زیاتر پەیوەندیان بە قەوانینەکانی پەرلەمان هەیە, یان هەر قوانینێك کە دەردەچێت و هەموار دەکرێ و, داوا دەکاتن ماوەی 8 ساڵیان هەبێ, منیش لەگەڵ ئەو رەئییەی دام, دکتۆرە رۆژان شتی باشی تەرح کرد بەڕاستی, دەڵێ ماددەکانی قانونی لەو ماددەیە ئیشارەتی نەداوە ئەو کەسەی کە شەهادەی ماجستێر و دکتۆرای هەیە, فعلەن ئێمە لەبیرمان چووە, ئیستا تەلافی ئەوەی دەکەین ماددەی 33 ی قانونەکەی کەون ئەوە باشە, ماددەی 45 پرۆژەکەی ئێستا باس لەوەی دەکاتن بۆ تەرفیع, دیارە ئێمە ئیلتیباسێك لە راپۆرتی لیژنەی قانونی, وا ئیعتیباریان کردیە کە ئەوە حیسابی ئەوە دەکات ئەو کەسانەی کە رسالەی ماجستێر یان دکتۆرای وەردەگرن هەر مەبەستی تەعیینەکەیە, بەلأم وا نییە, کاك سردار تەئییدی ئەوەی دەکات, ئەو کەسەی حاکم دەبێت, زۆر بەوردی بۆی بڕۆین, تەئییدی پێشنیاری جەنابی بەڕێز وەزیری داد دەکات, کەزۆر تەوەسوع نەکرێ و, دەڵێ سوڵتەی تەشریعی جیاوازێکی زۆری هەیە لەگەڵ سوڵتەی قەزائیی, راستە ئەوە جیاوازێکی زۆری هەیە, بەلأم ئەو کەسەی کە لەسوڵتەی تەشریعی ئیش دەکات, بە ڕەئیی من مەعلوماتێکی قانونی زۆر بەتەواوی وەردەگرێ, ئەو فەترەی من لێرە کە دوو ساڵە ئیش دەکەم, ئەو برادەرانەی کە لەگەڵمان ئیش دەکەن, فعلەن دەوریان هەیە, یەعنی دیتمان مەعلوماتێکی قانونی زۆر زۆر چاکیان هەیە,کە تەلەفۆنیش بۆیان دەکەین, دەڵێن فلان قانون چ تەعدیلاتێکی لەسەر کرایە بەدەم و دەست لەماڵێ بە پێنج دەقە بۆمان دەهێنن, لەبەرئەوەی ئەو پێشنیارەم کرد, ئەوانیش مافی ئەوەیان هەبێ کە ببنە حاکم, شیرن خان تەئییدی موقتەرەحەکانی لیژنەی قانونی دەکات, کاك زانا دەڵێ زۆر تەوەسوع نەکرێ لە موزەفینی قانونی, بەلأم مافی ئەوەیان هەبێ بەڕێگای مەعهەدی قەزائیی تەعیین بن, ئەوەش رەئێکی چاکە, خراپ نییە, سەبارەت بە خواردنی مەشروب کە کاك زانا ئیشارەتی پێدا, ئێمە کە دەڵێن (ان یکون لە السمعة و السیرة الحسنة), وابزانم ئەوە نیتاقی ئەوەش دەگرێتەوە, پێویست ناکات ئێمە نەصێکی قانونی دابنێین کە نابێت حاکم عارەق خۆر بێت, شتێکی شەخصیە ئەگەر حاکم لەماڵی عارەق دەخوات, یان لەجێگایەك کەس نەیبینێ, ئەوە وابزانم کەس ناتوانێ ئیحتیمالە حاکم زۆر شتی خراپیش بکات, بەلأم کەس پێی نازانێ, کەسیش ناتوانێ سەیتەڕە لەسەر ئەو وەزعە بکات, بەڕێز کاك عومر عبدالرحمن, دەڵێ من لەگەڵ ئەو رەئیەمە, ئەو مۆزەفانە موباشەڕەتەن کە تەماسیان بە حاکم هەیە, ئەوان ببنە حاکم, نە هەر مۆزەفێکی هەر دائیرەیەك, چونکە دەڵێ مەوزوع لێرە مەوزوعێکی عەمەلیە, ئەکادمی نییە, خیبرەی قەزائیی لەوەی بەدیار دەکرێ, ئەو کەسەی کە لەمەحکەمە ئیش دەکات

و, تەئکیدی ئەوە دەکات کە موحەققی عەدلی, یان مەعاونی قەزائیی, یان قاصرین, واتە لەگەڵ ئەو رەئیە نییە کە مودیری تاپۆ ببێتە حاکم و, دەڵێ مەعاهدی قەزائیی موعالەجەی ئەو شتە دەکات و, لیژنەی قەزائیش هەمان بۆچوونی هەیە, دکتۆر فوئاد بابان, دەڵێ شەرتی زمانی کوردی, پێم باشە مامۆستا کاکە جوابی ئەو پرسیارە بدات, چونکە ئەو زیاتر ئینتیباهی لەپرسیارەکە کرد, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت زمانی کوردی, ئەوە مەرجێکی ئەساسیە, چونکە ئێمە بەخۆمان لە دەستوورمان هەیە, کەوا هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لوغەی رەسمینە, مەفرووزە کوردی هەر بڵێین, لەبەر ئەوەی عەرەبیەکە خۆی دراسەکەمان عەرەبیە, ئەگەر هاتوو لە عەرەبی تەخرجی کرد و کوردی نەزانی, مانای وایە حەقی نییە تەعیین بکرێ, لەبەر ئەوەی ئەوەمان داناوە کە باسی کوردیمان کردووە, سوپاس.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك دکتۆر ناصح, ئیشارەتی بە دکتۆراو ماجستێردا, هەروەها دکتۆرە رۆژانیش, لەماددەی 33 قانونی کەون لە فەقەرە (ب), ئەوە عیلاج کراوە, رەنگە ئێمە لەبیرمان چووبێت, ئەوەی خدمەی قەزائیی هەبێت 5 ساڵ و ماجستێریشی هەبێت, ئەوە بۆی حیساب دەکرێ, ئەوەی دکتۆراشی هەبێ 3 ساڵ خدمەی قەزائیی بۆ حیساب دەکرێ, ئەوە لە ماددە 33 هاتووە, بۆیە ئێمە دەقی ئەو ماددەیەی کە لەفەقەرەی (ب) هاتووە لە قانونی کۆن, ئەگەر پێتان باش بێت دەکەینە بەشێك لەو شروتانە, بەهەمان صیغە داخلی ئەم ماددەیەی دەکەین, ئەمە لایەك, بەنسبەت ئومە, من حەز دەکەم ئەوە بڵێم ئیجازەی ئومە بۆ تەرفیع حیساب دەکرێ, بۆ عەلاوە حیساب دەکرێ, بۆ هەموو شتێك حیساب دەکرێ, بەس تەنها بۆ خدمەی قەزائیی حیساب ناکرێ, نەوەك بۆ شتەکانی تر هەمووی حیساب دەکرێ, ئەوەش ئەگەر دەوامی نەبێ, مومارەسەی خدمەی قەزائیی نەبێ, شتێکی تەبیعیە کە بۆی حیساب نەکرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی من داوام لێکردبوون, ئەو نوقتانەی کە خیلافن باس کران بیڵێن, نەك وەڵام هەر موداخەلەیەك بدەنەوە کە کرا, موڵاحەزە جدیەکان, کە زیاتر لە ئەندامێك ئاماژەیان پێکرد, ئەوە بوو کە دکتۆرە رۆژان دەستی پێکرد, پاشان دواتر دکتۆر نوری تەئییدی کرد و, زۆر لەئەندامانی تر تەئییدیان کرد, مەسەلەی ماستر و دکتۆرا و بەکەلۆریۆسە, لەماددەی 33 هاتووە و, لیژنەی قانونیش موافەقەتیان کرد, کە ئیزافەی بکەن, ئەوا ئەو ئیعتیرازە حەل بوو, پێویست ناکات موناقەشەی بکەین, مەسەلەی تەمەن کە لێرە هاتووە لە 45 ساڵ زیاتر نەبێت, زۆر لەبرادەران باسیان کرد, یەك وتی 30 بێت, هەندێك وتیان 35 ساڵ بێت, بەڵام 30 ساڵ تەمەنێکی مەعقولە, چونکە ئەندام پەرلەمانیش حەدی ئەدنایەکەی 30 ساڵە, کەمترین تەمەنە, ئێمە باسمان کرد, وتمان حەدی ئەدنایەکەی 30 ساڵ بێت, خۆ شەرت نییە ئیلا بووە 30 ساڵ

حەقی ئەوەی هەیە ببێتە حاکم, بەلاّم شرِوتەکانی تری هەیە, مەسەلەن 10 ساڵ خدمەی هەیە, فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

30 ساڵەکە تەحصیل حاصڵە, چونکە ئەوەی کە کولیەی تەواو دەکات بەلای کەمی عومری 22 ساڵە, 10 ساڵیش خدمەی دەکاتن, دەکاتە 32 ساڵ, یەعنی حاکم بەبێ ئەوەی نەصیش هەبێ بەهیچ نەوعێك لە 32 ساڵ کەمتر تەعیین نابێ, یەعنی پێویست ناکاتن, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان بۆچوونی کاك فاروقمان هەبوو لە لیژنەی قانونی و, موناقەشەمان کرد, ئەو مودەیەمان حیساب کرد, ئەو 30 ساڵ وەکو حەدێکی ئەدنا دامانایە, بەلاّم 45 ساڵەکە حەدی ئەعلایە, یەعنی کە 46 ساڵ بێت ئیتر مەجالی ئەوەی نابێ ببێتە حاکم و, تعیین بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو بۆچوون هەیە لەسەر ئەمە, ئەوە بۆچوونی وەزارەتی عەدل, وەزیری عەدل و لیژنەی قانونییە, کاك کریم ئیختیلافت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە حەدی ئەدنا وتمان 35 ساڵ, ئەو مودەیەشمان حیساب کرد دەکاتە حەدی ئەدنا, حاکم هەیە دوای 50 ساڵ دامەزراوە, حاکمی زۆر لێهاتووە و, دەتوانێ ئەرکەکانی جێبەجێ بکات بەباشترین شێوە, بۆ ڕێی لێبگرن لە 45 ساڵ زیاتر نابێت ببێتە حاکم, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی ئێستا دوو رەئیی هەیە, رەئیك دەڵێ حەدی ئەدنایەکە 35 ساڵ بێت, 30 ساڵەکەیان پێ کەم بوو, رەئیەکەی تریش کە رای لیژنەی قانونییە دەڵێن لە 45 ساڵ کەمتر نەبێت, موقتەرەحە تازەکە, زۆر موئەیدە, حەدی ئەدنایەکە 35 ساڵە, موقتەرەحی سێیەمت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بیکەینە 35 ساڵەکە, دەبێ 10 ساڵەکەی زیاد بکەین, بیکەینە 13 ساڵ, چونکە رێك ناکەوی لەگەڵی, لە برِگەی یەکەم زیاد بکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر ڕێك دەكەوێ, حیسێب بكە 32 ساڵ زۆر ڕێك دەكەوی, لەتەمەنی 32 ساڵ هەموو مەڕحەلەكانی بڕیوە, دكتۆراشی تەواو كردووە, پێنج ساڵیش خزمەتی كردووە, ئەگەر دوو ساڵیش ساقیت ببووبی, هەر دەبێتە 32 ساڵ, موقتەرەحە تازەكە لەبەرامبەر موقتەرەحی لیژنەی قانونییە, لیژنەی قانونی دەڵێ تەمەنی لە 45 ساڵ زیاتر نەبێت, موقتەرحی چەند ئەندامێكی پەرلەمان, دەڵێن نەخێر حەدی ئەدنایەكەی دابین بكرێ, زۆرینەیان گوتیان 35 ساڵ بێت, یەعنی زۆرینەی ئەوانەی قسەیان كرد, نەك زۆرینەی ئەندام, كێ لەگەڵ ئەوەیە حەدی ئەدنایەكە دابین بكرێ كە 35 ساڵ, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, زۆرینە بوو, پێویست ناكات هینی بكەین, كێ لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی قانونیی, كە دەڵێ 45 ساڵ زیاتر نەبێت, دەستی بەرزبكاتەوە؟ لیژنەی یاسایی لەموقتەرەحەكەیان دەڵێ, نابێ لە 45 ساڵ تێپەڕێ, ئەوكات كە تەعیین دەبێ, ئەو شرۆتەی هەیە نابێ لە 45 ساڵ تەمەنی زیاتر بێت, ئەندامانی پەرلەمان هەندێكیان, چوار كەس, یەكێكیان وتیان حەدی ئەدنا دابنرێ, ئەو كەسەی كە دادەمەزرێ, وەردەگیرێ بۆ حاكم تەمەنی لە 35 ساڵ كەمتر نەبێ, فەرموو كاك شیروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە دوو حەدمان داناوە, حەدی ئەدنامان داناوە لەگەڵ حەدی ئەعلا, عەفو پێشنیارمان كردووە, حەدی ئەعلایەكە نابێ عومری لە 45 ساڵ زیاتر بێت كە دەبێتە حاكم, ئەوە حەدی ئەعلایەكەیە, یەعنی یەكێك 46 ساڵ یان 47 ساڵ بێت, ئەوە نابێ, بەنسبەت حەدی ئەدنایەكە پێشنیارێكی تازەیە, كە داماننا 30 ساڵ بەپێی ئەو پێوەرانەی كە جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێدا, كە مودەكەمان حیساب كرد و, خدمەكەمان حیساب كرد, حەدی ئەدنایەكە پێشنیار كراوە, دوایین رەئیش, رەئیی ئێوەی پەرلەمانە, بەنسبەت حەدی ئەدنا و, بەنسبەت حەدی ئەعلاش, سوپاس.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی بۆیە ئەو حەدی ئەعلامان كە 45 ساڵە, ئەقسامان دانایە, لەبەر ئەوەی كەوا دادوەر موكافەئات و ئیمتیازات و تەقاعودیەكی زۆر تایبەتی هەیە وەكو هیچ مۆزەفێكی تر نییە, ئەگەر هاتوو ئەمە لە 45 ساڵی تێپەڕین, ئەو كابرایەی كەتەعیین دەبێ, یان ئەو ئافرەتەی كە تەعیین دەبێ, ئەوەندە خزمەتی ناكات, كە ئیستحقاقی ئەو هەموو موكافەئاتەی بدرێتێ, ئەوە لەسەر خەزینە زۆر گران رادەوستێ, یەكێك تەمەنی 60 ساڵ بێت, بێتن تەعیین بێت, پاش 3 ساڵی تەقاعود بێت, ئەوە شتێكی زۆر غەڵەتە, لەبەر ئەوەی ئێمە وامان كردیە, سوپاس.

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/جێگیری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا کە مەعهەدی قەزائیی لەڕوا نییە, ئەمە تلقائیە لە 30 ساڵ کەمتر وەرناگیرێ, چونکە لە 22 ساڵی کولیە تەواو دەکات, 10 ساڵیشی هەبێ, ئەوە کردیە 32 ساڵ, فەقەت بۆ مەعهەدی قەزائیی وەکو لەمەرکەز وایە, ئەڵێ پاش خزمەتی 3 ساڵی دوای تەخەروج, ئەوە کردیە عومری لە 22 و, 25 ساڵ, 2 ساڵیش مەعهەدی قەزائیی, ئەکاتە 27 ساڵ, لەبەر ئەوەی شەرتی داناوە ئەڵێ لە 30 ساڵ کەمتر نەبێ, ئەگەر نا لێرە ئەم مەرحەلەیەی ئێستا پێش مەعهەدی قەزائیی حەدی ئەدنایەکە پێویست ناکات دانرێ, تلقائیەن خۆی لە 30 ساڵ نابێ شەرتەکە متەوەفیر دەبێ, بەڵام حەدی سەرەوە 45 ساڵ, یەعنی شتێکی مەعقولە بەڕەئیی منیش ئەڵێم تا 50 ساڵیش مەجال هەبێ هەر جائیزە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی جەنابی حاکم, بەڕەئیی من ئەصڵەن ئەوانی کە ووتیان 35 ساڵ کەمتر نەبێت, مەبەستیان ئەوەبوو, بۆ تەحدید بکرێ بە 45 ساڵ, ئینسان هەیە عومری 50 ساڵە حەقی ئەوەی هەیە ببێتە حاکم لەبەر رۆشنایی ئەو خدمەتەی لە مەحامات کردوویەتی, لەناو هێن کردوویەتی, لەبەرئەوەی تەحدیدەکەی بە 45 ساڵ, مومکینە لەکاتێکدا پێویستیت بە چەند کەسێك هەبێ, زۆر لێهاتوون تەمەنیان 46 ساڵە, یان 47 ساڵە, بۆخۆت ببەستی بەوە, ئەوە مەجلسی قەزا دەتوانێ تەحدیدی بکاتن, ئەهلیەتی, کەفائەتی, لێهاتوویی, لەسەر ئەوە بوو, فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگیری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەو هۆیانەی بەحسی کرد, بۆ ئەوەی موئەهەلات بێت بۆ ئەو ئمتیازاتانە, هیچ نەبێ 15 ساڵ ئەبێ خزمەتی هەبێ, تابگاتە ئەو موئەهەلاتە, ئەو ئیستحقاقی راتبە, لەبەر ئەوە حەدەکە 50 ساڵیش بێت, هەتا 65 ساڵی, چونکە قانونەکە دانراوە کە 65 ساڵی تەقاعود بێت, لەبەر ئەوە یەعنی تا 50 ساڵیش مەجال هەیە, جا ئەوە رەئیی پەرلەمانە, لە 45 ساڵ حەدی ئەعلایەکە یان 50 ساڵ, ئەوە رەئیی ئەندامانی پەرلەمانە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر نوری, نوقتەی نیزامت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوقتەی نیزامە, چونکە ئەو خاڵە دەنگی بۆدرا, لێبووینەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کۆتایی پێنەهات, راستە دەنگمان بۆدا, بەڵام کۆتایی پێنەهات و حەسم نەکرا دەنگدانەکە, زۆرینە دەستیان هەڵگرت, کەمینەمان حیسێب کرد, لیژنەی قانونی ئیعتیڕازی گرت, حەسم نەکرا, ئەگەر نا نوقتەی نیزامەکەت فعلەن لە جێی خۆیەتی, تەمەنا دەکەم هەموو نوقتەی نیزامەکان وابێتن, فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دوو حالەتمان لەپێشە, ڕەئیەك دەڵێ 35 ساڵ حەدی ئەدنایەکە بێت, ڕەئیەك دەڵێ حەدی ئەعلای نەبێتن, لەپڕۆژەکەش دەڵێ أن لایزید عمرە عن 40 سنة), بەڕەئیی من ئیختیاری ئەو دوو ڕەئییە جیاوازانە بکرێ, بدرێتە تەصویت, یان حەدی ئەدنایەکە, یان حەدی ئەعلایەکە و, لیژنەی قانونی پێشنیاری کردیە کە 45 ساڵەکە بێت, یەعنی دەبێتە سێ ڕەئیی لەگەڵ ڕەئیی لیژنەی یاسایی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ئێمە دەبێ ئێستا جیایی بکەینەوە, ئەوەل جار بزانین حەدی ئەدنا بۆ دابنێین, یان حەدی ئەعلایەکە, یەعنی کەمترین تەمەن, یان زیاترین تەمەن, من ئەوەل جار ئەوە دەخەمە دەنگەوە, کەمترین تەمەن بێت, یان زیاترین تەمەن بێت, پاشان تەمەنەکە هین دەکەین, ئەگەر جەنابی وەزیر و ئەوانی تر ڕەئییان نەبێت, فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەزانی چییە, دەتوانین حەدی ئەعلایەکە و حەدی ئەدنایەکەی دابنێین, بەڵام حەدی ئەعلایەکە موهیمە, یەعنی کە نابێ لە 45 ساڵ زیاتر بێت, فعلەن لە 45 ساڵ زیاتر بێت, بەکەڵکی قەزا نایەت, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ڕەئیی جەنابی وەزیرم, با حەدی ئەعلایەکە دابنرێ, حەدی ئەدنایەکە با ئەوکاتە مەفتوح بێت, زۆر تەبیعییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئیختیلاف هەیە, ئەندامانی پەرلەمان قسەیان کرد و ئیختیلافیان هەیە, نوقتەی نیزام, فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەنێوان ئەوەی کە حەدی ئەدنا و ئەعلا دابنرێ, ئێمە ئەوەمان لەبیر کردووە, کە خودی پڕۆژەکە خۆی حەدێکی دیاری کردووە, لیژنەی قانونی بۆ لەسەر ئەو حەدە زیادیان کردووە, بۆیە من پێشنیار دەکەم ڕەچاوی بڕگەی سێیەمی پڕۆژەکە بکەین, یەعنی ئەوە لەیاد نەکەین, چونکە لەسەر ئەوە لیژنەی یاسایی پێشنیاریان کردووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی بڵێین لە 50 ساڵ زیاتر نەبێت, کۆتایی بە 35 ساڵەکەش دەهێنێ, چونکە گوتمان لە 50 ساڵ زیاتر نەبێت, کەواتە هەتا 35 ساڵ و 30 و 40 ساڵیش دەتوانێ, لەبەر ئەوە کە وتمان لە 50 ساڵی زیاتر نەبێت, کۆتایی پێبێت, سوپاس.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تا ئێستا کێشەکە لەسەر ئەوەیە کەمترین ڕیژە, یان زۆرترین ڕێژە دابنرێ, تائێستا ئەوانەی کە دیفاع لەوە دەکەن کە زۆرترین ڕێژە بێت, یەک تەبریر هەبوو, ئەوەیش ئەوەیە کە کۆمەڵێک ئمتیازات ئەدرێ بەخەڵکێک, ئەگەر 50 ساڵ زۆرتر بوو بۆ نمونە, کۆمەڵێک ئیمتیازاتی پێئەبەخشرێ, باشە ئاخیر لەناو هۆڵی پەرلەمان, ئێمە ئەندامی پەرلەمان, ئەندام پەرلەمان هەیە بۆ 4 ساڵ دەبێتە ئەندام پەرلەمان کۆمەڵێک ئیمتیازاتیش وەرئەگرێت, مەعقولە ئێمە بڵێین کەسێک ئیمتیازاتی پێنەدرێ, بابڵێین لە پۆستێک یان لەمەنصەبێک مەحروم بێت, ئاخر پێم وا نییە لەمەنتقێکی قانونی بێت, ئەگەر بکرێ وەزیری داد, یان ئەو بەڕێزانەی ئەوانەی کە دیفاع لەوە دەکەن کە حەدی ئەعلا بێت, تەبریریان چییە, بۆ ئەوەی حەدی ئەعلا بێت, من لەگەڵ ئەوەم کەکەمترین ریژە بێت, پێم وایە دەنگیشمان لەسەری دا و, مەسەلەیەکە یەکلا بۆوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئیەکەت مەعقولە, نابێ لەسەر ئەساسی ئیمتیازات قەڕار بدەین, ئیمتیازاتە وەکو باسی کرد خەمان خان, ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەمان ڕەئیی کاک زرارم هەبوو, حەدی ئەعلایەکە دەست نیشان بکەین, حەدی ئەعلایەکە بڵێین لە 50 ساڵ تێنەپەڕێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیری داد, کاک حاکم نورالدین, برادەرانی لیژنەی قانونی, یەعنی ئیعتیڕازەکە لەسەر 45 ساڵەکەیە, ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی کە قسەیان کرد, پێیان وایە 45 ساڵ کەمە, خەڵک هەیە لەوەش زیاترە تەمەنی, موستەحەقە ببێتە حاکم, خەمان خانیش ئەو مولاحەزەی دا, نابێ لەبەر ئەوەی ئیمتیازاتی زۆر دەبێ و 50 ساڵە عومری نەیدەینێ, دەلیلی ئەوەش ئەندام پەرلەمان هەیە, وەکو ئێمە عومرمان کەم نییە, سێ ساڵیش ئیمتیزاتمان هەیە, لەبەر ئەوە ئەگەر موافقن با بکرێتە 50 ساڵ, حەل دەبێت, فەرموو کاک شیروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبریری دووەممان ئەوەیە, حاکم کە تەعیین دەبێ ئەبێ حەدی ئەعلای تەقاعودەکەشی بزانین, بەلای کەمی ئەبێ 20 ساڵ خزمەت بکات, لەجیاتی ئەوەی 15 ساڵ خزمەت بکات, هێشتا ساغ نەبووە ئەوە, لەبەرئەوەی یەك لەئەسبابەکانیش ئەوەیە, دەبێ حاکم بەلای کەمەوە 20 ساڵ خزمەت بکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من جواب دەدەمەوە, ئەوەی کەدەبێتە حاکم لەبەر رۆشنایی کۆمەڵێك شرووت کەبۆی دانراوە,خزمەتی کردووە, ئێمە نەمان وت بۆی حسێب دەکرێ, بەڵێ لەبەر رۆشنایی ئەو خزمەتی کە لەمحامات کردوویەتی, ئەو خزمەتەی کە قەزا کردوویەتی, لەتاپۆ کردوویەتی, لەقاصرین کردوویەتی, بۆت حسێب کردووە, بۆیە ئەو مەرتەبەت داوەتێ, ئەگەر موافەقەت بکەن, زۆرینە وتیان 50 ساڵەکە ئەو ئیشکالە حەل دەکات, کاك کریم, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حاکمان هەیە بۆتە عزوی مەحکمەی تەمییز, نزیکەی 60 ساڵ بووە عومری, باشترین حاکمی لێدەرچووە, ئێمە بۆ رێگر بین, ئەو هەموو توانایە, ئەو هەموو بەهرەیە, رێ لەو حاکمە بگرین, سوپاس.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا, من لەلوغزی ئەوە حاڵی نابم, لیژنە حەدی ئەعلایان دیاری کردووە, چونکە مافی کۆمەڵێك خەڵك بەوە ئەفەوتێ, لەبەرئەوە ئەوەی کە تەصویتی بۆکرا حەدی ئەدنا دیاری بکەین, زۆر خۆمان مەشغول نەکەین بەوەی, حەدی ئەعلایەکەی چەندە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یان دەبێ حەدی ئەدنایەکە دیاری بکەین, یان 50 ساڵەکە, کاك شیروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای قانونەکە بکەی, زمنەن حەدی ئەدنایەکە دیاری کراوە, 10 ساڵی داناوە, ماستەری داناوە, دکتۆراشی داناوە, بۆیە ئەوانە هەمووی حەل کراوە, ئەگەر زمنەن تەماشای بکەی, راستە بەزەقی نەهاتووە, بەڵام موشکیلەکە حەدی ئەعلایە, بۆچوونی جیاجیای هەیە و, رەئیش رەئیی ئێوەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی زۆر وازیحە, منیش تێدەگەم کە دەڵێن حەدی ئەدنا, بۆ ئەوەیە کەحەدی ئەعلایەکە نەمێنێ, بۆ ئەوەی حاکمێك ئەگەر بزانین 2 ساڵیش دەتوانێ خزمەت بکات, ئیستیفادەی لێبکەین مەعلومە, هەموومان دەزانین ئەو شرووتەی کەداتان ناوە 35 ساڵ, ئەگەر بگاتە ئەو شروتە زۆر باشە, 32, 33,34 ساڵ ئەگەر

زۆر زیرەك بێت یەلاًّ بتوانێ, مەبەست لەحەدی ئەعلایەکەیە, کەباسی حەدی ئەدنا دەکەین, بۆ ئەوەی حەدی ئەعلایەکە کرابێتەوە, بۆیە زۆر لەئەندامانی پەرلەمان قسەیان کرد, هەرچەندە حەسم نەبوو, بەلاّم جارێکی تر دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەوەیە حەدی ئەدنا هەبێت, بۆ دامەزراندنی حاکم, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ ئەوەیە تەمەنی تەحدید بکرێ بەحەدی ئەعلایەکە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کەمینەیە کەواتە حەدی ئەدنا دادەنرێ, ئێستا حەدی ئەدنایەکە زیاتر رەئیان وابوو کە 35 ساڵ بێت, رەئیی لیژنەی قانونیتان ووتووە و, رای لیژنە قانونیش موتەمەسکن بەوەی کە حەدی ئەعلایەکە هەبێتن, باشە ئێستا کەحەدی ئەدنا لیژنەی قانونی رەئیی چییە, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موقتەرەح, موقتەرەحی لیژنەی قانونییە, مەفروزە موقتەرەحی لیژنەی قانونی بدرێتن, کێ لەگەڵ 45 ساڵەکەیە ئەوەلن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر, ئەوەی من تێگەیشتم هەر لەخۆتانەوە موقتەرەحی تازە بێتە پێشەوە, موقتەرەحی تازە ئەوەل جار دەنگی بۆ دەدرێ, من زۆرجار رای کاك فرست دەپرسم, موقتەرەحی تازە ئەگەر بێتە پێشەوە, ژمارەیەك لەئەندامانی پەرلەمان ئیصرار بکەن لەسەر ئەو موقتەرەحە, لیژنەی قانونی موصرِ بن لەسەر رەئیی خۆیان, موقتەرەحی تازە دەخرێتە دەنگدان ئەوەل جار, فەرموو کاك فرست.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قسەیە لەهەندێ حاڵەت, ئیحتیمال هەیە جێگای خۆی بگرێت و راست بێت, بەلاّم کەمەجموعەیەك موقتەرەحات بێت بەتەسەلسول, تەسەلسولەکەش چۆن بێت, موقتەرەحێکمان هەبێ بە ئیلغا, یەکێکمان هەبێ بە تەعدیل, ئیلغائەکە لازمە پێش تەعدیلەکە بێتن, چونکە ئیلغا ئیحتوائی تەعدیلەکە دەکاتن, یەعنی مەفروزە مەوزوعەکە بەنەزەری ئیعتیبار وەربگریتن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دەنگتان دا بۆ حەدی ئەدنایەکە, رەئیی ئەکسەریەت دەڵێ 35 ساڵ بێت, لیژنەی قانونیش هیچ رەئیەکی هەیە بەنسبەت حەدی ئەدنا, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەنیسبەت حەدی ئەدنا هیچ مولاحەزەیەکمان نییە, حەدی ئەدنا مەحلولە زمنەن و, ئەصڵەن پێویست ناکات 35 ساڵ بنووسرێ, چونکە حەدی ئەدنایەکە مەحلولە لەزمنی قانونەکە, ئێمە موشکیلەکەمان حەدی ئەعلایەکەیە, حەدی ئەعلایەکە رەئیی جیاجیا هەیە, سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی پێویستە تەمەنی حاکم دیاری بکرێ بەحەدی ئەدنا, بەقانون دیاری بکرێ, ناکرێ هەر تەخرج بکاتن و دابمەزرێ, سوپاس.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام لیژنەی یاسایی بەتایبەتی کاک شیروان, تەئکیید لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەحەدی ئەدنا هەیە, من پێشنیار دەکەم کە حەدی ئەعلایەکە نەمێنێ, ئەوەی کەوا پێشنیاریان کردووە, ئەو بێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەدی ئەعلایەکە نەما, دەنگمان بۆدا, حەدی ئەدنا دەبێ تەحدید بکرێ, کاک د. نوری رەئیت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا پرسیارێك لە کاك عونی دەکەم, وەڵامی پێشنیارەکەی منی نەداوە, کەوا دەرس وتنەوە لەزانکۆکان, بۆ لەزمنی ئەو شەرتانە نەهاتووە؟, سوپاس.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروا بۆ مەعلوماتێك, ئێستا ئیحتیماله پێم بڵێن دیسان ئەوە هێنایەوە سەر ئەمریکا, لەم رۆژانە سەرۆك بۆش حاکمێکی موتەقاعیدی تەرشیح کرد بۆ مودەعی عامی گشتی, یەعنی نابێ رێگە بگیرێ لەخەڵکی باش و بەتوانا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەدی ئەدنایەکە کە تەحدید دەکەین, بۆ ئەوەی حەدی ئەعلایەکە نەمێنێ, واتە حاکمیش وەکو ئەندامی پەرلەمان, تەمەنی کە دوای دیاری دەکەین لەوەندەی زیاتر نەبێت, دوای تەمەنی تەقاعودیەکەی خۆتان قەڕاری لێدەدەن, حەدی ئەدنایەکەی دەبێت دوو ساڵ, سێ ساڵیش ئیستیفادەی لێبکرێ, پێم وایە ئاماژە بە 35 ساڵ کرا, کاك حاکم نوردین, فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/جێگیری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا تێدەگەم 35 ساڵ زۆرە, چونکە لە 22 ساڵ جامعە تەواو دەکات, 10 ساڵیش خزمەت, ئەوە دەکاتە 32 ساڵ, ئیتر ئەوە زۆر دەکات, یەعنی بڵێین لە 30 ساڵ کەمتر نەبێت, باشە شتێکی چاکە, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک نورالدین ئیشارەتی پێدا زۆر راستە, ئێمە بۆ 3 ساڵ لە حەقی ئەو گەنجە بسوتێنین, کە 10 ساڵی تەواو کردووە نەبێتە قازی, سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە حسێبێکی تر هەیە نەمان کردووە, یەعنی لەبەر وەزعی عێراق هەیە لەبیرمان چووە, یەعنی خدمەی سەربازی یان پێشمەرگایەتی, ئێستا وەزارت وەزارەتی پێشمەرگەیە, نەخێر وایە ئێستا هەموو قوتابی دەبێ خدمەتی سەربازی بکات, یەعنی هەمیشە دوو ساڵی لەوە ئەڕوا, ولاتی ئەگەر لە جێگایی خۆی بێت, پێم وایە یەکێ لە پرنسیپە ئەساسیەکانی ئەوەیە, لەبەر ئەوە 35 ساڵ زۆر جێگای خۆیەتی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە خدمەی قەزائیی نە پێشمەرگایەتی نە سەربازی حیساب ناکرێ و, رەئیی حاکم نورالدینش بە جێیە, هەندێك ئەندامی پەرلەمانیش وتیان 30 ساڵ, 30 ساڵ ئەگەر بێتوو شەرتەکانی تەواو کردبێ زۆر جێی خۆیەتی, فرصەتێکە بۆ ئەو کەسانەی کە لێهاتوون, سەرکەوتوون لە خوێندنیان لەکاتی وەختی خۆیدا دکتۆراشیان تەواو کردووە و پێنج, شەش ساڵیش خزمەتیان هەیە ئیستیفادەی لێبکرێ, من پێشتر ئەو موقتەرەحە دەخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ ئەوەیە 30 ساڵ بێت حەدی ئەدنایەکە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ یەعنی کەمتر نەبێت لە 30 ساڵ, کاك غفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت ئەو بڕگەیە دوو, سێ جار خرایە دەنگدان, پێشنیاری نوێش دێتە پێشەوە بۆ دەنگدانەکەی, بەڕاستی ئەو نەصەی کە لێرە هاتووە لە لیجنەی قانونی زۆر لە جێی خۆیەتی, پێویست ناکات ئێستا زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانیش کە دەنگیان بۆ داوە, یەك لەوانە کاك عوسمان گوتی هەر تێش نەگەیشتووین, زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان تێنەگەیشتوون, لەوانەیە تێگەیشتووم, ئێستا ئێمە بەخۆمان سەرمان لەخۆمان شێواندووە لەو مەسەلەیە, دواتر دەنگدانەکانیش ناژمێردرێ, هەر دەڵێ ئەوە ئەکسەریەت بوو, یان ئەقەلیەت بوو, حەقە بژمێردرێ دەنگەکان, چەند دەنگ دەهێنێ یان چەندی ناهێنێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامەکەت نیو نوقتەی نیزام بوو, تەنیا بۆ ژماردنەکە, ئەوەلەن کاك عوسمان قسەی نەکردووە, ئەگەر لەتەنیشت تۆ قسەی کردبێ, ئەوە حیساب نییە, یان بۆ تۆ رەئێکی دابێت, ئەوە حیساب نییە, ئەوە

یەك, دوو/ ژماردنیش کەی شکت هەبوو دەیژمێری, کەی دیار نەبوو زۆرینە لە کەمینە ئەوکات دەیژمێری, یەعنی ئێمە لێرەینە و دەبینین, برادەرانی لیژنەی قانونیش ئەگەر ئیختیلافێکی هەبوو دەیبینیّ, ئەگەر شکمان هەبوو ژمارەی دەنگدەرەکان بە ئیجابی یان سلبی, ئەوکات دەیژمێرین, جەنابیشت ئیعتیراز لەسەر شتێك دەگری کە دەنگمان بۆ دا, دەگەڕێیەوە بۆ سەر موفتەڕەحی لیژنەی قانونی کە دەنگتان بۆدا کە نەمێنیّ, ئێمە دەنگمان دا بۆ حەدی ئەدناکە, ساڵەکەمان تەحدید نەکرد, ئێستا دێینە سەر ئەوەی ساڵەکە تەحدید بکەین, ئێستا لیژنەی قانونی و حاکم نورالدین دەڵێن ئەو حەدی ئەدنایە 35 ساڵ نەبیّ, 30 ساڵ بێت و, هەندێك ئەندام پەرلەمانیش, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ناڵێین 30 ساڵ بێت بزەبت, بەڵکو دەڵێین لە 30 ساڵ کەمتر نەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش هەر وام ووت, دەڵێم لیژنەی قانونی و حاکم نورالدین دەڵێن لە 30 ساڵ کەمتر نەبێت, کاك رشاد فەرموو نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

22 ساڵ ئەگەر هەموو ساڵ ناجح بێت, ئەوا تەخروج دەکات, 10 ساڵ خدمە ئەوە 32 ساڵ, ئەگەر بیکەینە 30 ساڵ ئەوا تەعاڕوز دەکات لەگەڵ ئەو ماددەیەی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تەعاڕوزێکی تێدا نییە, چونکە بەنسبەت ماجستێر و دکتۆرا فەرقە, بە پێنج ساڵیش دەبێت, بە 7 ساڵیش دەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرا هەیە بە سێ ساڵی تەواو دەکریّ, دکتۆرای تەواو کرد, 5 ساڵیش خزمەتی هەبوو, ئەوە دەبێتە 30 ساڵ, فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

35 ساڵ هیچ ئەشکالێکی تێدا نییە, موناقشەکە زیادە, بە 32 ساڵ تەواو دەبیّ ئەگەر هیچ دوانەکەویّ, با 3 ساڵیش بۆی ببێتە تەجروبە بۆ ئەو کارە, دەزانی حاکماتی کارێکی گرنگە, با ئەو 3 ساڵە تەجروبە بکات, با شارەزا بێت, با شت ببینیّ, یەعنی چی تێدایە, 35 ساڵ زۆر باشە, پاشان دەنگمان بۆدایە بەچ حەقێك هەلدەوەشێتەوە, ئەگەر هەڵدەوەشێتەوە, ئێمەش دەچینە دەریّ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە  نوقتەیەکی خیلافیە و, باس کرا و, زۆریش موناقەشەی لەسەر کرا, ئەندامانی لیژنەی قانونی لە راپۆرتەکەیان رەئیی خۆیان دیاری کردبوو, کە تەمەنی حەدی ئەعلایەکەی دیاری بکرێ بە 45 ساڵ, ئیعتیراز کرا نامەوێ بچمە ناو تەفاصیلاتەکە, لەبەر رۆشنیایی موناقەشەکان خستمانە دەنگدان حەدی ئەدنا بێت, کە حەدی ئەدنا بێت دەنگتان دا بۆی, ئێستا ماوە بۆ دیاری کردنی تەمەنەکە, لەتەمەنەکەش دوو رەئیی هەیە, رەئیێکی لیژنەی قانونی و, حاکم نورالدینش تەئیدی کرد, دەڵێن 30 ساڵ بێت, رەئیێکی ئێوەشە, ژمارەیەك لە ئێوە وتیان 35 ساڵ بێت, تەبعەن ئەگەر 30 ساڵ بێت, یان 35 ساڵیش بێت شروتەکانی دەبێ تێدا بێ, یەعنی 10 ساڵەکەی نەبێ نابێتن, دکتۆرایەکە و پێنج ساڵەکەی نەبێ نابێت, یان ماجستێر و 8 ساڵەکەی نەبێ نابێت, بێجگە لە بەکەلۆریاسەکەی, یەکەم جار موقتەرەحی لیژنەی قانونی دەخەمە دەنگەوە, حەدی ئەدنایەکەی نابێ لە 30 ساڵ کەمتر بێت کە دەبێتە حاکم, کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ حەدی ئەدنایەکە نییە کە 30 ساڵ بێت, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ ئەوەیە 35 ساڵ بێت حەدی ئەدنایەکە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, زۆرینە 30 ساڵە, حەدی ئەدنایەکە 30 ساڵ دەبێت, فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە یەك سەعات و نیوە موناقەشەی یەك مادە دەکرێ بەڕاستی, ئەگەر کات وا بڕوا 68, 70 ماددەیە بە 10 جەلسەش تەواو نابێ, من پێشنیارم ئەوەیە کە یاساناسەکان یان حقوقیەکان زۆر بەشداری بکەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەندێ ماددە هەیە رەنگە دوو, سێ جەلسەی بوێ, تەبیعیە زۆر, بەنسبەت تەمەن تەواو بوو, بەنسبەت حیساب کردنی خدمەی دکتۆرا و ماستەر ئەوەش موافەقەتیان کرد لیژنەی قانونی هەمواری دەکەنەوە, خدمەی داکانە بۆ تەرفیع و عەلاوە, کاك شیروان وتی ئیزافە دەکەین, بۆ خدمەی قەزائی نا, چونکە ئێمە وتمان خدمەی قەزائییە, موقتەرەحێکی پەخشان خان هەبوو دەی ووت بۆ هەمووی حیساب بکرێ, فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وتم لێرە جێی نابێتەوە, یەعنی منیش لەگەڵ ئەوەم ئەبێ پسپۆڕی لە هەموو بوارێك رەچاو بکرێ, بەلآم باشە میکانیزمێك بدۆزرێتەوە, کە ئەو ژنانە ئەو ساڵانە خزمەتی دایکایەتیان نەڕوا, بۆ نمونە هاوکاری بکرێن لەدەورات, ئێمە لە نامەکەشمان وا نووسیوە, دەوراتیان بۆ بکرێ، چونکە ئێستا تەعدیل کرا بەنسبەت دکتۆرا, راستە ئەوەی دکتۆرای دەخوێنی لەهەمان بوارە، بەلآم بۆی کرا بە 3 ساڵ, یەعنی دوای 3

ساڵ خزمەتی قەزائیی بۆ حیسابە، باشە ئەوە ژنێك 3 مناڵی ئەبێ، 3 ساڵ دوا دەکەوێ، یەعنی بەلایەنی کەمەوە شتێکی بۆ بکرێ, ئەو سێ ساڵەی نەڕوا بەلاش, یەعنی قەینا ئەزانم کاك کریم، دکتۆرایەکە ئەو پسپۆڕیە دەخوێنێ، بەڵام ئەویش شتێکی بۆ بکەن کە لەم ساڵانە مەحروم نەبێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە بیری لێبکەنەوە و شتێك بکەن, لێرە نییە تەواو, من وام زانی لێرە ئیقتیراحی کردووە, لەسەر مەوزوعی کە ئیمتیحانی تەحریری و شەفەوی هەبێ, هەندێ برادەر گوتیان شەفەوی ناوێ وابزانم, لە لیژنەی قانونی وایان ووتووە, بەڵام هەندێ برادەریش دەڵێن شەفەوی زەڕوڕیە, کاك حاکم فاروق وتی تەحریری بەسە, لیژنەی قانونی نووسیویانە تەحریری و شەفەوی و, زۆریشتان ئاماژەتان پێکرد, پێم وایە شەفەوی و تەحریری هەردووکی بمێنێ باشترە, کەس پشتگیری لە بۆچوونەکەی کاك حاکم فاروق نەکرد تەنیا یەك برادەر نەبێ, لەبەر ئەوەی شەفەویەکە و تەحریریەکە ئیعتیادیە کە موقتەرەحی لیژنەی قانونیە موافقەت کرا, کەلیمەی عاهات, تێیدابێ یان تێیدا نەبێ, خۆی لەئەصڵی قانونی هەیە, بەڵام لەڕاستیدا زۆر برادەر وتیان تێیدا نەبێ, ئەگەر تێیدا نەبێ رەنگە باشتر بێت, ئەگەر شتێکی حەقیقیش هەبێت مەجلیسی قەزائیی خۆی ئەوە دادەنێت, خۆی دەتوانێ ئەوە تەقدیر بکات, ئێستا مومکینە هین بێت, لیژنەی قانونی ئەگەر پێتان باش بێت چەند موداخەلەیەکی ئەندام پەرلەمان دەڵێن ئەو کەلیمەیە عاهات لابردرێ, ئەگەر چی لەقانونەکەش هاتووە, کاك فرست موقتەرەحێك دەکات کاك شیروان, دەڵێ (يجب أن يكون سالماً من الامراض السارية) ئەوە باشترە, ئێستا لیژنەی قانونی موافەقەتی کرد کە کەلیمەی عاهات لابردرێ, ئێوەش زۆرتان و ژمارەیەکتان داواتان لەوە کرد, فەرموو کاك محمد فرج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمڕازی ساری هەڵامەتیش دەگرێتەوە, عەفو عاهات تۆ ئەبێ بڵێی شتێك کە تەئسیر لە قەرار دەکات, یەعنی کابرا کوێرە, مەسەلەن نوقصێکی وای هەیە کە هەیبەتی نامینێ, لەبەر ئەوە عاهات شتێکی زۆر زەرورە بۆ ئەمە, ئەمە گەورەترین سوڵتەیە, هەمیشە فەصڵ لەنێوان مەشاکیلی خەڵك ئەکات, ئەگەر هەر لەئەوەلیەوە هەیبەتی نەبێ, یەعنی خۆی ئەوە نییە ئەوە عاهات ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر رۆشنایی موداخەلەی کاك محمد فرج, کاك دکتۆر کەمال ئیزافەیەکی باشی کرد, دەڵێ ( العاهات التي تعيق سير العمل), یەعنی (العاهات التي تعيق قيامه باداء بواجبه) باشە, ئەوە ئیزافە بکرێ, ئەوکات قەڕارەکە دەمینێتە سەر مەجلسی قەزا, باشە ئەوەش هین بوو, دەمینێ لەسەر زمان, لە موقتەرەحی لیژنەی قانونی هاتووە, دەبێ کوردی بزانێت, تەحصیل حاصل عەرەبی بزانێ, لەبەر دوو شت, یەك/ دەستووری عێراق دەڵێ زمانی کوردی و عەرەبی فەرمییە لەعێراقدا, دوو/ تا ئێستا قەوانینی عێراقی زۆربەی زۆری قەوانینی عێراقی, هەر بەعەرەبی نووسراوە, ئەوەی عەرەبی نەزانێ, مەصادرە شتە, لەبەر

رۆشنایی داواکاری لیژنەکان, داوا لە لیژنەی قانونی دەکەم ئەگەر موافەقەت دەکەن, بنووسرێ (أن يجيد اللغتين الكوردية والعربية), لەگەڵ دەستووریش موتابیقە, کەواتە ئەوەش هین دەکرێ, یەك نوقتە دەمێنێ, ئایا فەرمانبەری پەرلەمان شمول دەکات, کاك عونی ئەوەی داوا کرد, بەلأم کاك فاروقیش وتی نابێ جیاوازی بکرێ لە نێوان فەرمانبەر, موقتەرەحی کاك عونی فەقەت یەك کەس تەئیدی کرد, من حەز دەکەم کاك حاکم نورالدین و کاك حاکم فاروق رەئیی خۆیان لەسەر ئەوە بدەن, رەئیی کاك عونی ئەوەیە دەڵێ فەرمانبەری قانونی پەرلەمان لە زمنی ئەوە بێتن, فەرمو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نازانم بۆچی ئیلا مۆزەفی پەرلەمان ئەو ئیمتیازەی بدرێتێ, سەبەب چییە؟ یەعنی بەنسبەت ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئێوە ئیمتیازێکی تایبەت دەدەنە مۆزەفەکانی خۆتان, بەڕاستی بۆخۆشتان خۆش نییە, من پێم وایە ئەو مەسەلەیە زۆر وازیحە, (أن يمارس العمل القضائي), من پێم وایە ئێستا حالیەن قانونی سوڵتەی قەزائیش, ئێستا قانونی نوێ هاتە گۆڕێ, پێم وایە لە پەرلەمان تەوزیع دەکرێ, کەوا لەوەزارەتی عەدل جیا دەکرێتەوە, من پێم وایە تەنیا بۆ ئەنجومەن قەزائیی هەبێتن, کە دەکاتە موحەققی عەدلی و مەعاون قەزائیی و ئەوانە, تەنیا ئەوانە حەقیان هەبێتن, کە ببنە حاکم, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی ئەو ئیقتیراحەی کرد, لە ئەندامانی پەرلەمان فەقەت یەکێك تەئیدی کرد, لەبەر ئەوە لەسەر پەرلەمان حیسابی مەکە, ئێمە دیفاع لە یەکسانی دەکەین, ئەویش بۆچوونی هەیە, نەك لەبەر ئەوەی فەرمانبەرە لێرە, تێگەیشتنی هەیە, ئەگەر کاك عونی دوا رەئیی سەحب دەکات, دەیخەمە دەنگدان, فەرمو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من موصرم لەسەر قسەی خۆم, سەحبی ناکەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەو موقتەڕەحەی کاك عونی و, ئەندامێکی پەرلەمان پشتگیری لێکرد, ئەویش کاك حەمە رەشید بوو, دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەوەیە, فەرمانبەری پەرلەمان حەقی هەبێ وەکو محامی و ئەو شروتانەی هەبێت, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کاك عونی موقتەڕەحەکەت قبوڵ نەکرا, موقتەرەحی لیژنەی قانونی بۆ ماددەکە, لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانە لەبەر رۆشنایی ئێوە ئاماژەم پێکرد, یەکە یەکە گۆڕیمان, ماددەکە هەمووی دەخەمە دەنگەوە, فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە شتێکی ترمان ئیزافە کرد, کەئیشارەتت پێنەدا, کە ئیزافەی شەرتێك بوو, مەعهدی قەزائی بێت, ئەوە موهیمە, دووەمیش, مومارەسەی عەملی سیاسی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وایە سوپاس بۆ هەردوو مولاحەزەکەت, من پێم وایە مەعهەدی قەزائیی نووسراوە, بەلاّم ئەوەی تر فعلەن عەملی حزبی و سیاسی تبعەن دەبیَ پاش تەعیین بێت, دەبیَ بنووسریَ (أن يتعهد), بەلاّم ئیختیلافێك هەیە, ئایا (أن يتعهد بعدم ممارسة العمل الحزبي والسياسي), یان (أن يتعهد بعدم العمل الحزبي) فەقەت, زۆر لەئەندامانی پەرلەمان دەڵێن (بالعمل الحزبى فقط), لیژنەی قانونی لەسەر ئەو صیغەیەی موافیقن, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر تەبیعیە و, زۆر ئعتیادیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە دەبیَ ئەو دوو شتەش, یەك/ دەبیَ خەریجی مەعهەدی قەزائیی بێت, دوو/ دەبیَ تەعەهود بدات, پاش ئەوەی کە دەبێتە هین, مومارەسەی عەمەلی حزبی نەکات, نەك سیاسی و حزبی, کاك محمد فرج کاتێك دێت سوێند دەخوات ئەو شەرتەی تێدایە, جەنابت سوێندت خوارد کە لەخزمەتی گەل دابیت, ئەو سوێندەت لەبیر دەچێت, باشە لەقانونی مورەشەحی پەرلەمان, جوملەیەکی تێدایە, بلَیَ (أن يتعهد بخدمة الشعب), لەسوێندەکە هەیە, ئەوە ناتوانریَ دابنریَ لە شروت, چونکە ئەوە موستەقبەلیە, سوێندەکە موهیم ترە, سوێند دەخوات کە لەموستەقبل پاك بێت لە ئیش و کارەکەی, ئەوە بۆ موستەقبلە ناکریَ بکرێتە شروت, شروت موحاسەبەی مازی دەکەیت, فایلەکەت لەپێشە کە خەریجی مەعهەدی قەزائییە, ئەوەندە خزمەتی کردیە, تەقییمی باشە, سومعەی باشە, لە فلاّن و فلاّن شت باشە, بەلاّم تۆ پێی بلێی تەعەهود دەکاتن بۆ ئەوەی حزبی نەبێتن, ئەوە تەعەهودی لێوەردەگیری, چونکە شتێکی مەلموسە, ئێستا حزبییە, تەبعەن جوملەیەك ئیزافە کرا, لە (ثانياً/ تحسب المدة الممارسة في المحاماة و الوظائف المذكورة لأغراض الترفيع و العلاوة), ئەوە تەحصیل حاصلە تەرفیع و عەلاوە, لەهەموو شوێنەکان کەس ئیعتیرازی لەسەر نەگرت, لەماددەی تر جەوابی کاك محمد فرج دەدرێتەوە, کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەك روونکردنەوەیەك بۆ مامۆستا محمد فرج, ماددەی 51 (اولاً/ يلتزم القاضي بما يأتي:1- المحافظة على كرامة القضاء بالالتزام الحياد و النزاهة), یەعنی مەوجودە دوای دێینە سەری, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەش هەمان مانا دەگرێتەوە کە کاك محمد فرج دەڵێ, جگە لەسوێندەکەش, کەواتە ماددەی 35 بەهەموو ئەو گۆڕانکاریانەی کە هەندێکتان دەنگتان بۆدا, هەندێکیان لیژنەی یاسایی قبوڵی کرد, دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, یەك کەس لەگەڵ نییە, ئەوەیش چونکە قسەم نەدایێ ئاخیر جار, بڕۆ سەر ماددەی 36 تکایە, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سی و شەش:

1- دوای دەرچوونی مەرسوومی هەرێمایەتی بۆ دامەزراندنی، ئەنجومەنی دادوەری ئەو دادگایە دیاری دەکات کە دادوەر تێیدا دەست بەکار دەبێت.

2- دادوەر لە کارەکانیدا دەست بەکار نابێت تاوەکو لەبەردەمی سەرۆکی هەرێم ئەم سوێندە نەخوات (بە خودا سوێند دەخۆم کە دادپەروەرانە لەنێوان خەڵکدا دادوەری بکەم و یاساکان بە ئەمانەت و دەستپاکی و بێلایەنیەوە جێبەجێ بکەم).

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة والثلاثون:

1- يحدد مجلس القضاء المحكمة التي يباشر القاضي عمله فيها بعد صدور المرسوم الأقليمي بتعيينه.

2- لا يمارس القاضي أعماله الا بعد أدائه اليمين التالية أمام رئيس الاقليم {اقسم بالله أن أقضي بين الناس بالعدل وأن أطبق القوانين بأمانة ونزاهة وحياد} .

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا لەگەڵ دەقی ماددەکەینە هیچ مولاحەزەمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیری داد فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك لەو شتانەی کە چەسپا لە ماددەی پێشوو، ئەوەیە کە حاکم عەمەلی حزبی نەکاتن، تۆ چۆن دەگەیتە ئەو قەناعەتەی کە حاکم عەمەلی حزبی نەکات، خۆ هەر ئەوە نییە تەعەهودێك بنووسێت و ئەوە، من پێم باشە لە سوێندەکە ئیزافە بکرێتن، بۆ ئەوەی تەئکید بکرێت لەسەر مەسەلەکە (وان لا امارس العمل الحزبی) لە نەصی صیغەی یەمین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك حاكم نورالدين فەرموو.

**بەڕێز حاكم نورالدين ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمييز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنيارم ئەوەيە سوێند خواردنەكە لە پێش مەجليسی قەزا، ئەنجومەنی دادوەران بێت، نەك سەرۆكی هەرێم، چونكە سەرۆكی هەرێم مەشغولە بە سياسەتی هەرێم بەڕاستی، ئێمە بۆمان دەركەوت لە پێشەوە چەند حاكمێك تەعين كرا بوون و ئەمريان دەرچوو بوو، بەس سوێنديان نەخوارد بوو مەحروم بوون لەوەی كە بەشداری ئينتيخاباتی ئيتيحادی حاكمان، لەبەر ئەوە يەعنی وەختێك كافی نييە بۆ سەرۆكی هەرێم، كە دابنێت بۆ سوێند خواردن و ئەوانە، لەوانەيە زۆر تاخير بێت، لەوانەيە وەكو پێشوو تاخير بوو ساڵی بەسەر چوو، ئەگەر لە پێشی مەجليسی قەزا بێت، بەس مەرسوم لە لايەنی سەرۆكی هەرێمەوە دەرچێت بۆ تەعين، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك هيوا فەرموو.

**بەڕێز هيوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەر لە ماددەكەی پێشوودا ئەو ملاحەزەيەم هەبوو، ئێمە لە واقيعێكدا دەژين، هەر كەسەو كوڕی بيئەكەی خۆيەتی، ئێستا ئێمە بمانەوێت لە عێراق و لە كوردستاندا، هەموو تاكەكان، بەتايبەتی ئەوانەی ئاستە باڵاكانيان لە كارێكی حزبيدان، تێبينيەكم هەيە ئێستا زۆربەی زۆری حاكم و محامی ئەوانەی بە حيساب كە مومارەسەی كاری حزبی نەكەن كاديری حزبێكن، بۆيە هەر جەماوەر بەرامبەرەكە دەچێت بۆ لای، دەڵێت ئەمە مستداقيەتی لە دەست داوە، چونكە سەر بە پارتييە، يان يەكێتيە، يان بە يەكگرتووە، بۆيە من ويستم ئەوە بڵێم بۆ جەنابتان، ئێمە با حاكمەكان و بەرپرسەكانمان لەو بێ مستداقيەتە رزگار بكەين بڵێين مومارەسەی كارەكە بكات بەشێوەيەكی نەزاهەت، ئێستا تۆ سوێندی دەدەيت سەر بە كاديرێكی حزبی نەبێت، بەڵام ئەو لەو لاوە دێتەوە كاری خۆی دەكات، لێرە ئيزدیواجيە بۆ ئەو كەسە دروست دەبێت، بۆيە داوا دەكەم لەم ئەنجومەنە مەخرەجێك بۆ كاديرە حزبيەكان و كاديرە سياسيەكان بدۆزنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك هيوا خۆی مەخرەج چيە، كە بووە حاكم خۆی تەرشيح كرد بۆ ئەو مەنصەبە، دەبێت بزانێتن، دەبێت واز لە حزبايەتی بێنێت، حزبەكەش دەبێت ئەوەی تەقدير بكات، بەڵام من وەڵامی كاك فاروق وەزيری داد بەو شكلە دەدەمەوە، ئەويش ئەوەيە دەڵێ (اقسم بالله أن أقضي بين الناس بالعدل وأن أطبق القوانين بأمانة ونزاهة وحياد) زيمنی قەوانينەكە، قانونەن دەڵێت نابێت حزبی بێت، يەعنی كەواتە پێويست ناكات بڵێين حزبی و ئەوانە، يەعنی نووسراوە، كە وتت (تطبق القوانين) يەعنی لە زيمنی قانونەكە تۆ نابێت حزبی بی، ئەگەر تەتبيقی نەكرد قانون موحاسەبەی دەكات، جوملەی حزبی تۆزێك قورسە بيخەيتە

سوێندەکەوە، لێرە دەیگرێتەوە، دەمێنێتە سەر موقتەرەحی کاک حاکم نورالدین، بەڕاستی یەعنی ئەوە بە رەئی من پێویستە لەبەردەم رەئیسی ئیقلیم، یان رەئیسی پەرلەمان، ئەگەر رەئیسی ئیقلیم نەبێتن، جێگایەك هەبێتن، یان لەبەردەم پەرلەمان، یان رەئیسی ئیقلیم، کە رەئیسی ئیقلیمان هەبێتن ئەوە رەئیسی ئیقلیم، چونکە دەبێت ئەو شوێنەی کە دایدەمەزرێنێت سوێندەکە لەویٚ مەرسوومیش دەبێت پیٚ دەربچێت، خۆ تەعینەکە ئەمە نییە، مەرسوومەکە چۆن دەردەچێت، کیٚ مەرسوومەکە دەردەکات ئوسولی دنیاش وایە، دەبێت لەبەردەمی ئەو سوێندەکە بخوات، دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا، ئەوەمان یەکلایی کردۆتەوە، بەنیسبەت دادوەرانەوە لەبەردەم سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەران سوێند دەخوات، بەڵام بەنیسبەت ئەندامانی دادگای تەمییزەوە، ئەوە لەبەردەم سەرۆکی پەرلەمان، یان ئەندامانی مەحکەمەی دەستووری لەبەردەم سەرۆکی هەرێم سوێند دەخۆن، لەویٚ یەکلایی کراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر نوری ئەوە پرۆژەیە، نەبۆتە قانون، ئەو موقتەرەحە، کاک فاروق وەزیری داد فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی قسەکانی بەڕێز دکتۆر نوری دەکەم، لەگەڵ کاک حاکم نورالدین، خۆ ئێستا وەزیفەی ئیدیعای عامیش ئەویش بە مەرسوم ئیقلیمی دەردەچێت، بەڵام بەپێی قانونی ئیدیعای عام دەبێت لە ئەنجومەنی قەزائی سوێند دەخۆن ئێستا، فیعلەن پێم وایە ئەوە عەمەلی ترە لە ناحیەی عەمەلی باشە لە پێش ئەنجومەنی قەزائی سوێند بخوات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چۆن پێش دەمێك لەبەردەم جێگری سەرۆکی هەرێم سوێندیان خوارد، ئاخر قانونی بۆ دەرنەچووە، چۆن؟ قانونی بۆ دەرنەچووە لەبەردەمی کیٚ سوێند بخوات، عورفیش وایە کە لەبەردەم سەرۆکی کۆماری سوێند دەخواتن لە عێراق، ئێستا لە هەرێمان هەبێتن، نازانم ئێستا کامەی هین باشە، کاک جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتیوانی لە بۆچوونەکەی دکتۆرو حاکم و ئەو برادەرەی تر دەکەم، عادەتەن مەرسوومی جمهوری دەردەچێت، حاکمی ئیعتیادی لەبەردەمی مەجلیسی قەزائی سوێند دەخوات، بەڵام ئەندامانی لیژنەی قەزائی، وەکو مودەعی عامی گشتی، وەکو سەرۆکی مەحکەمەی تەمییز، ئەمانە لەبەردەمی سەرۆکی هەرێمدا سوێند دەخۆن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفوم دەکەن، دیارە من سەهوو تێگەیشتیمە، من وامزانی دەڵێن ئەندامی مەجلیسی قەزا، ئەوە مادام ژمارەیەکیش تەئیدیان کرد لە موقتەرەحەکەی حاکم، بەڕاستی من وامزانی ئەندامی مەجلیسی قەزا باس دەکەن، قازی راستە تەبیعییە لەبەردەمی مەجلیسی قەزا، موقتەرەحی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر قسەی کاک حاکم نوالدین قسەیان کرد، کاک دکتۆر نوری و کاک جەمال و کاک حاکم فاروقیش قسەی کرد، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەو تەبریراتەی کاک حاکم نورالدین رەنگە لە جێگای خۆی بێت، ئەگەر بکرێت لە رووی قانونییەوە، با ئەو صیغەیە دایبڕێژین و بچەسپێنین، سەرۆك و ئەندامانی دادگای تەمییز لەبەردەم سەرۆکی هەرێم سوێند بخۆن، دادوەرەکان و ئەندامانی داواکاری گشتیش لە پێش ئەنجومەنی قەزا سوێندەکە بخۆن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واقیعیش دەبێت وابێتن، ئەوە صیغەیەکی باشە، کەواتە ئەو موقتەرەحەی لیژنەی یاسایی کە وەزیری دادیش پشتگیری لێ کرد لە هەمان کاتیشدا مولاحەزاتی ئێوەش بە هەند وەرگیرا کە قازی لەبەردەم مەجلیسی قەزا سوێند دەخواتن، ئەو موقتەرەحەی کاک شێروان گوتی ئیزافە دەکرێتە سەر ماددەکە، ماددەکە دەخەمە دەنگدانەوە بەو ئیزافەیەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سی و حەوت:

1- سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە ئەگەر ماوەی کارکردنی دادوەری لە (25)ساڵ کەمتر نەبێت و لەنێوان جێگرەکانی سەرۆك، یان لەکۆنترین دادوەرانی دیاریدەکرێت و دادەمەزرێ.

2-جێگری سەرۆك لەنێوان دادوەرانی دادگای پێداچوونەوە دادەمەزرێ، ئەگەر ماوەی کار کردنی لە خزمەتی دادوەریدا لە بیست ودوو ساڵ کەمتر نەبێت.

3- دادوەر لە دادگای پێداچوونەوە لە نێوان دادوەرانی پۆلی دووەم و ئەوانەی لە(20) ساڵ کەمتر خزمەتی دادوەریان نەبێ دادەمەزرێ، دەبێ لە دوو ساڵ کەمتر نەبێ لەم پۆستە دادوەریانەی خوارەوە کاری کردبێ:

أ- سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە.

ب- جێگری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە.

ج- دادوەری دادگای تێهەڵچوونەوە.

د- سەرۆكی دەستەی سەرپەرشتی داد.

4- سەرۆكی دادگای پێداچوونەوەو جێگرەكانی و دادوەری دادگای پێداچوونەوە، دوای ئەوەی لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری دەپاڵێورێ بە مەرسوومێكی هەرێمایەتی دادەمەزرێ.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السابعة والثلاثون:

1- يعين رئيس محكمة التمييز من بين نواب الرئيس أو من أقدم قضاتها اذا كانت مدة ممارسة خدمته القضائية لا تقل عن خمس وعشرين سنة.

2- يعين نائب الرئيس من بين قضاة محكمة التمييز اذا كانت مدة ممارسة خدمته القضائية لا تقل عن اثنتين وعشرين سنة.

3- يعين القاضي في محكمة التمييز من بين قضاة الصنف الأول والذين لهم خدمة قضائية لا تقل عن عشرين سنة وأمضوا مدة لا تقل عن سنتين في المناصب القضائية التالية:

أ- رئيس محكمة الإستئناف.

ب- نائب رئيس محكمة الإستئناف.

ج- قاضي محكمة الإستئناف.

د- رئيس هيئة الإشراف العدلي.

4- يعين رئيس محكمة التمييز و نوابه و قاضي محكمة التمييز بمرسوم اقليمي بناء على ترشيح من مجلس القضاء.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، یەك ئیزافەمان هەیە بۆ سێیەم، كە دەبێتە فەقەرە (ه) بەم شێوەیەی كە بۆتان دەخوێنمەوە:

تقترح اللجنة إضافة نقطة جديدة الى الفقرة (3)منها كالآتي:

هـ- المحامي الذي لديه ممارسة فعلية في المحاماة مدة لا تقل عن (20) سنة وتوكل عما لا يقل عن خمسة دعاوى كل سنة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فاروق فەرموو.

**بەڕێز فاروق جميل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمان باشە ئەوەی لە پرۆژەکەدا هاتووە، ئەوە تەسجیل بکرێت، ئەو پێشنیارەی لیژنەی قانونی بەنیسبەت محامی بۆ مەحکەمەی تەمییز، ئەوە بە شتێکی باش نازانین، چونکە لەبەر ئەوەی عوزوی مەحکەمەی تەمییز، مەفروزە بە تەدەروجی قەزائی خۆی پێدا بێت لە ئیستئنافەوە، ئەوجا بێتە مەحکەمەی تەمییز، نەوەك محامیەك ئەگەر چوار، پێنج دەعوای هەبێت ببێتە عوزوی مەحکەمەی تەمییز، ئێمە وەکو وەزارەتی داد پەسندی ناکەین، کە محامی بەبێ ئەوەی مومارەسەی ئیشی حاکمی کرد بێت لە محاکمی ئیستئناف و ئەوانە دەست بەجێ ببێتە حاکم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاکم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو شتێکی تەنزیمی، لێرە ئێمە هاتووین کە باسی مەناصبی قەزائی رەئیس تەمییزو نائیب رەئیس تەمییزو ئەوە، لە پاش چەند ماددەیەك دێینە سەر باسی رەئیسی ئیستیئناف و ئەوانە، ئەوە تەعین دەبن لەکوێ، ئێمە دەڵێین ئەوە تەوحید بکرێت، ئەو مەنصبە قەزائیەی ئێستا تەئجیل بکرێت بۆ پاش ماددەی چل، کە باسی مەناصیبی قەزائی تیا دەکرێت، لە پاش ئەوەش شروتی تەعینەکان، لە بابەت شروتی تەعینیش، ئێمە لەگەڵ پرۆژەکەین، ئەوەی لیژنەی قانونی بەجێ نییە، محامی بیست ساڵ، چونکە شەرتەکەی تیایە دەڵێت ئەم وەزیفانەی بینی بێت لە قوزاتی صنفی یەك، محامی بیست ساڵ ئەو شەرتەی تیایدا موتەوەفیر نییە لە ناحیەی قانونی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا هەم جەنابی وەزیری عەدل، هەم حاکم نورالدینیش ئیعتیرازیان لەسەر پێشنیاری لیژنەی قانونی هەیە، کە فەقەرە (هـ) ئیزافە بکرێت، حەز دەکەم رەئی لیژنەی یاسایی بزانین، تاوەکو ئەو وەختی موناقەشەی بکەین، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێ ئەو مەبدەئە پیادە کراوە لە سوڵتەی قەزائی ئێمەو ئەو محامیانەی کە تەرشیح کراون بۆ مەحکەمەی تەمییز باشترین حاکمی تەمییزیان لێ دەرچووە، ئەمە یەك.

دوو/ محامی بەڕاستی دەعاوی جۆراوجۆر دەبینێت لە هەموو فروعەکان، چ دەعاوی مەدەنی بێت، چ دەعاوی جەزائی بێت و بەشداری دەکات لە هەموو مەجرایەکانی دەعوا لە ئەلفەوە بۆ یا، بۆیە ئێمە تەنها تەنها حەصرمان بەوە کردووە، محامیش ئەو توانایەی هەیە کە بتوانێت ببێتە عوزوی تەمییزو بیست ساڵیش خزمەتی هەیە، هەموو نەوعە دەعاویشی دیتووە، ئەو مەبدەئەش پیادە کراوە لە سوڵتەی قەزائی پێشتر، ئێستاش ئێمە وامان بە باش زانی مەبدەئەکە بمێنێتەوە، من ئیشارەتم پێدا مەسەلەی ئیشرافی

عەدلی هاتووە لێرە، لێرە ئێمە دەزگای ئیشراف قەزائیمان دروست کردووە، دەبێت ئیستیحداس دەکەین، لێرە ئیشرافی عەدلیەکە دەبێتە ئیشرافی قەزائی، کە مافی ئەوەی هەیە ببێتە ئەندامی تەمییز، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە رەئیەکەی جەنابی وەزیرو کاک حاکم نورالدین دەکەم، بە حەقیقەت مەسەلەی محامی کە راستەوخۆ ببێتە ئەندامی مەحکەمەی تەمییز، من بە شتێکی راستی نابینم، بەڵکو دەبێت بە تەدەروج بڕوات لە صنفەکان و لە دەرەجەکان، ئەگەر حاڵەتێك هەبێتن، ئەعزای مەحکەمەی تەمییزمان هەیە لە محاماتەوە ببنە ئەعزای مەحکەمەی تەمییز سەرکەوتوو بوونە، بەڕاستی ئەوە حاڵەتێکی ئیستیسنائە، ئەوە ئەسڵەکە نییە، ئێمە ناتوانین بڵێین دائیمەن ئەوە ئەوها دەبێتن.

خاڵی تر، دەڵێ (یکون رئیس محکمة التمییز بدرجة وزیر ویتقاضی راتب ومخصصات الوزیر)، لێرە لە ماددەیەکی تر دەڵێت رەئیس مەحکەمەی تەمییز خۆی رەئیسی مەجلیسی قەزائییە، ئەوە دەسەلاتێکی جیایە، پێم وایە کە رەئیسی مەجلیسی قەزائی، یان رەئیسی مەحکەمەی تەمییز، یەعنی بیکەیە لە رووی موخەصەصات و راتب لە دەرەجەی وەزیفی، پێم وایە لەو دەزگایەی بڕێك دەیهێنیە خوارێ، دەبێت زیاتر بێت لە وەزیرو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هێشتا نەگەیشتینە ئەو ماددەیە، ئەوە ماددەیەکی ترە، کاک عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی ئەو رەئیەی لیژنەی یاسایی دەکەم، بە تەئکید ئەو محامیەی کە بیست ساڵ مومارەسەی ئیشی قەزائی بکات، هەموو جۆرەکانی دەعواو، هەموو جۆرەکانی محاکمی بینیوەو مومارەسەیەکی باشی پەیدا کردووەو خیبرەیەکی چاکیشی هەیە، سابیقەشمان هەیە لەسەر ئەو محامیانەی کە بووینە عوزوی مەحکەمەی تەمییز، ئەمە لەلایەك.

لە لایەکی دیکەوە ماددەی سی و پێنج، حەق دراوە بە محامی کە دە ساڵ خدمەی هەبێت، دەتوانێت ببێت بە حاکم، بۆچی لەوێ دەتوانێت ببێت بە حاکم، بۆچی لێرە بیست ساڵیش خدمەی هەبێت نەتوانێت ببێتە عوزوی مەحکەمەی تەمییز، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەنها هەندێك تێبینیم هەیە، لەسەر بنەمای تەجاروبی زۆربەی دەوڵەتان، بۆ دیاری كردنی سەرۆكی دادگاو ئەندامانی دادگا، عادەتەن سەرۆكی هەرێم كە تەرشیحی دەكات، دەچێتە پەرلەمان، پەرلەمان دەبێت تەبەنی ئەو شەخصە بكات، شەخصیەتی ئەو شەخصە بكات، كە تەبەنی كرد، ئەوە سەرۆكی هەرێم تەعینی دەكات، یەعنی دەبێت تەرفێك هەبێت كە پیاچوونەوەی بكات بە فایل و بەزمو رەزمە، ئەویش پەرلەمانە، پەرلەمان زۆر جار شەخصەكەش بانگ دەكات، ئەگەر شتی هەبێت لەسەر هەندێ مەوزوع، لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو شەخصە دەكات، كە تەرشیح كراوە لە لایەن سەرۆكی هەرێمەوە، كە قەناعەتی تەواوی هێنا، ئەم شەخصە مولائیمەو شیاوی ئەوەیە ببێت بە سەرۆكی دادگای تەمییز لە لایەن پەرلەمانەوە تەبەنی دەكرێت، ئەوسا لە لایەن سەرۆكی هەرێم تەعین دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی كاك عومەر ئیشارەتی پێدا من تەئیدی دەكەم، بەس زیاد كردنی ماوەكە، چونكە محامی كە یەكەم جار دەبێتە قازی دە ساڵ خدمەی قەزائی هەیە، بۆیە بۆتە قازی، بەڵام لێرە ماددەكە بۆ خۆی تەعینی ئەو عوزووە سێیەم دەڵێ لە بیست ساڵ كەمتر خدمەی نەبێت، لەوێ محامی بووە بە دە ساڵ بۆتە حاكم، چۆن بە بیست ساڵ راستەوخۆ بێتە ئێرە، با پێنج ساڵی بۆ زیاد بكرێت، ببێتە عوزوی مەحكەمەی تەمییز، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان لەسەر ئەو قسەی كاك رەشاد، قسەتان هەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی بیست ساڵی داناوە بۆ ئەندامی مەحكەمەی تەمییز، ئێمەش بۆیە بەڕاستی خزمەتەكەی محامیمان كردووە بە بیست ساڵ، دەڵێین لە بیست ساڵ كەمتر نەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فاروق فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جەنابی کاك شێروان ئیشارەتی پێدا، دەڵێ لە لای خۆمان بۆتە عورفێك، یەعنی محامیان تەعین کردووە، بەڕاستی ئەوە لەسەر ئەساسێکی غەڵەت بووە، پێم وایە ئەو زورفە سیاسیەی لە کوردستان هەبووە، ئەوە وای کرد، کە هەندێك کەس محامی بوو کردیانە مەحکەمەی تەمییز، لەبەر هەندێ ئیعتیباراتی سیاسی، بە تەئکید ئەوە گومانی تیا نییە.
دووەم/ مەسەلەکە لێرە دەبێت بیست ساڵ حاکمی کرد بێت، بۆیە خزمەی قەزائی، یەعنی ئەوەش دەبێتە عوزوی مەحکەمەی تەمییز، یەعنی مەفروزە بیست ساڵ مومارەسەی قازیاتی کرد بێت، ئینجا ببێتە عوزوی مەحکەمەی تەمییز، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حاکم بیست ساڵ دادوەری دەکات بە دانیشتنەوە، محامی بیست ساڵ دادوەری دەکات بە پێوە، قەزای واقیفە، بۆیە فەرقی نییە لەگەڵ دادوەر، بۆ ئەو مەسەلەیە دەبێت رەچاو بکرێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حاکم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە وتمان حاکم بیست ساڵ خزمەتی هەبێت جائیزە ببێت بە ئەندامی مەحکەمەی تەمییز، بەڵام ئەو بیست ساڵەی چۆن تەواو کردووە، دە ساڵ خزمەت جارێك پێشتر هەیەتی ئەوجا تەعین بووە بە حاکم، ئینجا بە پازدە ساڵی تر ئینجا دەگاتە صنفی یەك کە موئەهل دەبێت دوو ساڵە خزمەتی لەم وەزائیفانە کە باسی کردووە، ئەوە حەڤدە ساڵی تر بەس حاکم ببێت ئیزافە لەسەر خزمەتی دە ساڵیەکە، ئەوە دەکاتە سی و چەند ساڵ، لەبەر ئەوە بیست ساڵی محامی ئەوە پێشی دەخات لە خزمەت، هەر لایەنی قانونی وایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەدای حاکم لەگەڵ محامی فەرقی هەیە، حاکم زۆر بە عەدالەت مومارەسەیەکی حەکیمانە دەکات، محامی جاری وا هەیە دیفاع لە موجریمێك دەکات، بۆ ئەوەی دەربازی بکات بەرامبەر هەندێك شت، لێرە من تەئیدی بیرو بۆچوونی وەزیرو حاکم نوری دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە وەڵامێکی کاك دکتۆر کەمال بدەمەوە، محامی کە دیفاع دەکاتن، حەقی دیفاع بۆ هەموو کەسێك حەقێکی موقەدەسەو محامی ڕێگەی بەردەم مەحکەمە ڕووناك دەکاتەوە، دیفاع لە حەق بکات، یان لە ناحەق بکات، قەراری ئەخیر بە دەستی مەحکەمەیە، شەرت نییە محامی لەسەر ناحەق قسەی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فاروق فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر ئەو برادەرانەی کە دیفاع لەو مەسەلەیە دەکەن خۆیان محامین، کاك شێروان لە سەرەتاوە گوتی ئەو قانونەی سوڵتەی قەزائی ئێمە کۆمەڵێك موناقەشەمان کرد لەگەڵ حاکمەکان، چ حاکمێك ڕەئی ئەوە بوو کە ئەوەی لیژنەی قانونی ئەوەی دەکەن، ئەوانەی کە لە مەحکەمەی تەمییزی ئێستا لە ئەنجومەنی قەزائییینە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر یەك تەعلیقم هەیە، ئەو حاکمانەی کە حەساسیەتیان هەبووە بەرامبەر ئیدیعای عام هەمان حەساسیەت بەنیسبەت محامیش هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من لەگەڵ ئەوە دام کە حەساسیەت هەیە، بەڵام ئێمە کە قەرار دەدەین دەبێت مەنتیق بەکار بێنین، ئێستا دوو مەنتیق لێرە هەیە، مەنتیقێك موقتەرەحی لیژنەی یاساییە، کە دەڵێت ئەو محامیانەش حەقیان هەیە لەوێ ڕەئیمان داوەتێ ببنە حاکم، لێرەشدا حەقیان هەیە، مەنتیقێکش کە جەنابی فاروق و کاك حاکم نورالدین ئاماژەیان پێ کرد، دەڵێن ناکرێتن هەمان حەقی هەبێت محامی، چونکە ئەوانە ئیشارەت کراوە بیست ساڵ خزمەتیان هەیە، چەند ئەندام پەرلەمانیش پشتگیریان لە لیژنەی یاسایی کرد، یەکێکیشیان پشتگیری لە حاکم نورالدین کرد، موقتەرەحی لیژنەی یاسایی دەخەمە دەنگدانەوە، چونکە هیچ موقتەرەحێکی تازە نییە، چونکە موخالیفی ئەو موقتەرەحە نەهاتووە، موقتەرەحی لیژنەی یاسایی دەڵێت فەقەرە (ه) ئیزافە بکرێت، کە محامی حەقی هەبێت ببێتە قازی لە مەحکەمەی تەمییز، وەکو ئەوانی تر، وەکو ڕەئیسی مەحکەمەی ئیستیئناف و نائیب ڕەئیسی مەحکەمەی ئیستیئناف و قازی مەحکەمەی

ئیستیئناف و رەئیسی ئیشراڤی قەزائی محامیش دەبێتن، کێ لەگەڵ، کاك دکتۆر نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حاکم نورالدین و جەنابی وەزیر شەرحیان کرد، ئەگەر ماوەکە زیاد بکرێت، لەوانەیە وەجاهەتێکی تێدا بێت، ئەگەر بیست ساڵ بێت، بیست ساڵەکە زۆر زۆر کەمە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە سوپاست دەکەین، کاك رەشاد ئاماژەی پێ کرد، جەنابیشت ئاماژەت پێ کردووە، قسەیەکە کراوە دەبێت ئیقتیراح بکەین، لیژنەی یاسایی ئەگەر مانعیان نییە بکرێتە بیست و پێنج ساڵ، ئەگەر ببێتە بیست و پێنج ساڵ، ئەوە لیژنەی قانونی مانعیان نییە ببێتە بیست و پێنج ساڵ، ئێستا لەبەر رۆشنایی ئیقتیراحی دوو ئەندام پەرلەمان، کاك رەشادو کاك ناصح لیژنەی یاسایی موافەقەتی کرد موقتەرەحیان تەعدیل بکرێتن بۆ بیست و پێنج ساڵ، گوتیان لەبەر ئەوەی محامی دەبێت زیاتری هەبێتن بەو ئیعتیبارەی لەوێ دە ساڵی بۆ دانراوە، لێرە بیستەکە بکرێتە بیست و پێنج ساڵ، بۆ ئەوەی فەرقی هەبێتن لەگەڵ ئەو کەسەی لە مەجالی قەزادا ئیشی کردووە، شەرتمان بۆ داناوە بیست ساڵ، لیژنە یاساییش موقتەرەحی خۆیان تەعدیل کرد، دەڵێت محامی بیست و پێنج ساڵ خزمەتی هەبێت، حەقی هەبێتن ببێتە ئەندام لە مەجلیسی مەحکەمەی تەمییز، کێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەی لیژنەی یاساییە کە لە لایەن وەزیری عەدل و حاکم نورالدین کە ئیعتیرازیان هەبوو، کێ لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی یاساییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینە لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی یاساییینە، کەواتە بیست و پێنجەکە تەسبیت بکەن، ئێستا ماددەی سی و حەوت بە قبول کردنی لیژنەی یاسایی، هەمووی دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سی و هەشت تکایە.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سی وهەشتەم:

سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە بەپلەی وەزیر دەبێ ومووچە ودەرماڵەی وەزیر وەردەگرێ.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة والثلاثون: يكون رئيس محكمة التمييز بدرجة وزير ويتقاضى راتب ومخصصات الوزير.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ مولاحەزەیەکمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاکم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس جەنابی سەرۆك ئێمە ئەڵێین سەرۆکی دادگای تەمییز سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەرانە، واتە رئیس مجلس القضاء لە کۆمەڵگەی مەدەنی سێ دەسەڵاتمان هەیە وەکو ووتمان تەنفیزی وتەشریعی وقەزائی هەریەکە سەرۆك وکادیرانی خۆی هەیە، تەبعەن ئیمتیازاتیان هەیە، بۆچی سەرۆکی مجلسی قەزا عەینی دەرەجەو مەنصەبی سەرۆکی سوڵتەکانی تری نەبێت وەکو سەرۆکی سوڵتەی قەزائیە ئەمیش ببێتە وەکو سەرۆکی سوڵتەی تەنفیزی وسوڵتەی تەشریعی ئەمیش سەرۆکی سوڵتەیەکەو عەینەن ئیمتیازاتی بودجەی هەبێ وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فرج و کاك سەردار وکاك جمال قسەیان هەیە پێش ئەوان جەنابی وەزیر کاك فاروق قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو وەزارەتی داد ئەگەر موقتەرەحی لیژنەی قانونی ئەو مەشروعەی کەهاتووە یەعنی پێم وایە سەرۆکی محکەمەی تەمییز کە سەرۆکی ئەنجومەنی قەزائیە، مەفروزە دەرەجەی وەزیری هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە راستە کەئەمە سوڵتەیەکی جیاوازە، وەکو سوڵتەی تەنفیزی و سوڵتەی تەشریعی وقەزائی بەڵام بۆچی، مەسەلەن بۆ سوڵتەی تەنفیزی ئەوە بۆ نیە، ئینجا مخصصات ئەعنی وا نازانم زکر بکرێت، لە لایەحەی ئەنجومەنی وەزیرانیشدا، مخصصات و مخصصی وەزیر دیاری نەکراوە، بەمیقدار ئێستا ئەم بۆچی دیاری بکرێت دیارە شتێکی لێ ئەزانێت، عادەتەن راتب باس ئەکرێت نەك مخصصات، مخصصات ئەگۆڕێت لە شتێکەوە بۆ شتێکی تر، یەعنی وەزیر خەڵکێك ئەچێتەلای بەردەوام خەڵك موراجەعەی ئەکات ئەم موراجەعاتی نیە، یەعنی بەو جۆرە نیە موراجەعاتی یەعنی وەکو بڵێین تەماسی مباشری لەگەل خەڵکدا نیە، لەگەڵ موجتەمەعدا بەڵام وەزیر وانیە، لەبەر ئەوە پێم وایە خەلەلە یەعنی سوڵتەی تەشریعی ئەگەر ئەویش خۆی ئەشوبهێنێ بە وەزیر سوڵتەی تەشریعی ئەوەی نیە ئەو ئیمتیازەی وەزیری نیە، ئەو

مخصصاتەی نیە دوو ئەم مخصصاتە بۆ وەزیر ئەوەیە کەتەماسێکی مباشری هەیە لەگەڵ خەڵکدا جگە لەوە کە وەحداتی ئیداری زیاتری هەیە لە خوارەوە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار قسەت هەبوو فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لەڕای حاکم نورالدین دەکەم، لەرووی رەواتب ومخصصاتی سەرۆکی دادگای تەمییز دەبێ وەکو سەرۆك ودەسەڵاتی سێیەم معامەلەی لەگەڵ بکرێت، نەوەك وەکو وەزیرێك چونکە وەزیر ئەندامێکە لەدەسەڵاتێکی کە، پێم وابێ ئێمە معامەلەی لەگەڵ ئەکەین لە ئاستی ئەوی دێنینە خوارێ بۆیە پشتگیری لەڕای حاکم نورالدین دەکەم  دەشکرێت بەنیزام، نیزامێك دەربچێت تەحدیدی ئەو راتبانە بکرێت وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نیزامەکە نووسرایە لەفەقەرەی تر کاك رشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار ئەکەم ئەو دوو māddeیە یەك بخرێت (38-39) بکرێتە یەك māddeە بە تەعلیمات تەحدیدی رەواتب ومخصصات و دەرەجاتیان بکرێت هەردووك بکرێتە یەك māddeە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

māddeەی سی وهەشت کەلیژنەی یاسایی پشتگیری لێ کردووە، تەنها کاك سردار تەئیدی حاکم نورالدینی کرد، لەبەر ئەوە نابێتە موفتەرەح ئەگەر دووسێ کەس قسەی لەسەر نەکات، کاك جمال تۆ داوای قسەت کردبوو، فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لێرە وەڵڵا تەئیدی ئەوە دەکەم کە سەرۆکی دادگا بەپلەی وەزیر بێت وموچەی وەزیری هەبێت، بەنیسبەت دەرماڵەوە وەکو سەرۆکی دادگا دەرماڵەی تایبەتی خۆی هەیە ئیتر بۆچی موچەیەکی تر ئیزافە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

māddeەکە کەلەلایەن لیژنەی یاساییەوە پشتگیری لێ کراوە، دەیخەمە دەنگەوە māddeەی سی وهەشت، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە تەنها کاك سەردارو کاك محمد فرج وکاك رشاد وپەخشانیش نەبێ  بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە māddeەی سی ونۆ.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سی ونۆیەم: پلە ومووچە ودەرماڵەی دادوەرانی دادگای پێداچوونەوە ودادوەرانی دیکە بەسیستەمێکی تایبەتی دەست نیشان دەکرێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة والثلاثون: تحدد درجات ورواتب وعلاوات ومخصصات قضاة محكمة التمييـز والقضـاة الآخـرين بنظام خاص.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین دوو مولاحەزەمان هەیە، مولاحەزەیەکمان ئەوەیە دەرەجات هەڵبستێت چونکە لەمەشروعەکەدا هاتووە، مولاحەزەی دووەممان ئەوەیە کە نابێ بەنیزامی خاص رەواتب دابنرێت بەڵکو دەبێ بەقانون دابنرێت، هەروەکو دەزگایەکانی تری دەستووری ئەو دوو مولاحەزەیەمان هەیە و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاکم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دادگای تەمییز وئەندامانی دادگای تەمییز لەهەرێم، ئیشوکاریان هیچ فەرقی نیە لەگەڵ دادگای تەمییزی مەرکەز لەبەغدا ئەگەر زۆر تر نەبێت لێیان. لەدادگای تەمییز لەبەغدا بڕیار دراوە ئەندامانی تەمییزیش دەرەجەیان دەرەجەی وەزیرەو راتبی وەزیریش وەر ئەگرن، ئەوجا ئەگەر لێرەش ئیقتراح بکەین بۆچی وەکو ئەوان نەبێت، کاری ئێمە لەوان کەمتر نیە ئەگەر زیاتر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە بەنیسبەت نوابی محکەمەی تەمییز راتب ومخصصاتی وەزیر وەر ئەگرن، بەنیسبەت ئەندامانی تەمییز راتب ومخصصاتی منهم بدرجە الوزیر وەر ئەگرن، لەبەغدا ئەوە راستە بەڵام ئەو بنەمایانەی لەبەغدا پیادە کراوە، چ بەنیسبەت پەرلەمان چ بەنیسبەت حکومەت چ بەنیسبەت دەسەڵاتی دادوەری، ئەو بنەمایانە لێرە بەسیستەمێکی تر تەعامولیان لەگەڵدا دەکرێت، ئەوە واقیعێکە بما فیها ئەندامی پەرلەمانیش ئەمە یەك، ئێمە لەگەڵ هەموو رێزماندا بۆ دادوەرەکان ئێمە پشتگیریمان کردووە، کەباری گوزەرانی دادوەران ئەبێ بارێکی باش بێت، لەهەموو لایەکیشەوە پشتیگریان لێ بکرێت بەڵام مەسەلەکە

ئەبێ مەسەلەیەکی قانونی بێت، ئێمە محاوەلەمان کرد بەحەقیقەت، ئەو مەسەلانە شی بکەینەوە، لەناو قانونەکەدا بەڵام دوای ئەوەی ئیتیصاڵمان کرد بەسوڵتەی مالی دوای ئەوەی کە ئیتیصاڵمان کرد، بەلایەنی پەیوەندیدار ئەوانیش هەر هەمان رەئیان هەبوو، ئیمکان نیە ئێمە نیزامێك دابنێین سوڵتەی قەزائی ئەو نیزامە تەبەنی بکات ورەواتب بۆ خۆی دابنێت، لە حاڵەتێکدا وەزارەتی تری پەیوەندیدار هەیە، وەکو وەزارەتی مالیە وەکو وەزارەتی پیلاندانان، ئەمە یەك هی دوو، سولەمی تەدەروجی وەزائیفی مەدەنی لە قانونی خدمەی مەدەنی فەرقە لەگەڵ سولەمی تەدەروجی وەزیفی لەخدمەی وەزاری هی خدمەی مەدەنی سولەمی تەدەروجی داناوە بۆ قازی مەسەلەی دەرەجە خاصەو یان مەسەلەی دەرەجەی وەزیر، ئەمانە زۆر نابێت لەقانونی سوڵتەی قەزائی بەکار بێت، ئەوەی کەهاتووە بەنیسبەت سەرۆکی محکەمەی تەمییز لەجێگای خۆیەتی کە بەدەرەجەی وەزیر بێت بەڵام ئەوی تر ناتوانین ئێمە لێرە عیلاجی بکەین بەدەرەجە خاصەش ناویان هاتووە، لە زمنی ئەو جەدوەلەی کەلەلایەن بەغداوە پیادە کراوە، لێرە لەلای ئێمە نوسخەی هەیە لەزمنی میلاکاتی دەرەجاتی وەزیفی کە لەفەقەرە أی دیاری کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فاروق فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئێستا کە سەرۆکی محکەمەی تەمییز وسەرۆکی ئەنجومەنی قەزائی چەسپا بەدەرەجەی وەزیر بێت ناکرێ ئەندامانی مەحکەمەی تەمییز بەدەرەجەی وەزیر بێن، بەڵام لەرووی واقیعیەوە حەزەکەم شتێك بەیان بکەم، ئێستا محکەمەی تەمییز و ئەندامانی محکەمەی تەمییز، هیچ یەکێکیان مەعاشیان لەوەزیر کەمتر نیە، بەپێی ئەو قانونەی کەئێستا دانراوە بۆ مەعاشەکانیان، من پێم وایە تەحدید کردنی بەقانون وەکو لەپرۆژەکەدا هاتووە، زۆر شتێکی چاکە لە هەموو حاڵەتێکدا ئەندامانی مەحکەمەی تەمییز ئێستا مەعاشی وەزیر وەر ئەگرن بەتەواوەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی مولاحەزەکەی کاك حاکم نورالدین راستە لەرووی قانونیەوە، لەبەغدا وایە بەڵام لەبەغدا فەرقە وەکو ئاماژەیان پێکرد، مەجلسی نەوابی عێراقیش قانونی بۆ خۆی دەرهێناوە ئینجا لەموستەقبەل مەسەلەن چەند مانگێکی تر، ئەوە دەبێ بزانین کەئەمە تەسبیت ئەکرێت ئەوەی ئێمە کردوومانە یان ئەوان کردوویانە خۆی ئەو نەوعە قەوانیانە دەبێ تەوحید بکرێت، بەراستی بۆ مەسڵەحەتی خۆشمانە بەڵام ئێمە لەبەرچاو گرتنی وەزعی عام، ناکرێت هەموو شتێك بەغدا نموونە بێت، نموونە نیە بەحەقیقەت، عەدالەتی تێدانیە بەقانونی ئەو گۆڕانکارییەی کەلەناو کۆمەڵگادا کراوە پاش رووخانی رژێمی سەدام، ئینتیقال کردن بۆ بازاڕی ئازاد تەبیعیە ئەو فەرق وجیاوازییە هەبێت، بەڵام لێرەدا هەوڵدەدەین ئەو فەرق وجیاوازییە کەمتر بێت، تاوەکو ئەو وەختەی بتوانین ئاستی ئەوانەی کەم دەرامەتن

و كەم مووچەنە يەك بخەين ئەوسا دەتوانين سەيرى موچەى بەغدا بكەين، بەلاَم ئێستاكە بەغدا نموونەيەكى باش نيە، لەو رووەوە بەڕاستى كەس قسەى نيە لەسەر ئەو مەوزوعە، كاك جمال وكاك بكر قسەيان هەيە، فەرموو كاك بكر.

**بەڕێز بكر فتاح حسين.**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من تەئيدى ئەو قسەيەى كاك فاروق ئەكەم، كە بەڕاستى بەپێى قانون تەعليمات لەوێ تەحديد بكرێت مووچەكە بەلاَم يەك شتى تر هەيە، مەسەلەيەكى گرنگە چونكە من لەكۆمەڵێك حاكمم بيستووە، كە ئەڵێن تەعامول لەگەڵ حاكمدا لە عێراقدا ئەبێ وەكو يەك بێت، چ لەسلێمانى بێت يان لەبصرە بێت، يان لەبەغدا بێت وەكو يەك بێت، جا بەنيسبەت موچەكانەوە من ئێستامەبەستم سوودەكە نيە وەكو ماددى وەكو سوودى مەعنەوييە، يەعنى ئەوان كەوا تەعامولیان لەگەڵدا دەكەن، بەوەى كەوا ئەمان نيوەى مووچەكەى ئەوان وەرئەگرن واتەسەور ئەكەن مەسەلەن وەزير لە ئيقليم كەمترە لەوەزير لە عێراقدا مەسەلەن ئەندامى پەرلەمانى ئيقليم كەمترە لەهى بەغدا مەبەستم مووچەكە نيە، مەبەستم سوودى مەعنەوييەكەيە كەوەكو يەك نيە بەتايبەتى ئەگەر بۆ وەزير وبۆ ئەندام پەرلەمان ئەوە شتێكى تر بێت ئێمە خۆمان ئەوە هين ئەكەين بەلاَم بۆ حاكم ئەوە حاكمە، لە هەرشوێنێك بێت هەر حاكمە، لەبەر ئەوە حەقە وەكو يەك معامەلەيان لەگەڵدا بكرێت، من پێم وايە ئەوەى كەئەڵێن بەقانون دوايى تەحديد بكرێت ئەوان بير لەوە بكەنەوە كە عەينى معامەلە بكرێت عەينى تەعامول بكرێت، وەكو حاكمێك لەسلێمانى و حاكمێك لەبصرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

تەبيعى مەسەلەى مەعاش وديارى كردنى بەقانون ئەوە تەبيعى لەشوێنى خۆيا بێت، لەهەمانكاتدا لەسەر بنەماى ئەوەى كەوا مەعاش ئەبێ لە ڕيى وەزيرى عەدلەوە بێت، چونكە وەزيرى عەدل بەئاگايە لە وەزعى حكومەت وەزعى دەرامەت وبودجە جياوازيشى هەيە لەگەڵ پەرلەمان، چونكە پەرلەمان سەيرى بودجە ئەكات ولەسەر بنەمايى بودجە، بودجەى پەرلەمان دائەنێت، بەلاَم ليژنەى قەزائى يان حاكم تەمييز سەيرى بودجە ناكات، لەبەر ئەوە ئەبيت لەسەر بنەمايى وەزعى دەوڵەت وميزانييەى دەوڵەت وئەو تێبينيانەى وەزيرى دارايى ئەو مەعاشانە دابنريت، ئەويش لەرێى وەزيرى عەدلەوە لەبەر ئەوە ئەبێت بەقانون بێت و لەسەر ئەو بنەمايە بێت ئەگينا ئێمە لە شەرعيەتى خۆمان دەرئەچين، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا جوابەکەم بۆ کاك جمال هەر ئەوەیە ئێمە لە دانیشتنەکانی پێشووتر، دەنگمان بۆ ئەوەدا کە پێویستە قەزا میزانیەیەکی موستەقیلی هەبێت، لە رووی مالی وئیدارییەوە مەفصول بێت، خۆشی دەنگی بۆداوە لەگەڵ ئێمەدا ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە حاکم بەنیهائیەن موحتاجی سوڵتەی تەنفیزی نەبێت، موچەکەشی لەسوڵتەی تەنفیزی نەبێ بەڵکو موچەکەی لەخودی میزانییەی خۆی بدرێت، ئەمە یەك هی دوو ئێمە کە ووتمان قانون تەبیعی سوڵتەی قەزائی بەتاقی تەنها ناتوانێ ئەو قانونە دەربکات بڵێت وەڵڵا مەعاشم ئەوەندە بوو ومخصصاتم ئەوەندەیە، ئەبێ لەخلالی ئەنجومەنی وەزیران بێت، لەئەنجومەنی وەزیران وەزارەتی مالیە حازرە، میلاکات حازرە دەرەجات حازرە لەهەمووی موهیم تر ئەو مەسەلەیە مەسەلەیەکی مالی تێدایە، ئەبێ وەزارەتی مالیە ئاگاداری ئەو گۆڕانکاریە بێت کە دێتە سەر مەسەلەی مووچەو مخصصات وئەو شتانە، هەر بۆیەش ئێمە ئیحالەی قانونمان کرد، وەکو ئەنجومەنی وەزیران وتمان بەقانون تەنزیم دەکرێت، بۆ ئەوەی قانونێك بۆخۆیان رێك بخەن، ئەو قانونە بێتە ئەنجومەنی وەزیران لە ئەنجومەنی وەزیران گفتوگۆی لەسەر بکرێت وبێتە پەرلەمانیش بۆ ئەوەی رەئی نیهائی لەسەر بدرێ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەو نوقتەی کە لیژنەی یاسای زیادی کردووە، لەجیاتی نیزام (بقانون)، پشتگیری لەوەش کردووە صیاغەی هینە بکرێت، بالتنسیق مع الوزارتین المالیة والتخطیط، کەواتە تحدد درجات و رواتب و مخصصات قضاة محکمة التمییز و القضاة الآخرین بقانون، ئەوە کیفایەتە ئەو موفقتەرەحاتە دەخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە بەکۆی دەنگ وەرگیرا فەرموون بۆ ماددەی چل.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی سێیەم

بەرزکردنەوەو پۆلێنی دادوەران

ماددەی چل:

یەکەم: بەرزکردنەوەی دادوەر لە پلە یەکەوە بۆ پلەیەکی بەرزتر بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری و دوای تەواوکردنی ماوەی یاسایی دەبێت.

دووەم: ئەنجومەنی دادوەری لەبەرزکردنەوەی دادوەر، راپۆرتی سەرۆکی ناوچەکانی تێهەڵچوونەوەو سەرپەرشتیارانی داد لەبەرچاو دەگرێ سەبارەت بە توانایی و دەست بەرێوەبردنی و ئەوەی پەیوەستە بەڕەوشتەکەی.

سێیەم: ئەنجومەنی دادوەری ئەگەر بۆ ئەو بەرزكردنەوەیە لێهاتووی پەسەند كرد، بڕیارەكەی سەبارەت بە بەرزكردنەوەكە دەردەكات.

چوارەم: ئەنجومەنی دادوەری ئەگەر بۆی دەركەوت ئەو دادوەرە لێهاتووە بۆ بەرزكردنەوەی، بۆی هەیە بە بڕیارێك هۆیەكەی دیاری بكات، بەرزكردنەوەی دادوەرەكە دوا بخات، بۆ كەمتر نەبێت لە (3)مانگ و پتر نەبێت لە ساڵێك، بۆ پتریش لە جارێك دەبێ.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الفصل الثالث**

**((ترفيع القضاة وترقيتهم))**

**المادة الأربعون:**

**أولاً: يكون ترفيع القاضي من درجة الى درجة أعلى بقرار من مجلس القضاء بعد قضائه المدة القانونية البالغة خمس سنوات.**

**ثانياً: يراعي مجلس القضاء عند النظر في ترفيع القاضي تقارير رؤساء المناطق الإستئنافية و المشرفين العدليين فيما يتعلق بكفائته وحسن ادارته وفيما يتعلق بسلوكه.**

**ثالثاً: يصدر مجلس القضاء قراره بترفيع القاضي اذا تأيدت أهليته للترفيع.**

**رابعاً: لمجلس القضاء أن يؤجل بقرار مسبب ترفيع القاضي مدة لاتقل عن ثلاثة أشهر ولا تزيد على سنة ولأكثر من مرة واحدة إذا وجد أنه غير أهل لذلك.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین یەك فەقەرەی ئیزافیمان هەیە دەرەجاتەكە بە چوار دەرەجەمان داناوە (أ، ب، ج، د) بە دەرەجە دەست پێ دەكات، نەك بە جەدوەل.

دوو/ موشریفی عەدلی كردوومانە بە موشریفی قەزائی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان ئەگەر ئەوەمان بۆ روون بكەنەوە، فەرقی ئەصناف و دەرەجات چیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە قەناعەتی من دەرەجات پەیوەندی بە راتبی هەیە، صنفیش پەیوەندی بە مەنصەب هەیە، ئەوە كاك حاكم نورالدینیش ئەگەر تەوزیحمان بداتێ باشتر.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوەی پرسیار دێتە پێشەوە، لەوێ باسی دەرەجات دەکرێت عەینەن (أ، ب، ج، د)ە، ئەصنافیش یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەمە، شتێکی تەبیعییە، ئەصناف لە ماددەی تر هاتووە، بۆیە ئەو پرسیارەم کرد، کاک حاکم فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە تەرفیعەکە دەڵێت (من درجة الى درجة بعد قضائه المدة القانونية) مودە قانونیەکە لێرە دانەنراوە چەندە؟ وابزانم تەحدید بکرێت، خۆی هەر پێنج ساڵە لە قانون، ئەوەش ئیزافە بکرێت بڵێ (البالغه خمس سنوات) ئەوەندە ئیزافە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لە شوێنێکی تر مودەکە نەهاتبێت، دەبێت لێرە بێتن، ئەگەر هاتبێت پێمان بڵێ، ئەگەر نەهاتبێت شوێنی بکەنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی چل و یەك هاتووە، لە تەرقیە لە صنفێکەوە بۆ صنفێکی تر، ئینجا دەتوانرێت دەرەجەکە لێرە ئیزافە بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لێرەش ئیزافە بکرێت وەکو دەرەجەش، دەتوانین، باشە کەواتە لیژنەی یاسایی لەسەر ئەو رەئیەی کاك حاکم نورالدین، کە لێرەشدا مودەکە تەحدید بکرێت لە تەرفیعی قازی، موقتەرەحی لیژنەی یاسایی کە تەئیدی ماددەکەی کردووە بەپێشنیار کردنی ئەو فەقەرەیەی بۆیان خوێندینەوە، لەگەڵ ئەوەش مودەکە پێنج ساڵە دیاری بکرێت دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا، برۆ بۆ ماددەی چل و یەك تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چل ویەکەم: یەکەم:

پۆلێنی دادوەران بەم شێوەیە دەبێ:

| پلە | پۆل |
|---|---|
| أ | یەکەم |
| ب | دووەم |
| ج | سێیەم |
| د | چوارەم |

دووەم: دادوەر لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی دیکەوە بەرز دەکرێتەوە بەبڕیارێك لەلایەن ئەنجومەنی دادوەریەوە دەردەکرێ، بەپێی داواکاریەك بۆ ئەنجومەنی دادوەری بەرزدەکرێتەوە بەمەرجێك باسێکی یاسایی پێشکەش بکات ودەبێ کەمترین رادەی مووچەی بۆ ئەو پۆلەی دەیەوێ بۆی بەرزبکرێتەوە وەرگرتبێ.

سێیەم: لەسەر ئەنجومەنی دادوەری پێویستە لەکاتی پێشکەش کردنی داواکاری بۆ بەرزکردنەوە لەرای پێداچوونەوەو سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوە وسەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاری داد ئاگادار بێ سەبارەت بە توانای دادوەرەکە ولێهاتوویی بۆ ئەو بەرزکردنەوەیە.

چوارەم: سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری ئەو داواکاریە لەگەڵ لێهاتوویی ئەو دادوەرە بەنووسراوێك وەکو بەندی سێیەمی ئەم ماددەیە ئاماژەی بۆ کراوە، بەرزدەکاتەوە لەگەڵ دیاریکردنی رای خۆی بۆ ئەنجومەنی دادوەری.

پێنجەم: ئەنجومەنی دادوەری لەهەڵسەنگاندنیدا بۆلێهاتوویی دادوەر بۆ بەرزکردنەوە پشت بەو نووسراوانەی لە هەردوو بەندی (3و4)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە ولەگەڵ راپۆرتەکانی ساڵانەی لەلایەن سەرۆکایەتی بەرزکراوەتەوە، وراپۆرتی سەرپەرشتیارانی دادو ئەو حوکمانەی کە دادوەر بەماندوو بوونێکی لە رادەبەدەر دەریکردوون، کە لە ناوەرۆکیاندا بیروڕای یاسایی وای تێدایە ئەوە پیشان دەدات کە بەدوای جموجوڵی یاسازانان و دادوەراندا چووە، ئەگەر دەرکەوت کە لێهاتووە بۆ ئەو بەرزکردنەوەیە، بڕیاری بەرزکردنەوەی دەردەکەن، بەپێچەوانەی ئەمەوە، بەرزکردنەوەکەی بە بڕیارێکی بنبڕە دوا دەخرێت بۆ ماوەیەك لەشەش مانگ کەمتر نەبێت ودەبێ پێی رابگەیەندرێ وهۆکارەکەشی دیاری کرابێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية والأربعون:

أولاً: تكون أصناف القضاة كمايلي

| الدرجة | الصنف |
|---|---|
| أ | الأول |
| ب | الثاني |
| ج | الثالث |
| د | الرابع |

ثانياً: يرقى القاضي من صنف الى أخر بقرار من مجلس القضاء على طلب يتقدم به الى مجلس القضاء بشرط أن يقدم بحثاً قانونياً وأن يكون قد نال راتبه الحد الأدنى للصنف المراد الترقية اليه

ثالثاً: على مجلس القضاء عند تقديم الطلب بالترقية استطلاع رأي محكمة التمييز ورئاسة محكمة الاستئناف ورئاسة هيئة الإشراف العدلي عن كفاءة القاضي وأهليته للترقية.

رابعاً: يرفع مجلس القضاء الطلب مع اهلية القاضي للترقية بالمطالعة المذكورة في البند ثالثاً من هذه المادة مشفوعاً برأيه الى مجلس القضاء.

خامساً: يستعين مجلس القضاء في تقدير أهلية القاضي للترقية بالمطالعات المبينة في البندين (ثالثاً ورابعاً) من هذه المادة والتقارير السنوية المرفوعة من رؤسائه وتقارير المشرفين العدليين والأحكام التي بذل القاضي في اصدارها جهداً متميزاً أو ضمنها أراء قانونية تؤيد متابعة للنشاط الفقهي والقضائي ، ويصدر قراراً بترقيته اذا كان أهلاً لها وبخلافه تؤجل ترقيته لمدة لا تقل عن ستة أشهر بقرارمثبت وبات يبلغ اليه

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئیعادەی صیاغەی ماددەکەمان کردۆتەوە بەم شێوەیە:

المادة الحادية والأربعون: تقترح اللجنة مايلي:-

*إعادة صياغة الفقرة أولاً منها كالآتي:

أولاً: تكون أصناف القضاة أربعة أصناف ( الأول، الثاني، الثالث، الرابع ) تبدأ بالصنف الرابع.

- إعادة صياغة الفقرة ثانياً كمايلي:

ثانياً: يرقى القاضي من صنف الى أخر بقرار من مجلس القضاء بناءً على طلب يتقدم به الى مجلس القضاء بشرط أن يقدم بحثاً قانونياً وأن يكون قد نال راتب الحد الأدنى للصنف المراد الترقية اليه و أمضى خمس سنوات في صنفه.

- إعادة صياغة الفقرة خامساً كالآتي:

خامساً: يستعين مجلس القضاء في تقدير أهلية القاضي للترقية بالمطالعات المبينة في البندين (ثالثاً و رابعاً) من هذه المادة و التقارير السنوية المرفوعة من رؤسائه و المشرفين القضائيين و الأحكام التي بذل القاضي في اصدارها جهداً متميزاً أو ضمنها أراء قانونية تؤيد متابعتة للنشاط الفقهي و القضائي اضافة الى تقرير اللجنة التي قامت بمناقشة البحث القانوني المقدم من قبله و الدرجة التي نالها، و يصدر قراراً باتاً بترقيته اذا كان أهلاً لها و يبلغ اليه. و لمجلس القضاء أن يؤجل بقرار ترقية القاضي مدة لا تقل عن ستة أشهر و لا تزيدعلى سنة وتكرار التاجيل لأكثر من مرة اذا وجد أنه غير أهل لذلك. ئەوە مولاحەزەکانی ئێمە بوو دوای صیاغە کردنی، تەبیعی لێرە بۆ ئەوەی صورەتێکی وازحتان بدەینێ ئەصنافەکان لە جیاتی جەدوەل بووە بەفەقەرەیەکی کیتابی دووەمین شت ئەو پێنج ساڵەی کەوا برای بەڕێزم کاك نورالدين ئیشارەتی پێدا ئیزافەمان کردووە لێرەدا، سێیەمینیش شەنصێکی ترمان داوە بەو قازییەی کەوا ناتوانێ لە جاری یەکەم دەرباز بێت، جاری دووەمیش ئیمکان هەیە بتوانێ خۆی ئامادە بکات بۆ تەرقیە، ئەم خاڵانە بوو کەوا ئیزافەمان داوە زائیدەن ئیشراف عەدلی بووە بەئیشراف قەزائی و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش ئەو ماددەیە لیژنەی قانونی موفتەرەحەکەی ئەوەیە دەرەجاتەکان لە (أ،ب) بکرێتە ( اولاً وثانياً) دووەمینیش لە ثانیاً پێنج ساڵەکە ئیزافە بکرێت و تەحدید بکرێت لە خامیساً تەعدیلێکی کردووە تەعدیلەکەی زیادە ناحیەی لوغەوی مشریفی عەدلی دەبێتە مشرف قەزائی لەقەرارەکە نووسرایە قرار

بترقيه ئيقتراح دەكات قراراً بات في الترقيه ويبلغ اليه لێرەدا ئیزافەیەکی داوا کردووە کە دەڵێت مجلسی قەزا بۆی هەیە تەئجیل بکات بۆ تەرقیەی قازی بۆ شەش مانگ وە زیاتر نەبێت لەساڵێکیش دەتوانێت دووبارە قەراری تەئجیل بدات، لەجارێك زیاتر ئەگەر بەپێویستی زانی کە ئەو قازیە موستەحەقی تەرفیع نیە، بۆیە پێم وایە شتێکی میهەنیە دکتۆرە رۆژان وکاك جمال قسەیان هەیە فەرموو دکتۆرە.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو تێبینیم هەیە یەکەمیان باس لەبەرزکردنەوەی پلەو خزمەتی دادوەر دەکرێت، بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژە بکرێت کە ئایا دادوەر سەرەتا کە دادەمەزرێت، ماوەی ساڵێك یان دوو ساڵ یان زیاتر لەژێر ئەزموون بێت، تەجروبە بێت دووەمینیشیان ووشەیەك بەکارهاتووە لەو ماددەو ماددەی پێشوو باس لەئەهلیەی تەرقیەو پلەی تەرفیع ئەکرێت باشتر وایە بگۆڕدرێت ئەو ووشە نەگونجاوە کە مەرجەکانی بەرزکردنەوەی پلەی تێدا بێت چونکە دادوەر خۆی کەدامەزرا ئەهلیەتی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کریم مەشغوڵی کردم قسەکانت نیوەی تێنەگەشتم، بەڕاستی.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی یەکەمم ئەوە بوو دادوەر کەدادەمەزرێت تەحتە تەجروبە نابێت تا ماوەی ساڵێك، هەر باس لەخزمەت وبەرزکردنەوەی پلە ئەکرێت، تێبینی دووەمیشم لەسەر ووشەی ئەهلیەی تەرفیع بوو، یان ئەهلیەی تەرقیە بگۆڕدرێت بەوەی مەرجەکانی بەرز کردنەوەی پلەی تێدا بێت، چونکە ئەهلیە وشەیەکە لێرەدا نەگونجاوە، دادوەر کە دادەمەزرێت سەرەتا ئەهلیەتی هەیە، کە دەبێتە دادوەر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا من کەسەیری قانونەکە ئەکەم، شتێکی تیا نابینم کەلەسەر چ بنەمایەك تەرقیە ئەکرێت عادەتەن لەکۆمەڵگای مەدەنی لەماوەی ئەو پێنج ساڵەدا چەند قەزییەی دیوە، چەند ئەو قەرارانەی کەداوییەتی چەندیان تەعنیان لێ دراوە لەلایەن مەحکەمەی تەمییزەوە چەندیان رەفز کراوە، ئیحتیماله بەعزێك قازی هەیە چ قەراری هەیە لەلایەن محکەمەی تەمییزەوە رەفز ئەکرێت، مەعنای وایە حاکمێکی سەرکەوتوو نیە، لەبەر ئەوە ئەبێ بنەمایەك هەبێت کەلەسەری دابڕێژرێن نەك هەر تەنها پێنج ساڵ ئەمە نوقسانە رجائەکەم ئەگەر بتوانرێ ئیزافە بکرێت، ئەو نوقتەیە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان ڕەئیتان لەسەر ئەو دوو مولاحەزەیە كاك حاكم فاروق تۆ، كاك حاكم نورالدین فەرمو‌و.

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرەدا باسی تەرفیع و تەرقیە ئەكرێت، تەرفیع دەرەجەیە هی وا هەیە خزمەتی مەدەنیەكەی بۆ حیساب ئەكرێت و تەرفیعەكەی ئەدرێتێ، ئەما صنف بۆ مەناسبی قەزائی بەكاردێت، لەبەر ئەوە صنف ئەبێ خزمەتی قەزائیەكەی تەواو بێت، هەیە تەرفیعی كردووە گەیشتۆتە دەرەجەی (أ) ئەخیر دەرەجە بەینەما لەصنفی موتەئەخیردایە، لەچوارە یان لە سێیە، لەوانەی بۆ صنفیش ئەبێ موئەهەلاتی وەكو باسمان كرد، ئەم تەقاریرانە بەحسی قانونی ئەوانەی هەبێت، لەبەر ئەوە فەرق لەبەینی تەرفیع وتەرقیە ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری داد كاك فاروق فەرمو‌و.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من زیاتر تەوزیح ئەدەمە قسەكەی كاك حاكم نورالدین، دەربارەی ئەوەی كە كاك جمال فەرمووی تەبیعی حاكم كە صنفی دەگۆڕدرێت، دەبێت مەجموعەیەك تەقاریر هەبێت ئەنجومەنی قەزا ئیسنادی دەكاتە سەر یەكەم دەبێ سەرۆكی مەحكەمەی ئیستیئناف تەئید بكات، دوایی مشریفی قەزائی دەبێ تەئید بكات ئەوانە هەموو تەقاریرەكانیان ئیسناد ئەكاتە سەر ئەوە كە كەفائەتی ئەو حاكمەی چەندەو چەند نیە، دوایی ئیسنادە دەكرێ حاكم چەند دەعوای دەبێ چەند تەوزیع ئەكرێت ئەوە هەمووی لەئەنجومەنی قەزائی بەراورد ئەكرێت، ئەوجا دیاری دەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرمو‌و.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر كاك جمال فەقەرەی پێنج بخوێنێتەوە لە ئەصڵی مەشروعەكە زۆر بەڕێك وپێكی هاتووە، ئێمەش لەلیژنەی قانونی دەوڵەمەندمان كردووە، ئەو پێوەرانەی كاك فاروقیش ئیشارەتی پێدا، فیعلەن لە تەغیری صنف بەنەزەری ئیعتیبار وەردەگیرێت، ئینجا صنفەكەی بەسەر دەكەوێت، بۆ سەرەوە وە ئیلا ئەو پیوەرانە زۆر بەوازحی لەقانونەكەدا هاتووەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كریم فەرمو‌و.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی دکتۆرە رۆژان ئاماژەی پێدا لێرە مەبەست لەئەهلیەی قانونی نیە، لێرەدا قەسدی کەفائەتە وئەهلیەی صنفە، مەسەلە بۆ صنفەکەیە نەك بۆ ئەهلیەی قانونی، ئەوەی جەنابت ئاماژەت پێکرد زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر دلێر فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەمەرجی دووەمدا باس لەبەرزکردنەوەی پلەی دادوەران ئەکات، باسی توێژینەوەی یاسایی ئەکات دیارە لێرەدا جگە لە کاری پراکتیکی جگە لەکاری رۆژانەی دادوەر باس لەوە ئەکات، دادوەر ئەبێ لەماوەی کارکردنیدا ئیزافەیەکی عیلمی وئیزافەیەکی هەبێت بۆ سەر مەسەلە یاساییەکە بۆیە بەچاکی ئەزانم لەو توێژینەوە یاساییە باسی ئەوە بکرێت ئەم توێژینەوەیە نەبێت بەراپۆرتێکی ساردو سڕو کاڵ وکرچ، لەبەر ئەوە مەسەلەی هەڵسەنگاندن ولایەنە ئەکادیمیەکەی رەچاو بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ کاك شێروان قسەت هەیە لەسەر بۆچوونەکانی دکتۆر دلێر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر لەگەڵ بۆچوونەکەی کاك دکتۆر دلێرم، ئەبێ ئەوانە بەنەزەری ئیعتیبار وەربگیرێن، تەقریرەکەش تەقریرێکی سادە نەبێ بەڵکو بابەتێك هەڵبژێرێت بەڕاستی بابەتێکی ئەکادیمی بێت وکاریگەری خۆی هەبێت بۆ صنف.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کریم خۆتان ئیقتراحتان کردووە کە صنفەکە ببێت بە ( الأول، الثاني، الثالث، الرابع ) تكون أصناف القضاة أربعة نووسیوتانە ( الأول، الثاني، الثالث، الرابع )تۆ دەڵێت ( أ،ب، ج،د)کەواتە ماددەی 41بەموقتەرەحی لیژنەی یاسایی دەخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە بەکۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموون بۆ ماددەی 42.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەشی چوارەم

پۆستەكانی دادوەری

ماددەی چل ودووەم:

یەكەم: سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوە لە دادوەرانی پۆلی یەكەمەو لە نێوان سەرۆكەكانی دادگای تێهەڵچوونەوە بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری دادەمەزرێ.

دووەم: جێگری سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوە ودادوەرانی لە نێوان دادوەرانی پۆلی یەكەم ودووەم وبەپێی پاڵاوتنیان لەلایەن سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوە وبەبڕیاری ئەنجومەنی دادوەری هەڵدەبژێردرێن.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الفصل الرابع

((المناصب القضائية))

المادة الثانية والأربعون:

أولاً: يعين رئيس محكمة الإستئناف من قضاة الصنف الأول من بين نواب رؤساء محاكم الإستئناف بقرار من مجلس القضاء.

ثانياً: يتم اختيار نائب رئيس محكمة الإئستئناف و قضاتها من بين قضاة الصنف الأول أو الثاني بقرار من مجلس القضاء بناء على ترشيح رئيس محكمة الإستئناف.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە ماددەیەكی ئاساییە ئێمە دەقی ماددەكە تەئید دەكەین و هیچ مولاحەزەیەكمان نیە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حاكم نورالدين فەرمووو.

**بەڕێز حاكم نورالدين ملا على/جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرەدا هاتینە باسی مەناصبی قەزائی لەسەرۆكی مەحكەمەی ئیستیئنافەوە دەست پێئەكات بەینەما لەپێشتر ئیشارەم پێكرد، باسی مەحكەمەی تەمییز وسەرۆكی مەحكەمەی تەمییز ئەویش مەناصبی قەزائیە، من وا بەچاكی ئەزانم ئەگەر ماددەیەك تەرخان بكەین مەناصبی قەزائی چیە، لەقانونەكەدا

بەیان نەکراوە لەکوێوە دەست پێئەکات لەکوێ تەواو ئەبێت، ماددەکە بەم جۆرە بێت، يكون تسلسل المناصب القضائية من الاعلى الى الادنى كالاتي: رئيس محكمة التمييز، نائب رئيس محكمة التمييز، قاضي محكمة التمييز، رئيس محكمة الاستئناف، نائب رئيس محكمة الاستئناف، قاضي الاستئناف، قاضي البدائة.

حەوت پلەیە حەوت مەنصەبە حەوت دەرەجەیە لەقاضي بيدائە دەست پێئەکات لە سەرۆکی تەمییز تەواو ئەبێت، ئەمە دەست نیشان بکرێت لەقانونەکەدا شتێکی جوانە ئەوجا بێینە باسی تەعینەکانیان و شروتی تەعینەکانیان سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە شتێکی مەبدەئیە بەس ئەبوایە کاك حاکم لەگەڵ لیژنەی یاسایی باسی بکەن وئێستا لەبەر ئەوەی ناکرێت ئەگەر بەو پەلەیە ئەتوانن تەبەنای بکەن لیژنەی یاسایی باشە ئەگەر نا لە دانیشتنێکی تردا ئەگەر حازرە فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کەداخلمان نەکرد با موبەڕیرەکەتان پێ بڵێم ئەوجا چ قەرارتاندا ئەوە قەرار قەراری پەرلەمانە، ئێمە صنف ومەنصەبەکەمان لێك جیانەکردۆتەوە، وا تەعامولمان لەگەڵ قازی کردووە بەگوێرەی صنفەکەی نەك بەگوێرەی ئەو وەزیفەی کەوەری دەگرێت، ئەوە رەئیسی ئیستیئنافە یاخود ئەوە سەرۆکی جینایاتە یاخود ئەوە سەرۆکی مەحکەمەیە یەك تەعامولمان کردووە، یەعنی بەگوێرەی صنف تەعامولیمان کردووە، نەك بەگوێرەی مەناصبی قەزائی دوا رەئیش رەئی ئێوەی بەڕێز وئەندامانی پەرلەمانە، ئەگەر موافق بن ئێمە مانعمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەلاکوللین من پێم وایە ئەوە ماددەیەکی بەتەنهایە لەبەر ئەوە با لەدانیشتنی داهاتوودا بێت، موقتەرەحەکەمان بۆ بێنن، ئەگەر ئیتیفاقتان لەسەر کردووە، یان دەبێ لیژنەی یاسای تەبەنای بکات یان دەبێ وەزیری عەدل بەو ئیعتیبارەی مومەسیلی حکومەتە لێرەدا، بەڵام بۆ ماوەی داهاتوو، لەدانیشتنی داهاتوو لەسەر ماددەکە رێك بکەون لیژنەی قانونی ووەزیری داد وشوێنەکەشی دیاری بکەن، لەکام فەصڵدا بێت، ئێستا ئەو ماددەیەی کەخوێنرایەوە 42 کە لیژنەی یاسایی پشتگیری لێکرد، دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟ تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا؟ نیە بەکۆی دەنگ وەرگیرا تکایە بۆ ماددەی 43.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چل وسێیەم:

قیدەمی دادوەران بەپێی پۆست وبەرواری دامەزراندنیانە، کاتێ لەوانەدا یەکسان بن ئەوکاتە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری دەبێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة والأربعون

يكون قد م القضاة حسب مناصبهم و تأريخ تعيينهم فيها و عند التساوي في ذلك يكون القدم وفقاً لما يقرره مجلس القضاء.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ مولاحەزەیەکمان نیە لەسەر دەقی ماددەکە بۆیە لەگەڵ ماددەکەین نازانم ئەگەر جەنابی کاک نورالدین مولاحەزەی هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک حاکم نورالدین.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس جەنابی سەرۆك يكون قد م القضاة حسب مناصبهم اصناف نەووتووە جاری وا هەیە لەمەنصەبێکدا دوو کەس هەیە یەکێك صنفێکی متقدیمە ئەوی تر تەئخیرە، ئەبێ صنفیش بەرچاو بخرێت، لەبەر ئەوە ئەو کەلیمەیە ئیزافە بکرێت، يكون قد م القضاة حسب مناصبهم و اصنافهم وتأريخ تعيينهم سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لیژنەی یاسایی پێم وابێ دەوڵەمەندی مەشروعەکە ئەکات، ئەگەر پێتان باشە ئیزافەی بکەن قسە بکەن فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەو ئیزافاتەین کە کاك حاکم نوالدین کردی زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی 43 کەلیژنەی یاسای ئەو ئیزافاتەی پێ باش بوو، کە حاکم نورالدین دای دەیکاتە موقتەرەحی خۆی کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە بەکۆی دەنگ وەرگیرا ئێمە 43 ماددەمان تەواو کرد پێش ئەوەی کۆتایی بەدانیشتنەکەمان بێنم بەبیرتان دێنمەوە رۆژی سێ شەممە بانگهێشتی وەزیری شارەوانی کراوە وەکو دوێنێ قەرارماندا، بۆ تەواوکردنی دانیشتنەکانی سەبارەت بەبڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆلێرا بۆ رەتدانەوەی ئەو دوو ڕاپۆرتەی کە پێشکەش کرابوو لەلایەن لیژنەی تەندروستی و لیژنەی ئەندامانی پەرلەمانی نووسینگەی سلێمانی، ڕۆژی سێ شەممە سەعات 11 لێرە کۆدەبینەوە بۆ تەواو کردنی بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ لەو بابەتە کۆتایی بەدانیشتنەکە دێنم خواتان لەگەڵ.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7)**

**سێ شەممە رێکەوتی 25\9\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (7)

## سێ شەممە رێكەوتی 2007/9/25

كاتـژمێر (11)ی سـەر لـە بـەیانی رۆژی سـێ شـەممە رێكـەوتی 2007/9/25 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبـدالله(د.كمـال كـەركووكی) جێگـری سـەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـكرتێری ئەنجومـەن, دانیشـتنی ژمـارە (7)ی خـولی دووەم, سـاڵی (2007) ی خـۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمـارەی (7)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامـەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆكردنی بابەتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی كۆلێرا لە هەندێك لە ناوچەكانی هەرێمی كوردستان وئەو ئیجرائاتانەی لەبارەیەوە وەرگیراون لەسەر داوای كۆمەڵێك لە ئەندامانی پەرلەمان، ئەمەش بەپشت بەستن بەبڕگەی دووەمی ماددەی (54)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانی ژمارەی(1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو بەئامادەبوونی بەڕێز وەزیری شارەوانی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (7)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2007/9/25دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆكردنی بابەتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی كۆلێرا لە هەندێك لە ناوچەكانی هەرێمی كوردستان وئەو ئیجرائاتانەی لەبارەیەوە وەرگیراون لەسەر داوای كۆمەڵێك لە ئەندامانی پەرلەمان، ئەمەش بەپشت بەستن بەبڕگەی دووەمی ماددەی (54)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانی ژمارەی(1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو بەئامادەبوونی بەڕێز وەزیری شارەوانی.

سەرەتا بەخێر هاتنی بەڕێز وەزیری شارەوانی خاتوو نازەنین محمد ئەكەین، هەروەها بەخێر هاتنی بەڕێز كاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان، زۆر بەخێر بێن، بەڕێزان دانیشتنێكمان ئەنجامدا بۆ هەمان بابەت وە بڕیار بوو لەو دانیشتنەش بەڕێز وەزیری شارەوانی ئامادە بێت، لەبەر خەلەلێكی

تەكنیكی لەبەینی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان وبەڕێز جەنابی وەزیر كە روویدابوو، بۆیە دواكەوت، بۆ ئەم دانیشتنە وە ئەمڕۆ لێرەیە، بەخێر هاتنی ئەكەین ئێشتاش فەرمووبۆ پێشكەش كردنی بابەتەكەت.

**بەڕێز نازەنین محمد وسۆ/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان رۆژتان باش، زۆر سوپاس بۆ ئەو دەرفەتەی كە بۆتان رەخساندم بێمە ئێرەو تیشك بخەمە سەر هەندێ بابەتی گرنگی پەیوەندیدار بەو بابەتە، پێش دەست پێكردنم پێم باشە هەرچەندە كاك دكتۆر كەمال ئاماژەی كرد بەهۆی ئامادە نەبوونم لەكۆبوونەوەی پێشوو، بەڵام منیش دەمەوێت هەر دووبارەی بكەمەوەو بەڕێزتان ئاگادار بكەمەوە كە هۆی ئامادەنەبوونم ئەوە بوو كە رۆژێك پێشتر وا بڕیار بوو كۆبوونەوەكە لەسەر ئەم بابەتە دوو رۆژە دوابكەوێت بۆ خۆ ئامادەكردن بۆ رۆژی چوار شەممە هەرواش ئاگاداركراینەوە رۆژی دواتر، بۆیە من رۆژی كۆبوونەوەكە كە دوو شەممە بوو بەرنامەم لەدەرەوەی شار بوو، بەرنامەی بەسەركردنەوەی چەند پرۆژەیەك، بەتایبەتی لەناوچەی ئیفراز بووم كەئاگاداركرامەوە بۆ كۆبوونەوەكە، بۆیە نەمتوانی ئامادەبم، پێخۆش حاڵیشم كە ئەمڕۆ ئامادە دەبم، زۆر سوپاس، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان، هەر وەكو لاتان ئاشكرایە دابینكردنی ئاوی پاك یەكێكە لە ئەركە سەرەكیەكانی وەزارەتی شارەوانی، لەروانگەی گرنگی بواری ئاو و بۆ ئاگاداری وەزعی ئاو لە كوردستان، ئەم ئەركەمان لەسەرووی هەموو ئەركەكانی تری وەزارەتەوە داناوە، ئەگەر چی ئەركەكانی تریش بایەخی خۆی هەیە، زۆربەشی پەیوەندی بەژیانی رۆژانەی خەڵكەوە هەیە، بەڕێزان لەرۆژەكانی یەكەمی دوای دەست بەكار بوونمان وەكو وەزیری شارەوانی، دەستمان كرد بە كۆكردنەوەی زانیاری بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی وەزعی ئاو لەكوردستان، دواتر دانانی پلان، دواتر دەركەوت كەوەزعەكە زۆر نالەبارەو كێشەو كەموكورتی زۆرە لەشارو شارۆچكەكانی كوردستان، بەتایبەتی لەشاری سلێمانی كەساڵانێكی زۆرە دەناڵێنێت بەدەست ئەم گرفتە، لەسەر بنەمای ئەم هەڵسەنگاندنە هەموو هەوڵێكمان داوە بۆ چاككردن وپەرەپێدانی وەزعی ئاو لە كوردستان، كەم خاڵانەی خوارەوە دیاری دەكەین.

1- هەوڵدان بۆ دابین كردنی بودجەیەكی باش لەسنووری بودجەی حكومەت، لەپلانی ساڵی 2007ی وەزارەت كەلە كۆتایی ساڵی رابردوو دانرا، رێژەی لە 50٪ی پلانی وەزارەتمان بۆ ئاوو ئاوەڕۆ داناوە لەسەر ئاستی كوردستان، وەلەسەر ئاستی پرۆژەكانی شاری سلێمانی رێژەی لە 67٪ی بۆ پرۆژەكانی ئاوو ئاوەڕۆ داناوە، ئەوەی كە پەیوەندیدار بوو بەشاری سلێمانی پرۆژەكانی راكێشانی تۆڕی ئاوو گۆڕینی بەشێك لەبۆڕییە كۆنەكان و، هەروەها پەرەپێدانی وێستگەكانی دوكان وسەرچنارو گردی جۆگا لەخۆی دەگرێت.

2- پەنابردن بۆ رێكخراوو بانكە نێودەوڵەتیەكان بۆ دابین كردنی پارە بەشێوەی سیستەمی خۆیان، كەسیستەمی قەرزی درێژخایەنە، بۆ پرۆژەكانی ئاو وەكو رێكخراوەكانی یابانی و جبیك وجایكا، ماوەی ساڵێك وچوارمانگە گفتوگۆمان لەگەڵ بانكی یابانی هەیە، جبیك دەستمان پێكردووە، ئێستا كاركردن لەگەڵیان بەردەوامە لەسەر ئەنجامدانی ئەم سێ پرۆژەیەی خوارەوە.

یەکەم: گۆڕینی تۆڕی کۆنی شاری هەولێر کە گوژمەکەی بە 300 ملیۆن دۆلار مەزندە دەکرێت.
دووەم: گۆڕینی تۆڕی ئاوی کۆنی شاری سلێمانی گوژمەکەی بە 3500 ملیۆن دۆلار مەزندە دەکرێت.
پرۆژەی ئاوی هەڵەبجە گوژمەکەی 50 ملیۆن دۆلارە، کارەکان لەم پرۆژانەدا لەگەڵ ئەم ڕێکخراوەدا لەقۆناغی کۆکردنەوەی زانیاری ودیزاین کردنە، تیمێکی باڵا بەبەردەوامی کاردەکەن لەگەڵیان، خۆشمان بەگوێرەی پێویست پەیوەندیمان لەگەڵیانەو کۆدەبینەوە لەگەڵیان، لەعەمان وهەتا ئێستاش خودی خۆم شەش کۆبوونەوەم لەگەڵ بەرپرسی گەورەی ئەم ڕێکخراوە لەعەمان ئەنجامداوە، هەروەها لەگەڵ ڕێکخراوی یابانی جایکا خەریکی جێبەجێکردنی ماستەرپلانی ئاوین لەکوردستان بۆ ئەوەی بتوانین پلان دابڕێژین بۆ چارەسەری کێشەی ئاو لەکوردستان بەشێوەیەکی زانستی و درێژخایەن.
سێیەم: پەنابردن بۆ وەبەرهێنەر بۆ ئەنجامدانی هەندێ پرۆژەی ئاوو ئاوەڕۆی گەورە.
چوار: سود وەرگرتن لەزانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەرێگەی نووسینگەکانی راوێژکاری زانکۆکان، هەروەها لەرێگەی هەندێك پسپۆرو شارەزا بۆ مەبەستی راوێژکاری بۆدیزاین وجێبەجێکردنی پرۆژەکانی ئاو، ئێستا چەندین گرێبەستمان هەیە لەگەڵ هەرچوار زانکۆی کوردستان وچەندیش بەئەنجام گەیشتووە تا ئێستا لەگەڵیان.
پێنجەم: بەمەبەستی پەرەپێدانی توانای کارکردنی کارمەندانی بواری ئاو، هەتا ئێستا 38 خول ئەنجامدراوە، لەدەرەوەی وڵات کە 120 کارمەند بەشداریان تێداکردووە، ئەم خولانە جگە لەشێوەی تەکنیکی ئەنجامدانی پرۆژەکان شێوەی ئیدارەکردن وئیش پێکردنی پرۆژەکانی ئاو، چاودێری کردنی پرۆژەکانی ئاو، یەعنی سەیتەرەی نەوعی، ئەم بەرنامەی پەرەپێدانەش بەردەوام ئەبێت، بودجەی پێویستمان بۆ دابین کردووە، لەرێگەی رێکخراوەکانی یوئێن وئەمریکی وکۆری.
گرفتی ئاو لەشاری سلێمانی:
بەڕێزان گرفتی ئاو لەسلێمانی خۆی بریتیە لە:
1- کەمی بڕی ئاو لەو ئاوەی کەدابین دەکرێت، کەبڕەکە بریتیە لەتەنها 33%ی پێداویستی شارەکە، کە ئەمەش گرفتێکی سەرەکیەو هەتا ئەم گرفتە چارەسەر نەکرێت، هەرچی بکرێت سوودی لێ وەرناگیرێت، چارەسەری ئەم گرفتەش بە ئەنجامدانی پرۆژەی ئاوی دوکان، سلێمانی دووەوە واتە راکێشانی هێڵی ئاو لە دوکان بۆ سلێمانی، بەهەموو پێداویستیەکانیەوە، وەکو پرۆژەیەکی موتەکامل، ئەم پرۆژەیە لەکۆتایی ساڵی 2005 پرۆسەی دیزاین کردنی ئیشەکە دەستی پێکردووە، لەسەرتای ساڵی 2006 جێبەجێکردنەکە دراوە بەکۆمپانیا، بەڵام تائێستا جێبەجێنەکراوە.
2- نەبوونی تۆڕی ئاو لە گەڕەکە تازەکان، 30%ی شاری سلێمانی بێ تۆڕی ئاوە، هەروەك ئاماژەمان پێکرد بەشێکی زۆر لەئاو لەپلانی ساڵی 2007دا دانراوە، بەڵام بەداخەوە لەبەر نالەباری وەزعی دارایی هەرێم ئەمساڵ هەروەکو لاتان ئاشکرایە، نەبوونی بودجە بەگوێرەی پلان جێبەجێنەکرا، بەڵام کاری تێداکراوە

بەپێی ئیمکانیاتی دارایی کەبۆمان تەرخانکراوە، بەڵام کارەکە بەگوێرەی پلانی ئێمەو وەزارەت نەبووە، یان بەگوێرەی پێویستی نەبووە.

3- تۆڕی کۆنی شارەکە کەپێویستی بەگۆڕین هەیە وەکو چارەسەری بنەڕەتی، پێویستی بەسیانە هەیە وەکو چارەسەری هەنووکەیی، هەروەکو ئاماژەمان پێکرد و دەیشیکەین بۆ جێبەجێکردنی لەڕێگای بانکی یابانی نێودەوڵەتی، لەبەر ئەوەی گوژمەکەی یەکجار زۆرە، وەکو ئاماژەم پێکرد 350 ملیۆن دۆلارە، لەتوانای حکومەتی هەرێم نیە وهیچیش نەکراوە، بەقۆناغ شتێك بکرایە ئێستا ئەکرا بەقۆناغ ئەوی تریش بکرابایە، بەڕێزان چارەسەری ئەم گرفتانە بەشێوەیەکی بنەڕەتی، بەساڵێك ودوو چارەسەر ناکرێت بەڵکو پێویستی بەکات وبودجەی باش هەیە، بەتایبەتی کە وەزعەکە وەزعی ئاو لەناو شارەکە زۆر نالەبارە، ئەو پرۆژە ئەنجامدراوانەی لەناو شاری سلێمانی کەکراون، لەماوەی 5/7 تاکو ئێستا 74 پرۆژە ئەنجامدراوە بەگوژمەی 11 ملیار دینار، ژمارەی پرۆژەکانی ئاو کە لەژێر ئەنجامداندان ئێستا 41 پرۆژەیە بەگوژمەی 92 ملیار دینار، ئەو پرۆژانەی کە بەئەنجام گەیشتوون، 74 پرۆژەکە بریتین لەڕاکێشانی تۆڕی ئاو لە هەندێك لەگەڕەکەکان وەکو ئاماژەم پێکرد بەپێی ئەو ئیمکانیەتە داراییەی کەهەبووە، هەروەها صیانەکردنی دوو سەرچاوە سەرەکیەکەی ئاوی دوکان وسەرچنار وکڕینی پێداویستی زەروری بۆ کارەکە، بەهەمان شێوە ئەو پرۆژانەی کەئێستا لەژێر ئەنجامداندان، هەر لەهەمان بوارن ڕاکێشانی ئاوە بۆ هەندێك لەگەڕەکەکان وپەرەپێدانی وێستگەکانی دوکان وسەرچنارە، هەموو وردەکاری ئەو پرۆژانەی کە بەئەنجام گەیشتووەو ئەوەشی کە لەژێر ئەنجامداندایە، لەلامانە هەرکاتێك ویستتان ئەتوانین بتاندەینێ، بڵاوبوونەوەی پەتای کۆلێرا، دوای ئیعلانکردنی پەتای کۆلێرا لە کوردستان، کەلەشاری سلێمانی دەستی پێکرد، ڕۆژی 2007/8/26 بەفەرمی ئیعلانکرا، ئێمە وەکو وەزارەتی پەیوەندیدار بۆ دابین کردنی ئاو بۆ هاووڵاتیان، هەستاین بەکارکردنی بەپەلە بۆ وەرگرتنی ئیجرائاتی پێویست بۆ زیاتر کۆنترۆڵکردنی جۆری ئاو هەروەك لەخوارەوە دیاری دەکەین:

1- دروست کردنی ژوری عەمەلیات لە وەزارەت بەسەرپەرشتی خۆمان وبەئەندامێتی بەڕێوەبەرە گشتیە پەیوەندیدارەکان، راوێژکارو شارەزاو پسپۆڕ لەم بوارەدا، بەمەستی کارکردنی راستەوخۆ لەگەڵ فەرمانگەکانی ئاو وپاڵپشتی وهاوکاری کردنی بۆ جێبەجێکردنی پێویست، زیارەتی مەیدانی بۆ هەموو سەرچاوەکانی ئاو لەسلێمانی ودەوربەری بەمەبەستی سەیرکردن ودڵنیا بوون، لەوەرگرتنی ئیجرائاتی پێویست، پەیوەندیکردن لەگەڵ بەغداو رێکخراوی یونیسیف بەمەبەستی وەرگرتنی کۆمەکی پێویست بەتایبەتی ماددەی کلۆر، کەلەئەنجامدا 7 تەن کلۆری پاوەدەرمان نارد لە دووەم رۆژ بۆ سلێمانی، ولەوەزارەتەوە 9 تەن کلۆر دواتر هی پاودەر بۆ سلێمانی لە بەغدادەوە، ناردنی 5 هەزار سێتی حەپی کلۆر(فاملی کێت) دابەشکردنی بەسەر ئەو ماڵانەی کەئاوی بیر بەکاردێنن لەشاری سلێمانی، ناردنی 32 تەنکەری ئاو بۆ شاری سلێمانی، دانی دەسەڵاتی پێویست بۆ حاڵەتی نائاسایی بەبەڕێوەبەری ئاوی سلێمانی، زیادکردنی جیهازی کلۆر وبڕی پێویست، بۆ زانیاری لە مانگی نیسانی ئەم ساڵ تائێستا 7 جیهازی تازەی

کلۆر دانراوە، لە پرۆژەکان لەناو شاری سلێمانی، مەبەستم دەورووبەر نیە، تەنها شارەکە، پەیوەندیکردن بەرێکخراوی (w.h.o) رێکخراوی تەندروستی جیهانی وئەنجامدانی چەندین کۆبوونەوە لەگەڵیان لە سلێمانی و لە هەولێرو پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ پارێزگارو ژووری عەمەلیاتی سلێمانی، بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوی سلێمانی ئەندامێکی زۆر کارایە تێیدا، کارکردنی تیمەکانی پشکنینی ئاو لە سلێمانی، کاراکردنی تیمەکانی پشکنینی ئاو لەسلێمانی، لەئەنجامی ئەو پشکنینانەی کەوا کراوە، هەتا ئێستا چ لەسەرەتای ساڵی ئەمساڵ 2007 لەمانگی 1 تا ئێستا، وە چ لە مانگی ئابی رابردوو کە ئابی رابردوو، 135 سامپڵ وەرگیراوە، لە 9/1 تا 9/15، 242 سامپڵ وەرگیراوە، ئەوانە ئەنجامی ئەو هەموو تاقیکردنەوانەن کەئێستا لەبەردەستماندان، بەڕێزیشتان ئەتوانن لەکاتی پێویستیدا تەماشای بکەن، رەنگە لیژنەکان کەکاریان کردووە، بەسوپاسەوە بۆ ئەم بابەتە رەنگە لەلایان هەبێت، ئەگەر نەشبوو لای ئێمە هەیە، ئەنجامی ئەو هەموو تاقیکردنەوانە ئەوانە پیشان ئەدات، کە هەتا رادەیەکی زۆر چاك ئاوی سلێمانی پاکە، بۆ نموونە لە9/1 تا 9/15 لەو 242 سامپڵەی کەوەرگیراوە، تەنها دوو سامپڵی پیس بووە، تیمەکانی پشکنینی ئاو بەبەردەوامی لەو ماوەیە زۆر بەچڕو پڕی کاریان کردووە، چ تیمەکان بەتەنها هی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی، چ تیمی هاوبەش لەگەڵ هی تەندروستی، چ تیمی تەندروستی بەتەنها لەئەنجامی کارکردنەکانیان کەتەنها تاقیکردنەوەکانی وەزارەتی تەندروستی بەپێی پشکنینی تاقیگەی خۆیان لەو ماوەیەدا 1177 سامپڵ خولی وەرگرتووە، وە هەموویان نەگەتیڤ دەرچووە، واتە بەکتریای کۆلێرای تێدا نیە، ئێمە لێرانەدا دەتوانین دڵنیا بین وبەڕێزیشتان دڵنیا ئەکەینەوە کەهەموو سەرچاوەکانی ئاومان پاکە لەپەتای کۆلێرا، وەکو ئاماژەشم پێکرد، هەموو ئەو شتانەی کەوا باسمانکرد هەیە لامان ئەتوانین هەرکاتێك جەنابتان پێویستیتان پێی هەبوو نیشانتانی بدەین، زۆر سوپاس ئێستاش من ئامادەم پاش ئەو روونکردنەوەیە شتێك هەبێت، پرسیارێك هەبێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری شارەوانی ئێستاش دەرگای پرسیار ئەکەینەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، تکایە پێش ئەوەی بچینە سەر ناو نووسینەکانی پێویستە لەسەر نەفسی بابەت بێت، پرسیاری لابەلا نەبێت، لەبابەتەکە دەرنەچن، ئەو راپۆرتانەی کە پێشتر خوێندرانەوە لەلایەن لیژنەکانی پەیوەندیدار تەندروستی ونووسینگەی پەرلەمانی کوردستان دەربارەی پەتای کۆلێرا، هەروەها ئەو بابەتانەشی کەوا لای ئێوەی بەڕێز وابوو کەپەیوەندی بەشارەوانیەوە هەیە، لەوبابەتانەوە دەرنەچن، ئەگەر بەڕێزێك یان لیژنەی شارەوانی پرسیاری تریان هەیە، ئەتوانین جەلسەیەکی تری تایبەت بۆ پرسیارو وەڵام لەگەڵ بەڕێز وەزیری شارەوانی جێبەجێبکەین لەکاتێکی تر، ئێستاش ئەو بەڕێزانەی کەوا ئەیانەوێت قسە بکەن بادەستیان هەڵبڕن، فەرموو کاك شێردڵ.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حویزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من شتێك هەیە ئەمەوێت بۆ جەنابی وەزیری روون بكەمەوە، لەبارەی شاری كۆیەوە هەر عیلاقەی بەو شتانەوە هەیە، لە كۆیە دۆڵێكی رەزان هەیە، بەدرێژای چوار تا پێنج كیلۆمەتر، ئەوە جاران لەدەرەوەی شار بوو ئێستا كەوتۆتە ناوەوەی شار، بەئاوی رووبارو كانی ئاو دەدرا، بەڵام ئێستا لەهەردوو بەری خانوو دروستكراوە، هەرچی ئاوەڕۆو ئاوی پیسی ئەو خانووانەی كەوا دروستكراوە، دێتە ناو رووبارەكە لەناو رووبارەكە، رەزەكانی پێ ئاودەدەن تەئسیر لە رەزەكان دەكات، هەندێ ئەرزیشی تێدایە، سەوزەی لەبەر دەكەن، خۆتان ئەزانن سەوزە پیسەو بەئاوی پیسیش بكرێت، ئەوە مانای وایە پیستر دەبێت ونەخۆشی لێ دەكەوێتەوە، هەر لەدەرەوەی كۆیە بەمەسافەی 500 مەتر هەرچی خۆڵ وخاشاك وزبڵ هەیە، دەیبەن لەوێ رۆی دەكەن وئاگری تێبەردەدەن، كۆیەش رەشەبای زۆرە، هەردەم ئەو دووكەڵە بەلایەكدا دەچێت، یەعنی مانای وایە كە درەختەكان كەفەزای سەوزن خراپ دەبن، ئاوەكە پیس دەبێت، سەوزەكە تەئسیر لەسەر سیحەتی خەڵك دەكات، ئەو دووكەڵەش هەوا تێك دەدات، واتە هەموو دەبێتە سەبەبی نەخۆشی، تەنها ویستم ئەوەتان بۆ روونبكەمەوە، زۆرسوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

كاك شیخ الله فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەكەم، زۆر سوپاسی ئەكەین بۆ ئەو روونكردنەوە باش و بەپێزەی دەربارەی ئاو لە كوردستان بەگشتی ولەسلێمانی بەتایبەتی پێشكەشی كرد، من پرسیارێكم هەیە جەنابی وەزیری تەندروستی لێرە لەپێش هەموومان باسی ئەوەی كرد، كە ئەو میكرۆبە لە 80%ی لەناو ئاودایە، جەنابی وەزیریش دەڵێت ئاو ئێستا هیچ ئەو میكرۆبەی تێدا نیە، و كۆلێرای لێ پەیدا نەبووە، ئایا كامیان تەواوە؟ وزۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

دكتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت تۆڕەكانی ئاو جەنابی وەزیر ئاماژەی بەوە كرد كە تۆڕەكانی ئاوی كوردستان دەگۆڕدرێت، ئایا ئەو گۆڕانكارییە مەرجی تەندروستی تێدا دەبێت، لەبەر ئەوەی تۆڕەكانی ئاوی كوردستان، هەمووی لەماددەی ئەسبێز دروستكراوە، كە هۆیەكی سەرەكیە بۆ نەخۆشی شێر پەنجە، ئایا ئەو عەقدەی كە دەكرێت لەگەڵ ئەو شەریكاتانە، ئەو مەرجانەی تێدا رەچاو كراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

كاك دكتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی من دەستخۆشی لە بەڕێز جەنابی وەزیر ئەكەم بۆ ئەو ڕوونكردنەوەیە، ئێمە ئەبێ ئەوەش لەبیر نەكەین بەداخەوە ئەم گرفتە گرفتی ئەمڕۆ نیە، ئەم گرفتە پێمان خۆش بێت یان پێمان ناخۆش بێت، گرفتی ئەو دەمەیە كەئەنجامی ئەو كێشەیەی كەئێمەی خەڵكی ئەم كوردستانە دووچاری بووین ،كە دوو ئیدارەیی دروست بووە، دیارە ئەو دووئیدارەیە زەرەرێكی زۆری لەئێمە داوە، خۆشبەختانە ئێستا بیرمان لێكردۆتەوە، انشاالله ئەوە ئەبێتە ئەزموونێكی تاڵ بۆ ئەوەی جارێكی تر ئێمە لەیەكتری دانەبڕێین وهەمیشە پێكەوە بین، تا بتوانین بەرەنگاری ئەو كێشەو گرفتانە بین، كە دێنە بەردەممان بەتەئكید كە ژیان هەبێت كێشەش دروست ئەبێت، گێروگرفتیش دروست ئەبێت، بەڵام ئەوەی كەوا ئاماژەی پێكرد بەنیسبەت سەرچاوەكانی ئاوەوە منیش عەینەن تێبینیەكەی كاك شێخم هەبوو، جەنابی وەزیری تەندروستی وای ئاماژە پێدا كەگوایە سەرچاوەكانی ئاویش پاك نین، میكرۆبەكان لەوێیە، نەك هەروتی گوایە لە شوێنی دیكەشەوە دێن، جەنابی وەزیری شارەوانیش ئاماژە بەوە ئەكات، كە سەرچاوەكانی ئاو پاكن، خاڵێكی تری گرنگ من تێناگەم ئەگەر ئاو لە سلێمانی بەو شێوەیە، ئەی بۆ لەماوەی ئەم دەساڵەی رابردوودا بۆ نەتوانرا چارەسەر بكرێت، ئەو هێڵەی كەباسی ئەكەن، لەدووكانەوە بۆچی تاكو ئێستا جێبەجێ نەكراوە، نەگەیشتوەتە ئەنجام، بەتەئكید ئەمە مانای وانیە جەنابی وەزیری شارەوانی ئێستا هیچ بەرپرسیارێتیەكی ناكەوێتە ئەستۆ، چونكە بەتەئكید ئەبێ بەدوادا چوون بكات، بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشانە، بەڵام من وەكو لەنزیكەوە ئاگادارم كاتێك كێشەی ئاوی ئیفراز چارەسەركرا، ماوەیەكی زۆری برد، هەتا كێشەی ئاوی ئیفراز كە مەجالەكەشی زۆر كەمە، یەعنی ئەگەر تەماشا بكەین ئاوی ئیفراز بگاتە ئێرە، زۆر زۆر ئاسانترە لەوەی كە لەدوكانەوە بگاتە سلێمانی، ئینجا ماوەیەكی زۆریشی خایاند تا گەیشت، ئینجا هەموو هەوڵێری بەرنەكەوتووە، من پێم وایە تەقسیری ببورن لەئیدارەی سلێمانیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دەمەوێت ڕوونكردنەوە لەسەر ئەو ناوچانە بدەم وەكو ناوچەكەی خۆمان پشتدەر، كەناوچەیەكی راگوێزراوە، لەساڵی 88 هەموو تۆڕەكانی ئاوی وێران بووە، كاتی خۆی بە( تی . ئین . تی) تەقێندراونەتەوە، لەبەر ئەوە گرنگە ئەو شوێنانە ئەولەویەتیان بدرێتێ هەرچەندە پرۆژەی بۆ كراوە، بەڵام پێویستە گرنگی زیاتری پێبدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح( دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت وبەخێرهاتنی وەزیری بەڕێز ئەکەم، پرسیارەکەی من هاتە کرن ئەوەی لەسەر وەزارەتی تەندروستی گوتیان، سەبەبی بەکتریاکە ئاوە، دووەم لەمانگی حزیران وەکو وەزارەتی صەحە ئەو رۆژە ئیشارەتی پێدا، تەبلیغی دائیرەی بەلەدیات وئاومان کریە، کە ئاوی سلێمانی ئاوی پاکی خاوێن لەگەڵ ئاوی زێراب تێکەڵ دەبێت، ئاوەکەش پیسە ئەوە لەمانگی حزیران وایان گوت، ئیتر نازانم وەزارەت چی کرد لەمانگی حزیران، تا ئیعلانکردنی کۆلێرا، ئەمە یەك، دووەم بەڕێز وەزیر گوتی پاش ئیعلانکردنی کۆلێرا، (7)تەن کلۆری ناردە سلێمانی و(9)تەن لەبەغداش هات، پرسیارەکەم لەوەیە پێش ئیعلانکردنی کۆلێرا ئایا کە مانگی شەش ئەو عەرزە بوویە شتێکی کلۆر ناردیە بۆ دائیرەکە یان کلۆری تەوزیع کردیە، یان ئیستعمالیان کردیە یان نا؟، چونکە زۆر قسەی وا هەیە کە کلۆرەکە ئیستعمال نەکرایە، پرسیاری سێیەم ئەوەیە، کە ئەم پرۆژەی سلێمانی_دوکانە، کۆمپانیاکە بێ موکەلەفە لە 2005 تا ئێستا، ئەمە سێ ساڵە یان دوو ساڵە، چ لێپرسینەوەیەك لەگەڵ ئەم کۆمپانیایە کرایە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس جەنابی سەرۆك، بەخێر هاتنی جەنابی وەزیر ئەکەم، دوو، سێ پرسیارم هەیە، کە لەقسەکانیدا ئاماژەی بۆ کردن، یەکەمیان دەمەوێت بزانم هۆی دواکەوتنی ئەو کۆمپانیای کەوا خەریکی راکێشانی ئاوە لە دوکانەوە بۆ سلێمانی، بۆ چی تا ئێستا دواکەوتووە؟، رێگای چارەسەرکردنی چیە؟، دووەم هەموو ئەزانین کەوا لەم ماوەی دواییەدا بەسەدان بیری ئاو لەناو شاری سلێمانی هەڵکەندراوە، ئەوەش بووەتە سەرچاوەی ئاوی پیس لەناو شارەکەدا، دەمانەوێت بزانین لەسەر چ بنەمایەك ئیجازەیان پێدراوە وڕێگای چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە چیە؟، پرسیاری سێیەمم پەیوەندی بەکەرکووکەوە هەیە، دوێنێ وەزارەتی تەندروستی عێراقی بڵاویکردەوە، کەوا لەکەرکووك 1385 حاڵەتی کۆلێرا ئێستاکە بەرەسمی دانی پێدانراوە، کە بەرزترین رێژەیە لەسەر ئاستی عێراقدا، ئایا هاوکاری وەزارەتی شارەوانی هەرێمی کوردستان، بۆ شارەوانی کەرکووك چیە بۆ ئەوەی هاوکاریان بکات، تاکو رادەیەك ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك شێخ ادهم فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوادا پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری شارەوانی ئەکەم، بێگومان لەهەر کێشەیەکدا کوردستان یان هەر پارچەیەکی کوردستان، کە بۆ خەڵکی کوردستان دەبێت بەراو بۆچونی ئێمە، ئێمە هەموومانی تێدا بەشدارین، چ وەزارەتی شارەوانی بێت چ حکومەتی هەرێم بێت، چ پەرلەمان بێت چ هەردامو دەزگایەکی ئیجرائی کوردستان بێت، لەگەڵ ئەو تێبینیەش من پرسیارێکم لەجەنابی وەزیری شارەوانی هەیە، کەئایا کەموکورتی ئاوی سلێمانی کە هەیە، هەمووی ئەگەڕێننەوە بۆ ئەم ماددەیە کەساڵێك وسێ مانگە یەکگرتنی حکومەتی کوردستان یان بۆ وەختی پێش ئەو یەکگرتنەوەیە؟، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك ئاریێز فەرموو.

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە راستە لەسلێمانی کێشەکە گەورەترە، بەڵام نەخۆشی کۆلێرا هەر لەسلێمانی نیە، حەقە ئەو مەسەلەیە بزانین، لە سلێمانی، هەیە لە هەولێر هەیە، لە پیرمام هەیە، لەسۆرانیش هەیە، بەڵام لەشوێنێك تا شوێنێکی تر زۆرو کەمی هەیە، بەرپرسیارێتیەکیش هەیە ئێمە جەنابی وەزیرمان بانگ کردووە، بۆ ئەوەی پرسیاری لێ بکەین بەرپرسیارێتی ئەو نەخۆشیە، هۆکاری ئەو نەخۆشیە، بەرپرسیارێتیەکە دیاری بکەین، بۆیە ئەگەر هەندێك جار هەندێك لق وپۆپیشی لێ ئەبێتەوە، لەقسەو باسەکانمان حەقە بەئاسایی وەری بگرین، ئەو بەرپرسیارێتیەی ئێستا دەرکەوتووە، چ لەئەنجامی راپۆرتی لیژنەی تەندروستی چ لەوەی نووسینگەی سلێمانی وچی دام ودەزگاکانی راگەیاندن و پرسیارەکانی خۆشمان، بەرپرسیارێتی بەپلەی یەکەم، لەئەستۆی وەزارەتی شارەوانیە، چونکە هۆکاری بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشیە، سەرهەڵدانی ئەو نەخۆشیە، لە ئاوو ئاوەڕۆوە بووە، ئەو ئاوەرۆیەش وەزارەتی شارەوانی لێی بەرپرسیارە، باشیشە تا ئێستا نەخۆشیەکان بەوەندە لە ئێمە گەڕاون، ئێمە باسی سلێمانی ئەکەین کە نەخۆشی لێیە، لەکاتێکدا سلێمانی ئاوەڕۆی هەیە، یەعنی کەم گەڕەك هەیە ئاوەڕۆی بۆ نەکرابێت، بەڵام ئەگەر نەخۆشیەکی وا بەشکلی سلێمانی، لەهەولێر بڵاوبێتەوە خوانەخواستە کارەسات روودەدات، برادەرینە شاری هەولێر لە یەك ملیۆن کەس زیاتری تێدایە، لەسەر یەك دەریا پیسایی ئینسان دەژێت، حەقە ئەو مەسەلانەمان لەبەر چاو بێت، ئەو بەرپرسیارێتیەی کە ئێستا ئێمە باسی ئەکەین، تەنها هی ئەو کابینەیە نیە، لە 91 وە تاکو ئێستا هی هەموو کابینەکانە، هی هەموو وەزیرەکانە، هی هەموو سەرۆك شارەوانیەکانە، با ئەوە بزانین، بەڵام پرسیارەکەی من لێرەدا ئەوەیە، ئەو کابینەیە، ئەو وەزیرەی ئێستا لەماوەی ئەو ساڵ وچەند مانگەدا کە

ئەو وەزیرە، چی کردووە، چ هەنگاوێکی ناوە، ئێمە زۆر خۆشحاڵین کاتێك جەنابی وەزیر ئەڵێت 6 جار چوومەتە عەمان بۆ هەندێك ئیتیفاقیات کە دەکرێت، بەڵام من لێرەدا پرسیار لەوەزیر ئەکەم، سەردانی چەند شارەوانی کردووە، لەپارێزگای سلێمانی ولەمەنتقەی گەرمیان، لە مەنتقەی دهۆك، بۆ ئەوەی بەدوای کێشەو گرفتەکانیاندا بچێت، باسی هەولێر ئەکرێت، باسی سلێمانی ئەکرێت، لەهەموو شوێنەکان ئاوو ئاوەڕۆ تێکەڵ بووە، وەرنە گەڕەکەکەی ئێمە پیشانتان ئەدەم ئاوو ئاوەڕۆ لەبەر دەرگای ماڵی ئێمە تێکەڵ بووە ئێستا، ئەوە نیە لە شوێنێك نەخۆشی بڵاو بووەتەوە لەشوێنێکی تر نەخۆشی بڵاونەبووەتەوە، زووتر بڵاوبووەتەوە لەشوێنێکی تر، ئەو ڕۆژە لەتەلەفزیۆنی زاگرۆس بەرنامەیەکی لەسەر ئاوو ئاوەڕۆی سۆران پیشاندا، بڕواتان هەبێت ئەوەی دیویێتی، لەوانەیە زۆربەتان بینووتانە، ئەکرێ جەنابی وەزیر لەتەلەفزیۆنی زاگرۆسی وەربگرێت، بەسی دی یان بەکاسێت بڕوا بکەن تەنها بەسەیر کردنی ئینسان تووشی نەخۆشی کۆلێرا ئەبێت، لەبوری ئاوی ناوماڵ پیسایی ئینسان بەتەواوەتی ئەهاتە دەرەوە، تەلەفزیۆنی زاگرۆس پیشانیدا، ئینجا ئەوە لەسۆران، لەشوێنێك وەکو سلێمانی کە سەدان خەستەخانەی لێیە، یان شوێنێکی وەکو هەولێر کە دەیان خەستەخانەی لێیە، دکتۆری باشی لێیە ئەگەر نەخۆشی کۆلێرا لە سۆران ومێرگەسورو ئەوشوێنانە بڵاوبێتەوە چ کارەساتێك بەسەرماندا دێت، لەبەر ئەوە حەقە ئەو مەسئولیەتە دیاری بکرێت، بەڕاستیش ئەو بەرپرسیارێتیەی ئێستا زیاتر لەئەستۆی شارەوانیە، شازدە ساڵە برادەرینە جەنابی سەرۆك یەعنی وەزیر نیە، سەد ژمارەی زەوی باشی لەگیرفاندا نەبێت، شازدە ساڵە گۆڕینی وەزارەت وگۆڕینی سەرۆکی شارەوانی لەسەر ئەساسی ئەوەیە، زیاتر زەوی باش دابەشبکرێت وزیاتر زەوی ئەوە بکرێت، وەکو وەزارەتی شارەوانی وەکو سەرۆکی شارەوانی، هیچ ئەرکێکیان نەبێ، تەنها یەکلایی کردنەوەی ئەو زەوییانە و تاپۆکردنیان وپێبەخشینیان لەکوردستاندا، یەعنی لەکاتێکدا ئەرکی شارەوانی لەهەموو وەزارەتەکانی تر قورسترە، سەرۆکی شارەوانی تاران بوو بەسەرۆکی ئێران، لەبەر ئەوەی کاری خزمەتگوزاری پێشکەشکرد، سەرۆکی شارەوانی ئەستەنبول بوو بەسەرۆکی حکومەت لەبەر ئەوەی خزمەتگوزاری پێشکەشکردووە لەهەموو بوارەکاندا، هەموو بوارەکان دەگرێتەوە، ئاوە، کارەبایە، هەموو شتێکە، وەرن لەو هەولێرە بیری ئاو هەیە کەکارەبای بۆ ڕاکێشراوە، من نازانم بەرپرسیارێتیەکەی هی کێیە، بەڵام قسەی لەسەر ئەکەم، ئێمە کارەبامان نیە، باشە با بیرەکە کارەبای هەبێت، کام بیر هەیە پێنج مەسئول، سێ موختار، چوار کۆمیتە، چوار ناوچە، کارەبای دائیمی لێ رانەکێشابێت، ئەی وەزارەتی شارەوانی تۆ ئەتەوێت ئاو بێت، بتەوێت خزمەتگوزاری بکات، ئەی بەرپرسیار نیت لەوەی کەوا قسەش لەکارەبا بکەیت، یان لەگەڵ وەزارەتی کارەبا تەنسیقتان هەبێت، لەبەر ئەوە پێم وایە یەعنی وەزارەتی شارەوانی پێویستە زۆر باش بەخۆیدا بچێتەوە، چونکە ئەرکی لەهەموو وەزارەتەکانی تر قورسترە، یەك بوار نیە، ئاوو ئاوەڕۆ نیە، پاك وخاوێنی شارەکانە، دیقەت بدەنە پاك وخاوێنی شارەکان، کام شار لەکام شار خاوێنترە، ڕۆژ بەڕۆژ شارەکانمان بەرەو پیس بوون ئەچن، لەناو شار دائیرە هەیە 20 کرێکاری زیادەی هەیە، بەڵام شار هەیە دوو پاککەرەوەی هەیە، شارۆچکە هەیە دوو پاککەرەوەی هەیە، ئایا بیر لەوە

ناکەینەوە کەوا شارەکانمان پاك بن و خاوێن بکرێتەوە، بەهەر حاڵ دیارە ئیشارەت دەدەن کەوا کات تەواو، بەس ئومێد دەکەم وەزارەتی شارەوانی ئەوە بەهەند وەربگرێت، ئەوە ببێتە بەخۆدا هاتنەوەیەکی گەورە بۆ ئەوەی لەمەودوا باشتر خزمەتبکات، مەسئولیەتەکەش هی هەموویە، بەڵام ئێمە ئێستا باس لەمەسئولیەتی ئێستاو ئەمڕۆ دەکەین، ئەو ساڵ وچەند مانگەی کەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکی گرتووە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێز نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستخۆش وبەخێرهاتنی وەزیری شارەوانی ئەکەم، وەکو ئافرەتێکیش بەڕاستی شانازی بەخۆمانەوە ئەکەین، لەکابینەی حکومەتەکەماندا دوو ئافرەتی زۆرچالاك وەزیرن تێیدا، جێگای شانازییە وەهەروەها وەزیرێکیش لەحکومەتی عێراق نەرمین خان، کە زۆر چالاکانە کار بۆ گەڕانەوەی ناوچەدابڕاوەکان دەکات، ئەمە شانازییە بۆ ئێمە، بەڵام لەهەمانکاتدا کابینەکەمان بێ کەموکوڕی نیە، هەموو وەزارەتەکان بەشی خۆی کەموکوڕی هەیە، چونکە وڵاتێکی داگیرکراوی پارچەپارچە بووی دەیان ساڵ مەحروم بوو لەهەموو سیستەمێك، لە سیستەمی ڕێگاوبان لە سیستەمی پەروەردە، لە سیستەمی تەندورستی، بێگومان مەشاکیل زۆردەبێت، حەقی وایە ئێمە تۆزێك بەرفراوانانە تەماشای کێشەکانی خۆمان بکەین وبیر لەچارەسەرکردنی بکەینەوە، بێگومان وەزارەتەکانی شارەوانیش بێ کەموکوڕی نەبوون لەرابردوو و لەئێستاشدا، لەسەر بابەتەکەی خودی نازەنین خان، من هەستم کرد لەراکێشانی هێڵی دووەمی دوکان سەرچنار زۆر بەخێرایی تێپەڕی، حەز ئەکەین، چونکە ئێرە شوێنێکە ئەبێ شەفافیەتی تێدا بێت، پێمان خۆشە بزانین ئەو عەقدە بزەبت کەی کراوە، لەگەڵ کام کۆمپانیا کراوە، تا ناوی کۆمپانیاکەش بزانن، کێ لێی بەرپرسە و جەنابت تا چەند موتابەعەت هەیە لەسەر ئەوە، بۆچی تاکو ئێستاش کاری بۆ نەکراوە، کە تەسەور ئەکەم بەهۆی راکێشانی هێڵی دووەمی ئاو لەدوکان کێشەی ئاوی سلێمانی چارەسەر ئەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك عوسمان بانی مارانی فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاك ناصح باسیکرد بەڕاستی دەمانگەڕێنێتەوە بۆ باسکردنی سلبیاتی هەردوو ئیدارەی پێشوو، کە زۆرن نامەوێت باسی بکەم، قازانجیشی لێناکەین، بەڵکو زەرەرمان پێئەگەیەنێت، بەڵام ئەوەی ئێمە ئێستا ئەمانەوێت باسی بکەین، شتی هەنووکەیی ساڵێك وقصورە وەزارەتەکە تەشکیل بووە، لە خیلالی ئەو ساڵەی ئێمە دەمانەوێت پرسیار لەجەنابی وەزیر بکەین، ئەمن دوو پرسیارو پێشنیارێکم بۆ جەنابی وەزیر هەیە،

یەکەمیان ئەوەیە تا ئێستا چەند کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکایەتی شارەوانیەکان کردووە، هەم وەکو کۆبوونەوەی تەعاروفی یەکترناسین، هی سەرجەم شارەکان وقەزاکانی کوردستان، هەم بۆ وەرگرتنی راو پێشنیارەکانیان، خاڵی دووەم ئەوەیە چەندجار جەنابی وەزیر سەردانی سەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستانی کردووە بە مەیدانی و گوێی لەکەم وکورییەکانیان گرتووە، خاڵی سێیەمیشم ئەوەیە پێشنیار ئەکەم بۆ جەنابی وەزیر بۆ چارەسەکردنی ئەو کێشەیە دەرگای وەزارەتەکەی بخاتە سەرپشت، تا شارەوانیەکان بتوانن بگەنە جەنابی وەزیر، تا داواو پێشنیارو داواکانیان بگاتە وەزیرو وەڵامیان بدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی وەزیر ئەکەم، بەڕاستی من وای ئەبینم ئەم حاڵەتەی کەوا ئێستا پەیدابووە، ئەگەر ئەمڕۆکە کۆلێرا بڵاونەبووایەتەوە، ئەبوو باسمان لێنەکردایە، بەڵام لەراستیدا من پێم وایە کۆمەڵێك شوێن هەیە بەرپرسیارێتی تەحەمول ئەکەن، من وای ئەبینم وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی شارەوانیش وژینگەش وپارێزگاکانیش و ئەنجومەنی شارەوانیەکانیش لەشارەکاندا هەموویان تەحەمولی ئەم حاڵەتە ئەکەن، چونکە ئەگەر لایەکیان پرۆژەی ئاو دابنێت، ئەوی تریان لەسەریەتی صەحیەتی ئاوەکە بزانێت ئەوی تری لەسەریەتی وەکو پارێزگار ئاگاداری وەزعی ئەو شارەبێت، ئەمانە هەمووی هی ئەمڕۆ ودوێنێکەش نین، پێم وایە مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، زەرورەت وایە هەر هەموویان بەرۆحی مەسئولیەتەوە، تەحەمولی بکەن، چونکە ئەگەر ئەمڕۆش کۆلێرا بڵاونەبێتەوە، پیسبوونی ئاو سەبەبێکە بۆ نەخۆشی تر، کە زەرورەت وایە وانەبێت، من پرسیارێکی ترم لەوەزیر هەیە لێرەدا، ئێستا تا حاڵی حازر بیری سوری ئیشی لێ ئەکرێت لەکوردستاندا، لەکاتێکدا لە زۆر لەوڵاتان رەفز کراوەو مەمنووع کراوە، هیچ رێگای پێنادرێت، ئەصڵەن لە سوریا بۆ خۆی مەمنووعە، ئێستا حالیەن لە هەولێریشدا لە سلێمانیشدا بیری سوری هەڵ ئەکەندرێت، بۆ ئەبێت رێگا بدرێت بەبیرێك کە لەهیچ وڵاتێك قبوڵ ناکرێت، مەمنووعە دەولیەن حالیەن چونکە یەکێکە لەو سەبەبانەیە کەناتوانێت بچێتە خوارەوە، بیری سەتحین وسەبەبێکە بۆ دروست بوونی ئەو نەخۆشیانە، پرسیاری ترم ئەوەیە لەبارەی کەرکووکە بەڕاستی، کەرکووك بەحوکمی خەڵکەکەی کە تێکەڵە لەگەڵ خەڵکی کوردستان، بەشیکی زۆری ئەو خەڵکە ئەگەر نەخۆشیەك بڵاوبێتەوە یەکسەر تێکەڵ بەکوردستان دەبێت، ئەگەر لەرووی قانونیەوە کەرکووك بەشێك بێت تا ئێستا لەعێراق، هێشتا ئەوان تەحەمولی مەسئولیەتی بکەن، بەڵام لەرووی کۆمەڵایەتی، لەرووی سیاسی، لە رووی نەفسی لەکۆمەڵێك شتی تردا، پێم وایە زەروورەت وایە بیری لێ بکەینەوە، نازانم ئەو کلۆرەی کەوا باسکرا، بۆ سلێمانی چووە، تاکو ئێستا هیچ باس لەوەنەکرا کەبۆ کەرکوك چووە یان نا، کەس مەسئولیەتی کەرکووك تەحەمول ناکات، بەڕاستی

گەورەترین مەئسات لەکەرکووکدا روو ئەدات لەکاتێکدا، من باس لەو هەموو زاهیرەی تیرۆرو تەقینەوانە ناکەم، ئەمەش نەگبەتیەکی ترە بەسەر خەڵکی کەرکووکدا دێت، ئەصڵەن زۆربەی مەنتیقە کوردیەکان بەدرێژایی ژیانیان بیریان نەبووە، تەنکی ئاو هەر بەپیسی ماوەتەوە، حکومەتی بەعس بەمەقصودی لەو مەنتیقانەدا رێگای نەداوە و ئاوی نەداوە پێیان، گەڕەك هەیە تاکو دوای رووخانی صەدام ئینجا ئاوی بۆ چووە، کە زیاتر لە 30 ساڵە گەڕەکە لەکەرکووکدا، ناکرێت ئێمە هەرێمی کوردستان وحکومەتی هەرێم، ئاگاداری ئەو وەزعەی کەرکوك نەبێت، بەپێی پێویست چونکە من وای ئەبینم کەرکووك بەشێکە لە هەناوی خەڵکی کوردستان و لەژیانی حکومەتی کوردستاندا ئەگەر ئەمڕۆ بێت یان سبەی، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی ئەو رۆژە لە راپۆرتەکان ووتەکانی بەڕیز وەزیری تەندروستی بۆمان دەرکەوت، کە کێشەی سەرەکی لەموشکیلەی ئاوی سەتحیە، ئەو بیرە سەتحیانەی کەوا لەناوچەی سلێمانی لێدراون، لەگەڵ ئاوەڕۆکان تێکەڵ بوون، وەکو لەپێشتریش برادەران ئیشارەتیان پێدا، نەخۆشیەکە زۆربەی لەوەوە بڵاوبووەتەوە، بەڵام ئایا ئێستا حاڵی حازر وەزارەتی شارەوانی بۆ چارەسەری کێشەی ئەو بیرە سەتحیانەی کەوا لێدراون وتا ئێستاش بەردەوامن، یەعنی تا ئێستا تەوزیعکردنی ماددەی کلۆر کافیە بۆ ئەوەی رێگا بگرین لەئاوی پیس وبڵاوبوونەوەی ئەو میکرۆبە، یاخود ناکرێت ئەو بیرە سەتحیانە چارەسەر بکرێن، یان رابگیرێن، بیری ئیلکیوازی کەپێم وایە تەکلیفەکەی زۆریش نیە وبەزووترین کاتیش لێئەدرێت، بۆ ئەوەی لەو بیرە سەتحیانە رزگارمان بێت بەڕاستی یەعنی کێشەی سەرەکی دەرکەوت بەتایبەتیش لەناوچەی بەکرەجۆو راپەڕین، من پێشنیاری ئەوە ئەکەم کەوا وەزارەتی شارەوانی رێگای چارەسەری بەپەلە بگرێتە بەر، نەك چاوەڕێی راکێشانی پرۆژەی ئاوی دوکان بکەین، مومکینە ساڵێك یان دووساڵ بخایەنێت بەڕاستی، یەعنی ناکرێت شارێکی وەکو شاری سلێمانی چاوەڕێی پرۆژەی ئاوی دوکان بکات، کە تائێستا جێبەجێ نەکراوە، هەمان پرسیاری کاك دیلمان دووبارە ئەکەمەوە بەڕاستی، ئایا پرۆژەی ئاوی دوکان کە بودجەی بۆ دیاری کراوە بۆ تا ئێستا نەکەوتووەتە حاڵەتی تەنفیزو گرفتەکە چیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك شێخ جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر ئەکەم، دەستخۆشیشیان لێ ئەکەم بەڕاستی خزمەتی باش وئیشی باشیشیان کردووە لەکوردستاندا، شوێنەکەیان دیارە، بەس من چەند تێبینیەك وچەند پرسیارێکم هەیە، بەنیسبەت

سلێمانییەوە ئەو مەنتیقانەی کەنەخۆشی کۆلێرای تێدا نیە، ئەو مەنتیقانەن کەوا ئاویان نیە، هەر نییانە حەتا بیرەکان ناجیحترن لە سەرچاوە ئاویەکانی دوکان، پێشنیارێك بۆ جەنابی وەزیر ئەکەم، من بڕوام وایە ڕاکێشانی ئاوی دەربەندیخان ئاسانترە بۆ سلێمانی لەئاوی دوکان، چونکە ئێستا سنووری شارەوانی سلێمانی لەگەڵ سنوری شارەوانی عەربەت تێکەڵ بووەتەوە، لەبەر ئەوە نزیکترەو ئاسانتریشە، ئەو 300 میلۆن دۆلارە کە دراوە بەحەقی پرۆژە ئاوەکاندا کەدێتە هەولێر، لێرە پێشنیارێکم هەیە، هەرچەند لەوەشە ئیشی جەنابی نەبێت، لەگەڵ محافەزەدا بەتایبەتی ئەبێ ئیتیفاق هەبێت، ئەو پرۆژە فراوانەی کەوا ئێستا لەناو هەولێردا هەیە بەچاککردنی جادەو کۆڵانەکان موشکیلەیەك هەیە کە ئیتیفاق نیە لەبەینی ئاو وئاوەڕۆکان لەگەڵ ئەو جەماعەتەی کەلەشارەوانی خەریکی چاککردنی جادەکانن، ئێستا ئیشی لێ ئەکەن، ئاوەڕۆکە چاك ناکات، ئاوەکە دانێت، ئاوەکە خۆی ئاو ئەدات کەئەویش ئاویدا ئاوەڕۆی سەتحی کە لەدەرەوەیە دەچێتە ناوییەوە و تێکەڵ ئەبێت، ئەمە دەبێتە یەکێك لە موشکیلەکان، یەکنەگرتنەوەی ئاویش یەکێکە لە موشکیلەکانی ئێمە، خەڵکیش هەست بەمەسئولیەت ناکات، کەس بەلوعەی نیە، ئەو ئاوە زۆرەی کەلەزێوە دێتە ناو هەولێر هەمووی بەبەلاش ئەڕوات، ئەمەش دیسان جارێکی تر نەخۆشی بڵاوئەکاتەوە، کە تێکەڵ ئەبێتەوە لەگەڵ ئاوەڕۆکان، مەشاکیلێکی ترمان بۆ دروست ئەکات، گرتنەوەی بەلوعەکان ئەگەر هیمەتێکی باش بکرێت، ئەوە شتێکی باش ئەبێت، یەك موشکیلەی ترمان هەیە، ئەبێ هاوکارییەکی باشی گەڕەکە شەعبیەکان بکرێت، ئێستا ئەگەر بەو جادە شەعبیانەدا بڕۆیت، ئەبینی خەڵکەکە هیچ متعاون نیە بەهیچ جۆرێك بەڕاستی، مەسائیلی سەیارەی حاوییە زۆرە، بەس خەڵکەکە گوێی نادەنێ، مادام خەڵکەکە گوێی نادەنێ ئەبێ شارەوانی چارەسەرێکی ئەو موشکیلانە بکات، بەشێوەیەکی ڕێك وپێك، لەلایەکی کەوە ئەو بیرە زۆرانەی کەوا لەسلێمانی لێدراوە، ئەو بیرانە لەبەر ئەوەی کاتی خۆی شارەکان بەبێ بەرنامە گەورە بوون، هەرکەسێك بەئارەزووی خۆی فەرعێکی لێ کردووەتەوە، ئەوانە نەئاوییان هەیە نەئاوەڕۆیان هەیە، بۆیە نەخۆشیەکان دەستی پێکردووە، ئەو گەڕەکانەی کەوا قەدیمی سلێمانین کە بیریان لێداوە، لەبەر ئەوەی وەکو کاك ئارێز وتی خۆیان ئاوەڕۆیان هەیە، تووشی نەخۆشیەکە نەبوون، ئەو گەڕەکانە تووش ئەبن کەئاوەڕۆیان نیە، ئاوەکەشیان بیرە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت لیژنەی شارەوانیەوە وادیارە دانیشتنێکی تایبەتی بۆ دەکەین، بەس ئەمن پرسیارێکم هەیە، بەنیسبەت جەنابی وەزیر ئیشارەتی دا بەقەرزی درێژ خایەن، ئەگەر ئێمە ئینتیزاری ئەو قەرزە بکەین وادیارە هیچمان پێناکرێت، داوا دەکەم لەپەرلەمان پشتگیری وەزارەت بکات وداوا بکات لەحکومەتی هەرێم لەبودجەی 2008 باشترین بودجە دابنرێت، بەپێی ئەو پرۆژانە کە ئامادە دەکرێن بۆ جێبەجێکردنی ئاوو

ئاوەڕۆکان لەگشت کوردستان، نەوەك هەر لە سلێمانی و هەولێر وجێگەی تر، بەگشتی بۆ هەمموو کوردستان، پرۆژە دابمەزرێت، کولفەکەی دیاری بکرێت، لەبودجەی 2008 ئەو پارەیە دیاری بکرێت، لەهەمموو شتێك موهیم تر وگرنگتر کێشەی ئاو وئاوەڕۆیە، ئەوانی تر لێدەگەڕێم بۆ دانیشتنی تایبەت، بەس دوسێ گەڕەکی هەولێریش ئەو گەڕەکە کۆنانە کەهەیە، پێم خۆشە ئاگاداری جەنابی وەزیر بکەم بۆ بۆڕی ئاوی خاوێن، لەسەر رووی زەوی هاتووە، وەختی خۆی لەبن زەوی دەریانهێناوە بۆ ئەوەی خاوێن بێت تا تووشی نەخۆشی نەبن وخاوێن بێت، کەچی ئێستا بۆڕییەکان هەمووی سۆندەی تێخراوە لەدەرەوە، قبوڵ بکەین یان نەیکەین لەگەڵ ئاو تێکەڵ دەبێت، ئەوانە ئەگەر رەچاوبکرێت وئیجرائاتێك بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك کەرخی فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، بەڕاستی دوو، سێ برادەر لەئەندامانی پەرلەمان باسی ئەوەیانکرد، کەتەناقوزاتێك هەیە لەنێوان راپۆرتی وەزارەتی تەندروستی لەگەڵ ئەو شەرحەی کە ئێستا جەنابی وەزیر کردی، بەڕاستی ئەوان زۆر بەڕاشکاوی دەڵێن سەرچاوەی کۆلێرا لەئاوەکەیە، جەنابی وەزیری شارەوانی دەڵێت ئاوەکەمان پاکە و ئەو هەمموو سامپلانەمان وەرگرتووە، هەر هەموویان پاك دەرچوون، ئەوە بەڕاستی جێگای دڵە راوکێیە، ناتوانی تۆ یەعنی شتەکە لەکوێیە، یان خەلەلەکە لەکوێیە، دووەم باسی ئەوەی کرد، کە پێنج هەزار سێت حەبی ناردۆتە سلێمانی، لەکاتێکدا کە لە 67٪ی خەڵکی شاری سلێمانی بێ ئاون، گوایە ئاوەکەی کەبەکاری دێنن پاك نیە، پاشە لە 67٪ی خەڵکی شاری سلێمانی بە 5 هەزار سێت چارەسەر دەکرێت ئایا، من پێم وایە ئەو رەقەمە هەر هیچ نیە بەرامبەر بەو رەقەمەی دانیشتوانی ئەوێ، ئەو تەنکەرانەی کەوا باسی کرد، بەڕاستی تەنکەرەکانیش لەوانە هەر ئیحتیاجاتی چەند گەڕەکێك پڕبکەنەوە، بۆیە پێمان وایە ئەوە کارێکی زۆر لەوە جدی تری دەوێت، چونکە موشکیلەکەی سلێمانی زۆر لەو رەقەمانە گەورەترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو هەمموو لایەکمان ئاگادارین، ئێمە دوێنێ دەستخۆشیمان لە وەزیری تەندروستی کرد، ئیمڕۆ دەستخۆشی لە وەزیری شارەوانی دەکەین، سەبارەت بەوچالاکیانەی کەئەنجامی داوە، ئێمە کە دەستخۆشی دەکەین لەوەزیرە بەڕێزەکان، مانای وانیە کە ئەو وەزارەتانە کەموکوڕییان نیە، بەڵکو لەو قۆناغەدا توانییویانە ئەرکەکانی خۆیان بەشێوەیەکی رێکوپێك جێبەجێ بکەن، رەنگە وەزارەتی شارەوانیش

کەموکوڕی هەبێت، ڕەنگە وەزارەتی تەندروستیش کەموکوڕی هەبێت، ڕەنگە وەزارەتەکانی تریش کەموکوڕییان هەبێت، بەڵام ئەوە مانای وانیە هەر ئەوان بەرپرسن، حکومەت بەرپرسە، وەزارەتەکان بەرپرسە، پەرلەمانیش بەرپرسە، باس لەوەکرا وەزیری شارەوانی سەردانی شارەوانیەکانی کردووە یان نەیکردووە، من دەپرسم لەخۆشمان ئایا لیژنەکانی پەرلەمانی ئێمەش چوینە، سەردانی شارەوانیەکانیان کردووە وەکو پێویست، ئایا لیژنەکانی ئێمەش چوون موتابەعەی ئاوی پیسیان کردووە؟، لە فەحصی موختەبەری ئیشرافیان کردووە لەسەر ئەو مەسەلانە، حەتا یەکلابێتەوە بزانین مەسدەری ئەو پیسیە لەکوێیە، بۆیە بەحەقیقەت لەم مەسەلانە نابێ ئیتیهام تەوجیهی فلان یان فلان بکرێت، هەموومان هەر بەرپرسیارین، پێویست بەئێمە دەکات، کە ئێمە لەو قۆناغەدا، لەو هەلومەرجەدا هاوکاری یەکتری بین، پێویستە ئێمە هەماهەنگی لەگەڵ یەکتری بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو ڕەخنانەی کەهەیە، ئەو گلە وگازندانەی کەهەیە، بەهەموو لایەك چارەسەری بکەین، هیوادارم ئەم قسانەی کەواکردم لەبەرژەوەندی هەمووولایەك بێت و، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاوی زێراب تێکەڵی سەرچاوەکانی ئاوی سلێمانی بووە، ئەوەش سەلمێنراوە، کە یەکەم لەشارۆچکەی دوکان ئاوی زێراب تێکەڵ بە سەرچاوەی ئاوی سلێمانی دەبێت، لە گەڕەکەکانی ناو شاری دوکانیش ئاوەکە دەچێتە ناو زێوە و پیس دەبێت، هەندێ کەسیش هەر لەزێکەوە ئاویان راکێشاوە بێ ئەوەی پاکبکرێتەوە، لەماڵاندا بەکاری دەهێنن، زۆربەی زۆری ئاوی زێکان وچێشتخانەکان ودوکانەکان وکابینەکانی دوکانیش پاشەڕۆکەیان دەچێتە ناو زێکەوە، ئەمانە بوونەتە هۆی پیس بوونی ئاوەکە وبوونەتە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیە، کە چەندەها کەس بوونە قوربانی و چەندەها کەسیش تووشی سکچوون بوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك محمد رفعت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر ئەکەم، دەستخۆشی لێ ئەکەم بۆ ئەو راپۆرتەی کەوا پێشکەشی کرد، هیوادارم ئەو بەرنامەی کەدایناوە موتابەعەی بکات، چونکە وەکو خۆی ئاماژەی پێکرد، کێشەی ئاوی شاری سلێمانی، کێشەیەکی کۆنە، بەڵام دیارە من ئاماژە بەهەندێك یان کەمێك لەو راپۆرتانەی مودیریەتی ئاوی شاری سلێمانی ئەکەم کەناردووییان بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، لە ساڵی 2003 وە تاکو ئێستا، بەڵام هیچیان بۆ نەکراوە، بۆیە بەپێویستی ئەزانم برادەران، ئەندامانی پەرلەمان، وجەنابی وەزیر، کەمێك لەو

نووسراوانەی بخەمە بەردەم، یەکەم: نووسراوی (423) رۆژی 2007/2/6 کە داوای دروستکردنی گەنجینەی تایبەت بە کلۆر وهەندێ شتی تری تایبەت ئەکات، دوو: نووسراوی ژمارە (3623) لە رۆژی 2006/7/10 نووسراوی (6042) رۆژی 2006/7/27 نووسراویان (6996) رۆژی 2006/12/19 دەربارەی نوێکردنەوەی پرۆژەی ئاوی دوکان_سلێمانی، سێ: نووسراویان ژمارە(47) رۆژی 2007/1/18 دابین کردنی سۆپەر پارتی زۆر پێویستە بۆ پرۆژەی ئاوی دوکان، چوار: نووسراویان ژمارە(4036)رۆژی 2006/7/25 دابین کردنی سۆپەر پارتی میکانیکی وکارەبای بۆ ترۆمپاکانی (ئای، دی، پی) ئامێرە کارەباییەکانی ئاوی سەرچنار گردی جۆگە، (p.w.g) نووسراویان ژمارە(4036) لە رۆژی 2006/7/25 کڕینی بۆڕی وملحەقات وقفلْ، شەش نووسراویان ژمارە(6999) رۆژی 2006//2/19 دەربارەی ئاوی دوکان_سلێمانی کەدەڵێت باری کاری کارکردنی زۆر زۆر خراپە، داوا دەکات بەپەلە کار بۆ نوێکردنەوەی بکرێت وکڕینی شەش ترۆمپاو دوو ماتۆڕ، من پرسیار لەجەنابی وەزیر ئەکەم، ئەو نووسراوانە چەندی لێ جێبەجێکراوە، ئەگەریش جێبەجێکراوە کامانەن، ئەگەر جێبەجێ نەکراوە بۆ نەکراوە؟ بۆیە پێشنیار ئەکەم، یەك: لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دروست بکرێت، یەکێك لەئەندامانی لیژنەی شارەوانی پەرلەمانی کوردستان ئەندام بێت لەو لیژنەیەدا، بۆ لێکۆڵینەوە لەو کەسانەی کەوا موقەسیرن بەرامبەر بە جێبەجێ نەکردنی ئەم نووسراوانە، وە ئەو کەسانەی کەوا موقەسیرن بەگوێرەی یاسا سزای خۆیان وەربگرن، دوو: پێشنیار ئەکەم کە پەلە بکرێت هەروەکو ئاماژەی پێدا جەنابی وەزیر، بۆڕی ئاوی دوکان سلێمانی ئەو کۆمپانیا من تەئیدی قسەکانی نازناز خان ئەکەم، کە ئەبێ تۆ تێمان بگەیەنیت بۆچی نەکراوە، ئەو کۆمپانیایانە بۆ ئیشەکانیان نەکردووە، ئایا ئێوە چیتان کردووە بۆ موراقەبە کردن وسزادانی ئەو کۆمپانیایانە، حەقە ئاگادارمان بکەنەوە، سێ: پێویستە پەلە بکرێت لەتازەکردنەوەی ئەو بۆڕیە خراپانەی ناو شاری سلێمانی، چوار: پێویستە پەلەبکرێت لەراکێشانی بۆڕی بۆ ئەو گەڕەکانەی سلێمانی کەبۆری ئاویان نیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك هیوا فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا من ئەمەوێت ئەوە بڵێم ئەم نەخۆشیە کەسەری هەڵداوە، دەرەنجامە، لەبەر ئەوە ئێمە پێویستە پرسیار بکەین، هۆکارەکانی چیە لەدوایدا بچین چارەسەری ئەو هۆکارانە بکەین، خاڵێکی تر، ئێمە ئەندامانی پەرلەمان پێویستە لەم بابەتانە زۆر بەشەفافانە قسە بکەین، هیچ سەیری یەکتری نەکەین، سەیری لایەن نەکەین، بەڵکو ئەصڵی قەزییەکە لەبەر چاومان بێت، بۆ ئەوەی بتوانین قسەی لەسەر بکەین و دەرەنجامێکی هەبێت باسەکانمان، ئەم دەرەنجامە نەخۆشی کۆلێرا کەسەری هەڵداوە، دەرەنجامی پانزە ساڵ ئیدارەی حکومەتی هەرێمە، زۆر بەجورئەتەوە بڵێین ئێمە لەکۆمەڵە بوارێکدا گەندەڵیمان بووە، بۆ

ئەوەی دەست بخەینە سەر گەندەڵییەکان تاچارەسەری بکەین، ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی بتوانین حکومەتەکەمان تەفعیل بکەین، پەرلەمانیش رۆڵی خۆی هەبێت، وەکو هەندێك لەو برادەرانە ئاماژەیان پێکرد، لەزۆربەی وڵاتەکاندا کەجەماوەر متمانە ئەدات بەکەسێك، یان بەلایەنێك لەئەنجامی ئەو خزمەتانەدا ئەیکات کەشارەوانیەکان پێشکەشی ئەکەن، بۆیە ئێمە ئێستا ئەم نەخۆشیە کەباسی ئەکەین نامانەوێت وەزیرە یان وەزیرێك، دەزگایەك تۆمەتبار بکەین، ئێمە هەموومان لێی بەرپرسین، ئەبێ بەدوایدا بچین، ئەم پێهەڵسانەی ئێمەش نموونەیەکی باشە بۆ کاری پەرلەمان، هیوادارم وەزیرە بچێت بەدوای ئەو پێشنیارانەی لیژنەکان وبەتایبەتی پێشنیارەکانی نووسینگەی سلێمانی بۆ ئەوەی بتوانین چارەسەری کێشەکان بکەین، و سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕەئی ئێمە کەموکوڕی لەهەموو شوێنێك ولەهەموو وەزارەتێکدا هەیە، لەهەموو دامودەزگایەکیش، بەڵام نەبوونی ئیجرائات هۆی سەرەکی هەموو گیروگرفتەکانە لەوڵاتەکەی خۆماندا، من چەند تێبینی وپێشنیارم هەیە، هەموویان لەروانگەی راپۆرتەکەی جەنابی وەزیرەوە سەریان هەڵداوە، جەنابی وەزیر دەڵێت مەبالغی گەورە وباسی مەبالغی گەورەو خەیاڵی دەکرێت، کە بۆ پرۆژەکان دانراوە، بەڵام کەچی پرۆژەکان جانازانم تەقسیری کۆمپانیاکانە یان تەقسیری وەزارەتە یان تەقسیری دامودەزگاکانی ترە، بۆ تائێستا ئەم پرۆژانە بەکۆتا نەگەیشتوون، یان هەر هیچ نەبێت بەنیوە یاخود کەمیش نەگەیشتوون، من لەگەڵ ئەم هەموو پرۆژانەشدا هەرچەند سەیری گلەیی ورەخنەکانی خەڵك ئەکەم، نەك هەر هەمان گلەیی ورەخنەیە، بەڵام رۆژ بەدوای رۆژیش زیاتر دەبێت، گلەیی ئێوە لەنەبوونی بودجەی هەرێمی کوردستان دەکرێت، ئێمە پێش چەند مانگێك بودجەی ساڵی 2007 وئێستاش باسی بودجەی 2008یش ئەکەین، ئێوە ئەڵێن ئەم پرۆژانە بەساڵێك ودوو ساڵ من دەڵێم سێ ساڵ وچوار ساڵیش پرۆژە هەیە تەواو نابێت، بەڵام من دەپرسم ئایا ئەم ساڵ ودووساڵ وتا پێنج ساڵەش کەی دەست پێدەکرێت، خۆ ئەبێت ئێمە رۆژێك دەست بە پرۆژەکان بکەین، نەبوونی تەنسیق لەنێوان ئێوەو هەندێك وەزارەتی تر لەگەڵ بازاڕدا، بەڕاستی ئەمەش شتێکی زۆر خەتەرناکە، مەسەلەیەکی عەرەبی هەیە دەڵێت (مصائب قومٍ عند قومٍ فوائد) پەتای کۆلێرا لەوڵاتەکەی ئێمەدایە، بەڵام کەچی سەببەبەکەی نەبوونی ئاوی سازگارە، کەچی ئاوی مەعدەنی نرخەکەی بەرز ئەبێتەوە، خاوەن عارەبانەکان ئێستا میووەو سەوزەیان گرانکردووە، دەڵێن وەڵڵا بە ئاوی سازگارو ئاوی شیرین ئاو دراوە، کەچی ئێمە موشکیلەی ئاوی سازگارمان هەیە لەکوردستاندا، منیش تەئکید ئەکەمە سەر ئەم خاڵە بەڕاستی، چەند برادەرێکیش ئیشارەتیان پێدا، جەنابی وەزیر ، باسی سەدان سامپڵ دەکات، تەنها دوو سامپڵ پیس بوون لەئاوی سلێمانی، کەچی وەزارەتی تەندروستی کێشەی گەورەی یاخود هۆی سەرەکی

ئەم پەتایە بۆ نەبوونی ئاوی سازگار لەسلێمانیدا گەڕاندەوە، من پێشنیار ئەکەم ئەم دوو وەزارەتە خۆیان ئەم مەسەلەیە یەکلایی بکەنەوەو بۆ رۆژنامەو میدیاکانیش وەلامێکیان هەبێت، پرسیاری کۆتاییم من دەپرسم بێجگە لە وڵاتەکەی خۆمان لەچ شوێنێکی دونیا بووە زەوی دابەشبکرێت، خانوو دروست بکرێت، دوای چەند مانگێك دوای چەند ساڵێك خزمەتگوزارییەکانیان پێبدەن، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی بەڕێز جەنابی وەزیر ئەکەم، وەڵلا سەرەتا نەئەبووایە کاك ناصح بەو زمانە قسەی بکردایە، چونکە ئەوە زامەکانمان ئەکولێنێتەوە، ئەوە لەبەرژەوەندی ئیتیفاقیەی ئیستراتیژی نێوانیمان نیە، دیارە هەر لەسەر قسەکانی کاك ناصح پشتگیری قسەکانی کاك دلێر ئەکەم، فعلەن هەموو حکومەت مەسئولە لە ژیان وگوزەرانی خەڵك، مەسئولیشە لەهەموو کێشەو ئەو پەتایانەی کەوا بڵاو ئەبنەوە بەتایبەتی لەناو حکومەت، ئەو چوار وەزیرەی کەوا بانگهێشتکران، خۆ بەبێ هۆ نەبووە ئەو چوار وەزارەتەمان بانگهێشت کردووە، بەڵام تایبەتتر کێشەی ئاو وئاوەڕۆ پەیوەندی بەوەزارەتی شارەوانیەوە هەیە، ئەوە لەهەموو دونیا وایە، کێشەی ئاوو ئاوەڕۆ پەیوەندی بە وەزارەتی شارەوانیەوە هەیە، بەتەئکید هەموو وەزارەتەکانی پێشتریش بەرپرسن لەکەموکورتی ئاوو ئاوەڕۆی هەموو شارەکان، هی سلێمانی، هی هەولێر، هی دهۆکیش، لەسلێمانی ئاو خراپە، لەهەولێر ئاوەڕۆ خراپە، بەڵام وەزارەتی شارەوانی زیاتر دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق کەخۆمان ئەزانین، وەزعەکان بەرەو کرانەوەو بودجە وئەوانە زیاتر مەسئولە، بەڵام خۆ حکومەتیش ساڵێك وچوار مانگ و23 رۆژە یەکی گرتۆتەوە، من ئەپرسم لەم ساڵ وچوار مانگ و23 رۆژەدا، وەزارەت چ کارێك وپلانێکی جدی کردووە، بۆ چاککردنی ئاوو ئاوەڕۆی سەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستان، سلێمانی وهەولێر بەدهۆکیشەوە، چونکە خۆمان ئەزانین دهۆکیش ئاوەڕۆی نیە، ئێستا ئێمە بۆ مەسەلەیەك دانیشتووین کەپەتای کۆلێرایە، پەتای کۆلێرا ئێستاش هەیە، ئێستاش بەردەوامە، جەنابی دکتۆر فواد دوێنێ چووەتە خەستەخانە ئەخیر ئاماری وەرگرتووە، تا دوێنێ 630 حاڵەتی پۆگەتیف هەیە، ئەوەش علیمیە کەمەسەلەی بڵاوبوونەوەی کۆلێرا لەئاوەوەیە دیارە دکتۆر فواد خۆی جەنابی باسی ئەکات، ئێمە لەبەردەمی ئەوەداین کە ساڵێکی تر ئەم کاتە پەتای کۆلێرا سەر هەڵبداتەوە وبەخراپتریش، چونکە رێژەی دانیشتوونیش زیاد ئەکات، پرۆژەکانیشمان بەرەو خراپتر ئەڕوات، بۆیە ئێمە داوا ئەکەین وەزارەتی شارەوانی هاوشان لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی تریش بەتایبەتی وەزارەتی تەندروستی لە سلێمانی، لەناو شاری سلێمانی، غورفەی عەمەلیاتیان هەبیت، بەدوای ئەو کێشەیەدا بچن، چارەسەری مەسەلەکان بکەن، من بۆخۆم چووم هەتا مەنتیقەی دوکان، ئەمەوێت تەنها باسی ئەوێ بکەم بەپەلە، چوومەتە قەشقۆڵی دوو پەمپی هەیە یەکێکیان ئیش ناکات، یەکێکیان سێ

بۆڕی لەسەرە، یەكێكیان شەبەقێكی ئەوەندەی تێدایە، ئەو دەبە كلۆرانەی كەوا وەزارەت ناردوویەتی لە حەوشە بڵاو كراونەتەوە، باسی مەترسیەكەی ناكەم، بۆ ئەوەی قەزای دوكان چۆڵی نەكەن، چووینەتە پیرقوربان، لەوێ زۆر بەتەفصیل باسی ناكەم لەبەر كاتەكە، پەمپی ئاوی شەب ئیش ناكات، ئەو حەوزی تەسریبە، هینێكی لەسەرە ئیش ناكات، سەرجەم بۆردەكان ئیش ناكەن ئەمانە هەمووی دەرخستەی دراوەتە سەرجەم وەزارەتەكان وبەتایبەتی ئەم وەزارەتەش، بۆیە داوا ئەكەین وەزارەت زۆر بەپەلە ئیش لەسەر ئەم مەسەلانە بكات، ئێمە هەموو مەسەلەی ئاوو ئاوەڕۆ ئەخەینە سەر سەرجەم وەزارەتەكان وسەرجەم وەزارەتی شارەوانیەكانی یەك بەدوای یەك، بەڵام جەنابی وەزیر حەق وایە لەم ئەمڕۆوە ئیش لەسەر ئەوە بكات، كە ئاوو ئاوەڕۆی شارو شارۆچكەكان فیعلەن بپارێزێت لە پەتای كۆلێرا، بەتایبەتی ئەوەی سلێمانی من پشتگیری هەموو پێشنیارەكانی راپۆرتەكەی كاك محمد رفعت ئەكەم بەتایبەتی پەلەكردن لە راكێشانی هێڵی دووەمی دوكان سلێمانی وهێڵی سێیەمیش، چونكە بەتەئكید هێڵی دووەم بەش ناكات، ئەبێ كارێك بكات وەزارەت هێڵی سێیەمیش رابكێشێت، صیانەی شەبەكە كۆنەكانی سلێمانی بكرێت، ئەو 35 گەڕەكەی شەبەكەی نیە، شەبەكەی ئاوی بۆ رابكێشرێت، صیانەیەكی بەپەلەی ئەو مەحەتە گرنگەی دوكان بكات، چونكە بەشێكی ئاوی هەولێریش لە دوكانەوە دێت، ئەگەر ئاوی دوكان لەرووی نەوعیەتەوە میكرۆبی تێدا نەبێت، من لەكۆبوونەوەكەی پێشووشدا باسمكرد، رەنگە كلۆر ومیكرۆب وئەو شتانەی تێدا نەبێت، بەڵام لەرووی نەوعەوە خراپە، چونكە ئاوەكە وەك پێویست ناپاڵێورێت، وەك پێویست شەبی تێ ناكرێت، وەكو پێویست مەكائین وجیهازو پەمپەكانی ئیش ناكات، لەبەر ئەوە نەوعیەتەكەی لە 100٪ نیە بۆ نەخۆشیەكانی تری وەكو گورچیلەو ئەو بەردانەی كەوا دروست ئەبێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

كاك تەلعەت محمد فەرموو.

**بەڕێز طلعت محمد صالح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی وەزیر ئەكەم، من باسی گوندەكانی هەولێر ئەكەم، دەورووبەری هەولێر زۆر زۆر سوپاسیان ئەكەم گوندەكانی دەربایە لە پشت گەشقەو خوڕخوڕو چاڵە گردەڵەو جل بەسەر، بیرتان بۆ لێداون، زۆر زۆر سوپاستان ئەكەم خوا موەفەقتان بكات رەبی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

كاك حمە رەشد فەرموو.

**بەڕێز رشید كریم رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە لەسەر مەوزوعی لە 33٪ی نیسبەتی شاری سلێمانی ئاوی بەرئەکەوێت، ئەو ئاوەش کەبەری ئەکەوێت کەمە، یەعنی رۆژێ نارۆژێکە دوو سەعات یان سێ سەعاتی بەر ئەکەوێت، تەبعەن ئەمە بەتەنها هەر لەسەر ئەو قسەیەم هەر بەتەنها بەڕاکێشانی هێڵی ئاوی دوکان_سلێمانی چارەسەر ناکرێت، لەهەولێر عیلاجێك کراوە، عیلاجەکە سەریعە، بۆ زۆر گەڕەکیش ئەمە کراوە، یەکێك لەو گەڕەکانە کە منی تێدا ئەژیم، لەموفتیە عیلاجەکە پار، پێرار ئاومان نەبوو، مەنتیقەکە بێ ئاوییەکی چاکی تێکەوت، بەڵام بیری ئیلکیوازییان نەك بە سەتحی بەئاوی سەتحی وەرگرتن، کەلەسلێمانی باوە، بەچاکی عیلاج کرا، ئایا ئێوە ناتوانن بۆ ئەوەی بەسەریع ئەو موشکیلەی ئاوە چارەسەر بکرێت، بەتایبەتی کاتێ کەزەوی تەوزیع کراو شارەکە فراوان بووە، ناکرێت لەو شوێنانە عەلەل ئەقەل بیری ئیلکیوازی لێ بدرێت، لەگەڵ ڕێزمدا، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك محمد حکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر چی من داوای قسەم نەکردبوو بەڵام دیارە جەنابت حەز ئەکەیت قسە بکەم، وەڵڵا من یەك تێبینیم هەیە ئەو برادەرانەی کەوا زۆر رەخنە لەبیری سوری ئەگرن، ئێمە لە 70٪ی شاری سلێمانی زۆر مەمنوونی ئەوانەین کەوا سورین، چونکە لە70٪ی خەڵکی شاری سلێمانی ئەوانەی کەخەڵکی ئەوێن ئاگادارن وە مەمنوونی بیر هەڵکەنەکانین و مەمنوونی ئاسنەکانیشین ئەوە حەقیقەتێکە، دووەم: من یەك تێبینی ترم هەیە، ئەویش ئەوەیە زۆرجار خۆمان لائەدەین لەوەی دەست بخەینە سەر زامەکان، بەحەقیقەت زۆرجار ئەڕۆین بەدەوریا ولەدەوری مەسەلەکە قسە ئەکەین، ئەگەرنا کێشەکان هەمووومان ئەزانین چین وچۆنن وچۆنیش چارەسەر ئەکرێن، کێشەی بێ ئاویش لەسلێمانیدا بەحەقیقەت پێویستە جەنابی وەزیر کە تەشریفی لێرەیە لەئەولەویاتیدا بیگرێت، ئەوانەش کەوا ئێستا سەرپەرشتیاری شاری سلێمانی ئەکەن، ئەوانیش حەقیقەت وایە کە ئەوان بەرپرسن لەو مەسئەلەدا، لەحاڵەتێکی واشدا لێکۆڵینەوە هەبێت، سزاش هەبێت، بۆ ئەو کەسانە کەوا کەمتەر خەم بوون، ئێمە ئەڵێین چووین دوکانمان بینیووەو وەزعەکەمان بینیووە بەڵام مەسئولەکانیش هەموو لەجێگای خۆیانن وئێمەش بەردەوام دەستخۆشیان لێ ئەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە کادیری باش ئەوەیە ئیلتیزام بەئەرکە حزبیەکانیەوە بکات، ئەوە یەك، دوو: کۆلێرا لەساڵی بیستەکانەوە لە عێراقدا تەوتین بووە، لەسەدەی پێشوو لەهەولێر، لە حەفتاکاندا هەولێر هەشت هەزار کەسی توشی کۆلێرا بووە، یەعنی عیلاقەی بەوەوە نیە ئەگەر لەشوێنێك بڵاو نەبووبێتەوە ئەوە دەستکەوتی حزبی نیە، بۆیە برادەرانی ئێمە حەقە لەوە ئاگادار بن، دوو: جەنابی وەزیر نازانم بۆ راگرتنی بیری ئەلکیوازی چیتان کردووە، بۆ راگرتنی زەوی بێ خزمەتگوزاری چیتان کردووە، حەقە زەوی تەوزیع نەکرێت بەبێ ئەوەی خزمەتگوزاری بۆ ببردرێت، بەتایبەتی ئاو، من یەك پرسیاریشم هەبوو، پرۆژەی ئاوی لادێ کاتی خۆی هەبوو لەسەر وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بوو، نازانم ئێستا مەسئولیەتی کێیە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

تکایە لە مەوزوعەکە دەرمەچن، چونکە ئێمە ئەو مەوزوعانە باس ئەکەین کە مەربووتە بەنەخۆشی کۆلێرا نەك بیر، بەڕێز کاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من زۆرخاڵم لە بیر بوو، بەڵام هەندێکیان ئەو بەڕێزانەی پێش من باسیان کرد، تەنها یەك دوو خاڵێکم لاماوە، ئەویش ئەوەیانە ئێمە بەحەقیقەت کۆمەڵێك شت هەیە، واقیعە و حەقیقەتە، دوو: حاڵەتێکی تر هەیە، من ئەمەوێت باسی ئاوی کەلار بکەم کەلە رووباری سیروانەوە هەڵ ئەگیرێت ودابەش ئەکرێت بەسەر خەڵکی قەزای کەلارو ناحیەی رزگاریدا، ئەو ئاوە لەرووباری سیروانەوە دێت، رووباری سیروانیش لەبەنداوی دەربەندیخانەوە دائەبەزێت، بێجگە لەوەی کەئاوەڕۆی هەموو دەربەندیخان ئەچێتە سەر ئەو رووبارە و، دەیان مەعمەلیش ئەو برادەرانەی کەوا  خەڵکی ئەو ناوچەیەن ئەزانن، کەلەسەر رووباری سیروان هەتاکو کەلار دروستکراوە، من بۆخۆم ئەو مەشروعەم بینیووە وچوومەتە سەری کەئاوەکەی لێ دەرئەچێت و دابەشی ئەکات بەسەر کەلارو بەسەر گەرمیان وسمود وئەو مەنتیقانەدا، بەحەقیقەت ئاخر دەرەجە پیسە وناپوختەیە، بۆیە من ئەو پرسیارە لەجەنابی وەزیر ئەکەم، کەبۆ ئایندەو لەمەدای کاری خۆیدا هیچ بەرنامەیەکی هەیە بۆ ئەوەی کەوا سەردانی ئەو شوێنانە بکات وخەمێکی گەرمیانیش بخوات، چونکە ئێمە بەڕاستی ئەگەر حساب بۆ کۆلێرا بکەین وابزانم زیاتر گەرمیان لەهەموو روویەکەوە خزمەتگوزاری کەمە، رەنگە زیاتریش بۆ تووشبوون نزیکتر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی بەڕێز جەنابی وەزیر ئەکەم، ئاماژە بەقسەکانی کاك حاتم بکەم، من خۆم خەڵکی مەنتیقەی کەلارم، ئەو ئاوەی کەئێستا ئاوی کەلارو رزگاری بەزۆری دابین ئەکات، حەوزێکی سەرکراوەیە بەرووبەری

نزیکەی کیلۆمەترێك، پار خۆم لەهەڵمەتی چاودێری پاککردنەوەکەی بەشداریم ئەکرد، شۆفڵ ئیشی تێدا ئەکرد، بەداخەوە ئەڵێم ئاژەڵی تۆپیوی تێدا بوو، ئەو ئاوە بەمەسفیەیەکی زۆرلاواز دێت بۆ ماڵەکان، زۆربەی کات قوڕاوە، بەتایبەت لەزستاندا ئاوەکە ئەوەندە لێڵە بەهەفتە خەڵك ناتوانێت بەکاری بهێنێت، ئەوە بەشێکی ئاوی سەرەکی رزگاری وکەلارە، سەبارەت بەوەی کەوا ئێمە بەردەوام هاوارمان بووە لەگەڵ شارەوانیدا وجەنابی وەزیریش ئاماژەی بە بودجەدا، بەداخەوە من ئەڵێم شارەوانی دەوڵەمەندترین وەزارەتە کە داهاتی خۆشی هەیە، ئەنجومەنی پارێزگاش پاڵپشتێکە بۆی، تا ئێستا گرفتی ئاوی خواردنەوە گرفتێکی سەرەکیە، لە تەواوی کوردستان بەتایبەتی لەگەرمیان، یەکێك لەگرفتە گرنگەکانی تری وەزارەتی شارەوانی نەبوونی پلانە بۆ گلدانەوەی ئاوی خواردنەوە، کە ئاوێکی زۆر هەیە، لە بیرە ئیلکیوازییەکان ناوچەی گەرمیان، بیرە ئیلکیوازییەکان زۆر خاوێنن، زۆر تەندروستن بە پێی ئەو تاقیکردنەوانەی کە کراون، بەڵام هیچ بیرێکیان تەنکی گلدانەوەی لەسەر نیە، ئەو چەند سەعاتەی کەوا ئەدرێت بەماڵان دوای تەواو کردنی ئیشی خۆیان ئیتر ئاوەکە ئەڕوات، ئەوە یەکێکە لەزەرەرە گەورەکان کە بەئاو گەیشتووە، بەداخەوە ئەڵێم من خۆیشم وەکو وەفدێکی پەرلەمان سەردانی دەرەوەی وڵاتم کرد، لەهەر وەزیرێك یان کۆمەڵێك کارمەندم ئەپرسی کە ئەچێتە دەرەوە، چارەکی ئەوە سوودی بۆ ناوچەکە نیە کەخۆت ئەچیت راستەوخۆ و ئەرزی واقیع ئەبینیت، من چوارجار بۆ گرفتی ئاوی کەلارو ناوچەکە ویستوومە سەردانی جەنابی وەزیر بکەم، بەداخەوە نەگەیشتینە یەك و جەنابی وتیان لەسەفەردایە، یەك گرفتی تر بەگرفتی شارەوانی ئەزانم وەکو کەسێك کە پێشتر فەرمانبەر بووم و چاودێری ئیشەکان ئەکەم، پێشنیاریش ئەکەم لەکاتی وەزارەتیشدا وتوومە، تکا ئەکەین دابەشکردنی زەوی لەئیشی شارەوانی جیا بکەنەوە، باوەزارەتێکی تر ئەو کارە بگرێتە ئەستۆ، بەتایبەتی ئیشی وەزارەتی شارەوانی ئاوو ئاوەڕۆیە کە بەهۆی سەرقاڵیان بەزەوییەوە، نایانپەرژێتە سەر کارەکانی خۆیان وبایەخ بدەن بەکرێکارەکانی پاککەرەوە، من لەگەرمیان زۆرجار لێیانەوە نزیکم، کرێکارێکی پاککەرەوە لەگەرمیان هەیە مانگی 100 هەزار وەر ئەگرێت، چی ئەکات بەو 100 هەزارە، بایەخ بەوانە بدەن کە کۆڵەکەی ڕاگری ئیشەکانی شارن، تکا ئەکەم بایەخ بەو لایەنە بدەن، وە مەسەلەی ئاوی خواردنەوە دووبارەی ئەکەمەوە نەك لەسلێمانی لە زۆربەی ناوچەکاندا بەتایبەتی لەگەرمیان، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەنیاز نین هەموو کەموکورتیەکان بخەینە سەر بەڕێز وەزیری شارەوانی، دەستخۆشی لەمیش ئەکەین وەکو وەزیرەکانی تر، بەڵام ئێستا وەبایەك لەئارادایەو کێشەیەکی گەورەی کۆلێرا وا خەریکە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان ئەگرێتەوە، خۆ ئەبێ کەموکورتی وپێشنیارەکان بخەینە بەردەمی بەڕێزیان،

گفتوگۆش بکرێت لەگەڵیان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، بەڕاستی کەگوێ بیستی راپۆرتەکەشی بووین لەو بەرنامەی کارو پرۆژەو ئەو شتانە، جێگای دڵخۆشی بوو، بەس کەباسی قەرزی کردو چاوەروانی بۆ قەرز بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکان، ئەوە جێگەی مەترسیە ،ئەگەر ئێمە چاوەروان بین وا بزانم ماڵوێرانی گەورەتر لە دوایەتی، لەسەر مەسەلەی ئاوی سلێمانی، ئەو مەسەلەیە لە 100٪ ناڵێین ئەو نەخۆشیەی کە هەیە، ئەو میکرۆبە لە ئاوی پرۆژەکاندایە، راستە ئەو سامپلانەی کە وەرگیراوە، یان ئەو ژمارانەی کە باسی ئەکەن، لەوەندە ئەوەندەی دەرچووە، بەلام ئاوی بیری لێیە، ئاوی بیری سەتحی، سلێمانی 35 گەڕەکی تێدایە، کە شەبەکەی ئاوی بۆ نەچووە، هەندێکیشیان زێرابی نیە، لە زۆر لە گەڕەکەکاندا بیری سەتحی لێ ئەدەن بە چەند مەترێکی زۆر کەم، یەك، دوو مەتر لەو لاوە بیری زێرابەکەش لێ ئەدەن، ئینجا بزانە چۆن بەماوەیەکی کەم ئاوی زێرابەکە دزە ئەکات بۆ ناو ئاوی خواردنەوەکە، رەنگە ئەو نەخۆشیەی لەو ناچانەدا هەیە، رەنگە ئەوە زیاتر دکتۆر فوئاد مەعلوماتی لەسەری هەبێت، لەو شوێنانەدایە کەوا زیاتر بیریان هەیە، یان شەبەکەی ئاویان نەگەیشتووەتێ، بۆیە لێرەوە داوا ئەکەم، زۆر بەپەلە عیلاجی ئەو مەسەلەیە بکرێت، چونکە تاکو ئێستا رۆژانە ژمارەی نەخۆش وتووشبوون بەکۆلێرا زیاد ئەکات، یەعنی ژمارەکان زیاد ئەکات، یەعنی تا ئێستا سەرچاوەی نەخۆشیەکە بەتەواوەتی نەدۆزراوەتەوەو چارەسەر نەکراوە، کە چارەسەریش نەکرێت، یەعنی کارەساتی گەورەتر لەدواوەوەی ئەبێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك خورشید شێرە فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر ئەکەم، وەکو خوشك وبرایان باسیان کرد، ئەو کێشەیە کە هەیە نەخۆشی کۆلێرا خەریکە زۆربەی زۆری شارەکان ئەگرێتەوە، کۆتایشی پێنەهاتووەو هەر بەردەوامە، سەبەبی سەرەکیشی لەسەرچاوەی ئاوەکانەوە ئەزاندرێت، کێشەی سلێمانی کەباس ئەکرێت و بەژمارەش باس ئەکرێت، لە کۆبوونەوەی پێشوو زۆر باسی وەزیری شارەوانی کرا، من تەسەور ئەکەم دەبوایە جەنابی وەزیر لەکاتی سەرهەڵدانی نەخۆشیەکە چۆن وەزیری تەندروستی لەسلێمانی بوو پێکەوە تەنسیقیان بکردایە، ژووری عەمەلیاتیان دابنایە و پێکەوە بچوونایەتە سلێمانی، نەك پاش چەند رۆژێك وەزیری شارەوانی بچووبایە، بۆیە کەئەو گلەیی وگازندانە هاتە سەری من تەسەور ئەکەم زیاتر ئەوەیە کەدرەنگتر بەخۆ کەوت، ئەگەر ناکێشەی ئاوی سلێمانی و پیسی ئاوی سلێمانی و شارەکانی تر، نە هی پارەو نەهی 10 ساڵ لەمەو پێشەو نەهی 30 ساڵی لەوەو پێشیشە، کۆنەو زۆریش کۆنە، ئەو موشکیلەی ئاوەڕۆی ئاوی سلێمانی وتێکەڵ بوونی ئاوی پیس وئاوی پاك، لە هەولێریش هەیە، لەسۆرانیش هەیە، لە دهۆکیش هەیە، بەلام ئەوە نوقتەی ئەساسیە، ئەبوایە ئەوان ژووری عەمەلیاتیان پێکەوە دروست بکردایە، بە هاواری کارەکە بچووبایە سلێمانی، نوقتەی دووەم، جەنابی وەزیر لەتەقریرەکەی باسی ئەوە ئەکات، ئەو مەشروعانە پارەی خەیاڵی ئەوێت، هەندێك لەگەڵ بانقی دەولی وشەریکات ولەگەڵ مونەزەمات خەریکن،

چەند کۆبوونەوەیەکیشیان لەگەڵ کردوون، من لەحکومەت ئەپرسم، لە وەزیر ناپرسم چونکە بەتەنها وەزیر بەرپرس نیە لێی.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

تکایە لەوەزیرو لەمەوزوع دەرمەچۆ.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەوەزیفە بووم ئەزانم مەسەلەی موهیم هەیە کاری لێ بکرێت وهی ئەهەمیش هەیە، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێی وانیە لەباتی دروستکردنی جادەیەك کەوا قیری بکات، یان باڵەخانەیەك دروست بکات، ئاوەڕۆیەکی بۆ شارەکان دروست بکردایە باشتر نەبوو لەوە تا تووشی ئەو نەخۆشیە نەبووینایە، وەکو باسی کرد جەنابی وەزیر پرۆژەی ئاوەڕۆ بەدوو ساڵ وسێ ساڵ وچوار ساڵیش تەواو نابێت، ئەگەر میزانییەکی 400 ملیۆن دۆلاریشی بوێت بە چوار ساڵ تەواو ئەبێت، هەر جارەی 100 ملیۆن دۆلاری بۆ سەرفئەکرێت، ئەو پارەیەش وەکو ئاوو کارەبا لەمیللەت وەر ئەگیرێتەوە، ئەگەر حکومەت بیەوێت بەتایبەتی پارتی ویەکێتی بیانەوێت، فەرز بکەنە سەر میللەت ئەبێ ئەوان مانگانە پارەی ئاوەڕۆ بدەن، تەسەور ناکەم کەسێك بتوانێت لابدات یان موخالەفەی بکات، لەبەر ئەوەی دەتوانن لەبەرنامەی خۆیان دابینێن جادەی قیر نەکەن، باڵەخانە دروست نەکەن، جارێ ئاوەڕۆکەمان بۆ دروست بکەن، چونکە وەکو لەراپۆرتی وەزارەتی تەندروستیشدا هاتووە، وەکو باسیش ئەکرێت زۆربەی زۆری نەخۆشیەکە سەرچاوەی ئاوەکانە، باسی ئیتیفاقیەت ئەکات لەگەڵ شەریکات وشەش جار چووەتە ئەردەن، ئەگەر بەتەمای ئەوە بین شەریکات ودوەلی مانیحە بێت ئاوەڕۆمان بۆ دروست بکات، ئەبێ ئەم جیلە هەمووی بمرێت نەیبینێت بەچاوی خۆی، بەچاو ناشیبینین، بۆیە من رجام ئەوەیە جارێکی تر لەکۆبوونەوە باسم کرد، تەنها نەچوومەتە کن ئەو جەنابی وەزیرە، هەر وەزیرێکی بەلەدیە هاتبێتە ئەم هەولێرەو دانیشتبێت من چوومەتەلای پێم گوتیە بیکە بەخاتری ئەو خودایەی، هیچ بەرنامەیەك دامەنێ بەرنامەی خۆت بکە بەئاوەڕۆی ئەم هەولێرە، پێشم گوتیە دەشزانم نایکەیت، بەڵام هەر پێت ئەڵێم ئێستاش بەو وەزیرەی دەڵێم بیکە بەخاتری خوا لەبەرنامەی خۆت تەنها ئاوەرۆ دابنێ، هیچی تر دامەنێ، دەوەڵڵاهی تۆش نایکەیت، ئاوی هەولێرێ، مەشروعی ئاوەڕۆی هەولێر 650 ملیۆنی بۆ تەخمین کراوە، کولفەشی تەواو بووە کەشفیشی تەواو بووە، 150 ملیۆن دۆلاری بۆ دانرایە، شەریکەیەکی ئەڵمانی وەعدی داوە ئەڵێت من وەری ئەگرم بەشەرتێك یەك مەتریش لەسەر زەوی ئیش نەکەم، سلفەی یەکەمی 100 ملیۆن دۆلاری ئەوێت، من لەمەسدەری مەوسوقەوە وەرم گرتووە، تەحەداش ئەکەم ئەو واقیعەش هەیە، ناتوانن 100 ملیۆن دۆلار تەخصیص بکەن باشەریکە دەست بەئیش بکات، بەپێنج ساڵیش ئاوی هەولێر تەواو نابێت، هەر ساڵی 100 ملیۆن دۆلار دابنێ، تا ئەو 100 ملیۆن دۆلارە سەرف ئەکات، وتم ئەگەر ئەمر بکەن ساڵی شەست ملیۆن دۆلار لەمیللەت وەردەگیرێت، بەڵام نایکەن پرسیارێکیش لەوەزیر ئەکەم وەکو نازنازخان پرسیاری کرد، پرۆژەی ئاوی دووەمی دوکان، سلێمانی لەپێشەوە ئەو پارەی کەبۆ ئاوی ئیفراز دانرابوو بۆ

هەولێر، هەمان مەبلەغیش بۆ ئاوی دوكان دانرابوو سەرفیش كرابوو، ئەو پارە چی بەسەر هات، وەك دوێنێ لەوەزیرێكم پرسی وەزیری خۆمان، هی حكومەتی هەرێم، دەڵێ لەمیزانیەی ئەمساڵی 2007، 75 ملیۆن دۆلاری تر بۆ ئاوی دوكان دانراوە، ئایا بۆ لیژنەیەكی تەحقیقی دروست ناكەن، بزانن چی بەسەر هاتووەو بۆ نەكراو بۆ ناكرێت؟ من تەسەور ئەكەم ئەگەر وا بڕۆین كەباسی كۆلێرا ئەكەن ،كۆلێرا زیاتر ئەبێت، ئەگەر مەسەلەكە ئاو بێت،چونكە ئاوی هەولێر وەكو تازە ئەو برادەرە باسی كرد، زۆر لەگەڕەكە كۆنەكان وەكو تەعجیل وعەرەبان وگەڕەكی جولەكان ئاوەڕۆو ئاو تێكەڵ بووە، عەینی موشكیلەمان هەیە، 350 هەزار بیری ئاودەست لەهەولێرێ هەیە، ئومێد ئەكەم رۆژێك وەكو قومبەلەی زەڕی بتەقێتەوە، ئەمە عیلاج بكرێت باشە، جادەمان بۆ مەكەن جارێ، باڵەخانەمان بۆ مەكەن جارێ، ئیشمان بۆمەكەن جارێ، رزگارمان بكەن لەئاوی پیس، لەو ئاوە رزگارمان بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

كاك محمد فرج فەرمووو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من ئەمەوێت لەوێوە داخڵ بم، یەعنی ئەم كۆبوونەوانە بۆ مەبەستی چارەسەركردنە، پەرلەمان یەكەیەكی هەڵبژێردراوی ئەم میللەتەیە، ئەم گەلەیە ئەبێ لێرەوە چارەسەری گرفتەكان بكرێت، هیوادارم یەعنی مەسەلەكان وەكو خۆی سەیر بكرێت، نەچێتە بوارێكی ترەوەو بتوانین دەستنیشانی خاڵە لاوازەكان وخاڵە بەهێزەكان بكەین، لەو روانگەیەوە كەهاووڵاتی گەورەترین سەرمایەی ئەم نەتەوەیە، ئەم گەلەیە، ئەم هەرێمەیە، هەروەها پاراستنی ئەم ئەزموونەش وبەهێزكردنی، لەبەر ئەوە شتێكی سروشتی بێت لامان، دوو: ئێمە مامەڵە لەگەڵ وەزارەت ئەكەین، نەك لەگەڵ وەزیر، ئەڵێین وەزارەتی شارەوانی ئێستا جەنابی وەزیرە تەمسیلی ئەو وەزارەتە ئەكات، لەبەر ئەوە وەكو نەفەر سەیری مەسەلەكان نەكەین، وەكو دەزگایەكی رەسمی ئەم هەرێمە سەیری ئەوە بكەین، منیش قسەم ئەخەمە پاڵ قسەی ئەو بەڕێزانە، یەعنی دوو قسە دروست بوو لەوەی كەئاو پاكەو ئاو پیسە، من ئەڵێم پیسە بۆ؟ چونكە لەهەموو دونیا سەرچاوەی ئاو كە نزیكی شار بوو، یان لەناو شاردا بوو بێگومان پیس ئەبێت، یەعنی ئەوە موناقەشەی ناوێت، هەر ئاوێكی رۆیشتوو، ئاوێكی گەورە ئاوی رووبار، لەناو شاردا بوو، یان لەنزیكی شاردا بوو، بێگومان پیس ئەبێت، ئێمە ئەڵێین پاككردنەوە، گرفتی ئێمە لەپاككردنەوەدایە، ئەم مەحەتانەی ئێوە داتانناوە، بۆ ئاو، ئاو پاك ناكاتەوە، ئاو نقڵ ئەكات، ئەگینا دوكان،دیارە هەموو زێرابی ناو دوكان ئەڕژێتە ناو ئەو دەریاچەیەوە، ئێستا هاوینە هەوارەكەشی پێ ئیزافە بووە، من بۆ ئەوەی جەنابت دڵنیا بیت لەوە، بەشتێكی دروست ئەو قسەیە ئەكەم، یەكێك لەئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، چەند مانگێك لەمەو پێش، راپۆرتێكی تێروتەسەلی داوەو بێگومان گەیشتووەتە وەزارەتەكەی ئێوەش، لە ئەنجومەنی پارێزگاو لە پارێزگار وئاوا زۆر هاتووە هی سلێمانی تەبعەن، تا بەدیكۆمێنت چووەتە سەر واقیعەكە، مدیری بەلەدییەی

دوکانی بینییوەو هی هەموو ئەو شتانەی بینیوەو هی تەندروستیش، لە 9/5ی ئەمساڵدا جەریدەی هاووڵاتی ئەو راپۆرتەی دەستکەوتووەو بڵاوی کردۆتەوە، هیوادارم هەموو کەسێك سەیری بکات، یەعنی زەنگی خەتەری لێداوە، کە ئەمە دروست ئەبێت لەسلێمانیدا ،کاریسەیەکی نەخۆشی دروست ئەبێت، چونکە ئاوەکە مودیری بەلەدیيەی دوکان قسە ئەکات، بەڕێوەبەری تەندروستی دوکان قسە ئەکات، کەئەم ئاوە چەند مەشاکیلی لەسەرە، کە چەند پیسی تێئەکەوێت، هەر نقڵ ئەکرێت بۆ سلێمانی نەك ئەوەی کەپاك ئەکرێتەوە، من تەمەنا ئەکەم جەنابت بیر لەوە بکەیتەوە ئاوەکانمان بۆ پاك بکەنەوە، یەعنی تەصفیەی ئاو بریتیە لەپاککردنەوەی، نەك لەنقڵ کردنی، بەکلۆر بەتەنها پاك نابێتەوە، لەبەر ئەوە هیوادارم ئەوە زۆر بەگرنگی سەیر بکرێت، من خاڵێکی تر زۆر گرنگە لەلام، یەعنی من وا تێگەیشتم لەوەزارەتی تەندروستی و لەوەزارەتی شارەوانی یەعنی پلانەکانتان زۆر درێژخایەنە، بۆ جیلێکی دوای ئێمە، ئێمە بۆ ئێستامانە، یەعنی 16 ساڵە هەر قسە ئەکەین ئەڵێین وئێستا ئیشەکەمان خراپ بووە، ئەڵێین پارە نیە، من ئەڵێم ئەگەر ئەو بودجانەی ئەم 16 ساڵە دانراوە بۆ وەزارەتی شارەوانی کەوەزارەتێکی ئەساسیە کۆی بکەیتەوە زۆر زۆر زیاد لەو مەبلەغەیە کە بۆ چارەسەری ئەو مەسەلەیە پێویستەلەو رۆژەشەوە هەر موشکیلەیە، ئەم نەخۆشی کۆلێرایە بەپێی ئەو راپۆرتەی کەوەزیری تەندروستی خوێندییەوە لە ساڵی 75 وە، یەعنی رەسد کراوە ،دیاری کراوە، هەموو ساڵێك هەبووە، ئایا مومکین نیە ئێمە پلانێکی دروستمان بۆی هەبێت، شتی وا نامومکینە، لەکاتێکدا ئەڵێن حکومەتی هەرێم لەم نزیکانەدا هەموو ئیمکانیەتێکی خستۆتە بەردەستی ئێمە بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشیە کە بەداخەوە هێشتا نەکراوە، من هەر قسەم ئەخەمە پاڵ ئەوانە یەعنی شارەوانی کاتێك کە ناتوانێت خەدەماتی ئاوو ئاوەڕۆ پێشکەش بەو ناوچانە بکات، ئەم هەموو زەوییە بۆ تەوزیع ئەکات، من رێگر نیم لەبەردەم تەوزیعکردنی زەوییدا، بەڵام خۆ ئەگەر لەپێشەوە ناتوانن، خۆ لەدواوە نابێ کۆنترۆڵ بکرێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

تکایە تەوزیعی زەوی لە دەستەڵاتی شارەوانی نیە، بۆ زانیاری بەڕێزتان ئەنجومەنی وەزیران ئەیکات، ئەوان فەقەت تەنفیزی ئەکەن، ئەومەوزوعە لەمەجالێکی تر باسی ئەکەین، کاك دکتۆر فوئاد فەرموو.

**بەڕێز د..فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر ئەکەم، بەڕاستی کێشەی ئاو کێشەیەکی کۆنە وشتێکی تازە نیە، لەمێژووی ئەم وەزارەتەی ئێمەش کۆنترە، بەڵام ئەوەی تێبینی ئەکەم لە قسەی برادەران وقسەی جەنابی وەزیرەش کەوا پێویستە بەڕاستی وەکو پلانی درێژخایەن هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، پلانی کورت ومامناوەندیش دابنرێت بۆ ئەوەی بتواندرێت بەبەردەوامی ئەم کێشەیە یەعنی کێشەیەك نیە، بەشەش مانگ، بەساڵێك چارەسەر بکرێت، من دڵنیام ئەمە کێشەیەکی دوورودرێژە، روونکردنەوەیەکم هەیە لەوەی کەوا برادەران گلەییان هەبوو کەوا ناکۆکی هەیە لەنێوان قسەکانی وەزیری شارەوانی ووەزیری تەندروستی،

من لام وایە هیچ ناکۆکیەك نیە ئەگەر ئەو راستیە تێبگەین کەوا ئاو هۆکاری سەرەکیە بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیە، جا ئەگەر بێتوو میکرۆبی کۆلێرا لەئاودا بدۆزینەوە یان نەیدۆزینەوە، ئەوە راستیەکی حاشا هەڵنەگرە کەوا ئاو هۆکاری سەرەکیە بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیە، بەڵام وەنەبێ ئاو بەتەنها هۆکاری سەرەکی بێت، بۆ ئەوەی نەخۆشی کۆلێرا بڵاونەبێتەوە، تەبیعی ئەبێت میکرۆبی کۆلێرا لەئاودا هەبێت، کەوا ئێمە لەساڵی 1967 وە لەکوردستان و لەعێراقیشدا، نەخۆشی کۆلێرا هەبووە، چەندین خەڵکی ئەم وڵاتە هەڵگری ئەم میکرۆبەن، بەبێ ئەوەی نیشانەی نەخۆشیەکەیان تێدا دەربکەوێت، لەناحیەی عیلمیەوە پێیان ئەڵێن حامل میکروب کیریر، لەبەر ئەوە ئەم نەخۆشیە بەردەوام ئەبێت لەکوردستانداو بەم زووانە چاوەڕوان مەکەن چارەسەر بکرێت، لەوانەیە کپ ئەبێتەوە ئەمساڵ، بەڵام ساڵێکی تر،دووساڵی تر لەوانەیە سەر هەڵبداتەوە، ئەوە کێشەیەکی تەندروستیەو پلانی تایبەتی وەزارەتی تەندروستی هەیە، بۆ بەرگری کردن لەم نەخۆشیە، بەڵام ئەو راستیە ئەبێ بزانین ئاو ئەگەر پاك بێت یان پاك نەبێت هۆکاری سەرەکیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەکو وتم هۆکاری تر هەیە یەکێك لەو هۆکارانە ئەوەیە کە هەندێك کەس، ئامادەییان تێدا هەیە بۆ تووشبوونی ئەم نەخۆشیە، جگە لەوەش فەقیری وهەژاری و بەدخۆراکی و قەرەباڵغی ناوماڵ دروست بوون وبەتەنگەوە نەهاتنی پاك وخاوێنی تاکەکانی کۆمەڵ، یەعنی نەبوونی هۆشیاری کۆمەڵایەتی هۆکارێکی ترە بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیە، لەبەر ئەوە ئەوەی جەنابی وەزیرە باسیکرد، تەنها دوو سامپڵ دۆزراوەتەوە من گلەیم لەوە نیە بڵێم ئەمە راست نیە، بەڵام وەزیری تەندروستیش دەڵێت لەهەمان کاتدا راستە، راستیەکی تریش هەیە حەزەکەم بیڵێم میکرۆبێکی تر هەیە لە سلێمانیدا دۆزراوەتەوە ئەو میکرۆبە دەرکەوتووە کەپەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە نەخۆشی کۆلێراوە، شەرت نیە هەر میکرۆبی کۆلێرا بدۆزرێتەوە، ئەو میکرۆبەی تریش ئەگەر دۆزرایەوە لەناو ئاودا و هەیە لەئاوی سلێمانیشدا، نیشانەیەکە کەوا کۆلێرا هەیە، لەبەر ئەوە، ئەوە بەشێکە لە خۆپاراستن کە لەهەموو دونیادا رێکخراوی تەندروستی جیهانی رێنمایی دەرئەکات، بۆ پەیڕەوکردنی، بۆ بەرگری کردن لەم نەخۆشیە، لەبەر ئەوە من لێرەدا لەم کاتەدا کەئەم روونکردنەوەیەم دا بەڕاستی ئەمەوێت، تیشك بخەمە سەر بڵاوکراوەیەکی بەڕێوەبەری ئاوی سلێمانی لەگەڵ بەڕێوەبەری صیانەی ئاوی سلێمانی، کەهەردووکیان بەبێ شەرمانە بەداخەوە لەوە ئەچێت زۆر بێئاگا بن لەوەی کەوا ئەو ئیشانەی کەوا ئەیکەن بۆ چی ئەیکەن، هەرچەند ئەندامن لەژووری عەمەلیاتی سلێمانی بۆ بەرگری کردن لە نەخۆشی کۆلێرا، هەردووکیان ئەڵێن نەبوونی ئاو چ پەیوەندییەکی بەنەخۆشی کۆلێراوە هەیە، یەکێکی تریان ئەڵێت بەهیچ شێوەیەك من دەڵێم کۆلێرا لەئاوەوە نیە، ئاوی سەرچنار ئاوێکی پاکە، بەراستی ئەمە لێشێوانی هاووڵاتیانەو ئەم لێپرسراوانە وا دەرئەکەوێت لەئاستی بەرپرسیارێتیدا نین، پێویستە لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، من دوێنێ پەیوەندیم کردووە بە لێپرسراوانی سلێمانیەوە، ئاگادارم کردوونەتەوە لەترسناکی ئەم جۆرە بڵاوکراوانە کە گێلێتی وناشارەزایی ئەو لێپرسراوانە دەرئەخات، کە

سەرپەرشتی ئاوی سلێمانی ئەکەن، جا بەڕاستی داوا ئەکەم لەجەنابی وەزیر کەوا لێپرسینەوە لەم حاڵەتە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی وەزیر ئەکەین، حەقی خۆشیەتی دەستخۆشی لێ بکەین بۆ ئەو هەوڵانەی کەوا داوییانە لەو ماوەی رابردوودا، بۆ هاوکاریکردنی کۆنترۆڵکردنی نەخۆشی کۆلێرا، کە سەرەتا لەشاری سلێمانیەوە سەری هەڵداوە، من باس لەکێشەی ئاو ناکەم لەهەرێمی کوردستان بەتایبەتیش لەپارێزگای سلێمانی لەبەر ئەوە، ئەوە نەك تەنها دانیشتنێك چەند دانیشتنێکی تری ئەوێت، باسێکی یەکجار زۆر هەڵئەگرێت، بەس من لێرەدا باسی بەرپرسیارێتی ئەکەم بەبیری بەڕێزان وجەنابیشتان دێنمەوە چەند مانگێك بەر لەئێستا لەم ئەنجومەنە کە ئێمە یاسای وەزارەتی تەندروستیمان دانا، بەپێی ئەو بڕگانەی کەوا لەو یاسایەدا هاتوون، بەرپرسیارێتی یەکەم ئەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی تەندروستی، بەڕێز وەزیری تەندروستیش هەفتەیەك بەر لەئێستا باسی لەوەکرد، هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم نەخۆشیە لە 80٪ی دەگەڕێتەوە بۆ ئاوی پیس لەشاری سلێمانی، من پرسیار ئەکەم دوو سامپڵ لە کۆی 240 سامپڵ ئایا ئەمە دەبێتە لە 80٪، بۆیە بەڕاستی لێرەدا من وای دەبینم کە خۆ دزینەوە لەبەرپرسیارێتی هەیە، وەپێویستە ئێمە بەشەفافتر وبەشێوەیەکی بەرفراوانتر زانیارییەکان بگەیەنینە خەڵکی کوردستان، منیش دەنگی خۆم ئەخەمە سەر دەنگی بەڕێزان سەبارەت بەپرۆژەی ئاوی دووی دوکان وهۆکارەکانی دواکەوتنی، پرسیارێك لەجەنابی وەزیر ئەکەم لەرۆژنامەی هەواڵ لەم یەك، دوو رۆژەدا بابەتێك بڵاوبووەتەوە، کە ئەڵێت لەگەرمەی نەخۆشی کۆلێرادا نزیکەی 100 ئامێری کلۆر لە گەنجینەکانی پرۆژەی ئاوی سەرچنار بەکار نەهاتووە، داوا لەبەڕێزیشیان ئەکەین کەوا روونکردنەوەیەکمان بدەنێ لەسەر ئەم بابەتە، لەهەمانکاتدا دووبارە دەستخۆشی لەهەوڵەکانیان ئەکەم، داوا لەجەنابیشیان ئەکەم کەوا بەردەوام بن لەچارەسەرکردنی گرفتی ئاو لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتیش لەپارێزگای سلێمانی و هەوڵ بدرێت ئەوەی کە دەیان ساڵە دەبوایە بکرێت ونەکراوە جەنابیان و وەزارەتەکەیان هەوڵ بدەن چارەسەری بکەن، لەبەر ئەوەی خەڵکی سلێمانیش میللەتی ئێمەیە و ئێمە پێویستە بەدەمیانەوە بچین وهەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانیان بدەین، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر ئەکەم، من لەقسەکانمدا وەڵامی بەڕێز سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد ئەدەمەوە، بەڕاستی من یەکێکم لەئەندامەکانی سنووری رانیە بەبەردەوامی سەردانی شارەوانیەکانی حاجی ئاوا، رانیە، چوارقوڕنە، سەرکەپکان، ژاراوە، قەڵادزێم کردووە، ئەو شتانەی کەوا دەیڵێم ئەمە قسەی سەرۆکی شارەوانیەکانی ئەو شوێنانەیە کە ناوم هێنان وچەند شارەوانیەکی تریش، بەڕاستی ئێمە کە جەنابی وەزیرمان بانگکردووە، بۆیەمان بانگکردووە هاوکاری بین، بۆیەمان بانگکردووە جەنابی وەزیر ئەگەر لەهەندێ بواردا شارەزا نەبێت، پێی بڵێین وشارەزای بکەین، دەبێ ئەویش مەمنوونمان بێت، چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان کەدامەزراوە بۆ خزمەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دامەزراوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

تکایە وەرە سەر مەوزوعەکە، رجائەن وەختمان کەمە، زۆریش تەرکیز بکەن لە موحازەرەکە.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە سەردانی ئەو شارەوانییانەمان کردووە، زۆربەی زۆری ئەو شارەوانییانە کۆمەڵێك داواکارییان هەیە، بەس من ئەوانە باس ئەکەم کەوا پەیوەندیان بە ئاوو ئاوەڕۆوە هەیە، شارەوانی حاجی ئاوا پێویستی بەیەك تەنکەری 300 مەتر موکەعەب هەیە، ئەوە ساڵێك وپێنج مانگە جەنابی وەزیر دەست بەکارە بۆیەك جار سەردانی ئەو شارەوانییەی نەکردووە، ئەو شارەوانیانەشی کەوا ناوم هێنان، رێگەشی نەداوە هیچ سەرۆك شارەوانیەکیش سەردانی بکات، تەنها سەرۆك شارەوانی رانیەو قەڵادزێ یەکجار سەردانیان کردووە، لەم ماوەیەشدا نوێنەری خۆی بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان جێگری بەڕێوەبەری گشتی ئاویشی ناردووە بۆ قەڵادزێ ورانیە، بەڵام پێیان راگەیاندن داواکارییەکانیان وەکو پێویست جێبەجێ نەکراوە، لەبەر ئەوە داوا لەجەنابی وەزیر ئەکەین ئەگەر پێی دەکرێت سەردانی ناوچەکان بکات، بیکات بەبەرنامە لەبەرژەوەندی خۆشیەتی بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتیەکە بەتەنها لەسەر ئەستۆی جەنابی وەزیر نەبێت، یاخود رێگا بدات سەرۆك شارەوانیەکان سەردانی بکەن، چونکە هەر سەرۆك شارەوانیەك لەو سەرۆك شارەوانییانە، نوێنەری زیاتر لە 50 ، لە 60 هەزار کەسە، چۆن دەبێت نەتوانێ سەردانی جەنابی وەزیر بکات، زۆرتری پەیوەندی لەنێوان خەڵك وسەرۆك شارەوانیەکان وەزیری شارەوانیە، ئینجا لەزۆربەی شارەوانیەکان کرێکارمان نوقسانە، شاری رانیە 120 هەزار کەسی تێدایە دەژێت، 14 کرێکاری هەیە سەرۆکی پەرلەمان، 14 کرێکاری دائیمی هەیە 30 کرێکاریشی هەیە کە بەگرێبەست تەعین کراون، خۆی لەهەموو دونیا من دوێنێ لەگەڵ بەڕێز فەریدوون دارتاش، دانیشتم وتی کاکە زرار لەئەڵمانیا سەرۆك شارەوانیەکان و ئەگەر خۆشی بۆی بکرێت سەردانی شارەوانیەکان ئەکات، ئەوە شتێکی زۆر باشە، کۆبوونەوەی فراوانیان لەگەڵ ساز بدات، لەدامەزراندنی کرێکارەکانیش لە زۆربەی شارەوانیەکان من هەر رانیە و پشتدەر ناڵێم، هەموو شوێنەکانی تر، ئەمە شتێکی زۆر چاکە، لەبەر ئەوە بوونی کرێکاری زۆر دەبێتە هۆی پاکی شارەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی کەشارەکان زیاتر پاك بن، ئەو گەڕەکە تازانەش کەوا تازە دروستکراون هیوادارم بەرنامەیەك دابنێن بۆ ئەوەی کۆمپلیمێنتەری ڤیرتاویان بۆ بکرێت، هاوکاری

تەواویان بکرێت وئاوو ئاوەڕۆیان بۆ دابین بکرێت، شەبەکەی ئاویان بۆ دابین بکرێت، رەسیفیان بۆ بکرێت، رێگایان بۆ بکرێت، چونکە بەڕاستی ئەوانە دەبنە سەبەبی سەرەکی پیسایی.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك جمال قاسم فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی زۆر زۆر سوپاس وبەخێرهاتنی جەنابی وەزیر ئەکەم، بەحەقیقەت من ئیحتیماله لەئەنجامی قسەکانی جیاوازییەك هەبێت لە بۆچوونی من، جەنابی وەزیر دەستنیشانی کەموکوڕییەکانی کرد لەسلێمانی، لەدەربەندیخان، لەهەڵەبجە، لەهەولێر، لەهەموو شوێنەکان، تەبیعی ئەو هەموو مەشاکیل وکەموکوڕییانە، بەحەقیقەت نەبەجەنابی وەزیر نە بەحکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەر ناکرێت، دەست خۆشیت لێ ئەکەم کە محاوەلەت کردووە، هەوڵ بدەیت لەڕێگای بانقی دووەلی وبانگی یابانی وئەمانەوە دانیشتنت لەگەڵ کردوون، قەناعەتت پێکردوون ئەگەر توانیبێتت قەناعەت بەو بانکانە بکەیت، کە ئەمڕۆ بێن لەکوردستاندا پارەی خۆیان سەرف بکەن کەواجبییانە، ئەگەر زروفی ئەمنی رێکوپێك بێت، چونکە ئەمڕۆ لەعالەمدا بۆ دەوڵەتی نامی بانکی نێودەوڵەتی یارمەتی ئەدات، یارمەتی دەوڵەتی نامی ئەدات بۆ ئەوەی بێتە سەرپێی خۆی، چونکە ئەزانێت ئەو دەوڵەتە ناتوانێت هەموو شتەکانی خۆی چارەسەر بکات، جارێکی تر دەستخۆشیت لێ ئەکەم، هیوام وایە بەردەوام بیت لەسەر مەوزوعەکە، بۆ ئەوەی بتوانیت بەزوویی قەناعەت بەو بانکانە بکەیت کە دەوری خۆیان ببینن، و ئەو مەبلەغانەی کەوا تەحدیدیان کردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، دێتە بەردەستان بۆ ئەوەی دەست بەکارەکان بکەن، بەڵام تێبینییەکم هەیە ئەگەر ئیمکان بێت، بنەمای پرۆژەکان وەکو جەنابتان دەستان پێکردووە، دەستنیشان کردنی کەموکوڕییەکان چارەسەری کاتی ئینجا چارەسەری بنەڕەتی ئەگەر پێویستی بەگۆڕینی بۆڕییەکان هەبێت، وەکو کۆمەڵگای مەدەنیش عادەتەن کەئاو ئەگوێزرێتەوە پێش گواستنەوە پاك ئەکرێتەوە، چونکە مومکین نیە کەس بتوانێت هیچ ئاوێك پاك بکاتەوە، چونکە هەریەکێك لەم ئاوانە لەو شوێنەی کەلێی هەڵئەچێت، پیسایی ئەو دەورووبەرەی تێ ئەچێت، هەتا ئەگاتە دەستی ئێمە، ئەمە پاککردنەوە ئەوێ، ئەگەر پاك نەکرێتەوە، هەر نقڵ بکرێت ئیحتیماله ئاومان ببێت، بەڵام ئاوەکەمان سەحی نابێت، من رجام وایە تەئکید لەسەر پاککردنەوە بکرێت، یەعنی مەخازنی گەورە هەبێت، پاك بکرێتەوە، ئینجا نقڵ بکرێت و بگەیەندرێتە ئەو شوێنانەو، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك تارق جامباز فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پێشنیارم هەیە بۆ ئاینده تاکو پەتای کۆلێرا مومکینە چەند رۆژێکی تر نامێنێت لەبەر سەرما، یەکەمیان ئەوەیە مەرجی بیر لێدان، لەو جێگانەی کەوا ئاوەڕۆ نیە، مەرج دابندرێت بۆ ئاوی پیس لەمالآن بەداخەوە ئاوی پیس نیە، زۆرجاریش ئەو بیرانە نزیك ئەبن لەسەر بیری ئەلکیوازی تەوەقوع ئەکرێت کە ئاوەکان تێکەڵی یەکتری ببن، مانای وایە ئاوی پاك وئاوی پیس تێکەڵ ئەبن، ئەوەیان یەکەم مام رەشاد باسی گەڕەکەکانی هەولێری کرد، منیش دەڵێم چەند گەڕەکێك هەیە لەهەولێر، بۆڕییەکانی ئاوی پاك لەسەر زەویە وەك گەڕەکی عەرەب وتەیراوەو تەعجیل، پێویستە چاوێك بەو بۆڕییانەدا بخشێندرێتەوە، چونکە لەوێ مەترسی ئەوە دەکرێت ئاوەکان، ئاوی پیس وئاوی پاك تێکەڵ بێت، ئەوەش لەئایندەدا پەتای کۆلێرا ساڵی ئاینده سەر هەڵدەداتەوەو، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

خەمان خان فەرموو.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی کۆمەڵێك مەسەلە کرا ئەو هۆکارانەی کە ئاوە من پرسیارەکەم بۆ وەزیری شارەوانی، بەرەئی تۆ سەبەبی کۆلێرا چیە، بۆ لە شوێنێکا هەیە ولەشوێنێکی تر نیە؟، ئەگەر رەئی خۆتانم پێ بڵێیت زۆر باشە، رەئی دووەمیش پاش ئیعلان کردنی ئەم پەتایە، لەلایەن وەزیری تەندروستیەوە ئەو ئیجرائاتانە چین کە وەزارەتی شارەوانی کردوویەتی؟ ئەگەر بکرێت بەکورتی وبەپوختی بۆمان باس بکرێت، ئەمە شتێکی باش ئەبێت، ئەمە ناوەرۆکی دانیشتنەکەی ئێمەشە، دوو: هەندێك شت لەراپۆرتەکەی بەڕێزتان باسی لێوەکرا، کە پەیوەندی بەپارەی خەیاڵ نییە وەهەیە، و بەهەرحاڵ ئەمە رەنگە بۆ شتی درێژخایەنیش بێت، بەو هیوایەم لەدەرفەتێکدا ئەمە ببینین، هەر هیچ نەبێت نەوەی ئێمە ئەوە ببینێت، لەسەردەمی ئێمە خۆمان بەچاوی خۆمان ئەم پرۆژانە ببینین، بەلآم هەندێ شتی تر هەن کە ئەکرێت، بەڕاستی من پێم وایە ئەمانە لەسەلاحیەتی وەزارەتی شارەوانیە، بۆ نموونە ئەم هەموو گوفەکە، ئەوەی خۆمان لەهەولێر بەزمانی خۆمان پێی ئەڵێین، ئەو هەموو زبڵ وپاشماوەی خەڵکی کە لەناو شارەکاندا هەیە، ئەمە نەپەیوەندی بەسلێمانیەوە هەیەو نە بەدهۆك ونە بەهەولێرەوەیە، ئەمە لەهەموو شوێنێکە بەداخەوە، پێم وایە ئەمە لەسەلاحیاتی وەزارەتی شارەوانیشە، تاکەی ئەم زبلآنە هەر لەناو شارەکان ئەمێننەوە، ئەگەر جاروباریش لەشارەکان ئەچنە دەرەوە بۆ ئەوەندە لەنزیکی شارەکانەوە ئەمێننەوەو، نازانم ئەمێننەوە بۆ ماوەیەکی زۆر وزۆرجاریش ناسوتێندرێن وئیجرائات چیە، خۆ ئەمە وابزانم پارەیەکی زۆریشی ناوێت، پێم وایە لەماوەیەکی نزیکیشدا وەزارەتی شارەوانی ئەگەر پلانی باشی هەبێت، ئەتوانێ بەهەرحاڵ ئەگەر بکرێت، قسەی لەسەر بکرێت شتێکی باشە، شتێکی تر کە پێم وایە، دیسان ئەمەشیان لەسەلاحیاتی شارەوانیە کەزۆریش باسی لێوە دەکرێت، من خۆم نەهاتووم بەحوکمی ئیشەکەم قەتیش نەهاتوومەتە وەزارەتی

شارەوانی، بەڵام قسەیەکی زۆر هەیە، لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانیشەوە چەند جارێك دووپات کراوەتەوە، ئەم هەموو رۆتین وبیرۆکراسیەتەی کەلەناو وەزارەتی شارەوانی هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی)؛**

تکایە مەسەلەی رۆتین نیە، وەرنەوە سەر مەوزوعەکە، سەر پاکی وپیسی وشتەکە.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتەکەی ئێمە لەسەر ئەوەیە بزانین لەپاش ئەوە چ ئیجرائاتێك لە وەزارەتی شارەوانی کراوە، ئەوەی کەباسی رۆتینیش ئەکەین بۆ ئەوەیە کەوا گرفتەکە وکێشەکە لەوەیە کە خەڵك گلەییەکی زۆری هەیە کەناتوانێت بگات بەوەزیر، ئێمە نەشمان بینیوە بەراستی وەزیریش نابیندرێت چالاك بێت شتەکە بۆ خۆمان بەچاوی خۆمان نایبینین، رەنگە خەلەلەکە لە ئێمە بێت، بەهەرحاڵ ئەمە دەرفەتێکە بۆ وەزیرە کە بۆمان باس بکات ئەم کێشانە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی)؛**

کاك ملا انور فەرموو.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای بەخشندە.**

سەرەتا دەستخۆشی لە جوهدو ماندووبوونی وەزیرە ئەکەین، بۆ ئەو بابەتەی یان ئەو راپۆرتەی کەوا خوێندیەوە، کە ماندووبونێکی پێوە دیارە، من چەند پرسیارێکم هەیە بۆ جەنابی وەزیرە، پرسیاری یەکەم ئەوەیە دیاریکردنی بودجەی شارەوانی چوونە وچەندە؟ چونکە هەمووومان ئەزانین، ئەو شتانەی کەوا باسکران و ئەکرێت هەمووی بەپارە ئەکرێت، ئەگەر پارەکە نەبێت یان کەم بێت لەئاستی جێبەجێکردنی مەشروعەکە نەبێت، ئەوە خۆی لەخۆیدا وەکو ئەو باسەی لێدێت کەکابرا لەشەر شکابوو محاسەبە ئەکرا کەبۆ شکاوی ووتی وەڵڵا فیشەکم نەمابوو، ئاو نەمابوو، وتیان بەسە ئەگەر فیشەك نەمابێ بەسە، چونکە شەر بەفیشەکە کە ئەوە نەما تۆ عوزری خۆت لەگەڵ خۆتدایە، جا ئەگەر شارەوانیش پارەی نەبێت یان بودجەکەی ئەوە نەبێت، ناتوانێت ئەو پرۆژانە جێبەجێ بکات، قسەی خۆی لەگەڵ خۆیدایە، جا ئەگەر هەیەتی ولەو ئاستەدایە ئەو پارەیە چی لێدێت وچۆن سەرف ئەکرێت، ئەوە خۆی لەخۆیدا پرسیارێکە حەقە بکرێت، لە 33٪ی شاری سلێمانی کەئاوی نیە، رەنگە لەشوێنی تریش ئەگەر ئیحسای بۆ بکرێت، هەروا ئەبێت، بەڵام لەو حاڵەتەدا کە تەماشا ئەکرێت ئەگەر ئەو شارە رۆژ بەرۆژ مەوزوعی ئیسکان زیاتر گەشە ئەکات، ناکرێت زیاتر وەزارەتی شارەوانی تەختیتێکی هەبێت، چۆن لێناگەرێت کەسێك بەبێ ئیجازەی شارەوانی بینا دروست بکات، چەند تابقی ئەکات، چۆنی ئەکات، هەرواش لە خەدەماتدا بڕوات بەرەوپێش، کە لە30٪یشی بێ ئاویە، ئەوەی کەباس ئەکرێت گۆڕینی خەتی ئاو لە دوکانەوە بۆ سلێمانی

350 ملیۆن دۆلاری دەوێت، ئەو پارەیە کەی پەیدا ئەبێت، کێ دەیکات، چۆنە، ئایا ئەوە وەزارەت یان حکومەتی هەرێم هیچی دابین کردووە، هیچی کردووە بۆ ئەوەی کەوا ئەو مەشروعە جێبەجێ بکات؟، پێشنیارێکی تریشم هەیە ئەوەیە کە ئەمڕۆ چەندەها قەناتی فەزائیمان هەیە، قەناتی مەحەلیمان هەیە، ئەوەندەی ئیهتیمام بەو قەزییانە ئەدرێت کەلەمەسەلەی گۆرانی ورەقص وبەزم ورەزم ئەوەندەش ئیهتیمام بەتەوعیەی کۆمەڵگا نادرێت، یەعنی چەندەها یاسا هەیە لەوەزارەتی شارەوانی لەوان ئیش ناکرێت بۆ ئەوەی ئاگادار بێتەوە، بۆ ئەوەی بزانێت کە چۆن تەعامول بکات.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

تکایە ئارامی بپارێزن بۆ ئەوەی گوێمان لێ بێت ئەم دانیشتنە کراوە بۆ ئەوەی ئیستیفادەی لێ وەربگیرێت، لەگەڵ یەك رجائەن قسە مەکەن هەر بەڕێزێك ئەیەوێت قسە بکات ئەتوانێ ئیجازە وەربگرێت وبچێتە دەرەوە، لەوێ قسەی خۆیان بکەن.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوەزارەتی شارەوانی چۆنیەتی بیر لێدان وهەروەها شوێنی مرافقی سەحی لەگەڵدایە، بیر چەند دوور بێت چۆنیەتی ئەوانە هەموو هەن، بەس تەوعیەیەك نیە لەناو کۆمەڵگادا وەکو پێویست خۆی لێ بپارێزێت، موراقەبەیەکی زەعیفیش هەیە لە راکێشانی ئاودا، کابرا ئاوێکی راکێشاوە سەری قەپات ناکاتەوە، ئەچێ ئاوێکی تر رائەکێشێت، لە ئەنجامدا ئەو ئاوە پیس ئەبێتەوەو ئەبێتە سەبەب بۆ چەندەها نەخۆشی تر، کە من وا هەست ئەکەم مەسەلەی کۆلێرا زەنگێکە بۆ وشیار بوونەوەی حکومەتی هەرێم وهەموو بەرپرسێك بۆ ئەوەی ئاگادار بێت، لە داهاتوودا لەوانەی نەخۆشی تریش هەبێت، بۆیە دەبێت لە ئێستاوە خەم لەداهاتوو بخورێت ئەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك بکر فتاح.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو ئەندامە بەڕێزانە زۆر قسەیان کرد، من لەپێشەوە بەخێرهاتنی بەڕێز جەنابی وەزیری شارەوانی ئەکەم، پێشم وایە ئەم دانیشتنە بۆ ئەوەیە هەندێك پرسیار لەبەڕێز جەنابی وەزیری شارەوانی بکرێت، روونکردنەوەش بدرێت لەسەر بڵاوبوونەوەی پەتای کۆلێرا لەکوردستاندا، وەکو باسیشکرا کۆلێرا لەکوردستاندا هەیە، پێش دروست بوونی ئیدارەی کوردی هەبووە لەکوردستاندا بەڵام جارجار سەر هەڵئەداتەوە، لەکوێ سەر هەڵئەداتەوە؟، یەکەم حاڵەت مەسەلەن لەکەرکووك دەستنیشانکرا، دوایی بڵاوبووەتەوە بۆ شارەکانی تر وسلێمانی وهەولێر وحەتا لە ئێرانیش هەندێك حاڵەت تەسجیل کراوە، ئەم دانیشتنە بۆ ئەوە نیە ئەندامەکان جوابی یەکتری بدەنەوە یان لەباتی وەزیر بێت، ئێمە پرسیار ئەکەین وجەنابی وەزیر خۆی وەڵام ئەداتەوە، ئەگەر دوایی مولاحەزەیەکمان هەبوو ئێمە ئەتوانین پرسیار

بكەینەوە، ئەوە نیە كە ئێمە لەبەینی خۆماندا جوابی پرسیاری یەكتری بدەینەوە، ئەندام پەرلەمانێك خۆی بخاتە شوێنی جەنابی وەزیر، ئەو جوابی پرسیارەكان بداتەوە، من دوو،سێ جار وتوومە حەزەكەم بە نەفەسی حزبایەتی قسە نەكەین، ئێمە پەرۆشین بۆ كێشەیەك هاتووین كە كێشەی بڵاوبوونەوەی پەتای كۆلێرایە لەوڵاتەكەماندا، لەهەولێر بڵاوئەبێتەوە، لەسلێمانی و لەدهۆكیش بڵاو ئەبێتەوە، ئیدارەی كوردی بەرپرسیارە لێی، ئەوانەشی كەوا بەرپرسیارن لێی دیارە هەمووومان بەرپرسیارین، ئەمە بەتەنها وەزارەتی شارەوانی نیە، هەموو وەزارەتەكان بەرپرسیارن لەو حاڵەتە، چونكە موشكیلەی كۆلێرا لەپێشەوە موشكیلەی ویقایەیە، موشیكلەی ویقایەكردنیش خۆتان ئەزانن دوای ساڵی 1991 ئەو مونەزەماتە خێرخوازانەی كە هاتنە كوردستان بەتایبەتی ئەوانەی كە پەیوەندیان بەسەحەوە هەبوو، بودجەی كامیلیان یان لە 90٪یان تەرخان ئەكرد بۆ موشكیلەی ویقایە نەك بۆ عیلاج موشكیلەی ویقایەش هەموو ئەو شتانە ئەگرێتەوە، كە پەیوەندی بەم نەوعە پەتایانەوە هەیە، بڵاو ئەبێتەوە لەو وڵاتانەی كەوا كاری تێدا ئەكەن، نابێ ئێمە گلەیی بكەین لەوەی كە بەعزێ شوێن مەشاریعكراوە، ئەمریكی كردوویەتی، یان وڵاتەكانی تر كردوویەتی، یان بانكی دەولی كردوویەتی، بودجەی هەرێمی كوردستان چەند دانراوە بۆ ئەوە زۆرم پێخۆشە یان پێی خۆشحاڵ ئەبم كە مەسەلە ئەڵێن ئەمریكیەكان بودجەیەكیان تەحدید كردووە، بۆ پرۆژەی ئاو لە هەولێر، یان لە دهۆك یان لەسلێمانی، بەڵام بەعزێك ناعەدالەتی هەیە لەدابەشكردنی پلان بۆ هەموو كوردستان بەتایبەتی تەبعەن ناعەدالەتیەكە لەچیدایە مەسەلەن خۆتان ئەزانن، ئەو رێكخراوانەی كەئەهاتنە كوردستان بۆ تەقدیم كردنی خدەمات لەكوردستان بەتایبەتی دوای راپەڕین، زۆرجار ئەیانوسیت لەسەرجادەكان بیكەن بەس بۆ ئەوەی بڵێن ئەوان مەشاریعیان كردووە، مەنتیقە نائیەكانیان لەبیر ئەكرد، مەسەلەن ئەوەی كە زۆر ستەمی بەركەوتووە، مەنتیقەی گەرمیانە یان مەنتیقەكانی سەرحدوودە، كەئەوان كەس ناچێت بیبینێت وەكامێراش ناچێت، لەبەر ئەوە ئەوان مەشاریعەكانیان لەو شوێنانە ئەكرد كەلەبەرچاوی خەڵكە، من پرسیارەكەم ئەوەیە كە حكومەتی هەرێمی كوردستان و ئەو وەزارەتانەی كەوا مەعنین بەمە بیر بكەنەوە كەچۆن چارەسەرێكی بنەڕەتی بكەین لەكوردستاندا، بەو چاوە سەریر بكەین بزانین چ ناوچەیەك پێویستی بەخەدەماتی زیاتر هەیە، چ ناوچەیەك پێویستی بەوە هەیە كەزیاتر مەشاریعی تێدا بكرێت، كەمەحروم بووە لە خیلالی ئەو چەند ساڵەدا، ئێستا بتوانین، ئەو حەقەی بۆ بكەینەوە، من ئەو پرسیارانەی كەزیاتر ئەمویست بیكەم دیارە كاك محمد رفعت كردوونی ومن پشتیوانی لەو تەقریرە ئەكەم، حەزەكەم جەنابی وەزیر جوابی ئەو پرسیارانە بداتەوە، دوای ئەوەش پلانێك دابنێین بۆ ئەوەی كەموقەسیر سزا بدرێت، هەر بەوە نەبێت قسە بكەین لێرەدا ئەوەشی كە ئیشی باشی كردووە دەستخۆشی لێ بكەین و،سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

ڤیان حاجی فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش هەمی ئاخافتێکی دبێژم بەراستی ڤێرەیە من شتێکی بیرا هەڤالا خۆ بینم، بەری هەمی شتەکی ئێمە ئەندامی پەرلەمانینە، ئێمە نوێنەرا خەلکی کوردستانینە، ئەز وەکی ڤیان سلێمان ئەز نەنوێنەرا خەلکی پارێزگا دهۆکێ بەتەنێ نیمە، ئەز نوێنەرا پارێزگای سلێمانیمە وئەز نوێنەرا کەرکوکیمەو ئەز نوێنەرا هەمی پارچەیەکا کوردستانیمە، گوند وگوند وشارۆچکا وباژێرامە، دیسان هەروەسا ئەم هاتینە ڤێرێ ئەندامێت پەرلەمانێ مە صوندێك خواری، ئەمیش لایەنی حزبی خۆ دوور بکەوین، ئەمن لڤێرێ بەس ئەندامێ پەرلەمانی دەکەین، هیڤی دارین ژی ڤێری پێدا ئیش ڤیلی بێ چەندە ئەم حەمی ئێك لیستینە، حەمی لیستی هاوپەیمانی لە کوردستانێت هاتینە خارێ، زۆرینەمان یەك، دوو لیستە نەبن رێکەفتێنێکا ئیستیراتیجی لەناڤ بەینا مە هەی و سەرۆکا هەرێما کوردستانێ ڤی پەرلەمانی بەری چەند رۆژێکا لەوێ جیهەی پیرۆز ئاماژەدا چەند لایەنەکی ئەز هێڤی دخوازم هەڤالێ خۆ بەڕێز دکەم لە هەر لایەنێك هەبت پێگیری چەند بیت. ئەز بابەتێ مە ئەڤرۆکە، بەڕاستی هەر شولێك هەبیت جێی دەستخۆشییە، شولێت باش جێی دەستخۆشییە، شولێ خراپ راستی پێ ڤێت جێی گلوگازاندەیە، ڤی هەندەك مە کارێت خۆ دبینم بۆ بەدواداچوونا ڤێ کارێ، ئەز یەکەم جار زۆر دەستخۆشی لە خاتوون نازەنین دکەم، لە راپۆرتا خۆدا ئاماژەد وێدا کو ئەو هاوکارییە زانکۆی کوردستان وەرگرت، ئەڤە خالێکی زۆر زۆر باشە، ئەز داخوازی دکەم هەمی وەزارەتا تر چاڤ لەوە بکات کو بابەتێ. خۆ، لێکۆلینێ خۆ لە لایەنی زانستی بگرن، کو ئەڤە نوقتەیەکا مەزنا خەلەلا لە وەزارەتی مەدا هەی.

یا دوێ/ بەڕاستی پرسیارێ من ژی وەکی گەلەك هەڤالا خۆ پرسیارا کری، ئەو پرۆژەی کە بۆ ئاڤێ سلێمانی پشت دوکان بێت لە 2005 هاتیە دەست نیشان کرن، بۆ هەتانوکە هیچ شت بۆی نەهاتیە کرن، شتێکی تریش ژی هەیە ل ڤێرێ خاتوونی بەڕێز لە راپۆرتی خۆیدا ئاماژەی کرد داکو هەر ژی دەستپێکا ئیعلان کرنا کولێرا ئەو دەست بەکار بییا لە ژوورا عەمەلیاتی و سەردانا مەیدانی کریا، شان بە شانی وەزیرێ تەندروستی گەلێك شولێتر کرنا، باشە ڤێرێ ئەگەر گلەییا من ئەوەیە بۆچی لایەنی ئیعلامی بەکار نەهێناوە، بۆچی ئێمە ئاگامان لێ نەبوو، لایەنی ئیعلامی بۆ بەکار نەهاتڤا وەکی هەر وەزیرێکی تر لێرەدا گلەیی دی نەهاتبا سەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێز ڤیان دزەیی فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر بنەمای قسەکانی برادەران، بەلگەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە پەتایەکە، لە ئاوەوەیە وهیچ غەش لەوەیدا نیە، بەلام ئایا سامپلەکان دوو دەرچووە یان کەم یان زیاتر ئەوە کێشە نیە، بەلام ئایا چ پرۆژەیەك هەیە بۆ لەمەودوا هاوشان بێت وەزارەتی شارەوانی وهاوکاری بێت لەگەل وەزارەتی تەندروستی بۆ ئەوەی

کەوا پرۆژەیەك دابنێن بۆ بەدواداچوون ولێکۆڵینەوە لەوەی تەنسیقێك لەنێوانیاندا هەبێت، ئەوەی کاك بکر من لەگەڵیدا هاوڕام کەهەموو لایەنەکمان پەیوەندیدارین لەسەر ئەو بابەتە، بەڵام ئەوەی زیاتر ئەو دوو وەزارەتەیە کە کێشەی ئەو دوو وەزارەتەیە زیاتر ئەوان پەیوەندیدارن، پرسیارێکی تریشم هەیە کە زۆر لەئەندامان داوایانکرد، داواکاری لیژنەی لێکۆڵینەوەیان کرد، بەڵام من ئەڵێم لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون بکرێت لەسەر ئەو کێشانە کە ئەوەی زیاتر ئیشی کردووە پاداشت بکرێت، وئەوەی کەموکوڕی هەیە سزا بدرێت، بەمەش کۆتایی بەوە بێنین کەوا خەڵکەکەکان ئەو موجامەلەی کە هەیە، ئەوەی کەئیش ئەکات دیار بێت، وئەوەی کەئیش ناکات دیار بێت، خاڵێکی تریشم هەیە ئایا هەولێر ماستەر پلانی هەیە، چونکە خۆشمان ئەزانین جەنابی وەزیرەش خەڵکی هەولێرە، هەولێر زۆر لەفراوان بووندایە، ئایا چ بەرنامەیەك هەیە یان هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان بۆ ئەو فراوانبوونە، ئەوەی کەمام خۆرشیدیش وتی زێراب وئاوەڕۆکان وپاشەڕۆکان، ئەوە زۆر تەنگی بەهەولێر هەڵچنیوە، ئایا ئەوەش هیچ لەبەرنامەیاندا هەیە، چونکە ئێستاکە ئێمە دەزانین وەزارەتی پلاندانان لەکۆنفرانسێکی گەورەدایە لەگەڵ یوئێن، کەوا لەمەودوا لەعەمان تەنسیق راستەوخۆ لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات، ئایا ئەوانیش هیچ تەنسیقێکیان هەیە بۆ ماستەر پلانی هەولێر وسوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

شیرین دینۆ فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە مەوزوع لەسەر کۆلێرایە، تەبعەن کۆلێرا لەسلێمانی دەرکەوت بەس تەئسیری لەسەر ئێمە هەمووومان کردووە، لەسلێمانیەوە هەتا زاخۆ، خەڵك پێی ناموستەقیڕە یان لەقەلەقدایە، چونکە تەئسیری لەسەر ئێمەش هەیە، تۆپباران کردنی تورکیا یا ئێران، من دەمەوێت بەس ئەوە بڵێم، وەکو لیژنەی شارەوانی ئێمە حەزەکەین جارێك بەڕێز جەنابی وەزیر ببینین، چونکە گەلێك شتمان هەیە، ئێمە حەزەکەین بیگەیەنینە ئەو، بەڕێگەی کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان، یان تەنها ئەمڕۆ لەسەر کۆلێرایە لەهەر باژێڕێکی پشتی سەرهەڵدانی باژێرێ مە فراوان بووینە، رۆژ بەرۆژ سنوورێکی بەرفراوان ئەگرێتەوە، گلە وگازندەی خەڵکیش و خزمەت پتر بەخەڵك داخوازیا دکەن، ئەم سەح کرد باژێڕێ زاخۆ، گەلێك باژێڕی دینە، نەك بەس زاخۆ بەرفراوان وسنوورێت وان بەرفراوان بوونە، گەڕەکێت کە تێدا هەینە، ئەم بێژن حەلێك تێدا هەینە، بەلکو نە بەس تەئیسیری کولێرەت هەی، ئەم بچن نە بەس ئاڤ کولێرا پەیدا کرن، بەلکی دەهان نەساغیا ژی پەیدا دکەت وەکی کلیاو پشتا، نە بەلچاڤ بووینە خەڵکەك بزانێت، پسپۆرێت خەلکێك صحی دزانێت، بەس خەلکێ مە عادی نازانن، ئەڤ ئاڤە چەندە؟ بیر چوونمە گەلەك کریا مەنتیقا خۆ کولێرا نینە، یاشمەڤە زاخۆ و دهۆکێ نینە، بەس هەرچەندە بۆرییێت کامل هی شو زێدە ئەو ئاڤە پێی کریت دێ خەلکێ ئاڤا پیسێ ئێتن، هەتا لە حەنیفیا مالاً دکەن ئاڤا پیسا ئێتن بیرچوونێتمە ئەو دیار بێت

بۆمه بۆریەت كۆناو ژەنگی گرتینه، ئاڤ تێ كری مەجاریا دگەل ئەو ئاڤا بۆ خەلكی دەرِوات، بەلكی گەلەك خەلكێ تر دزانن و گەلەك خەلكیش نازانن، هێڤی دارین ئەڤە لەبەر چاڤ بگرن، سوپاس.

**بەرِێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

صبریه خان فەرموو.

**بەرِێز صبریه غفار امین:**

**بەرِێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆرێك لەقسەكان كران، بەس من ئاماژە بەخاڵێك ئەدەم لەدەرئەنجامی قسەی ئەو بەرِێزانەی كەپێش جەنابی وەزیره حزوریان هەبووە، ئەو چوار وەزیره بەرِێزە وزۆرێك لەئەندامان وئەو زانیاریانەی كەلای خۆشمان كۆبووەتەوە، هەندێ نەخۆشی لەهەندێك وەرزدا چاوەرِوانی لێ ئەكرێت، یەكێك لەوانە مەسەلەی كۆلێرا هەبوو لە ئەگەری وەرزی هاوینە، زۆربەی ئەو ئیجرائاتانەی كراون. كە ئێمە مەسەلەیەكمان هەیە ئەڵێت خۆپاراستن لەخۆ چارەسەركردن باشترە، ئێمە هیچ هەنگاوێكی خۆپاراستنمان بەدی نەكرد، لەوەزارەتە پەیوەندیدارەكان و لەحكومەتیش كەپێش وەخت زەرِوور بوو دانیشتن بكرێت، كەئەم نەخۆشیە یەكەم جاری نیە لەوڵات وهەرێمی ئێمەدا سەرهەڵبدات، چ ئیجرائاتێكی پێشینە كراوە، بەرِاستی ئێمە هەمیشە لەگەڵ دەرئەنجامدا ئیش ئەكەین، كەئەوە شتێكی زۆر مەترسیدارە، حەق وایە لەداهاتوودا لەگەڵ جۆری نەخۆشیەكەو وەرزەكانی پێش وەخت ویقایە پێش بخرێت، خاڵێكی تر لەوانە نەماندی حاڵەتی لەناكاو، یەعنی دانیشتنی تایبەت وقسەكردن لەسەر ئەم بابەتەو ورووژاندنی هەتاوەكو ئەم راپۆرتانە تەرتیب كرا، كەئەمەش هەر لەسەر وەستانی ئەوێت بەرِاستی، خاڵێكی تر بەرِێز لەوە ئەچێت جەنابت مەعلوماتی باشترت لەلا بێت، مەسەلەی ئەم خۆڵ وخاشاكەی كەدیمەنی شاری ناشیرین كردووە، خەمان خان ئیشارەتی پێدا بەس من بەجۆرێكی تر قسە ئەكەم، لەوڵاتان بەتایبەتی ئێمە لەسوید بووین، ئەدنا دەرەجەی خۆڵ وخاشاك بووەتە داهاتێكی باشی میللەت، ئیستیفادەی لێ ئەكرێت، ئێمە جارێكی تر خۆڵ وخاشاك بووەتە هۆكاری دەیان نەخۆشی لەناوشاردا، وەرِێگاكانی لادانیشی بەرِاستی كەمە، من لەگەرِەكێكدام هەفتەی جارێك ئەبینم خۆڵ وخاشاكی بەردەرگاكان لابرێت، خاڵێكی تر كەزەرووره قسەی لەسەر بكەین ئێمە لەم مەوزوعانە ئیجرائاتی حاسم نابینین، بەرامبەر بە پەیوەندیدارەكان ئیجرائاتی حاسیمانە ئەو شتانەی كەوا كەمتەرخەمی تێدا كراوە، هەموو لایەك دڵخۆش ئەبین و شەفافیەتیش بەعەمەلی ئەبینین ئەگەر ببینین فلان كۆمپانیا دەوری هەبووە، لە خاوی بەرِێوەبردنیدا یان فەشەل پێهێنانی وحكومەتیش ئیجرائاتی خۆی بەم ئاراستەیە جێبەجێ بكات، دوا قسەم قسەكردنە لەسەر پاك وخاوێنی هاووڵاتی ئێمە ئەبێت بەشێكیش لەسەر ئەمە بوەستین و ئەركێك بخەینە سەر شوێنە پەیوەندیدارەكان كەهاووڵاتیش كەمتر نیە لەوەی كە ئەبێت، هۆشیار بكرێتەوە بەشێك لەهۆكاری ئەم نەخۆشیە، ئەبێ هاووڵاتیان كاری لەسەر بكەن، سوپاس.

**بەرِێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

كاك سردار هەركی:

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرە نامانەوێت ولەنیەتیشماندا نیە وناشتوانین هۆكاری پیس بوونی ئاوی سلێمانی بخەینە ئەستۆی وەزارەتی شارەوانی یاخود بەڕێز وەزیری شارەوانی، ئێمە تەنها لێرەدا یەك كێشە هەیە، كێشەیەكی گەورە روویداوە لەكوردستان ئەویش بڵاوبوونەوەی نەخۆشی كۆلێرایە، ئێمە لێرەدا دەمانەوێ دڵنیا بین لەرێكارەكانی ئەو وەزارەتانە كەوەریانگرتووە، بۆ ئەم مەبەستە ئێمە چەندین وەزیری تریشمان بانگكردووە، وەزیری تەندروستی وبازرگانی وژینگەش، ئەمڕۆش لەگەڵ جەنابی، جەنابی لە باسی سلێمانی وتی پێویستی بە300 ملیۆنە بۆ ئەم پرۆژانە، هەولێریش 300 ، هەمووومان دەزانین كە ئیدارەی سلێمانی وهی هەولێریش پێیان نەدەكرا ئەو بڕە پارەیە دابین بكەن، چونكە سەرچاوە داراییەكانیان زۆر لاواز بووە، خاڵی دووەم، پێم وایە ئەو دانیشتنەمان دادگایی كردن نیە بۆ ئیدارەی سلێمانی یاخود ئیدارەی هەولێر، یەعنی سلبیات زۆرە و گلەیی زۆرە ئەگەر هاتە سەر ئەوە، بەڵام ناتوانین باسی ئەو سلبیاتانە بكەین، ئینشاالله لەداهاتوو باسی ئەكەین، لەبەر سێ خاڵ نا توانین باسی بكەین، یەك: بابەتی دانیشتنەكەمان نیە، دوو: خزمەتی تەبایی ویەك ریزی گەلەكەمان ناكات، سێ: بڕیارێكی پەرلەمانمان هەیە كە تەعامول نەكرێت لەگەڵ هەردوو ئیدارە، بۆیە ئێمە وەزیری شارەوانی لەئیدارەی سلێمانی بەوەزیری خۆمان نازانین، ئەوەی هەولێریش ئەو وەزیرە بەوەزیری خۆمان ئەزانین، بۆیە زیاتر پرسیاری لێ ئەكەین، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

فخریە خان فەرموو.

**بەڕێز فخریە مصطفى محمد** علی:

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر ئەكەم، ئێمە چەند جارە داوای ئەوەمان كردووە، كە تۆڕی ئاوی شەقڵاوە زۆر زۆر پیسە، بەنیسبەت ئاوو ئاوەڕۆوە هەمووی دێتەوە ناو بۆڕییەكانی تۆڕی ئاو، ئەو تۆڕە لەساڵی 1953 وە كراوە، ئێستا زۆر بچووكە، چەند ئینجێكە بەشی ئەو خەڵكە ناكات لەو سەردەمەدا، ئێمە ئەڵێین پەتای كۆلێرا پەیدا بووە، ئێستا زیاتر خەڵكەكە هاوار دەكەن، منداڵەكان، گەورەكان ئەڵێن سكمان دێشێ لەقوتابخانەكان، هەمووی تووشی نەخۆشی كلیە بوونە، رملی تێدایە فحصیان بۆ ئەكرێت ئەڵێن رملی هەیە، چونكە ئاوەكە كە دێت هەمووی بەردی لەگەڵدایە، زیخی لەگەڵدایە، كەئەو زیخانە دێن بۆڕی ئاو دەگیرێت، سەرەپلاكەكانی بۆڕی رەئیسی قەت بەحەیاتی نەكراوەتەوە، عەلەلئەقەل بیكەنەوە، چونكە ئەو رملەو ئەو شتانە دێنە ناوی، هەمووی بۆ ماڵەكان دێت، ئێمە لە 48 سەعات ئاومان بۆ دێت دووسەعات، ئەو ئاوەش ئایا كارەبا نیە، ئەوە قەتع بوو، ئەوەندە ناچێتە ناو تەنكی كەتەماشای تەنكیش ئەكرێت، كرمە لیقی تێدایە، كرمی وردی لەگەڵدایە، ئەو منداڵانە هەمووی تووشی نەخۆشی زیاتر بوونە

نەك تەنها هەر كۆلێرا، ئێستا چەند كەس تووشی ئیسهالی بووە لەشەقلاوە، رشانەوەی گرتووە، داوا لەجەنابتان ئەكەین كەوا ئاگاداری خەڵكی شەقلاوەش بن چونكە زۆر زۆر ئاوەكەیان پیسە، من چوومە لای جەنابی پارێزگاری هەولێر كاك نەوزاد هادی، وتی ئەوە چوار بیرمان بۆ دەركردن، ئەمن بیرەكە چی لێ بكەم ئەگەر تۆڕی ئاومان نەبێت، ئەو بیرانەش بووەتە هۆی كەم بوونی ئاو، ئاو زۆر كەم بووە لەبناری سەفین كەئەو بیرانەیان لێداوە ئاوی نەمایە، هەموو داروبارەكان وشك بوونە، پێشتر پرۆژەیەك دەرچوو بۆ شەقلاوە پرۆژەی هێنانی ئاوی زێی قەندیل، بۆ ئەوەی باخچەكانی پێ ئاو بدەین، ئێستاش ئەو باخچانە كە بەناویدا ئەڕۆیت هەمووی وشك بووە، سووچی ئەوبیرانەیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

ملا سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من جوابی برادەرێكم ئەدەمەوە كە دەڵێت هەولێر لەسەر دەریای پیساییە، ئەگەر ئەو موصتەڵەحە موصتەڵەحێكی خۆش نیە بەكاریشی دێنێ ئەتوانێ شتێكی تر بەكار بهێنێت، ئەوەتەوەری یەكەمی باسەكەم، تەوەری دووەم لە نەتیجەی ئەم دانیشتنە ئاوا روون ئەبێتەوە كە سەبەبی سەرەكی دەكەوێتە ئەستۆی وەزارەتی سەحە، بۆ مومكینە لەلاتان وابێ ئینحیازێكە، وەڵڵاهی وا نیە، باس ئەوەیە تەسەدی وەبا عائیدی كێیە، یەعنی فحص كردنی ئەو سامپڵە كە پێشی ئەو ئاوە تەوزیع ئەكرێت ئەركی كێیە، نابێ تەشخیص بكرێت، نابێ بزانن ئەو ئاوە لەكوێوە هاتووە؟ ئینجا تەوزیعی بكەن، دەبێ لەبیدایەت وەزارەتی سەحە ئەوەی لەگەڵ بكرێت، تەحقیقی لەگەڵ بكرێت، لەسەر ئەو مەوزوعە و پرسیاری لێ بكرێت، كەوا تەسەدی وەبا عائیدی ئەوان نیە، ئەوجا لەپاشان ئیجرائاتی ئەوە بكرێت كەتۆڕ چاك ئەكرێت و ئاو خاوێن ئەكرێتەوە و ئایا كلۆری تێ كراوە یان نەكراوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

دكتۆر رەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیرە ئەكەم، پشتگیری لەقسەكانی كاك ئارێز وكاك خورشید شێرە ئەكەم، ئەوەی كە هەیە دەربارەی ئاو، ئەوەی كەوا لەكوردستاندا هەمانە من تەنها گلەیی لەوەزارەتێك ناكەم، ئێمە گلەییەكەمان لە سیستەمی حكومرانی كوردستانە، كەرەنگە هەندێكیان پاساوی خۆی هەبێت، هەندێكیشیان لەو تەمەنە زۆرەدا بێ پاساوە، بۆیە شتەكان نەوەزیرێك ونەوەزارەتێك ناگرێتەوە، زۆرجار خەڵكیش ئەگرێتەوە، چونكە خەڵكەكە نا وشیارە، ئەگەر خاوەنی وشیارییەكی باش بێت لەسەر حكومەت هەڵبەتە حكومەتیش وئێمەش وا بێ خەمانە رووبەرووی كێشەكان نابینەوە، باس لەپرۆژەی ئاوی سلێمانی دەكرێ،

که به بودجەی ساڵێك ناکرێت، خۆ پرۆژەکەش بەساڵێك جێبەجێ ناکرێت، چەند ساڵێکی دەوێت، دەکرێ لە بودجەی ساڵانە ئەوەی بۆ تەخمین بکرێت، باس لە دوکان ئەکرێت لەدوکان خەڵك بێ ئاوە، ئەگەر سلێمانی 70 کیلۆ مەترە، زۆربەی گەڕەکەکانی دوکان بێ ئاون، من بۆ خۆم ناچار بووم بەجێی بێڵم لەبەر بێ ئاوی وبێ پرۆژەیی، پرۆژەکان دەکرێن تەواو ناکرێن، پارەکە سەرف ئەکرێت ئەنجامی نیە، کێ لێپرسینەوەی لەگەڵدا کردن، ئێمە هەر فێربووین دەستخۆشی بکەین، ئەوەی بەتەمای جیرانیش بێت بەبێ شیو سەردەنێتەوە، ئێمە بڵێین ئاو وکارەبا هەر بەمەجانی دابینی ئەکەین ولەو سەریشەوە پارەمان نیە، باشە ئەمانە شوێنێکن شوێنی داهاتن، مەفروزە داهاتی پێویست جارێ خەڵك ئاگادار بکەین، من خۆم چووم پارەی ئاوم داوە، هی دوو مانگ 1500 دینارە، خۆ ئەگەر ئەمە پێنج هەزار بێت وحسابی بکەین، بەحساب چ داهاتێك دروست ئەکات تا ئەم وەزارەتە ئیشەکانی خۆی پێ بڕوێنێت، من بۆ بەتەمای بانکی دەولی ویابان بم هەتا ئەو فریام ئەکەوێت، بەڕاستی کارەسات دەقەومێت هیوادارم بەهەستێکی بەرپرسیارانەوە زیاتر هەموومان رووبەرووی ئەو کێشانەو کێشەی داهاتووش ببینەوە، بەڕاستی لە سلێمانیدا تونێلێك دروستکراوە لەو دیوەوە چاوەڕوانی دەکرێت سەرچاوەی ئاوی باش هەبێت، کەئەمە ئاسانتر وباشترە، چونکە ئاوی دوکان لەشوێنێك راکێشراوە لەئەخیر نوقتەی شاری دوکانەو هەموو پاشەرۆکانی تێدەچێت، بۆ بیر نەکرایەوە لەنوقتەی یەکەمی سەرووی دوکانەوە راکێشرایە، لایەنی کەم پاشەڕۆکی دوکانی تێ نەئەڕۆشت، ئاوەکە نزیکتر بوو لەسەرچاوەی خاوێنی سەر سەدەکەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك جمال یوسف فەرموو.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت دیارە ئەرکی ئەم وەزارەتە زۆر قورسە، حەق وایە ئێمە بۆ ساڵی داهاتوو هەوڵ بدەین بودجەی ئەم وەزارەتە زیاد بکەین، هەموومان هاوکاری بین بۆ لایەنی مادی و مەعنەوی ئەم وەزارەتە، لەئاستی ئەو هەموو ئەرکە قورسە بێت کەئەو برادەرانە هەموویان بەگشتی باسیان کرد، کەئیشێکی زۆری دەوێت وپارەیەکی زۆریشی دەوێت، من پێم وایە یەکێك لەخەلەلەکان ئەوەیە پلانی هاوبەش وتەواوی مەشروعەکانمان نیە، بۆ نموونە مەشروعێك دروست ئەکرێت، بە 20 ملیۆن دۆلار، کەچی شەبەکەی مەشروعەکە پیسەو تێك چووە وەکو ئەوەی زاخۆ، سەرووی 23 ملیۆن دۆلاری تێچووە، کەچی شەبەکەکە پیسەو موتەکامل نیە، شارێك دروست ئەکرێت یاخود گەڕەکێك دروست ئەکرێت، کەچی ئاوەڕۆی نیە، شارێکی وەکو دهۆك زۆر جوانورێکوپێکە، کەچی کەس ئاوڕێك لەئاوەڕۆی دهۆك ناداتەوە، زۆر هاوکارو لێژە زەوییەکەی و موساعیدیشە کە ئەوە بکرێت، کەی ئەوە دەکرێت، گەڕەك دروست ئەکرێت کەچی دوایی دێن جادەکە تێك ئەدەن وپرۆژەیەکی تر دێننە پێش، ئەوە موتەکامل نیە لەگەڵ پرۆژەکانی تری ناو شارەکە، من پرسیارەکەم ئەوەیە، بۆ ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان کەئێستا لە شێخان وشوێنانی تر وەزع

زۆر خراپە، وەزارەت چی بەرنامەیەکی هەیە بۆ ئەو ناوچەیە، خەریکیشە نەخۆشی زیاد ئەبێت لەو ناوچانە وەکو شێخان، دووەم وەزارەت چ عەقدێکی هەیە بۆ هێنانی مەعمەلەکانی لەناوبردنی پیسی، یەعنی ئەمڕۆ هەموومان ئەزانین مەعمەلەکان هەیەو لەوڵاتەکانی دراوسێش هەیە، بۆلای ئێمە تا ئێستا ئەو عەقدە نەکراوە، بێنن لەوڵاتی ئێمەش هیچ نەبێت لەشارە گەورەکان، بیهێنن لەهەرشارێکی گەورە لەدەرەوەی شارەکان مەعمەلێکی وا گەورە بێنن بۆ لەناو بردنی پیسی وسوود وەرگرتنیش لەسەمادو ئەو شتانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی)**:

رەمزیە خان فەرموو.

**بەڕێز رمزیە احمد رشید**:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر ئەکەم، من لەخوێندنەوەی ئەو راپۆرتەی ئەو دیقەتم تێدا کریە، پرسیاری من ئەوەیە، چ ئیستیعدادێکی وەرگرتووە، ئەگەر خوانەکات پارێزگای دهۆك ئەو نەخۆشیە بوو، ئەوە یەك، وەچی کردووە بۆ ئەو پارێزگایە تا ئەم نەخۆشیەی تێدا بلاو نەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی)**:

شێخ فتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی**:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەحەقیقەت دانیشتنەکەی ئێمە، هەدەف لەو کۆبوونەوەیە بۆ ئەوەیە ئێمە پێش لەو نەخۆشیانە بگرین، کە تووشی وڵاتەکەمان هاتووە، مەبەست ئەوە نیە حەتا گوناهـ و تاوان هی شارەوانیە یان هی تەندروستیە، یان هی ئەوی تریانە، من پێم وایە گوناهەکەمان ئیهمالی و کەمتەرخەمی لە چوار وەزارەتە، یەکەم سەحە، دووەمین شارەوانی وسێیەمینیش زراعە، چوارەم ژینگە پێنجەمیش هەموو محافزەکان، ئەو نەخۆشیەی کەدروست ئەبێت، زۆری لەو پیسی وپەلۆسیەی دروست ئەبێت، کەلەهەموو شارەکانی کوردستان هەیە، ئەوەی کەکەمتەرخەمە لەو مەوزوعە هەموو شارەوانیەکانە، لە 1992 تا ئێستا حکومەتێکین ،دەوڵەتێکین شارەوانی ئەوەی پێویستە بەئەرکی خۆی هەڵنەساوە، ئەگەر حەقیقەتێك بەڕاشکاوی قسە بکەین مەوزوعەکە لێرەدایە، ئەوە نیە، ئەوە سلێمانیە و ئەوە هەولێرە، هەتا ساڵێك لەمەوبەر سلێمانی بۆ خۆی، وولاتێك بوو، دەبوایە بیتوانییایە ئەوەی پێویستە بۆ شارەکەی خۆی بکات، هەولێرەکەش بەهەمان شێوە، کەواتە هەمووماں تاوانبارین لەو مەوزوعەدا بەحەقیقەت شارەوانی لەهەموو شاروشارۆچکەکان ئیهمالی هەیە و کەمتەرخەمی هەیە، بۆیە من داوا ئەکەم، ئەوەی پێویستی شارەوانیەکانە بیکەن لەهەموو شارەکان،

ئەورۆ ئەگەر تەماشا بکەن دوو،سێ خاڵ ئاراستەی جەنابی وەزیرە ئەکەم بەنیسبەت هەولێرو فەقەت ئەوەی تر هی شارەوانی بۆ خۆی ئەتوانێت ئەوەی کە نوقسانیە بەرچاوی بخات وحکومەت جێبەجێی بکات، بەڵام تەماشا بکەن لەهەولێر جەنابی وەزیرە، گەڕەکێکمان هەیە تورەق، لێرە لەسەر رێگەی موصڵ کۆمەڵێك زەراعەتی لێ ئەکرێت، ئەو زەراعەتە، ئەو شینایە بەچی ئاو ئەدرێت، بەچی بەخێو ئەکرێت، بەچی دێتە بەرهەم، بەو مەجرایەی کەبەناو شاری هەولێردا دێت، ئێستا ئەو سلق وزەراعەتە بەوە بەخێو ئەکرێت، دێت لەبازاڕەکەدا بەئیمەی ئەفرۆشێت، کەواتە ئەوە ئەبێ عیلاجی بکرێت، بۆ وابێت، ئەوە ناڵێم تاوان وگوناهی وەزارەتی شارەوانیە، ئەوە حەقە وەزارەتی زراعە ئەوەی لەبەرچاو بگرتایە، کەمتەرخەمیەکە هی وەزارەتی زراعەیە، دووەمین: حەزم ئەکرد ریقابە بۆ شارەوانی هەموو شارەکان بەتایبەتی هەولێر کە پایتەختی کوردستانە، حەزەکەم جەنابت ریقابە دروست بکەی تەماشای مەنتیقەکان بکەن ئایا هەتا کەی ئەو پیس وپۆخڵاتەیماڵەکان لەبەردەمی ماڵەکان، لەحاوییەکان حەفتەی جارێك کرێکارێك دێت بەدوو کارمەند لە کۆڵانەکاندا دەڕۆن، حاویە هەڵ ئەگرن ئەوەی لەغەیری حاوییە بێت لەوجادە هیچ کەس دەستی بۆ نابات، ئەو هەموو موەزەفەی کەهەمانە ئەگەر لەشارەوانی نیە با داوا بکرێت، بچنە شارەوانی وخزمەتی شارەکان بکەن، چونکە ئەوە پایتەختی کوردستانە، پێویستە بەخاوێنی رابگیرێت، من ناڵێم بەتەنها ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ شارەوانی، بەڵام روکنی سەرەکی شارەوانیە، ئەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیردرێت، خاڵێکی تر ئەوەیە لەناو وڵاتی ئێمە زۆر بڵاوە ساوەر ئەکرێت ، یەعنی ئەمڕۆ رۆژی ئەوە نیە، ساوەر لەدۆلاراوە لەو مەنتیقە راقیە مەنجەڵێکی گەورە بخەنە سەر ئاگر، تایەی بدەنە بنی ودووکەڵ ناخۆشی بۆ خەڵکی بنێتەوەو ساوەر لەوێ بکرێت، یەعنی هەندێك شت هەیە ئەبێتە ئەسبابی پیسی تکات لێ ئەکەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس گەیشت سوپاس،کاك ارسلان فەرموو.

**بەڕێز ارسلان غفور سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر ئەکەم، لێرەدا ئەمەوێت قەزییەك بورووژێنم بەڕاستی تا ئێستا لەوانەیە باسی لێوە نەکرابێت، ئەویش قەزییەی مواصەفاتی فەنیە، نازانم خەلفیەی علمی جەنابی وەزیر چیە ئەگەر مهندسی فەنی بێت بێگومان خۆیان شارەزایی ئەو وەزعەن کە ئەو پرۆژانەی ئێستا لەکوردستاندا ئەکرێت لە دوای راپەڕینەوە تاکو ئێستاکە، بەشێوەیەکی علیمی وبەمواصەفاتی عالەمی نەکراوە، کە گەورەترین کێشەی بۆ ئێمە دروستکردووە، ئەگەر بێت ودڵنیامان بکاتەوە، کە لەو کاتەوەی کەجەنابیان دەستبەکار بوون تا ئێستا ئایا جیاوازییەك هەیە، لەمواصەفاتی فەنی جێبەجێکراوە، یاخود نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك جوتیار فەرموو.

**بەڕێز كريم مجيد شريف(جوتيار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر ئەكەم، دیارە ئەمڕۆ باسی مەوزوعێك ئەكەین كەگرنگەو ئەهەمییەتی هەیەو پەیوەستە بەژیانی هەموومانەوە، بەر لەوەیش مەسئوولیەتی هەموومانە رووبەرووی ببینەوە، دیارە ئەم كۆبوونەوەی ئەمڕۆشمان بۆ ئەوەیە بتوانین هەم لەگەڵ جەنابی وەزیردا موناقەشە بكەین وپرسیاری ئاراستە بكەن ودواجاریش بگەینە نەتیجەیەك بۆ ئەوەی بتوانین چارەسەری ئەو گرفتە بكەین، دیارە نەخۆشی كۆلێرا یەكێكە لەو نەخۆشیانەی كەوا لەناوەڕاستی سەدەی رابردوودا چارەسەری بۆ دۆزراوەتەوە، ئێستاش لە وڵاتە زۆر دواكەوتووەكاندا سەر هەڵئەدات، دیارە ئێمە بەو نەخۆشییەی كەئێستا سەری هەڵدا سەلماندمان كەئێمە یەكێكن لەو وڵاتە دواكەوتووانە، ئەوەی كەئەمانووت كەوتووینەتە سەر شاڕێی پێشكەوتن و مەدەنیەت، كەوتووەتە ژێر پرسیارەوە، جگە لەوە بەپێی راگەیاندنی هەندێك لەوەزارەتەكان بەتایبەتی ژینگەو تەندروستی ودەرامەتە ئاوییەكان، ئەڵێن ئاو وهەواو خاكی كوردستان زۆر پیس بووە، كەلەچەند ساڵی ئایندەدا چارەسەری نەكەین، پلانێكمان نەبێت، تووشی كارەساتی مرۆیی گەورە ئەبین، پرسیارەكەی من ئەوەیە بۆ جەنابی وەزیر بۆ ئەو مەترسیە چ پرۆژەیەكیان هەیە، وە هەماهەنگیان لەگەڵ ئەو وەزارەتە مەعنیانە چیە؟ دیارە جەنابی باسی ئەوەیكرد كەژووری عەمەلیاتیان دروستكردووە، شتێكی زۆر باشە، دەستخۆشی لێ ئەكەین، بەڵام پرسیارەكەی من ئەوەیە بۆ لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی ووەزارەتەكانی تر ژووری عەمەلیاتیان دروست نەكرد،كە لەڕاستیدا وەزارەتی تەندروستی ئیشی چارەسەرو ئەو شتانەی هەیە ، بەپێی قسەكانی وەزیریش و هەمووشمان ، ئاوی پاك ئەركی وەزارەتی شارەوانیە، كەراستەوخۆ پەیوەستن بەیەكتریەوە، ئیشەكان بەتایبەتی لە ئێستادا، من پێشنیار ئەكەم ئەگەر ژووری عەمەلیاتی هاوبەشیان نیە، ئێستاش ژووری عەمەلیاتەكە بكەنە ژووری عەمەلیاتی هاوبەش، شتێكی باشە، من سەردانی شارەوانی هەندێك لەقەزاو ناحیەكانم كردووە، بەڕاستی گرفتیان لەوەیە كە دەسەڵاتی سەرفكردنی كەمترین بڕی پارەیان نیە، ئەگەر شتێك بێتە پێشەوە بۆ بواری خزمەتگوزارییەك یان گرفت ومەشاكیلێك بێتە پێشەوە، لەبواری ئاوو ئاوەڕۆو ئەوانەدا، كە بڕێكی زۆر كەمیش بێت، ئەڵێن پێویستە نووسراو بكەین وبیگەیەنینە سەرووی خۆمان وئەوەش بەدوادا چوونی ئەوێت، هەندێك جار پارە لەوە زیاتر سەرف ئەكەین تاكو ئەوەی داوامان كردووە، یان جاری وا هەیە دوا ئەكەوێت و تەئخیر ئەبێت، چاككردنی ئەو ئیشە یان ئەو خزمەتگوزارییە، دەوری نامێنێت وبەسەر ئەچێت، جیا لەوە من بەڕاستی پشتگیری ئەوە ئەكەم لەشارەوانیەكاندا كرێكار یان ژینگە پارێزی پێویست نیە، بتوانێ خزمەتی خەڵك بكات، هەموو لایەكمان قسەمان لەسەر ئەوە كرد شارەكانمان هەمووی پیسن، هەولێر پیسە، سلێمانی پیسە، زۆر كۆڵان بۆگەنیان كردووە، خۆڵ وخاشاكی زۆر هەیە، جەنابی وەزیر بۆخۆشی ئەزانێت ژینگە پارێزی كەمە، پرسیارەكەی من ئەمەیە كەجەنابی وەزیر ئەزانێ كە كەمە، بۆچی تائێستا چارەسەری ئەوەیان نەكردووە؟، بەڕاستی هەندێك پێشنیار كرا لێژنەی لێكۆڵینەوە دروست بكرێت، بەڕاستی من پێشنیار ناكەم

لیژنەی لێکۆڵینەوە دروست بکرێت، پرسیار ئەکەم بۆ تا ئێستا دروست نەکراوە، بەتایبەتی دائیرەی ئاوی سلێمانی کۆمەڵێك نووسراویان بەرزکردۆتەوە کە ئەڵێن جوابمان نەدراوەتەوە، حەقە لیژنەی لێکۆڵینەوە پێشتر دروست بکرایە بۆ ئەوەی چارەسەری یان بیانزانیایە کەسی خەتابارو کەمتەرخەم کێیە، لەلایەکی تریشەوە من وەکو ئەوەی سەردانی هەندێك لەو شارەوانیانەی قەزاو ناحیەکانم کردووە، بەڕاستی یەکێك لەگرفتەکانیان ئەوەیە ئامێریان نیە خزمەتی خەڵکی پێ بکەن، لەبەر کەمی ئامێرو ئەو شتانەدا گرفتیان بۆ دروست ئەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئاخر پرسیارم ئەوەیە قسە لەسەر شارە گەورەکانی هەولێر وسلێمانی ودهۆك زۆر کرا بۆ خزمەتگوزاری ئاو وپاك وخاوێنی شارەکان، ئەی قەزاو ناحیەکان کە بەتایبەتی هەندێك ناحیەو قەزا شاری زۆر گەورەن پێویستیان بەوەهەیە ئاوڕیان لێ بدرێتەوە، لەچوارچێوەی ئەو پرۆژەو بەرنامانەدا، کە جەنابی وەزیر دایناوە ئەوانیش جێیان بکرێتەوەو، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من زۆربەی قسەکانم لەلایەن صبریە خانەوە کرا، بەڵام من حەزەکەم پرسیارێك لەجەنابی وەزیر بکەم، ئەو هەموو شتە جوانانەی پێشکەش کرد، خۆیشی یەکێکە لەوەزیرە چالاکەکان کەبەچەند وەزارەتدا تێپەڕیوە، وەکو وەزیرێکی بیرۆقراتی هەموو پلەکانی بڕی تاکو گەیشتۆتە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی، دوێنێ وئەمڕۆش کەئەم وەزارەتەیە، من لێرەدا بەڕاستی ئەمڕۆ زۆر نیگەران بووم، هەستم کرد دوو وەزیر لەڕووری عەمەلیاتەو نەشتەرگەری وهەڕەشەشی لێ ئەکرێت وچاویشی لێ سوور ئەکرێتەوە، جا من سێ پرسیارم لێی هەیە، یەکێکیان: ئەم هەموو مەتالیبەی ئێمە کەدەبێت بیر هەڵکەندرێت، بۆڕییەکان هەمووی چاك بکرێن، شار ئاوەدانبکرێتەوە، ئاو رابکێشرێت، ئەمانە هەمووی ئەی بودجەتان چەندە؟ بەڕێزتان کەهەمووی ساڵێك و دوو مانگ وبیست رۆژە دەوام ئەکەن، ئەمە پرسیاری یەکەم، دوو: ئایا خۆتان وەکو خودی وەزارەت کێشەتان هەیە، حەزم کرد کێشەی خۆتانمان بۆ باس بکەن وەکو وەزارەت، ئێوە کێشەتان هەیە تاکو ئێمەش بزانین لەڕێگەی ئەوەوە، دوو گەیاندنی ئەو بودجەیە بۆ هەرێمی کوردستان، چەند تەئخیر بوو، پرسیاری ئەخیرم، ئایا تەنسیق هەیە لەنێوان ئێوەو سێ وەزارەتەکەی تر، تەندروستی وژینگەو ئاوەدانکردنەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە زۆر بەتێرو تەسەلی پرسیارەکانی خۆیان کردووە، دیارە دوو بەڕێز ئیشارەت ئەکەن کەناویان نەنووسراوە، باشە کاکە فەرموو کاك عادل.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پێم سەیرە باس لە کۆڵەکەیەك لەکۆڵەکە ئەساسیەکانی ژیان ئەکەین، کەئاوە وەکو ئەوەی کەسەرهەڵدانی کۆلێرا کێشەی ئاو، ئەبێ باسی لێوە بکەین، من بۆخۆم ژیانی ئینسان بەسێ قۆناغ ئەشوبهێنم، هەوا وئاو نان، یەعنی قەت ناڵێم وەزارەتی شارەوانی ئەم وەزارەتەی ئێستا لەو مەوزوعە بەتەنها بەرپرسە بەتایبەتی پرۆژەکانی ئاوو ئاوەڕۆ، لەدروست بوونی حکومەتی هەرێمەوە لەساڵی 1992 وە هەر پێنج کابینەکە بەرپرسن لە تۆڕەکانی ئاوی خواردنەوەو لەئاوەڕۆش، ئێمە ئەو مەوزوعانە باواقیعانە وەکو خۆی باسی لێوە بکەین، ئینجا بەڕاستی ئێمە تەوەقوعمان ئەکرد، ئەم نەخۆشیە لەگەرمیانەوە سەرهەڵبدات، لەبەر ئەوەی خراپترین تۆڕی ئاوی خواردنەوە لەگەرمیانە، بۆ نموونە دەربەندیخان ئەو رۆژە وەزیری تەندروستی باسی ئەوەیکرد، کە ڤایرۆسێکی تازە دۆزراوەتەوە لەئاوی دەربەندیخان، ڤایرۆسی جگەر، هەروەها کەلار گوڵناز خان ئیشارەتی پێدا راستەوخۆ لەئاوی دەربەندیخانەوە ئەو ئاوە دێتە ماڵان، پرۆژەیەکیان هەیە ماوەکەی یەك ساڵە، ئەوە یەك ساڵ وشەش مانگیشی بەسەرا چووە، نازانم وەزارەت چی کردووە، بۆ ئەو مەوزوعە، ئاوی کفری ئاوێکە چەندین جار تەحلیل کراوە بۆ خواردنەوە ناشێت، ئێستا ئاوێکی بۆ راکێشراوە لەدوزخورماتووەوە بۆ کفری، ئەمە بەڕاستی چاوەڕوانی نەخۆشی سەیری لێ ئەکەین، ئەو ئاوە ئێستا هەمووی مەنهۆڵەکان هەڵدراونەتەوە، ئەو عەرەبانەی دەورووبەر دێن لەو ئاوە ئەبەن، رەنگە مەترسی ئەوەشی هەبێت ژەهراوی بکرێت، ئینجا بەڕاستی من پرسیارێکم لەجەنابی وەزیرە هەیە، باسی ماستەرپلانی ئاوی خواردنەوەی شارەکانی هەولێر وسلێمانی کرد، باشە ئەپرسم ئەی ئایا شارەکانی تری کوردستان شارەزوور، رانیە، گەرمیان، دهۆك ئەوانە چی بۆ دانراوە؟، پرسیاری دووەمم ئەوەیە هۆی کۆلێرا جەنابی وەزیری تەندروستی وتی ئاوە، جەنابی وەزیری شارەوانی ئەڵێت نەخێر ئاو نیە، بەڕاستی من لێرەوە ئەڵێم وەزارەتی شارەوانی ووەزارەتی تەندروستی بەرپرسن لە سەرهەڵدانی نەخۆشی کۆلێرا، من پرسیارێکی ترم هەیە لەجەنابی وەزیرە، ئایا بۆ کەرکووك کە ئێمە هەمووومان هەرچی بەسەرماندا هاتووە لەسەر کەرکووك بووە، ئایا بۆ کەرکووك کە سەرهەڵدانی نەخۆشیەکە لە کەرکووکەوە دەستی پێکردووە، وەزارەتی شارەوانی هەرێمی کوردستان چی کرد بۆ کەرکوك، سێ پێشنیاریشم هەیە، یەکێکیان بۆ جەنابی وەزیرە، پرسیاری ئەوە ئەکەم بەڕاستی پێویستە ئێمە پێش هەموو پرۆژەیەك، ئاوی خواردنەوەی تەندروست لەگەڵ ئاوەڕۆدا ئەوە مەسەلەیەکی رۆژانەی راستەوخۆی پەیوەندی بەژیانی ئینسانی کوردەوە هەیە، ئەبێ ئەو مەوزوعە بنەبڕ بکەین، ئاوی سازگار دابین بکەین بۆیە من پێشنیار ئەکەم، میزانیەی وەزارەتەکەی ومیزانیەیەکی نائاساییش تەرخان بکرێت بۆ بنەبڕکردنی کێشەی ئاوی خواردنەوە وئاوەڕۆ، پێشنیاری دووەمم بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانە، من پێم باشە لەبەر ئەوەی وەزارەتی شارەوانی، رووی حکومەتە بەڕاستی ئێمە هەر گلەییەکمان لەسەر بێت، لەبەر ئەوەی هەموو خزمەتگوزارییەکان لەلای وەزارەتی شارەوانیە، من پێم باشە وەزیری شارەوانی بەلای کەمەوە مانگی جارێك بانگ بکرێتە ئێرە بۆ گفتوگۆو لێپرسینەوە سەبارەت بەو هەموو پرۆژە سەقەتانەی کەوا لەکوردستاندا هەیە، پێشنیاری سێیەمم ئەوەیە، ئێمە حەقە ئەم مەوزوعە یەکلابکەینەوە، پێکهێنانی

لیژنەیەك بۆ تەحقیق كردن، كەمتەرخەمییەكە لەكوێوە سەری هەڵداوە؟، من پێ لەسەر ئەوە دائەگرم، پێشنیاری ئەوە ئەكەم، بەڕاستی حەقە ئێمە موقەسیری ئەم مەوزوعە موحاسەبە بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

كاك عبدالرحمن فەرمووو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە خاڵی گرنگ مەسەلەی ئاو بوو كەباسكرا بەتایبەتیش ئاوی شاری سلێمانی، وەك باسكرا تۆڕی ئاو تەواو نیە، تۆڕی دووەم ئەوە قورسەو جێبەجێ نابێت، بودجە نیە من لەموقابەلەیەكی بەڕێوەبەری ئاو لە 9/20 دەڵێت تۆڕی ئاوی دووەمی سلێمانی 10 ساڵی ئەوێت، هەروەها بیرەكان ناتەواون هەروها كلۆر تەنزیم ناكرێت، هەندێك جار كەمە هەندێك جاریش زیادە ئاوەكە تاڵ ئەكات، لەم دەرئەنجامەدا پرسیارەكەم ئەوەیە، ئایا ئەمە وەكو حاڵەتێكی طوارئ سەیر نەكرێت لەكوردستاندا چونكە ئەم پەتایە پەتایەكی جیهانیەو بەمەرگی سپیش ناسراوە، لەكوردستانی خۆشمان خەتەرەو مردنی لێ كەوتەوە، وەكو ئاگاداریشن بەڕێزان سەرۆك كۆمار سەرۆكی هەرێم، تەداخولیان كرد لەو مەوزوعەدا ئایا ئێمە وەكوحاڵەتێكی طوارئ سەیری ئەم نەخۆشیە نەكەین كەتیمە خێرخوازییەكان ئەو تیمانەی كەوا ئاوەدان دەكەنەوە حكومەتی عێراقی بەهەموومانەوە پەرلەمانی كوردستان لەراپۆرتەكەدا ئاماژە بەوەبكرێت، چارەسەری ئەم نەخۆشیە بكرێت وبنبڕ بكرێت، هەروەها وەكو بەڕێزان ئاماژەیان پێكرد، هەر كۆلێرا نیە، نەخۆشی گورچیلەیە، هەروەها ڤایرۆسی جگەر و نەخۆشییەكانی تریشە، من تەئكیدی ئەكەمەوە كە پەرلەمان بەسەریدا نەڕوات و بەم دانیشتنە كۆتایی پێ نەهێنین ئاماژە بەوە بكەین كەچارەسەری بنبڕ بكرێت، هەروەها لیژنەیەكیش هەبێت بۆ بەدواداچوون بۆ ئەم نەخۆشیە، لیژنەی شارەوانی ولیژەنە پەیوەندیدارەكان تابگاتە ئەنجام بەتایبەت ئەو كێشەی سلێمانی ئاوی سلێمانی چارەسەر بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سۆزان خان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر ئەكەم، پێشەكی ئەمەوێت قسە بكەم دوو رۆژە ئەم مەوزوعە تازەیە لە عیلمدا دەركەوتووە، ئەڵێت كۆلێرا سەبەبەكەی ئاو نیە، خۆ خۆی عیلم ئەڵێت ئاوە، بەحەیاتیش یەعنی تەناتەت ئەبوایە لەزمنی قەدەغەكردنەكە ماسیش قەدەغە بكرایە، لەعیلمدا وا ئەڵێت، ئەگەر ئێوە عیلمێكی تازەتان دۆزیوەتەوە تێیدا كە سەبەبەكەی ئاو نیە، حەزەكەم پێمان رابگەیەنن، دووەم: پێكهێنانی لیژنە من هیوادارم لیژنە لە بەڕێوەبەری گشتی یەكێك لەئاوو ئاوەڕۆی سلێمانی ئەڵێت نەخێر ئاو نیە، وتیشیان پێكهێنانی لیژنە بۆ لێكۆڵینەوە من نازانم لێكۆڵینەوە لەچی بكەین ئێمە، خۆ ئەبێ هەموو رۆژێك

لیژنه دابمەزرێنین لێکۆڵینەوە ئەبێ بکرێت، ئەمە تەوجیهی جەنابت ناکرێت وەکو نازەنین خان، ئەمە تەوجیهی جەنابت دەکرێت وەکو شەخصی بەرپرسی یەکەمی وەزارەتەکە، وەکو ئێستا تۆ تەحەمولی مەسئولیەتی وەزارەتەکانی پێشووش ئەبێ بکەیت، مەعنای ئەوە نیە تۆ ئەوانەی پێشوو لەبیر بکەین، ئێمە هەتا ئێستا رۆژێك لەرۆژان لە وەزارەتەکەی جەنابتە پرسیارەکەی من ئەوەیە، لیژنەت دروست کردووە، بۆ سەردانی هەموو مەشاریعی ئاوەکان، ساڵ ونیوێکە مەشروعی ئاوی دووەمی سلێمانی لەپلاندا بووە وباسکراوە، ئاوی ئیفرازی هەولێر تەواو بو سلێمانی هەموو بیستوومانە، کە ئەبوایە بکرایە، جەنابت کەوەزارەتەکەت وەرگرت، بەدوادا چوونت بۆ کرد؟، ئەگەر سەبەبەکانیشیمان پێ بڵێیت بۆ چی جێبەجێ نەکرا، زۆر مەمنوون ئەبین، بەرزکردنەوە تەلار لەکوردستاندا هەموو رۆژێکە، شارەوانیش ئاگای لێی نیە، هەر پارچە زەوییە ئەدرێت بەیەکێك وتەلارێکی پێ بەرز ئەکاتەوە، ئاوو پیساییەکەش دێتە سەرجادەکە، ئێوەش لێی بەرپرسن، چونکە ئێوە نابێت، ئیجازە بدەن بەیەکێك کە ئاوو ئاوەرۆتان بۆ جێبەجێ نەکردبێت، تێناگەم چۆن ئەم هەموو ئیجازانە ئەدەن بەو تەلار وعیمارانە؟، یەکێك لەسەبەبەکانی تری بڵاوبوونەوەی کۆلێرا نەخستنی کلۆرە بۆ ناو ئاوەکان، ئەڵێن ئەو جیهازەی کەلێی ئەبەستی بەشی 24 سەعاتە، ئەی ئایا بزانم دوای 24 سەعاتەکە هەر بەهەمان جیهاز ئەڕوات کەئێکسپایەر بووە؟، ئیتر هیچ کاری نەما، وەکو باس ئەکرێت کلۆر مەنع کرا بێتە ناو هەرێمی کوردستانەوە، ناو عێراق بەگشتی لەدوای ئەو تەقینەوانەی کە بەکار هێنانی غازی کلۆر، ئێوە پەیوەندیتان کرد بەعێراقەوە بۆ ئەوەی کێشەیان لێ ئاگادار بکەنەوە، بۆ مەنعکردنی داخڵ کردنی کلۆر کە ئەبێتە هۆی پیس بوون و بڵاو بوونەوەی نەخۆشی، من یەك شت حەزەکەم ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمان بکەم، ئێمە وەزیرمان بانگکرد، گفتوگۆمان لەگەڵکرد، پرسیارو رازی دڵی خۆمانمان پێ وت، ئەی دەرئەنجامی ئەمە چیە، دەرئەنجامان ئەوێت ئێمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان زۆر سوپاس بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کەوا بەشداریان کرد، هەرچەند زۆر لەپرسیارەکان تکرار بوو، بەڵام زۆر زۆر گرنگ بوو، چونکە بابەتەکە زۆر بابەتێکی حەیەوییەو پەیوەندی بەژیانی ئینسانەوە هەیە، چەند لەسەری بوەستین کەمە، ئێستاش ئێمە ئەو پرسیارانەی کەوا کران، زۆربەی هەرە زۆری ئەو بەڕێزانە بەشدارییان کرد، ئێستا وەزیری شارەوانی وەڵامی پرسیارەکانی ئێوەی بەڕێز ئەداتەوە، دیارە زۆربەی زۆرتان ئەگەر جەنابی وەزیر موافق بێت، تەئخیری ئەکەین دانیشتنەکە بۆ سبەینێ سەعات 10 ،سەعات 11 سوڵتەی قەزائیمان هەیە، چونکە ئەویش وەختێکی زۆری ئەوێت، بۆیە ئەمانەوێت بەیانی تەواوی بکەین، فەرموو نازەنین خان.

**بەڕێز نازەنین حمد وسۆ/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ لارییەکم نیە با بەیانی بێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

باشە كۆتایی بەدانیشتنەكەمان دێنین بۆ سبەی سەعات 10 بۆ گوێگرتن لەوەڵامەكانی بەڕێز جەنابی وەزیری شارەوانی و، زۆر سوپاس.

فرست احمد عبدالله
سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)
جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان – عێراق

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8)

## چوار شەممە ڕێکەوتی 26\9\2007

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (8)

## چوار شەممە رێکەوتی 2007/9/26

کاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2007/9/26 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (8)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (8)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری شارەوانی بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کەلەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە ئاراستەی بەڕێزیان کرابوو لەدانیشتنی ژمارە(7)ی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2007./9/25

2- بەردەوامبوون لەسەر خستنەروو وگفتوگۆکردنی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری

دانیشتنی ژمارە (8)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2007/9/26دا بەم شێوەیە بێت:

1- ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری شارەوانی بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کەلەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە ئاراستەی بەڕێزیان کرابوو لەدانیشتنی ژمارە(7)ی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2007./9/25

2- بەردەوامبوون لەسەر خستنەروو وگفتوگۆکردنی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان.

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری شارەوانی خوشکە نازەنین وکاک سعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ئەکەین، ئێستا داوا لەبەڕێز وەزیری شارەوانی ئەکەین، فەرموو بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، تکا ئەکەین لەوەزیری شارەوانی ئەو پرسیارانە وەڵام بداتەوە کە پەیوەندی بەنەخۆشی کۆلێراو بابەتەکەوە هەیە، چونکە زۆر لەپرسیاری بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، زۆر دوور بوون لەبابەتەکە، ئەوانە پێویست بەوەڵامدانەوە ناکەن، فەرموو مامۆستا سەعد.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەبڕگەی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆ کە بەردەوامبوونە لەسەر گفتوگۆکردنی یاسای دەسەڵاتی دادوەری، تەبیعی لەلایەن بەڕێز وەزیری داد کاک فاروق جیمل وبەڕێز حاکم نورالدین، کە جێگری سەرۆکی محکەمەی تەمییزە ئەبوایە ئامادەبوونایە لێرەدا، تەبیعی داوای ئیعتیزاریان کرد، لەبەر ئەوەی کاک فاروق ئەمڕۆ کۆبوونەوەیەکی قانونی هەیە، خۆی سەرۆکی لیژنەکەیە بۆیە نەیتوانی ئامادە بێت، وە بەشێکی تری ئەندامانی لیژنەکە لەشارەکانی ترەوە هاتوون، کاک حاکم نورالدینیش لەگەڵ دادوەرە بەڕێزەکان کۆبوونەوەیەکی هەیە، سەبارەت بەمەسەلەی ئەو پرۆژەیە کەئەمڕۆ بڕیار وابوو لێرە بەردەوام بین، بۆیە داوای تەئجیلی دانیشتنی ئەمڕۆ ئەکەن، بۆ کاتێکی تر، من داوا لەبەڕێزتان ئەکەم، ئەگەر ئیمکان هەبێت ئەوە دوابخرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێزت ئەوە وەختێ کەدێینە سەر بابەتەکە باسی ئەکەین، بەڵام بەنیسبەت دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان موهیم تر وگرنگترە لەوەی بەڕێزێك وەزیر یان حاکمێك، کە لیژنەیەکی بچووکتر دانیشتنی خۆی هەبێت، لەبەر ئەوە من پێم وایە هەرچەند قەراری نیهائی بۆ ئەم بەڕێزانە ئەندامانی پەرلەمان ئەگەڕێتەوە بەڵام پێم وایە، هەیبەت وسامی پەرلەمان ئەبێ رابگیرێت لەکاتێکدا کەهاتینە سەری من ئەیهێڵمەوە بۆ ئەو بەڕێزانە کە چ بڕیارێك بدەن، من رەئی خۆم ئەوەیە بەردەوام بین لەسەر بابەتەکە. جەنابی وەزیر فەرموو بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان.

**بەڕێز نازەنین حمد وسۆ/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی رۆژتان باش.**

یەکەم پرسیار کە کاک شێردڵ حەوێزی کردی، جەنابی باسی دۆڵی رەزانی کرد لەکوێیە، کە دۆڵێکە دیارە لەناوی شینە رەزە بۆ باخ ورەز دیاریکراوە، بەڵام ئێستا خانووبەرە لەدەورووبەری دروست بووە، کە خانووبەرە لەهەر شوێنێك دروست بێت ئەو خانووبەرەیە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە پیسایی دورست بێت

کەببێتە هۆی ئەوەی کەئەو شوێنە نەشێت بۆ سەوزایی وکشتوکاڵ، بەتایبەتیش ئێستا کە کارە خزمەتگوزارییەکان لەبەر بێ ئیمکانیەتی تەواو نیە لەهەموو ناوچەکانی کوردستان، لەبەر ئەوە ئێمەش لەگەڵ تۆین حەتمەن تەئیسیری کردووە، کە بەئاوی پیس ئاو دەدرێت بەداخەوە، شینایی لەزۆربەی شوێنەکانی کوردستان هەتا ئێستا بەئاوی پیس ئاو دەدرێت، بەنیسبەتی خاڵی زبڵ کۆکردنەوە، کە لەشوێنی تایبەت نیەو نزیکە لەشارەکان، بەڕاستی ئەوە بابەتێکی گرنگە ئێمە وەکو وەزارەت زۆر زۆر بایەخمان بە پاککردنەوەی شارەکان وموعالەجەی زبڵ بەشێوەیەکی زانستی کردووە، لەبەر ئەوەی لەدەرەوەی بابەتەکەی ئەمڕۆ ودوێنێمانە، رەنگە دەرفەت نەبێت بەتێر وتەسەل باسی بکەین دەستیشمان پێکردووە لەهەنێك شوێن، لەکاتێکی تردا بەتێروتەسەلی باسی ئەوەتان بۆ ئەکەم، بەڕێز کاك شێخ الله، پرسیارەکەی ئەوە بوو کەجیاوازی هەیە لەنێوان لێدوان یاخود روونکردنەوەی وەزارەتی تەندروستی و شارەوانی پەیوەندیدار بەکۆلێرا، یاخود ئاو کۆلێرای لێ پەیدابووە، نازانم ئێمە تەبیعی من بەرپرسیارم لەو زانیارییانەی کەدوێنێ لە راپۆرتەکەمدا دام، وابزانم دوێنێ لە راپۆرتەکەشم پەنام بردە بەرئەنجامی پشکنین کە لەو ماوەیەدا کراوە لەلایەن تاقیگەکانی ئاو هی سلێمانی وهی تاقیگەکانی وەزارەتی تەندروستیش، هەروەها تیمەکانی هاوبەش لەنێوان هەردوو وەزارەتدا، ئاماژەشم پێکرد ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوانەش هەیە، من بەقەتعی نەم وت، ئاو لەهەموو کوردستان پاکە، من ئیستنادم کرد لەسەر سەرچاوە ئاوەکان کەئاو دەداتە شاری سلێمانی، چونکە بابەتی ئێمە ئاوی شاری سلێمانیە، وەبڵاوبوونەوەی کۆلێرا لەشارەکە، ئەو راپۆرتەی کەبۆمن هاتوو وترا لە چوارچێوەی گفتوگۆ ئەکرێت، راپۆرتێك بوو تایبەت بوو بەئاوی سلێمانی وبڵاوبوونەوەی کۆلێرا لە شاری سلێمانی، لەبەر ئەوەی من سنورەکەم دیار بوو، ئیستینادیشم لەسەر چی کردبوو، دیاربوو هەمووشی لەلامە دۆکیۆمێنتەکان، رەنگە ئەو لیژنە بەڕێزانەی کە گەڕاشن بۆ ئەو مەبەستە لەلایان دەست بکەوێت، لەژووری عەمەلیاتی سلێمانی هەیە، لەهەموو شوێنەکانیش هەیە، بەڕێز دکتۆرە هالە باسی کرد کەلەبەرنامەی ئێمە هەیە تۆڕی ئاو دروست بکەین، ئایا ئەو تۆڕانە بەپێی مواسەفاتە، ئاماژەشی بەوە کرد کەهەموو تۆڕەکانی ئاوی هەرێم ئەزبێزە، بەڕێز دکتۆرە هالە حەتمەن هەر کارێك بکرێت بەپێی مواصەفات ئەبێ تۆڕی ئاویش بەبەردەوامی دروست کراوە، بەڵام بەشێوەیەکی سنووردار کە ئیمکانیەت وبودجەی هەرێم تەحدیدی کردووە هەمووی بەمواصەفات کراوە ئەو تۆڕانە، ئەوەی لە داهاتووش ئەکرێت حەتمەن بەپێی مواصەفات ئەکرێت، هەموو تۆڕەکانی ئاوی هەرێم ئەزبێز نیە، شاری سلێمانی تۆڕەکانی ئاوی کۆنی لە حدودی 400 کیلۆمەترە تەنها 20کیلۆ مەتری ئەسبێزە، کە دەکاتە رێژەیەکی زۆر کەم، ئەوە بۆ زانیاریتان کاریش ئەکرێت لەسەر ئەو رێژەکەمەی کەهەیە، بەڕێز دکتۆر ناصح هەمان پرسیاری هەبوو کەئێستا وەڵامم دایەوە سەرچاوەکانی ئاو پاکە یان نا؟

بەڕێز سارا خان باسی ناوچەی پشتدەری کردو ئەو کاولکارییەی کە لەناوچەکەدا کراوە، زۆربەی تۆڕەکانی ئاو تەقێندراونەتەوە، پێویستە گرنگی پێبدرێت، ئێمەش پشتگیری لەرای جەنابتان ئەکەین، حەتمەن هەموو ئەو شوێنانەی کەکاول کرایە یان رێژەی کاولکردنەکەی زیاترە، لەئەولەویاتی ئیشوکاری ئێمە ئەبێت، واجبیشمان ئەوەیە کەلە ئەولەویاتی خۆمانی دابنێین، هەروەکو خۆشت ئاماژەت پێکرد لەو ناوچەیە شتێك کرایە بەس ئینشاالله لەداهاتوودا زیاتر ئیشی لێ دەکرێت بەپێی ئیمکان.

بەڕێز كاك دیلمان باسی ئەوەی كرد كەلە مانگی حوزەیرانی رابردوو فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی ئەوەی راگەیاندووە، شارەوانی رایگەیاندووە كەئاوی سلێمانی لەگەڵ زێراب تێكەڵ بووە، ئایا چی كراوە لەو بوارەدا؟

بەڕێزان ئێمە دوێنێ لەراپۆرتەكەماندا زۆر بەروونی ئاماژەمان پێكرد كە گرفتەكانی ئاو چیە لەسلێمانی، یەكێك لەگرفتە سەرەكیەكانیش ئەوە بوو كەتۆڕی ئاوەكە كۆنە، تۆڕی ئاوەكە لەوەتەی شارەكە دروست بووە تۆڕكە هەیە، پێویستی نەك بەصیانەكردن بەڵكو پێویستی بەگۆڕین هەیە، یەكێك لەپرۆژە ستراتیژیە درێژخایەنەكان كە باسم كرد و گۆژمەیەكی زۆری دەوێت، لەسنووری 350 ملیۆن دۆلار، چونكە شەبەكەی شارێكە دەگۆڕدرێت، ئەو شارە ئەوەتەی دروست بووە ئەو شەبەكەی نەگۆڕاوە، ئەوە پرۆژەیەكی ستراتیژییە پارەی دەوێت وكاتی دەوێت، بەس مانای ئەوە نیە كاری لەسەر ناكەین، ئاماژەم پێكرد كەكارمان تێدا كردووەو گەیشتووینەتە قۆناغی باش لە گفتوگۆكردن بۆ ئەوەی بتوانین ئەو بودجەیە دابین بكەین وهەرچی زووە بگەین بەو پرۆژە گرنگە، ئینجا بێگومان ئەو شەبەكەیە كۆنە راستە، لەزۆر شوێن كەشەبەكەی كۆن هەبێت، ئەو شەبەكەیە موعەرەزە هەندێكجار لیكی تێدایە هەیە، كونی تێدا هەیە، ئەوەی كە دەكرێت چارەسەری هەنووكەیی چیە، تیمی چاككردنەوەو صیانە هەیە لەبەڕێوەبەرایەتیەكان، ئەو تیمانە هەڵدەستن بەكار دوای ئاگاداركردنەوە، لەلایەن خەڵكەوە، یان خۆی هەستی پێدەكات، ئەو تیمانە هەڵدەستن بەچاككردنەوەی، چارەسەركردنە هەنووكەییەكە ئەوەیە كەچاكبكرێتەوە، تەبیعی لەو شوێنانە كە بۆڕی لیكی هەبێت، ئەكید ئەگەری ئەوەی هەیە كەئاو پیسە ئەویش یان لیكە یان زێرابە یان پیساییەیە كەلەناو خاكەكە هەیە و تێكەڵ بەئاوەكە ئەبێت، كە شكاش بۆڕییەكە حەتمەن شتی پیس ئەچێتە ناو بۆڕییەكە، نەك بەوەی كەوا لایەنێك ئاگادارمان بكات یان پەتایەك بڵاو بێتەوە، ئەوە یەكێكە لەئیشە سەرەكیەكان كەرۆژانە دائیرەی ئاوەكانی ئێمە ئەوە هەیە، ئەگەر بچینە هەموو دائیرەیەكی ئاو ئەوە ئەبینین، تیمێكی تایبەتی گەڕۆك هەیە هەڵدەستێ بە صیانەی بۆڕییەكان، بێگومان ئێستا ئەو تیمانە زیاتر بەهێز كراون بۆ ئەوەی زیاتر كۆنترۆڵی صیانەكردنی ئەو بۆڕییانە بكەن، ئێستا تیمەكان دەسەڵاتی زیاتریان پێدراوە، ئامێر و شتی زیاتریان پێدراوە، بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر وخێراتر ئەو كاری چاككردنەوەیە ئەنجام بدەن، هەر كاك دیلمان لەیەكێك لەپرسیارەكانی دیارە ئاماژەی بە یەكێك لەخاڵەكانی راپۆرتی من كرد، كەوتی 7 تەن كلۆر چووەتە سلێمانی، ئایا بۆ پێش كۆلێرا كلۆر نەنێردراوە؟

ئەو برانەی كەمن ئاماژەم پێكرد، ئاماژەم بەوە كردووە كە دوای بڵاوبوونەوەی نەخۆشی كۆلێرا چیمان كردووە وەكو ئیجرائات بۆ ئەوەی كۆنترۆڵی ئەو نەخۆشیە بكەین، یاخود ئەوەی كەواجبی ئێمەیە ئاوە، كۆنترۆڵكردنی جۆری ئاو و چاككردنی بوو، مەبەستم حاڵەتێكی تاریئە ئەوەی كەكراوە، هەموو فەرمانگەكانی ئاو لەهەموو شوێنێك كلۆری خۆیان هەیە، مەخازنی خۆیان هەیە، هی ئەو ماددەیە و بودجەی خۆیان هەیە بۆ كڕینی وبەبەردەوامیش ئەیكڕن وبەكار دێنن، یەكێكە لە ئیشەكانی كە دەیكەن، چونكە ماددەی كلۆر ماددەیەكی پاك كەرەوەی ئاوە ئەوەی كەمن ئاماژەم پێكرد، تەنها شتێك بوو ئیزافەكرا وەكو حاڵەتێكی تەواری ئەگەر كەموكورییەك هەیە یاخود لەشوێنێك گرفت هەیە یان ماددەكە زیاتر بەكار

بێت بەکاری بهێنن، هەروەها پرسیاری سێیەمی ئاوی سلێمانی بۆ ئەنجام نەدرا؟ ئەگەر مەبەست لە پرسیارەکە وابزانم مەبەستی پرۆژەی ئاوی دوکان_سلێمانیە ئەوەی کە ئاماژەمان پێکرد لە راپۆرتەکە هەندێك دۆکیومێنتیش هەیە لە ژێر دەستی ئەندامانی نووسینگەی سلێمانی، منیش ئاماژەم پێکرد، پرۆژەیەکی کۆنە پێش زیاتر لە دووساڵ بیر کراوەتەوە کەئەو پرۆژەیە پێویستە بکرێت، دۆکیومێنتەکانی منیش لەرێگای لیژنەکەوە یەکەمجار پێم گەشت، لە ساڵی 2005 وە بوو پرۆسەی ئامادەکردنی ئەو پرۆژەیەو دیزایین کردنی دەستی پێکردووە، ئاماژەشم پێکردو لەسەرەتای 2006یش دراوە بەمقاولات، بەڕاستی بۆ ئەنجام نەدراوە، رەنگە وەڵامی دەقیق لەلای من نەبێت بۆ ئەو پرۆژەیە، لەلایەن لیژنەیەکی تایبەت سەرپەرشتی ئەکرێت لەژێر مەسئولیاتی وەزارەت نیە تائێستا تا ئەم کاتەش هەوڵیشمان داوەو بەردەوامیش ئەبێت کە ئێمەش وەکو وەزارەت لێپرسراوێتی ئەو پرۆژەیە وەربگرین بۆ ئەوەی لە رووی تەکنیکی زەمانی بکەین کە ئەو پرۆژەیە بەشێوەیەکی رێکوپێك ولەکاتی خۆی بەئەنجام بگات، بەڕێز دکتۆر نوری تاڵەبانی هەمان پرسیار هۆی دواکەوتنی ئەو کۆمپانیایە چیە؟، وتم من لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا نەکەوتووەتە مەسئولیەتی وەزارەتی شارەوانی، هەتا ئێستا وەڵامی دەقیقی ئەو پرسیارەم نیە، هەروەها بەڕێزی دەڵێت سەدان بیر لەناو شاری سلێمانی هەڵکەندراوە، بۆ هەڵکەندراوە و کێ ئیجازەی پێداون؟، بەڕاستی بەڕێزم ئێمە ئاماژەمان پێکرد کە گرفتی کەم ئاوی هەیە لەسلێمانی، گرفتی کەم ئاوییەکە بووەتە هۆی ئەوەی ئەو بیرانە لێبدرێن، کە هەر هاووڵاتیەك، هەرماڵێك کە ئاوی نەبێت حەتمەن پەنا دەباتە بەر هەر رێگایەك بۆ ئەوەی ئاوی دەست بکەوێت، یەعنی لێدانی ئەو بیرانە پێویستیەکی هاووڵاتیان بووە، ئەوە شتێکی روون وئاشکرایە، ئەمە لەگرفتی کەم ئاوی هاتووە، ئەو بیرانەش حەتمەن بە زەرووڕەت رێگای پێدراوە، بەڵام راست ئەکەن ئەو ئاوە کەلەو بیرە سەتحیانە دێن ئاوی تەندروست نین، بۆیە بیرەکە سەتحیە، کەسەتحیش بوو ئاوەکەی پاك نیە، ئەگەری تێکەڵ بوونی لەگەڵ ئاوی پیس هەیە، کێ ئیجازەیان دەداتی بیر لەهەموو شوێنێك لایەنی پەیوەست لە پارێزگاکان ئیجازەیان دەداتێ، رەنگە بەهەردوولا هەم پارێزگا بێت هەم بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەویی بێت، چونکە سنووری ئەوانە، کە ئەوانیش بەرەئی من حەقە ئەوان سەلاحیەتیان هەبێت بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەویی، کە بۆ هەموو بیرێك ئیجازە بدەن، لەرووانگەی پاراستنی ئاوی ژێر زەویی، رەنگە هەر لەڕێگای کەم ئاوی لەشارەکە، فەرمانگەی ئاوی سلێمانیش بەهەمان شێوە ئەوەندەی ئێمە بەدواداچوونەوەمان کردووە، تەنها بەتیمێك رێگایان داوە بۆ ئەو کارە، جەنابیشی پرسیار دەکات چ هاوکاری کراوە بۆ کەرکووك دوای بڵاوبوونەوەی پەتای کۆلێرا، بەڕاستی ئێمە بۆ کەرکووك وناوچەکانی خۆشمان ئەوەی کەدەکرێت وچارەسەری هەنووکەییە ئێمە دەیکەین، ئێمە وەکو وەزارەتی شارەوانی تەنێك کلۆریشمان نارد بۆ کەرکووك بۆ هەمان مەبەست بۆ ئەوەی هاوکاریان بێت بۆ پاککردنەوەکە، لەهەمان کاتیشدا پەیوەندیمان بەبەغداد کرد، بەئیدارەی بەغدا لەبەر ئەوەی کەئێوە ئەزانن رەسمیەن کەرکووك عاید بەوانەو هەموو شتەکانیان لەوێیە، ئێمە پەیوەندیمان پێوەکردن بۆ ئەوەی هاوکاری زیاتریان بکەن، لەرێگای ئەوێشەوە

وابزانم کەمییەیەکی باش کلۆریان پێگەیشت، بەڕێز شێخ ادهم پرسیارەکەی ئەوەیە کە ئایا کەموکورتی ئاوی سلێمانی ئەگەڕێتەوە بۆ کابینەی تازەی حکومەت یان پێشتر، بەڕێز هەروەکو خۆشت ئاماژەت پێکرد پێش پرسیار کردنی ئەو پرسیارە ئێستا کێشەکە بەرپرسیارێتی هەموومانە نەك هەر وەزارەتی شارەوانی یان تەندروستی، بەڵام ئەگەر مەبەستت کێشەی ئاوەکەیە بەگشتی تەنها ئاو، ئەو کێشەیە وەکو ئاماژەم پێکرد هەموو لایەکیش ئەزانن کێشەیەکی کۆنە هی ئێستا نیە، بەڵام ئێمە لەسەرەتای وەرگرتنی لێپرسراوێتی ئەو وەزارەتە کەئاو پەیوەندی پێوە هەیە، هەموو هەوڵێکمان دا کەدەست بکەین بەچارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، بەردەوامیش ئەبین لەهەوڵدانمان وەئومێدەواریشین وەکو وەزارەت هەست بەگرنگی ئەو لێپرسراوێتیە بکەین، مەسئولیەتی چارەسەرکردنی ئەو پرۆژەیە دووبارەی دەکەمەوە کەوا بخرێتەوە سەر وەزارەت، بۆ ئەوەی بتوانین چارەسەری بکەین، بەڕێز کاك ئاریز دەڵێت بەپلەی یەکەم وەزارەتی شارەوانی بەرپرسە لەبڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆلێرا، هۆکاری ئەم نەخۆشیە ئاووئاوەڕۆیە، بەڕێزان من دەمەوێت شتێك روون بکەمەوە دەربارەی پەتای کۆلێرا هەتا ئێستا ئەو پەتایە، نەدۆزراوەتەوە هۆکەی چیە؟ هی ئەمساڵ هۆکارەکەی چیە؟، وەزارەتی تەندروستی خەریکە، بەڵام تا ئێستا نەگەشتووەتە، ئەنجام بێگومان کەگەشتە ئەنجام، بڵاوی دەبێ بکاتەوە کە ئەو پەتایە بڵاوبووەتەوە لەو میکرۆبە کۆنەی کەزۆربەی بەڕێزتان ئاماژەتان پێدا دوێنێ کە هەبووەو لەعێراقیش هەر هەبووە، یاخود ئەو میکرۆبە ئەمساڵ بەتازەیی هاتووەتە ناو کوردستان یاخود هەردووکیەتی، ئەگەری ئەوەش هەیە کەکەسێك ئەو نەخۆشیەی بەڕێز دکتۆر فواد ئاماژەی بەزۆر لایەنی ئەو نەخۆشیەدا، ئیحتیمال هەیە نەخۆشێك هێنابێتیە کوردستان، ئەمانە هەموو هۆنە ئەبێ دیراسەت بکرێت وبگەنە ئەنجام بۆ ئەوەی بزانین چیە هۆکەی تاچارەسەری بکەین، راستە ئێمە باری ئاوو ئاوەڕۆمان خراپە من دوێنێ ئاماژەم پێکرد، دەشیڵێم و هەمووشمان دەیلێین کەوەزعی ئاوو ئاوەڕۆ و بواری تری خزمەتگوزاری لەکوردستان نالەبارە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ کەم ئیمکانیەتی بۆ زۆر هۆی تریش کە زۆربەتان ئاگادارن لەو شتە، ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە لەهەمان کاتدا هەموو جوهدێك بەهەموو لایەکدا سەرف بکەین بۆ چاککردنی باری ئاوو ئاوەڕۆ کەزۆر گرنگە لەسەر ژیانی هەموو هاووڵاتییەك لەهەموو لایەکەوە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا ناکرێت بەبێ دیراسەت، بەبێ لێکۆڵینەوەی زانستی ئێمە ئەو بڕیارە بدەین، دەبێ ئەوەش بەجێ بڵێین بۆ لایەنی پەیوەندیدار کەوەزارەتی تەندروستیە، ناشکرێت کە زوو ئەو تۆمەتە بخرێتە سەر لایەنێك بەبێ هیچ دیراسەتێك وبنەمایەك، یەعنی بەڕاستی من وا هەست ئەکەم لە دانیشتنی دوێنێوە کەئێمە شتەکەمان دوور خستۆتەوە لەحیاتی ئەوەی کەپەتایەکە بڵاوبووەتەوە لەکوردستان بەهەموومان خەریك بین، ئەو پەتایە ئەنجامەکەی چیەو چۆن چارەسەری بکەین، چی بکەین ئێستا تا چارەسەری هەنووکەیی بۆ بدۆزینەوە؟، ئێمە تەنها خەریکی ئەوەین کێ کەمتەرخەمە، ئەو کەمتەر خەمە بەبێ بنەمایەك یەعنی بەڕاستی خەریکە هەرواشی لێهاتووە، لەناوەڕۆکی مەوزوعەکەو چارەسەرکردنەکەی دەردەچین، پەتایەکە بڵاوبووەتەوە لەکوردستان، هەموومان مەسئولین لەوەی کەکاری جدی بۆ بکەین، هەرکەس لەسنووری

لێپرسراوێتی خۆی کاری جدی بۆ بکەین، کە نەهێڵین لەداهاتوو، ئیستاکەش چۆن چارەسەری هەنووکەیی بۆ بکەین وکۆنترۆڵی بکەین؟، هەموو کەسێك بەرپرسیارە لێی، هەموو حکومەت بەرپرسیارە لێی، ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز هەریەکەو لەئاستی خۆی بەرپرسیارە، هاووڵاتیانی کوردستانی هەموویان دەبێ هاوکارمان بن، لەهەموو لایەکەوە، لەلایەنی خاوێن راگرتن، لەلایەنی پابەند بوون بەرێنمایی ویقائی کە پێویستە وەزارەتی تەندروستی بڵاوی بکاتەوە، لەسەر هاووڵاتیان و، بەدواداچوون هەبێت کەئایا دەیکەن یان نا؟، ئەوە مەسەلەیەکی گرنگە هەموومان لەکوردستان دەبێ خەریکی بین نابێ ئێمە ئەو مەسەلە گرنگە پشتگوێ بخەین و خەریکی ئەوەبین کەبەبێ بەلگە تۆمەت بخەینە ئەستۆی فلان وەزارەت یاخود فلان لایەن، یاخود فلان فەرمانگە، ئومێدەوارم کارەکان لەمەودوا بەوشێوەیەو بەو ئاراستەیە سەیر بکرێت، ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزیش بەدواداچوونەکەیان لەو روانگەیەوە بێت، باسی ئەوەیکردووە کەسلێمانی چی کەمەو هەولێر چی کەمە، بەڕێزان زۆر باشە دەستخۆشی دیاریکردنی کەموکوڕیەکان بکرێت، زۆر بەسینگ فراوانیەوە هەرچی کەموکوڕییە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە لایەن لیژنەکانیان چ لێرەبێت کەگفتوگۆ دەکەین، پێمان باشە سەردانمان بکەن ئاگادارمان بکەنەوە پێی، حەتمەن ئەوە ئیشەکانمان زۆر دەوڵەمەندتر دەکات، موتەکامل تر دەکات، بەڵام نازانم من دەمەوێت ئاماژە بەشتێك بکەم، من وەزیری شارەوانی کوردستانم، وەزیری هەولێر بەتەنها یان سلێمانی بەتەنها ودهۆك نیمە، پلانی من کەدام ناوە بۆ چارەسەرکردنی ئاوو ئاوەڕۆ بۆ هەموو کوردستانم داناوە، بەڵام راپۆرتی من دوێنێ کەتەنها باسی سلێمانیم کرد لەبەر ئەوەی بابەتی موناقەشەمان سلێمانیە، زۆریشم پێ خۆشە لەدەرفەتێکی نزیك باسی هەموو پلانی وەزارەت بکەم، لە هەموو کوردستان پلانەکەمان چی بووەو لەو ماوەیە چیمان کردووە، کەموکوڕتیەکان چین کەلەهەموو کوردستان هەن؟، بەڵام من باسی سلێمانیم کرد لەبەر ئەوەی بابەتمان سلێمانیە، نیزامی داخلی پەرلەمان وادەخوازێت کەمن لەسنووری بابەت دەرنەچم، پێم وترایە تۆ لەسنووری ئەو راپۆرتە باسەکان دەکەیت، وەڵام دەدەیتەوەو گفتوگۆ دەکەیت لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان، لەبەر ئەوەیە راپۆرتی من سنورداربوو، تەنها من باسی ئاوو ئاوەڕۆی سلێمانیم کردو ئەوانی تری تێدا نەبوو، لەبەر ئەوە بەڕێزان تکام وایە هەموو کۆبوونەوەکان واباس بکرێت کەباسی هەموو کوردستان بکرێت نەك شارێکی تایبەت وواباس بکرێت کەچی لەوێ کراوەو چی کەموکورتی هەیە، بەشێوەیەکی وا ئێمە دەبێت زۆر هەست بەلایەنی نەتەوایەتی ولێپرسراوێتی گەورە بکەین، بەرامبەر بەو بابەتە، باسی هەمان شت لە قسەکانی وەکو باسم کرد هەمان کەموکورتی هەیە لەهەموو ناوچەکان سۆرانە هەولێرە، ئەوە باسکرا وتم پێم باشە لەدانیشتنێکی تایبەت باسی هەموو ئاوو ئاوەڕۆی کوردستان بکەم، باسی بیری ئاوی کرد کەکارەبای لێ رائەکێشرێت، ئێمە بەرنامەی کارە بێگومان وەزارەتی کارەبا لایەنی پەیوەندیداری راستەوخۆیە بە بابەتی کارەباو ئەو سەرپێچییانەی، کە دەکرێت لەبواری کارەبا، ئێمە بەبەردەوامی تەنیسیق لەنێوان هەردوو وەزارەت هەیە، تیمی هاوبەشمان هەیە بۆ لابردنی ئەو سەرپێچییانە، تەنها بیری ئاو ئەو تیمە هاوبەشەمان هەیە، بەردەوامیش وەکو وەزیری پەیوەندی وگفتوگۆمان هەیەو ئاگاداریشین

لەو وەزعە، بەڕێزیشتان دەزانن لێرە دەژین زۆرجار پەنامان بردۆتە بەر پاڵپشتی لەلایەنی تریش بۆ لابردنی ئەو تەجاوزاتە، ئیشیشی لەسەر کراوە، بەڵام بەداخەوە دیارە هاووڵاتیان لەو روانگەوە هاوکار نین، داوایان لێ ئەکەین هاوکار بن بۆ لابردنی ئەو سەرپێچییانە، جەنابیشی ئاماژەی بەوەکرد کە وەزیری شارەوانی نیە سەد زەوی باش لەگیرفانی نەبێت، نازانم بەڕێزان، ئەندام پەرلەمان پێویستە لەهەموو کەسێك زیاتر بەشێوەیەکی یاسایی قسە بکات، ناکرێت هەموو وەزیرێك وەکویەك سەیر بکرێت، ئەگەر بەڵگە هەیە لەسەر هەر وەزیرێك کە ئاوها ئیستیغلالی مەوقیفی وەزیفی خۆی دەکات، زەوی بەو شێوەیە دابەش ئەکات، پێویستە بەڵگە هەبێت وپێشکەش بکرێت وموحاسەبە بکرێت بەشێوەی یاسایی، ناکرێت بەو شێوەیە باسی گەندەڵی بکرێت، گەندەڵی زۆر لەوە گەورەترە کە بەو شێوەیە باس بکرێت، پێویستە بەبەڵگە بێت و پێویستە هەتا زووە ئیجرائات وەربگیرێت لەسەر ئەو بەڵگانە، بەڕێز نازناز خان لەسەر تێبینیەکانی لەراپۆرتی ئێمە دەڵێت وەزیر زۆر زوو بەسەر پرۆژەی ئاوی دوکان_سلێمانی رۆیشیت، وابزانم ئەوەم روونکردەوە لەژێر دەسەڵاتی من نیە زانیاری پێویستم نیە، بۆیە بەخێرایی لەسەری رۆشتم، دەڵێت ناوی کۆمپانیاکە چیە، ناوی تووژەڵەیە، موتابەعەی ئێمە چیە لەسەری وەڵامی ئەوەشم دایەوە، هەرکاتێك بێتە ژێر دەسەڵاتی ئێمە موتابەعەی دەکەین وبەدوایدا دەچین، بەڕێز کاك عوسمان بانی مارانی چەند پرسیارێکی هەیە، کەدەڵێت چەند کۆبوونەوە ئەکرێت لەگەڵ سەرۆك شارەوانیەکان چەند سەردانی شاروو شارۆچکەکانت کردووە، پێویستە دەرگای وەزارەت واڵا بێت، سەرۆکی شارەوانیەکان ناتوانن بگەنە وەزیر بۆ ئەوەی نووسراوەکانیان بگەیەننە وەزیر، بەڕێز کاك عوسمان بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان، نازانم ئەوە لەچەند پرسیارێکی تریش هی ئەندام پەرلەمان دووبارە بوویەوە، شێوەی کارکردن پەیوەندی بەشێوەی کارکردنی ئیداری وەزارەتەوە هەیە، لەبەر ئەوە پێم خۆشە بۆتان روون بکەمەوە شێوەی ئیداری وەزارەت، بێگومان وەکو زۆربەتان دوێنێ ئیشارەتتان پێدا، وەزارەتێکی زۆر گەورەیە و ئەرکەکانی یەکجار پەرت وبڵاون، ژمارەی کارمەندانی وەزارەت 30 هەزار کارمەندە، وەزارەت 172 شارەوانی هەیە لەهەموو کوردستان، ئەو وەزارەتە بەرفراوانە پێویستی بەهەیکەلێکی ئیداری هەیە، یاسای وەزارەتمان کەگۆڕیوە یاسای وەزارەتی تازەمان داناوە، لەسەر ئەو بنەمایە دامان ناوە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئێستا هەیە هەیکەلی وەزارەت دانراوە، لەسەر تەتویر کردن بەسیستەمی وەزارەت، وەکو بەڕێزتان ئەزانن نیزامی داخلی وەزارەت هەڵقوڵاوی یاسای وەزارەتە، تەتویری ئیداری زۆر بایەخمان پێدایە، بەشە ئیدارییەکەمان زۆر موتەتەور بێت، ئەگەر دوێنێ تەنها جەنابتان سەرنجی ئەو خولانەی کەوا تەنها لەبواری ئاو کراوە لەدەرەوەی وڵات، ئەوە ئەگەیەنێت کە چەند کارمان لەسەر تەتویری سیستەمی ئیداری کردووە، کە زۆر پێویستە بەبێ سیستەمی ئیداری پێشکەوتوو گونجاو ئەمڕۆ  هیچ کارێك ناتوانین ئێمە چاوەڕێ بکەین کە بەسەرکەوتوویی بکرێت، ئەوە هەمووی دەکرێت ئەو خاڵانەی کەباسم کرد ئەو سیستەمە پێشکەوتووە، کەباس کرا کراوە، چی بۆ تەتویرو چ بۆ کەمکردنەوەی رۆتین لە وەزارەت، دەتوانن بەفعلی هەمووی تەماشا بکەن، بەشێکی زۆری ئەوە کەوتووەتە کارکردن، بەشێکی هەروا خەریکی دروستکردنی ئەو دەزگا تازانەین

کەبکرێت، بێگومان سیستەمی ئیداری لە وەزارەتەکە وایە کە ئەو هەیکەلەی کەلەخوار ئێمەوە هەیە هەریەکەو ئەبێ دەوری خۆی ببینێت، بەڕێوەبەری گشتیە ئەبێ ئیشی خۆی بکات، لە ئەوەوە بۆ خوارتر بۆ بەرپرسی فەرمانگەکان ئەوان، بەڵام ئەوە مانای وانیە وەزیر لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی دانانیشێت یاخود نایگاتێ، وەکو ئاماژەم پێکرد لەبەر زرووریەت، لەبەر گەورەیی وەزارەتیش ئەوانەی کەمن دەبینن بێگومان بەبەرنامە من دەبینن، بەڵام بەڕێزینە ئەوەی ئیستسنا کراوە لەبەرنامەکان سەرۆکی شارەوانیەکانە، سەرۆکی شارەوانیەکان لەبەرنامە ئیستسنا کراون بۆ دیتنی من، هەموو سەرۆك شارەوانیەك من تەوجیهاتم داوەتە نووسینگەی خۆم وتیتم هەر سەرۆك شارەوانیەك دێت بەتایبەتی ئەوانەی کەوا لەشوێنی دوور دێن یان لەدەروەی وەزارەت دێن، هەرکاتێك هەر لەحزیەك ویستیان من ببینن ئەوان موستەسنان لە هەموو شتێك، ئەگەر لەکۆبوونەوەش بووم وەرەقەیەکم بۆ بنێرنە ژووەرەوە بڵێن فلان سەرۆك شارەوانی چاوەڕێت ئەکات لەنووسینگە، هەر سەرۆك شارەوانیەك هاتبێتە لای خۆم ژمارەی موباشیری مۆبایلی خۆم داوەتێ بێ لە ژمارەکانی نووسینگەم وژمارە نۆرماڵەکان، بەهەمووشیانم گوتووە، شەو ورۆژ ئەگەر دیتیان کارێك هەیەو پێویستی بەمن هەیە، با پەیوەندیم پێوە بکەن کەبەهەیکەلەکەی خوار من بەڕێوەبەری گشتیە چی نەکراوە، ئەوە ژمارەی مۆبایلی منە لەلاتان پەیوەندیم پێوە بکەن، ئەبێت واش بێت کەوەزارەتی من شارەوانیە، من ڕێگا نەدەم بە سەرۆك شارەوانیەك من ببینێت یاخود کاتی پێویست بێت، بێ لەوەش کە خۆیان داوای دەکەن خۆشم بەرنامەم هەبووە بانگم کردوون ولەگەڵیان کۆبووینەتەوە، یەك یەکیش بانگم کردوون، سەرۆك شارەوانی هەبووە نەك لەکاتی کۆبوونەوە بەکۆمەڵ بەتەنها بەدوو سەعات وسێ سەعات لە ژووری خۆم لەگەڵی دانیشتووم بۆ ئەوەی گوێی لێ ڕابگرم بزانم گیروگرفتەکان چین، نەك بۆ ئەوەی بتوانن سەرۆك شارەوانیەك نووسراوێك بگەیەنێتە من، گەیاندنی سیستەمی نووسراو لەبەر ئەوەی شارەوانی ئیشی زۆر بەپەلەیە و خێرایە، تەحەمولی تاخیر بوون ناکات، بەهەموو سەرۆك شارەوانیەکان وبەرپرسی فەرمانگەکانم گوتیە، بەڕێگای ئیمێل نووسراوەکانتان بنێرن بەتایبەتی ئەوانەی کەخێران، ڕەنگە دوو ڕۆژ، سێ ڕۆژ بخایەنێت هەتا سەیارەیەك و یەکێك ئەنێرێت، هەتا ئەوە دەنێریت ئەویش بنێرە تۆ بەئیمێل بینێرە بۆ ئەوەی کات نەڕوات وئێمەش ئیجرائات بکەین لەسەر ئەو نووسراوەی تۆ، ئەو سیستەمەش ئێستا کارایە لەوەزارەت بۆ ئەوانەی کەئەیانەوێت پەیڕەوی بکەن، ئیمێلی وەزارەت وئیمێلی شەخصی خۆشم وەکو وەزیر داومەتە هەموو مەسئول فەرمانگەکان، سەردانمان بۆ شارو شارۆچکەکان، ئێمە سەردانمان کردووە دەشیکەین وبەردەوامین، ڕەنگە لەداهاتوودا زیاتریشی بکەین، ڕەنگە من وەکو ئاماژەم پێکرد هەر 172 شارەوانی زیارەتی هەر هەموویانم نەکردبێ لەماوەی ئەو ساڵ وچوار مانگەدا، بەڵام بەردەوام من سەردانی مەیدانیم کردووەو بەردەوامیش ئەبم لێی، ئێمەش پشتگیری لەو واقیعە ئەکەین لەرای ئەندام پەرلەمان دەکەین کە سەردانی مەیدانی پێویستە، بۆ ئەوەی لەمەیدان ئاگاداری کێشەکان بین وچارەسەری گونجاوی بۆ ببینینەوە، کاك دلێر باسی بیری سوری دەکات کەئێستا حالیەن لەهەولێر وسلێمانی کار دەکات، بەڕێزان وەکو ئاماژەمان پێکرد بیری سوری لە پێویستیەك کاری کردووەو کار دەکات،

بەلام ئێمە لەدوای بلاوبوونەوەی پەتای کۆلێرا تاوتوێی ئەو بابەتەمان کرد لەگەڵ پارێزگارەکان ولەگەڵ لیژنەکانی پەیوەندیدار وابزانم ئێستا کار دەکرێت لەسەر ئەوەی رابگیرێت، هەمان پرسیاری ناردنی کلۆر دەکات، بۆ کەرکووك ئەویشمان وەلام دایەوە، بەڕێز کاك بەڵێن، ئاماژە بەوە دەکات، کەلەراپۆرتی وەزارەتی تەندروستی باسی کێشەی ئاوی سەتحی وتێکەڵ بوونی لەگەڵ ئاوی ئاوی پیس، وابزانم ئێمەش باسمان کرد وئاماژەمان پێدا کە ئەو کێشەیە هەیە لەبەر ئەوەی کە بیرەکان سەتحیە و قوڵ نیە ئیلکیوازییە، ئەگەر تێکەڵ بوونیشی هەیە لەگەڵ ئاوی پیس، ئایا وەزارەتی شارەوانی چی کردووە لەو بوارەدا وابزانم من دوێنێ ئاماژەم پێکرد و دووبارەشی دەکەمەوە، کە ئێمە پلانی هەنووکەییمان هەیە، باسم کرد صیانەی کاتیە کە رۆژانە ئەکرێت لەلایەن تیمەکانی چاککردنەوە، لەهەمان کاتیشدا پلانی مامناوەنیدیمان هەیە، ئەو پلانەیە کەئاماژەمان پێکرد، کە بە درێژی باسی پلانی 2007 م کردو ئاماژەشم پێکرد کە چەند رێژەیەکی چاکیشمان بۆ بواری ئاوو ئاوەڕۆ داناوە، لەبەر ئەوەی بوارەکە گرنگە، کەموکورتی تێدا هەیە، ئەوە بەرنامەی مامناوەندیشمانە کە پێشبینی ئەکەین بەبودجەی حکومەت جێبەجێ بکرێت سالانە، وەکو ئاماژەشم بەو پرۆژانە کرد کە لەژێر ئەنجامداندایە، دەکرێت بەلام بەڕێزان ئێوە هەمووتان ئیمکانیەتی سنوورداری حکومەت دەزانن، بەرنامەکانی ئەنجامدانی پرۆژەکانی پلان بەپێی ئیمکانیەتی سنوورداری دارایی هەرێمیش بەڕێوە ئەچێت، درێژخایەنەکان ئەو پرۆژانەن کە ئاماژەم پێکرد، هەم وەکو درێژ خایەن حکومەت دەبێت بودجە بەپێی توانا بۆی دابنێت، هەمیش دراوە بە رێکخراوو بانکە نێودەوڵەتیەکان، چونکە یەکجار گوژمەکانیان زۆرە، بەڕێزیشی ئاماژە بەوە دەدات کە ئایا تەنها تەوزیعی کلۆر چارەسەرە بۆ راگرتنی ئەم پەتایە، بیری سەتحی رابگیرێت وبیری ئیلکیوازی لێبدرێت، بەڕێز نەخێر، ئێمە نالێین تەنها کلۆر چارەسەرە ئێمە دەلێین زۆر چارەسەرمان کرد، هی هەنووکەیی، هی مامناوەند هی درێژخایەن، بەلام ئەوەی کە دەکرێت بۆئەوەی کەوا کلۆر ماددەیەکی پاك کەرەوەیە، بۆ ئەوەی کار بکەیت لەسەر زیاتر بەپەلە پاککردنەوەی ئاو، ئێمە نالێین کلۆر چارەسەری هەموو کێشەی ئاو دەکات، یاخود ئاو لەهەموو شتێك پاك دەکاتەوە، بەلام ماددەیەکی پاککەرەوەیە، پێویستەو خێرایەو پێویستیشە بەکار بێت بۆ پاککردنەوەی ئاو، راگرتنی بیری سەتحی وبیری ئیلکیوازی لێبدرێت، بەڕێزان حەتمەن بیر کراوەتەوە پێشتر نەك ئێستا لە لێدانی بیری ئیلکیوازی لە سلێمانی، یان لە هەر شوێنێك، بەلام لەسلێمانی مکەونات وپێکهاتەی قاتی زەوی رێگا نادات، سەرکەوتووش نابێت لە لێدانی بیری ئیلکیوازی ئەوەیە هۆیەکە کە بیری ئیلکیوازی لێنەدرایە، نەك نەزانراوە یان کەمتەرخەمی کراوە، نەخێر بیری ئیلکیوازی سەرکەوتوو نیە، لێنادرێت لەسلێمانی، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ مکەونات، بۆیە پەنا براوەتە بەر بیری سەتحی، پرۆژەی ئاوی دوکان بۆ جێبەجێ نەکراوە، ئەوە زۆر دووبارە بووەتەوە و وەلامیش دراوەتەوە، بەڕێز کاك شێخ جعفر دەڵێت ئاوی دەربەندیخان ئاسانترە لە ئاوی دوکان کەکاری لەسەر بکرێت، نازانم چۆن ئاوی دەربەندیخان ئاسانترە بۆ راکێشانی بۆ سلێمانی، بێگومان دوکان نزیکترە و موناسب ترە بۆ راکێشان، ئەوەش بەڕاستی هەڵبژاردنی سەرچاوەی ئاو یاخود شێوەی جێبەجێکردنی ئەو کارانە هەمووی زانستین، خەڵکی

پسپۆڕ وزانستی بێگومان بڕیاری لەسەر ئەدات، دوێنێش ئاماژەم بەوە کرد کەئێمە لەگەڵ هەر چوار زانکۆی کوردستان عەقدمان هەیە، بۆ دیزاین کردن وئامادەکردنی پرۆژەی ئاوەکان، بۆ ئەوەی بەهیچ شێوەیەك نەکەوینە هەڵەیەکی زانستی خوانەخواستە لەدوارۆژدا، ئاماژەی بەوەکرد 300 ملیۆن دۆلار لە حەقی پرۆژەیەك بۆ هەولێر وابزانم ئاو بەفیڕۆ ئەچێت ئەوانە، وابزانم ئەگەر تێنەگەیشتنێك هەبێت لە بابەتەکە، ئەگەر مەبەست ئەو 300 ملیۆنە بێت کەمن ئاماژەم پێکرد لەراپۆرتەکە، چونکە نازانم تەنها من ئەو 300 ملیۆنەیە ئاماژەم پێکرد، ئەو 300 ملیۆنە لەگەڵ هەموو گوژمەکان مەبەستم پرۆژەی درێژخایەن بوو، هی هەولێریش بۆ گۆڕینی تۆڕی ئاو بوو، هی سلێمانیش بۆ گۆڕینی تۆڕی ئاو بوو، نەك بۆ راکێشانی پرۆژەی ئاو بۆ هەولێر، ئاو بەفیڕۆ ئەچێت، راستە ئێمەش لەگەڵیداین ئاو بەفیڕۆ ئەچێت، بەرنامەی تەوعیەمان هەیە وکار ئەکەین هێشتا لەسەر بەهێزکردنی ئەو بەرنامەیانە، بۆ ئەوەی هاووڵاتی هاوکارمان بێت، بەڕاستی ئاو سامانێکی زۆر بەنرخە بەفیڕۆ نەچێت، هەروەها باسی فراوانبوونی شارەکانی کرد کەبەبێ بەرنامە گەورە ئەبێت، کاری خزمەتگوزاری بۆ ناکرێت، ئەویش هەر بابەتێکی گرنگە، فراوان بوونی شارە بەپێی پلان بەڕاستی لەبەر ئەوەی کەبابەتی ئێستا نیە، خۆشحاڵ ئەبم بەزووترین کات باسی هەمووبوارەکانی وەزارەت بکەین کەپەیوەندیدارە بەوەزارەتی شارەوانی کەیەکێك لەوانە پلان راکێشانە بۆ شارەکان، چی کار کراوە لەهەندێك شار بەتایبەتی شاری گەورە قۆناغی باشی بڕیوە، شاری هەولێر، سلێمانی، دهۆك، ئێستا ماستەر پلانەکانی لەژێر ئەنجامدانە، نازانم تا چ رادەیەك ئاگاتان لێیە، دراوەتە کۆمپانیای زۆر پسپۆڕ بۆ ئەوەی نەخشەو بەرفراوان بوونی شارەکان دابنێت، ئەوەی کەپەیوەندیدارە بەکارە خزمەتگوزارییەکان، یەکێك لەهۆکارە سەرەکیەکانی زەوی دابەشکردن لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران راگیرا، لە 2006/6/8 وە لەپارەوە لەسەرەتای دروست بوونی کابینە زەوی دابەشکردن راگیرا، لەبەر ئەوەیە بۆ ئەوەی حکومەت بتوانێت بەئیمکانیەتی خۆی کارە خزمەتگوزارییەکان بگەیەنێت، ئەو کاتە ئەو زەوییانەی کەدابەشکراوە لەو شوێنە تازانەی کەدروست بوون،خزمەتگوزارییەکان موتەکامل بێت دوایی دەست پێبکاتەوە، بەڕێز کاك رشاد ئاماژەی بەوە کرد با چاوەڕێی قەرزی درێژخایەن نەبین لەبەر ئەوەی کاتی زۆری ئەوێت، بودجەی چاك دابنرێت بۆ شارەوانی لەساڵی 2008، هەروەها ئاماژەی بەهەندێك بۆڕی ئاوی گەڕەکی عەرەبان لەهەولێر کرد وچ ئیجرائات کراوە، بەڕێزان قەرزی درێژخایەن مەبەستم لەوەیە، نەك قەرزی درێژخایەنە، وەرگرتنەوەی قەرزەکە لەئیمە زۆر دەخایەنێت، بۆ نموونە تەبیعی ئەوانە بانکی نێودەوڵەتین، رێکخراوی نێودەوڵەتین، سیستەمی سابتی خۆیان هەیە کەکار ئەکەن، سیستەمەکەیان ناگۆڕدرێت کەکار ئەکەن بۆ نموونە، بانکی نێودەوڵەتی یابانی کەگفتوگۆمان هەیە لەگەڵیان، دەربارەی پرۆژەکانی ئاوو ئاوەڕۆ، ئەوانە بە 40 ساڵ قەرزەکە وەر ئەگرنەوە دەتوانین ئێمە ناوی لێ بنێین نەك قەرز، بەڵکو زیاتر وەکو منحەیەك دەدرێت بە40 ساڵ بیدەیتەوە، لەبەر ئەوە مەبەستمان لەدرێژخایەن ئەوەیە، کە بەماوەیەکی زۆر دوورو درێژ وەرئەگیرێتەوە، زۆر سوپاس بۆ ئەوەی کەدەڵێت بودجەیەکی باش دابنرێت، بێگومان زۆر خۆشحاڵ ئەبین کە هەموو لایەك هاوکارمان بێت بۆ ئەوەی

بودجەیەکی باش دابندرێت بۆ شارەوانی، کەلەبەرژەوەندی هەموو خەڵکی کوردستانە، بەڕێز ئەو بۆڕییەی گەڕەکی عەرەب ئەوەی کە ئاماژەتان پێکرد گەڕەکێکی زۆر کۆنە لەهەولێر وە جەنابیشتان باشتر شارەزان، چونکە ماوەیەکی زۆر دوورو درێژ ئەندامی شارەوانی هەولێر بووی، دیارە لەکاتێکیش کە جەنابت ئەندام بوویت هەوڵتان دابێت کە چۆن چارەسەری ئەو کێشەیە بکرێت، حەتمەن جەنابت مەبەستت کۆڵانە کۆنەکانە کە پانیەکەی ئیکجار کەمە مەترێکە یان مەترو نیوێکە، هیچ ئامێرێك ناگاتە ئەوێ، لەبەر ئەوە نەتوانراوە بەئامێر ئیش بکرێت، ئەگەر مەبەستت ئەوێیە، ئەگەر ئەوێش نیە، چونکە رەنگە جەنابت پێش من کارت کردبێت لەسەر ئەو بابەتە، راستە ئاوی بۆڕی لەسەر زەوییە کە بۆڕییەکان کۆن بوونە، ویستوویانە خەتەکەی بگۆڕن ولەسەر زەوییان داناوە، لەلایەن هاووڵاتیانەوە دەکرێت وەکو ئێوە ئاگادارن بەرێوەبەرایەتی ئاوەکان، بەرپرسن لەراکێشانی تۆڕی ئاو لەناو هەموو گەڕەکەکان، بەڵام کە دەگاتە بەر دەرگای ماڵەکان، ماڵەکە خۆی، بەشدار بوو، ئەوە ئەرکی ئەوە رای دەکێشێت، دەچن لەجیاتی بۆڕی سۆندە بەکار ئەهێنن، راستە ئێمە پشتگیری بەڕێزتان دەکەین ئەوە دەبێتە هۆی پیس بوونی ئاوەکە، ئەوە سەرپێچیە، پێویستە عیلاجی ئەو سەرپێچییانە بکرێت، بەدواداچوونەوەی ئێمەش بۆ بابەتەکان تیمی لێپرسینەوە هەیە، بەڵام دیارە هەروەکو ئاماژەم پێکرد، رەنگە حاڵەت هەبێت سەرپێچی لەسەر بکرێت، بەڕێز کاك کرخی دەڵێت پێنج هەزار حەبی کلۆر وتەنکی ئاو چارەسەری وەزعەکە ناکات، لەبەر ئەوەی لە 67٪ی خەڵکی شاری سلێمانی ئاوی نیە، پێویستە کاری جدی تر بکرێت، بەڕێزان ئەوەی کەباسم کرد وەکو بابەتی کلۆرەکە، تەنکی ئاوە، ئەوە حاڵەتێکی تەواریئی بەپەلەیە چی بکرێت بۆ ئەوە پاش بڵاوبوونەوەی پەتای کۆلێرا، حاڵەتە تەواریئەکەیە ئەوە چارەسەرێکی هەمیشەیی نیە، ئەوە کلۆرە بەکاردێت یاخود تەنکی ئاوە دەنێردرێت، ئەوە تەنها لەسنووری ئەو کارانەیە کەکرا بۆ ئەوەی هەرچی زووە کونترۆڵی جۆری ئاو بکرێت، ئەوە حەتمەن بەجۆری ئاو ئێمە ئاماژەمان پێکردو پلان هەیە، بۆ چارەسەری بنەڕەتی، ئەکید ئەوە چارەسەری بنەڕەتی نیە، ئەوە حاڵەتێکی تەواریئە پاش بڵاوبوونەوەی پەتای کۆلێرا کرا، تەبیعی چەند تۆ تەنکەری ئاو زیاد بکەی ئەوەندە هاوکاری خەڵك دەبیت بۆ ئەوەی ئاوی پاك بخواتەوە، راستە ئەوە چارەسەر نیە تۆ بەتانکی ئاو، ئاو بدەیتە خەڵك، بەڵام هەر نەبێت ژمارەیەك لەخەڵك قوتار دەکەیت لەوەی بچێت بەتانکەر ئاو بکڕێت، کۆنترۆڵی ئەو ئاو نەکراوە، ئەو تانکەرانەی فەرمانگەی ئاوی شاری سلێمانی بەکاری دێنن وئاوی پێدابەش دەکەن سەرچاوەکانی ئاوی پاکە، ئەو بەرپرسیارە لەو ئاوەی کە دەیداتە هاووڵاتیان، بەڕێز کاك شێروان حەیدەری هیچ پرسیاری نەبوو، بەڵام لەقسەکانی من هەر ئەوەندە کەوتی لەم هەلومەرجە ئەبێت هەمووەمان هاوکاری یەکتری بین، بەڕاستی منیش وام گوت دەبێ هەمووەمان هاوکاری یەکتری بین، زۆر بەجدی کار بکەین، شەو لەسەر رۆژ دابنێین، هەتا بتوانین کۆنترۆڵی ئەو حاڵەتە بکرێت، نەسرین خان ئاماژەی بەوەکرد کە لە شارۆچکەی دوکان ئاوی ئاوەڕۆ تێکەڵی ئاوی سلێمانی دەبێت، بەڕێز راستە ئاوەڕۆ نیە وەکو لەزۆربەی شارۆچکەکانی کوردستان نیە، بەشێك لە ئاوەڕۆی شاری دوکان دێتەوە ناو ئەو سەدەی دوکان کە سەرچاوەیە، بەڵام ئەو ئاوەی دوکان ئەو ئاوە بەتەبیعی نانێردرێت بۆ

شاری سلێمانی وبخورێتەوە، ئەوە بە پرۆسەیەکی یەکجار دوورو درێژو موتەکاملی موعالەجە تێپەڕ ئەبێت، وێستگەی دوکان وێستگەیەکی دروستەو فەنیە لەهەموو روویەکەوە، ئەو وێستگەیە کار دەکات وبەبەردەوامی کار بۆ نوێکردنەوەو بەردەوامی دەکرێت، ئەو ئاوە بەو شێوەیە ناڕواتە سلێمانی تا مەترسی هەبێت، تەبیعی ئەگەر ئاوەڕۆ هەبێت ئەو ئاوەڕۆیە نەیەتە ناو ئەو ئاوە، پرۆسەی موعالەجەو پاککردنەوەی ئاوەکە ئاسانتر ئەبێت، هەرزانتریش ئەبێت لەسەر حکومەت، بەڵام ئەوە موعالەجە ئەکرێت ئەو ئاوە موعالەجە ئەکرێت، بەهەموو شێوەیەکی زانستی ئینجا دوایی دەخرێتە ناو بۆڕییەکانی گواستنەوەی ئاو بۆ شاری سلێمانی، بەڕێز کاك محمد رفعت باسی ئەو نووسراوانەو هەندێ ژمارەی نووسراوی دا کە کراوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی بۆ وەزارەت، چ ئیجرائاتی لەسەر کراوە، بەڕاستی لەراپۆرتەکەی ئێوە زیاتر بوو لەو ژمارەیەی کەدوێنێ ئاماژەی پێکرد، ئێوە ئەو راپۆرتەی نووسینگەی سلێمانی کەسەردانی کردبوو، ئاماژەی بە بیست نووسراو ئەکرد، لەبەر ئەوەی من لەلام بوو گەیشتە دەستم، حەتمەن کە پێش ئەوەی بێمە ئێرە ئێمە کارمان لەسەر کردووە ئەو نووسراوانە نووسراوەکان یەك بەیەك هەیە هەمووی لەلامان، کەچی ئیجرائاتێك کراوە، بەڵام جەنابی دوێنێ ئیشارەتی بە شەش نووسراو دا، شەش نووسراوەکە ژمارە (423، ئەوی تریان 4036 سێیەمیان 6996، چوارەمییان 6049 )ئەم نووسراوانە هەموویان چی ئیجرائات لەلایەن وەزارەت کراوە، چونکە ئەم نووسراوانە هەمووی چ ئیجرائات لەلایەن وەزارەتەوە کراوە، چونکە لەراپۆرتەکەدا ئاماژەی پێکراوە، یان نەکراوە، چی کراوە ئەوە هەموو بەدۆکیومێنت وەڵامەکان و ئیجرائاتەکان مەوجودە کەی بەڕێزتان ویستتان تەماشای بکەن، بەڵام بەڕێز دوو نووسراو دوێنێ ئاماژەت پێکرد، (6323، لەگەڵ 6296)کە دوێنێ ئاماژەتان پێکرد، ئەو کۆبوونەوەیەم بۆ رەخسا، چونکە نەبوو لە نووسراوەکەتان، هەلێکم بۆ رەخسا، کە بەدواداچوونێکی بۆ بکەم، لەبەر ئەوەی لای ئێمە ئەو ژمارانە صادیر نەکرابوو و نەشهاتووەتە وەزارەت، کەپەیوەندیمان بەئاوی سلێمانیەوە کرد، وتی نووسراوی وامان نیە، رەنگە هەڵەیەك لە ژمارەکان هەبێت، لەبەر ئەوە ئومێدەوارم ئەگەر ژمارە دروستەکەتان دەستکەوت، ئاگادارمان بکەنەوە، ئەوی تریش هەمووی بە دۆکیومێنتەوە هەیە کەچی کراوەو چۆن وەڵام دراوەتەوە، دڵنیاشبن لەوەی کە جەنابتان داوای پێکهێنانی لیژنە ئەکەن، دڵنیابن لەوەی کە ئەو ئیجرائاتانە کەوا لەلایەن وەزارەتەوە کراون ونێردراونەتەوە بۆ فەرمانگەکە ئەگەر فەرمانگەکە هەر کەموکورتیەکی هەبێت، کە جێبەجێی نەکردبێت یاخود هەر کارمەندێکی تر لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتی گشتیش لەناو وەزارەت، دڵنیابن لەوەی کەلیژنەی لێکۆڵینەوە دادەندرێت وهەموو کەسێکیش حەقی خۆی وەرئەگرێت، بەڵام ئێستا ئەو زانیاریانەی کەهەیەو ئیجرائات لەسەر دۆکیومێنتەکان وەردەگیرێت، هەروەها یەکێك لە پرسیارەکانی کاك محمد رفعت دەڵێت ئاوی دوکان، ئەویش وەڵاممان دایەوە، پەلە بکرێت لە تازەکردنەوەی تۆڕی ئاوی کۆن ودانانی تۆڕی تازە بۆ گەڕەکە تازەکان، ئەوە لەپلانی 2007 پێشساڵێك دامان نابوو، بەپێی ئیمکانیەت هەوڵ دەدەین ئەوەی کەبۆمان تەرخاندەکرێت، ئێمە جێبەجێی بکەین، لەهەمانکاتیشدا ئێمە نووسراوی تایبەتیشمان کردووە،

ئەگەر بکرێت حکومەت لەبەرپەلەیی بابەتەکە بودجەیەکی بەپەلە لەهەر شوێنێك بێت، بۆی تەرخان بکات، ئەوە ئامادەیە، دەرخستەکان ئامادەیە، دیزاینەکان ئامادەیە، هەموو شتێك ئامادەیە، ئێمە چاوەڕوانی بودجە ئەکەین بۆ جێبەجێ کردنی، بەڕاستی زۆر سوودمان لە لێدوانەکانی هەموولایەك وەرگرت بەتایبەتی بەڕێز کاك محمد رەفعت کەوەك پسپۆڕێك ئاماژەی بەهۆکارەکانی نەخۆشی کۆلێرا کرد کەیەکێك لەهۆکارە سەرەکیەکانی بڵاوبوونەوەی ئاوە، زۆر شتی تریش زۆر سوپاس بۆ ئەو روونکردنەوە زانستیانە کەپسپۆڕی جەنابتە، رەنگە جەنابت لەهەموو کەس زیاتر بتوانیت بە قوڵی باسی بکەیت، ببورن دکتۆر فوئاد، بەڕێز کاك هیوا دەڵێت ئەم نەخۆشیە دەرئەنجامە ئەبێ بزانین هۆکارەکانی چیە، منیش وابزانم ئاماژەم بەوەکرد کە دەرئەنجامەو دیراسەتی هۆکارەکانی بکرێت، پێشنیاری ئەوە دەکات کە بەدواداچوونەوەی پێشنیارەکانی نووسینگەی سلێمانی بکرێت، ئەوەشم ئاماژە پێکرد، بێگومان بەدواداچوونەوەی هەمووی دەکرێت هەموو پێشنیارەکان، بەڕێز کاك رۆمیۆ دەڵێت لەراپۆرتەکە باسی مەبالغی خەیاڵی ئەکرێت، چ پرۆژەیەك بەکۆتایی نەگەیشتووەو رەخنەی خەڵك زۆرەو زیادیش دەبێت، بەڕێزان ئەمە مەبالغی خەیاڵی نین، رەنگە لەوە زۆر زیاتریشمان ئەوێت، ئەگەر ئێوە تەماشای پلانی درێژخایەن بکەن، بۆ هەموو کوردستان دەبینن چەندی پێویستە بۆ چارەسەری بنەڕەتی بابەتی ئاوو ئاوەڕۆ، دەبێ ئێمە بەشەفافیەت ئەوە عەرزی پەرلەمان وهەموو خەڵك بکەین، ئەگەر ئێمە بمانەوێت ژێرخان وبونیەی تەحتی کوردستان چاك بکەین، پێویستە ئەو مەبالغە خەیاڵیانە، ئەوە پێویستە بەو مەبلەغانەش دەکرێت، ناکرێت ئەو مەبلەغانە بەپێی نەخشە، بەپێی دەرخستە، بەپێی خەڵکێکی پسپۆڕ کەدیاری کردووە، ئەوەشی دەوێت، هەموو وڵاتێکیش ئەگەر بیەوێت ژێرخانی خۆی چاك بکات زۆر مەبالغی پێویستە، بەتایبەتی وڵاتێکی وەکو کوردستان وێران هیچی بۆ نەکراوە، کە پەیوەندی بە بواری پرۆژەی ستراتیژی و خزمەتی ژێرخانی کوردستان بکات، کە ئاوو ئاوەڕۆش یەکێکن لەوانە، لەبەر ئەوە بەڕێزان ئێمە دەبێ بەشەفافیەت مەبلەغەکان دیاری بکەین ودەبێ بشڵێین چ ئیمکانە بکرێت وچیش ئیمکان نیە بکرێت، بەدیاری بخەین ودەبێ هەوڵیش بدەین وهاوکاری یەکیش بکەین، چونکە ئەوە بەئیمکانیەتی حکومەت ناکرێت، لەدەوڵەمەندترین حکومەت ژێرخانی ئابوری وپرۆژەی ستراتیژی بە ئیمکانیەتی حکومەت ناکرێت، ئەو بانکە نێودەوڵەتیانە، ئەو رێکخراوانە بۆ ئەوە کراوە و بۆ ئەو دەوڵەتانە دانراوە، کە کۆمەك بدات، قەرز بدات، هاوکاری دەوڵەتان بکات بۆ ئەوەی ژێرخانی خۆیان بەهێز بکەن، گەورەترین دەوڵەتیش پەنای بردۆتەبەر ئەوانە، راستە، ئەرێ وەڵڵا پارەی زۆری دەوێت، بەڵام ئێمە دەبێ کاری لەسەر بکەین، دەبێ دیاریشی بکەین کەچەند پارەی دەوێت بۆ ئەوەی پلانی بۆ دابنێین کەچۆن دادەندرێت، باسی بودجەی حکومەتی هەرێم دەکرێت کەپێش مانگێك یاخود زیاتر پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کردووە، راستە بێگومان ئەو بودجەیە هەیە بەشەفافیەتەوە، بەدەقیقیەوە دەڵێم بەشێ ئێمە لەوەزارەتی شارەوانی لە بودجەی 2007 ، 296 ملیار دیناری عێراقیە، بەڕێزان بەس بزانن چەند سنووردارە، ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەو هەموو کارانەی کە هەیە، لەگەڵ تەنها ژمارەی ئەو

فەرمانگانەو ئەو شارەوانیانەی کە بەندە بەو وەزارەتە، چۆن سەرف ئەکرێت وچی لێ دەکرێت؟ ئەوە تەبیعی ئەو پارەیە ئەساسەن کەپلان دانراوە لەسەر ئەساسی پێویست لەهەموو فەرمانگەکان کۆ کراوەتەوە، ئەو بودجەیەش دابەش ئەکرێت بەسەر هەموو فەرمانگەکاندا لەهەموو کوردستان، لەڕێگای ئەوانەوە سەرف ئەکرێت دەشکرێت لەهەموو کاتێك ئێوە وەکو پەرلەمان چاودێری سەرفکردنی ئەو پارەیە بکەن و بۆچیش بەکاردێت، ئەوە دەکرێت بکرێت، بەڕاستی پێشمانخۆشە ئەوە بکرێت وبەو بودجەیەش کەبەرمانکەوت 296 ملیار دینار، ئەوە بودجەی کارمەندانیشمانی تێدایە، بۆ زانیاری بەڕێزتان کەوتم خۆی لە 30 هەزار کارمەند دەدات، جەنابی ئاماژە بەوە دەدات کە پرۆژە بەساڵێك و دوو تەواو نابێت بەڵام کەی دەست پێدەکات، وابزانم باسمان کرد کەدەست پێکراوەو چیش دەستپێکراوە، چ لەژێر ئەنجامدانەو چیش بەئەنجام گەیشتووە، چیش دەست پێدەکرێت لەو بودجەیەی کە هەیە ئێستاکە، باسی تەنسیقی کرد لەنێوان وەزارەتەکاندا، ئێمەش دەڵێین ئەرێ وەڵڵا تەنسیق زۆر مەتلوبە بکرێت لەنێوان وەزارەتەکاندا، هەشە تەنسیق ئێمە ئەو وەزارەتانەی کە لەگەڵ یەك کار دەکەین وکارەکانمان هاوبەشە بەبەردەوامی لەئاستی وەزیرەکانیش وبۆ خوارتریش تەنسیق هەیە، بەڵام رەنگە پرۆسەی تەنسیقەکە پێویستی لەهەموو بوارەکان بە بەهێزکردن هەبێت، لەهەموو بوارێك تەنسیق زۆر پێویستە، کەبکرێت وئیشی تیمی هاوبەش بکرێت حەتمەن دەرئەنجامەکانیشی باشتر ئەبێت، باسی ئەوە دەکات کە ئاماژەمان بەوە کردووە لە سەدان سامپڵ تەنها 2 سامپڵ پیسە، ئێمە ئاماژەمان بە تەنها بە دەرئەنجامی پشکنینەکاندا ودووبارەشی ئەکەمەوە لە ماوەیەکی دیاری کراویش باسمان کرد، ئەو پشکنینانەش مەوجودەو هەیە، یەعنی لەهەموو شوێنێك هەیە، ئێمە ئیستنادمان لەسەر ئەوە کردووە، زەوی دابەش دەکرێت دوایی خزمەتگوزاری، ئەوە وابزانم وەڵامم دایەوەو وتیشم هۆی راگرتنی زەوی ئەوەیە، تا خزمەتگوزاری بگەیەندرێت بەهاووڵاتیان، پرسیارەکان زۆرە ئەگەر هاوکارم بن لەدانی ماوە بۆ ئەوەی تیشك بخەینە سەر هەموویان، زۆر سوپاستان ئەکەم و هەوڵیش دەدەم خێرا بم، بەڕێز کوێستان خان ئاماژەی بەوە کرد کە کێشەی ئاوو ئاوەڕۆ لەهەموو کوردستان هەیە، بەڵێ بەڕێز هەیە، منیش ئاماژەم پێکرد کەلەهەموو کوردستان هەیە، بەڵام راپۆرتەکەی من دووبارەی ئەکەمەوە تەنها باسی سلێمانی کرابوو، ئەگەر مەبەستت راپۆرت بوو، بەڵێ لە هەموو کوردستان هەیە ئەو کێشەیە وئەو کەموکوڕییە، جەنابی ئاماژە بەوە دەکات بڵاوبوونەوەی کۆلێرا بەشێوەی علمی لەئاو هەیە، ئەندامی بەڕێزی تریش ئاماژەیان پێکرد، هەروەکو جەنابی دکتۆر فوئاد ئاماژەی پێکرد، بەڵێ ئاو یەکێکە لەهۆیە سەرەکیەکانی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، بەڵام وەکو وتم ئێمە چاوەڕێی ئەنجامی ئەوە دەکەین کەئەوەی ئێستا لە کوردستان هەیە لە چییەوە بووە، بەڵام ئاویش هۆیەکی سەرەکیە بۆ بڵاوبوونەوەی، لەبەر ئەوە ئێمە لەسەر بابەتی ئاو دەوەستین و دەبێ بایەخی پێبدەین، هەرچی هەیە بکرێت بۆ ئەوەی ئەو ئاوەی دەگاتە هاووڵاتیان پاك بێت، جەنابی ئاماژەی بەوەکرد کەوەزارەتی شارەوانی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی ژووری عەمەلیاتی هەبێت لەسلێمانی، بەڕێز ژووری عەمەلیاتی سلێمانی لەسەر ئاستی پارێزگا دانراوە، لەسەر ئاستی وەزارەت نەبوو، بەڕاستی بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی

سلێمانی لەوێیە، بەڕێوەبەری ئاویش لەوێ ئەندامە، لەژووری عەمەلیاتەکە لەبەر ئەوەی لەئاستی وەزارەت نیە، ئەو ژووری عەمەلیاتەی کە منیش ئاماژەم پێکرد لەراپۆرتەکەم ئەوە تەنها ژووری عەمەلیاتە پەیوەندە بەئاو، تەنها بەئاوە و بابەتی تر نیە، چونکە ئێمە وەکو وەزارەتی شارەوانی تەنها بابەتی ئاوو ئاوەڕۆکە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە لەپەتای کۆلێرا، ئەوەی کەلەئاستی وەزارەت دامانناوە تەنها لەسنووری دەسەڵاتی وەزارەتە کە ئاوە، لەبەر ئەوە لەسنووری من نیە، ئەوەشمان دانا بۆ بەدواداچوونەوەو پاڵپشتی فەرمانگەکانمان لەسلێمانی یاخود لەهەر شوێنێك کە پەتای کۆلێرا لێی بڵاوبووەتەوە یاخود ئەگەری هەیە، بەڵام ئەوەی سلێمانی لەسەر ئاستی پارێزگا بوو بەرپرسی هەردوو فەرمانگەش ئەندام بوون لەوێ، کاریش دەکەن لەوێ هەتا حاڵی حازر، کەموکوڕی لەوێستگەی دوکان هەیە، حەقە کاری لەسەر بکرێت، لەیەکەم ڕۆژەکان کاری لەسەر کراوەو ئەو پرۆژانەی کەدوێنێ باسمانکرد، لەبودجە بەئەنجام گەیشتووەو لەژێر ئەنجامداندایە، ئەوە زۆربەی وێستگەی دوکان وسەرچنارە، زۆربەی ئەو کارانە دەبینی صیانەو چاککردن وپەرەپێدانی ئەو دوو وێستگەیە، ئەوە دیاریکراوەو لەلایەن فەرمانگەی ئاوی سلێمانی دیاریکراوە، کە ئەوە لەئەولەویاتە و کەموکوڕیش دەبێت و ئێمەش کاری لەسەر دەکەین بۆ ئەوەی چارەسەربکرێت و کاریش لەسەری بەردەوامە، لەهێنانی پەمپی تازە لەموزەخە لە چاککردنەوەی ئەوەی کە هەیە، کار هەر بەردەوامە لەهەردوو وێستگەکە، بۆ زیاتر تیشك خستنەسەری من پار مانگی 9 سەردانی ئەو وێستگەیەم کردوو، کەموکوڕییەکانیمان دەرخست، بەڕاستی ئەمساڵ کەسەرم لێدایەوە، ناڵێم تەواو کرابوو بەس واقیعێکی ترم بینی، کارمەندەکانی ئەوێش کاری لەسەر دەکەن ودەستخۆشیشمان لێکردن وهانیشماندان زیاتر کاربکەن وکەموکوڕییەکان دەربخەن، وەکو دەیڵێم هەندێك کەموکوڕیش دەبێ کە ئەنجام نەدراوە، ئەبێ ئێمە سنووری ئیمکانیەتی دارایی پەیڕەو بکەین، سیستەمی کارکردنە داراییەکە لەبیر نەکەین، بەڵام بەڕاستی ئیمکانیەتە داراییەکەیە کەنەتوانراوە هەموو کەموکوڕییەك کەئەوە ئومێدی هەموومانە نەمێنێت، کلۆری تێدەکرێت تەصفیە ناکرێت، تەصفیە بە پرۆسەیەکی زۆر دووروودرێژ تێدەپەڕێت پێشتریش ئاماژەم پێکرد، لەو ڕۆژانەی کە من لەسلێمانی بووم لەژووری پارێزگای سلێمانی یەکێك لەو تیمانە ئەو ڕێکخراوە جیهانیانەی کەهاتبوون بۆ هاوکاری ئێمە ئەندازیارێکی تەکنیکی (undpi) لەوێ ئەگەڕایەوە، لەدوکان دەهاتەوە، ئەو لەحزەی کە هاتە ژوورەوە وتمان ئاوی دوکان چۆنە ئێستاکە، ڕۆژی 9/2بوو وتی ئەو ئاوەی کەئێستا لەدوکان کە تەصفیە ئەکرێت دوای تەصفیەکردن کەدەخرێتە بۆڕی وتی بەپێی ستانداردی وڵاتانی ئەوروپی ئەو ئاوەیە کەبەکاردێت، کاك تەلعەت قسەی کرد، بەڵام پرسیاری نەبوو، کاك حەمە ڕەشید ئەویش ئاماژە بەوە دەکات کە عیلاجی ئاوی سلێمانی بەبیری ئیلکیوازی بکرێت، ئەوە وەڵاممان داوەتەوە، کە بیری ئیلکیوازی سەرکەوتوو نیە لەسلێمانی، بەڕێز محمد حکیم ئاماژەی بەوەکرد کە ئێمە سەردانی مەحتەکانی دوکان دەکەین، ئەی مەسئولەکان چی دەکەن؟ ئێمە دەستخۆشیان لێدەکەین، بەڕێز ئەگەر مەبەستت ئێمە بەرپرسەکانی وەزارەتی شارەوانی بێت، ئێمە یەکەم شوێن کەسەردانمان کردووە، کە بەردەوامیشین لێی وێستگەی دوکانە، بەڕێز کاك بارزان شتەکانی باسی کۆلێراو

زەوی دابەش ئەكرێت بەبێ خزمەتگوزاری، ئەوە هەمووی وەڵام دراوەتەوە، دەڵێت ئاوی لادێ لەوەزارەتی ئاوەدانكردنەوە گواستراوەتەوە، بەڵێ بەپێی یاسای هەردوو وەزارەت گواستراوەتەوە، پێش سێ مانگ، لە مانگی 7 بەپێی فرمانی وەزاری كە لە هەردوو وەزارەت دەرچووە، پرۆسەی تەسلیم دەستی پێكردووە، لەهەندێ شوێن كۆتایی پێهاتووە، لەكۆیە ئێستا كۆتایی پێهاتووە، لەبەشێك لەناوچەی گەرمیان كۆتایی پێهاتووە، ئەوی تریشی ئێستا هەر بەردەوامە دەورو تەسلیمەكە، بەڕێز كاك حاتم باسی ئەوە دەكات كە ئاوی كەلار لەرووباری سیروان دێت وئاوی سیروانیش گونجاو نیە، پێویستە چارەسەر بكرێت زۆربەی ئاوەكان هیچ ئاوێك بێگومان بەبێ چارەسەركردن راستە ناگونجێت وپاك نیە بۆ خواردنەوە، ئاوی كەلاریش هەر خۆی یەكێكە لەو شارۆچكانەی كەخۆی ئاوی پرۆژەی هەیە، ئێستا ئاوی پرۆژەی كەلار لەژێر ئەنجامداندایە، پرۆژەكە نزیك بووەتەوە لەوەی كە تەواو بكرێت، رێژەی ئەنجامدانی گەیشتووتە نزیك لە 90٪ یان 87٪، ئێستا پێویستی بەبەعزێك كار هەیە بۆی بكرێت، ئەویش خەریكە دەكرێت وبەم زوانە كۆتایی پێدێت ئەو پرۆژەیە وچارەسەری ئاوی كەلاریش دەكات وەی زۆر شوێنی دەورووبەریشی، گوڵناز خان هەمان شت باسی ئاوی كەلارو رزگاری دەكات كە مەصفایەكی كۆنی هەیە، ئەوە هەمان ئاوی پرۆژەی كەلار كە ئاماژەم پێكرد كە كۆتایی پێهات رزگاریش سوودی لێ دەبینێت، ئەو پرۆژەیە بەبنەرەتی كێشەكە چارەسەر دەكات لەو ناوچەیە، بەڕێزی باسی ئەوە ئەكات كەویستوویەتی 4 جار سەردانی من بكات، بەڕێز بڕیار لەسەردانەكەت بدەو هەركاتێكیش دێیت بەخێر بێیت سەرچاو، دابەشكردنی زەوی، وابزانم ئەویشم جواب دایەوە، باسی مووچەی كرێكار دەكات كە 100 هەزارە، ئێمەش كارمان بۆ ئەوە كردووە 100 هەزار بێت، بەڵام دیاریكردنی مووچە لەسنووری دەسەڵاتی سەرۆكایەتی ئەنجومەن ووەزارەتی داراییە، رەنگە زۆرجار پابەند بیت بەو سنوورەی كە لەعێراقیش دادەندرێت، ئومێدیش دەكەین كەوا گۆرانكاری بەسەردا بێت، لەهەندێكیش گۆرانكاری بەسەردا هاتووە وبەرەو زیاتر رۆشتووە، گێلاس خان باسی ئەوە دەكات كەوباء لەئارادایەو چاوەڕوانی قەرز نەكرێت، وابزانم روونمان كردەوە قەرزەكە بۆ چ مەبەستێكە، هەروەها ئێمەش لەگەڵ ئەوداین كە وباء لەئارادایەو دەبێ هەموو جوهدێك سەرف بكرێت بۆ ئەوەی كۆنترۆڵی وباء بكرێت، بەڵام قەرزەكە بۆ پرۆژەی درێژخایەنە نەك بۆ عیلاجی ئەمڕۆیە، بۆ عیلاجی بنەڕەتی ودوارۆژە ئەو قەرزە، عیلاجی بیری سەتحی بكرێت هەتا ئاو بەگوێرەی پێویست دابین نەكرێت، وابزانم عیلاجی ئەو بیرە سەتحیانە ناكرێت، كە ئەوە بووەتە بەدیلی ئاو، بەڕێز كاك خورشید شێرە ئاماژەی بەوە كرد كە ئێمە دواكەوتین لە چوونمان بۆ سلێمانی وئیجرائاتكردن، وابزانم زۆر بەتێروتەسەل باسمان كرد ئێمە لە یەكەم رۆژی بڵاوبوونەوەی پەتاكە وەكو لایەنێكی بەرپرس لەئاو چیمان كردووە، نەك لەیەكەم رۆژ ولەیەكەم سەعاتەكانیش، بۆ دۆكیومێنت وزانیاری ئەتوانن بەڕێزتان تەماشای هەموو شتێك بكەن، نەك لە رۆژەكانی یەكەم ودووبارەشی ئەكەمەوە یان سەعاتەكانی یەكەم ودووەم، كە چ كارێكمان كردووە، بەڵام هەر وەزارەتەو لە سنووری خۆی كار دەكات، وەزارەتی تەندروستی لە سنووری كاری خۆی كار دەكات كە ئەو پەتایە بڵاوبووەتەوە، وەزارەتی شارەوانی لەسنووری كاری خۆی كار دەكات كە بەرپرسە لەئاو، جەنابتان

ئاماژەتان بەوەکرد کەبەڕێزتان سەردانی هەموو بەڕێزەکانتان کردووە، لە دانیشتنەکەی پێشوو، دوێنێ ئیستسنائی ئێمەتان کرد، وتتان کە تەنها سەردانی ئێمەتان نەکردووە، بۆ جێبەجێ کردنی ئاوەڕۆ لە هەولێر جەنابیشت ئاماژەت بەوە کرد کە جێبەجێی ناکەین، من نامەوێت ئەو تەوەقوعە بکرێت، زۆر بەئەکیدیش ناکرێت، بۆ ناکرێت هەموو شتێك دەکرێت پلانیشمان بۆ داناوەو بڕیاریشمان داوە کە بودجەی بۆ پەیدا بکەین، ئیمکانیەت هاوکارمان بێت هەموو کارێك دەکرێت، نازانم بۆ ئەندام پەرلەمانێك پێشبینی بکات کە ئێمە ئەو کارە ناکەین، جەنابی باسی 400 ملیۆن و پرۆژەی درێژخایەنی کرد، وابزانم ئەوانەم جواب دایەوە، لەبەر کاتیش وابزانم سەرۆکایەتی ئەنجومەن ئیشارەت دەدات، وەباسی هەموو ئەو شتانەم کرد کە پەیوەندیدارە بەو بابەتەوە، بەڕێز کاك محمد فرج بەهەمان شێوە باسی سەرچاوەی ئاوی سلێمانی دەکات و پیس بوونی دوکان و ئەو شتانە، ئەوەش وابزانم هەموویمان باسکرد، با دووبارەی نەکەمەوە، هاوولاتی گەورەترین سامانە، بەڵێ گەورەترین سامانە لەسەر هەمووشمانە ئەوەی هەیە بیکەین بۆ خزمەتکردنی وپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری وخۆشکردنی ژیانی، جەنابی ئاماژە بەوە دەکات کەپلانەکان درێژخایەنن، وابزانم ئاماژەم پێکرد، کە پلانەکان کورت ومامناوەندو درێژخایەن هەیە، هەریەکەو دەبێت کاری لەسەر بکرێت، بەڕێز دکتۆر فوئاد ئاماژەی بەوەکرد کەکێشەکە کۆنەوە هۆکارەکانی هەروەکو ئاماژەم پێکرد وەکو پسپۆڕێك سوپاسی دەکەم بۆ ئەو روونکردنەوانە، ئاماژەی بەوەکردووە هەروەکو پلانی درێژخایەن هەیە هی کورت ومامناوەندیش هەبێت، ئەوە هەیە بەڕێزتان هەموو پلانەکان ئەگەر هەر کاتێك بتانەوێت تەماشای بکەن، چیش کارکراوە لەسەری وچیش دەبێ کار بکرێت لەسەری، جەنابی ئاماژەی بەوەکرد کەهەندێك جار بەیاننامە یاخود تەصریح دەدرێت لەلایەن هەندێك منیش لەگەڵ بەڕێزتم هیچ لایەنێك حەق نیە لەو کاتەدا تەصریحی نا مەسئولانە بدرێت لەهیچ لایەك وجیهەتێك، ئەوە خزمەتی دۆزەکە ناکات، هەموولایەك دەبێ هاوکار بین، چارەسەر بین نەك دەرکردنی تەصریحات کە گێرەشێوێنی دروست بکات یاخود راستیەکان بشارێتەوە، مەبەستیشم هەموو لایەکە بێگومان، بەڕێز کاك ئارام باسی ئاوی دوکان دەکات، ئەوەمان وەڵام دایەوە کاك ئارام باسی ئەوە دەکات، کە لەگەنجینەی سەرچنار 100 ئامێری کلۆر هەیە بەکار نەهاتووە، بەدواداچوونەوەی ئەو بابەتەمان کردووە، کاك ئارام نیە لەسەرچنار 100 ئامێری کلۆر هەبێت، بەکار نەهاتبێت، بەڵام چەند ئامێرێکیان هەیە بۆ ئیحتیات دانراوە دەڵێن ئەو ئامێرانەی کە ئێستا کار دەکات لە کارە واتە لە کار نەکەوتووە تا ئێمە بیگۆڕین، کەی لەکار کەوت ئەو تازانە کەبەپێی زانیاری بەدەستی ئێمە گەیشتووە سنوری 4 تا 5 ئامێرە، ئەو ئامێرانە بەڵێ لە رۆژنامە جەنابت ئاماژەت پێکرد، من ئەڵێم رۆژنامە وەڵامی ئەوەشم دایەوە، بەڕێز کاك زرار باسی هەمان بابەتی کرد، سەرۆك شارەوانی رێگای پێبدرێت، وابزانم وەڵامم دایەوە، ئەوەش کۆبوونەوە بکرێت، زیارات بکرێت ئەوە هەموویم وەڵام دایەوە، نەبوونی کرێکار تەنها 14 کرێکار هەیە، ئەوە دامەزراندنی کرێکار کراوەیە، دەسەڵاتێکی تایبەتمان وەرگرتووە بۆ دامەزراندنی کرێکار لەسنووری هەر شارەوانیەك، هەر شارەوانیەك چەند کرێکاری ناردبێت دۆزیبێتیەوە لە سنووری شارەوانیەکەی خۆی ناردوویەتی یەکسەر

لەسنووری بودجەی خۆی دامەزراوە، ئێمە لەو بابەتە دوایی پێداچوونەوە ئەکەین بزانین بۆ تەنها 14 کرێکاری هەیە، یان کرێکاری دەست ناکەوێت دەبێت هۆیەکەش ئەوە بێت کەدەستی ناکەوێت، ئەگینا هیچ شتێك نیە یان رێگرێك نیە لەبەردەم دامەزراندنی کرێکار، بەرێز کاك جمال قاسم سوپاس کەدیار بوو لەمەبەستی قەرزەکەمان لەبانکی نێودەوڵەتی حاڵی ببوو کە بۆ چ مەبەستێکە، بالفعل بۆ ئەو مەبەستەیە کە جەنابت روونتکردەوە، چارەسەرکردنی کاتی ئاو بکرێت وئاو پاك بکرێتەوە دوایی بگوازرێتەوە، ئەوەش ئاماژەم پێکرد کە بەهیچ شێوەیەك ناکرێتە بۆرییەکانی گواستنەوە تا پاك نەکرێتەوە، کاك تارق باسی ئاوو ئاوەڕۆی کرد کەزۆر نزیکە لەبیری ئیلکیوازی، وابزانم مەبەستی کاك تارق ئەوەیە کەنەك بەعومق نزیکە، رەنگە لەتەنیشتی لێ دەدرێت، بەڵێ مەرج هەیە بۆ لێدانی ئەو بیرانە، ئەو بیرانەش لەنەبوونی ئاوەڕۆ لێ دەدرێت، حەتمەن بەچارەسەری کێشەی ئاوەڕۆ نامێنێت، بەڵام مەرج هەیە بۆی دابندرێت، شارەوانیش لەسەریەتی شارەوانیەکان بەدواداچوونەوەی ئەو مەرجە بکەن، ئاوی سەرزەوی گەڕەکی عەرەبان وابزانم وەڵامی ئەو پرسیارەم دایەوە، بەرێز خەمان خان دەپرسێت بەڕای تۆ هۆی بڵاوبوونەوەی کۆلێرا چیە؟ وابزانم وەڵامی ئەوەشم دایەوە، من لایەنێکی پسپۆڕ نیم وئەگەر پسپۆڕیش بم بەتەنها ناتوانم بڕیار بدەم هۆی چیە، ئەوە دیراسەتی دەوێت دەبێ چاوەڕێی ئەو دیراسەتە بکەین کەلەلایەنی پسپۆڕو پەیوەندیدار کەبەڕاستی وەزارەتی تەندروستیە دەکرێت، ئومێدەواریشم بەزووترین کات ئەنجامەکان دەربچێت بۆ ئەوەی بتوانین کە چۆن رێگای لێ بگرین، ئیجرائات چی کراوە دوای بڵاوبوونەوەی پەتای کۆلێرا، ئاماژەم بەوەشدا دوێنێ لەراپۆرتەکەم ئەگەر پێویست بەووردەکاری زیاتر هەیە، ئامادەم وەکو دۆکیومێنت هەمووی پێشکەش دەکەین، بەهەمان شێوە پارەی خەیاڵی ودرێژخایەن، ئاماژەم بەوەشدا کە بۆچیمانە ئەو پارەیە، ئاماژە بەوەکرا کەزبڵ هەیە لەهەموو شوێنێك، ئەویشم وەڵام دایەوە و وتم ئەوە بەرنامە دانراوە، دەستیشی پێکردووە لەشارە گەورەکان کەچۆن موعالەجەی ئەوە بکرێت، بابەتی ئێمەیە چونکە کاتی دەوێت، بەڵام هەر کاتێك دەتانەوێت چ لەوەزارەت بێت چ لێرەدا بێت چی کراوە لەو بابەتەوە بۆتانی روون بکەینەوە، تێبینی بەڕێزیان وتی وەزیری چالاك نیە یان لەئیعلام بەدەرناکەوێت، بەرێز خەمان خان نازانم پێوەر چیە بۆ چالاکی ئەگەر وەکو خۆت ئاماژەت پێکرد کە پێوەر ئیعلام بێت، نازانم رەنگە ئیعلام نەبێ، کاك ئەنوەر پرسیار دەکات کەبودجەی وەزارەت چەندە وتم 296 ملیار دینارە بودجەی وەزارەتی پەسەندکراوی ئیمساڵمان 2007، پارەکە چۆن سەرف ئەکرێت؟ گوتمان لەلایەن فەرمانگە پەیوەندیدارەکان سەرف ئەکرێت و هەموو کاتێکیش حەقی موتابەعەتان هەیە بۆ سەرفکردن و وردەکاری ئەو پارەیە، پلانی خەدەمات هەبێت لەگەڵ نیشتەجێ وابزانم ئەوەشمان باسکرد، باسی تەوعیەی کرد لەرێگای کەناڵەکانی ئاسمانی، باسی ئەوەشمانکرد، وتم دەستمان پێکردووەو ئومێدەواریشم هەموو کەناڵەکانی راگەیاندن نەك تەنها کەناڵی ئاسمانی هەموو هاوکارمان بێت لەهۆشداری کردنی خەڵك وتەوعیەکردنیان، بەرێز کاك بکر فتاح ئاماژەی بەبوونی کۆلێرا لەکۆنەوەکردو ئێمەش هەر پشتگیری لێ دەکەین وهەرواشە بابەتەکە، جەنابی باسی خاڵێکی کرد ناعەدالەتی هەیە لەدابەشکردنی پلان، زۆر نەمزانی مەبەستی چیە؟ بەس من

هەر مەسئولم لەو ماوەی کەخۆم بەرپرسیارم لەو وەزارەتە، بۆیە دوێنێش هەندێ تیشکم خستە سەرپلانەکانی 2007، ئەوەش وردەکاری پلانی 2007 مەوجودەو دانراوە وزۆریشم پێخۆشە سەیری بکەن، زۆر بەدیراسەت زۆر خۆمان لەگەڵ هیلاککرد کەدامان نا و پەنامان بردە بەردوو شت پێویستیەکان هەروەکو بەڕێزتان ئاماژەتان پێکرد، هەروەها ژمارەی دانیشتوانی هەر شوێنێك کەئەوە هەموو پلانێك لەسەر ئەو ئەساسە دادەندرێت، وردەکارییەکانی مەوجودە دەتوانن سەیری بکەن، جەنابت دووبارەی ئەوەتکرد ئەو پێشنیارانەی کەلەراپۆرتی کاك محمد رفعت هەیە منیش ئاماژەم پێکرد ئەوەی هەیە بەدواداچوونمان بۆکرد، ئەوەشی کەماوە هەمووی دەکرێت، دڵنیاشبن لەوەی لەهەر کارمەندێك بینیمان کەمتەرخەمی هەیە ئەوە دڵنیابن لەوەی کەئیجرائاتی لەسەر وەردەگیرێت، ڤیان خانیش باسی ئەوە دەکات کە وەزیر بۆ ئیعلامی بەکار نەهێناوە بۆکارەکانی، بەڕاستی بەڕێزان وەلەو بابەتی ئەمڕۆمان نیە، بەس من هەر لەدرێژایی کارکردنم ئەوەی موتابەعەی منی کردبێ، زۆر کەم بەکارم هێناوە، رەنگە راست نەبم لەو بابەتەدا، بەڵام زۆر زۆر کەم ئیعلام بەکاردێنم، ئیشی خۆم دەکەم، چونکە بەواجبی خۆمی ئەزانم، بەڵام لەهەندێ کاتیش راست ئەکەن ئیعلام پێویستەو دیارە زۆریش پێویستە، چونکە دیارە بووەتە پێوەر لەو بابەتەدا، بەڵام من ناسراوم بەوەی کە ئیعلام بەکار ناهێنم، لە درێژایی ئەو 16 ساڵەی کەکارم کردووە، بەڕێز ڤیان دزەیی باسی ئەوی کرد بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن کەکۆلێرا لەئاوەوە بووە، ئەوە وابزانم زۆر باسی ئەو بابەتەمان کرد، وتمان ئێمەش چاوەڕێ ئەکەین لایەنی پەیوەندیدار نەتائیج دەربهێنێت، جەنابی باسی گەورەبوونی شاری هەولێرو ماستەرپلانی کرد، من بەشێوەی گشتی باسی ماستەرپلانم کرد کەخۆشبەختانە لە سێ شارە گەورەکە دەستی پێکردووە، هەولێریش لەگەڵی دەبێت، بەڵام باسی ئەوەیکرد کەچ تەنسیقێك هەیە لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان، بەڕێز ڤیان خان ماستەر پلان مەبەست ماستەرپلانی ناوشارە، شێوەی تەوزیعی ناو شارە، جیاوازن مەسئولیەتەکان وەزارەتی پلاندانان پلانی ئابووری بۆ هەموو کوردستان دادەنێت، پلانی تری درێژخایەن بۆ هەموو بوارەکان دادەنێت، بەڵام ئەوەی ئێمە تەنها مەسئولیەتی ئێمە تەنها نەخشەکەیە هی شارەکان، کەدەڵێین تەختیت عائیدی ئێمەیە واتە تەنها نەخشەی شارەکان عائیدی ئێمەیە، تەنسیقیشمان هەیە بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ هەموو لایەنێکی پەیوەندیداردا، بەتایبەتی وەزارەتی پلاندانان، بەڕێز شیرین خان داوای دیتنی وەزیر ئەکات، هەرکاتێك جەنابت مەجالت هەبوو بەخێر بێیت سەرچاوان، ئامادەین پێشوازیت لێ بکەین وچیشت مەبەستە باسی بکەین، باسی ئاوو ئاوەڕۆکانی زاخۆ دەکات بەڕێز بابەتی ئەمڕۆمان نیە لەبەر ئەوە باسی ناکەین، کاتێکی تر باسی ئەکەین، بەڕێز صبریە خان ئەویش باسی ئەوە ئەکات هی کۆلێرا کەئایا چی کراوە بۆ حاڵەتی لەناکاوو دانیشتنی لەناکاو کراوە، بەڕێزان بە دووورودرێژی باسمانکرد، نەك یەك دانیشتن کراوە، ئەوە ئێمە بەبەردەوامی دانیشتنمان هەیە، لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەبەردەوامی هەمانەو ئەبێت بەردەوامیش بین، لەو بابەتە هەتا کۆنترۆڵی تەواوی بابەتەکە ئەکەین یان هی نەخۆشیەکە، باسی خۆڵ وخاشاك ئەکات، ئەویش ئاماژەمان پێکرد کەلەکاتی گونجاو باسی ئەکەین، ئیجرائاتی حاسم ناکرێت بەرامبەر کۆمپانیاکان ئاماژەی

بەوەشکرد کەئیجرائاتی حاسم ناکرێت، وەڵلاهی وابزانم ئێوە لەرۆژنامەکان وبڵاوکراوەکان ئەخوێننەوە کە ڕۆژانە چ ئیجرائات ئەکرێت یاخود ئێمەش وەکو وەزارەتی شارەوانی تاکو ئێستا چەندین کۆمپانیامان خستۆتە لیستی ڕەش، بە فەرمانی ڕەسمی داوامان لەسەرۆکایەتی کردووە لەبەر ئەوەی لەدەسەڵاتی ئێمە نیە، ئەویش بەهانای داواکەوە هاتووەو هەروەها لەهەموو لایەکیش کەئەبینین خەم هەیە ئیجرائات وەردەگیرێت، بەڕێز کاک سەردار بەهەمان شێوە ئاماژە بە 300 ملیۆن و 350 کە ئەکات، ئەوەی بۆ هەولێرو سلێمانی باسم کرد ئەوە ڕوونکردنەوەم دا کەبۆچی مەبەستێك بەکار دێن ئەو پارانە، جەنابیشی ئاماژە بەوە دەکات کەوەزیری ئێستا بەوەزیری خۆمان دادەنێین، بێگومان من ئێستا وەزیری شارەوانی کوردستانم، نازانم تێنەگەیشتم باسی سلێمانی ئەوانە بەڕێز ئێستا ساڵێك وچوارمانگ زیاترە، ئەو دووئیدارەیە نەماوەو حەتمەن ئێستا هەر وەزیرێك لەکابینەی ئێستادا هەبێت وەزیری هەمووانە، فەخریە خان باسی تۆڕی ئاوی شەقڵاوەی کرد، ئەوەش بابەتی ئێمە نیە، حەزدەکەن کاتێکی تر وەڵامی ئەدەینەوە کەچ بەرنامەیەك هەیە بۆ ئاوی شەقڵاوە، بەڕێز دکتۆر ڕەمەزان باسی پڕۆژە ئاوی سلێمانی کرد، کە بەساڵێك تەواو نابێت، بەڵام خۆ دەبێت دەستی پێبکرێت وتەواو بێت، ئێمەش دەڵێین دەبێ دەستی پێبکرێت وتەواویش بێت و هەموو جوهدێك سەرفبکرێت، بۆ ئەوەی تەواو بکرێت، باس لەوە دەکات کە پڕۆژە تەواو نابێت وپارەش سەرفدەکرێت، ئەو پڕۆژانەی کەوا تەواو نابێت وپارەش سەرفدەکرێت، لەتەواو بوونی پڕۆژە بابەعامی باس نەکرێت پێمان باشە باسبکرێت بۆ ئەوەی وەڵام هەبێت، وە دیاریش بکرێت کە چی کراوە بۆ تەواو کردنی، کاك جمال یوسف دەڵێت پلانی هاوبەش نیە لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان 23 ملیۆن لەزاخۆ سەرفکراوە، بەڵام تۆڕی ئاوی کۆنەو، تازە نەکراوە، ئاوەڕۆ لەدهۆك نیە، بەرنامەی وەزارەت بۆ ئەوە، بەڕێز زۆر بەپەلە ئەگەر سەرۆکایەتی ڕێگام پێبدات، ئەو 23 ملیۆنە پڕۆژەی ئاوی زاخۆیە، ئەوە ئەو گوژمەیە پێویستە، ئەو کارە پێویستە دەبێ ئاو بگەیەنێتە ناو شار تۆڕیش بابەتێکی ترە لە هەولێر و سلێمانیش هەیە، لە هەموو شارەکان کێشەی تۆڕ هەیە، ئەویش دەبێ پارەی بۆ سەرفبکرێت، ئەوە دوو شتی لێك جیاوازە، نابێ بڵێیت من تا ئەوە نەکەم ئەوی تر دەکەم، دەبێ ئەوەش بکەیت وئەوی تریش لەپلانە دەبێ بودجەی بۆ دابندرێت، دەبێ هەر بکرێت ئەوە نیشانەی ئەوە نیە کەپلانی هاوبەش نیە، نەخێر هەموو کارەکان بەیەکەوە ناکرێت دەبێ پلان هەبێت وهەمووشی بەقۆناغ جێبەجێ ئەکرێت، ئەوەشی کەباسکرا لەدهۆك و چیکراوە بۆ شێخان، ئەوە هەمووی هەمان بابەتە بەپێی ئیمکانیەتی دارایی ئەکرێت، ئاماژە بەهێنانی مەعمەلی زبڵ دەکات، من وتم ئەبێ بەدرێژی باسی بکرێت، چونکە مەعمەلمان هێناوە ودەبێتیش مەعمەلی زبڵ بەو زوانە دێتە شاری هەولێر وکاریشی لەسەر کراوە، ئەوە بابەتێکە ئەبێ بەدوورودرێژی باسی بکەین کەچی کراوە وچیش دەکرێت، بەڕێز ڕەمزیە خان ئەڵێت چ ئیستیعداد کراوە بۆ شاری دهۆك بۆ نەخۆشی، ئەوە ئەوانیش ئیستیعداد بۆ هەموو شوێنێك وەرگیراوە، لەلایەن وەزارەتی تەندروستی ولەلایەن وەزارەتی ئێمەشەوە ئەوەی کەوا پەیوەندیدارە بەئاو ژووری عەمەلیات لەهەموو شوێنەکان دانراوەو ویقایە دانراوە، بەڕێز کاك شێخ فتاح دەڵێت ئیهمالی لەهەموو شارەوانیەکان هەیەو زبڵ

کۆناکرێتەوە، زیاتر بابەتەکانی لەسەر شارەوانیەکانەو پاك وخاوێنی وزبڵە، ئەویش وتم بابەتێکەو زۆر گرنگە دانیشتنێکی دەوێت بەتایبەتی بۆ باسکردنی، راستیشە کەدەڵێت ریقابە هەبێت لەسەر پاك وخاوێنی، بالفعل ریقابە شارەوانی ئەبێت بەردەوام بێت لەگەڵ ئەو سیستەمەی کە هەیە ئەو ئیمکانیاتە کە چەند سنووردارە، بەڵام ریقابەی شارەوانی دەبێت بەردەوام بێت لەسەر پاك وخاوێنی شارەکان، بەڕێز کاك ارسلان خاڵێکی گرنگی ورووژاند وتی ئایا لەرووی تەکنیکیەوە چی کراوە بۆ پرۆژەکان، هەرچەندە بابەتێکی دوورودرێژە کاتێکی زۆری ئەوێت، بەڵام بەکورتی لەو ماوەیە زۆر شت کراوە حەتا لەلایەنی یاساو هەیکەلی وەزارەت بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتیمان دانا بەناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆژەکان، کە بۆ کۆنترۆڵی جۆری دانرا، کەئەوە نەبوو لەهەیکەلی وەزارەتی شارەوانی کەچەند ساڵە دانراوە، ئیشی تایبەتیشی کۆنترۆڵی جۆریە لەوەزارەت وئیشی بەردەوامیشی لە سەر ئاستی پارێزگاکان دانراوە بۆکۆنترۆڵی جۆری کە یەکێکە لەکاری ئێمەو زۆریش گرنگە ئیهتیمامی پێبدرێت بۆ ئەوەی پرۆژەکان درێژخایەن بێت وئەو پارەی بۆ سەرفکراوە بەفیڕۆ نەڕوات، تێبینی ئێمە لەسەر ئەو کارانەی هەتا ئێستاکراوە بەرەو پێش چوونێك هەیە لەبواری تەکنیکی، بەڵام هێشتا ماویەتی ئەوو بەرەو پێش چوونە، بەدی دەکرێت، و مولاحەزە دەکرێت، بەڵام هێشتا لەئاستی تموحی ئێمەو پێویست نیە، بەڵام وەکو وتمان هەیکەلەکان دانراوەو خەڵك کاری لەسەر دەکات، ئومێد دەکەین کە بگەینە ئەنجامێکی چاك، زۆر گرنگ بوو ئەو خاڵەی تەکنیکیە، بەڕێز کاك جوتیار باسی هەمان شت دەکات بۆ ژووری عەمەلیات لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی دانەنراوە، ئەوەمان وەڵام دایەوە ئاوو هەواو خاك زۆر پیسە ئەوە پیسە بالفعل ژینگە ئەتۆ بڵێیت ژینگەی کوردستان زۆری دەوێت کەکار بکرێت لەسەری، پاك بکرێتەوە ئێمە وەکو وەزارەتی شارەوانی جگە لە ئاوو ئاوەڕۆ کارمان لەسەر زبڵ و موعالەجەی زبڵیش کردووە بەشێوەی تەکنیکی، بەڵام ئەو دەرفەتە نیە ئێستا بەتێروتەسەلی باسی ئەوەتان بۆ بکەم کەپەیوەندیدارە، ئەو خاڵانەی کەوا پەیوەندیدارە بەوەزارەتی شارەوانیەوە پاکی راگرتنی ژینگە، باسی دەسەڵاتی شارەوانیەکان کەنیە، یەکێك لەو کارانەی کە کردوومانە دەسەڵاتمان زیادکردووە، دەسەڵاتیمان کەم نەکردۆتەوە چ دەسەڵات هەبووە لە فەرمانگەکان، بەڵام زیادمان کردووە، چەندین فەرمانی وەزاری هەیە بەزیاد کردنی دەسەڵاتەکان، لەروانگەی ئەوەی کە دەسەڵات هەبێت یەکێك لەکارەکان، کەهەیکەلمان گۆڕی بەپێی یاسا لەهەر پارێزگایەك بەڕێوەبەری گشتیمان دانا، نەبوو پێشتر بۆ ئەوەی دەسەڵات زیاد بێت، چونکە بەڕێوەبەری گشتی بێگومان دەسەڵاتی زیاترە، لەخەڵکی تر دەسەڵاتەکانی زیاتر بێت ورۆتین کەم بێتەوەو ئیشەکان بەخێرایی تر بڕوات، بۆ قەزاو ناحیەکان چی کراوە تەنها باسی شار کرا، لەبەر ئەوەی بابەتی ئێمە شاری سلێمانی بوو، بۆهەموو قەزاو ناحیەکان چی کراوە، ئەوە وردەکارییەکان هەیە، ئەکرێت باس بکرێت یان راپۆرتتان دەوێت پێشکەشتان بکرێت، بەڕێز دکتۆرە شوکریە باسی ئەوە دەکات بودجە چەندە، پرسیاری کرد کە چۆنیش سەرف ئەکرێت، وابزانم ئەو پرسیارەم وەڵام دایەوە، جەنابیشی راست ئەکات، هەموو شت بەبودجە جێبەجێ ئەکرێت، بودجەی چاك هەبێت ئیشی چاك دەکرێت، ئایا تەنسیق هەیە لەنێوان هەر سێ وەزارەت، بەڵێ تەنسیق هەیە لەنێوان

هەموو وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، بەڕێز سۆزان خان ئاماژە بەوە دەکات کە کۆلێرا عیلم دەڵێت لەئاوە، ئەوە وابزانم ئەو بابەتەمان باسکردو وتمان ئەوە لایەنی پسپۆڕ هەیە کە وەزارەتی تەندروستیە، کاری لەسەر دەکات بیدۆزێتەوە کە چیە هۆکەی، ئەوە باسمان کرد بەدرێژی، مەسئولیەتی هەموو لایەکیشە بەڕێز تەئیدی جەنابت ئەکەم هەموو لایەك مەسئولە لەو لایەنەوە، هەمووشمان ئەبێت کار بکەین لەولایەنەوە، هەموو کەس لەسنووری مەسئولیەتی خۆمان، بۆ ئەوەی ئەوە بۆ هەنووکەیی وموستەقبەلیش ئەو نەخۆشیە نەمێنێت، لە یەکێك لە پرسیارەکانی بەڕێزی ئایا لیژنە دانراوە بۆ سەردانی هەموو پرۆژەی ئاوو ئاوەڕۆکان، بەڕێز جگە لەوەی لە هەیکەلی وەزارەت بەڕێوەبەرایەتی ئاو هەیە، بەڵێ لەئاستی هەموو پارێزگایەك لیژنەی تایبەتی بەدواداچوونەوەمان داناوە بۆ پرۆژەکانی ئاوو پرۆژەکانی تریش، کە باسی سیستەمی ئیداریشم کردو، گۆڕانکاری زۆر مەبەستم بوو، چونکە بۆ هەموو شوێنێك بگەڕێییتەوە تۆ پێویستیت بە سیستەمێك هەیە، کە کۆنترۆڵی ئیشوکارەکان بکات، لەهەموو روویەکەوە، باسی پرۆژەی ئاوی سلێمانی دەکرێت، ئەویش وابزانم وەڵامم دایەوە، جەنابی دەڵێت ئیجازە نەدرێت بەتەلارەکان هەتا ئاوو ئاوەڕۆ دروست دەبێت، بەڕێزان ئێمە تەنها ئیجازەمان لەسەرە وەکو وەزارەتی شارەوانی، بەڵام ئەو لایەنەی کە بڕیار دەدات کە کارێك یان پرۆژەیەك دروست بکرێت، زۆر لایەنی تر هەیە بەتایبەتی ئێمە وڵاتێکین ئێستا لە پەرەپێداندابن، لە ئاوەدانکردنەوەین، یاسای وەبەرهێنانمان هەیە، ناتوانین رێگە بگرین لە دروست کردنی تەلار، ئێمە تەنها ئەو لایەنەین کە هەموو موافەقات وشتی ئصوڵی خۆی وئیجازەی وەبەرهێنان وهەموو شتێك وەردەگرێت، ئێمە تەنها ئەو لایەنەین کەئیجازەی بینای دەدەینێ، ئەوەیە بە لەلایەنی تر ئەکرێت، بەڵام من لە 100٪ پشتگیری لەوە دەکەم، کە نەك تەنها هەر تەلار هیچ ئاوەدانییەك نەکرێت شانبەشانی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەتەواوەتی بۆ ئەو شوێنانە، جیهازی کلۆر ئاماژەی بەوەکرد، جیهازی کلۆر 24 سەعات ئیش دەکات، پاش 24 سەعاتەکە ئیکسپایەر دەبێت، مەبەست لە 24 سەعات کاردەکات، ماددەکەی کەتێی دەکرێت کەتێی دەکرێت 24 سەعات کار دەکات، ئەو جیهازە پاش ئەو 24 سەعاتە دەبێ دووبارە ماددەکەی تێبکرێتەوەو پڕبکرێتەوە، ئینجا بەردەوام بێت لە کارکردن، باسی خاڵی کلۆر قەدەغەکراوە کە داخڵی عێراق نابێت، چیمان کردووە، تەبیعی بێگومان کە داخڵی عێراق نابێت لەبەر وەزعە ئەمنییەکەیە، چونکە ماددەی کلۆر یەکێکە لەو شتانەی کەبەکار دێت بۆ کاری تیرۆرستی بەڵام ئێمە پەیوەندیمان بەوەوە نیە پەیوەندی بەبەغداوە بکەین لەبەر ئەوەی کارمان نەوەستاوە، ئێمە کارەکانمان بەردەوامە، لەکڕینی کلۆر ودابین کردنی بۆ هەرێم، لە هەردوو وڵاتی تورکیا وئێران ولە سنوورەکانی خۆمان داخڵ دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، سوپاس بۆ گشت ئەو پەرلەمانتارانەی کەوا گوێ بیستی وەڵامەکانی وەزیر بوون، ئێستاش ئەچینە فەقەرەی دووی بابەتەکەمان، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر یارمەتیم بدەن یەك دوو مولاحەزەی بچووك هەیە باسی بكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر لەسەر ئەم مەوزوعەیە وەزیرەش وەكو وەزیرەكانی تر كە دوای ئەوەی وەڵامی خۆی دایەوە تەشریفیان چوو، ئەگەر مولاحەزەیەكتان هەیە ئەتوانن بۆمان بنووسن، چونكە ئێمە هەر راپۆرتەكانی لیژنەی تەندروستی، لیژنەی پەرلەمانی بەڕێزمان ناردۆتە حكومەت، بۆ جێبەجێ كردنی، لیژنەی یاسایی تەشریفتان بێنە شوێنی خۆتان، بەڕێزان ئێستاش بڕگەی دووی بەرنامەی كاری ئێمە، بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو وگفتوگۆكردنی دەسەڵاتی دادوەری لەهەرێمی كوردستان، بەڕێز وەزیری هەرێم مولاحەزەیەكی هەبوو فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لە بیدایەتی دانیشتنەكەش ئاماژەم پێكرد، تەبیعی ئەوەی جەنابت وتت من مەبدەئیەن باوەڕم پێیەتی، زۆریشم پێ باشە ئیعتیبار بۆ ئێستە و لەمەودواش سەرۆكایەتی پەرلەمان بەنامە یان بەنووسراوی رەسمی لەلایەن ئێمەوە كە لایەنی پەیوەندیداری رەسمین، موفاتەحەی ئەنجومەنی وەزیران بكات، كەبۆ لەمەودوا بەپێی نیزامی داخلی كە پرۆژەیەك دەخرێتە بەرنامەی كار، لەوەختی دیاریكراوی خۆی وەزیر ئامادە دەبێت، مەفروزە ئامادە بێت و هیچ موبەڕیرێك نەبێت، بۆ ئەوەی تەئجیل بكرێت من دیسان ئەوە ئەخەمە بەردەمی جەنابتان و ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزیش، مەسەلەن ئێمە بەتەماین درێژەی پێبدەین موناقەشەی یاسایەكی گرنگە، چونكە یەكێكە لە یاسای هەر سێ دەسەڵاتە گرنگەكەی كوردستان كە دەسەڵاتی قەزایە، لەبەر ئەوەی وەزیری عەدل ئامادە نیە، وە حاكم نورالدینیش وەكو جێگری محكمەی تەمیز ئامادە نیە، من جارێكی تریش داوای لێبووردن ئەكەم، ئەو مەسەلە بخرێتە دەنگەوەو تەئجیل بكرێت بۆ هەفتەی داهاتوو، بەڵام وەكو جەنابیشت ئاماژەت پێدا بۆ لەمەودوا بەنووسراوێكی رەسمی یان لەرێگەی ئێمەوە ئەنجومەنی وەزیران ئاگادار بكەینەوە كە ئەو مەوزوعە دووبارە نەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕاستی رەئی ئێمە بەڕێز جەنابی وەزیر ئەوەیە ئەمە پەرلەمانی كوردستانە، بەرزترین دەسەڵاتە لە هەرێم، قودسیەتێكی تایبەتی خۆی هەیە، كەبەرنامەی كاری خۆی دانا، وەزیرە بەڕێزەكان ئاگادار ئەكاتەوە كە لەبەر هەر هۆیەك نەیەت، پەرلەمانتارە بەڕێزەكان لێرەدا بەئەمانەتەوە، بەئیخلاصەوە، بەدڵسۆزییەوە موناقەشەی بەندەكان ئەكەن وكارەكەش ئەنجام ئەدەن، وەكو پێشتریش حاڵەتێكی وا هەر بۆ ئاگاداری جەنابت وەزیری شارەوانی كە ئامادە نەبوو، ئێمە بەهەمان شكل یاساكەمان دەركرد، لەبەرژەوەندی وەزارەت وحكومەتی هەرێمی كوردستان وخەڵكی كوردستان ئەبێت، ئێستاش ئەوە ئەمێنێتەوە بۆ ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە، من دەیخەمە دەنگەوە، لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز ئەکەم بەتەفصیل بچمە ناو ئەو بابەتەوە، ئەوەلەن ئەو یاسایە، لەساڵی 2006 هاتۆتە ئەم پەرلەمانەوە، زۆر جار حکومەت خۆی تەئکیدی کردووە، چ مباشر چ بەواسیتەی جەنابی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، کە تەئکیدیان کردووە، ئەو یاسایە بۆ تەئخیر بووە ئەمە یەك، دوو، ئەم یاسایە لە دانیشتنی ئیستسنائی هاتە بەرنامەوە، پاش ئەوەی کەبەرنامەی تر هەبوو، ئەو یاسایە دەستەی سەرۆکایەتی تەئجیلی کرد بۆ ئەم خولە، سێ، ئەم یاسایە لە خولی ئێستا خرایە بەرنامەی کار مەفروز وابوو ئەو یاسایە، کۆتایی پێبێت ئینجا بەرنامەی تر دابندرێت بۆ ئەوەی ئەو یاسایە بەپچڕ پچڕی پەسەند نەکرێت، چونکە هیچ یاسایەکمان بەو شێوەیە پەسەند نەکردووە، لە سێ چوار دانیشتنی پەرلەمانیدا نەتوانرا ئەو یاسایە پەسەند بکرێت، ئەوەش خەرقێکی فەزیعی نیزامی داخلییە، جگە لەوەش جەنابی وەزیری عەدل یان جەنابی سەرۆکی دادگای تەمییز ئەوەلەن سەرۆکی دادگای تەمییز دوو جێگری هەیە، ئیمکان هەبوو ئیمڕۆ یەکێك لەجێگرەکانی بهاتایە، مەعقولە هەر سێکیان هەر ئیشیان هەیە، دووەمیش خۆیان ئیلحاح ئەکەن ئەم یاسایە جیابوونەوەی دەسەڵاتی تێدایە، مەسەلەیە میزانیەی تێدایە مەسەلەی چاککردنی باری سوڵتەی قەزائی تێدایە، مەسەلەی فەصڵی سوڵتاتی تێدایە، خۆیان ئیلحاح لە ئێمە ئەکەن ئەو یاسایە بۆ کۆتایی پێنایەت، من نازانم بەراستی وبەحەقیقەت ئەوە بوو کەویستم بۆ بەڕێزتانی روون بکەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك ادهم.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ڤێ مەبەستێ من پرسیارێك وەکی پسپۆڕێکی بواری یاسایدا لەجەنابی سکرتێرێ پەرلەمانێ هەی، ئایا بۆ ڤە حاڵەتەی پەیرەوی ناڤخۆییە پەرلەمانێ چ دبێت، ئەگەر پەیرەڤێ ناڤخۆیی بۆ ڤە حاڵەتەی نەصەکا وازح ودیار نەبی، ئایا لێرەدا جێی هەندێ نیە، کە ئێمە لەسەرا راوەستین وبۆ ڤە حاڵەتا بۆ ئەڤرۆ بۆ داهاتیش چ شتەك بێتە دیار کرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی سکرتێر فەموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ کاك ادهم بۆ ئەو پرسیارە، هەر ماددەیەك هەر بابەتەك لەبەرنامەی کار تەئجیل بکرێت، مەفروزە ئەگەرێك، سەبەبێکی بۆ هەبت، ئەگەر دوو رەئی هەبت یەکێك لەگەڵ تەئجیل بت، یەکێك دژی تەئجیل بت، مەفروزە بیخەنە بەردەم پەرلەمانتارانی بەڕێز رەئی خۆیان لەسەر بدەن، یان تەصویت

لەسەر بکەن، تەئجیل بت لەدووی قەناعەتی خۆیان ئەو سەببەبە یان ئەو داواکارییە لەجێگای خۆیەتی یانیش موبەڕیر نیە تەئجیل بت، بۆیە من داوا ئەکەم بەڕاستی دوو کەس قسان بکەن، یەکێك موئەیدی تەئجیل بت یەکێك زدی تەئجیل بت، دوایی تەصویتی لەسەر بکرێت، داعیش نیە بەڕەئی من موناقەشە بەردەوام بت لەسەری، چونکە چەند موناقەشەی لەسەر بکەیت لەگەڵ تەئجیل ونەتەئجیل کردنە باحەسم بکرێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خۆرشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی رەئیەکەی کاك شێروان ئەکەم ئەو تەجروبەشمان کردووە، وەکو جەنابت ئیشارەت پێکرد، لە موناقەشەی قانونی بەلەدیە دیسان وەزیری بەلەدیە نەهات، کەچی ئێمە ئیشەکەمان کرد، جەنابی وەزیری عەدل و جێگری سەرۆکی مەحکمەی تەمییزیش یان هەر کەسێك کەنوێنەری بێت، دەبووایە ئاگاداری پەرلەمان بکەنەوە پێش دانیشتن، هەر لەدوێنێوە کەئەوان کاریان هەیە، وەکو خۆشت وتت قەراراتی پەرلەمان گەورەترە لەبەر ئەوە من داوا ئەکەم ئیستیمراریەت بەکۆبوونەوەکە بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار هەرکی فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام ئەم کۆبوونەوەیە تەئجیل بکرێت، کاك شێروان باسی ئەوە ئەکات کە لە 2006وە ئەو هاتووەتە ئێرە، هەندێك کەس وا بیری هەبووە بۆ تەئجیل کرد، ئێمە باشتر شارەزاترین، یەعنی لە 2006وە هاتووەتە ئێرە تاکو ئێستا تەشریع نەکراوە، بۆ پەلە بکرێت ئەم هەفتەیە یاخود ئەو چەند رۆژە، چەند رۆژێکی تریش باتەئجیلی بکەین لەبەر ئەهەمییەتی قانونەکە وەکو کاك سعدیش جەنابی وەزیر باسی کرد، ئێمە باسی یاسای دەسەڵاتێکی تر ئەکەین، فەصلی سوڵتاتە، میزانیەیە، پێویستیمان زۆر پێی هەیە لەئارائی هەم جەنابی وەزیری عەدل چونکە موختەصە، هەم ئارائی مەحکەمەی تەمییز، چونکە ئەویش موختەصە، سێ بەڕاستی حەز ناکەم مەسەلەکە هەیبەتی پەرلەمان یان قودسیەتی پەرلەمان، چونکە سابیقەمان هەبووە، چەندجاری تر کۆبوونەوە تەئجیل بووە، لەبەر ئەوەی کە وەزیری پەیوەندیدار ئامادە نەبووە، وەکو وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، هەروەها لەگەڵ بۆچوونەکەی کاك سعدم کە بۆ ئایندە ئالیەتێك دابندرێت کە وەزیر دائیمەن ئامادە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ئێستا بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە کە بەردەوام بین وبەڕێزێکیش لەگەڵ ئەوەدایە کە تەئجیل بکرێت، بۆیە ئێمە ئەیخەینە پێش ئێوەی بەڕێز کە دەنگی لەسەر بدەن، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کەوا یاساکە تەئجیل

بکرێت بۆ دانیشتنێکی تر بادەست بڵند بکەن تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە کە تەئجیل بکرێت، بەزۆرینەی دەنگ دواخر بۆ رۆژی سێ شەممە سەعات 11 زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە (9)**

**سێ شەممە ڕێكەوتی 2\10\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9)

## سێ شەممە رێکەوتی 2007/10/2

کاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2007/10/2 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (9)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (9)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری

دانیشتنی ژماره (9)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2007/10/2دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان.

بەخێرهاتنی بەڕێز کاک فاروق وەزیری داد، بەڕێز کاک سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، بەڕێز کاک حاکم نورالدین یاریدەدەری سەرۆکی دادگای تەمییز دەکەین, بەخێر بێن سەرچاو، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، دیارە لە دانیشتنی پێشوو سەبارەت بەو پرۆژەیە لە ماددەی (43) کە موناقەشەش کرا تۆزێك وابزانم دەنگمان بۆ داوە، ماددەی (44) تکایە بیخوێننەوە لیژنەی قانونی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی پێنجەم

مۆڵەت ومافی خانەنشینی

ماددەی چل و چوار:

یەکەم: دادوەر مافی مۆڵەتی ئاسایی و بە مووچەی تەواوی هەیە لە ماوەی خزمەت کردنی هەر لە هەشت ڕۆژ مافی ڕۆژێکی هەیە.

دووەم: پێویستە لەسەر دادوەر لە هەموو ساڵێك مۆڵەتی ساڵانەی خۆی کە لە مانگێك کەمتر نەبێت وەربگرێت لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەو مۆڵەتەی وەرنەگرێت، بۆی کۆ ناکرێتەوە، تەنها ئەو بەشە نەبێت کە لە سێ ڕۆژەکە پتر بێت.

سێیەم: دەکرێ ئەو مۆڵەتە ئاساییانەی کە بەپێی بەندی دووەم لەم ماددەیەدا بۆی ماوەتەوە بۆی کۆبکرێتەوە، بەڵام نابێ لە ساڵێك پتر بێت.

چوارەم: مۆڵەتەکانی دادوەر کە لە خزمەتەکانی پێشتری دا هەیبووە بۆی دەگەڕێتەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الخامس

الإجازات والحقوق التقاعدية

المادة الرابعة والأربعون:

أولاً: يستحق القاضي اجازة اعتيادية براتب تام بمعدل يوم واحد من كل ثمانية أيام من مدة خدمته.

ثانياً: على القاضي أن يتمتع في كل سنة بما لا يقل عن ثلاثين يوماً من اجازته السنوية المستحقة له وفي حالة عدم تمتعه بها فلا يدور له منها الا الجزء الذي يزيد على ثلاثين يوماً.

ثالثاً: يجوز تراكم الإجازات الإعتيادية التي تدور وفق البند ثانياً من هذه المادة بما لا يزيد على سنة واحدة.

رابعاً: تدور للقاضي الإجازات التي استحقها عن خدماته السابقة.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو لیژنەی یاسا لەگەڵ دەقی ماددەكەین و هیچ تێبینیمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جەعفەر فەرمووو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چل و چوار بڕگەی یەكەم من پێم باشە هەشت ڕۆژ بكرێت بە دە ڕۆژ، بۆشی هەبێت هەر سێ ڕۆژەكە پێكەوە وەربگرێت، بۆ ئەوەی بتوانێت لە مانگێكدا سێ ڕۆژ وەربگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جەعفەر ئەوە حكومەت داوای كردووە، لیژنەی یاساییش ڕەئی وایە كە پێشنیارێكت هەبێت، یەعنی دەبێت حوجەتێك هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانین موناقەشەی بكەین، هەشت ڕۆژەكە بۆ دە ڕۆژ، كاك حاكم نورالدین فەرمووو.

**بەڕێز حاكم نورالدين ملا على/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمە لە حقوقی تەقاعود دەڵێ پڕۆژەكە دەڵێ بۆ ماوەی ساڵێك ئیجازەكانی ڕاتبی بۆ سەرف دەكرێت، ئەمە حەقمان دایە دادوەر ئەگەر لە پازدە ساڵ خزمەتی هەبوو بڵێین دەرچێت، پازدە ساڵەكە ئەگەر هەر لە پازدە ڕۆژەكە بێتەوە ساڵەكە قەپات ناكات، لێرە ئەگەر لە نەصەكە بڵێین (ما زاد عن سنة) بۆ ئەوەی دەور نەبێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو ساڵە ئیستیحقاقەی موكافەئەكەی ببێت، هەتا ساڵێك مانگەكەشی بۆ دەور بێتەوە، لە ساڵێك پتر، ئیتر بۆ ئەوەی پڕۆژەكە زیاتر دەور نەبێتەوە، چونكە هەر ساڵێك ئەگەر مانگێك وەرنەگرێت دەسووتێ، ساڵی (45) ڕۆژی بۆ هەیە بە حیساب ئەمڕۆ هەشت ڕۆژو ڕۆژەك، لە بڕگەی دووەم دەڵێ (ثانياً: على القاضي أن يتمتع في كل سنة بما لا يقل عن ثلاثين يوماً من اجازته السنوية المستحقة له وفي حالة عدم تمتعه بها فلا يدور له منها الا الجزء الذي يزيد على ثلاثين يوماً) یەعنی لە (45) ڕۆژەكە پازدە ڕۆژی بۆ دەور دەبێت، ئەگەر پازدە ڕۆژ دەور ببێت لە پازدە ساڵدا پازدە ڕۆژەكە, ئەوە ساڵەكە قەپات دەكات لە بڕگەی چوارەمدا، ئەگەر لەوێ ئیزافە بكەین (لا تدور له ما زاد عن سنة واحدة)، بۆ ئەوەی موكافەئەی ساڵەكەی ئیستحقاق بێت، چونكە بە پازدە ساڵ موكافەئەكەی ئیستحقاق نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی لە لایەك ساڵێك زۆر نییە، كاك حاكم نووسراوە (لا يزيد عن سنة).

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی موکافەئەی موستەحەق بێت لە حاڵەتی تەقاعود راتبی ساڵێکی دەدەنێ ئیزافاتی تەراکوم، بەلاّم لە بڕگەی دوو ئەگەر بڵێ ئەو مانگە ئەگەر هەموو ساڵەکە تەمەتوع نەکات لە پازدە رۆژەکە زیاتر بۆی دەور نابێتەوە، واتا ئەگەر پازدە ساڵ خزمەتی بۆ دەرچوو ساڵەکە قەپات ناکات، بەو پازدە رۆژانە ساڵەکە قەپات ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەگەر قەپاتی نەکات چیە، با قەپات نەکات، وەکو وەزیر، وەکو ئەوانی تر، وەکو ئەندام، کەسێك قسەی تری نییە، هینەکەی حاکم زۆر ئەوە نییە با قەپات نەکاتن، یەعنی ئەوە شەرت نییە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە موکافەئەی تەقاعود بوون، من هاوڕام لەگەڵ ئەوە، چونکە ئەو کەسە موکافەئەکە وەرناگرێت هەتاکو یەك ساڵ ئیجازاتی موتەراکیمەی نەبێت، تەصادوفێ کرد، چونکە من ئاگادارم خەڵك هەبووە پڕی نەکردۆتەوە، ساڵەکە بە حاڵەتی ئیستیسنائی بۆیان کردووەو موکافەئەکەیان بۆ سەرف کردووە، یەعنی گوناحە کەسێك ئەوەندە ساڵە خزمەتی هەبێت، لەبەر ئەوەی زورفێکی هەبووە، یان شتێك هەبووە، دووەم/ ئیجازە حەقێکی تەبیعی هەموو ئینسانێکە، ئەگەر ئیجازە وەربگرێت، بۆ ئێمە رەبتی بکەین بە ئوموری تەقاعودییەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی سێیەم مەبەستی ئەوە نییە، ئایا ئەگەر ساڵی تەواو نەکرد نایدرێتێ، دەڵێ ئەگەر لە ساڵێك تێپەڕی زیاتر لە حددی ساڵێك نابێت بیدرێتێ، بەلاّم ئەگەر ساڵێك، نۆ مانگ بێت، هەشت مانگ بێت، حەوت مانگ بێت، هەتا دوازدە مانگ دەیدرێتێ، نەك بڵێی نایدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەکان شتێکی ئەوتۆ نین بە حەقیقەت یەعنی بتوانین هین بکەین، لێرە باش هاتووە، باسی ئەوەش ناکاتن موستەحقاتەکەی شەش مانگ، ئەوە عیلاقەی باوەڕ ناکەم بەو بڕگەیەوە هەبێت، ئەوەی کاك جەعفەریش گوتی کەس تەئیدی نەکردەوە، لەبەر ئەوە ماددەکەی هەموو دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی چل و پێنج:**

**یەکەم: بۆ ئەنجومەنی دادوەری هەیە مۆڵەتی خوێندن چ لە دەرەوەی عێراق و چ لە ناوەوە بە دادوەر بدات، ئەگەر سێ ساڵی خزمەتی دادوەری تەواو کردبێ و بە مووچەی تەواو و بۆ ماوەی دوو ساڵ، بۆ ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە تایبەتمەندیەکانی دادوەری و داد هەیە بۆ بە دەست خستنی بڕوانامەی ماجستێرو دکتۆرا، بۆی هەیە ئەو ماوەیە بۆ ساڵێکی دیکەش درێژ بکاتەوە.**

**دووەم: دەکرێ مۆڵەتی خوێندن بۆ جاری دووەم بدرێ بەو کەسەی مۆڵەتی خوێندنی یەکەمی تەواو کردبێ و بڕوانامەی ماجستێری بە دەست هێنابێ، ئەو مۆڵەتە بۆ دووساڵە بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە هەمان بابەتەکانی لە بەندی ( یەکەم) لەم ماددەیەدا ئەویش دوای بەسەرچوونی ساڵێك لەسەر دەست بەکاربوونەوەی بە فەرمانبەرایەتیەکەی و بۆ ئەنجومەنی دادوەریش هەیە ئەو مۆڵەتە بۆ ساڵێکی دیکەش درێژ بکاتەوە.**

**سێیەم: مۆڵەتی خوێندن بە خزمەتی دادوەری دەژمێردرێ و قیدەمیشی بۆ ماوەی دووساڵ پێ دەدرێ بۆ ئەو کەسەی بڕوانامەی دکتۆرای بەدەست هێنابێ و بۆ ماوەی ساڵێکیش بۆ ئەو کەسەی بڕوانامەی ماجستێر بەدەست دەهێنێ.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الخامسة والأربعون:**

**أولاً: لمجلس القضاء أن يمنح القاضي الذي أمضى ثلاث سنوات في القضاء اجازة دراسية خارج العراق أو داخله لمدة سنتين براتب تام للتخصص في موضوع له علاقة بالإختصاصات القضائية والعدلية والحصول على شهادة الماجستير أو الدكتوراه وله تمديد هذه الإجازة لمدة سنة أخرى.**

**ثانياً: يجوز منح اجازة دراسية ثانية لمن انهى اجازة دراسته الأولى وحصل على شهادة الماجستير لمدة سنتين لغرض الحصول على شهادة دكتوراه في نفس المواضيع المذكورة في البند (أولاً ) من هذه المادة وذلك بعد مضي سنة من مباشرته بوظيفته ولمجلس القضاء تمديد هذه الإجازة لسنة أخرى.**

**ثالثاً: تعتبر الإجازة الدراسية خدمة قضائية ويمنح قدماً لغرض الترفيع والعلاوة لمدة سنتين لمن يحصل على شهادة دكتوراه وسنة واحدة لمن يحصل على شهادة الماجستير.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە وەکو لیژنەی یاسا لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ تێبینیمان نییە، بەلاَم یەك کەلیمە هەیە نازانم لە تەبع پەڕیە، یان نا، ئەوە جەنابی سەرۆکی دادگای تەمییز لێرەیە، هەندێك موراجەعەتیش کرا لەو بەینە**

دەڵێن ئەوەی کە ئیجازەی دیراسی وەردەگرێت لە ئەسنای خدمە بێت، ئەوە بۆ تەرقیەش حیسابە، نەك تەنها بۆ تەرفیع، بۆ تەقاعود، بەڵکو بۆ تەرقیەش حیسابە، ئەوەش ئەگەر تەوزیحێکمان بداتێ بەڕێز جەنابی جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز، ئێمە مەمنون دەبین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو حاکم.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئیجازەی دیراسی دەدرێتێ، بۆ تەشجیع بۆ خوێندن، بۆ شەهادەی بەرز وەرگرتن، کەواتە لێرە نووسیوویەتی عەلاوە و تەرفیع، ئەگەر کەلیمەی تەرقیەش ئیزافە بکەین مانیع نییە، بەس تێبینیەك ئەگەر ئەو قازیە فەشلی هێنا شەهادەکەی وەرنەگرت، ئەوەندە ساڵە راتب وەردەگرێت، من دەڵێم فەقەرەیەکی بۆ ئیزافە بکەین (تسترد منه رواتب الذي صرف عن تلك الفترة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە قەراری خراپ بە ئەسەری رەجعی، ئەوە ناکرێتن، بەلاَم ئەوە نابێت پارەکەی سەرف کردووەو عائیلەی هەیەو فەشلی هێنا, دەتوانیت تۆ ئیجرائاتێکی ئیداری لێ وەربگریت تەرفیعی نەکەیت، صنفی رابگریت، ئەوانە دەکرێتن، بەڵێ کاك محەمەد فەرەج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مولاحەزەم لەسەر فەقەرەی سێیەم هەیە، یەعنی ئێمە تەبعەن هەر لە مەجالی قەزا نییە، لە مەجالەکانی تریشدا، لە مەجالی پەروەردە، لە مەجالی تەندروستی لە مانەشدا خەڵك وەزارەتەکە، یان ئەو هینە پێویست بەوە دەکات لە ئیختیصاصاتی تایبەتی تردا دکتۆرا، یان ماجستیر بێنێت، لەوانی تردا هەر بەپێی قەواعیدی تەقاعودییە، یەعنی ئیزافە نابێت، مەسەلەن ئەمە بکرێت بە دوو ساڵ بۆی، بۆ دکتۆرا، بۆ ماجستیر بکرێت بە ساڵێك زیاتر، یەعنی ئەمە وا دەزانم جیاوازییە لە نێوان ئەوانیش دروست دەکات، یان دەبێت ئەمە بکرێتە قانونێکی عام شمولی پەروەردەش بکات، شمولی صحە، یان هەر بوارێکی تر بکات کە دکتۆراو ماجستیر دەهێنێت, ئەوەی بۆ بە دوو ساڵ حیساب بکرێت، یان ئەمە لێرە بڵێین جیاوازییەك دروست دەکات، بۆچی ئەمە هەر لە قەزا هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد فەرەج جیاوازی هەیە، بمانەوێت و نەمانەوێت، جیاوازی مەسەلەن خوێندنی بالاَ, خوێندنی دکتۆری فەرقی هەیە لەگەڵ خوێندنی بالای تاریخ، خوێندنی محامیاتی، یان قازیاتی، یەعنی فەرقی هەیە لەگەڵ پەروەردە، هەر یەکە بوارێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەهمیەتی هەموویان گەورەنە، بەلاَم بۆ خوێندن هەر یەکە مومکینە وەختی موحەدەدی هەبێت، ناوەکان دەنووسین، کاك شێخ ئەدهەم فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مولاحەزەکا بچووکی هەی لەسەر خالە ئێکێ لەڤێ ماددەی چل و پێنج، لە دەستپێکیدا کە دبێژێت (اجازة دراسية خارج العراق او داخله)، من مولاحەزەیەك لەسەر ناڤێ عێراقێ هەی، ئایا ناتوانین بگۆڕین بە (خارج الوطن او داخله)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەیەکی هینە، ئەگەر بڵێی خارجی ئیقلیم باشتر نییە، دەرەوەی هەرێم، بکەینە هەرێم، ئەو وەختی بەغداش دەگرێتەوە، ئەو وەختی دەرەوەش دەگرێتەوە، کاك بەکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی لەو رەئیەی حاکم نورالدین دەکەم، پێویستە زەوابت و تەعلیمات دابنرێت بۆ ئەو کەسانەی کە لە خارجی ئیقلیم دەخوێنن، چونکە هی ئەوها هەیە دوو ساڵ دەڕوات و ناشخوێنێت، جا ئەوە مونافەسەشی تیا نییە، هەندێك کەس هەیە مەسەلەن بەهۆی مونەزەمەیەکەوە لە خۆیەوە دەچێت دەڵێ زەمالەیەکم وەرگرتووە، دێت داوا لێرە دەکات دەڵێ هەموو ئەو مەعاش و موخەسەساتانەم بۆ سەرف بکەن، لەبەر ئەوە مەفروزە ئەوە رەبت بکرێت بە زەوابت و تەعلیمات، کە کێ دەتوانێت ئەوە بخوێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك بەکر، بەڵام ئەوە بە نیزامی داخیلی خۆیان دەتوانن تەعلیمات دابنێن، کە دەچن بۆ خوێندن زەوابتی خۆیان تایبەتیان دەبێت، چرۆ خان فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حمه امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ساڵەکانی ئیجازەوە قسە دەکەم، سنی قانونی بۆ تەواو کردنی ماستەر دوو ساڵە، بۆ تەواو کردنی دکتۆرا سێ ساڵە، بۆ لێرە هەردووکیان وەك یەك دانراوە، بۆ جیاوازییەك دانەنراوە لە بەینی عەددی ساڵەکانی ماستەرو دکتۆرا، چونکە وەك دیراساتی عولیا دوو ساڵ خۆی بە قانونی بۆ ماستەرو سێ ساڵە بۆ تەواو کردنی دکتۆرا، لێرە هەردووکی وەکو یەك دانراوە، دوو ساڵ و تەمدیدێکی زیادە بۆ ماستەرو بۆ دکتۆراش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاکم نورالدین جوابێکت هەیە بۆ ئەو پرسیارەی چرۆ خان.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بـۆ ئیختیصاصـاتی قـەزائی، ئەگـەر ئیجازەکـە دوو سـاڵ بێـت، یـان سـێ سـاڵ، جـائیزە دوو سـاڵی بـدرێتێ، ئەگەریش تەواوی نەکرد ساڵێك تەمدیـد بكرێـت، ئـەوجا ئەگـەر لـە مەرحەلـەی ماسـتەر بێـت، ئەمـە لێـرە شتێکی تیا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی یەکەمی من پرسیارەکە چرۆ خان باسی کرد، بەڕاستی منیش پشتگیری بۆچوونەکانی کاك محەمـەد فەرەج دەکەم، ئەوەش لەسەر ئەوەیە ماوەی یاسایی بۆ خوێندنی ماستەر دوو ساڵە، شـەش مـانگیش حـەقی تەمدیـدی هەیـە، سـێ مـانگ، سـێ مـانگ، مـاوەی یاسـایی خوێنـدنی دکتـۆرا سـێ سـاڵە ,حـەقی تەمدیـدی ساڵێکیشی هەیە، شەش مانگ، شەش مانگ، ئەوە لە قانونی خوێندنی دیراسـاتی خوێنـدنی بـالاّ وایـە، جگـە لەوەش لێرە لە بڕگەی دووەمدا لەم ماددەیەدا ئەویش دەڵێ دوا بەسەر چوونی ساڵێك لەسەر دەسـت بـەکار بوونەکەی، یاساکەی ئێمە وایـە ئەگـەر ماسـتەرت وەرگـرت دوو سـاڵ خزمـەت دەکـەیت، ئـەوجا بـۆت هەیـە بچیت تەقدیمی دکتۆرا بکەیت، بۆ لێرە ئەو جیاوازیە بۆ ئەم توێژەی کۆمەڵە هەبێت، دوای ساڵێك بتوانێت بەردەوامی لە خوێندنی دکتۆرا بدات، با بۆ هەموویان وەکو یەك بێت، ئەو فورسەیە وابزانم لێرە پێویسـت ناکات ئێمە ئەو جیاوازییە بخەینە ناو توێژەکانی کۆمەڵگای خۆمان لەو بارەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قەزیەی خوێندنی دیراساتی عولیا، لە دیراساتی عولیا ئەو قەزیەیە حەسـم کـراوە، لێـرە (ولـە تمدیـد هـذه الاجازة لمدة سنة اخری) ئەوە زیادە، چونکە دەبێت ماسـتەرەکەی بـە دوو سـاڵ تـەواو بکـات، شـەش مـانگی کۆرساتە، ساڵێکی نووسـینە، شـەش مـانگی تـری بـۆ تەمدیـد دەکـەن دەکاتـە دوو سـاڵ، ئـەو دوو سـاڵە لێـرە زیادەیە، یەعنی کەواتە لە پاشانیش لە بڕگەی دووەم باسی چی کـردووە، باسـی مـەنحی ئیجازەی دیراسـەی کرد بۆ دکتۆرا، لەوێ قەیدی ناکات ئەگەر تەمدیدی ساڵێکی تیا بێت، هیچ ئیشکالێك دروسـت نابێـت، ئـەوە لە پاش موباشەرەتەکەی.

نوقتەی دووەم/ یەعنی بڕگەی دووەم (وذلك بعد مضي سنة من مباشرته بوظيفته بعد اجازته الاولى) لێرە پێویستە ئەوەندەی بۆ زیاد بکرێت (بعد اجازته الاولى) ئەگەرنا ڕێك ناکەوێت، لە بڕگەی سێیەمیش (تعتبر الاجازة) نا، (تعتبر مدة الاجازة)، یەعنی مودەشی لێرە بۆی زیـاد بکرێـت، باسـی دبلـۆم نـەکراوە بـۆ تـەرفیع (لمدة ستة اشهر اذا حصل علی دبلوم) لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆرە شوكریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ساڵی 2002 بەڕێوەبەری خوێندنی باڵا بووم لە زانكۆی سەلاحەددین، ئەو بابەتەی كە چرۆ خان و ڤیان خان و كاك سەعدەدین ئاماژەیان پێ كرد بۆ تەحدیدی ساڵ، لە قانوندا ئەو ساڵانە دوو ساڵە بۆ ماستەرو سێ ساڵە بۆ دكتۆرا، بەس بۆی هەیە ئەگەر تەواوی نەكرد، چونكە ساڵێك تۆ دیراسەی تیۆری دەخوێنی، دوو ساڵیش بۆت هەیە بۆ ئەتروحەكەو سەرچاوە كۆبكەیتەوەو بۆ نووسینەكانت، ئینجا دوایی بۆت هەیە سێ مانگ تا شەش مانگ، شەش مانگ تا ساڵێك تۆ درێژە بە خوێندن بدەیت، ئەم دوو ساڵەش بۆ قیدەم, بەڕاستی ئەمە شتێكی تازەیە لە دەسەڵاتی دادوەری، پێویست ناكات لێرەدا هەبێت، چونكە قانون یەك قانونە بۆ دەبێت جیاواز بێت لە بەینی خوێندنی باڵاو لە بەینی دادوەریدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو پرسیارانەی كە دران لیژنەی یاسایی وەڵامتان هەیە، یان كاك فاروق، كاك نورالدین هیچ مولاحەزەتان هەیە، فەرموو مامۆستا كاكە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاك سەعدەدین باسی ئەوە دەكات كە گوایە بۆی تەمدید دەكرێتەوە، بەڵێ تەمدید دەكرێتەوە لە زانكۆ، هەرچی ئەوەی دەیەوێت ئیجازەكەی بۆ تەمدید بكرێتەوە بە راتب، نەك بەو شتەی، لەبەر ئەوەیە ئەوەیان داناوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو زەوابتەی لە قانونەكە هاتووە بۆ ئیجازەی دیراسی تایبەتە بە دەسەڵاتی دادوەری، حەق نییە ئێمە لێرە ئەو زەوابتەی لێرە هاتووە تێكەڵی بكەین لەگەڵ ئەو زەوابتانەی كە لە جامیعە هاتووە، بۆیە من پێم وایە ئەوەی دارشتراوە لێرە لە جێگای خۆیەتی، ئەگەر هەندێك ئیمتیازاتیشی دایەتی، ئەوە سوڵتەی قەزائی خۆی دەزانی بۆ ئەو ئیمتیازەی داوە؟ زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەی كاك سەعدەدین گوتی كە ئیزافە بكرێتن، ئەوە مەفهومە بێ ئەوەی ئیزافە بكرێتن، كە دەڵێ دەگەڕێتەوە (بعد مباشرة وظیفتە) یەعنی پاش ئەوەی كە خوێندنەكەی تەواو دەكات مەقصەدی ئەو موباشەرەیە، نەك موباشەرەی پێشتر، یەعنی شتێكی مەفهومە زۆر تەبیعییە، ئەوەی چرۆ خان لە دووەم

وەلآمی دراوەتەوە شەرحی کردووە لە هینەکاندا، ڤیان خان پشتگیری لەوەی کرد وەلآمی درایەوە, پشتگیری لە محەمەد حەکیم کرد ئێمە وەلآمـمان داوە، دکتۆرە شوکریە ئەویش وەلآم درایەوە، لەسەر دبلۆمەکە ماوە باس نەکراوە لێرە، ئەگەر حاکم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەی ئیجازە دەڵێ لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی بالآ بێت، خوێندنی بالآ شتێکی ئەکادیمییە ئیجازەکە دەدات، بەلآم ئێرە بۆ تەتبیقاتی قەزائییە، تەتبیقاتی قەزائی جوهەدی دەوێت بگەڕێت بەدوای قەراراتی قەزائی و ئەوانە، تەتبیقی عەمەلیە، ئەوەی ئەوان ئەکادیمییە، ئەکادیمی ئیستیمراریەتی تەدریسە، لەبەر ئەوە ئەو فەرق و جیاوازیەی هەیە، فەقەرەکانیش شتێکی باشە هیچ عەیبێکی تیا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شوکریە نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی هەر خوێندنێکی ماستەر، یان دکتۆرا کە دێنە زانکۆیەکانی کوردستان لەوێ تەواوی دەکەن، لەبەر ئەوە مادام مودەکە هەیە لە زانکۆدا، مودەکەش پێویستە، ئێستا دوو رەئی هەیە، دوو ساڵ بۆ ماستەرو سێ ساڵیش بۆ دکتۆرا بەڕێزت دەتوانیت بیخەیتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پێشنیاری خۆتە، کەسی تر ئیقتیراحی نەکرد، کاک دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من فیعلەن قسەکەم لەسەر شەهادەکەیە, ماجستێرەکەیە، قازی دە ساڵ لە خدمەی فیعلی لە قەزا, دوو ساڵ خەریجی مەعهد، سێ ساڵیش بۆ قازی ئیش دەکات، ئەوجا حەقی هەیە ئیجازەی ماجستێر وەربگرێت، لە ماددەی پێنج حەقی داوەتێ تەدریس بکاتن لە زانکۆیەکان، لە زانکۆیەکان دائیمەن دەبێت مودەریس، یان ماجستیر بێتن، یان دکتۆرا بێتن، ئیتر پرسیارەکە مەعهدی قەزا چ شهادە بە حاکم دەداتن، شەهادەی تەئهیل و ئیعدادە، یان ماستەرە، یان دبلۆمە کە موئەهلی بکاتن لە زانکۆ دەرس بڵێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خەمان خان فەرموو.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە ئەوەی باسی ساڵەکان دەکاتن دوو ساڵ و سێ ساڵ من نموونەیەکی بەسیت دەهێنمەوە ئەمڕۆ وەکو کاک جەمال کە دائیمەن باسی ئەمریکا دەکات، من باسی فەرەنسا دەکەم، لە فەرەنسا ماجستیر بە یەك ساڵە، من خۆم بە دوو ساڵ تەواوم کردووە، لەبەر ئەوەی کێشەی زمانم هەبوو,خەڵکی دەرەوە بووم، لەبەر ئەوەی دوو ساڵ ئەگەرنا بە یەك ساڵ تەواوم دەکرد، ئەمە یەك.

خاڵەکەی تر، رەنگە زانکۆی ئێمەش گۆڕانی بەسەردا بێت، هەندێك جاریش بەتایبەتی ئەوانەی دیراسەی ئیوارانیان هەیە، رەنگە بتوانێت بە ساڵی یەکەم بچێت تەواوی بکات تەنیا یەك ساڵ بیەوێت ئیجازە وەربگرێت بۆ نموونە بۆ ماجستیر ئەگەر هی کوردستانیش باس بکەین، لەبەر ئەوە هیچ پێویست ناکات بڵێین وەڵلا مادام بۆ زانکۆیەکانی تر دوو ساڵە بیکەین بە سێ ساڵ، رەنگە کەسێك هەبێتن هەر لە بواری ئیشەکەی خۆی دیراسەت وەردەگرێت پێویستی بە سێ ساڵ نەبێت بۆ دکتۆرا یەك ساڵ ئیجازەی بوێت، دوو ساڵ بۆ خۆی ئیش دەکات، ئەمە لە لایەك لە لایەکی تر ماجستیرو دکتۆرا بۆ خەڵکی ئەکادیمییە، کە بیەوێت لە زانکۆ دەرس بڵێتەوە، لەبەر ئەوە بۆ ئێمە لێرە باسی قازی دەکەین، باسی سوڵتەی قەزائی دەکەین، بۆ بڵێین ماجستیرو دکتۆرا، رەنگە خەڵکێك بێت بۆخۆی دەچێت لە دیراسەیە، لە سەنتەرێك، لە شوێنێکدا بەتایبەتی ئەگەر لە دەرەوەی وڵات بوو لەسەر ماددەیەکدا شەهادەیەك وەردەگرێت، ستاژێك دەکات, بەڵام شەهادەکەی بە ماجستیرو دکتۆرا حیساب ناکرێت، هەر دەڵێن لە فلان زانکۆ ساڵێکی خوێندووە، یان دوو ساڵی خوێندووە، لەبەر ئەوە با ناوی ماجستیرو دکتۆرای لێ نەنێین.

دوو/ بەڕاستی ماجستیرو دکتۆرا بۆ ببێت بە خدمە، یەعنی ببێت بە خزمەتی قەزائی، لێرە تەنیا با ماددەکە وا بڕوات مەجلیسی قەزا بۆی هەیە لە حاڵەتی پێویست ئەگەر یەکێك بیەوێت دیراسەتی بکات و ئیجازەی بداتێ بۆ دوو ساڵ، بۆ سێ ساڵ، ئەوە دەمێنێتەوە سەر یەعنی سوڵتەکە بۆ مەجلیسی قەزا بمێنێتەوە ئەم وەختە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرمووو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەسڵی مەشروعەکەمان ئیجازەی دیراسییە، ئیجازەی دیراسی لە قانونی خدمەی مەدەنی دیاری کراوە چۆن چۆن دەدرێت، یەعنی ئێمە ئەگەر ئەم ماددەیە لێرەش نەنووسین لە ماددەی (49) دەڵێین هەر شتێك نەهاتووە، لە قانونی خدمەی مەدەنی و لە قانونی تەقاعودی مەدەنی ئومورەکانی موعالەجە دەکات، یەعنی ئەوە مەوزوعەکە ئەسڵی مەسەلەکەی ئێمە ئیجازاتی دیراسییە، ئەوە نییە شەهادەی دکتۆرا چەندی دەوێت و چەندی ناوێت، یان ئەگەر دەمانەوێت دەسەڵاتی دادوەری جیا بکەینەوە دەقێکی بۆ بنووسین بزانین شتەکان چۆنە، بەڵام ئەسڵی قانونەکە ئەوە موعالەجەی هەموو قانونەکان دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە خۆمان لێرە قانونێك دەردەهێنین، بۆ ئەوەی دەسەلاتی قەزا موستەقیل بێت، بۆیە ئەو مولاحەزاتانەی ئاماژەتان پێ كرد لەوێ نووسراوە لەوێ دەسەلاتی جێ بەجێ كردنە نایگرێتەوە، شتێكی تایبەت ئەوە یەك.

دووش/ مەوزوعی سەنەواتی دیراسی لە ولاتێكەوە بۆ ولاتێكی دیكە فەرق دەكات، خەمان خان ئاماژەی بەوە كرد كە لە فەرەنسا ماجستێر سالێكە، ئەوەندەی من بزانم ئەوێش سالێك نییە، سالێكیش موقەدیمەی هەیە, ماتریزی پێ دەلێن دەبێت پاش ئەوە، بۆ ئەوەی موعادەلەی بەكەلۆریۆسمان بكات، راست دەكات بۆ خۆیانە، یان دەبێتن ئیسپات بكاتن، ئەوەندەی من بزانم لێرە خوێندكارانمان دەچن سالێك زمان دەخوێنن، سالێكیش دەخوێنن بۆ شەهادەكەیان وەكو بەكەلۆریۆس وا بێت, ماتریز وا بێت پێی دەلێن، ئینجا دەچێت دبلۆم عالی وەردەگرێت، لەوێشدا جامیعە بۆ جامیعە فەرق دەكات، جامیعەی سۆربۆن وەكو خەمان خان باسی كرد، جامیعاتی تر فەرەنسی ئەو سالە نەخوێنێتن ناچێتن بۆ ماستەرو ئەوانە لە ئینگلترا نەوعێكی ترە, لە میسر نەوعێكی ترە، ئەوەی لێرەدا هاتووە دەلێی بۆی هەیە سالێك تەمدید بكاتن زۆربەی زۆری لەبەر ئەو هۆیەیە، ئەو وەزعەیە كە لەو جامیعەیە دەخوێنێتن، ئایا ئەو جامیعەیە سیستەمی چۆنە بە دوو سالَ دەیدات، بە سێ سالَ دەیدات قورسە، تەبعەن جامیعەكە نامەی بۆ دەنووسێت، بۆ ئەو جێگایەی كە هاتووە، یەعنی بۆ دەسەلات بۆ هەرێمی كوردستان، دەلێ ئەو خوێندكارەی كە دەخوێنێت لێرە ناتوانێتن بەو مودەی بۆتان داناوە، لەبەر ئەوەی ئێمە سیستەممان وایە، داواتان لێ دەكەین كە سالێكی بۆ تەمدید بكەن، ئینجا بۆی تەمدید دەكەن، من پێم وایە ئەوەی لێرەدا هاتووە باشە، ئەو مولاحەزتانەی كە داوتان بۆچوونەكان دەولەمەند دەكات، بەلام لەڕاستیدا بە دیقەت وەرگیراوەو دەبێت ئەوەش بزانین كە ئێمە ئەوەی لێرە دەریدەكەین، ئەوەی وەزارەتی تەعلیمی عالی لاوازە، ئەم دەسەلاتە بۆ خۆی دەبێت سیستەمێكی تایبەتی خۆی هەبێت، بۆیە غەیری ئەو مولاحەزەیەی كاك شێخ ئەدهەم كە عێراقەكە كرا ئیقلیم و لیژنەی یاسایی پشتگیری لە پرۆژەكەی كردووە، حاكم نورالدینیش قسەكانی هەر دیفاعی لە خۆی كردو دەیخەمە دەنگدانەوە, ئەو ماددەیە بەو گۆڕانكاریە، كێ لەگەلدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەلدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تەنیا دەمێنێت ئاماژە بۆ ئەو ماددەیە بكەم كە دەنگمان بۆدا ماددەی (44) لە كوردیەكەی غەلەتێك هەیە چاكی بكەنەوە، نەوەك وەكو خۆی بڕوات سییەكە نووسراوە سێ، تەبعەن عەرەبیەكە ئەسلە، بەلام تاكو لە چاپ كردن دووبارە نەبێتەوە حەوتەكەی لەسەر لاببەن و تەواو دەبێتن، تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چل وشەش:

1- دوای تەواو كردنی تەمەنی (65) ساڵ دادوەر خانەنشین دەكرێ، ئەوەی خانەنشین دەكرێ مافی ئەوەی هەیە، ئەوەی وەری دەگرت لە مووچەو دەرماڵە بەر لەخانەنشین بوونی وەری بگرێت، سەرۆكی هەرێم بۆی هەیە ئەو ماوەیە درێژ بكاتەوە بەڵام لە (5) ساڵ پتر نەبێت.

2- كاتێ دادوەر كۆچی دوایی بكات مووچەی خانەنشین بوونی هەمان مووچە ودەرماڵی جاران دەبێت.

3- دەكرێ دادوەر بەر لە تەواو كردنی ساڵی دیاری كراو لە بڕگە (1)ی ئەم ماددەیە خانەنشین بكرێ، ئەویش، یان لەسەر داواكاری خۆی و بەپێی یاسای مەدەنی یان لەبەر هۆكاری تەندروستی، لەو حاڵەتەش حوكمەكانی بڕگە(2)ی سەرەوەی بەسەردا پیادە دەكرێ.

4- دادوەری خانەنشین كراو، دەبێ مووچەی مۆڵەتە ئاساییەكانی پێ بدرێت، كە (دەیكەوێ) لەسەر بنەڕەتی كۆی مووچەی مانگانەی بەر لە خانەنشین بوونی و دەبێ لە ساڵێك پتر نەبێت.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السادسة والأربعون:

1- يحال القاضي على التقاعد بعد اكماله الخامسة والستين من العمر ويستحق المحال على التقاعد ماكان يتقاضاه من راتب ومخصصات قبل احالته على التقاعد ويجوز لرئيس الأقليم تمديد ذلك لمدة لا تتجاوز (5) سنوات.

2- عند وفاة القاضي أثناء الخدمة يكون راتبه التقاعدي المصروف للمعال ماكان يتقاضاه من راتب ومخصصات وتصرف للمستحقين.

3- يجوز احالة القاضي على التقاعد قبل اكماله السن المحددة في الفقرة (1) من هذه المادة بناءً على طلبه أو لأسباب صحية وتطبق بحقه أحكام الفقرة (2) أعلاه.

4- يمنح القاضي المحال على التقاعد رواتب الإجازة الإعتيادية التي يستحقها كاملة على أساس مجموع ماكان يتقاضاه شهرياً قبل احالته على التقاعد على أن لا تزيد على سنة واحدة.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە بە تەفسیل ئەو ماددەیەمان لە لیژنەی قانونی موناقەشە كرد، لەناو لیژنەی قانونی دوو ڕەئی هەبوو، ئەكسەریەتی لیژنەی قانونی لەگەڵ ئەوە بوون، كە حەددی ئەعلای سنی تەقاعودی بۆ قازی (65) ساڵ بێت، ئەو تەمدیدەی كە پێنج ساڵە بۆ حەفتا ساڵ، كە دەسەڵات دراوە بە سەرۆكی هەرێم، ئەوە نەمێنێت تەنها (65) ساڵەكە بێت، ڕەئی ئەقلیەتیش هەبوو، پاش ئەوەی ئێمە كۆبوونەوەمان لەگەڵ سەرۆك و ئەندامانی دادگای تەمییز كرد، لەوێش بە حەقیقەت ڕەئی جیا جیا هەبوو، هەندێك لەگەڵ (65) ساڵەكە بوون، هەندێكیش لەگەڵ تەمدیدەكە بوون، هەندێكیش بە حەقیقەت لەگەڵ ئەوە بوون نەك (65) ساڵەكەو تەمدیدی لەگەڵ بێت، بەڵكو لەگەڵ (63) ساڵ بوون، بە ئیعتیباری ئەوەی لە بەغدا سنی تەقاعودی قازی (63)یە، موەزەفینیش (63)یە، بۆ ئەو جیاوازیە هەبێت، من ناچمە ناو تەفاسیلەوە،

رەنگە هەر رەئیەیەك تەبریراتی خۆی هەبێت، لەکاتی موناقەشە کردندا هەر کەسە تەبریراتی خۆی بدات، دوا رەئیش، رەئی ئێوەی بەڕێزو ئەندامانی پەرلەمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی قسە بدەم بە ئێوە لە گوێ لە رەئی کاك فاروق وەزیری داد و حاکم نورالـدین بگـرین، فـەرموو کاك فاروق.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی خۆی لە ساڵی 2004 بە قەراری پەرلەمان عومری حاکم کرایـە حـەفتا سـاڵ، تـەبیعی دیـارە ئەسـباب هەبووە کە کراوە بەحەقیقەت، من نازانم ئێستا سەبەب چیە کە کەم دەکرێتەوە، دەکرێتـە (65) سـاڵ، بـە بۆچوونی ئێمە تەبیعی حاکم چەندی زیاتر مومارەسـە بکات ئەوەنـدە زیـاتر خیـبرەی دەبـێتن، بەتایبـەتی مەحکەمە بەرزەکانمان وەکو مەحکەمەی تەمییزو مەحکەمەی ئیستیئناف، بەڕاستی پێویستیان بە حـاکمی وا هەیە کە خیبرەی گەلێك زۆریـان هـەبێت، مـن پـێم وایـە ئـەو خیبرەیـەش لـە پـاش (60) سـاڵی تـەکوین دەبێت، یەعنی زیاتر دەبێت، ئێمە پێمان باشە خۆی سنی تەقاعودی لە هـەموو وەزیفـەکان (63) سـاڵە، بـۆ حاکمیش وەکو شتێکی ئیختیاری (63)ەکە شتێکی بەجێیە، یەعنی ئەگەر حاکم گەیشتە (63) ساڵ حـەقی هەبێت بۆ خۆی خۆی تەقاعود بکات، ئەگەرنا یەعنی بەلای کەمی (70) ساڵ ئێمە پێمان باشە، چـونکە لـە زۆر دەوڵـەتانی دەرەوەش، یـەعنی حـاکم لـە هەنـدێك شـوێندا ئەگـەر واز نـەهێنێت یـەعنی هـەر تـەقاعود نابێت، تا دەگاتە حەفتاو پێنج، یان هەشتا ساڵ، یەعنی بەڕاستی ئێستا لە کەمترین شوێن لـە ئـەوروپا، پـێم وایە لە ئەڵمانیا کە حەددی ئەدنایەکەی (68) ساڵە، بۆیە ئێمـە پێمـان باشـە، هـەر بـە یـەك ئـەوە بکرێتـە حەفتا ساڵ، بەتایبەتی ئێوە لە جەلسەی پێشووش موناقەشەی ئەوەتان کرد مەسەلەی تەعین بوونی حـاکم حەددی ئەدنایەکەتان داناوە، بەڵام حەددی ئەعلایەکە هەر ماوە، یەعنی ئێستا حاکمێك دەتوانێت تەمـەنی (64) سـاڵ بێـت ببێتـە حـاکم، کـە تەمـەنی (64) سـاڵ بێـت بـووە حـاکم، مانـای وایـە هـەر لـە (65)یـش دەتوانێت خۆی تەقاعود بکات بە یەك ساڵیش، یەعنی ئەوە هەمووی پێم وایـە ئـەوە لـە جێـی خـۆی نییـە، حەفتا ساڵەکە باشە، بەڵام پێویست ناکاتن موافەقـەتی هـیچ جیهـەتێکی تـری تێـدا بێـت، یـەعنی تەمـەنی (63) ساڵ بە دڵی خۆی بێت، کە گەیشتە حەفتا ساڵیش ئیجباری بێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاکم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی جەنابی کاك فاروق دەکـەم، بـۆ نموونـە ئێمـە بەدرێـژایی تـاریخ تەماشا دەکـەین لـە بیدایـەتی دەوڵـەتی ئیسـلامییەوە زەمـانی پێغەمبـەر (د.خ) لـێ بێـت و خولـەفای راشـدین (بـنی امیـە وبـنی عبـاس) خەلیفە دادوەریان تەعین کردووە، تەبعەن هیچ تەمەنێکیان تەحدید نەکردووە بـۆ تـەقاعودی، ئـیلا خـۆی

دادوەر دەرچوو بێت، یان هەندێ حاڵەتی نادر بووە خیلاف کەوتۆتە بەینیان عەزل کراوە، بۆ ئەو مەسەلەیە دەوترێت لە زەمانی بەنی عەباس هەتا قازی نووسیەتی (سەجع) دەڵێ (ایها القاضي قم عزلناك فقم) ئەوە وەختی خۆی بۆ تاریخ گوتراوە، جا ئێستاش لە ساڵی 2004 تەعدیل بووە، یەعنی تا ئێستا هیچ گۆڕانکارییەك نەبووە، پێویستێك نەبووە کەوا تەمەنەکەی بۆ دابنرێت، ئەگەر مەبەست ئەوەیە قیادەی بڵێین گەنجەکان بێنە ناو ئەوە مەجال هەیە، خۆ مەحکەمەی تەمییز ئێستا پازدە ئەندامن، با ببنە بیست و بیست و پێنج ئەندام، پێویستیش هەیە کەوا بێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەواوت نەکرد، دەڵێ (ایها القاضي قم قد عزلناك فقم) گوتی (والله ما عذرتني الا هذه القافية)، من هەر رەئیەك نادەم، یەکەم/ ئێمە لێرە ئەو قەرارەی ئێمە دەیدەین، ئەوە پێمان راسترە، هەر ولاتێك، هەر هەرێمێك پەرلەمانی خۆی هەیە، کە قەرار دەداتن، بۆ ئەوەی بزانێتن کێ باشترە، لەبەر رۆشنایی تێگەیشتنی خۆشی، یەعنی من دەڵێم بەغدا ئەگەر باش بێت وەریدەگرێت، ئەگەر باش نەبێتن خۆمان هینی دەکەین، نموونەی ئەوروپا ئەگەر باش بێتن وەریدەگرین، باس کردنی دەرەوە لە فلان ولات ئەوەندەیە، لە فلان مێژوودا وابووە، بۆ دەوڵەمەند کردنیەتی، یەك لە مەسەلەکان کە ئێمە باسی لێ دەکەین تەندروستی ئینسان باشترە لە جاران، جاران تەمەن ئەگەر چی ئەو هەموو کوشتارەش هەبوو، ئیرهاب نەبوو ناوەندی تەمەن (60) بوو، ئێستا ناوەندی تەمەن حەفتایە، یەعنی مەعەدەلی مردن، مەعەدەلی ژیان حەفتایە، بۆ ئەو کەسانەی کە تەندروستیان باشە، کە وەعیان باشە، رەنگە پتریشە، تەبعەن لێرە ئەگەر ئیحصائیات وەربگرین زۆر کەمە، رەنگە لە عێراقدا ئێستا پەنجا بێت، بۆچی پەنجایە؟ لەبەر ئەوە نییە، ئەگەر تەبیعی بژیت پەنجا ساڵ دەژیت، لەبەر ئەوەیە خەڵك بە گەنجایەتی لە شەڕەکاندا دەکوژرێتن، شەهید دەبێتن، ئەوانە وەردەگیرێت، جا تەقسیمی دەکەن تەمەنەکە پەنجا دەبێتن، ئەگەر شەڕو ئیرهاب و پێکدادان نەبێتن، مردنی تەبیعی حدودی حەفتایە، ئەمە یەك.

دووش/ قازی چەند بە تەمەن بێت خیبرە وەردەگرێت، بە رەئی من تەمەن نابێت مقیاس بێتن، وەعی ئینسانەکە موهیمە، قودرەتی ذهنی موهیمە، ئەوە ناچێت کرێکاری بکاتن مێشکی بەکار دەهێنێت، دەستی بەکار دەهێنێت، بۆ ئەوەی بتوانێت عەدالەت بکاتن، ئەوە مقیاسی زیاترە لەوەی، ئەوەش کێ قەرار دەداتن مەجلیسی قیادە قەرار دەدات، ئەوە کەفائەتی هەیە، یان نییە، لەبەر ئەوەی لە تەمەندا رەچاوی ئەوە بکرێت، راستە هەمووتان حەقتان هەیە، بەلام من حەق دەدەمە خۆمان شەش، حەوت کەس قسەی بکاتن، دواتر ئەگەر رەئیەکان تەرخان کرا، مەسەلەن تەوەجوهەکان چۆن بوو، ئەو وەختی دەتوانین تەشخیصی بکەین، کاك فرسەت مولاحەزەیەکی هەیە، دەڵێت پرۆژەکە ئیقتیراحی کردووە (65) ساڵ، لیژنەی یاسایی ئیختیلافیان هەیە لە بەینی خۆیان لەنێوان (63 و 65) زیاتر، کاك حاکم فاروق وەزیری داد، کاك حاکم نورالدین پێیان وایە حەفتا بێت، لە لیژنەی یاسایی گوتم ئیختیلافتان هەیە، هەندێك هەیە دەڵێ (65)، هەندێك هەیە دەڵێ (68)، لەبەر ئەوە یەعنی پێم باشە کە قسە دەکەن بە موحەدەدی رەئیەکان بڵێین، ئەو تەمەنە باشە، یەعنی کورتی بکەین، فەرموو کاك ئیحسان.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیت خاندنا من بەلکو لێرە دیماهیێ کۆمەلأیەتی دەست نیشان کرن مەعدەلا کوردستانیٚ بۆ پیاوان (59) سالە، بۆ ئافرەتان (65) سالە، جا تا مەعدەلا عومر بێت، دەبێت بزانین خەلکێ کوردستانیٚ راستە وەکو ئەوروپا نینە، یان خۆش بوویە، یان گەلەك خۆش نەبووینە، یەعنی خەلەك ژی شەست سالیٚ دادکەویت، بەرەو پیر بوونەو ئیدی حەفتا سالٚ نەشێت خوار بکەتەن، بەر هەندیٚ دیتنا من (65) سالٚ پتنیٚ، ئەگەر گەیشتە شەست و پێنج سالیٚ خانەنیشین بکرێت، پێش ئەویش موافەقە بکرێت خانەنشین بکاتن، ئەوەی دیکەش ئەو پێنج سالەی زیادە دبێژم نەمێنێتن باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا بەخێرهاتنەوەی جەنابت دەکەین و هیواداریین سەفەرەکەتان سەرکەوتوو بوو بێت، یەکەم/ شت من لەگەڵ ئەوە دام تەمەنی خانەنشینی دادوەر نەك (65) بگرە کەمتریش، بەلاٚم کە (65) پێشنیار کراوە، ئەوە بە باشتر دەزانم لەبەر چەند هۆکارێك، کە حەز دەکەم عەرزی جەنابتان و بەڕێزانی بکەم، ئەوەلەن/ ئەگەر بێتو تەمەنی خانەنشینی هەبێت دەرفەتێك دەدات بە دادوەرەکانی تر لە قۆناغەکانی تری دادگا کە بتوانن بەرەو پێش بچن و سەرکەون بۆ قۆناغەکانی تری دادگا، بۆ نموونە لە دادگای لێکۆڵینەوە بۆ دادگای کار، یاخود لە دادگای تاوانەکان بۆ دادگای تێهەڵچوونەوە، لە دادگای تێهەڵچوونەوەش بۆ دادگای پێداچوونەوە بەو شێوەیە یەعنی بەردەوام نەفەسێکی نویٚ لەناو سوڵتەی قەزادا دەبێت، ئەمە لە لایەك.

لە لایەکی تر، ئێمە دەبێت هەوڵ بدەین و دەرفەتیش بدەین بە گەنجەکان، کە داخیلی سوڵتەی قەزاو مەجلیسی قەزا ببن، گەنجی ئێمە کە داوای دەرفەت دەکات، کە بەشداری بکات لە سوڵتە، هەمووی نایەوێت ببێتە ئەندامی پەرلەمان و وەزیر، دەیەوێت لە بوارەکانی تردا دەرفەتی هەبێت، یەك لەو بوارانە سوڵتەی قەزائیە، کاتێك موقارەنە لەگەڵ ئەوروپا دەکرێت، یاخود لەگەڵ ولاٚتی تر، یاخود لەگەڵ شوێنی تر، بەڕاستی رێژەی ژیان لەو ولاٚتانە جیاوازی هەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، دەکرێت لە پاش پازدە سالی تر، پاش مودەیەکی تر، ئەگەر زورێ عێراق و کوردستان باشتر بوو، ئێمە ئەو یاسایە تەمدید بکەینەوە جارێکی تر، من لەگەڵ ئەوەش دام کە ئێمە هەرچی زووترە مەعهدی قەزائی دابمەزرێنین، بۆ ئەوەی کە دادوەرەکانمان بەشێوەی بیٚ لایەنانە لە مەعهد دەربچن، بتوانن سوڵتەیەکی قەزائی سەربەخۆ هەبێت، بۆیە من جارێکی تر پێم وایە واجیبی ئێمەیە لە پەرلەمان، کە بەڕاستی ئێمە ئەمڕۆ بڕیارێك دەدەین لەسەر تەمەنی خانەنشینی، دەبێت رەچاوی داخوازی جیلێکی کۆمەڵگاکەمان بکەین، کە ئەویش چینی گەنجانە، کە پێیان خۆشە بەشدار بن لە دەسەلاٚت و دەرفەتی ئەوەیان پیٚ بدەین، کە بە دەست نیشان کردنی

خانەنیشینی دەرگایەکی ببێت بۆ ئەوان، بۆ ئەوەی من دووبارە تەئکید دەکەمەوە لەگەڵ (65) ساڵەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرسەت رەئیەکی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو رەئیەکان لە چوار میحوەر پێك دێن، هەندێك تەئیدی (63) دەکەن، هەندێك تەئیدی (65) دەکەن، هەندێك تەئیدی (68) دەکەن، هەندێکیش تەئیدی (70) دەکەن، بە رەئی من لە جیاتی ئەوەی سی کەس قسان بکەن، هەر عومرێك لەو چوارانە دوو کەس موئەیەدی لەسەر قسان بکەن، دوایێ بیخە تەصویت ئیبتیدائەن لە عومری بچووك، هەتا دەگاتە عومری گەورە، داعی نییە، ئێمە دوو سەعات دوو کەس قسە دەکات لەو چوار میحوەرە دەرناچن، یەعنی چ ئیزافەیەك لەسەر دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئیحسان و کاك ئارام (65) تەئید دەکەن وا نییە، ئەوە پێشنیارێکی باشە، یەعنی ئەوەی لەگەڵیەتی پێویست ناکات دووبارە بکرێتەوە، ئەوەی داوا دەکات، یان قسەی هەیە بکرێتە (63)، کەسێك هەیە داوا بکاتن بکرێتە (63)، ئەوە وجهەی نەزەریدا شەرحی کرد لەسەر ئەوەی لەبەرچی دەیەوێت (65) بێتن و تێ نەپەرێت، کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو پێشنیارەی کاك فرسەت نیم، لەبەر ئەوەی ئیحتیمالە هەر ئەندامێك موبەریری خۆی هەبێت، بۆ ئەوەی باس لە تەمەنەکە دەکات، یەعنی حەقی خۆتە رەئی ئەندامان وەربگریت لێرە بەگشتی، نەك بە تەنها لەسەر (65) و هین بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەڕای ئەو رەئیانە، رەئیەکی ئەسڵی پرۆژەکە هەیە، کە مەجالی تەمدیدی تیایە، ئەوەش یەعنی موناقەشە دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش رەئی خۆم هەیە بەڕاستی، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەعلیقم لەسەر قسەکەی پەخشان خان بە حەقیقەت، حەق وایە ئەوەلەن موقتەرەحی لیژنەی قانونی ئەگەر هاتە مەرحەلەی تەصویت ئەوەی کاك فرسەت ئیشارەتی پێدا دوو کەس قسە بکات، مەرحەلەی یەکەم دەبێت تەصویت لەسەر ئیقتیراحی لیژنەی قانونی بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر موقتەرەحات هاتە پێش، موقتەرەحی لیژنەی قانونی ئەسڵە، بەڵام ئەگەر موقتەرەحات هاتە پێش، دووش/ خۆتان گوتتان رەئی موختەلیف هەیە، باشە هەر یەکە یەك دەقیقەی هەیە بۆ موناقەشە کردن، کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی خاڵی یەکەم لە ماددەی چل و شەش، کە باس لەوەی دەکات و لیژنەی یاساییش تەئکیدیان کردەوە تەمەن (65)ساڵ بێت، من لەگەڵ ئەوە دام تەمەن (63) ساڵ بێت، وەکو باقی تری چین و توێژەکانی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی جیاکارییەك نەکرێت و لە (63) ساڵی خانەنشین بکرێت، لەبەر ئەوەی لە (60) ساڵی ئێمە دەزانین هەم تێکڕایی تەمەن ڕێگا بەوە نادات، هەم دووەمیش/ بەتایبەتی ئەو کەسانەی لە (60) ساڵی بەرەو سەرەوە دەچن هەستەکانیان، کە قازی هەستەکانی کە بینینە، کە بیستنە بەرەو لاوازی دەچێت و لە دادگایی کردنیشدا یەك وشە، یەك پیت بپەڕێنرێت شێوەی دادگایی کردنەکەیان، یان شێوەی قەرارەکەی دەگۆڕێت، من پێم وایە لە (60) بەرەو سەر هەستەکانی ئینسان بەرەو لاوازی دەچێت، بەتایبەتی هەم بیستن، هەم دیتن، لە وڵاتی ئێمەش کە وڵاتێکە، تەندروستی وەکو پێویست نییە، خزمەتگوزاریەکانی وەکو باست لێ کرد، ئەوەی کە دەڵێت تەمەنی ئەوە بووە وەکو پێشتر ئەوە نییە، بە پێچەوانەوە ئێستا ژینگە پیسی وای کردووە تەمەن کورتی بڕوات، نەك بەرەو ئەوەتر بڕوات، ئەوە لە لایەك. لە لایەکی ترەوە، دان بە خەڵکی تریش، بۆ ئەوەی ئەوە بکات، ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و دەستاو دەستی ئەو دەسەڵاتە بکرێت و خەڵکی تریش بێت، دەکرێت ئەگەر ئەو قازیانەی ئەوە بێت، ئێمە لێرە فەقەرەیەك زیاد بکەین، کە لە دوای خانەنشین کردنیەوە بکرێ بە راوێژکار، وەکو ئەوەیەك سوودی لێ ببینێت لە تواناکەی، ئەگەر بەخۆی بێت لەوانەیە شوێنەکەی ـ ,مەوقیعەکەی، بەتایبەتی خەڵکی شەرقی ئێمەی کوردستان زۆرمان حەز لە دەسەڵاتە، کەمتر کورسی بەردەدەین بەپێی یاسا بەر نەدەین، بۆیە من تەئکید لەوە دەکەمەوە کە (63) ساڵ وەکو چین و توێژەکانی تر بێت، بۆ خۆشمان لە یاسا وا نەکەین کە ئەو چین و توێژانە بە یەکجاری، ئێستا کۆمەڵێك یاساو ڕێ و شوێنمان گرتۆتە بەر، کە قازی و حاکمان سوڵتەی قەزائیمان بە تەواوی تایبەتمەندیەکمان پێدا، هەم لە خانەنشین کردنی، هەم فرسەت پێدانی بۆ خوێندنی، هەم لە ئەوەی کە تەواو جیاکاری دەکات، ئەوەش چین و توێژەکان لێك نزیك ناکاتەوە، تەبەقەیەکی جیاواز دروست دەکات لە ئامانجی کۆمەڵایەتیەکان وەکو پێویست نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبیعی من پڕاو پڕ تەئیدی نەصی پرۆژەكە دەكەم، كە (65)و جەنابی سەرۆكی هەرێمیش بۆی هەبێت زیادی بكات، ئەمە لە لایەك. لە لایەكی تریش، ستاندەردی تەقاعودی (65) ساڵە، لە هەموو عالەمدا، خۆ ئێمە هیچ شتێك بكەین كە لەگەڵ هیچ شوێنێكدا نەبێت، ئەوە یەك.

دووەم/ بەنیسبەت قازیەكانەوە، من دوێنێ موداخەلەیەكمان هەبوو لەگەڵ یەكێك لە برادەرە قازیەكان لە رادیۆی نەوا، ئەو وجهە نەزەری وابوو گوتی من (65) ساڵ و یەك رۆژ ناكەم، تەبیعی ئەمە غەدرێكی گەورەیە، وەكو چۆن مافپەروەرو دادوەرو ئەم سیستەمە مافی هەیە، ئێمە مەفروزە مافەكانیان بۆ تەئمین بكەین، خەڵكیش حەقی هەیە لەسەر دادوەرەوە، حەقی هەیە بەسەر ئەو كەسەی كە توانای خزمەتی هەیە، دەبێت خزمەتی جەماوەر بكات، لەبەر ئەوە من بۆیە پشتیوانی لەوە دەكەم (65) ساڵ زۆر ستاندەرە، ئەگەر خەڵكێك ناحیەی تەندروستی تەواو بێت (65) ئەگەر تواناشی تەواوی هەبێت و ئیستیفادەی لێ بكرێت لە لایەن سەرۆكی هەرێمەوە، ئەوە شتێكی زۆر زۆر پیرۆزە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەر لەگەڵ ئەوەم كە لە دەقی یاساكەو لیژنەی یاسایش پێیان باش بووە، لەبەر دوو هۆ، یەك/ ئێمە ئیقرارمان كردووە لە پەرلەمان، كە جگە لەو فەرمانبەرانە تەقاعود بكرێن، با بەینی حاكم و ئەوانی تر دوو ساڵ بێت (65) ساڵەكە زۆر باشە.

دوو/ حەقیش نییە كە سەرۆكی هەرێم مولزەم بكەین، كە پێنج ساڵ تەمدید وەختەكە بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خەمان خان فەرموو.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وا نییە بەڕاستی ئەم (65) ساڵە ستاندەردێكی عالەمی بێت، چونكە ئەمە لە وڵاتێكەوە بۆ وڵاتێكی دی دەگۆڕێت، ئەمە لە لایەك. لە لایەكی دیكەوە، ئێمە مەسەلەیەك هەیە دەبێت بە بیری خۆمان بهێنینەوە، ئەویش بەپێی یاسای ژمارە (37)ی ساڵی 2004 تەمەنی خانەنشینی دادوەر كراوە بە (63) ساڵ بە رەزامەندی (اختیاری) ئەوەكەی تریش لە حەفتا ساڵی وجوبییە، من پێم وایە لەم حاڵەتە ئێمە

پابەند بین بەم بڕیارەی پەرلەمان ئەمە لە لایەك، بڕیارێك یەعنی ڕێز گرتنە لە بڕیارێكی پەرلەمان، لە ساڵی 2004 ئەم بڕیارەی داوە لە لایەكی تر، من پێم وایە بەڕاستی هەتا تەمەنی حەفتا ساڵیش بە كراوەیی بهێڵدرێتەوە بۆ مەجلیسی قەزا، بەلاَم بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوە نیم، هیچ دەسەلاَتێكی تر، یان سەرۆكی هەرێم بێت دەست لە كاروباری وەربدات، چونكە ئێمە باسی دەسەلاَتی قەزائی دەكەین، باسی سەربەخۆیی قەزا دەكەین، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئێمە ڕێز لەو بڕیارەی پەرلەمانی ساڵی 2004 بگرین، ئەوەكەی تریش بە كراوەیی بهێڵدرێتەوە بۆ مەجلیسی قەزا، ئەوان خۆیان بڕیار بدەن ئەگەر زەروور بوو قازییەك بەردەوام بێت لە كارەكەی خۆی, مەجلیسی قەزا سەلاَحیەتی هەبێت تەمدیدی كارەكانی ئەو قازیە بكاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئێمە لەگەڵ ئەو قسەیەی پێشی كاك عەدنان، بەڕاستی زەرورەت وایە ئێمە پێش هەموو شتێك سەیری ئیمكانیەتی واقیعی خۆمان بكەن لە هی ئێمە چ پێویستە، لە پاشان سوود لە دەروبەری خۆشمان وەربگرین، ئێمە قانونێك دادەنێین كە بگونجێت لەگەڵ كۆمەڵگای ئێمەدا، لە هەمان كاتیشدا دەبێت سوودی لێ وەربگرین و ئیستیمرایەتی هەبێت، بۆیە من پێم وایە ئەو چوار پێشنیارەی كراون لەناو ئەوانە پێشنیارێكی تر هەیە، پێم وایە گونجاو ترە (65) ساڵ مەعدەلێكی گونجاوە بۆ حاكم، كە زەرورەت وایە حاكم لەو تەمەنەیە تەجروبەیەكی باش و ئیستیمراریەتی هەبێت، بەلاَم دەكرێت لە پاڵ ئەوە پێنج ساڵی بواری پێ بدرێت، كە بە ئیجباری نەبێت، ئیختیاری بێت لە لای خۆی، بەلاَم نەك لە لایەن سەرۆكی هەرێمەوە، دەبێت مەجلیسی قەزا ئەو قەرارە بدات، پاش ئەوەی كە كەفائەو ئەهلیەی قانونی ئیمكان هەیە بێ، كە لە ڕووی جەستەیی و عەقڵییەوە توانای ئەوەی هەبێت ئیستیمراریەت بكات، ئەو كاتە بۆ خۆی لە (65) بكاتە ئیختیاری، حەفتا بكرێتە ئیجباری، پێم وایە باشترین و گونجاوترینە، بۆ ئەو حاكمەی كە خۆی دەیەوێت بەردەوام بێت، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ڕۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزيران نيسان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لە خیلالی ئەو موناقەشەیەی كە دەكرێت، فیعلەن ئەو نوكتەیەم دێتەوە بیر دەڵێ سەرۆكەكان و مەلیك و پاشاكانی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست كە بوون بە حاكم دەبێت جەنازەكەیان لەسەر كورسیەكە بێتە خوارەوە،

به ڕەئی من هەر شتێك کە زۆر ورد بێت، یان حەساس بوو، بەڕاستی دەبێت ماوەی کار کردنەکەشی دەبێت مەسەلەکە زۆر تەحدید بکرێتەوە.

دووەم/ مەسەلەی تەمەنی ئینسان، منیش پشتیوانی لە قسەکەی کاك ئیحسان دەکەم، بەڕاستی منیش ئەو مەسەلەیەم بیست، چونکە جەنابتان باسی ئەوەتان کرد، باسی ژیانتان کرد کە گۆڕانکاری تیا کراوە، ژیان باشتر بووەو خۆشتر بووە، بەلام گیروگرفتەکان بەڕاستی ئەگەر وەکو خۆشیان نەماون لە هەندێ رووەوە زیاتریش بووینە بۆ خەلکی ئەم ولاتە.

خالێکی تر/ ئایا چ جیاوازی هەیە لەنێوان خزمەت کردنی مامۆستایەکی سەرەتایی لەگەل فەرمانبەرێکی ئاسایی لەگەل دادوەرێکدا، مەسەلەکە، مەسەلەی عومرە، مەسەلەیەکی فسیۆلۆجیە، مەسەلەیەکی توانای مێشکە، بەڕاستی ئینسان ئەگەر گەیشتە حەددێکی ئیش کردن، ئیتر بەرەو دواوە بیرو بۆچوونەکانی دەگەڕێتەوە.

سێ/ مەسەلەیەکی تر، مەسەلەی ئیمتیازاتیش، بەڕاستی مەسەلەی ئیمتیازاتیش بۆ دادوەران، من لەگەل ئەوەم بۆ هەموو خەلکی کوردستان ئیمتیازات هەبێت، بەلام لە کاتی تەقاعود بووندا، هەر بە جارێك دەروازەکە کراوەتەوە، بەلام خەلکانی تر، ئایا ئێمە دەمانەوێت ئەم خەلکانە تەشجیعێکیان بۆ بکەین، یان خەلکانی تریش پێویستیان بەوە هەیە، کە تەشجیع بکرێن، بۆ ئەوەی دوا رۆژێکی باشیان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە ڕەئیەکەی لیژنەی قانونی دەکەم بەو بڕگەیەی سەبارەت بە سەرۆکی هەرێم لابدرێت، بەڕاستی ئەوە تەدەخولە لەنێوان سولتەی تەنفیزی و سولتەی قەزائی، مەسەلەی فەسلی سولتات، ئێمە هیچ نابێت موساوەمەکمان تێدا هەبێت، تەمدیدێك هەبێت، حەقە موساوەمات بکات، لێرە باسی کرد بێت و بیدەینە ئەنجومەنی دادوەری، ئەمە یەك.

دوو/ بەڕاستی پشتگیری لە ڕەئیەکەی کاك فاروق وەزیری دادو کاك نورالدین نوێنەری دادگای تەمییز دەکەم، کە تەمەنی تەقاعودی یان کراوە بێت، یان حەفتا سال بێت، لەبەر ئەم هۆیانە، یەعنی پێم وایە لەو بابەتەو لە هەموو بابەتەکان دوو خال هەیە، دەبێت ئێمە ڕەچاوی بکەین، خالی یەکەم/ ڕەغبەت، خالی دووەم/ بەرژەوەندی گشتی.

لە ڕەغبەت، ئێمە لێرە دەست نیشانمان کردووە (63) سال لەو قانونەی حەقیان هەیە ئیختیاری تەقاعود بکرێن، لەگەل ئەو (63) سالەی کامل حقوق و ئیمتیازات و تەقاعودیەکەیان 100٪ە، وەکو ئەندام پەرلەمانیش نییە، کە پشتگیریش دەکەین بەڕاستی، باشە لەگەل ئەو تەقاعودیەی کە حەقیان هەیە،

تەقاعود بکرێن لە (63) ساڵی، بەڵام خۆی دەیەوێت بەردەوام بێت، ئەمە مانای چیە، مانای وایە دەیەوێت خزمەتی هەرێمەکەی بکات، بۆ رێگای لێ بگرین.

دوو/ دەیەوێت خزمەتی رێڕەوی عەدالەت بکات، ئێمە بۆ رێگای لێ بگرین، ئەو دادوەرەی کە کاک جەمال باسی کرد دەڵێ (65) ساڵ یەك رۆژ ئامادە نیمە بەردەوام بم، ئەو لە (63) ساڵیش دەتوانێت تەقاعود بێت، چونکە قانونەکە رێگای پێ دەدات، لە خاڵی دووەم/ بەرژەوەندی، وەکو هەرێمی کوردستان، وەکو هەرێم زۆر تەکالیف تەحەمول دەکات، تاکو ئەو خیبراتە، ئەو دادوەرانە پەیدای دەکات، دروستی دەکات، هەر لەو قانونەی مەسەلەن ماددەی (45) باسی مەنعی ئیجازاتی دیراسی دەکات، باسی خزمەتی قەزائی و تەرفیع و عەلاوە هەمووی کراوە، دەوڵەت تەحەمولی زۆر دەکات، تاکو ئەو خیبراتە لە لای ئەو دادوەرە دروست بێت، ئەوە یەك.

دوو/ دادوەران خۆیان زۆر ماندوو دەبن و هیلاك دەبن، هەتاکو ئەو خیبرەیە دروست دەبێت، بۆیە ئێمە بۆ پاراستنی ئەو خیبراتانە، بەڕاستی دەبێت تەقاعودیەکەی زیاد بکەین، بۆ ئەوەی کە ئەو خیبراتانە بە فیڕۆ نەدەین، دەبێت تەقاعودیەکەی زیاد بکەین، بۆ ئەوەی جەستەی دادوەری ئیستنزاف نەبێت، دیسان دەبێت ئێمە تەمەنی تەقاعودی بەرز بکەینەوە، ستاندەردی عالەمی نییە (65) ساڵ، یەعنی دەتوانم چەند نموونە بێنمەوە، مصر (70) ساڵە، سوریا (70) ساڵە، کوێت (75) ساڵە، کەنەدا (75) ساڵە، بەریتانیاو ئوستورالیاو ئیرلەندەو...وابزانم زۆربەیان (72) ساڵن، خودی ئەمریکا کە کاك جەمال باسی کرد لە هەندێك ویلایەت سنی ئیختیاری (68) ساڵە، ئیجباری (70) ساڵە وەکو ویلایەتی میسۆری.

خاڵێکی دیکە، یەعنی ناحیەی کەفائەو عەتائە، ئێمە با لە پەرلەمانی خۆمان باسی بکەین، یەعنی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان، ئەوانەی یاساناسن کە زۆر ئەکتیڤن، ناتوانین ناویان بڵێین، لەبەر ئەوەی تەمەن شتێکی شەخصیە، بەڵام تەمەنیان لە سەرەوەی (65) ساڵ دەبینین باشترین ئەندام پەرلەمانەو باشترین یاساناسیشە، مەسەلەی گەنجان، ئەو سنە تەقاعودیەی کە بکرێتە حەفتا ساڵ بەهیچ شێوەیەك رێگا ناگرێتن لەوەی کە گەنج بکرێتە دادوەر، ئێستا زۆر لە گەنجان ئاگادارن دەبێتە دادوەر، بەڵام لە ئەصنافی محاکم، ئەوەی ئستیئنافە، تەمییزە، بەڕاستی گەنجەو لەوێ نامێنێت، خیبرات لەوێ وەردەگرێت، خیبراتیش دائیمەن پاش ئەوانە دەست پێ دەکات، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك مەلا سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مانای ئەوە نییە کابرایەك حەزی لێ بێت زیاتر خزمەت بە ئیشەکەی بکات، لەبەر قودرەت و تاقەتی زهنییەتی، ئیحتیمالە حەزی لە کورسیەکەیەتی بمێنێتەوە، ئیشی قازی ئیشێکی شاقە، یەعنی مومکینە رۆژێ سی دەعوا دەبینێتن، ئەوە زەحمەتە، یەعنی پێغەمبەر (ص) دەفەرمووێت عومری ئۆمەتی من لە

بەینی (60 تا 70) ساڵیە، لە پاشان ئەو حاکمە کە لە عومری (68) ساڵی بچێتە مەحکەمە، قودرەی زهنی و قودرەی چاوی و قودرەی مێشکی زەعیف دەبێت، راستە صاحێب تەجروبەیەکی زۆرە، بەس ئیحتیمالی هەیە، یەعنی ماندوو بوونی زیاتر پێوە دیار بێت لە کابرایەکی کە عومری (60) ساڵە، یان عومری شەست و قصور ساڵە، لەگەڵ فەقەرەی یەکەم (يحال الحاكم او القاضي على التقاعد قبل اكماله الخامسة والستين من عمره الا بناءاً على طلبه، او لاسباب صحية )، ئەگەر ئەوهای لێ بکەین باشە، چونکە (بعد) لێرە ئەو (بعد) ئەو مانایە ناگەیەنێت، یەعنی ئیحتیمالی هەیە ئەگەر (بعد)ەکەی لا بدەین، (عند)ەکەش دابنێین باشترە، بەس (بعد)ە ئەو مانایەی ناگەیەنێت و لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شەعبان فەرموو.

**بەڕێز شعبان محمد طاهر صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەژیت پشتگیریا لیژنەی یاسایی دکەم بۆ تەمەنێ (65) سالی, بەس من تێبینیەکم هەی لەسەر دەرماڵە هەی، وەختێ قازی خانەنشین دەبێت دەرماڵەی بۆچیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی کە ڕەشنووسی پرۆژەی یاساییم خوێندەوە هەمووی بە وردی، تەماشا دەکەم هەمووی لە جێی خۆیەتی، جا بەڕێزتان خستۆتانە موناقەشە کردنەوە، رای لیژنەی قانونی (65)ە، لێرەدا (65)ە پێنج ساڵیشی داناوە بۆ موافەقەی ئەگەر لە حاڵەتێکدا درێژ بکاتەوە، موافەقەی سەرۆکی هەرێم، دوای ئەوە دیم هەرچی مافی تاکە کەسیە لەم چوار خاڵەدا کۆ بۆتەوە، لە دەرماڵە بڵێی، لە مەسەلەی راتب و مووچەی تام بڵێی، ئیتر پێویست دەکات من بیکەم بە حەفتا ساڵ؟ بە قانون دانراوە لێرەدا، پێنج ساڵی بچێتەوە سەری هەر دەکاتە حەفتا، کەواتە (65) ساڵەکە حەددێکی گونجاوە، باوەڕم پێ بکە هەر قازییەك سەردانیمان کردووە، باشترین نموونەش دادوەر کاك عبدالرحمن رۆژێك چیرۆکێکی بۆ خوێندمەوە وتی هێندە هیلاك دەبین، جاری وا هەیە نانت پێ ناخورێت لە جەژندا، چووە چەند منالێکی داوەتەوە دایکی لە باوکم سەندۆتەوە، چەند منداڵێکی داوەتەوە بە دایکی یەك دڵی ئەو دایکە خۆش بووە لەگەڵ ئەو باوکە قاسییە، ئەمە لە لای من بوو بە چیرۆکێك، کە شتێکی چاکی کردووە، کەواتە ئەم هەموو دادوەرانە رۆژ بە رۆژ لەگەڵ کێشە کۆمەڵایەتیە ناخۆشەکانە، چ لە جیا بوونەوەیە، چ لە دزییە، لە هەموو شتەکانی کێشە کۆمەڵایەتیەکان دەژین، من بێم ئەوەندە ماندوویان بکەم حەفتا ساڵیان بۆ دانێم وەڵڵاهی گوناحە، ئینسان

تەمەنی چەندە؟ بەرەو چەند دەڕوات؟ خۆشی دەڵێت هەر کاتێ ویستی تەقاعود بێت دەتوانێت تەقاعود بێت، کەواتە ئازادییەکی تامان داوەتێ، جا لەبەر ئەوە من بەڕاستی لەگەڵ (65)ەکەم و پێنج ساڵیشیان ماوەتەوە، ئیتر ئەوەی دەیەوێت ببێتە (68) دەتوانێت داوا بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شەوقی فەرموو.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە کاری زهنی زۆر قورسترە لە کاری عەزەلی، بۆیە پێم وایە لە فەترەی خزمەت کردنی قازی زۆر هیلاك دەبێتن، تا دەگاتە ئەو عومرەو ئەو تاقەتەو ئەو تەرکیزە بەو شێوەیە وەکو خۆی نامێنێت بەرەو کەم بوونەوە دەڕواتن، من پێم وایە ئەوەی لەو تەمەنەش لە فەترەیەکی زەمەنی خزمەت دەکاتن بای خۆی خیبرەت هەر وەردەگرێت، با ڕێگا خۆش بکرێتن بۆ خەڵکی دیکەش, هەروا مەحصور نەکرێت، کە بەداخەوە، یەعنی عەقڵیەتێك هەیە لە لای شەرقیەکان بەشێوەیەکی گشتی، ئێستا من بەیانی بڕۆم لەو پەرلەمانە، پێم وایە ئەوەی دوای من دێت ئەدائی وەکو من نابێت، ئەدائی من باشترە با بەو قەناعەتەوە بۆ مەسەلەکان نەچین، یاخود با بڵێین بە عاتیفەوە بۆ مەسەلەکان نەچین، پێویستە ئەو عومرە لە (65) ساڵ زیاتر نەبێت، پێم وایە زیاتر بوونی، چونکە ئەوە حەقی خەڵکی تێدایە، دەبێت زۆر بە دیقەتەوە ئەو بڕیارانە بدرێت، بۆیە من پێم وایە لەو عومرە زیاتری نەدەینێ, بۆ ئەوەی ئەو حەق و حقوقە بە دیقەتەوە تەرکیزی بکرێتە سەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (34 و 35 و 37 و 41) کۆمەڵێك مەرجی داناوە، بۆ دامەزراندنی حاکم، بۆ پلە بەرز کردنەوەی، ئەو مەرجانە هەمووی باسی لە ڕەوشت باشی و لە صحەت باشی و لە شەهادەو بەحس تەقدیم و ڕاپۆرتی لەسەر بنووسرێت و تەقیم بکرێت، یەعنی ئەوە کاری ئینسانێکی ئیعتیادی نییە، ئینسانێکی تایبەتە بۆ کارێکی حەساس، ئەو شروتە لە هەموو موەزەفێك دایە، موەزەفەکانی دی ئەو شروتانەتان بۆ دانەناوە، لەبەر ئەوە بە ڕەئی من ئەگەر ئەوە عەقڵی باش بێت و صحەتی باش بێت و حاکمێکی سەرکەوتوو بێت، بە لایەنی کەمەوە عومری لە حەفتا ساڵ کەمتر نەبێت بۆ تەقاعود کردنەکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک تەلعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت محمد صالح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێش ماوەیەك یاسای خانەنشینی مامۆستایانمان دەركرد بە (63) ساڵ بەڕێیان بكەین، پێم خۆش نییە ئەمرۆ جیاوازی بكرێت لەنێوان چینێك لەگەڵ چینێكی میللەتمان، ئێمە پێویستە یەك ڕێزی میللەتمان بپارێزین و یەكسان بن لە ماف و لە كارو لە یاسا، بەڵێ یاسا سەرووەرە، دادوەران یاسای دەپارێزن، بەلاَم مامۆستایان بەردی بناغەی زانست و ئەدەب و فەنن، وەلاَمێكم هەیە بۆ حاكم نورالدین ئەگەر ڕێگا هەبێت, ئاستی قازی گەیاندنە سەر سوڵتان و خەلیفان، منیش میسالێكم هەیە بۆ مامۆستایان، یەعنی دەگاتە ئاستی پێغەمبەرەكان (قم للمعلم وفه تجيبلا - كاد المعلم ان يكون رسولا)، بەنیسبەت تەقاعودیش ئیمتیازات و حەوافیز زۆر دەدرێتە دادوەران لەگەڵ ڕێزمدا بۆیان، ئەوەش دژ بە یاسای تەقاعودە لە 80٪یە، حەز ناكەم ئەو جیاوازییەش هەبێت، حەزیشم نەدەكرد لیژنەی یاسا ئەو حەقەی بدەنە خۆیان، (65) ساڵی بۆ سەرەوە دادوەران تەقاعود بن، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عادل فەرمووە.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێویستە ئێمە لە بیرمان نەچێت بەڕاستی كاری دادوەر، كارێكە مومارەسەیە، یەعنی دەتوانین تەشبیهی بكەین وەكو ئیشی دكتۆر، چەند عەمەلیات بكات، ئەوەندە شارەزایی زیاتر پەیدا دەكات، دادوەریش هەر بە هەمان شێوە، ئەگەر موقارەنە بكەین لەنێوان مامۆستایەكی جامیعەو ئەگەر دكتۆرای هەبێت لە قانون لەگەڵ دادوەرێكدا كێشەیەك، نیزاعێك بێتە پێشی حەتمەن ئەوەی زانكۆ وەكو دادوەرەكە نازانێت، لەبەر ئەوەی مومارەسەی كردووە، بەڕاستی من لەگەڵ بڕگە یەكی ئەو ماددەیە نیم، كە دەڵێت دەبێت لە تەمەنی (65) ساڵی تەقاعود بكرێت، لەبەر ئەوەی وەكو وتم بەدرێژایی تەمەن دادوەر مومارەسەو خیبرەو مەعلوماتی پتر دەبێت، من پێشنیاری ئەوەم هەیە ئەگەر بڕیارێكی پێشوو هەیە وەكو خەمان خان باسی كرد، ئەوە تۆزێك تەعدیلە، من نەصێكم نووسیووە، ئەگەر پێتان باش بێت، دەڵێم (للقاضي طلب احالته على التقاعد عند اكمال الخامسة والستون من عمره)، یەعنی لەسەر ئارەزووی خۆی لە (65) دەوام بكات، (ويحال على التقاعد في كل الاحوال عند اكماله السبعين سنة من العمر) یەعنی لە حەفتا ساڵ تەقاعودی بكەن، ڕەنگە ئینسانی شەرقی تۆزێك لە رووی صحی و ئەوانە ئەوە بێت.

سەبارەت بە درێژ كردنەوەی پێنج ساڵەكەی سەرۆكی هەرێم، دەبێت ئێمە بزانین ئێمە وەكو كاك سەردارو برادەرانی لیژنەی قانونی ئاماژەیان پێ كرد روكنی ئەساسی دیموكراتیەت فەسل بەینی سوڵتاتە، سەرۆكی هەرێم هەر كێ بێت، ڕەئیسی سوڵتەی تەنفیزییە، ئەمە سوڵتەی قەزائیە، كە ئێمە هەنگاوی زۆر پیرۆزمان

ناوە، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی قەزا جیا بکەینەوە، منیش لەگەڵ رەئی برادەرانی لیژنەی یاساییم، کە ئەو دەسەڵاتە بە سەرۆکی هەرێم نەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی مەسەلەی تەمەن منیش لەگەڵ ئەوەمە خۆ مەبدەئییەن بۆ حاکم کراوە بێت، یەعنی هەتا توانای هەبێت، چونکە مادام هەموو ئیمتیازاتێك لە کاتی خانەنشین کردنی دەیدرێتێ، کە خۆی ئارەزووی هەیە خزمەت بکاتن، مەسەلەن تۆ لە (63) ساڵ ئازادە، ئەگەر خۆی خانەنشین بکات، بەڵام کە خۆی خانەنشین ناکات، دیارە توانای هەیە، بۆیە حەق نییە موقارەنەی حاکم لەگەڵ موەزەفێك بکرێت، ئەگەر هەر تەمەنیش دیاری دەکەن، لە ولاتی ئێمە سێ دەسەلات هەیە، دەسەڵاتی سەرۆکایەتی هەرێم، دەسەڵاتی پەرلەمان، دەسەڵاتی مەجلیسی قەزا، حەقە بۆ هەرسێکیان دیاری بکرێت، حەق نییە هەر کەسە بە ئارەزووی خۆمان بڵێین هەندێك ئەوە بکەین، سێ دەسەڵات هەیە خۆمان ئەوە بکەین، مادام دەبێت تەمەنی هەرسێکیان دیاری بکرێت، ئەگەرنا دەبێت کراوە بێت بۆ هەندێك، ناکرێت ئێمە بە کەیفی خۆمان بە هەندێك شت بڵێین باشە، بە هەندێك شت بڵێین خراپە، یان مەسەلەی ئەوەی سەرۆکی هەرێم، ئێمە ئێستا دەڵێین فەسلی سوڵتات دەکەین، ئەگەر سەرۆکی هەرێم هەر کەسێك بێت، لەگەڵ رێزم بۆ سەرۆکی هەرێم مەسەلە ئەوە نییە وا تەسەور بکەن، سەرۆکی هەرێم هەتا دنیا ماوە مەقصەدم ئەوە نییە کاك مەسعود، ئێستا وا تەسەور بکەن بڵێن مەقصەدم ئەوە، هەر کەسێك ببێتە سەرۆکی هەرێم حەقی ئەوەی نییە تەداخولی دەسەڵاتی سوڵتەی قەزائی بکات، ئەگەر سالێ بۆ درێژ کردەوە، مانای ئێمە چیمان کردووە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەمە، حەقە هەمووشمان لەگەڵ ئەوە بین (63) ساڵ ئیختیاری بێت حاکم خانەنشین بکرێت، ئەگەر هەر پێتان خۆشە تەمەن دیاری بکەن (70) ئیجباری بێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عومەر فەرموو، کاك محەمەد حەکیم نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر جار لێرە دەڵێن نوقتەی نیزامی هیچیش دەرناچێت، بەڵام من تێبینیەکم هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسەمان بە کاك عومەر بڕی گوتمان نوقتەی نیزامی هەیە، ئەگەر تێبینیت هەیە دوایێ ناوت دەنووسم، تەعلیق نابێت، دەبێت نوقتەی نیزامی بێت، فەرموو ناوت دەنووسم دوایێ قسە بکە، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەرەکانم زۆربەیان باسی میهنەی حاکمیان کرد، بە تەئکید جەنابی کاک نورالدین و کاک فاروقی وەزیر باشترو شارەزاترن لە میهنەی حاکم، میهنەی حاکم حەقیقەت میهنەیەکی عەمەلییە، نەك ئەکادیمی، یەعنی بە واتا ئەو حاکمەی کە زۆرتر مومارەسەی ئیشی قەزا بکات، خیبرەی زیاتر پەیدا دەکات، ئێمە با لەبیرمان نەچێت لە ماددەکانی پێشوودا باسمان لە تەحدید کردنی عومری حاکم نەکرد، باسمان لە حەددی ئەدنا کرد، حەددی ئەعلامان تەحدید نەکردووە، بە واتا حاکم لە هەموو عومرێکدا دەتوانێت تەعین بێت ببێت بە حاکم، کە بوو بە حاکم مەفروزە خدمەیەك تەقدیم بکات، مەفروزە بە قەدەر ئەو ئیمتیازات و حقوقەی دەدرێتێ تەقاعودییە، چەند سالێکیش بتوانێت خدمەی خۆی تەقدیم بکات، لەبەر ئەوە من پێم وایە عومری حاکم بۆ تەقاعودییەکەی بە دوو مەرحەلە تەحدید بکرێت، مەرحەلەی یەکەمی ئەگەر (65) سالْ نەبێت (63) سالێش بێت، بەلاْم بچێتە ئیختیاری هەروەکو جەنابی وەزیر باسی لەسەر کرد، من پێم وایە ئەوە رەئیەکی زۆر باشە (63) سالی بێت، بەلاْم بە ئیختیاری بێت، لەبەر ئەوەی عومری تەعینمان تەحدید نەکردووە، کەواتە با عومری تەقاعودیەکەش نابێت تەحدید بکەین، بۆ ئەوەی هەتاکو حاکم رەغبەتی خۆی هەبێت لە ئیشەکەی خۆیدا، بتوانێت بەردەوام بێت لە ئیشەکەی خۆیدا، بۆ نموونە ئێمە حاکمان زۆر هەبووە لە مەحکەمەی تەمییزی هەردوو ئیدارەی ئەوساکەو ئێستاش، بلێین ئەمسالی خوا لێخۆش بوو کاك رەشید، کاك حەمە صالح، کاك عەزیز کە نە ماون، ئەوانە هەمووی سەرووی حەفتاو پێنج سالێش بوون ئەدایەکی زۆر باشیشیان هەبوو، خاوەن خیبرەیەکی زۆر زۆر باشیش بوون، سوودیشیان زۆر بە قەزای کوردستان گەیاندووە، شەرت نییە حاکم بچێتە سەرووی شەست پەکی بکەوێت، بە پێچەوانەوە بە رەئی من حاکم چەند بمێنێتەوە خیبرە پەیدا دەکات و, ئیشی حاکم بەڕاستی فەسلە لە بەینی حەق و ناحەق، عەدالەت و ناعەدالەت، لەبەر ئەوە دەبێ پیاوێك بێت زۆر قالْ بوو بێت، زۆر شارەزا بێت، ئەم شارەزا بوون و قالْ بوونەش بەچی دێتە دی؟ بە مومارەسەی عەمەلی دێتە دی، لەبەر ئەوەی من پێم وایە (63) سالەکە بە ئیختیاری بێت، لەبەر ئەوەی عومری تەعینمان تەحدید نەکردووە، عومری تەقاعودیەکەش تەحدید نەکەین بە رەغبەتی خۆی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شێخ فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابت دەکەمەوە، من پرسیار دەکەم فەرق چیە لە بەینی موەزەف بەگشتی و حاکم، کە موەزەفێکی فەقیری بەستەزمان لە تەمەنی (63) سالیدا تەقاعود دەبێت، جا بۆیە هەموو ئینسانێك بە قەناعەتی خۆم وایە، کە عومر گەیشتە (60) تووشی کەم نەشاتی و تووشی کەسل و مەلەلێك دەبێت، بۆیە وا باشە ئێمە لە (63) سالیدا وەکو هەندێ برادەر باسیان کرد، من خۆم رەئیم لەگەلْ ئەوەیە

له (63) ساڵی ڕێگه بکرێتەوه بۆ تەقاعودی، بەڵام له (65) بەو لاوه ڕێگه نەدرێت زیاتر، بۆ ئەوەی ڕێگەی خەڵکانی گەنجیش بدەین وەکو هەندێ له برادەران باسیان کرد، بێن لەو ساحەیه, لەو مەکانه پیرۆزه دانیشن دەوری خۆیان ببینن، جا من ڕەئی خۆم وایه (63)، بەڵام ئەگەر هەر ناکرێت (65) ساڵەکه، بۆ ئەوەی ڕێگای خەڵکانێك نەگرین بێن بتوانن ئەو دەوره ببینن و, لەگەڵ ڕێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یا شێخ نوقتەی نیزامیت هەیه فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له دەستپێکا ڤه ماددەدا جەنابێته ئیشاره پێ کر، که چەند موقتەرەح هەی لەسەر عەمرێ (63) و (65) و (70) زیاتر، یان کەمتر، جەنابێته گوهەر دوو نەفەر پێ باخڤن سەر هەر سالا هەر یەکه یه دەقیقه، ئەڤه بۆ هەر سالەك، چارا، پێنجا پێ ئاخاڤا، ئەز دبێژم عیلاجێك بکه، پێویستی هەموو شتێك دەوری یەك شت خرڤه ببیت، ڤا موقتەرەحا بێخه دەنگدانێ و لێی خەلاس بین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس یا شێخ بۆ نوقتەکەت، بەڵام ئەو پێشنیارەی من قەبول نەکرا، داوایان کرد هەموویان قسه بکەن، پێشنیاری کاك فرسەتیش بوو، ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی به ڕەئی منەوه، من دەڵێم ئەو موقتەرەحەی لیژنەی قانونی هەر لەم ماددەیه زۆر باش چارەسەر کراوه، له (65) ساڵیەکه من لەگەڵیمه که ئەعلا حەد بێت، پێش ئەویش له بڕگەی سێ دەڵێت دەتوانێت بەر له تەواو کردنی عومری (65) ساڵیەکه داوای خانەنشین کردن بکات بە هەمان مووچەو دەرماڵەی جارانی خۆی، من لەگەڵ ئەوەمه وەکو زۆربەی برادەران، که ئەو دەسەڵاته نەدرێتەوه سەرۆکی هەرێم، هەر دەسەڵات له بارەی خانەنشین کردن نەدرێته هیچ لایەنێك، نه مەجلیسی قەزاو، نه سەرۆکی هەرێم، بەپێی یاسا چارەسەری بۆ بکرێت، بەڕاستیش هەندێك له برادەران که باسی خیبره دەکەن، هەموو سلکێك ئەگەر سەیری بکەیت، تا زیاتر تێدا شارەزا بیت بەپێی ممارەسەی ساڵانەی خۆی زیاتر ممارەسەی لێ پەیدا دەکەیت، بەڵام ئەوه نییه بەڕاستی ئەو قسەیەش لێره دەکەمەوه، خەڵکی ئێمه زۆر حەزی له کورسییه، زۆر زۆر حەزی له کورسییه، نەك لەبەر ئەوەی توانای خزمەتی هەیه لەسەر کورسیەکه دادەنیشێت، نەخێر هەر لەبەر ئەوەی که حەزی له کورسییه، زۆر جار لەسەر کورسیەکه دادەنیشێت ڕێگه له خەڵکی دیکه دەگرێت، که نێته سەر ئەو کورسیه، ئەو کورسیه ئیشغال نەکات، ئەمه بەڕاستیش بەو تەمەنەیه، که ئێمه حەفتا ساڵیەکه بۆی بەجێ بهێڵین، بەڕاستی ڕوحی موناڤەسه لەناو سلکی دادوەریش دەکوژین, ناهێڵین ڕوحی موناڤەسەکەش لەناوی دروست بێت، بتوانێت گەنجەکان بەرەو ئەو لایانه بڕۆن، جگه لەوەش بەڕاستی من خۆم له بیست و شەش ساڵی تەعین بووم وەکو مامۆستای جامیعه ماستەرم وەرگرت

تـەعین بـووم، لەبـەر نـەبوونی مامۆسـتا هەنـدێك جـار (36) وانـەم لـە هەفتەیەكـدا دەگوتـەوە، دائیمـەن حیسابی ئەوەم دەكرد، دەمگوت وای (37) ساڵی تر من دەبێت لەو حاڵەتە بم، بەپێی ئەو ئامارەی كـە كـاك ئیحسان بەیانی كـرد (59) ناوەنـد تەمـەن لـە لای ئێمـە، ئـەوە ئـەو حاكمـە، یـان هـەر لایـەنێك بێـت هـیچ خۆشیەكی لە ژیانی نەبینی، نەیتوانی دوو سـاڵ ئیسـراحەتی خـۆی بكـات لـە ماڵـەوە پـێش ئـەوەی بمرێـت، بەپێی قسەی جەنابیشت كە حەفتا ساڵ دیاریت كرد كە ناوەندی تەمەن بێـت، بـا ئـەو پێـنج سـاڵە بـۆ ئـەو بمێنێتەوە، لەو پێنج ساڵە ئەو هەموو خیبرەو شارەزاییەی كە وەرگرتووە بـا بتوانێـت لـە ڕێگـەی نووسـینی كتێـب، ئـەی كتێـب نووسـین بـۆ كـەی دەمێنێتـەوە، هـەموو شـارەزایان، هـەموو ئـەو مامۆسـتایانەی كـە لـە دەرەوەنە لە دوای تەمەنیان، كە كاتی مومارەسە كردنیان نامێنێت لە مـاڵ دادەنیشـن، ئـەو هـەموو خیـبرەو شارەزاییەیان وەرگرتووە لە ڕێگەی كتێب دادەڕێژن، بۆ ئەوەی لەبەر دەستی گەنجان حـازر بێـت، بـۆ ئـەوەی بتوانن سوود لە مومارەسەكەیان وەربگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مقیاسەكان جیاوازە، هەر یەكە لە تەجروبەی خۆی قسە دەكات، لە دیدو ڕۆشنبیری خۆیەوە قسە دەكـاتن و زۆر جاریش یەعنی بەڕاستی هەندێ جار ئەگەر دەنگیش ناكەیت نـاكرێتن، نـاكرێتن ئێمـە هـەموو پلەیـەك وەكو خـۆی تەماشـا بكـەین، جـارێ ئەگـەر شایسـتەی ئـەو پلەیـە بـێتن یـا ڕەبـی سـەد جـار موبـارەكی بێـت، پێویست ناكات باسیشی بكەین، ئەگەر شایستەی نەبێتن، ئـەوە ئسـلوبی خـۆی هەیـە بـۆ لابردنـی، ئیسـلوبی دیموكراتی هەیە، قەزا هەیە تەقیمی دەكات، سنفەكەی رادەگرێت پێشی نـەخاتن، ئێمـە نـاكرێتن مەسـەلەن دكتۆرێك ژیانی ئینسانی بێتە بەر دەست و ئەگەر دكتـۆرێكی بـاش بێـت ژیانەكـەی رزگـار دەكـات، نـاكرێتن حیسابی بكرێتن لەگەڵ فەرمانبەرێكی تر، یـەعنی دنیـا وا خوڵقـاوە، ئێسـتا دەبێـت لـە هـەموو كاتێكـدا بـیر بكەینەوە، ئەی فلان سنف ئەو جیاوازییە بە ڕۆژێك و دوو ڕۆژ جیا نەكراوەتەوە، تەبیعەتی ئینسان ئەوەی دەوێت، موجتەمەع جیایە، تەبەقاتە، وەزارەتی جیـاوازی هەیـە، قازییـە، دكتـۆرە، موهەندیسـە، هـەر یەكـە ئیشی خۆی دەكات، هەموو پێكەوە هین دەكەن، ئەو جیاوازییەی كە هەیە لەبـەر ڕۆشـنایی پلەكەیـەتی، كـە پێویست دەكاتن هەندێك شت وەكو دكتۆر و لێرەدا كە باسی قازی دەكەین لەوێ ژیانی ئینسانی بـە دەسـتە، لێرەش هەمان شت عەدالەتی دەدەیتە دەستی، بۆیە دەبێت تۆزێـك تایبەتمەنـدی بـدەیتێ، دوایـێ مەسـەلەن ئاماژە كرا مامۆستا یەكسەر كولیەی تەواو دەكات, یەكسەر دەبێتە مامۆستا، قازی ڕەنگە پـازدە سـاڵی بوێـت، دوازدە ساڵی بوێت، ئینجا دەبێتە قازی، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئیش ڤێرێ نوكە ئەز ڕێزم هەیە بۆ كاك عوسمانی گوت، هەر كەسك نابێـت ئـەڤ قسـە بكـات و ئەڤـە بكـات، ئەز بێژم ئەگەر ئازادی جیهانا مەفروزە پەرلەمانی ئەندام ئـازاد بێـت، هـەر قسـەك هـەبێتن بێـژیتن، هـەر یەكە ڕەئیا خۆ دیاری بكاتن، دی بزانین و دیڤ بۆچوونێت وی هەر بابەتێك هەبیت، راستە بەلكـەم هـەمی

ئیختیصاصیٚ هەر قانونێك، بەس هەر ئێکیٚ ئازادە، برادەرا گەلەك شیروكە مەوزوع دیار كرو تەوزیح كر دانیٚ گەل هەندیٚ گەل ئەز تەئیدی لیژنا قانونی دكەم بۆ (65) سالی عەمر بێتە تەحدید كرنیٚ، مادام هەر سلكەك هەبێتن ئیٚ عەمری هاتیتە كرنیٚ تەربیەو هەر جیهەتێك هەبێت، مەفروزە دادوەری ژیٚ ئەو سەقف نەڤە كری بێتن (65) سالٚ باشە، ئەم نەدەینە مقابیلی، ئەم بێژین ئەم سەح كردنی ئەڤ دەولەتا پێشكەڤیت سەح كرنا ئەوروپا، ئەم تەقلید بكەن، ئەم سەح كرنا شەخصیٚ خۆ زێدە زێدە وەستاینە، ئەم سەح كرنیٚ مەشێت سالی مەقابیلی وان وەكی سالی دیاری كرن، یەعنی جیاوازی هەیە، ئەز تەئیدەت دكەم بۆ (65) سالٚ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێمە لە زۆربەی مەیدانەكان پێویستمان بە گەنج هەبێت، بەلاٚم پێم وایە لە مەیدانی قەزا پێویستمان بە خیبرەی پیرەكان هەیە، زۆر جار خەبیرە پیرەكان چالاكترن لە گەنجەكان، ئێمەی گەنج خەوی بەیانیانمان گرانە، باوەڕ بكە ئەوان خەویان زۆر سوكتریشە، هەندێك جار پێشی ئێمە را دەكەن بۆ ئیشوكاریان، ئیختیارەكان ناخۆشترین شت ئەوەیە كە بیٚ ئیش بن، كە تەقاعود كرا زۆر لە لای ناخۆش دەبێت، بەلاٚم بۆ مەسەلەی پیرو گەنجی من تەماشای تەقاعود دەكەم لە دوو رووەوە، لە روویەكەوە كە تەقاعود ئەگەر مافێك بێت بۆ فەرمانبەر مافی خۆیەتی حەقە ئەو مافەی زوو بەكار بێنێت، بۆ خۆی داوا دەكات مافی خۆی زوو داوا دەكات، لەوانەیە (63) باش بێت، بەلاٚم رووەكەی تری ئەگەر وەربگرین، حەقی موجتەمەع و دەولەت لەسەر ئەو فەرمانبەرە، لەسەر ئەو دادوەرە، كە زۆر پێوە ماندوو بووە، كە پێی گەیاندووە كە موخەصەصاتی باشی بۆ داناوە، حەقە ئیشی زیاتر بكاتن، مادام لە توانایدا هەیە، بۆیە تەمەنی زیاتری بۆ دادەنێین، تەمەنی (65) بۆ دادەنێین لەگەلٚ ئەوەشدا ئمتیازاتی باش دانراوە بۆ ئەو قازیەی كە تەقاعود دەبێت، من پێم وا نییە قازیەكان سوور بن لەسەر كورسیەكانیان ئەگەر توانای تێدا نەمێنێت، ئیمتیازاتی باشی هەیەو، كە گەیشتە (63) سالی حەقی خۆی هەیەو داوای تەقاعودی دەكات، پێویست ناكات بترسێی لە دیاری كردنی عومرێكی سەرەوەتر، بەلاٚم لەبەر ئەوەی پێغەمبەر دەفەرموویٚت (د.خ) (لا يقضي القاضي حين يقضي وهو غضبان)، یەعنی حالەتی صحی و نەفسی قازی ئەوانە هەمووی زەرورە، جێی خۆیەتی مەجلیسی قەزا سالانە داوای فەحسێكی توبی بكات، مەسەلەن فەحسێكی ئیلزامی بۆ ئەو قازیانەی تەمەنێكی موعەیەنیان هەیە، ئەگەر دیتی لەو فەحصە توبیانە ناتوانێت ئەدائی واجبی خۆی بكات، ئەسبابی صحی تەواو نییە، دەتوانێت ئەو كات مەجلیسی قەزا بە بڕیارێك، ئەوجا لە تەمەنی حەفتا سالیدا، حەفتاو دوو سالیە، هەر كاتێك بە تەقریری توبی، یان بە تەقدیری لیژنەی مەجلیسی قەزا گەیشتە قەناعەت تەقاعودی پیٚ بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە ڕەئی کاك عوسمان و کاك عومەر دەکەم، بەڕاستی قازیەکانیش دێنە سلکی قیادەوە، ئێمە نە بۆ وەزیرو، نە بۆ سەرکردەکان و، نە بۆ ئەندامی پەرلەمان تەمەنی بەرزمان دیاری نەکردووە، بۆیە ئەوانیش سەرمایەی میللەتن، یان سەرمایەکن کە بۆ بەرژەوەندی گشتی ئیش دەکەن، ناکرێت تەمەنیان بۆ دیاری بکەین، لە ڕوویەکی ترەوە بۆ سەیری سوودی گشتی بکەین، ئێمە هەموو ئیمتیازە ماددیەکانیان دەدەینێ، پاش خانەنشینیش، بۆیە ئەو سوودی لەوە نییە، ئەگەر دەوام بکات، یان نەکات، مووچەو دەرماڵەکەی بەردەوام دەدات بە ئیختیاری بێت، ئەگەریش هەر ئیلزام بێت لە دوای حەفتا ساڵیەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد صالح فەرموو.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی سەرەتا دەبێت بڵێین ئەوە مەزندە دەکرێت، کە قازی لە کاری خۆیدا، بڵێ لە سی ساڵیەوە دەبێت بە قازی، بەحەقیقەت دەبێت زۆر خۆی ماندوو کرد بێت، بۆ ئەوەی کارەکانی وەکو پێویست، بۆ تەسبیتی عەدالەت، بۆ جێگیر کردنی عەدالەت کارەکانی ئەنجام دابێت، لەو بارەشەوە تەبعەن کاری قازی، یان ئەوەتە دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە، بۆ ئەوەی کە تەجریمی ئینسانێکی بەریئ نەکرێت، یان تەبریئەی ئینسانێکی موجریم نەکرێت (39) ساڵ پێم وا بێت ساڵانێکی زۆرە، ئینسان بە حەقیقەت چاك تیایدا ماندوو دەبێت، بۆیە من پشتگیری لە ڕەئی لیژنەی قانونی دەکەم لە (63) ساڵەوە ئیختیاری خۆیەتی، لە (65)یش حەدی نیهائی بێت بۆ تەقاعود کردنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد حەکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت منیش قسەم بکردایە هەر دەبووە نیزامی، یەعنی بەردەوام قسەم بکردایە، بەس ئیحتیرامەن بۆ جەنابت، چونکە قەناعەتم نەبوو نوقتەی نیزامی بێت، من ڕەئی خۆم دەڵێم پێش ئەوەی دوو تەعلیق بدەم، یەکەم/ ئەوەیە ئێمە لە ماددەکانی پێشتر هەم لە ستاندەر لاماندا بەراورد بە وەزارەتەکانی تر لەسەر

رەئی کاك حاکم نورالدین، هەم لە زۆر شتی دیکەدا، مەسەلەن رەئی ئێوەمان بە پەسند وەرگرت، ئەو ماددەیە لەوانە ئەوەتر بوو، کە رەئی ئەو وەرگرین و یەکسەر تەصویتی لەسەر بدەین، لەگەڵ رەئیەکەی لیژنەی قانونی، من لەم دواییە لێم تێکچوو، یەعنی پێم وا بوو باسی تەمەنی رەئیس حزبەکان کرا، یەعنی زۆری لێ دروست بوو، خۆ هەر تەمەنی دادوەرەکانە، نازانم بۆ وا هینی لێ دەرچوو، ئەگەر نازانم برایانی لیستی سەوزو زەرد بە ئامۆژگاری، بە برایانە لێم وەربگرن، بە حەقیقەت هەندێك شت کە دەبرێتە بابی هینی حزبییەوە، من دیقەتمداو حەزم کرد برایەك، یان خوشکێکی لیستی زەرد بڵێ حەفتا، برایەك، یان خوشکێکی لیستی سەوز بڵێ (65) نەبوو، یەعنی وەکو شتێکی حزبی لێ دێت، ئینسان نەختێك دڵی دەگیرێت، ئەگەر شتێکی بەسیت بکرێتە شتێکی حزبی و رەئیشم ئەوەیە، ئەو دوو رەئیە بخرێتە دەنگدانەوە، بگەڕێنەوە بزانن رەئی کاك حاکم نورالدین رەئیەکەی خۆی وت، لە زۆر شتی تریشدا ئێمە گەڕاینەوە سەر رەئی ئەوان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك محەمەد، خۆی من یەك شتت بۆ تەئکید دەکەمەوە، ئەوەندەی من بزانم هیچ تەوجیهێکی حزبی نییە، بۆ ئەوەی تەمەن هین بێت، رەنگە مەسەلەن من رەئیەیەك بڵێم، یەعنی مەکتەبی سیاسی بۆ دابنیشێت بڵێ دەبێت تەمەن ئەوەندە بێت، بەلآم رەئیەك بڵێم بەو ئیعتیبارەی کادیرێکی حزبیم، رەنگە وا تەسەور بکەن ئەوە رەئیەکی حزبییە، لەبەر ئەوە برادەرێکی تر قسە دەکاتن لە لیستی زەرد دایە وا تەسەور دەکاتن، ئەوەندەی من بزانم هیچ تەوجیهێکی حزبی نییە بۆ تەمەنەکە، بەلآم تەبعەن ئەندامانی فراکسیۆنەکان مونسەجیمن لەگەڵ یەکتری، رەنگە قسەیان لە بەینی خۆیان کرد بێت، رەئیەکیان تەوحید کرد بێت، ئەوە مەوزوعێکی ترە، بەلآم هینی حزبی نییە، بە هەر حاڵ کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا دەزانم کەوا ئێمە بەشێکین لە وڵآتانی جیهاندا، ئەو وڵآتانەی کەوا بەرەو پێشکەوتن دەچن لە بواری دادوەری و ئەکادیمیدا، هیچ تەمەنێکیان دانەناوە بۆ ئەو کەسانەی کەوا دەیانەوێت بە خواستی خۆیان درێژە بە خزمەت بدەن، بەتایبەتی لە بواری کار کردن لە دادوەری و لە ئەکادیمی لە زانکۆیەکاندا، پێویستە رێگا بەو کەسانە بدرێت، کەوا ئەزموونێکی زۆریان هەیە، کەوا توانایەکی زۆریان هەیە لە بواری ئەکادیمیدا درێژە بە خزمەتیان بدەن، لە زانکۆی سۆربۆن، پرۆفیسۆر مازۆرن باب و کوڕ پێکەوە مامۆستا بوون لە عەینی زانکۆدا بە بەردەوامیش دیراسات و لێکۆڵینەوەیان بلآو دەکردەوە، کاك عومەر ئاماژەی بۆ ناوی چەند دادوەرێك کرد، کەوا جێگای شانازین بۆ وڵآتەکەمان، بەتایبەتی خوالێخۆش بوو کاك رەشید و کاك صالح و ئەوان خوا دەست بە تەمەنیانەوە بگرێت، کە تا ئەو رۆژەی لەسەر کاردا مابوون، لە زۆر گەنجان باشتر بوون، من لەگەڵ ئەوە دام کەوا تەمەنی (65) ساڵ بکرێت بە تەمەنی خانەنیشین کردن بۆدادوەران ئەوەی ئارەزووی هەیە، بەلآم با دەسەلآتیش بدەین بە ئەنجومەنی دادوەری، بۆ ئەو دادوەرانەی

کەوا ژمارەشیان زۆر زۆر کەمە، گەیشتۆنەتە پلەی سەرەوە، بتوانن درێژە بە خزمەتیان بدەن، تاکو ئەو ماوەی کەوا دەتوانن خزمەت بکەن، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر ناصح فەرمووە.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە تەئکید خانەنشین کردن شتێکی خۆش نییە، پێم وایە زۆرینەی هەرە زۆری خەڵك حەزی لێ نییە خانەنشین بکرێت لە کاتی خۆیدا، لەبەر ئەوە بۆیە راو بۆچوونی جیاواز هەیە لەبارەی ئەم بابەتە، بۆ ئەوەی دیسانەوە نەڵێن دوو کوتلە رەئی زۆربەی خەڵك کە ئەندامانی پەرلەمان رەئی دوو کوتلەیان گوت، من پشتگیری لە رەئیەکەی کاك تەڵعەت دەکەم، ئێستا رەئیەکەی خۆشم بە بەڵگە باس دەکەم، جارێ رۆژانە حاکم، دادوەر چەندین کێشە دێتە بەر دەستی کە چارەنووسسازن، دەبێت بڕیاری لەسەر بدات، بێگومان ئەم جۆرە کێشەو بڕیار دانەش کاریگەریەکی زۆری دەبێت لەسەر ئەو دادوەرە، تەنانەت کاریگەری دەبێت لەسەر، یەعنی ماندوو بوونێکی زۆری بۆ پەیدا دەبێت، چ ماندوو بوونی فیکری بێت، چ ماندوو بوونی جەستەیی بێت، بۆیە من پێم وایە بە پێچەوانەوە پێویستە زووتر ئێمە فریای کەوین و هاوکاری بین، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو تەمەنەی کە دیاری کراوە، ئەگەر خوا عومری درێژ کرد چەند ساڵێکیش بحەسێتەوە، بۆیە من لەگەڵ (63) ساڵەکەم، دوو، سێ برادەری تریش باسی (63)یان کرد، بەلاّم باسی ئەوەیان کرد کە ماندوو دەبن، ڤیان خان بوو، مامۆستا مەلا سەعدەدین بوو، کاك شەوقی بوو، خەمان خان دەڵێت ئێمە دەبێت رێز لە بڕیاری پەرلەمان بگرین ساڵی 2004 بڕیارماندداوە کە تەمەنی خانەنشینی دادوەر حەفتا ساڵ بێت لەگەڵ رێزمدا بۆ ئەو بۆچوونەی، باشە ئێمە لە هەمان ساڵدا بڕیارماندا تەمەنی مامۆستاش (68) ساڵ بێت، بۆ کردمان بە (63) ئەگەر رێزلێنان بێت لە یاسا، من پێم وایە ئەمە هیچ عیلاقەیەکی نییە بە رێزلێنان لە پەرلەمان، ژیان زەحمەت بووە، ئێمە نابێت بەراوردی ئەوە بکەین خەڵك لە ئەمریکاو لە کەنداو لە وڵاتانی ئەوروپا چۆن دەژین و هین دەکەن، بۆچی بۆ ئیمتیازاتەکان ئێمە خۆمان بەراورد ناکەین لەگەڵ ئەوروپاو لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو، بەلاّم بۆ تەمەنەکە خەریکین بەراوردی دەکەین لەگەڵ ئەوان، دادوەری دادگای نێودەوڵەتی نۆ ساڵ دادوەرە، ئینجا کە تەقاعود دەبێت نیوەی مەعاشەکەی وەردەگرێت بۆ ئاگاداری، ئەگەر زۆر زۆر بەتواناو لێهاتوو بوو پێویست بوو جارێکی تر بۆ نۆ ساڵ تەمدیدی دەکەن، ئینجا 75٪ ئیمتیازاتی دەدەنێ، ئێمە لێرە نەك پەنجا لە سەدا، ئێمە 100٪ ئیمتیازاتی دەدەینێ لە رووی ئیمتیازاتەکەوە، من لەوانەیە زۆر گلەییم نەبێت ژمارەکەیان کەمە، هیچ موشکیلەیەك نییە، با ئەو ئیمتیازاتانەیان بدرێتێ، بەلاّم لە رووی تەقاعودییەوە، من پێم وا نییە ئەوە دروست بێت (63) ساڵ زۆر زۆر لە جێی خۆیەتی، کە جێ بەجێ ببێت، بەلاّم من مەرجیشم هەیە لەگەڵ ئەوەدا، نەك تەنها (63) ساڵ بێت، دەبێت بە مەرجێك پازدە ساڵ خزمەتی دادوەری هەبێت، ئێمە راستە سی دوو ساڵ، سی ساڵمان لێرە

دانا، بەڵام دیاریمان نەکردووە، لێرە دەتوانین دیاری بکەین، بە لایەنی کەمەوە دەبێت پازدە ساڵ خزمەتی دادوەری هەبێت، ئینجا خانەنشین بکرێت، مانای وایە دەتوانێت لە (48) ساڵیش ببێت بە دادوەر، ئینجا لە (63)ساڵیدا تەقاعود بێت، باسی ئەوە کرا ئێمە بۆ سەرۆکەکان و ئەوانە تەمەنمان دیاری نەکردووە، دادوەر فەرقی هەیە، هەتا ئەندام پەرلەمانتارێك دەتوانێت راوێژکاری هەبێت، دادوەر ناتوانێت راوێژکاری هەبێت، دادوەر خۆی قەرار دەدات، کە قەراریدا دادوەر دەبێت لە هەموو روویەکەوە ئامادە باش بێت بۆ ئەوە، ئەگەر ئەو دادوەرە پێویستی کرد لە (63) ساڵی تەقاعود بوو، فیعلەن دادوەرێکی باشەو لێهاتووەو پێویستیمان پێ هەیە، دەتوانین عەقد بکات، با گرێبەست بکات، بۆیە من لەگەڵ (63)یەکەم نە زیادو، نە کەم، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەم یاسایە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە بە (65) ساڵ، بەڕێز جەنابی وەزیر کە رێزم بۆی هەیە، کە ئەندامە لەو ئەنجومەنە کەچی لێرە لە جیاتی دیفاعی لێ بکات، بە پێچەوانەوە پێشنیارێکی تری خستە روو، بەنیسبەت لیژنەی یاسایی زۆر بۆچوونەکەیان لەجێی خۆیەتی زۆر دروستە کە بە زۆرینەی دەنگ وەریانگرتووە، بەپێی ئوصولی لیژنەکان و دەنگدان و پرۆسەی دیموکراتی هەموو ئەو بەڕێزانە پێی پابەندن و پشتیوانیان لە (65) ساڵەکە کردووە، بەنیسبەت تەمەن لەڕاستیدا لەگەڵ رێزم بۆ بیرو بۆچوونەکانی ئەو بەڕێزانەی کە بیرو بۆچوونی جیاوازیان هەیە، جێگەی رێزە، بەڵام تەمەن تەئسیری گەورەی هەیە لە دادوەر، تەئسیرێکی زۆر بەقوەتی هەیە لەوەی ئەو ئینسانە تا چ تاقەتێك دەتوانێت قەرارێکی دروست بدات، عومر شەرم لە کەس ناکات، بەدەنی ئینسان چەند ساڵە بچێتن تاقەتی فیکری و بەدەنی کەمتر دەبێتن، وردتر نابێتن، لەوانەیە چەند کەسێك ئیستیسنا دەربچن، هەتا نۆەت ساڵیش تاقەتیان هەبێتن، بەڵام بە عام بە زۆرینەی لەو ستاندەردە دەردەچن، توانای بیر کردنەوە، توانای بەسەرداچوون، ئەمە هەمووی قابیلیەتێکی باشی دەوێت، کە باسی جاران کرا حاکم کەم بوو، خەڵکی پسپۆرو زانا کەم بوو، بۆیە مەجبور بووین بهێڵن و هەوڵ بدەن و بمێنن، تاکو ئیستیفادە لە خیبرەیان بکەن، بەنیسبەت ئەوروپاو کوردستانیش بەراورد نەکرێت لەگەڵ یەکتری، ئەوانە لەبن چاودێری پزیشکی باش و پەروەردەی بەدەنی باشن لە زۆر رووەوە، گەلێك گەلێك فەرقیان هەیە لەگەڵ ئێمە، ئێمە لەو وەزعەی کە تیاین بەڕێزتان هەمووتان لەبەر چاوتانە، لە چ وەزعێکی ژیان دەژین، هەتا خواردنەکان، لەم پەرلەمانە پێش چەند رۆژ باسمان کرد، کە نیوەی دەرمانەکان ئێکسپایەرە، نیوەی خواردنەکان ئێکسپایەرە، ئینجا لەناو ئەم گێژاوەو لەناو ئەم موحیتە ئاڵۆزە، ئینجا سەیر بکە ئەو پەروەردەیەی بەدەنی ئەو ئینسانە روحی و نەفسی و توانای فیکری چەند دەمێنێت کە عومری بگاتە حەفتا ساڵ، بەنیسبەت گەنج، ئێمە

نابێت گەنجی لە بیر بکەین، خەڵکێکی زۆرمان ئەمڕۆ خوێندنی یاسا تەواو دەکەن، وەکو بەڕێزتان بڕیارتاندا لە سی ساڵی حەقیان هەیە بچنە ئەو مەجالە، بەڵام لە عەینەن کات لەو سەرەیانەوە دەگرین ناهێڵین و فلتەرەکە لە ئاخیریەوە بۆیان دادەنێین، بۆیە ئەوانیش حەقیان هەیە جێگای باشیان هەبێتن و مەجالی باشیان هەبێت، خزمەتێکی زۆر گەورەشە بە دادوەران کە بەو عومرە گەورەیە بە ئیمتیازاتیانەوە بڕۆن تەقاعود بن و دابنیشن، هیچ لە ئیمتیازاتی کەم نەکراوەتەوەو ئیحتیرامەن بۆ شەخصیات و بۆ خەبات و بۆ خزمەتی لە مەجالی قەزا، ئەو مەجالەی پێدراوەو پیرۆزی بێت، بەڵام ماڵەکەشی و خێزانەکەشی ئیحتیاجی پێیە، لە جیاتی ئەوەی بەیانی تا ئێوارە لە دەوام بێت و شەویش تا بەیانی کاغەز بخوێنێتەوەو شەتب بکات و مولاحەزە وەربگرێت، لەگەڵ خێزانەکەی ژیانێکی بەختەوەر بباتە سەر، بۆیە من پێشنیار دەکەم لە شەرقیش نوقتەیەکی تر ماوە بە حەقیقەت هەندێك برادەر ئاماژەیان پێ کرد، هەندێك من ڕێزم هەیە ناڵێم ئەو حاکمە بەڕێزانەی ئێمەی ئەمڕۆی کوردستان، بەڵام باوەڕ بکەن هەیە یاسینیشی بخوێنرێت، ئەگەر نەختێك تاقەتی بێتەوە، دەیەوێت بڕواتەوە سەر کورسیەکەی، بۆیە ئێمە دەبێت هاوکاری ئەو بەڕێزانە بین بە ئیحتیرامەوە ژیانی تەبیعی خۆیان ببەنە سەر، بۆیە من پێم وایە عومر تەحدید بکرێت بە یاسا، نەیخەینە بەر ڕەحمەتی ڕەغبەتی خۆی، یاخود ڕەغبەتی مەجلیسێکی تر، کە ئیحتیمالە یەکێك ,کەسێکی تری هەبێت بمێنێت، یەکێك کەسێکی هەبێت نەتوانێت بمێنێت، بۆیە بە قانون لە پێش ئەو حاکمە بەڕێزەش مەعلوم بێت لەم حەددە ئیتر بۆ خۆی دەڕوات بۆ ژیانی تەبیعی خۆی بە ڕێزو ئیحتیرامەوە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم لە (65) ساڵ زیاتر نەبێتن و هیچ مەجالی هیچ تەرفێك نەبێت، بۆ ئەوەی تەمدید بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە قسەیان کرد، بەڕاستی یەعنی ڕەئی جۆراوجۆر هەیە بە حەقیقەت موختەلیفن، ئەو ئیختیلافەش هیچ شتێك حەسمی ناکات غەیری دەنگدان نەبێتن, زۆرینەو کەمینە، ژمارەیەك لە ئەندامانی بەڕێز ئاماژەیان بە (63) ساڵدا، ژمارەیەکیش (65) ساڵیاندا، ژمارەیەکیش (70) ساڵیدا، بە تەفسیلاتەوە، کە دەڵێت (63) کۆمەڵێك قسەی بەدواوەی دەکرا، کە دەڵێت (65) ساڵ هەروا، کە باسی حەفتاش دەکرێت بەو شێوەیە، تەبعەن ڕەئی لیژنەی قانونی پێشنیارەکەی وا کردووە لە (65) بێتن و دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمیش، یەعنی کەس بۆی نەبێتن زیادی بکات، زۆر لە برادەران کە قسەیان کرد، هەتا کە هەندێکیان گوتیان (63) ساڵ, هەندێك گوتیان دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمی تیا بێت بۆ زیاد کردنی، هەندێکیش گوتیان دەسەڵاتی ئەنجومەنی قەزا هەبێتن بۆ زیاد کردنی تا حەفتا ساڵی، لە (65)یش ژمارەیەك ئاماژەیان پێ کرد، کە دەسەڵاتی ئەنجومەنی قەزا هەبێتن بۆ زیاد کردنی، هەندێکیشیان وتیان حەفتا ساڵ بێتن، لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە بە دەنگدان حەسمی بکەین، یەکێکیان تەمەنەکەی، دووەمیش/ کێ دەسەڵاتی زیاد بوونەکەی هەیە، یەعنی زیادی بکەین، ئەوەڵ جار تەمەنەکەی تەسبیت دەکەین پێم باشە، کاك حاکم فاروق قسەت هەیە فەرموو.

**بەڕێز فاروق جميل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها تەعلیقێکم لەسەر قسەی برای بەڕێزم کاك دکتۆر کەمال هەیە، دەڵێ بۆ وەزیر ئەو مەشروعە لە ئەنجومەنی قەزائی هاتووە، ئەو وەختە بەخۆی لەوێ بووە سەرپەرشتی بە ئیعتیبار مـن رەئیسی لیژنـەی قانونی ئەنجومەنی وەزیران، چۆن من ئەوەم کردووەو ئێستاش دیفاعی لێ دەکەم، دیارە جـەنابی ئاگای لـێ نییە ساڵێك زیاترە هاتۆتە پەرلەمان لە مانگی حەوتی ساڵی 2006ەوە هاتووە، ئـەو لیژنـەی قانونیـەی لـە ئەنجومەنی وەزیران دانراوە کە من سەرۆکایەتی دەکەم، پاش یەکگرتنەوەی وەزارەتـی داد بـووە، واتـا پاشـی مانگی دوو, ئەو مەشروعە ساڵێك و قصور پێشی ئێستا لـە لایـەن سـێ، چوار دادوەر دانـراوە دایانـە بـەڕێز رەئیسی وزەراو جێگری لـەو کاتـەوە کتـابێکی رەسمـی هـاتووە بـۆ پەرلـەمانی کوردسـتان، بـەڵام دیـارە ئـەو وەختی پێیان پێویست نـەبووە بیگـۆڕن، بـەڵام ئێستا لەبـەر هەنـدێ مەسـائیلی دیکـە، پێویسـت ناکـات مـن لەبـەردەم پەرلـەمان لەبـەر چ غایەیـەك ئـەو قانونـە هاتـە گـۆڕێ ,کـە پـاش ئـەوەی سـاڵێك لـە پەرلـەمان کەوتووەو باس نەکراوە، بەڵام حەز دەکەم جەنابی بزانێت من تەئیدی ئەو مەشروعەم نەکردووەو ئاگاشـم لێی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەیەی کە هاتووە لە لایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە هاتووەو دەسەڵاتی دادوەری خۆیان ئەو پرۆژەیان ئامادە کردووە بە رێگای ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ ئێمە هاتووەو جەلسەی پێشتریش تەفاسیلمدا بۆ تـاخیر بووە، ئەسبابی تاخیر بوونەکەی مەعلومە، ئەوە یەك.

من حەزم دەکرد و تەماشام دەکرد، ئەوەند دیفاع لە درێژ بوونـەوەی تەمـەنی حاکمـان دەکـرد، ئەوەنـدە دیفاعمـان لـەو مەعهد قەزائیـە کـرد بوایـە، ئێمـە سـوڵتەی قـەزائی خۆمـان تێکماندایـە، ئێمـە لـە قـانونی وەزارەتی داد مەعهد قەزائیمان دانا، حەق وایە ئێمە فشار بخەینە سەر حکومەت بە زووتـرین کات قـانونی مەعهدی قەزائی پەسند بکاتن، بۆ ئـەوەی ئێمـە بتـوانین نەوەیـەکی قـەزائی تـازە دروسـت بکـەین دوور لـە سیاسـەت و حزبایـەتی، ئەمەیـە ئاینـدەی قـەزائی و ئەمەیـە چەسـپاندنی سـەربەخۆی قـەزا، ئـەوەی کـە روویداوە بەڕاستی هەمووی بە خۆمـان تێکمـان داوە، مەسـەلەکەی عومرەکـە دێـتن، راسـتە عومرەکـە سـاڵی 2004 گۆڕانکاری بەسەر عومرەکەی داهات، ئێمە ئەمڕۆ بەرەو ساڵی 2008 دەڕۆین زۆر تەبیعیـە ئـەمڕۆ رەئیەکی تر هەبێت، قانونی سوڵتەیەکی قەزائی تر هـەبێت بـە روانگەیـەکی تـر تەماشـای قـانونی سـوڵتەی قەزائی بکەین، ئێمە لە لیژنەی قانونی ئەو مەوزوعەمان زۆر موناقەشە کرد، لە ناحیەی عومرەوە فیعلەن ستاندەرد، ستاندەردێکی عالەمی نییە، بەڵام دەبێت ئێمە تایبەتمەندی خۆشمان بزانین، لـە عێـراق قـانونی خدمەی قـەزائی نییـە، ئـەوەی کـە ئیعتیمـادی لەسـەر دەکـەین قـانون خدمـەی مەدەنییـە، قـانون خدمـەی

مەدەنیش لەسەر ئەساسی (63) ساڵ دانراوەو ئێستاش لە بەغدا عومری قازی لە (63) ساڵ یەك رۆژیش تەجاوز ناکات، بەگوێرەی قانونی ئەو قانونەی کە ئێستا دانراوە، ئێمە گوتمان مام ناوەندیەکە وەربگرین (63)یەکەی بەغدا وەرنەگرین، ئێمە (65)ەکەی وەردەگرین، رەنگە (65)ەکە عومرێکی موعتەدیل بێت، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە بەڕێزان من لەناو حاکمەکان بوویمە لەناو ئیجتیماعەکەش قسەیەك گوترا، کە ئێستا بۆ ئێوەی بەڕێزی دەگێڕمەوە، بە ئێمەیان گوت عومری حاکم وای لێ نەکەن، وای لێ بێت لە مەحکەمەوە بۆ مەقبەرە، ئەوە قسەی حاکمەکان خۆیانە، ئەوەیان بە ئێمە گوتووە، بۆیە دوای گەلاڵە کردنی ئەو مەعلوماتە، ئێمە هاتینە سەر ئەو قەناعەتە ئەو عومرەی وا لێ بکەین، مەسەلەی ئیستیئناف و تەمییز، خۆمان لە حاکمەکان گوێمان لێ بووە، دەڵێن ماوە بە ئێمە نادرێت بەرەو پێش بڕۆین، بەڵێ ئەمڕۆ من لە محاکمی دنیامە، لە بیدائەمە، سبەی توموحاتم هەیە وەکو هەر فەرمانبەرێکی تر بچمە ئیستیئناف، لە ئیستیئنافم ماوەیەك مامەوە لەوێ، توموحاتم هەیە بچمە تەمییز، ئەگەر ئێمە عومرەکە زیاد بکەینەوە، ئەو مەجالە بەس دەبێت بۆ ئەوەی نەتوانرێت ئەوانە بە پلەی گەورەتر بڕۆن هەر ئینسانێکیش توموحاتی هەیە، بەنیسبەت حەددی ئەعلا، حەددی ئەعلا لە پرۆژەکەدا هاتبوو، لێرە لە پەرلەمانی کوردستان کە لە (40) ساڵ زیاتر نەبێت، لیژنەی قانونی گوتی حەددی ئەعلاکەی (45) ساڵ بێت، بەڵام دەنگی نەهێنا، ئێمە زەرەرمان نییە، ئەوەش مانای ئەوە نییە لە قانونەکەدا نەهاتووە، مەجلیسی قەزا نەتوانێت حەددی ئەعلایەکە دانێت لە قانونی پێشتر ئەو حەددە نەبووە، بەڵام بە قەرارێکی مەجلیسی قەزا ئەو قەرارە تەسبیت کرا, بوو بە پەنجا ساڵ، دیارە کراوە، من بە حەقیقەت ئەوەندە دەڵێم، دەڵێم دەسەلاَت خۆشەو هەر کەسیش حەزی لە دەسەلاَتە، بەس خوای تەبارەك و تەعالە لە قەوانینی سەماوی حەددی بۆ ژیان داناوە، بە هەمان شتیش قەوانینی وەزعی زۆر تەبیعییە حەددێك بۆ تەقاعودی دابنێت، حەق وایە حاکمیش ماوەیەکی زۆر باشی هەبێت، بۆ ئەوەی ئینصراف بکات، بۆ ئەوەی لەو تەمەنە درێژەی کە لە قەزا رایبواردووە، بچێت تەمەنێکی تر رابوورێت لەناو ماڵ و منداڵی خۆی بە گوزەرانێکی خۆش ، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، رێگا دەدەم بە کاك کەریم وەکو لیژنەی قانونی، چونکە گوتیانە ئەکسەریەتە، بۆ ئەوەی ئەقلیەتەکەی لیژنەی قانونی رەئی بدات.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێت ئەو بۆچوونە راست بکەمەوە، کە لە تەقریرەکەش هاتووە، زۆرینەی ئەندامانی لیژنە لەگەڵ ئەوە دابوون لە (65) ساڵ زیاتر بێت، یان کراوە بێتن، یان حەفتا ساڵی بێتن، هەر لێرەدا ئەو ئەندامانە زۆرینەیان لێرەدا ئەو رایەیان دا، زۆرینەی ئەندامان کاك زانا، کاك دلێر، من، کاك تارق، دکتۆر نوری هەر

پێنجمان، نۆ ئەندام کۆبووینـەوە لـەو نـۆ ئەندامـە پێنجی لەگـەڵ ئەوەدانـە زیـاد بکرێـت، چـواریان لەگـەڵ ئەوەدانە (65) بێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە هەر حاڵ زۆرینەو کەمینەی لیژنەی یاسایی لێرەدا کۆتایی پێ هـاتووە، موناقەشـە تـەواو بـووە، یەکـەم/ تەحدیدی تەمەنی تەقاعودییە، یەعنی تەصویتی بۆ دەکەین.

دووەم/ تەصـویت بـۆ ئـەوە دەکـەین، پاشـی ئـەو تەحدیـدە، پاشـان نەتیجەکـە دەزانـین، ئایـا حـەقی ئـەوەی هەبێت سەرۆکی هەرێم، یان مەجلیسی قەزا تەمدیدی بکاتەوە، یان نا، چ صیغەیەك، یەکەم جار تەمەنەکە تەحدید دەکەین، تەمەنەکەش وەکو ئیتیفاقمان کرد لە سەرۆکایەتی یەکەم موقتـەرەحی کـەمترین تەمـەن دەیخەینە دەنگدان، یـەعنی (63)، دوایێ ئەگـەر سـەری نـەگرت (65)، ئەگـەر سـەری نـەگرت (70)، بـەڵام ئەگەر کامەیان سەری گرت، ئەو وەختی هین دەکەین، کێ لەگەڵ ئەوەیـە تەمـەنی خانەنشـین کردنـی قـازی (63) ساڵ بێتن دەستی بەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، نـەخێر جەبرییـە، کـێ لەگـەڵ ئەوەیـە تەمـەنی قـازی (63) بێت، کاك فرسەت وەکو ئەوەی تەجروبەی زیاتری هەیە گوتی لە کەمترین تەمەن دەست پێ دەکەین، لەبەر ئەوەی لە تەمەنی (63)یەکە دەست پێ دەکەین، دوایێ (65)، دوایـێ (70)، نوقتـەی نیزامییـە کـاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(63) هەر تەئیدی (65)ە، تەمەنی (65) و (70) بدرێت تەواو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر وا نییە، فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بیدایەتی کاك شێروان داوای ئەوەی کرد، کە ڕەئی لیژنەی یاسایی لەبەر چاو بگیرێت، حەقـە هـی ئـەوان بدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لێرە قەرار دەدەین کاکە، لێرە سەرۆکایەتی قەرار دەداتن، ئەی بۆ دەیدەینە موناقەشـە، خـۆ ئەگـەر وا بێتن لیژنەی قانونی چی دەڵێتن دەیدەینە دەنگدان و تەواو، کە بووە موناقەشەو قسەتان لەسەر کرد، ئێمە لێرە ئیشمان ئەوەیە چاومان لە هەمووتانە تەقیمی بکەین، بزانین چ موقتەرەحێکی تازە هەیەو چی قەرار بدەین، لیژنەی یاسایی موقتەرەحی خۆی هەیـە، ئەگـەر بیدایەتەکـەی قسـەتان نـەکرد بوایـە، ئـەوە دەخـرا دەنگدانەوە، کە هەمووتان قسەتان کردو داواتان کرد، سێ پێشنیار هاتۆتە پێشەوە، یەکێکیان ڕەئـی لیژنـەی قانونییە، کە (65)ەکەی داوا کـردووە، یـەکێکیان (63)یـە، یەکێکیشـیان حەفتایـە بـە عـام، قسـەش لەسـەر

ئەوەی کرا لیژنەی یاسایی دەڵێ حەزی دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم بکرێت، لێرەدا هەندێك ئاماژەیان پێ کرد سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی هەبێت تەمدید بکات، هەندێکیان وتیان نەخێر، ئەو دەسەڵاتە بدرێتە ئەنجومەنی قەزا، بۆیە ئەو مەسەلەی دەسەڵاتی تەمدید کردنەکە بە جیاواز دەنگی بۆ دەدرێت، ئێستا تەصویت تەنیا بۆ تەمەنی خانشین لە کێ دەست پێ دەکات، یەعنی جەبری، لە یەکەمەوە دەست پێ دەکەین چوار، پێنج ئەندام زیاتریش قسەیان کرد، کە دەڵێت لە تەمەنی (63)ساڵی بێتن، ئەوە ناکرێت هەر دەقیقەیەك قسەیەکتان هەیە، کێ لەگەڵ ئەوەیە تەمەنی خانەنشینی دادوەر (63) ساڵ بێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ (63) ساڵی ئیجبارییە، ئەوە سەری نەگرت، ئێستا تەمەنی (65) ساڵیەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە تەمەنی خانەنشین کردنی قازی (65) ساڵی بێتن ئیجباری دەستی بەرز بکاتەوە؟ (45) ئەندام لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ ئەوەدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ ئوصولی دەنگدان (63) ساڵیەکە دەنگمان بۆدا چوار، پێنج کەس دەنگیان بۆ دا، ئەوە مەحسوم بووە، ئەو دەنگی نەهێناوە، (65) ساڵەکە (45) کەس دەنگی بۆدا قاعەکەش لە هەشتا کەس زیاترن، بزانین ئەو دەنگدانەکەش زۆرینەیە، یان کەمینەیە، هەندێك هەیە بێ دەنگە، بۆیە لەبەر ئەوە دەبێت بزانین کێ لەگەڵ (65)ەکەیە، یان نا، ئەو وەختی دەچینە سەر حەفتا ساڵیەکە، کێ لەگەڵ ئەوەدا نییە تەمەنی خانەنشینی (65) ساڵ بێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ (40) کەس لەگەڵ دا نییە، کەواتە (65)ەکە دەنگی هێنا، چونکە (40 بە 45)ە، حەقی خۆیەتی، دەتوانێت دوو جار دەنگ بدات، هەر کەسێك لە (63) دەنگی دابێتن، دەتوانێت لە (65)یش دەنگی بداتن، تەبیعییە، بەڵێ کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ئیلتیباسێکی دروست کرد، دەبوایە بتگوتبوایە کێ لەگەڵ حەفتا ساڵیە، بەڕاستی هەندێك دەنگیان نەدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئێمە قەرار دەدەین کاك عوسمان، ئێمە گوتمان لە کەمترین تەمەن دەست پێ دەکەین، موفتەرەحاتی جیاوازم کرد، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێوە سەرۆکایەتی قەرارتاندا (63)و (65)و (70) بخەنە دەنگدانەوە، پێویست بوو دەنگدانەکە وا بێت، مەسەلەی کێ لەگەڵ (65) نییە، ئیلتیباسی دروست کرد، بۆیە داوا دەکەین (65) و (70) بخرێتە دەنگدان، ئەوەکەی تریان دەنگێکی زیاد بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قاعیدەی دنیا لە هەڵبژاردن، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەنگم لەگەڵ هیچ شتێك نەدا، لەبەر ئەوە من پێشنیاری ترمان هەبوو، (65) ئیختیاری بوو، حەفتاش ئیجباری بوو، ئێستا (65) بوو بە ئیجباری، یەعنی ئیختیارەکە نەما لەو بەینە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو موقتەرەحەی جەنابت تەنیا دوو کەس گوتی، لەبەر ئەوە نەبووە موقتەرەح، ناکرێتن هەر شتێك نوقتەی نیزامی، فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوەتی دەنگدانە، ئێمە ئەوەمان نەکردووە، کێ لەگەڵ ئەمەیەو، کێ دژیەتی، جا سێیەم پێشنیار بخەینە دەنگدانەوە، ئەمە یەکەم جارەو تازەیە ئەم شێوە دەنگدانە، بۆیە داوا دەکەین حەفتا بخرێتە دەنگدانەوەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە موشکیلە نییە، ئەگەر حەسم نەکرا بوایە، ئەگەر (63) حەسم کرا بوایە، (65)یش نەدەخرا دەنگدانەوە، ئەگەر لە حەفتاش دەستمان پێ کرد بوایە، دیسان (63) نەدەدرا دەنگدان، مەعقول نییە، تۆ حەقت هەیە لە هەر سێ موقتەرەحەکە رەئیت بگۆڕیت، بەلاّم مەعقولە لە هەر دەنگدانێکدا رەئیەك نەوعێك بێت، ئەوە مەنتیقە، کە لە (65)دا چل کەس دەنگیدا لەگەڵی نییە، چل و پێنج کەسیش لەگەڵدایە، دەنگدانەکە بوو، حەفتایەکە عەینی شتە ناکرێتەوە، بەلاّم لەوێ حەسم کرا، ناکرێت بچینەوە سەری، تەواو حەسم کراوە، حەقی خۆیەتی دەنگی نەداوە کەیفی خۆیەتی، کێ دەڵێ دەنگی نەداوە، موقتەرەحێکتان هەیە دەنگی نەهێناوە، مانای ئەوە نییە، دابنیشین تەعن لە دەنگدانەکە بدەین، خۆم دەنگم دابوو, دژی (65)ەکەی خۆم دەنگم دا، دەنگی خۆشم ژمارد دژی (65)ەکە، لەگەڵ دەنگی خۆم بووە چل، بە مانای ئەوە نییە کە دەنگم نەهێناوە، من پێم وایە ئەوەی خۆشمان کردمان تەحەمولی مەسئوولیەت دەکەین، حەز دەکەن لە هەموو دنیادا بپرسن، ئەوەی کردوومانە راستە، یان لە حەفتا دەست پێ دەکەین، یان لە 65 کامیان زۆرینەی هێنا ئەوە حەسم دەبێتن، ناکرێت برادەر، رەئیەك کە دەنگی نەهێنا، نابێت فەرزی بکەیت بە توروق و هین و ئەوانە، ئەوە هەردوو حاکم لێرە دانیشتوون رەئیان جیاوازە، بەلاّم بەو تەریقەیە حاکم نورالدین وەکو حاکمێك، وەکو دادوەرێك داوات لێ دەکەم، بەم دەنگدانە تەعن لێ دەدەیت، یان نا، فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی خیلاف لە بەینی (65) و (70)یەکە بوو، یەعنی (65) بوایە، یان حەفتایەکە، بەڵی تەریقەی دەنگدان لە (65)ی هێنا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوە حاكمیش رەئیدا، دەڵێ هینەكە تەواوە فەرموو، ئێستا دەمێنێتەوە سەر ئەوەی سەرۆكی هەرێم لیژنەی قانونی دەڵێ حەزف بكرێتن، زۆر رەئی گوترا، كە سەرۆكی هەرێم دەسەلاتی هەبێت بۆ ئەوەی تەمەنەكەیان زیاد بكاتن، رەنگە (65) كەم بێتن، هەندێك گوتیان حەفتا، پێنج ساڵ و ئەوانە، هەندێكیشیان گوتیان نەخێر ئەو دەسەلاتە بدرێتە مەجلیسی قەزا خۆیان هین بكاتن، بۆیە من لەگەڵ كاك دكتۆر كەمال و كاك فرسەتیشدا باسمان كرد، صیغەیەكی موعتەدیل كە هەردوولا بدرێتە ئەوان، ناكرێت تۆ لەو مەسەلەیەدا، دەبێت جیهەتێك هەبێت حەسمی بكات وەكو مەرسومیش بێتن، سەرۆكی هەرێم دەبێت ئەو دەسەلاتەی هەبێت، بەلام بۆ ئەوەی دەسەلاتی قەزا سەربەخۆ بمێنێت و دەسەلاتی جێ بەجێ كردن هیچ دەسەلاتێكی بەسەردا نەبێت، یەعنی واتا دەسەلاتی قەزا موحتاجی دەسەلاتی جێ بەجێ كردن نەبێت، ئەو دەسەلاتە سەرۆكی هەرێم بۆی هەیە پێنج ساڵ زیاتر نەبێتن، یەعنی بۆیان زیاد بكەن لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی قەزا، یەعنی واتا ئەو دەسەلاتە ئەنجومەنی قەزا تەحدیدی دەكات، سەرۆكی هەرێم بەس مەرسومەكەی بۆ دەردەهێنێت و موافەقەتەكەی بۆ دەكات، بەو صیغەیە لەبەر ئەوەی تۆ ئەگەر بیدەیتە دەسەلاتی قەزاش، ئەوە دەمێنێتەوە سەر میزاجی دەسەلاتی قەزایەكە بەتەنیا، بۆ ئەوەی ئەو مەوزوعە حەساسە تەقیمەكەی ئەو حاكمە، ئەو قازییە، كە ئیمكانی ئەوەی هەیە دەسەلاتی قەزا پێشنیار بكاتن بۆ تەمدید كردنی لە پاش (65)ەكە، ئەگەر ئیحتیاجی بوو بە مەرجێك لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت، ئەو وەختی ئەوە موقتەرەحی سەرۆكایەتییە، فەرموو قانونیەكان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دیسان دەگەڕێمەوە سەر رەئی لیژنەی قانونی، كە مولزەمم پێی و برادەرانیش كە لەگەڵ ئێمەش بە ئەكسەریەت دەنگیان لەسەر داوەو بە تەوقیعیش لەلام هەیە، ئێمە لەگەڵ ئەوە داین ئەسڵەن ئەو دەسەلاتە چ بدرێتە سەرۆكایەتی هەرێم، كە نەدرێتە سەرۆكایەتی هەرێم هیچ موقتەرەحی ترمان نییە، ئێمە لەگەڵ ئەوەینە، ئەو (65)ە وەكو خۆی بمێنێتەوە، سەرۆكایەتی هەرێم پەیوەندی بە درێژ كردنەوەی ماوەكە نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فاروق و كاك حاكم قسەتان هەیە لەسەر ئەو موقتەرەحە، فەرموو.

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی دادوەر كە تەعین دەكرێت بە مەرسومی ئیقلیمی تەعین دەكرێت، لەبەر ئەوە لێرە لە فەقەرەیەكدا بە مەرسومی ئیقلیمی تەقاعود بێت، لەبەر ئەوەی تەمدیدەكەش ئیستیسنای قانونییە بە ئیقتیراحی مەجلیسی قەزاو سەرۆكی هەرێم مەرسومی بۆ دەربكات بۆ تەمدید، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەريم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە رئيەكی ديكە لەناو ئەندامانی پەرلەمان پەيدا بوو، كە مەجليسی قەزا بۆی هەبێتن، ئەو سەلاحيەتەی هەبێتن، ئەو حاكمەی ئيحالەت بكات بۆ تەقاعود، لێرەدا رەئيەكی تر دروست بوو لەگەڵ رەئی ليژنەی ياسايی، كە ئێمە لە ليژنەی ياسايی ئێمەش لەگەڵ دابووين، ئەو دەسەڵاتەی سەرۆكی هەرێم بدرێت بە مەجليسی قەزا لە كۆبوونەوەكانی ليژنەی ياساييدا، بۆيە دوو رەئی هەيە لەو مەسەلەدا، ئێمە تەئيدی رەئی سەرۆكايەتی پەرلەمان دەكەين و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رێزمدا بۆ رەئی سەرۆكايەتی، بەلام ئێمە قەتعی دەنگدانماندا (45) دەنگی هێنا لە (65)ەكەی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ديارە جەنابت ئينتيباهت نەكرد، دانيشە فەرموو، ئێمە گوتمان دەنگ دەدەين و تەقسيمی دەكەين، دوايی دەنگ دەدەين بۆ بەشەكەی تر، بۆيە تەقسيمان كرد، دەنگەكە درا بۆ تەمەن، گوتمان بۆ تەمديدەكە دەسەڵاتی سەرۆكی هەرێم بێت، يان نا، دوايی دەخەينە دەنگدان، دوو جار ئەو مەوزوعەم باس كرد، كاكە ئێمە موقتەرەحی سەرۆكايەتی دەخەينە دەنگدان، كە سەرۆكی هەرێم بۆی هەيە لەبەر رۆشنايی پێشنياری ئەنجومەنی قەزا تەمديدی ماوەی قازياتی بكات بە مەرجێك لە پێنج ساڵ زياتر نەبێت، بە عەرەبيەكەی دەخوێنمەوە (يجوز لرئيس الاقليم بناءاً على اقتراح مجلس القضاء تمديد ذلك لمدة لاتتجاوز عن خمس سنوات)، ئەو موقتەرەحی سەرۆكايەتی دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدايە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، فەرموو كاك شێروان نوقتەی نيزامت چيە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی رەئی ليژنەی قانونی پەراوێز كرا بەنيسبەت تەمديدی ئەو فەترەيە، ئێمە سەراحەتن بە تەحريری ئيمزامان كردووەو موقتەرەحمان هەيە بە ئەكسەريەت دەنگی هێناوە لە ليژنەی قانونی، ئەو موقتەرەحەی ئێمە بدە دەنگدان، پاشان موقتەرەحی دووەم بدەوە تەصويت، ئەگەر دەنگی هێنا بەسەر ئەو چاوە، ئەگەر دەنگيشی نەهێنا ئەوە هيچ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەردووكی هەمان شت دەكات كاك شێروان، موقتەرەحی تازەيە هاتۆتە پێشەوە، ئێوە موقتەرەحتان كردووەو ئيختيلافتان لەسەر هەيە ئەكسەريەت و ئەقليەتن با بڵێين، كاك كەريم قسەيەكی كرد،

جەنابیشت قسەیەکی ترت کرد، کاك کەریمیش وەکو لیژنەی یاسایی تەئیدی ئیقتیراحی سەرۆکایەتی کرد، من موقتەرەحی سەرۆکایەتی دەخەمە دەنگدانەوە، جارێکی تر دەخوێنمەوە، کە فەقەرەی یەکەم دەخوێنمەوە، فەقەرەی یەکەم کە دەنگمان بۆدا یەکەم جار (يحال القاضي على التقاعد بعد اكماله الخامسة والستين من العمر ويستحق المحال على التقاعد ماكان يتقاضاه من راتب ومخصصات قبل احالته على التقاعد ويجوز لرئيس الاقليم بناءاً على اقتراح مجلس القضاء تمديد ذلك لمدة لا تتجاوز (5) سنوات او يجوز لمجلس الاقليم بناءاً على اقتراح مجلس القضاء)، سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە لەبەر رۆشنایی پێشنیاری ئەنجومەنی قەزا تەمدیدی ماوەی قازیاتی بکات بە مەرجێك لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت، فەرموو.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من باسی خۆم دەکەم قەراری ئەخیری بۆ سەرۆکی ئیقلیم دەگەڕێتەوە، ئێمە دەڵێین با لێرە ئیقتیراح نەبێت، قەرارەکە مەجلیسی قەزا بیدات، دوایی مەرسومی سەرۆکی هەرێم بێت، ئەمە تەنیا بۆ جیاکردنەوەی فەسلی سوڵتاتە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تێنەگەیشتی ئەنجومەنی قەزا پێشنیار دەکات، نەك سەرۆکی هەرێم پێشنیار بکات، ئەنجومەنی قەزا پێشنیار دەکات دەڵێت فلان قازی تەمەنی (65) ساڵی تەواو کردووە، لەبەر رۆشنایی کەفائەتی یەك، دوو، قودراتی زهنی، ئێمە پێشنیار دەکەین موافەقەت بکەن دوو ساڵ تەمدید بکرێت، ئەویش موافەقەت بکات، یەعنی ئیعتیرازیشیاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی قەزا، بەڵێ یا شێخ فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تکایە هەردوو موقتەرەح دووبارە بدرێتەوە لیژنەی یاسایی وێ سەرۆکایەتی، یاخود پەرلەمانێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، شتەکە وازیحە کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موقتەرەحی سێیەمیش با نەفەوتێت کە ئەندامانی پەرلەمان تەئکیدمان لەسەر کردەوە کە مەجلیسی قەزاو دەسەڵاتەکانی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی ئەو صیاغەی جەنابت باست کرد، یەعنی (لرئیس الاقلیم بعد اقتراح) تەبیعی لێرە رەئیسی ئیقلیم بۆ ئیستیئناف نییە، رەئیەکە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، ئێمە ئەوەی باسمان کرد کە فەسلی سوڵتات هەبێت، لێرەدا تەداخولێك دروست دەبێت لە بەینی سوڵتەی تەنفیزی و سوڵتەی تەشریعی، یەعنی ئێمە ئەو پێشنیارەمان هەبوو سوڵتەی قەزائی بەخۆی بۆی هەبێت تەمدیدی بکات، ئەو مەرسومەی برادەران باسی دەکەن لە تەعینی قوزات، لە تەعینی ئیدیعای عام مەرسومی پێ دەردەچێت، بەڵام تەمدیدەکە با لە دەستی مەجلیسی قەزا بێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك هیوا فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەو رەئیەم کە دەسەڵاتی قەزائی بە هەموو شێوەیەك سەربەخۆ بێت، بۆ هیچ بابەتێك نەگەڕێتەوە، بۆ لای هیچ سوڵتەیەك لە هەرێمدا، لەبەر ئەوە پشتگیری ئەو رەئیە دەکەم کەقەراری پێنج ساڵ مۆڵەت بدرێت بە داوەری با لە رێگەی ئەنجومەنی قەزاوە بدرێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ پێش ئەوەی ئەندامی مەجلیسی قەزا، یان رەئیسی مەجلیسی قەزا نابێت بە مەرسوم تەعین بێت، هەر دەبێت رەئیسی ئیقلیمی ئیمزای بکات، ئەوە شتێکی زۆر تەبیعییە، ئێمە لە جیاکردنەوەی دەسەلات تێ نەگەیشتووین، یەعنی رەئیسی ئیقلیم هەر دەبێت ئیمزای بکات، لەبەر ئەوە ئەو دەسەڵاتەمان داوەتە قەزا، بەڵام کێ ئیمزای دەکات، ئەگەر ئەوەی نەکەیت، مانای وایە دەسەڵاتی موتڵەق دەدەیتە رەئیسی ئەنجومەنی قەزا، ئەم دەسەڵاتە موتڵەقەش هێشتا لە هیچ شوێنێکدا باوەڕ ناکەم بەو شێوەیە هەبێتن کە ئێوە باسی دەکەن، با بڵێین سێ موقتەرەح هەیە، قەیدی ناکات ئەوەی کاك زاناش باسی کرد، موقتەرەحی لیژنەی قانونی ئەکسەریەت و لیژنەی قانونی ئەوەیە کە دەڵێت دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم لابچێت، بەڵام لە (65)ەکە تەواو بێتن، هیچ ئەنجومەنی قەزا ئەو دەسەڵاتەی نەبێت، نەصەکەی ئەوەیە موقتەرەحی لیژنەی یاسایی دەڵێ وەکو خۆی بمێنێتەوە (یجوز لرئیس الاقلیم) شەتب بکرێت، لە ماددەکە، ئەوە یەعنی مەجلیسی قەزاو سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی نییە، لە (65)ەکە قازی تەقاعود دەبێت، ئەوە یەك.

دوو/ سەرۆکایەتی موقتەرەحێکی هەیە لەبەر رۆشنایی قسەکانی ئێوە، هەندێك وا قسەی کرد کاك زانا لەگەڵ دوو برادەران گوتیان دەسەڵاتەکە بدرێتە ئەنجومەنی قەزا، هەندێ گوتیان ئەنجومەنی قەزا بێتن بە راوێژ لەگەڵ، یەعنی رەئی ئێمە بوو سەرۆکی هەرێم بێتن، دوو، سێ موقتەرەح هاتە پێشەوە، موقتەرەحی ئێمە بۆ ئەوەی مامناوەندی بێتن لە قانونیش لانەدەین، لە دەسەڵاتی قەزاش کەم نەکەینەوە، گوتمان بۆ سەرۆکی هەرێم هەیە بەم شێوەیە مودەی خانەنشین کردنەکەی درێژ بکاتەوە بە مەرجێك لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێتن لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی قەزا کە خوێندمانەوە، موقتەرەحێکی تریش هەیە کە دەڵێتن نەخێر بە تەنیا ئەنجومەنی قەزا بۆی هەبێتن ئەوە درێژ بکاتەوە، کاك فرسەت دەڵێت لە رووی قانونییەوە

مادام حەزفە ئەكسەريەتى ليژنەى قانونى بۆ ئەو دەسەلأتە نەمێنێت, ئەوى يەكەم جار دەخەينە دەنگدانەوە، كەواتە موقتەرەحى ليژنەى قانونى دەڵێ دەسەلآتى سەرۆكى هەرێم و ئەنجومەنى قەزاش يەعنى هيچ كەسيان نەبێتن، كێ لەگەڵ موقتەرەحى ليژنەى ياساييە دەسەلأتەكە لابدرێت دەستى بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نييە، دەستى بەرز بكاتەوە؟ بەزۆرينەى دەنگ لادەچێت، باشە حەزف بوو، ماناى وايە (65)ەكە تەواو بوو، ئەو مەوزوعە حەسم بوو, تەواو بوو، ئينجا ماددەكە بە هينەوە دەخەينە دەنگدانەوە، ئێستا ماددەكە بەو دوو دەنگدانە، ماددەكە تەعديلاتەكەى بەم شێوەيە دەبێت دەنگ بدەين، فەرموو كاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

سێ پێشنيار هەبوو، من خۆم دەنگم بۆ ليژنەى ياسايى داوە، بەلأم سێ پێشنيارى تر هەبوو.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كە دە پێشنياريش هەبێتن، يەك پێشنيار ئەكسەريەتى هێنا ئەوانى تر موناقەشەى ناوێت، ئەوە بەديهييە، لە حزبايەتى بێت، لە كۆنفرانسەكانى تر بێت، چەند پێشنيار بێت، يەكێكيان تەسەلسولەكەى يەكەم بێت، يان پێنجەم بێت، دووەم بێت، كە زۆرينەى هێنا يەعنى ئەوانى تر تەواو بوون، فەرموو كاك بارزان.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

چەند ئەندام پەرلەمانێك باسيان لە سيستەمى خانەنشينەكە كرد، كە نيزام و تەعليمات لە لاى خۆيانەوە دەردەچێت، بەڕاستى ئەوە جۆرێك لە ناعەدالەتى تيايە، كە كارى مەبەست لە جياكردنەوەى فەسلى سوڵتات دادوەرى كۆمەلأيەتييە، پەرلەمان بۆ خۆى بەپێى ئەو نيزام و تەعليماتەى خۆيان داياناوە بەدەل، ئێمە داواى دەكەين كە مەسەلەى خانەنيشينى دادوەران بە ياسايەكى تايبەتى دەربچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ئەوە دەنگمان بۆدا تەواو، ئێستا ماددەكە دەخوێنمەوە، زۆر موناقەشەمان كرد، بەسە تەواو، مامۆستا كاكە بيخوێنەوە، ماددەكە ئێستا تەعديلەكەمان هين كردو تەواو بوو، ماددەى چل و شەش.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

المادة السادسة والأربعون:

1- يحال القاضي على التقاعد بعد اكماله الخامسة والستين من العمر ويستحق المحال على التقاعد ماكان يتقاضاه من راتب ومخصصات قبل احالته على التقاعد.

2- عند وفاة القاضي أثناء الخدمة يكون راتبه التقاعدي المصروف للمعال ماكان يتقاضاه من راتب ومخصصات وتصرف للمستحقين.

3- يجوز احالة القاضي على التقاعد قبل اكماله السن المحددة في الفقرة (1) من هذه المادة بناءً على طلبه أو لأسباب صحية وتطبق بحقه أحكام الفقرة (2) أعلاه.

4- يمنح القاضي المحال على التقاعد رواتب الإجازة الإعتيادية التي يستحقها كاملة على أساس مجموع ماكان يتقاضاه شهرياً قبل احالته على التقاعد على أن لا تزيد على سنة واحدة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چل وحەوت:

دادوەر هەر کاتێك بیەوێ بۆی هەیە دەست لە خزمەت کردن بکێشێتەوەو لەو حاڵەتەشدا، مافی وەرگرتنی مووچەی خانەنشین بوون و ڕێزلێنانی هەیە، کە مافی خۆیەتی بەپێی یاسای خزمەت کردنی مەدەنی، مافی لە وەرگرتنی مۆڵەتەکانی کە هەقی خۆیەتی، لە دەست نادات.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة والأربعون:

للقاضي أن يستقيل من الخدمة متى شاء وفي هذه الحالة يحتفظ بحقه في تقاضي الراتب التقاعدي أو الإكرامية التي يستحقها بموجب قانون الخدمة المدنية ولا يفقد حقه في الإجازات التي يستحقها.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ماددەیەکی تازەیە هاتۆتە سەر یاسایەکە، ئێمە تەئیدی دەکەین و هیچ مولاحەزەیەکمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکم هەیە، ئێستا موناقەشەیەکی زۆر کرا لەسەر ماددەی پێشوو شتێکی لە پشتەوە بوو، بۆ ئەوەی ئەو شتە لەو ماددەیە نەمێنێت، من دەڵێم ماددەی چل و حەوت (دادوەر هەر کاتێك بیەوێ بۆی هەیە دەست لە خزمەت کردن بکێشێتەوە، ئەگەر بەدیلی ئامادە بوو، ئەگەرنا دەبێت چاوەڕێ بکات تا کەسێك شوێنی دەگرێتەوە، ئەگەر وا نەبێت کۆمەڵێك دادوەر بە یەکەوە تەنسیق بکەن دادگاو شت دەخوات)، ئەمە شتێکی سیاسی لە پشتەوەیە، کۆمەڵێك دادوەر بە یەکەوە دەست لە کار بکێشنەوە, دادگا تووشی شەلەل نابێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە کاك شێخ جەعفەر دەفەرمووێت، ئەوە روو نادات، چونکە ماددەکە وا دەڵێت ئەو کەسەی دەیەوێت خۆی تەقاعود بکات، دەبێت بە قانونی خدمەی مەدەنی بێت، مانای وایە هەموو راتبەکەی وەرناگرێت، کەواتە هیچ حاکمێك موستەعید نییە بە قانونی خدمەی مەدەنی خۆی تەقاعود بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر وازیحە، بەڵێ کاك شێخ.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەڤە ماددەیە بە حەقیقەت ئەگەر جەنابێ وەزیرێ داد تەوزیحێك بدات، (متى شاء)، یەعنی ئایا ئەگەر قازی بۆ مودەی یەك هەیڤی هات بێت ببێتە قازی پاشی ئیستیقالە بداتن بۆ تەقاعودیا هەمیا حقوقاو راتبێت شاملی وەبکە، ئایا بۆ کوێ دەچی بۆ مودەی یەك هەیڤ و مودەی یەك ساڵ مەسەلەن، یان بۆ من وازیح نییە ئەو نەصە، بەلکی بۆ من وازیح بکرێت، ئەز هۆیەت دکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چیە کاك شێخ، ئەگەر باش هینی بکەین بە عەرەبیەکەی دەخوێنمەوە (للقاضي أن يستقيل من الخدمة متى شاء وفي هذه الحالة يحتفظ بحقه في تقاضي الراتب التقاعدي أو الإكرامية التي يستحقها بموجب قانون الخدمة المدنية) یەعنی وەکو موەزەفینی دەوڵەت دەیگرێتەوە، قانونی خدمەی مەدەنی، نەك پەرلەمان و ئەوانە، بەپێی قانونی خدمەی مەدەنی مانگێك بێتن نایگرێتەوە، بەلام پێش ئەوەی ببێتە قازی موەزەف بووە، کاتب عەدل بووە، چی بووە خەدەماتی لەوێ هەبووە بەپێی ئەوە خەدەماتی بۆ هین دەکات، ئەو ماددەیە ئەگەر کەس مولاحەزەی تری نییە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەنها ئەوەندە مولاحەزەم هەیە، هەر قانونی خدمەی مەدەنی نییە، بەڵكو قانونی تەقاعودی مەدەنیش، چونكە هەردووك مەربوتی یەكترینەو لە ماددەكانیش بەو شكلە هاتووە، رەنگە لێرە پەڕی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە دەوڵەمەندتریشی دەكات، (قانون الخدمة والتقاعد المدني)، دەیخەمە دەنگدانەوە بەو ئیزافەیەی كاك شێروان، دەیخوێنمەوە (للقاضي أن يستقيل من الخدمة متى شاء وفي هذه الحالة يحتفظ بحقه في تقاضي الراتب التقاعدي أو الإكرامية التي يستحقها بموجب قانون الخدمة والتقاعد المدني ولا يفقد حقه في الإجازات التي يستحقها)، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی تر تكایە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چل و هەشت: لەو مافانەی كە لەم یاسایەوە پەیدا دەبێ، داوا بەرزدەكرێتەوە لەبەردەم لیژنەی كاروباری دادوەران، بڕیارەكانیشی لەم جۆرە داوایانەدا مافی تانە لێدانی لەبەردەم دەستەی فراوان لە دادگای پێداچوونەوەدا هەیەو لە لایەن سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوەو لە لایەن ئەو دادوەرەی كە بڕیارەكەی لە دژی دەركردووەو لە میانەی(30) رۆژدا لە رۆژی ئاگادار بوونی بە بڕیارەكە، بڕیارەكەشی لەم رووەوە بنبڕە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة والأربعون: تقام الدعوى في الحقوق الناشئة عن هذا القانون لدى لجنة شؤون القضاة وتكون قراراتها في هذه الدعاوى قابلة للطعن فيها أمام الهيئة الموسعة في محكمة التمييز من قبل رئيس محكمة الإستئناف ومن قبل القاضي الذي صدر القرار ضده خلال ثلاثين يوماً من تأريخ التبليغ به ويكون قرارها في هذا الشأن باتاً.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ مولاحەزەمان نییە لەسەر ئەو ماددەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك عادل.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە باسی حقوقی ناشیئ دەکات ئەم قانونە، یەعنی باشتر وایە ئێمە لە ئەحکامی خیتامی و ئەحکامی موتەفەریقە بنووسین، ماددەکەی خوارەوەش، یەعنی ئەوە نییە، بەس پەیوەندی بە تەقاعودی و ئیجازاتەوە، یەعنی ئەوە بەپێی قانونەکە دەگرێتەوە، حەق وایە لەم فەسڵە بیخەینە ئەخیرەوە، ماددەکەی خوارەوەش هەر بە هەمان شێوە، واتا ماددەی (49) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەئسیرێکی ئەوتۆی نییە، ئەگەر کەسی تر قسەی نییە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ بۆ ماددەی چل ونۆ.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چل و نۆ: حوکمەکانی یاسای خزمەت کردنی مەدەنی و یاسای خانەنشینی مەدەنی لەو کاروبارانەی کە دەقی یاسایی پێ نەهاتووە، لەم یاسایەدا بەسەردا پیادە دەکرێ و بە جۆرێک نابێ پێچەوانەی حوکمەکانی بێت.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة والأربعون: تسري أحكام قانون الخدمة المدنية وقانون التقاعد المدني في الأمور التي لم ينص عليها في هذا القانون وبمالا يتعارض مع أحكامه.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تەئیدی ماددەکە دەکەین و هیچ مولاحەزەیەکمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیەش تەبیعییە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی پەنجا تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی شەشەم

ماددەی پەنجا: یەکەم:

أ- نابێ دادوەر بۆ کارێکی دیکە بەبێ ڕەزامەندی نووسراوی خۆی بگوازرێتەوە.

ب- دەکرێ دادوەران لە پۆلی یەکەم و دووەم، لەوانەش دادوەرانی دادگای پێداچوونەوەو بەڕەزامەندی نووسراوی خۆیان و بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری ئینتداب بکرێت، بۆ کاری راوێژکاری یاسایی لە

سەرۆكايەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران، یان سەرۆكايەتی یەكێك لە دەزگاكانی وەزارەتی داد، یان بۆ مەبەستی دەرس وتنەوە لە زانكۆكان و دەستە نێو دەوڵەتیەكان، بەمەرجێك سیفەتی دادوەریەكەی تێدا بمێنێ.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الفصل السادس**

**((النقل والإنتداب))**

**المادة الخمسون:**

**أولاً: أ- لا يجوز نقل القاضي الى وظيفة غير قضائية إلا بموافقته التحريرية.**

**ب- يجوز انتداب القضاة من الصنف الأول والثاني بما فيهم قضاة محكمة التمييز وبموافقتهم التحريرية وبقرار من مجلس القضاء الى وظيفة مستشار قانوني في رئاسة الأقليم أو مجلس الوزراء أو رئاسة احدى أجهزة وزارة العدل أو لغرض التدريس في الجامعات أو الهيئات الدولية على أن يحتفظ بصفته القضائية فيها.**

**ثانياً: لا تتجاوز مدة الإنتداب المنصوص عليها في البند أولاً من هذه المادة ثلاث سنوات قابلة للتمديد لسنة أخرى.**

**ثالثاً: يجوز انتداب القاضي للعمل في محكمة أخرى عند اقتضاء المصلحة العامة وذلك بأمر رئيس محكمة الإستئناف ويتم الانتداب من منطقة استئنافية الى أخرى بقرار من مجلس القضاء على أن لا تزيد مدة الانتداب على سنة واحدة.**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە دەقی ماددەكە تەئید دەكەین و هیچ مولاحەزەمان لەسەری نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەكە بە كوردی دووەم و سێیەمی پەڕیوە، لێرەدا باس نەكراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پرسیارێك لە سەرۆكی مەحكەمەی تەمییز دەكەم، ئەگەر ئەو قازیە شتێكی لێ دروست بوو، یەعنی ئەوەش نەبووە عقوبە بێت، واش نەبێت لەو جێگایە بشێت، ئێستا حەسری كردووە، نەقل نابێت ئیلا بە

موافەقەتی خۆی نەبێت، ئەی ئەگەر شتێکی تر وا نەبوو، یەعنی عقوبە نەبوو، مەڵێن ئەوە عقوبەیە شتێك بوو لە ئاستی عقوبەشدا نەبێت، تەنبیهێك بێت, بگوازێتەوە، یەعنی ئەوە چی ڕێگای بۆ ئەوە نادۆزێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك حاکم.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە واجیباتی دادوەر لە ماددەی پەنجاو دوودا دانراوە، ئەوە واجیباتی حاکمە، ئەگەر موخالەفەی ئەو واجیباتانەی کرد ئیحالەی لیژنەی قەزائی دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیعتیرازەکان چی وا نەبوون، ماددەکە وەکو خۆی دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی پەنجاو یەك تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پەنجا و یەك: گواستنەوەی دادوەران هەموو ساڵێك لە میانەی مانگی تەموزدا دەبێ، دەکرێ لەکاتی پێویستی بەرژەوەندی گشتی ئەو گواستنەوە لە غەیری ئەو مانگەدا بکرێ، ئەو گواستنەوەیەش بەپێی پێشنیاری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەو بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری دەبێت.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية والخمسون: يجرى نقل القضاة خلال شهر تموز من كل سنة ويجوز عند اقتضاء المصلحة العامة اجراء النقل في غير الشهر المذكور ويتم النقل بقرار مجلس القضاء بناء على اقتراح من رئيس محكمة الإستئناف.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ماددەیەکی رۆتینیە، ئێمە هیچ مولاحەزەم نییە، تەئیدی ماددەکە دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە دەڵێت گواستنەوەی دادوەر لە مانگی تەموزدا بێت، حیکمەت چیە لە مانگی تەموزدا بێت، بەڕاستی ئەوە پیرۆز کردنی بۆنەکانی حزبی بەعسە، دادوەر دەعوای دیوە، لە سەرەتای ساڵەوە نیوەی ساڵ دەکات، یەعنی لە دەعواکە رۆیشتووە، رەنگە لە ناوەڕاستی دەعوایەکە بێت، تۆ لە ناوەڕاستی دەعوا نەقلی دەکەیت، یەعنی بەڕاستی حەقە نیهایەتی ساڵ نەقلەکە بکرێت، مانگی دوازدە بێت باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عوتلەی مەحاکم لە مانگی تەموز دەست پێ دەکات، لەبەر ئەوە پێش مانگی تەموز حەسمی دەعواکانی کردووە، بۆیە حیکمەتەکە لەوە دایە، ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی پەنجاو دوو تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی حەوتەم

ئەرکی دادوەران

ماددەی پەنجاو دوو:

یەکەم: دادوەر پابەندی ئەمانەی خوارەوەیە:

1- پاراستنی شکۆمەندی کاری دادوەری ئەویش بە پابەند بوون، بەبێ لایەنی و دەست پاکی و دوورکەوتنەوە لە هەر شتێك کە گومان بخاتە نێو راستیەکەی.

2- پاراستنی نهێنی ئەو کاروبارو زانیاری و بەڵگەنامانەی، کە بەحوکمی کارەکەی دەستی دەکەوێ و پەیوەستە بە دەزگاکانی هەرێم و کەسایەتی ئەو ئەرکەش دوای تەواو بوونی خزمەتەکەشی هەر دەمێنێ.

3- نابێ کاری بازرگانی، یان هەر کارێکی دیکە بکات، لەگەڵ کاری دادوەری کۆك نەبێت.

4- دەبێ رۆبی تایبەتی لەکاتی دادبینیدا لەبەر بکات و بەپێی ئەو رێنماییانەی کە ئەنجومەنی دادوەری دەری دەکات.

5- نیشتەجێبوون لە سەنتەری یەکەی کارگێڕی کە بارەگای کارەکەی لێیەتی، تەنها ئەگەر سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری رێگای پێ بدات لە شوێنێکی دیکەدا نیشتەجێ بێت لەو بارودۆخانەی کە خۆی هەڵی دەسەنگێنێ.

دووەم: قەدەغەیە دادوەر لە کاری سیاسیدا کار بکات و نابێ خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی، یان دەستە ناوخۆییەکان، یان رێکخستنە سیاسیەکان بپاڵێوێ، دوای دەست لە کارکێشانەوەی نەبێ.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل السابع

**(واجبات القضاة)**

**المادة الثانية والخمسون:**

**أولاً: يلتزم القاضي بما يأتي:**

**1- المحافظة على كرامة القضاء بالتزام الحيدة والنزاهة والابتعاد عن كل ما يبعث الريبة في استقامته.**

**2- كتمان الأمور والمعلومات والوثائق التي يطلع عليها بحكم منصبه والمتعلقة بأجهزة الإقليم أو الأشخاص ويظل هذا الواجب قائماً حتى بعد انتهاء خدمته.**

**3- عدم مزاولة التجارة أو أي عمل لا يتفق مع وظيفة القضاء.**

**4- ارتداء الكسوة الخاصة أثناء المرافعة وذلك وفق التعليمات التي يصدرها مجلس القضاء.**

**5- الإقامة في مركز الوحدة الادارية التي فيها مقر عمله. الا اذا أذن له رئيس مجلس القضاء بالإقامة في مكان آخر لظروف يقدرها.**

**ثانياً: يحظر على القاضي الاشتغال بالعمل السياسي ولا يجوز له الترشيح لانتخابات المجلس الوطني أو الهيئات المحلية أو التنظيمات السياسية الا بعد تقديم استقالته.**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ مولاحەزەیەکمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک کەریم فەرموو.

**بەڕێز کريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دووەم کە دەڵێت (قەدەغەیە دادوەر لە کاری سیاسیدا کار بکات)، لە کاری حزبیدا وەك لە ماددەکەی پێشوو وامان لێ کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەی کاك کەریم راستە، پشتیریش چاکمان کردەوە کاری حزبی، یەعنی دووەمەکە (عمل حزبی)، سیاسیەکە بکەنە حزبی، کاك محەمەد رەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر دادوەر پابەند نەبوو بەم شروتانەی بۆی دانراوە، کێ سزای دەدات، کێ موحاسەبەی دەکات، کێ لێی دەپرسێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەجلیسی قەزا، بە تەئکید مەجلیسی قەزا موحاسەبەی دەکات ئەوە تەرفیعی رادەگرێت و بانگی دەکات، تەوبیخی دەکات، نیزامی خۆیان دەبێتن، ئەو ماددەیە ئیدارییەو فەنیشە، ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە لەگەڵ ئەو تەعدیلەی کە کردمان سیاسی بووە حزبی، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی پەنجاو سێ.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پەنجا و سێ:

نابێ دادوەران لەنێوانیاندا پەیوەندی زاوایەتی و خزمایەتی، تا دەگاتە پلەی چوارەم لە دەستەیەکی دادوەریدا هەبێت هاوکاری یەکتر بن و نابێ دادوەرێك تانە لە بڕیارێك بدات، کە دادوەرێکی دیکە دەری کرد بێت و ئەو پەیوەندییەی ئاماژەمان پێکرد لە نێوانیاندا هەبێت.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة والخمسون: لا يجوز أن يشترك في هيئة قضائية واحدة قضاة بينهم مصاهرة أو قرابة لغاية الدرجة الرابعة ولا يجوز أن ينظر القاضي طعناً في حكم أصدره قاض أخر تربطه به العلاقة المذكورة.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە شتێکی ئیعتیادییە، پیادە کراوە لە قەزا، ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ مولاحەزەیەکمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس مولاحەزەی نییە، ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی پەنجاو چوار.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی هەشتەم

سەرپەرشتی کردن لەسەر کاری دادوەران و کاروباری بەرزەفتکاریەکان

لقی یەکەم

سەرپەرشتی کردنی دادوەران

ماددەی پەنجاو چوار: یەکەم:

أ- سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری مافی سەرپەرشتی کردن و چاودێری کردنی هەموو دادگاو دادوەران و ئەوانەی دەسەڵاتی دادوەریان پێدراوە لە فەرمانبەران و دەستەو لیژنەکان هەیە.

**ب- سەرپەرشتی کردن و چاودێری کردن بەهۆی سەرپەرشتیاری داد دەبێ، یان بەهۆی ئەو دادوەرانەی کە بۆ ئەو مەبەستە ئینتیداب کراون.**

**ج- سەرپەرشتی کردنی کارەکانی دادگای پێداچوونەوەو دادوەرانی لەلایەن سەرۆکەوە دەبێ، بەمەرجێك راپۆرتێکی ساڵانە سەبارەت بە کارەکانی دادگاکە پێشکەش بە ئەنجومەنی دادوەری بکات.**

**دووەم:**

**أ- سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە مافی سەرپەرشتی کردنی هەموو کورتە ئاراستەیان بکات و ئاگاداریان بکاتەوە دەربارەی ئەو شتانەی کە پێچەوانەی ئەرکەکانی فەرمانبەرایەتی و ڕێڕەوی باشی کارە کارگێڕی و ژمێریاریەکانە، بۆیە دەبێ راپۆرتەکانی ساڵانە دەربارەی دادوەرانی ناوچەکەی بۆ ئەنجومەنی دادوەری بەرز بکاتەوە، تێبینیەکانی دەربارەی رەوشت و تواناکانیان و کاروبارە کارگێڕیەکانی دادگاکانیان بێت.**

**ب- سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە دەتوانێ یەکێك لە جێگرەکانی بە نوێنەرایەتی خۆی بنێرێ بۆ پشکنینی هەردادگایەك لە ناوچەکەیدا.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفصل الثامن**

**الإشراف على أعمال القضاة والأمور الانضباطية**

**الفرع الأول**

**((الإشراف على القضاة ))**

**المادة الرابعة والخمسون:**

**أولاً: أ- لرئيس مجلس القضاء حق الإشراف والمراقبة على كافة المحاكم والقضاة والمخولين سلطات قضائية من موظفين وهيئات ولجان.**

**ب- يتم الإشراف والمراقبة بواسطة الإشراف العدلي أو بواسطة القضاة المنتدبين لهذا الغرض.**

**ج- يجرى الإشراف على اعمال محكمة التمييز وقضاتها من قبل الرئيس على أن يقدم تقريراً سنوياً عن أعمال المحكمة الى مجلس القضاء.**

**ثانياً: أ- لرئيس محكمة الإستئناف حق الإشراف على جميع المحاكم والقضاة في منطقتها وتفتيشها وابداء التوجيهات المقتضية والتنبيه الى كل ما يقع خلافاً للواجبات الوظيفية وحسن سير الأعمال الإدارية والحسابية وعليه أن يرفع الى مجلس القضاء تقارير سنوية عن القضاة في منطقتها تتضمن ملاحظاته عن سلوكهم وكفائتهم وعن الأمور الإدارية في محاكمهم.**

**ب- لرئيس محكمة الإستئناف أن ينتدب أحد نوابه لتفتيش أية محكمة في منطقته.**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و تەنها یەك مولاحەزەمان هەیە، ئێمە هەیئەی ئیشرافی قەزائیمان دروست کردووە، لێرە دەبێت ئیشرافی عەدلی ببێتە ئیشرافی قەزائی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك مولاحەزەم هەیە، ئێمە بۆ تەقاعودی ئیشرافی عەدلی سەقفمان بۆ داناوە، ئیشارەتمان بە قانونێکدا، ئەو قانونە نافیزی مەفعولە، لێرە مەفروزە ئیشارەتی پێ بدەن، مادام ناوی دەگۆڕن، دەبێت ئیشارەت بەو قانونە بدرێتن لەوەو پێشتر، کە باسی دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاشی پەسند کردنی ئەو یاسایەو دەرچوونی، دەبێت ئەم هەیئەتە ناوی بگۆڕێت، ئەوەی پێشتر ئیشرافی عەدلی بوو، دەبێت ئێمە یاسایەکی پێ دەربچوێنین بەنیسبەت ئیشرافی قەزائی، ئەو وەختە لێرە جێگای دەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیشرافی عەدلی بۆ دەوائیری عەدلییە، فەرقی هەیە لەگەڵ ئیشرافی قەزائی کە بۆ محاکمە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیشرافیش نەبێت تەفتیشی عەدلی، ئەو موستەڵەحە ئەوها هاتووە لە قانونی دیکە، ئەوەندەش زیاد بکرێتن (لمن تقوم بالتفتیش الحضور الی المرافعات وطلب اضبارة الدعوة والاستضاح شفویاً او تحریریاً عن کل امر)، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەحصیل حاصلە، هەر دەبێت وا بێت، ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە بەس بەو گۆڕینەی ئیشراقی عەدلیەکە دەبێتە ئیشراقی قەزائی لە دووەم، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، خوێندنەوەی یەکەم بۆ چەند پرۆژەیەکمان بۆ هاتووە دەخەینە سبەینێ سەعات دەو نیو، جەنابی کاک فاروق مەشغولە، کەی تەواوی کرد، ئەگەر زوو تەواوت کرد بێیت پێمان خۆشە، چونکە شتە گرنگەکان تەواو بووەو، جەنابی کاک حاکم نورالدینشمان لەگەڵەو لەگەڵ کاک سەعد، دانشتنەکەمان کۆتایی پێ دەهێنین تا بەیانی سەعات دەو نیو, زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (10)**

**چوار شەممە رێکەوتی 3\10\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (10)

### چوار شەممە ڕێکەوتی 2007/10/3

کاتژمێر (10،30)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2007/10/3 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان ڕشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی

بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (10)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای راژەو خانەنشینی پێشمەرگە.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی هەردوو یاسای (بەربەرەکانی و قەدەغە کردنی دەستدانە قۆرخکردن (احتکار) لە هەرێمی کوردستاندا) و (پاراستنی مستهلك) لە هەرێمی کوردستاندا).

3- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 1992.

4- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای وەزارەتی پیشەسازی هەرێمی کوردستان ژمارە (11)ی ساڵی 2006.

5- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای رۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان.

6- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەسەلاَتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(10،30)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2007/10/3دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای راژەو خانەنشینی پێشمەرگە.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی هەردوو یاسای (بەربەرەکانی و قەدەغە کردنی دەستدانە قۆرخکردن (احتکار) لە هەرێمی کوردستاندا) و (پاراستنی مستهلك) لە هەرێمی کوردستاندا).

3- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 1992.

4- خوێندنـەوەی یەکـەمی پـرۆژەی یاسای هـەموار کردنـی یەکـەمی یاسـای وەزارەتـی پیشەسـازی هـەرێمی کوردستان ژمارە (11)ی ساڵی 2006.

5- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای رۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان.

6- بـەردەوامبوون لەسـەر خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ کردنـی پـرۆژەی یاسـای دەسـەڵاتی دادوەری لـە هـەرێمی کوردستان.

داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، خوشك و برایـان، ئەنـدامانی بـەڕێز، تەبعـەن بەرنامەی کار کە خوێندمانەوە شەش پرۆژەیە، ئەگەر هـەموویان بخوێنینـەوە، بـە دوو رۆژ شـەش، حـەوت سـەعاتمان دەوێـت، لەبـەر ئـەوە کاك فرسـەت رەئیـەکی هـەبوو، ئـەمڕۆ باسمـان کـرد، رەئیەکـەی دەخەینـە بەردەم بەڕێزتان، بۆ ئەوەی بڕیاری لێ بدەن، داوای لـێ دەکـەم رەئیەکـەی شـەرح بکات، دوایـێش رەئیـەکی یاسایی ئەوەی خـاوەن تەجروبەیـە لـەو مەسـەلەیەدا بـداتن، دوا بڕیـاریش بـۆ ئێـوە دەبـێتن، فـەرموو کـاك فرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژانە هەندەك ئەمڕۆ بەیانی گەیشتە دەستمان، هەندەك دوێنێ نیهایـەتی دەوام گەیشـتە دەسـتمان، زۆربـەیان ئیحتیمالـە تەرجومـەی کوردیشـی لەگەڵـە، خوێندنـەوەی یەکـەمیش غایـەت ئەوەیـە ئەنـدامانی پەرلەمان ئاگادار بن، وەك لە هەموو پەرلەماناتی عالـەم، ئیحتیمـال هەیـە ، هـەر لـە پەرلـەمانی کوردسـتان خوێندنەوەی پرۆژە هەبێت، ئان لە پەرلەمانی تر ئیعلانی عینوانی پرۆژەکە دەکەن، چەند کەسێك ئەگـەر لە ئەندامان پێشکەش کـرا بـێتن، چـەند ئەنـدامێك هەڵدەسـتن شـەرحی مـەبادیئی عـامی پرۆژەکە دەکـەن ئیعلان دەکرێت، ئەوە لەسەر ئەندامان تـەوزیع دەکرێـت و لەسـەر جیهـاتی تـر، لەبـەر ئـەوە چونکە لەبـەر بەرتەنگی وەختەکە، پرۆژەیەك لەبەردەستمانە زۆر تاخیر بووە هی سوڵتەی قـەزائی، مـن پێشـنیاری ئـەوە دەکـەم عیـوانی پرۆژەکـان بـدەین بـۆ ئـەمڕۆ، عەلئەقـەل بـۆ ئـەو جەلسـەیە، ئیعلانـی بکـەین ئـەوە بـڵاو دەکرێتەوە لەسەر ئەندامان و لەسـەر ئـەو لیژنانـە، ئـەوەی پەیوەنـدیان لەگـەڵ هـەبێتن، ئەگـەر بێتـو ئـەو پێشنیارە قەبول بکرێتن، داکو بتوانین بچینە ناو مەوزوعی قانونی سوڵتەی قەزائی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هـەر تەئیـدەن بـۆ قسـەی بـرای بـەڕێز کـاك فرسـەت، پێشـتر ئەگـەر نیزامـی داخیلـی هەڵدەنـەوە، ئەسـڵەن لـەنیزامی داخیلـی ئێمـە هـەر خوێندنـەوەی یەکـەم نـەبوو، دوایـێش کـە نیزامـی داخیلـی تەعـدیل کـرا

خوێندنــەوەی یەکــەم هاتــە نــاو نیزامەکــە، لەبــەر ئــەوە پێشــان ئەنــدامانی پەرلــەمان ئیعتیرازیــان هــەبوو، دەیانگوت ئێمە پرۆژەکەمان بەدەست نەگەیشتووە، یان لەناو سندوق نییە، بۆیە نیزامەکە تەعدیل کرا، کە تەعدیل کرا خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەوەیــە تــەنها بــۆ ئاگــادار کردنــی بــەڕێزان ئەنــدامانی پەرلەمانــە، کــە سبەی، دوا رۆژ نەڵێ مـن ئاگـام لـێ نـەبووە، بۆیـە ئەگـەر بـەم صیغەیەی کـاك فرسـەتیش گـوتی لـەجێگای خۆیەتی، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر کەس قسەی نەبێت دەیخەمـە دەنگدانـەوە، ئـەو موقتەرەحـەی کـاك فرسـەت کـە ئیکتیفـا بکـەین بـە خوێندنەوەی، یەعنی ئاماژە پێ کردن، دواییش لە چـەند رۆژی داهـاتوو هـەر شـەش پرۆژەکـە کۆپییـەکانی دەگاتە دەستتان، هەروەها وردە وردە لە میدیاکانیش بڵاوی دەکەینەوە، بۆ ئەوەی هەم خەڵکیش ئیتیلاعـی لەسەر هەبێت، ئەو پێشنیارەی کاك فرسەت دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتـەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سـوپاس، بەزۆرینـەی دەنـگ وەرگیـرا، کەواتـە جارێکی دیکە ئاماژە بە عینوانی ئـەو پرۆژانـە دەکـەم، کـە لەمـەو دوا پێتـان دەڵـێین دەخرێتـە بەرنامـەی کـار، لـەو چەند رۆژەی داهاتووشدا کۆپی پرۆژەکان دەگاتە دەستتان.

1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای راژەو خانەنشینی پێشمەرگە.

2- خوێندنـەوەی یەکەمی پرۆژەی هـەردوو یاسـای (بەربـەرەکانی و قەدەغـە کردنـی دەسـتدانە قۆرخکردن (احتکار) لە هەرێمی کوردستاندا) و (پاراستنی مستهلك) لە هەرێمی کوردستاندا).

3- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هـەموار کردنـی یاسـای وەزارەتـی پـەروەردەی هـەرێمی کوردسـتان ژمارە (4)ی ساڵی .1992

4- خوێندنـەوەی یەکـەمی پـرۆژەی یاسـای هـەموار کردنـی یەکـەمی یاسـای وەزارەتـی پیشەسـازی هـەرێمی کوردستان ژمارە (11)ی ساڵی .2006

5- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای رۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان.

بەنیسبەت خاڵی یەکەمەوە (خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای راژەو خانەنشینی پێشمەرگە) ئاراسـتەی لیژنـەی یاسایی و لیژنـەی پێشـمەرگە دەکـەین، بـۆ ئـەوەی کۆبوونـەوەی خۆیـان ئـەنجام بـدەن و لیژنـەکان راپۆرتی خۆیـان بنووسـن، ئەگـەر بکـرێتن راپـۆرتی هاوبـەش، هـەروەها کـۆپی ئـەو پرۆژەیـە دەدرێتـە هـەر ئەندامێکی پەرلەمان، بۆ ئەوەی دیراسەتی خۆی بکات و خۆی ئامادە بکات بۆ موناقەشە.

بەنیسبەت خاڵی دووەم (خوێندنـەوەی یەکـەمی پـرۆژەی هـەردوو یاسـای (بەربـەرەکانی و قەدەغـە کردنـی دەستدانە قۆرخکردن (احتکار) لە هەرێمی کوردستاندا) و (پاراسـتنی مسـتهلك) لـە هـەرێمی کوردسـتاندا))، ئـەوەش نوسـخەی کـۆپی دەدرێتـە ئەنـدامانی پەرلـەمان و ئاراسـتەی لیژنـەی یاسـایی و لیژنـەی دارایـی و ئـابووری دەکرێـت، هـەر کەسـێکیش دەتوانێـت لـەو لیژنانـەدا بـە تەئکیـد موشـارەکەی هـەبێت لـە کـاتی کۆبوونەوەیان.

سێیەم (خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 1992)، ئەمەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە دەکەین، ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزیش.
چوارەم (خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای وەزارەتی پیشەسازی هەرێمی کوردستان ژمارە (11)ی ساڵی 2006) ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پیشەسازی و ئەندامانی بەڕێز دەکەین.
پێنجەم (خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان) ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕۆشنبیری لە هەرێمی کوردستان و ئەندامانی بەڕێز دەکەین.
خاڵی شەشەم (بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان)، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم لەو ماددەیەی کە دەنگمان پێدا بچێتە ماددەی دواتری فەرموون، بەخێر هاتنی مامۆستا سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و حاکم نورالدین جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز دەکەین، بەخێر بێن سەرچاو کە بەشدارە لەگەڵمان لەو چەند ڕۆژەدا زۆر سوودمان لێیان وەرگرتووە، کاک فاروق ئەمڕۆ لەگەڵمان نییە، لەبەر ئەوەی کۆبوونەوەی هەیە، کۆبوونەوەی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی وەزیرانی هەیە، خۆشی سەرپەرشتی ئەو لیژنەیە دەکات، بۆیە لەگەڵمان حازر نییە، فەرموون.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پەنجاو پێنج:

پێویستە دەستەکانی پێداچوونەوەو دادگاکانی تێهەڵچوونەوەو گەورەتاوانەکان، ڕاپۆرتی وەرزی ڕێك بخەن، تێیدا ئەو حوکم و بڕیارانەی دادوەران کە( هەڵەی گەورە – خطأ فاحش)یان تێدا ئەنجام داوە لە ئەنجامی نەزانینی پرەنسیپەکانی سەرەتایی یاسایی، یان گوێنەدان بەو ڕووداوانەی کە لەکاتی وردبینی کردنی حوکمی بڕیارەکان دەردەکەون. دەبێ وێنەیەکیان ڕەوانەی ئەنجومەنی دادوەری بکات بۆ هاوپێچ کردنی لە دۆسیەی کەسی ئەو دادوەرەدا، بۆ ئەوەی لەکاتی بەرزکردنەوەو پۆلێن کردندا لەبەر چاوی بگرن.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة والخمسون:

على الهيئات التميزية وهيئات محاكم الإستئناف ومحاكم الجنايات أن تنظم تقارير فصلية تبين فيها الأحكام والقرارات التي ارتكب فيها القاضي خطأً فاحشاً نتيجة جهله بالمبادئ القانونية الأولية أو إغفال الوقائع التي

تظهر لها عند تدقيقها الأحكام والقرارات وأن ترسل صورة منها الى مجلس القضاء لحفظها في الاضبارة الشخصية للقاضي لأخذها بنظر الإعتبار عند النظر في ترفيعه أو ترقيته.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو لیژنەی یاسا لەگەڵ دەقی ماددەكەین، هیچ تێبینیمان نییە، چونكە ئەو ماددەیە پەیوەندی هەیە لە هەڵسوكەوتی قازی ئەگەر هاتوو خەتەئەكی فاحشی كرد، یان جەهلی هەندێ مەبادئی كرد، ئەویش شتێكی ئاسایی و تەبیعییە، بۆیە ئێمە لەگەڵ ماددەكە داین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادام لەسەر ئەو ماددەیە هیچ مولاحەزە نییەو لیژنەی یاساییش تەئیدی دەقی ماددەكەی كردووە، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەی پەنجاو شەش.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی پەنجاو شەش:

یەكەم: سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری بۆی هەیە دادوەر ئاگادار بكاتەوە بەو هەڵە یاسایی و كارگێڕییەی كە لە ئەنجامی پشكنین لەسەر كارەكانی بەدیار دەكەوێ، هەروەها هەرشتێك كە روودەدات، پێچەوانەی ئەرك و پێداویستی فەرمانەكەیەتی.

دووەم: سەرۆكی دادگای پێداچوونەوەو سەرۆكی تێهەڵچوونەوە بۆیان هەیە دادوەر بەو هەڵە یاساییانەی كە لەكاتی وردبینی كردنی پێداچوونەوەكاندا بەدیار دەكەون، ئاگادار بكەنەوە.

سێیەم: سەرۆكی دادگای پێداچوونەوە بۆی هەیە دادوەری ناوچەكە خۆی بەو سەرپێچیانەی لە ئەركەكانی فەرمانەكەی روودەدەن ئاگادار بكاتەوە.

چوارەم: ئاگادار كردنەوەكە بە نووسراوێك ئاراستەی دادوەركە دەكرێ، بەهۆی نووسراوێكیش بە ئەنجومەنی دادوەری رابگەیەندرێ یەكێكیش لە دۆسیەی كەسی هاوپێچ بكرێت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السادسة والخمسون:

أولاً: لرئيس مجلس القضاء أن ينبه القاضي الى الأخطاء القانونية والإدارية التي تظهر بنتيجة التفتيش على عمله والى كل ما يقع منه مخالفاً لواجبات ومتقضيات وظيفته.

ثانياً: لرئيس محكمة التمييز ورئيس الإستئناف أن ينبه القاضي الى الأخطاء القانونية التي تظهر أثناء التدقيقات التمييزية.

ثالثاً: لرئيس محكمة الإستئناف أن ينبه القاضي في منطقته الى ما يقع منه مخالفا لواجبات وظيفته.

رابعاً: يكون التنبيه بكتاب يوجه الى القاضي وتبلغ نسخة منه الى مجلس القضاء وتودع أخرى في الإضبارة الشخصية.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی هیچ مولاحەزەیەکمان لەسەر ئەو ماددەیە نییە، ماددەیەکی ئاساییە رەئیسی مەجلیسی قەزاو رەئیسی مەحکەمەی تەمییزو رەئیسی مەحکەمەی ئیستیئناف دەسەڵاتی ئەوەیان پێ دراوە، کە ئەگەر هاتوو قازییەك تووشی هەڵەیەك بوو تەنبیهی بکەن، تەنبیهەکەش شێوەی دیاری کراوە، بۆیە ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پەنجاو شەش باس لەوە دەکات کە سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری بۆی هەیە کە ئاگاداری دادوەر بکاتەوە، ئەگەر هەڵەیەکی یاسایی، یان کارگێڕی کرد، هەڵەی دادوەر زۆر جار ژیانی لەوانیە دەیان خەڵکی لەسەر بەند بێت، ئایا ئەو ئاگادار کردنەوەیە کافیە بۆ ئەوەی ئیجرای بەرامبەردا بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عیزەالدین فەرموو.

**بەڕێز عزالدين سليم خديدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێ من ئەو تەنبیهە، وەکو عقوبەیە، ئان ژی هەروەسا تەنبیهەکا عادی، یەعنی بێ عقوبە، چونکە ژی ئیلفات نەزەرە تەنبیهە، ئیلفات نەزەر هەیە قەتع راتبە، وەك عقوبەیە، ئان عقوبەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارەکەم ئەوەیە بۆی هەیە، یان واجیبیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاکم نورالدین ئەگەر وەڵامیان بدەیتەوە.

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**
نەصەكە كە وتی (لـرئیس) مانـای بـۆی هەیـە، نـەك واجیبیـەتی، وەلاٚمـی بـرادەران لـە ئومـوری ئینزیبـاتی لەمەودوا دێت كەوا هەڵەی حاكم چۆنەو ئیحالەی لیژنە دەكرێت، یەعنی ئەو تەنبیهە بەس بۆ موخالەفاتی واجیباتی وەزیفییە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
كاك شێروان فەرموو.
**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**
هـەر تـەنبیهیش خـۆی ئیعتیبـار دەكرێـت، بـەس زیمـنی عقوبـاتی ئینزیبـاتی، بـەلاٚم عقوبەیـەكی خەفیفـە ئیكتیفا بەوە دەكەن كە كتابێكی تەوجیه بكەن لە رەئیسەوە بۆ مەرئوس، زۆر سوپاس.
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
كاك كەریم فەرموو.
**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**
سەبارەت بە وەلاٚمەكەی كاك بـارزان، كـە دەڵێـت حقـوقی خـەڵك، ئـەوە دوای ئـەوە دێـتن، كـە مەحكەمـەی تەمییـز دەعوایەكەی نەقض دەكاتەوە، یەعنی هەڵەكـەی راسـت دەكاتـەوە، ئـەوجا ئـەو عقوبەیـە دەدرێـت و سوپاس.
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
بەنیسبەت پەخشان خان، كە دەڵێت بۆی هەیە، یان دەبێت وا بكات، بـەلاٚم (علـی)ەیەكـە باشـتر نییـە (علـی رئیس المحكمة ان ینبه) بیكاتە واجیب لەسەری، نەك.
**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**
ئەوە سەلاٚحیەتی خۆیەتی، یەعنی بۆی هەیە، لەوانەیە ئەوە نەهێنێت كە تەنبیهی بكات.
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
ئاخر ناكرێت ئەوە بۆ موناقەشەكە سێ كەس داوای قسەی كرد، كاك شێروان فەرموو.
**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**
ئەگەر تەماشای بكەیت تەنبیهەكە مونصـەبە لەسـەر نەتیجـەی تەفتیشـەكە، یـەعنی نەتیجـەی تەفتیشـەكە تەنبیهەكـە تەحدیـد دەكـات، عەجـەبا بیـدرێتێ، یـان نەیـدرێتێ، ئەگـەر سـابیت بـوو لـە تەفتیشـەكە ئـەو تەنبیهـەی دەدرێـتێ، بـۆی هەیـە بیـدرێتێ، ئەگـەر سـابیتیش نـەبوو نایـدرێتێ، ئینجـا بەنیسـبەت رەئیسـی

مەجليسی قـەزا بەنيسـبەت بـا بلـێين مەسـائيلی ئيدارييـە، بەنيسـبەت رەئيسـی مەحكەمـەی تـەمييز، بەنيسـبەت قەزايـەی تـەدقيقاتی تەمييزيـە، بەنيسـبەت رەئيسـی مەحكەمـەی ئيسـتيئناف بەنيسـبەت موخالەفاتی واجيباتی وەزيفييە، هەر يەكەو تايبەتمەندی خۆی هەيە بەڕاستی ئەو تەنبيهە دەدرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵامەكانی ليژنەی قانونی و جەنابی حاكم نورالدين وەڵامی ئەو سێ پرسـيارەيان داوە، كـە وتمـان حاكمـە، من لەگەڵ مولاحەزەكەی پەخشان خانم، بەڵام حاكم كە ئەو دەسەڵاتەت دایێ واجيبيشيەتی بيكات، چونكە دەڵێت بۆت هەيە، حاكم كەسێكی تر نييە، باشتر لە قانون تێ دەگاتن، كە ئەو دەسـەڵاتەت دایـێ دەزانێـت و واجيبيەتی بيكات، لە شوێنێكدا ديتی نا عەدالەتی هەيە، كەم تەرخەمی هەيە، ئەگەر نەيكات مانای خۆشی موخاليفـە، بۆيـە مـاددەی پـەنجاو شـەش كـە پشـتگيری كـراوە لەلايـەن ليژنـەی قانونييـەوە، دەيخەمـە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ دايە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نييە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرينەی دەنگ وەرگيرا، فەرموو بۆ ماددەی پەنجاو حەوت.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لقی دووەم

كاروبارە بەرزەفتكاريەكان

ماددەی پەنجاو حەوت:

يەكەم: ليژنەيەك بەناوی ليژنەی كاروباری دادوەران دادەمـەزرێت و لـە سـێ دادوەر پێـك دێـت، ئەنجومـەنی دادوەران لە سەرەتای هەموو ساڵێكدا لەنێوان ئەندامانی خۆياندا هەڵيان دەبژێرن بۆ تەماشا كردنی كاروبارە بەرزەفتكاريەكانيان.

دووەم: ليژنەی كاروباری دادوەران لەو داوا بەرزەفتكاريانەی كە لەسەر دادوەر تۆمار كراون يـەكێك لـەم سـزا بەرزەفتكاريانەی خوارەوە بەسەر دادوەردا دەسەپێنێ:

يەكەم: هۆشداری: دەبێتە هۆی دواخستنی سەرمووچەو بەرزكردنەوەی دادوەر بۆ ماوەی (6)مانگ.

دووەم: دواخستنی بەرزكردنەوە: يان سەرمووچە، يان هەردووكيان بەيەكەوە بۆ ماوەی ساڵێك كەمتر نـەبێت و لە سێ ساڵ پتر نەبێت لە رۆژی بڕيارەكەوە، ئەگەر مـاوەی ياسـايی بـەرز كردنـەوەو سـەر مووچـەی تـەواو كرد بێ، ئەگەرنا لە رۆژی تەواو كردنی.

سێيەم: كۆتايی هێنان بە خزمەت كردن: ئەم سزايە بەسەر دادوەردا دەسەپێ، ئەگەر حوكمێكی بنەبڕی لـە دادگايەكی تايبەتمەندەوە لەدژ دەركـرا، لەبـەر ئەنجامـدانی كارێـك كـە لەگـەڵ شـكۆمەندی كـاری دادوەريـدا نەگونجێت، يان ئەگەر لە دادگايی كردنێكدا كـە لەلايـەن ليژنـەوە سـەلمێندرا، ئـەو دادوەرە لـە ئەنجامـدانی كاری دادوەريدا لێهاتوو نييە.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفرع الثاني**

**((الأمور الإنضباطية))**

**المادة السابعة والخمسون:**

**أولاً: تشكل لجنة باسم لجنة شؤون القضاة تتألف من ثلاثة أعضاء يختارهم مجلس القضاء من بين أعضائه في بداية كل سنة للنظر في الأمور الإنضباطية لهم.**

**ثانياً: تفرض لجنة شؤون القضاة في الدعاوى الإنضباطية المقامة على القاضي احدى العقوبات الإنضباطية الآتية:**

**أولاً/ الإنذار، ويترتب عليه تأخير علاوة القاضي وترفيعه لمدة ستة أشهر.**

**ثانياً/ تأخير الترفيع أو العلاوة أو كليهما مدة لا تقل عن سنة ولا تزيد على ثلاث سنوات من تأريخ القرار اذا كان قد أكمل المدة القانونية للترفيع والا من تأريخ اكمالها.**

**ثالثاً/ انهاء الخدمة وتفرض هذه العقوبة على القاضي اذا صدر عليه حكم بات بعقوبة من محكمة مختصة عن فعل لا يأتلف وشرف وظيفته القضائية أو اذا ثبت عن محكمة تجريها اللجنة عدم أهلية القاضي للأستمرار في الخدمة القضائية.**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، هیچ تێبینەمان لەسەر نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە باسی ئوموری ئینزیباتی دەکات، ئێمە قانونێکمان هەیە، قانونی ئینزیباتی موەزەفی دەولە، ئەوە تایبەتە بە موەزەف، دەتوانین بڵێین پەیوەندی هەیە بە سوڵتەی تەنفیزییەوە، چونکە لەوێ تەعریفی موەزەف دەکات دەڵێت هەر کەسێك مووچە وەرگرێت و داخیلی میلاکی وەزارەتێك بێت، بەلاّم لێرە بەم ماددەیە زۆر کورتە سەبارەت بە سزاکانی دادوەر، یەعنی من پێشنیاری ئەوە دەکەم باشتر وایە قانونێك هەبێت، قانونی ئینزیباتی قوزات، یان یاسای ئەوەی زەبتی دادوەران، یەعنی لەوە بە تەفاسیل، یەعنی دادوەر بەڕاستی زۆر فراوان و زۆر وردەکاری، ڕەنگە هەڵەش هەبێت، بۆیە بەم سێ سزایە بچووکەی لێرە، پێم وایە ئەوە ناکرێت ئێمە بتوانین قەزاش لەو هەلاّنەی خۆیان بپارێزن، کە دەیکەن بەرامبەری، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم حەق وایە قانونێك هەبێت تەفاسیلی ئەو مەوزوعە زەبت بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك عەونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەكەم فەقەرەی سێیەم بەم شێوەیە بێت (انهاء الخدمة وتفرض هذه العقوبة على القاضي اذا صدر عليه حكم بات بعقوبة من محكمة مختصة عن فعل لا يأتلف وشرف المنصب القضائي) لە جیاتی (الوظيفة القضائية)، لەبەر ئەوەی حاكماتی مەنصەبە، وەزیفە نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی پەنجاو حەوتەوە، من لەگەڵ ڕەئیەكەی كاك عادل دام، كە بە یاسا چارەسەری ئەوە بكرێت، لەبەر ئەوەی ئەو لیژنە سێ كەسەیە نەتوانێتن بە هەموو ئیش و كارەكان هەڵستێتن، ئەوە خاڵێك. خاڵێكی تر/ لە ڕووی ڕیز بەندییەوە، مادام لە ماددەی پەنجاو حەوتەوە نووسراوە یەكەم، دووەم، یەعنی حەقە ئەو سزایانە یەكەم و دووەم و سێیەم نەنووسین، یان بە ژمارە، یان بە ئەلف و باو جیم دابنرێت، لەبەر ئەوەی هەست دەكەیت تێكەڵ بوونێك لە ئەوانی تردا ڕوو دەداتن لە ڕووی خاڵبەندییەوە، پێویستە ئەوە بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە فەقەرەی یەكەم لە ئینزار، ڕاستە شاریحەك هەیە دەڵێ (ويترتب عليه تأخير علاوة القاضي وترفيعه لمدة ستة أشهر)، لێرە بیدایەتێكی هەیە، بیدایەتەكە چیە، ئەوەیە (ويكون بارسال كتاب الى قاضي يذكر فيه الذنب الذي ارتكبه وينبه الى عدم تكراره وتحسين اعماله في المستقبل)، دەبێت ئەوەی هەبێت لە بیدایەت.
دووەم/ (تأخير الترفيع أو العلاوة أو كليهما مدة لا تقل عن سنة ولا تزيد على ثلاث سنوات) (سنتين) بەسە، لە قەزا سێیەم عقوبە هەیە، یەعنی عقوبەی سێیەم ئەویش پێی دەگوترێت (تنزيل الصنف)، ئەوە نەهاتووە لە عقوبات، یەعنی ئیعادەی حاكمە، یان قازیەكەی دەكرێتەوە بۆ صنفی خۆی، ئەوەش یەك لەو عقوبانەیە، نازانم بۆ لەو قانونەدا نەهاتووە، پێشنیار دەكەم لە فەقەرەی چوارەم كە دەڵێت (انهاء الخدمة) ڕاستە لەگەڵ ڕەئی برای بەڕێزم كاك عەونی، بەلام هەر ئەوها بێت (وتفرض هذه العقوبة على القاضي اذا صدر عليه حكم نهائي مخل بالشرف اذا ثبت بدلالة عدم اهليته للقضاء، یەعنی (اذا ثبت حكم مخل بالشرف او عدم اهليته للقضاء ولا يجوز اعادته الى الخدمة القضائية)، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا من پرسیارێکم هەیە بۆ لیژنەی یاسایی، ئەم عقوبانە ئەگەر بێتو لە حاڵەتێکدا دادوەر کارەکانی خۆی بەپێی یاسا جێ بەجێ نەکات، ئەگەر هاتوو دادوەر خۆی تاوانبار کرا، یان سەرەتا ئەو توهمەی خرایە پاڵ و دواتر لە دادگا دەرکەوت کە خۆی بەشێك بووە، یاخود دەستی هەبووە لە ئەنجامدانی تاوانی عقوبەکانی چی دەبێت، ئەمە یەك.

دووەم/ لە هەمان کاتیشدا من پێم وایە بەڕاستی ئەو عقوبانە من تەئیدی ئەو رەئیە دەکەم، کە بە یاسا رێك بخرێت، سنوورێکیش دابنرێت بۆ ئەوەی کە دادوەرانیش لێکۆڵینەوەی عقوباتیش هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەو قانونە زۆر جار باسمان کردووە، کە پۆستی دادوەری پۆستێکی زۆر حەساسە، چارەنووسی هاووڵاتیان راستەوخۆ لەبن دەستی ئەو حاکمە، یان ئەو بڕیارانە لەبن دەستی ئەو حاکمانەیە، بۆیە لێرەدا چەندی تەشدید بکەین لەسەر ئەوەی کە حوکام باشترو رێك و پێکتر رۆڵی خۆیان و کاری خۆیان بکەن، شتێکی زۆر باشە، لە هەمان وەختیشدا، لە ناحیەی ئیمتیازات و ئەو شتانەش کامیلەن بۆیان تەوزیف بکرێت، پێم وایە شتێکی زۆر زۆر باشە، لە فەقەرەی دوو (انهاء الخدمة) لێرە باسی ئەوەی دەکات (اذا ثبت عن محكمة تجريها اللجنة) من داوای ئەوەی دەکەم تەفسیل تر بێت، زۆر حوکام هەیە، یەعنی وەکو پارێزەر دیتمان زۆر ئەختائی زۆر فاحیش دەکەن، ئەختائی فاحیشی وا کە بەڕاستی شایەنی ئەوە نینە دادوەر بن، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دادوەری زۆر زۆر باشمان هەیە، جێگای شانازی هەر هەموومانە، دادوەری خراپیشمان هەیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم (ارتكاب خطئين فاحشين) ببێتە مایەی ئەوەی کە ئینهای خدمەی بۆ بکەن و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان ئەگەر وەکو لیژنەی قانونی ئەو پرسیارانەو جگە لەوەش ئەوە پێشنیارەی کە کاک عادل و کاک غەفورو کاک ئارامیش پشتگیریان لێ کرد، دەڵێ ئەو شتە بەقانون بێت، رەئیتان تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێکخستنی ئوموری ئینزیباتی بەڕاستی لە زیمنی قانونی سوڵتەی قەزائی بێت زۆر شتێکی بە قەناعەتی ئێمە ڕێك و پێکە، نەك بە یاسایەکی تایبەتی بێت، ئەمە یەك.

دوو/ بەگوێرەی مەعلوماتی من ئەسڵی قانونی ئینزیباتی موەزەفی دەولە لە بەغدا لەغو کراوەو نەماوە، ئەوە دوو.

سێیەم/ زۆر قەوانینی تریش هەیە، ئێمە ئوموری ئینیزیباتی بەنیسبەت مونتەسیبینی خۆی لە زیمنی قانونەکەی خۆی هاتووە، بۆیە ئێستاش ئەو ئوموری ئینزیباتیەی کە لێرە هاتووە بە قەناعەتی ئێمە تایبەتمەندی خۆی هەیەو پەیوەندی بە قەزاوە هەیە، ریز بەندیەکەش بە قەناعەتی من لە جێگای خۆیەتی.

بەنیسبەت کاك عەونی کە دەڵێت بەنیسبەت وەزیفەی قەزائی، ئێمە وای بۆ دەچین، وەزیفەی قەزائی ئەو کەسانەی کە مەهامی قەزائی دەبینن بەڕاستی بەشێوەیەکی گشتی، بۆیە وەزیفەی قەزائی شاملترە لە مەنصبەکە، ئەوە ڕەئی ئێمەیە، ئەوانی تریش بەڕاستی نەتیجەی خەتەئی فاحیش، دوو خەتەئی فاحیش بۆ قەزا دەمێنێتەوە، خۆیان بەو شکلە داوایان کردووە، ئەوەی کە روون و ئاشکرایە بە مەعلوماتی ئێمەش یەك خەتەئیشی هەبێتن، ئەو ئیجرائاتە هەر دەکرێت، ئەوەی کاك ئارامیش گوتی، حەز دەکەم عقوباتی ئینزیباتی و عقوباتی جەزائی لێك بکەینەوە، ئەگەر لە ئەسنای روئیەی ئینزیباتی جەریمەیەك هاتە گۆڕێ قازیەکەی پێ ئیتیهام بکرێت، لیژنەی شوئونی قوزات بۆی هەیە مەسەلە جەزائیەکەی ئیحالەی تەحقیق بکات، بۆ ئەوەی لەو مەوزوعانە بکۆڵێتەوە، بەڵام ئەمە تەئسیر ناکاتە سەر مەسەلە ئیداریەکە، مەسەلە ئینزیباتیەکە، ئەوجا نازانم برای بەڕێز کاك نورالدین تەوزیحاتی تری هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاکم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لە قانونی پێشووش هاتووە هەر ئوموری ئینزیباتی هەر لە سوڵتەی قەزائی و لە مەرکەزیش هەر وایە، بەڵام دەڵێ ئەو عقوبانە کافی نییە، ئەگەر درایە لیژنەی شوئونی قوزات لە لیژنەکە لە ئەسنای بینینی دیتی ئەمە جەریمەیەك تەشکیل دەکات رادەوەستێك ئیحالەی مەحکەمەی دەکەن، رەفعی حەصانە لەسەر حاکم دەکرێت، ئیحالەی مەحکەمەی موختەس دەکرێت، ئەگەر لەوێ ئیسپات بوو، لەسەری حوکم بوو، ئەوەی عقوبەی سێیەمی دەست لە کار دەکێشێتەوەو لە حاکمی لە وەزیفە دەردەچێت، ئیزافە لەسەر عقوبەی جەزائی و هاووڵاتیش ئەگەر چ زەرەرێکی لێ کەوت، ئیزافە لەسەر ئەمانە لە ئەسنای موڕافەعە، لە قانونی موڕافەعات داناوە دوو حاڵەت، (شکوی من القضاة) شەکوا هەیە تەقدیم دەکرێت بۆ رەئیسی ئیستیئناف، یان لە مەحکەمەی ئیستیئناف تەقدیم دەکرێت، ئەگەر شەکوا لە مەحکەمەی ئیستیئناف بوو

بـۆ مەحكەمــەی تــەمییز، هــەروەها داوای رەبــتی قــازیش كــراوە، ئەوانــە لــە قــانونی موڕافــەعات ئــەو حاڵەتانەشیان كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحري عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەگەڵ ئـەو رەئیـە دامـە ئـەوەی كاك سـەردار باسـی كـرد، ئەگـەر خەتـەئی فاحیش لـە حـاكم دووبارەو سێ بارە بـۆوە، حەقـە سـزایەكە تونـدتر بكرێـت بەرامبـەر بـەو حاكمـەی كـە دووبـارەو سـێ بـارە دەكات، لەوانە ئینهای خدمەی پێ بكرێت، فەسڵ بكرێت، من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە رەئی من هەتا ئەگەر قانونێكیش بێتە دانان بۆ ئینیزیباتی قـوزات لـەو مەفهومـە زیـاتر نابێـت، ئـەوەی لێرە هاتووە، ئیحتیمال هەیە لێرە زۆر مورەكەز هاتبێت، مەوزوع مـەوزوعی صیاغەیە، چونكە بەنیسـبەی مـەوادی تـریش عیلاقـەتیان لەگـەڵ قەزایـەی ئینزیبـاتی هەیـە، مـەوزوعی شـروت و مواصـەفاتی قـازی مەبادیئی ئیش كردنی، ئەوەش عیلاقەتی لەگەڵ هەیـە، یـەعنی زۆر زۆر قانونێـك دەربچێت، ئـەو مادادانـە رێك بخەن لە قانونێك، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو ماددەیە ئێستا ئیقرار نەبوو، لە ئێستاوە هەتا قـانونێكی تـر بێتن خاص بێت بە ئینزیباتی قـوزات، دوور نییـە بـە چـەند مانگێـك تـاخیر دەبێـت، فـەترەی فـەراغ باشـە مەوقیف چۆن دەبێت بەنیسبەی مەجلیسی قەزا بەرامبەر قازییەك كو شتێكی خراپی كرد بێت، نەصـێكی عیقابی نەبێتن موعاقبە بكرێتن، مانای نەجات دەبێتن لە قانون، لەبەر ئەوە رەئیم وایە ئـەوە وەكو خـۆی بمێنێتن، چونكە لە قانونی پێشتریش هەر وا بـووە لـە تـاریخی تەشـكیلی دەوڵـەتی عێـراق تـاكو ئێسـتا بـەو شكلە بەڕێوە چووە، باوەڕ ناكەم هیچ نەقصێكی تێدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عادل ئەگەر موسیڕی لەسەر رەئی خۆت، تەوزیحێك بدە، لەبەر ئـەوەی دوو ئەنـدامیش پشـتگیریان لـێ كرد، ئەگەر سەحبی دەكەیت دەیخەمە دەنگدانەوە، ئەگەرنا تەوزیحێك بدە.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاك فرسەت باسـی ئـەوە دەكات دەڵـێ لـەوە زیـاتر نایـەت، ئەگـەر قـانونێكیش دانـێین، راسـتە ئـەوەی كـاك فرسەت دەڵێ ئێمە لێرەوە سزاكان دیاری نەكەین، رەنگە بۆشاییەك دروست بكات نەتیجـەی هـاتنی پرۆژیـە

بۆ پەرلەمان، بەڵام خۆ ئێمە دەکرێت ئەگەر لە فەرزێکدا کە پێشنیارەکەی من نەبێتە هۆی ئەوەی بە قانون بێتەوە، دەکرێت ئێمە ئەم ماددانە تەفاسیلی وردتری بدەینێ باشتر فراوانتری بکەین، بۆ ئەوەی هەموو ئەو سزایانە بگرێتەوە، کە لە کاتی هەڵەیەکی دادوەر تووشی دەبێت، بەڵام من سەبارەت بەوە کە کاک شێروان وتی قانونی ئینزیباتی موەزەفی دەولە لەغو بۆتەوە، تاکو ئێستا لە کوردستان ئیشی پێ دەکرێت، ئەگەر مەبەستی کۆنەکەیە، من مەبەستم ساڵی 1992ە، تا ئێستا ئیشی پێ دەکرێت، ئەوە هەشت سزای تێدایە زۆر وردترو تەفاسیلەو تەنزیل دەرەجەیە، قەتع راتبە، کۆمەڵێك سزایەکی تیایە، بەڵام لێرە بەم سەریعیەو بەم ماددە، بە رەئی من هەدەفەکە ناکرێت، ئەوەی ناکرێتێ کە ئێمە دەمانەوێت قەزا پارێزراو بێت، قەزا موستەقیل بێت، قەزا بتوانێت بەڕاستی عەدالەت پیادە بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە موقتەرەحێکی نووسینت هەیە بە قانون بێتن، یان ئەوەی دەوڵەمەند بکەین، چ جوملەیەکت هەیە بە قسەی عام ناتوانین.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەکرێت ئێمە فەقەرەیەکی تر بۆ ئەم ماددەیە زیاد بکەین، بڵێین جگە لەم سزایانە هەر سزای تر هەبێت لە قانونی ئینزیبات دەوڵەت، دەکرێت ئەوە وەکو پڕ کردنەوە بۆ هەر حاڵەتێك هاتە پێشەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆ قانونی عقوبات تەتبیق دەکرێت لەسەری، ئەوە تەحصیل حاصلە، کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبدەئەك هەیە مەوزوعی عەزلی قوزات، کە ئەوەش نوقتەیەکی زۆر موهیمە لەوێش عەزلیش نابێت، کە مەبدەئێکی دەستوورییەو لە دەستووری دوەل هەیە، لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانیشمان هەیە، کە دەڵێت (لایجوز عزل القضاة الا في الحالات التي يجيزها القانون)، جا ئیحتیمالە ئێمە موحتاجی هەر قانونێك بین تەفسیلی بێت، یەعنی رەئی کاك عادل وەجیهە بە رەئی من.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موقتەرەحێکی مەحدەد بڵێ، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، یان لیژنەی قانونی موقتەرەحێك هین بکات، یان شتێکی موحەدەد بڵێ، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من تێگەیشتم کاك عادل دەڵێ ئوموری ئینزیباتی قوزات بە یاسایەکی تایبەت عیلاج بکرێت، نەك لە زیمنی ئەو یاسایە بێتن، ئەوەی من تێ دەگەم ئەوهایە سوڵتەی قەزائیش تەڵەبی کردووە ئوموری

ئینزیباتی دادوەرەکان لە زیمنی قانونەکە جێ بەجێ بکرێت، تەصویتەکە دەبێت بەم شێوەیە بێت بەڕاستی، لەگەڵ پرۆژەکە بێت، یان بە قانونێکی تایبەتی بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک حاکم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو مەرحەلەیە ئێستا لە قانونەکە ئەمە حالیەن بڕوات چ نوقصانیەکی تێدا نییە، بەس لە موستەقبەل ئەگەر ئیحتیاج بوو بەس پرۆژەیەکی قانونی ئینزیبات با تەقدیم بکرێت و ئەوە تەسبیت بکرێت قەیدی ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو وەڵامەی کاک حاکم نورالدین رەنگە بەجێ بێتن، دەڵێ ئەگەر ئیحتیاج بوو ئەو وەختی پرۆژەیەك تەقدیم دەکەین بە قانون لە لایەن خۆیانەوە، پێم وایە ئەوە جێی دەگرێتەوە، ئەوەی کاک سەرداریش بەهەمان شێوە ئەو پرۆژەیە ئەگەر پێویست بوو، خۆیان پرۆژەیەك تەقدیم بکەن، رەنگە یەکەم کاریشیان ئەوە بێتن، داوای پرۆژەیەك بکەن کە دەسەڵاتی تەقدیم کردنی پرۆژەیان هەبێتن، ئەو وەڵامەی کاک حاکم نورالدین پێم وایە باشە، بەتایبەتی کە شتێکی موحەدەد نەبوو، کاک عەونیش وەڵامەکەی درایەوە وەزیفەکە فیعلەن مەقصەدەکە ئەوەی لیژنەی قانونی باسیان کرد وایە، جوملەیەکەیان مەقصەدە وەزیفەی کارەکەیە، نەك مەکانەکە، ماددەکە وەکو پشتگیری کراوە لە لایەن لیژنەی قانونییەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەی پەنجاو هەشت.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پەنجاو هەشت: ئەوەی دوایی بە خزمەت کردنی بهێندرێ، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە بۆ کاری دادوەری، بەڵام رێگای ئەوەی لێناگیرێ کە لە فەرمانێکی دیکەی مەدەنیدا دابمەزرێ.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەلای من نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک حاکم بۆمان بخوێنەوە.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة والخمسون:

أولاً: يكون انهاء خدمة القاضي بقرار من مجلس القضاء.

ثانياً: لا يعاد الى القضاء من تنهي خدماته وفق أحكام هذا القانون على أن لا يمنع تعيينه في وظيفة مدنية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(يكون انهاء خدمة القاضي بقرار من مجلس القضاء)، پرۆژەكە وا هاتووە، ئەوە پرۆژەكەی دەخوێنێتەوە (يكون انهاء خدمة القاضي بقرار من مجلس القضاء) نووسیت، فەرموو ئێستا بیخوێنەوە.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة والخمسون:

أولاً: يكون انهاء خدمة القاضي بقرار من مجلس القضاء.

ثانياً: لا يعاد الى القضاء من تنهى خدماته وفق أحكام هذا القانون على أن لا يمنع ذلك من تعيينه في وظيفة مدنية.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت فەقەرەی یەك لە ماددەی پەنجاو هەشت، ئەوەش وابزانم بەنیسبەت تەڵەبی سوڵتەی قەزائی بوو، جا نازانم خۆیان دەتوانن ئەسبابەكەی لێرە دیاری بكەن، دەڵێت (لمجلس القضاء أنهاء خدمة القاضي من الصنف الرابع بناء على قرار بعدم أهليته للقضاء)، ئەگەر كاك نورالدين تەوزيحێكمان بداتێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك حاكم نورالدين.

**بەڕێز حاكم نورالدين ملا على/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمييز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە لە مەركەز ئەو نەصە لە قانون تەنزيم قەزائی هەیە، كە صنفی چوارەم تازە لە مەعهەد تەخەروج دەكات بۆ مودەی ساڵێك لە جێی تەجروبەی، ئەگەر سابيت بوو ئەهليەتی نییە، مەجليسی قەزا قەرار دەدات بە ئينهائی، ئينجا لێرەش قازی بە ئيعتيباری صنفی چوارەم كە تازە تەعين بووە، ئەگەر مودەی تەجروبەی لە خيلالی ساڵێك سابيت بوو ئەهليەتی نییە، مەجليسی قەزائی بۆی هەیە داوای ئينهای خەدەماتی بكات، تەنيا عەرزێكم هەیە ئەگەر فەقەرەی یەك تەعديل بكرێت، ئەگەر بەو جۆرە بخوێندرێتەوە (يكون انهاء خدمة القاضي بمرسوم أقليمي بناءاً على قرار من مجلس القضاء)، لێرە چونكە تەعينی بە مەرسوم بووە، ئينهای خدمەشی بە مەرسوم بێت، دەوری رەئيسی ئيقليميشی تێدا هەبێت، كە مەجليسی قەزا ئيقراری كرد مەرسومی جمهوريش، وەكو چۆن لە تەعينەكەشدا مەجليسی قەزائی ئيقرار دەكات و مەرسومی ئيقليمی بۆ دەردەچێت لە ئينهای خدمەشی هەر وا بێت، بەو رێگایە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نازانم، هەرچەندە ئەوە موناقەشە دەكرێت، بەڵام خۆ زۆر كەس هەیە بە مەرسومیش تەعین دەبێت و ئینهایەكەی چ مەرسومی ناوێت، یەعنی بۆچیە، وەزیرە، بریكاری وەزیرە، سەرۆك وەزیرە هەموو بە مەرسوم دەبن، بەڵام ئینهای خەدەمات بە مەرسوم بۆچیە، ناوی خەدەماتی تەقاعودیش دەبێت بەبێ مەرسومی ناوێتن، دەیان وەزیر لادراوە، ئیستیقالەی كردووەو گۆڕاوە، هیچ مەرسومی بۆ دەرنەچووە، بەهەر حاڵ كاك غەفور نوقتەی نیزامیت هەبوو فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی كە تێبینی دەكرێت ماددەی پەنجاو هەشت لەكوردیەكەی شتێكە، لە عەرەبیەكەی شتێكی ترە، لە كوردیەكەی فەقەرەی یەكەم و دووەمی نییە، لە عەرەبیەكەی فەقەرەی یەكەم و دووەمی هەیە، یەعنی ماددەی پەنجاو هەشت یەك شت نییە لە كوردی و عەرەبیەكەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە لە تەبعە دەرنەچووە لە عەرەبیەكەش دەرنەچوو بوو، بەڵام نوسخە ئەسڵەیەكە لە لای حاكم بوو خوێندیەوە بە عەرەبیەكە، كوردیەكەش وەكو عەرەبیەكەی لێ دێت، فەرموو خەمان خان.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیارەكەی من تەنیا لە یەك شت لە ماددەی پەنجاو هەشت كە بە یەكەم و دووەم هاتووە، یەعنی زۆر وازیح نەبوو، ئێستا لیژنەی یاسایی داوایان لە حاكم نورالدین كرد بۆ ئەوەی بۆیان باس بكات، پرسیارەكەی من لێرە ئەوەیە پێش وەخت قسە نەكراوە لەسەر ئەم ماددەیە، یەعنی بۆ وای لێ هات؟

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆرە شوكریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی پەنجاو هەشت من وای دەبینم لە لای خۆمەوە، ئەوەی دوایی بە خزمەت كردنی بهێنرێت بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە جارێكی تر ناگەڕێتەوە بۆ كاری دادوەری، ئەمە خاڵی یەكەم.

دوو/ رێگەی لێ ناگیرێت ئەگەر فەرمانەكەی بكەینە مەدەنی، بە رەئی من ئەو فەقەرەیە لابرێت رێگای لێ ناگیرێت كە لە فەرمانگە، با هیچ فرمانێكی تر نەبێت، چونكە عقوبەیەكی گەورە دراوە لەسەر هەندێ مەسائیل، وەكو ئێستا بەڕێزی ئاماژەی پێ كرد، یەعنی با مەرسومیشی بۆ دەربكرێت، مەسەلەیەكی پێشنینان هەیە دەڵێت (ئەگەر گۆشت گەنی فڕێ دەدرێت) ئەی ئەگەر مەلا، یان قازی گەنی، چی لێ دەكرێت، ئەوەش فڕێ بدرێت باشترە، كەواتە با هەر ئینهائی بكرێتنو هیچ وەزیفەیەكی نەدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ ئەدهەم فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیسان تێبینیەکا بچووك لەسەر فەقەرە دوو هەی (لا یمنع من تعیینه في وظیفة مدنیة)، لێرە وشەی مەدەنی من پێم وایە زۆر لە شوێنی خۆی نییە، وەزیفاکا دی، یان حکومی، چونکە بەلکی بێتە دیار کرن وەکو دەزگای قوزات شتێکی عەسکەرییە، یەعنی (تعیینه في وظیفة مدنیة) (تعیینه في وظیفة اخری) یان حوکمی بە رەئی من جوانتر دێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینیم هەیە، یەعنی لە دوو حاڵەت دادوەر ئینهای خدمە دەبێت، لە حاڵەتێك ئەگەر فعلێك هەبوو (لا یعترف لشرف الوظیفة القضائیة)، یاخود (محاکم تشریع اللجنة ثبت عدم اهلیة القاضي لاستمرار) مەرسومی بۆ چیە، یەعنی لەو دوو حاڵەتەی کە ئەو فعلەی لێرە جارێکی تر مەرسومی بۆ دەرکەین، پێم وابێت مەرسومی هەر سوڵتەی قەزائی شەکل بکات ئەوە یەك.

لە فەقەرەی دوو/ من پێشنیار دەکەم جوملەی ئەخیری لابدرێت (علی ان ذلك لا یمنع من تعیینه في وظیفة مدنیة)، پێم وایە ئەگەر ئەوە بمێنێت، ئەوە چانسێکە دەدرێتە دادوەر، ئەوەش دەبێتە مایەی ئەوەی لەوانەیە کارەکەی خۆی بە رێك و پێکی نەکات، هەروەها کە ئەوە نەمێنێت، پێم وایە خەڵکانێك داوای دامەزراندنی دادوەری ناکەن، ئەگەر 100٪ لەخۆیان را نەبینن، کە ئەو ئیشەیان پێ دەکرێت، یاخود ئەهلن بۆ وەزیفەی دادوەری، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو بڕگەیە لابدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد رەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر تەئیدی ئەو قسانەی دکتۆرە شوکریەو کاک سەردار دەکەم، دادوەرێك لەسەر کارێکی خراپ لە کارەکەی لابدرێت، بۆ رێگای پێ بدەین بچێت لە کارێکی مەدەنی ئیش بکات، بۆیە منیش تەئیدی ئەوە دەکەم، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ڕەئیەی کاک ئەدهەمیش بەشێوەیەك لە شێوەکان باسی کرد وەزیفەی هێن و ئەوانە کاک سەردارو دکتۆرە شوکریەو کاک محەمەد ڕەفعەتیش، ئەگەر ئەو جوملەیە لابدرێتن ئیشکالەکەمان حەل دەبێت (لا یعاد الى القضاء من تنهي خدماته وفق أحكام هذا القانون)، ئەگەر ئەوەی هێن بکەین و وا بێت باشترە، ئەگەر موافیق بن، بەس بۆ قەزا ناگەڕێتەوە، ئەو جوملەیە هەر زیادە، دەتوانێت بۆ خۆی تیجارەتیش ئیش بکات، موافەقەت کرا ئەو جوملەیە شەتب بکرێت (على أن لا يمنع ذلك من تعيينه في وظيفة مدنية) شەتب کرا، جوملەکە وای لێ دێت (لا یعاد الى القضاء من تنهي خدماته وفق أحكام هذا القانون) ئەوە بەنیسبەت ئەوە، بەنیسبەت (يكون انهاء خدمة القاضي بمرسوم اقليمي بناءاً على قرار من مجلس القضاء)، تەبعەن لێرە کاک فرسەتیش لێرە هەندێك باسی کرد، ئینهای خدمە نەوعێك هەیە، تەعدیل وزارییە دەکرێت، یان خۆی تەقاعود دەبێت، یان خۆی واز دەهێنێت، ئەوە مەرسومی ناوێت، بەڵام ئەگەر ئیقالە بکرێتن، ئەوە دەبێت بە قەرارێکی مەرسومی بێت، ئەگەر کاک حاکم بۆمان ڕوون بکاتەوە.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەعنی لێرە ئینهای خدمە، مانای نەتیجەی عقوبەیە، کەواتە ئیقالەیە، لەبەر ئەوە عەرزم کردن، ئەگەر مەرسومی ئیقلیمی بۆ دەرچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک کەمال ڕەئیەکی هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویست ناکات ئەوەندە لەسەری بڕۆین، بە چ ڕێگایەکەوە تەعین بووە، بە هەمان ڕێگاوە کۆتایی بە کارەکەی دەهێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام من باسی واقیع دەکەم، لە ساڵی 1992وە تا ئەمڕۆ هەمووی بە سوێند خواردن و بە قەرار هێن بووە، ئێستا زۆر وەزیر هەیە ئیستیقالەشی نەداوە تەعدیل وەزاری کراوە، بەبێ ئەوەی نەئیستیقالەی بدات، نە مەرسومی بۆ دەربچێت، من ئیعلانی دەکەم وەزارەتمان تەشکیل کردووە، وەزارەی پێشوو ئیستیقالەی نەداوە لە رابردوودا، جا خۆ مەبدەئەکە ڕاستە، یەعنی ئەوەی بە مەرسوم بێتن، دەبێت بە مەرسوم بێت، کاک شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەرسوم دەردەچێت بۆ زۆر موەزەفین لە دەوڵەت، مەسەلەن زابت بە مەرسوم دەردەچێت، بەڵام عقوبە بە مەرسوم نییە، جەدوەلێك دەردەچێت مەسەلەن بە مەرسومێك لادەبردرێن، ئینهای خدمەی دەكرێت، ئەوە عقوبە نییە، مەسەلەن میلاك تەواو ناكات، تەمەنی گەورەیە، ئەوانە بە مەرسوم دەبێت، بەڵام عقوبەی بدەیت بە قانون عقوبەی دەدەیت، خۆشی قانونە، یەعنی نابێت بە مەرسوم بێت بەڕاستی، مەرسوم شتێكی زۆر گەورەترە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە تەبعەن باسی عقوبەی ناكات، عقوبە دەسەڵاتی سەرۆكی باڵایە، روونی كردەوە، یان رەئیسی مەحكەمەی ئیستیئنافە، عقوبە شتێكە، ئینهای خەدەمات، ئیقالە شتێكی ترە، من لەگەڵ ئەوەم لە ئیقالەدا بە مەرسوم بێت، ئیقالە مەرسومی دەوێت، لەبەر ئەوە شتێكی ئیستیسنائیە، عقوبەیەكە خەڵك پێی دەزانێت، پێی دەڵێن، ئەمری پێ دەكات برۆ ماڵی خۆت دابنیشە پێویستیمان بە خەدەماتت نییە، ئەوە لە حاڵەتی ئیقالە، بەڵام ئەگەر تەقاعود دەبێت، خۆی واز دەهێنێت بە هەر سەبەبێك بێت، دەچێتە وەزیفەیەكی تر، ئینهای خەدەماتی دەكاتن، ئەوانە مەرسومی ناوێتن، لەبەر ئەوە ئەگەر بیكەینە مەرسوم، یەعنی (اقالة القضاة بمرسوم اقليمي بناءاً على قرار من مجلس القضاء)، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە قەناعەتی من مەبدەئی ئیقالە لە قانونی سوڵتەی قەزائی لێرە نەهاتووە، ئەوە یەك.

دوو/ ئینهای خدمە عقوبەیەكە، لە نەتیجەی عقوبەیەك هاتووە ئینهای خدمەی كراوە، ئەو ئینهای خدمەیەش بە قەناعەتی من مەرسومی ئیقلیمی ناوێتن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حاكم هەر بە دەسەڵاتی خۆتان بێتن هیچ ئیشكالێك نییە، ئێمە دوێنێ تەمەنەكەمان هێن كردو شتێكی زۆر پۆزەتیفە، ئەگەر سەحبی ئیقتیراحەكەت بكەیت.

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو ئیقتیراح پێشكەشمان كرد، ئیتر رەئی رەئی جەنابتانەو رەئی لیژنەی قانونی و ئەندامانی بەڕێزانی پەرلەمانە، بەڵام وەكو بە چ رێگەیەك تەعین بوو، هەر بەو رێگەیە دەربكرێت، چونكە ئەمە عقوبەكە هەر قابیلی عەزل و ئیقالەیە، عەیەنی بەو مانایەی دێت، نەتیجەی عقوبە دراوە ئیقالە دەكرێت، عەزل دەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەحدیدی تەمەنی تەقاعود، كە حاكم تەقاعود دەبێت، یەعنی ئەوەش كۆتایی بە خدمەكەی دێت، ئەوە مەرسومی دەوێتن لەناو قانونەكە حەسبە زەوابتەكە دیاری كراوە، كە زەوابتەكە تەواو بوو دەچێتەوە تەقاعود دەكرێت، هیچ مەرسومێكی ناوێت، لێرەش بەشێوەیەكی دیكە ئینهای خدمە نەتیجەی عقوبەیەك هاتووە، كە نەتیجەی عقوبەش بێت بە قەناعەتی من مەرسومی ناوێت، دوا رەئیش رەئی ئێوەو ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی ئەگەر سەیری عینوانەكە بكەین (الامور الانضباطیة) ئەمە لە مەجالی عقوبە هاتووە، بەلآم من وا دەزانم ئەوەی كە پرۆژەكەی نووسیووە، بەڕاستی ئینتیقای كردووە، ئینتیقای ئەو عقوبانەی كە دانراوە لە ساڵی 1992، كە هەشت بڕگەیە، ئینتیقای ئەو عقوبانەیان كردووە لە شێوەیەكی وەكو بڵێی ڕێز لێنراو، مەسەلەن تەنها دوانی دەرهێناوە، ئینزارو ئەوە، ئەمە فەسلە، ئەمە ئینها نییە، یەعنی ئەمە مەرسومی ناوێت، قەراری فەسلە، بەلآم ناوی ناوە ئینهای خدمە، لە ئەسڵدا ئەمە ئینها نییە، ئەمەی كە جەنابت دەڵێی ئیقالە دەكرێت، یان شێوەكەی دەگۆڕێت، ئەوە شتێكی جیاوازە، ئەمە عقوبەیە، ئەمە فەسلە، بەلآم لێرە بە كەلیمەیەكی ئەدەبی تر ناویان ناوە ئینهای خدمە، ئەگینا هەر ئینتیقایە، ئینتیقای عقوبەكانیان كردووەو بۆ حاكم مەكانەتێكی زۆر بەرزو زیاد لە سنووری خۆی بە قەناعەتی من، ئەگینا ئەمە فەسل كردنە، یەعنی تاوانێكی كردووەو فەسل دەكرێت، بەلآم ناویان ناوە ئینهائی خدمە، لەبەر ئەوە بەقانون، بە قەرار دەبێت، نەك بە مەرسوم، ئەوەی جەنابت دەڵێی ئیقالە ئەوە بەحسێكی ترە، تۆ پێویستت بە ئیشەكەی نەماوە، یان لەبەر زەرورەتێك دەیگۆڕیت جیایە لەمە، ئەوە عقوبە نییە، بەس ئەمە عقوبەیە بە قەرار دەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی بزانرێت ئینهای خدمە وەكو عقوبەیە، دەبێت تەعبیرێك ئیزافە بكەین (لا یعاد الی القضاء من تنهی خدماتە وفق المادة السابقة) بۆ ئەوەی جیا بكرێتەوە لە خانەنشین و لە ئیقالەو لە عەزل بەپێی

ماددەی پێشتر، کە دیاری کراوە ئینهای خدمە عقوبەیە، مەرسومیشی پێ ناوێت، فعلەن مەرسوم جۆرە رێزلێنانێکە بۆ تەعینە، مەعقول نییە لەکاتی عقوبە هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی سی چوار هاتووە دەڵێ (يجوز منح المجلس مهام اخرى وفقاً للقانون)، دەتوانین لێرە یەعنی لە صەلاحیەتی مەجلیسی قەزا بێتن، دوایێ لێرە جێی نییە، جێی بۆ بکەیتەوە، یەعنی ئەگەر چەندی تەماشا بکەیت، یان ئەوە قانونی خدمەی تەقاعودی عیلاجی کردووە، کە ئینهای خدمەی بێتن، لە پاشان ئیقالە هەر عیلاجی بۆ کراوە، کە ئینهای عقوبە عیلاجی بۆ کراوە، یەعنی نازانم لە کوێ جێ بۆ دەکرێتەوە ئەو مەرسومەو لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئینهای خدمە نەك هەر عقوبەیە، گەورەترین عقوبەیە و توندترین عقوبەیە، ئێمە لێرە دێین کە مەرسوم، دەڵێین بە مەرسوم دەربچێت، بە رەئی من یەعنی کەم کردنەوەیە لە وەزنی ئەو مەرسومە ئیقلیمیانە، یەعنی بۆ پاراستنی وەزنی مەراسیمی ئیقلیمی، پێم وایە با بە مەرسوم نەبێتن، تەنها بۆ حاڵەتی تکریمی و تەشریفی بێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەوە مەحسوم بوو هینەکە، عەفوم دەکەن لە ئەسڵی پرۆژەکەدا نەهاتووە بە مەرسوم بێتن، لیژنەی قانونیش نەیگوتووە، کەسیش لە ئەندامانی پەرلەمان داوای نەکردووە، لەبەر ئەوە موقتەرەحەکە لە لیژنەی قانونیەکە وەردەگرین مەرسومی ناوێتن (يكون انهاء خدمة القاضي بقرار من مجلس القضاء)، ئەوەی دووەمیش/ دەبێتە (لا يعاد الى القضاء من تنهي خدماته وفق أحكام هذا القانون)، ئەو ماددەیە بەو دوو فەقەرەیە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پەنجاو نۆ:

یەکەم: بەپێی بڕیارێك لەلایەن سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە، داوای بەرزەفتکردن لەسەر دادوەر تۆمار دەکرێ، بۆ لیژنەی کاروباری دادوەران رەوانە دەکرێت، بەمەرجێك دەبێ ئەو بریارە بەیانێکی تێدا بێ دەربارەی ئەو رووداوەی دراوەتە پاڵی، ئەو بەڵگانەی بەسەری دەسەپێنن، دەبێ ئەو بڕیارە بە دادوەرەکەو داواکاری گشتی رابگەیەندرێت.

دووەم:

أ- لیژنەی کاروباری دادوەران کاتێك بۆ تەماشاکردنی ئەو داوایە دیاری دەکات و دەبێ ئەو کاتە دیاری کراوە بە سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە و سەرۆکی داواکاری گشتی و دادوەرەکە رابگەیەندرێت.

ب- دادگایی کردنەکە نهێنی دەبێ بڕیارەکەشی بە ئاشکرا تێ دەگەیەندرێ.

ج- دادگایی کردنەکە بە ئامادە بوونی نوێنەری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەو سەرۆکی داواکاری گشتی، یان ئەوانەی لە داواکارە گشتیەکان رەوانەیان دەکات, پێویستە ئەو دادوەرە خودی خۆی ئامادە بێت، بۆی هەیە پارێزەرێك لەگەڵ خۆیدا ئامادە بکات.

د- بۆ لیژنە هەیە چەندی بە باشی دەزانێ لێکۆڵینەوە بکات.

هـ- دوای تەواوکردنی تێهەڵچوونەوەو داواکاری گشتی و بەرگری کردنی لە دادوەرەکە, داوایەکەی یەکلادەکاتەوەو بڕیارەکەشی بە سەرۆکی داواکاری گشتی و دادوەرەکە رادەگەیەنێ.

و- ئەو لیژنەیە لە رێکارەکانیدا ئەو رێسایانەی لە وەختی یاسای بنەما سزاییەکاندا هاتووە دەگرێتەبەر.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة والخمسون:

أولاً: تقام الدعاوى الانضباطية على القاضي بناء على قرار من رئيس محكمة الاستئناف باحالته على لجنة شؤون القضاة على ان يتضمن القرار بيانا للواقعة المسندة اليه الادلة المؤيدة لها ويبلغ هذا القرار للقاضي والادعاء العام.

ثانياً: أ- تحدد لجنة شؤون القضاة موعداً للنظر في الدعوى تبلغ به رئيس محكمة الاستئناف ورئاسة الادعاء العام والقاضي.

ب- تكون المحاكمة سرية ويفهم القرار علنا.

ج- تجري المحاكمة بحضور ممثل رئيس محكمة الاستئناف ورئيس الادعاء العام او من ينسبه من المدعين العامين وعلى القاضي الحضور بنفسه وله ان يحضر محاميا معه.

د- للجنة ان تجري بنفسها ما تراه مناسبا من التحقيقات.

هـ- تفصل اللجنة في الدعوى بعد اكمال التحقيق وسماع اقوال ممثل رئيس محكمة الاستئناف والادعاء العام ودفاع القاضي وتبلغ قرارها الى رئيس محكمة الاستئناف ورئيس الادعاء العام والقاضي.

و- تتبع اللجنة في اجراءاتها القواعد المنصوص عليها في قانون اصول المحاكمات الجزائية.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو ليژنەى ياسايى هيچ مولاحەزەيەكمان نييەو تەئيدى ماددەكە دەكەين، چونكە ماددەكە پەيوەندى هەيە بە چۆنيەتى بەڕێوە چوونى دەعاوى ئينزيباتى لەبەردەم ليژنەى شوئونى حوكام، ماددەيەكى زۆر زۆر ئاساييە، بۆيە ئێمە هيچ مولاحەزەمان نييەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك خەليل لە ئەوەڵەن (بيانا للواقعة المسندة اليه الادلة المؤيدة لها) ناحيە قواعيديەكەى (لها)يە، (لە)ە، تۆ تەماشايەكى بكە، ئەگەر بۆ واقيعە بێت (اليه) دەبێت پێشتر بگۆڕيت دەبێت (اليها)، راست دەكەيت واوێكى نوقصانە (والمؤيدة لها)، كاك شێخ ئەدهەم فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

لە خالە دوێ (ب) ئايا بۆ بە مەحكەمە، يان بەشێوەيەكى نهێنى بێت؟ يەعنى سڕى بێت، ئەگەر فەلسفەيەكى تێدا هەيە، حەز دەكەين جەنابێ حاكمێ تەوزيحێك بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من لێرە پێشنيار دەكەم دەعاوى ئينزيباتى لە حاڵەتێكى ديكەش تۆمار بكرێت، نەك تەنها بە بڕيارى سەرۆكى دادگاى ئيستيئناف ئەويش پاش (قرار من محكمة الاستئناف او بطلب من الادعاء العام في حالة ارتكاب قاضي لخطأ فاحش) لەبەر سێ سەبەب، يەكەميان/ من دەبينم لەو فەقەرەيە، يەعنى دەعاوى ئينزيباتى حەسم كراوە، بەس لە يەك حاڵەت ئەويش بڕيارى رەئيسى مەحكەمەى ئيستيئناف.

دوو/ ئێمە لە هەموو قەوانينەكانمان باسى ئەوەى دەكەين، كە تەفعيلى جيهازى ئيديعاى عام بكەين، بۆ سەروەرى ياسا بەشێكى زۆر زۆر گرنگە.

سێ/ موهيمەى ئيديعاى عام، وەكو دەزانين لە قانونەكەياندا هاتووە (الحرص على تنفيذ القوانين والقرارات) يەعنى بەشێوەيەكى سەليم، بۆيە من جارێكى ديكە دووبارەى دەكەمەوە، دەبێت (بطلب من الادعاء العام)يش ئيزافە بكرێت، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك محەمەد رەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە لەسەر بڕگەی (ب) دادگایی کردنی دادوەر بۆچی بە نهێنی بێت و حوکمەکەشی بە ئاشکرا بێت، بۆ بە نهێنی دادگایی بکرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لە بڕگەی دوو (د، و) هەیە، لە (د) دەڵێ (للجنة ان تجري بنفسها ما تراه مناسبا من التحقیقات) لە (و)یش دەڵێ (تتبع اللجنة في اجراءاتها القواعد المنصوص علیها في قانون اصول المحاکمات الجزائیة) ئوصول موحاکەماتی جەزائی هەر لە یەکەم دەقیقەی موخالەفەیەکەوە، هەر تاوانێکەوە بۆ نیشان دەکات چۆن ئیجرائات دەکەین، ئینجا لە کۆتایی ئەم بڕگەیە (في قانون اصول المحاکمات الجزائیة النافذة) باشە بۆی زیاد بکرێت، یان (او قانون یحل محلە ) بۆ ئەوەی ئیحتیمالە ئەو قانون جەزائیە دوو ساڵی تر ئیلغا بێتەوە، بۆ ئەوەی جارێکی تر نەکەوینەوە ئەوەی جارێکی تر تەعدیل بکرێتەوە، پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەو بڕگەیەی بۆ زیاد بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو مولاحەزەیە کاك شێروان ئەگەر وەڵامیان بدەنەوە، یەکەمیان/ لەسەر عەلانیەتی مەحکەمەکەیە، ئەویتریشیان/ مولاحەزەکەی کاك سەرداریيە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە قەناعەتی ئێمە کە دەڵێت موحاکەمەکە سڕیە، جارێك بەنیسبەت قازی تایبەتمەندی خۆی هەیە، ڕێزی خۆی هەیە، ئیمکانە ئەو توهمەیەی کە ئیستینادی کرا بێت ڕاست بێت، ئیمکانیش هەیە ڕاست نەبێت، بە قەناعەتی ئێمە سڕیەکە لێرە ئەوە دەگرێتەوە، مەکانەکەی حەساسە، یەعنی ئەگەر دەرچوو هیچی لەسەر نییە، عەلانیەتیش بوو بەنیسبەت قازی وابزانم شتێکی زۆر نارێك و نادروستە، ئەمە یەك.

دوو/ ئەو مەسەلەیە مەوزوعێکە، مەوزوعی لیژنەی شوئونی حوکامە بەڕاستی، لێرە ئیدیعای عام بە قەناعەتی ئێمە بەنیسبەت تەحریکی دەعوا، بەنیسبەت لیژنەکان عیلاقەی نابێت، ڕاستە ئیدیعای عام بەنیسبەت قانونەکەی خۆی سوڵتەیەکی عام هەیە، بەنیسبەت تەحریکی دەعوا، ئەوە قازیش دەگرێتەوە، غەیری قازیش دەگرێتەوە، بەڵام لێرە تایبەتمەندی خۆی هەیە، مەسەلە عیلاقەی بە شوئونی قوزات هەیە، عیلاقەی بەوە نییە، کە تەحریکی دەعوا بکات لەو قەزیانەی کە لە قانونەکە هاتووە بەنیسبەت قوزات، بەنیسبەت قەزایای عامە وەکو هاووڵاتیەك دێتن، کە حەقی ئەوەی هەبێت، ئەو ئیدیعای عامە تەحریکی دژی بکات، بەڵام لەناو قانونەکە لیژنەکە تایبەتمەندی خۆی هەیە، لیژنەی شوئونی قوزاتە، دەوریشیان

داوەتە ئیدیعای عام وەکو عوزو لەو مەسەلەیە، وەکو حوزوری لەو مەسـەلەیە، بۆیـە بەڕاسـتی ئێمـە پێمـان وایە ماددەکە لە جێگای خۆی هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر ئیزافە لەسەر ئەو تەوزیحە، سرپەکە مەحکەمەیـەکی ئیعتیـادی نییـە، ئـەوە ئینزیباتییـە، لیژنەیـەکی ئینزیباتییە، داخیلی هەیئەتێکی قەزای خۆیانە، وەنەبێتن مەحکەمـەی عـام بێـت پەیوەنـدی بـە خەڵکـەوە هەبێت، ئـەو مەحاکمانـە، ئەگـەرنا ئـەو مولاحەزتانـەی شـێخ و کاك عـادلیش تەئیـدی کـرد، ئـەوە لیژنـەی ئینزیباتییە، وەکو مەسەلەن لێرە لیژنەیەکی ئینزیباتی دابنێین خروقاتێك هەبێتن، سرپتەکەی زەرورییە، قەرارەکەش ئیعلان دەکرێتن، ئەگەر بێتو بگەنە قەرارێك، بەڵێ کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك مولاحەزە وەڵاممان نەداوە، ئەویش چۆنیەتی بەڕێوە چوونە ئـیش و کـاری ئـەو لیژنەیـە، تەبعـەن لـە (و) بە وازیحی گوتویەتی، چۆن ئـەم لیژنەیـە بـەڕێوە دەچـێت، بـەپێی ئـەم ئوصولەی لـە قـانونی ئوصـول موحاکـەماتی جـەزائی دیـاری کـراوە، بەنیسـبەت چۆنیەتی بـەڕێوە چـوونی ئیشـوکاری لیژنەکـە، ئـەوە بـە تەفسیل لـە قـانونی ئوصـول موحاکـەماتی جـەزائی هـاتووە، بەنیسـبەت مەسـەلە عامـەکان، لێـرەش هـەمان پرەنسیپ دیاری دەکرێت لەلایەن ئەو لیژنەیەوە، بۆ بەڕێوە چوونی ئەم نەوعە دەعوایانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو یا شێخ.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕاستی بێت بەشێوەیەکی گشتی دڤێ پـرۆژەدا، ڤـە چـەندیا دێتـە پـێش چاڤ، کەڤـە پـرۆژە لـە لای بەڕێزەوە، یان حاکمە، یان ڤوزاتە هاتیتە نڤیسین، وەکی لازم ئەگەر بێتە دەنگدانیش ڤە پرۆژە بـە عـام لـە پەرلەمانێ کوردستانێ بە رەئیا من ئەز دبێژم مەکارێکی جۆرێ دروست و شەفاف نەکریـە لـە حەقیقەتـدا، یەعنی لێرە مەجموعە سەڵاحیەتێك، یان ئاخاکە زیاتر بۆ حەرەکەت و بۆ ئینتیلاڤە ڤوزاتـە مـە مەجالـەکا زیاتر پێی دای، وا دەست و ڤە کرینە، بە رەئیا من لێرەدا لەسەر ئەساسێ شەفافیەتێ کە تڤیە مە هەبی لـە هەمی مەسەلەدا، ئەز بم لێرەدا بە شەفافیەت کێم رەنگتر بیت، یان هەندەك مەسائیلی دیدا دیقەتەکە پـتر تێدا ڤێ قانونێ بە رەئیا من نەچوویتە پێش، یەعنی قازی لێرە موتڵەق نـەبێت، هـەمی شـت بەشـێوەیەکی پرۆژە هاتی، بە رەئیا من خەلەلەك دەبینم، تەنها تێبینیا خۆ ئەز دیار دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە دەسەڵاتێکی تازەیە یا شێخ، یەعنی نەك دەسەڵاتێکی تازەیە، ئەو پرۆژەیـە بـۆ ئـەوەی ئـەو دەسـەڵاتە سەربەخۆ بێت، جیا بکرێتەوە لە دەسەڵاتی جێ بەجێ کـردن، بۆیـە هەنـدێك شـت تازەیـە بەنیسـبەت ئـەو دەسەڵاتەوەو ئێمە پێویستیمان پێیەتی، من پێم وایە زیادیش نییە، بەڕاستی دەبێت ئەو دەسـەڵاتە هـەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت لـە پـاڵ دەسـەڵاتی پەرلـەمان و جـێ بـەجێ کـردن، کۆمەڵگاکـەمان بەشـێوەیەکی یاسـایی

بەڕێوە بچێتن، هەر یەکە جێگای خۆی بزانێتن، دەسەڵاتەکان تێکەڵ نەبێتن، ئەگەر تێکەڵ بن تەئسیر دەکاتە سەر عەدالەت، یەعنی ئەگەر دەسەڵاتی قەزا تەئسیری دەسەڵاتی جێ بەجێ کردنی لەسەر بێت، عەدالەتەکە وەکو پێویست، وەکو داواکارین و خەڵك داوای دەکات، ناتوانێت ئەرکی خۆی بە رێك و پێکی ببینێتن، یەك موراقبەی یەك دەکات، یەعنی دەسەڵاتی قەزا موستەقیلە، بەڵام لەبەرچاوی خەڵکە، لەبەرچاوی حکومەتە، لەبەر چاوی پەرلەمانە، چۆن ئێستا پەرلەمانیش لەبەرچاوی خەڵکە، لەبەرچاوی حکومەتە، لەبەر چاوی میدیایە، رۆژانە خەڵك گلەییمان لێ دەکاتن بەپێی یاسا حەسانەشمان هەیە، بەڵام مونەزەه نین، غەڵەت بکەین، خەڵك پێمان دەڵێت غەڵەتتان کردووە، خۆشمان باسی دەکەین و ئەگەر غەڵەتمان کرد بێت دانی پێدا دەنێین، خۆمان چاك دەکەینەوە، هەروەها دەسەڵاتی قەزاش کە ئێستاکە دەمانەوێتن وەکو دەسەڵاتی پەرلەمان، وەکو دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن بەدەوری خۆی هەڵبستێتن لە سەقامگیر کردنی عەدالەت و بە گژ داچوونی کەموکوڕیەکان لەناو کۆمەلگادا، دامەزراندنی کۆمەلگای مەدەنی کە ئەوە ویستی هەموو خەڵکی کوردستانە، کاك دکتۆر نوری فەرمووو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو ئەنجومەنەی دیسکلیمی، چونکە لێرە وشەیەکی دیکەیان بۆ بەکار هێناوە، دەشبوهێتە ئەنجومەنی دیسکلیمی لە زانکۆیەکان، لەڕاستیدا هیچ جیاوازییەك نییە لەنێوان ئەنجومەنی دیسکلیمی دادوەران و زانکۆدا، من ماوەی دوو ساڵ سەرۆکی ئەنجومەنی دیسکلیمی زانکۆی سلێمانی بووم، کارێکی وا هاتە بەردەم لیژەکەمان بە نهێنی ئەنجام درا، جێگری دادوەری گشتی سلێمانی ئامادە بوو، بەڵام رێگا نەدەدرا خەڵکانی تر ئامادەی کۆبوونەکان بن، پاش ئەوەی کە بڕیاردرا بڕیارەکە بڵاو کرایەوە لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆ، من لەو باوەڕەدام کەوا لێرەش دەبێت بەو جۆرە بێت، دادوەر تایبەتمەندی خۆی هەیە وەکو مامۆستای زانکۆ، دەبێت ئەو پرۆسەیە بەشێوەیەکی نهێنی ئەنجام بدرێت، پاشان ئەگەر بڕیاردرا بە ئیدانە کردنی، ئەو کاتە دەکرێت بڵاو بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وەڵامی پرسیارەکان درانەوە، ماددەکە وەکو لیژنەی یاسایی پشتگیریان لێ کردووە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەست:

یەکەم: ئەگەر لیژنەی کاروباری دادوەری لە کاتی تەماشا کردنی داوایەکەدا بۆی دەرکەوت کە ئەو کارەی خراوەتە پاڵ دادوەرەکە گەورە تاوانە، یان کەتنە, بڕیاری ناردنی بۆ دادگای تایبەتمەند دەدات و پەراوەکەی بۆ رەوانە دەکات, دوای ئەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری دەست بە دادوەرەکە لە کار دەکێشێتەوەو, هەروەکو لە یاسای بەرزەفتکاری فەرمانبەرانی دەوڵەتدا بڕیاری لەسەر دراوە.

دووەم: ئەگەر دادگای تایبەتمەند بڕیاری بەبێ تاوانی دادوەرەکەدا یان بەبەردانی، یان هەربڕیارێك کۆتایی بە داوا سزاییەکە هێنا, پێویستە لیژنە لە تەماشا کردنی داوا بەرزفتکاریەکە بەردەوام بێ، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

سێیەم: ئەگەر دادگا بڕیاری بەسەر کۆنە کردنی دادوەرەکە دەرکرد, پێویستە لیژنەکە سزایەکی بەرزەفتکاری هاوتا بێ لەگەڵ ئەو کارەی دراوەتە پاڵی بسەپێنێ, بەپێی حوکمەکانی ماددەی (55)ی ئەم یاسایە.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الستون:

أولاً: اذا وجدت لجنة شؤون القضاة اثناء نظر الدعوى ان الفعل المنسوب الى القاضي يكون جناية او جنحة فتقرر احالته على المحكمة المختصة وترسل اليها الاوراق كافة بعد ان يسحب رئيس مجلس القضاء يد القاضي وفقا لما هو مقرر في قانون انضباط موظفي الدولة.

ثانياً: اذا قررت المحكمة المختصة براءة القاضي او الافراج عنه او اصدرت اي قرار تنتهي به الدعوى الجزائية فعلى اللجنة الاستمرار في نظر الدعوى– الانضباطية وفقا لاحكام هذا القانون.

ثالثاً: اذا قررت المحكمة ادانة القاضي فعلى اللجنة ان تفرض عليه عقوبة انضباطية تتناسب مع الفعل المسند اليه وفقا لاحكام المادة (55) من هذا القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ تێبینیمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێك و تێبینیەکم هەیە لەسەر ماددەکە، بەنیسبەت فەقەرەی یەکەم (اولاً) داوا دەکەم ئەو جوملەیە ئیزافە بکرێتە سەری (او اي قانون اخر يحل محله) پاش (مقرر في قانون انضباط موظفي الدولة) (أولاً: اذا وجدت لجنة شؤون القضاة اثناء نظر الدعوى ان الفعل المنسوب الى القاضي يكون جناية او جنحة فتقرر احالته على المحكمة المختصة وترسل اليها الاوراق كافة بعد ان يسحب رئيس مجلس القضاء يد القاضي وفقا لما هو مقرر في قانون انضباط موظفي الدولة او اي قانون اخر يحل محله).

دووەمین/ ڕەقمەکە بە غەڵەتی هاتووە ماددەی پەنجاو پێنج، ماددەی پەنجاو حەوتە لە سێیەم (ثالثأ: اذا قررت المحكمة ادانة القاضي فعلى اللجنة ان تفرض عليه عقوبة انضباطية تتناسب مع الفعل المسند اليه وفقا لاحكام المادة (57) من هذا القانون) نەك (55)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من محامی نیم، بەڵام هەندێك شت لە لام خر بۆوە لەم چەند خاڵەدا، بەتایبەتی لە خاڵی دووەم، ئەگەر دادگای تایبەت بڕیاری بەبێ تاوانی دادوەرەکەدا، یان بە بەردانی، یان بە هەر بڕیارێك کۆتایی بە داواکە هێنا، پێویستە لیژنە لە تەماشا کردنی داوا بەرزفتکاریەکە بەردەوام بێت، بەپێی حوکمەکان، من لێرەدا حەقێك دەدەم بەو دادوەرە، کە ئەم هەموو سزایەی خرایە پاڵ، باشە ئەویش حەقی ئەوەی نییە، داوایەکی حەقی خۆی بکات، لێرە هیچ جێگای نەبۆتەوە، یان ڕەدێکی ئیعتیباری بۆ بکرێت، من ئەم پرسیارە دەخەمە بەردەمی بەڕێزتان کە چوار محامی گەورەو شارەزا دانرا، حەقی ئەوەی نییە ئەویش داوایەك بکات بە نهێنی و بە ئاشکراو دوور خرایەوەو چی کراو و ئەمانە، حەقی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەئیدی ئەو ڕەئیەی کاك عەونی دەکەم، منیش ئەو رایەم هەبوو (او اي قانون اخر يحل محله) لەدوای قانونی ئینزیباتی موەزەفینەوە دابنرێت، مولاحەزەیەکیشم هەیە لە بەینی کوردی و عەرەبیەکەدا لە کوردیەکە گەورە تاوان هاتووە، لە عەرەبیەکەش جینایات هاتووە، جینایات هەر جینایاتە گەورەو بچووکی هەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم، یەعنی ئەگەر هاتوو (اذا صدر الحكم بالادانة) ئەگەر حوکمەکە بە ئیدانەت دەرچوو (فللمجلس) یەعنی بۆ ئەو مەجلیسەی قەزا (احدى العقوبات المذكورة او اصدار القرار بأنهاء خدمته)، ئەوە یەکێکیان.

دووەم/ ئیقتیراحی ئەوەش دەکەم، یەعنی (في حالة غیر تلبس بالجنایة لایجوز اتخاذ الاجراءات القانونیة بحقه الا بعد استحصال من رئیس مجلس القضاء).
پرسیارێکی تر له لیژنەی قانونی دەکەم، ئایا مەسەلەن ئەو حاکمە ئەگەر قەرارێك بە حەقی دەرچوو، هیچ بۆی نییە لە پاشان یەعنی کەس تەعن لە قەرارەکە بدات، یان تەمییزێك، یان هەر شتێك وەکو مواتنێکی ئیعتیادی، چونکە ئەوە لە پێشاندا باسمان کرد (وله ان یحضر محامیاً معه)، یەعنی وەکو مواتنێکی ئیعتیادی حوکمی لەگەڵ دەکرێت، یان وەکو حاکمێك، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی، پێم وایە ئەو مولاحەزەی کاك عەونی لەجێیەتی، (او اي قانون اخر یحل محله)، ئەو ماددەی (55) دەڵێت دەبێت (57) بێت، رەئیتان لەسەر ئەوە، خۆم نازانم، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە مولاحەزەکەی کاك عەونی بەنیسبەت گۆڕانی ماددەکە دەبێتە (57) هیچ ئیشکال نییە، بەس بەنیسبەت (او اي قانون اخر یحل محله) خۆ (بموجب القوانین النافذة) ئەگەر ئێستا بێت، ئەگەر ئەویتر بێت، ئەگەر پێتان باش بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەینی شت دەکاتن (والقوانین النافذة) دەتوانین بڵێین (قانون انضباط موظفي الدولة والقوانین النافذة)، بەنیسبەت پرسیارەکانی تر کە کرا بوو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برای بەڕێز کاك عومەریش هەر تەئیدی کاك عەونی کرد، بەنیسبەت دکتۆرە شوکریە مەسەلەی رەدی ئیعتیباری حاکم، یاخود مەسەلەی گەڕانەوەی حاکم، ئەوە ئەگەر کاك نورالدین تەوزیحێکمان بداتێ خراپ نییە، بەنیسبەت تورقی تەعن، تورقی تەعن هاتووە چۆن ئیستیعمالی تورقی تەعن دەکات، حاکم ئەگەر هاتوو قەرارەکە لە دەرهەقی دەرچوو، بەنیسبەت ئەوەی کە مامۆستا سەعدەدین گوتی ئەو ماددەیەی کە ئەو گوتی هێشتا نەگەیشتینێ، ئەوە بزەبت لەوێ، رەنگە ئێمەش مولاحەزەمان هەبێت لەسەر ماددەکە، ئەوە بەکورتی وەڵامی ئەو بەڕێزانە بوو کە مولاحەزەیان هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێك ئاراستەی لیژنەی یاسایی دەکەم، شتێك بەلای من وازیح نییە، ئەگەر دادوەرێك تاوانێکی ئەنجامدا، کە گەورە تاوان بوو، یان کەتن بوو، بەپێی ئەوەی کە لێرە هاتووە، سەرەتا داوای لێ دەکرێت کە

دەست لە كار بكێشێتەوە، دواتر حەوالەی ئەو دادگای پەیوەندار دەكرێت، بۆ تەحقیق و بڕیار لەسەردانی، بەپێی تاوانەكەی ئەگەر تاوانبار بوو، ئیجرائاتی خۆی لەگەڵ دەكرێت، كە لەوانەیە سجن بێت، یان عقوباتی تر لەو حاڵەتەدا بڕگەی سێیەم پێویستی چی تری هەیە، كە ئەو وەختی دەستی پێ لەكار كێشاوەتەوە حەوالەی دادگای تر كرا بێت وعقوبەی تر وەربگرێت، چ پێویست دەكات جارێكی تر ئەو لیژنەیە بە داوایەكە دابچێتەوەو عقوبەیەكی تر بەسەریدا فەرز بكات، كە سەرەتا دەستی پێ لە كار كێشاوەتەوە، بەلای منەوە تۆزێك فەقەرەی سێیەم وازیح نییە، نازانم ئەگەر وازح بكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەكێكیان قەزیەی جەزائییە، یەكێكیشیان قەزیەی وەزیفییە، یەعنی یەكیان وەزیفە دەبێت قەرارەكەی ئینزیباتیەكە جێ بەجێ بكات، ئەوەی سێیەمەكە بۆ ئەوەیە، ئەوەی تەعنەكە لە ماددەیەكی تایبەت هاتووە، كاك شێروانیش باسی كرد (لرئیس محكمة الاستئناف) دواتر دێتن (لرئیس محكمة للاستئناف ورئیس الادعاء العام والقاضي حق الطعن لدى الهیئة العامة في محكمة التمییز)، فەرموو كاك جەمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لێرە شتێكی نوقصان دەبینم، كە مەسەلەی موخالەفە لەناو دادگا هەر بە تەنیا دادوەر نایكات، عادەتەن خەڵكی تر هەن مودەعی عامیش موخالەفەی گەورە دەكات و محامیش موخالەفەی گەورە دەكات، بۆ كارێك لەم بابەتە عادەتەن لەناو مەحكەمەكە هیچ شتێك ناكرێت، پاش تەواو بوون ئەو قەرارانە تەمییز دەكرێت، ئەگەر یەكێك مولاحەزەی هەبێت لەسەر كارەكەی مودەعی عام، یان لەسەر یەكێك لە محامیەكان، یان لەسەر حاكمەكە لەهەر سێكی بە كۆمپلیتی دادگا دەگرێتەوە، ئەوسا مەحكەمەی تەمییز ئەگەر قەناعەتی هێنا موخالەفەیەكی یاسایی گەورە كراوە لە مەحكەمەكە، چ حاكم، یان مودەعی عام، یان محامیەكە، ئەوسا مەحكەمەیەك دروست دەكرێت بۆ لێپرسینەوە لەو كارە، كەواتە لێرە تەنها دادوەر نییە، یەعنی دەبێت تۆزێك ئێمە فراوانتری بكەین، دەبێت ئەوانەی لەناو دادگان، لەناو دادگا كۆمەڵە خەڵكێك هەن كە قابیلە غەڵەت بكەن، ئەوسا ئەگەر مەحكەمە قەناعەتی هێنا مەدەعی عام خیلافێكی گەورەی كردووە نایاسایی بووە، تەبیعی قەرارەكە دەدات دەڵێ ئەمە موخالەفەی یاسایی كردووە، ئیتر لەوێ قەرارێك دەرناچێت بەنیسبەت مودەعی عام، یان محامیەكەوە، ئۆتۆماتیكیەن لە لایەن مودەعی عامی گشتی هەر عەینی رۆژ قەرارێك دەردەكەن بەراگرتنی ئیشی ئەو مودەعی عامە لیژنەی تەحقیقی بۆ دەردەكات، ئەگەر قەناعەتیان بۆ هێنا، یەعنی قەرارەكەی صائیب بووە، ئەوە ئەو مودەعی عامە، یەعنی تەبیعی لە ئیشی خۆی لادەبرێت، بۆ جارێكی تر دەوری مودەعی عامی، هەتا محاماتیش ناتوانێت بكات، یەعنی لەناو لیژنەی قەزاو دادگا جارێكی تر ناتوانێت كار بكات، جا من دەڵێم ئەم مەوزوعە یەعنی كە مەسەلەی موحاسەبەی دادوەر، یەعنی هەر دادوەر نەبێت، ئەوەی شمولییە لەناو مەحكەمە ئەوانیش بگرێتەوە، چ مودەعی عامە، چ محامییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جەمال زۆر سوپاس، ئێمە باسی قانونی قەزا دەكەین، هەر یەكە قانونی خۆی هەیەو، كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە فەقەرەی دووی ئەم مادده شەستە باس لە بەرائەی قازی و ئیفراج دەكات، لەبەر ئەو توهمەی تەوجیهی دەكرێت لەبەردەم مەحكەمەی موختەسە، بەگوێرەی قانون ئیصداری قەراری بەراوی ئیفراج (تنتهی جریمه) ئیتر بۆچی لیژنەی ئینزیباتیەكە ئیستیمرار بكات لە بینینی ئەو دەعوایە، ئەو ئیزافەیە پێویست ناكات، پێویستە لابدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد ڕەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینی كاك عومەرم هەبوو، كە ئیتر بەردەوام بوون لێكۆڵینەوەی پێویست ناكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت تەوزیحەكەی برای بەڕێزم كاك جەمال قاسم، تەبیعی هەروەكو جەنابیشت ئیشارەتت پێدا، ئێمە سێ قانونی تایبەتمان هەیە، قانونی سوڵتەی قەزائی، قانونی محامات، قانونی ئیدیعای عام، هەر یەكێك لەو قانونانە ئیجرائاتی خۆی هەیەو لیژنەی ئینزیباتی خۆی هەیەو چۆنیەتی مامەڵە كردن لەگەڵ ئەو شەریحەیە لە یاساكاندا دیاری كراوە، لێرە ناكرێت ئێمە محامی و ئیدیعای عام داخیلی ئەو مەسەلانە بكەین، ئەوە یەك.

هی دووەم/ ئەوەی كاك عومەر ئیشارەتی پێدا، تەبیعی ئەوە لیژنەی شەكوای حوكام داوای ئینزیباتی بۆ دێتن، لە ئەسنای ڕوئیای دەعوای ئینزیباتی بۆی دیار دەكەوێت جونحەیەك هەیە، جینایەك هەیە دەعوای ئینزیباتی ڕادەگیرێت ئیحالە دەبێت بۆ مەحكەمەی موختەس، بزانن ئەو جینایەو ئەو جونحەیە چی بەسەر دێت، دوو حاڵەت هەیە، یان حوكم دەدرێت، یانیش ئیفراج دەبێت، لەو هەردوو حاڵەتە دەعوای ئینزیباتی ڕادەگیرێت هەتا نەتیجەكە، كە ئەو نەتیجەیەت وەرگرت دەعوای ئینزیباتی ئیستیمرار دەكرێت، هەندێك مەسائیل هەیە لە دەعوای ئینزیباتی هاتووە، دەبێت جێ بەجێ بكرێت، مەسەلەن دەعوای ئینزیباتی ئینهای خدمەی تێدایە، دەبێت ئینهای خدمەكەی جێ بەجێ بكرێت، هەروەها عقوباتی تری

تێدایە، یەعنی ئەو عقوبە جەزائیەی ئینزیباتیەکەی راناگرێت، بەڵام دوای دیار کردنی عقوبەی، یان مەوقیفی ئەو قازییە لەو قەزیەی کە ئیحالە کراوە، کە مەوقیفەکەی دیاری کرا، ئینجا ئیجرائاتی ئینزیباتی دەست پێ دەکات و جێ بەجێ دەکرێت دوای ئیفراج.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاکە وازیحە، دوو گۆڕانکاری بەسەردا هات، چیتان هێن کرد بەنیسبەت موقتەرەحەکەی (او اي قانون اخر يحل محله) ئیزافە دەکرێتن، ماددەی (55)یش هەڵەیە ماددەی (57)ە، کاک عەونی چی بوو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیحتیماله ماددەی (57)یش بگۆڕێت، چونکە پێشنیار کراوە ماددەکان تەسەلسولەکان جێگای گۆڕانکاری دەکرێت مولاحەزەی ئەوەش بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە تەدقیق دەکەین، ژمارەی ماددەکە چ راستە ئەوەی دەکەین، خۆی مەقصەدەکە لێرەدا ئەوەیە مەبدەئەکەیە لە ماددەکەدا هاتووە، کاک محەمەد رەفعەت وەڵامیان دایەوە.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تاوانبارێك مەحكەمە بەرائەی داین، ئیتر ئیجرائاتی ئینزیباتی چی بەرامبەری دەکەیت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی جەزائیاتەکان جیاوازە، مەسەلەی ئوموری ئینزیباتی جیاوازە، لە ئەسنای تەدقیقی دەعوای ئینزیباتی جەریمەیەك دێتە گۆڕێ، کە پێی دەڵێن جونحە، یان جینایات غەیری دەعوای ئینزیباتیە، دەبێت لیژنەی تەشکیلی حوکام ئەوەی بنێرتەوە مەحکەمەی موختەس، کە ئەویش مەحکەمەی تەحقیقە، هەتا ئەگەر ئیفراجیش بێت، مەسەلەی ئینزیباتیەکە هەر دەمێنێتەوە، ئینجا مەسەلەی ئینزیباتیەکە ئیستیمرار دەبێتەوە، ئینجا یان عقوبە وەردەگرێت ئینزیباتیەن، یان وەریناگرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆزێك شەرحی بکەین، من ئیستیفادەم لە کاك فرسەت کرد، مەسەلەن هینێك لە چاپەخانە روو دەداتن قازیش لەوێ بووە، لیژنەی ئینزیباتیەکە دادەنێتن قازی بەریئ دەردەچێت، بەڵام دواتر بە قازیەکە دەڵێن ئەوە دەرچووی، بەڵام جێگای تۆ نییە لەو شوێنە دابنیشی، ئەوەیە زۆر موناقەشە کرا، نوقتەی نیزام نەبێت قسەکەت دەبڕم فەرموو دکتۆرە شوکریە.

**بەڕێز د.شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرۆكی لیژنـەی یاسـایی داوای لـە دادوەر كـرد وەلاّمـی رەدی ئیعتیبـار بداتـەوە، بـەڕێزتان ئاماژەتـان پـێ نەكرد.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ راست دەكەیت، فەرموو كاك حاكم.

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە وەك مەبدەئی عام، هـەر كەسـێك زیـانێكی لـێ بكەوێتـەوە، بـۆی هەیـە شـكایەت لـە مەحكەمـە بكـات، ئـەمیش ئەگـەر نەتیجـە بەرائـە دەرچـوو، دەتوانێـت داوای زەرەری مـادی و مەعنـەوی بكـات لـە پـێش مەحكەمەی موختەس، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ماددەكە بەو دوو گۆڕانكارییە دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سـوپاس، بەزۆرینـەی دەنـگ وەرگـیرا، بـڕۆ بـۆ مـاددەی دواتر تكایە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی شەست و یەك: سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوەو سـەرۆكی داواكاری گشـتی و دادوەرەكـە مـافی تانـە كردنیان لە بڕیاری لیژنەی كاروباری دادوەران هەیە، بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایەو لـە میانـەی(30) رۆژ لە رۆژی پێداچوونەوە دەبێ، دەستەی گشتییش ئەگـەر پێویسـت بكـات، بـۆی هەیـە داوای نوێنـەری دادگـای تێهەڵچوونەوەو سەرۆكی داواكاری گشتی و دادوەرەكە بكات، بۆ گوێ گرتن لە گوفتارەكانیـان، پاشـان بڕیـاری خۆی، یان بە پەسەند كردنی بڕیـاری لیژنـە، یـان بـە هەڵوەشـاندنەوەی، یـان بـە هـەمواركردنی دەردەكـات، بڕیارەكەشی لەم مەسەلەیەدا بنەبڕە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الحادية والستون: لرئيس محكمة الاستئناف ورئيس الادعاء العام والقاضي حق الطعن لدى الهيئة العامة في محكمة التمييز في قرار لجنة شؤون القضاة الصادر وفق احكام هذا القانون خلال ثلاثين يوما من تاريخ التبلغ به للهيئة العامة اذا اقتضي الحال ان تدعو ممثل رئيس محكمة الاستئناف وممثل رئيس الادعاء عام والقاضي للاستماع الى اقوالهم ثم تصدر قرارها بتصديق قرار اللجنة او الغاءه او تعديله ويكون قرارها في هذا الشان باتا.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، ئەوە ئیستیعمالی تورقی تەعنە بەنیسبەت (ذوي العلاقة) بەرامبەر ئەو لیژنەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك حاکم.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە باسی لە تەعینی حاکم و حقوقیان لە پێشە حەقماندا ئەو حەقی حاکم ئەگەر دەربارەی ئەم قانونە هەر حەقێکی هەبێت، ئەوە لیژنەی شوئونی قوزات دەعوا دەکات، ئەوە دەعوای مەدەنیە لەوێ مودەی تەعنی داناوە پازدە رۆژ، لێرەش بە سیفەتی عام ماددەکە هاتووە، لەبەر ئەوە ئیقتیراح دەکەم یەك جوملە کە دەڵێت (لرئيس محكمة الاستئناف ورئيس الادعاء عام والقاضي حق الطعن لدى الهيئة العامة في محكمة التمييز في قرار لجنة شؤون القضاة في الامور الانضباطية) بۆ ئەوەی خاص ئەم حاڵەتانەی ئیزافی بێت، لەگەڵ ئەویتردا دەمج نەبێت، یەعنی تەعاروز دەکات لەگەڵ حاڵەتی مەدەنی کە پازدە رۆژی بۆ دادەنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی رەئیتان چیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە مانیعمان نییە بەنیسبەت ئەو ئیزافەیە، بەڵێ پشتگیری لێ دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بیکەیتە پێشنیاری خۆتان، باشە ئەگەر کەس قسەی لەسەر نەبێت ئەم ماددەیە، پرسیارتان کرد ئەوە وەڵامی دانەوە لەو ماددەیەدا، ئیزافەکەی وای لێ دێتن لەکوێ بوو کاك حاکم با ئیشارەتی پێ بدەین.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(لرئيس محكمة الاستئناف ورئيس الادعاء عام والقاضي حق الطعن لدى الهيئة العامة في محكمة التمييز في قرار لجنة شؤون القضاة في الامور الانضباطية وفق احكام هذا القانون خلال ثلاثين يوماً).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە بەو ئیزافەیەی کە لیژنەی یاسایی کردیە پێشنیار، ئەویش ئەوەیە لە مەسائیلی ئینزیباتی دابێتن ئەو رەئیسی مەحکەمەی ئیستیئناف و رەئیسی ئیدیعای عام و قازی حەقی تەعنیان هەیە لە

مەحكەمەی تـەمییز لـەو قەرارانـەی كـە لـە شـوئونی قـوزات دەردەچـن لەسـەر مەسـائیلی ئینزیبـاتی وەكـو ئاماژەی پێ كرا، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییـە دەسـتی بـەرز بكاتــەوە؟ زۆر ســوپاس، بــەكۆی دەنــگ وەرگــیرا، كــاك فرســەت موفقتــەرەحی ماددەیــەكی تــری هەیــە بــا بفەرمووێت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە باسی میزانیەی سوڵتەی قەزائیمان كرد، بەس باسی تـەمویلی میزانیـەمان نـەكرد، بـەرەئی مـن ئـەوە مەوزوعێكی موهیمە، چونكە یەك لە نەقدەكانی نەتـەوە یـەكگرتووەكان لەسـەر دەسـتووری عێراقـی ئـەوە بوو، راسـتە باسـی سـەربەخۆیی سـوڵتەی قـەزائی كـرا ئـەوە لـە دەسـتوور، بـەس باسـی تـەمویلی میزانیـەی سوڵتەی قەزائی نـەكراوە، لەبـەر ئـەوە بـۆ ئـەوەی تەجـەنوبی ئـەو نەقـدە بكـەین، بـۆ رێكخسـتن و تەئكیـد كردنی سەربەخۆیی سوڵتەی قەزائی لە كوردستان، من ئەو ماددەیە بـە عـەرەبی ئیقـتیراح دەكـەم، تەبعـەن ماددەی ئیزافییە (تمول میزانیة مجلس القضاء من:

اولاً/ الرسوم والاجور القضائية المستوفات من قبل المحاكم.

ثانياً/ ما ترصده حكومة الاقليم لتمويل ميزانية مجلس القضاء سنوياً.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حاكم رەئیت چیە.

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئـەوە ئەگـەر لـە ئـەحكام موتەفەریقـە لـە فەسـلی داهـاتوو وەك مـەوادی ئینتیقـالی ئەگـەر ئیزافـە بكرێـت (اجور) نا، ئەگـەر بڵێـی (الرسـوم والغرامـات)، چـونكە ئوجـور هـی ئەشخاصـە، بـەڵام غـەرامات بـۆ میزانیـە دەڕوات، روسومیش بۆ میزانیە، ئوجور سەرف دەبێت بۆ هەمووان، بەڵێ بۆ ئەشخاص.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لـە رووی یاساییەوە نـاكرێتن، روسـوم و غـەرامات دەبێـت هـەموو بچێتەوە میزانیـەی عامـە، جارێكی تر لە میزانیەی عامە دابەش بكرێتن، تا میزانیەكان دادەنرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نەخێر هی مەحكەمە قەدیم بۆ خۆیەتی، هەر لە قەدیمیش وا بووە، فەرموو كاك فرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەتاکو ئەمڕۆ راستە رسوم و غەرامات دەچوونە میزانیەی عامی حکومەت، چونکە سوڵتەی قەزائی میزانیەی تایبەتی خۆی نەبوو، بەس تۆ کە ئیقرارت کرد چۆن میزانیەی تایبەتی خۆی هەبێت، چۆن رێگای تەمویلی پێ نادەیت، چۆن تەمویل دەکرێت، ئەگەر هاتوو وات لێ کرد ئوجوری ئەوان و غەرامات و روسوم هەر بۆ سوڵتەی تەنفیزی چوو و ئینتیزاری ئەوە دەکەیت ئەوانە تەمویلی میزانیە بکەن، ئەوە تەقریبەن ئیستیقلالەکە لەنگ بوو، مادام روسوم هی ئەوانە، مەفروزە ئیحتیفاز بەو روسومانە بکەن، تەبعەن ئەو روسومانە بەش ناکەن، بەشی نەفەقات و رەواتب و مەصاریفی مەحکەمە ناکات، ئەو وەختە حکومەت مولزەمە، ئەگەر هاتوو میزانیەی سوڵتەی قەزائی هاتە پەرلەمان و تەصدیق کرا، مەفروزە حکومەت تەسدیدی عەجزەکە بکاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت رسوم و غەرامەکە من 100٪ تەئیدی برای بەڕێز کاک فرسەت دەکەم، بەڵام بەنیسبەت فەقەرەی ئەخیر (ما ترصده حکومة الاقليم) دەبێت بنووسین (ضمن الميزانية الملحقة للسلطة القضائية)، یەعنی ئیشارەت بە میزانیە سوڵتەی قەزائی بدرێت، نەك بە مەبلەغ، بە میزانیە ئیشارەتی پێ بدەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لە جێگایەکی تردا وتومانە میزانیەکی موستەقیلی دەبێت، کە وتت میزانیەی موستەقیلی دەبێت، وەکو پەرلەمان وایە، مەسەلەن موستەقیل دەبێت زیمنی میزانیەی ئیقلیم، ئەوەی تێ گەیشتنی من ئەو روسوم و ئەوانەشە، دواتر کە لە دانانی میزانیە حیساب دەکرێتن، کە میزانیەی قەزا دانرا داهاتی خۆی هەیەو تۆمار کراوە بۆ حیسابی خۆی دەست لێ نادرێت، بەڵام کە دانرا لە میزانیە ئەوەندەی خۆی هەیەتی لێی کەم دەکرێتەوە، کاك رەشاد تۆ خیبرەت هەیە لەو مەسائیلانە فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر قەزا ئیرادات بۆ خۆی دابنێت، دەبێت خوتەو میزانیەی هەبێت، ئەو کاتی دوو مەصدەری دەبێتن بۆ تەمویل، وەکو بەلەدیە، ئێستا بەلەدیە ئیراداتی هەیە، خوتەی هەیە، میزانیەی هەیە، خوتە ئەو واریداتانەیە کە بۆی دێت لە نەتیجەی فەعالیاتی خۆی، میزانیەش ئەوەی بۆی دادەنرێت، بە قەناعەتی من میزانیەکە تەوحید بکرێت بۆ سوڵتەی قەزائی باشترە، ئەو ئیرادانەی کە بۆی دێتن بدرێتە وەزارەتی مالیە زۆر لەجێیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر لە رووی ئیستیقلالیەتی قەزاوە بەڕاستی سەیری بکەین، کە دەڵێین لە ناحیەی ئیداری و لە ناحیەی مالی دەبێت ئیستیقلالیەتی هەبێت، ئەو روسوماتە مەفروز وایە ئێمە بیگەڕێنینەوە بۆ سوڵتەی قەزائی، ئەوجا دوایێ لە موستەقبەل لە میزانیەکەی خۆی دادەنرێت، ئەوە مەوزوعێکی تـرە بەڕاستی و دەبێت لـە میزانیە دابنرێت، چونکە واریداتە زائیدەن ئەو مەبالیغانە لە زیمنی میزانیەی تایبەتی خۆی هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە وەکو مەبەدەئێك ئێمە دەمانەوێت فیعلەن لـە رووی یاساییشەوە نیشان بـدەین، کـە سوڵتەی قـەزائی دەسەلاٚتی خۆی هەیـە، ئیستیقلالیەتی خـۆی هەیـە، دەبێت لـە قـانون، ئـەو قانونـەی کـە بـۆی دەردەکـەین ئەوەی نیشان دابێتن، ئەگەر چی لـە رووی عەمەلیـەوە هـەمان نەتیجـەی هەیـە، مـن لەگـەڵتم كـاك رەشـاد، لەبەر ئەوەی عەمەلی هەمانە، عەینی میزانیە موستەقیلە، بەس ئەوە بنەمایەکە، مەبدەئێکە بۆ رێزلێنـان لە سەربەخۆیی قەزا تۆمار بکرێت باشترە، روسوم و هین و شتەکان، كاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەواقیعدا جەنابت نـاوت هێنـا، عادەتـەن سوڵتەی قـەزائی، نـەك میزانیـەی خۆیـان تـەئمین دەكـەن، بـەڵكو بۆشیان هەیە لێکۆڵینەوە لە وەزارەتی دارایی بکەن لـەو شـتانەی کـە دەكرێـت، پرۆژەیـەك بێـت، مەسـەلەن میزانیەی وەزارەتێك دێت، یەکێك لە هەرە ئیشە گەورەکانی لیژنەی قەزائی ئەوەیە بۆیان هەیە تەحقیق و لێکۆڵینەوە لە وەزارەتی دارایی بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە دەڵێت روسوم، روسومی خارجی هین قەزائی نییە، روسومی محاكمی خۆیانە، كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە بڕگەی دووەمی پێشنیارەکەی كاك فرسەت پێویست ناكات، لەبـەر ئـەوەی ئێمـە لـە ماددەی چوار دەڵێین (للسلطة القضائية ميزانية خاصة ضمن الميزانية العامة للاقليم)، بڕگەی یەکەم قەیـدی ناكـات، ئـەو روسوم و شتە بۆ خۆیان بێت، ئەوە شتێکی باشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زەرەر ناكات بە عەكسەوە، تەمویلەکە لێرە ئیشارەتی پـێ بکرێـت، تـەناقوز نییـە، لـەوێ دەڵـێ موسـتەقیلی هەیە، لێرە دەڵێ تەمویل دەبێتن، كاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە لیژنەی قانونی و کاك شێروان پێشنیاری کرد، بۆ هەردوو بڕگەکان باشترین حەلە، بە رەئی من ئەوە لە هەمووی باشترە، ئەگەر جەنابتان بیخەنە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش هەر باسی ئەوە دەکەین، مەبدەئەکە ئەو پێشنیارەیە کە لیژنەی یاسایی تەبەنای کرد کاك فرسەت ئیقتیراحی کرد، ئەوانیش تەبەنایان کردو تەئیدیان کرد، بیخوێنەوە جارێکی تر، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، کاك حاکم نورالدینیش پشتگیری لێ کرد.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی بخوێنمەوە جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە، نەقدێك هاتە سەر دەستووری عێراقی لە قیبەلی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەڵێت ئیستیقلالی قەزا لە عێراق لەنگە، چونکە باسی تەمویلی میزانیەی نەکردووە، مەواردی موستەقیلی خۆی نییە، ئینجا ئەگەر ئێمە حەز بکەین ئیستیقلالی قەزا لە کوردستانیش لەنگ بکەین، ئەوە مەوزوعێکی ترە، موقتەرەحەکە بەو شکلەیە ( المادة المضافة: تمول میزانیة مجلس القضاء من:

اولاً/ الرسوم والغرامات القضائیة المستوفاة من قبل المحاکم) هەر واریداتی خۆیانن، تەبعەن ئەو واریداتانە بەش ناکەن.

(ثانیاً/ ما ترصده حکومة الاقلیم لتمویل میزانیة مجلس القضاء سنویاً)، حکومەت مەفروزە ئەو نەقصە پڕ بکاتەوە، موحتاجی چەند مەبلەغە ئیزافەی لەسەر بکاتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر وازیحە، زۆریش بەجێیەو هەنگاوێکی گەورەشە بەڕاستی، بۆ ئەوەی ئیستیقلالیەتی قەزا لە دوا رۆژدا تەمویلی میزانیە لە میزانیەی خۆی دابنێتن، من ئەو موقتەرەحە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش ماددەیەکی موزافمان هەیە، مادام هاتینە سەر ماددەکان، بەڵکو جێگای دەبێتەوە، لیژنەی قانونی لەگەڵ بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی دادگای تەمییز ئەو مەسەلەیە باس کراوە، ئێمە باسی هەیئەی ئیشرافی قەزائیمان کرد، لە هەیئەی ئیشرافی عەدلیمان جیا کردەوە، هەیئەی ئیشرافی عەدلی سەرپەرشتی دامودەزگاکانی وەزارەتی عەدل دەکات، هەیئەی قەزائی سەرپەرشتی سوڵتەی قەزائی دەکات و سەرپەرشتی

محاكمەكان دەكات، بۆیە پێویستە لێرە ئیشارەت بەوە بدەین بۆ تەشكیل كردنی هەیئەی ئیشراف قەزائی و ئیستیحداسی بكەین و نەصێكمان داناوە دەیخەینە بەردەم بەڕێزتان بۆ موناقەشە، دوا رەئیش رەئی ئێوەی بەڕێزە، دەڵێ: (تنظم مهام وتشكيلات هيئة الاشراف القضائي بقانون).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حاكم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە وەكو ماددەیەكی ئینتیقالی لە بابی داهاتوو بابی چوارەم (احكام متفرقة) لێرە ئەم ماددانە ئیزافە بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە ئیعتیرازت نییە، بەس ئەوەندەیە لە ئەحكامی موتەفریقە بێت، باشە، با بچینە بابی چوارەم ئەحكامی موتەفەریقە لەوێ موقتەرەحەكەت دووبارە بكەوە كاك شێروان، تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەروازەی چوارەم

حوكمە هەمە جۆرەكان

ماددەی شەست و دوو:

یەكەم: ئەگەر سەرۆكی دادگا، یان سەرۆكی دەستەكە ئامادە نەبوو، یان شوێنەكەی بەتاڵ (شاغیر) بوو، یان بەربەستێك هاتە بەردەمی نەیتوانی لە كارەكەیدا دەست بەكار بێ، كەسانێك لە جێگر، یان ئەندامەكان كارەكەی پێشتری ئەنجام دەدەن.

دووەم: ئەگەر لە دادوەرێك پتر لە دادگایەكدا هەبوو، كۆنترینیان دەبێتە بەرپرس لە كارگێری و دابەش كردنی كارەكان لە نێوانیاندا.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الباب الرابع

((احكام متفرقة))

المادة الثانية والستون:

أولاً: اذا غاب رئيس المحكمة او رئيس الهيئة او شغرت وظيفته او قام لديه مانع يحول دون مباشرته العمل فيقوم بممارسة عمله الاقدم من النواب او الاعضاء.

ثانيا: اذا وجد اكثر من قاض في محكمة واحدة يكون اقدمهم مسؤولاعن الادارة وتوزيع العمل بينهم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە عیلاقەی بە مەسائیلی ئیداری هەیە، ئێمە هیچ مولاحەزەمان نییە دەقی ماددەکە تەئید دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاکم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە پێشتر ئیقتیراحیان کرد، کە کەلیمەی وەزیفی بکەنە مەنصەب، بە ئیعتیبار مەنصەبە، نەك وەزیفی، جا لە هەموو یاساکە کەلیمەی وەزیفی بکرێتە مەنصبی قەزائی، لە تەرجومەکەشدا دەڵێ کونترین حاکم لێرە قیدەم هاتووە بۆ پێشترین هاتووە، ئەگەر ئەوەش چاك بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم شتێکی تەبیعیە، وەزیفی لێرە مەنصەبەکە راسترە، کەواتە ئەو ماددەیە بەو ئیقتیراحەی لیژنەی یاسایی پشتگیری لێ کرد کە وەزیفەکە ببێتە مەنصەب (او شغرت منصبە)، ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەست و سێ: نابێ دادوەر دەسگیر بکرێ, یان رێکاری سزایی لە دژدا وەربگیرێت، تەنیا لە حاڵەتی ئەنجامدانی گەورە تاوانێکی بینراو, یان وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجومەنی دادوەری.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة والستون: لایجوز توقیف القاضي او اتخاذ الاجراءات الجزائیة ضده في غیر حالة ارتکابه جنایة عمدیة مشهودة الا بعد استحصال اذن من مجلس القضاء.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە سەرەتا هیچ مولاحەزەیەکمان لەسەر ئەو ماددەیە نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی دادوەرە بەڕێزەکان زۆر مولاحەزەیان بە ئێمەدا و یەکێتی دادوەرانیش هاتن موراجەعەتی ئێمەیان کرد، پێیان باش بوو ئەو حەسانەیە بەهێزتر بێت، وەکو چۆن حەسانەی پەرلەمانی بۆ ئەندامانی پەرلەمان هەیە، بە هەمان شێوە حەسانەی ئەوانیش بەم شێوەیە بێت، ئینجا ئەو موقتەرەحە هاتە پێشەوە، ئێمەش ئەو موقتەرەحە بەڕاستی پەسندی دەکەین و دەیخەینە بەردەم بەڕێزتان، بۆ ئەوەی دوا بڕیاری لەسەر بدرێت،

موقتەرەحەکەش بەم شێوەیە: (لايجوز ملاحقة القضاة او القاء القبض عليهم في  جريمة ما قبل استحصال موافقة مجلس القضاء بأستثناء حالة التلبس بالجناية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک حاکم نورالدين فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدين ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی جەنابی سەرۆکی لیژنەی یاسایی تەواوە، تەنها جینایەکە عام دەگرێتەوە، هەندێك جینایەت هەیە غەیری عەمدی دەیگرێتەوە، وەکو مرور، هەر لێرە بڵێین (جناية عمدية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مانیعمان نییە، ئەوەی حاکم نورالدين گوتی ئیزافە بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قازیش تەبیعییە، وەکو ئەندامی پەرلەمان ئەو حەسانەی هەبێت بەبێ ئیزنی مەجلیسی قەزا، کەس نەتوانێتن بیگرێت و مولاحەقەی بکات، فەرموو کاک سەعدەدین.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عەمدی و غەیری عەمدی شتێکی نەفسیە لە ژوورەوە، ئیحتیماله عەمدی نەبێت بڵێ عەمدەن، راستە بە ئەدیله بەدیار دەکەوێت، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکی عەمدی و غەیری عەمدی لێك ناکرێتەوە، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو مەسەلەیە حەسانە لە کوردستاندا پارێزەرەکان هەیانە، دکتۆر هەیەتی، راستە قازی مەکانەیە تایبەتیە، ئەوانەی هەیە، بەڕاستی ئەو هەموو حەسانەیە بدەینە هەموو کەس، یەعنی کەس ئیجرائاتی لەگەڵدا ناکرێت، من برادەرێکم دەناسم لە رۆژنامە پارێزەرە لەسەر مودیر عامێکی نووسی بوو دوو ساڵ موحاوەلەی کرد، بەس موافەقەی نەقابەی پارێزەران هەبێت دوو تەحقیقی لەگەڵدا بکەن، موافەقەیان نەداو شتەکەش هەروا رۆیی، بەڕاستی جەریمە بوو نووسی بووی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مـن بـە عەكسـەوە دەبینـیم كـاك عـادل، ئـەو حەسـانەتانە قورسـاییەك دەخاتـە سـەر ئـەو قـازی و ئەنـدام پەرلەمانە، بۆ ئەوەی هیچ غەڵەت نەكات، رێـز و متمانـەی ئـەو حەسـانەیە بكات بـەپێی قـانون دراویـەتێ، بێجگە لەوەش مەجلیسی قەزا تەحەمول دەكات، پەرلەمان خۆی تەحەمول دەكاتن، ئەگەر رێگای نەدات بـە ئەندامێك و زانیشی تاوانبارە، رێگـای نـەداتێ ئـەو پـەرلەمانـە، ئـەو مەجلیسـی قەزایـە، تاوانبـار دەبێـت لـە لایەن میللەتەوە، بەڵام لە حاڵەتێكدا ئەگـەر نەگاتـە قەناعـەت، حـەقی خۆیـەتی دیفـاع لـە ئەنـدامی خـۆی بكات، كاك شێروان وەڵام بۆ ئەو موقتەرەحەی كاك سەعدەدین عەمدی و غەیری عەمدی، كاك كەریم.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ماددەكاندا، ئەو ماددەیەی كە پێیەتی دیارە تاوانەكە دیارە عەمدییە، یان غەیر عەمدییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادام باسی حەسانەیە، پێم باشە ئیزافەی فەقەرەی ئەخیری بكەین لـە حاڵـەتی تەلـەبوس بـە جەریمـە بـە جینایەتی مەشهود، بڵێن لەو حاڵەتە (يخطر مجلس القضاء بذلك).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە وابزانم تەحصیل حاصلە وەكو پەرلەمان، ئەگەر حەسانەكە بە جهودی مەشهود، كاك شێروان هینەكە چاك بكەوە جەمعەكە بكە موفرد (ملاحقة القاضي) بیكە موفرد، چونكە هـەموو پێكـەوە جەریمـە ناكـەن، ئەو موقتەرەحەی لیژنـەی یاسایی لـە مـاددەی شەسـت و سـێ دەخەمـە دەنگدانـەوە كـە خوێندیانـەوە بـەو شێوەیە دەبێتن (لايجوز ملاحقة القاضي او القاء القبض عليـه في جريمـة ماقبـل استحصال موافقـة مجلس القضاء بأستثناء حالـة التلبس بالجنايـة العمديـة)، كـێ لەگەڵدایـە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، كـێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی تر تكایە.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی شەست و چوارەم:

دیاری كردنی كاتەكانی دەوام لە دادگاكان بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەریی دەبێت و, ماوەی دەوام كردنیشی نابێ لە شەش كاتژمێر كەمتر بێت, دەكرێ كاتی تایبەتی بۆ دەوام كردن لە مـانگی رەمـەزان تایبـەتی بـێ و نابێ لە پێنج كاتژمێر كەمتر بێت.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة والستون:

تعين اوقات الدوام في المحاكم بقرار من مجلس القضاء على ان لاتقل مدة الدوام عن ست ساعات يوميا ويجوز تعيين اوقات دوام خاصة في شهر رمضان على ان لاتقل عن خمس ساعات.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە برێك بە تەفسیل هاتووە، هەر (تعين اوقات الدوام في المحاكم بقرار من مجلس القضاء) کافی و وافیە، ئەو تەفسلاتەی نەدەینێ بەڕاستی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاست دەکەین، چونکە ئەگەر ئەوەت نەکردابا موناقەشەیەکی تەواو دەبوو لەسەری، کاك شێخ فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ڕەئیا من ئەڤە مادده هەر هەموویا زیادە تەحصیل حاصلە، یەعنی هەندا بەژن و بالأی مەجلیسی قەزا دبێژن یەعنی دەوام نەبیت، وەختی دەواما وا بێت و نەبێت، بە ڕەئیا من تەحصیل حاصلە، هەر ئەو ماددەیە زیادە، هەر نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفوم دەکەیت، یا شێخ فەرموو، لێرە بۆچیە، حکومەت قەراری هەیە بۆ دەوام، وەکو پەرلەمان ئێمە پابەند نین بەوە، خۆمان ئەو قەرارە دەدەین، بۆ ئیستیقلالیەتە، یەعنی بۆ ئەوەشە مەجلیسی قەزا عەینی شتە خۆی، ئێمە چ خیلافێکمان نییە، یەعنی دەوام وەکو ئەوان، بەڵام بەپێی قانون ئەو دەسەڵاتە بدرێتە ئەوان تحدیدی دەوامی خۆیان بکەن، عوتلەیان هەیەو ئەویتریان هەیە، شتی تریان هەیە، کەواتە ئەو ماددەیە وەکو لیژنەی قانونی ئیقتیراحی کرد (تعين اوقات الدوام في المحاكم بقرار من مجلس القضاء) دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا وابزانم جێگای خۆیەتی ئەو ماددەیەی کە بۆ هەیئەی ئیشراف قەزائی ئیشارەتم پێدا پێش هەندێك، ئەو ماددەیە بخرێتە موناقەشە کردن و دەنگ لەسەر دان، (تنظم مهام وتشكيلات هيئة الاشراف القضائي بقانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاکم نورالدین فەرمووو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم باشە ئەو ماددەیە بەو صیغەیە بێت (یعین جهاز بأسم هیئة الاشراف القضائي یرتبط بمجلس القضاء ینظم مهامه واختصاصاته بقانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە روونترە کاك شێروان، ئەگەر تەبەنای دەکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەئیدی صیغەکەی حاکم نورالدین دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاکم بیخوێنەوە.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یؤسس جهاز بأسم هیئة الاشراف القضائي یرتبط بمجلس القضاء ینظم مهامه واختصاصاته بقانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(تؤسس هیئة بأسم هیئة الاشراف القضائي ترتبط بمجلس القضاء وتنظم مهامها واختصاصاتها بقانون)، کاك رەشاد فەرمووو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەلیمەی تەئسیس زیاتر لە مەشاریعی ئینتاجی و ئیستیسماری و صناعی بەکار دێت (تشکل) بێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە رووی قانونییەوە زۆر بەکار دێت لە دەستووریشدا مەوادی وا زۆر بەکار هاتووە (تؤسس) زۆر تەبیعییە، کەواتە ئەو موقتەرەحەی لیژنەی قانونی بەو شکلەیە کە پاش ئەوەی کە کاك حاکم نورالدین صیاغەیەکی تەقدیم کردو لیژنەی قانونی تەبەنای کردو چاك کرایەوە (تؤسس هیئة بأسم هیئة الاشراف القضائي ترتبط بمجلس القضاء وتنظم مهامها واختصاصاتها بقانون)، شتێکی تەبیعیە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەست و پێنجەم:

سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری بۆی هەیە ڕێنماییەکان دەربکات بۆ ئاسانکردنی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة والستون:

لرئيس المجلس القضاء اصدار التعليمات لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ماددەیەکی ئاساییە، بەس ڕەنگە لە صیاغە کەموکوری هەبێت (لرئيس المجلس القضاء اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پەیوەندی بەو ماددەیەوە نییە، پێشنیارێکم هەیە، ڕەنگە تەئیدی بکەن، ئێمە بۆ خۆتان دەزانن لەسەردەمی عێراقییەوە هەردوو ئیدارە کۆمەڵێك قەوانین دەرچووە، بەڕاستی بێ سەروبەریەکی زۆر هەیە برادەرانی قانونی دەزانن، ئێمە مەوسوعەی قەوانینی نافیزمان نییە، حەق وایە لێرە ماددەیەك زیاد بکەین لەسەر مەجلیسی قەزا ئیصداری مەوسوعەی قەوانین بکات، یەعنی بیکەینە ئەرکێك لەسەری، لەبەر ئەوەی نەمانتوانی لە ئەرکەکان جێی بکەینەوە، لێرە جێی بکەینەوە، بەڕاستی بەشێوەیەکی زۆر هەیە محامیەکان هەموویان دەزانن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەسەڵاتی ئەوان نییە جارێ، ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەست: یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە 14ی ساڵی 1993 هەڵدەوەشێندرێتەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الستون: یلغی قانون السلطة القضائیة رقم 14 لسنة 1992.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(1992)ە، (1993) نییە، فەرموو كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەكەم ئیزافەیەك لەسەری بكرێت (وتعدیلاتە)، چونكە تەعدیلاتی لەسەر دەرچووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وابزانم تەعدیلاتی هەیە، كەواتە لیژنەی یاسایی ئەوەش تەبەنا دەكەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مانیعمان نییە تەعدیلاتی بێتە سەری، چونكە تەعدیل كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە دەبێتە (یلغی قانون السلطة القضائیة رقم 14 لسنة 1992 وتعدیلاتە)، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی شەست و هەشت تكایە.

**بەڕێز كریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی شەست و هەشت: لەسەر وەزارەتە تایبەتمەندەكان پێویستە حوكمەكانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بكەن, هەر دەقێك پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێ كاری پێ ناكرێ.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة والستون: علی الوزراء المختصین تنفیذ احكام هذا القانون ولایعمل بأي نص یتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە بەڕاستی جیامان كردۆتەوە، پێمان باشە ببێتە دوو مادده، یەكێكیان (علی الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفیذ احكام هذا القانون)، ئینجا ئەویتریان كە دوایێ قسەی لەسەر دەكەین (لا یعمل بأي نص یتعارض مع احكام هذا القانون) دەكەینە ماددەیەكی دیكە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەوە وەكو قانونەكانی تره، پێویست دەكاتن، ئەو موقتەرەحتان وەكو مادده یەك بخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

على الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ لەگەڵ ئەو ماددەیەی موقتەرەحی لیژنەی یاساییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ بۆ بڕگەی دووەم كە بۆتە ماددەیەكی تر.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی شەست و نۆ: هەر دەقێك پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێ كاری پێ ناكرێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة والستون: لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دوایی تكایە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی حەفتا:

ئەم یاسایە لە بەرواری بلاْو كردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیەوە جێ بەجێ دەكرێ.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السبعون:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشرة في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە ئیعادەی صیاغەمان بەو شێوەیە كردۆتەوە (ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان)).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەویش وەکو پرۆژەی یاسایەکانی تر دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ئەسبابی موجیبە بخوێنەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هۆکارەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە

لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەسەر دەرچوونی یاسای دەسەڵاتی دادوەری (هەرێمی کوردستان – عێراق)ی ژمارە 14ی ساڵی 1992 تێپەڕیوە کە دەرکردنەکەی لەسەرەتای دامەزراندنی دەزگا دیموکراسیەکانی هەرێمی کوردستان بوە. لەبەر ئەو پەرەسەندنە پۆزەتیڤە گەورانەی لەو ماوەیە بە خۆیەوەی دیوە, بەتایبەتی پەرەسەندنی خزمەتگوزاریە دادوەریەکان, فراوان بوونی پترى دادگاکان لە کوردستان لە لایەنی چەندایەتی و چۆنایەتییەوەو, پێویست بوون بە دامەزراندنی ناوچەی تێهەڵچوونەوەی نوێ, بۆیە پێویستی بەوە کرد، کە یاسایەکی نوێ بۆ دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان دەر بکرێ, هەموو ئەو پەرەسەندنانە لە خۆی بگرێ بۆیە ئەم یاسایە داندرا.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الأسباب الموجبة

بالنظر لمرور فترة طويلة نسبيا على صدور قانون السلطة القضائية لاقليم كوردستان العراق رقم 14 سنة 1992 والذي جاء في بداية اقامة المؤسسات الديموقراطية لاقليم كوردستان ولحصول تطورات اجابية كبيرة في جميع المجالات ولا سيما في مرافق القضاء وتوسع المحاكم في كوردستان كما ونوعا بما ستلزم استحداث مناطق استئنافية جديدة، ولغرض اعطاء السلطة القضائية استقلاليتها وفصلها عن وزارة العدل باعتبار الاخير جزءاً في السلطة التنفيذية وتحقيقاً لمبدأ فصل السلطات فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لیژنەی قانونی هەندێ شتمان لە مێشکی دابوو، باشە ئیزافەی کردووە، لەسەر ئیسیتقلالیەتی قەزاو ئەوانە، کاك حاکم قسەت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەندێك ئیقتیراحم هەیە، مەوادێکی ئینتیقالی ئەگەر ئیزافە بکرێت، ئەگەر مەجال هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبوایە پێشتر لەگەڵ لیژنەی قانونیدا باس بکەیت.

**بەڕێز حاكم نورالدين ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ باسمان كردووە، ئیزافەمان كـردووە، وەكو شەخصیەی مەعنەوی بدەینـە مەجلیسی قـەزا، ئێمـە كـە جیامـان كـردەوە لـە وەزارەت شەخصیـەی مەعنـەوی نییـە، ئێمـە بۆمـان دانـەناوە، شەخصیەی مەعنـەوی بدرێتێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەی بدە لیژنەی یاسایی، ئەگەر یەك ماددەیەو لیژنـەی یاسایی تەبـەنای دەكات، وەكو موقتـەرەحێك، ئەگەر زۆرە لێرە ناكرێت بەڕاستی، ئەگەر زیاتر بێتن ناكرێـت، جـەنابی حـاكم بـەپێی نیزامـی داخیلـی لای خۆمان ئەو موقتەراحاتانە ئێستا ناكرێتن بەڕاستی، لەبەر ئەوە ئێمـە دەنگمـان دا بـۆ ئـەوەی لـە جەریـدەی رەسمیش بلاَو دەكرێتـەوە، ئـەوەشمان خوێنـدەوە، دەبوایـە لیژنـەی یاسایی بـەناوی بكـاتن، بـەس دەكـرێتن پرۆژەیەك بنێرن بۆ هەمواركردنی ئەم یاسایە لە زیمنی ئەو پرۆژەیەش كە دەتانەوێت دەسـەلاَتان هـەبێت، بـۆ تەقـدیم كردنـی پـرۆژە، لەوێـدا دەكـرێتن، یـەعنی گرنگـە، بـەلاَم گرنگـی مـوهیمتر ئەوەیـە پرەنسـیپی خۆشمان، نیزامی داخیلی خۆمان ئیلتیزامی پێ بكەین، بۆیە ئێستا ناتوانین وەریبگرین، دوایێ دەتوانیت بە رێگەی ئوصولی پرۆژكە، ئێستا هەموو پرۆژەكە دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینـەی دەنـگ وەرگـیرا، پـیرۆزە، بـەو موناسەبەیە دەست خۆشـیتان لـێ دەكـەمو زۆر سوپاسـتان دەكـەم، سوپاسـی لیژنـەی یاسـایی دەكـەم كـە زۆر مانـدوو بـوو، سوپاسـی حـاكم نورالـدین دەكـەم و پیرۆزبـایی لـە گـەلی كوردسـتان دەكـەم، لـە خۆمـان، لـە گەلەكەمان، لە دیموكراتیەت، لە ئایندەمان، كە ئەمڕۆ ئەم یاسایە دەرچـوو هـەنگاوێكی گـەورەو گرنگـە، بـۆ ئەوەی دەسەلاَتی قەزا سەربەخۆ بێت، بتوانێتن بە دەوری خۆی هەڵبستێتن، بۆ زیاتر دابین كردنـی ئـازادی و ژیانی دادپەروەریو چەسپاندنی عەدالەت شان بـە شـانی دەسـەلاَتی پەرلـەمان و جـێ بـەجێ كـردن، زۆر سـوپاس، پـێش ئـەوەی كۆتـایی بـە قسـەكان بێـنم، ئەگـەر كـاك حـاكم نورالـدین قسـەیەكی هـەبێت بـا بفەرمووێت.

**بەڕێز حاكم نورالدين ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئەندامانی بەڕێز.**

سوپاسی هەموو لایەكتان دەكـەین كـە ئـەم قانونـەتان دەركـرد و تەشـریعتان كـرد، بـەلاَم گلـەیی ئـەوەشمان هەیە، ئێمە گەلێك پێشنیارمان كرد لە هەنـدێك مـاددەدا، پێشـنیارەكانی ئێمـە وەرنـەگیرا، چـونكە لیژنـەی قانونی تەبەنی نەكرد بوو، ئینشائەڵلا لە پاشەڕۆژدا دەردەكەوێت و هەموار دەكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی حاكم نورالدین، یەعنی جەنابت حاكمێكی بەڕێزی و ناسراویشی ڕێزی تایبەتیت هەیە، بەلاّم ئێمە لێرە پابەندی نیزامی داخیلی خۆمانین، نیزامی داخیلی خۆمان ڕێگامان ناداتن پێشنیار لە لایەن جەنابتەوە لە كاتی جەلسات قەبول بكەین، چەند پێشنیارێكیش قەبول كرا پاش ئەوەی لە لیژنەی یاسایی تەبەنا كرا، بەلاّم هەر پڕۆژە یاسایەك، بۆ هەموار كردنی بە ڕێگای قانونیەوە بێتن لە ئایندەدا، ئێمە هین دەكەین، كۆتایی بە دانیشتنەكەمان دەهێنم، ڕۆژی سێ شەممەی داهاتوو دوو پڕۆژەمان هەیە زۆر گرنگن بۆ كۆمەلاّنی خەلّك باشن چاوەڕوان دەكەن، زۆر لەمێژە هی زەرائیبە، باجەكانە، ئینشائەللا سێ شەم و چوار شەمی داهاتوو موناقەشەی دەكەین و ئیقراری دەكەین و، كۆتایی بە دانیشتنەكەمان دەهێنین تا ڕۆژی سێ شەممە سەعات دەو نیو، سەعات یازدە بێت.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (11)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 9\10\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (11)

## سێ شەممە رێكەوتی 2007/10/9

كاتژمێر (10،30)ی سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2007/10/9 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (11)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (11)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبـژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی كوردستان - عێراق.

2- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی پاسەوانی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق كە لە لایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی پێشكەش كراوە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یاسای باجی زەوی بەتاڵی ژمارە (26)ی ساڵی 1962ی هەموار كراو كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانەوە پێشكەش كراوە.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یاسای باجی خانووبەرەی ژمارە (162)ی ساڵی 1959ی هەموار كراو كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانەوە پێشكەش كراوە.

5- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار كراو كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (11)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(10،30)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2007/10/9دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی كوردستان - عێراق.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی پاسەوانی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق کە لە لایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی پێشکەش کراوە.
3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای باجی زەوی بەتاڵی ژمارە (26)ی ساڵی 1962ی هەموار کراو کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراوە.
4- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای باجی خانووبەرەی ژمارە (162)ی ساڵی 1959ی هەموار کراو کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراوە.
5- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار کراو کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراوە.
کاک غەفور نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی بەنیسبەت کارنامە زۆر جار کە نوقتەی نیزاممان کردووە، زۆر درەنگ گەیشتۆتە دەستمان، مەسەلەن ئێستا ئەوانە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان لەلایان نییە، یەعنی نەیانزانیووە بەرنامەی دانیشتنی ئەمڕۆ چییە، دواتر زیاتر ئەوەی کە باس کراوە باجەکانە، باجی دەرامەتە، باجی زەوی بەتاڵە، باجی داهاتە، حەق بوو بەڕاستی بەلای کەمی لە سندوقەکان دانرا بوایە، بەیانیان کە دێین وەریبگرین، ئەو پرۆژە یاسایانەو راپۆرتەکان لە مەکتەبەکانمان هەبێت لەگەڵ خۆمان دەیهێنین بۆ هۆڵی پەرلەمان و موناقەشە دەکرێت، حەقە بەڕاستی موعالەجەی ئەو موشکیلەیە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو بڕیادەری لیژنەی ناوخۆ، یەعنی پێم سەیرە ئەوە بەرنامەی کار، یەعنی ئێمە وەکو لیژنە مەعنین یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ئێمە هیچ مەعلوماتمان نەبووە، کە ئەمڕۆ کۆبوونەوە هەیە، خۆشمان ئامادە نەکردووە هەرچەندە راپۆرتمان هەیە، داوای تەئجیل دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت نوقتەی نیزامی کاک غەفور بەرنامەکە زۆر وازیحە، خاڵی یەکەم خراوەتە بەرنامەی کار لە دانیشتنێکی نائاسایی لەگەڵ پرۆژەی دەسەڵاتی دادوەری، کەواتە ئۆتۆماتیکیەن ئەو بڕگەی دوای ئەو دێتن دەبێت موناقەشە بکرێتن، ئەوە یەك.
دووەم/ خوێندنەوەی یەکەمیەتی ئەمڕۆ پێشکەش دەکرێتن، ئەوانی تر خستنەڕوو و گفتوگۆیە، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوەو ئاراستەی لیژنەکان کراوەتەوە، پێویستە لیژنەکان و ئەندامانی پەرلەمان

خۆیان حازر کرد بێتن، لە کۆبوونەوەی دوایی کە دانیشتین و دانیشتنمان تەواو کرد، رۆژی چوار شەممەی رابردوو، گوتمان هەفتەی دادێ ئەو سێ پرۆژەیە موناقەشە دەکەین، کە بریتییە لە پرۆژەکانی باج، یەعنی ئەوانەی کە ئەمڕۆیە، باسیشمان کرد، هەفتەیەك پێشی باسمان کرد، بەڵێ کاك سەعدەدین فەرمووو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ لەسەر قسەی جەنابت باجی دەرامەت، یەعنی هەفتەی رابردوو لەسەر قسەی جەنابت باجەکان موناقەشە دەکرێت، نەك دەزگای ئاسایش، ئەوە یەك.

دوایێ دەتوانین ئێمە تەصویت بکەین، دوو، سێ ئەندام ئیقتیراحمان کردووە تەصویت بکرێتن، باجەکان بە پێش بخرێتن و دەزگای ئاسایش بە پاش بخرێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر حەز دەکەن نوقتەی نیزامی بگرن، ئەگەرنا راناوەستن، جارێ ئەوانەی من شەرحم کرد، گوتم پرۆژەی یاسای ئاسایش خراوەتە بەرنامەی کار لە پشووی هاویندا کە دانیشتنێکی نائاسایی دەستمان پێ کرد، بۆ چەند پرۆژەیەك، ئەمە یەکێك لەوان بوو و، پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری، کە ئۆتۆماتیکیەن خراوەتە بەرنامەی کار، دەبێت پاش ئەوەی کە تەواو دەبێتن، ئەوە بێتە بەرنامەی کار راناوەستن ئێمە چی دەڵێین بەنیسبەت خاڵی یەکەم، خاڵی یەکەم ئەگەر راوەستابای ئەوە هین نەدەکرا، ئێستا دێینە سەر خاڵی یەکەم/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان – عێراق، تەبیعی ئەوە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، خراوەتە بەرنامەی کار، بەڵام لە پاش ئەوەی کە خراوەتە بەرنامەی کار موقتەرەحی تر هاتۆتە پێش لە لایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە، کە پرۆژەیەکی تر ئیقتیراح دەکاتن، بۆ ئەوەی یەك یاسا دەربچێتن، بۆ دەزگای ئاسایش و دەزگای موخابەرات، کە بریتییە لە تەوحیدی زانیاری و پاراستنیش، ئەمە ئیجاب دەکاتن حکومەتیش تەوحیدی بکاتن، لەبەر ئەوە ئێمە گفتوگۆمان لەگەڵ حکومەتدا کردو بەباشیان زانی ئەو پرۆژەیە دوا بخەین، تاوەکو ئەو پرۆژەیەی کە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە هاتووە، لە لایەن حکومەتەوە موناقەشە دەکرێتن و تەوحید دەکرێتن لەگەڵ ئەو پرۆژەیەی کە ناردوویانە، بۆیە داوایان کرد ئەو موناقەشەیە دوابخەن، من بۆیە ئەو داوایەی حکومەتی هەرێم لەسەر پرۆژەکەی سەرۆکایەتی هەرێم دەیخەمە دەنگدانەوە، بۆ دواخستنی گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، کێ لەگەڵ ئەوەیە دوابخرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ دواخرا، ئومێد دەکەین بە زووترین کات ئەو پرۆژەیەمان بۆ بێتن، بۆ ئەوەی بیخەینە بەرنامەی کار، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن تکایە، تەبیعییە کاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان یەکێکە لە خۆمان، بۆیە کە بە تەنیا نەبێتن هەمیشە بەخێرهاتنی دەکەین، بەڵام کە بە تەنیا بێتن وەکو ئەندامێکی پەرلەمان ئاماژەم پێ نەکرد بەخێر بێی سەرچاو، بڕگەی دووەم لە بەرنامەی کار/خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی

یاسای پاسەوانی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق کە لە لایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی پێشکەش کراوە.

داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بیخوێننەوە، تەنیا بە زمانی کوردی بخوێندرێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی پێشنیار کراو بۆ یاسای پاسەوانی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق

یاسای ژمارە ( ) بۆ ساڵی 2007

یاسای پاسەوانی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق

ماددەی یەکەم: بەڕێوەبەرایەتیەك لە دیوانی کارگێڕی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دادەهێنرێت بەناوی بەڕێوەبەرایەتی پاسەوانی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، کە ئەرکی ڕێکخستنی کاروباری پاسەوانی ئەندامان دەگرێتە ئەستۆ لە رووی داواکاری و پێداویستیە تایبەتیەکان.

ماددەی دووەم: هەر ئەندامێك پاسەوانی دەبێت کە لە سێ تاك تێپەر نەکات و لەسەر داوای ئەندامەکان دادەمەزرێن و کۆتایی بە خزمەتەکەی دێت.

ماددەی سێیەم: مووچەو دەرماڵەکانی پاسەوانان لە بودجەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەدرێت.

ماددەی چوارەم: ئەندامی خانەنشین کراو تاکو لە ژیاندایە یەك لە پاسەوانان لەلای خۆی گل دەداتەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە لەسەر ئارەزووی خۆیان، بۆیان هەیە لە خزمەت کردندا بەردەوام بن لەناو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆدا.

ماددەی پێنجەم: ئەحکامی یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (1)ی ساڵی 1978 پەیوەست بە پلە بەندی و زیادی مووچەو خانەنشین، بۆ مەبەستی ئەم یاسایە پیادە دەکرێت.

ماددەی شەشەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

ماددەی حەوتەم: ئەم یاسایە جێ بەجێ دەکرێت لە ڕێکەوتی بڵاو کردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پرۆژەیە لە لایەن ئەندامانی بەڕێز کاك شێروان حەیدەری و کاك عەونی بەزار و کاك عبدالکریم ابوبکرو کاك رەشاد ئەحمەدو کاك ئاریێز عبداللە و کاك تارق محەمەد سەعیدو کاك قادر سەعید و کاك شەوقی حسین و کاك کەریم بەحری و خاتوو ڤیان دزەیی و خاتوو مریم حسن ابراهیم و دکتۆر ناصح و کاك محەمەد صالح و دکتۆرە هالە سهیل و خاتوو سەبریەو خاتوو تاڤگە محەمەد عەلی و دکتۆر دلێر شاوەیس و سەید تەڵعەت خەفاف و کاك ئاخر و خاتوو گێلاس محەمەدو کاك سەردار هەرکی پێشکەش

کراوه، ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی پێشمەرگە دەکەم و ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزیش هەر یەکە نوسخەیەك وەردەگرن، بۆ ئەوەی دیراسەتی بکەن.
داوا لە لێپرسراوی لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەم بێت لێرە دابنیشێت بۆ بڕگەی سێیەم تکایە فەرموو، خاڵی سێیەم لە بەرنامەی کار/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای باجی زەوی بەتاڵی ژمارە (26)ی ساڵی 1962ی هەموار کراو کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراوە، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم خاڵ بە خاڵ بیخوێننەوەو ڕەئی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری لەسەری بدرێت، ئەگەر تەوحیدیش کرا بێت باشتریش دەبێت، ئینجا دەیخەینە گفتوگۆ، فەرموون.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای ژمارە ( ) ساڵی 2007

یاسای هەموار کردنی یاسای باجی زەوی بەتاڵ (عرصات) ژمارە (26)ی ساڵی 1962ی هەموار کراو

ماددەی یەکەم:

1- کار کردن بە بڕگە (1/أ) لە ماددەی (4) لە یاسای باجی زەوی بەتاڵ (عرصات) ژمارە (26)ی ساڵی 1962 رادەگیرێت.

2- کارکردن بە بڕیاری ژمارە (96)ی ساڵی 1974 رادەگیرێ.

3- کارکردن بە بڕیاری ژمارە (483)ی ساڵی 1981 رادەگیرێ.

4- ئەمانەی خوارەوە شوێنیان دەگرێتەوە.

5- زەوییەکی بەتاڵ لە باجی بنەڕەتی هەر باج دەرێك دەبووردرێت، ئەگەر رووبەرەکەی، یان خۆبەشەکەی لە (800) مەتر دوجا پتر نەبێت و ئەوەندەی لە رووبەرەکەی پتر نەبێت باجی لێ وەردەگیرێت، باجدەر بۆی هەیە، ئەو زەوییە بەتاڵە، یان ئەو بەشەی دەیەوێت لە باج ببووردرێت دەست نیشانیان بکات.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قانون رقم ( ) لسنة 2007

قانون تعديل قانون ضريبة العرصات رقم 26 لسنة 1962 المعدل

المادة الاولى:

1- يوقف العمل بالفقرة (1/أ) من المادة (4) من قانون ضريبة العرصات رقم (26) لسنة 1962.

2- يوقف العمل بالقرار رقم (96) لسنة 1974.

3- يوقف العمل بالقرار رقم (483) لسنة 1981.

ويحل محلهم ما يأتي: (اعفاء عرصة واحدة من الضريبة الاساسية لكل مكلف لا تزيد مساحتها او حصتها الشائعة منها على (800 م2) وتستوفي الضريبة على مازاد عن ذلك وللمكلف تعين العرصة او الحصة التي يطلب حصر الاعفاء بها).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی یاسایی تكایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی بچمە تەفاسیلی ماددەكە، حەز دەكەم ڕوون كردنەوەیەك بدەم، ئەویش ئەوەیە ئێمە وەكو لیژنەی یاسا لەگەڵ نوێنەرانی لیژنەی دارایی و ئابووری لە حكومەتی هەرێمی كوردستان چوار كۆبوونەوەمان ئەنجامدا، دوای ئەنجامدانی ئەو كۆبوونەوەیە، هاتینە ئەو قەناعەتە، كە گۆڕانكارییەكی بنەڕەتی لەسەر ئەم یاسایە بكرێتن، ئەو ڕاپۆرتەی كە تەقدیم كراوە، بەڕاستی وجهەت نەزەری ئێمەو وجهەت نەزەری نوێنەرانی وەزارەتی دارایی و ئابوورییە، ئەمە نوقتەی یەك.

نوقتەی دوو/ دیارە بەنیسبەت زەریبەی عەرەسات موعامەلەی جیا جیا كراوە لەگەڵ هاوولاتیان، چ لێرە وەكو ئیدارەی هەولێر، چ لە سلێمانی وەكو ئیدارەی سلێمانی پێشوو، ئێستا ئەو مامەڵەیە تەوحید كراوە بەو پرۆژەیەی كە هاتۆتە پەرلەمانی كوردستان.

سێیەم/ ڕەنگە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لێمان بپرسن، ئایا ئەم قەراراتانە فەحوایەكەی چیەو چ نییە، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان سورەتێكی وازیحیان هەبێت، كە پێشتر چۆن مامەڵە لەگەڵ باجی زەوییە بەتاڵەكان دەكرا، ئێستا بەپێی ئەو پرۆژەوە چۆن مامەڵە دەكرێت، بەحەقیقەت پێشان یەك پارچە زەوی عەرەسات بەنیسبەت موكەلەفین مەعفو بوو لە زەریبەی زەوییە بەتاڵەكان، بەلام ئەو ئیعفایە سنوودار بوو یەكەمیان/ لە (800) مەتر تەجاوزی نەدەكرد، هی دووەمیش/ بەڕاستی ئیعفایەكە بەشێوەیەكی پچڕ پچڕ هاتبوو هەروەكو لە بڕیارەكەدا هاتووە، سێ بڕیار دەیگرێتەوە، ئەو بڕیارانە دووانیان، یان سێیانیان بەناو ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشی عێراقی پێشوو دەرچووە، یەكێكیان لەناو قانونی زەریبەی عەرەساتدا بەروون و بە ئاشكرا هاتووە، واتا ئیعفایەكان پچڕ پچڕ بووە، بەپێی ئەو بڕیارانە، ئەوەل جار ئیعفای سێ جاریان داوە، دوایێ ئیعفایەكەیان كردۆتە شەش ساڵ، دوایێ ئیعفایەكە بۆتە نۆ ساڵ، پاشان ئەو نۆ ساڵە، ئینجا خازیعی زەریبەی عەرەسات بووە، ئەمە چۆنیەتی مامەڵە كردنی یاساكانی پێشتر لەگەڵ ئەم قانونە، بەلام بەنیسبەت پرۆژەكەی تر كە ئێستا هاتووە:

یەك/ هەر موكەلەفێك بۆی هەیە یەك پارچە زەوی هەبێت لە (800) مەتر زیاتر نەبێت، ئەمە مەعفییە لە زەریبەی عەرەسات، ئەو ئیعفایەش ئیستیمراریەتی هەیە، واتا ئەمڕۆكە پارچە زەوییەكی (800) مەتری هەیە دەیفرۆشێت، سبەی پارچەیەكی تری دەبێت (800) مەتر ئیعفایەكە بەردەوام دەبێتن لەسەر ئەو پارچەیە، ئەمە یەك.

خاڵی هەرە گرنگترینی/ هەر خێزانێك لەناو خێزانەکەی خۆی حەقی ئەو ئیعفایەی هەیە، کە مێرد بێت، ئەگەر ژن بێت، ئەگەر منداڵ بێت، قاصر بێت، قاصر نەبێت، واتا ئەوەی کە هاتووە لەناو پرۆژەکەدا، ئێمە پشتگیری لێ دەکەین، چونکە سووك کردنی باجی زەوییە بەتاڵەکانە لەسەر ئەرکی هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان، بەلام ئەوەی کە سەرنجی راکێشاین خاڵێکە، ئەویش ئەوەیە زەریبەی ئیزافی بەپێی بەنیسبەت قانونی زەریبەی عەرەسات لەغو کراوە، تەبیعی دوو زەریبە هەیە بەنیسبەت قانونی عەرەسات، یەکیان/ زەریبەی ئەساسی پێ دەڵێن کە لە 2٪ پاش (800) مەترەکە دەیانگرێتەوە، عەفو (800) مەترەکە دەگرێتەوە، ئەویتریان زەریبەی ئیزافییە، کە ئەگەر هاتوو لە (800) مەتر زیاتر بوو، واتا ئەگەر لە (1200) زیاتر بوو، ئەمە بەڕاستی زەریبەی ئیزافی دەگرێتەوە، ئەویش نەسەبی خۆی لە قەراری (222) ساڵی 1977 ئیشارەتی پێ کراوە، بۆیە ئێمە بەنیسبەت ماددەکە یەك لە سێیەمەکە وا پێشنیار دەکەین کە زیاد بکرێت، ئەویش ئەوەیە (ایقاف العمل بالبنود الواردة في القرار رقم 222 لسنة 1977 الخاصة بالضريبة الاضافية المفروضة على العرصات)، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئی لیژنە لەسەر ماددە یەك کاك شێروان بیخوێنەوە فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(بالنسبة للمادة الاولى من المشروع تؤيدها اللجنة (بأكثرية الآراء) وتقترح إضافة جملة (في اقليم كوردستان- العراق) الى مابعد (ويحل محلهم مايأتي)لأن الهدف من المشروع هو إلغاء الضريبة الإضافية بشكل مطلق وإعفاء عرصة واحدة على ان لايتجاوز مساحتها 800م2 لكل مكلف وبصورة مستمرة وفي حالة بيع تلك القطعة المعفاة من الضريبة يحق طلب أعفاء قطعة اخرى ايضاً وبحدود 800م2 وتستمر هذه الحالة مع تعدد حالات البيع)، ئەمە رەئی لیژنەی یاساییە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئی لیژنەی دارایی و ئابووری فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەم یاسایە بەڕاستی یاسایەکی گرنگە، تەبیعی ئێمە لە کاتێکدا کە بیر لە چاوخشاندنەوەو هەموار کردنی ئەم یاسایە دەکەین، ئەوەمان لە یاد بێت کە ولاتی ئێمە بە حاڵەتێکی هەڵئاوسانی ئابووری گەورە دەڕوات، ئەوەی ئەو هەموار کردنە لەگەڵ هەڵئاوسان و بارودۆخی ئابوورییەکە لە لایەکەوە یەك بگرێت، لە لایەکی تریشەوە لەگەڵ تێروانینی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو بارودۆخەی کە ولاتەکەمان پێی دەڕوات یەك بگرێتەوە، بەتایبەتی ئێمە یاسای وەبەرهێنانمان دەرکردووە، ئەمە کەم، یان زۆر پەیوەندیەکی راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی دەبێت لەگەڵ جێ بەجێ کردنی یاسای وەبەرهێنان، بۆیە ئێمە سەبارەت بە

ماددەی یەکەمی بڕگە سێی پێمان چاکە بەم شێوەیە هەموار بکرێتەوە، نەک تەنها یەک پارچە کە رووبەرەکەی لە (800) مەتر دووجا زیاتر نەبێت، کۆی ئەو زەویانەی، کە لە (800) مەتر دووجا زیاتر نەبێت، ئینجا ئەوە پارچە زەوییەك بێت، یاخود دوو پارچە زەوی بێت، یاخود سێ پارچە زەوی بێت، یەعنی کۆی ئەو زەویانە شمول نەکرێت بە زەریبە، بە باجی زەوی بەتاڵ، کە رووبەرەکەی لە (800) تا (800)، ئەوە بیرو بۆچوونی لیژنەی یاساییە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرسەت رەئیەکی هەیە لەسەر ناوی قانونەکەی، ئەوە یەك، دووەمیش/ ئەو رەئیەی لیژنەی دارایی لە رووی یاساییەوە پێش ئەوەی داوا لە ئێوەی بەڕێز بکەم، ئەگەر رەئیەکتان هەبێت، فەرموو کاك فرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مولاحەزەکەم لەسەر ناونیشانی قانونەکەیە، چونکە کەلیمەی تەعدیل ئەگەر بەکار هات، ئەوەلەن لە لایەك حەقمان نییە تەعدیلی بکەین، راستە ئەو قانونە خارجی سەلاحیاتی حەسری حکومەتی عێراقیە، بەگوێرەی ماددەی (110) لە دەستووری عێراقی، دەستووری عێراقی ئەو حەقەی بە ئێمە داوە، چۆن تەعدیلی تەتبیق، یان تەنفیزی قانونی ئیتیحادی بکەین، نەك تەعدیلی قانونەکە بکەین، لەبەر ئەوە رەئیم ئەوەیە، جارانیش هەروا بوو، ناونیشانەکە ببێتە (قانون تعدیل تنفیذ) ئان (قانون تعدیل تطبیق قانون ضریبة العرصات رقم (26) لسنة 1962 المعدل لاقلیم کوردستان العراق)، داکو مەوزوعەکە لەسەر مەوزوعی تەعدیلی تەتبیق و تەنفیز بێت، نەکو تەعدیلی قانونەکە بێت، چونکە قانون لە ناوچەکانی تری عێراق وەك خۆی دێتە تەنفیز کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان لە ماددەی یەکەم پاشی سێیەم (یحل محلهم) دەبێت بکرێتە (یحل محلها) دواتر رەئیتان لەسەر ئەو رەئیەی کاك فرسەتو رەئی دکتۆر دلێریش.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاك فرسەت گوتی ئێمە لەگەڵ هەمان بۆچوونین، فیعلەن ئەمە لەمەودوا دەبێت ئەم قانونانەی لەم شێوازە بە سیفەتێکی ئیتیحادی تەماشای بکەین و پەرلەمانی کوردستانیش حەقی هەیە تەعدیلی تەتبیقی ئەوە بکات، بۆیە ئێمەش هەروەکو کاك فرسەت گوتی لە فەقەرە دووی رەئیەکەی لیژنەی قانونی (قانون تعدیل تطبیق قانون ضریبة العرصات رقم (26) لسنة 1962 في اقلیم کوردستان العراق)، بەنیسبەت رەئی لیژنەی دارایی، ئێمە لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت و وەزارەتی مالیە، ئەو مەوزوعەمان زۆر بە تەفسیل باس کرد، بەڕاستی ئەو موقتەرەحەی لە ئێمەیان قەبول نەکرد لە هەندێك لە برادەرانی ئێمە، ئەقلیەت رەئیەکیان هەبوو، ئەسبابەکەشیان ئەوە بوو، ئەوەلەن/ ئێمە ئەو ئیعفایەمان داوەتە پارچەی سەکەنی،

پارچەی سەکەنیەکە (200) مەتر بێت، (300) مەتر بێت، (400) مەتر بێت تا (800)یش، واتا مەفتوحە بەپێی ئەو تەوزیعاتەی دێتە سەر هاوولاتیان، ئەمە یەك.

هی دوو/ گوتیان ئێمە ناتوانین ئەو میكانیزمە، ئەو بەڕێوەبردنی چوار قتعەیە بەنیسبەت ئێمە زۆر كارێكی زەحمەتە، ئێمە ناتوانین بەو شێوەیە بەڕێوەی ببەین، پارچەیەك مەعفی بێت، لەگەڵ ئەوەی كە چوار قتعە مەعفی بێت، ئەوە ئیشكالیات و مەشكالێكی زۆرمان بۆ دروست دەكات، كە ئێمە لە حەقی نایەن.

هی سێیەمیش/ بەڕاستی گوتیان مەسەلەی بوونی (800) مەتر بە چوار قتعە بۆنی بازرگانی لێ دێت، لە حاڵەتێكدا كە ئێمە ئەو ئیعفایەمان داوە بۆ قتعەیەكی سەكەنی، نەك بۆ مەسائیلی بازرگانی، بۆیە بە حەقیقەت تەبریراتەكە بەم شێوەیە بوو، ئێمە قەناعەتمان پێ هێناو ڕەئیەكمان لەسەردا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر دلێر، پاش ئەوەی كە ڕەئی لیژنەی قانونی لەبەر ڕۆشنایی دانیشتنیان لەگەڵ وەزارەتی دارایی كە ئەو ڕەئیان پێدا سەحب دەكرێتەوە، یان ڕەئیتان چیە، فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئێمە ئیعفا كردنی یەك پارچە زەوی كە ڕووبەرەكەی (800) مەتر دووجا بێت، مانای ئەوەیە كەسێك ئەم پارچە زەویەی هەیە كە زۆر موتەمەكینە، ئەم پارچە زەویە بۆ پرۆژەیەكی بازرگانی بەكار بێت، بەلام كەسێكی هەژار، كەسێكی نەدار دوو پارچە زەوی هەیە ڕووبەری هەریەكەیان (250)یە، یان (250) بەسەرەوەیە، یان (300) مەترە، تۆ یەكێكیان عەفو دەكەیت و ئەویتریان زەریبەیەكی دەیخەیتە سەر، كە هەندێك جار خاوەن زەویەكە ناچار دەبێت لە كاتی فرۆشتنی ئەو پارچە زەوییە، واز لە زەویەكەی خۆی بهێنێت، لەبەر ئەوەی پارەی ئەوەی نییە بیداتە زەریبەكە لەڕاستیدا، ئەمە ئەو كێشەیە دروست دەكات، ئێمە لەم حاڵەتە پشتگیری ئەو كەسە دەكەین كە دارایەو پشتی ئەو كەسەش دەشكێنین كە نەدارە، ئەمە لە لایەك.

لە لایەكی تریشەوە، ئێمە بەپێی یاسای وەبەرهێنان، ئەو زەویانەی كە بەكاردێت بۆ پرۆژەی وەبەرهێنان، ئێمە ئۆتۆماتیكیەن ئیعفامان كردووە بەپێی یاسای وەبەرهێنان، لەبەر ئەوە بۆیە ئێمە پێمان وایە ئەو پێشنیازەی كە لیژنەی دارایی كردوویەتی ڕەچاوی هەموو حاڵەتە كۆمەڵایەتی و ئابووری و حاڵەتە تایبەتیانەی كە لە كۆمەڵگای ئێمەدا هەیە پشتگیری كردنی ئەمە، پشتگیری كردنە لە خەڵكی كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر موقتەرەحەكەت بە موحەدەدی بۆمان بنووسی.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیازەکەی ئێمە ئەوەیە کە یاساکە دەڵێت (ئەو زەویەی هەتا 800 مەتر دووجا باجی لێ وەرناگیرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یاسایەکە دەڵێت لە 800 مەتر زیاتر بوو، ئەوە باجی لێ وەردەگیرێت، ئێوە چی دەڵێن.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەڵێین کۆی مەساحەی ئەو زەویانەی کە تا 800 مەتر، جا قتعەیەك بێت، دوو قتعە بێت، دە قتعە بێت گرنگ نییە، تا 800 مەتر، یەعنی چەند پارچە زەوی بێت، ئەوە باجی لێ وەرناگیرێت، نەك یەك قتعە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێمە لەو روانگەوە تەماشا بکەین، ئێمە هەموومان خزمەتکاری گەلی کوردستانین، بە دەوڵەمەند و بە مامناوەندو بە فەقیر، ئەوە یەك.

دوو/ ئێمە کە دەڵێین لە 800 مەتر زیاتر نەبێت دوو سەدەکەش دەگرێتەوە، چوار سەدەکەش دەگرێتەوە، شەش سەدەکەش دەگرێتەوە، هەشت سەدەکەش دەگرێتەوە، واتا بەشێوەیەکی یەکسان تەماشای مەسەلەکەمان کردووە، نەك فەرق و جیاوازی بکەین لە نێوان ئەو و ئەوە، ئێمە پێمان وایە ئەوە زیاتر عەدالەتی تیادایەو دوا رەئیش رەئی ئێوەو ئەندامانی پەرلەمانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دوو مولاحەزەم هەیە، یەك/ دەبوایە وەزیری دارایی و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی لێرە بن، حەز دەکەم کاك سەعد شەرحێك بدات، بۆ لێرە نینە.

دووەم/ لە حاڵەتی وادا حەقە، وەکو چەندین جار باسمان کردووە، بەلای کەمی کۆبوونەوەیەك ئەنجام بدرێت لە بەینی لیژنەکان، ئەگەر بکرێتن لەوێ رەئیەکی موەحەد هین بکەین، کاك سەعد ئەگەر بۆمان شەرح بکەیت، بۆ هەردوو وەزیر جەنابیان نەهاتوون.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەبیعی دوێنێ ئاگادارم کردنەوە، ئەوان بەڕاستی هەردووك عوزریان هەبوو، یەکێکیان گوتی موعیدێکی زۆر گرنگم هەیە، کە عیلاقەی بە سەرۆك کۆمار هەیەو بە نوێنەرایەتی ئەو لە کۆبوونەوە ئامادە دەبێت،

کاك سەرکیسیش گوتی موعیدێکم هەیە لەگەڵ وەفدێکی دەرەوە، کە پازدە ڕۆژ لەوەو پێش کاتەکەی دیاری کراوە، ئەویش بە حیسابی میوانی سەرۆکی هەرێم نیوەڕۆ لە لای ئەون، بەڵام بەڕاستی پێم خۆش نەبوو لێرە ئەو مەوزوعە تەرح بکەم، پێم خۆشە ئەوە ئیشکالێکە چارەسەر بکرێت لەمەودوا، ئەویش ئەوەیە برادەرانی ئەندامانی پەرلەمانیش مولاحەزەیەکیاندا، یەعنی من بەرنامەی کار دوو ڕۆژ دوای جەلسە بەدەستم دەگات، کە بەڕاستی ئەوە ئیشکالە، ئیحراجیەکی گەورە بۆ من دروست دەکات، هەم لە بەرامبەر ئێوە ئەندامانی پەرلەمان، هەم لە بەرامبەر برا وەزیرە بەڕێزەکانیش، یەعنی زۆر جار دەڵێنە من ناکرێت تۆ لە خیلالی بیست و چوار سەعات، یەعنی وەکو ئەوەی پۆلیس بێتە بەر دەرگاو، ئاخر ئێمەش وەزیرین، ئیشمان هەیە، بەرنامەمان هەیە دەچینە دەرەوەی هەولێر، جا هیوادارم ئەو مولاحەزەیەم بە روحی ریازی لێ وەربگرن، ئەویتریش دیارە قەت بە روحیەتی ئەوە ئیشمان نەکردووە، کە خۆمان بە شتێکی جیا بزانین لەو دەزگایە، بە تەئکید ئەگەر بەپێی نیزامی داخیلی وەزیرە بەڕێزەکان لە کاتی خۆی ئاگادار بکرێنەوە، بە رەئی من هیچ موبەریرێك نییە، بۆ ئامادە نەبوون، چونکە ئامادە نەبوونیان بەڕاستی ئیشکال دروست دەکاتن، یەعنی ئێستا ئەو کێشەیە هەیە، یان با بڵێین ئەو تەرحەی لیژنەی دارایی لە پەرلەمان، ئەوە بە رەئی من قەزیەکی کەم نییە، یەعنی ئەوە خیلافە، عیلاقەی بە حکومەتەوە هەیە، من لە تەفاسیل نیم، من مەعنی نیم، من پەیوەندیدار نیم، من ئاگادار نیم، من نازانم جەدوای، بەڕاستیش ئەوەی کە کاك دکتۆر دلێر تەرحی دەکات چیە بۆ حکومەت، بۆیە بەڕاستی ئەوە ئیشکالێکی باشە، فورسەتێك وەکو جەنابت رووبەڕووی منت کردەوە، من ئەو چەند قسەی لێرە بکەم، هیوادارم لەمەودوا ئەو ئیشکالانە موعالجە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بە روحێکی ریازیەوە وەردەگرین، وەکو خۆت داوات کرد، رەخنەکەت بەشی یەکەمی بەجێیە، کە بەرنامەی کار زووتر بێتن، بەڵام جەنابیشت بە روحێکی ریازی رەخنەیەکی ئێمە قەبول بکە، ئەویش ئەوەیە ئێمە لە دوا کۆبوونەوەماندا گوتمان هەفتەی داهاتوو بەرنامەی کارمان زەریبەیە، یەعنی بێ ئەوەی راوەستین لەسەر رۆتین و لەسەر بەرنامەی کار، رەنگە بەرنامەی کار ئەمڕۆ بەیانی ئیمزا کرا بێت، بەڵام کە زانیمان جەنابت تەکلیفێکت کرد بوایە بە کاك فرسەت کام وەزیر بێت، یەعنی بەشێکی رەخنەکەت روحی ریازی وەرمانگرت، جەنابیشت ئەو رەخنەیە لە ئێمە قەبول بکە، بە هەر حاڵ لیژنەی یاسایی لەگەڵ وەزارەت دانیشتوون و ئێستا رەئی وەزارەت دەزانن، چونکە رێککەوتوون، کاك شێخ ئەدهەم نوقتەی نیزامت هەیە فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تە رۆیشتنا پێش ڤێژدامن خالەکا نیزامی هەبوو، تڤێ خالە نیزامیشدا من داوا رەئیا برایێ مە بەڕێز کاك فرسەت کرد، وەکو پسپۆرێك هەنوکەش دبێژم وەکی پسپۆرێك و وەکی مەرجەعێك دێتە پەرلەمانێشدا،

لەسەر ڤێ خالێ هەر وەکی کاك سەعد باس کری، کە وەزیرێ لەگەل سەرۆك کۆمارا رۆیشتن هەبوینەو دی ئیلتیزاماتی دی هەبیت، ئەگەر زوو وەزیری نەیێتە تەبلیغ کرن، بێگومان ویش بەرنامەی کارێت هەی، وەزیفەی حکومەت دکەیت، ئایا لێرەدا پرسیارا من ڤەیە، ئایا لێرەدا کاڤا کو پەرلەمان داوا وەزیرێك دکەت بێتە پەرلەمانێ و هەر عوزرێکێ ڤە وەزیرا حازر نەبیتن، نەهێتن، مە چ چارەسەرا یاسایی بۆ ڤێ مەسەلە هەیە، هەم وەکی پەرلەمان مولزەم کەت، هەم کو جەنابێ وەزیریش وەکو حکومەت مولزەم کەت، لێرەدا کە پێ هەڵنەستیت، مەسەلەن دبێژی ڤە لەبەر رۆیشتنا سەرۆکێ کۆمار، یان دگەل سەرۆکێ هەرێمێ، یان هەر وەفدێکی دی، ئایا لێرەدا مەجلیسی یاسا هەیە لێرە، ئیلزامێك بدات، لەبەر پەرلەمانێ، ئەگەر نەشبێژن قودسیەتێ پەرلەمانێ هەیبەتا ولآتێکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر مەقصەدت ئەوەیە، ئێمە چی دەکەین کە وەزیر نەهات، ئێمە بەردەوام دەبین نیزامی داخیلی خۆمانە، ئەگەر جەنابت مەقصەدت بەرامبەر وەزیر چی دەکەین، ئەگەر عوزرەکەی مەشروع بوو، ئەوە قەبولی دەکەین، ئەگەر جارێکی تر عوزرەکەی بە هەمان شێوە مەشروعیەتی زەعیف بوو، ئەوە یەکەممان دێتەوە بیر کەمتر قەبولی دەکەین، جاری سێیەم قەبولی ناکەین، ئێمە ئێستا بەردەوام دەبین لەسەر موناقەشەکە، بۆیە لیژنەی یاسایی دەتوانێت تەعبیر لە وەزارەتی دارایی بکات، لەبەر ئەوەی لەگەڵیان دانیشتوون، کاك دکتۆر ناصح نوقتەی نیزامە فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم بابەتەکە زۆر روونە، دوو بۆچوون هەبوو، یەکیان/ بۆچوونی وەزارەتی داراییە لەگەڵ لیژنەی یاسایی پشتگیریان کردووە، یەکێکیشیان/ بۆچوونی لیژنەی دارایی و ئابوورییە، من پێم وایە ئەو (800) مەترەی کەوا پێشنیاری لیژنەی داراییە، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، چونکە ئەساسەکە (800) مەترە، یەعنی هیچ تەئسیرێکی نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئی مەدە، نوقتە نیزامەیەکەت باش دەست پێ کرد، تەواوی بکە.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە رێگە بدەیت بە دوو کەس پشتگیری بکات و چ بەملا، چ بەولا بخرێتە دەنگدانەوە، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتە نیزامیەکەت باشەو موفتەرەحەکەشت باشە، ئەو رەئیەی کاك دکتۆر ناصح نوقتەی نیزامییە، نوقتە نیزامیەکە چیە، یەعنی موفتەرەحێکە قوەتی نوقتەی نیزامی هەیە، بەڵێ خاتوو پەخشان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو ڕەئیەی کاك دکتۆر وتی ئەوە نوقتەی نیزامی نییە، چونکە ئێمە ئێستا دوو حاڵەت مەتروحە لەبەردەممان، هەردووکی قابیلی نیقاشە، لەبەر ئەوە چۆن بڵێین هەر ئەو دوو ڕەئیەیە، دەبێت ئێمە بەس لەسەر ئەو دوو ڕەئیە ڕەئی بدەین، ڕەنگە ڕەئی تر هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ یەك مادده ئەگەر سێ و سێ کەس قسە بکات، ئێمە پێمان وابوو بە سەعاتێك هەمووی تەواو دەکەین، قسە دەدەم بە مەسئوولی فراکسیۆنەکان، ئەگەر توانیمان حەلی بکەین، لەبەر ڕۆشنایی موداخەلاتی ئەوان باشە، ئەگەرنا بەردەوام دەبین، لیژنەی یاسایی تەعبیری کرد لە جیاتی ئێوە قسەی کرد، ئەو ڕۆژەی باسی ئەقلیەت و ئەکسەریەتمان کرد، گوتمان کە بووە ئەقلیە وەکو ئەندام پەرلەمان قسە دەکەین، حەسمان کرد کاك کەریم ئەو ڕۆژە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە یاسای دادەڕێژین دەبێت گرنگترین شتیش بزانین، ئێمە کاتێك لە ساڵانی (1991)ەوە تاکو کەوتنی ڕژێمیش ئەم حکومەتەو خەڵکیش لەسەر باج دەڕۆیشت بەڕێوە، مەعاشی پێ دەدرا، یەعنی باج گرنگی خۆی هەیە، حزبە سۆسیالیستە دیموکراتیەکانیش یەکێك لە بنەما هەر گرنگەکانی دانی باجە، ئەو باجەش بەکار دێتەوە بۆ خزمەتی خەڵك، کەواتە ئێمە لەسەر ئەوەین موتەفقین باج هەبێت، بەڵام شێوازی جێ بەجێ کردنی باجەکە لە (800) مەترەوە بە یەك پارچە زەوی کە (800) مەتر بێت لەنێوان کۆمەڵێك پارچەی بچووك بچووك بێت، بەڕاستی لێرەدا حەز دەکەم بزانن (800) مەتر زەوی هەموو خەڵکێك نیەتی، یەعنی بێنە لەسەر پەنجەی دەست دەتوانیت بیژمێری لە شارێکدا چەند کەس هەیەتی، کەواتە ئەوانەی کە سەرمایەدارن و خاوەن پارەیەکی زۆرن و پارەکەیان داوە بە زەوی، ئەوانە حەقی خۆیانە لەو حاڵەتە، بەڵام حاڵەتی خەڵکی ئەوەشمان هەیە لە خێزانێکدا چەند کەسێك هەن، ئەو چەند کەسە هەر یەکە پارچەیەك زەوی هەیە، ئیتر موەزەف بووە بەهۆی زەریبە، پرسیارەکەی من بۆ لیژنەی یاسایی ئایا هەموو یەکێك لەوانە پارچەکەی بەر ئیعفا دەکەوێت، یاخود نا؟ ئەمە حاڵەتێکی یەکەم، ئەگەر وا بێت کەواتە ئێمە فێڵێکی شەرعی دروست دەکەین بۆ خەڵك، ئەوەی (800) مەتری هەیە بەناوی خۆیەوە بە پارچەی جیاواز جیاوازی لەسەر هەموو خێزانەکەی تاپۆ دەکات و هەریەکە ئیعفا دەکرێت، کەواتە لەو حاڵەتە ئیعفایەکە هەر هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو ڤیان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەم ماددەیە من لەگەڵ ئەوەمە زیاتر پشتگیری بۆچوونی لیژنەی دارایی دەکەم، کە کۆی مەساحەی ئەو زەوییە (800) مەتر بێت، نەك یەك پارچە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پرسیارەکەم بۆ لیژنەی یاسایی ئەوەیە لە ئەخیری ئەم ماددەیەدا هاتووە دەڵێت (ئەم حاڵەتە بەردەوام دەبێت بۆ ئەو پارچەی (800) مەتریەکە، چونکە لێرە تەناقوز دروست دەکات، لە لایەکەوە لیژنەی یاسایی دەڵێت لە پارچەی دوو سەد مەتریەوە تا هەشت سەد مەتر یەك جار لەو پارچەیە عەفو دەکرێت، لە لایەکی دیکەشەوە یەعنی دەڵێت ئەم ماددەیە بە مەبەستی سەکەنە، بۆ ئەوەی سەکەن دروست ببێت، لە ئەخیری ماددەکە دەڵێت (تستمر هذه الحالة مع تعدد حالات البيع)، یەعنی بۆی هەیە ئەو هەشت سەد مەترەیە، سەد جار لە خیلالی ساڵێکدا بفرۆشێت، کە سەد جار لە ساڵێکدا فرۆشتی ئەوە دەبێتە بازرگانی کردن، نەك بۆ سەکەن بەکاری بێنێت، بۆیە من لێرە رەئیم ئەوەیە (تستمر هذه الحالة مع تعدد حالات البيع) لابرێت، یان ئەگەر لا نەبرێت ژمارەیەکی تایبەت وەکو سێ جار لە ساڵێکدا، دوو جار لە ساڵێکدا بۆی دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمەوێت لێرەوە دەست پێ بکەم یاسای باج و دەرامەت لە دنیادا یەکێکە لەو یاسایانەی کە بەردەوام لە هەڵکشان و داکشان دایە، یەکێکیشە لەو یاسایانەی کە هەمیشە جێگەی پرۆپاگەندەیە بۆ هەڵبژاردنەکان، چونکە پەیوەندی راستەوخۆی بە هەموو ژیانی خەڵکێکەوە هەیە، بە دەوڵەمەند و فەقیرەوە، ئێمە راستە دەبێت یاسایەك دابنێین کە زۆرترین خەڵکی بەربکەوێت، بەڵام مانای ئەوە نییە پێچەوانەکەی راست بێت خەڵکێکی تر بەرنەکەوێت، ئەم یاسایە دەبێت دەوڵەمەندیش بگرێتەوە، فەقیریش بگرێتەوە، لە هەرێمی کوردستاندا ئەوەی کە توانای هەبێت لە هەشت سەد مەتر و شەش سەد مەتر بکڕێت، یان زیاتر بکڕێت، بێگومان رێژەیەکی کەم نییە، وا نەزانێت ئەمە خەڵکێکی زۆر کەم دەگرێتەوە، بەپێچەوانەوە، لەوانەیە لە رێژەی بیست پێم وایە کەمتر نییە، ئەو خەڵکەی کە دەتوانێت ئەوەندەی بکڕێت، بەڵام ئەگەر ئەمە چارەسەرێکی عەمەلیانەی بۆ بکەین و لێی نەترسین شتێکی باشە، بەم جۆرە کە پێشنیارەکەی من ئەوەیە، مادام ئەم یاسایە بەردەوام لە گۆڕانکاری دایە باج و دەرامەت هەمیشە لەگەڵ رەفاهیەت دابێت، هەتا رەفاهیەت زیاترو باشتر بێت، دەکرێت تۆ باج و دەرامەتەکە بەهێزتر بکەیت، یەعنی زیاتری بکەیت، ئەوەش هەر بەشێکە لەمە، هەتا رەفاهیەتەکە بەهێزترو باشتر بێت، حکومەت دەتوانێت لەو بوارە هەنگاوی تر بنێت، لەبەر ئەوە ئەوەی کە دکتۆر دلێر گوتی، ئەگەر ئێمە سەیری ئیدارەی پێشووی سلێمانی بکەین لەگەڵ هەولێر، مەسەلەن لە هەولێر هەرچی زەوی دابەش کرا بێت لە دوو سەد مەتر کەمتر نییە،

بەڵام لە سلێمانی زۆر کەمە لە دوو سەد زیاتر، مەگەر مەسەلەیەکی سیاسی بێت، ئەگەرنا بۆ عامە خەڵك سەدو پەنجا، سەد و چل، یەعنی لەو ڕێژە دایە، ئەمە هەموو خەڵکێکی فەقیرە، یەعنی ئەگەر تۆ یەك جار عەفوی بکەیت تەواو، بەڵام دەکرێت مەسەلەن هەشت بکەیت بەلای سەرەوە، یەعنی ئەوەی کە خاوەنە هەتا بگاتە هەشت سەد، با سێیان بێت، چوار بێت، پێنج بێت، بەڵام لە رووی یەك پارچە ئیتر یەك جار بۆی هەیە، لەبەر ئەوەی خەڵکی کەم دەرامەت کەمتر بەری دەکەوێت، کەمتر ئیستیفادەی لێ دەکات، نەك کەمتری بەر دەکەوێت، ئێمە ئەگەر بمانەوێت زیاتر ئیستیفادەی پێ بگەیەنین، زۆر جێگەی خۆیەتی ئەو پێشنیارەی لیژنەی دارایی بێتە ئەساسێك بۆ ئێمەو زیاتر خەڵکی بەر بکەوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی لە پێشنیاری لیژنەی یاسایی هاتووە، زۆر دروستە، چونکە بۆ وەحدەیەکی سەکەنییە، جا ئەوماڵە، ئەگەر دوو سەد مەترە، ئەگەر سەدو پەنجایە، ئەگەر شەش سەد مەترە، ئەگەر هەشت سەد مەترە لە شوێنێك لەسەری دانیشتووە کەس ئیستیفادەی لێ ناکات بۆ شتی تر، ئەگەر بێینە سەر ئەوەی ئەمە هی فەقیرە، یان دەوڵەمەندە، فەقیر زۆری هەر خانووی نییە، هەر زەوی نییە، بۆیە ئەوجا دوو، سێ دوو سەد مەتری بەر دەوڵەمەند دەکەوێت، دەوڵەمەندێك هەیە خۆی لە خانوویەك دانیشتووە سێ سەد مەترییە، بەڵام زەویەکانی تری کردۆتە خانوو بە کرێی داوە، ئینجا لەوێش دەبێت عەفو بکرێت لەو باجەی کە دەبێت بیدات، بۆیە بەنیسبەت وەحدەی سەکەنی هەر چەندێك بێت قیاسەکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو پەخشان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لە پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایی باش حاڵی نەبووم، لام وایە ڤیان خانیش لەگەڵ من هەمان پرسیاری هەیە، باسی ئەوە نەکرێت بە ئیشێکی تیجارەت و تیجاری بێت، بەڵام هەشت سەد مەتر بۆی هەیە لەگەڵ هەموو حاڵەتێکدا بفرۆشێتەوە، یەعنی ئەوە تیجارەت نییە، دەرگا بۆچی دەکاتەوە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم ئەوە تەحدید بکرێت، نەك بە ساڵێك دوو جار، یان سێ جار، بە هەموو عومری ئەو کەسە جارێك، یان دوو جار ئیعفا بکرێت لەو زەریبەیە، ئەمەیان یەك.

دوو/ بەنیسبەت پارچەی بچووك، منیش ئەو ڕەئیەم هەیە لەگەڵ ڕەئی لیژنەی دارایی کە فیعلەن کابرایەك پارچەیەکی هەیە دوو سەد مەترە، پارچەیەکی تری هەیە دوو سەد مەترە، دەبێت لەسەر دوو سەد مەتری دووەمیان زەریبە بدات، بەڵام ئەوەی هەشت سەد مەتر خۆی و ژنی و کوڕی و کچی لە ساڵێکدا

چوار جار شتی وا بفرۆشێت، هیچ زەریبەی نەبێت، یەعنی نازانم شعور ناکەم عەدالەتی تیا بێت، بۆیە من شتەکە لەلام وازیح نەبێت، هیوادارم ئەگەر برادەران روونی بکەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فیعلەن ئەو مولاحەزەیەی پەخشان خان پێم وایە تۆزێکی تر روون بکرێتەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان، یەعنی میسالێك بهێنرێت باشترە، بۆ ئەوەی موفتەرەحەکەی تێ بگەین فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی سۆزان خان ئیشارەتی پێدا، ئەو ئیعفایە کە دەڵێت لە هەشت سەد مەتر زیاتر نەبێت، ئەوە بۆ هەر تاکێکی خێزانە، لەگەڵ ئەوەی منداڵی قاصرینیش دەگرێتەوە، کە یاسای پێشتر نەیدەگرتەوە، کەواتە مێرد، ژن، منداڵ، ئەو هەشت سەد مەترە هەمووی دەگرێتەوە، فەقیر بێت، یان دەوڵەمەند بێت، یان مامناوەندی بێت، ئەمە بەنیسبەت پرسیارەکەی سۆزان خان، بۆ ئەوەی وازیح بێت لە لای.

بەنیسبەت ڤیان خان، بەڕاستی کە دەڵێت ئەو هەشت سەد مەترە چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، تەبیعی زەریبە عادەتەن سەنویە، ئەگەر زەریبە کەوتە سەری بە دوو قست دەدرێتن، هەر شەش مانگی یەکەم قستێکی لێ وەردەگیرێت، شەش مانگی دووەمیش قستێکی تری لێ وەردەگیرێت، ئەوە موتەبەعە لە زەریبە، بەنیسبەت ئیعفایەکە بەهەمان شێوە ئەمڕۆ من هەشت سەد مەتر زەویم هەیە، ئەمڕۆ فرۆشتم، بەیانی پارچەیەکی ترم کڕی لە حدودی هەشت سەد مەتر زیاتر نەبوو، ئیعفایەکە لە پارچەی یەکەمەوە ئینتیقال دەبێت بۆ پارچەی دووەم بزەبت، یەعنی ئیستیمراریەت ئیعفا مەقصدەکە ئەوەیە تۆ لە هەموو حاڵەتێك خۆت و خێزانت و منداڵت مەعفی لە زەریبەی عەرەسات بەم حدودەی کە ئیشارەتم پێدا، ئەوەلەن هەموو تاکێکی خێزان دەگرێتەوە، کە پێشان بە پێچەوانەوە بوو، دووەمیش/ ئەو ئیعفایە ئیعفایەکی موستەمیرە، ئەگەر هاتوو هەروەکو پەخشان خان ئیشارەتی پێدا، ئەگەر ئێمە حیسابی ئەوە بکەین، یان ئەوەی لیژنەی دارایی دەڵێت، دەبێت ئێمە هەشت سەد مەترەکە بووە چوار پارچە، ئەو چوار پارچەیە بە تەئکید بۆ ئەوەی نییە کە لەسەر منداڵەکانی تەوزیع بکرێت، ئەو چوار پارچەیە بۆ یەك شەخصیە، مێرد، ژن، منداڵ، واتا هەشت سەدەکە تەقسیم ناکرێتە سەر چوار، بۆ ئەوەی بدرێتە منداڵەکان، چونکە منداڵ و ژن ئیعفای تایبەتی خۆی وەردەگرێت لە زیمنی هەشت سەدەکە، وەکو بەشێوەیەکی یەکسانی مامەڵەی لەگەڵ کراوە، هەشت سەدەکە بێنی هورد بکەیتەوە بۆ چوار پارچە، ئەو چوار پارچەیە بەناوی یەك شەخصە، ئەم چوار پارچەیە فرۆشتنی لەسەر دەبێت، کڕینی لەسەر دەبێت، لە جیاتی ئەوەی هەشت سەد مەتر کڕین و فرۆشتنی لەسەر بێت، لە حدودی هەشت سەد مەتر باشترە، یان لە جیاتی ئەوەی ئەو هەشت سەد مەترە هورد بکەیتەوە بۆ چوار پارچە، بۆ هەر تاکێکی خێزان و تەوەسوعی لە مەسەلەکە تێدا بکەیت، ئەمەیە مەساری موناقەشەکە بەڕاستی، لێرەدا بە قەناعەتی ئێمە، هەروەکو ئیشارەتیشمان پێدا، ئەوەلەن هەر

تاكێك له خێزان حەقی هەشت سەد مەتر ئیعفای هەیە، هەتا هەشت سـەد مـەتر زیـاتر نـەبێت، سێ سـەد بێت، چوار سەد بێت، پێنج سەد بێت، واتا له مەترێكەوە هەتا هەشت سەد مەتر دەگرێتەوە.

دوو/ ئەو ئیعفایە هەر تاكێكی خێزان هەیەتی.

سێ/ ئەو ئیعفایە ئیستیمراریەتی هەیە.

بۆیە ئەو ئیعفایە كە دەبێتـە، مەسـەلەن خێزانێـك بـا بڵێین پێـنج كەسـن لـە پێـنج پارچـەی هەشـت سـەد مەتری ئیعفا وەردەگرێت، وەرە ئەو پێنج پارچەیە دابەشی چوار بكە، پارچـەی جیـا جیـا، ئایـا ئـەوە بـۆنی بازرگانی لێ نایەت، دەبێتە چەند، دەبێتە خێزانێك حەقی دەبێت له چل پارچە مامەڵە بكات، عەفو بیست پارچە مامەڵە بكات، مامەڵە لەسەر بیست پارچە بكات، لە جیاتی ئەوەی مامەڵە لەسەر چوار پارچە بكات، ئەگەر ئەوە بۆنی بازرگانی لێ دێت، ئەوە یەك.

دوو/ من تەوەقوع ناكەم ئەو تەوەقوعەی برادەران دەكەن، دەڵێن وەڵلا رەنگە لە هەشت سـەد پارچـەكە بـۆ مەسـئوولە گـەورەكان بێـت، بـەڵێ مومكینـە مەسـئوولە گـەورەكان بگرێتـەوە، بـەلام لـە سـەدا چـەند؟ وەرە خـوارێ شـەریحەی هـەرە زۆری دەخلـی مەحـدود دەگرێتـەوە زیـاتر، مەسـئوولەكان ئەگـەر نیسـبەتێكیش تەسبیت بكەن، ئەوانیش هاووڵاتینە، دەبێت بەشێوەیەكی یەكسان تەماشایان بكەین، جگە لەوەش بەڕاستی من نازانم یەعنی ئەم چوار پارچەیە یەعنی مودیریـەتی زەریبـەی عـەقار چۆن دەتوانێت ئـەو میكانیزمـە دابنێت ئەو ئیعفائاتانە بەم شكلە بەڕێوە ببـات، چـونكە هـەر عقودێـك، یـاخود هـەر گۆڕانكارییـەك بەسـەر موڵكیەتی هەر پارچەیەك بێت، دەبێت ئەمە بچێتە زەریبەی عەقار، لەوێ تەئشـیرات بكرێـت، لـە سجلاتی خۆیان نیشان بكرێت، ئەم پارچەیە فرۆشرا، ئەم پارچەیە هاتە جێگای، هـەروەها بەنیسـبەت هـەر تاكێـك، ئەم میكانیزمە ئێمە قسەمان لەگەڵ كرد، ئەسڵەن پێیان تەحەمول نەكرا، گوتیـان ئـەوە بـە ئێمـە ناكرێـت، مومكین نییە بەو میكانیزمە ئەمە تەحەمولی ئەو وەزعە بكەین، هیـوادارم كـە تـوانی بم تـەوزیحێك بـدەم بەنیسبەت ئەو مەسەلەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام، فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو وەلامە نەبوو كە من باسم كرد، ئەمەیان یەك.

دوو/ وەلامی پرسیارەكەی من، وەلامم وەرنەگرت هەشت سـەد مـەتر بـاڵێین ئـەمرۆ دەفرۆشـرێت، سـبەینێ پارچەیەكی تری هەشت سەد مەتری دەكڕم و مانگێكی تر دەیفرۆشم، مانگێكی تر پارچەیەكی تر دەكڕم و دەیفرۆشم، جەنابی كاك شێروان گوتی ئەمە تیجارەت نییە، من نازانم ئەوە چیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە برادەران لە هەموو دنیا، ئێمە کار دەکەین، بۆ ئەوەی کەس زەریبە نەدات، ئەگەر کەسیش زەریبە نەدات ئیستیمرارییەتی حکومەت نامێنێت بەڕاستی، ناکرێت لە هیچ ولاَتێك زەریبە نەبێت، ئیشەکانی ئێمەش هەمووی بۆ ئەوەیە زەریبە نەدەین بە حکومەت کارێکی خراپە، بەلاَم لەبەر ئەوەی سیستەمی ئێمە سیستەمێکی لەسەر سیکەی خۆی نییە، دەتوانین بۆ ماوەیەکی دیاری کراو، مەسەلەن بۆ پێنج ساڵ، بۆ چوار ساڵ، بۆ سێ ساڵ هەتا سیستەمی ئێمە دەکەوێتە سەر سیکەی خۆی زەریبە رابگرین کولەن، بەلاَم بنبڕ نەبێت، چونکە ناکرێت ولاَتێك هەبێت زەریبە لە تیجار، لە بازرگان، لە کەس وەرنەگرێت، بۆیە من لەگەڵ ئەوەمە فیعلەن مەسەلەی زەریبە هەر هەمووی ماوەیەك رابگرین، بۆ ئەوەی تەنزیمی حاڵی خۆمان بکەین، خۆتان دەزانن چەند مانگێك پێش ئێستا لێرە تەخمینی بودجەی کوردستان کرا، چەند موناقەشە لەسەر ئەوە کرا زەریبەکان چیان لێ هات، خەڵك سیقەی نییە ئەوەی وەریدەگرن دەچێتە کوێ، ئەوە کارەساتە یەعنی، دەبێت ئەوە هەمووی ئێمە تێبگەین، کە زەریبات وەردەگیرێت، لێرە نوێنەری وەزارەتی مالیە دەڵێت تاکە سەرچاوەی داهاتی ئێمە ئەو پارەی نەوتی عێراقە کە وەریدەگرین، لێرە لەبەر چاوی هەمووتان یەعنی ئێمە هیچ شتێکی ترمان نییە، کە نیمانە ئەو زەریبەیە وەردەگرین چی لێ دێت، بۆیە من بەڕاستی لەگەڵ ئەوەمە ماوەیەك دوا بخرێت، پاشان زەریبە هەبێت.

دوو/ مەسەلەی زەوی، ئێمە ئەگەر ئاسانکارییەك بکەین، فیعلەن ئەوەی لیژنەی مالیەی پەرلەمان باسی دەکات، باشە یەعنی خەڵکی هەژار ئەوەی ئێمە باسی دەکەین، ئەوەی لیژنەی قانونی باسی دەکات، بەهیچ شێوەیەك خەڵکی هەژار لێی موستەفید نابێت، ئێمە لەگەڵ ئەوەینە دەبێت زۆرترین شەریحەی موجتەمەعی خۆمان سوودمەند بێت لەو بڕیارەی کە لێرە دەردەچێت، ئەگەر لە هەشت سەد مەتری بێت کەمترین خەڵك لێی سوودمەند دەبێت، ئەگەر هەشت سەد مەترییە، فیعلەن با هەتا هەشت سەدی تەواوی بکات، وەکو ئەوەی لیژنەی ئابووری دەڵێت دوو سەد، دوو سەدیش بێت با بیگرێتەوە، ئەگەرنا با ئێمە سوڵحێك بکەین هەشت سەدەکە کەم بکەینەوە، بۆ شەش سەد، یان پێنج سەد، سەد هەتا پێنج سەد بێت، هەشت سەد مەتر خەڵکی هەژار قەت ناتوانێت بیکڕێت هەمووتان ئەوە دەزانن، هیچ کەسێك نییە مام ناوەندیش بێت، بتوانێت هەشت سەد مەتر بکڕێت بە ئیستیمراریش بتوانێت موعامەلەی پێ بکات، ئەوە تیجارەتە بەڕاستی، بەلاَم من لەگەڵ ئەوەمە یان سوڵحێك لە بەینی هەشت سەد و دوو سەد، هەشت سەدەکە کەم بکەینەوە بۆ پێنج سەد، هەمووی لە سەد تا پێنج سەد بگرێتەوە، یان ئەوەتە هەشت سەدەکە فیعلەن بەشێوەیەی پارچە، پارچە هەموو کەسێك بۆی هەبێت، چ هەشت سەد بێت، چ دوو سەدی بێت، چ هەشت سەدی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من یەك مولاحەزەم لەسەر قسەکانی کاك عوسمان هەیە، پارەی زەریبە لە هەموو پارەیەك روونترە بۆ کوێ دەڕوات، چونکە بە زۆر مەرحەلەدا دەڕوات، تەسجیل دەکرێت و وصولاَتی هەیەو شتی هەیە، ئەو جانیبە

حەزم کرد روونی بکەمەوە، لەبەر ئەوەی خۆم دەزانم باشترین جێگا شەفافیەتی هەبێتن، چەندەو چۆنەو بۆ کوێ دەڕواتن مەسەلەی زەریبەیە، ئەوە یەك.
دوو/لە پاڵ مولاحەزەکانی شتێك دێتە پێش چاو، ئەویش ئەوەیە مەسەلەکە بەو موتڵەقیە نەبێت، یەعنی هەشت سەد دەفرۆشێت، دوایێ هەشت سەد دەفرۆشن، لێرە باس کراو هین کرا، ئەگەر هەشت سەد مەترەکە ساڵێ جارێك هەقە هەبێت، ئەویتر ئەگەر لە یەك پارچە هینتر بوو خازیعی زەریبە بێت، ئەوە رەنگە موعالەجەی باش بکاتن، مەسەلەن حەقی هەبێتن لە ساڵێکدا موعامەلەی یەك پارچە بکات، لە رۆژی فرۆشتنیەوە حیساب دەکرێت ئەو ساڵە، تا ساڵێکی تر حەقی ئیعفای نەبێت بۆ کڕین و فرۆشتنی کامەیان دەگرێتەوە، ئەو زەریبەیە، نازانم لیژنەی یاسایی رەئیان، ئەگەرنا بڵێین زەریبە تەئجیل بکەین، زەریبە تەئجیل ناکرێت، لەبەر ئەوەی ئێمە دەبێت خۆمان رێك بخەین و بەدیلێك دانێین بۆ ئەوەی دوا رۆژ حکومەت دەبێت داهاتی هەبێت، ناکرێت هەر لەسەر بەغدا راوەستین، لەسەر نەوت راوەستین، دەبێت خۆمان رۆژێك لە رۆژان وای لێ دێتن حکومەت وەکو ئینشائەڵلا حکومەتەکانی ئەوروپا لە 80%ی میزانیە لەسەر زەرائیب دەبێت، بەلآم بە شەرتێك دەبێت مستەوای مەعیشەتی خەڵك بەرز بکرێتەوە، داهاتیان بەرز بکرێتەوە، مەعاشیان بەرز بکرێتەوە، حکومەتی دنیا ئەوەی کە پێی دەڵێن بازاڕی ئازاد لەسەر ئەو بنەمایەیە، بۆیە ئێمە لە سەرەتا داین، بۆیە دەبێت ئێمە تەنزیمی بکەین، دواشی نەخەین، جا نازانم ئەگەر ئەو موقتەرەحە، با بزانین لیژنەی یاسایی چ دەڵێن لەسەر ئەو هینە، ئەگەر صیغەیەکیان هەبێتن فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە جەنابی وەزیریش لێرە بە ئیعتیباری نوێنەری حکومەتە لێرە، ئەگەر پێتان باش بێت ئەو ئیعفایە سەقفێکی زەمەنی بۆ دابنێین، مەسەلەن بۆ ساڵێك بێت، بۆ دوو ساڵ بێت، یەعنی هەر جارێك هەتا ساڵێك بەسەر تەمەلوکەکەی تێ نەپەڕی حەقی ئەوەی نەبێت، ئینجا ئەوە بە ساڵێك بێت، بە دوو ساڵ بێت، ئێوەی بەڕێز قەراری لێ بدەن، ئێمە دوایێ صیاغەکەی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم وایە یەك ساڵ باشە، فەرموو کاك رەشاد، قسە دەدەمە ئەوانەی کە تەجروبەیان هەیە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری من ئەوەیە خیلافەکە خۆی ئەسڵ هەشت سەد مەترەکەیە، پارچە پێشان بەپێی قەراری (840) (120) مەتر پارچە بوو، قەراری (940) دەرچوو لە ساڵی 1986 بووە دوو سەد مەتر پارچەی نیزامی هەتا هەشت سەد، لێرە غوبنەك پەیدا دەبێت ئەگەر یەك پارچە عەفو بکرێت، با ئێمە ئەسڵی مەوزوعەکە لە مەساحەکە وەربگرین، هەشت سەد مەتر ئیعفا بکرێتن بە موتڵەقی زۆر زۆر باشترە شمولی هەموویان دەکات.

دوو/ بەنیسبەت ئەوە زەوی بەتاڵە حەز دەکەم ئەو بەڕێزانە هەموو بزانن، کڕین و فرۆشتنی لەسەر بکرێت، حکومەت زەریبە وەردەگیرێت، بەڵام کە زەوی بەتاڵە، مایە، ئێمە نەمانتوانیوە بانکی عەقاری تەفعیل بکەین و یارمەتی خەڵك بدەین، بۆ ئەوەی بتوانێت بینای دروست بکات، جەمعیاتمان نەتوانیوە تەفعیل بکەین، بۆ ئەوەی ئیستیفادە لەو زەویە بەتاڵانە بکەن، بە بۆچوونی من زەوی بەتاڵ هەر زەریبەی لەسەر نەبێت ئەسڵەن، چونکە هیچ مەنفەعەتێکی نییە، بۆ هیچ کەسێك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قانونی زەوی بەتاڵ، یان عەرەسات پاشینەی هەیە، حکومەتی بەعس لە ساڵی 1977دا بۆ مەبەستێکی سیاسی ئەم زەریبەی دانا، بەتایبەتی لەناوچەکانی کوردستاندا، کۆمەڵێك پارچە زەوی دابەش کرد بەسەر عەرەبی هاوەردەدا، پارەشی پێ دەدان بۆ ئەوەی بینای لەسەر دروست بکەن، بەشێکیان بینایان نەدەکرد، یان دەیانویست بیفرۆشن، بۆیە ئەو زەریبەی لەسەر دانان، بۆ ئەوەی کەوا لە ماوەیەکی دیاری کراودا، ئەگەر بێتو بینای لەسەر دروست نەکەن، دەبێت ئەو زەریبەیە بدەن، پاشان بەعس سیستەمێکی تری دانا ئەو زەویە بەتاڵانەی کە بینایان لەسەر دروست نەکراوە، دەبێت لە ماوەیەکی دیاری کراودا شوورەی بۆ بکرێت، ئەگەر شوورەی بۆ نەکرا بوایە، دیسان پارەی لێ دەسەند، من لەگەڵ بۆچوونی کاك ڕەشادم، ئەمە زەوی بەتاڵە بۆ هیچ مەبەستێك نەکراوە، پێویست ناکات کەوا زەریبەی لەسەر دانێین، من ئەو بۆچوونەشم لە لیژنەی قانونی روون کردەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەمان بۆچوونی بەڕێزان دکتۆر نوری و کاك ڕەشادم هەیە لەسەر ئەو مەسەلەیە، کاتی خۆی کە رژێم زەریبەی عەرەساتی فەرز کرد، بۆ ئەوەی حەرەکەی عیمرانی خانوو بکرێتن، شیش و چیمەنتۆی دەدا، باقی سولفەی عەقاری دەدا، بۆ ئەوەی خانووبەرە بکرێتن، ئەگەر نەکرا بوایە وەکو ئەو باجە فەرز دەکرا، وەکو عقوبەیەك لەسەر ئەوانەی کە زەویەکەیان بە بەتاڵی دەهێشتەوە، بۆ ئەوەی موزارەبە دروست نەبێتن لەسەر زەویەکان، بەڵام ئێستاکە ئەو عیلەیە نەماوە، ئەو مەسەلەیە نەماوە لە مەسەلەی زەویەکاندا، بۆیە فەرز کردنی باجی عەرەسات باجێکی زیادە، چونکە ئەو زەویانە ئەگەر بێتو کڕین و فرۆشتنی لەسەر بکرێتن، سولفەی عەقاری وەردەگرێتن، ئیتر پێویست ناکات باجی عەرەسات بمێنێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە، یەكەم/ پشتیوانی تێبینی لیژنەی دارایی دەكەم، ئەمە یەك.

دوو/ عادەتەن ئێمە نابێت لەوە بترسین كە زەوی دەفرۆشرێت، چونكە ئەگەر زەویەك لە ساڵێكدا چوار جار بفرۆشرێت حكومەت چوار جار زەریبە وەردەگرێت، ئەوە مانای ئەوەیە ئینتاجی حكومەت زیاتر دەبێت، لەبەر ئەوە نابێت بترسین بەوەی كەوا دێت.

سێیەم/ ئەگەر وەزارەتی دارایی بڵێ ئەمە موشكیلەیە یەكێك چوار زەوی هەبێت و حیساب بكرێت، ئێمە لە ناحیەی تەكنیكی بەرەو پێشەوە دەچین، ئێستا كۆمپیوتەر بەكار دێت، جەمال قاسم زەوی فلانی هەیە، كە ناوی جەمال قاسم هات لە تاپۆیەكە ئۆتۆماتیكیەن دەچێتە ژێر ناوی جەمال قاسم، دەزانرێت كە چەند زەوی هەیەو چەندی فرۆشراوەو چەندی دەمێنێت، ئەمە موشكیلە نییە، یەعنی لەو دوو حاڵەتە یەعنی شتێكی باشە كۆی زەویەكان هەتا هەشت سەد، ئەگەر زەریبەی لەسەر نەداوە، ئەوە شتێكی باشە، یەعنی كۆ، نەك یەك پارچە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەرخی فەرموو.

**بەڕێز كرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی شتەكان وەكو جەنابی مام ڕەشاد باسی كرد، هەندێك تێكەڵی هەیە لەنێوان زەوی بەتاڵ و ئەو زەریبەیەی كە دێتە سەر زەوی بەتاڵ با بڵێین كە ئێستا موناقەشەی دەكەین، لەگەڵ زەریبەی عەقار دوو شتی زۆر لێك جیاوازن، من تێبینی خاڵێك دەكەم باشە ئەگەر یەكێك دەیەوێت پارچە زەویەك بۆ منداڵەكانی بۆ بیست ساڵ بكڕێت و بەجێ بهێڵێت، بكڕێت بۆ منداڵەكانی بەناویان بكات، ئەگەر ئەوە هەموو ساڵ ئەگەر سەنەویش بێت، هەموو ساڵ باجی بێتە سەر، خۆ دەبێت پاش بیست ساڵەكە هەرسێ پارچە زەویەكە تەسلیمی حكومەتی بكات وتەواو، ئەوە ئەگەر بۆ یەك جاریش بێت تێگەیشتم لە ئیشارەتەكەی كاك فرسەت، ئەوە شتێكی تەواو نییە، بۆیە زەریبە لەسەر زەوی بەتاڵ پێم وایە شتێكی زۆر زیادە، یەعنی ئێستا ئەگەر بێتو حكومەت هەموو جارێ، باشە ئێمە مولاحەزەی ئەوە ناكەین ئەگەر بێتو ئەو زەریبەیە بەو شێوەیە بخرێتە سەر زەوی بەتاڵ روكود دەكەوێتە بازاڕو، باشە بۆ تیجارەت كردن بە زەوی شتێكی حەرام بێت، یەعنی شتەكە زۆر بە ئەوە وەرگیراوە، ئەگەر یەكێك زەوی بكڕێت و بفرۆشێت خۆ حكومەت هەر جارێ لە كڕین و فرۆشتنەكە باجی خۆی وەردەگرێت، یەعنی بۆ ئەوە ڕێگر بین لەوە.

خاڵی دووەم/ بەنیسبەت مەساحەكانە، مەساحەكان راستە، تێبینی لیژنەی دارایی یەكێك هەشت سەد مەتر زەوی بكرێت باجێكی لەسەر عەفو دەكرێت، باجەكەی لەسەر نامێنێت، بەلاَم ئەگەر یەكێك سەدو پەنجا مەتر زەوی هەبێت، سەد مەتری دی، یان دوو سەد مەترێكی دی بكڕێت دەكەوێتە سەری، تەبعەن ناعەدالەیەتێكی تێدایە، بێگومان بە رەئی من ئیقتیراحم ئەوەیە سەقفەكە لە هەشت سەد مەترەكە بمێنێت، كە عەفو دەكرێت، بەلاَم ئەویش بۆ پارچە زەوی یەكەم و دووەم عەفو بكرێت، لە دووەم ئەگەر مەساحەكەی لە هەشت سەد كەمتر بوو، مەسەلەن دوو دوو سەد مەتری هەبێت لە هەردووكی عەفو بكرێت، بەلاَم هی سێیەم لەسەری دابنرێت، پێم وایە تیجارەتەكە لێرە دەتوانرێت رابگرین و ناهێڵین بازرگانی بكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێخ ئەدهەم.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسەی من هاتنە كرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رەئیەكان وابزانم سێ رەئیە، رەئی لیژنەی یاسایی پارچەی هەشت سەد مەتری، لیژنەی دارایی هەشت سەد مەتر بە جیا جیا، یەعنی كۆی هەشت سەد مەتر، بێجگە لەم رەئیانە ئەو رەئیەی مام رەشاد بەڕاستی كە باج لەم قۆناغەدا بەتایبەتی لەسەر ئەو زەویانەی كە بەتاڵن هەر نەبێت، ئێستا رەئیەكان موختەسەر بووە، لەو خولگەیەدا بسوورێتەوە، یەعنی ئەوەی كە تەسەور دەكرێت لیژنەی داراییەكە لە ساڵحی عامەی خەڵكە، خۆ بەڕاستی جەماوەرو حكومەت خۆ دژی یەكتر نین، بەڵكو تەواوكەری یەكترین، هەم موراعاتی عامەی خەڵك، هەم موراعاتی حكومەتیش، حكومەتێكی جیا نییە، هەتا ئێمە ئیعلانی حەربی لەگەڵدا بكەین، یەعنی موراعاتی زەریبە بۆ حكومەت، كەواتە ئەو هەشت سەد مەترە تەسبیت بكرێت، سابت بكرێت، چونكە ئیتیفاق لە بەینی لیژنەی یاسایی و داراییدا هەیە، باجەكە هەیە، بەس تەفسیلەكەی جیایە، تەفسیلی لیژنەی یاسایی ئەوەی هەشت سەد مەترەكە، كە وا تەسەور دەكرێت كەمە، ئەوەی لیژنەی دارایی بە كۆی هەشت سەدەكە تەسبیت بكرێت و تەصویتی لەسەر بكەین و ببڕێتەوەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری پێشنیارەکەی لیژنەیی دارایی دەکەم بەڕاستی، هەر بۆ بەراوردیش، ئەگەر کەسێك هەشت سەد مەتری هەبێت ئیعفا بکرێت، بەلاَم کەسێکی تر دوو پارچەی هەیە چوار سەد بە چوار سەد مەتر، لە چوار سەدی یەکەم ئیعفا دەکرێت، بەلاَم لە چوار سەدی دووەم دەبێت زەریبە بدات، یەعنی هەشت سەدەکە لە حالەتێك ئەگەر ئەو دوو کەسە بینەوە بەراوردی بکەین زەریبە بدەن، هەشت سەدەکە کە زەریبە دەدات چەندی دەدات؟ مەبلەغێکی زۆری دەدات، بەلاَم ئەویتریان چوار سەدی هەیە زەریبەیەکی کەم دەدات، بۆیە بەڕاستی ناعەدالەتیەك هەیە، کۆیەکە ببێتە هەشت سەد، جا بە دوو پارچە بێت، یان بە سێ پارچە، یەعنی هەر کەسێك تا هەشت سەد مەتر جا یەك پارچە بێت، یاخود بە سێ جاران هەشت سەدەکە تەواو بکاتن، یان بە چوار جار تەواوی بکات عەفو بکرێتن، لە هەشت سەد بە سەرەوە زەریبە بداتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رەئیەکی ترم هەیە، بەڕاستی لەم یاسایەدا فورسەتە گیروگرفتی گرانی بازاڕ چارەسەر بکەین، ئێمە گیروگرفتێکی زۆرمان هەیە لە هەرێمی کوردستان، ئەویش ئەوەیە گرانی بازار، بە رەئی من گرانی بازاڕ دوو هۆکاری هەیە، یەکەم/ سووتەمەنی کە گران دەبێتن.

دوو/ عەقارات بەگشتی، چ وەکو زەوی، چ وەکو خانوو، ئەوەی لەسەر عاقار دروست کراوە، لە بازاڕی ئێمە بەپێی زۆر رەئی تەبییز ئەموال هەیە، یەعنی بۆ زەویەکان لێرە گران بووە، تەبییز یەعنی خەڵکانێکە پارەیان بەدەست کەوتووە لە ڕێگای گەندەڵی بەشێوازی جیا جیا، ئەو پارەیەی کە بەدەستیان کەوتووە بەشێوەیەکی رەش ئیستیسماری ناکەن لە مەشاریعی ئەکادیمیەوە، لەوانەیە زۆری لێ نەزانن هێشتا زەوی دەکڕن، یەعنی هەموومان خەڵك دەناسین ئەوەی بیست زەوی هەبێتن، سی پارچە زەوی هەبێت، چلی هەبێتن، هەیە سەد پارچە زەوی هەیە، ئەوە ئیحتیکار هەبێت لەو بازاڕە، ئیحتیکار هەبێت، چەند کەسانێك زۆربەی زەویەکانیان هەبێت، ئەوە وای کردووە نرخی زەوی گران بێت، نرخی عەقارات لەگەڵی زیاد بێت، بازاڕەکەش هەمووی لەگەڵی گران بووە، من لێرە پێشنیار دەکەم ئێمە زەریبەیەکی تەصاعودی زیاتر لەسەر عەقارات دابنێین، مەسەلەن حاڵەتی یەکەم با ئیعفا بێتن، حاڵەتی دووەم ئیعفای نەبێت، دووەم و سێیەم و چوارەم، زەریبە لە حاڵەتی چوارەم لە 20٪ بێت، تا لە 100٪یش تێ پەڕێت، ئەوە دەکات هەموو خەڵکێك ئیدی چاویان لەوە نەبێت تەنها زەوی بکڕن، بەڵکو ئەو وەختە زەوی ئیحتیکار نامێنێت، دابەش دەبێتەوە سەر خەڵك، لەوانەیە هەوڵێك بێت بۆ چارەسەر کردنی گرانی بازاڕو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆربەی ڕەئیەكانم هاتە كرن، سەبارەت ڕەئیا لیژنەی قانونی دێتن بەس فەقەرەیەك ئیزافە بكرێت ببێتە سالێك بەتنێ ئەوژی پشتی بێتن (يحق طرف اعفاء قطعة اخرى في سنة تالية)، یەعنی نا ئەمە لە یەك سالدا سێ قتعە بكرێت و بفرۆشێتن، سالە دوێ حەقی ئیعفای هەبێتن بۆ قتعەی تر، نەك زێدەتر، ئەڤە بۆ هەمی حالەتی تر ئەگەر كەمتریش بێت، ئەوی تر ژی لەگەل ڕەئیا لیژنا دارایی مە، سەبارەت فەقەرەكە پێ تیڤی ئەڤ نیسبا زەریبەی ئەساسی ئەگەر بێتە كرن، زەریبە دوو سەدێیە، ئەگەر بكەینە یەك سەدی بلێ تەشجیعا عاردی دێتە كرن، بلێن دی ژی ئەگەر مەساحە زێدەتر بێتن، تا مەسەلەكا تەصاعودی دگەل كڕین و فرۆشتنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بەكر فەرموو.

**بەڕێز بكر فتاح حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی پەخشان خانیش دەكەم، بەڵام یەك مەسەلە حەقە ڕوون بكرێتەوە، ئەو مەسەلەی قیتاعی عەقارات كە ئێستا زۆر نەشیتە لە كوردستاندا، بۆ لە غیابی قتیاعاتی، ركود لە قیتاعاتی صناعەو ئەوانە قیتاعاتی عەقارات نەشیت دەبێت، ئەم ئیعفا كردنی زەریبی بە بەردەوامی، من پێم وایە دەبێتە هۆی ئەوەی كە قیتاعی عەقارات زیاتر نەشیت بێت، نەك ئەوەی كە بۆنی بەرهەمهێنان و ئیستیسماری لێ دێت بەو مەبەستەش بەكار دەهێنرێت، لەبەر ئەوە پێم باشە بۆ یەك جار عەفو بكرێت، من پێم باشە بۆ سێ ساڵ، نەك ساڵێك، بۆ سێ ساڵ، چونكە ئەوە بە مانای ئەوەیە تۆ قیتاعی عەقارات زیاتر پەرەی پێ دەدرێت و لە خزمەتی ئیستیسماراتدا بەكار دەهێنرێت، لەبەر ئەوە بە ڕەئی من زۆر زۆر زەرورییەو قسەكانی كاك سەرداریش كە كردی، تەقریبەن عەینی شتە، لەبەر ئەوە پێم باشە ئەوە بۆ سێ ساڵ بێت.

دووەمین/ ئەو مەسەلەی كاك دلێریش باسی كرد، فیعلەن پێم وایەو ناعەدالەتی تیایە، ئەگەر تەنها بۆ قیتعەیەك مەسەلەن سێ سەد مەترە، دوو سەد مەترە، بۆ یەك قیتعە بكرێت، پێم باشە بە كۆی هەموویان هەشت سەد مەتر بێت، بەلای من باشترەو پشتیوانی لێ دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرەتا پێم وایە ئێمە لە مەبدەئی بۆچوونی ئەو بڕیارە دوور كەوتووینەوە، بۆچی ئێمە هەوڵ دەدەین كەسێك كە زەوی هەیە، بەتایبەتی كە زەویەكەی بەتاڵە عەفوی بكەین لە باج و لەو زەریبەیەی كە دەچێتە سەری، بۆ ئەوەی ئەمە هاندەرێك بێت، ئەو كەسە بتوانێت ئەو زەویە بكاتە خانوو، كە لە

نەتیجەیدا لە ئەزمەی سەکەنی لە کوردستان لە شارە گەورەکان، بەتایبەتیش کەم ببێتەوە، بەشی زۆری زەویەکان کە ماون لەناو شارەکاندا نین، هەموو ئەو زەویانەن کە ئێستا کەوتونەتە دەرەوەی شار، راستە بەپێی تەصمیمی خەریتەی هەر هینێك سنووری بەلەدییە، بەلاّم ئەو زەویانەن کە لە چەند ساڵی رابردوودا دابەش کراون، ئەگەر لەناو شارەکاندا مابێت شتێکی زۆر کەمە، بەشێکی زۆری ئەم زەویانە خزمەتگوزاری بۆ نەچووە، بۆیە لەو جانیبەوە بەڕاستی ئەو عەفو کردنە لە باجەکە زۆر پێویستە، ئەمە یەکەم.

دووەم/ بۆ ئێمە تەرکیز بکەینە سەر ئەمە، شەش سەد مەترە، یان هەشت سەد مەترە، بۆ بیر لەوە نەکەینەوە کە ئەمە پارچە زەویەکە هەموو تاکێك، هەموو هاوولاّتیەکی ئەم کوردستانە بەردەوام عەفو دەکرێت لە پارچە زەویەك، ئەمەش بە مەبەستی هاندانی زیاتری خەڵکە، بۆ ئەوەی کە خەڵك بیر لەوە بکاتەوە سوکنای خۆی دروست بکات، بۆیە من بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ ئەوە نیم کە هەشت سەد مەترەکە بکرێتە چوار پارچە زەوی، لەبەر ئەوەی پێم وایە لە جیاتی ئەوەی ئەمە هاندەر بێت بۆ ئەوەی ئەو کەسەی، ئەو فەرمانبەرەی کە زەوی وەرگرتووە، زەویەکەی بکاتە خانوو، ئەمە هاندەرە بۆ ئەوەی بازرگانی پێوە بکات، بۆ ئەوەی مامەڵەی زیاتری پێوە بکات، بەو شێوەیە ئەزمەی سەکەن بەردەوام دەبێت لە هەرێمی کوردستاندا، من بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم ئێمە زیاتر لەسەر یەك پارچە زەویەکە بمێنینەوە، نەك لەسەر ئەوەی کە هەشت سەد مەترەکە دابەشی چوار پارچە بکرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئیسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی پشتگیری لە راپۆرتەکەی لیژنەی دارایی دەکەم، بەڕاستی چونکە ئەوە ناعەدالەتی تیایە، ئەوەی کە لیژنەی یاسایی باسی دەکاتن، من بۆ خۆم یەك پارچە زەوی وەردەگرم کە دوو سەد مەترە لەو دوو سەدە عەفوم دەکەن، بەلاّم دوو سەدی ترم هەیە دەبێت زەریبەی وەربگرن، بۆ هەشت سەدەکە عەفو بکرێت، بەلاّم من کە دوو پارچەم هەبێتن لە پارچەکیان زەریبە بدەم و لە ئەویتریان زەریبە نەدەم، لە یەکێکیان عەفو بکرێم و لە ئەویتریان دەبێت زەریبە بدەم، یان با هەمووی وەکو یەك بێت، خەڵك هەیە فەقیرە، هەیە ئەمڕۆ سەدو پەنجا مەتری هەیە، هەیە دوو سەدو پەنجا مەتری هەیە، لە سەدو پەنجایەکی زەریبە بدات، لە سەدو پەنجایەکیش عەفو بکرێت، بەلاّم پیاوێك کە هەشت سەد مەتری هەبێت لە هەشت سەدەکەی بە تەواوەتی عەفو بکرێت، بۆیە بەڕاستی من تەئیدی ئەوە دەکەم، ئەگەر بکرێت هەشت سەدەکە تا سەر بۆ هەموو خەڵك وەکو یەك بێت، نەك کەسێك بە تەنیا هەشت سەدەکە بێت.

دوو/ ئەگەر هەشت سەدەکە کڕین و فرۆشتنی پێ بکرێت، من تەئیدی ئەوە دەکەم بۆ یەك جار لە ساڵێك بتوانێت کڕین و فرۆشتنی پێ بکاتو عەفو بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عەونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وادیارە موناقەشەكە لە مەوزوع حەسر دەكرێت لەسەر سێ بابەت، یەكەم/ عەجەبە ئەو هەشت سەد مەترە كە پێشنیاری لیژنەی یاساییە بەو وەزعەی تەسبیت بێت، عەفوەكە بۆ هەشت سەد مەتر بێت، یان پێشنیاری لیژنەی دارایی كە دەڵێت ئەو هەشت سەد مەترە دابەش بكرێتە سەر پارچە قیتعە، پێشنیاری دی كە كاك ڕەشادو دكتۆر نوری داوایان كرد كە زەریبەی عەرەسات ئەسڵەن نەمێنێتن، من پێم باشە سەرۆكایەتی پەرلەمان، ئەگەر وا موناقەشەكەی حەسر بكاتن لەسەر ئەوانە، ڕەئی دان بە تەحدیدی لەگەڵ كام مەبدەئی، لەگەڵ هەشت سەد مەتری، یان لەگەڵ هەشت سەد مەتریەكە دابەش بكرێتە سەر چوار پارچە، یانیش لەگەڵ ڕەئی كاك ڕەشاد و دكتۆر نوری زەریبەی عەرەسات ئەسڵەن هەر نەمێنێت، من بەنیسبەت خۆم لەگەڵ ئەو مەبدەئەمە كە زەریبە عەرەسات نەمێنێت، لەبەر ئەوەی وای دەبینیم زەریبەی ڕەئسماله، هیچ مەنتیقێكی تێدا نییە، من زەویەكم هەیە هەوای لێ دەدات هیچ ئیستیفادەی لێ ناكەم، زەریبەی ساڵانەی لێ دەدەم، بەتایبەت دەتوانین موقارەنەی ئەوەی بكەین، ئەگەر پارەم هەبێت لە بانگ دابنێم، بانك زەریبەم لێ وەردەگرێت، نەخێر، بەپێچەوانەوە، بانك لەوانەیە ئەوەی دەیەوێت فائیدەی وەربگرێت، فائیدەشی دەداتێ، كە موقارەنەی بكەین لەگەڵ ئەوە، مانای وایە خەڵك وا دەكات زەوی نەبێتن، بچێت پارەی هەبێت لە بانك دابنێت و ئیستیفادەی لێ دەكات، نەك زەوی هەبێت زەریبەی دەدات و زەریبەكەش بەردەوام بێت، هیچ ئیستیفادەشی لێ نییە، جگە لەوەش من دەمەوێت تەوزیحێك بكەم لەسەر فەقەرەی سێ لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی، لێرە ئێمە موناقەشەمان كرد لەگەڵ نوێنەرانی حكومەت وەزارەتی مالیەی هەولێرو ئیدارەی سلێمانی هەرێم، ئەوان ڕەئیان ئەوەیە كە ئیستیفادەكە بەردەوامی بێتن، ئەگەر عەفوەكەش هەبێت بەردەوام بێت، موكەلەف پیاو بێت، ژن بێت، منداڵەكانی بێت هەموویان موستەفید بن، هەرچەند موعامەلەیان كرد، ئێمە ڕاپۆرتەكەمان بەم شێوەیە نووسیوە، نەك ئەوا صیاغەی ماددەی قانونی بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە قەناعەتی ئێمە غایە لە ئیعفا كردنی ئەو پارچە زەویە، حیمایەو وەحدەی سەكەنییە، غەرەزی تیجاری تێدا نییە، هەتا ئەگەر تەماشای نەصی ماددەیەكیش بكەین، چ مەسەلەی بیوعاتی تێدایە، چ مەسەلەی چوار زەوی تێدایە، چ مەسەلەی مەسئولینی تێدایە، مەسەلە حیمایەی وەحدەی سەكەنییە، ئەمە یەك.

دوو/ هەندێك برای بەڕێز كە موداخەلەیان كرد، بەڕاستی بەنیسبەت ئێمە ڕەئیەكی تازەیە، لە لیژنەی یاساییشین.

سێیەم/ ئەو ئیعفایەی کە دراوە، ئەو رەئیەی کە دراوە بەنیسبەت لیژنەی دارایی، بەڕاستی بە قەناعەتی من ئێستا هەروەکو برایانی بەڕێزم سێ موقتەرەح لە پێشە، یەکێکیان ئەوەیە هەشت سەد مەترەکەیە، کە ئیعفای هەبێت هەروەکو لە نەصی ماددەکە هاتووە، چ بەیعی تێدایە، بەلاّم هەر موکەلەفێك شمول دەکات، چونکە دەڵێ (لکل مکلف) مانای وایە هەموو تاکێکی خێزان شمول دەکات، ئەوە کۆتایی پێ هاتووە، ئەویتر ئەو بیوعاتانە بەڕاستی بۆچوونی وەزارەتی مالیە بوو، نەبۆتە نەصێکی قانونی لەناو، ئێمە ئەوە بۆچوونەکانە بۆتان عەرز دەکەین، بەلاّم ئەوە ئەگەر نەیەتە نەصی قانونەکە، ئێمە بەس دەبێت ماددەکە بخەینە تەصویت نەك ئەو بۆچوونانە، ئەوە بۆ تەوزیحاتە ئێوە لێرە زیکرتان کردووە دەمێنیتەوە عەجەبە هەشت سەد مەترەکە بەشێوەیەکی موستەقیل بوو هەروەکو ئێمە گوتومانە، یان بەشێوەیەکی مونفەرید بێتن (علی ان لا یتجاوز 800م)، ئێستا بەڕاستی میحەوەری موناقەشەکە بەو شێوەیە، بەنیسبەت تەصویت دوا رەئیش رەئی ئێوەی بەڕێزو ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان لە موقتەرەحی ئێوە دەڵێ (لأن الهدف من المشروع هو إلغاء الضريبة الإضافية)، ئینجا ئەوە شەرح بکە، زەریبە ئەسڵیەکە چیە، زەریبە ئیزافیەکە چیە هەندێك برادەران لە موداخەلاتیان، رەنگە ئەوەیان ئینتیباه نەکرد بێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای قەراری (222) بکەی ساڵی 1977 هەندێ بنودی لێ هاتووە، پەیوەندی هەیە بە زەریبەی ئیزافی، زەریبەی ئەساسی لە 2٪ە ئەگەر هاتوو لە هەشت سەد مەترەکە زیاتر بوو گەیشتە حەددی (1200) مەتر، ئەوە زەریبەیەکی ئیزافیە لە 2٪ی لێ وەردەگیرێت، ئەوە زەریبەی ئەساسی پێ دەڵێن زەریبەی بنەڕەتی.

دوو/ بەنیسبەت زەریبەی ئیزافی کە ئیلغا کراوە، زەریبەی ئیزافی ئەگەر هاتوو شەخصێك، موکەلەفێك لە (1200) مەتری زیاتر هەبوو، زەریبەی ئیزافی دەست پێ دەکات، کە دەستی پێ کرد، بەم شێوەیە دەست پێ دەکات بەو رێژەیە بە 5٪ دەست پێ دەکات و ساڵانە لە 1٪ی لەسەر زیاد دەکات ئیزافەتەن لەسەر زەریبەی ئەساسی، بەنیسبەت ئەو پارچانەی کە موفرەزە، بەلاّم بەنیسبەت ئەو پارچانەی کە غەیری موفرەزە لە 10٪ دەست پێ دەکات و ساڵانەش لە 2٪ لەسەری زیاد دەکات، بەهەموو شێوەیەك ئەگەر هاتوو لە (1200) زیاتر بوو، ئەمە بەکورتی خولاصەی زەریبەی ئەساسی و زەریبەی ئیزافیە بەنیسبەت قانونی زەریبەی عەرەسات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم وایە ئەو صیغەیەی لە ئەسڵی پرۆژەکەدا هاتووە، رەنگە باشتر لە جێی خۆی بێت، ئەویش دەڵێت (اعفاء عرصة واحدة من الضريبة الاساسية لكل مكلف لا تزيد مساحتها او حصتها الشائعة منها على (800

م2) وتستوفي الضريبة على مازاد عن ذلك وللمكلف تعين العرصة او الحصة التي يطلب حصر الاعفاء بها)، پێم وایە زۆر باشترەو ئیشکالیش تووش نابین لەڕاستیەکەی، کاک ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قەراراتە کە ئێستا بەڕێز کاک شێروان ئیشارەتی پێدا بۆ هەمووومان روونە، ئەوە قەراراتی سیاسی بووە وەختی خۆی، بەو قەراراتەی ئەو زەویانەی کە بەتاڵ بوو خاوەنەکەی پێی رانەگەیشت سیاجی بۆ بکات، سەدەها قیتعە حیجز بوو، وەزارەتی مالیە بەناوی خۆی کرد، ئەو خەڵکە دەربەدەر کرا بوو، قەرارێکی سرف سیاسی بوو، ئێمە بۆ بگەڕێینەوە ئیش بەو قەراراتانە بکەین، دووبارە داوا دەکەم زەریبە بۆ عاردی بەتاڵ وەرنەگیرێت، ئەو قەرارە ئەسەرێکی زۆر سلبی هەبوو لەسەر ئەو مەنتیقەیە، خاصەتەن مەنتیقەی کوردین زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بزەبت لەگەڵ کاک ڕەشادین، یەعنی هیچ خیلافێکمان نییە لەگەڵ کاک ڕەشاد، ئێمە ئیزالەی ئاساری ئەو قەراراتانە دەکەین، ئیلغای زەریبەی ئیزافیت بۆ دەکەین، بەنیسبەت زەریبەی ئەساسیش، ئێمە دەمانەوێت موعالەجاتی بۆ دانێین، من لەگەڵ رەئیەکەی کاک ڕەشادم، هیچ خیلافمان نییە، ئەو بەندانەی کە ئیشارەتم پێدا لە قەراری (222)دا هاتووە ساڵی 1977 بەو غایەتانەی کە کاک ڕەشاد ئیشارەتی پێدا، بەڵام ئێمە موعالەجاتمان بۆ دۆزیتەوە بەو نەصەی کە هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو کاک شێروان ئاماژەی پێ کرد لە ماددەی یەك (یەکەم و دووەم و سێیەم) ئەوانەی باس کردووە، دەڵێ کار نەکردن بە فەقەرەی یەکی ماددە چوار، کار نەکردن بە قەراری (96)ی ساڵی 1974، کار نەکردن بە قەراری (483) ساڵی 1981، ئەمانە هەمووی ئەوانەیە، ئەوانە رابگیرێن، فەقەرەکەی تر ئەوەی لە جیاتی ئەوانە ئەو بڕگەیە، من پێم وایە کاک شێروان ئەگەر موافیق بن لەگەڵ ئەو رەئیە موقتەرەحی خۆتان سەحب بکەن، لیژنەی دارایی ئەگەر موقتەرەحی خۆی سەحب بکات، موقتەرەحی حکومەت لە ئەسڵی پرۆژەکە بێ ئیشکالە پێم وا بێت، فەرموو کاک دلێر.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببوورن، بەڕاستی من ناڕەواییەك دەبینم لە کۆبوونەوەکانماندا، چونکە ئەو هەلەی دەدرێت بە لیژنەی یاسایی نادرێت بە لیژنەکانی تر، تا ئێستا دە، پازدە جار برایانی بەڕێزم لە لیژنەی یاسایی قسەیان کرد،

ئێمە ئەوە دووەمین جارە قسە بکەین، زۆر بە کورتیش باسمان کرد، ئەگەر مەجال هەبێت یەکێك لە حیکمەت و یەکێك لە مەسەلە جەوهەریەکانی زەریبە ئەوەیە، کە تۆ لە ڕێگای زەریبەوە عەدالەتی ئیجتیماعی دروست دەکەیت، جۆرە دابەش کردنێکی سەروەتە، ئەگەر کەسێك پارچە زەویەکی هەبێت هەشت سەد مەتر دووجا بێت، ئێمە لە باج لێی خۆش دەبین، چەند کەس هەیە لەم وڵاتەدا پارچە زەویەکی هەبێت هەشت سەد مەترو زیاتر بێت، زۆر بە دەگمەنە، بەڵام بە دەیان هەزار خەڵکی ئەم وڵاتە پارچە زەوی هەیە دوو سەد مەترو سەدو پەنجا مەتر و سێ سەد مەتر، ئێمە غەدرێکی زۆر لە زۆربەی ئەو خەڵکە دەکەین، ئەمە لەلایەك.

لە لایەکی ترەوە، بەڕاستی ئەو حاڵەتەی کە لە پێشنیازەکەی لیژنەی یاسایی دایە بازرگانی دروست ناکات بە کڕین و فرۆشتنی زەویەوە، ئەمە موزارەبە دروست دەکات، ئەمە خەتەرە، ئەمە مەترسی تیایە، ئێمە دژی بازرگانی نین، چونکە لە هەموو پرۆسەیەکی کڕین و فرۆشتنی زەویدا حکومەت موستەفیدە، لە لایەکی ترەوە کڕیارو فرۆشیاریش موستەفیدن لەمە، خەڵکەکەش موستەفیدە، حکومەتیش موستەفیدە، ئێمە دژی ئەوە نین بەڕاستی، نە حکومەت سوودمەند بێت، نە فرۆشیاری زەویەکە سوودمەند بێت، نە کڕیارەکەشی سوودمەند بێت، هەموو لایەك موستەفید دەبن، عەدالەتێکی ئیجتیماعیشی تیایە، بۆیە ئێمە جەخت دەکەینەوەو سوورین لەسەر پێشنیازەکەی خۆمان، ئەگەر زەریبە لەسەر زەوی بەتاڵ، ئێمە لەسەر زەوی بەتاڵە، نەك لەسەر ئەو زەویەی کە کراوە بە خانووبەرە بەڕاستی، هەندێك لە برایان دیارە بە هەڵە تێگەیشتوون، ئەگەر زەریبە هەبێت لەسەر زەوی، ئێمە لەگەڵ ئەوە داین کە کۆی ئەم پارچە زەویانەی کە لە هەشت سەد مەتر زیاتر نییە لە باج ببوورێت، ئەوە پێشنیازەکەی ئێمەیەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنیا ڕەخنەکەت ئێمە قسەمان داوەتە لیژنەی یاسایی ئەو دەستی بڵند کردووە، داوای قسەی کردووە، ئەگەرنا جەنابت داوای قسەت کرد بێت نەم دابێت مانای وایە نەمدیوی، ئەگەرنا من لەسەر داوای خۆ قسەم پێداوە لە لیژنەی یاسایی، جەنابیشت چاوم لێت بوو قسەم دایێ، بۆیە حەقی خۆتە ئەگەر داوای قسە بکەیت، چرۆ خان فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من وەك ئەندامێکی لیژنەی دارایی و ئابووری، بەنیسبەت ئەو زەریبەیەوە کە لە زەوییەکی بڵێین هەشت سەد مەتریەوە بێت نا عەدالەتیەك دروست دەکات، ئەگەر تەنها بۆ یەك پارچە بێت، با بۆ کۆی پارچەکان بێت، مەرجیش نییە، زۆربەی ئەندامان دەڵێن چوار پارچە، مەرج نییە چوار پارچە بێت، جاری وا هەیە دوو پارچەیەو سەد مەتر بە سەد مەتریش، لە سەد مەتر عەفو دەکرێت، لە سەدەکەی تر عەفو ناکرێت دەبێت پارە بدات، باشە ئەو کەسەی کە بیەوێت بیکات بۆ خانوو دووکەسی، با بڵێین مەسەلەن یەکێك دەیەوێت بکڕێت بۆ دوو برا، یان مەسەلەن بۆ خۆی و کوڕێکی، خۆ هەتا ماوە ناتوانێت بیکاتە

خانوو، دەبێت هەر زەریبە بدات، لەبەر ئەوە بەڕاستی عەدالەت لەوە دەبینمەوە کە بەکۆی پارچەکان بێت، ئیتر پارچەکان هەر چەند بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرۆکایەتی پەرلەمان داوای لە لیژنەی یاسایی کرد ئیقتراحی سەحب بکات بەنیسبەت ماددەی یەك، ئێمە لیژنەی یاسایی تەئیدی ئەوەمان کردووە لە ماددەی یەکەم، ئەگەر جەنابتان مولاحەزە بکەن (بالنسبة للمادة الاولى من المشروع تؤيدها اللجنة)، واتا هیچ کێشەمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرقەکە ئەوەیە، ئێوە دەڵێن بەردەوام بێتن، ئیزافەتان کردووە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەردەوام بوون، ئەوە کە موناقەشەمان کرد لەگەڵ نوێنەرانی هەردوو وەزارەت، وەزارەتی دارایی و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی، ئەوان ڕەئیان ئەوها بوو تەوزیحیان کرد بۆ ئێمە، ئێمەش ویستمان لە ڕاپۆرتەکە ئەو تەوزیحە تەسبیت بکەین، هەر مەوزوعەکە ئەوە بوو زیاتر نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو موناقەشانە کە کرا، پێم باشە ئەو ڕەئیانەی کە هەیە بدرێتە دەنگدان و یەکلایی بکرێتەوە، من خۆم زیاتر لەگەڵ ئەوە دام، ئەوەڵ جار ڕەئی لیژنەی یاسایی بدرێتە دەنگدان، کە دەنگی نەهێنا ڕەئی لیژنەی دارایی هەیە، ڕەئی کۆمەڵێك لە ئەندامانی پەرلەمانیش، کە ئەویش ڕەئیەکە هەر نەمێنێتن ئەو باجە، بەو شێوەیە ئێمە دەگەینە نەتیجەیەك، ئەگەرنا من تەسەور دەکەم ئێمە هەر موناقەشە بکەین لە دەوری بازنەیەك دەخولێینەوەو ناگەینە هیچ نەتیجەیەکی وا، من خۆشم یەکێکم لەوانەی کە بەڕاستی تەئیدی ئەوە دەکەم باج لەسەر زەوی بەتاڵ هەر نەمێنێت بە هیچ شێوەیەك، لەبەر ئەوەی زەوی بەتاڵ هیچ ئینتاجێکی نییە بۆ خاوەن زەویەکان، تەنها لە شوێنی خۆیەتی، وەك برادەران باسیان کرد، ئەو زەویەی کە لە شوێنی خۆیەتی باجی چی بدات، وەکو ئەوەی تۆ پارەیەکت لە بانك دانابێت، ئەگەر تەوفیر نەبێتن هەر لە شوێنی خۆیەتی برادەرانی تریش باسیان کرد، بۆیە من لەگەڵ

ئەوەدام، یان ئەوەتە ئەو سێ رەئیەی کە هەیە، هەر سێ رەئی ئیستینتاج بکرێت، رەئی بە رەئی بدرێتە دەنگدان و کۆتایی بە گفتوگۆیەکان بێنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیشکالەکە لەوە دروست بووە، نەصە کوردیەکەو عەرەبیەکەی فەرقی هەیە، چونکە لێرە لە نەصە کوردیەکە دەڵێت ئەوەندەی لەو رووبەرە پتر نەبێت باجی لێ وەردەگیرێت، کەواتە یەعنی زۆری خەڵکەکە وا تەسەور دەکات ئەگەر لە هەشت سەد کەمتر بێت باجی لێ وەردەگیرێت، نەخێر دەڵێت لە مەترێکەوە تا هەشت سەد مەتر، ئەوەیە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەرەبیەکە ئەساسە، من داواکاریەکم هەیە، کە برادەرێك قسە دەکات، ئەگەر یەکێك گوتی نوقتەی نیزامم هەیە، یەعنی نوقتەی نیزامی لەسەر قسەی ئەو هەیە، دەبێت پێم بڵێتن، لەبەر ئەوە تکایە لەکاتی قسە کردنی ئەندام، ئەگەر نوقتە نیزامیەکە لەسەر قسەکەی نەبوو، راوەستە تا قسەی تەواو دەکات، ئەوجا دەستتان بڵند بکەن، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو کەسانەی کە دەڵێن قانونی زەریبەی عەرەسات ئیلغا بێت، حەز دەکەم ئەو واقیعە بزانن، قانونی زەیبەی عەرەسات یەك لە بڕگەکانی ئەوەیە، بە دەیان و سەدان حاڵەتی تێدایە، چۆن ئێمە قانونی زەریبەی عەرەسات رابگرین، ئەوە یەکێکە لەو حاڵەتانەی موعالەجەی پارچە زەویەکی سەکەنی دەکات، عیلاجاتی بۆ دۆزیتەوە، دەکرێت ئێمە کۆی قانونەکە رابگرین، من ئەوە لەو بەڕێزانە دەپرسم خۆیان وەڵام بدەنەوە، بۆیە ئیمکان هەیە بڵێین ئەو بڕیارەی رابگرین لە قانونی زەریبەی عەرەسات، مومکینە وجهەت نەزەری تێدایە، چونکە بە دەیان بڕگەی ترت هەیە، مومکینە لەساڵحی هاووڵاتیاندا هەیە، مومکینە لە ساڵحی فەقیر و هەژارە ئەوەی ئیشارەتی پێ دەدەن لە زیمنی قانونی عەرەساتدا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر دلێر جارێ موقتەرەحەکەت بە نەص بماندەرێ، نەصەکەمان بدەرێ، کاك دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر شتی بەنرخ گوترا، بەحەقیقەت ئەگەر بێتو زەریبە لەسەر زەوی عەرەسە نەمێنێت ئیحتیکار زۆر پەیدا دەبێت، ئەوە لە لایەك، بەلأم بۆ عیلاجی ئەو مەوزوعە لە مەشروعەکە، ئەگەر تەنها کەلیمەی

(واحدة) لابدەین حەل دەبێت، (اعفاء العرصة من الضريبة الاساسية لكل مكلف لا تزيد مساحتها او حصتها الشائعة منها على (800 م2) وتستوفي الضريبة على مازاد عن ذلك وللمكلف تعين العرصة او الحصة التي يطلب حصر الاعفاء بها)، تەنها حەسری نەکەین بە (واحدة) یەعنی یەك پارچە نەبێتن، بخرێتە سەر ئەوەی لە هەشت سەد مەتر زیاتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخەڵلاّ فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی خۆزگەم دەخواست وەزیری دارایی لێرە ئامادە بوایە، لەو موناقەشە گرنگەو بابەتەکە خۆی زۆر گرنگە، نازانم جاری وا هەبووە جەنابی وەزیر ئامادە نەبووە، جەلسەکەمان تاخیر کردووەو دواخستووە، تاکو جەنابی وەزیر ئامادە دەبێت، لێرە نازانم یەعنی پێم وایە لیژنەی یاسایی کەوتینە مەوقیفێکی حەرج، بووینە وەکیلی هەردوو وەزیرەکە، لەبەر ئەوە من لێرە پێم باشە تەئیدی ئەوە دەکەم هەشت سەد مەترەکە بەشێوەیەکی عام بۆ هەمووی بێت، من ناڵێم سێ پارچە، چوار پارچە، باسی پارچە ناکەم، سێ پارچەی بدرێتێ، چوار پارچەی بدرێتێ، دەڵێین هەر ئینسانێك حەقی ئەوەی هەبێت هەشت سەد مەتر عەفو بکرێت لەو زەریبەیە لە مەجموعی تەبعەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنیا یەك شت کاك شێخەڵلاّ، وەزیر داوای نەکردووە دوا بخرێت، تەنیا عوزری خواستووە بۆ نەهاتن، پێشتر لەگەڵ لیژنەی یاسایی رێککەوتوون، ئەو رەئی لیژنەی یاسایی رەئی وەزارەتی داراییشە، ئەو وەختی دەمانخستە دەنگدانەوە، داواکاری ئەوان موافەقەتتان کرد بوایە هینمان دەکرد، بەلاّم ئێستاش لە رەئیش ئاماژەی پێ کرد، سێ، چوار دانیشتنیان لەگەڵ کردوون، ئەو راپۆرتەیان لەبەر رۆشنایی ئەوە نووسیووە، زۆر قسە کرا لەسەر ئەوە، زۆر فەرقێکی ئەوتۆش نییە لەڕاستیدا لە بەینی لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی و ئەو رەئیانەی ئێوەش باستان کرد، لە مەوزوعەکە ئەوەندەیە ئایا عەرەسات بێتن هەشت سەد مەترەکە بێتن، یان پارچە پارچەکە بێتن، ئەگەر تەماشا بکەین، موقتەرەحێکی تازە هاتۆتە پێش ئەگەر ئەوە پێتان باش بێتن، رەنگە ئەسڵی ماددەکە هاتووە لە مەشروعی حکومەت ئەویش ئیلغا کردنی زەریبەی ئیزافییە، ئەگەر ئیلغای زەریبەی ئیزافی ماددەی ئیزافە بکەین، ئەگەر بۆیان بخوێنیەوە نەصەکەی موقتەرەحتانە کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو لە پێشتریش ئیشارەتم پێدا، لە قەراری (222) چوارەم (هـ) پێنجەم (أ) لە قەراری (222) ساڵی 1977، ئەوە فەرزی زەریبەی ئیزافی کردووە، ئێمە ئەو بەندانەی کە پەیوەستە بە زەریبەی ئیزافی لەم

بڕیاره بیوەستێنین، بۆ ئەوەی لەگەڵ یاسایەکە گونجاو بێت، کە ئیلغای زەریبەی ئیزافی بە قەراری قەتیعی بیکات، هەر نەمێنێت، ئەگەر ئەوەمان بۆ ئیزافە بکەن زۆر لە مەشاکیلی ئێمە حەل دەبێتن، نەصەکەش بەو شێوەیە: (یوقف العمل بالبنود الواردة في القرار 222 لسنة 1977 الخاصة بالضریبة الاضافیة علی العرصات).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر ڕەئیتان لەسەر ئەو موقتەرەحەی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دژی لابردنی ئەو باجە زیادەیە نین، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە باج لەسەر پارچە زەوی یەك پارچە نەبێت بە هەشت سەد مەتر، کۆی پارچە زەویەکان هەشت سەد مەتر بێت، ئێمە خیلافەکەمان بەس ئەوەندەیە، هیچی تر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم تەرحە تازەی کە هاتە پێشەوە، یەعنی ئێمە هیچمان نەکرد، زەریبەی ئیزافی بۆ ئەوانەی کە لە (1200) مەتر بەرەو ژوورە، ئەوە هەر خۆی نەماوە لە ئەسڵدا، ئەوە هەر ئیلغا کراوە، ئێمە تەنها قسە کردنەکەمان لەسەر زەریبە ئەساسیەکەیە، هەشت سەد مەتر یەك پارچە، یان چوار پارچە بێت، پێنج پارچە بێت، بەڵام هەشت سەد مەتر بێت، ئەم کۆیە بخەینە ناویەوە، یان نەیخەین، هەر ئەوەندەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو فەقەرەیە تازەیەی لیژنەی یاسایی، کە لیژنەی داراییش پشتیوانی لێ دەکات، ئەویش (کار نەکردن بەو خاڵانەی کە قەراری (222)ی ساڵی 1977 هاتووە ڕابگیرێتن)، کێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحە تازەیە لە ماددەی یەکەم دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەقەرەی یەکەم ئیشکالی لەسەر نییە، کەس موناقەشەی نەکردووە، دیارە موافیقن (کار کردن بە فەقەرە یەکی ماددە چوار)، خاڵی دووەم (ڕاگرتنی بڕیاری ژمارە (99)ی ساڵی 1974 ئەوەش هیچ ئیشکالی لەسەر نییە، خاڵی سێیەم (ڕاگرتنی کار کردن بە بڕیاری (483)ی ساڵی 1981 ئەویش خیلافی لەسەر نییە، ئەو فەقەرەیەشمان ئیزافە کرد، کە دەنگتان بۆدا (کار کردن بەو خاڵانەی لە قەراری 222 هاتووە)، دەمێنێت ئەو صیغەیەی کە موناقەشەی لەسەر کرا، دوو ڕەئی هەیە، ڕەئیەکیان هی لیژنەی یاساییە، ڕەئیەکیان هی لیژنەی داراییە، ڕەئی سێیەم چیە کاك ڕەشاد دەبێت بە نووسین بنووسرێت.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەئی سێیەم ئەوە بوو، گوتمان عەرەسات هەر زەریبەی لەسەر نەبێت، چونکە هیچ سوودی نییە، زەویەکی رەق و تەقە، لەو گۆڕەی چی لێ وەرگرن، ئەگەر بێتو دە ساڵ زەریبە بدات قەردار دەمێنێت، زۆریش وا بووە وەختی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو یا شێخ.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەئیەکا دیش هەبوو، ئەویش مەسەلە وەختی بوو، کا یا لە ساڵێدا، دوو ساڵێدا، سێ ساڵێدا، ئەو رەئیەش هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی وەخت موقتەرەحێك بوو پشتگیریان لێ نەکرد، لەبەر ئەوە نەبووە پێشنیار، یەعنی قسە کرا، بەلاّم کەس پشتگیری لێ نەکرد، لەبەر ئەوە ئەو رەئیەی کاك رەشادیش نەبووە پێشنیار، چونکە پرۆژەکە وا هاتووە، رەئی درا دەڵێت هەر نەبێتن، کاك سمکۆ دزەیی فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل طاهر محمود(سمکۆ دزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا لە شتەکان دەڵێ (یوقف العمل بالقرار (96)) قەراری (96) کەس نازانێت، من لە هەمووان دەپرسم کەس نازانی قەراری (96) چیە، دەڵێ (یوقف العمل بالقرار 483) کەس نازانێت قەراری (483) چیە، نابێت بزانین چیە هەتا دەنگی لەسەر بدەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مەسئولیەتی ئەندام پەرلەمانە، ئەوەی نەزانێتن مەسئولیەتەکە خۆی تەحەمول دەکاتن، لەبەر ئەوەی کە یەکەم جار خوێندرایەوە ئەو پرۆژەیەو بلاّو بۆتەوە، دەبوایە ئەندامی پەرلەمان خۆی حازر بکات و بگەڕێتەوە بۆ ئەو قەرارەی (99)یە چیەو بۆچیە، لەبەر ئەوە ئێستاکە رەخنە ناگیرێت، کە نەیزانی خۆی تەحەمول دەکاتن و بێ دەنگ دەبێتن، بەلاّم گلەیی بکاتن، دەبێت لە خۆی گلەیی بکاتن، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەندێك تەناقوزات دەبینم ناچار دەبم باسی بکەم بەڕاستی، باشە برادەران دەڵێن زەریبەی عەرەسات لەغو نییە، سەرچاوم، باشە زەریبەی عەرەسات ئەساسیش دەگرێتەوە، ئیزافیش دەگرێتەوە، ئیزافیەکەمان لەغو کرد، باشە بۆ یەکێك لە هەشت سەد مەتر زیاتری هەیە من عەفوی بکەم لە زەریبە، من لە ئێوە دەپرسم 2٪ زەریبەی ئەساسی دەکەوێتە سەری، ئەوە لە لایەك دەڵێن ئەو برادەرانە مەسەلەن هەشت سەد مەترە، وایە، دەوڵەمەندە، فلانە، لە لایەکی تریش دەگوترێت زەریبەی عەرەساتیش هەڵبگیرێت، ئەوە

نازانم ئەو تەناقوزە چۆن چارەسەر بکەم بەڕاستی، بۆیە زەریبەی ئەساسی تەنهاو تەنها لەسەر ئەوەیە، کە ئەوی هەشت سەد مەتری زیاتر هەیە، زەریبەیەکی ئەساسی کە دەکاتە 2٪، ئەویش ناکاتە هیچ، دەبێت ئەوە بمێنێتەوە بەڕاستی، جا پارچەکە موفرەز بێت، یان غەیری موفرەز بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ دوا جار کاک رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عەرەسە خالی کە تەحقیقی ئەرباح ناکات، وەکو ئەوەیە پارە لە بانق دانرا بێت، بەبێ ئەوەی فەوائیدی لەسەر وەربگیرێت، ئەو پارەیە دەبێت ئێمە بڵێین بۆ زیاد ناکات، دەبێ زیادی بکات، عەرەسەی خالی وەختی خۆی کە ئەو بڕیارە دەرچوو، جەنابیان خۆشیان دەزانن ئیجحافێك بوو بە حەقی هەموو میللەت، بەتایبەتی مەنتیقەی ئێمەی گرتەوە، هەتا مەوزوعی تەسویەی هاتە سەری، لە ساڵی 1977 ئەو خەڵکە دەربەدەر کرا، کەس نەیتوانی ئامادە بێت و دیفاع لە خۆی بکات، ئەوانە هەمووی ئەو فروعانەیە کە کۆبۆوە زوڵممان لێ کرد، ئێستا عەرەسە خالیە کە تەحقیقی ئەرباح ناکات، فەلسەفەی زەریبە چیە، زەریبە لە ئەرباح دێت، ئێمە سەدەها مەشروعی گەورە گەورە بە سەد ملیۆن دۆلار دە ساڵ عەفومان کردووە لە زەریبە، خەڵکانێك، کەسانێك لە شەریکەیەکی بیانییە، یان ناوخۆییە، ئیستیفادە دەکات لەو گۆڕەی باسی ناکەین دێین یاخەی عەرەسەی خالی دەگرین، ساڵێ قورگی بگرین وەرە شازدە دینار زەریبەی عەرەسەی بدە، داوا دەکەم ئەوە ئیلغا بکرێت و نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان ئیجازەی بدەیە من وەڵامی بدەمەوە، جارێ ئەوەلەن ئەو قانونە لە ساڵی 1962 دەرچووە، یەعنی هەتا پێشی ئینقیلابی 1963.

دوو/ زەریبە ئەساسی دەوڵەتە، بەبێ زەریبە دەوڵەت نییە، تەبعەن کە دەڵێم دەوڵەت قەسدم دەوڵەتی ئێستایە، نەك دەوڵەتی ئیشتیراکی، دەوڵەت لەسەر ئەساسی بنەمای بازاڕی ئازادە، لەسەر ئەساسی قەوانینی حوڕە، کە هەموو دنیا ئێستاکە پەیڕەوی دەکاتن، هەتا وڵاتی ئیشتیراکی وەکو صین پەیڕەوی دەکاتن، بۆیە هەبوونی زەریبە، پێداویستیەکی زەرورییە بۆ حکومەت، حکومەت دەبێت بەرنامەی هەبێتن بۆ خۆی داهات پەیدا بکاتن، خۆنابێ هەر لەسەر داهاتی نەوت و میزانیەی حکومەت ئیعتیماد بکەین، زەریبە بنەمایەکی زەرورییە بۆ تەنزیم و ئەو پارەیەی لە زەریبە وەردەگیرێت، مەفروز وایە حکومەت تەرخانی بکاتن بۆ خزمەتگوزاری، بۆ بەلەدییە، بۆ جادە، بۆ رێگاوبان، بۆ درەخت زیاد کردن، دەبێت حکومەت پارەی هەبێتن لە پاڵ ئەو پارانەی کە لە میزانیەوە بۆی دێتن، لەبەر ئەوە من بەڕاستی ئەو رەئیەی کە دەڵێت ئیلغا بکرێت رەئیەکی بە تەواوی نابینم، رەئیەکی عاتیفیە، رەئیەکە مومکینە دیراسەتی باش نەکرا

بێـت، بـەڵام ڕەئـی ڕەئـی خۆتانـە، قـەراری لـێ دەدەن ئـەوە مـەوزوعێکی تـرە، ئێسـتا ئـەویش دەخەینـە دەنگدانەوە، مادام سێ کەس زیاتری هێنا، فەرموو کاك جەمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەبیعی لەگەڵ ئەوەدا نیم، یەکێك پارەی هەیە دەیخاتە بانکەوە فازانج دەکات، بەڵام یەکێك زەوی هەیە دەیهێڵێتەوە فازانج ناکات، بە پێچەوانەوە کە زەوی دادەنێیت ساڵی داهاتوو قیمەتەکەی دەبێت بە دوو قات، لەبەر ئەوە پێویستە زەریبـە بـدەین، ئەگـەر لـە هەشـت سـەد زیـاتر بـوو، چونکە نرخەکـەی زیـاد دەبێـت، مەسەلەن ئێستا زەویەك بە ئیستیلاحی دەرەوە دەفتەرێك بکات، دوای سـاڵێك دوو دەفتـەر دەکـات، قـەی چ دەکات لە 2٪ بدات، یەعنی ئێمە دەبێت لەگەڵ زەریبەکە دابین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بزانێ لە نەصێك نووسراوە، ئەسڵی قانونەکە سەبەبی دەرهێنانی ئەو زەریبەیە، ساڵی 1962 نووسراوە، بۆ ئەوەی نەڵێین هی بەعسە، دەڵێت (تفرض ضريبة سنوية على الاراضي الصالحة للبناء بنسبة 1٪ بقيمتها مادامت غير مبنية، بحيث تكون هذه الضريبة حافظاً لمالكية الاراضي المباشرة ببناءها او تخلص منها بالبيع مما يساعد على تحقيق احد امرين كلاهما مطلوب نشاط العمران وتوفير عـرض الاراضـي)، یـەعنی یـەك لـە ئەسبابەکانیەتی، بە هەر حاڵ، فەرموو یا شێخ نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نوقتە نیزامی ئیشارە کر، ئەز ڕەئیا خۆ تێدا دبێژم و نوقتەی نیزامیشە، ئەو کاڤا مـن بەحسـێ وەخـتی کر بوو جەنابێتە گوتی کەس پشتیوانی لێ نەکریە، بەلێ، گەلێك پەرلەمانتارا بەحسێ وەختی کر، کـە ئایـا ڤە مرۆڤا کاڤا ڤێ عەرەسات فرۆشی ساڵ، ئەز چەند عەرەسا دەفرۆشـی، بـیرا مـن پەخشـان خـان، یـان کـاك بەکر دعەمرێدا جارێك، یان عەمرێدا دوو جار، یان هەندەکا دگوت دوو ساڵە، سێ ساڵە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر وا بێتن دەبێتە چوار موقتەرەح، کاك فرسەت ڕەئیەکی هەیە لەسـەر ئـەو موقتەرەحـەی، کـە دەڵێـت ئیلغای زەریبە بکرێتن، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیلغای زەریبەی عەرەسات بە ڕەئی من بە موقتەرەح حیساب ناکرێت، چونکە مانای ئیلغای ئەسـڵی قانونـە، ئیلغـای ئەسـڵی قـانونیش مـەوزوعی موناقەشـە نییـە لێـرە، حکومـەت هـاتووە داوای پرۆژەیـەکی کـردووە، تەعدیل کردنی زەریبەکە، داوای نەکردووە زەریبە بێتـە لـەغو کـردن، لەبـەر ئـەوە بـە ڕەئـی مـن ئـەوە بـە موقتەرەح حیساب ناکرێتن مەفروزە تەصویتی لەسەر نەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، چونکە بە حەقیقەت ئیحراج دەبێت، بیکەینە موقتەرەح و دوایێ دەنگیش بێنێت، قانونیەنیش ڕاست نەبێتن، زۆر سوپاسی کاك فرسەت دەکەین، ئەم موقتەرەحە قانونیەن هینی نەکردو، دەمێنێت دوو موقتەرەح، یەکێکیان موعەدەلە، من ئیقتیراحێکم هەیە، دانیشتنەکە پازدە دەقیقە دوا دەخەم، بۆ ئەوەی لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی لەگەڵ سەرۆکایەتی و لەگەڵ لێپرسراوانی فراکسیۆنەکان بێن بۆلای من لەوێ بگەینە نەتیجەیەك، بەو شێوەیە پچڕ پچڕ دەبێتن، فەرموون بۆ ژوورەکەی من.

**دوای پشوو**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەینەوە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو دانیشتنە لە بەینی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی بە ئامادە بوونی زۆربەی لێپرسراوانی فراکسیۆنەکان ئەو صیغەیەی کە ئیتیفاقمان لەسەر کردووە، لەبەر ڕۆشنایی موداخەلاتی زۆر، کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پشتگیری لێ کرا، ئەو صیغەیە ئیتیفاقی لەسەر کرا، بە عەرەبیەکەی وایە (اعفاء عرصة واحدة او اكثر من الضريبة الاساسية لكل مكلف لا تزيد مساحتها او حصتها الشائعة منها على (600 م2) وتستوفى الضريبة على مازاد عن ذلك وللمكلف تعين العرصة او الحصة التي يطلب حصر الاعفاء بها)، گوتیان ئەو وەختی ساڵەکەشی ناوێتن، لەبەر ئەوەی تەحصیل حاصلە سەنەویەن هین کراوە، ئەوە ئیتیفاقی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانەو لیژنەکانە تەوحیدی ڕەئیان کرد لەسەر ئەوە، ئەوە جارێکی تر دەیخوێنمەوەو دەیخەمە دەنگدانەوە، (اعفاء عرصة واحدة او اكثر من الضريبة الاساسية لكل مكلف لا تزيد مجموع مساحتها او حصتها الشائعة منها على (600 م2) وتستوفى الضريبة على مازاد عن ذلك وللمكلف تعين العرصة او الحصة التي يطلب حصر الاعفاء بها)، کێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی یەك بە هەر چوار بڕگەکانی و لەگەڵ ئەو بڕگەش کە دەنگتان بۆی دا، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەرموو پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبداللە زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لەوێ لە پێشنیارەکانی لیژنەی یاسایی شتێکی تر هەبوو دەربارەی فرۆشتن، ئیعفا لە زەریبە، هەر ئەوە نەما، یان چۆن؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئاخیر صیغەیە کە خوێندمەوە، ئەوە نەما، ماددەی دووەم تکایە بخوێننەوە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم، کار بەهیچ دەقێك ناکرێت، پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشی ئەوەی ئێمە بێینە سەر ئەو ماددەیە، بەڕاستی دوو ماددەمان پێشنیار کردووە، یەکێکیان پەیوەندی بە ئەو عەرەساتانەیە کە تەخصیص دەکرێت بۆ موقابیل بە ئیتفاو ئیستیملاك و ئەوانە، ماددەکەی تر پەیوەندی هەیە بە ئیعفای وەرەسەی شەهید لە زەریبەی عەرەسات، وەکو هاووڵاتیەك، جگە لەو ئیعفایەی کە بۆی دانراوە بە بڕیاری جیا جیا لە ئەنجومەنی وەزیران، یان لە ئیدارەی پێشوو، بۆیە پێم باشە ئەگەر ڕێگام پێ بدەن، پێش ئەوەی ئەو ماددەیە بخرێتە دەنگدان بەنیسبەت ماددە دوو، ئەو ماددانە جێگای بکەینەوەو بیخەینە نیقاش، بزانین ئەندامانی پەرلەمان چ بڕیارێکی لەسەر دەدەن، زۆر سوپاس، ماددەی یەکەم ئەگەر ڕێگام پێ دەدەیت دەخوێنمەوە:

(تعفى العرصات التي تخصص مقابل اطفاء وافراز الاراضي داخل حدود البلديات او الاستملاك والاستبدال من ضريبة العرصات لمدة ثلاث سنوات اعتباراً من تاريخ تسجيلها بأسماء اصحابها لدى مديريات التسجيل العقاري المختصة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی ڕەئیت چیە لەسەر ئەو موقتەرەحە.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دژی ئەو پێشنیازە نین و پشتگیری لە لیژنەی یاسایی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە شتێکی چاکە، کەس مولاحەزەی نییە، ئەو موقتەرەحەی لیژنەی یاسایی بۆ ئەو ماددە ئیزافیە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ئەو ماددەیە بووە ماددەی دووەم، فەرموو بۆ موقتەرەحتان چیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەمی ئیزافی کە هەمانە بەم شێوەیە:

(تعفى ورثة الشهيد من ضريبة العرصات عن القطعة المخصصة لهم بهذه الصفة بعد ابراز ما يثبت ذلك من جهة رسمية مختصة اضافة الى تمتعهم بالاعفاءات الواردة في هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەجیاتی لیژنەی دارایی دەڵێم موافیقم، یا شێخ رەئیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەئیا من ئەڤەیە، یەعنی بۆ شەهیدێ هەر شتێك دێتە کرن، کەس بە ئاخافتنا هەر کێمە، بەلێ گاڤا کومە هەمی زەریبە ئیلغا کرن لێرە ناڤێ شەهیدان بۆ تێدایە، یەعنی ئۆتۆماتیکیەن وەکی هەر هاوولاتیەکی دی تەحصیل حاصلە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شتی تریش هەیە، زەریبەی تریش هەیە، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەرەسەی شەهید مەعفیە لە زەریبەی عەرەسات لەو پارچەیەی کە بۆی تەخصیص دەکرێت بەم سیفەتە، بەلاّم ئەمە بە بڕیارێکی هەردوو ئیدارە کراوە، وەختی خۆی ئیدارەی جیا جیا، ئێستا ئەوەلەن بە یاسا کردنی ئەو مافە دەکەین لەناو یاساکە، ئەوە یەك.

دوو/ حەقێکی دەدەینێ وەکو هەر هاوولاّتیەکیش تەمەتوع بکات بەو ئیعفایەی کە بۆ هاوولاّتیش هاتووە لە قانونەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موقتەرەحی لیژنەی یاسایی بۆ ئەو ماددەی ئیزافە بکرێتن، دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەی دواتر، فەرموو کاك دلێر.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی دارایی پێشنیازێکمان هەیە، کە ماددەیەکی تریش ئیزافە بکرێت، کە منداڵی ناکام ببەخشرێت لە باجی زەوی، یەعنی قاصر زەریبەی عەرەساتی لێ وەرنەگیرێت، بەڕاستی حیکمەتی ئەم پێشنیازە لەچی دایە، قاصر کە سەرپەرشتیاری نامێنێت، دەکەوێتە دەست مامی، یان خاڵی، یان کەسێکی تر پارچە زەویەکی بۆ ماوەتەوەو ناتوانێت تەسەروفی پێ بکات، ئەمە زەمانێکە بۆ ئەو منداڵە، بۆ ئەوەی لە موستەقبەلدا بتوانێت ژیانی خۆی بینا بکات، ئەگەر لە ماوەی منداڵیدا ئەمە ئەو زەریبەیە کۆ بکرێتەوە لەسەری کەڵەکە ببێت، کە کاتێك عومری دەبێت بە هەژدە ساڵ، کاتێك دەزانین ئەم منداڵە وەکو پێویست کە تازە بەرەنگاری ژیان دەبێتەوەو وەکو پێویست ناتوانێت بێتەوە، جا وەکو پشتگیرییەك بۆ ئەو کەسانەی

کە منداڵن و تاکو پێ دەگەن و تا لەسەر پێی خۆیان دەوەستن، ئێمە داوا دەکەین کە منداڵی ناکام باجی زەوی لەسەر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك لەو بڕیارانەی کە رامانگرت، ئەو بڕیارە بوو کە نیزامی پێشوو ئەمەی دانابوو، بەپێی ئەو ماددەی یەك، کە ئێستا ئێمە دەنگمان بۆدا، قاصریش بەهەمان شێوە ئەو ئیعفائاتە وەردەگرێت، کە ئەمڕۆ ئێمە پەسندمان کردووە، واتا هەتا شەش سەد مەتر قاصریشی ماڤ خۆیەتی چ بە پارچەیەك، چ بە پارچەی تر ئەو ئیعفایە وەربگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو دکتۆر.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببوورە پێشنیازەکەی ئێمە ئەوەیە بە هیچ جۆرێك، ئەگەر بێتو هەزار مەتریشی هەبێت، مادام قاصرە، مادام منداڵێکی ناکامە، مادام ناتوانێت کاروباری خۆی ببات بەڕێوە، لەسەر پێی خۆی نەوەستاوە، مەبەست و حیکمەتی ئەم پێشنیازەی ئێمە ئەوەیە کە کاتێك دەتوانێت بوەستێت کە عومری دەگاتە هەژدە ساڵ بتوانێت بینای خۆی پێ بکات و ئیتر زیاتر چاوەڕوانی کەس نەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی پێشنیارەکەی لیژنەی دارایی نەگونجاوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر لێرەدا بۆ قاصر بەم شێوەیە بێت، قاصر ئیستیغلال دەکرێت و تیجارەتی پێوە دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس قسەی هەیە لەسەر ئەوە، کاك دلێر پێم وایە پێی دابچیتەوە باشترە.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە رای لیژنەی داراییە بەڕاستی وەکو پشتگیریەك و وەکو هاوکاری کردنێك بۆ ئەو منداڵانەی کە سەرپەرشتیاریان نامێنێت، جا ئەگەر ئەم پەرلەمانە بەڕێزەو ئەم ئەندامە بەڕێزانە پشتگیری دەکەن، ئەوە شتێکەو پشتگیریشی ناکەن ئازادن لە بیرو بۆچوونیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری ڕەئیەکەی کاك دلێری دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر پشتگیری پێشنارەکەی لیژنەی دارایی دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی لیژنەی دارایی زۆر جائیزە، چونکە ئەو موشکیلەیە ئێستا هەیە بەڕاستی، لەبەر ئەوە من پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو پێشنیارە نیم، لەبەر ئەوەی بەهەمان ڕەئیەکەی کاك کەریم، من پێم وایە ئیستیغلال دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان بانی مارانی فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەئی پێشی لیژنەی داراییمان دەکرد، ئەگەر هەر قاصرێك شەش سەد مەتری عەفوی بکرێت، بەسە خۆ لە شەش سەد مەتر زیاتر ناکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لیژنەی دارایی سەحبی ناکات، موقتەرەحەکەی دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی داراییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ قەبول نەکرا، فەرموو بۆ ماددەی تر تکایە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم کە دەکاتە ماددەی چوارەم، لەبەر ئەوەی دوو ماددە ئیزافە کرا:

کار بە هیچ دەقێك ناکرێت، پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: لا يعمل باي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەئی لیژنەی یاسایی بەم شێوەیە: لايعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی دواتر.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم کە بۆتە ماددەی پێنجەم:

وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمدا بۆیان هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری کردنی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکەن.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

لوزارة المالية والاقتصاد في الاقليم اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەینەو هیچ تێبینیمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموو ماددەکەی دواتر.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی چوارەم کە دەکاتە ماددەی شەشەم:**

**کار بە یاساو بڕیارەکانی باجی بەرکار دەکرێت، ئەوانەی پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە نین.**

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الرابعة:**

**يعمل بالقوانين والقرارات الضريبية النافذة بما لا يتعارض واحكام هذا القانون.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەینەو هیچ تێبینیمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی لە ئەسڵ، یەعنی بەپێی ئەو ماددەیە هەموو قەوانین و ئەوە کاری پێ دەکرێت، لە هەموو یاسایەك ئێمە بە پێچەوانەی ئەوە دەڵێین داڕێشتنەوەی، دەبێت بگوترێت (لا يعمل بالقوانين والقرارات الضريبية التي تعارض احكام هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەردوو نەص عەینی شتە، ئێمە دەڵێین ئەو قەوانین و قەراراتەی زەریبی نافیزە، ئەگەر هاتوو لەگەڵ ئەوەی تەعاروزی نەبوو، هی کاک سەرداری بە پێچەوانەی ئەوەیە، هەردووکی جائیزە، بەڵام ئەوەی موتەبەعە بەو شێوەیە ڕۆیشتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ماددەکە هەر هەمووی زیادە، ڕەنگە ماددەکەش نەبێتن تەحصیل حاصلە، ئەو ماددەیەش دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم دەکاتە ماددەی شەشەم:

پێویستە وەزیرە تایبەتمەندەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیعادەی صیاغەمان بەم شێوەیە کردۆتەوە:

(على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موفتەرەحی لیژنەی یاسایی بۆ تەعدیلی ئەم ماددەیە وەکو هەموو قانونەکانی تر دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم کە دەکاتە هەشتەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرکردنیەوەو بڵاو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ صدوره ونشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئيعادەی صياغەمان بەم شێوەيە کردۆتەوە:

(ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ 2008/1/1 وينشر في الجريدة الرسمية وقائع كوردستان).

بۆيە وامان لێ کرد بەڕاستی، چونکە ئەو زەريبانەی کە دراوە هی ساڵی 2007 هەمووی دراوە تەقريبەن، لە ساڵی تازەوە حيساب دەکرێت بۆ يەك ساڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش مەنتيقی تێدايە، موقتەرەحی ليژنەی ياسايی کە لە 2008/1/1ەوە جێ بەجێ بکرێت، دەيخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دايە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نييە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگيرا، ئەسبابی موجيبە تکايە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**(الاسباب الموجبة)**

لغرض جعل القانون منسجماً مع السياسة الاقتصادية في اقليم كوردستان ولتحقيق اهداف التشريعات الاقتصادية الخاصة بالاستثمار واقتصاد السوق وتشجيع الحركة العمرانية والاستثمارات بصورة عامة ولتحقيق العدالة وتخفيف العبء الضريبي عن كاهل المواطنين فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەسبابی موجيبە لەگەڵ پرۆژەی ياساکە دەيخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دايە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نييە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگيرا، زۆر سوپاس بۆ هەمووتان، بۆ ماندوو بوونتان، ئەو موناقەشە توندو رای جياواز، گرنگ ئەوەيە لە بەرژەوەندی خەڵکدا تەواو بێتن، حکومەتيش داهاتێکی هەبێتن، کاك غەفور نوقتەی نيزامی هەيە.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بڕگانەی کە ماون دەبێت دەنگی بۆ بدەين، دوای بخەين، دوای ناخەين، ئينجا کۆتايی بە دانيشتنەکە بێنين، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرنامەی کار کە لێرە گوتمان کۆتايی پێ دەهێنين لە بەرنامە دايە، خۆ دوامان نەخستووە، ئەگەر دوای بخەين، ئەو وەختی دەنگی بۆ دەدەين، بەڵام لە بەرنامەی کار لامان نەبردووە، تەنيا دانيشتنەکەمان دوا

دەخەین بۆ سبەینێ، یەعنی بەرنامەی کارمان هەمان شتە، ئەگەر بڕگەکەمان دوا بخستابوایە بۆ ماوەیەکی تر ئەوە ئەو وەختی دەنگمان بۆ دەدا، من پێم باشە بەیانی تەحەمولتان هەبێت و سەبرتان هەبێت، ئەو زەریبەیەش تەواو بکەین خەڵك دڵی پێ خۆش دەبێتن، داوا دەکەین وەزیری پەیوەندیداریش ئامادە بێتن، باشە برادەران دوای جەژن، بەڵام لە ئێستاوە تەحدیدی دەکەین، چوار شەممەی دوای جەژن سەعات یازدە کۆبوونەوەمان هەیە، دانیشتنی پەرلەمانمان هەیە، چوار شەممە وەزیری دارایی و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی دەعوەت کراون و ئامادە بن لەو رۆژە بۆ موناقەشە، جەژنیشتان پیرۆز بێت تا پاش جەژن، خوا حافیزتان.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) | عدنان رشاد مفتی |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12)**

**چوار شەممە ڕێکەوتی 17\10\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12)

## چوار شەممە ڕێکەوتی 2007/10/17

کاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2007/10/17 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە (12)ی خولی دووەم، ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (12)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- بەرچاوخستنی دوا گۆڕانکارییەکانی بارودۆخ و هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستانی عێراق.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای باجی خانووبەرەی ژمارە (162)ی ساڵی 1959ی هەموار کراو، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراوە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای باجی دەرامەت ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار کراو کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (12)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2007/10/17دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەرچاوخستنی دوا گۆڕانکارییەکانی بارودۆخ و هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستانی عێراق.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای باجی خانووبەرەی ژمارە (162)ی ساڵی 1959ی هەموار کراو، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراوە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای باجی دەرامەت ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار کراو کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراوە.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز سەرکیس ئاغا جان وەزیری دارایی و ئابووری، بەڕێز کاک سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، بەڕێز کاک جەلال کوێخا عوبید راوێژکاری باج لە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکەین، بەخێر بێن سەرچاو.

خاڵی یەکەم/ بەرچاوخستنی دوا گۆڕانکارییەکانی بارودۆخ و هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستانی عێراق.

خوشك و برایان، ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز.

نەدەکرا ئەمڕۆ بەرنامەی کاری پەرلەمان، ئەو خاڵەی تێدا نەبێتن، کە ئەمڕۆ هەمووومان دەبینین وەزعێکی ناجۆر هاتۆتە پێشەوە، نالەبارە، بەو هەڕەشانەی کە تورکیا لەو چەند رۆژەی دواییدا ئاشکرای کرد، بۆ بەزاندنی سنوورو هێرش کردنە سەر ئەو ناوچانەی کە بەناو چەکدارەکانی پەکەکەی تێدایە، ئەمەش مەترسی خستۆتە سەر هەرێمی کوردستان و عێراق، ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەبوایە بیخەینە بەرنامەی کار باسێکی لەسەر بکەین، دیارە ئەم باس کردنە تەنیا ئێمە عەرزتان دەکەین، تیشك دەخەینە سەر هۆیەکانی مەترسیەکان، ئەنجامەکانی چاوەڕوان کراو، ئەو هەولانەی کە لەبەردەممان دان، بۆ ئەوەی رێگا بگرین کە ئەو هەڕەشەیە نەکرێتن، بەلام بە تەئکید هەفتەی داهاتوو دانیشتنێکی تایبەت تەرخان دەکەین بۆ ئەو مەسەلەیە، ئێوەی بەڕێزیش هەمووتان دەتوانن قسەی لەسەر بکەن و بەتایبەتی لەبەر رۆشنایی ئەو رووداوانەی کە چاوەڕوان دەکرێتن لەم رۆژانەدا بکرێن، دیارە بە داخەوە ئەم مەسەلەیە، مەسەلەیەکی تازە نییە، ئەو هەڕەشانەی کە دەکرێتە سەر هەرێمی کوردستان، بەهۆی جۆراو جۆر، نەتیجە هەر ئەوەیە کە گەلی کوردستان زەرەری لێ دەبینێت، زەرەر دەگەیەنێتە ئەزموونەکەی، زەرەر دەگەیەنێتە ئاشتی، زەرەر دەگەیەنێتە عێراق، ئەو عێراقە نوێیەی کە هەمووومان خەباتمان بۆی کردووە، بۆ ئەوەی بگاتە ئەمڕۆ، هێشتا خەباتێکی دوورو درێژی دەوێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵی دیموکرات، ئەم ئەزموونەی کوردستانی عێراق هەموو عێراقیش زۆر خەڵك هەیە پێی ناخۆشەو هەولێش دەدەن کۆسپی بخەنە بەردەم، ئێمە پشت بەوەی کە بە گەلەکەمان پشت دەبەستین، بە دەستووری عێراق پشت دەبەستین، بە هەڵوێستی راستمان پشت دەبەستین، بۆ ئەوەی داواکارین پەیوەندیمان لەگەڵ دراوسێکانمان لە باشترین ئاستدا بێتن، بەرژەوەندییە هاوبەشەکان رەچاو دەکەین، داخوازی ئاشتی بۆ خۆمان و بۆ هەموو گەلانی ناوچەکە دەکەین، رێز لە یاسایی نەتەوەکان و یاسای دەستووری عێراق و هاوسێیەتی و پاراستنی بەرژەوەندیەکان دەگرین، کە هەموو لەبەرچاومانە، پێشمان وایە کە ئێمە بە هیچ شێوەیەك بەشدار نین لەو کێشەیەی کە تورکیا تووشی بووەو باسی دەکاتن، نە لە رابردوودا ئێمە هۆی ئەوە بووینە، نە ئێستا، نە لە ئایندەشدا رێگا بە خۆمان دەدەین دەست تێوەردەین لە کاروباری وڵاتانی دراوسێی خۆمان، بەلام لە هەمان کاتیشدا حەقی خۆمانە، بەپێی ئەو پرەنسیپانەی کە هەموو دنیا پابەندن پێی، رێزگرتن لە سنوور،

ڕێزگرتن لە یاسا، ڕێزگرتن لە یەکتر، ڕێگا نادەین کەس بە هەر مەهانەیەك بێت، بەتایبەتی لە حاڵەتێکی ئەوهادا کە لە ماڵی خۆمانین دانیشتووین داوای دۆستایەتی دەکەین، داوای ئاشتی دەکەین بێن هەڕەشەمان لەسەر بکەن و بیانەوێت ئەو ئەزموونە تێك بدەن، بەداخەوە دەنگی شەڕ لە تورکیادا بەقوەت بووە لەو چەند هەفتەی رابردوودا هەر هەبووە، بەلاّم دەنگی خێریش هەر هەبووە، ئێستاش هەر هەیە دەنگی خێر، ئومێد دەکەین دەنگی خێرو دەنگی ئاشتی و دەنگی برایەتی زاڵ بێت بەسەر ئەو دەنگانەی کە دەیانەوێت ئەو ناوچەیە بەرەو شەڕ ببەن و ئالۆزتری بکەن، لەم هەفتەی دواییدا ئەو هەڕەشانە دەنگەکەیان بەرزتر دەبێتەوە، گوێمان لێیە لەشکرکێشیش بەردەوامە، تا گەیشتۆنەتە ئەوەی حکومەتیش، حکومەتی تورکیاش باس لەوە دەکاتن کە ئیمکانی ئەوەی هەیە هێرش بکەنە سەر کوردستانی عێراق، داوای لە پەرلەمانی تورکیا کردووە، کە موافەقەت بکەن، ڕێگا بدەن جەیشی تورکیا ئەو هێرشە بکاتن و ئەنجامی بداتن بە مەهانەی ئەوەی کە چەکدارانی پەکەکە لە ناوچەی کوردستانی عێراقدا، بە مەهانەی ئەوەی کە شەڕی دژی تیرۆر دەکات، بە مەهانەی ئەوەی کە دەیانەوێت دیفاع لە میللەتی تورکیا بکەن، پێم وایە دیفاع کردن لە میللەتی تورکیا حەقی خۆیانە، ئێمەش حەز دەکەین میللەتی تورکیا تووشی هیچ کۆسپێك نەبێتن، بەلاّم مەهانەی دژە تیرۆر، ئەگەر باس بکەین، ئەو هێرشە چەند لە قازانجی تیرۆریستانە، چەند تیرۆریستان بەقوەت دەکاتن، چونکە لەشکر کێشی و بەزاندنی سنوور، هێرش کردنە سەر ولاّتێکی تر وەزعێك دەخولقێنێ، کە دژی ئاشتییە، هەر شتێکیش دژی ئاشتی بوو و ئالۆز بوو تیرۆرو تیرۆریستان بەهێزتر دەبن، پەکەکە کە ئەمڕۆ تازە پەیدا نەبووە، زیاتر لە بیست ساڵە شەڕ دەکاتن و چەکداری هەیە، کێشەیەکە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراقە، لەناو تورکیادا هەیە، ئێمە پرسیار دەکەین تەنیا بۆ ڕاگرتنی بەرژەوەندیەکانی تورکیا، ئایا تەنیا ڕێگەی شەڕ کردنە لەسەر کوردستانی عێراق بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە، چ ڕێگایەکی تریان لەبەرچاو گرتووە، تاوەکو هەموو دنیا پێیان بڵێ حەقیانە، ڕێگای تریان نییە، پێم وایە تورکیا خۆی ولاّتێکی دیموکراتە، ولاّتێکە خاوەن ئەزموونە، ولاّتێکی گەورەیە، بە لەشکری، بە ئابووری، بە پەیوەندیەکانی، ئەندامە لەناتۆ، ژیانێکی دیموکراسی بۆ خۆی دابین کردووەو لەسەری دەڕواتن، هەر ئەو ژیانە دیموکراسیەیەو ئەو دیموکراتیەی لە تورکیادا هەیە، ئەگەر بێتو بە چاوێکی ئیجابی تەماشای بکەین ڕێگا دەکاتەوە بۆ هەر کێشەیەك لەناو تورکیا روو بەڕوو بن، ئێمە یەك پارچەیی تورکیامان قبولەو پشتگیریشی لێ دەکەین، داوا لە هیچ کەسێك ناکەین کە ئەو یەك پارچەیە ڕێز لێ نەگرێتن، بەلاّم ئایا بەزاندنی سنوورو لەشکرکێشی کردنە سەر ولاّتێکی تر مەترسییەکان گەورەتر ناکات بۆ تورکیا، ئەوە پرسیارێکە لە خۆمان و لە خەڵکی تر دەکەین، بەڵێ بۆ ئێمە دروست دەکات، کێشەی گەورەمان بۆ دروست دەکاتن، لەپاڵ ئەوانەشدا زۆر کەس باس لەوە دەکەن، حەقیانیشە دەڵێن ئەو هێرشە بەناوی ئەوەی کە چەکدارانی پەکەکەنەو لەو ناوچەیەدا هەیە، بەلاّم هێرشەکە مەبەستیان کوردستانی عێراقە، مەبەستیان ئەو ئەزموونەیە کە لە کوردستانی عێراقدا هەیە، زۆر خەڵکێك هەیە دژی ئەو ئەزموونەی عێراقن، لەوەدا ئێمە پێیان بڵێین ناحەقن، حەقی ئەوەیان نییە بڕیار بدەن لەسەر میللەتێك

له دەرەوەی وڵاتی خۆیاندا دەژێتن، لەبەر ئەوەی لە وڵاتێکی تردا دەژێتن، لەو وڵاتەی تردا کە دەژێتن میللەتی ئەو وڵاتە بە کوردو بە عەرەب و بە تورکمان و بە هەموو پێکهاتەکانیەوە بڕیاریاندا پێکەوە بژین، وەکو دەنگیان داوە بۆ دەستوورێك، کە ئەو دەستووره هەموو لایەك پێی پابەندن و پێویست دەکاتن تورکیاو هەموو لایەکانی تریش ڕێز لەو دەستووره بگرن، ڕێز لە ئیرادەی میللەتی عێراق بگرن، هێرش کردنە سەر کوردستانی عێراق ئەگەر فراوان بێت بگاتە سەر ئەوەی مەترسی بخاتە سەر گەلی کوردستانی عێراق، بزانین چ کارەساتێك روو دەدات، گەلی کوردستانی عێراق بۆ هەموو عێراق و بۆ تورکیاش و بۆ ناوچەکەش، جارێ بە بنەمای ئەوەی، یان بە مەهانەی ئەوەی کە شەڕێك دژی تیرۆر دەکەن، پاسەوانانی هەرێمی کوردستان، کە ئێستاکە بەشێکیان لە دژی تیرۆریستاندا لە واجیبدان، لە پاراستنی بۆڕیەکانی نەوت لە واجیبدان، لە پاراستنی ئەو ناوچانەی کە مەکینەکانی کارەبای لێیە، بۆ پاراستنی کارەبا، بۆ ئەوەی دوور بێت لە تەخریب لە واجیب دان، ئەگەر هێرشێکی وا بکرێتە سەر کوردستان، دیارە ئەو پاسەوانانە واجیبی گەورەتریان دێتە پێش دیفاع کردن لە هەرێم، کەواتە جگە لەوەی کە بۆشاییەك دەبێتن، تیرۆریستان ئەو بۆشاییە پڕ دەکەنەوە، کەواتە مەترسی تیرۆر بۆ هەموو عێراق گەورەتر دەبێت خەتری تیرۆر لە ناوچەکە گەورەتر دەبێت، تایفەیەکی تازە پەیدا دەبێتن تیرۆریستان خۆیان تیایدا دالْدە بدەنەوە، بە عەکسی ئەو دیعایەی کە هەندێك دەنگ لە تورکیا دیعایە دەکات و دەڵێت ئەم هێرشە بۆ دژایەتی تیرۆرە، دژایەتی تیرۆر بەوە دەبێت، کە هاوکار بن لەگەڵ عێراقی فیدراڵ، هاوکار بن لەگەڵ حکومەتی کوردستان، پێکەوە دابنشین چارەسەرێکی کێشەکان بکەین، کە هاتونەتە پێشەوە، بەتایبەتی حکومەتی عێراقی فیدراڵ کۆبوونەوەیان کردووە، باسیان کردووە، داوایان کردووە، کە لیژنەیەکی سێ قۆڵی هەیە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە، لیژنەی عێراقی، ئەمریکی، تورکییە، داوایان کردووە لە ڕێگای ئەو لیژنەیەوە بکرێتن هەموو داواکاریەکانی تورکیا بخرێتە بەردەم ئەو لیژنەیە، بۆ ئەوەی چارەسەری بکرێت، حکومەتی هەرێم، پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم، سەرکردایەتی سیاسی، هەر هەموومان باسمان لەوە کردووە داخوازی ئەوەینە پەیوەندیەکی باشمان لەگەڵ تورکیا هەبێت، داخوازی ئەوەینە بەرژەوەندییەکان رەچاو بکرێتن، بەڵام ئەو دەنگە بە تەنیا لە کوردستانی عێراق و لە عێراقەوە دێت، لە تورکیا ئەو دەنگەی کە پێشوازی لەو هەڵوێستەی عێراق و کوردستانی عێراق بکاتن زۆر زەعیفە، دیارە ئێمە پێمان ناخۆشە هەر شەڕو پێکدادانێك، پێمان ناخۆشە خەڵك بکوژرێت، بەڵکو ئەگەر بێتو ڕێگای تر هەبێت، خۆی کوشتن هەر خۆی لە خۆیدا مەرفوزە لەلایەن هەموو ئینسانێکی دۆستی مرۆڤ و دۆستی دیموکراتیەت، بەڵام هەڕەشە کردن و هێرش کردنیش بۆ سەر میللەتێکی بێ تاوان، بۆ سەر میللەتێك تەنیا داخوازی ئەوەیە لە ژیانێکی دیموکراسی بژیت و ژیانێکی پڕ ئاشتی بێتن، ڕێزگرتن بێتن لە خۆی و دراوسێیەکانی، هیچ حەقێك نادەینە تورکیا بەو هەڕەشانەی کە دەیکاتن، نەك بەس ئێمە حەقی نادەینێ، لەو دنیایەدا سەرتانسەری دنیا کەس بە تورکیا نالێتن ئێوە حەقن، کەس پێی وا نییە تورکیا حەقێتی، بەتایبەتی کە ڕێگای تری نەگرتووە، ئەوەتا یەکێتی ئەوروپا، یەکێتیەکانی ئەوروپا یەك لە دوای یەك داوا لە تورکیا دەکەن ئەو

هێرشە نەکاتن، ئەمریکا هەروا، دەوڵەتی عێراق هەموویان وا، پێم وایە هەموو ئینسانێکی خاوەن هەڵوێست ئەوەی داخوازی ئاشتی بێتن، ئەو داوایەی لە تورکیا دەکاتن کە هێرشی وا نەکات و، وەزعەکە ئاڵۆزتر نەکاتن بۆ میللەتی عێراق، بۆ خۆشی، دیارە ئەگەر تورکیا ئەو هێرشە بکاتن، هەر ئێمە زەرەر ناکەین، خۆشی زەرەر دەکاتن، کە وتمان ناوچەکە ئاڵۆز دەبێتن و وەزعی تورکیاش ئاڵۆز دەبێتن، سەدان کۆمپانیای تورکی لە کوردستانی عێراقدا ئیش دەکەن، کار دەکەن، ئیشەکانیان رادەوەستێتن، بەڵێ بۆ ئێمە خراپە، بەلاّم بۆ ئەوانیش خراپە، رەئی گشتی ئەوروپاو رەئی گشتی جیهانی رێز لە تورکیا دەگرێتن، رێز لە دیموکراتیەتی تورکیا دەگرێتن، دۆستی تورکیا لە ئەوروپا رۆژ لە دوای رۆژ لە زیاد بووندایە، بۆ ئەوەی تورکیا ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا، بەو هێرشە دۆستەکانیان کەم دەبێتەوە، مانای وایە کۆسپی تازە دێتە پێش بەردەم تورکیا بۆ چوونە ناو ولاّتانی ئەوروپا، فورسەتێکی گەورەش لەبەردەم دایە بۆ پێکەوە ژیان، بۆ بنیادنانەوەی ولاّتەکەمان لە عێراقدا، بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ یەکتری، بە تەئکید ئێمە لەگەڵ ئەوە داین کە چارەسەری کێشەکان بکرێتن، لەوانەش ئەو کێشانەی کە هاتوونەتە پێشەوە لەبەر رۆشنایی هەبوونی ئەو چەکدارانەی پەکەکە لە ناوچەی ئێمەدا، ئێمە بەهیچ شێوەیەك رازی نین ناوچەی کوردستانی عێراق بەکار بێتن دژی تورکیا، بەلاّم ئەو رازی نەبوونە مانای ئەوە نییە قبولی ئەوەی بکەین هێرش بکرێتە سەر ئێمە بەناو ئەوەی کە ئەوان لەناو بچن، ئەم هێرشە ئەگەر خوا نەخواستە بکرێتن، بە رەئی ئێمە کۆتایی بە چەکدارەکانی پەکەکە نایەت، کێشەی تورکیا حەل ناکات، کێشە بۆ عێراق و بۆ کوردستانی عێراق و بۆ ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بۆ ئەو ولاّتانەی تر، کە ئەمرۆ لە عێراقدا، بۆ هاوکاری میللەتی عێراق هێزیان لێرەیە کێشەیان بۆ دروست دەکات، دەبێتە هۆکارێك بۆ بووژاندنەوەی تیرۆرو تیرۆریستان، بۆیە داوا لە تورکیا دەکەین، کە بیر لەوە بکەنەوە رێگای ئاشتی بگرن، رێگای دیالۆگ بگرن، ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان ئامادەین بۆ ئەو دیالۆگە، چ لە رێگای راستەوخۆ، چ لە رێگای حکومەتی عێراقی فیدراڵ، پێم وایە حکومەتی عێراقی فیدراڵ مەسئوولیەتیەتی، لێپرسراوە لەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر بکاتن، ئەو هەڵوێستانەی بەڕێز نوری مالکی دوێنێ نواندوویەتی هەڵوێستێکی لێپرسراوانەیەو رەدی ئەوە دەکات، دەڵێت قەبولی عەسکەری ناکەین، داوای دانیشتنی بە پەلە دەکات، داوا دەکاتن وەفدێك بنێرێت بۆ تورکیا، بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکرێت، داوا دەکاتن لیژنە سێ قۆڵیەکە کۆببێتەوە، ئەمریکی و عێراقی و تورکی، ئێمەش پشتگیری لەو داوایەیان دەکەین، پشتگیری لە هەڵوێستی حکومەتی بەغدا دەکەین، بۆ ئەوەی ئەو هێرشە نەکرێت، داواش لە حکومەتی تورکیا دەکەین، داوا لە پەرلەمانی تورکیا دەکەین بیر لەو وەزعەی ئێستا بکەنەوە، نەگەینە شەڕ، چونکە گەیاندنە شەڕ مانای کارەساتە، کارەساتەکەش بۆ یەك لا نییە، بۆ هەموو لایەکە، بەتایبەتی ئێمە خۆمان بە دۆستی تورکیا دەزانین، داواش دەکەین ئەو دۆستایەتیمان بەهێزتر بێتن و بەقوەتتر بێتن، بەرژەوەندیەکانی تورکیاش رەچاو دەکەین و لەبەرچاو دەگرین، بەلاّم قبول کردنی هێرشیش ناکەین، میللەتی ئێمە میللەتێکە دائیمەن لە ژێر زوڵمدا بووە، پەنجا ساڵە، شەست ساڵ هەر لە ژێر زوڵم دابووەو زوڵمی قەبول

نەكردووە بە هیچ شێوەیەك، قوربانیشی زۆر داوە، بۆ ئەوەی ئەو زوڵمەی لەسەر لا بچێت، زوڵمیش لە هیچ لایەك قەبول ناكات، بۆیەش ڕێگا بە خۆمان نادەین ببینە هۆی ئەوەی هیچ كێشەیەك بۆ هیچ وڵاتێكی دراوسی دروست بكەین، جا لێرە من حەزم كرد، ئەو ڕاستییانە عەرزی جەنابتان بكەین، چونكە نەدەكرا زۆر لە ئەندامانی بەڕێزو مەسئوول فراكسیۆنەكان و پێكهاتەكانی ناو پەرلەمان قسەمان لەسەر كردووە، كە دەكرا ئەمڕۆ تەرخان بكەین بۆ باس كردنی وەزعی نالەباری هەرێم بەهۆی هەڕەشەكانی توركیا، بەڵام وامان بە باش زانی، كە ئێمە دەنگی ئێوە لە ڕێگای ئێوەوە بگەیەنین، داوای ئاشتی بكەین، داوای دیالۆگ بكەین، لەو مینبەرەوە داوا لە توركیا دەكەین واز لەو هەڕەشانە بێنێتن، داوای لێ دەكەین گوێ بگرێتە ڕای گشتی ناوخۆی، لە ڕای گشتی عێراق، ڕای گشتی جیهان، كە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ شەڕ دانین، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ هەڕەشەدانین، لەگەڵ بەزاندنی سنوور دانین، ئەگەرچی دەنگێكیش هەبێتن لە كوردستاندا لەگەڵ ئەوەدا بێتن كە هێرش بكرێتن، ئەمە لە نەتیجەی ئەوەدا بووە، كە هەندێك ڕووداو ڕوویداوە، بەڵام ئێمە دڵنیاین لەوەی كۆی ڕای گشتی لەگەڵ شەڕ نین، پێشم وایە ڕێگا هەیە بۆ چارەسەر كردنی ئەو كێشانە بەوەی كە ڕێگای دیالۆگ بگرین و ئێمە ئامادەین و پابەندیشین بە هاوسێیەتی، بە یاسای نێودەوڵەتی بە بەرژەوەندییە گشتیەكان، ئومێد دەكەم كە شەڕەكە نەبێتن ئینشائەڵڵا، بەزاندنی سنوور نەبێت، هەفتەی داهاتووش دانیشتنێكی تایبەت دەكەین بۆ ئەوە، جا من لێرە ئەو ئومێدەو ئەو تەمانایە بەوەی ئینشائەڵڵا كۆتایی پێ دێتن، كە پەرلەمانی توركیا بڕیار دەداتن كەوا ڕێگا نەداتن ئەو هێرشە بكرێتن، فورسەت بداتن بە دیالۆگ، فورسەت بداتن بە گفتوگۆ، بە دانیشتن لەگەڵ حكومەتی هەرێم، لەگەڵ حكومەتی فیدراڵی بەغدا، لەگەڵ هەر لایەنێك كە پێویست بێتن، بۆ ئەوەی كۆتایی بەو كێشانە بێنین، سوپاستان دەكەم. كاك دكتۆر نوری نوقتەی نیزامت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من وا دەزانم كەوا لەناو پەرلەماندا هەموو لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی جەنابتین، سەبارەت بە نیازی لەشكركێشی بۆ سەر هەرێمی كوردستان، بۆیە پێشنیازی ئەوە دەكەم، ئەوەی جەنابتان فەرمووتان بەناوی پەرلەمانی كوردستانەوە، وەكو نوێنەری خەڵكی كوردستان، وەكو نامەیەك ئاراستەی توركیا بكرێت، تاكو ئێمەش وەكو پەرلەمانانی دنیا، لە ئەوروپا، لە ئەمریكا، لە وڵاتانی دراوسێمان، كە ئاگادار بن كە گەلی كوردستان بە هیچ شێوەیەك ئەو جۆرە لەشكركێشەی قەبول نییە، ئێمە دۆستی گەلی توركیاین و هەمیشە ئێمە دۆستایەتیمان ویستووە لەگەڵ ئەو گەلەدا، ئومێدەوارین ئەوانیش حیساب بۆ بۆچوونی ڕای پەرلەمانی كوردستان بكەین، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاست دەكەم، ئەم ئیقتیراحە بەجێیە، بەڵام لەبەر ڕۆشنایی واقیعێكدا، كە توركیا جارێ ناوی كوردستان قەبول ناكات بە داخەوە، ناوی پەرلەمانی كوردستانیش هەر قەبول ناكات، جارێ ئێمە دەنگمان

له ڕێگای تەلەفزیۆنەکانەوە وەکو جەنابت فەرمووت، ئەو داوایە ئاراستەی پەرلەمانی تورکیا دەکەین، هەروەها لە ڕێگای ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیشەوە، کە نوێنەری ئێمەشن لە کاتی وا دا، ئەوانیش ئەو داواکارییە ئاراستەی پەرلەمانی تورکیا بکەن، پێم وایە بە تەئکید لە ڕێگای ئیعلامەوە بەرپرسانی تورکیا مومکینە پێیان بگەیەنن، بە هێزە سیاسیەکان بڵێن، بە حکومەتەکەیان بڵێن، چونکە هەموو لایەکیان ئەوانیش موتابەعەی وەزعی عێراق و کوردستان دەکەن، چۆن ئێمە ڕۆژانە بەدوای ئەو خەبەرو تەسریحاتە داین کە لە تورکیاوە دەردەچێت، ئەوانیش موتابەعەی ئێرە دەکەن، ئومێد دەکەم گوێیان لە دەنگی ئێوەی بەڕێز بێت، پێمان وایە تەبعەن کێشەی تورکیا هەمووی بە دیالۆگ دەبێتن، هیچ شتێکی ئیزافیشمان داوا نەکردووە، غەیری ئەوەی کە ئەو دیموکراتیەی کە لە تورکیادا هەیە بۆ هەموو پێکهاتەکانی تورکیا بێت، پشتگیری لەوە دەکەن لەناو خۆیان، بەبێ ئەوەی ئێمە یەك حەرفیش زیاد بڵێین، بەڵام بە ڕێگای دیموکراسی، ڕێگایەك بدۆزنەوە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان، سوپاس، کۆتایی بە خاڵی یەکەم دەهێنم.

داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی دەکەم بێن بۆ باس کردنی خاڵی دووەم/ ئەویش خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای باجی خانووبەرەی ژمارە (162)ی ساڵی 1959ی هەموار کراو، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشکەش کراوە، با بفەرموون، فەرموو کاك عەونی ئەسڵی قانونەکە مادده بە مادده بخوێننەوە بەکوردی و عەرەبی، دوایێ ڕەئی هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مەجالێکم بدەیت تەوزیحێك بکەم سەبارەت بە پرۆژەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خوشك و برایانی ئەندامانی پەرلەمان.**

پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای باجی خانووبەرە لە لایەن حکومەتەوە پێشکەش کراوە، لە پرۆژەکە داوا کراوە کە چوار مادده لە ماددەکان هەموار بکرێت، یەکەم/ ماددەی دووەم.

دووەم/ ماددەی چوارەم.

سێیەم/ ماددەی یازدەم. لەگەڵ بڕیارێکی سەرۆکایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە، کە ژمارەی (520)ی ساڵی 1987، ئێستا لە لایەن برای بەڕێزم کاك تارق جامباز ماددەی یەکەمی پرۆژەکە بە زمانی کوردی دەخوێنێتەوە، دوایێ لە لایەن برای بەڕێز مامۆستا زانا بە زمانی عەرەبی دەخوێندرێتەوەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پرۆژەی یاسای ژمارە ( ) ساڵی 2007**

**یاسای هەموار کردنی یاسای باجی خانووبەرە ژمارە (162)ی ساڵی 1959 هەموار کراو**

**ماددەی یەکەم:**

**یەکەم: کار کردن بە ماددەی (2) لە یاسای باجی خانووبەرەی ژمارە (162)ی ساڵی 1959 رادەگیرێت، ئەمانەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:**

**1- رێژەی لە 10٪ لە داهاتی ساڵانەی هەموو خانووبەرە دادەگیرێت وەکو خەرجی چاك کردنەوەو نۆژەن کردنەوەو بەر لە حیساب کردنی باجەکە.**

**2- باجی بنەڕەتی دادەسەپێ و وەردەگیرێت بە بڕی 10٪ لە داهاتی ساڵانەی هەموو خانووبەرەکان دوای داگرتنی بڕگەی یەکی سەرەوە.**

**دووەم:**

**زیاد کردنی بڕگەیەك بۆ ماددەی چوار لە یاسای باجی خانووبەرەی ژمارە 162ی ساڵی 1959ی هەموار کراو بڕگەی (3)ی دووبارەیە.**

**بڕگە (3)(باڵاخانەکانی نیشتەجێ بوون و بازرگانی کە لە سێ نهۆم پتر جگە لە ژێر زەمین کە سەر لە نوێ بنیاد دەنرێنەوە لە باجی دەرامەت دەبووردرێن بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە رۆژی تەواو بوونی بنیادنانەکەیان کە لیژنەی خەمڵاندن دەست نیشانی دەکات.**

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**قانون رقم ( ) لسنة 2007**

**قانون تعديل القانون ضريبة العقار رقم 162 لسنة 1959 المعدل**

**المادة الاولى:**

**اولاً: يوقف العمل بالمادة (2) من قانون ضريبة العقار رقم 162 لسنة 1959 ويحل محلها ما ياتي:**

**1- تنزل نسبة 10٪ من الايراد السنوي لكل عقار كمصاريف الصيانة والترميم قبل احتساب الضريبة.**

**2- تفرض وتستوفى ضريبة اساسية مقدارها 10٪ من الايراد السنوي لجيمع العقارات بعد تنزيل الفقرة (1) اعلاه.**

**ثانياً: اضافة فقرة الى المادة (4) من قانون ضريبة العقار رقم 162 لسنة 1959 المعدل فقرة (3) مكررة.**

فقرة (3) مكرر/ تعفى العمارات السكنية والتجارية اكثر من ثلاث طوابق فما فوق عدا السرداب التي تشيد مجددا من الضريبة الاساسية لمدة سبع سنوات اعتباراً من تاريخ اكمال تشيدها الذي تعينه لجنة التقدير.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەی لیژنەی یاسایی پشتگیری لە پرۆژەکە دەکەین بە تەواوەتی، بەگوێرەی بڕگەی دووەمی ڕاپۆرتەکەمان داوا دەکەین ناوی قانونەکە بەو شێوەیە بێت (قانون تعدیل تطبیق قانون ضریبة العقار رقم 162 لسنة 1959 المعدل في اقلیم کوردستان-العراق)، لەبەر ئەوەی دەستووری عێراقی ئیتیحادی ئەو مەجالەی داوەتە ئێمە، کە قەوانینی ئیتیحادی ئەگەر نەگونجا لەگەڵ زروفمان تەعدیلی بکەین لە کوردستان بەو شێوەیە (تعدیل تطبیق قانون ضریبة العقار).

سەبارەت بە ماددەی یەکەم لیژنەی یاسایی پشتگیری ماددەکە دەکات، وام پێ باشە ئەسڵی قانونەکە بخوێنمەوە، تاکو ئەندامانی پەرلەمان بزانن ئەسڵی پرۆژەکە چیە، ئەو گۆڕانکاریەی لەسەر دەکرێت چیە، تاکو نوقتەیەکی وازیحیان لەپێش بێت لە موناقەشە کردن مەعلوم بێت لە لای جەنابیان، ئەوە ئەسڵی قانونی زەریبەی عەقار رەقم 162 ساڵی 1959ی هەموار کراو:

(المادة الثانیة: مع مراعاة الاعفاءات الواردة في هذا القانون:

1- تفرض وتستوفی ضریبة اساسیة مقدارها 12٪ من الایراد السنوي للعقار.

2- تفرض وتستوفی ضریبة اضافیة علی مایزید علی الف دینار من مجموع دخل المکلف من عقاراته بما فیه حصته الارتزاقیة من العقارات الموقوفة وفق النسب التالیة:

2٪ مازاد علی الف دینار الی الفي دینار، 4٪ مازاد علی الفي دینار الی ثلاثة الاف دینار، 6٪ مازاد علی ثلاثة الاف دینار الی اربعة الاف دینار، 8٪ مازاد علی اربعة الاف دینار الی ستة الاف دینار، 10٪ مازاد علی ستة الاف دینار الی ثمانیة الاف دینار، 12٪ مازاد علی ثمانیة الاف دینار الی عشرة الاف دینار، 15٪ ما زاد علی عشرة الاف دینار)، ئەوە ئەسڵی قانونەکەیە قانونی زەریبەی عەقار رەقم 162 ساڵی 1959، بەگوێرەی پرۆژەکە ئەو ماددەیە لە ئیش رادەوەستێت لە کوردستان، واتا ئیشی پێ ناکرێت، ئەو صیاغەیەی کە حکومەت ناردوویەتی بەو شێوەیە کە تازە برادەران خوێندیانەوە، ئەوە جێگای ئەو دەگرێتەوە، واتا لێرە قانونەکە دوو هەدەفی هەیە، یەك/ تەوحیدی قەوانینی زەریبە لە کوردستان، کە هەنگاوی یەکەم بۆ تەوحیدی وەزارەتی دارایی و ئابووری لە کوردستان.

دووەمین/ کەم کردنەوەی نیسبەی زەریبەی ئەساسی، واتا لە حکومەتی عێراقی مەرکەزی زەریبەی ئەساسی لە 12٪یە بەگوێرەی پرۆژەی حکومەت دەبێت ببێتە لە 10٪ زائیدەن زەریبەی ئیزافی نامێنێتەوە لە کوردستان، نیسبەکەش کە لە فەقەرەی یەکەمدا هاتووە 10٪ (تنزل نسبة 10٪ من الایراد السنوي لکل

عقار كمصاريف الصيانة والترميم قبل احتساب الضريبة) ئەوە ماناى وایە زەریبەی ئەساسی لە كوردستان بەگوێرەی ئەو تەنزیلەی دەبێتە لە 9٪ لەجیاتی 10٪، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا ئێوە لەگەڵ دەقی ماددەكەن لەگەڵ ئەو گۆڕانكاریە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ، ئێمە لەگەڵ دەقی پرۆژەكەینە، لەبەر ئەو ئەسبابانەی كە ئاماژەم پێ كرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعيل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی دارایی بەشێوەیەكی گشتی پشتگیری لە پرۆژەكە دەكات، بەڵام تێبینی هەیە بەرامبەر بە ماددەی یەكەم بڕگەی دووەم، ئێمە پێشنیاز دەكەین ئەو بڕە پارەی كە لە داهاتی ساڵانەی هەموو خانوویەك وەردەگیرێت، كە بڕەكەی لە 10٪یە دابەزێنێت بە لە 8٪.

تەنها سەبارەت بە ماددەی یەكەم، ئێمە پێمان باشە بڕی ئەو زەریبەیەی كە وەردەگیرێت لە 10٪ەوە دابەزێنرێت بۆ لە 8٪، سەبەبەكەی ئەوەیە بەڕاستی ئێمە یاساكەمان دەركردووە، بەناوی یاسای وەربەهێنان، یەكێك لە هەدەفی یاسای ئەو وەبەرهێنانە، یەكێكیش لە هەدەفی ئەم یاسای باجە ئەوەیە كە ئێمە مەودایەك دروست بكەین، خەڵكی خانووبەرە دروست بكات و ئەو كێشەیەی خانووبەرەی كە هەیە لە وڵاتدا نەمێنێت، ئێمە كە كاتێك زەریبە زیاتر دەخەینە سەر خانووبەرە، ئەمە خەڵك هان نادات بۆ ئەوەی ئەو زەوی و زارانەی كە هەیانە بیكەن بە خانوو، بەپێچەوانەوە ئەو مەودایانە كەم دەكاتەوە، ئەمە لە لایەك، لەگەڵ یاسای وەبەرهێنانەكە یەك ناگرێتەوە، لە لایەكی تریش، بەڕاستی یەكێك لە ئامانجی هەموو یاسایەكی باج ئەوەی كە تۆ سەر لەنوێ داهاتی خەڵك دابەش بكەیتەوە بەشێوەیەكی عادیلانە، ئەم باجەش لە نیسبەتی لە 10٪ زۆرە بۆ ئەمڕۆی خەڵكی كوردستان، چونكە ڕادەی هەڵئاوسانی ئابووری زۆر زۆر بەرزە، بۆیە ئێمە پێمان چاكە ئەو زەریبەیە بێتە خوارەوە بۆ لە 8٪.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی كاك دلێر ئەو زەریبەیە موقتەرەحەكەی حكومەت هێناویەتە خوارەوە، یەعنی لە 12٪ و 15٪ بووە بە 10٪، جەنابی وەزیر ڕەئیت چیە فەرموو.

**بەڕێز سركيس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر خانوویەك كە تازە دروست دەكرێت جارێ سێ ساڵ عەفوو دەكرێت لە زەریبە، بەپێی ئەو یاسایەی كە ئێستاش هەیە كە بەڕێزیان خوێندیان، هەر باڵاخانەیەك كە لە سێ نهوم زیاتر بێت لە ماوەی حەوت ساڵ دەبەخشرێت لە زەریبە، بێجگە لەوەی هەر بەپێی ئەو تەعدیلەی كە ئێستا كردمان پێشتر زەریبەی ئەساسی و زەریبەی ئیزافی هەبوو، ئێستا بەو تەعدیلاتە زەریبەی ئیزافیش نەما كە بیدەیت، زیاتر لەوە بە قەناعەتی من هیچ داهاتێك بۆ حكومەت نامێنێت، بۆیە پشتگیری لە رەئی حكومەت دەكەم و هەروەكو لیژنەی یاساییش پشتگیری لێ كرد وەكو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس قسەی هەیە، فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی پشتگیری ئەو ماددەیەمان كردووە، بەڵام حەز دەكەم نوقتەیەك هەیە تەوزیحی بكەم، ئەویش ئەوەیە، تەنها كەم كردنی زەریبە نییە، تەوحیدی قەوانینی هەردوو ئیدارە نییە، بەڵكو هەندێك بڕیار لەكاتی بریمەر دەرچوو، كە پەیوەندی هەیە بە زەریبە لە دوای 2003 و دوای ئەوەی ئەم بڕیارانە كاری پێ دەكرا لێرە، ئێستا ئەوەی كە دەرچووە پەیوەندیەكی راستەوخۆیە لەگەڵ یاسای زەریبە لە هەرێمی كوردستان، لەگەڵ یاسای ئیتیحادی كە قانونی زەریبەی عەقار دەرچووە، واتا تەوحید كردنی هەموو ئەو یاسایانە چ ئەوەی لە پۆل بریمەر دەرچووە، چ ئەوەی لە هەردوو ئیدارە دەرچووە بەم ڕێژەیەی كە ئێستا هاتووە، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لەو پرۆژانە دەكەم، وەكو ئەوەی تەوحیدی ئەو باجانەی هەردوو حكومەت هەیە، دووەمیش/ هاوكاری كردنی خەڵكە، بەڵام دەبێت حكومەت باج وەربگرێت، رەنگە رۆژگارێك بێت خۆمان بە باج بەخێو بكەین، بۆیە باج وەرگرتن لە لایەن حكومەتەوە بەشێوەیەكی جوان و بەردەوام دەبێت پشتگیری لێ بكەین، من ماددەی یەكەم لەگەڵ یەكەمیانم، بەڵام لە بڕگەی دووەم لە زیاد كردنی ئەو فەقەرەیەی كە ئەو بینایانەی كە دروست دەكرێن لە سێ ساڵ زیاتر بێت، بۆ ماوەی حەوت ساڵ عەفوو بكرێن، دیارە من ئەو حەوت ساڵم پێ زۆرە، لەبەر ئەوەی ئەو بینایانەی كە دەكرێن هەموومان دەزانین بەداخەوە زۆر كەم بینای سەكەنیە، هەمووی سۆپەرماركێت و ئوتێلە، هەمووشی هی خەڵكی دەوڵەمەندو سەرمایەدارە، بۆیە عەفوو كردنیان بۆ ماوەی حەوت ساڵ زۆرە، ئەمە لە بەرژەوەندی حكومەت نییە، لە بەرژەوەندی

هاوولأتيانيش نييه حەوت ساڵ عەفوو كردن، چونكە ئێمە شارەزاين ئەو سوپەرماركێتانە، ئەو بينايانە هى خەڵكى دەوڵەمەندو سەرمايەدارە، بۆيە من پێم وايە حەوت ساڵە كە بكرێتە پێنج ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئەمە ئەگەر هەر بۆ يەكخستنەوەى ئەو بڕيارانەش بێت، كە پەيوەنديان بەو دوو وەزارەتەوە هەيە، شتێكى زۆر باشە، بەلأم ئەوەش گرنگە كە زياتر بەرژەوەندى هاوولأتى لەبەرچاو بگيرێت، ئێمە لە عەرەسات لە زەويەكاندا باسى دوو شتمان كرد، ئەوەى كە تەمليكە، ئەوەى كە تەمليك نين، يان ئەوەى كە يەكێك بەكارى دەهێنێت، يەكێكى تر بۆ غەرەزێكى تر بەكارى دەهێنێت، لێرە فەرق نەكراوە لە بەينى شتى تيجارى و شتى ئيستيخدامى خێزانى، يەعنى بينايەك، خانوويەك كە كابرا بۆ خۆى بەكارى دێنێت، من پێم وايە ئەمە جيا بكرێتەوە لە يەكێكى تر كە بۆ چەند خانوويەك بەكار دەهێنێت بۆ كرێ، يەعنى دەتوانێت بينايەكى گەورە دروست نەكات، دەتوانێت ئەگەر كابرايەكى دەوڵەمەند بێت بينايەكى سێ قات و چوار قات دروست بكات، وەكو كوێستان خان باسى كرد، دەيكات بە بينايەكى گەورە، دەتوانێت ئەوە نەكات، بەلأم پێنج، شەش خانووى هەبێت، ئەمە لەگەڵ يەكێكدا كە يەك خانووى هەيە جيا نەكراوەتەوە لەم ياسايەدا، من پێشنيارى ئەوە دەكەم كە فەرقێك بكرێت لەنێوان ئەو كەسەى كە بۆ نيشتەجێ بوونى خۆى من دەڵێم رێژەكەى كەم بێت، بەلأم ئەوەى كە بۆ كرێ بەكارى دەهێنێت بۆ سەرمايەدارى، ئەوە ئەم شێوازەى لەگەڵ بەكار بهێنرێت شتێكى باشە، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من بەڕاستى پشتگيرى لە پرۆژەكەى ليژنەى ياسايى دەكەم، نامەوێت قسەكانى كاك شێروان دووبارە بكەمەوە، بەڕاستى ئێمە يەك دنيا تەسيهلات و ئيمتيازاتمان بوو، لە قانونى ئيستيسماردا بۆ خەڵكى موستەسمير داناوە، هيچ حيكمەتێك نابينرێت، جارێكى تريش ئێمە ئەو رێگەيەى بۆ خۆش بكەين، ئەو نيسبە يە كەم بكەينەوە لەگەڵ ئەوەى كاتێك ئێمە دەزانين زەريبە خۆى زەرورەتێكە حكومەت بەكارى بێنێت لە حاڵەتى خەدەماتدا، ئەگەر ئێمە بۆى جياى بكەينەوە، خۆ ئەم زەريبەيە لەسەر خەڵكى عادى نييە، لەسەر خەڵكێك دەبێت كە تواناى لە حەددى خۆى زياتر تێ دەپەڕێت، لەوەى كە خانوويەك بەكار دەهێنێت، ئەمە عيمارەيەك دەكات، يان پرۆژەيەكى هەيە، پێم وايە ئەوەى ليژنەى قانونى گونجاوەو لە جێى خۆيەتى، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی دووەم لە ماددەی یەكەم من تەئیدی لیژنەی دارایی دەكەم كە لە 8٪ بێت لە 10٪ نەبێت، بەڕاستی دەبێت ئێمە ڕەچاوی بەرژەوەندی خەڵكی كوردستانیش بكەین لەو مەسەلەیەدا، ڕاستە باج گرنگە كە حكومەت وەریدەگرێت و بەشێك لە داهاتەكانی حكومەت دەگەڕێتەوە بۆ زەریبە، بەڵام دەبێت ئێمە تەوازونێك وەربگرین، هەم لەگەڵ خەڵكەكە، هەم بۆ حكومەتیش، ئەو پارەی حكومەتیش كە دەگەڕێتەوە بۆ حكومەتی، زەریبە هەر بۆ خەڵكەكە دەگەڕێتەوە، بەشێوەیەك لە شێوەكانی تر داخیلی پرۆژە خزمەتگوزاریەكان دەبێت، بەنیسبەت بڕگەی سێیەمیش، بەڕاستی مەسەلەكە دەڵێ لە سێ نهوم زیاتر بێت، ئێمە دەزانین مەسەلەن لە قەزاو ناحیەكان لەوانەیە كابرا دوو نهۆمی پێ دروست بكرێت، لەوانەیە سێ نهۆم بێت، نهۆمێك بێت ئەو بینایانەی كە دروست دەكرێن، من لەگەڵ ئەوە دام ئەو سێ نهۆمیە نەمێنێت، هەموو ئەو بالاْخانانەی كە دروست دەكرێن، حەوت ساڵەكەش بكرێت بە پێنج ساڵ، لەبەر ئەوەی حەوت ساڵ زۆرە، خۆتان ئاگادارن ئەو بالاْخانە گەورانەی كە ئێستا لە هەولێر دروست دەكرێتن، لە سلێمانی دروست دەكرێتن هیچی خەڵكی هەژار پێی دروست ناكرێت، بگرە لە دهۆكیش،لە بەشێك لە گەرمیانیش دروست دەكرێن، خۆتان دەزانن ئەكسەریەتی ئەوانەی كە دروست دەكرێن سەرمایەدارەكان دروستی دەكەن و بەشێك لە بەرپرسەكان دروستی دەكەن، بۆیە ئێمە دەبێت هەوڵی ئەوە بدەین تەوازونێك هەبێت، ئێستا خەڵك وای لێك دەداتەوە دەڵێت باشە سێ نهۆمیەكە هی خەڵكە هەژارەكەیە ئیعفا ناكرێتن لەو حەوت ساڵەی، بەر ئەو حەوت ساڵە ناكەوێت، بەڵام هی مەسئوولەكان و هی خەڵكی تر بەر ئەو حەوت ساڵە دەكەوێت، لەوانەیە وەكو نوكتەیەك بڵێن دۆم بێت و دەچێت وا دەكاتن یەعنی، بەڕاستی دەبێت ئێمە لەو مەسەلەیەدا تەوازونێك ڕابگرین، تەوازونێك هەبێتن هەم خەڵكەكە، هەم ئەوی تریش، ئەگەر سێ نهۆمیەكە نەمێنێت، یەعنی نەگوترێت لە سێ نهۆمی زیاتر بێت، ئەو بالاْخانانەی كە دروست دەكرێتن، جا دووە، سێیە، حەوتە موشكیلەیەك نییە، حەوت ساڵەكەش بكرێتە پێنج ساڵ، هەموو لایەكی تێدا سوودمەند دەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینیم هەیە لەسەر فەقەرەی سێ، دیارە ئەو ڕێژەیەی كە حكومەت دایناوە لە 10٪ ئەوە لیژنەی یاساییش پشتگیری لێ دەكات، من ئەو 10٪یەم پێ كەم نییە، باشە، بەڵام فەقەرەی سێیەم ناعەدالەتیەكی تێدایە، عیماراتی سەكەنی كە لە سێ تابق بەسەرەوە بەتایبەتی سەردابیشی لێ دەردەكەن،

ئەوە زیاتر خەڵکی سەرمایەدارە، باشە با تەشجیع بکرێت حەوت ساڵ باج نەداتن، بۆ ئەوەی پارەکە بێنێتن تەوزیفی بکات بۆ عیماراتی سەکەنی، بۆ بەرهەمهێنان، بەڵام بۆ خەڵکی فەقیریش کەس نییە بەڕاستی لە کوردستان لە سێ تابق بەرەو سەرەوە بکات، یەعنی هەمووی دوو تابقەو یەك تابقە بە سەردابەکەیەوە سێ تابقە، بۆیە من داوا دەکەم ئەگەر حەوت ساڵەکە بمێنێتەوە بۆ خەڵکی هەژاریش ئەو حەوت ساڵە بێت، یەعنی تێکڕا، نەك بۆ سەکەنی ئەوەی کە خەڵك دوو تابق دەکات، سێ تابق دەکات سێ ساڵ بێت، بەڵام بۆ عیمارە سەکەنیەکان کە لە سێ تابق زیاترە حەوت ساڵ بێت، یان ئەوەتا هی هەردوو لایان وەك یەکی لێ بکرێت، جا حەوت ساڵە، یان پێنج ساڵە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەقیر و دەوڵەمەندەکە، لێرە بەحەقیقەت نازانم هین نییە، فەقیر لەکوێ دەتوانێت دوو تابقیش دروست بکاتن، دوایێ کە قانون دادەنێین هەموو لایەنەکان رەچاو دەکرێتن، تەبعەن تا ئێستا دوو شتی گرنگ هاتۆتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە گرنگەکە لەوە دایە حەوت ساڵەکە داوا دەکرێت بکرێتە پێنج ساڵ، سێ نهۆمیەکەش نەمێنێت، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز سرکیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە حەوت ساڵمان داناوە هەدەفمان راکێشانی سەرمایەدارەو تەشویقی ئیستیسماراتە لە هەرێمی کوردستان، بەخۆی خۆی لەخۆیدا هەر خانوویەك کە تازە دروست بکرێت، یان هەر بالأخانەیەك کە سێ نهۆمی بێت بەخۆی بۆ سێ ساڵ عەفووە لە زەریبە، بەڵام ئێمە کە لە سێ نهۆم بەرزتر عەفووی دەکەین بۆ ماوەی حەوت ساڵ، بۆ ئەو هەدەفەیە، کە تەشویقی ئیستیسمارات بکەین، ئەوەی کە باسی خانووی سەکەنیشیان کرد، هی نیشتەجێ، ئەوەی خانووی نیشتەجێی دروست دەکات، ئەو هەر ئیعتیادی لە باج عەفووە، باجی لێ وەرناگیرێت، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز سرکیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەك روون کردنەوەیە بەڕاستی ئێمە زۆر جار یاسا دەردەکەین و ناگەڕێینەوە سەر یاساکان، ئێمە بەپێی یاسای وەربەرهێنان ئەو ساڵانەی کە ئیعفا کراوە خاوەن خانووبەرە ئیعفا کراوە زۆر زۆر زیاترە لە حەوت ساڵ، دە ساڵە، لەبەر ئەوە ئێمە ناکرێت یاسایەك دەربکەین، لەگەڵ ئەو یاسایە نەگونجێت، ئەمە لەکاتێکدا ئەو کەسەی کە سوودمەند دەبێت لە یاسای وەبەرهێنان، نەك عەفوو کراوە بۆ دە ساڵ، بەڵکو ئیعفا کراوە لە هەموو هێنانی کەرەستەیەك و لە هەموو باجێکی تر لە دروست کردن و لە پێداویستیەکانی ئەو خانووبەرانە دروست کراوە، لەبەر ئەوە بەڕاستی دەبێت ئێمە ئەو یاسایانەی دەردەکەین هەمووی

هاوئاهەنگ بـن لەگـەڵ یـەکتردا بگـونجێن، یاسـایەك دەرنـەکـەین لەگـەڵ یاسـایەکانی تـر، بەتایبـەتی لەگـەڵ یاسایەکی چارەنووسسازی وەکو وەبەرهێنان رێك نەکەوێت، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە بەڕاستی ئێمە ناکرێت خاوەن سەرمایەی خۆمان مەغدور بکەین، لە کاتێکدا دەرگایـەکی گـەورەمان بـۆ سـەرمایەی بێگانـە کردۆتـەوە، ئێمـە یاسـای وەبـەرهێنانمان دەرکـردووە، نـەك تـەنها بـۆ هێنـانی سـەرمایەی بێگانـە، بـەڵکو بـۆ هاندانی سەرمایەی خۆماڵیش، بۆ ئەوەی سەرمایەکانیان وەبەر بێنن و تەجمیدی نەکەن و بەکاری بێنن بۆ ئاوەدانکردنـەوەی وڵات، بۆیـە ئێمـە لەسـەر ئـەو بنەمایـە داوای ئـەوەمان کـردووە، کـە ئـەو رێژەیـە کـەم بکرێتەوە، کە مافێکی هاوشانی سەرمایەی بێگانە بدرێت بە سەرمایەی خۆماڵی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێت لێرە تەوزیحێك بدەم، دیارە برادەرانی ئەندامانی پەرلەمان جیاوازیان نەکردۆتـەوە، ئـەو مـاددەی یەکەم لە پڕۆژەکە دوو بابەتی باس دەکات، لە بڕگەی یەکەم باسی مـاددەی دوو دەکـات، کـە ئـەوە گوتیـان نیسبەکە لە 10٪ یە دەبێتە 9٪ بەگوێرەی ئەو تەنزیلاتەی لە فەقەرەی یەکەمدا هاتووە.

دووەمین/ باسی ماددەی چوار دەکات لەقانونی زەریبـەی عـەقار، ئـەو تایبـەتـە بـە عیمـاراتی سـەکەنی، یـان تیجاری کە لە سێ قات، زیاتر بکرێت، ئەو مەوزوعە عیلاقەی بـە مـەوزوعی ئیسـتیسـمار نییـە، ئیسـتیسـمار پڕۆژەیەکی عیملاقە، جیـاوازە لـەو پڕۆژەیـەی کـە هـاتووە، ئـەوە حـاڵەتی عیمـاراتی سـەکەنی، یـان تیجـاری ئیعتیادی کە لـە کوردسـتان دروسـت دەکرێـت موعالەجـەی ئـەو وەزعـەی دەکات، دەیانـەوێت ئیمتیـازاتێکی خاصی بدەنێ، کە ئیعفایەکە بۆ مـاوەی سـێ سـاڵ بێـت، هـەتا خـەڵك، صـاحێب پـارە بتوانێـت پـارەی خـۆی سەرف بکات لـە دروسـت کردنـی عیمـاراتی سـەکەنی، کـە سـێ قـات زیـاتر بێـت، لەبـەر ئـەوەی تـەوەجوهی عیمران، ئیسکان ببێتە ئیسکانی عامودی لە جیاتی ئیسکانی ئوفوقی، کە زۆر تەکلیفی حکومەت دەکاتن بـۆ گەیانـدنی خـەدەمات، هەرچـەندە ئیسـکانی عـەمودی بێـت ئاسـانکاریەکی زۆری تێدایـە، لێـرە پـێم خۆشـە برادەران ئاگایان لەو مەوزوعـە هـەبێت، دوو بابـەتی جیـاوازە، مـاددەی دووەم لەگـەڵ مـاددەی چـوارەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك عەونی ئەوە شەرحێکی باش بـوو، بـەڵام بڕێکـی زیـاتر هـین بکـەیت، بـۆ ئـەوەی ئـەو فەرقـەی بەینی ئەو زەریبەیە، ئەگەر بێتو ئیستیسماری بێت، یان غەیری ئیستیسماری بێت چۆنی جیـا دەکەیتـەوە، چۆن یەعنی یـەکێك شـوقەی دروسـت کـردووە، دەڵێ قـانونی ئیسـتیسـماریەکە باشـترە لـە مەنفەعـەتی داوا دەکات، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئیستیسمارەكە مەعلومە بەپێی قانونی ئیستیسمار دەكرێت، هەیئەیەكی خاص هەیە ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەكە لە ڕێگای ئەوان تەقدیم دەكرێت، ئەو مولْكی خەڵكە ئیعتیادیە، حاڵەتی ئیعتیادیە، یەعنی جیاوازیەكە لێرەیە، زۆریش وازیحە، یەعنی قانونی ئیستیسمار ڕێگایەكی زۆر موعەقەدی داناوە بە چ وەزعێك ئیمتیازات دەدرێتە ئەو كەسەی كە پارەی بێنێتە كوردستان ئیستیسمار بكات لە كوردستان، ئەوە فەرقێكی لەگەڵ ئەو هەیە، فەرقەكەش وەكو گوتم زۆر زۆر وازیحە، هەر كەسێك دەتوانێت، ئێستا ئەو مولْكانەی كە لە هەولێر، یان لە سلێمانی، یان لە دهۆك عیمارەی سەكەنی دروست دەكەن، عیمارەی تیجاری دروست دەكەن، ئەوە خارجی نیتاقی ئیستیسمارە، ئیستیسمار مەوزوعێكی ترە، پەیوەندی بە قانونی زەریبەی عەقار نییە، لەوێ ئیمتیازاتێكی زۆر زۆر دراوەتە موستەسمیر كە دێت لە كوردستان ئیستیسمار دەكات، لەوانە تەخسیص كردنی عارد بەبێ بەدل ئەگەر هاتوو پرۆژەكان پرۆژەیەكی عیملاق بوو و ئیعفائاتی زەریبی لەوێ تەسهیلاتێكی زۆری بۆ كراوە زائیدەن حكومەت مولزەمە بەپێی قانونی ئیستیسمار، خەدەمات و جادەو كارەبا بگەیەنێتە ئەو جێگایانەی كە مەشمولە بە ئیستیسمار، دەمەوێت نوقتەیەكی تر ئیزافە بكەم، برادەران با ئاگایان لەوە بێت قانونی زەریبەی عەقار كە ئێستا لەبەردەممانە فەقەراتی تری تێدایە، ئیمتیازاتی تری تێدایە، لێرە لەو مەشروعە دەیانەوێت زیاتر ئیمتیازاتی بدەنە هاوولاَتیان، زیاتر موستەفید بن، كەم كردنی زەریبە، تەشجیع كردنی خەڵك بۆ بینا كردن ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاسی شەرحەكەی كاك عەونی دەكەم، تۆزێك شتی بۆ روون كردینەوە، بەلاَم ئێمە لە دوای دەركردنی هەموو یاسایەك بەپێی پێویستی كۆمەڵگایەكەیە، پێویستی ئێمە ئەمڕۆ بۆ دەركردنی ئەم یاسایە، یاخود فەلسەفە چیە، ئەم خەڵكانەی كە زەوی خۆیانە دەیكەن بە عیمارە، بۆ عەفوویان بكەین، بۆچی ئەم هەموو تەسیهلاتەیان بدەینێ؟، ئێمە خۆمان لە یاسای ئیستیسماردا گوتومانە موستەسمیری بیانی و خۆماڵی وەك یەك وان، موعامەلەی یەك هینمان بۆ كردووە، بەلاَم ئەمە كابرا زەوی خۆیەتی، خۆی ئیمكانیەتێكی فەوقە عادەی هەیە، دێت ئەم بینایە دروست دەكات، قەیدی ناكات لە رووی مەعمارییەوە، بەشێك لە كێشەی سەكەن حەل دەكات، بەلاَم ئایا ئەوەی كە دروستیشی دەكات، بۆ فەقیرو هەژارە بە سعرێكی كەمیان دەداتێ، تاكو ئێمە ئەم هەموو هینەی پێشكەش بكەین، ئەم هەموو كەم كردنەوەی پێشكەش بكەین، ئینجا هەڵدەستێك لەجیاتی ئەو شوقەیە بە دوو قاتی ئیستیسماریەكەش بەكرێی دەدات، هەمووشمان دەزانین كەسمان ئەوە نین، ئەگەر ئەمە بەڕێز وەزیر باسی ئەوەی كرد گوتی ئەمە بۆ تەشویق كردنی موستەسمیرە، من داوای لێبووردنی لێ دەكەم، ئێمە موستەسمیرمان تەشویق كرد

بە یاسای ئیستیسمار، ئەوەیان بەس نییە؟، یان ئەمە دیارە لەسەر داوای کۆمەڵە کەسێکی خاوەن زەوی و خاوەن عیمارەو سێ قات و چوار قات، پێیان گرانە ئەو زەریبەیەش بدەن بە میللەت، چونکە عادەتەن زەریبەکە دەگەڕێتەوە بۆ میللەت، یەعنی دەبێت تێمان بگەیەنن، فەلسەفەی دەرکردنی ئەم یاسایە چییە، ئێمە بۆچیمانە؟، با وەکو کۆنەکە بێت و هیچ موشکیلەیەکمان نییە، ئەگەر تەشویقە، تەشویقمان کردووەو تەواو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر بە موختەسەری تەشویقە، بەڵام زیاتر تەشویقیان بکەین، کاک جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی زۆر جار کە برادەران قسە دەکەن، کە باسی زەریبە دەکرێت وا دەزانن ئەمە شتێکی خراپەو نابێت بکرێت و ئەمە زەرەری هەیە بۆ خەڵك، بە عەکسەوە، لە شوێنان، لە کۆمەڵگای مەدەنی جگە لە خواردنی سارد، یەعنی میوەو هەندێ ئەو شتانە، هەموو شتێك پارە دەدرێت، هەموو شتێك لە 7٪ دەدەیت، باج دەدەیت بە حکومەت، دەچێت لە چێشتخانەیەك نان دەخۆیت بایی پەنجا دۆلار نان دەخۆیت سێ دۆلارو نیو زەریبە دەدەیت بە حکومەت، بۆ ئەوەی حکومەت بەقوەت بێت، ئێمە مەفروزە بیر لەوە بکەینەوە کە حکومەت بەقوەت بکەین، ئێمە بەتاڵەیەکی زۆرمان هەیە، گەنجێکی زۆرمان هەیە، خەڵکێکی زۆرمان هەیە کە بێ ئیشن، چۆن حکومەت بتوانێت ئیش بۆ ئەمانە پەیدا بکات، چۆن حکومەت بتوانێت ئەم کۆمەڵگایە بەرەو پێشەوە ببات، ئەگەر ئێمە لە هەموو شوێنێکەوە موحاوەلەی ئەوە بکەین زەریبە نەسەنین، من داوای لێبووردن دەکەم، پێویستە زەریبە بەسەندرێت و پشتیوانی لە رەئیەکەی لیژنەی یاسایی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك نوقتە هەیە روونی بکەمەوە، بەنیسبەت ئیجازەی بینا لە شارەوانی لەناو نەخشەی بنەڕەتی شار لە سێ تابق کەمتر نادەن، بەبێ سەرداب، ئەوە یەك.

دوو/ دوو شت لێرە تێکەڵاو بووە، تیجاری و سەکەنی، تەقسیماتی نەخشەی بنەڕەتی لە هەر شارێك دیاری کردووە کام شوێن تیجاریە، کام شوێن سەکەنییە؟، ئێمە نابێت بە موتڵەقی هەردووکی لە یەك رەبت بکەین، با بیکەینە فەقەرەی (أ، ب) عیماراتی تیجاری نەوعە مەعمەلەیەکی لەگەڵ بکەین، عیماراتی سەکەنی نەوعە مەعمەلەیەکی لەگەڵ بکرێتن، بەنیسبەت تیجاری من لەگەڵ ئەوەیمە سەماحەکەی لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت (بما فیها مدة التشید)، ئەوە تەسبیت بکرێت، یان (اعتبارا من تاریخ صدور

الاجازة)، خەڵكانێك هەیە ئیجازەی بینا وەردەگرێت، بۆ ئەوەی كرێچی دەربكات لە خانوو، 90%ی تەنفیز دەكات بە كرێی دەدات، 10%ی دەهێڵێتەوە (لعدم اكمال التشید) بۆ ئەوەی زەریبە نەدات، تەهەروب بكات، لەلای برادەران ئاشكرایە ئەو شتە هەیە لە هەولێر، لەهەموو جێگایەك هەیە، جا رێیان لێ بگیرێتن، مودەی تەشید لە زیمنی ئەو سەماحە بێتن لە زەریبەی دەدرێتن پێنج ساڵ ( بما فیها مده التشید)، بەنیسبەت سەكەنیەكەش دەكرێت حەوت ساڵ بێتن (بما فیها مدة التشید)، لەبەر ئەوەی ئەگەر حەصر نەكرێتن، بەشێك تەنفیز دەكرێت و ئیستیسمار دەكرێت، بەشێكی بچووك لێ دەگەڕێن، بۆ ئەوەی تەهەروب بكات لە زەریبەی، كەباسی ئیستیسماریش دەكەین زۆرم پێ خۆشە ئەوە وازیح بێت، ئیستیسمار كە لێرە ئیشارەتی پێ دراوە عیماراتی سەكەنی، بەس لەوەی مەجموعە عیماراتی سەكەنی دروست بكرێت لەو شوێنەی كە لە نەخشەی بنەڕەتی دیاری كراوە، عیماراتی سەكەنی ناكاتە عیمارەیەك لەناو شار دروست بكرێتن، بۆ نموونە ئێستا ناو جادەی سی مەتری هەولێر، ئەوەش تەوزیح بكەم كە دەڵێن موستەسمیر تەشجیع بكرێتن، زۆر كەس هەیە برادەران دەزانن عاردی بە موساتەحە دەگیرێتن بە مودەی دوو ساڵ سەر قفلانەكەی وەردەگرێتن، كرێی دوو ساڵی وەردەگرێتن، دەڵێ فەرموو ئەو كلیلت، باشە چ بار گرانی هەیە لێرە بۆ موستەسمیری ئەمە تەسهیلاتی زیادی بۆ بكەین بەو شێوەیە، با ئەم تەسهیلاتە بۆ خەڵكانی موستەحەق تر بێت، و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شیخەڵلا فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە پرۆژەكەی حكومەت و رەئی لیژنەی یاسایی دەكەم، بەڵام مولاحەزەیەكم هەیە لەسەر عەفووی حەوت ساڵەی هەموو ئەو بینایەو شوقەو ئەو شتانەی كە دروست دەكرێت، بە رەئی من تەنها ئەوانەی بۆ مەبەستی شوقەی سەكەنی بەكار دەهێنرێت، ئەوانە عەفوو بكرێن، ئەوانەی سوپەرماركێت و ئوتێل و زۆر شتی تر دروست دەكەن لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، پێویستە زەریبەیان لێ وەربگیرێت، لە چ دنیا نییە حكومەتی بێ زەریبە، ئەگەر باس لە فەقیرو فوقەرات دەكرێت، ئەو پرۆژەی دیاری كردووە، هەر كەسێك بۆ خۆی خانوو دروست دەكات هی نیشتەجێ بوونی عەفووە لە زەریبەی، بەڵام من ئەگەر فەقیر بم، دەتوانم سێ خانوو بكەم و بەكرێی بدەم، ئەوە بۆ فەقیری نییە، بە قەناعەتی من پرۆژەكەی حكومەت و رەئی لیژنەی یاسایی زۆر لە جێی خۆیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش رام لەگەڵ ئەو برادەرانەیە کە تیجاری و سەکەن لە یەك جیا بکرێتەوە، کار ئاسانی بۆ ئەوانە بکرێن، کە مەبەستی نیشتەجێ بوونەکەیە، چونکە ئێستا کێشەیەکی گەورە هەیە لەنێوان کرێچی و خاوەن موڵکدا، خەڵك زیاتر کە زەویەکانی بۆ مەبەستی تیجاری بەکار دەهێنێت و لێرەش کار ئاسانی بۆ دەکەن، بۆیە پشتگیری لە رەئیەکەی کاك دلێر و کاك محەمەد فەرەج دەکەم، بەنیسبەت ماوەکە کەم بکرێتەوە بۆ پێنج ساڵ، بەشی تیجاری و بەشی نیشتەجێ کردنیش وەکو دوو خاڵی پرۆژەکە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ زەریبەدام، پێم باشە، چونکە ئەوە پابەند بوونی هاووڵاتییە بەحکومەتەکەی خۆیەوە بە هاوکاری، بەلآم با زەریبە بەپێی قەبارەی شوێنەکە لەگەڵ رێژەی ئەو داهاتەی ئەو شوێنە بەدەست دەهێنرێت، من نموونەیەکی بچووك دەهێنمەوە، بینایە زەخم هەیە ئەوە داهاتەکەی زیاترە لەوەی کە خێزانێك دوو هۆدەی هەیە، یان پیرەژنێك دوو هۆدەی هەیە، هۆدەیەکیان دەدا بەکرێ، بۆ بژێوی خۆی، بەلآم زەریبە لەو تاقە هۆدەیە دەسەندرێت پەیوەستیشی دەکەمەوە بەو بالآخانانەی کە حەوت ساڵ عەفووی بۆ دانراوە بۆ زەریبە، یەعنی بۆ ئەو بالآخانەیە حەوت ساڵ عەفوو بکرێت، بەلآم ئەو ژوورە کە بژێوی خێزانێك، یان چەند کەسێکی لەسەرە عەفوو نەکرێت، بۆیە پێم باشە چاوێك بەو مەسەلانە بخشێندرێتەوەو لەگەڵ رێژەکە زەریبە دابنرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەگەڕێمەوە پرسیارەکەی جەنابت، یەعنی جیاوازی ئەو پرۆژانە لەگەڵ پرۆژەکانی ئیستیسمار من پێم وایە وازیح نییە، ئەمەش دەمانگەیەنێتەوە یەك خاڵ کە نەقصێك هەیە لە قانونی ئیستیسمار، لە قانونی ئیستیسمار دەبێت تەعریفێك بدەینە پرۆژەی ئیستیسمار وەکو لە زۆر مەشاریع قەوانینی دنیا هەیە تا سەرمایەکی دیاریکراو دەست نیشان کرا بوایە کە ئیعتیبار بکرێت ئەوە پرۆژەیەکی ئیستیسمارییە، ئەوە یەك.

دوو/ پێم وایە پەرلەمانی کوردستان، ئەندامانی پەرلەمان نوێنەرایەتی خەڵکانی هەژار دەکەن و نوێنەرایەتی خەڵکانی دەوڵەمەندیش دەکەن، بۆیە دەبێت بە یەکسانی سەیری هەمووان بکەن، ئەوەی من دەبینم لە بڕگەی دوو ئەم یەکسانیە نییە، یەعنی زیاتر دەبینم لایەنگیری خەڵکی دەوڵەمەندی تێدایە، دروست کردنی عیماراتی سەکەنی خەڵکانێك کە دروستی دەکەن، لەبەر ئەوە دروستی ناکەن، کە چوار ساڵی

دیکە ئیزافەی تۆ ئیعفای بدەیتێ لە زەریبە، نەخێر حافیزی رەبحی هەیە، ئەو ئیعفایە هەبێت و نەبێت، ئەوانە عیمارەکان هەر دروست دەکەن، کەواتە ئێمە بۆ ئیعفای بکەین، ئەمە دوو.

سێ/ من لەگەڵ برادەران موتەفیق نیمە، من پێم وا نییە خەڵکانی هەژار پێیان بکرێتن عیمارەی دروست بکەن لە دوو تابق، یان سێ تابق پێك هاتبێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو بڕگەیە ئیلغا بکرێت، عیماراتی سەکەنی وەکو قانونەکانی تر، وەکو بینایەکانی تر تەنها بۆ سێ ساڵ ئیعفا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەك، یەکەم بڕگەی دووەم، من تەئیدی رەئی لیژنەی دارایی دەکەم، لەبەر ئەوەی کاتی خۆی لە جەلسەی ئەم پەرلەمانە وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی بە ئێمەی وت هەموو زەریبەی کوردستان بە گومرگەکانیشەوە دەچێتە سندوقی داخراوی عێراقی، میزانیەی عێراقیش ئیعتیمادی گەورەی لەسەر نەوتە، بۆ تەئمین کردنی داهاتی خۆی، نەك لەسەر زەریبە، بۆیە من پشتگیری دەکەم کە ئەو زەریبەیە لە 8٪ کەم بکرێتەوە، تا ئەو کاتە دەوڵەمەندەکانی ئێمە بتوانن موساعدەی فەقیرەکان بکەن، موساعدەی ئە کەسانە بکەن کە باخەکانیان بە کرێ گرتووە، نەك زەریبەکانیان لەسەر زیاد بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ رەئی لیژنەی قانونی دام، زەریبەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە ئەمە لە مەسڵەحەتی خاوەن موڵکدارەکانە، لە مەسڵەحەتی هەژارەکاندا نییە، جگە لەوەی کە بودجەی حکومەت بەشێکی لەو بودجەیە هەموو حکومەتی دنیا لە زەریبەوە دێت، بۆیە ئێمە نابێت لەبەر خاتری خەڵك و ئەوانە بکەین کە زەریبە نەسەنین، یان زەریبە کەم بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەڵێم بۆ ئەوەی قانون باشتر جێگیر بێتن، پێشنیار هەنە دوو فەقەرە بێنە زێدە کرن، یەك/ کۆمەڵێك بالأخانە ئاڤە بووینە پێش نوکە، ئێستا قانونەکە دەردەچێتن، ئەوە زەریبە نوکە زیمنی قانونی تەعامولی لەگەڵ دەکرێتن مودەکە تەواو نەبووە، بۆ هەندێ ئەو ژی شاملتر ببێت، چونکە موشارەکەی کردووە لە

ئاڤەدانكردنێدا، ژی بەر هەندێ دەبینم فەقەرەیەك ئیزافە ببێتن بۆ هەندێ (تشمل الاعفاء الابنية المشيدة حديثاً والتي استفادة من قانون سبق ولم تنتهي مدتها) ئەگەر ئەوە ئیزافە بكرێتن، بۆ هەندێ ئەوانەی كە تەواو بووینە بینایەكە تەعامول بەپێی قانونی پێشوو لەگەڵ دەكرێت، ئەوانە شامل بن.

دووەمیش/ فەقەرەیەكی دیكە، كۆمەڵێ بینایە لەناو شار ئاوەدانكردن بۆ سەكەن، بەلاّم لەوانەیە خاوەنەكەی بە خەلكانێك دەدەن بۆ مەكاتب بۆ مونەزەمات، ئەوانەی خصوصی ئاوەدان كرد بێت، بۆ سەكەن ئەگەر بەكرێدا بۆ خەڵكانێكی دیكە بۆ مەكاتب و شتی دیكە زەریبەیەكی ئیزافی هەبێتن، بۆ ئەوەی خەلكانێكی دیكە ئیستیغلالی ئەوە نەكەن، كابرایەك خانووەكەی سەكەنە بە مونەزەمەیەكی داوە بەكرێی زیاد، با ئەو كاتە موشارەكەی ئەو پێدانی زەریبە زیاد ببێتن، چونكە كرێیەكە زیادە، بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەی كە مەسەلەن شارەكە، مەسەلەن مەنتیقەی سەكەنیە تێكەڵی مەنتیقەی تری تیجاری نەبێتن.

سێیەمیش/ من لەگەڵ ئەوەمە ئەوەی پێشنیاری لیژنەی دارایی دەكاتن، كە فەقەرەی دوو زەریبەكە ببێتە 8٪، بۆ ئەوەی باشتر خزمەتی گەلی خۆمان بكەین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من سەرەتا یەك، دوو پرسیارو یەك، دوو پێشنیارم هەیە، ئەگەر جەنابتان دەرفەت بدەن، لە حەقیقەتدا ئەو پرۆژە بڕیارە زۆر باشەو من پشتگیری دەكەم، پێشم وایە لەگەڵ بڕیارەكانی پێشوو ئەوانەی دواتریش سەبارەت بە زەوی و زارو خانووبەرەو باجی تر دەدرێت، هەمووی بە یەكەوە دەبێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی كە بازاڕی زەوی و زارو لە هەمان كاتیشدا ئەزمەی سەكەن كەم ببێتەوە، بەس من پرسیارێك لە جەنابی وەزیر دەكەم سەبارەت بە زەریبەی زیادە، ئەگەر ئەزیەت نەبێت بۆمان شەرح بكات، كە ئەمە چۆن بوو، چۆن وەرگیراوە، چ كاریگەریەكی ئیجابی دەبێت، پرسیاری ترم سەبارەت بە میكانیزمی ئەو باجەیە، ئەوەی من تێگەیشتبم چەند ساڵ جارێك لیژنەیەك دەردەچێت، بۆ خەملاّندنی ئەو خانووە، یان ئەو باڵەخانەیە زەریبەكە لەسەر ئەو ئەساسە دەست نیشان دەكرێت، بەلاّم بەداخەوە بازاڕی هەرێمی كوردستان وەك پێویست ئەو سەقامگیریەی نییە، بۆ نموونە بازاڕی خانووبەرەو زەوی و زار بۆ 2006 گەڕموگوڕ تر بووە لە 2007، گۆڕانێكی یەكجار زۆری بەخۆیەوە بینیووە، بۆیە هەندێك جار ئەو خەملاّندنانە وەك پێویست لەگەڵ واقیعی رۆژانە نایەتەوە، بۆیە من لێرەدا پێشنیار دەكەم، ئەگەر بكرێت هەر كڕین و فرۆشتنێكی بالاّخانەیەك، یاخود ئەو عەقدەی كە دەبەسترێت لیژنەیەكی خەملاّندن سەردانێكی مەیدانی بكاتن، بۆ ئەوەی سەر لەنوێ جارێكی تر دەست نیشانی باجەكەی بكات، پێشنیاری ئاخیریشم ئەوەیە، ئێمە فەترەیەك بەر لە ئێستا، لێرە جەنابی وەزیری پەروەردە ئامادە بوو، گوتی هەر كەسێك ئامادە بێت قوتابخانە دروست بكات، ئێمە ئامادەین ئەو قوتابخانەیەی لێ بە كرێ بگرین بۆ ماوەیەكی دوورو درێژو، یەعنی بۆ ئەوەی

ئەوەش هاندەرێکی کەرتی وەبەرهێنان و کەرتی تایبەت بێت بۆ ئەوەی کە قوتابخانەو بنکەی تەندروستی دروست بکەن، من پێشنیار دەکەم لێرە بۆ هاندانی زیاتر ئەو بڕگەیە زیاد بکەین، هەر کەسێك قوتابخانەیەك، یان بنکەیەکی تەندروستی دروست بکات لە باجی خانووبەرە ببەخشێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تەلعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی لە رەئیەکەی لیژنەی یاسایی دەکەم، بەڕاستی ئەو هۆیانەی کە باسیان کرد، بەتایبەتی کەم کردنەوەی ئەو ئەزمەی سەکەن هەیە لە کوردستان، بەلاّم خالّی دووەمیش، پێشنیاری ئەوە دەکەم لە جیاتی ئەو حەوت سالّەی کە هەیە بکرێتە پێنج سالّ، لەگەلّ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر رەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەموو شوێنێکدا باج فەلسەفەی خۆی هەیە، کە ئەویش ئیلتیزامی هاوولاّتیە بە حکومەت و بەرامبەریش حکومەت ئەو داهاتە خەرج دەکاتەوە بۆ خزمەتگوزاری چینی هەژارو چینێك دەگرێتەوە، پێویستیان بە دەعم و هاوکاری حکومەتە، بەلاّم ئەوەی کە لێرەدا سەیرە، ئێمە لەجیاتی ئەوەی باجی هەلّکشاومان هەبێت، باجی داکشاومان هەیە، ئێمە دەزانین زۆربەی کێشەی نیشتەجێ بوونی خانووی کرێ لە ولاّتی خۆماندا تا ئێستا بە خانووی یەك تابقی فلات دەکرێت، لە کاتێکدا خەلّکانی هەژار، خەلّکانێك کە زەویان هەیە عەفومان کردن و لە باجی عەرەز، دووەمیش ئەگەر خانوویەك دروست بکات، رەنگە بە پرۆژەیەکی بچووك حیساب بکرێت بۆی، خانووی خۆی هەیە دەتوانێت عەرزەکە بکات بە پرۆژەیەکی بچووك دەخلێکی زیادەیە بۆ عائیلەکەی دێنێتەوە، ئەم عەفوو ناکەین، بەلاّم کاتێك لە سێ تابق و بەرەو ژوور بەناوی ئیستیسمارەوە، دوو/ بەشێك لە خانووی نیشتەجێ بوونی کرێ هی خەلّکانی گوند نیشنەکان بوون، کە لە شاخدا خانوویان کردووە، بۆ ئەوەی تەشجیعیان بکەین بڕۆنەوەو کرێیەك وەربگرێت، کاتێك ئێمە هەموو ئەرك و باجێك دەخەینە سەر خەلّکی دەخلی مەحدود، لەو سەریشەوە خەلّکانی دەولّەمەند بەناوی ئیستیسمارو بەناوی هەر قانونێکەوە موکافەئە دەکەین، بەڕاستی ئەمە نایەکسانیەکە، بەتایبەتی ئێمەی پەرلەمانتار هەستی پێ بکەین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال بۆتانی فەرموو.

**بەڕێز جمال يوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە من فەقەرەی یەك، لە ماددەی یەكەم 10٪ تەنزیل بكرێت كە تەشجیعە، حەقیقەت بۆ تەرمیماتە، بە بەردەوامی خانووەكان تازە دەبنەوە، ئەوەش شتێكی زۆر چاكە پشتگیری لێ دەكەم، فەقەرەی دووەم/ ئەوەی كاك ئیحسان باسی كرد، ئێستا خانوو دروست دەكرێت بە ئیجازەی سەكەن، بەلام ئیستیغلال دەكرێت بۆ تیجارەت، یاخود مەكاتبی تیجاری، حەقە ئەوە بە رەئی من زەریبەیەكی ئیزافی لەسەر بێت 2٪، من پێم وایە صیاغەم كردووە (تخضع البناية المعدة للسكن في حالة استخدامها او جزء منها لاغراض غير السكن بضريبة اضافية مقدارها 2٪)، هەیە خانووەكە دروست دەكات، بەلام مەخزەن بەكرێ دەدات، ئێستا بۆتە زاهیرەیەك لە دهۆك، خانوو دروست دەكات ئیجازەی سەكەنە وەردەگرێت لە بەلەدیە، دوایێ دەكرێتە مەكتەبێكی تیجاری، بە رەئی من ئەوە تەحایورە، حەقە ئێمە رێگە لەوە بگرین و زەریبەی ئیزافی 2٪ وەربگرین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە ئێمە لەگەڵ مەبدەئی باج وەرگرتنین، بەلام پێویستە هاوكێشەكە هاوسەنگ بێت، یەعنی ئێمە كە باج وەردەگرین چەندی بۆ خزمەتگوزاری بەكار دێت، ئێمە ناكرێت لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە خۆمان بەراورد بكەین بەڕاستی، چونكە لە كوردستان ئەوە بەرچاو ناكەوێت، كە ئەوە باجە هەمووی بچێتە بواری خزمەتگوزاری بۆ خەڵك، سەبارەت بە بڕگەی یەكەم، خاڵی دوو/ پشتگیری لیژنەی دارایی دەكەین، بۆ كەم كردنەوەی رێژەكە لە 10٪ بۆ لە 8٪، لەبەر ئەوەی خەڵكی كوردستان بەزۆری بەگشتی وەربگرن، بەتایبەتی توێژی فەرمانبەرو مامۆستایان و ئەوانە كرێی خانوو ئەركێكی گرانە لەسەریان، لەبەر ئەوەی مووچەكەیان هەر بۆی خۆی نازانن چۆن بەشی بكەن لەنێوان كارەباو سووتەمەنی و كرێی خانوودا، لەبەر ئەوە كە باج كەم بێتەوە كرێی خانووش دادەبەزێت بۆ ئەوانە، بەنیسبەت خاڵی دووەم، لەگەڵ لابردنی بڕگەی داوای لێبووردن بۆ باڵاخانەكان، دەكرێت ئێمە ئەگەر هاوسەنگیەكی وەربگرین لەنێوان رێژەی لە 10٪ و 8٪ ەكە جیای بكەینەوە، با لە 10٪ە بۆ ئەوانە بێت، بۆ مەبەستی بازرگانی و كۆمپانیاكان بەكار دەهێنرێت، لە 8٪ەكە بۆ ئەوانە بێت بۆ خەڵك بەكرێ دەدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو قەزیە قەتعەن عیلاقەی بە فەقیرەوە نییە، چونکە دیارە ئەوەی قانونەکەی بە تەواوەتی لە پێش نەبێت، لەوانەیە گومانی بۆ ئەوەی دەچێتن، کە هاتووە لە ماددەی سێ، ماددەی چوارەم/ (لا تستوفي ضريبة العقارات التي لا تقل ايرادها السنوي عن () الى () ) لە مەناتیقی تیجاری و غەیری تیجاری، ئەوە نوقتەیەك.

نوقتەی دووەم/ ئەو دابەزاندنی زەرائیب، بۆ ئەوەیە حەرکەی عیمرانی بە پێش بکەوێت، مانای ئەوە نییە، حەرەکەی عیمرانی بە پێش بکەوێت و شار جوان بێت، هەتا ئەگەر هەر کێ دروست بکات، خزمەتی شارە، مانای ئەوە نییە لە ئەو حەقەی کە هەیە لە رەئسمالەکە کەم بکاتەوە، یان ئەو کابرا دەوڵەمەندەی کەم بکەنەوە، کە بە پارەی خۆی خزمەتی ئەو شارەی پێ دەکات، ئەوەی کە سەکەن دروست دەکاتن بە قەصدی ئیجار، ئەوە لەسەری کەمتر بکرێتەوە، نەك لە حەقی ئەو کەم بکرێتەوە، ئەوەی کە بینایەکی دروست دەکاتن، نەك لە بۆ ئەوەی کە عەجز دانراوە (على اكثر من ثلاثة طوابق) یەعنی سێش نابێت، دەبێت زیاتر بێت لە سێ، ئەو ستاندەرەش نازانم لە کوێ هاتووە، یەعنی بە رەئی من نەك حەوت ساڵ، با بکرێتە چواردە ساڵ زەریبەی لێ وەرنەگیرێت، بەس بۆ ئەوەی کە ئیستیفادەی لێ بکرێت و ئەو قانونە بۆ ئەوەیە کە فەرزی زەریبەیە حەرەکەی عیمرانی بێتن، نەك بۆ ئەوەی لێرە لە دژی راوەستن، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارانەی ئەندامان بدەیتەوە، بەتایبەتی مەسەلەی پێنج ساڵەکە، هەندێکیان داوایان کرد بکرێتە پێنج ساڵ، دووەمیش/ جیاوازی کردن لە بەینی تیجاری و سەکەنی روون بکەیتەوە، سێیەمیش/ ئەوەی کاك رەشاد باسی کرد، دەڵێت ئیعفای عیماراتی سەکەنی لەگەڵ عیماراتی کە تازە دروست دەکرێت، ئەویش جیا بکرێتەوە، ئەگەر وەڵامیان بدەیتەوە.

**بەڕێز سرکیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو پێشتر باسم کرد مەبەستمان دروست کردنی بینایەی عەمودییە، ئەوە خۆی لەخۆیدا دەبێتە یارمەتیدەرێك بۆ دابەزینی نرخی زەوی بۆ هاوکاریەکیش بۆ چارەسەر کردنی ئەزمەی سەکەن، بۆیە هەردوولا سوود وەردەگرن، هەر ئەوەی کە ئیمکانیاتی ماددی هەیە بەکاری دەهێنێت بۆ دروست کردنی بینایە کە لە سێ تەبەقە بۆتە حەوت تەقەبە، کە چوار تەبەق زیاد لەسەری دروست دەکات، راستە بە خۆی سوود وەردەگرێت، بەڵام لە هەمان کات ناڕاستەوخۆ سوودێکیش بۆ هاووڵاتی دەگەیەنێت، برادەران پرسیان تاکو ئێستا سێ تەبەقە عەفوو دەکران، بەڵام ئەوانەی پێشووش ئەو بڕیارە شمولیان بکات، ئەگەر یەکێك پێشتر سێ نهۆمی دروست کرد بێت، ئێستا بیەوێت بیکاتە چوار نهۆم، ئیعتیادی ئەو یاسایە شمولی دەکاتن و دەیگرێتەوە، هەندێك بابەت بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پرسیاریان کرد، کە پەیوەندی بە یاسای بە کرێدانی عەقارە، نەك بە باجی خانووبەرە، ئەو یاسایەکی جیایە، پاشان دێتە پەرلەمان بۆ موناقەشە کردن، بەنیسبەت زەریبەی زیادە، بەڕێز کاك عەونی زۆر جوان شەرحی کرد، بۆیە وابزانم من

كە باسیشی بكەم هەر دووبارە كردنەوەیەكە، خۆی زەریبەی ئیزافی بەم شێوەیە وەردەگیرێت، ئێستا 10٪ لە كرێی ساڵانە دەبووە زەریبەی ئەساسی، 10٪ لە كرێی خانوو دەكرا بە زەریبەی ئەساسی، بێجگە لەو زەریبەیە كە وەردەگیرا، ئەگەر خانوویەكی لە سێ سەد هەزار دینار پێشتر هەزار دینار تا دوو هەزار دینار سویسری بوو، كرێیەكەی زیاتر باوە لە 2٪ تا 15٪یش زەریبەیەكی تریان لێ وەردەگرت بەناوی زەریبەی ئیزافی، ئێستا بەو یاسایە نوێیە ئەو زەریبە ئیزافیە لادەدرێت، لە لایەكی تریش تەسهیلاتێكی تر لەو یاسایە كراوە، كە 10٪یش بۆ تەرمیمات دانراوە، یەعنی لێرەش دابەزین بووە، بەڕاستی وەختی خۆی پێنج ساڵ ئێمە وەكو وەزارەتی دارایی دابوومانە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران، پاشان كە لە ئەنجومەنی وەزیران گفتوگۆی لەسەر كرا هاتە پەرلەمانیش، قەناعەتمان بەوە كرد كە حەوت ساڵەكە باشە، بۆیە ئێمە لەگەڵ لیژنەی یاسایی لەگەڵ حەوت ساڵەكەین و رەئیش بۆ ئەندامانی پەرلەمان دەگەڕێتەوە، چۆن قەرار بدەن ئێمە وا تەنفیز دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رەئیتان لەسەر ئەو موقتەرەحە عیماراتی سەكەنی پێنج ساڵ بێتن، تیجاری حەوت ساڵ بێت.

**بەڕێز سركیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

عیمارە، عیمارەیە، چونكە دوایی چۆن زیاد دەكرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوو، سێ مولاحەزە هەیە دەمەوێت بۆ ئێوەی بەڕێز روون بكەمەوە، یەكەمیان/ ئێمە حەق نییە بەینی قانونی ئیستیسمارو بەینی قانونی زەریبەی عەقار تێكەڵاوی بكەین، قانونی ئیستیسمار ئیعفائاتی داوە، سەماحاتی داوە، هەر كەسێك دەیەوێت مەشاریعی ئیستیسماری بكات، ئەو قانونە حیمایەتی دەكات و ئەو ئیعفائاتەی دەداتێ و ئە سەماحاتەی دەداتێ، ئەمە یەك.

دوو/ قانونی زەریبەی عەقار تەنها مەسەلەی خانووبەرەیە، مەسەلەی مەشاریعی ئیستیسماری نییە، كابرایەك چوار كوڕیشی هەیە، دەیەوێت عیمارەیەك دروست بكات، حكومەت هانی دەدات، بۆ ئەوەی بەزووترین وەخت ئەو عیمارەیە بكات.

نوقتەی سێ/ چ فەرق هەیە بەینی عیماراتی سەكەنی و عیماراتی تیجاری، هەردووكی ئیجارەت پێ دەدات لەناحیەیەك هەردوو ئیجاری پێ دەدات، كەواتە هیچ فەرقێكی وای نییە، ئەوە عیمارەی سەكەنی بێت، یان عیمارەی تیجاری بێت.

خاڵی چوارەم/ ئەوەی کاك رەشاد ئیشارەتی پێدا عەقدی موساتەحەیە، عەقدی موساتەحە عەقدێکی تایبەتە بە جیهەتی پەیوەندار دەکرێت، کە لەگەڵ جیهەتی پەیوەندار کرا، عەینەن ئەو قانونە شملی دەکات بەنیسبەت زەریبەی عەقار، ئەمە یەك.
هی دووش/ هەمان بینا مەشمولە بەو ئیعفائاتەی کە دێت، چونکە ئەگەر عیمارەیەکی تیجاری بێتن، فیعلەن یان عیمارەیەکی سەکەنی بێت، هەردووکیان لێرە ئەو ئیعفائاتانە وەردەگرن، ئەو تەوزیحەم دا بۆ ئێوەی بەڕێز، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەرقێك هەیە لە بەینی تیجاری و سەکەنی، ئەویش ئەوەیە بینای تیجاری هەموو برادەران دەزانن سەرقفلانەی هەیە، دوکان هەیە لەناو شاری شەش دەفتەر سەرقفلانە دەدات، نابێت موقارەنەی بکەین لەگەڵ بینای سەکەنی، سەکەن سەرقفلانەی نییە، تیجاری سەرقفلانەی هەیە، ئێستا لە تەنیشت مزگەوتی محمود عەلافی پێرار بینا دروست کرا دوو ساڵ سەرقفلانەو دوو ساڵ کرێی وەرگرت، گوتی ئەوە کلیل، یەعنی دەبێت فەرقی بکەین لەگەڵ سەکەن، نابێت بڵێین سەکەن یەکە لەگەڵ تیجاری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە وایە ئەمری واقیعە، بەڵام سەرقفلانە قانونی نییە، بەپێی قانون نە ئیعیترافی پێ دەکرێت، نە تەعامولی لەگەڵ دەکرێت، یەعنی خۆی ئەو تەساهولاتەی کە کرا لە لایەن ژمارەیەك ئەندامانی پەرلەمان و کاك شێروان، شەرحیشی کرد مەوزوعی قانونی ئیستیسمارو ئەو قانونە، قانونی ئیستیسمار هەیئەتێك هەیە تەحدیدی دەکاتن، ئەو مەشروعە ئیستیسماریە، یان نا، راستە لە قانونی ئیستیسماردا هاتووە، دەڵێت مەشاریعی بونیەی تەحتیە، بونیەی تەحتیشی کە وەسف کردووە، ئیسکانێکی تێدایە، بەڵام ئەم ئیسکانە کە ئێمە لێرە باسی دەکەین، ئەو ئیسکانە نییە لە قانونی ئیستیسمار کە باس کراوە، ئەوەی قانونی ئیستیسمار باسی دەکاتن، باسی موجەمەعات، موجەمەعاتی سەکەنی لەبەر رۆشنایی بەرنامەیەکەی کە حکومەت خۆی تەقدیری دەکاتن، هەیئەی ئیستیسمار پێی وایە بەپێی قانونەکەی ئیستیسمار، ئەوەی ئێستا باسی دەکەین شەخصێکە بینایە بۆ خۆی دروست دەکاتن، شەخصیە، بۆ تیجاری بێتن، بۆ سەکەنی بێتن، بەکرێی دەداتن، دەیفرۆشێتن، ئەوە فەرقی هەیە لەگەڵ ئەوەی تر، لەوێ لە قانونی ئیستیسماردا ئیعفایەکەی دە ساڵە، لێرە حەوت ساڵە، لەبەر ئەوە ئیستیسمارەکە بەردەوام دەبێتن لەسەر خۆی، ئەو قانونەی بۆ ئەو کەسانە ناگرێتەوە، ئەگەر هەیئەتەکە پێشتر ئیقراری نەکرد بێت ئەو مەشروعە ئیستیسماریە، ئەویش دەبێت لەبەر رۆشنایی تەقدیریان مەشاریعەکە مەشاریعی بونیەی تەحتی بێت، ئێستا ئێمە دوو شت هاتۆتە پێشەوە، یەکێکیان ئەوەی لیژنەی دارایی داوای کرد حەوت ساڵەکە بکرێتە پێنج ساڵ، لیژنەی یاسایی و جەنابی وەزیریش پێیان وایە حەوت ساڵەکە هەین بێت، ئەندامانی

پەرلەمانیش دوو رەئی هەبوو، هەندێکیان گوتیان حەوت ساڵەکە بمێنێتەوە، هەندێکیش پشتگیریان لە پێشنیارەکەی لیژنەی دارایی کرد، بۆیە من ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە، فەرموو کاک دلێر.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیازەکەی ئێمە لەسەر ساڵ نییە، لەسەر کەم کردنەوەی نیسبەتی باجەکەیە، لە 10٪ەوە بۆ 8٪، بەڕاستی هەر بۆ روون کردنەوە، ئەو یاسایانەی کە ئێمە دەردەکەین هەمووی وەکو تۆڕ وایە، وەکو تۆڕێك وایە هەموو ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی ئەم کۆمەڵگایە رێك دەخات، ناکرێت ئێمە یاسایەك رێك بخەین لەگەڵ یاسایەکانی تردا گونجاو نەبێت، ئەم یاسایەی ئێمە ئێستا دەردەکەین، ئەو یاسایە نییە، رۆژانی پێشووتر کە دەرمان کردووە، هەمووی مەربوتە بە یاسای وەبەرهێنانەوە، یاسای وەبەرهێنانیش دەبێت هەمووی مەربوت بێت بەو یاسایانەی ئێمە دەرمان کردووەو لە ئایندەشدا دەریدەکەین، بۆیە ئەو یاسایانەی کە دەری دەکەین هەمووی وەکو تۆڕ بە یەکەوە بەستراون، دەبێت تەواوکەری یەکتری بن، ئەگینا ئێمە کێشەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی گەورە دروست دەکەین، ئەگەر بەو چاوەوە تەماشای بکەین، هەر یاسایەك و وەحدەیەك و شتێکی دابڕاوە لەوانی تر، ئێمە بەڕاستی کارەساتێکی گەورە لە ئایندەدا دروست دەکەین، ئەگەر ئێمە ئاوا تەماشای یاسا بکەین، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تر، بەڕاستی ئێمە دژی باج نین، باج یەکێکە لەو ئەرکانەی کە هاووڵاتی بەرامبەر بە دەسەڵات دەیکات، ئەگەر بێتو یەکێك لە کێشەکانی ئێمە، کە ئێمە ناتوانین، هاووڵاتی ناتوانێت وەکو پێویست دەسەڵات موحاسبە بکات، چونکە باج نادات، کاتێك هاووڵاتی باج نەدات بە دەسەڵات بۆشی نییە موحاسەبەی بکات، وەکو پێویست، بۆیە ئەمە یەکێکە لەو کەناڵانەی ئێمە بەڕێگەی بازدانەوە، دەتوانین موحاسەبەی دەسەڵات و موحاسەبەی دامودەزگاکانی تر بکەین، ئەمە میکانیزمێکە لە هەموو جیهاندا کراوە، پێشنیاز کردنی ئەم رێژەیە لە لایەن لیژنەی داراییەوە، بەڕاستی هاندانە بۆ کەم کردنەوەی ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانەی کێشەی سەکەنە، جگە لەوە من گوێم لە هەندێك برادەران بوو، کە کێشەیەك هەیە ئیستیسمار چیە، ئیستیسمار زۆر زۆر وازیحە چیە، هەر سەروەت و سامانێك لە بوارێکدا بۆ بەکار هێنانی پێداویستیەکانی رۆژانەی خاوەنی ئەو سەروەت و سامانە بێت، بخرێتە گەڕ بۆ دروست کردنی مەنفەعەیەکی زیاد، بۆ دروست کردنی زێدە باییەك، ئەمە ئیستیسمارە، جا ئەمە لە بواری کشتوکاڵدا دەکرێت، لە بواری سیاحەدا دەکرێت، لەبواری خانووبەرەدا دەکرێت، لەبواری پیشەسازیدا دەکرێت، یان هەر بوارێکی تری ئابووریدا بکرێت، ئەمە دەبێت بە ئیستیسمار، یاسای ئیستیسماریش ئەمانە هەمووی دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەر لەوە بدرێتە دەنگدان، من پێم وایە بۆ کەم کردنەوەی ئەو نیسبەیە، یاخود مانەوەی شتێك دەبێت بۆمان روون بکرێتەوە لەلایەن بەڕێز وەزیری داراییەوە، ئێمە لە لیژنەی قانونی زۆر لە لامان روون نییە، بەڕاستی ئەو باجانە کە ئێمە وەریان دەگرین داهاتن بۆ حکومەتی هەرێم، یان داهاتە بۆ حکومەتی ناوەندو دەچێتە ئەوێ، ئەوەمان بۆ روون بکرێتەوە، ئینجا ئێمە دەتوانین بڕیار بدەین، کە ئەو نیسبەیە کەم بکرێتەوە، یان زۆر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز سرکیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخۆی ئێمە کە میزانیە لەگەڵ بەغدا موناقەشە دەکەین، هەموو ساڵێك کە گفتوگۆی بودجە دەکەین، ئەوان داوای ئیراداتیش دەکەن، کە ئیراداتی تەقدیری ئێمە چەندە؟ پاشی ئەوەش ئێمە مانگانە دەبێت ئەو داهاتەی کە وەردەگرین لە زیمنی ئەوان داهاتی باجەکانیش بێت ئاگاداریان بکەین لەو مەبلەغەی کە بەدەستمان هێناوە، ئەوان بڕیاریان داوە، کە ساڵانە ئەو داهاتەی کە هەمانە لە بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان کەمی بکەنەوە، قەولە بڕیارەکەی خۆیان تەنفیز بکەن، بەس هەتاکو ئێستا تەنفیزیان نەکردووە، ئەوە لەلایەك، لە لایەکی تریشەوە دەبێت ئێمە سەیری جانبی تری مەوزوعەکەش بکەین، دەبێت هەوڵ بدەین ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان، هەندێك مەصادیری دارایی بۆ خۆمان پەیدا بکەین، کە بەرە بەرە ئینجا نەوت بێت، باج بێت، بۆ ئەوەی ئەوەندە بەسترای بەغدا نەبین، بەڕاستی ئێمە هەروا بیر بکەینەوە، چونکە زەریبە بەغدا دەیبڕێت کەوا وەرنەگرین، نەوت بەغدا دەیبات، من بیر لەوە نەکەمەوە، چونکە میزانیەم لە بەغداوە دێت، لەوێ 17٪م هەیە، با نەوت لە هەرێمی کوردستان دەرنەچێت، ئەوە وا دەبێت کە ئێمە رۆژ بە رۆژ بە بەغدا بەسترا بین، چەندی بە بەغداش بەسترا بین لایەنە سلبیەکان زیاد دەکات بەڕێزتان باش دەزانن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ شەرحەکەی جەنابی وەزیر و منیش ئیزافەی لەسەر دەکەم، بەڕاستیەکەی ئەویش ئەوەیە ئێمە ئەگەر لە 17٪ەکە حیساب بکەین حکومەتی فیدراڵی بەغدا داوا دەکاتن داهاتی کوردستان، ئەوەی با بڵێین فیدراڵیە لە زیمنی 17٪ەکە حیساب دەکات، داهاتی زەریبەیە، گومرگ و نازانم چ کۆی بکەیتەوە لە 5٪ی ئەو حەقدەیە بوو، 12٪ەکە دەداتن، بەڵام دوو نوقتە دێتە پێشەوە، یەکێکیان/ ئێمە کە یاسا دادەنێین، دەبێت لەبەر رۆشنایی هەندێ حەقائیق بێتن چ راستە ئەوە بکەین، نەك وەڵڵا مادام ئەوە دەچێتە حکومەتی بەغدا، ئێمە لە 17٪ەکەمان هەیە هەر وەریدەگرین، بەو شێوەیە بێتن ئەو عێراقە دانامەزرێتن، خۆ ئەگەر وابێتن بە ساڵیش وا بیر دەکاتەوە، مووچەش وا بیر دەکاتەوە، داهاتەکە هەمووی کەم دەبێت، لە لایەکی ترەوە وەکو جەنابی وەزیر ئاماژەی پێ کرد، ئێمەدەبێت ناحیەی نەقدی هەندێ

داهاتی خۆمـان هـەبێت، بـەیانی خوانەخواسـتە کێشـەیەك کـەوت، ئـەو پارەیـەی کـە تـەمویل دەکرێـت لـە بەغداوە لـە زیمنی ئـەو 17٪یـە، لێـرە بـەلای کـەمی نیسبـەتێکمان لـە داهـاتی خۆمـان هـەبێت، بـۆ ئـەوەی بتوانین رووبەڕووی هەر کێشەیەك، هەر ئەزمەیەك ببینەوە گەر بێتە پێشەوە، بۆیە بیر کردنـەوەمان بیر کردنەوەیەکی یاسایی بێتن، چ راسـتە ئـەوەی بکـەین بـە لێپرسـراوەتی بەتایبـەتی بـە تـەنیا هەرێمـەوە نـا، بەرامبـەر ئـەو عێراقـە فیدراڵـەی کـە دەبێـت هـەرێمی کوردسـتانیش و شـارەکانیش و ئـەو هەرێمانـەی کـە دروست دەبن، بە هەمان شێوە بیر بکەنـەوە، بـۆ ئـەوەی پێکـەوە بتـوانن ئـەو عەدالەتـەو ئـەو هاوکارییـەی یەکتر بەردەوام بێت، ئێستا ئەو ئیقتیراحەی لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز ارسلان غفور سليمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمـەوێت لـە جـەنابی وەزیـر بپرسـم دەرامـەتی بـاجی عـەقار ئەمسـال چـەندە لـە کوردسـتان بـە هـەردوو ئیدارەکەوە، چونکە بۆ تەحدید کردنی ئەو نیسبەتە لـە 10٪ بێـت 8٪ بێـت، 9٪ بێـت، هـەر چـەند بێـت، دەبێت تۆ بزانیت چەندە بە مەنتیقی بڕیاری لەسەر بدەیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە زیمنی بەرنامەمان نییە، بە تەئکید رەقمەکەشی لەلا نییـە، لیژنـەی دارایـی پێـی وایـە ئـەو نیسبەتە زۆرە شەرحیشی کردو ئیقتیراح دەکات ببێتە لە 8٪، کێ لەگەڵ ئـەو موقتەرەحـەی لیژنـەی داراییـە کـە لـە 10٪یەکە لە بڕگەی دووەم ببێتە لە 8٪ تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیـە وەکو لیژنەی یاسایی لە 10٪یەکە بمێنێتەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ لە 10٪یەکـە مایەوە، وەکو خۆی دەمێنێتەوە ، موقتەرەحێکی تر هاتە پێشـەوە حـەوت سـاڵەکە ببێتـە پێـنج سـاڵ، دەڵێ عیماراتی سەکەنی و تیجاری، کاك سەردار چ موقتەرەحێکت هەبوو فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە سێ ئەندام پەرلەمان بووین پێم وا بێ پێشنیاری ئەوەمان کرد کە ئەوە هەر نەمێنێت وەکو بینایەتی تر بێت سێ ساڵ، واتا ئەو بڕگەیە هەر نەمێنێتن و ئیلغا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر جەنابت و سارا خان قسەتان کرد فەقەت لەسـەر ئـەو مەوزوعـە، ببـوورە نـەببووە پێشـنیار، لـە لایـەن لیژنەی قانونی و لیژنەی دارایی پشتگیری لێ نـەکرا، وەزیـریش لەسـەری موافەقـەتی نـەکرد، لەبـەر ئـەوە نەبووە پێشنیار، کاك ناصح نوقتەی نیزامە فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن حەوت ساڵەکە گۆڕانکاری تێدا بکرێت باشترە، من پێم وایە ئەگەر بۆ سەکەنی بێت حەوت ساڵ بێت، زیاتریش بێت زەرەری نییە، بەڵام بۆ تیجاری فەرقی هەیە، چونکە ئێمە دەڵێین تەشجیعی سەکەن دەکەین، لەبەر ئەوە عیماراتی سەکەنی من پێم وایە ئەگەر حەوت ساڵەکە، یان زیاتر بێت لە تیجاریەکەی، یانیش فەرقێك هەبێت پێنج بە حەوت بێت، یان حەوت بە دە بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە ناتوانین فەرقی بکەین، ناتوانین زۆر فەرقی بکەین بەینی سەکەنی و تیجاری، ئەوە دەڵێت عیماراتی سەکەنی عەینی تیجارییە، ئەگەر سێ تەبەقە زیاتر بوو، بە کرێیدا هەینێ دەبێتە تیجاری، کاك عەونی ئەگەر شەرحێکی بکەیت بۆ ئەوەی پێش ئەوەی بیخەمە دەنگدان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەرق دەکرێت بەینی عیمارەی سەکەنی و عیمارەی تیجاری وەختی بەکرێدان، ئەگەر هاتوو بەکرێ درا بۆ مەوزوعی سەکەن، ئەوە مانای وایە سەکەنییە، حاڵەتی تر ئیستیغلال بکات بۆ مەکاتب و عیادەی دکتۆرو مەکتەبی موهندس، ئەو وەختی ئیعتیبار دەکرێت تیجاری، لە ئەسنای بەکرێدانەکە دیار دەکرێتن، لیژنەی زەریبە دەچێت تەقدیری دەکات و کەشفی دەکات، دیتی عائیلەی تێدایەو بۆ مەوزوعی سەکەن ئیستیغلال کرا، ئەوە ئیعتیبار دەکرێت بە سەکەنی، حاڵەتی تر نەخێر ئیعتیبار ناکرێت بە سەکەنی، ئیعتیبار دەکرێت بە تیجاری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لە ئیجازەکە دیارە، کە ئیجازەی وەردەگرێتن بۆ بینایەکی سەکەنی، بەڵام موقتەرەحێك هەیە لە لای کاك ئیحسانەوە، دەڵێت ئەو بینایانەی بۆ سەکەنی هین کراوە، دوایێ بگۆڕدرێتن بۆ غەیری سەکەنی زەریبەیەکی ئیزافی باوێتە سەری، دەڵێ ئەو بینایانەی کە حازرن بۆ سەکەنی، ئەگەر بەکار هات بۆ غەیری سەکەن زەریبەیەکی ئیزافی بخرێتە سەر، ئەو ئیقتیراحەی لە 2٪، کاك کەریم بەحری فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی نەك هەر عیمارە، هەتا خانووەکانی دیکەی ئاسایش کە بۆ سەکەنی دروست کراوە، ئێستا بۆ تیجاری بەکار دەهێنرێت، بۆیە ناکرێت و لە هەرێم و لە تەصمیمی شارەکانی ئێمەدا، بەداخەوە تەصمیمەکە وا کراوە شوێنەکانی تیجاری و سەکەنی تێکەڵاون، یەعنی شوێنەکانی دیاری نەکراوە، ئێرە سەکەنییە، ئێرە تیجارییە، بۆیە ناکرێت لێی جیا بکەینەوە، عیمارە هەر عیمارەیە، دەبینی تابقێکی بۆ سەکەنیە، ئەویتر بۆ تیجارییە، ئەویتر بۆ دوکان، ناکرێت لێکیان جیا بکەینەوە، بۆیە وەکو یەکیان حیساب بکرێت و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە کاتی ئیجازە وەردەگرێت ئەمە روون کرایەوە، بەس ئەمیش نالێت عیمارە، دەڵێت ئەبنیە، موقتەرەحەکە وایە، جەنابی وەزیر رەئیت لەسەر ئەو موقتەرەحە چیە، دەڵێت (تخضع الابنية المعدة للسكن في حالة استخدامها لاغراض غير السكن بضريبة اضافية مقدارها 2٪).

**بەڕێز سركيس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو وەختی هەر کەسێك بینایەك دروست دەکاتن بەناوی بینایەی سەکەن، پاشان دەستکاریەکی دەکاتن دەیکاتە تیجاری، هەتا ئەگەر ئیجازەشی وەرنەگرتبێت، بۆیە بە قەناعەتی من هەر ئەوە باشترە کە لە کاتی کرێداندا دیارە سعری ئەو بینایەی کە بۆ ئیجار بەکار دێت و ئەوەی کە بۆ تیجارەت بەکاردێت لە زەریبە وەرگرتنیش ئەوە جیا دەبێتەوە، تیجاری و سەکەنی لە یەکتر فەرقەکەی ئەوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر ئێوە رەئیتان لەسەر ئەو موقتەرەی هەیە؟

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر، ئێمە هیچ کێشەیەکمان نییە لەسەر ئەو مەسەلەیە، بەپێچەوانەوە، ئێمە وا تیدەگەین هەموو یاسایەکان بە یەکەوە بەستراونەتەوەو تۆڕێك دروست دەکات، ئەوە ئەمە بەشێکە، بەشێکی تەواوکەرە لەگەڵ یاسای وەبەرهێنان، یاسای وەبەرهێنان دە ساڵ ئیعفای کردووە، لەبەر ئەوەی ناشێت ئێمە ناکۆکیەك لەنێوان یاساکاندا دروست بکەین ، ئەگەر بێتو زیاتر کەمی بکەینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارەکەم لەسەر ئەوە بوو، لەسەر ئەو موقتەرەحەی کاك ئیحسان، کە دەڵێی زەریبەیەکی ئیزافی هەبێتن لەسەر ئەو بینایە سەکەنییەی کە تەحدید دەکرێت بۆ بینایەی تیجاری.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە فەلسەفەیەکمان تەبەنی کردووە، کە لەسەر فەلسەفەی بازاڕی ئازادە، ئەم بیرو بۆچوونە لەگەڵ بازاڕی ئازادا ناگونجێت، لەبەر ئەوەی ئێمە وەکو لیژنەی دارایی پشتگیری ناکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەکە ئەسڵەن زەریبەی ئیزافی ئیلغا کردووە، مەفعول نییە ئێستا لە فەقەرەیەکی تر دابنێین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاكە نەبووە موفتەرەح، وەكو موقتەرەحەكەی كاك سەردارو سارا خان سەری نەگرت، كاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سێ تابقەكەمان حەسم نەكرد، مەفروزە بنووسرێت (بثلاثة طوابق او اكثر) هەتا سێ تابق شمولی بكاتن، چونكە لێرە ئەو ئیمتیازە شمولی ناكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عەونی وابزانم راست دەكاتن، هەر رەكیكیشە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاك رەشاد مەفروزە مولاحەزەی ئەسڵی قانونی زەریبەی عەقار بكات، لەوێ ئیعفائاتمان دایتێ، لە قانونەكە سێ ساڵ لەوێ باسی تابق ناكات سێ بێت، چوار بێت، زیاد بێت، یان كەم بێت، بەلآم لێرە تەحدیدەن تەشجیعی دەكات دەڵێت (اكثر من ثلاث طوابق)، واتا جیاوازیەك هەیە، ماوەكە حەوت ساڵە بەو مەرجەی لەوێ هەرچەند بێت، تەبەقەیەك بێت، دوو بێت، سێ بێت، دە بێت، سێ ساڵ ئیعفای هەیە مسۆگەر، ئەوە ئیستیسنائێكی ئیزافیە، تەسیهیلاتێكی ئیزافیە بۆ موكەلەف كە ئیستیفادە لەوە بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەو (فما فوق)ە شەتب بكەن یەعنی سێ تەبەقەكەش دەگرێتەوە (اكثرمن ثلاث طوابق) (فما فوق) زیادە (عدا السرداب التي تشید مجددا من الضریبة الاسیاسیة لمدة سبع سنوات اعتباراً)، ئەو (مجدداً) بكەنە (حدیثاً)، كاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەو موقتەرەحەی وەربگرین مانای وایە پێی ناوێت ئەو فەقەرەیە بمێنێتەوە، دەبێت ئیلغای بكەین، چونكە لە فەقەرەی چواری ئەسڵی قانونەكە دەڵێت (تعفى العقارات والطوبق التي تشید مجدداً من الضریبة الاساسیة والضریبة الاضافیة لمدة ثلاث سنوات اعتباراً من تاریخ تشیدها الذي تعینه لجنة التقدیر)، واتا لێرە تەحدیدی كردووە بە ماوەی سێ ساڵ، لێرە هەدەفەكە حەوت ساڵەكەیە، بەو شەرتانەی كە لە پرۆژەكەدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە باسی حەوت ساڵەكەمان نەكردووە، ئێمە (فما فوق)ەكە دەڵێین زیادە، (اكثر من ثلاث طوابق) یەعنی تا دەش دەبێتن، یان دەبێت (اكثر)ەكەی لاببەن، یان دەبێت (فما فوق)ەكەی لاببەیت، ئەگەر (اكثر)ەكەی لاببەیت بیكەیتە (تعفى العمارات السكنیة والتجاریة المؤلفة من من ثلاث طوابق فما فوق)، جەنابی وەزیر رەئیت چیە.

**بەڕێز سركيس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا هەموو خانوویێك تەقریبەن دوو تەبەقە دروست دەكرێتن، تا سێ تەبەقەش ئیعتیادی لە ماددەی پێشتر هەبووە، كە بەڕێز كاك عەونی ئیشارەتی پێدا، بۆیە بەو صیغەیەش كە لە سێ تەبەقەو زیاتر بێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت عیماراتی ئەوەی كە سێ تابقە باسی دەكەن، بەپێی قانونی پێشتر سێ ساڵ عەفووە، بەنیسبەت ئەو پرۆژەی كە هاتووە، عیمارەكە لە سێ تابق زیاتر بێت حەوت ساڵ عەفوە، كەواتە دوو عەفو هەیە عەفوی كۆن سێ ساڵە بەنیسبەت سێ تابقەكە، عەفوی تازە كە لە سێ تابق زیاتر بێت حەوت ساڵەكەیە، من لێرە تەناقوزێك نابینم لە بەینی ئەو سێیەو ئەو حەوتەی ئێستا، ئەگەر هاتوو ئێمە هەمووی بكەینە حەوت، هیچ تەناقوزێك نابینم، چونكە تەعدیلی ماددەی پێشترە بە صیاغەیەكی تازە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مانای وایە ئەوەی سێ تابقە، سێ ساڵ دەیگرێتەوە، ئەوە ئیلغا نەكراوە، سێ ساڵ ئیعفای هەیە، ئەوە تەشجیعە بۆ ئەوەی ئەو بینایەی چوارەم و پێنجەم و شەشەم بكات، بەس صیاغەكە تۆزێك رەكیكە كاك عەونی، جەنابی وەزیر ئەگەر صیغەكەی هین بكەیت، ئێمە وامان لێ كرد بۆ ئەوەی صیاغەكە باش بێت (تعفى العمارات السكنية والتجارية اكثر من ثلاث طوابق فما فوق عدا السرداب من الضريبة الاسياسية لمدة سبع سنوات اعتباراً من تاريخ اكمال تشيدها الذي تعينه لجنة التقدير)، ئینجا لێرە كە موتەفیق بووین لەسەر صیاغەكە، دەمێنێتە سەر ساڵەكە، هەندێ ئەندام پەرلەمان ئاماژەیان كرد دەبێت پێنج ساڵ بێت، نەك حەوت ساڵ بێت، لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی پشتگیری لە پرۆژەكە دەكەن، دەڵێن حەوت ساڵ بێت، فەرموو.

**بەڕێز سركيس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەس یەك تێبینیم هەیە، ئەگەر (مجددا) نەنووسین رەنگە ئەوانەی پێشتریش كە كردوویانە، داوای ئیعادەی زەریبەی خۆیان بكەنەوە، ئەوانەی بینایان پێشتر كردووە، بەڵێ لە تاریخی دەرچوونی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

قانونەكە لە تاریخی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەكرێت، ئەسەری رەجعی نییە، نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو (تشيد مجددا) نابێت لابدرێت، چونکە لە قانونەکە ئەگەر برادەران تەماشای بکەن (هذا الاعفاءات العقارات التي تجري) یەعنی شمولی ئەوانە ناکات، کە تەرمیم و تەعمیر دەکرێنەوە، ئەو (تشيد مجددا) هەر دەبێت تێدا بێتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شەرحمان کرد کاکە گوتمان تێیدا بێتن تەفسیر دەکرێتن، ئەم قانونە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێتن، واتا ئەوەی پارەکە زەریبەی داوە داوا ناکات بگەڕێتەوە، ئەوە شتێکی تەبیعییە، تەرمیمیش تەشید نییە، هەرچی بینایەك هەبێتن لە سێ تابق فەما فەوق لە رۆژی دەرچوونی ئەو قانونەوە ئەو 10٪یە ئیعفا دەکرێتن، تەشجیعە بۆ ئەوەی لە موستەقبەلیشدا دروست بکرێتن، فەرموو مامۆستا کاکە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو (فما فوق)ە زیادە، چونکە کە دەڵێی (اكثر من) ئەوە یەعنی ئیتیفاقەن هەتا دە تابیقیش بێت هەر (فما فوق)ە، لەبەر ئەوەی پێویست ناکات (فما فوق)ی تێدا بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە بۆ صیغەکەی نیهائی وامان کردووە، جەنابی وەزیر ئەگەر ئینتیباهی بکەیت (تعفى العمارات السكنية والتجارية التي تشيد من ثلاث طوابق واكثر (عدا السرداب) من الضريبة الاسياسية لمدة سبع سنوات من تاريخ اكمال تشيدها الذي تعينه لجنة التقدير)، ئەوە باشە، فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو صیاغەیە (التي تشيد من ثلاث طوابق واكثر)، یەعنی (ثلاث طوابق)یش دەگرێتەوە، ئێمە وامان دەوێت ئێستا باسی ئەوە کرا وا تێ گەیشتم کە (ثلاث طوابق)ەکە لە دوای ئەوە هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە مولاحەزەکەت راستە، (التي تشيد باكثر من ثلاث طوابق (عدا السرداب) من الضريبة الاسياسية لمدة سبع سنوات من تاريخ اكمال تشيدها الذي تعينه لجنة التقدير)، جا ئێستا لەسەر صیاغەکە ئیتیفاقمان کرد، دەمێنێتەوە سەر پێنج ساڵەکە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ئیعفایە پێنج ساڵ بێتن دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە حەوت ساڵ بێتن؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ حەوت ساڵەکەیە دەمێنێتەوە، ئێستا ماددەکە بە هەردوو یەکەم و دووەم دەخەمە دەنگدانەوە بەو گۆڕانکاریانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دووەم تکایە.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: کارکردن بە ماددەی یازدە لە یاسای باجی خانووبەرەی ژمارە 162ی ساڵی 1959ی هەموار کراو رادەگیرێت ئەمەی خوارەوە شوێنی دەگرێتەوە:

ماددەی یازدە: کاتێ خانووبەرە کۆ بەش بێت لەنێوان دوو کەس، یان زیاتر ئەو رێ و شوێنی خوارەوە وەردەگیرێت:

هەر هاوبەشێك بەرپرسە لە دانی باجی سەبارەت بە خۆبەشەکەی خۆی، بەمەرجێك دەبێت بە زنجیرەیەکی تایبەت بەخۆی تۆمار کرا بێت.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: يوقف العمل بالمادة (11) من قانون ضريبة العقار رقم (162) لسنة1959 المعدل ويحل محلها ما يأتي:

المادة الحادية عشرة: عندما يكون العقار مشاعا بين شخصين او اكثر يتخذ ما يلي:

كل شريك مسؤول عن دفع الضريبة عن حصته الشائعة بشرط ان تكون مسجلة بتسلسل خاص به.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر رێگام بدەیێ ئەسڵی قانونەکە دەخوێنمەوە، دوایێ موقارەنەی دەکەین چ گۆڕانکارییەکی لەسەر کراوە.

المادة الحادية عشرة: عندما يكون العقار مشاعا بين شخصين او اكثر يتخذ ما يلي:

1-اذا كان شاغل العقار احد الشركاء فهو مكلف بدفع الضريبة.

2- واذا لم يكون شاغل العقار احد الشركاء فتدفع ضريبة من قبل احدهم وله حق الرجوع على الشركاء الاخرين لاستفاء ما دفعه عنهم كل بنسبة حصته واذا تعذر على السلطة المالية العثور على احد الشركاء فتستوفى الضريبة من شاغل العقار واذا كان العقار خاليا فلها ان تؤجله لمدة تؤمن الاستفاء الضريبة المستحقة.

3- يعتبر التبليغ والاخطار لاحد الشركاء تبليغاً واخطاراً لجميعهم وكذلك المراجعات القانونية التي يقوم بها احدهم تعتبر بنيابة عن جميعهم.

ئەوە ئەسڵی قانونەکەیە بەگوێرەی پرۆژەکەی، ئەوانە هەمووی لە کوردستان رادەگیرێت وای لێ دێت بەو صیغەیەی کە ئێستا دەیخوێنمەوە: (المادة الحادية عشرة: عندما يكون العقار مشاعا بين شخصين او اكثر يتخذ ما يلي: كل شريك مسؤول عن دفع الضريبة عن حصته الشائعة بشرط ان تكون مسجلة بتسلسل خاص به). ئێمە لە لیژنەی یاسایی پشتگیری پرۆژەکە دەکەین، لەبەر ئەوەی عەدالەتی تێدایە لە مەوزوع، چونکە ئەگەر موڵکێك هەبوو دوو، یان سێ کەس شەریك بوون، زەریبە شەریکەکان تەنگاو دەکات تاکو حصەی

شەریکەکانی دیکەش بدات، لێرە لەو حاڵەتە هەر شەریکێك حصەی خۆی دەدات بەمەرجێك تەسەلسولی لە زەریبەی عەقار تەسبیت بکرێت بە تەسەلسولێکی خاص، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لیژنەی دارایی پشتگیری بیرو بۆچوونەکانی لیژنەی یاسایی دەکەین بە دادوەری دەزانین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر کەس مولاحەزەی نییە ماددەکە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، ماددەکە بە کۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سێیەم تکایە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم: بڕگەی (1) لە بڕیاری (520)ی ساڵی 1987 بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێت:

بڕگەی (1) (باجی خانووبەرە لە خانوویەکی نیشتەجێ بوون، یان شوقەیەکی نیشتەجێ بوون دایك و باوك، یان منداڵێکی خاوەن خانووی خۆی تێدا بێت دەبووردرێت، بەمەرجێك ئەو کەسەی لەناو خانووەکە دانیشتووە خانوویەك، یان شوقەیەکی نیشتەجێ بوونی سەربەخۆی نەبێت.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

تعدل الفقرة (1) من قرار (520) لسنة 1987 كالاتي:

الفقرة (1) (تعفى من ضريبة العقار دار سكن واحدة او شقة سكنية واحدة يشغلها اي من الوالدين او احد اولاد صاحب الدار بشرط ان لا يملك الشاغل داراً او شقة سكنية على وجه الاستقلال.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی دارایی ئیتیفاقمان کرد، کە صیغەکە بگۆڕێت، لەوێ داوایان کرد بوو یەك لە منداڵەکانی مەشمول بێت بە عەفو، ئێمە ئیتیفاقمان کرد کە دوو منداڵ ئەو حەقەی هەبێت، ئێستا پێم باشە صیاغەی ئەسڵی قانونەکەی بخوێنمەوە قەرارەکە، پێشنیاری لیژنەی یاسایی:

قرار (520) لسنه 1987

اولاً: تعفى من ضريبة العقار دار سكن واحدة او شقة سكنية واحدة يشغلها والدا صاحب الدار او احدهما بشرط ان لا يملك الشاغل داراً او شقة سكنية على وجه الاستقلال.

ئەوە ئەسڵی قانونەکەیە، لێرە ئێمە لە لیژنەی یاسایی وا ئیتیفاقمان کرد، کە صیاغەکەی بەو شێوەیە بێت، بەڵام لە تەبعەکە بە غەڵەتی هاتووە، ئێستا من بەشێوەی راستکراوەکە بۆتان دەخوێنمەوە:

(تعفى من ضريبة العقار دار سكن او شقة سكنية يشغلها اي من الوالدين او اثنين من اولاد صاحب الدار او شقة سكنية بشرط ان لا يملك الشاغل داراً او شقة سكنية على وجه الاستقلال).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بە تەواوەتی پشتگیری بیرو بۆچوونەکانی لیژنەی یاسایی دەکەین، پێشنیازێکیشمان هەیە بۆ زیاد کردنی فەقەرەیەکی نوێ، ئەگەر دوایی مەجال بدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە لە جەنابی وەزیرو لیژنەی قانونی، عاردی موشاعە مەسەلەن هەزار مەتر چوار خانووی لەسەر کراوە لە بەینی ئەو شەریکانە چۆن تاوتۆ دەکرێتن، بۆ ئەوەی ئەویش دایك و باوکی هەیە، موناسەفەیە بەناوی دوو کەسان، چوار خانووی لەسەرە، لەو حاڵەتەی چی دەگرێتەوە، ئەوە پێم خۆشە روون کردنەوەیەکمان بدەنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک تەلعەت نوقتەی نیزامیت هەبوو فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم لە لیژنەی یاسایی هەبوو سەبارەت بەوەی ئەگەر لە کۆمەڵەی کوردەوای خۆمان خەڵك هەیە لە زۆر حاڵەتدا دوو خێزانی هەیە، هەر یەك لە خانوویەکی تایبەتی داینـاون، ئێستا ئەوە مەجالی دەدەینێ دوو کوڕی هەبێت، یان یەك لە دایك و باوکی هەبێت، بەڵام ئەگەر ئەو کابرایە دوو ژنی هەبوو لە دوو شوێنی جیاوازیان دابنێ وسەربەخۆ تەکبیری ئەو چیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوا دەکەم لە لیژنەی یاسایی روون کردنەوەیەکمان بدەنێ، ئەو خانووانە، ئەو منداڵانەی کە زەواج دەکەن کچ بێت، یان کوڕ بێت، ئەو قانونە شمولیان دەکات، یان هەر تەنیا منداڵێك کە هی دایك و باوکی بێت، کە زەواجی نەکرد بێت، شمولی ئەو قانونە دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لیژنەی یاسایی وەڵامی ئەو سێ پرسیارە بدەنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت رەئیەکەی کاك رەشاد، سەبارەت بەو شەریکانەی کە لە بینایەك شەریکن بەناوی کێ تەسجیل کراوە، چۆن تەوزیع دەکرێت، هەر یەکە ئەگەر باوکیان هەبێت و دایکیان هەبێت، یان دوو منداڵیان هەبێت، وابزانم ئەوە زەریبەی عەقار کە تەسەلسولی خاصیان هەیە تەوزیع دەکرێت، چۆن تەسبیت کراوە لەوێ بە چ وەزعێکی ئیستیفادە لەو وەزعەی دەکەین موڕاجەعەی زەریبەی عەقار بکەن، ئەو هیچ کێشەیان نییە، جەنابی وەزیر دەتوانێت زیاتر تەوزیح بدات لەو نوقتەیە، دووەم/ بەنیسبەت پێشنیاری کاك تەڵعەت، بەڕاستی مولاحەزەیەکی زۆر واریدەو زۆر لە جێی خۆیەتی، فیعلەن ئەوە نەقصێکی قانونییە، ئێمە موعالەجەی ئەوانە دەکەین، بەڵام نەمان کردووە عەجەبە دوو ژنی هەبێت، هەردوو ژن مەشمولە بە ئیعفا، یان نا، چونکە سەکەنی یەك سەکەنە، ئینجا ئەگەر جەنابی وەزیر زیاتر تەوزیح بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببوورن، بەس پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، بۆچی یەعنی دوو منداڵ، چونکە هەر یەك (احد) دەکاتە دەش، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سرکیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە ئێمە تەتبیقی دەکەین، ئەگەر یەکێك چوار ژنی هەبێت عەفوە، یەعنی ئەوەی ئێستا لە زەریبە دەکرێت، بەپێی قانونی زەریبە، ئەوەی کە ئێمە تەتبیقی دەکەین، ئینجا صیغەی قانونی نازانم بەڕاستی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر کەمال قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە، ئەوەی دوو ژنی هەبێت، یان سێی هەبێت، یان چواری هەبێت، تەنها یەك خانوو بیگرێتەوە، ئەم پێشنیارە دەخەمە تەصویتەوە لە پێش پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە بابەتی ئەو مەشروعە نییە، هیچ پەیوەندی بەو مەشروعەوە نییەو نەهاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ڕەئیەکەی جەنابی دکتۆر کەمال نیم، چونکە ئەوە خیلافی شەرعە، خیلافی شەریعەتی ئیسلامیە، پیاو هەیە دوو ژنی هەیە، سێ ژنی هەیە هەمووی هەر منداڵی ئەو پیاوەیە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێم وایە بۆ حەسمی ئەوە بگەڕێینەوە ئەسڵی مەشروعی حکومەت باشترە، ئەگەر لیژنەی قانونی سەحبی نەکات، دەبێت بیخەینە دەنگدانەوە (اثنین)ەکە هەر (احد)ەکە بمێنێت وازیحتریشەو، ئەگەر سەحبی دەکەن باشە، ئەگەرنا، بۆ ئەوەی دەزانی چۆنە، ئەگەر ئەو صیغەیەی ئێوە بێت فێڵ لە قانون دەکەن، هەر کەسێك ماڵێك دادەنێن و ئەسڵی مەشروعەکە وازیحترە، ئەگەر سەحبی ناکەن، کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی لەگەڵ نوێنەری حکومەت ئیتیفاقمان کرد کە دوو منداڵ بێتن، نەك یەك منداڵ، لە ئیتیفاقیەکەش جەنابیان لێرەنە دەتوانن زیاتر تەوزیحی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

صیغەکە وا مانای ناگەیەنێت، کاك دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەوەی حکومەت باشترە، (او احد) یەعنی یەکێك لە منداڵەکانی، شەرت نییە یەك بێت، لەوانەیە دوان بێت، لەوانەیە سێیان بێت، ئەوەی حکومەت بەقوەتترە، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سركيس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەو کاتە کە مەشروعەکەمان تەقدیم کرد مەبەستمان یەك بوو، ئەوەی کە لە پرۆژەکەشدا هاتووە مەبەستمان یەك منداڵە، نەك دوو و سێ، بەلاّم پاشتر کە گفتوگۆ لەگەڵ لیژنەی یاسایی کرا بوو بۆ تەسهیلاتی زۆرتر رازی بووین لەسەر ئەوەی کە بکرێتە دوو منداڵ لە جیاتی یەك منداڵ، ئێستاش رەئی بۆ ئێوەی پەرلەمانە، کوڕو کچیش لێرە فەرقی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی داوا دەکات زەریبەی عەقار عەفو بکرێت لە داری سەکەن و شوقەیەك، ئەگەر بێتو دایك و باوك، یان منداڵەکەیان، دوو منداڵ ئیزافەیان کردووە، ئەو دوو منداڵە ئێمە باسمان کرد گوتمان لەنگ هاتووە، ئەوانیش سەحبی ناکەن، کاك عەونیش دەڵێ لەنگەکە هاتووە چاکی دەکەین، بە هەر حاڵ پێم وایە ئیعفایەکە یەك خانوو بێت، یەك خانووەکە، ئەگەر بڵێی یەك خانوو ناکرێت بڵێی (او اثنین) هەر یەك خانووە، باوك و دایکەکە تێدا بن و، یان منداڵەکانیشی تێدا بێتن، موقتەرەحیان سەحب ناکەن، لە پێشنیارەکەیان دەڵێ دوو منداڵیشی تێدا بێت، پێشنیارەکە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی یاساییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بزانم چیە نوقتەی نیزامت، ئەگەر نوقتەی نیزام نییە پێت دەبڕم.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی نوقتەی نیزامە، بەلاّم لەناو نوقتەی نیزام پرسیارێك لە لیژنەی یاسایی و وەزیر، ئەو دوو منداڵە کچ و کوڕ بن، یان کوڕ بن، یان شوویان کردووەو ژنیان هێناوە نابێت، ئەو پرسیارە زۆر گرنگە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لەکاتی دەنگدانە کەی، ئەوە نوقتەی نیزام بوو، کاك فرسەت شەرحی بکە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رەئی خۆم دەدەم بێ شەرح، هەر یەکێك لە خانووی خۆی دابێت، مەعفوە لە زەریبە، ئەوە هەموو کەسێك دەزانێت، دوو، بێین ئیزافە بکەین، دوو: خانووی تریش عەفوی بکەین، ئەو بوونە سێ خانوو، بە رەئی من لە قانونەکە دەردەچین، سێ/ هەرچەند پێش ئێستا جەنابی سەرۆك و برادەران ئەندامانی پەرلەمان ئەوە تەوزیحیان کرد، خۆ زەریبە بۆچیە، بۆ حکومەتە، موقابیلی ئەوە خەدەمات تەقدیم دەکات، یەعنی لازمە ئێمە بەو شکلە تەماشا نەکەین، کە حکومەت بەخۆی تەسەروف بەو پارەیە دەکاتن، ئێمە داوای جادە دەکەین، داوای دەرمان دەکەین، داوای رەواتب دەکەین، وەکو جەنابی وەزیری دارایی و ئابووریش تەوزیحی کری، ئەگەر ئێمە هەر بە تەمای بەغدا بین، بەغدا ئەو وەرقەی زەختە دژی ئێمە

بەکار بێنێت دوو مانگ واریدات بۆ ئێمە نەنێرێت مەعاش نەدەین، بەڕاستی میللەت تەحەمولی ناکات، بە رەئی من ئێمە چاوێك بەوە بخشێنین کو ئیستیقلالیەتێکی دارایی و ئابووریمان هەبێت و مەوریدێك بۆ ئەو خەدەماتە تەرتیب بکەین، بە تەمای بەغدا نەبین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەرچەند باسمان کرد خستەمانە دەنگدان، بەلأم نیوەی بوو، ئەگەر لیژنەی یاسایی سەحبی بکات مەمنونی دەبین باشترە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ برادەرانی ئەندامانی لیژنەی یاسایی دوور بە دووری وا ئیتیفاقمان کرد کە پێشنیاری خۆمان سەحب دەکەینەوە، زۆر سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ماددەکە وەکو خۆی دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی چوارەم تکایە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم: کار بە هیچ دەقێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: لا يعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی پشتگیری لە یاسایەکە دەکەین، بەلأم صیاغەکەمان گۆڕیە بەو شێوەیە: (المادة الرابعة: لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ئیزافەی لیژنەی قانونی تەبیعییە، لەگەڵ هەموو یاسایەکان وامان کردووە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی چوارەمە بەو موفقتەرەحەی لیژنەی یاسایی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی پێنجەم تکایە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم:

وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمدا بۆیان هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسان کردنی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربکەن.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

لوزارة المالية والاقتصاد في الاقليم اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری ماددەکە دەکەین و هیچ تێبینیمان لەسەر نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(لوزير المالية) چاکی بکەنەوە، چونکە یەکێك دەبێت ئیمزای بکات، ماددەی پێنج بەو گۆڕانکارییەی لە جیاتی وەزارەت دەبێتە وەزیری مالیە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی شەشەم تکایە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم:

کار بە یاساو بڕیارەکانی باجی بەرکار دەکرێت، ئەوانەی پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە نین.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:

يعمل بالقوانين والقرارات الضريبية النافذة بما لا يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری ماددەکە دەکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە بە رەئی کاك فرسەت و ئێمەش پێمان وایە زیادە، لەبەر ئەوەی ئیرباکێك پەیدا دەکاتن، قەوانینی زۆرمان هەیە، ئەگەر سەحبی ناکاتن، ئێمە موقتەرەحی خۆمان دەیخەینە دەنگدانەوە کە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێتن، ئەگەر کەس قسەی لەسەر نییە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بۆیە ماددەکەمان هێشتەوە، بەڕاستی تەئکیدە لەسەر ئەو ماددەیەی کە دەڵێت (لا یعمل بأي نص یتعارض مع احکام هذا القانون)، هەردووك عەینی مانا دەدات، ئەگەر ئەوە لەغوش بکرێت وابزانم هیچ تەئسیرێکی وای نییە، وەکو ماددەی پێشتر ئێمە تەصویتمان لەسەر کردووەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستیەکە بڵێم نەوەك کەسێك بێتن قانونی ئیستیسمار بڵێ لەگەڵ ئەوە نییە، نەوەك تەشابوهێك هەبێتن، بۆیە من دەڵێم ئەو ماددەیە زیادە، بێجگە لەوەش خۆشی دەڵێ نافیزە، ئیعتیرازت لەسەر موقتەرەحی ئێمە نییە بۆ ئیلغا کردنی ئەو ماددەیە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ماددەی شەش ئیلغا کرا ، ماددەی حەوتەم تکایە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم کە دەبێتە شەشەم:

پێویستە وەزیرە تایبەتمەندەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:

على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی صیاغەی ماددەکەمان گۆڕیە بەو شێوەیە:

(على المجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش وەکو ماددەکانی تره، دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی هەشتەم کە دەبێتە حەوتەم:

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرکردنیەوە و بلاّو کردنەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة السابعة:**

**ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ صدوره ونشره في جريدة وقائع كوردستان.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنـەی یاسایی وامـان کـرد کـە قانونەکـە لـە 1/1//2008ەوە تـەنفیز بکرێـت، صیاغەکەی بـەو شێوەیە:

(ينفذ هذا القـانون اعتبـارا مـن تـاريخ 2008/1/1 وينشـر في الجريـدة الرسميـة وقـائع كوردسـتان)، لەبـەر ئەوەی حیساباتی زەرائیـب هـەتا ئەوساڵە تەصفیە کـراوە، کەواتـە لـە سـاڵی نوێـوە دەسـت پـێ دەکـات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەیە، هی 2007 لە 2008 تەصفیە دەکرێت، حیسابی زەریبـەی، 2006 تەصفیە کـراوە لـە 2007 دائیمەن هەتا مانگی پێنج مەجال هەیە، کاک جەلال دەزانێت، لە 1/1 هەتا 5/1 حیسابی مەشاریع تەصفیە دەکرێت هی ساڵی رابردوو، لێرە ئایا شمولی 2007 دەکات، یان نا، ئەو پرسیارەکەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با جەنابی وەزیر وەڵام بداتەوە.

**بەڕێز سرکیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە بەڕێز کاک ڕەشاد ئیشارەی پێدا عیلاقـەی بـە بـاجی دەرامەتـە، زەریبـەی دەخـل، نـەك زەریبـەی عەقار، زەریبەی دەخل هەتا مانگی پێنجە، دەبێت موراجەعەی بکات لە عەینی ساڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موقتەرەحی لیژنەی یاسایی بۆ ماددەی هەشت دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ئەسـبابی موجیبـە تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**(الاسباب الموجبة)**

لغـرض جعـل القـانون منسـجماً مـع السياسـة الاقتصـادية في اقلـيم كوردسـتان ولتحقيـق اهـداف التشـريعات الاقتصـادية الخاصـة بالاسـتثمار واقتصـاد السـوق وتشـجيع الحركـة العمرانيـة والاسـتثمارات بصـورة عامـة ولتحقيق العدالة وتخفيف العبء الضريبي عن كاهل المواطنين فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پرۆژەكـە بـە دیباجەكـەوە دەخەمـە دەنگدانـەوە، كـێ لەگەڵدایـە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، كـێ لەگەڵدا نییە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، بەزۆرینـەی دەنـگ وەرگـیرا، پیرۆزبـایی دەكـەین، ئومێـد دەكـەین ئـەو یاسـایەش وەكـو یاسـاكانی تـر هانـدەر بـێتن بۆئـەوەی قـانونی باجـەكان لـە كوردسـتاندا بەشێوەیەكی باشتر جێ بـەجێ بكرێتن، بتوانێت ببێتـە هـۆی هـەم بینـاو هـەم پشتگیری كـردن لـە بینـاو ئیستیسمار، هەمیش داهات بۆ حكومەت زیاد بكات، ئومێـد دەكـەم وەزارەتـی دارایـی بـە ئـیش و كارەكـانی خۆیان باش هەڵبستن و موژدەی ئەوەشمان بدەنێ گوتیانەو وەعدیان داوە پێشی كۆتـایی سـاڵ حكومەتەكـە یەك دەگرێت، ئەمـەش ئینشائەللا جێ بـەجێ دەبێـت لـەو چـەند هەفتـەی داهاتووداو سوپاسـتان دەكـەم، ئەگەر جەنابی وەزیر قسەیەكی هەیە فەرموو.

**بەڕێز سركیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە كۆتاییدا من زۆر سوپاسی بەڕێزتان و تەواوی ئەندامانی پەرلەمان دەكـەین بـۆ تـەواو كردنـی یاسایەكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، داواش لە جەنابی وەزیر دەكەین كە بە زووترین كات میزانیەی ساڵی 2008 بگاتە پەرلـەمان رانەوەستێتن لەسەر ئەوەی بڵێ لە بەغدا هێن نەكراوە، میزانیەی تەقدیری لەبەر رۆشنایی ئـەو میزانیـەی 2007یان لە پێشە تەخمینـەن چـەندیش ئیزافـە دەكرێتن لـە بەغـدا ئـیعلان كـراوە، تەقریبـەن ملیارێـك ئیزافە كراوە، لـەو ملیـارە 17٪ی بەشـی ئێمەیـە، دەتـوانین لێـرەوە داهـاتی خۆشمـان هەیـە بـە تەقـدیرەوە دەتوانن تەقدیم بكەن و دواتر ئەگەر لە بەغـدا گۆڕانكاری لەسـەر كـرا ئـەتوانین عـەجزو هێنـەكان حـەلی بكەین، بەڵام وەكو پارەكە نـەبێتن، یـەعنی پێشـی كۆتـایی سـاڵ، ئێمـە لێـرە ئیقرارمـان كـرد بـێتن، چونكە خەڵكیش داوامان لێ دەكاتن، برگەی سێیەم/ بۆ ئەوەی كـاك غـەفور جارێكی تـر رەخنـەمان لـێ نـەگرێتن، دەبێـت دوای بخـەین دەیخەمـە دەنگدانـەوە، كێ لەگـەڵ ئەوەیـە دوای بخـەین دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بـەكۆی دەنـگ دواخـرا، دانیشـتنی داهاتوومـان سبەینێیە سەعات دەو نیو، بۆ ئەوەی خاڵی سێیەم تەواو بكەین، كۆتایی بـە دانیشـتنەكەمان دەهێـنین، زۆر سوپاس.

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان - عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (13)**

**پێنج شەممە رێکەوتی 18\10\2007**

# خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (13)

## پێنج شەممە ڕێكەوتی 2007/10/18

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی 2007/10/18 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە (13)ی خولی دووەم، ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (13)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یاسای باجی دەرامەت ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار كراو كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (13)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی 2007/10/18دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یاسای باجی دەرامەت ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار كراو كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانەوە پێشكەش كراوە.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز سەرکیس ئاغا جان وەزیری دارایی و ئابووری، بەڕێز کاک سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، بەڕێز کاک جەلال کۆێخا عوبید راوێژکاری باج لە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکەین, بەخێر بێن سەرچاو، دوا لە لیژنەی یاسایی و دارایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم پرۆژەکە کە هاتووە لە حکومەتەوە خاڵ بە خاڵ بخوێننەوە بە زمانی کوردی و عەرەبی، دوایێ رەئی لیژنەی یاسایی و دارایی بخوێندرێتەوە، ئینجا باسی لەسەر دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی پرۆژەکە کاک دلێر بە زمانی کوردی دەیخوێنێتەوە، پاشان کاک محەمەد صالح بە عەرەبی دەیخوێنێتەوە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**یاسای ژمارە ( )ی ساڵی 2006**

**یاسای هەموار کردنی باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار کراو**

**ماددەی یەکەم:**

1- کارکردن بە بڕگە (10/ج) لە ماددەی (1)ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار کراو رادەگیرێ.

2- دەستەواژەی (لە غەیری ولاٌتە عەرەبیەکان) لە بڕگە (10/د) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982دا هاتووە، هەڵدەگیرێ.

3- ئەم بڕگەی خوارەوە بۆ ماددە (1)ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار کراو زیاد دەکرێ، ئەم بڕگەیە (10/ج)ی دەبێ:

بڕگە (10/ج) (ئەو هاووڵاتیانەی لە رۆڵەکانی هەرێمی کوردستان کە لە دەرەوەی عێراق نیشتەجێن، مەبەستەکانی پیادە کردنی یاسای باحی دەرامەت دەیانگرێتەوە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**قانون رقم ( ) لسنة 2006**

**قانون تعديل قانون ضريبة الدخل رقم (113) لسنة 1982 المعدل**

**المادة الاولى:**

1- يوقف العمل بالفقرة (10/ج) من المادة (1) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل.

2- تحذف عبارة (من غير الاقطار العربية ) من الفقرة (10/د) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل.

3- تضاف الفقرة الاتية الى المادة (1) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل وتكون الفقرة (10/ج) لها:

الفقـرة (10/ج) (اعتبـار المـواطنين مـن ابنـاء اقلـيم كوردسـتان السـاكنين خـارج العـراق كمقـيمين لاغـراض تطبيق قانون ضريبة الدخل).

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمـە لەگـەڵ لیژنـەی یاسـایی لەگـەڵ نوێنـەرانی وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری كۆبووینـەوەو دوای ئـەوەی گفتوگۆیەكی زۆرمان لەسەری كرد، یەك دوو پێشنیارمان هەیە:

1- سەرەتا لیژنەكەمان پشتگیری لە پرۆژەكە دەكاو پێشنیازیش دەكات دیباجەیەكی بۆ دابڕێژرێت و زنجیرەی ژمارەكانیش بە نووسراوەیی بێ، هەر وەك چۆن پێشتر یاساو بڕیارەكانی ئەنجومەنی نیشتیمانیی كوردستان لەسەری ڕۆیشتوون.

2- لیژنەكەمان پێشنیاز دەكا بە ناوزەد كردنی یاساكە بە(یاسای هەمواركردنی پیادەكاری یاسای باجی داهات ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەمواركراو لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق)دا، چونكە بەنیسبەت ئێمە دەستووری عێراق ماوەی بە ئێمە داوە، كە لەو دەسەڵاتانەی كەوا حەسری نینە، ئێمە تەتبیقی تەعدیلی بكەین و بەپێی دەسەڵاتی خۆمان.

3- (فيما يتعلق بالمادة الاولى من المشروع تؤيدها اللجنة وتقترح إضافة جملة (في اقليم كوردستان – العراق) الى نهاية الفقرات الثلاث منها) یەعنی ماددەی یەكەم لە فەقەرەی (1- يوقف العمل بالفقرة (10/ج) من المادة (1) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل في اقليم كوردستان) هەروەها فەقەرەی دووەمیش هەمان شت (تحذف عبارة (من غير الاقطار العربية ) من الفقرة (10/د) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل في اقليم كوردستان)، (3- تضاف الفقرة الاتية الى المادة (1) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل وتكون الفقرة (10/ج) لها في اقليم كوردستان، لأن القانون الاتحادي يعتبر رعاية الاقطار العربيه كالعراقيين في التعامل الضريبي وبما انهم ليسوا بعراقيين لذلك يستوجب معاملتهم معاملة غير المقيم في كوردستان كما وان المواطنين العراقيين الساكنين خارج العراق بدون موافقة جهة رسمية أو عذر مشروع كانوا يعتبرون غير مقيمين ولا يتمتعون بالسماحات القانونية ويخضعون لنسب الضريبة كغير المقيم وبموجب المادة الاولى من المشروع يعتبر المواطنون من ابناء اقليم كوردستان الساكنون خارج العراق كمقيمين لغرض تتمعتهم بالسماحات القانونية).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنـەی دارایـی و ئـابووری لـە (6)ی حـوزیرانی 2007دا کۆبوونـەوەی خـۆی سـاز دا، سـەبارەت بـە بـاجی داهات، ئێمە بەشێوەیەکی گشتی پشتگیری لە پرۆژەکە دەکەین و بە شتێکی چاکی دەزانـین و پشـتگیری لـەو تێبینیانەو سەرنجانە دەکەین کە لیژنەی یاسایی هەیەتی و زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت ماددەی یەکەوە مامۆستا کاکە، یەعنی ئەو ئیزافەیە (من اقلیم کوردستان) تەحصیل حاصلە خۆ مەعروفە لە ئیقلیمی کوردستان لێرە دەردەکەوێت حدودیش ئەوەیە، ئەگەر لە یەکەمیش موبەریر هەبێت لە دووەم و سێیەم ئەوەی دەکات، ماناکەی تێك دەداتن، لـە یەکـەم ئەگـەر دەڵێـی (1- یوقـف العمـل بـالفقرة (10/ج) من المادة (1) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل في اقليم كوردسـتان) ئەگـەر لەوەشدا بنووسرێت فەیدی ناکات، بەڵام (تحـذف عبـارة (مـن غـير الاقطـار العربيـة )) دوور دەکەویـەوە کـە بنووسرێت (في اقلـيم كوردسـتان) لـەوێ زیـادە، چونکە دوور دەکەوێتـەوە لـە مەوزوعەکـە، لەبـەر ئـەوە لـە یەکەمەکە تەبیعییە، هەرچەندە ئەگەر نەنووسرێت قانونەکە هەر تۆ ئیقلیم شوێنی تر ناگرێتەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێـرە مەبەسـتمان ئەوەیـە کـە ئـەو عیبارەتـە حـەزف دەکـەین، مەبەسـت لـە ئیقلیمـی کوردسـتانە، نـەك شوێنەکانی تر، بە ئیعتیبار ئێمە سەلاحیاتمان بـەس لـە ئیقلیمـی کوردسـتانە، بۆیـە ئـەوەمان دانـا، ڕەئـیش ڕەئی ئێوەی بەڕێزە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم وایە بەس لە ماددەی یەکەم فەقەرەی یەك جێی دەبێتەوە، بەس لە ئەوانی تردا مەفهومەکـە دوور دەکەوێتـەوە، وەکو بڵێـی زەریبـەی دەخلەکەیـە ساڵی 1982ی هـەموار کـرا لـە ئیقلیمـی کوردسـتان، دوور دەکەوێت لە مەفهومەکە، لە یەکەم تەبیعیە بێتن، ئەگـەر نـەهێنن هـەر مەفهومـە، چونکە تـۆ قانونەکـەت پەرلەمانی کوردستان هەر حدودی هەرێمی کوردستانە، بـەڵام ئەگـەر هـەر لـە یەکەمەکە بنووسـرێتن پـێم وایە کافیە، ماددەی یەکەم وەکو لیژنەی یاسایی باسی کرد و لیژنەی داراییش پشـتگیری لـە موقتەرەحەکـە کرد، تەسەلسولەکە دەگۆڕێت وەکو هەموو قەوانینەکانی تـر، ئەگـەر پێتـان باشـە ئـەو ئیقلیمـی کوردسـتانە تەنیا لە یەك بمێنێت، لە دوو و سێ نەبێت، ئەگەرنا موناقەشەی بکـەین، مامۆسـتا کاکـە چـی دەڵـی لەسـەر ئەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەعنی ئەگەر هەتا نەبێت، مادام لە یەکەم گوتومانە دەکات بۆ هەمووانە، مانیعمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە تەنیا لە ئەوەلەن ئیزافە دەکرێت (في اقليم كوردستان)، ئەگەر کەسێك ڕەئیـەکی تـر نییـە، فـەرموو کاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بکرێت لەسەر ئەو بڕگەو ماددانە هەڵدەوەشێنەوە، لیژنەی یاسایی تەوزیحاتێکیان لەبەر دەستدا هەبێت, شتێکی باشەو تەوزیحاتیشە بۆ ماددەکانی تر بۆ موناقەشە، ئەوە ئاسانکارییەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەو تەعدیلەی ئێوە تێ نەگەیشتم، چونکە تێبینی من لەسەر فەقەرە (10/ج) (اعتبار المواطنين من ابناء اقليم كوردستان)، ئەگەر ماوە تاکو تێبینیەکەی خۆم بڵێم، جارێ ئەوەڵەن صیغەکەی تەواو نییە، یەعنی لە ناحیەی لوغەوی (اعتبار المواطنين من ابناء اقليم كوردستان الساكنين خارج العراق كمقيمين)، یەعنی کابرا کە موقیم نییە بەهیچ نەوعێك نابێت ئیعتیبار بکرێك کەموقیمین، دەبێت صیاغەکەی بگۆڕدرێت، من دوو صیغە پێشنیار دەکەم، یەکەم/ (شمول المواطنين من ابناء اقليم كوردستان الساكنين خارج العراق باحكام هذا القانون)، یاخود (ينفذ احكام هذا القانون على المواطنين من ابناء اقليم كوردستان الساكنين خارج العراق ايضاً)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینیەکە کاك سەردارم هەبوو، چونکە لێرەدا لە راپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی زۆر بە ئاشکرا هاتووە (الساكنين خارج العراق كمقيمين لغرض تمتعهم بالسماحات القانونية) بەلاّم لێرە کە دەڵێت (المقيمين لاغراض تطبيق قانون ضريبة الدخل)، هەموو کەسێك کە لە دەرەوەی وڵات دەژی، لەو وڵاتەی دەژی لەسەر بتڵێك ئاوەوە زەریبە دەدات، هەتا گەورەترین شت، لێرەدا تۆ جارێکی تر، یان مەفروزە تۆ لێرە کەلیمەی (السماحات) ئیزافە بکەیت، یاخود بەو شێوەیە بێت کە کاك سەردار باسی کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرە باسی موقیم دەکەین، تەعریفی موقیم کراوە، موقیم بەنیسبەت ئێمە ئیمتیازاتی هەیە، ئیمتیازاتەکەش ئەوەیە ئیعفائاتی هەیە، بەلاّم ئەگەر بێتو غەیری موقیم بێت، ئیعفائاتی نییە، لێرە لە حکومەتی مەرکەزی پێشان وایان دانابوو ئەوانەی جەماعەتی ئەفتاری عەرەبی هەموو ئیعتیبار دەکرێن بە موقیم، لەبەر ئەوەی کەوا ئەو ئیعفائاتانەی بدەنێ، بەلاّم ئەوانەی کوردو عەرەب و هەر کەسێکی دیکە، کە

چووبێتە دەرەوە بەبێ ئیجازە، بەبێ پاسپۆرت و بەبێ ڤیزە ئیعتیباریان دەکرێت بەبێ موقیم، بۆ ئەوەی کەوا نەتوانن، ئێمە بۆ لێرە ئەو ماددەیەمان داناوە، ئەوانەی کە کوردن و لە دەرەوەنە ئیعتیباریان دەکەین بە موقیم لە کوردستان، بۆ ئەوەی ئەو ئیعفائاتانە وەربگرن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەقصەدەت ئەوەیە هەموو هاووڵاتیانی کوردستان کە لە دەرەوەن بە تورکمان و ئاشوورییەوە، ئەو موقتەرەحەی کاك سەردار عەینی شت دەکاتن، مەفهومەکەی عەینی شتە، بەلاّم لەبەر ئەوەی قانونەکە دەڵێت موعامەلەی موقیمین ئەو زەریبەیە شمولیان دەکات، ئەو کەلیمەیە بێتن، بۆ ئەوەی هیچ تەفسیلێکی تێدا نەبێتن، بەنیسبەت مولاحەزەکەی کاك عەبدولڕەحمان کەمێك شەرحی کرد، بەلاّم من بە موناسەبەی دەزانم، کە باس بکەم ئەندام پەرلەمان ئەوەی کە مەبەستیەتی موناقەشە بکاتن، تەبیعی دەبێت بچێتە سەر ئەسڵی مەشروعەکە, قانونی زەریبەی دەخل ئەو فەقەرەیە ببینێتەوە، کە باسی دەکاتن ئیشارەتی پێ دراوە، ئەو موقتەرەحەی پڕۆژە تازەیەی کە داوای تەعدیل دەکاتن، ئەگەر ئەو داوای شەرحە، یەعنی ئێستاکە بۆ خەڵك خراپ نییە، بەلاّم بۆ ئەندام پەرلەمان مەفروزە خۆی خوێندبیتەوەو ڕەئی خۆی حازر کرد بێت لەسەر ڕەئی هەردووکیان، لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستا کاکە تۆزێك ئاماژەی پێ کرد، شەرحی کردو ئەسبابەکەشی، کەواتە ماددەی یەك بەو موقتەرەحەی لیژنەی یاسایی تەعدیلاتەکانی دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ماددەی یەك وەرگیرا، ماددەی دوو تکایە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم:

1- کارکردن بە بڕگە (4)ی ماددە (2) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار کراو رادەگیرێ.

2- کارکردن بە بڕگە (2)لە بڕیاری ژمارە (520)ی ساڵی 1987ی رادەگیرێ.

3- کارکردن بە بڕگە (20)ی ماددە (7)ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار کراو رادەگیرێ.

4- بڕیاری ژمارە (73)ی ساڵی 2000 هەڵدەوەشێتەوە.

5- ماددەی (2) لە بڕیاری ژمارە (86)ی ساڵی 2000 هەڵدەوەشێتەوە.

6- ماددەی (3)ی لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (5)ی ساڵی 1999 هەڵدەوەشێتەوە.

7- ماددەی (4)ی لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (5)ی ساڵی 1999 هەڵدەوەشێتەوە.

8- ئەمانەی خوارەوە شوێنیان دەگرێتەوە

بڕگەی (4) لە ماددە (2)ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

أ- باجێك بە رێژەیەکی بەرزبوونەوە لە بەهای خانووبەرەکە دەبڕدرێتەوە، یان مافی دەستکاری کردنی خەملێندرا بێت، بەپێی حوکمەکانی یاسای خەملاّندنی بەهای خانووبەرەو قازانجەکانی ژمارە (85)ی ساڵی 1978 ، یان نرخەکەی و هەر کامەیان بەسەر خاوەن موڵك پتر دەوەستێ، یان خاوەنی مافی دەستکاری کردنی تیایدا لە کاتی گواستنەوەی موڵکداریەکە، یان مافی دەستکاریەکە بەهەر هۆیەك لە هۆیەکانی

گواستنەوەی موڵكداریەكە، یان بەدەست هێنانی ماف دەستكاری كردن، یان گواستنەوە (وەكو فرۆشتن و گۆڕینەوەو سوڵح كردن و لێخۆش بوون و بەخشین و لابردنی كۆبەشی و پاكۆكردنی وەقف و بانەوانی)و مامەڵە لەگەڵ كرێچی وەكو خاوەن موڵك دەكرێ، كاتێ خانووبەرەیەك بەكرێ دەگرێ، دەكەوێتە ژێر دەستی بەگرێبەستی بانەوانی (مساطحة)و بەم شێوەیە حیسابی بۆ دەكرێ:

1- (20000000) بیست ملیۆن دیناری یەكەم لە بەهای خانووبەرە، یان نرخەكەی لە باج دەبووردرێت و ئەم بڕە پارەیە لەسەر هاوبەشەكانی بەپێی بەشەكانیان دابەش دەكرێ، ئەگەر خانووبەرەكە كۆبەش بێت.

2- ئەوەی لە بڕە پارەی لێبووردراوەكەی لە دەقی بڕگە (1/أ)ی ئەم بەندە زیاتر بێت، باج بەم ڕێژانەی خوارەوە دەیگرێتەوە.

أ- 3٪ تا دەكاتە 30000000 سی ملیۆن دینار.

ب- 4٪ ئەوەی زیاتر بێت لە 30000000 سی ملیۆن دینار تا دەگاتە 60000000 شەست ملیۆن دینار.

ت- 5٪ ئەوەی زیاتر بێت لە 60000000 شەست ملیۆن دینار تا دەگاتە 90000000 نۆوەد ملیۆن دینار.

پ- 6٪ ئەوەی زیاتر بێت لە 90000000 نۆوەد ملیۆن دینار.

ب- ئەگەر گواستنەوەی ملكداری خانووبەرەكە لەسەر چەند پشكێك لە خانووبەرەكە بوو، باجەكە بەپێی حوكمەكانی ئەم بڕیارە لەسەر خانووبەرەكە بەگشتی حیساب دەكرێ و بەگوێرەی پشكەكانی گوازراونەتەوە بۆ هەموو خانووبەرەكە بەگشتی وەردەگیرێ.

ج- نابێ مۆڵەتی ئەو مامەڵانەی دەكەونە بەر حوكمەكانی ئەم بڕیارە لەسەر ڕێكارەكانی پشكنین و گەڕان لەسەر پێچەكانی باجی بەر لە جێ بەجێ كردن ئەم بڕیارە هەڵبپەساردرێ.

د- حوكمەكانی ئەم بڕیارە پیادە دەكرێ بەر لەو لێخۆشبوونانەی كە لە دەقی بڕگە (1/أ) هاتووە دەرهەق بەو مامەڵانەی گواستنەوەی موڵكداری خانووبەرە، یان ماف دەستكاری كردنی، كە پێش ئەم بڕیارە تەواو بووەو باجەكانیان نەدراوە.

هـ- حوكمەكانی ئەم بڕیارە پیادە ناكرێت لەسەر لێخۆشبوونەكانی باج كە بەپێی هەردوو بڕگە (23، 25)ی ماددەی حەوتەم لە یاسای باجی دەرامەت، یان یاسا، یان بڕیاری تایبەت.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثانية:

1- يوقف العمل بالفقرة (4) من المادة (2) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل.

2- يوقف العمل بالفقرة (2) من قرار رقم (520) لسنة 1987.

3- يوقف العمل بالفقرة (20) من المادة (7) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل.

4- يلغى قرار رقم (73) لسنة 2000.

5- يلغى المادة (2) من قرار رقم (86) لسنة 2000.

6- يلغى المادة (3) من قانون ضريبة الدخل رقم (5) لسنة 1999.

7- يلغى المادة (4) من قانون ضريبة الدخل رقم (5) لسنة 1999.

8- يحل محلها مايأتي:

الفقرة (4) من المادة (2) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 تقرأ كالاتي:

أ- تفرض ضريبة مقطوعة بنسب تصاعدية من قيمة العقار او حق التصرف فيه المقدر وفق احكام قانون تقدير قيمة العقار ومنافعه المرقم 85 لسنة 1978 او البدل ايهما اكثر على مالك العقار او صاحب حق التصرف فيه عند نقل الملكية او حق التصرف بأية وسيلة من وسائل نقل الملكية او كسب حق التصرف او نقله (كالبيع والمقايضة والمصالحة والتنازل والهبة وازالة الشيوع وتصفية الوقف او المساطحة) ويعامل المستأجر معاملة المالك عند ايجاره العقار الذي دخل في تصرفه بعقد المساطحة، وتحتسب وفق مايلي:

1- يعفى من الضريبة اول (20000000) عشرين مليون دينار من قيمة العقار المقدرة او بدله، ويوزع هذا المبلغ على الشركاء وفق حصصهم اذا كان العقار مملوكا، على وجه الشيوع.

2- يخضع الى الضريبة مازاد على مبلغ الاعفاء المنصوص عليه في الفقرة (1/أ) من هذا البند وفق النسب التالية:

أ- 3٪ لغاية 30000000 ثلاثين مليون دينار.

ب- 4٪ مازاد على 30000000 ثلاثين مليون دينار لغاية 60000000 ستين مليون دينار.

ت- 5٪ مازاد على 60000000 ستين مليون دينار لغاية 90000000 تسعين مليون دينار.

ث- 6٪ مازاد على 90000000 تسعين مليون دينار.

ب- اذا كان نقل ملكية العقار منصبا على سهام من العقار فتحسب الضريبة وفق احكام هذا القرار على عموم العقار وتستوفي بنسبة السهام المنقولة الى عموم العقار.

ج- لايجوز تعليق اجازة المعاملات المشمولة بأحكام هذا القرار على اجراءات التحري عن مخالفات الضريبة المرتكبة قبل نفاذه.

د- تسري احكام هذا القرار باستثناء الاعفاء المنصوص عليه بموجب الفقرة (1/أ) على معاملات نقل ملكية العقار او حق التصرف فيه التي تمت قبل هذا القرار ولم تسدد الضريبة عنها او عن فروق التقدير المترتبة عليها.

هـ- لاتسري احكام هذا القرار على اعفاءات الضريبة المقررة بموجب الفقرتين (23، 25) من المادة السابعة من قانون ضريبة الدخل او قانون او قرار خاص.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی تەئیدی ماددەکە بە تەواوەتی دەکەین تەنها دوو ئیقتیراحمان هەیە، یەکێکیان ئەوەیە (لە هەرێمی کوردستان – عێراق) بەدوای کۆتایەکەی (بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە) لە بڕگەی (8)ی زیادە بکرێت. دوای ڕێکەوتنی لیژنەکەمان لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت لەسەر بەرزکردنەوەی ڕێژەی ڕێپێدراوەکانی باج کە لە پرۆژەکەدا هاتووە, چونکە ئامانج لێی سووکردنی باری باج سەندنەکەیە, ئەمیش بە پێدانی مافی لێبوردن بە باجدەر لەو قازانجانەی بەدەستی دێنێ لە ئاکامی ئەو مامەڵانەی کە لەسەر خانووبەرەی نیشتەجێبوو و بازرگانی و کشتوکاڵیەکان ئەنجام دەدرێن، لەکاتێکدا ڕێپێدراوەکانی باج تەنها خانووبەرەکانی نیشتەجێبوون دەگرنەوە, ڕێژەی ڕێپێدراوەکانیش بەم شێوەی خوارەوە بەرزدەکرێنەوە:

**أولاً/**

1- 50000000 خمسون مليون ديناراً بدلاً من 20 عشرين مليون ديناراً.

2-.

أ/ 3٪ لغاية 50000000 خمسين مليون دينار.

ب/ 4٪ مازاد على 50000000 خمسين مليون دينار لغاية100000000 مائة مليون دينار.

ت/ 5٪ مازاد على 100000000 مائة مليون دينار لغاية150000000 مائة وخمسون مليون دينار

ث/ 6٪ مازاد على 150000000 مائة وخمسون مليون دينار.

ثانياً/ جعل كلمة (القرار) في ب، ج، د، هـ منها بـ(القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی دارایی و ئابووری پشتگیری لە ماددە دووی پرۆژەکە دەکات و, هەموو سەرنج و تێبینیەکانی لیژنەی یاسایشی پێ چاکە، پشتگیری لێ دەکەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر شەرحێکت هەیە بۆ ئەو پرۆژەیە، بۆ ئەوەی پێداویستی هینەکە.

**بەڕێز سرکیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ڕێککەوتووین پێشتر لەسەر زیاد کردنەوە، بۆ ئەوەیە ڕەئی لیژنەی یاسایی یەعنی ئیعتیبار بە ڕەئی ئێمەش دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا من بە تەواوەتی پشتگیری پرۆژەکە دەکەم بۆ ئەو گۆڕانکاریەی کە لیژنەی یاسایی کردوویەتی، بۆ زیاد کردنی ئەو بڕە پارانەی کە بانک شمولی دەکات، بەڕاستیش هیوادارم کە ئەم کەم کردنەوەیەی قورسایی لەسەر هاووڵاتیانی خەڵکی کوردستان خۆی لە خۆیدا ببێتە تەشجیع کردنێك، بۆ ئەوەی ئەوانیش هەست بە مەسئوولیەت بکەن و ئیلتیزاماتی خۆیان لە بەخشینی باج بەشێوەیەکی باشتر ئەنجام بدەن و, لە هەمان کاتیشدا هیوادارم وەزارەتی دارایی بتوانێت میکانیزمی پێویست بۆ وەرگرتنی ئەو باجە کاراتر بکەن، من تەنها یەك مولاحەزەم لەسەر بڕگەی چوار لە ماددەی دووەم هەیە، دوێنێش هەر لە قسەکانمدا ئیشارەتم پێیدا، ئەویش حوکمەکانی یاسای خەمڵاندنی بەهای خانووبەرەیە، ئەوەی واقیعە بەهای خانووبەرەی زەوی و زار لە هەرێمی کوردستان بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە، هەندێك جاریش کار بە خەمڵاندنێك دەکرێت، کە چەند ساڵێکە چارەسەر کراوە، بۆیە من داوا دەکەم لەو میکانیزمەی وەزارەتی دارایی بۆ ئەو باجەی کە وەریدەگرێت، داوا دەکەم کە خەمڵاندنەکە بۆ هەر کڕین و فرۆشتن و گۆڕانێك

جارێكی تر بكرێتەوە، بۆ ئەوەی عەدالەتێكی تیا بێت بەنیسبەت ئەسعاری خانووبەرەو ئەو گۆڕانانەش كە لە بازاڕەوە دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دوو بڕگەی هەشت خاڵی پێنجەم دەڵێت (مامەڵە لەگەڵ كرێچی وەكو خاوەن موڵك دەكرێت ئەوەی كە بە موساتەحە وەردەگرێت)، من لێرە دوو تێبینیم هەیە، لێرە مەبەستەكە دیاری بكرێت، ئایا موساتەحەكە مەبەستی خانووبەرەی حكومەتە، یان خانووبەرەی مەدەنییە، یاخود هەردووكیانە، ئەمە یەك.

دووەم/ ماوەكە دیاری بكرێت بۆ ئەرزێك، یان خانووبەرەیەك، كە موساتەحە وەردەگرێت بۆ ساڵێكە، یان دوو ساڵە، یان زیاترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەر تەوزیحێكم هەیە، ئەگەر ئیجازەم پێ بدەن، ڕەنگە وشەی ئیقاف هاتووەو وشەی ئیلغاش هاتووە لە مادده دوو، بەنیسبەت ئیقافەكە تەبعەن ئەو یاسایە كە كاتی خۆی لە بەغدا دەرچووە ئیقافمان ئیستیعمال كردووە، بەنیسبەت ئیلغایەكەش ئەو بڕیارانەیە كە لە هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی دەرچووە، ئەگەر مەجالم بدەنێ موختەسەرێك دەدەم لەسەر ئەو بڕیارانە، بەنیسبەت فەقەرە چوار كە لە فەقەرە یەكی مادده دووەوە هاتووە، فەقەرە چوار مادده دوو لە قانونی زەریبەی دەخل ژمارە (113)ی ساڵی 1982، كە تایبەتە بەو قازانجەی كە لە نەقلی مولكیەوە دێتن، بەنیسبەت موڵك سرف، یان بەنیسبەت حەقی تەسەروف بە هەر ڕێگایەك بێت نەقل بوونی مولكیەتە، بە ڕێگای كڕین و فرۆشتن بێت، یان بە ڕێگای تەنازول بێت، یان بە ڕێگای هیبە بێت، یان بە ڕێگای تەصفیەو وەقف بێت، بە هەر ڕێگایەك بێت، ئەم قازانجەی كە هاتووە، ئەمانە دەگرێتەوە بەڕاستی، یەعنی مەسەلەن نەقلی موڵكیە، ئەوەی كە لە فەقەرە یەك ئیشارەتی پێ درا بوو.

بەنیسبەت فەقەرە دوو، بە قەراری (520) لە ساڵی 1987، ئەوە تایبەتە بە عەفو كردنی خانوویەكی نیشتەجێ، شوقەیەكی نیشتەجێ، ئەگەر بە ڕێگای هیبەوە هاتبێت بۆ ئەو هاووڵاتیە، بەنیسبەت فەقەرە بیست ماددەی حەوت لە قانونی زەریبەی تایبەت بە ئیعفا كردنی یەك خانوو، یان یەك شوقەی نیشتەجێ لە زەریبەی دەخل، كە بەشێوازێكی تر لەم پرۆژەیە موعامەلەی لەگەڵ كراوە، بەنیسبەت بڕیاری (73) ئەمە بڕیارێكە لە ئیدارەی سلێمانی پێشوو دەرچووە، تایبەتە بە دەستكاری كردنی ڕێژەكانی داهات لە ڕێگای نەقلی موڵكیە، كە لە ئیدارەی هەولێرەوە بەشێوەیەكی تر تەعامولی لەگەڵ كراوە، ئێستا لەو پرۆژەیە بەشێوەیەكی تایبەت موعامەلەی لەگەڵ دەكرێت، بەنیسبەت مادده سێ لە قانونی زەریبەی دەخل

ڕەقم (5) ساڵی 1999 کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، ئەم بڕگەیە تایبەتە بە چۆنیەتی تەقدیر کردنی ئەم خانووبەرەیە، کە لە ڕێگای ئیستیملاکەوە بۆ هاووڵاتیان هاتووە، بەنیسبەت ماددەی چوار لە قانونی زەریبەی دەخل دیسان ڕەقم (5) ساڵی 1999 تایبەتە بەچۆنیەتی ئیعفا کردن لە خانووی سەکەن، یان شوقەیەکی سەکەنی، چونکە یەك خانوو مەعفیە لە زەریبەی دەخل، ئەگەر هاتوو موکەلەف خۆی و خێزانەکەی خانووی تری نەبوو، حەزم کرد بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان وازیح بێت لە لایان، ئەو بڕیارانەی ئیلغا کراوە، یان ئیقاف کراوە چیەو، چ نییە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوا لە لیژنەی قانونی دەکەم، یاخود لە بەڕێز وەزیر کە ئەم خاڵەم بۆ ڕوون بکاتەوە، بەڕاستی من هیچ تێ ناگەم، فەقەرە دوو خاڵی (ج) نابێت مۆڵەتی ئەو مامەڵانەی کە دەکەونە بەر حکومەکانی ئەم بڕیارە لەسەر ڕێکارەکانی پشکنین و گەڕان لەسەر پێچەکانی باج، باجی بەر لە جێ بەجێ کردنی ئەم بڕیارە هەڵبپەساردرێ، هیچی لێ تێ ناگەم، جا لەبەر ئەوە داوا لە هەردوو لا دەکەم ڕوون کردنەوەیەکم پێشکەش بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لایەکەوە دەڵێین ئەم ڕێکخستنی یاسای باجە بۆ ئەوەیە، کە ئێمە داهاتێکمان هەبێت، لە لایەکی تریشەوە ئیعفا دەکەین، ئیعفایەکەش لە بەرژەوەندی خەڵکدایە، زۆر باشە، بەڵام شێوازی ئیعفا کردن، بەڕاستی زۆر عەشوائییە، یەعنی تۆ ئەگەر بێنی حیسابی بکەیت لە حەسەبی ئەوەی لە پرۆژەکەدا هاتووە، نەك موفتەرەحی لیژنەی یاسایی ، ئەوە کە هاتووە، ئەوەی لە قیمەتی خانووەکەی سی ملیۆنە زۆرتر زەریبە دەدات لەوە خانووەکەی قیمەتەکەی نۆ سەد ملیۆنە، وەرە حیسابی بکە، لەوێ لە 6٪ دەدات، بزانە بۆ هەموو ملیۆنێك، یاخود بۆ هەموو سەدێك چەند دەدات، ئەوەی کە سی ملیۆنە بزانێ بۆ هەموو سەدێك چەندی دەدات، ئەوەی کە سی ملیۆنە لە 1٪ی بەردەکەوێت، ئەوەی کە نۆ سەد ملیۆنە هەر هیچی بەر ناکەوێت، لە 3٪ بۆ سی ملیۆن، یەعنی لە 1٪ دەدات بۆ هەموو سەدێك یەکێك دەدات، بەڵام ئەگەر هاتوو لە 6٪ بێت بۆ نۆەد ملیۆن بزانە هەمان ڕێژە دەدات، یەعنی نیسبەتەکان بەشێوەیەکی عیشوائی دانراوە، ئەوەی کە قیمەتی خانووەکەی سی ملیۆنە زیاتر زەریبەی بەر دەکەوێت، من موسیرم لەسەر قسەکەم سەحبی ناکەمەوە، با یەکێکی ئیقتیصادی حیسابی بکات بزانێت وا نییە، بەڵێ تەصاعودیە، بەڵام مونصیفانە نییە، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ئەوەی پێشەوە لە سی ملیۆنەکە لە 1٪ بێت، ئینجا وردە وردە زیاد بکات، ئەوە زۆر زۆر قازانجترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆ باشت نەخوێندۆتەوە، بزانە فەقەرەی هین دەڵێ عەفو دەکرێت لە زەریبە موقتەرەحی لیژنەی یاسایی ئەوەی لە پەنجا ملیۆن بێت، پەنجا ملیۆنەکە عەفوە، هیچی لێ وەرناگیرێت، لە پەنجا ملیۆن زیاتر بوو لە 3٪ زەریبەی لێ وەردەگیرێت، کە گەیشتە سەد ملیۆن، سەد ملیۆنەکە فەما فوق، یەعنی بەینی پەنجایەکە تا سەدەکە لە 3٪یەکەیە، ئەگەر سەد ملیۆنەکە زیاتری کرد، ئەوجا لە 4٪ەکە وەردەگیرێت، کاک سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە نیسبە تەصاعودیەکە (يعفى من الضريبة) بیستە، یەعنی لە 3٪یەکە دە ملیۆن زیادی کردووە، پاشان بیست بیست زیاد دەکات، لەبەر هەندێ ئەو چوار و پێنج و شەشەیە، لە لای من لە فەقەرەی (ب) لە دووەم پرسیارێکم لە لیژنەی قانونی هەیە (اذا كان نقل ملكية العقار منصبا، على سهام من العقار فتحسب الضريبة وفق احكام هذا القرار على عموم العقار) ئەوە شقێکی ئەو فەقەرەیە، لە پاشان (وتستوفي بنسبة السهام المنقولة الى عموم العقار)، یەعنی چۆن لە بیدایەتی (منصبا على عموم العقار) دوایێ چۆن (على السهام)، چونکە (على عموم العقار) شتێکە، (على السهام) شتێك دەبێتن، یەعنی فەرق دەکاتن، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برادەرانی لیژنەی قانونی شتێك ئینتیباهتان نەکردووە، لە هەموو شوێنەکان هاتووە قەرارەکە بکەنە قانون، ئەوە غەڵەتە، کاک سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی دوو لە یەکەم لە (ث) هەشتەم هاتووە، من دەبینم تێکەڵێکی گەلێك زۆر هەیە، یەك/ لێرە (7- وقف العمل والغائها) لەسەر چەند قانون هەیە، قانونی (113) ساڵی 1982، رەقم (520) ساڵی 1987، ساڵی 2000 (99)، بەڵام لە خاڵی هەشتەم دەبینین (يحل محلهم مايأتي) یەعنی ئەوەی یەکەم جار بیخوێنێتەوە وا دەزانێت ئەو موقتەرەحە هاتووە بۆ هەمووانە لەسەرەوە، دوایێ تەوزیحێك دەدات دەڵێ (الفقره (4) من المادە (2)) یەعنی تێکەڵیەك هەیە، پێشنیاری من ئەوەیە فەقەرە یەك و فەقەر سێ تەوحید بکرێت بە رەقمی (6)، چونکە کە تەوحید دەکرێت فەقەرەیەك کەم دەکرێتەوە، دەبێتە رەقم شەش ئاخیر فەقەرە بەو صیاغەیە بێت (يوقف العمل بالفقرة (4) من المادة (2) والفقرة (20) من المادة (7) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل ويحل محله ما يأتي)، ئینجا باقیەکەی بێتە خوارێ و لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەیەی کاک فەرسەتیش دای، (يحل محلهم) شتێکی تۆزێك هین نییە، دوایێ بیرێکی لێ بکەنەوەو, ئەوەی کاک سەرداریش گوتی، کاک غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەرەتا بەنیسبەت ماددەی دوو دەستخۆشی لە لیژنەی یاسایی دەکەم، کە لیژنەی داراییش تەئیدی کرد، بۆ ئەوەی کە نیسبەکان زیاد کراون لە سی ملیۆنەکە کراوەتە پەنجاو بەو شێوەیە پارەکان زیاد کراون، بەڵام تێبینیم لەسەر ئەو ڕێژانە هەیە کە دانراوە، مەسەلەن بۆ نموونە لە 3٪ بۆ پەنجا ملیۆن دینار، لە 4٪ بۆ پەنجا تا سەد ملیۆن، لە 5٪ بۆ سەد ملیۆن تا سەدو پەنجا ملیۆن، لە 6٪یش بۆ سەدو پەنجا ملیۆن بۆ سەرەوە، بەڕاستی ئێمە وەك كوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندین، وڵاتێکی هەژار نین ئیعتیمادی کولیمان لەسەر زەرائیب بێتن، لەبەر ئەوەی ئێمە وڵاتێکی نەوتین، دەبێت ئێمە لە رووی زەریبەوە هەندێك دەستمان سووك بكەین، بۆ ئەوەی هاوكاری زیاتری خەڵکی کوردستان بکەین، بۆ ئەم مەبەستە من لەگەڵ ئەوەدام کە ڕێژەکان کەم بکرێتەوە، لە 3٪ بکرێتە لە 2٪، لە 4٪ بکرێتە لە 3٪، لە 5٪یش بکرێتە لە 4٪، لە 6٪یش بکرێتە لە 5٪، یەعنی ڕێژەی ئەو باجانەی لە 5٪ تێ نەپەڕێت، بەو شێوەیە خەڵکی و، حکومەتیش سوودمەند دەبێت، ئەو داوا کاریەکەش شتێکی ئەوتۆ نییە، کە داوای دەکەین کەمتر بکرێتەوە، یەعنی لە 2٪ەوە دەست پێ بکاتن تا لە 5٪، لە 5٪ بوەستێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەبدولڕەحمان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژە یاسایەکە بەشێوەیەکی گشتی زۆر باشە، بەس بۆ ئەم قۆناغەی ئێمەی کوردستان، تێبینی من ئەوەیە کە ڕاهێنانی خەڵك بۆ مەسەلەی باج، دەرامەت، خەڵك وەکو بڵێی ساردە، لە هەندێك حاڵەت سڵی لێ دەکاتەوە، ئەم پرۆژە یاسایە کار ئاسانی بۆ دەکات، بەس بەم شێوەیەی کە ئێستا هەیە هەندێك تەعلیماتی دەوێت، بۆ حاڵی بوون خەڵك، هەندێك ئاسانکاری دەوێت، بۆ نموونە ئێستا هەندێك ئاسانکاری کراوە بە بەزاندنی باج لە (7/1)ەوە مەسەلەن ئەم یاسایە تەنفیزی دەکەن، وەکو گواستنەوەی موڵکداریەتی، ئەمانەش زۆر ئاسانکارییە بۆ خەڵك، حکومەتیش زیاتر شەفافیانە، مەسەلەن ڕۆتین لە دەوائیرەکان کەم بکاتەوە، ئەمانە زیاتر دەبێتە جێگەی دڵخۆشی، هەروەها ئەم باجەش خۆشحاڵانە تا ئێستاش نەچۆتەوە حکومەتی، مەرکەزی دارایی لە هەندێك حاڵەتی تایبەتی بەکار بهێنرێت بەتایبەتی لە کەوارسدا، بۆ ئەوەی خەڵك تەشجیع بێت و دڵخۆش بێت، هەروەها ئێمەش تەئکیدی ماددەی دوو برگەی یەك دەکەینەوە، کە ئەو نیسبەتە کەمە بیست بۆ سی خانوویەکی موتەوەزیعانە، بۆ نموونە پێی دەکرێتەوە، بکرێتە ئەو برگەیەی لیژنەی قانونی زۆر باشەو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تەڵعەت فەرمووو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کاتی خۆی نووسراوێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هەیە بە ژمارە 4365 لە 2003/11/18 لە برگەی حەوتی دەڵێ (کار نەکردن بە ماددەی (4)ی یاسای ژمارە (5)ی ساڵی 1999ی باجی دەرامەت و وەرگرتنی رسوماتی خانووبەرە لەکاتی هەر گۆڕانکارییەکی موڵکایەتی، جگە لە گواستنەوەی میرات و، خۆی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرە, فرۆشریار دەکرێت بەڕێژەی نیو لە سەدا، وەکو باج دەبێتە

داهات بۆ فەرمانگەی تۆمارگەی خانووبەرە بەبێ ئەوەی مامەڵەی رەوانەی فەرمانگەی باجی دەرامەت بکرێت، من پێشنیار دەکەم ئەوە بڕگەیە شوێنی بڕگەی هەشت بگرێتەوە، چونکە بەڕاستی رۆتین کەم دەکاتەوە، ئەو مامەڵانەی کە دەکرێت زوو تەواو دەبێت و حکومەتیش نیسبەتەکەی خۆی وەردەگرێت، بەبێ ئەوەی نیسبەی حکومەت بڕوات، ئەگەر برادەرانی لیژنەی یاسایی زیاتر تەوزیحی بکەن، سوپاسیان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن پشتگیری لە لیژنەی یاسایی دەکەم، بەڵام لەنیسبەکان لیژنەکە تووشی خەلەلێك بووە، لە ئەسڵی ماددەکەدا هاتووە دەڵێ (یعفی من ضریبة اول عشرین ملیون) لیژنەی یاسایی هاتووە گوتویەتی (یعفی من ضریبة اول خمسین ملیون)، لە بڕگەی دووەم هاتووە (یخضع الی الضریبة مازاد علی مبالغ الاعفاء)، لە لیژنەی قانونی هاتووە ئەو مەبلەغەی ئیعفایە بێ ئیعفایە زەریبەی لەسەر داناوە، یەعنی بۆ نموونە دەبوایە تا پەنجا ملیۆنەکە، بەپێی پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایی مەعفو بێت لە زەریبەکە، لە پێشنیارێك هاتووە (لغایە خمسین ملیون) کریە 3٪، یەعنی لە دە ملیۆن تا پەنجا ملیۆن دەبێت زەریبە بدات, (3٪)ەکە بدات، لە ئەسڵی ماددەکە ئەم مەبلەغە مەعفیە، لە لیژنەی یاسایی لە بیست ملیۆنەکە کریە پەنجا ملیۆن، پەنجا ملیۆنەکە مەعفی بێتن لە پەنجا ملیۆنەکە زیاتر بێتن، ئەوجا زەریبە وەربگرێتن، بە مانای (أ)ەکە 3٪ەکە دەبێتە بۆ بڕگەی (ب)، ئەوە تەسەلسولەکە سەربکەوێت، خەلەلێکی وا دروست دەبێتن، 6٪ەکە حەزف دەبێتن، ئیتر لە (مازاد علی 3٪) لە سەدەکە ببێتە چوار، ئەوەی سەدو پێنجا ببێتە پێنج، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەیە زۆر راستە، غەڵەتێکی تێدایە دەمویست قسەکان تەواو بێت ئینجا بڵێم، چونکە فەقەرەی یەك دەڵێ عەفو بکرێت، دوایێ دەڵێت (لغایة) پەنجا ملیۆن 3٪ەکە، کاك محەمەد حەکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك پێشنیارم هەیە، ئەویش ئەوەیە لە موحاوەلەی هیبەیە، یەعنی ئیعفای تێدا بێت، مەسەلەن باوکێك خانوویەکی هەیە هیبەی دەکات بۆ کوڕێکی، یان خێزانەکەی، یەعنی بۆ زەریبە بدات، ئێمە لە کاتێکدا قەراری (520)و ئەوانە فەقەرە یەك کە لە (7/20) ئیعفای داوەتە موڵکیەتی هیبەی خانوو، یەعنی باوکێك کە خانووەکەی دەدات بە کوڕەکەی هیبەکەی دەکات بۆ کوڕی، یان بە کچی، یان بە خێزانی، ئیعفا دەکرێت، لە لایەن هەر زەریبە دەدرێت، من پرسیار دەکەم کە ئەوە هەم برایانی لیژنەی یاسایی تەوزیحێکمان بۆ بدەن، هەم ئەو وەقفەی کە کراوە بۆ ئەو قەرارە لابرێت و ئیشی پێ بکرێت، ئەوەی قەراری (520) واتا ئیعفا دەکرێت لە زەریبە، نەك زەریبەی لەسەر بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرمووو مامۆستا كاكە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وابزانم خوشك و برايان لەو نیسبەیە بە تەواوەتی تێ نەگەیشتوونە مەبەستیان چیە، ئەو نیسبەتانەی كە دانراوە، ئەو ڕێژانە هەر یەكە بۆ موڵكێك نییە، ئەوە بۆ یەك موڵكیش دەبێت، بۆ دەیانیش دەبێت، بۆ سەدانیش دەبێت، بۆ نموونە موڵكێك بە پێنج سەد ملیۆن دینار دەفرۆشرێت، لێرە جاری یەكەم پەنجا ملیۆن عەفوە، دوای ئەوەی كە پەنجا ملیۆنەكە عەفو دەبێت، لە پەنجا ملیۆنی دووەم لە 3٪ی لێ خۆش دەبێت، لە پەنجا ملیۆنەكەی دەڕوات هەتا سەد ملیۆنی دیكە 4٪ی لێ خۆش دەبێت، لە سەد ملیۆنەكە تێپەری ئەو جارە هەتا سەدو پەنجا ملیۆنی دیكە، ئەوا 5٪ی لێ خۆش دەبێت، ئەو جارە هەر چەندێكی تر بێت لە سەدو پەنجا ملیۆنەكە تێپەڕی لە 6٪ی لێ خۆش دەبێت، مانای وایە لە یەك موڵك ئەو هەموو نیسبەتە بەكار دێت، نەك بڵێی ئەوە بۆ یەكێكە مەغدورە، ئەویتر مەغدور نییە، نەخێر ئەوە نییە، ئەگەر بەس پەنجا ملیۆن بێت، ئەگەر موڵكەكەی بە پەنجا ملیۆن دا، مانای وایە هەر هیچی نایەتە سەری، چونكە بۆ عەفوە، ئەگەر بە سەد ملیۆنیدا، پەنجای عەفوە، پەنجایەكەی تر لە 3٪ی لێ وەردەگیرێت، بەو حاڵەتە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوو مولاحەزەم هەیە لە سیاقی ئەو موناقەشەی كە كرا، یەكەمیان/ ئێمە تەنها ئەرقام هاتینە خوارێ لە راپۆرتی خۆمان، بەڵكو لە مەتنی فەقەرەكە نەهاتینە خوارێ، ئەگەر مەتنی فەقەرەكە رەبت بكەین لەگەڵ ئەرقامەكان، ئەوە ماددەكە لە ئەسڵ هەمووی دەگۆڕێت، یەعنی ئەوەیە خەلەلەكە، تەنها ئەرقام هاتینە گۆڕێ، ئەوە یەك.

دوو/ ئەوەی كاك تەلعەت ئیشارەتی پێدا ئەو سەدا نیوەیە، ئێستا حاڵی حازر زەریبەی دەخل لە سەدا نیو وەردەگیرێت، لە كێ وەردەگیرێت؟ لەو قیمەیەی كە تەقدیر كراوە لە دائیرەی تاپۆ پارەكەش لە دائیرەی تاپۆ دەدرێت، واتا هاووڵاتی ناچێتە زەریبەی دەخل بە قەراری قەتعی, روسوماتەكە لەو دائیرەیە دەدرێت، لە كاتی كۆبوونەوەكەمان زۆر موناقەشەمان كرد، ئەو سەدا نیوە كە ئێستا دەدرێت لە صاڵحی مواتن نییە، چونكە ئەو قیمەی كە تەقدیر دەكرێت، ئەو سەدا نیوەی ئەگەر حیساب بكەیت مەردودە مالیەكە بەنیسبەت مواتن زۆرە، بەینەما ئەو ئیعفائاتەی كە هاتووە زۆر لایەنگیری هاووڵاتیەكە دەگرێت لە حاڵاتی مەعامەلاتی كڕین و فرۆشتن، بۆیە ئێمە لەگەڵ لە سەدا نیوەكە نینە، راستە برادەران دەڵێن ئەوە رۆتین كەم دەكاتەوەو دائیرەی تاپۆ یەكسەر روسوماتەكە وەردەگرێت، دەبێتە مایەی ئەوەی كە هاووڵاتی نەچێتە زەریبە، بەڵام حەق وایە هاووڵاتیش پابەند بوونی خۆی بە خەڵك و وڵاتەكەی بزانێت، چونكە دائیرەیەكی زەریبە هەیە، بزانێ ئەو رۆتینە ئیمكان هەیە موعالەجەی بكات، دائیرەی زەریبە میكانیزمێكی باشتر دابنێت، بۆ وەرگرتنی زەریبەكان، نەك لە هاووڵاتیەكە بچێت سەدا نیوەكەی بدات, زەریبەیەكی زۆر بدات لە پێناوی ئەوەی ئەوە كەم كردنەوەی رۆتینە، بەڵكو ئیعفائاتێكی زۆری بدەینێ، سیماحاتێكی زۆری بدەینێ، وا بكەین موڕاجەعەتی زەریبە بكات و روسوماتی خۆشی بدات، هەست بە مواتەنە بكات وەكو هەر

مواتنێك، وەكو ئەوەی لە دائیرەی زەریبەیەو لە حاڵەتی كڕین و فرۆشتن ئەو دائیرەیە موڕاجەعەتی پێ بكرێت، ئەو روسوماتەی كە هەیە بدرێت، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فرسەت قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە رەئی من ئەو مەسەلەیە ئەوەی كاك شێروان بۆی چوو، یەعنی ئیستیفا كردنی زەریبەی دەخل لە مودیریەی تەسجیل عەقاریش شتێكی غەڵەتە، یەك/ تەداخولی سەلاحیات و ئیختیصاصاتە، ئیختیصاصی تەسجیل عەقاری، شتێكە زەریبەی دەخل شتێكی ترە.

دوو/ دائیرەی تەسجیل عەقاری وەكو دێت زەریبەی دەخل دەگرێت لەسەر كڕین و فرۆشتنی یەك موڵك، مەواریدی ئەو شەخصە هی پێشتر بە نەزەری ئیعتیبار وەرناگیرێت، ئەو دێت وا ئیعتیبار دەكات، وەكو بڵێی موڵكێك بە پەنجا ملیۆنی فرۆشتبێت، حەددی ئەدنای لێ وەردەگرێت، بۆ زانیاری كابرا دوور نییە دوو ملیاری هەبێت مەواریدی خازیعی ئەوە بێت 6٪ لێی وەربگیرێت، بۆ زانیاری دائیرەی تەسجیلی عەقاری حەددی ئەدنای وەردەگرێت، ئەوی 3٪ە، زەرەرێكی گەورە بە خەزینە دەكەوێت، موخالەفەی قانونە، بە رەئی من دائیرەی حكومی مەفروزە پێش هەموو هاووڵاتیەك ئیلتیزام بە قانون بكات، نەكو موخالەفەی قانون بكات.

سێ/ دوو دەسەڵاتی لێك جیاوازن، دوو دائیرەی لێك جیاوازن، ئەگەر وا بێت خۆ دائیرەی زەریبەی دەخل و تەسجیل عەقاری بكەینە یەك دائیرە، بۆ دوو دائیرە بێت، ئیختیصاص و سەلاحیات بە قانون تەحدید كرا بێت، موەزەفێك بێتن ئیختیصاصی دائیرەیەك وەربگرێت، وەكو خۆی ئیزافە بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەرگرتنی زەریبە لە تاپۆ وابزانم خیلافی قانون نییە، لە هەموو دەوڵەتان ئەوە هەیە، جەدوەلێكی خاص هەیە، حیسابێكی تایبەتی بۆ زەریبە لەوێ دەكرێتەوە، ئەو پارەیەی كە بۆ ئەوان تەحویل دەكرێت، لا رۆتینەكە زۆر روون دەبێتەوە، چونكە كە دەچێت موڕاجەعەتی زەریبە دەكات، دە شەریكە، یان موشاعە پەنجا، شەست كەس تەرەفە لە مەوزوع، جاری وا هەیە بە یەك ساڵ تەسویە ناكرێت، سەلامەترین شت ئەوەیە لە تاپۆ وەرگیرێت, تەحویل دەكرێتن بۆ زەریبە, زۆر ئیعتیادییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مامۆستا كاكە فەرموو.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئـەوەی كـاك رەشـاد دەفـەرمووێت، بـۆ هەنـدێكیان زۆر نـا عەدالـەتی تێـدا دەبینرێـت، چـونكە هـەمووی نیسبەتێكی مەقتوعی لێ دەگیرێتەوە سەدا نیوە، پیاو هەیە ئەگەر بێتو بە نیسبە بێت ئەسڵەن هـەر یـەك فلسی لێ وەرناگیرێت، هیچی لێ وەرناگیرێت، چونكە گەیشتە پـەنجا ملیـۆنی ئـەوە عـەفوە، بـەلاّم ئێسـتا كـە دەچێتەوە ئەوێ، ئەگەر سی ملیۆنیشی دابێت، دەبێت سەدا نیوەكەی خۆی هەر بدات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سركیس اغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو خاڵەی كە باس كرا، ، من ئەو پرسیارانەی كە بەڕێزان ئەندامانی پەرلـەمان كردیـان، هـەوڵ دەدەم وەلاّم بدەمەوە، ئێمە هەموو ساڵێك ئیعادەی تەقدیری خانووبەرە دەكەین لە زەریبە، یـەعنی یـەكێك بێت بیەوێت زەریبە بدات، دەچێت لە زەریبـە تەقدیری سعری خانووبەرەكە دەكرێـت، یـەعنی سـالاّنەیە، نەك بۆ ماوەیەكی درێژ، ئەوەی موساتەحە كە بـاس كـرا، موسـاتەحەكە هـەم خانووبـەرەی حكومی و هـەم ئەهلی دەگرێتەوە، چونكە موساتەحە لـە ئەسـڵدا هـی حكومەتـە، موسـاتح خـاوەن موڵكەكەیـە هـەتاكو ئـەو موساتەحەیە لە دەستیەتی، كە لێی دەردەچێت دیسان دەبێتەوە هی حكومـەت، بەنیسـبەت فەقـەرە (ج) لـە خاڵی دووەم كە پرسیار كرا، لە فەرمانگەی باج هەر كاتێك گومانێك، یەعنی نـاتوانی فەرمانگـەی بـاج بێـت ئەگەر یەكێك گومانی لێ بوو، كە باجی نـەداوە یەكسـەر موعامەلەكـەی رابگرێـت، دەبێـت فەرمانگـەی بـاج موعامەلەكـە لەسـەر گومـان رانـەگرێت، دەبێـت موعامەلەكـە بـەڕێ بكـات، ئـیلا لـە حاڵـەتێك دەتوانێـت رابگرێت، كە موتەئەكید بێت، یەقینی هەبێت كە باجدەر باجی نەداوەو قەرداره، ئەوەش بۆ ئەوەیە ئەگەر یـەكێك بیـەوێت، فەرمانبـەرێك لـە دائـیرەی بـاجی دەرامـەت بیـەوێت تـەلاعوبێك بكـات، ئـەو مەجالـەی نەمێنێت، دەبێت موستەمسەكی هەبێت بۆ ئەو مەعامەلەیە ناڕوێنێ؟ بەنیسبەت ئیعفایەكە بەڕاستی بـاس كرا، كە ئێمە پەنجا ملیۆنی یەكەم دەریدەكەین و پاشان دێین نیسبەكە حیساب دەكەین و بـەوەش نیسـبەی باج كەم بۆتەوە، بەحەقیقەتیش دەبێت هـەوڵ بـدەین هەنـدێك شـتی ئێمـە نزیكی یاسایی عێراقی بێـت، راستە خصوصیاتی خۆمان دەپارێزین، بەس دەبێت موڕاعاتی ئەو خاڵەی خۆشمان بكەین، بۆیە بەنیسـبەت ئەو ئیعفایەی كە لە یاسایەكەدا هاتووە تەسهیلاتێكی باش كراوە بۆ باجدەر لە باجدانی زەریبە، ئـەوەی تـر كە باس كرا بەنیسبەت چەند شەریكێك لە زەوییەك بن، یان لە خانووەیەك بن، زەوییەك، یـان خانوویـەك شەركێك، یان زیاتری هەبێت، عادەتەن ئێمە پەنجا ملیۆن دینارەكە دەدەینە تەواوی موڵكەكە، پاشـان دێـین رێژەی باجەكە حیساب دەكەین، بۆ ئەوەی بچێتە سەری، باجەكە چەندی دەرچـوو، بـەگوێرەی شـەریكەكان دابەشی دەكەین، مەسەلەن بۆ نموونە لە سـەیداوە خـانوو هەیـە چـوار سـەد مـەترە، چـوار خـانووی لەسـەر دروست كراوە، رەنگە بەس یـەكێكیان دەفرۆشـرێت، خەڵكەكـە هـەر چـواری نافرۆشـێت، ئێمـە دێـین پـەنجا ملیۆنی یەكەم حیساب دەكەین بۆ هـەر چـوار خانووەكـە، پاشـان ئـەو كابرایـەی كـە سـەد مەترەكـەی خـۆی دەفرۆشێت، دێین حیصەكەی لەسەر ئەو تەتبیق دەكەین، نەك وەكو پێشتر، كە یەكێك بیەوێت بیفرۆشێت، دەبوایە هی هەموو حیصەی دەدا، پاشان خۆی موشكیلەی لەگەڵ شەریكەكانی خۆی حەل كرد بوایە، رەنگـە هەموو دەزانن خاوەن خانووەكانی كێنە، كەی خانوویان دروست كردووە لەسەر هەمان موڵك، تەبیعی ئێمـە كە یاسا دەرچوو، تەعلیمات دەردەكەین، یەكێك لە ئیجابیاتی ئەو یاسایە ئەوەیە كە زۆر شەفافە، یەعنی لـە حالاّتی تەعقیدات نەماوە، هەر كەسێك باجدەر، یەعنی پێش ئـەوەی بێتـە بـاج، دەتوانێـت خـۆی بـۆ خـۆی

حیساب بكات، كه چەند قەرداره، زۆر ئاسانتر بووه، ئەو حاڵەتی تەعقیداته نەماوه، بەو تەعدیلاتانەی كه ئێستا دەكرێت. بەنیسبەت بڕیارەكەی ئەنجومەنی وەزیران و 9%ی تاپۆ، كه ئەم یاسایه دەرچوو، ئیعتیادی هەڵدەوەشێتەوەو نامێنێتەوە، بەنیسبەت موعامەلەی هیبه بەڕێزێك پرسیاری كرد، هیبه له ژیان تەنیا ده ساڵ جارێك دەدرا، بەلام ئێستا بەو یاسایه كه تەعدیل كرا، ئەو دەتوانی له هەر موڵكێك پەنجا ملیۆن تەسهیلاتی بۆ دەكرێت، یەعنی ئەوەش ئاسانكارییه، بەنیسبەت ئەوە، وابزانم پرسیارەكان ئەوەنده بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دەمێنێتەوە ئەو ئیشكاله چارەسەر بكەن لەسەر رەقمەكان, مەفهوم نییه مامۆستا كاكه، پەنجا ملیۆن عەفو دەكرێت (3% لغاية) پەنجا ملیۆن، یەعنی چی، (ما زاد) دەبێت بنووسرێت (3% مازاد عن) پەنجا ملیۆن بۆ سەد ملیۆن، دەبێت وای لێ بكەین، بەڵێ باشه.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(الفقرة (4) من المادة (2) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 تقرأ كالاتي:

1- تفرض ضريبة مقطوعة بنسب تصاعدية من قيمة العقار)، ئێمه لێره مولاحەزەم لەوەش هەیه، ئەگەر زەریبه تەصاعودی بێت، پێی ناڵێن مەقتوع، موقتوعەكەی لاببەین باشتره (تفرض ضريبة بنسب تصاعدية من قيمة العقار او حق التصرف فيه المقدر وفق احكام قانون تقدير قيمة العقار ومنافعه المرقم 85 لسنة 1978 او بدل ايهما اكثر على مالك العقار او صاحب حق التصرف فيه عند نقل الملكية او حق التصرف بأي وسيلة من وسائل نقل الملكية او كسب حق التصرف او نقله (كالبيع والمقايضة والمصالحة والتنازل والهبة وتصفية الوقف او المساطحة ويعامل المستأجر معاملة المالك عند ايجاره العقار الذي دخل في تصرفه بعقد المساطحة وتحتسب وفق مايلي:

اولاً/ يعفى من الضريبة اول خمسين مليون دينار من قيمة العقار مقدراً بدله ويوزع هذا المبلغ على الشركاء وفق حصصهم، اذا كان العقار مملوكاً على وجه الشيوع.

ثانياً/ يخضع الى الضريبة مازاد على مبلغ الاعفاء المنصوص عليه في الفقرة(ا- أ) من هذا البند وفق النسب التالية:

3% لغاية خمسين مليون دينار.

مازاد على خمسين مليون دينار 4% الى مائة مليون دينار.

5% مازاد على مائة مليون دينار لغاية مائة وخمسين مليون دينار.

6% مازاد على مائة وخمسين مليون دينار)، ئەوهای لێ دێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر چاكه، ئێستا وەكو مامۆستا كاكه ئیشارەتی پێ كرد، نەصەكه بەو شكله بێته خوارێ مەفهومه، پرسیار كرا لەسەر خاڵی پێنجەم، داوای تەفسیر كرا، وابزانم كاك سەردار بوو، تۆزێك غموزی تێدایه، (لاتسري احكام هذا القرار) ئەوەلەن قانونه، هەموو قەرارەكان بكەنه قانون.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە تەقریرەکەی خۆمان، تەقریری لیژنەی قانونی لە دووەم گوتمان (جعل كلمة القرار في (ب، ج، د، هـ) منها بكلمة القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەقەرەی پێنج غموزی تێدایە، کاک سەردار داوای کرد، نازانم کێ بوو، کاک سەردار تۆ بووی قسەت کرد لەسەر فەقەرەی پێنج، دکتۆرە شوکریە بوو وابزانم، گوتی غموزێکی تیایە فەقەرەی پێنج، کاک ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وام پێ باشە، هیچ قەرارێکی خاص لە قەزایەی زەریبی نەمێنێت، چونکە قەراری خاص لە قەزایەی زەریبی نەمێنێت، قانون تەحدید دەکات نیسەبەکان، دوایێ بە یەکسانی وەرگیرێتن، هەر قەرارێکی خاص ببێتن مەغدورییەکی زۆرگەورە دەبێت زۆر ئەو حاڵەتانەش بووە تا ئێستا با دووبارە نەبێتەوە، یەعنی خەڵکانێك عەفو دەکرێت بەبێ هیچ موبەریرێك، جا داوا دەکەین ئەو قەراری خاص و قەوانینی خاصە نەمێنێتن و یەکسانی بێتن بەشێوەیەکی موتەکاملی دەربچێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە دەمانەوێت بۆمان شەرح بکەن، بۆچی (لاتسري احكام هذا القانون على الاعفاءات الضريبية)، جەنابی وەزیر.

**بەڕێز سرکیس اغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەقەرەی بیست و سێ ئەگەر وەرسەی شەهید تەنازول بکەن لە موڵك، بۆ یەکتری لە داخیلی قەسام شەرعی و بیفرۆشن، ئەوە باجی لەسەر نییە، دەمانەوێت ئەو ئیعفایە هەر بمێنێتەوە، بۆیە لێرە هاتووە، بەنیسبەت فەقەرەی بیست و پێنج نەزعی مولکیەیە، حکومەت موڵکێك بۆ بەرژەوەندی گشتی شارەوانی، یان شوێنێکی تر وەردەگرێت و پارە بە صاحێب موڵك دەدات، تا ئێستا ئەوە عەفو دەکرا لە زەریبە، لە باج واتا پارەکە، ئەویش دەمانەوێت وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە قانون و قەرارەکە شەتب بکرێت، بۆ ئەوەی غموزەکە لابچێتن، ئاخیر جوملە (قانون او قرار خاص) ئەو دوو کەلیمەیە شەتب بکرێت، بۆ ئەوەی غموزەکە نەمێنێت، بیست و سێیەکە هی مەسەلەی وەرەسەی شەهیدە، بیست و پێنجەکەش هی ئەوەیە، کە ئەگەر حکومەت تەرەفێك بێت تێدا، کاک ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با ئەو ماددانە بە وازیحی لێرە بێتن، باشترە لە قانونەکەی، تەحدید بکرێتن، ئەوەی ئیزالەی شیوع دەکرێت، ئیستیغلال دەکرێت، کە ئیعفا دەکرێت، لێرە بە ماددەیەکی خاص بێتن و دیار بکرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆ ئیشارەتت پێ کرد بە فەقەرەو ماددە، ئەوە مەعروفە، ئەوەی موختەسە دەزانی ئەوە چیە، کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە تەسەوری من ئەو ئیشکالاتەی لێرە حەل نەبوو، لە ئەسڵی ماددەکە بیست عەفوە، 3٪ەکە تا سی هەیە، یەعنی دە زیاد کریە، بە مانای لەو دە ملیۆنە 3٪ەکە وەردەگرن، کە دەڵێت (لغایة خمسین)، کە ئەسڵەن عەفوە، هەر وەردەگرێتن، ئەگەر بکەینە (لغایە ستین) لە دە ملیۆنەکە فەمافوقی پەنجا 3٪ەکەیە، وەکو ئەسڵیەکە هاتووە، ئەگەر موقارەنەی لەگەڵ ئەسڵی قانونەکە بکەین، بۆ لێرە کریە سی، کە بیستەکە عەفوە، ئیتر لە سییەکە 3٪ە، بۆ لە پەنجا ملیۆنەکە نەبێتە شەست، هەتا لە دەیەکە وەربگرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر وا نییە، غەڵەت تێگەیشتووی، پەنجا ملیۆنەکەی یەکەم عەفوو کراوە، پاشان پەنجا ملیۆنەکەی دووەم لە 3٪یە تا دواتر لە پەنجا ملیۆنەکەی دووەم تا سەد ملیۆنەکە 4٪ە، لە سەد ملیۆنەکەی سێیەم تا دوایی، بەڵێ جەنابی وەزیر.

**بەڕێز سرکیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر خانوویەك سعری پەنجا ملیۆن و خوارتر بوو، ئەوە هەر باجی لەسەر نامێنێت، یەعنی ئەگەر خانوویەك سعری سەد ملیۆنە، پەنجا ملیۆن هەر عیلاقەیان پێوە نییە، دێن زەریبە لەسەر پەنجایەکەی تر، یان سییەکەی تر، یان شەستەکەی تر وەردەگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم وایە ئەو ماددەیە باش صیاغە کراوە، هەم قازانجی هاووڵاتیە، کاك فرسەت مولاحەزەیەکی هەیە، ئەویش مولاحەزەی یەعنی ئەوە لە رووی صیاغەو قانونیەوە راستە، فەقەرە پێنج هەر دەڵێ زیادە، لەبەر ئەوەی فەقەرەی بیست و سێ و بیست و پێنج لە قانونی ئیعفای زەریبی ئیلغا نەکراوە، لەبەر ئەوە ئیشارەتیشی پێ نەدەیت کاری پێ دەکرێتن، پێویست ناکات ئەو فەقەرەیە هەر هەبێت، نە تەعدیلمان کردووە، نە ئیلغامان کردووە، کەواتە ئەوە ئۆتۆماتیکیەن جێ بەجێ دەکرێت، من قسەکەم ئەوەیە کە دەڵێم ئەو فەقەرەیە باش صیاغە کراوە، هەم لە بەرژەوەندی هاووڵاتییە، بەڵام زگیشتان بە حکومەت نەسووتێ، لەبەر ئەوەی ئەوە لە قازانجی حکومەتە، ئەگەرنا جەنابی وەزیر بەو ئاسانییە موافەقەتی نەدەکرد، ئەوە بە تەجروبە ئیعفائاتی ئەوا حەرەکەی کڕین و فرۆشتن زیاد دەکات، کە حەرەکەی کڕین و فرۆشتن زیادی کرد، لەبەر ئەوەی ئیعفائات هەیە خەڵك تەشجیع دەبێتن بۆ ئەوەی موڵك بکڕێت و

بفرۆشێت، کەواتە بە زیاد بوونی حەرەکەی کڕین و فرۆشتن داهاتەکە زیاتریش دەبێت، لەبەر ئەوەی دوو هەدەف تەحقیق دەکات، هەم داهاتێك بۆ حکومەت، هەمیش کار ئاسانییەك بۆ هاوولاٚتی، ئەگەر لەسەر ئەو هینە فەقەرەیە لابچێتن، جەنابی وەزیرو لیژنەی قانونی، باشە ئەو فەقەرەیە هەر لاچوو، ئەو مەقتوعەش شەتب کرا، من فەقەرەی پێنج کە لادرا بە موافەقەتی لیژنەی قانونی و جەنابی وەزیر دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە فەقەرەی پێنج لابچێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، فەقەرەی پێنجیش ئیلغا کرا، یەعنی شەتب کرا لە پرۆژەکە، فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیارێکمان کرد کاك فرسەتیش پشتگیری لێ کرد، کە فەقەرەی یەك و سێ تەوحید بکرێت، چونکە فەقەرەی هەشت تەنها مەعنیە بەو دوو فەقەرەیە، نەك هەمووی بکرێتە رەقم شەش پاشی ئیلغای پێنج دەبێتە پێنج، هەشتیش تەوحید بکرێت لەگەڵی، ئەگەر پێتان باش بێت جارێکی تر بۆتان دەخوێنمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە صیاغەیە، لیژنەی قانونی مانعیان نییە، پێمان گوتن، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لەبەر پرۆتۆکۆلەکەی ئەوەی ئیلغامان کرد (ھ) بوو، پێنج نەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(ھ)یە وەکو پێنج نووسراوە، راست دەکەیت، سوپاس بۆ ئەو تەوزیحە، ئەو قسەی کاك سەردار عیلاقەی بە صیاغەوە هەیە، کە لە هینەوە نووسراوە (يحل محلها ما ياتي) جەوهەرەکە ناگوترێت، دوایێ بەجێی دەهێڵین، ئیعادەی صیاغەکە بۆ لیژنەی قانونی، دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هیچ تەوزیحێکم وەرنەگرت لە وەزیرەوە، یان لە بەڕێزتانەوە، ئایا ئەمە لە بەرژەوەندی هاوولاٚتیە، یان نا، فەقەرەی پێنجەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیلغامان کرد، کام فەقەرە دەڵێی، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سرکیس اغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشتر شەرحم کرد لەسەر فەقەرەی (ج) گوتم هەدەف لەوە دانانی ئەوەیە، باسی فەرمانگەی باج دەکات، ئەگەر ئەو فەرمانبەرەی لە دائیرەی باج دانیشتووە، ئەگەر موتەئەکید نەبێت، کە باجدەر قەرزاری باجە

حەقی نییە لەسەر ئەوەی موعامەلەکەی شکی هەیە، کە مراجیع قەرداری باجە رایبگرێت، دەبێت موعامەلەکەی تەمشیە بکرێت، بەس لە حاڵەتێك فەرمانبەر حەقی هەیە موعامەلەکە رابگرێت کە موتەئەکید بێت صاحێب موعامەلەکە قەرداری باجە، ئەوە تەسیهلاتە بۆ هاووڵاتی و مەجالیش نادات بۆ فەرمانبەر بتوانێت بە کەیفی خۆی تەسەرف بکات، پێشتریش شەرحم کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوەش شەرحەکە واێ بوو، ئەوە لە فازانجی هاووڵاتیانە، ماددەکە بە موفقتەرەحی لیژنەی یاسایی کە لیژنەی داراییش قەبولی کرد، بەو گۆڕانکارییانەی کرا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم:

1- ماددەی (1) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (5)ی ساڵی 1999 هەڵدەوەشێتەوە.

2- ماددەی (1) لە بڕیاری ژمارە (219)ی ساڵی 2001 هەڵدەوەشێتەوە.

ئەمانەی خوارەوە شوێنیان دەگرێتەوە:

تاکی نیشتەجێ ئەم لێبووردنانەی خوارەوە لە خەملاندنی هەر ساڵێکدا دەیگرێتەوە لەسەر بنچینەی حاڵەتی لە ساڵی ئەستێرەیی دەرامەتدا.

أ- (2500000) دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دیناری عێراقی بۆ باجدەر خۆی (ئەگەر ژن بێت شووی نەکرد بێت (بێوەژن و تەلاقدراو نەبێت، یان داهاتەکەی لەگەڵ داهاتی هاوسەرەکەی تێکەڵاو نەکرا بێ).

ب- (2000000) دوو ملیۆن دیناری عێراقی بۆ ژنەکەی، یان ژنەکانی، ئەگەر ژنی ماڵ بێت و داهاتی نەبێت، یان ئەگەر داهاتەکەی لەگەڵ داهاتی ئەو تێکەڵاو کرا بێ، یان لێکدرا بێ.

ج- (200000) دوو سەد هەزار دیناری عێراقی بۆ هەر یەك لە منداڵەکانیان بە چاوپۆشین لە ژمارەیان.

د- (3200000) سێ ملیۆن و دوو سەد هەزار دیناری عێراقی بۆ هەر منداڵێك بەشێوەیەکی یاسایی لە ژێر چاودێری ئەو دابن بە چاوپۆشین لە ژمارەیان.

هـ- باجدەر لێبووردنێکی زیادەی پێدەدرێ بە بڕی (300000) سێ سەد هەزار دیناری عێراقی، ئەگەر لە تەمەنی شەست و سێ ساڵی تێپەڕ بوو بێت، جگە لەو لێبووردنانەی دیکە کە بڕیاری لەسەر دراوە لە بەشەکانی دیکەی ئەم ماددەیەدا.

و- باجدەر لێبووردنی دەربارەی ئەو منداڵانەی کە هەژدە ساڵیان تەواو کردووە، داهاتێکی سەربەرخۆیان هەیە لە (200000) دوو سەد هەزار دیناری عێراقی ساڵانە زیاترە، هەتا ئەگەر لەسەر خوێندن بەردەوامیش بن، پێ نادرێ.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

1- تلغى المادة (1) من قانون ضريبة الدخل رقم (5) لسنة 1999.

2- تلغى المادة (1) من قرار رقم (219) لسنة 2001

ويحل محلهما ما يأتي:

يمنح الفرد المقيم السماحات التالية عن كل سنة تقديرية على اساس حالته في سنة نجوم الدخل.

أ- (2500000) مليونان و خمس مائة الف دينار عراقي للمكلف ذاته (او ذاتها، اذا كانت غير متزوجة (غير الارملة والمطلقة او اذا لم يدمج دخلها مع دخل زوجها).

ب- (200000) مليونان دينار عراقي لزوجته، او زوجاته، اذا كانت ربة بيت وليس لها دخل، او اذا كان دخلها مدمجا مع دخله.

ج- (200000) مائتا الف دينار عراقي عن كل ولد من اولاده بغض النظر عن عددهم.

د- (3200000) ثلاثة ملايين ومائتي الف دينار عراقي للارملة او المطلقة ذاتها و (200000) مائتي الف دينار عراقي عن كل ولد يكون في رعايتها بصورة قانونية بغض النظر عن عددهم.

هـ- يمنح المكلف سماحا اضافيا قدره (300000) ثلاثة مائة الف دينار عراقي اذا تجاوز سن الثالثة والستين من العمر، بالاضافة الى السماحات المقررة له في اجزاء اخرى من هذه المادة.

و- لايمنح المكلف سماحا عن الاولاد الذين اتمو سن الثامنة عشرة من العمر ولهم دخل مستقل يزيد على (200000) مائتي الف دينارا سنوياً، ولو استمروا على الدراسة.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی پشتگیری لە ماددەی سێیەمی پرۆژەكە دەكات, هیچ تێبینی لەسەر نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی دارایی كۆمەڵە تێبینیەكی هەیە سەبارەت بەم ماددەیە، ئەگەر بەڕێزتان ڕێگەم بدەن، پێم خۆشە هەندێك روون كردنەوە بدەم، بەڵام تكام وایە سنگتان فراوان بێت، وەكو موحازەرەیەكی زۆری وەرمەگرن، دیارە ئەم فەقەرەیە پەیوەندیەكی راستەوخۆی بە ژیانی زۆربەی زۆری خەڵكی كوردستانەوە هەیە، بە هاوولاتیانەوە هەیە، چونكە زۆربەی هەرە زۆری هاوولاتیان ئەم باجە دەیانگرێتەوە، ژیانی هاوولاتیانی كوردستان ئەمرۆ ئەگەر بەراوردی بكەین لەگەڵ سێ ساڵ لەمەو پێشدا، چوار ساڵ لەمەو پێشدا، كاتێك كە دراوی عێراقی ئەو دراوەی كە لە هەرێمی كوردستاندا لەگەڵ دراوی سویسریدا گۆڕا بۆ ئەو دراوەی كە ئێستا پێی دەگوترێت دراوی بریمەرو كە لە جەداولدا هەیە، هەموو دینارێكی سویسری بە (150) دیناری دیناری عێراقی خەملێنرا، ئەگەر ئێمە بیر بكەینەوە بەداخەوە پێ دەچێت زۆربەمان ئاگامان لە بازار نەبێت، من تا ئەمرۆش پێداویستیەكانی ژیانی خۆم و خێزانەكەم من خۆم لە بازار دەكرم و موعامەلە دەكەم، چوار ساڵ لەمەوپێش بەو دینارەی كە بەرامبەر (150) دیناری ئێستا بوو چوار كیلۆ تەماتە دەكرا، یەعنی كیلۆی تەماتە بە (250) فلس بوو، ئێستا بە (150) دیناری ئێستا هیچ كەسێك ناتوانێت روبعە كیلۆ تەماتەیەك بكرێت، مەبەستم روون كردنەوەی چیە، رێژەی هەوڵئاوسانی ئابووری، رێژەی بەرزبوونەوەی نرخ، دەیان جار، لە هەندێ جاردا سەدان جار بەرز بۆتەوە، بەرامبەر بەوە ئەو رێژەیەی كە مووچەی فەرمانبەران و، یاخود مووچەی داهاتی تاكە كەسی لە هاوولاتیانی ئەم وڵاتەی پێ

زیاد بووە، ئەگەر جارو نیوێك، یان دوو جار زیادی کرد بێت، لەوە زیاتر تەجاوزی نەکردووە، بەشێوەیەکی گشتی، لەبەر ئەوە ئەو باجانەی کە ئێستا دەدرێت و رێژەی دانراوە لە پرۆژەکە دەبێت پێداچوونەوەیەکی پێ بکرێت، ئێمە وەکو لیژنەی دارایی تێبینیەکمان هەیە، سەبارەت بە بڕگەی (أ) دەڵێت (أ- (2500000) دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دیناری عێراقی بۆ باجدەر خۆی (ئەگەر ژن بێت شووی نەکرد بێت (بێوەژن و تەلاقدراو نەبێت، یان داهاتەکەی لەگەڵ داهاتی هاوسەرەکەی تێکەڵاو نەکرا بێ)، ئێمە بەڕاستی پێمان چاکە ئەوەی لەناو کەوانەکە دایە لابرێت، بکرێت بە هەر چ کەسێك (2500000) بۆ هەریەکە لە ژن و پیاو ئیعفا دەکرێت لەم زەریبەیە، ئەمە لە لایەکەوە ئافرەت هاوشان دەکەین لەگەڵ پیاودا، لە لایەکی تریشەوە، ئێمە بواری ئەوە دەدەین کە لە یەك خێزاندا، ئێمە ئەوەشمان لەبیر نەچێت ئەم ژمارانەی کە دانراوە بۆ ساڵێکە، یەعنی (2500000) دینار بۆ ساڵێکە, داهاتی ساڵێك ژمارەیەکی زۆر نییە، کە هاوولاتی لێی ئیعفا بکرێت، لەبەر ئەوە ئێمە پێمان چاکە ئەوەی لەناو کەوانەکە لابرێت و هەر یەکە لە پیاو و ژن ئیعفا بکرێن بە مەبلەغی دوو ملیۆن و نیو، ئەمە سەبارەت بە بڕگەی (أ).

سەبارەت بە بڕگەی (ج) (لێخۆشبوون بۆ هەر منداڵێك لە بڕی دوو سەد هەزار دینار)، دوو سەد هەزاری دیناری ئێستا بەڕاستی بۆ منداڵێك لە ماوەی یەك ساڵدا تۆ لێی خۆش ببێت، زەریبەی لێ نەدەیت و باجی لێ نەدەیت، هیچ نییە، هەر چ کەسێك لە ئێمە ئەگەر بیەوێت لە جەژندا دڵی منداڵەکەی خۆش بکات و پۆشتەی بکاتەوە زیاتر لە دوو سەد هەزار دینار شتی بۆ دەکڕێت، جلوبەرگی بۆ دەکڕێت، لە ساڵێکدا ئێمە دوو سەد هەزار دینار بۆ منداڵێك لێی خۆش بین بۆ باج، بەڕاستی مەبلەغێکە هیچ نییە، بۆیە ئێمە پێشنیاز دەکەین ئەو مەبلەغی دوو سەد هەزار دینارە ببێت بە یەك ملیۆن، هەموو منداڵێك لە ماوەی ساڵێکدا یەك ملیۆن دینار لێی ببووردرێت، لێبووردن بۆ هەر منداڵێك لە دوو سەد هەزار دینارەوە ببێت بە یەك ملیۆن دینار.

تێبینیەکی ترمان هەیە، لێخۆشبوون لە منداڵی لای بێوەژن، یان تەلاقدراو، ئەویش بە هەمان شێوە لە دوو سەد هەزار دینارەوە ببێت بە یەك ملیۆن دینار، بەڕاستی ئافرەتێك جیا بۆتەوە، یان مێردەکەی وەفاتی کردووە، بەڕاستی بارێکی گرانتری بەسەر داکەوتووە، ئێمە مەعقول نییە جارێك دوو سەد هەزار دینار مەبلەغێك نییە، کە هیچ ئینسانێکی پێ بژیت، ئینجا جگە لەوە پێویستە رەچاوی ئەو بارە تایبەتەیە کۆمەڵایەتیە بکرێت بەنیسبەت ئەو ئافرەتانەوە.

تێبینیەکی ترمان هەیە، سەبارەت بە بڕگەیەکی تری لە پرۆژەی یاسایەکە، ئەو کەسەی کە تەمەنی لە (63) ساڵ تەجاوز دەکات، سێ سەد هەزار دینار لێخۆش بوون هەیە سەبارەت بە باج، ئێمە پێمان وایە وەکو لیژنەی دارایی و ئابووری، ئەو کەسەی تەمەنی لە (63) ساڵ تەجاوز دەکات، یەکەم/ نەخۆشی و دەردەکانی زیاتر دەبن ریعایەی زیاتری دەوێت بەڕاستی، دەبێت موراعاتی زیاتر بکرێت و پێداویستیەکانیشی زیاتر دەبێت، بۆ سەربەخۆیی زیاترو، بۆ پارێزگاری کردنی کرامەتی مرۆڤ و بەتایبەتی ئەو کەسانەی بە ساڵدا دەچن و خزمەتی ئەم ولاتەو ئەم میللەتەو ئەو خەڵکەیان کردووە، دەبێت لێخۆش بوونەکە لە سێ سەد هەزار دینار بکرێت بە یەك ملیۆن دینار، چونکە بەڕاستی ئەم سێ سەد هەزارە مەبلەغێکی زۆر نییە باس بکرێت، بڕگەی (و)، ئەمە پێمان چاکە هەر لابرێت لە پرۆژەکە، بە زیادی دەزانین، بڕگەی (و) دەڵێ (و- باجدەر لێبووردنی دەربارەی ئەو منداڵانەی کە هەژدە ساڵیان تەواو کردووە، داهاتێکی سەبەرخۆیان هەیە لە (200000) دوو سەد هەزار دیناری عێراقی ساڵانە زیاترە، هەتا ئەگەر لەسەر خوێندن بەردەوامیش بن، پێ نادرێ)، ئێمە پێمان چاکە ئەم بڕگەیە نەمێنێت لە پرۆژەی یاسایەکە، ئێمە لە پێشنیازەکانماندا بەڕاستی یەکسانی ژن و پیاومان رەچاو کردووە، یەك/ هەڵئاوسانی

ئـابووری و بـاری ئـابووری حاڵـەتی ئاسـتی ژیـانی ئـابووری خەڵکەکـەمان ڕەچـاو کـردووە، قیمـەتی ئـەو پارەیەمان ڕەچاو کردووە، بۆیە تکا دەکەین پشتگیری لەو پێشنیارە بکرێت و زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کـاك دلێـر ئێسـتا شـەرحەکەت بـاش بـوو، بـەڵام ئەرقامـەکانمان لـێ تێکچـووە، پێمـان بڵێـی موقـابیلی ئـەو ڕەقمانەی پرۆژەکەو لیژنەی یاسایی ڕەقمەکانت چیە، مەسەلەن (یەك و دوو و سێ) تەسەلسول بنووسین و خەڵك بیزانێت.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشـنیازەکانی ئێمـە ئەوەیـە هـەر خێزانێـك ژن و پیـاو، نـەك تـەنها یـەکێکیان دوو ملیـۆن و نیـو دینـار لێبووردنی لێ بکرێت، واتا ژنیش لێبووردنی لێ بکرێـت لەگـەڵ پیـاودا لـە خێزانێکـدا، بـەڵێ هەریەکـەیان، یەعنی ئافرەت بە شەخصیەتێکی موستەقیل حیساب بکرێـت، نـەك تـابعی پیـاو بێـت، ئـەوەی دووەم/ هـەر منداڵێك ئەو بڕە پارەی کە لە پرۆژە یاسایەکە دوو سەد هەزار دیناری ساڵانە ئیعفا کراوە لە زەریبە، ئێمـە پێمان چاکە ئەو دوو سەد هەزار دینارە بکرێتە یەك ملیۆن دینار، فەقەرەیەکی تـر، لێخـۆش بـوون بـۆ ئـەو منداڵانـەی کـە لـەلای بێـوەژن، یـاخود ئـەو کەسـانەی، ئـەو ئافرەتانـەی جیـا بوونەتـەوە لـە مێردەکانیـان منداڵـەکانیان لـە لایـە دوو سـەد هـەزار دینـار ئیعفـا کـراون، تەبعـەن ئەمـە بـار گرانیەکـە بەسـەر ئـەو ئافرەتانەوە بەڕاستی، لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە هیچ کاتێك منداڵێك بە دوو سـەد هـەزار دینـار سـاڵانە بەخێو ناکرێت، بۆیە ئێمە پێمان چاکە ئەم دوو سەد هەزار دینارە بکرێتە یەك ملیۆن دینار.

فەقەرەیەکی تری تیایـە، هـ- سـەبارەت بەوانـەی کـە تەمـەنیان لـە 63 سـاڵ زیـاترە لـە سێ سـەد هـەزار لـە داهاتەکەیان ئیعفا کراوە، ئێمە پێمان چاکە لە یەك ملیۆن دینار ئیعفا بکرێـت، چـونکە مرۆڤـی بـە تەمـەن پێداویستیەکانی زیاترە، دەبێت ئیستیقلالیەتی زیاتر بۆ دروست بکرێت، بۆ ئەوەی جارێکی تر نەڵێت ئەوە بار بە سەر منداڵەکانی و حاڵەتێکی ئیجتیماعی نالەباری بۆ دروسـت بکرێـت، ئەمـە جگـە لـەوەی بەڕاسـتی ئینسان تا بە تەمەندا بچێت باری تەندروستیشی بـەرەو خـراپتر دەچێـت و زیـاتر پێویسـتی بـە موڕاعـات هەیە، ئەگەر ئێمە ڕەچاوی ئەوەش بکەین لایەنی کۆمەڵایەتی بەڕاستی ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەی، ئـەو ئیلتیزامـەی کـە جـاران لـە کۆمـەڵگای ئێمـە هـەبوو، بەداخـەوە وردە وردە بـەرەو لاواز بـوون و بـێ هێـزی دەڕوات، بۆیە کەسانی بە تەمەن زیاتر موڕاعات بکرێن، ئەمە بریتی بوو لەو پێشنیازانەی ئێمە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوەی فەقـەرەی (و) لیژنـەی دارایـی داوا دەکـات ئیلغـا بکـرێتن، پـێم وایـە شـتێکی تەبیعییـە، بەڵام یەك شت هەیـە مەسـەلەن کـە دەڵێـت ئـەوەی تەمـەنی (63) سـاڵ تـەجاوزی کـردووە، خـۆ ئـەوە دوو ملیۆنەکە ئیعفا دەیگرێتەوە، ئیعفایەکانی تریش دەیگرێتەوە، ئەوە ئیزافیە، وەنەبێتن بڵێی ئەوە سێ سـەد هەزارە لە جیاتی دوو ملیۆنەکە، لەگەڵ ئەوەشدا جەنابی وەزیر لەسەر پێشنیارەکەی لیژنەی دارایی ئەگـەر ڕەئیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز سرکیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە لەگەڵ ئەوەینە کە یەکسانی هەبێت لە بەینی ئافرەت و پیاو، بەس ئەو یاسایەی کە دانـراوە مەبەستیان ئەوە بووە، کە پیاو عادەتەن خێزانەکە بـەڕێوە دەبـات، بۆیـە ڕێژەکـە بەنیسـبەت پیـاو زیـاترە، سەماحەکەی لەوەی کە بـۆ ژن دانـراوە لـە قـانونی زەریبـە بەپێچەوانەی یاسـایی زەریبـەی عـەقار، ئەگـەر پیاوێك سێ، چوار ژنی هەبێت، بەس یەك شمول دەکات، ژنەکانی دیکە سەماحی قانونیان پێ نادرێت.
بەنیسـبەت تەمـەنی (63) سـاڵ جـەنابت کـە باسـت کـرد، ئـەو مەبلەغـە تـەنیا سـێ سـەد هـەزار دینارەکـە سەماحی تەمەنە، سەماحەکەی تر شمولی دەکات، ئێمە دەبێت بـێین سـەیری بکـەین هـەتا ئێسـتا وەزعەکـە چۆن بووەو چـۆن وەرمـان دەگـرت، بـۆ ئـەوەی ئەنـدامانی پەرلـەمان وازیحـتر بێـت لـە لایـان لـە سـلێمانی و هەولێر لە هەردوو شوێن، ئێمە هەتا ئێستا سەماحی قانونی کە دەماندا بۆ باجدەر سێ سەد هەزار دینار تا چوار سەد هەزار دینار بوون، ژن و پیاویش وەك یەك یاسای لێبووردنیان هەبووە، بێوەژنیش هەمان شـێوە حیساب دەکرا، منداڵیش سی هەزار دینار سەماحی هەبوو، سەماحی عـومریش سـی هـەزار دینـاری هـەبوو، ئێستا ئێمە سێ هەزارو چوار سەدو پەنجا هەزار دینار یەکسەر دێین سەر دەکەوین بۆ دوو ملیۆن و نیو بـۆ پیاو و دوو ملیۆن بۆ خێزانەکەی، یەعنی لە سێ سەد هەزار بێین زیادی دەکەین بۆ دوو ملیۆن و نیو، ئەوە یەك ئەو گۆڕانکاریەی کە کراوەو ئێستا وا تەتبیقی دەکەین، هەر منداڵێك وەکو باسم کرد هەر منداڵێك لە سی هەزار دینار زیادمان کرد بۆ دوو سەد هەزار دینار، لێرە بێوەژن سێ ملیـۆن و دوو سـەد هـەزار دینـاری بۆ دانراوە، بۆ هەر منداڵێکیشی دوو سەد هەزار دینار دانراوە، یەعنی گۆڕانکارییەکی زۆرمان کردووە، ئێمە لە تەسهیلات کردن، چەندین بەرابەر کردن زیـاد بـووە، ئـەویتر ئەگـەر بـێین بـاس بکـەین موقارنـە بکـەین لەگەڵ دیناری سویسری و دیناری چاپی کە ناسراوە بە بریمەرو ئەوانە، دەبێت ئەوەش حیساب بکـەین کـە ئەوانە ئەو وەخت بەرامبەر بە دۆلار سعریان چەند بوو (1500) بوو، بەڵام بە عەکسەوە دینـار بـەقوەتتر بوو، دابەزی بۆ هەزارو دوو سەدو شەست، ئێستا دابەزیوە بۆ هەزارو دوو سەد، بۆ ساڵی داهاتوو بـۆ هـەزارو دوو سەد، ڕەنگە بەرنامەش هەبێت کە دابـەزێت بـۆ هـەزار، یـەعنی ئـەو موعادەلەیـەش هەیـە، کـە نرخـی دراوی ئێمە بەقوەت بوو موقابیلی دۆلار ئیعتیادی تەئسیر لە بازاڕیش دەکات، ئینجا دەمێنێتـەوە بـەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەوە ئیقتیراحی ئێمە بووە، چۆن بە مەسڵەحەت دەزانن وا بڕیار بـدرێت، ئێمـە پـاش ئەوە زەوابت دەردەکەین، بەس دەبێت حیسابی ئەوەش بکەین، وەکو باسم کرد، ئێمـە ناوچـەکانی تریشـمان هەیە لە عێراق کە زۆر جیا نەبینەوە لەوان، ئەگەر هەر هەرێمی کوردستان حیساب بکەین، کە ناوچەیەکی نەوتییە، خۆ هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لە عێراق، خۆ وەسەت و جنوب زیاتر نەوتیان هەیە لـە ئێسـتا لە ئێمەو، ئەگەر وەزعـی مووچـە بێـت، مەعیشـەت بێـت، هـەموومان لـە چوارچـێوەی عێـراق دەژیـن، هـەر چەند لێرە ئاستی ژیان بەرزترە، بەڵام ئەوە بـەردەوام نابێـت، وەزعـی ئـەمنی ئەگـەر لـە عێـراق بـاش بـوو، موتەئەکید بن بەو ئیمکانیەتەی کە وەسەت و جنوب هەیـەتی لـە خیلالـی دوو سـاڵ، سـێ سـاڵ، ئـەو پـازدە ساڵەی ئێمە کە پێشکەوتنمان هەیە، پێش ئێمە دەکەون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت فەقەرەی (و) ئەگەر هاتوو موقتەرەحەکەی لیژنەی دارایی قەبول نەکرا، پێشنیار دەکەم فەقەرەی ئەخیر ئیلغا بکرێت، کە دەڵێت (ولو استمروا علی الدراسة) با ئێمە تەشجیعی خوێندن بکەین، با تەمەنی لە هەژدە ساڵ زیاتر بێت، با وەزیفەی هەبێت و داهاتی خۆی هەبێت، با تەشجیعی بکەین بخوێنێت و با باوکەکە ئیعفا بێت لە زەریبە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو روون کردنەوەم هەیە، یەکەم/ ئێستا لە 80٪ی ژنان ئەگەر زیاتریش نەبێت هاوشانی پیاوان ئەرکی مەسەرەف و هی ماڵیان لەسەرە، ئەو تێروانینە کۆنە زۆر دەمێکە بەسەر چووە، کە ئەرکی بەخێو کردنی ماڵ و منداڵ تەنیا لە ئەستۆی پیاوان، ئێستا هەموومان وەزعی هەرێم دەزانین کە لە 80٪ی زیاتری ژنان لەوە بەشدارن.

دووەم/ لەسەر ئەو مەسەلەی کە باج، پێم وایە خاڵی (ب)ە عەفوو کردنی پیاو و ژنەکانی، هەموومان دەزانین بەپێی بڕیاری 63ی سەرۆکایەتی هەرێم ئەو پیاوەی دوو ژنی هەیە سزا دەدرێت، ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستانی یەکگرتووش دەیەوێت ئەو بڕیارە تەصدیق بکات، کەچی لێرە موکافەئە دەکرێت، جەنابی وەزیر دەڵێ ئەگەر سێ، چوار ژنی هەبوو هەموویان عەفوو دەکرێن، ئەمە زۆر ئیهانەیە بە ژنان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە عەکسەوە گوتی، گوتی عەفوو ناکرێن، سوپاس، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە قسەکانی خاتوو کوێستان دەکەم، بەڕێز وەزیر ئێستا هەڵستا گوتی زۆری ئەرکەکە لەسەر پیاوە، ئەی ژنیش هەیە پیاوی نییە، ئەرکەکە هەر لەسەریەتی، فەقەرەی بۆ جیا کراوەتەوە، مەبەستم قسەکەی بەڕێزیەتی، بۆ ئەوەی ئێمە بەو ئسلوبە قسە نەکەین، ئێمە زیاتر هەوڵ بدەین کۆمەڵگای کوردی بەڕاستی بەرەو مەدەنیەت بڕوات، بەرەو ئەوەی کە مافی ژنەکان جوان دابین بکرێت، کە ئێمە بەو شێوەیە قسەمان کرد، ئەوە یەعنی هەرچی هەوڵێك دەدەین رەنجەکەمان بە خەسارە، خاڵی (و) بەڕاستی من پشتگیری لیژنەی دارایی دەکەم، ئەگەر لابرێت، لەبەر ئەوەی ئەو موکەلەفە، ئێمە هەتاکو ئێستا لە کوردستاندا منداڵی هەژدە ساڵ زۆر بە دەگمەن دەخلی خۆی هەیە، چونکە زۆری بەردەوامە لەسەر خوێندن، ئەگەر واش نەبێت، ئەگەر ئیلغاش نەکرێتەوە پشتگیری لە پێشنیارەکەی دکتۆرە هالە دەکەم (ولو استمروا علی الدراسە) لابرێت، چونکە ئێمە دەبێت تەشجیعی ئەوە بکەین، کە منداڵ بتوانێت زیاتر بخوێنێت، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەر لە ئەوەلەوە لێی تێ نەگەیشتم بەڕاستی، ئەم خەتە ساخینە هەر گشتمان لێی تێ نەگەیشتین، ئایا زەریبەی دەخل لە كوێوە دەست پێ دەكات، بە هەر حاڵ ئەگەر تەوزیحێكی تر هەبێت خراپ نییە.

دوو/ ئەو باسی موساواتە قسەیەكی دروستە، یەعنی پیاو و ژن ببێت ئەوەی كاك دكتۆر دلێر گوتی، بەڵام خەڵكێكی زۆریش هەیە هەر پیاوەكە موەزەفە، یەعنی ژنەكە موەزەف نییە، یەعنی ئەگەر ئەوان هەردووكیان حیساب بكرێن، ئەگەر هەردووكیان موەزەف بن، حەقە لەوێ جیاوازییەك هەبێت، لو پیاوەی كە تەنها پیاوەكە، یان تەنها ژنەكە لە زۆرماڵێشدا تەنها ژنەكە موەزەفە، پیاوەكە موەزەف نییە، یەعنی موڕاعاتی ئەو موساواتە بكرێت، قسەیەكی دروستە.

سێ/ من پێشنیارێكم هەیە، پێشنیارەكەم ئەوەیە سەماحەت، تكا دەكەم بە ژمارە نەبێت، یەعنی دوو سەد هەزار، یان سێ سەد هەزار، ئەوە مەبەستەكەی ئەوەیە كە ئیتر دەستكاری مەعاشات و ڕەواتب ناكرێت، بۆ بەرز بوونەوەو نزم بوونەوە، بكرێت بە ڕێژە، مەسەلەن لە 2٪، لە 1٪ بۆ ئەوەی هەر كاتێك ئەگەر دەستكاری ڕەواتب كرا، ئەمە هەر وەكو خۆی بمێنێت، ڕێژەكە گرنگترە، بەڵام كە دەیكەیت بە ژمارە دەڵێی دوو سەد هەزار، ئیتر دەبێت ئەگەر جارێكی تر چۆن ئەم ڕێژەیە بگۆڕین، لە كاتێكدا ئێستا یەعنی كاتی ئەوە هەیە دكتۆر دلێر گوتی، یەعنی تەزەخومێكی مالی زۆر گەورە دروست بووە لەم كوردستانە، یەك بە دوو سەد، یەك بە سێ سەد، ئەو مووچەیەش كە وەردەگیرێت هەر مووچە كۆنەكەیە, كاتی خۆی كە لەسەر ئەو ئەساسە دراوە، ئێستا بەراوردەكە زۆر ناڕێكەو ناهاوسەنگە، ئایا كە تۆ دەڵێیت دوو سەد هەزار لەسەر ئەساسێكی كۆن دانراوە سێ ساڵ لەمەوپێش چۆن دەیگۆڕێت، بەڵام كە بیكەیت بە ڕێژە، دەستكاری كردنی مووچە شتێكی ئاسانتر دەبێت، لەبەر ئەوە پێشنیار دەكەم، ئەو ژمارەیە بگۆڕێت بە ڕێژە لە سەدا ئەوەندە، لە هەر كاتێكدا قسە دەكەین، بۆ ئەوەی بتوانین دەستكاری مووچە لە هەر كاتێكدا بمانەوێت بیكەین، هەروەها لێرە موعەوەق لەبەر چاو نەگیراوە، كەم ئەندام، یان خاوەن تایبەتمەندیە خاصەكان لەبەر چاو نەگیراوە، بەڵام باسی ئەمانە لە هەر خێزانێكدا ببن، یەعنی دەبێت موڕاعاتێكی تایبەتی بكرێت، چونكە ئەركیان قورسە، مەشاكلیان هەیە، یەعنی لە ماڵێ وا هەیە دووانی تیایە، ئەمانە هێنیان بۆ دیاری بكرێت، یەعنی ئەو كەسانەی كەوا خەڵكی ئەوها كەم ئەندامیان هەیە لەم سەماحانە ببوورێن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ئەگەر موافەقەی بكەیت، دیارە ڕەئی لیژنەی دارایی دوو، سێ برادەریش هەر تەئیدی دەكەن، ژن ببێتە دوو ملیۆن شتێكی ئەوتۆ نابێتن، ئەوە جەنابی وەزیریش موافەقەتی كرد، موقتەرەحەكەی لیژنەی یاسایی بەنیسبەت ژن و پیاو وەكو یەكە، بڕگە (ب) دەبێتە دوو ملیۆن و نیو، بۆ ئەوەی ئەوانەی كە قسە دەكەن ئەو مەوزوعە تەواو بوو و یەكلا كرایەوە، موقتەرەحی لیژنەی دارایی قەبول كرا، جەنابی وەزیریش قەبولی كرد، هی منداڵ دوو سەد هەزارەكە داوای كردووە ببێتە ملیۆنێك، پێم وایە بڕێك زۆرە، ئەگەر ئەوەش جەنابی وەزیر ڕەقەمێك بدات مەسەلەن چوار سەد، پێنج سەد هەزارێك.

**بەڕێز سركیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو منداڵەی کە هەتا بیست و پێنج ساڵیش تەمەنی بێت دەرس بخوێنێت خۆ بەخۆی عەفوە، سەماحی دەدرێتێ، وەکو تر چ موشکیلە نییە، چ رەقەمێك زیاد بکەن، ئێمەش تەنفیزی دەکەین، بەس هەندێك شتی تر حەزم کرد عەرزی بەڕێزی ئەندامان بکەم بەتایبەتی کە پرسیاریان کرد لەسەر موعەوەق، موعەوەق هەر بە قاصر دادەنرێت، یەعنی بەپێی باجی دەرامەت و سەماحی پێ دەدرێت، کچیش تا شوو بکات عەینی شت لەسەر باوکی حیسابەو سەماحی پێ دەدرێت، بەنیسبەت زەریبەی دەخل لە چ وەردەگیرێت، لە قازانجی ئیش وەردەگیرێت، هەموو ساڵێك زەوابت و تەعلیمات دادەنرێت بۆ میهنەکان، تەماشا دەکەن قازانجی هەر یەك لەو میهنەی، لەو ئیشەی کە دەیکات چەندە، لەسەر ئەو ئەساسە زەریبەکە حیساب دەکرێت، بەو سەماحە وابزانم زۆریان هەر عەفو دەبن لە زەریبە، بەس من مانیعم نییە، بەنیسبەت منداڵ سێ سەد، چوار سەد، هەر زەریبە نامێنێت بەڕاستی، بەس حەز دەکەم ئەوە پێتان بڵێم، پرسیارێکیشیان کرد دەربارەی ئەوەی ئەگەر ژن ئیش بکات، مێردی ئیشی نەبێت سەماحی مێردیشی ژنەکە دەیبات و ئەو حاڵەتەش هەیە لە یاسا، یەعنی زۆر جار ژن باجەکە بۆی دەگەڕێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی منیش با وەکو کاك جەمال قاسم باسی دەرەوە بکەین، دوێنێ ئاماژەی بە شتێکی زۆر گرنگ کرد بەڕاستی، حکومەت، وەزارەتی دارایی حەقە بەرنامەیەکی هەبێت بۆ داهات لە زەریبەی غەیری موباشیر زیاد بکات، چونکە زەریبەی موباشیر ئەوەلەن/ تەئسیر لە هاووڵاتی دەکات، ئەوانەی مووچەشیان کەمە، داهاتیان کەمە، رەنگە تەئسیریان لێ بکاتن، لە وڵاتانی ئەوروپادا زۆریان نیسبەیەك دادەنێن لەسەر داهات، بەڵام لەبەر ئەوەی لێرە ناتوانین داهاتەکە دابنێین, چونکە نیزامی بانکمان نییە، تاوەکو بزانین حەددێکی موعەیەن، نەگاتە ئەو حەددەی زەریبە ناداتن، یەعنی مەسەلەن حەددی ئەدنای مەعاشات چەندە پێنج سەد دۆلارە، ئەوە نایگرێتەوە، هیچ زەریبەیەك نایگرێتەوە، هەتا دەگاتە هەزار دۆلاریش زەریبە نایگرێتەوە فەما فەوق، بەس لەبەر ئەوەی لە بانکدا پارەی چەندە، کە گەیشت مەجبورە بچێتن ئیستیمارەیەك پڕ دەکاتەوە، دەڵێ من پارەم ئەوەندە هەیە زەریبەکەی لێ دەسندرێت، زەریبەی غەیر موباشیرە, نیزامێکە هێشتا لە کوردستاندا تەتبیق نەکراوەو ئالیەتی دەوێت، بەڵام دەبێت بەرنامەجمان هەبێتن، ئەوە کاك جەمال ئاماژەی پێ کرد، لە چێشتخانە بەشێك بۆ حکومەت دەڕوات، رێگاوبان زەریبەی لەسەرە بۆ حکومەت دەڕوات، سوپەر مارکێت هەرچی بکڕیت نیسبەیەکی تێدایە بۆ حکومەت دەڕوات، ئەو زەریبانە لەسەر هاووڵاتی بێ دەرامەت، کەم دەرامەت ئەسەری زۆر کەمە، مەسەلەن رێگاوبان ئەوەی سەیارەی نەبێتن هاتوچۆ ناکات لەناو شارەکان، ئەوجا زەریبەی نادات، رێستۆرانتەکان, ئەگەر داهاتی باشی نەبێتن، ناچێتە رێستۆرانت نان بخوات، ئەو زەریبەیە لەو کەسانە وەردەگیرێت، کە ئیمکانیەتیان هەیە، قودرەتیان هەیە، بۆیە ئەگەر بەرنامەجێك هەبێتن لە وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم تێدا بە دیراسەتەوە وردە وردە ئەو جۆرە زەریبانە زیاد بکرێتن کە غەیر موباشیرن، زەریبەی موباشیر کەم بکرێتەوە، ئەو مەسەلەیە تەحقیق دەکات، کە دوێنێ کاك جەمال ئاماژەی پێ کردو ئەو رەئییانەی کە لیژنەی داراییش ئەو وەختی بەو هینە نابێتن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا لەو مەرحەلەیەدا پێم وایە بەو شێوەیە ناتوانین بیکەین، ئەوەی لیژنەی دارایی گوتوویەتی، نوقتەی یەکەم هی ژن و پیاو وەکو یەك بێتن، راستە حەقی خۆیەتی، یەك ژنیش، نەك چوار، پێنج ژن و ئەوانە، بۆ منداڵەکان دوو سەد هەزار نووسراوە، یەعنی ببێتە سێ سەد هەزار، چونکە منداڵیش هەر لەگەڵ هینەکەی خۆیەتی، هی تەمەنی 63 ساڵ تەواو

دەکاتن دوو ملیۆنەکەی لەویٚ هەیە، سەماحی لەویٚ هەیە دوو ملیۆنەکە، کە تەمەنی بووە 63 ساڵ، یەعنی مەفروز وایە ئیمکانیەتی زیاد کردووە، نەك کەم کردووە، دەوڵەمەندتر بووە، ئیمکانیاتی هەیە، بەلاٚم لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سەماحەتە تازەیە لەسەر داوای لیژنەی دارایی، یەعنی هەردووکیان یەکیان هین بکات، هەم منداڵەکان، هەم (63) ساڵەکە زیاتر تۆزێك زیاد بکرێتن، رەئی جەنابی وەزیرو ئەوە دیراسەتی خۆتانە، بەلاٚم ئێمە موراعاتی حکومەت دەکەین، دەمانەوێت حکومەتمان دەوڵەمەند بێت و بەقوەت بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت خەدەمات تەقدیم بکات، بۆ ئەوەمان نییە پارە لە بانك دابنرێت و زیاد بکرێت، دەمانەوێت خەدەمات تەقدیم بکاتن، بۆیە لە هەمان کاتدا دیفاع لە هاوولاٚتی دەکەین، دیفاع لەوەش دەکەین کە حکومەتیش پێویستی بە داهات هەیە، دوایی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ هاوولاٚتی، ئەو پارەیەی کە بۆ حکومەت دەچێتن، لێرە حکومەت دەبێت ڕێگاوبان زیاد بکات، ئیهتیمام بە کارەبا بدات، گرنگی بە تەندروستی بدات، پارە تەرخان بکات بۆ زیاد کردنی مووچە، جا نازانم ئەگەر رەئیەکت هەبێت لەسەر ئەو رەقمانەی کە لیژنەی دارایی گوتوویەتی، بەڵکو لەوەی کە منیش گوتم تۆزێك زیاتری بکەیت باشترە.

**بەڕێز سرکیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من رەئیم ئەوە بوو لە (63 ساڵ)، سێ سەدەکە بکەینە پێنج سەد، دوو سەدەکە بکەینە سێ سەد، نازانم چونکە یەك منداڵ نییە، مەجموعەیەك منداڵن، ئەگەر هەمووی حیساب بکرێت سەماحی پیاو لێرەش سەماحی ژن وەکو پیاو ئەوە بووە پێنج ملیۆن، منداڵیش سێی هەبێت، چواری هەبێت، من زیاتر ناڵێم حیساب بکە هەر هیچ نەما بەڕاستی بۆ زەریبە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێمان وایە باشە، وەزیر دەست کراوەیە، زۆر سوپاسی دەکەین، من پێم وایە لیژنەی دارایی ئەو پێشنیارەی جەنابی وەزیر قەبول بکات، پێشنیارەکەی خۆی تەعدیل بکات، بۆ 63 ساڵەکەی دەبێتە پێنج سەد هەزار، منداڵەکەش دوو سەد هەزار دەکرێتە سێ سەد هەزار، چونکە یەك منداڵ نییە، دوو منداڵ نییە، سێ نییە، مومکینە شەش، حەوتێکی هەبێت، کاك دلێر ئەگەر پێت باش بێت، بۆ ئەوانەی قسەیان ماوە نەچنە سەر ئەو مەوزوعانە، دەمەوێت ئیختیساری بکەین، بۆ ئەوەی وەختەکەمان لێ هین بێتن، فەرموو کاك دلێر.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە، کە باجێك دەبێت هەبێت، دەبێت هاوولاٚتی باج بدات، زەریبە بدات، یەکێك لەو هۆکارانەی کە وەکو پێویست لەلای ئێمەی هاوولاٚتی، دەسەلاٚت پێکەوە گرێ نەدراون، ئەوەیە هاوولاٚتی موساهەمەی نییە، باج نادات، لەبەر ئەوەی ناتوانێت وەکو پێویست موحاسەبەی دەسەلاٚت بکات، هەر بۆیە دەسەلاٚتەکانیش دەسەلاٚتیان زیاتر و دەست درێژترن، بەلاٚم نابێت باج بەو شێوەیە وەربگیرێتەوە وەکو ئێمە راستەوخۆ وەریدەگرین، ئێمە دەتوانین بەشێوەیەکی تر باج وەربگرین، دەوڵەت، یان دەسەلاٚت دەتوانێت باج وەربگرێت، بۆ نموونە ئێمە شارەوانی هەموو گەڕەکەکانمان خاوێن دەکاتەوە، ئێمە کۆلاٚنەکان پیس دەکەینەوە، کەسیش باج لە ئێمە ناسەنێت، ئاو، لە زۆربەی زۆری ماڵەکاندا ئاو شێرەی نییەو کراوەتەوەو بەفیڕۆ دەڕوات و، ئەو ئاوەی کە دەخورێتەوە هەمان ئاوە لە کەم ولاٚتان شتی وا هەیە کە

باخیشی پێ ئاو بدرێت و خەڵك خۆشی پێ بشوات و جلیشی پێ بشوات و هەموو پێداویستیەکان هەر بەو ئاوە دەکرێت، ئەمە سەروەت و سامانێکی نەتەوایەتی گەورەیەو بە فیڕۆ دەچێت، مەفروز وایە باج بخرێتە سەر ئەم شتانە بەڕاستی، کارەبا، من ناڵێم باجێکی زۆری بخرێتە سەری، سپلێت, ماڵی وا هەیە شەش، حەوت سپلێتی تێدا هەیە، ئەمە کارەبایەکی زۆری دەوێت، دەبێت زەریبەی بخرێتە سەر سپلێت، زەریبە بخرێتە سەر جگەرەو سەر خواردنەوەو کحولیەکان، ئەمانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەلأمم بدەوە کاك دلێر، ئەمانە باسی ئوجورە، ئەگەر تۆ لەسەر پێشنیارەکەی من گوتم.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، ئێمە پێمان وا بێت زیاد کردنی دوو سەد هەزار دینار بۆ سێ سەد هەزار بۆ هەر منداڵێك هیچ لە حەقیقەتەکە ناگۆڕێت، مناڵێك ساڵانە بە سێ سەد هەزار ناژیت، مانگانە بە سێ سەد هەزار ناژیت، یەعنی لەبەر ئەوەی ئەو ئیعفایەی کە ئێمە دەیکەین بۆ هەر مناڵێك شتێکی زۆر زۆر کەمە، بۆیە ئێمە ئەو رێژەیەمان بەرز کردۆتەوە بۆ ملیۆنێك، بۆیە وەکو هەنگاوی یەکەم لەو ئاستە، ئێمە پێمان چاکە نیو ملیۆن بێت، یەعنی سەماحەکە ببێت بە نیو ملیۆن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ تەواوی پێشنیازەکانی لیژنەی دارایی و ئابووریم، لەبەر ئەوەی جەنابت فەرمووت هیچ باس مەکە زۆر شتم لە لا خربۆوە، بەڵام پرسیارێکم هەیە لە جەنابی وەزیر، دەڵێ ئەگەر یەکێك فرە ژنی هەبوو، بە ژنێك دەبوورێت، کامە ژن، بە ژنی یەکەم، یان ئەخیر، ئەو ژنەی لەناو تۆزدایە، یان ئەوەی لەناو بۆرصەدایە، ئەو پرسیارەم هەیە.
دوو/ بەڕێزی فەرمووی ئەو قوتابیەی کەوا بەردەوامە لە خوێندن، هەتا خوێندن تەواو دەکات هەتا بیست و پێنج ساڵی بۆ دانا، ئەی لە دوای (25) ساڵەکە، ئەگەر بەردەوام بێت، ئێستا هینێك هەیە لەزانکۆیەکاندا یەکسەر لە ماستەرو دکتۆرا قەبول دەبێت، ئەی ئەوە چی لێ دەکەین؟ جا بۆیە با مەفتوح بێت، پێویست بەو (25) ساڵە نەکرێت، هەتا دادەمەزرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك تێبینیم هەیە، پێشەکی پشتگیری لە راپۆرتەکەی لیژنەی دارایی دەکەم بە کاملی، ئەوە یەك.

دوو/ بەنیسبەت فەقەرەی (ج) کە دەڵێت هەر منداڵێك دوو سەد هەزار دیناری هەیە، مەقصەدم صیغەی هاتنەکەی، نووسینەکەی دەڵێ (عن کل ولد من اولاده بغض النظر عن عددهم)، پێشنیار دەکەم ئیزافە بکرێتن (بغض النظر عن عددهم واعمالهم مالهم یکون لهم دخل مستقل)، چونکەماڵێکە دەبینی سێ، چوار کچی هەیەو لە ماڵێ ماوە هیچ مەعاشی نییە، هیچ ئیرادێکی نییە لەلای دایك و باوکێتی بەخێو کردنی، یان منداڵە زانکۆی تەواو نەکردووە، ئەوە تەسبیت بکرێت شتێکی باشەو خراپ نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك جەعفەر فەرموو.**

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە ڕەئیەکەی لیژنەی دارایی دەکەم، ئەوە یەك.

دوو/ بڕگەی (هـ) ئەوە پارەیە زیاد بکرێت سێ سەد هەزارەکە، حاڵێکی تر ئێمە بەپێی سەرژمێرەکانی شەرقی ئەوسەت بەتایبەتی کوردستانیش لەگەڵی, لە تەمەنی شەست ساڵی بە پیری حیسابە، (62) ساڵ تەقاعودە، ئەو شەستە بکرێت بە (63) ساڵ بەرەو ژوور، نەك لە (63) بەرەو ژوور، پارەکە زیاد بکرێت لە سێ سەد بکرێت بە پێنج سەد هەزار دینار، (63) ساڵەکەش بکرێت بە (60) ساڵ، لە شەست بەرەو ژوورتر، چونکە تەمەنەکە لە شەست و سێ بەرەو تەقاعودی دەچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك ئارام فەرموو.**

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا جەنابتان زۆر شتان روون کردەوە، پێویست ناکات ئێمە باسی لێوە بکەین، من هێنانەوەی نموونەی ئەوروپا زۆر شتێکی باش بوو، لەبەر ئەوەی لە زۆربەی وڵاتان چ کاتێك زەریبە زیاد دەکرێت، یاخود کاتێك لێبووردنێك دەبەخشرێت، بەڕاستی بەدل سەدێکی زۆر کەم حیسابی لەسەر دەکرێت، بەڵام لەلای ئێمەوە یەکسەر لە سی هەزارەوە بۆ ملیۆنێك، بەو پێیەو من پێم وایە پازدە ساڵی تریش زەحمەتە ئێمە جارێکی تر وەزیری دارایی، یان پرۆژەیەکی بەو چەشنە ببینین لێرە، کە هیچ جۆرە لێبووردنێك ببەخشێت، بۆیە من پێم وایە ئەوەی کە پێشنیار کراون بەو ڕێژانەی کە جەنابیشتان ئیشارەتتان پێدا، بەتایبەتی بەنیسبەت منداڵ سەد هەزار دینار زیاد بکرێت، شتێکی زۆر باشە، ناکرێت ئێمە یەکسەر لە سی هەزارەوە بڕۆین بۆ ملیۆنێك، من پێم وایە ئەوە هیچ بنەمایەکی زانستی تیا نییە، هەرچەندە ئابووری هەرێم بەهەر شێوەیەك بڕوات، ئەم گۆڕانە بەڕاستی بە گۆڕانێکی کتوپڕی دەبینم بەبێ دیراسە، ئەمە یەکەم.

دووەم/ من پشتیوانی لەو ڕەئیەی لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەم، تەنها بە لابردنی بڕگەی (و) کە پێم وایە شتێکی زیادەو دەکرێت لایبدەین لەو ماددەیە، لە هەمان کاتیشدا هەمان ئەو ڕەئیەی کاك دکتۆر کە تازە خۆی باسی کرد، دەکرێت وەزارەتی دارایی باس لەسەر کۆمەڵێك مەواد بکات، کە ئێستا لە بازاڕدا خەڵك دەیکڕێت و بەکاری دەهێنێت باج لەسەر ئەوە دابنێت، بۆ نموونە جگەرەو مەشروب و چەند شتێکی

تر، چونكه ئێمه هەموو ساڵانه له ئەوروپا، كاتێك كه وەختی حیساب كردنی ئەو باج و هینی ساڵانه دێتەوە، دەبینین هەموو ساڵێك باج لەسەر جگەرەو مەشروب و هەندێ شتی تر زیاد دەكات، دەكرێت وەزارەتی دارایی ئیستیفادە لەو لایه بكەن، تەنها ئاخیر نوقتەی من بەنیسبەت برگەی (د)ەوە بەنیسبەت ئەو ئافرەتانەی كه بێوەژنن و تەنیا منداڵ بەخێو دەكەن، من پێم وایه دەكرێت و دەبێت هەوڵ بدەین هاوكاری زیاتری ئەوانەش بكەین، لەبەر ئەوەی له زۆربەی وڵاتان ئەمانه داوای هاوكاری له سۆشیال و دامودەزگاكان دەكەن له رێگای ریعایەی ئیجتیماعیەوە، ئەگەر ئافرەتێك خۆی به تەنها منداڵ بەخێو بكات و پەروەردەی بكات، بەڕاستی دەبێت له هەموو باجێك بیبوورین، بۆ ئەوەی كه هاوكاری زیاتر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا فەقەرە به فەقەرە باس دەكەین، فەقەرەی یەكەم هیچ هینێكی لەسەر نییە، هەم لیژنەی یاسایی و هەم لیژنەی دارایی دوو ملیۆن و نیوەكه هین كراو، فەقەرەی (ب) دوو ملیۆنەكە پێشنیارە ببێتە دوو ملیۆن و نیو كێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ موقتەرەحەكە قەبول كرا، فەقەرەی (ج) لیژنەی دارایی داوای كردووە ببێتە ملیۆنێك، لیژنەی یاسایی پشتگیری موقتەرەحی جەنابی وەزیری كرد، كه دەڵێت بكرێتە سێ سەد هەزار بەو ئیعتیبارەی هینە، پێشتر ئەو موقتەرەحەی تازە كه هاتە پێشەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ له فەقەرەی (ج) لەگەڵ ئەوەیە دوو سەد هەزارەكە بكرێتە سێ سەد هەزار دینار دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ بەزۆرینە لەگەڵ ئەوەیە سێ سەد هەزار بێتن، فەقەرەی (ج) بوو به سێ سەد هەزار دینار، فەقەرە (د) منداڵەكە له دوو سەد هەزارەكە دەبێتە سێ سەد هەزار دینار، كێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، به زۆرینەی دەنگ بوو به سێ سەد هەزار دینار، ئەوەی (هـ)ەكە سەماحەكە ئیزافەكە سێ سەد هەزارە، بۆ ئەو كەسەی كه (63) ساڵ زیاترە، یەك كەس گوتی (64)، (63) ساڵەكە وەكو خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام سەماحەكەی جەنابی وەزیر پێنج سەد هەزار دیناری گوت، لیژنەی یاساییش پێی باش بوو، پێشتر ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە سەماحەكە ببێتە پێنج سەد هەزار دینار دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ ئەوە بووە پێنج سەد هەزار دینار، تەبعەن له فەقەرەی (و) ئەوە گوتمان ئیلغا بكرێت، چونكە ئیزافەیە تەحصیل حاصله، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو فەقەرەیە ئیلغا بكرێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، یەك نوقتە دەمێنێتن لەبیرمان چوو هینی بكەین، له فەقەرە (د)دا كه كاك رەشاد ئاماژەی پێ كرد، له ئەخیرەكەی دەڵێت (بغض النظر عن عددهم واعمالهم مالم یكون لهم دخل مستقل)، جەنابی وەزیر ئەوە هینمان نەكرد، رەئیتان لەسەر ئەو جوملەیە چیە، كەواتە ئەو جوملەیە ئیزافە بكرێت له (ج، د).

**بەڕێز سركیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر منداڵێك كە قاصر بێت عەددەدی هەر چەند بێت شمولی دەكات، بەڵام كە ئیستیقلالیەتی پەیدا كردو ئیشی هەبوو شمولی ناكات، چونكە شەخصیەتێكی موستەقیلی هەیەو تەتبیق دەبێت لەسەر فەقەراتی تری سەماح، كە ئیشی هەبوو سەماحی دوو ملیۆن و نیو لەسەری تەتبیق دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

موقتەرەحەكە سەری نەگرت، چونكە هەر بە تەنیا خۆت بووی و قەبولیش نەكراو دەنگیشی بۆدرا، ئێستا ماددەكە بەو گۆڕانكاریەی لەسەری كرا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ بۆ ماددەی چوار تكایە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم:

1- كار كردن بە بڕگە (2) لە ماددەی (13)ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982 هەموار كراو رادەگیرێ.

2- ماددەی (2) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (5)ی ساڵی 1999 هەڵدەوەشێتەوە.

3- ماددەی (3) لە بڕیاری ژمارە (219)ی ساڵی 2001 هەڵدەوەشێتەوە.

4- بڕگەی (6، 7) لە بڕیاری ژمارە (294)ی ساڵی 1999 هەڵدەوەشێتەوە.

ئەوەی خوارەوە شوێنی بڕگە (2) لە ماددەی (13) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار كراو دەگرێتەوە:

باج بەسەر باجدەردا دەسەپێ لە هەر ساڵێكی خەملێنراو بەپێی ئەم رێژانەی خوارەوە:

أ- داهاتی تاكی نیشتەجێ دوای پێدانی لێبووردنی یاسایی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

3٪ تاوەكو (250000) دوو سەدو پەنجا هەزار دیناری عێراقی.

5٪ (250000) هەزار پتر بێت تاوەكو (500000) پێنج سەد هەزار دیناری عێراقی.

10٪ لە (500000)هەزار پتر بێت تاوەكو (1000000) ملیۆنێك دیناری عێراقی.

15٪ لە (1000000) ملیۆنێك دیناری عێراقی پتر بێت.

ب- داهاتی تاكی نیشتەجێ نەبوو:

هەمان رێژەی نیشتەجێ و لێبووردنی یاساییش نایگرێتەوە:

ج- داهاتی كۆمپانیای بەرپرسیاریەتی سنووردار بە رێژەی نەگۆڕ بڕەكەی بە 15٪ دیاری دەكرێ.

ح- داهاتی كۆمپانیای تایبەتی پشكدار بە رێژەی نەگۆڕ بڕەكەی بە 15٪ دیاری دەكرێ.

خ- داهاتی كۆمپانیای تێكەڵاوی پشكدار بە رێژەیەكی نەگۆڕ بڕەكەی بە 15٪ دیاری دەكرێ.

د- كۆمپانیاكانی بیانی كە لە عێراقدا تۆمار كراون، یان بە پێچەوانەوە خاوەن دەزگایەكی بەردەوام بێ لە عێراقدا ملكەچی باج دەبن بە رێژەی نەگۆڕ بە بڕی 15٪ لەسەر ئەو داهاتەی لە عێراق پەیدای دەكەن.

**بەڕێز محمد صالح اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الرابعة:**

1- **يوقف العمل بالفقرة** (2) **من المادة** (13) **من قانون ضريبة الدخل رقم** 113 **لسنة** 1982 **المعدل.**

2- **تلغى المادة** (2) **من قانون ضريبة الدخل رقم** (5) **لسنة** .1999

3- **تلغى المادة** (3) **من قرار رقم** (219) **لسنة** .2001

4- **تلغى الفقرة** (6، 7) **من قرار رقم** (294) **لسنة** 1999.

**ويحل ما يأتي محل الفقرة** (2) **من المادة** (13) **من قانون ضريبة الدخل رقم** 113 **لسنة** 1982 **المعدل:**

**تفرض الضريبة على المكلف عن كل سنة تقديرية وفق النسب التالية:**

**أ- دخل الفرد المقيم بعد منح السماحات القانونية كالاتي:**

3٪ **لغاية** (250000) **مائتان وخمسون الف دينار عراقي.**

5٪ **مازاد على** (250000) **دينار لغاية** (500000) **خمسمائة الف دينار عراقي.**

10٪ **مازاد على** (500000) **دينار لغاية** (1000000) **مليون دينار عراقي.**

15٪ **مازاد على** (1000000) **مليون دينار عراقي.**

**ب- دخل الفرد غير المقيم:**

**نفس النسب المقيم مع عدم شموله بالسماحات القانونية.**

**ج- يحدد دخل الشركات ذات المسؤولية المحدودة بنسبة ثابتة قدرها** 15٪.

**ح- يحدد دخل الشركات الخاصة المساهمة بنسبة ثابتة قدرها** 15٪.

**خ- يحدد دخل الشركات المختلطة المساهمة بنسبة ثابتة قدرها** 15٪.

**د- تخضع الشركات الاجنبية المسجلة في العراق او بعكسة ولديها مؤسسة دائمة في العراق للضرائب بنسبة ثابتة قدرها** 15٪ **على دخلهم الناجم في العراق.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ڕەئی لیژنەی یاسایی.**

**فيما يتعلق بالمادة الرابعة من المشروع فان اللجنة القانونية تؤيدها وتقترح اضافة جملة ( في اقليم كوردستان - العراق ) الى اخير الفقرة** (1) **منها بعد ان تم الاتفاق مع ممثلي الحكومة على رفع نسب السماحات وتثبيت الضرائب المفروضة على رواتب الموظفين لكافة الدرجات الوظيفية واصحاب المناصب والوظائف العليا عامة وتقترح اللجنة اعادة صياغتها كالآتي:-**

**المادة الرابعة:**

**أولاً: تلغى المادة** (2) **من قانون ضريبة الدخل رقم** (5) **لسنة** 1999.

ثانياً: تلغى المادة (3) من القرار المرقم 219لسنة 2001.

ثالثاً: تلغى الفقرتان (6، 7) من القرار المرقم 294لسنة 1999.

رابعاً: يوقف العمل بالفقرة (2) من المادة (13) من قانون ضريبة الدخل رقم 113لسنة 1982 المعدل في اقليم كوردستان ويحل محلها مايآتي:

تفرض الضريبة على المكلف عن كل سنة تقديرية وفق النسب التالية:-

أ- دخل المفرد المقيم بعد منح السماحات القانونية كالآتي:-

3٪ لغاية مليوني دينار.

5٪ لمازاد على مليونى دينار لغاية (4) أربعة ملايين دينار.

10٪ لما زاد على (4) أربعة ملايين دينار لغاية (6) ستة ملايين دينار

15٪ لما زاد على (6) ستة ملايين دينار.

ب- دخل الفرد غير المقيم نفس نسب المقيم مع عدم شموله بالسماحات القانونية.

ج- تفرض وتستوفى ضريبة بنسبة ثابتة قدرها 15٪ على ارباح كافة الشركات العاملة في اقليم كوردستان بما فيها الشركات الفردية والبسيطة.

د- تفرض الضريبة بنسبة 5٪ لما يزيد على 700000 سبعمائة ألف دينار من رواتب موظفي الاقليم لكافة الدرجات الوظيفية والقطاع الخاص المسجلين رسماً واصحاب المناصب والدرجات الوظيفية الخاصة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی راو بۆچوونی لیژنەی دارایی بڵێم، بەڕاستی پێم چاکە هەندێك شت روون بکەمەوە، ئێمە کاتێك ئەو ژمارانە دەڵێین، ژمارەکان قەبەن، بەڵام ئەم قەبەییە هیچ ناگەیەنێت، جگە لەوەی نیشانەیەکە کە گرانی هەیە لەم وڵاتە، یەعنی ئێمە کاتێك باج، یاخود لێبووردن لە سی دینارەوە، یاخود سێ سەد دینارەوە زیاد دەکەین بۆ ملیۆنێك، مانای ئەوە نییە ئێمە لێبووردنێکی زۆر زۆرمان کردووە، ئەو پارەیە نرخی نییە، ئەو پارەیە هیچی پێ ناکڕێت، بۆ شیرائی نییە، ئەمە حاڵەتێکی داتەپیوی ئابووری ئێمە باس دەکەین، لەبەر ئەوە گەورەیی ژمارەکە نیشانە نییە، بۆ تەندروستی وەزعە ئیقتیصادیەکە، ئەسڵەن ئەو هەزار دینارەی کە ئێستا ئێمە وەردەگرین بەرامبەر بە نزیکەی شەش دینار بوو هی چوار ساڵ لەمەوپێش، نرخی یەك دیناری جارانی نییە، نرخی نیو دیناری جارانی نییە، لەبەر ئەوە ئێستا جیلێك پەیدا بوون، کە نازانن دینار هەزار فلس بووە، بەهەر حاڵ من پێم خۆشە کاتێك ئەم هەموو سفرە دەبینین، وا تەسەور نەکەین بەرامبەر بە دراوێکی بەهێزین، لە هەمان کاتیشدا بەراورد کردنی دراوی عێراقی بەرامبەر بە دۆلار، یاخود دراوی قورس, نزم بوونەوەی دۆلار نیشانەیەك نییە، بۆ ئەوەی نرخی دیناری عێراقی بەرز

بێتەوە، دۆلار زۆر بووە لە بازاڕدا بەڕاستی، دۆلار دابەزیوە، نەك دینـاری عێراقـی زیـادی کـردووە، بـە هـەر حاڵ من نامـەوێت بکەومـە بـوارێکی ئـابووری، بـیرو بۆچـوونی ئێمـە سـەبارەت بـە مـاددەی چـوارەم لەگـەڵ پشتگیری کردنی پرۆژەکە، چـەند تێبینیـەکمان هەیـە، ئێمـە پێمـان باشـە بڕگـەی چـوار (أ) بـەم شـێوەیەی خوارەوەی لێ بێت:

لە 3٪ تا پێنج ملیۆن دینار.

لە 5٪ لە پێنج ملیۆن دینار زیاتر تا دە ملیۆن دینار.

لە 10٪ لە دە ملیۆنەوە تا بیست ملیۆن دینار.

لە 15٪ لە بیست ملیۆن زیاتر.

ئێمە پێمان چاکە ئەم نیسبەتانە بەم شێوەیە بگۆڕین، ئەگـەر تەئکیـد دەکەمـەوە لـە وشـەی ملیـۆن و ئـەو هەموو سفرە، ئێمە نەترسین و وا نەزانین ئەمە مەبلەغێکی قەبەیە.

لە فەقەرەی (د)دا لە کۆتاییدا ئێمە پێمان چاکە وشەی عێراق ببێت بە هەرێمی کوردستان، جگە لەوەش ئێمە پێمان چاکە بڕگەیەکی تر ئیزافە بکرێت بۆ ئەم ماددەیە، ئەگەر ئێمە بڕوانینە ئەسبابی موجیبەی ئەم یاسایە، دەبنین ئەسبابی موجیبە دەڵێت (لغرض جعل القانون منسجماً مع السياسة الاقتصادية في اقليم كوردستان ولتحقيق اهداف التشريعات الاقتصادية الخاصة بالاستثمار واقتصاد السوق وتشجيع الحركة العمرانية والاستثمارات بصورة عامة ولتحقيق العدالة وتخفيف العبء الضريبي عن كاهل المواطنين فقد شرع هذا القانون)، هەر لەسەر ئەم بنەمایە، بۆ ئەوەی ئینسیجام بکات لەگەڵ ئەسبابی موجیبە، ئێمە پێمان چاکە فەقەرەیەکی بۆ ئیزافە بکەین لەگەڵ یاسای وەبەرهێنان، هەم لەگەڵ ئەو یاسایانەی کە هەیە، هەم لەگەڵ ئەو فەلسەفەیەی کە ئێمە بینامان کردووە، بۆ هاندانی سەرمایەی گشتی، ئێمە پێمان چاکە ئەم بڕگەیە بۆ ماددەکە ئیزافە بکەین، ئەویش پرۆژە بەرهەمە خۆماڵیەکان لە 5٪ی باج ببەخشرێت وەکو هاندانێك بۆ بواری وەبەرهێنانی نیشتمانی، مەبەستمان لە وەبەرهێنان مەبەستمان لەو ئیستیسمارانەیە، کە بۆ زیاد کردنی زێدە باییەك، بۆ زیاد کردنی ربحێکی زیادە خەیالی نایەت، یەعنی ئێمە مەبەستمان لەو پرۆژانە نییە بۆ کردنەوەی سوپەرمارکێتێك، یاخود بۆ شتێکی خەدەمی، ئێمە مەبەستمان ئەوەیە، ئەگەر یەکێك کارگەیەك، کار خانەیەك بکاتەوە، یان پرۆژەیەکی دەواجن بکاتەوە، پرۆژەیەکی وەبەرهێنان بە مەفهومی ئیقتیصادیەکەی خێرو بەرەکەتێکی ماددی بێنێتە بەرهەمهێنان، بۆ ئەو تەشجیع کردنە، ئەمەش بۆ تەنها وەبەرهێنی نیشتمانیی، بۆ ئەوەی کە بواری وەبەرهێنان لەو کەرتە ئابووری نابەرهەمهێنانانەی کە سەر لەنوێ ئیعادەی داهاتی وڵاتیە، وەکو لە بازرگانی و لە بوارەکانی تردا، دەبێتە بواری وەبەرهێنانی ماددی، ئەمەش خزمەتێکی گەورە بە ئایندەو بە هەڵسانەوەی ئابووری نیشتمانی هەرێمی کوردستان دەکات، ئێمە پێمان چاکە ئەم ئیزافەیە بکرێت بۆ ماددەکە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك دلێر، بەلام یەك پرسیار لەبیرم نەچێتەوە وەبەرهێنان ئیعفائاتی تێدایە بۆ دە ساڵ، دەیانگرێتەوە وەتەنیش بێتن، ئەجنەبیش بێت، هەموویان دەیانگرێتەوە، پاشی دە ساڵەکە.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو یاسایە دەدرێت بە هەموو کەسێك کە سوپەرمارکێت بکاتەوە، یان گازینۆیەك بکاتەوە، یان چێشتخانەیەك بکاتەوە، کە کاتێك سوپەرمارکێتێك دەکاتەوە، بەڕاستی کردنەوەی سوپەر مارکێت لەگەڵ ئەوەی کە شارەکانی ئێمە دەرازێنێتەوەو خزمەتگوزاریەکی باشمان پێشکەش دەکات، بەلام هۆکارێکە بۆ راکێشانی دراوی قورس و سەروەت و سامانی نیشتمانی بۆ دەرەوەو، ئەمانە بوون بە مەلبەندێك بۆ ساغ کردنەوەی کەلوپەلی بیانی، هەرێمی کوردستان بووە بە بازاڕێك بۆ ساغ کردنی کەلوپەلی دەرەوە، ئێمە پێویستمان بەوە هەیە پرۆژەی وەبەرهێنان هەبێت، کەسێك پرۆژەیەکی وەبەرهێنانی لە بواری پیشەسازییدا، یان لە بواری کشتوکاڵدا، یان لە هەر بوارێکی تر بەرهەمهێناندا خێرو بەرەکەتێکی ماددیمان بۆ وەربەرهەم دێنێ، بە مەرجێك سەرمایەی نیشتمانیش بێت، جگە لەو خزمەتانەی کە لەبواری سیاسەت و یاخود یاسای وەبەرهێنانە ئێمە داوامان کردووە، ئێمە پێشنیار دەکەین لێرەدا بەس لە زەریبە لە 5٪ ئیعفا بکرێت، بەس ئەو پێشنیازەمان هەیە، ئەمە بۆ ئەوەی کە هانی خەڵك بدەین سەرمایەکانیان لەو بوارە بەکار دەهێنن، بچێتە بواری وەبەرهێنان بە مەفهومی ئیقتیصادی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تێکەڵاوی تێدا دەبێتن، قەزایەی ئیستیسمار موعالەجە کراوە، لە قانونێکی تایبەتدا هەمموو مەشاریعێکی ئیستیسماری چ وەتەنی، چ ئەجنەبی ئەو سەماحات و ئیعفائات هەمووی هەیە، لێرە داخیلی بکەیت تێکەڵاویەك دەبێتن، کە بەڕاستیەکەی هەدەڤی ئەو قانونە ئەوە نییە مەشاریعی ئیستیسمار موعامەلەی تایبەتی خۆی هەیە، هەموو لایەنەکانی موعالەجەی کراوە، پێم وایە ئەوە لێرە ئیزافە بکرێتن وتێکەڵی بکرێتن باسێکی وا بکەین، کە قانونەکە جێ بەجێ بکاتن لێی تێك دەچێتن، بەهەر حاڵ موقتەرەحاتەکانی ترت هەمووی ئیشارەتم کردووە، پێش هەموو شتێك دەمەوێت بزانم جەنابی وەزیر رەئی چیە لەسەر ئەو رەئیانە، دوایێ لیژنەی قانونی ئینجا دەیخەینە موناقەشە کردن، فەرموو جەنابی وەزیر لیژنەی دارایی ئیقتیراحی کردووە کە دەڵێت ئەو نیسبانە بگۆڕێن 3٪یەکە لە جیاتی دوو ملیۆن ببێتە پێنج ملیۆن، 5٪ەکە لە پێنج ملیۆن تا دە ملیۆن، لە 10٪یەکە لە دە ملیۆن تا بیست ملیۆن، لە 15٪ەکە بیست ملیۆن زیاتر.

**بەڕێز سرکیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمه هەر لەسەر پێشنیارەکەی خۆمان موسیرین، کە ڕێککەوتووین، لەو لایە سەماحی قانونی دەردەکەین، لێرەش نیسبەکەمان کەم کردۆتەوە، بۆیە هەر لەسەر پێشنیاری خۆمانین، ئەویتریش ئەوەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی دارایی باسی کرد، ئێمە داخیلی ئەو موناقەشەیە نابین، ئەوەی کە گوتی دۆلار دابەزیوە، دۆلار لە دەرەوە دابەزیوە موقابیلی عوملاتی تر، بەڵام ئەگەر حکومەت نەبێت و تەزحیە بەسیولەی خۆی نەدات و بانکی مەرکەزی عێراقی سعرێك لەسەر دۆلار دانەنێت، ئێستا دینار نرخێکی زۆر کەمتری هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من نامەوێت، ئەمە مەوزوعێکی ترە هی دۆلار، بەڵام پێم وایە ئەوە سیاسەتێکی بانکی مەرکەزی عێراقیە، دینار بەقوەت بووە بەنیسبەتی زیاتر لەوەی کە دۆلار شکاوە، بەڵام دینار لەو نیسبەتە تێپەڕیوە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو سیاسەتەی کە دەیانەوێت دیناری عێراق بەقوەت بێتن، ئەوە ئەوەلەن/ دیناری تازەیان تەبع نەکردووە، ئەوە لە عەرزو تەلەبەکە هینە.

دووەمنیش/ کڕینی دۆلار لە بازاڕدا لە زیمنی سیاسەتەکەی کە دیناری عێراقی بەقوەت بێت، ئەوە بەردەوامە، ئەوە لە بەرژەوەندی خەڵکدایە، وێڕای ئەو مووچەیەی کە وەریدەگرن قوەتی شیرائی زیاتر دەبێتن، چونکە ئێمە دینارمان ڕەبتی دۆلارە، هەموو مەوادیشمان بە دۆلار دەکڕێت لە دەرەوە، ئەگەر دینارەکە بەقوەت بێتن ئەو تەلەفزیۆنەی بە چوار سەد هەزاری دەکڕی، ئەو وەختی بە سێ سەد هەزاری دەکڕی، ئەگەر دینارەکە وەکو هینمان کرد بگەڕێتەوە سەد هەزار دینار ببێتە سەد دۆلار وای لێ دێت، بەهەر حاڵ، کێ قسەی هەیە، کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی چوار بڕگەی یەکەم، من پشتگیری لە بۆچوونی لیژنەی دارایی دەکەم، بۆ ئەوەی کەوا ئەو ڕێژانە بەرز بکرێنەوە، سەبارەت بە بڕگەی دوو لیژنەی قانونی پێشنیازی ئەوەی کردووە، لەبەر ئەوەی کەوا ڕێژەکە لە 15٪یە هەمووی ڕێك بخرێنەوە، من لەگەڵ ئەوە دام، کەوا جیاوازی بکرێت لە نێوانیاندا، چونکە ئەو کۆمپانیایانەی کە پێیان دەگوترێت بەرپرسیاریەتی دیاری کراو (المسؤولیه المحدوده) بەشی زۆری ئەو کۆمپانیایانە سیمای خێزانیان هەیە لەنێو کەسانێکدا دروست دەکرێن، کە سەر بە خێزانێکن خزم و کەسی یەکترین، لەبەر ئەوە چاکترە کەوا ڕێژەی ئەو باجەی کە لێیان وەردەگیرێت کەمتر بێت لە پازدە، بۆ نموونە بکرێتە دە، بەڵام ئەو کۆمپانیایانەی کەوا پێیان دەگوترێت موساهەمە بەهەردوو شێوەکەی، ئەمە قەیدی ناکات با پازدە بمێنێتەوە، بەڵام کۆمپانیاکانی دەرەوە کەوا لە کوردستان کار دەکەن، ئەوانە با ڕێژەکەیان بکرێت بە بیست، ئەم کۆمپانیایانەیش ئەوانە نین کەوا کۆمپانیای وەبەرهێنانیان پێ دەگوترێت، چونکە ئەمانەی جەنابتان ئاماژەتان پێ کرد، ئەوانە قانونی تایبەتی خۆیان هەیە ئەوانە ناگرێتەوە، بەڵام کۆمەڵێك کۆمپانیای دی هەیە دێن کاروباری موقاوەلات دەکەن، ئەوانە لێرە پێویستە ڕێژەی باجیان زیاتر بێت بە لایەنی کەم لە 20٪ بێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەبدولڕەحمان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعيل سليم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر فەقەرەی (ب) هەیە، كە باس لە شەریكات دەكات و زەریبە وەدەگرێت، ئەم شەریكەیە هەمووی یەك جۆر نینە، هەیە بەرهەمی موادی غیزائیە، هەیە بەرهەمی كارەبایی و ئەو شتانەیە، ئەم رێژەیە بە رەئی من دروست نییە، دەبێت لێك جیا بكرێن، خۆی لە قانونی دنیا هەمووی موادی غەزائی لە 7٪ە، مەوادی كەمالیات و كارەبایی لە 16٪یە، ئێستا بۆتە لە 19٪ لە هەموو دنیا، لەبەر ئەوە پێویستە ئەمە لێك جیا بكرێتەوە، هەندێك شەریكات هەیە تەوریدی مەوادی خۆراكی دەكاتن، چۆن لە 15٪ی لێ وەردەگیرێت، ئەوە دەبێتە بار گرانییەك لەسەر میللەت، میللەت لەوەدا كە خۆراكییە، گران دەبێتن، كە گران بوو، كێ زەرەر دەكات؟ میللەت زەرەر دەكات، لەبەر ئەوە ئەم نیسبەتە دەبێت لێك جیا بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت من پشتیوانی رەئیەكەی لیژنەی دارایی دەكەم، دەبێت ئێمە موحاوەلەی ئەوە بكەین كە رێگا فراوان بێت، كە بە تەمای ئەوەن كارێك دروست بكەن كە شوێنێك دروست دەكرێت، هەتا ئەگەر دوكانێكی دەلاكی بچووكیش بێت، ئەمە خۆی لەخۆیدا جولانەوەیەكە، دەبێتە سەبەبی ئەوەی كە دوو كەس تیای ئیش بكات، ئێمە ئەگەر بیر بكەینەوە بۆ چارەسەری كێشەی زەریبە، دیسان قسەكەی ئەو رۆژە دەكەمەوە، دەبێت ئێمە زەریبەمان لەسەر جولاوەكاندا هەبێت، لەسەر دەخلی خەڵك هەبێت، لەسەر ئەدەوات و ئەو پێداویستیە ژیان دەكرێت، بۆ ئەوەی تا حەددێك وەزعەكە بێینەوە بار، ئێمە لە لایەك كە زەریبەی دەخل كەم دەكەینەوە، لە لایەكی تر شوێنێكی تر بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین دەخلی حكومەت بەرز بێتەوە، من پێشنیارێكی تریشم هەیە، حكومەت بەرنامەیەكی هەیە، ئەمانە یارمەتی كێ دەدەن؟ یارمەتی ئەو كەسانە دەدەن كە خۆی توانای هەیە، ئیستیعدادی هەیە خیبرەی هەیە، دەیەوێت مەعمەلێك بكاتەوە، یان دەیەوێت سوپەرماركێتێك بكاتەوە، ئەگەر خۆی بتوانێت لە 20٪ی پارەكە تەئمین بكات، حكومەت، یان بانك لە 80٪ی بۆ تەئمین دەكات، بۆ ماوەیەكی دوورو درێژو زەریبەی لەسەر دادەنێت، زەریبەكەش كەمە، ئەمە لە لایەك رێگا دەكاتەوە بۆ ئەوەی خەڵكێكی زۆر لەم سوپەرماركێتە ئیش بكات، بۆ نموونە كە سوپەرماركێتێك دەكرێتەوە، ئەگەر بچن سەیری بكەن سی، چل كەس ئیشی تیا دەكات، سی، چل كەس لە بەتاڵە، یەعنی قورسایی هەیە لەسەر كۆمەڵگاو، قورسایی هەیە لەسەر حكومەت، یەعنی نارەزایی خەڵك بیست كەس ئێستا ئیشی هەیەو ئیش دەكات و زەریبەش دەدات، لەبەر ئەوە من تەئیدی بۆچوونەكانی لیژنەی دارایی دەكەم، لەگەڵ ئەوەشدا رێگەی تر بە حەقیقەت زۆر پێویستە، چونكە وەكو جەنابی وەزیر باسی كرد، ئێمە ئەگەر هەر هەموو زەریبە ببڕین، ئیتر حكومەت تەقریبەن دەسەڵاتی دارایی زۆر زەعیف دەبێت، لەبەر ئەوە چارەسەری مەوزوعەكە زۆر بە كتوپڕی ئێمە بیر لەوە بكەینەوە، كە زەرائیب لەسەر شتی تر دابنێین، ئەو كەسانەی كە توانایان هەیە، تەبیعی هەموو كەسێك توانای نییە، لە ساڵێكدا چوار تەلەفزیۆن بكڕێت، یان سێ تەلەفزیۆن بكڕێت، خەڵكی دەوڵەمەند هەیەتی با ئەوە زەریبە بدات، تەبیعی

كە ئەمە كرا، ئیتر موشكیلەكەی لەسەر حكومەت كەم دەبێتەوەو خەڵكیش بۆ ئەم بارەی ئێستا فشارو زەختی لەسەر نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چرۆ خان فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لە سەرووی ئەوەی پشتگیری لیژنەی دارایی و ئابووری دەكەم، پێشنیارێكیشم هەیە بەنیسبەت لە 3٪ بۆ دوو ملیۆن، بە رەئی من ئەگەر جیا بكرێتەوە لە 1٪ بۆ یەك ملیۆن، لە 3٪ بۆ یەك ملیۆن تا پێنج ملیۆن، وەك پێشنیارەكە بابڵێین لیژنەی دارایی و ئابووری، چونكە مەسەلەن ئەگەر یەكێك راتبی دوو سەد هەزار دینار بێت، بەڕاستی ئەگەر شەش هەزاری لێ وەربگرین زۆرە بۆی، بە رەئی من ئەگەر لە 1٪ بۆ تا ملیۆنێك، لە 3٪ تا پێنج ملیۆن و بەو شێوەیەی پێشنیارەكەی لیژنەی دارایی و ئابووری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبداللە مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە پاش سەماحی قانونی، یەعنی كە ئەو دوو ملیۆن و نیوە دراوە، چ بۆ زەوج و بۆ ئەولاد، لە 3٪ تاكو دوو سەدو پەنجا هەزار دینار من پشتگیری رەئیەكەی لیژنەی دارایی دەكەم، چونكە دوو سەدو پەنجا هەزار دینار، یان 5٪ تا پێنج سەد هەزار زۆر كەمە، بۆ؟ لەبەر ئەوەی دەخلی فەردی موقیم كە لە 3٪، یان لە 5٪ دانراوە، لە ئەسڵی مەشروعەكە كە لێرە باسی هاتووە رەقەم 113ی ساڵی 1982 لەوێ لە 10٪ دانراوە تاوەكو سێ هەزار دینار تا شەش هەزار دینار، یەعنی بە حیسابی سویسری، باشە سێ هەزار دنیار ئەگەر پێشان حیسابی راتبی ئیسمی بكەیت كە (130) دینار بوو، سێ هەزار دینار تا شەش هەزار دینار گەلێك زۆر بوو، ئێستا موەزەفێك لەوانەیە (250) هەزار دینار، یان (150)هەزار دینار ئەوە مانای وایە دەكاتە حیسابی هەر دوو مانگی زۆر لێك دوورە، یەعنی دەبێت هەر زیاد بكرێت، ئەگەرنا هەروەكو خۆیەتی، ئەوە نوقتەی یەكەم.

نوقتەی دووەم/ یەعنی تەماشا بكە لە دەخلی فەردی غەیری موقیم، ئەو شەریكاتی ئەسهومەو شەریكاتی صناعیە هیچ فەرقی نەكراوە، یەعنی دائیمەن لە 15٪ بۆ شەریكاتی صناعی، لە 35٪ لە قانونی قەدیم و ئەسڵدا لە قانونەكەی صافی ئەرباحەكەی، یەعنی مەقتوع دەگیردرێتەوە، یەعنی ربحی صافی ئەخیری لە 35٪ی لێ دەگیردرێتەوە شەریكاتی غەیری صناعی، شەریكاتی صناعی دەبێت كەمتر بێت لە شەریكاتی غەیری صناعی، كە لێرە هیچ فەرقی پێ نەكراوە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری ڕەئیەکانی لیژنەی دارایی دەکەم بۆ خاڵی (ب)، بۆ خاڵی (ج) پشتگیری ڕەئیەکەی دکتۆر نوری دەکەم، یەك پێشنیارم هەیە بۆ خاڵی (د)ی پێشنیارەکانی لیژنەی یاسایی، ئەو حەوت سەد هەزار دینارە بکرێت بە ملیۆنێك دینار، چونکە حەوت سەد هەزار وەکو کاك دلێر ڕوونی کردەوە، بەڕاستی داهاتێکی کەمە، کە لە 5٪ی لێ دەبریت زۆر کەمی لێ دەمێنێتەوە بۆ فەرمانبەرێك کە حەوت سەد هەزاری هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو لە 5٪ە لە ملیۆنێك وەربگیرێت، کە مووچەکەی ملیۆنێکە، نەك حەوت سەد هەزار دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەکر فەرمووو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەرەتا دەمەوێت باسی ئەوە بکەم، کە ئێمە دوو سیستەم هەیە لە دینادا تێکەولاوی نەکەین ئەوروپاو ئەمریکا تێکەلاو بە ولاتی خۆمان نەکەین، بە ڕەئی من ئێمە لە مەرحەلەیەکی ئینتیقالی داین لە بەینی ئیقتیصادی کۆنترۆل کراو و ئیقتیصادی ئازادا، تاکو ئێستا بینای ئیقتیصادی ئازاد لە کوردستاندا نییە، ئەو زەریبانەی کە هەیە، من بۆ خۆم لەگەڵ ئەو سیستەمەی ئەورووپی دام, بەلاَم ڕەنگە ئەگەر بەو شکلە لێرە جێ بەجێی بکەین، خەڵك پێمان بڵێت گوزەرانی ئەفریقیاو زەرائیبی ئەورووپا، ئەوە شتێکە تێکەولاَ کردنی تۆزێك زەحمەتە، ڕەنگە موشکیلەش بۆ هاوولاَتیان زۆر پەیدا بکات، لەبەر ئەوە بە ڕەئی من بەڕاستی مەفروزە ئەو زەریبانەی کە دادەنێن لەسەر ئەساسی ئەوە بێت، چونکە کە ئێمە ئیقتیصادەکەمان زیاتر ئیعتیماد دەکاتە سەر نەوت و لە قیتاعی زراعی و صناعی و بەرهەمهێنان و ئەوانە هیچ دەخلێکمان نییە، ئەو پارەی کە حکومەت هەیەتی هەمووی لە نەوتەوە دەری دەکات، خۆی تەوزیعی دەکات بڵێین ڕەواتب و شتی وا، یان ئەو مەشاریعی خەدەمی و ئەوانە تەقدیم دەکات، ئەو زەریبانەی کە دادەنرێت دەبێت لەگەڵ ئەوەدا بە شێوەیەکی تەصاعودی بێت لەگەڵیان، بۆیە لێرە پشتیوانی لە ڕەئیەکەی لیژنەی دارایی دەکەم و بەتایبەتی جگە لەوە نوقتەیەك هەیە سەقفێك دانێین بۆ داهاتی فەرد، مەسەلەن بۆ ساڵێك، تا ئەو سەقفە کە گوزەرانی خۆی پێوە بەندە، ئەوە نابێت زەریبەی لەسەر بێت، دوای ئەو سەقفە ئینجا بە تەصاعودی سەر بکەوێت، ئێستاکە تا دەگاتە دوو ملیۆن دینار، یەعنی لە یەك دینارەوە تا دوو ملیۆن دینار تۆ لە 3٪ی لێ دەسەنی، من پێم وایە لە ساڵێکدا فەردێك چەندی پێویستە بۆ ژیان و گوزەرانی، دوای ئەوە زەریبەکان دادەنرێت بەشێوەیەکی تەصاعودی. نوقتەیەکی تر هەیە، کە پرسیارم هەیە لێی، ئەوەیە نازانم هێشتا فەرق نەکراوە لە بەینی تاکی نیشتەجێ، فەردی موقیم، ئیقامە هەیە، ئیقامەی موئەقەت هەیە، ئیقامەی دائیمی هەیە، حەقی مواتەنە هەیە، یەعنی لەبەر ئەوە دەبێت فەرقێك بکەین، ئەوەی موقیم نییە لە ولاَت، من پێم وا نییە ئەو حەقی ئەوەی هەبێت ئیش بکات، چونکە ئەوەی موقیم نەبێت حەقی ئیش کردنی نییە، کە حەقی ئیش کردنی نەبێت، تۆ دەبێت جیای بکەیتەوە لەوەی کە ئیقامەی موەقەتی هەیە، لەگەڵ ئەوەی کە ئیقامەی دائیمی هەیە، لەگەڵ ئەوەی کە جنسیەی هەیە، حەقی مواتەنەی هەیە، من حەز دەکەم ئەوەم بۆ ڕوون بکەنەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوڵناز خان فەرمووو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە پێشنیارەکانی لیژنی دارایی دەکەم، هەمان ڕەئیەکەی کوێستان خانم هەیە، ئەو حەوت سەد هەزارە بکرێتە ملیۆن، پرسیارێکی تر لێرە دروست دەبێت، کە باج وەردەگیرێت هاوولاتی داوای خزمەتگوزاری دەکات، ئێمەش پێش ماوەیەکی نزیك وەزیری شارەوانیمان بانگ کرد، ئەویش گرفتی گەورەیان کەمی بودجە بوو، پێشنیاری ئەوە دەکەین کە لە دوای جێگیر کردنی ئەم یاسایە بایەخی زۆر بە ڕێژەی خەرجی وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی کارەبا بدرێت، کە هاوولاتی باج بدات و گرفتەکانیشی هەروەکو خۆی بێت، ئەوە بەرپرسیاریەتیەکە بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لە هەندێك خاڵدا پشتگیری لیژنەی یاسایی دەکەم، لە خاڵێکی تردا کە پەیوەندی بە کۆمپانیاکانی بیانی هەیە، پشتگیری لە لیژنەی دارایی دەکەم، ئەمە خاڵێك کە حەز دەکەم بەڕاستی ڕێژەکە لە 15٪یە زۆر کەمە بەنیسبەت ئەوەی کەوا هەموو ئەو پارەو شتانە نەقل دەکرێت بۆ دەرەوەی وڵات و قازانجێکی تەواوی تیا دەکرێت، جا بۆیە ڕێژەکە بە ڕەئی من ئەگەر بکرێت لە 25٪ چاکترە، خاڵێکی ترم هەیە، من تێناگەم داهاتی کۆمپانیای تایبەتی پشکدار لەگەڵ کۆمپانیای تێکەڵاوی پشکدار، ئەو دوو خاڵەم بۆ روون بکەنەوە، زۆر سوپاستان دەکەم، کە ئەمە پسپۆری بەتایبەتی لیژنەی دارایی و وەزارەتە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە بۆچوونەکەی بەڕێز دکتۆر نوری دەکەم، پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی دەکەم، یەك تێبینیم هەیە بەنیسبەت شەریکاتی فەردی و بەسیتە شەریکات بەپێی قانونێك هەرمەحلێك، هەر ئیشێك خاوەنەکەی لە دوو کەس زیاتر بوو عەقدەکە دەکاتە موشارەکە، عەقدی موشارەکەی پێ دەڵێن، دەکا شەریکە، یەعنی ئەو ماڵە لەو ئیمکانیەتە نییە، ئەو نەوعە شەریکاتە تەحەمولی ئەو 15٪یە بکاتن، ئەوە یەك.

بەنیسبەت نیسبەکان، لە 3٪ هەتا دوو ملیۆن، لە 5٪ دوو ملیۆن زیاتر، 10٪ لە چوار ملیۆن زیاتر، بە قەناعەتی من لەوەندەی ڕابوەستێت باشترە لە 15٪ەکەی ئیلغا بکرێتەوە، یەعنی لە چوار ملیۆنی زیاتر 10٪ هەمووی بگرێتەوە هەتا ئەخیری، ئەو لە 15٪یە نەمێنێت، فەوائیدی مەسرەفی، ئێستا پرسیارم هەیە لە جەنابی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری، فەوائیدی مەسرەفی ئێستا چەندە ئەگەر یەك وەدائیعی دانێتە بانك، لەوانەیە لە 6٪ تا 9٪ بێتن، زیاد نەبێتن، پێم خۆشە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، من داوا لە جەنابی وەزیر دەكەم تەنیا وەڵامی پرسیارەكان بداتەوە، بەڵام ئەو بۆچوونانەی كە هەیە ئەرقامەو گرنگیشە، رەنگە وەزیرش پێویست بكاتن راوێژ بكاتن، بۆیە پاشی ئەوەی كە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە، ئینجا رەئیەكمان هەیە، كە ئەو كۆبوونەوەیە دوا بخەین، فورسەتێك بدەینە هەردوو لیژنەكە لەگەڵ وەزارەت دابنیشێت، بۆ رۆژی دوو شەمە حازری بكەن، ئەگەر رێككەون لەسەر رەقمەكان ئەوە عەرزی دەكەین، ئەگەر رێك نەكەوتن ئەوە دەبێتە دوو موقتەرەحی لیژنەی یاسایی كە لەگەڵ وەزیر رێك كەوتووە، لەگەڵ لیژنەی دارایی كە زۆربەی ئەندامان قسەیان كردو پشتگیریان لێ كرد، جا ئەگەر جەنابی وەزیر وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، فەرموو.

**بەڕێز سركیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت شەریكات پرسیاریان كرد، كۆمپانیاكان هەموویان لە عێراق 15٪ باجیان لەسەرە، چونكە كۆمپانیا لە یەك شوێن كارێكی تایبەتی ناكات، هەر كۆمپانیایەك لق دەكاتەوە، بۆیە تەوحید كردنی هەندێك باج لە هەموو ناوچەكانی عێراق رامان وایە، كە شتێكی باش بێت، بەتایبەتی كە باسم كرد شوێنی كار كردن موحەدەد نییە، پرسیاریان كرد كە جیاوازی نییە لە بەینی مەوادی خۆراكی ئینتاج دەكات لەگەڵ كۆمپانیایەكانی تر، هەموو مەوادێكی خۆراكی مەعفوو بووە لە زەریبە، هەتا ئەو مەوادەش كە دەیهێنێت بە هەمان شێوە لە باج مەعفووە، یەعنی ئەو جیاوازیە هەیە لەسەری، صناعی و غەیر صناعی بەپێی قانونی رەقم (5) 40٪ ئێمە باجی لێ وەردەگرین، ئێستا دابەزیوە بۆ 15٪، ئەو نیسبەیە كە ئێمە وەریدەگرین لە دوو سەدو پەنجا هەزار زیاد كرا، ئێستا لە عێراق بەخۆی رێژەكە هەروەكو پێشتر كە ئیقتیراحمان كرد بوو، دوو سەدو پەنجا هەزار دینار وەردەگیرێت هەتا 3٪، ئێمە هاتینە خصوصیاتی هەرێمی كوردستانمان بەرچاو كردووەو زیادمان كردووە، بەو شێوەیەی كە ئێستا باسمان لێوە كرد، یەعنی هەتا ئەو خصوصیەتەش بەرچاو گیراوە، بۆیە ئێمە گوتمان رێككەوتووین لەگەڵ لیژنەی دارایی هەر موسیرین لەسەر رەئیەكەی خۆمان كە لە 3٪یەكە دوو ملیۆن بێت، چونكە لە دوو سەدو پەنجا هەزاری عێراق، كە ئێستا لە عێراق وەردەگیرێت، ئێمە یەكسەر بۆ دوو ملیۆن سەركەوتین، ئەگەرنا جیاوازیەكی زۆر دەبێت لە بەینی یاسای باج بەگشتی بە تەواوەتی لە عێراق، ئەویتر باج لە قازانج وەردەگیرێت، كە زۆر لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پرسیاریان كرد، ئەو قازانجەی بەدەست دێت باجەكە لەوێ وەردەگیرێت، نەك لە تەواوی سەرمایەكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، من داوا دەكەم لە هەفتەی داهاتوو، نەك بەس ئەو ماددەیە، ماددەكانی دواتریش، ئەگەر بكرێتن هەردوو لیژنە رەئی خۆیان رێك بخەنەوەو باشتر دەبێتن، لەگەڵ جەنابی وەزیرو ئەو لایەنانەی كە تەمسیلی وەزارەت دەكەن، دانیشتنەكە وا بكەن، ئەگەر بتوانن رێك بكەون ئاسانترە بۆ ئەندامانی پەرلەمان،

ئەگەر ڕێکیش نەکەوتن، ئەو کات موقتەرەحەکان دەیخەینە دەنگدان و پاش موناقەشە، ئێستا داوا دەکەم کە رەئی بدەن بۆ دواخستنی کۆبوونەوەمان بۆ رۆژی دووشەمەی داهاتوو، کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ کۆبوونەوەکەمان کۆتایی پێ دەهێنین تا رۆژی دوو شەممە سەعات (10،30)ی بەیانی رۆژی دوو شەممە، بۆ ئەوەی ئەوانەی دوورن بێن، کەواتە رۆژی دوو شەممە سەعات یازدە کۆبوونەوەی پەرلەمان دەکەین، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) | عدنان رشاد مفتی |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |